زنجیرەی کتێبی دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم (١٨)

مارتین ڤان برونەسن

# ئاغا و شێخ و دەوڵەت

کوردۆ
لە ئەڵمانییەوە کردوویە بە کوردی

بەرگی یەکەم
چاپی دووەم



مارتین فان برونەسن

# ئاغاو شێخ و دەوڵەت

کوردۆ لە ئاڵەمانییەوە کردوویە بە کوردی

بەرگی یەکەم

چاپی دووهەم، سلێمانی ١٩٩٩

پێشکەشە بە گیانی شەیدای:

کاکە جەلالی حاجی حسەین

یەکێك لە پێشەنگو پێشقەرەووڵی

خەباتکەرانی رێگەی تەبایی‌و برایەتی

ئەنگاوتەو پێکراوی دەستی چەپەڵو بیری گەندەڵی

پاڵەوانانی شەڕی خێڵایەتی

## وەرگێڕ لە چەند دێڕێکدا:

نێوی (سەروەت محەمەد ئەمین)ە. لە شەوی بەفرەزۆرەکەی ساڵی پەنجادا، لە گەڕەکی سەرچاوەی قەرەداخ، کوڵێک گریەو چەپکێك خەندە، بە کۆختی ماڵە جووتیارێکی هەژاری برسی و نەداردا دەکات. پاش ماوەیەك، داك و باب بە سکی برسی و گیرفان چۆڵ و دڵی پڕ خەم و خەون و ئاواتەوە، سەری غەریبی بەدووی بژێودا هەڵدەگرن و روو لە سلێمانی دەکەن. باب مەرادنە شان وەبەر کاسبی دەنێت، کۆرپەش هێدی هێدی هەراش دەبێت هەر بە پێنج ساڵی وەبەر خوێندنی دەنێن. لەبەر تەمبەڵی و یاری و شەڕەشەق، بە هەزار ناری عەلی و تەقەتەق و لەقەلەق، قۆناغەکانی سەرەتایی و نێوەندی دەبڕێت و لە پێنجی ئامادەییدا لێیدەچەقێت، تا لە قوتابخانە وەدەردەنرێت. پاش دوو ساڵان تێهەڵدەچێتەوە و لابەلا بەشداری تاقیکردنەوەی شەشی ئامادەیی دەکات. خواوڕاستان دەیبڕێت و لە بەشی زمان و ئەدەبی کوردیی زانستگەی سلێمانی وەردەگیرێت.

# پێشەکی

هەرچەندە مێژووی کوردناسی لە وولاّتانی ئالّەمانزماندا، هەروەك زۆربەی وولاّتانی ئەوروپایی دی، دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمانێکی دێرین و ژمارەیەکی هێجگار زۆر گوتارو کتێبیان دەربارەی کۆمەڵگەی کوردەواریی و کێشەی کورد نوسراون و بلاّوکراونەوە، لێ مەخابن پشکی هەرە زۆریان دەچنە خانەی ئەو هەواڵنامەو گەشتنامە سادەو سەرپێیانەوە کە رۆژنامەنووسێك، گەڕیدەیەك، کاربەدەستێك، بە مەبەست بوو بێت یاخود بە ڕێکەوت، ڕێگەی هەڵەکردووەو گەیشتۆتە کوردستان. پاشان کە گەڕاوەتەوە، هەگبەیەك باسوخواسی سەیرو سەمەرەی میللەتەکەی (کارل مای)یی[1] کردۆتە دیاری دەستی.

ئیدی بە دەگمەن کەسێکیان دەبینیت، بەناخی مەسەلەکەدا رۆچووبێت و توانیبێتی هیچ نەبێت بەر لەهەر کەس خۆی، بایی پێویست لە کێشەو گرفتەکانی کورد بگات، ئەوجا کرۆك و نێوەرۆکی مەسەلەکە بۆ خوێنەرانی کاکڵەو پوختە بکات.

بڕێکیان زۆر گێلانەو بێ ویژدانانە، درۆو بوختانی دوژمنان و داگیرکەران کاوێژدەکەنەوەو کورد هێشتا بە دزو جەردەو ڕێگرو پیاوکوژو فەلەکوژ تاوانبار دەکەن.

زۆربەیان هێشتا دەستبەرداری ووشەی (Wild)ی (کارل مای) نەبوون، کە بە واتای "درِندە" یاخود "کێویلە" دێت و ئێستەش بەوپەڕی تامەزرۆیی و تاسووقەوە وەك پاشگرو جووتبەندێکی نێوی کورد پاتەیدەکەنەوە. دەستەیەکیان لە زاری داگیرکەرانەوە کورد بە نەزان و دواکەوتوو، بە سەرەتایی و خێڵەکی، تاوانبار دەکەن، بێ ئەوەی هەست بە سادەیی و نەزانی و دواکەوتوویی خۆ بکەن، دەنا دەبا لە خۆیان پرسیبا: ڕاستە پشکی زۆری کورد نەزان و دواکەوتوو خێڵەکین، لێ گەلۆ داخۆ تاوانی کێیە کە کورد ئاوها بەو کلۆڵی و نەزانییە، بەو دواکەوتوویی و بێسەوادی و برسێتی و سەرکوێرییە، وا حەوت بەرد بەدووی سەدەی بیستەمدا، سەدەی تاوان و خوێن و بێدادی، سەدەی وەیشوومی پڕ کارەسات و مەرگەساتدا، هەڵدەدات و بەجەستەی شەلاّلی خوێن و ئەوکی پڕ لە گرین و دەستی کۆتکراوو چاوی بەستراوو زمانی گرێدراوو زگی هەڵگوشراوەوە، لە زێدی بەتالاّنبراوو خاپوورو وێرانکراویدا، بە لارەملی و لانەوازی و سەرکزی، پێشوازیی لە سەدەی بیستویەکەم دەکات؟

پێموایە بەر لەوەی شەرم بێت بۆ کورد، مایەی ئەوپەڕی شوورەیی و سەرشۆڕییە بۆ ئەو میللەت و دەوڵەتە سەردەستانەی بە بافیشەوە، بەردەوام لاف و گەزاف پێشکەوتوویی و شارستانێتی و دێموکراسێتی و برایەتی و موسڵمانێتی و مرۆڤدۆستی و هاوئاینی و هاومێژوویی و هاوچارەنووسی... لێدەدەن و پەیدەرپەی خۆی پێهەڵدەدەنەوەو خۆی پێوەبادەدەن، کەچی کوردیان ئابەو دەردە بردووەو شەشدەری ئومێدیان لێگرتووەو هەرچی مافێك بە مرۆڤ بڕێت، پێیڕەوا نابینن. هەتا توانای بیستنی ووشەی شیرنی کوردی و نێوی کوردو کوردستانیشیان نییە.

دیارە ئالەم جیهانە جەنجاڵە چڵێسی نەوت و دۆلارەدا، زۆر بە دەگمەن هەڵدەکەوێت کەسێك سەرومڕ، ژیان و کاتی خۆی بۆ ڕۆشناییخستنەسەرو داکۆکیکردن لە مافی پێشێلکراوی میللەتێکی داماوی زۆرلێکراوی سەرکوێرکراو تەرخانکات و ئامادەش بێت لە پێناوی ئەو خولیا مرۆڤدۆستانەیدا گیانی لەسەر لەپی دەستنێت. لێ دەگەڵ گشت کەچبەختییەکیشدا، گەردوون ئەو دەرووەی لە کورد کردۆتەوەو جارجارە لێرەو لەوێ کەسانێکی مرۆڤپەروەری سەوداسەر هەڵکەوتوون، کە لە کوردەکە خۆی سووتاوتری مەسەلەکەی بوون و

زانستانەو بابەتانەو بە ویژدانانە کێشەکەیان توێژیوەتـەوەو لـە شـەوەزەنگی ئەنگوستەچاوی دنیـای حـۆل‌و کاسدا، چراخانێکیان لە دەور پێکردووە. هەرچەندە مەخابن ژمارەی ئەو کەڵەمێرە دلێرە جوامێرانە لە قامکی دەستان تێپەڕناکـەن، لێ نرخیـان لـە ئـەندازە نایـەت، تایبـەت بـۆ میللـەتێکی کۆیلـەو مـافخوراوی زۆرلێکـراوو کێشەیەکی چڕو ئاڵۆزو کەمدۆست‌و فرە دوژمنی وەکی کورد.

ئا لەو بوارەدا دەیانساڵە جێپەنجەی پیرۆزی دوو شاسوار، دوو کەڵە نووسـەرو توێژەرەوەی دلۆڤان‌و هێـژا، دوو عەگیدی جوانخاس‌و جەربەزەو ئازا، دوو زانستکار، دوو دۆستی مەرد، دوو شۆڕەسواری چابوکسواری مەیدانی لێکۆڵینـەوەی کۆمەڵگـەی کـوردەواری‌و کێشـەی کـورد، گەشـگەش دەچریسـکێنەوە. ئـەو دوو دۆسـتە دەلال‌و ئازیزەی لەو پێناوەدا، لە ڕێگەی زانست‌و هـەق‌و راستی‌و بەها مرۆڤایەتییەکاندا، چەندین جار ژیانی خۆیان خستۆتە تالووکەوەو یارییان بە ئاگرکردووە. بە بەرهەمە بەپیت‌و پڕفەڕو فرەو بەنرخـەکانیان، بە توێژینـەوە بەهێزو بەپێزو قووڵ‌و زانستانەکانیان، بەرۆکی مێژووی کوردناسیان رازاندۆتەوەو وەك دۆسـتێکی شـارەزاو کارامەی بەئەمەك هاتوونەتەگۆو نەتەوەکەمانیان بە هەڵمەت‌و هیمەتی مەردانەیان منەتبارو قەرزاربار کردووە.

دەبێت سـنگی لاپـەڕە زامـدارو پێکراوەکـانی مێـژووی کـورد، سـنگی پـڕ لـە ئـاخ‌و داخ‌و حەسـرەتی گشـت کوردپەروەرێك، ئەو دوو دۆستە زێدە کارامەو ژیهاتووو هەرەئازیزو میهرەبانە، هەرگیزاو هەرگیز لەیاد نەکەن:

١-دوکتۆر سمایل بێشکچی‌نووسەری مێرخاس‌و تاقانەی تورك‌و دۆستی بە بەینەت‌و بوێرو کەموێنەی کورد.

٢-دوکتۆر مارتین فان برونەسن توێژەرەوەو زانستکارو کوردناس‌و مێرخاسی هۆڵەندەیی.

ئەرێ ئەم (دوکتۆر مارتین فان برونەسن)ە، ئەم نووسـەرە سـەروەرە، ئـەم مرۆڤپـەروەرە بە جەوهـەرە، ئەم دۆستە کارامە چاکە، ئەم بیرو نیازو خامە پاکە، کێیە؟

مارتین ساڵی ١٩٤٦ لە باژێری ئوترێخت ی هۆڵەندە لە دایك بووە. هـەر لـەو شارەدا قۆناغـەکانی خوێنـدن تـەواو دەکـات، ئـەوجا دەچێتـە زانسـتگەکەی‌و سـەرەتا فیزیـا دەخوێنێـت، لێ پـاش سـەردانێکی کورتـی بـاکووری کوردستان، بە ڕادەیـەك شـەیدای دیمەنە دڵفڕێنـەکانی‌و خەڵکە میواندۆستە دەست‌و دڵ والاکـەی دەبێـت، کـە خولیـا و ئـارەزووی دەگۆڕدرێـت‌و خوودەداتـە زانسـتیی کۆمەڵناسـی‌و خەڵکناسـی‌و دەسـتدەکاتە خوێنـدنی ئێتنۆلۆژی. پاشـان ڕێکخراوێکـی هۆڵـەندیی کۆمـەککاری توێژینـەوەی زانسـت، زەمالەیـەکی دوو سـاڵانەی بـۆ تەرخاندەکات. ئەویش کوردستان‌و کۆمەڵگەی کوردەواریی دەکاتـە ئـامرازو ئامانجی لێکۆڵینەوەکـەیی‌و بۆ ئـەو مەبەستە ساڵانی ١٩٧٤ - ١٩٧٦ بەردەوام بە ڕێگەی کوتە جوداکانی کوردستانەوە دەبێت‌و زۆربەی ئەو ماوەیە لـەوێ بەسـەردەبات. مـارتینی زانـا و دانـاو بـە توانـا هـەر لـەو ڕێگەیـەوە، لەتـەك ئـەو نـۆ زمانانـەی دیـدا کـە پێیاندەئاخێوێت، هەردوك زاراوای کرمانجیی سەروو و خوارووش فێربووە، (هەڵبەت سۆرانی کـەمترو کرمانجی ژێتر). ئێستەکە هەر لە زانستگەی ئوترێخت، لە بواری کوردناسی‌و تورکناسییدا، یاریدەدەری پرۆفیسۆرە، جگە لەوە ئەندامی دەستەی بەڕێوەبەری سێ گۆڤاری توێژینەوەی کوردەوانییە:

1-Studia Kurdica, (Paris).
2-Journal of Kurdisch Studies (Urbania - Italia).
3-The International Journal of Kurdish Studies (Brooklyn – New York)[2].

ئەم کتێبە لەبەر دەستی تۆی ئازیزدایە بەرهەمی دەستڕەنگینی‌و شـەونەخوونی‌و لەخۆبووردوویی‌و کۆڵنەدان‌و تێکۆشانی بێووچانی ئەو دۆستە بەئەمەکە کارامەیەو کارنامـەی دوکتۆرییەکـەیەتی. یەکێکـە لـەو شـاکارە دانسقە هەرە بەنرخ‌و نێودارانەی لە ڕیزی پێشی پێشەوەی ئەو توێژینەوانەدایە کە تا ئێستا دەربارەی کورد نوسراون. لێوانلێوە لە زانیاری‌و بەڵگەی بە پیت‌و پڕسوود. ئاوێنەیەکی بالانمای شیرازەو پێکهاتی ژیانی

تیرەگەری و خێڵەکییانەی دوێنێکەی کۆمەڵگەی کوردەوارییە، کە وەکی جامی فۆتۆگراف، ژیانی کۆمەڵایەتی و چێشتەقولێی سیاسی و شەڕەزرتانێی پارتایەتی و خەسڵەت و شەقڵی ڕێبازو ڕێڕەوو ڕێبەرو ڕێوونکەرانی باڵە هاوچەشنە لێکترازاوە تێکبەربووەکانی ئەوڕۆکەی بزووتنەوەی تێکهەڵقژاوی کوردایەتی لەبەرگیراوەتەوەو کەفکفی کەف خوێنی هەڵچووی لەبەرچوویان، ڕوون ڕوون دەچریسکێتەوەو بەڕوومانددا دەتریقێتەوەو بەفڕکەفڕك بۆ سەر بنەما تیرەچێتی و خێڵایەتییە هاوبەشە ڕەسەنەکەیان دەچۆڕێتەوە.

ئەم کتێبەم چۆن دیتەوە:

سەرەتای ساڵانی هەشتا بوو، تازە بە ئاڵەمانی کەوتبوومە گرۆگاڵ، بەوپەڕی تامەزرۆیی و تاسووقەوە سۆراخی ئەو کتێب و گوتارانەم دەکرد کە لەبارەی کوردەوە نوسراوبوون. لەو سەروبەرەدا ڕۆژێك برای هێژاو زێدە ئازیزم کاکە (سەعدوڵلا) بەخۆی و کتێبێکی قەبەی بە ئینگلیزی نوسراوەوە پەیدابوو، گوتی: فەرموو، کە تۆ وێڵی دووی کتێبی چاکیت، ئا ئەمە وەخوێنە.

دیتم کۆپی کارنامەی دوکتۆریی کابرایەکی هۆڵەندییەو بۆ ئەنجامدانی لێکۆڵینەوەکەی چەند ساڵێکی لە کوردستاندا بەسەر بردووە. ئەوە یەکەمینجار بوو کتێبی (ئاغاو شێخ و دەوڵەت) ببینم و نێوی مارتین ڤان برونەسن ببیەم. ڕاسستییەکەی زۆری دەگەڵ خەریکبووم و کەمی تێگەییم، هەرچەندە ئینگلیزییەکەم قەت باش نەبووە، بەڵام ئەو سەروەختە بەهۆی فێربوونی ئاڵەمانییەکەوە هێندەی دی کول و کەل و کۆڵەواربووبوو، بەڕادەیەك بێکەڵك و پەککەوتە بووبوو کە دەرۆستی شاکاری ئاوەهای پێنەیەم. کتێبەش بۆخۆی هێندە قەبە بوو کە کەڵکی ئەوەی نەبێت هانای کۆمەك بۆ کن کەس بەرم. ئیدی بابەت و زانیارییەکانی ئەو کتێبە هەر گرێبوون لە دڵمدا، تا ساڵی ١٩٨٩ خاتوو (هایدی گرۆبباوەر) کە کیژە ئوتریشییەکەو ئەودەم پێکەوە لە بەشی زانستە سیاسییەکانی زانستگەی سالزبورگ دەمانخوێندو ئەویش سەرگەرمی کارنامەی دوکتۆرییەکەی بوو لەبارەی کوردەوە [3]، مژدەی دامێ کە کتێبی (ئاغاو شێخ و دەوڵەت) کراوەتە ئاڵەمانی و کەوتۆتە بازاڕەوە. دەستبەجێ دانەیەکم کڕی و وەك ژەمبوردەیەك بینم پێوەنا. دیتم هەرچەندە لە شێوازیدا دەچێتە خانەی لێکۆڵینەوە کلاسییەکانی کۆمەڵناسییەوە، لێ بەهەق شاکارێکی بەنرخەو سەرچاوەیەکی دەگمەن و تاقانەیەو پەیاپەیدێت لە زانیاریی پڕ سوود. پێم حەیف بوو خوێنەرانی کوردی ئاڵەمانی و ئینگلیزی نەزان، لە چێژی بڕتامی ئەو شاکارە بەرزە فرەتەرزە بێبەشبن، بۆیە پاش خوێندنەوەی، لەدڵی خۆمدا مرخم لە تەرجەمەی خۆشکرد. وەلێ ئەودەم خۆشم بەدەست نووسینی کارنامەی دوکتۆرییەکەمەوە شپرزەو سەرقاڵ و بێکات و بێحاڵ بووم، نەدەپەرژام خۆ بە ئەرکێکی ئاوەها سەخت و ئەستەمەوە خەریك بکەم، ناچار لێگەڕام، تا دەرفەتم بۆ ڕەخسا.

گوتم ئەرکێکی سەخت و ئەستەم، دیارە لە تەجرەبەی تەرجەمەیەوە ئاوەها دەڵێم، چونکە جگە لە قەبەیی کتێبەکە خۆی، نێوەرۆك و گەلەك لە زاراوە کۆمەڵناسی و سیاسی و خەڵکناسیەکانی بە زمانی کوردی نامۆن و زۆربەیان بەرامبەریان نییەو پەیداکردنی زاراوەیەك کە پڕ بە پێستیان بێت، هێجگار سەخت و دژوارە.

دیارە ناکرێت لە خوێنەری بشارمەوەو دەبێت ڕەپ و ڕەوان پێ لەو ڕاستییە بنێم کە هیچ یەکێك لەو بەرهەمانەی تا ئێستا تەرجەمەم کردوون، هێندەی ئائەمە شەکەت و ماندووو خەریکیان نەکردووم و تا ئەو ڕادەیە زەحمەتم بەدەستەوە نەدیتوون. جار هەبوو مۆتەکەی نائومێدی بۆمدەچووە پەرێزەوەو لەوەیدابوو نووچم پێبدات و بەرەو قووڵەی کۆڵدان و پشتساردبوونەوە ڕاپێچمکات، لێ خۆشبەختانە هەمیشە تاق وورەبەردانم کەمخایان بوون و زێتر ئەودەمانەبوون کە لویچە ووشەو زاراوی شیرینی کوردیم چکیاندەکردو چۆڕبڕدەبوون، پاشان کە بیرم

فەرهەنگی ووشەی کوردیمم لە سایەی خوێندنەوەی "چەپکێك لە گوڵزاری" شاکاری نووسەرو مامۆستایانی بەهرەداری بەکاری کوردەواریدا تیفتیفە دەداو دەمەزەردم دەکردنەوە، ئیدی تین دەزایەوە دڵم‌و وورەو ئاهێکم وەبەر دەهاتەوە سەر لەنوێ گوڕم دەبەستەوەو تێهەڵدەچوومەوە.
ئابەو پێودانگە پشکێکی چاکیم تەرجەمەکرد. لێدیتم گەر بەو ڕەوتە بڕوات، دەقە کوردییەکەی هەزارو چەند صەد لاپەڕەیەك دەگرێتەوە. دیارە ئەرك‌و مەسرەفی چاپی کتێبێکی ئاوەها قەبەش نە لە توانای گیرفانی داچەکاوی مندایەو نەبە هەموو دەزگەیەکی چاپەمەنی کوردییش هەڵدەسووڕێت‌و نەبە کیسەو گیرفانی هیچ خوێنەرێکی کەمدەستی کوردیش لە کڕین دێت. بۆیە بڕیارمدا بیکەمە دوو بەش‌و لە دوو بەرگدا چاپیبکەم.
هەر لەسەرەتاوە هەوڵمدا پەیوەندیی بە نووسەرەکەیەوە بکەم‌و لە نیازی خۆم ئاگاداری بکەم. زۆری نەخایاند تا بە کۆمەکی برای شیرین‌و بەنرخم کاکە (فەرهاد عەبدولقادر)و لە سایەی هیممەتی مەردانەی برای هێژاو خامە ڕەنگینم، کاکە (حەسەنی قازی)یەوە ئەو دەرفەتەم بۆ ڕەخسا و بەو ئاواتە گەیشتم.
دیارە کاکی نووسەر زۆر دڵی بەوەوە نەبوو کە کتێبەکەی لە دووبەرگدا چاپبکرێت، هەرچەندە من هیچ خەوشێك لەکارەکەدا نابینم. ئەوەبوو سەرەتا ناڕازیبوو، پاشان نابەدڵانە ڕێگەیدام‌و خۆمی سەرپشك کرد، وەلێ مەخابن لە وادەو بەڵێنەکەی خۆی، کە پێشەکییەك بۆ تەرجەمە کوردییەکە بنووسێت، پەژیوان بووەوەو تەنها لیستەی نێوی بەرهەمەکانی خۆیی بۆ ناردم.
بە پێویستی دەزانم ئەوەش بڵێم کە بۆ خۆم دەگەڵ گشت ڕاو بۆچوونەکانی ئەم کتێبەدا نیم، ڕەنگە باری سەرنجم لەحاند بڕێك مەسەلەدا جوداوازو پێچەوانەی بیروڕای کاکی نووسەر بێت، لێ نەمویستووەو بە پێویستم نەزانیوە کتێبەکە بە پەراوێز قەبەو چڕتر بکەم‌و لەسەر هەر خاڵێك کە بەڕاستی نازانم بەرۆکی نووسەر بگرم‌و داوی خەیاڵی خوێنەر بپسێنم، بۆیە تەنها لەحاند گرنگترینیاندا وەدەنگ هاتووم‌و باری سەرنجی خۆم دەربڕوە.
دیارە دەبێت ئەوەش بڵێم، هەر کەموکووڕی‌و لەنگییەك لە تەرجەمەی کوردیی ئەم کتێبەدا هەبێت، بێگومان هەشە، من بۆ خۆم لێی بەرپرسیارم‌و ئۆباڵی لە ئەستۆی مندایە، لێ هەر هێندەم لەدەستهاتووەو ئەوەندە توانام بەسەریداشکاوە. ئێستەش هەر هێندەم لەدەست دێت کە داوای بەخشین لە نووسەرەکەیی‌و خوێنەرانی بەڕێز بکەم، بەو ئومێدەی چاوپۆشیم لێبکەن‌و لە هەڵەو پەڵەم ببوورن‌و بەتەقەلای خزمەتێکی گچکە لێم قەبووڵکەن.
هەر لێرەدا وەك خوێنەرێکی بەئەمەکی کورد، لە کوڵی دڵەوە ئەوپەڕی سوپاس‌و ڕێزو قەدرزانینی خۆم پێشکەش بە دۆستی ڕاستەقینەو ڕاستگۆی نەتەوەکەمان، کاکە مارتین فان برونەسن دەکەم، بۆ ئەو ئەرکە زۆرەی کێشاویێتی‌و بۆ ئەم شاکارە ناوازە نازدارەو گشت بەرهەمە پڕ ڕەونەقەکانی دیکەی. دەستەکانی خۆش‌و هەر بەرقەرارو سلامەت‌و بێ بەلا و سەرکەوتوو بێت‌و وێنەی زێتر بێت.

کوردۆ
Salzweg, 10.01.1996

١ * باشترین سەرچاوە لەوبارەوە کتێبە نێودارەکەی مامۆستای هێژام د. جەمال نەبەزە، بڕوانە:
د. جەمال نەبەز: "کورتە مێژوویەکی کوردناسی لە ئاڵەمانیادا". چاپخانەی کۆڕی زانیاریی کورد، بەغدا، ١٩٧٤.

*هەر لەم بوارو بابەتەداو وەك پشكێك لە توێژینەوەی ئەو مەیدانە، ناشێت تەقەلای مامۆستای بەنرخم د. ئەورەحمانی حاجی مارف لەیادكەین، ئەویش گوتارێكی نایابی تێرو تەسەلی لەبارەی كوردناسییەوە لە ڕووسیا نووسیبوو، بڕوانە:
د. ئەورەحمانی حاجی مارف: "لەبارەی كوردناسییەوە لە ڕووسیاو یەكێتی سۆڤیەت"، گۆڤاری كۆڕی زانیاریی كورد، ب٢، ژ١، بەغدا، ١٩٧٤، ل ٤٩٩-٥٦٨

*(كارل مای ١٨٤٢ – ١٩١٢) ئەو چیرۆكنووسە خەیاڵییە ئاڵەمانەیە كە سەدەیەك زێترە، بە دەگمەن ماڵێكی ئاڵەمانزان دەبینیت سەری پێدا نەكردبێت. جێگەیەكی شیاوو بەرچاوی لە كتێبخانە تایبەتو گشتییەكاندا داگیركردووە. یەكێك لە چیرۆكە ئەفسانەییە نێودارەكانی، چیرۆكی (Durchs wilde Kurdistan)ە، (بەنێو كوردستانی دڕندەدا)، كە زەحمەتە ئاڵەمانزانێك بدۆزییەوە ئەو چیرۆكەی نەخوێندبێتەوە، یاخود نەیبیستبێت. (كارل مای) ٧٣ چیرۆكی عەنتیكەی لەو بابەتەی نووسیوە، بڕوانە:
Karl May: “Durchs wilde Kurdistan”, Verlag Carl Ueberreuter, Wien-Heidelberg,
(ساڵی چاپی لەسەر نییەو نازانرێت چاپی چەندهەمینێتی)

٢ بڕوانەنامیلكەی:
Kurdologische Vorlesungsreihe an der FU Berlin. WS 95/96 asta-FU.
هەروەها بڕوانە: "گۆڤاری كاروان"، ژمارە ٦٧، ئابی ١٩٨٨، ل١٥٣و ئەو گوتارەی مارتین ڤان برونەسن دەربارەی ڕاپەڕینەكەی سمكۆ نووسیویەو مامۆستای هێژا كاك فوئاد حەمە خورشید تەرجەمەی عارەبیی كردووەو كورتەیەكی ژیانیشی نووسیەوە.

٣ خاتوو (هایدی گرۆبباوەر) هەر هەمان ساڵ كارنامەی دوكتۆرییەكەی تەواو كردو بەرهەمێكی زانستانەی نایابی لێدەرچوو، بڕوانە:
Heidi Grobbauer: “Das Kurdenproblem, Hindernisse auf dem Weg zu einer Nation”. Dissertation. Universitat Salzburg, 1989.

## بەرهەمە چاپكراوەكانی مارتین ڤان برونەسن لەبارەی كوردەوە:

### ١-كتێبەكانی:

وەك لە پێشەكیدا گوتمان، ئەم كتێبە كارنامەی دوكتۆرییەكەیەتیو لە بنەچەدا بە ئینگلیزی نووسیویەتیو هەر ئەو چەند دانەیەی لێ چاپكراوە، كە بۆ پێشكەشكردنی كارنامەی دوكتۆریی بۆ زانستگە پێویستن. نێوی كارنامەكەی ئاوەهایە:

1-
Agha, Sheikh, and state. On the Social and Political Organization of Kurdistan. Dissertation, Rijksuniversiteit Utrecht, 1978.
ساڵی ١٩٨٩ كراوەتە ئاڵەمانی:
Agha, Sheich und staat. Politik, und Gesellschaft Kurdistan. Berlin: Edition Parabolis, 1989.
ساڵی ١٩٩١ كراوەتە توركی:
Aga, Seyh ve devlet. Kurdistan’ in sosyal ve politik orgutlenmesi. Ankere: Oz-Geyayinlari, 1991.
ساڵی ١٩٩٢ دەقە ڕەسەنە ئینگلیزییەكە، پاش مشتوماڵكردنی بۆ یەكەمینجار كراوەتە كتێب:
“Agha, Shaikh, and state. The social and political structures of Kurdistan”. London: Zed Books, 1992.

2-
Islam und Politik in der Turkei (Jahrbuch zur Geschichte und Gesellschaft des Vorderen und Mittleren Orients 1984) (Herausgegeben mit Jochen Blascke). Berlin: Express Edition. (Neudruck: Berlin: Parabolis, 1989).
"ئیسلامو سیاسەت لە توركیادا". (ساڵنامەی كۆمەڵگەو مێژووی خۆهەڵاتی دوورو نێزیك).

3-
Evliya Celebi in Diyarbekir. The Relevant Section of the Syyahaname edited with translation, commentary and introduction. (Herausgegeben mit Jochen Blascke). Leiden: E.G. Brill. Xvii, 270 pp.
"ئەولیا چەلەبی لە دیاربەكر. بەندە گرنگەكانی سیاحەتنامە بە تەرجەمەو تەعلیقو پیشەكییەوە".

4-
Kurdistan Uzerrine yazilar. Istanbul: Ilestisim yayinlari. 1992.
(تەرجەمەی توركی كۆمەڵە گوتارێك دەربارەی ئاینو سیاسەتو دەربارەی بزووتنەوەی نەتەوایەتی كورد).

### ٢-گوتارەكانی:

١."عولەمای کوردو شاگردە ئیندۆنێزیاییەکانیان"، حەسەنی قازی لە ئینگلیزییەوە کردوویە بە کوردی. گۆڤاری ڕووناکبیری، ژمار ٣-٤، ل ٢٢٤-٢٥٥. ستۆکهۆڵم، ١٩٩٣.

٢."مێ وەجاخی لە کوردستان، ژنە فەرمانڕەواکان لە مێژووی کورددا". حەسەنی قازی لە ئینگلیزییەوە کردوویە بە کوردی. گۆڤاری ڕابوون، ژمارە ١٠-١١، ل ٩٨-١١٦. ئوپسالا، ١٩٩٤.

٣."تەریقەتی نەخشبەندی لە کوردستانی سەدەی حەڤدەهەمدا". ". حەسەنی قازی لە ئینگلیزییەوە کردوویە بە کوردی. گۆڤاری گزنگ، ژمارە ٥، ل ١٨-٣١. هودیکسفال، ١٩٩٤.

٤."جینۆسید لە کوردستان؟ سەرکوتکردنی ڕاپەڕینی دەرسیم لە تورکیا (١٩٣٧-١٩٣٨)و شەڕی کیمیایی لە دژی کوردەکانی عێراق (١٩٨٨)". ". حەسەنی قازی لە ئینگلیزییەوە کردوویە بە کوردی. گۆڤاری ڕابوون/ ژمارە ١٢، ١٩٩٤ ل ٣٠-٥٣ و ژمارە ١٣، ١٩٩٥، ل ٧٩-٩٧.

٥."حاجی بەکتاش، سوڵتان سەهاك، شامینا ساحێبو قاڵبەکانی دیکەی دیواری پادار". ". حەسەنی قازی لە ئینگلیزییەوە کردوویە بە کوردی. گۆڤاری گزنگ، ژمارە ٤، ل ١٧-٢٤. هودیکسفال، هاوینی ١٩٩٤.

٦."ناسیۆنالیزمی کوردو لایەنگری ئیتنێکی ڕقەبەر". ". حەسەنی قازی لە ئینگلیزییەوە کردوویە بە کوردی.

7-
“Kurdish tribes and the state in Iran: the case of Simko’s revolt”, in Richard Tapper (ed.) The Conflict of Tribes and State in Iran and Afghanistan. (London: Croom Helm, 1983), 364-400.

دەقی ئەم گوتارە تەرجەمەی فارسیو عارەبی کراوە:

*"عشایر کردو دولت ایران: مورد شورش سمکو". ". حەسەنی قازی لە ئینگلیزییەوە کردوویە بە فارسی. مطالعات کردی، جلدا، شمارە ٤، ص ٦-٣٢، پاریس، هاوینی ١٩٨٦.

*"ایران والعشائر الكردیة... ثورة سمكو". ترجمة فؤاد حمة خورشید. مجلة كاروان، العدد ٦٧، (١٩٨٨)، ص ١٥٣-١٥٩، العدد ٦٨، (١٩٨٨)، ص ١٤٠-١٤٩.

8-
“The Kurds between Iran and Irak”, MERIP Middle East Report, no 141, (July-August 1986), 14-27.

"کورد لە نێوان ئێرانو عیراقدا".

9-
“Between guerrilla war and political murder: The Workers’ Party of Kurdistan”, MERIP Middle East Report no. 153 (July-August) 1988, 40-46.

"لە نێوان شەڕی چەتەگەریو کوشتاری سیاسیدا".

* * * * *


١- سەرتێ ١

١-١ چۆن ئەم کتێبە هاتە بەرهەم ١

١-٢ بابەتی ئەم لێکۆڵینەوەیە ١٧

١-٣ چەند سەرنجێك دەربارەی سەرچاوەکان ٢٤

بەندی یەکەم

١- بڕێك زانیاری گشتی لەبارەی کوردستانەوە ٢٩

١-١ جوگرافیای ٢٩

١-٢ باری جیۆپۆلیتیکی ٣٣
١-٣ دانیشتوانی ٣٥
١-٣-١ تورکیا ٣٦
١-٣-٢ عێراق ٣٧
١-٣-٣ ئێران ٣٨
١-٣-٤ سوریا ٣٩
١-٣-٥ یەکێتی سۆڤیەت ٤٠
١-٤ باری ئابووری ٤٠
١-٤-١ بەرهەمی وەرزێری، نیوەکۆچەر (Transhumanz)
ئابووری شوانکارانەی ڕەوەندەکان ٤٠
١-٤-٢ چالاکییە ئابوورییەکانی دی ٤٧
١-٤-٣ پیشەدەستییەکان، کارو فەرمانو بازرگانی،
گەشەکردوو وگەشەنەکردوو ٤٧
١-٥ زمان ٥٥
١-٦ ئاین ٥٩
١-٧ بزووتنەوەی نەتەوایەتی کورد لە ١٩٦٠ەوە تا
١٩٨٥ ٦٥
١-٧-١کوردستانی عێراق لە ١٩٥٨ەوە تا ١٩٧٨ ٦٨
١-٧-٢کوردستانی تورکیا لە ١٩٦٠ەوە تا ١٩٨٠ ٨٤
١-٧-٣کوردستانی ئێرانو شۆرشی ئێران ٨٩
١-٧-٤حاڵو بارەکە لە ١٩٨٠ بەدواوە ٩٤

بەندی دووهەم
٢-هۆز، سەرەکهۆز، ئەو دەستەو تاقمانەی سەر بە
هیچ هۆزێك نیین ١٠٠
٢-١ هۆزو دابەشبوونی ١٠١
٢-١-١ خێزان ١٠٦
٢-١-٢ یەکپارچەیی ١٠٨
٢-١-٣ گوند ١١٥
٢-١-٤ هەڵسوکەوتی دەستەگەرییانەی لە ئاستی گوند
بەرەوخوار ١١٨
٢-١-٥ کەوشەنی هۆز ١١٩
٢-٢ زاراوە کوردییەکان ١٢٥
٢-٢-١ کەمە سەرنجێك بۆ کۆتایی ئەم بەشە ١٣٢

٢-٣ خوێن و دوژمنایەتی و کێشەی دی ١٣٧

٢-٣-١ ئاشتکردنەوە لە ڕێگەی نێوبژییەوە ١٤٥

٢-٣-٢ ژن و ژنخوازی و کێشەی خێڵایەتی ١٥٨

٢-٣-٣ بڕێك كێشەی دی ١٦١

٢-٤ دەستەو تاقمی لە هۆز هەراوتر ١٦٢

٢-٤-١ ململانێی نێوخۆو چاوگە دەرەکییەکانی هێزو دەستەڵات ١٦٥

٢-٤-٢ دوو پەلکەیی سەرتاسەری کۆمەڵگە ١٧٠

٢-٤-٣ ململانێی هۆزەکان و دارمانی یەکێتی هۆز ١٧٥

٢-٥ سەرکردایەتی و کێشەو هەڵلا ١٧٩

٢-٥-١ کێ دەبێتە سەرۆك ١٨٠

٢-٦ سەرکردایەتی: ناودێری و ئەرك ١٨٤

٢-٧ مێوانخانە – دیوان – دیوانخانە ١٨٧

٢-٨ دیاردەیەکی ئابووری – خاوەی ئاغا ١٩٩

٢-٩ حاڵ و باری سەرکردایەتی چەند هۆزێکی جوداواز ٢٠٦

٢-٩-١ مەنگوڕەکان ٢٠٦

٢-٩-٢ پشدەرییەکان ٢١٢

٢-٩-٣ هەمەوەندەکان ٢١٩

٢-٩-٤ دزەییەکان ٢٢٢

٢-١٠ هێزو دەستەڵات وەك پرۆسێسێك کۆلۆنیالکردنی جزیرەی ژووروو ٢٢٧

٢-١١ مسکێنە ناخێڵەکییەکان و پەیوەندییان دەگەڵ کوردە خێڵەکییەکاندا ٢٥٦

٢-١١-١ دادۆشینی وەرزێرەکان لەلایەن خێڵەکییەکانەوە ٢٥٩

٢-١١-٢ جوداوازی ڕەگەزایەتی ٢٦١

٢-١٢ گۆران و *(گۆران)* ٢٧٠

٢-١٢-١ پێوەندیی نێوان گۆران و *(گۆران)* ٢٨٥

٢-١٢-٢ تایبەتمەندییە ئاینییەکانی *(گۆران)* ٢٨٧

٢-١٢-٣ داخۆ *(گۆران)*ەکان چۆن کوردێکن؟ ٢٩٤

٢-١٣ ڕەوەندو وەرزێرەکان – گەلێك یاخود دوو گەل؟ ٢٩٩

٢-١٤ سەرئەنجام ٣١٦


بەندی سێهەم


٣- هۆزەکان و دەوڵەت ٣١٩

٣-١ هۆزەكانی كورد ٣١٩
٣-٢ هۆزەكان یەكەیەكی سەربەخۆنیین ٣٢٤
٣-٣ نموونەی دووبارەوەبوو:
هۆزەكان و دەوڵەتانی خۆرهەڵاتی نێوەند ٣٢٩
٣-٤ نموونەی دووبارەوەبوو:
پێوەندی نێوان مەڵبەندو كەنارەكانی ٣٣٧
٣-٥ جووتباقەكردنی كوردستان بە ئیمپراتۆریەتی
عوسمانییەوە ٣٥٨
٣-٥-١ قەرەقۆینلۆو ئاق قۆینلۆ ٣٥٩
٣-٥-٢ صەفەوییەكان ٣٦٤
٣-٥-٣ تێڕامانێكی رووداوەكان لە ژێرڕا ٣٧٠
٣-٥-٤ ململانێی نێوان عوسمانی و صەفەوییەكان ٣٧٤
٣-٥-٥ سیاسەتی عوسمانی لەحاند كورد ٣٧٧
٣-٦ مێژووی سیاسی بڕێك میرنیشینی كورد ٣٨٢
٣-٦-١ مەلیكی حەسەنكێف ٣٨٢
٣-٦-٢ هەكاری و میرەكەی ٣٨٧
٣-٦-٣ فەرمانڕەوایانی چەمشكەزەك ٣٩٧

تێبینی و سەرنج و پەراوێزەكان ٤٠٣
فەرهەنگۆك ٥١٠
سەرچاوەكان ٥٢٣
خشتەو نەخشەو وێنەكان

## ١- سەرتڵ

### ١-١ چۆن ئەم كتێبە هاتە بەرهەم

ئەم كتێبە تا ڕادەیەمی زۆر، سیمای كەشی دۆخ و باری ناهەمواری ئەو پرۆژەی لێكۆڵینەوەیەی پێوەدیارە كە بنەمای هاتنە بەرهەمێتی. گەلەك مەبەستی سەرەكی و بنجی، زادەی ئان و ساتی سەرگەرمیی و تێهەڵچوونی كارەكەمن، ڕەنگە گەر لەبارودۆخێكی دیدا دەستبەكاربام، هەر پەیداش نەبان. بۆیە پێویستە شتێك دەربارەی ئەو بارودۆخە بڵێم.

ئارەزووی خۆخەریككردنم بە مەسەلەی كوردەوە، ساڵی ١٩٦٧، ئەو دەمەی هێشتا خوێندكاری بەشی فیزیا بووم، پاش گەشتێكی كورتی خۆرهەڵاتی نێوەند، سەریهەڵدا. وەكی گەلەك گەڕیدەی بەر لەخۆم، دەم و دەست شەیدای دیمەنی دڵڕفێنی سروشتی كوردستان بووم. میواندۆستیی خەڵكەكەی سەرسامیان كردم، باس و خواسی بزووتنەوەی نیشتمانی و ڕاپەڕینەكانیان و مەرگەساتی چەوساندنەوەیان، زۆر كاریان تێكردم. ئەوە

تەنها سەرەتای شەیداییەکی ڕۆمانسیانەبوو، کە پاشان هێدی هێدی، دوای چەندین سەردانی دی، جێگەی بۆ هەڵسەنگاندنێکی بابەتانە چۆڵکرد. هۆی شەیداییەکەم زێتر ئەوبارە سیاسیە ناهەموارەیە کە کورد، لە گشت ئەو وولاتانەی کوردستانیان بەسەردا بەخشراوەتەوە، گێنگڵی تێدا دەدات و ئەو ڕاستییەی، کە بەردەوام لەگەڵ ئەو ڕژێمانەدا دەستەو ئێخە وەستاونەوە.

ئاکامێکی دیکەی گەشتەکەم ئەوەبوو، کە ئارەزووی ڕۆشەنبیرانەمی لە زانستیی سروشتەوە بۆ کۆمەڵناسیی گۆڕی. دەستمکردە خوێندنی وانەکانی ڕەگەزدۆزیی و کۆمەڵناسیی. لەژێر تاوی ئەو کەشە سیاسی و ڕۆشەنبیرانەیەدا کە کۆتایی شێستەکان باڵی کێشابوو، بوومە عەودالێکی ئەو تیوریانەی خەریکی دۆزینەوەی تاڵی پێوەندیی نێوان ڕاپەڕینی جوتێران و بزووتنەوەی عیساییانەو* خەباتی نەتەوایەتی و هەستی چینایەتی بوون. پێموابوو مێژووی کورد چێترین تاقیگەیە بۆ زۆربەی ئەو تێوریانە، چونکە کوردستان تەنها ئالەم سەدەیەدا، چەندین ڕاپەڕینی جوتکارانی شەقڵ نەتەوانەو کرۆك دادوەرانەی بەخۆوە دیتووە.

لەگەڵ ئەوەشدا واپێدەچوو مەسەلەی کورد، لە مەسەلە ناسراوو فرەجار لە سەنگی محەکی تێوریدراوەکانی دی جوداواز بێت. بە کورتیەکەی بە پێچەوانەی گشت بزووتنەوەیەکی جوتکارانەوە، کە دەبێت چەپڕەو بێت، ئەم وەك بزووتنەوەیەکی ڕاستڕەو دەینواند.

ئەوەبوو تا دەهات میللەتەکە زێترو زێتر بەشداریی لەو شۆڕشەی کوردی عێراقدا دەکرد، کە ١٩٦١ دەستپێکرد، بە ڕادەیەك لە کۆتایی شێستەکاندا چەندین هەزار کورد، بە زۆریی جوتکاران، چوست و چالاکانە هاوبەشیی شەڕی پێشمەرگانەیان دەکردو دژی حوکومەتە یەك لە دووی یەکەکانی عێراق دەجەنگان. گوایە ساڵانی ١٩٧٥/١٩٧٤ ژمارەیان لە پەنجا هەزار کەسێك تێپەڕیدەکرد. لەو چەندین سەفەرەی کوردستانمدا، بۆمدەرکەوت، هەتا زۆربەی ئەو کوردانەش کە لە چالاکی و خەباتی ڕاستەوخۆ دوورە پەرێزبوون، هەر خۆیان بە پێشمەرگە دەزانی. ئەمە نەك تەنها بە نیسبەت کوردی عێراقەوە، بەڵکە بە نیسبەت کوردی گشت پارچەکانی دیکەشەوە هەروابوو. هەڵبەت گەر بەپێی ژمارەی بەشدارانی بێت، دەتوانین ئەو شۆڕشەی کورد، بێ سێ و دوو، بە جەنگێکی میللی، بە شۆڕشی جوتکاران نێو بەرین. لەو شەش ڕاپەڕینە دەچێت کە Wolf لە کارنامە نێودارەکەی ١٩٦٩یدا باسیان دەکات(١).

لە کاتێکدا ئەو شەش ڕاپەڕینە، پێشکەوتنخوازبوون، تا ڕادەیەك جوتکارن لەسەر بنەمای بەرژەوەندیی چینایەتیان، دژی دادۆشێنەرانیان جمابوون، بزووتنەوەکانیان دژە ئیمپریالیزم و لە پێناوی نەهێشتنی بێدادییدا بوون، بزووتنەوەکەی کورد، تایبەت لە ١٩٦٦ بەدواوە، داوا ڕەواکانی کۆنەخوازانە، یاخود کۆنەپەرستانە دەینواند.

واپێدەچوو سەرکردایەتی کورد زێتر پشتی بە دەستێوەردانی ئیمپریالیزم بەستبێت. مەلا مستەفای بارزانی چەندین جار هەست و خواستی دڵی خۆی بۆ وولاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا دەربڕیبوو، گوایە گەرەکێتی ببێتە پەنجاو یەکەمین ویلایەتی ئەمریکی و لە دەستیاوی کۆمەکیاندا، نەوتی کوردیان بخاتە بەردەستەوە.

ئەوە بوو بزووتنەوەکە تەواو لە چەپڕەوان پاکژکرا، وێدەچوو ڕێبەری تەقلیدی، کە جێپێی لەلایەن لاوانی نەتەوەیی شارنشینەوە لەقکرابوو، لە هەڵپەی ئەوەدابێت بە بەشداریی لە بزووتنەوەکەدا، خۆی بەرخوردارو پلەو پایەی سەقامگیربکات(٢).

---

* مەبەست لەو بزووتنەوانەیە کە خەون بە سەرکردایەتییەکی ئیدیالیستی عیسا ئاساییەوە دەبینن، تا جیهانێکی ئازادو یەکسانیان بۆ بهێنێتە دی.

زۆربەی هەرەزۆری کوردی عێراق، لەو مەسەلەیەدا پشتی بارزانییان گرت. چەپڕەوە دژەکانی، کەمینەیەکی کەمیان ڕەدووکەوت.

بەو پێیە گەر بزووتنەوەی نەتەوایەتی کورد، بەرامبەر بزووتنەوەیەکی ئازادیخوازانەی دیکە ڕاگرین، کە ئەویش پتر لە پێناوی ئامانج و خواستی تیرەیەك، کەمینەیەکی وولاتەکەدا بوو بێت، وەکی ظەففار یکانی عومان، دەبینین ئەم شۆڕەتێکی شۆڕشگێڕانەی بەرینتری هەبوو، چاپەمەنییە چەپییەکان گەلەك زێتر بایەخیان پێدەدا، بەڵام شۆڕشی کورد زێتر لەلایەن چاپەمەنییە کۆنەخوازەکانی ئینگلیزو ئەمەریکاوە دەلاوێنرایەوە. ئەو جوداوازییە دوو هۆکاری ئاشکرای هەبوو: ئەویان دژی ڕژێمێکی کۆنەپەرستی سەرکوتکەری سەربە خۆرئاوا بوو، ئەمیان دژی ڕژێمێکی ئۆتاریتێری ڕیفۆرمیستی سەرکوتکەری سەربە سۆڤیەت بوو. دیارە سەرکردایەتی هەردوو بزووتنەوەکەش دوو سەرچاوەی ئیدیۆلۆژیی جوداوازیان هەبوو.

بەڵام داخۆ تەنها ئەو دوو هۆکارە ئەو جوداوازییەیان پێهەڵدەسەنگێنرێت؟ نەخێر، دەبێت هەندەك هۆکاری نێوخۆییش بۆ ئەوە هەبن، کە بزووتنەوەی ئازادیخوازانەی کوردی عێراق، ساڵانی ١٩٦٤ تا ١٩٦٦، ئاشکرا ملی بە هەورازی کۆنەخوازییەوە نا(٣). تا چ ڕادەیەك دەزگەی خێڵەکی و هەندەك پێبەندیی میراتگرانەی دێرینەی دیکە ڕێگەیان لە جوتکاران بەستەوە کە دەستبەرداری ماڤ خۆیان لەحاند سەرەکهۆزو دەرەبەگەکان بن و بۆ بەرژەوەندییەك بجەنگن کە هینی خۆیان نەبوو؟ ئایا ئەو پێبەندییە هەڵتەکی؟ ئەگەر وایە، چۆن و لە چ بارودۆخێکدا؟ چۆن ئیمپریالیزم کاری کردە سەر پەیوەندییە خۆرسکەکەی کۆمەڵگەی کوردەواریی و چۆن دەتوانین تایبەتمەندییەکانی بزووتنەوەی کوردایەتی دەستنیشانکەین؟ ئەمانەو گەلەك پرسیاری دیکە لە مێشکمدا ژاوەژاویان بوو کاتێك ساڵی ١٩٧٣ دەستمدایە پرۆژەی لێکۆڵینەوەکەم. بۆیە بریارمدا زێتر خۆخەریکی مەسەلەی هێزو دەسەڵاتە نەریتییە نێوچەییەکان و پەرەئەستاندنی دەستەڵاتی دەوڵەت و تێکەڵبوونی بە بازاڕی جیهانی و ڕەنگدانەوەی لەسەر پەیوەندییە چینایەتییەکان و هەستی چینایەتی، بەتایبەت لەسەر توێژی جوتکارە مامنێوەندی و هەژارەکان، بکەم.

بەنیازبووم ئەمە زێتر لە چوارچێوەی توێژینەوەیەکی مەیدانیی کۆمەڵناسی و مرۆڤناسییدا ئەنجامدەم، بەوەی ماوەیەکی دیاریکراو (زێتر لە ساڵێك) لە نێوچەیەکدا بمێنمەوەو لەبریتی ئەو هەڵسەنگاندنە هەڕەمەکیانەی لە سەرچاوەکانی تایبەت بە کورددا هەن، هۆکارە ڕاستەقینەکان وەدۆزم.

مەخابن چەندین قۆرتی سیاسی، بوونە تەگەرەو کۆسپی سەر ڕێگەی نێوچەی هەڵبژاردەی ئەم لێکۆڵینەوەیەم. واچاوەڕواندەکرا لە بەهاری ١٩٧٤دا هەمدیسان شەڕی نێوان کوردو ڕژێمی عێراق دەستپێبکاتەوە، دیارە لەو حاڵەتەدا کەس خۆشهاتن لە من ناکات. خۆ تورکیاش چارەی هیچ کۆمەڵناسێکی ناوێت کە خۆی بە مەسەلەی کوردەوە خەریك کات. ئەوەبوو ساڵی ١٩٧٢، کۆمەڵناسی تورك سمایل بێشکچی، لەسەر لێکۆڵینەوەیەکی کۆمەڵناسانەو سیاسیانە دەربارەی کورد، کە وەکی پڕوپاگەندەیەکی جوداخوازانە تێیدەڕوانرا، بە سێزدە ساڵ حوکمدرا(٤).

بەو هۆیەوە وێدەچوو کوردستانی ئێران تەنها جێگەی شیاوی ئەم کارە بێت. پێشان دوو سەردانی کورتی ئەوێم کردبوو، نێوچەیەکی لەبارم هەڵبژاردبوو کە چاوەڕوانی ئەوەی لێدەکرا بتوانم لایەنی کەم، هەندەك لەو دیاردانەی من عەودالیان بووم، بیانتوێژمەوە. جگە لەوە، تا ئەندازەیەك لە سنووری عێراقیشەوە دوور بوو، چونکە دەمەویست لە شەڕی چاوەڕوانکراوی کوردو عێراقەوە نەگلێم، شەڕێك کە دیاربوو ئێران دەستی تێدا هەبوو (هەرچەندە ئەودەمە هێشتا نەمدەزانی تا چ مەودایەك). داواکاریی وودمی پرۆژەیەکی لێکۆڵینەوەم دایە

ئێران. کاتێك هیچ وەرامێکی ئەرێتیم چنگ نەکەوتەوە، لە یولی ١٩٧٤دا چوومە تاران، بە ئومێدی ئەوەی لەوێ داواکارییەکەم زووتر ڕاپەڕێندرێت.

وەرامی نەرێتی داوا کارییەکەم درایەوە، دەستێکم پێداهێنایەوەو جارێکی دی پێکەشمکردەوە. ئەمە چەند جارێك دووبارە بووەوە، تا لە نۆڤەمبەردا بە هێجگاری دایانەدواوە. لە تاق ئەو چاوەڕوانییەدا چەندین کورتە سەفەرم کرد، یەکێك بۆ کوردستان و دوان بۆ خۆراسان، لەوێش ژمارەیەکی بەرچاو کوردی لێیە. لەو کورتە سەفەرانەدا، کێشەیەکی دی قۆرتمی گرتم و پاشانیش گەلەك جاری دی تەنگی پێهەڵچنیم. بێ وودمدانی کاری لێکۆڵینەوەکەم، تەنها دەمتوانی وەك گەڕاڵێك بسووڕێمەوە. ئەمە یانی لە هیچ جێیەك نەمدەتوانی بە کامی دڵ بمێنمەوە. مرۆ بۆ ماوەیەکی کورتیش لە هەرکوێ مایەوە، تەنها کاربەدەستانی ئەو مەڵبەندەی دەبێت بە تووشەوە، کە ئەوانەشی بوون بە کوڵکەوە، ئیدی بە دەگمەن خەڵکە ڕەمەکییەکە دەبینێت. ئەوەش هۆی خۆی هەیە، کاربەدەستان گەرکیانە گشت شتێك بزانن، دەبێت بزانن چ لە گوندەکەدا ڕوودەدات، کێ دێت، کێ دەڕوات. حەز دەکەن گشت میوانێك بناسن، بە تایبەت گەر ئەو میوانە غەوارەیەك بێت، دەخوازێ هۆی سەردانەکەی بزانێت و داب و نەریت وایە، میوان لە دیوەخانی ئاغا لادەدات. کەس بۆی نییە لەو داب و نەریتە تەوەللا بێت.

هۆی گرنگی پەیوەندیی پتەوو فرەم دەگەڵ دەوڵەمەندو دەستەڵاتدارانی ئاواییدا، ترس و پەژارەی ئەوەم بوو، نەبا ڕەشەخەڵکەکە، بەهۆی گفتوگۆوە لەگەڵ مندا، تووشی گێچەڵ و دەردیسەر ببن، چونکە من وودمی لێکۆڵینەوە پێنەدرابوو. دەستڕۆیشتوان و خوێندەواران دەرفەتی زێتریان هەیە دەگەڵ بێگانان هەڵسن و دانیشن.

لام ڕوونبوو، ئەو پەیوەندییە ناچارییەم دەگەڵ لوتکەی قوتە قووچەکانی کۆمەڵگەداو پەیوەندیی بەرتەسکم دەگەڵ ڕەشەخەڵکەکەدا، تارمایی و لێڵایی بەسەر ڕوانگەی لێکدانەوەکانمدا دەهێنن. لانی کەم ڕەنگە وەك زێدەبایەخێك بە پلەو پایەی دەستڕۆیشتووان و دەستەڵاتدارانی کۆمەڵگە لێکبدرێتەوە(٥). لەگەڵ ئەوەشدا هیچ چارنەبوو، زۆربەی کاتی خۆمم دەگەڵ ئاغاو سەرەکخێڵ و شێخەکاندا بەسەربرد.

پاشان دەرووبەکم دۆزیەوە تا پەیوەندییە کۆمەڵایەتیەکەم بەرفراوانتر بکەم: دەچوومە ئەو گوندانەی کەسێکم لێدەناسین، سا لە شوێنێك دیتبوومن و ئاشنایەتیم دەگەڵ پەیدا کردبوون. ئەمانە زێتر مامۆستای قوتابخانەی گوندەکان بوون، یاخود ئەو کوڕە یەکی یەکییە لادێیانەی لەشار دەیانخوێند. ئیدی کە وەکی ئاشنای کەسێك دەهاتم و تەواو بێگانە نەبووم. ئازادیی زێترم هەبوو، بواری ئەوەم دەبوو دەگەڵ هەرکەسێك دڵم دەیخواست، گفتوگۆ بکەم. لە تەکیی شێخانیش، دەرفەتم هەبوو دەگەڵ خەڵکانێکی زۆر لە توێژاڵە خوارووترەکان ووتوویژ بکەم، چونکە بەردەوام ئاپۆڕەی خەڵك لە گشت چینەکان ڕوویانتێدەکەن. لەگەڵ ئەوەشدا، دەستەڵاتداران و دەستڕۆیشتووان و ڕاوبۆچوونیان لە تۆماری یاداشتەکانمدا فرەن و لەم کتێبەشدا ڕەنگیانداوەتەوە.

سەردانی کوردەکانی خۆراسان بۆ یەکەمینجار سەرنجیان بۆ ئەو پەیوەندییە بەرابەرەی نێوان دەزگەی خێڵەکیی و سیاسەتی فەرمانڕەوایی دەوڵەت ڕاکێشام. یەکگرتنی خێڵەکان وەك داهێنانێکی ڕەسەنی دەوڵەت دەهاتە پێشچاو. سەرەکخێڵە پەسەندکراوەکان، لایەنی کەم لە سەدەی ڕابوردووەوە، شا بە ڕەسمیی نازنێوی داونەتێ (بڕوانە بەندی سێهەم). سەرەتا ئەوەم بە پێشهاتێکی نا ئاسایی لێکدایەوەو کەوتمە پشکنینی سەرچاوە مێژووییەکان، تا بزانم چ هۆیەك بەو ئاستەی گەیاندووە. پاشان بۆم ڕوونبووەوە کە زۆربەی خێڵەکانی کورد، لەلایەن دەوڵەتەکانیانەوە، بەو شێوازە مامەڵەکراون و کاریان تێکراوە. ئەو جۆرە زانیاریانەم پتر لە

سەرەکخێڵەکانەوە چنگ دەکەوت، نەك لە بۆرەپیاوانەوە. بەو پێودانگە زانیاریەکی فرەم خڕکردەوە. بابەتی لێکۆڵینەوەکەم بە تێڕوانینێکی ڕەخنەگرانەی سەرچاوە پلەیەك و پلە دووەکانی چوارسەدەی پێشوو، دەوڵەمەند کردووەو هەر لەو ڕوانگەیەوە بەندی سێهەمی ئەم کتێبە بە بەرهەم هاتووە.
لە گەشتەکەی کوردستانی ئێرانمدا، کاتێکی چاکم دەگەڵ شێخ و دەروێشاندا بەسەربرد. کاتێك ١٩٧٥، بۆ دووهەمجار چوومەوە، گەلەك کوردی عێراقم لەوێ دیت، هەندێکیان پەنابەربوون و ژمارەیەکیشیان بە ئەرکی نهێنی شۆڕش لە هاتوچۆدابوون. لە ڕەزاییە کاربەدەستانی ساواك هەوڵیاندەدا بەر بە پەیوەندییم لەگەڵ کوردی عێراقدا بگرن. بەڵام لە شارۆچکەکانی وەك سەردەشت و بانەو مەریوان دەرفەتی چاکم هەبوو، گەلەك جار ڕێکەوت وابوو دەگەڵ ئەو جۆرە کەسانەدا لە ژووری میوانخانەیەکدا یەکدەکەوتین. (جگە لە ڕۆژنامەکان) هەر ئەوانە سەرچاوەی هەواڵی شەڕو پێشهاتەکانی کوردستانی عێراقم بوون. ئا لەو ڕێگەیەوە ئەندازەی دەستێوەردانی ئێرانیشم بۆ ڕوونبووەوە، هێجگار لەوە بەرینتر بوو کە من چاوەڕوانم دەکرد.
گەلەك لەو کوردە عێراقیانەی تووشیان هاتم، وایان بە چاکزانی داوای تڵێن لە نوێنەرایەتی کوردی عێراق لە تاران بکەم و بۆ کاری لێکۆڵینەوەکەم بچمە نێوچە ئازادکراوەکانی کوردستانی عێراق. هەر کە دڵنیابووم ئێران ڕێگە بە لێکۆڵینەوەکەم نادات، بەو کارە هەڵستام. نوێنەرانی کورد زۆر میهرەبان و ئامادەی گشت کۆمەکێك بوون. پاش چەند حەوتوویەکی کەم وەرامی ئەرێتییان دامەوە. لە ٦ی فێبریوەری ١٩٧٥دا سنوورم بەزاندو چوومە بەری کوردستانی عێراق. هێشتا بە هەویا بووم چۆن لەسەرەتاوە نەخشەم کێشا بوو، هەر ئاوها کاری لێکۆڵینەوەکەم جێبەجێکەم. هەڵبەت بەهۆی باری جەنگەوە ئازادیی جموجۆڵم بەرتەسك بوو. بەڵام لەلایەکی دییەوە ئەوە تەنها دەرفەت بوو بۆ توێژینەوەی کۆمەڵگەی کوردەواری لە هەل و مەرجی جەنگدا، هەل و مەرجێك کە بەنێزیکە لە بارودۆخی ئاشتی ئاساییتر بوو. هەتا دەتوانم بێژم بۆ تەتەڵەکردنی مەسەلەی پێبەندیی نەتەوەیی و خێڵایەتی، یاخود چینایەتی، فرە شیاوو گونجاو بوو.
شەش حەوتوو پاش گەیشتنم، ناچار بووم لەگەڵ گشت پێشمەرگەو بەشێکی زۆر لە دانیشتواندا، هەڵێم، ئەوەبوو شۆڕشەکە هەرەسی هێنا. ئەو شایەی بزووتنەوەی کورد قەڵای ئومێدی لەسەر هەڵچنیبوو، لەناکاو ڕەگەڵ دوژمنە دێرینەکەی ڕێککەوت و دەم و دەست گشت جۆرە یارمەتییەکی لە کورد بڕی و تووشی ئاکامێکی دڵتەزێنی کردن. کوردان خۆیان لەبەردەم دووڕیانێکدا دیتەوە، یا دەبایە تەسلیمی سوپای عێراق بان، یاخود بۆ ئێران هەڵێن. هەندەك پەسەندی درێژەدان بە شۆڕش و شەڕی پێشمەرگانەیان کرد، سەرکردایەتی کورد ڕێگەی نەدان. لادێیەکان پۆلپۆل بۆ ئێران هەڵدەهاتن، تا ٢٠ی مارت، بە نێزیکە گشت ناوچەی باڵەکایەتی، کە خۆمی لێبووم، چۆڵکرا.
ئەو شەش حەوتووەی لە کوردستانی عێراق بەسەرمبرد، لە گشت قۆناغەکانی دیکەی خەریکبوونم بە پرۆژەی لێکۆڵینەوەکەمەوە، زێتر کاریتێکردم. ڕۆژانە لەگەڵ ئازاری خەڵکەکەدا، دەگەڵ ترس و دڵەڕاوکەیاندا، ڕەگەڵ نەخۆشی و مردنیاندا، ڕووبەڕوو دەبوومەوە.
هەر دەگەڵ هەرەسدا، زۆر کێشەو گرفتی نێو هەناوی کۆمەڵگەی کوردەواری و شۆڕشی کورد، کەتا ئەو دەمە وورییانە لێفەپۆش دەکران، کەوتنەڕوو. گەلەك نهێنی کۆمەڵگەی کوردەوارییم بۆ ئاشکرابوون، تەجرەبەیەکی تاڵبوو، لایەنە هەست هەژێنەکانی دڵیان جەڕاندم.
کە گەڕاشمەوە ئێران، پەیوەندیی پتەوو توندو تۆڵم لەگەڵ پەنابەرەکاندا هەر هەبوو، وتووێژی فرەم لەگەڵ خاوەن بیرە جوداکاندا کرد، گەلەکیان شتانێکیان بۆ دەگێڕامەوە، کە لەوەبەر قرووقەپیان لێکردبوو.

وەك ئاكامێكی ئەو پێشهاتانە، ناچاربووم بیرێك لە داهاتووی پرۆژەی لێكۆڵینەوەكەم بكەمەوە. لام ڕوونبوو كە چیدی ناتوانم بۆ ماوەیەكی دوورو درێژ لە هیچ كوێ بمێنمەوە، چونكە ڕێگەم نادەن. بەڵام لەلایەكی دییەوە هەستم دەكرد، بەهۆی ماوەیەك مانەوەم لای چەندین خێڵی جوداوازو لە بڕێك شوێنی جۆربەجۆری كوردستانو شارەزاییم دەربارەی هەندەك بارودۆخی تایبەت، واملێدەكەن پێشهاتو ڕووداوی دیكەش تێبگەمو بتوانم وەك پێویست هەڵیانسەنگێنم.

ئیدی وام بە چاكزانی ڕوو لە هەندەك نێوچەی دیكەی كوردستان بكەم، تا بتوانم سەرئەنجامێكی فرەچەشنی ئەو شیرازەی كۆمەڵایەتیو پرۆسێسی گۆڕانە كۆمەڵایەتیانە پوختەكەم، كە بواری پەیپێبردن دەدەن.

بۆ مەبەستێكی ئاوەها، بەر لە هەموان كوردستانی توركیام بە لەبار زانی، چونكە لەلایەك گەورەترین كوتی كوردستانە، لەلایەكی دیكەشەوە ئەو دەمە تا ڕادەیەك ئازادییەكی چاك بۆ هەڵسو كەوتی ڕێبواران هەبوو. پێموابوو گەر كاربەدەستە مەڵبەندییەكان ڕێگەی مانەوەم بدەن، ڕەنگە بتوانم گەلەك قۆرت هەڵتەكێنم.

بەو پێیە سەرجەمی ئەو ماوەیەی بۆ لێكۆڵینەوەكەم بەدەستمەوە مابوو، (واتە لە ژونی ١٩٧٥ەوە تا ئۆكوستی ١٩٧٦) ﴿بێ لەو ماوەیەی تێیدا تووشی زەردوویی بووم﴾، ئیدی بەردەوام لە نێوان مەڵبەندە جۆربەجۆرەكانی كوردستانی توركیاو سوریاو ئێراندا، بە ڕێگەوە بووم. گەلەك لەو شتانەی بە دڵ ئارەزووم دەكردن، نەمتوانی بەچاوی خۆم بیانبینم. بۆیە گفتوگۆو دەمەتەقێ، پشكێكی زۆری پشكنینەكانم دەگرنەوە، هەر دەڵێیت گوایە ئەوە ئەركی لێكۆڵەرەوەی مەیدانیی كۆمەڵناسیی و مرۆڤناسییە. بەو هۆیەوە كە خۆم عەودالی مەسەلەی گۆڕانكارییە كۆمەڵایەتییەكانم، بەشێكی زۆری دەمەتەقێكانم دەربارەی ڕووداوو پێشهاتە دێرینەكانن. هەرچەندە زۆربەی ئەوانەی قسەم لەگەڵ كردوون، نەیانتوانیوە مێژووی تەواوو كرۆكی ڕووداوو بەسەرهاتەكانم پڕاوپڕ بۆ كاكڵ كەن. هەر ئەوەش وایلێكردم پەنابەرمەوە بۆ سەرچاوە نوسراوەكانو لەگەڵ پشكنینو لێكۆڵینەوەكانی خۆمدا بە هوردی بەراوردیان بكەم.

كێشەیەكی زەقی شێوازی لێكۆڵینەوەكەم گرانیی یاخود ناتوانایی دۆزینەوەو بەراوردكردنی زانیارییەكانن لە چەند كاتو شوێنێكی جوداوازدا. چونكە بە نێزیكە لە گشت جێیەك ماوەیەكی كورت دەمامەوە، ئیدی بۆم نەدەلوا هەمیشە زانیاری بابەتانە كۆوەكەم. هەر بەو پێودانگە، دەمەتەقێ سەرپێییو لەپڕو بێ شیرازەكانم، كە بەشێك لە شێوازی كارەكەم دەگرنەوە، هەرچەندە بابەتێكی هێجگار بەربڵاون، كەچی قەت زانیاریی تەواو هاوجووتیانم لە شوێنێكی دی چنگ نەكەوتوون. سەوداسەریی و ئارەزووی هەواڵدەرەكەم، یاخود خۆم، دەبوونە جڵەوكێشی دەمەتەقێكانمان. لەلایەكی دییەوە هەرچەندە چاوپێكەوتنەكانم زۆر ڕێكو پێكو نموونەیی نەبوون، كەچی گەلەك زانیاری بەنرخی پڕتامو چێژو چاوەڕوان نەكراویان تێدایە. گەلەكجار باری سەرنجو بۆ چوونەكانم لەلایەن هەواڵدەرەكانمەوە بە شێوازێكی هێجگار سەیر گۆڕاون (با بەو ڕاددەو شێوەیەش نەبووبێت كە ئەوان خواستوویانە).

پێویست بەوە ناكات بڵێم هەتا پشكنینەكانی خۆشم كەمتر شیاوی بەراورد كردنن لەگەڵ یەكدی، بۆ نموونە قەت نەبووە مرۆ لە یەك جێ زێتر، هەمان كێشەو پێشهات ببینێت. ئەوە بە نیسبەت سەرچاوە مێژووییەكانیشەوە هەروایە. ئەو هەموو كتێبە قەبەقەبانەی خوێندمنەوە، گەوهەری زۆریان تێدابوو بۆ كەسێك سەوداسەری شتی سەیرو سەمەرە بێت، بەڵام بۆ كارەكەی من شتێكی ئەوتۆیان تێدا نەبوو. ڕاستییەكەی بێبەش بوون لەو جۆرە زانیارییانەی من عەودالیان بووم، زانیارییەك كە بتوانم لەبەر ڕۆشناییدا، باری ئێستاو دێرینی پێ بەراورد بكەم.

کەواتە ئەم لێکۆڵینەوەیەم زێتر پەیجوورو توێژینەوەیەکە، کە ناتوانرێت هیچ تیۆرییەکی پێتاقیکرێتەوە. تەنها بەشێکی کەمی ئەو زانیارییانەی کۆمکردوونەوە دەشێت یاسایەکی گشتیی وایان لێپوختەکرێت، کە وەرام بن بۆ چکێك لەو پرسیارانەی لەسەرەتادا کردمانن. لەگەڵ ئەوەشدا بابەتەکانی زۆر چڕوپڕن، دیارە وەرامی گشت پرسیارێکیشی پێنادرێتەوە، بەڵام لایەنی کەم دەتوانێت یارمەتیدەربێت بۆ دۆزینەوەی گەلەك ڕاستی.

### ١-١ بابەتی ئەم لێکۆڵینەوەیە

کرۆکی ئەم کتێبە پێبەندەییە(*) سەرەتاییەکەیە، وەکی Alavi لە ١٩٧٣دا نێوی دەنێت. Alavi ئەم زاراوەیە بۆ ئەوە بەکاردەهێنێت کە وابەستەییە کۆمەڵایەتییەکانی وەکی خرم خرمێنەو تاقم تاقمێنەی پیَ شیکاتەوە، ئەو پێبەندییەی ڕێگە لەوە دەبەستێتەوە کە جوتکارە هەژارەکان هەست بە جوداوازیی چینایەتی بکەنو وایان لێدەکات دژی بەرژەوەندیی ڕاستەقینەی خۆیان ڕەفتاربکەن. Alavi پاکستانمان بە نموونە بۆ دەهێنێتەوە، کە پێبەندی خرم خرمێنەو کاستو نوێنەرو دەمڕاست، زۆر زەقو باون.

لە کوردستاندا هەرچەندە جۆرێکی دییە، بەڵام پێبەندییە خۆڕسکەکە بەهەمان شێوازو توندتریش، کار لە ژیانی سیاسی دەکات. ئەگەرچی ئەو جۆرە پێبەندییانە هێجگار کۆنو دێرینەن، وەلیَ لە هەندەك کێشەو ململانێی سیاسەتی جیهانی ئەوڕۆدا، هێشتا هەر کاریگەرێتییان ماوەو حسێبیان بۆ دەکرێت. ململانێی دوو زلهێزی ئەمریکاو سۆڤیەتو ئەو کێشەیەی کە لە قەیرانی نەوت کەوتەوە، ڕاستەوخۆتر لە کوردستاندا ڕەنگیداوەتەوە وەك لە هۆڵەندای زێدی خۆمدا. هەرچەندە ئەوە دیاردەیەکی نویَ نییە، بەڵام پشتگوێخستنی ئەو پێبەندییە سەرەتاییەو تینو تاوی هۆکارە دەرەکییەکان لەسەری، ساویلکەییە.

پێبەندییە خۆڕسکەکە لە کوردستاندا، وا بەستەییە بە خێزانو بنەماڵەو هۆزو سەرەکهۆزو ئاغاوە. پێبەندییە ئاینیەکەش هەروایە، وا بەستەییە بە شێخو پیرو پیاوچاکانو تەریقەتە سۆفیو دەروێشەکانەوە. هەوڵێکی زۆر دراوە ڕەگی ئەو پێبەندییو وابەستەییە ڕیشەکێشکرێت، بەڵام بیَ سەرئەنجام بووە. لە تورکیادا ئەتاتورك دەستپێشکەربوو، هەولیدا دەستەڵاتی ئاغاو شێخان بنکەلکات. لەم دە ساڵانەی دواییشدا، وەچەیەکی نویَ لە لاوە سۆسیالیستەکان، کۆششیانکرد جوتێران بە شیری چینایەتی فرچکدەن. لەگەڵ ئەوەشدا شوانو گاوانو جوتکارانی کورد هێشتا هەر ملکەچی فەرمانی ئاغاو شێخەکانیانن. سەرکەوتووترین پاڵێوراوی هەڵبژاردنەکان، ئاغاو شێخو دەشتنێژەکانیانن. هەرچەندە دادۆشینی ڕەعیەتەکە لەلایەن ئاغاوە هەر ڕوو لە زێدەیەو ئاغا چ خێرو بێرێکی نییە، کەچی پێبەندییو لارەملییەکە هەر درێژەی هەیە. گەلەکجار دەبیستین گوایە کاپیتالیزم بە تواناترین هێزە بۆ بنبڕکردنی ئەو جۆرە پێبەندییە، بەڵام دیارە ئەوە ئاوەها بەزوویی وەدی نایەت. لەلایەکی دییەوە دەبێت ئەوەش بڵێین کە بوونی پێبەندییە خۆڕسکەکەو تەنینەوەی، ناتوانێت بەر بە تینو تاوی هەندەك پێبەندیی دیکە بگرێت. بە پێچەوانەشەوە، پێبەندییە خۆڕسکەکە، بە هاتنەکایەی پێبەندیی نویَی وەك پێبەندیی نەتەوایەتی یاخود چینایەتی، هەروا ئاسان سەنگەر چۆڵناکاتو ووزەی خۆی لە دەست نادات. جاریش هەیە پێبەندییە جۆربەجۆرەکان کار لە یەکدی دەکەنو یەکدی دەبوژێننەوە، بەڵام کامەیان بەهێزترو کاریگەرترە، مەسەلەیەکە پەیوەندیی بەو ئانوساتو بارودۆخەوە هەیە(٦).

* چەندی سەرم هێناو برد، ووشەیەکی کوردیی شیاوو گونجاوم بەرامبەر ووشەی (Loyalitat) (الولاء) پێپەیدانەکرا، ناچار ووشەی (پێبەندیی)م لە جێگەی دانا.

لە کۆڕێکی سیاسیدا چاوم بە هەندەك کرێکاری ڕەوکردووی تورکیا کەوت، لەگەڵ دەستەیەکی گچکەیاندا کە سەر بە جڤاتی کرێکارانی سۆسیالیست بوون، کردمە دەمەتەقێ. گشتیان لەوانە بوون کە هۆشی چینایەتییان باڵابوو. کە بیستم خەڵکی خۆرهەڵاتی تورکیان، لە تورکییەوە گۆڕیم بۆ کوردی. دیتم دەمەتەقێکەمان دەستبەجێ گەرمترو شیرینتر بوو. (بۆماوەیەك تەنها هەر خۆمان بووین و تورکمان تێکەڵ نەبوو). پاش ماوەیەك پێمگوتن گوایە لەگەڵ شێخێکی دەستەڵاتداری نێوەچەکەیاندا دۆستایەتیم گەرمە. من چاوەڕوانی ئەوەبووم لێم بسڵەمنەوەو لێم بتەکنەوە، لێ بۆ نەهامەتی، دیتم ڕێزو سەروەریم لایان سەریکرد. هەرچەندە کەسیان خاوەن ئیمانێکی ئەوتۆ نەبوون، کەچی هەست و سۆزیان بۆ شێخ بزوا.

هەستی نەتەوایەتی کوردو پێبەندیی خزمایەتی و ئاینی، پێکڕا دوو ڕووو دوو ڕۆڵی جوداوازیان هەیە. لەلایەکەوە یەکەمین خەباتگێڕانی بزووتنەوەی نەتەوایەتی کورد، ئەو شێخ و ئاغایانە بوون کە ڕۆڵەی خانەوادە خانەدانە نێودارو بەشۆڕەت و دەستەڵاتدارە نەریتییەکان بوون. پێبەندییە خۆڕسکەکەی ئەوان و بەرامبەر ئەوان، بەهاو نێوو شۆرەتیان، بزووتنەوەی نەتەوایەتییان دەگەیاندە ئاستێکی جەماوەریی. لەلایەکی دییەوە، کێشەو هەڵلاو ململانێی بەردەوامی نێوان ئەو سەرکردە تەقلیدییانە، بۆتە هۆی یەکنەگرتنی ڕیزەکانی کورد تا ڕۆژی ئەوڕۆ. تەنها بەشداریی فلانە سەرەکخێڵ لە بزووتنەوەی نەتەوایەتیدا، بەس بووە بۆ ئەوەی دوژمن و گوردێرەکەی، دژی بزووتنەوەکە بوەستێتەوەو خەڵکە ڕەشۆکیەکەش بە تۆپەڵ ڕەدووی کەوتوون، بێ ئەوەی متەق بکەن. هەتا ١٩٧٤یش، ئەو دەمەی هەستی نەتەوایەتی لە کوردستانی عێراقدا سەراپایی و گشتگر بوو، لە جەنگێکی چارەنووسسازا بوون دەگەڵ ڕژێمی عێراقدا، لە زۆر شوێن، تەنها سەرەکهۆز هەڵوێستی هۆزەکەیی دەستنیشاندەکرد، داخۆ بدەنە پاڵ شۆڕش، یاخود بێلایەن بمێننەوە، یاخود بدەنە پاڵ دوژمن و چالاکانە دژی شۆڕش بجەنگن.

کەواتە ئەم کتێبە بە پلەی یەکەم خەریکی مەسەلەی پێبەندییە خۆڕسکەکەیە. باسی تیرەو هۆزو تەریقەتەکان دەکەم، هێزو گوڕیانم لە کوردستاندا چۆن دیت، یاخود دەورو ڕۆڵی دێرینەیانم لە دەمەتەقێ و لە سەرچاوە نووسراوەکاندا چۆن هەڵهێنجاو هەوڵدەدەم برێك شیرازەو کرۆکیان ڕوونکەمەوە، داخۆ بە چ شێوازێك و تا چ مەودایەك هۆکارە دەرکییەکان کاریتێکردوون و دەیکات. کۆششەکەم گەشەکردنی بزووتنەوەی نەتەوایەتی کوردو کاریگەرێتی لەسەر ئەو پێبەندییە خۆڕسکیەو کاریگەرێتی ئەو لەسەر بزووتنەوەی کوردایەتی، شییبکەمەوە.

پاش بەندی یەکەم کە هەندەك زانیاریی گشتییە، لە دووهەم بەندا باسێکی شیرازەی خێڵایەتی کورد دەکەم، سەرەتا بە گشتی، پاشان وەك نموونە چەند هۆزێکی دیاریکراو بە پێکهاتی جۆراوجۆرەوە دەهێنمەوە. دەورو ڕۆڵی سەرەکخێڵ هەڵدەشێلین و پێشانی دەدەین تا چ ڕادەیەك سەرکردەی خێڵ و کێشەو هەڵلا ئاوێتەی یەکدین و پێکەوە جووتبەندن.

بایەخی شێخایەتیش پەیوەستە بە گێرمەو کێشەکانی هۆزەوە: شێخەکان لەو بگرەو بەردانەدا هەڵوێستێکی بێلایەنانە پێشاندەدەن و پاشانیش دەبنە فریشتەی ئاشتی و بەوە هێزو دەستەڵاتی سیاسی خۆیان برەو پێدەدەن. بەندی چوارهەم خۆی بە شێخ و تەریقەتەکانەوە خەریکدەکات.

لەبەر ئەوەی دەربارەی ئەو تەریقەتانە هێجگار کەم نوسراوە، بەو هۆیەشەوە کە خۆم زۆریان پێ سەرسامم، بۆیە تەنها بە خەسڵەتە سیاسیە گرنگەکانیان قنیات ناکەم، بەڵکە بایەخ بە مۆرکی فەلسەفی و داب و نەریتیشان دەدەم.

ڕوونکردنەوەیەك بۆ گەشەکردنی خێرای تەریقەتێك لەسەدەی ڕابووردووداو ئەو دەورەگەشەی لەو دەمەوە لە بزووتنەوەی نەتەوایەتیدا دیتوویە، پێشچاودەخەم.

بانگاشەی پێوەندیی دەگەڵ ئێزدان و هێزە پەنامەکییەکاندا، سەرچاوەی یەکێك لە دەستەڵاتە دنیاییەکانی شێخە، یەکێکی دیکەی پەیوەندییە نهێنییەکانێتی بە وولاتانی هاوسێوە. گەلەك سەرەکهۆزی چەتوون و دڵبزۆك و چڵێسی نێوو شۆڕەت، لە ڕێگەی ڕیککەوتنی ئاشکراو نهێنییەوە ڕەگەڵ وولاتە هاوسێکاندا، هێزو دەستەڵاتیان لە کۆمەڵگەدا بۆ خۆ پچڕیوە. لە بەندی سێهەمدا بەڵگەی مێژوویی بۆ ڕوونکردنەوەی ئەو تێزەم پێشچاودەخەم، کە دەمەوێت بیسەلمێنم هۆزەکانی ئەوڕۆی کورد هێزێکی سەربەخۆنیین، بەڵکە تا ڕادەیەك قوتکراوەی دەستی وولاتە هاوسێکانیانن. لە بەندی پێنجەمدا، کاتێك دەربارەی یەکێك لە گرنگترین شۆڕشەکانی کورد دەدوێین، بە هوردی گشت لایەنەکانی ئەم بانگەشەیەم هەڵدەشێلین. پێبەندییە خۆڕسکەکە، پێبەندبیە نەتەوەییەکە (کە بابەتێکە هێشتا بگرەو بەردەی زۆر هەڵدەگرێت)، ڕاپەڕینی جوتێران دژی دادۆشین و داچکانی ئابووریيان، پێوەندیی نێوان خێڵ و دەوڵەت، ڕۆڵی هەر هەموویان و کاریگەرێتیان لەسەر یەکدی، دەتوێژینەوە.

ئەم کتێبە وەك پێینەکراوە گشت لایەن و کەلێنەکانی کۆمەڵگەی کوردەواریی ڕوونکاتەوە، نەشدەکرا تەنهاو تەنها تیشك بخاتە سەر پێبەندییە خۆڕسکەکە. هەرچەندە دیاردە گرنگەکانی وەکی شارستانێتی و ڕەوکردن، چالاکیی پارتە سیاسییەکان و جڤاتەکان، لەوەش گرنگتر باری ئابووریی هەڵبواردووەو باسی نەکردوون. دیارە بابەتەکانی تەواو کامڵ و خەملیو نیین، بەڵام بۆ تێگەیشتنی ڕووداوە سیاسیەکانی کوردستان لەو دە ساڵانەی ڕابوردوودا، سوودبەخشە.

## ١-٢ چەند سەرنجێك دەربارەی سەرچاوەکان

بۆ گشت بەشەکانی ئەم کتێبە، گەلەك سەرچاوەم بەکارهێناوە، لەبەشی سەرنج و سەرچاوەکاندا دەستنیشانیان دەکەم. بە پێویستی دەزانم هەندەك تێبینی دەربارەی ئەو سەرچاوانە تۆمار بکەم، کە زۆر بە پرسوودیان دەزانم و خۆم گەلەکجار پەنام بۆ بردوون. دوو شاکاری گرنگ کە سوودی زۆرم لێوەرگرتوون، یەکێکیان شەرفنامەی شەرفخانی بەدلیسیيەو ئەوی دی سیاحەتنامەی ئەولیا چەلەبیيە(*).

شەرەفنامەلە کۆتایی سەدەی شازدەهەمدا لەلایەن کۆنە میری میرنیشی بەتلیسەوە، کە بۆ کوڕەکەی دەستی لە تەختی پاشایی هەڵگرت، نوسراوە. ئەمە مێژووی میرنیشەکانی کوردە، یا ڕاستتر وایە بڵێین مێژووی خانەوادە فەرمانڕەواکانێتی. ئەم تۆمارە شاکارە، لێوان لێوە لە پەند، وا پێدەچێت نووسەرە زۆر گەڕاوو دنیادیتەکەی، گشت ژیانی بەوەوە خەریکبووبێت، ئەو زانیاریانە کۆوەکات. گێڕانەوە هوردەکانی، وێنەیەکی گەش و زیندووی چالاکیی سیاسی فەرمانڕەوایانی کوردو پەیوەندییان لەگەڵ هێزە دەستەڵاتدارەکانی وولاتانی هاوسێمان دێنێتەوە پێشچاو.

---

*١-مامۆستای هێژاو کارامە کاك هەژاری موکریانی (ڕەوانی شاد) شەرەفنامەی لە دەقە فارسییەکەوە کردۆتە کوردیو پێشەکییەکی هێجگار بە پێزو شیرینی بۆ نووسیوە. چاپی یەکەمی ساڵی ١٩٧٢ لە بەغداو چاپی دووهەمی ساڵی ١٩٨١ لە تاران بڵاوکرانەوە.

٢-ئەو بەشەی سیاحەتنامە کە دەربارەی کوردە، مامۆستای هێژاو هەڵکەوتوو، کاك سەعید ناکام، بە شێوازێکی گەلەك بەرزو ناوازە، لە تورکییەوە کردوویە بە کوردیو ساڵی ١٩٧٩ لە بەغدا چاپکراوە.

دەبێت لێرەدا پەنجە بۆ ئەوە ڕاکێشین کە دەقە فارسییەکەی شەرفنامە بۆ یەکەمینجار لەلایەن (V. Veliaminove Zernov -)ەوە بڵاوکراوەتەوە، هەروەها تەرجەمە فەرەنسییەکەی لەلایەن (F. B. Charmoy) ساڵی ١٨٦٠ تا ساڵی ١٨٧٥ لە سانت پیتەرسبورگ چاپکراو ساڵی ١٩٦٩ سەرلەنوێ لە ئینگلتەرە چاپکرایەوە.

سیاحەتنامەش پڕتامو چێژترین سەرچاوەیە، کە دەربارەی ژیانی کۆمەڵایەتی و سیاسی و ئابووریی و کولتوریی سەدەی حەڤدەهەمی ئیمپراتۆریێتی عوسمانی، نوسراوە. نووسەرەکەی بە تان و پۆی ئیمپراتۆریێکەدا سووڕاوەتەوەو وڵاتانی هاوسێی وەکی ئێران و ئوتریش و هەنگاریاش گەڕاوە. ساڵانی ١٦٥٥ و ١٦٥٦ گەشتێك بە زۆر نێوچەی کوردستاندا دەکات و هەرچی دەبینێت تۆماری دەکات. بەو کارەی دەریخستووە کە هێجگار ووردبین و شەیداو عەودالی گەلەك شت بووەو بەرگی چوارو پێنجی تۆمارەکانی، گەنجینەیەکی پڕ گەوهەرن. وەلێ مەخابن بەرگە چاپرکاوەکانی سیاحەتنامە زۆر بێ بڕشت و کەم پیتن. یەکەم نوسخە چاپکراوەکانی، ساڵانی ١٨٩٦ تا ١٩٣٨لە ئەستەمولْ بڵاوکراونەوە، تا بەرگی هەشتەمی بە تیپی عارەبی و دووبەرگی دواهەمی بە تیپی لاتینین. هەشت بەرگی یەکەم کە بە تیپی عارەبی چاپکراون، چاك بیرازکراون. لەو ڕووەوە تەنها سانسۆری عەبدولحەمید بەرپرسیار نییە، بەڵکە ئارەزوو و هەواو هەوەسی بڵاوکەرەوەکەشی. ئەوەی تێینەگەیشتووە، یا دەریهاوێشتووە، یاخود گۆڕیویە. ئیدی نوسخەی چاپکراوی باشتری لەبەردەستاندا نییە، هەرچەندە دەقی دەستنووسەکەی ئەولیا خۆشی لەم دواییانەدا دۆزرایەوەو دەتوانرێت بە ئاسانی چاپکرێتەوە. ماوەیەك لەمەوبەر چاپێکی بازاڕیی دیکەی لەلایەن (T. Temel Kuran و N. Aktas)ەوە بڵاوکرایەوە، بەڵام لە چاپی یەکەم لاینەداوە. پێویستە ئەوە ڕاگەیەنم کە ئەز لەم گەشتەمدا هەرکات پێویستم بە شاکارەکەی ئەولیا بوو بێت، گەڕاومەوە سەر دەقە ڕەسەنەکە، کە بە میکرۆفیلم لەبەردەستمدا بوو.

لە نێو زۆربەی سەرچاوە پلە دووەکانی مێژووی عوسمانیدا، نووسینەکەی (Hammer) "مێژووی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی" تا ئێستاش گرنگترین و بەنرخترینیانە. نووسەرەکەی ژمارەیەکی بێ شومار دەقی ڕەسەنی بەڵگەنامەی دەستنووسی خڕکردۆتەوە. ئەمە پوختەیەکی پڕسوودی بەرهەمی مێژوونووسانی عوسمانییەو زۆر شتی پەیوەندیدار بە ڕووداوەکانی کوردستانەوەی تێدایە. لە زۆر لایەنەوە تا ئێستا بەرهەم نییە شان لە شانی بسوێت.

هێشتا مێژووی ئێران بەو باشییە نەتوێژراوەتەوەو ئەو بایەخەش بە کورد نەداوە. لە کەلێنی ئەو فەرامۆشییەوە، گوتارەکەی مینۆرسکی "کوردەکان" لە "ئینسکلۆپیدیای ئیسلام"دا، هێشتا بە دانسقە دادەنرێت و یەکێکە لە سەرچاوە بەپێزە پلە دووەکان.

هەندەك هەواڵنامەی گەشتەوەرە ئەورووپاییەکان وەك سەرچاوەیەکی پلەیەك، پڕچێژن. هێندە زۆرن کتێبخانەیەك پڕدەکەنەوە، بۆیە لە توانامدا نەبوو لە گشتیان بڕوانم. بەلای منەوە، بەکەڵکترینیان ئەوانەی Fraserو Layardو Rich ن.

لەیەکەم جەنگی جیهانیدا، کاتێك ئینگلیزەکان عێراقیان داگیرکرد، هەوڵیاندا دەزگەی فەرمانڕەوایی وابەستە بە خۆیان، بە چاودێری ئەفسەرە سیاسییەکانی ئینگلیزو یاریدەدەرانیان، کە خۆرهەڵاتناسی زۆریان تێدابوو، لەویلایەتەکاندا دابمەزرێننەوە. هەندێك لەوانە بیرەوەرییەکانی خۆیان لە شێوەی کتێب و گوتاردا بڵاوکردۆتەوەو زانیاریی بەنرخیان تێدایە. کتێبەکەی Edmonds ی١٩٥٧ یەکێکە لە چێترینیان. خۆی زمانەوانێکی چاك و سەرنجدەرێکی بە توانایەو زانیاریی فرەو بەنرخی دەربارەی کوردستان کۆکردۆتەوە.

ئەرشیفی وەزارەتی دەرەوەی بەریتانیا لە Public Record Office ماددەی خاوی چاکی تێدایە، هەر لە تەلەگرافی کۆنسوڵاتەوە تا هەواڵنامەی مەیدانیی کاربەدەستان. من سوودم لە بەڵگەنامەکانی وەزارەتی دەرەوە (ئاکتی ژمارە ٣٧١) وەرگرت، کە دەربارەی تورکیاو عێراق‌و ئێرانی ساڵانی ١٩١٧ تا ١٩٣٨ە. ئەوانە سەرچاوەی تۆمارکراوی مێژووی نێوچەکەن. گەلەکجار لەلایەن نووسەرانی خۆوڵاتییشەوە سوودیان لێوەرگیراوە، لەوانە Firat، ١٩٧٠ و Dersimi، ١٩٥٢.

## بەندی یەکەم

### ١- بڕێك زانیاری گشتی لەبارەی کوردستانەوە

#### ١-١ جوگرافیای

کوردستان "وڵاتی کوردان"، نێوچەیەکی ستراتیژی خۆرهەڵاتی نێوەندەو گرنگترین بەشی تورکیاو ئێران‌و عێراق‌و سوریا پێکدەهێنێت. لە مێژوودا قەت دەوڵەتێك بەو نێوەوە نەبووە. لەسەردەمی ئیمپراتۆرێتی عوسمانیدا، کوردستان نێوی پشکێکی ئەو خاکەبوو کە کوردی لێدەژیا، تەنها بە ویلایەتی دیاربەکر دەگوترا کوردستان لە ئێرانیش بەهەمان جۆر، تەنها بەشێك لەو خاکە بە کوردستان نێودەبرێت، کە نێزیکەی سێیەکی کوردی وڵاتەکەی لێدەژین ([1]). نەخشەی ژمارە ٢ قەوارەیەکی نێزیکی ئەو خاکە پێشاندەدات کە زۆربەی کوردن. بنەمای ئەو نەخشەیە نەخشەیەکە کە نیشتمانپەروەرانی کورد لە ١٩٤٨دا دایانە نەتەوەیەکگرتووەکان. هێندەی بواری بە دووداچوون‌و بەراوردکارییم هەبووبێت، ڕاستی‌و دروستیی ئەو نەخشەیەم بۆ ڕوونبۆتەوە (٨). هەرکات لەم کتێبەدا نێوی کوردستان دێنم، مەبەستم ئەو خاکەیە کە لەو نەخشەیەدا دیاریکراوە. کوردێکی هێجگار زۆر لە دەرەوەی ئەو کوردستانە دەستنیشانکراوەدا دەژین. پەرێدەیەکی زۆری کورد (چەند صەد هەزار کەسێك) لە ئوستانی خۆراسانی باکوری خۆرهەڵاتی ئێران هەن، کە دەکەوێتە سەر سنووری کۆماری تورکمەنستانی سۆڤیەتی. گرنگترین کۆمەڵەپەرەوازەی دی، لە ئەرمینیاو ئازربایجانی سۆڤیەتی‌و خۆرئاوای تورکیان. هەندێکیان لەو نێوچانەی کە پەمووی لێدەچێندرێت، بە تایبەت کەنارەکانی زەریای ئیجەو زەریای نێوەڕاست‌و بەهۆی کۆچ‌و ڕەوەوە لە بازێڕە مەزنەکان بەچڕی‌و خێرایی ڕوو لە زیادبوونن.

نێوجەرگەی کوردستان زنجیرە چیای سەرکەشی ئەوتۆن، کە هەمیشە قەڵاتی قایمی بەرلووتی گەلە لەشکری داگیرکەران‌و مەکۆوبنەی تەرێدەو ڕەدوونراوان بوون. پشکی خۆرهەڵاتی، یاخود تۆرۆسی کوردو زنجیرە چیاکانی زاگرۆس، کە بەنێزیکە لە باکووری خۆرئاواوە بەرەو باشووری خۆرهەڵات شۆڕبوونەوە، دەبنە بڕبڕەی پشتی. لەسەمتی باشووری خۆرئاواوە چەند زنجیرەیەکی هاوتەریبی بەرزو سەخت بەرەو تەختانیەکانی مێسۆپۆتامیا دادەکشێن. لە باکوورو باکووری خۆرهەڵاتەوە خاکەکەی دەبێتە ڕیزە تەپۆڵکەو گردەڵان. تەپۆڵکە قوتەکانی سەروو گۆلە پان‌و بەرینەکەی ڤان، ئەو شوێنەی دیجلەو فوراتی لێهەڵدەقوڵێن، پێشان تەپۆڵکەکانی ئەرمینیای پێدەگوترا، چونکە زۆربەی دانیشتوانی ئەرمەن بوون، کوردەکان ئاوها چەند صەد ساڵێکە لەوێ دەژین. پاش ڕاگوێزان‌و ڕەشکوژیەکەی ئەرمەن لە یەکەم جەنگی جیهانیداو هەڵهاتنی بەشەکەی دیکەی، ئیدی ئەو نێوچەیە کوردی تێڕژا. نزماییەکانی باشوورو تەپۆڵکەکانی خۆرهەڵات، بوونەتە سنوورێکی سروشتکردی کوردستان.

---

[1] مەبەست ئوستانی کوردستانە کە پێتەختەکەی شاری سنەیە.

لە باکووری خۆرئاوادا سنوورێکی ئەوتۆ نییە، کوردو تورك تێکەڵن. هەروەها سنوورەکانی باشووری خۆرهەڵاتیش هێند ڕوون نین، چونکە تیرەکانی لوڕو بەختیاری لە ڕووی کولتورییەوە گەلەك لێکچوونیان دەگەڵ کورددا هەیەو زۆر نەتەوەپەروەری کورد بە کوردیان دادەنێن. ئەز تەنها ئەو تیرانەی لوڕ بە کورد حسێب دەکەم کە بە زاراوای لەکی دەپەیڤن و بە پێچەوانەی ئەوانی دییەوە تێکڕا خۆیان بە کورد دەزانن.
بەهۆی ئاوو هەوای ووشکەڕۆو بەرزیی خاکەکەیەوە، زستانی کوردستان هێجگار ساردو سەختە. لە مانگی دێسامبەرەوە تافێبریوەر بەفرێکی زۆر دەکەوێت و ڕێگەی هامشۆی گەلەك گوند دەبەستێت. جار هەیە لە ئاورێلیشدا هێشتا ڕێگە ناکرێتەوە. ئا ئەو زستانە سەختانە، یەکێکە لە هۆکارەکانی تێداچوونی لێڕەوارەکانی کوردستان، چونکە زستانان دارێکی هێجگار زۆر دەبڕدرێتەوەو دەسووتێندرێت. (نەوت تەنها لە ئێران و عێراق هەرزانە، لەگەڵ ئەوەشدا لەوێش دار، تاقە ئاوردووە). یەکێك لە هۆکارە بەدەکانی دی، بزنە، کە تا لمۆزی بڕبکات چرۆو سەوزایی گشت دارو دەوەنێك دادەپاچێت.
هەواڵی گەڕیدەکان وا دەگەیەنن کە پشکی هەرەزۆری کەژو کێوەکانی کوردستان تا سەدەیەك لەمەوبەر چڕەلێڕەواربوون. لەو لێڕەوارانە کەمیان ماون. ئاکامەکەی ڕوونە: داڕووخان و داڕووتان و داشۆران و داخورانی زەوی و شۆڕبوونەوەی خاکە بە پیتەکان بۆ نێو دۆڵ و شیوەکان.
کوردستان دەکەوێتە نێو بازنەی نێوچەیەکی بوومەلەرزاوییەوە، ساڵ نییە کوتێکی بەر بوومەلەرزە نەکەوێت. قورسترینیان لەم دواییانەدا ئەوەبوو کە لە یولی ١٩٧٥دا لە لیچە یدا، کە دەکەوێتە باکووری خۆرهەڵاتی دیاربەکرەوە. لە نۆڤەمبەری ١٩٧٦یشدا لە مورادییەی سەرووی ڤانی دا. هەردوو جارەکە خەڵکێکی زۆری کوشت. لە ڕۆژنامەکاندا باس لە ٤٠٠٠ تا ١٠٠٠٠ کوژراو دەکرا. گەلەکجار خراپیی ڕێگەوبان و هۆکاری سیاسی دەبنە قۆرتی دەستبەجێ گەیاندنە کۆمەك بە لێقەوماوان (ئەگەر کۆمەك هەر هەبێت)، ئەمەش دەبێتە هۆی زیادبوونی ژمارەی قوربانییەکان.
ئەوەبوو زۆربەی قوربانییەکانی مورادییە پاش بوومەلەرزەکە مردن، چونکە بەناچاریی دابوویانە دەشت و کێو، چادرو خێوەتیش ڕێگەیان گومکردو بەوان نەگەیشتن، زۆریان ڕەقبوونەوە. خۆراك و کەل و پەل هەر لە نیوەی ڕێ سەریان تێداچوو. گەلەك لادێیی ناچاربوون مەڕو ماڵات و گا و گۆتاڵیان بفرۆشن، چونکە چیدی ئالفیان پێ دابین نەدەکرا، ئا بەو جۆرە زۆر لەوانەش کە سەریان دەرکرد، ماڵوێران بوون.

## ١-٢ باری جیۆپۆلیتیکی

سەختیی و گەردنکەشیی خاکەکەی و سەهەندەیی و جەربەزەیی و جەنگاوەریی خەڵکەکەی، هەمیشە سنوورێکی سروشتییان لەبەردەم ئیمپراتۆرێتەکانی چواردەوریاندا قوتکردۆتەوە. هیچ یەکێك لەو ئیمپراتۆرێتانە نەیانتوانیوە لە کوتێکی کوردستان زێتر بخەنە ژێر ڕکێفی خۆیانەوە. سەرئەنجامەکەی شەق و پەقکردنی کوردستان بوو لە نێوان سنووری سیاسی وولاتە هاوسێکانیدا. جەنگەکانی نێوان ئیمپراتۆرێتی عوسمانی و فارس، ئەو بستۆکە سنوورەی ئەوڕۆی نێوان ئێران و عێراق و تورکیایان داسەپاند. داگیرکردنی نێوچەکە لە یەکەم جەنگی جیهانیدا لەلایەن ئینگلیزو فەرانسەییەکانەوە، سوریاو عێراقی لە ئیمپراتۆرێتی عوسمانی داپچڕی. سنووری دەوڵەتان کوردستانیان کردە چوار کوتەوە. گەلەکجار ئەو سنوورانە بە جەرگەی مەڵبەندی خێڵێکدا ڕاکێشراون. ئەز ئەو کوتە خاکانە بە کوردستانی تورکیا و ئێران و عێراق و سوریا نێودەبەم.

سنووریکی دیکەی گرنگ کە کوردستان لەت ناکات، بەڵکە خۆی لیدەخشینیت، سنووری یەکیتی سۆڤیەتە. نیزدییکی ئەم سنوورە، کوردستان چ بۆ سۆڤیەت و چ بۆ وولاتە کاپیتالیستەکان، دەکاتە نیوچەیەکی ستراتیژیی گرنگ و پڕبایەخ و کاریکی زۆری کردۆتە سەر میژووی ئەم سەدەیەی. وولاتیك کە سنووری بە کوردستانەوە نییە، بەلام مەرامی زۆری بەم نیوچەیەیە، ئیسرائیلە. لە سەروەختی پیکداهەڵپژانی کوردو عارەباندا، کورد وەکی هاوپەیمانیکی سروشتیی ئیسرائیل دەینواند. لە ١٩٦٧ەوە، ڕەنگە زووتریش، ئیسرائیل باربووی بە بارزانیی سەرداری کوردەکانی عیراق دەدات.

دوو شارێگە هەن کە ئەورووپا بە ئاسیاوە دەبەستنەوە، (دیارە جگە لەوەکەی سۆڤیەت)، هەردووکیان بە کوردستاندا تیدەپەڕن. هەروەها هەردوو ڕیچکەی شەمەندەفەری ئەستەمولّ – تاران و ئەستەمولّ – بەغداش، کوردستان دەبڕن (بڕوانە نەخشەی ژمارە ٣). موسڵ و کەرکوك و خانەقین، گرنگترین کانگای نەوتیان لێیە. هەروا بە ڕیکەوت نەکەوتوونە عیراقەوە. ئەوە هۆکاری ڕاستەقینەی قوتکردنەوەی یەکیتی سیاسی خاکی عیراقە لەلایەن ئینگلیزەوە. کانگای گچکەتر لە ڕومەیلانی باکووری خۆرهەلاتی سوریاو باتمانی تورکیا هەن (بڕوانە نەخشەی ژمارە ٣). کانە گرنگە دۆزراوەکانی دیکەی کوردستان، کرۆم و مس و ئاسن و خەڵووزی بەردن.

### ١-٣ دانیشتووان

قرساندنەکانی ژمارەی کورد هیجگار لەیەکدی جوداوازن. لەسەرژمیرییەکاندا، یاخود کورد جوداناکەنەوە، یاخود خەسڵەت و نیوی "کورد" بە جۆریك تەنگ دەکەنەوە کە کەم کەس بگریتەوە، (بۆ نموونە تەنها ئەوانەی کە هیچ تورکی نازانن و هەر بە کوردی دەپەیڤن). ئەوەبوو سەرژمیرەکەی ١٩٥٥ی تورکیا، لە سەرجەمی ٢٤ ملوین کەس (٢)، ژمارەی ئاخیوەرانی کوردی بە ملوین و نیویك دانابوو، کە لە نیوەکەمتری کوردەکانی ئەودەمی تورکیای دەگرتەوە. سەرژمیرەکانی پاشتر، نیوی کورد هەرناهینن.

لە وولاتەکانی دیکەش هەمانجۆرە، با دان بە بوونی کوردیشدا بنین. بۆیە مرۆ دەتوانیت تەنها بە گۆترەکاری ژمارەیان بقرسینیت. ئەم ژمارانەی ساڵی ١٩٧٥ پشت بە سەرژمیرە بەدەستەکانی پیششینی دەبەستیت.

### ١-٣-١ تورکیا

گەر پشت بە سەرژمیرەکەی ١٩٧٠ ببەستین و لە ویلایەت بەرەوخوار بڕوانین و ڕیژەی کورد لە هەر نیوچەیەکدا حسیب بکەین، دەتوانین بیژین ژمارەی کورد ساڵی ١٩٧٠ لە کوردستانی تورکیادا، خۆی لە نیزیکەی ٥،٧ ملوینیك داوە. گەر مرۆ ڕیژەی زۆربوونی ژمارەی سەرجەم دانیشتووان وەرگریت، کە ١٣٪یە، ئەوا ساڵی ١٩٧٥ دەگاتە ٦،٥ ملوینیك. لیرەدا دەبیت ژمارەی ئەو کوردانەشی بخەینە سەر کە لە نیوچەکانی دیکەی توورکیادا دەژین. ڤانلی ([٢]) ژمارەیان لە ١٩٦٥دا بە ملوین و نیویك دەخەملینیت، کە بۆ ١٩٧٥ دەگاتە ٢،٢ ملوین. هەرچەندە من بواری بە دووداچوونی ئەم خەملاندنەم نەبوو، بەلام لە سەردانی باژیڕە مەزنەکان و نیوچەکانی کەناری دەریادا، بۆمدەرکەوت کە لایەنی کەم یەك ملوین، یا ڕەنگە زۆر زیتریش لەو باژیڕانە بژین. پیدەچیت قەبلاندنی ژمارەی کورد بۆ ساڵی ١٩٧٥ لە تورکیادا بە ٧،٥ ملوین، نەك هەر زیدەڕەوی نەبیت، بەڵکە کەمیش گوترابیت. کوردەکان دەڵین گەلەك کەس لە سەرژمیرە گشتییەکاندا هەلدەبویردرین، بە پیی شیوازی سەرژمیرییەکان، ڕیتیدەچیت ڕاستبیت(٣). لەسەرژمیرییە نویکەی ١٩٨٥ەوە دەردەکەویت، لەگەڵ ئەو کۆچ و

---

[٢] مەبەست نووسینەکانی بەڕیز (دوکتۆر عیسمەت شەریف ڤانلی)یە.

ڕەوە بەردەوامەدا بەرەو خۆرئاوا، هێشتا زێدەبوونی ژمارەی دانیشتوانی ویلایەتەکانی خۆرهەڵات، گەلەك باڵاترو خێراترە لە دانیشتوانی سەرجەم ویلایەتەکانی دی. ڕێژەی صەدیی ژمارەی کورد لە ئاست گشت ژمارەی دانیشتواندا، لە هەڵکشانی بەردەوامدایە.

### ١-٣-٢ عێراق

هیچ سەرژمێریکی نوێی ئەوتۆ شك نابەم کە پشتی پێببەسترێت. لە سەرژمێرەکانی ساڵانی ١٩٢٢ تا ١٩٢٤و ١٩٣٥یشدا، ئەودەمی کە پێدەچێت ژمارەی کورد هێشتا بێ دەستێوەردان ئاشکرا کرابێت، ڕێژەیان دەگاتە ٢٣٪ی سەرجەمی دانیشتووانی عێراق(٤). ئەو ڕێژەیە، لە ئاکامی ئەو هەموو ساڵانەی جەنگی کوردستانی عێراقداو پاش ڕاگوێزان و تووڕدانی گەلەك لەو کوردانەی لە تۆرەمەی ئێرانی کەوتوونەوە، بۆ ئێران، ڕەنگە کەمێك لە کزیی دابێت.

ساڵی ١٩٧٥ سەرجەمی ژمارەی دانیشتووانی عێراق، خۆی لە ١١ ملوێنێك دەدا. ئەز ژمارەی کورد لایەنی کەم بە ٢ تا ٢،٥ ملوێنێك دەقەبڵێنم. ڤانلی، کە پشت بە سەرژمێرە ڕەسمیە نوێکان و زانیاری دەمیی دەبەستێت و ژمارەی کەمە نەتەوەییەکانی کوردستان بەکەم و کوردی جێگەکانی دی بە زێتر دەقرسێنێت، ژمارەی کورد دەگەیەنێتە ٣،١ ملوێن، من بۆخۆم بە زێدەڕەویی تێدەگەم(٥).

قرساندنی سەرجەم دانیشتووان بۆ ساڵی ١٩٧٥:

|ووڵات | ژمارەی دانیشتووان بە ملوێن | کورد بە ملوێن | لە صەدا |
|---|---|---|---|
| تورکیا | ٤٠،٢ | ٧،٥ | ١٩ |
| عێراق | ١٠،٥ | ٢ تا ٢،٥ | ٢٣ |
| ئێران | ٣٤ | ٣،٥ | ١٠ |
| سوریا | ٧،٣ | ٠،٦ | ٨،٥ |
| یەکێتی سۆڤیەت | | ٠،١ | |
| تێکڕا | | ١٣،٧ تا ١٤،٢ | |

---

### ١-٣-٣ ئێران

لە سەرژمێرەکانی ١٩٥٦و ١٩٦٦دا، کورد بەجودا نەژمێردراون، وەلێ وەك موسڵمانی سوونی، بە ١٠٪ی دانیشتووان دانراون(٦). لەمەوە دیارە کە کورد بڕێك لە ١٠٪ی دانیشتووان پتر پێکدەهێنێت. لەپاڵ کورددا، تەنها ژمارەیەکی کەم تورکمان و هەندەك کەمە نەتەوەیی گچکەی دیکەی خۆرهەڵاتی ئێران، سوننین. بەڵام ژمارەیەکی فرە لە کوردەکانی ئوستانی کرماشان و خۆراسان شیعەن. قرساندنی ژمارەی کورد بە ٣،٥ ملوێن لەلایەن ساڵنامەی نیوە ڕەسمیی ئێرانەوە(٧) لە سەرەتای حەفتاکاندا، یاخود گەر ڕێژەی زێدبوونی دانیشتووان حسێب بکەین، پێدەچێت لایەنی کەم ٣،٥ ملوێن بۆ ساڵی ١٩٧٥، جێگەی باوەڕبێت. ڕەنگە ژمارەی

ڕاستەقینەیان لەوەش زێتر بێت. ڤانلی کەمەك زێدەی پێوەدەنێت و بۆ ساڵی ١٩٦٥ بە ٤،٥ ملوێنی دەخەملێنێت، کە بۆ ١٩٧٥ دەگاتە ٥،٨ ملوێن.

١-٣-٤ سوریا

لێرەش ژمارەکان جوداوازن، وەلێ زۆربەیان بە دەوروبەری ٨٪ی دانیشتووانی دەخەملێنن، یانی بۆ ١٩٧٥ دەکاتە ٦٠٠ هەزار کەسێك(٨).

١-٣-٥ یەکێتی سۆڤیەت

بە حسێبی ڕەسمیی نێزیکەی ١٠٠ هەزار کوردێکی لێهەن.

١-٤ باری ئابووری

١-٤-١ بەرهەمی وەرزێری، نیوەکۆچەر (Transhumanz)

ئابووری شوانکارانەی ڕەوەندەکان

بە پێچەوانەی ئەو باوەڕەوە کە لای گەلەك کەس سەپاوە، کوردەکان ژمارەیەکی هێجگار کەمیان کۆچەرن. بەشی هەرەزۆریان خەریکی وەرزێرین، لە پاڵیشیدا چەند سەرێك ئاژەڵ ڕادەگرن. شیناوەردیان زێتر گەنم و جۆو نیسکە (ئەمانە بەرهەمی سەرەکین)، تەماتەو شووتی و کاڵەك و خەیارو پیازیش دەچێنن، سەوزەو میوەهاتیان لە نێوچەیەکەوە بۆ نێوچەیە دەگۆڕێن. لە نێوچە شاخاویەکان بە دەگمەن لە پێویستیی خۆ زێتر بە بەرهەم دێت، لە پێدەشتەکان دانەوێڵەیەکی زۆر دەکەن. دەشتاییەکانی کوردستان عێراق و سوریا، عەمباری دانەوێڵەی ئەو دوو وولاتەن. گرنگترین بەرهەمی پووڵ پەیداکردن، تووتن و پەموون. (تووتن بەزۆری لە خۆرهەلاتی دیاربەکرو باکووری عێراق دەچێندرێت)، (پەموو تازە لەم دواییانەدا لە هەندەك شوێنی کوردستانی تورکیا دەست بە چاندنی کراوە).

بە شێوەیەکی گشتی دەتوانین بێژین جوتکارانی نێوچە شاخاوییەکان خۆیان خاوەنی ئەو زەویەن کە دەیچێنن، بەلام لە پێدەشتەکان زەوی ملکی کەسێکی دیکەیە، زۆرجار خاوەنملك شارنشینەو لە زەویەکەیەوە دوورە. جوتکاری پێدەشتەکان تا ئەم ساڵانەی دواییش (تا ساڵانی پەنجاو شێستەکان) زەویەکانیان بە ئیجار لە خاوەنملك دەگرت، یانی لەسەر ئەرك و بەرپرسیارێتی خۆیان زەویەکەیان دادەچاندو پشکێکی دیاریکراوی بەروبوومەکەی، لە نێوان ١٠٪ و ٨٠٪ی بۆ خاوەنملك بوو. هەندێکی دیکەیان لەژێر چاوەدێری خاوەنملك خۆیدا، یاخود دەمڕاستێکیدا، بە مووچەیەکی کەم بەکرێ کاریاندەکرد.

لەگەڵ پەیدابوون و بەگەڕخستنی مەکینەو تراکتۆردا لە ساڵەکانی پەنجاوە، ئیدی هێدی هێدی دیاردەی ئیجاری ملکیش کەم بووەوە. بەو جۆرە، ووردە ئیجارکەران بوونە کرێکارێك کە تەنها بەشێکی ساڵ کاریان چنگدەکەوت. بەمە دیاردەی کاری وەرزی و کرێکاری گەڕۆك پەیدابوون.

هەندەك هۆکاری دی لە نێوچە شاخاوییەکان هەمان کاریگەرییان هەیە.زەوی لەوێ کەمەو لە حاڵەتی میراتیدا چونکە بە پێی شەریعەتی ئیسلام بە هاوسانیی لە نێوان کوڕەمیراتگرەکاندا دابەشدەکرێت، موڵکەکان هێندە بچووك دەبنەوە کە بژێوی خێزانێکیان پێهەڵناسووڕێت. شێوانی نرخ و بازاڕیش، چ بە ئاڵ و وێڵ بێت، یاخود بە

کڕین و فرۆشتن، هێجگاری حاڵی جوتیارانی شپرێو کردووه، تا دێت دەبێت بۆ دابینکردنی پێویستییەکانی وەکی (جلك و بەرگ و ئامێر) یاخود تفاقی وەکی (تفەنگ و ڕادوێ)، پووڵی زێتر بخەنە سەر دەستکەوتیان.
کەمکاریی و دەستەنگیی، زۆر خێزان ناچاردەکەن چەند کەسێکیان بۆ وەرزێك یا بە هەمیشەیی بۆ ئەو شوێنانە بنێرن کە وەرزێریی زێتری لێیە، یاخود بۆ جەرگەی شوێنە پیشەسازییە گەشەکردووەکان، یانی بۆ دەرەوەی کوردستان.
هیوای باشتربوونی باری ئابووریی نێوچە شاخاوییەکان، زۆر کزە. زۆربەی بەروبوومەکان هەر لە بازاڕە مەڵبەندییەکاندا ساخدەکرێنەوە. خراپیی ڕێگەوبان دەبێتە هۆی گرانیی کرێی گواستنەوە، بە ڕادەیەك کە ئەو بەروبوومانە کەڵکی پێشبڕکێی نرخیان پێوەنامێنێت. خۆ داوو دەزگەی ڕەعەمەلهێنانی بەروبوومیش لەو نێوچانەدا نین. ڕەنگە تووتن لەم حاڵە بەدەربێت. خاك و ئاوو هەواکە زۆر لەبارەو تووتنی کوردییش زۆر پەسەندە. بەڵام تووتن لەو وولاتانەدا مۆنۆپۆلی دەوڵەتەو لە کەم شوێن ڕێگەی چاندنی دەدرێت.
لە نێوچە شاخاوییەکان تا ئێستاش زەوی بە نیرو ئاموور دەکێڵن، کە گایەك یاخود قاترێك ڕایدەکێشێت، دروێنەش بە داس و مەڵەغان دەکەن. بەڵام لە تەختانی و پێدەشتەکاندا زێتر تراکتۆرو کەمباین لە گەڕدان و خستنەگەڕیان بەرووبوومیان چەندقات زیادکردووە. زۆربەی ووردەمالیك و خاوەنملکە مامناوەنجییەکان تراکتۆرو کەمباینیان پێهەڵناسوورێت. بۆ خاوەنملکە گەورەکان کڕینی ئاسانە. دیاردەیەکی زەق ئەوەیە کە دەوڵەمەند شارییەکان مەکینە دەکڕن و بەخاوەنملکەکانی بەکرێدەدەن، ٨٪ تا ١٠٪ی دەسکەوتیان لێدەستێنن. گەلەکجار ئەو دەوڵەمەندانە سوو و سەلەمیش دەکەن و بەرامبەر ئەو پوولەی بە قەرز دەیدەنە خاوەنملك، زەویەکەی لێ ئیجار دەکەن و تا گێڕانەوەی قەرزەکە، نیوەی بەروبووم بۆ خۆیان دەبەن. بەو شێوەیە کۆنە ئیجارکەرە گچکەکان، سەردەمیان بەسەرچووەو کەمتر کاریان چنگدەکەوێت.
ئاژەڵیان (زێتر مەڕو بزن و جارجارەش مانگا)ن، یا منداڵانیان دەیانلەوەڕێنن، یاخود شوانی بۆ ڕادەگرن. لادێییە نیشتەجێکان ڕانی گچکەیان هەیە، چونکە لەوەڕگەیان بۆ مێگەلی گەورە نییە. بەڵام گوند هەن کە ئابوورییەکی تۆکمەو فرەچەشنیان هەیە، ڕانیان گەورەترەو بەهاران تەواوی گوند (یاخود پشکی زۆری) بە مەڕو ماڵاتەوە ڕوو لە بەرزایی و لەوەڕگەی کێوەکان دەکەن و دەچنە ئێلاخ، دەوارو ڕەشماڵی لێهەڵدەدەن. دووریی ئەو لەوەڕگانە لە گوندەوە لە نێوان چەند ساتێك و چەند ڕۆژێکدان. کە کارو فەرمانی نێوکێڵگە دەستپێدەکاتەوە، پیاوان دەچنەوە بۆ گوندو هەر دەستیان بەتاڵبوو دەگەڕێنەوە زۆزان بۆ لای خاوو خێزان. ئەم دیاردەی نێوەکۆچەرییە لەسەرچاوە ئێتنۆگرافییەکاندا بە (Transhumanz) نێودەبرێت. لەم کتێبەدا هەرکات باس لە نیوە کۆچەر دەکەم، مەبەستم ئەو کەسانەیە کە دیاردەی (Transhumanz) دەیانگرێتەوە(٩). ئەو گوندانەی ئەم بارە ئابوورییە بەسەریاندا زاڵە، زێتر دەکەونە نێوچە شاخاوییە نزمەکانەوە، یاخود دەکەونە داوێنی کێوەکانەوە (نەك دەشتاییەکان). هاوینی ئەو شوێنانە هێجگار گەرمە، خەڵکەکەی دەڵێن تەنها لەبەر ئاژەڵەکانیان ڕوو لە زەنوێرو نواڵەکان ناکەن، (کە بە زاراوی سەروو زۆزان و بە زاراوی خواروو کوێستانی پێدەڵێن)، بەڵکە لەبەر فێنکی و پاکژیی هەواکەشێتی. هەتا ئەو لادێییانەی مەڕو ماڵاتیشیان نییە، پێکڕا ڕەگەڵ ئاژەڵدارەکان دەچنە زۆزانێ. سالانی زوو، خەڵکی شارەکانی وەکی ئامێدو جزیریش، لە مانگە گەرمەکانی هاویندا دەچوونە شوێنەبەرزەکان و لەوێ یا دەواریان هەڵدەدا، یاخود کەپریان دەکرد.
خێڵی کۆچەری تەواو، زۆر کەمن. گەلەك لە خێڵە کۆنە کۆچەرەکان یا بە خواستی خۆیان، یاخود بە زۆری دەوڵەت نیشتەجێبوون(١٠). خەڵکێکی زۆریش لە خێڵە هێشتا کۆچەرەکان، نیشتەنی بوون. لە عێراق هەندەك

لە هەرکییەکان تا ئێستاش هەر کۆچەرن، (لەوەڕگەی زستانەیان دەشتی هەولێرە)([٣])، لە ئێران قەڵخانییەکان‌و بەشێك لە هەندەك تیرەی هەمان نێوچەن (خۆرئاوای کرماشان، نێزیکی تخووبی عێراق). لە تورکیا چەند خێڵێکی کۆچەر هەن، یەکێك لەوانە گەرمەسێری لە نێوچەی جزیرەیە، یەکێکی دی لە ئورفە – فیرانشەهرە. سەردەسێریان لە تۆرۆسی کورد (باشووری گۆلی ڤان)و نێوچە شاخاوییەکانی باکووری خۆرهەلاتی دیاریەکرە(١١).

کۆچەرێتی ئەم خێڵانە مەودایەکی هەیە، تەواوی زستانەکە لە شوێنێك دەیگوزەرێنن‌و کە بەهار داهات، ئەوجا دەچنە زۆزانێ. وا پێدەچێت زۆربەی خێڵەکان تەنها دوو، یاخود ئەوپەڕی سێ لەوەڕگەیان لەو کێوانە هەبێت کە یەك بە دووی یەکدا سوودیان لێوەردەگرن. ئەو ڕەوندانەی من چوومە سەردانیان، دوو جۆری جوداواز خێوەتیان هەبوو: خێوەتێکی قورسی، گەرمی قەبەی، دلگیر، بۆ هەواری زستانە (کە سەرتاسەری ساڵ لەوێ هەڵدەدرێت)، چاتۆڵێکی سووکەڵە بۆ کۆچ‌و ڕەو. هەردووکیان لە هەمانجۆری ئەو ڕەشمالانەن کە لە گشت خۆرهەلاتی نێوەندا دەدیترێن، هەڵبەت بە کەمێك جوداوازییەوە(١٢). هەندەك لە ڕەوەندەکان لەجەرگەی، یاخود لە نێزدیکی هەواری زستانەیان، خانوویان قوتکردۆتەوە. بەو جۆرە جوداوازییەکی ئەوتۆ لە نێوان کۆچەرو نیوەکۆچەردا نەماوە. بەلام دەبێت ئەوەش بڵێین، کە بە شێوەیەکی گشتی گەر ڕەوەندەکان ناچار نەکرێن، قەت دەستنادەنە کشتوکاڵ.

ئەو خێڵەی من لەکنی بووم، خێڵی تەییان، لە نێزیکی هەواری زستانەی، کێڵگەو شیناوەردی چاکی هەبوو، بەلام خۆیان دایاننەدەچاند، بەڵکە بە ئیجار دەیاندایە جوتێرانی بێگانە بە هۆزەکە. ڕەوەندەکان لە نیوەکۆچەرەکان زێتر لە هەواری خۆیان دووردەکەونەوەو ڕانی گەورەتریان هەیە. پێدەچێت نیوەکۆچەرەکان بەهۆی کەمی لەوەڕگەیانەوە، نەتوانن ڕانی گەورەتر ڕاگرن. لەلایەکی دییەوە، باری ئابووری کۆچەرایەتی وا دەخوازێت ژمارەیەکی تەواو ئاژەڵ ڕاگیرێت (نێزیکەی ٨٠ تا ٢٠٠ سەرمەڕێك، ئیدی بە پێی بارو دۆخەکە).

ڕەوەندەکان پێوەندیی بازرکانیی بەردەوامیان لەگەڵ کاسبکارە شاری‌و لادێییەکاندا هەیە. لە کۆندا لە ڕێگەی چەتەیی‌و ڕێگری‌و تالان‌و بڕۆوە، پێویستییەکانی خۆیان دابیندەکرد. ئێستەکە پەنیرێك، کەرەیەك لە بازاڕی ئەو مەڵبەندانەدا دەفرۆشن، کە کڕیارێکی ئەوتۆیان نییەو نرخیشیان زۆر هەرزانە. پووڵی پێویستیان لەو خوری‌و دابەستانە دەستدەکەوێت کە بە جامبازەکانیان دەفرۆشن، ئەوانیش لەچاو نرخی شارەگەورەکاندا، چشتێکی ئەوتۆنیین.

### ١-٤-٢ چالاکییە ئابوورییەکانی دی

پیشەدەستییەکان، کارو فەرمان‌و بازرگانی،

گەشەکردوو وگەشەنەکردوو

هەتا لەسەرەتاییترین بارو دۆخیشدا، مرۆڤ هەموو ئەو جۆرە کەرەسانە بەکاردەهێنێت کە خۆی توانستی دروستکردنیانی نییە: وەکی جلوبەرگ، خانووبەرە، ئامێرەکانی کشتوکاڵ، کەرەسەکانی چێشتلێنان، کەلوپەلە زێدەکان...هتد. تا سەرەتای ئەم سەدەیەش، گوندەکانی کوردستان کەلوپەل‌و کەرەسەی خۆماڵییان بەکاردەهێنا. ئەو کەلوپەل‌و کەرەسانە، یا هەر ماڵە بۆ خۆیی دروستدەکرد، یاخود لای وەستا دەستڕەنگینەکانی گوند (یاخود گوندەکانی هاوسێ) بە دروستکردنیاندەدان. زۆربەی ئەو پیشە تایبەتیانە کاری کەمینە فەلەو

---

[٣] لەوەڕگەی زستانەی هەرکییەکان، دەشتی مووسڵە نەك دەشتی هەولێر.

جووەکانی کوردستان بوون. لەگەڵ ئەوەشدا گوندەکان نەیاندەتوانی لەگشت ڕوویەکەوە تەنها پشت بە بەرهەمە خۆماڵییەکان ببەستن، هەمیشە ڕایەڵی پێوەندییەکی بازرگانیی لە نێوان ئەو گوندانەو بازێڕەکانی کوردستانو لەڕێگەی ئەوانیشەوە لەگەڵ سیستێمی بازرگانیی جیهاندا بەرقەرار بووە. دیاربەکر، بەتلیس، ڤان، هەولێر، موسڵ، سنەو گەلەك شاری گچکە، چەقی پیشەدەستییەکانو بازرگانیی بوون. لە ڕاستییدا کورد لە گشت ئەو بازێڕانەدا زۆربەی دانیشتوانی پێکنەدەهێنا. ئەو بازێڕانە هەر چەقی ئەو جموجۆڵە ئابوورییانە نەبوون. بەڵکە مەڵبەندی حوکومەتو دەزگە دەوڵەتییەکانی وەکی پارێزگەو پۆلیسو سوپاو بنکەی قوتابخانە ئاینییەکانیش بوون.

دیارترین پیشە دەستییەکانی شار، چەخماخسازییو زێڕەنگەرییو دەباخچێتی بوون. هەتا سەرەتای ئەم سەدەیەش پێوەندییەکی ئەوتۆ لە نێوان شارو گوندەکاندا نەبوو، زۆربەی ئامێرەکان خۆکردبوون.

دوو هۆکار بوونە هۆی لەنێوچوونی پیشە دەستییەکان ئا لەم سەدەیەدا، یەکەمیان، نەمانو لەنێوچوونی گەلەك (گەر نەڵێین زۆربەی) وەستا کارامە دەستڕەنگینەکان. وەك پێشان گوتمان زۆربەی ئەو پیشانە بەدەست کەمینە فەلەو جووەکانەوە بوون. یەکەم جەنگی جیهانی، دەرپەڕاندنی بە کۆمەڵو ڕەشەکوژیی ئەرمەنییەکانو ڕەدوونانو ڕاگوێزانی دیانەکانی دیکەی کوردستانی بەدەمەوە بوو. ئەوڕۆ لە کوردستانی تورکیادا ژمارەیەکی هێجگار کەم فەلە ماون. زۆربەی جووەکانی کوردستان، یەکەوڕاست پاش دامەزراندنی ئیسرائیل، ڕوویان لەو وولاتە کرد. ژمارەیەکی کەم کورد هەبوون کە زانیاریی پێویستو تواناو بەهرەی ئەوەیان هەبێت، جێگەی چۆڵی ئەو وەستا کارامانە بگرنەوە.

ئەو خورییە جوانڕێسراوەی لە نێوەندی کوردستاندا جلکی میللی کوردیی، (شاڵو شەپك)ی لێدروست دەکرێت، گشت لە گشتی دەستکردی ئەو کەمە ئەرمەنییانەن کە هێشتا لەوێ ماونەوە. کەمینە دیانەکان، شارەزایی تەواو تەواویان لە باخەوانیدا هەبوو. ئەو کوردانەی گوندەکانیان گرتنە دەست، زۆرجار تواناو لێهاتوویی ئەوەیان نەبوو ئەو کێڵگە سەکۆئاساییانەی لەو کێوانە ئەوان دروستیانکردوونو ئەو سیستێمی ئاودێرییە عەنتیکەیەی بۆیان جێهێشتوون، سوودی لێوەرگرنو پارێزگاریی بکەن. ئەمە تێبینیی زۆر گەڕیدەبووە، بەتایبەت لە کوردستانی نێوەنددا.

هۆکاری دووهەم، ئەو تەونە چێتر تەنراوەی ئامرازەکانی هاتوچۆیە لەسەر ئاستێکی نێودەوڵەتی. هەر لە ساڵەکانی سی سەدەی نۆزدەهەمدا، گەمێی هەڵم لە زەریای ڕەشدا خرایەگەڕو بازاڕەکانی ئەنەدۆل لە بەرهەمی هەرزانی ئەورووپا جمەیان دەهات.

لە کۆتایی سەدەی تۆزدەهەمدا، شیرکەتە ئاڵەمانییەکان خەتی شەمەندەفەری بەغدایان ڕاکێشا، کە هاتوچۆو هێنانو بردنیان بۆ خۆرئاوای کوردستان ئاسانکرد (لە سەرەتای سەدەی بیستهەمدا خەتی شەمەندەفەری گەیشتێ). بەرهەمی بێگانەی هەرزان، کە پێشان گەیشتبوونە شارەکانی ئەنەدۆل، لەوێوە ڕژانە بازاڕەکانی کوردستانەوەو تەنگیان بە بەرهەمی خۆماڵی هەڵچنی(١٣). ڕاکێشانی ڕێگەی ترۆمبیل، گوڕی زێتری بە مەسەلەکەداو دۆزینەوەی ماددە داهێنراوەکان (پاش دووهەم جەنگ)، کاری لە کارترازاند. ئاسنجاو جێگەی گڵێنەی گرتەوەو باغەو پلاستیك باوی ئەویشیان نەهێشت. شاڵ بە قوماشی هەرزانی مەکینەچن جێگەی پێلێژکرا. گەلەك بەرهەمی نوێی ئەوتۆیی داهاتو گەیشتنە ئەو شوێنانە، کە ئەوڕۆ وەك یەکێك لە پێویستیەکانی ژیان تێیاندەڕواندرێت.

ئـا بـەو شێوازە، هێـدی هێـدی، کەرەسـەو کەلوپـەلی دەسـتکردو خۆمـاڵیی گوندەکـان سـەریانتێداچوو. لەشارەکانیشـدا زۆر پیشـە فـەوتان و لـەنێوچوون، یـاخود مەکینـە جێگـەی گرتنـەوە (وەکـی قوماشـچنین و ڕەعەمـەلهێنانی چـەرم و کانـەکان). هـەتا دێـت بـۆ ئـەو کارگانـەش دژوارتـر دەبێـت، پێبـەپێی کارخانـە پێشکەوتووترەکانی خۆرئاوای تورکیا، بەغداو تاران و دەرەوە هەنگاو هەڵهێنن و کێبەرکێیان بکەن. نەبوونی دوا دەزگە ئابووریی و خزمەتگوزارییە پێویستەکان، گرانی کرێی گواستنەوەو زۆر هۆکاری دی، کارێکی نـەرێتی دەکەنە سەریان. لە ململانێی ژیاندا، تا دێت کرێکاران لێرە خراپتر دادەۆشرێن وەك لە وولاتانی سەردەستە، یاسا کەڵکگرە کۆمەڵایەتیەکان هێجگار بە پێچو دەورەن.

ئەم گەشەکردنە بووە هۆی زۆربوونی ژمارەی دێڤەرەو دەسـتگێڕو ووردەبازرگانـان. چەرچییـەکان، گوێزانـی ئاڵـەمانیی، بازیچـەی چینـی و هۆنگکۆنگـی و هینـدی، قوماشـی هینـدی و یاپـانی و ئینگلیزی، چـرای چینـی، سابوون و بسکیت و شیرینی لە پێتـەخت دروستکراوو گەلـەك تفاقی دیکـەیان دەگەیاندە گوندەکان. ئەوان ئەم کەلوپەلانەیان لە عەتارو بازرگانانی شار دەکڕی، ئەوانیش لە بازرگانە گەورەترەکان و ئەوانیش لەو بازرگانانەی پێتەختیان دەکڕی، کە لە هەندەرانەوە دەیانهێنان. هەندەکجار برێك دەڵاڵ و بازرگانی دیکەش لە نێواندا بوون. بەروبوومی گوندەکانیش ئا بەو هەڵقە بازرگانییەدا دەگەیشتنە باژێڕە گەورەکان و هەریەکە چکێك سوودی بۆ خۆی بڕەدا. جۆرێکی دی لە ئاڵ و وێڵکەران، وەکی لە ویلایەتەکانی تورکیا و ئوستانەکانی ئێراندا دەدیترێن، بریکارو نوێنەرانی کۆمپانیا بیانییەکانن. بە کۆمەکی ئەو کۆمپانیایانە (چ باربوو چ قەباڵە) دوکانێك دەکەنەوەو تەنها بەرهەمی ئەو کۆمپانیایانە دەفرۆشن. بۆ ئـەو بریکارانـە، ئەمـە سـەرچاوەیەکی مسۆگەری سـوودە، بـۆ کۆمپانیاکەش چێترین ئامرازە بۆ بەرەبەرەکانێی کۆمپانیا خۆماڵی و بیانییەکانی دی. بازرگانیی، تەنها دەزگەی کاریگەرو چوست و چالاکی باژێڕەکانە. ئەمانە خەسـڵەتی پرۆسێسـێکن، کـە زێتر زاراوەی پەرەنەسـتێنی بـۆ دەشێت، وەك لـە پەرەئەسـتێن. گەشـەکردنی پیشەسـازیی بـەرپێگراوە. کوردسـتان وابەسـتەی چـەقی وولاتـە داگیرکەرەکانێتی، لە ڕێگەی ئەوانیشەوە وابەستەی نێوەندە پیشەسازییەکانی جیهانە.

بـە سـەرنجدانێکی شیرازەی دەمارەکـانی ڕێگـەوبان، ئـەو ڕاسـتییەمان بـە ڕوونـی بـۆ دەردەکـەوێت. تۆڕێکـی ناسروشتییە، کە لەسەر بنەمای گەشەکردنە ئابوورییەکە هەڵنەستاوە، بەڵگە لەسـەر دینگەی پێویستییەکانی دەستەڵاتداریێتی و نێوەندکاریی دەوڵـەت پەلیهاویشتووە. لە نێوان زۆربەی گوندەکاندا لـە توولـەڕێ زێتر، هیچ ڕێگەوبانێکی دیکە نییە، بەڵام زۆربەی گوندەکان بە پێتەختی نێوچەو مەڵبەندە ئیدارییەکانەوە بەستراونەوەو لە ڕێگەی ئەوانیشەوە بە پێتەختی هەرێم و وولاتەکەوە. لە گوندەکانی کوردستانەوە، ئاسانتر دەگەیە ئەمستەردام، وەك گەلەك گوندی چەپەری دی.

جار هەیە ئەو لادێییانەی دەچنە سەردانی خزمێکیان لە گوندێکی دی، کە ١٠٠ کیلۆمـەترێك دوورە، دەبێت سـەرەتا بچنـە پێتـەختی نێوچەکەو هەرێمەکەو ئەوجا پێتـەختی هـەرێم و نێوچەیەکی دی و لـەوێوە بـۆ شـوێنی مەبەست، کە ڕەنگە ٢٠٠ تا ٣٠٠ کیلۆمەترێك ڕێگەببڕن. ئەو داوە بەدەی ڕێگەی هاتوچۆ، تەگەرەیەك بوو لەسەر ڕێگەی پێوەندیی هێزەکانی بزووتنەوەی ئازادیخوازی کوردی عێراقدا، چونکە پێتـەختی هەرێمەکان هەمیشە بەدەست ڕژێمەوە بوون. ئەوەبوو نێوچەی بادینان لە زستاندا تـەریك مایەوەو ئاکامەکەی کەوتنەوەی برسێتی بوو[٤]. هەر بەو شێوازە، ئەو پێشمەرگانەی دەیانویست لە هەرێمی سلێمانییەوە بچن بۆ نێوچەی باڵەکایـەتی،

---

[٤] مەبەستی نووسەر زستانی ساڵی ١٩٧٤ە.

دەبایە بە ئێراندا تێپەڕن (بە پێتەختی مەڵبەندو نێوچەو هەرێمەکاندا)، چونکە ڕێگەیەکی ئەوتۆ نەبوو کە پێتەختی هەرێمەکان ببوێرێت و نێوچەکان پێکەوە ببەستێتەوە.

ئابەو شێوازە، گەلەك کورد هەن کە ئێستە لە ئەستەموڵ و ئاڵەمانیاو هۆڵەندا کاردەکەن، لە دەوروبەری خۆیان، لە چەند گوندێکی هاوسێیان زێتریان نەدیتووە. لەتاو بێکاریی و نەبوونی زەوی، گوندەکەی خۆیان جێهێشتووە. کوردستان پیشەسازیی ئەوتۆی لێنییە کاریان بۆ مسۆگەربکات، بۆیە ڕەویانکردووە بۆ مەڵبەندە پیشەسازییەکان و (گەلێکی دی گەرەکیانە دوویانکەون)و بەشداری لە گەشەیاندا بکەن. بۆ بەدبەختی، بەشێك لە سەرمایەی کوردیش هەمان ڕێگە تەیدەکات. دەوڵەمەندان پووڵیان بە زەویوزار دەدەن (ئەگەر زەوییان چنگکەوێت، چونکە زەوی کەمە)، مەکینە دەکڕن، پووڵیان لە بواری بازرگانیی و پیشەسازیی ئەو مەڵبەندانەدا دەخەنەگەڕ. ئەمە یانی پرۆلیتاری کوردو سەرمایەی کورد هەن، بەڵام هەردوو لە دەرەوەی کوردستانن. هەڵبەت ئەمەش کاریگەرێتی خۆی لەسەر بزووتنەوەی نەتەوایەتی کورد هەیە. بۆ نموونە ڕەنگە کرێکارانی کورد لە ئەستەموڵ، زێتر لەسەر بنەمای چینایەتییان ڕەفتاربکەن و بدەنە پاڵ کرێکارانی تورك، وەك لەوەی بەپیر بانگەوازی نەتەوایەتییانەوە بچن. لەلایەکی دییەوە، گەشەنەکردنی کوردستان "پێبەندییە بنجیەکان" پتەوتر دەکات، دەشێت وەك هەمیشە دووی زایەڵەی زەنگی بزووتنەوە نەتەوەییەکە بکەون و کاریگەرێتی ئەو زێتر بێت.

تەنها مەڵبەندە پیشەسازییەکانی دەرەوەی کوردستان فراوان نەبوون، باژێڕەکانی کوردستانیش چاك گەورەبوون. جاران کورد لەو باژێرانەدا زۆربە نەبوو، ئەوڕۆ بە ژمارە لە گشت ڕەگەزەکانی دی زێترە. زۆربەی پەڕیدەکان بژێویان بەو کارانە پەیدادەکەن کە هیچ شارەزایی و دەستڕەنگینییەکی ئەوتۆی پێناوێت، چەرچێتی و دەستگێڕی، بۆیاخچێتی، سووکە ئاڵ و وێڵ... هتد. هەندەك لەو پەڕیدانەی خوێندنێکیان تەواو کردووە، بە مزی کەمترو پلەی نزمتر دادەمەزرێن. لەو باژێڕانە ڕێژەی بێکاریی هێجگار باڵایە، ئاوارەی نوێ کەمتر ڕوویان تێدەکەن، خەڵکیی زێتر ڕەویان لێدەکەن، ژمارەی دانیشتووانی زۆربەیان خەریکن سەقامگیردەبن.

١-٥ زمان

کوردی زمانێکی ئێرانییەو سەر بە گرووپی باکووری خۆرئاوا، یاخود باشووری خۆرئاوای ئەو خێزانە زمانەیە(١٤). ژمارەیەکی زۆر دیالێکتی جوداوازی هەیە، کەمو زۆر بە چەند دەستەیەکی دیاریکراو نیشانەدەکرێن. ئاخێوەرانی ئەو دیالێکتە جوداوازانە، کەمتر لێکتێدەگەن.

أ- دیالێکتەکانی باکوورو باکووری خۆرئاوا، کە کرمانجییان پێدەڵێن. ئەمە بۆ خۆی سەرلێشێوانێك دەسازێنێت، چونکە هەندەك تیرەو خێڵ لە باشوور هەن، بە خۆیان کرمانج و بە زاراویان کرمانجی دەڵێن، هەرچەندە ئەمانە سەر بەگرووپی باشوورن.

ب- دیالێکتەکانی خواروو، کە بە زۆری سۆرانییان پێدەڵێن، لەگەڵ ئەوەشدا سۆرانی تەنها زاراوێکی ئەو گرووپەیە کە موکری و سلێمانیش دەگرێتەوە.

ت- دیالێکتەکانی خوارووی خۆرئاوا، وەکی سنەیی، کرماشانی و لەکیی، کە لە فارسیی نوێوە نێزیکن.

ئەم زراراوانە تەنها لە ڕووی لێکسیکۆلۆژی و فۆنۆلۆژییەوە جوداوازیی بەرچاویان نییە، بەڵکە لە هەندەك ئاکاری ڕێزمانیی گرنگیشدا لێکدوورن، وەکی دۆخی ڕابوردووی کارە تێپەڕەکان(١٥)، بوونی ڕەگێکی کرداری کارابزر

لە زاراوی خوارووداو (کە لە زراوەکانی دیدا نییە)، یاخود ئەو پاشگرە زەقەی/ -ەوە/ کە لە زاراوەی خوارووداو فرەجار پێشچاو دەکەوێت(*). هەرچەندە دوور نییە ئەم جوداوازییانە ئاکامی کاریگەرێتی گۆرانی نەبێت لەسەر سۆرانی.

لەپاڵ ئەو سێ دیالێکتە سەرەکییەدا، دەشێت دوو دیالێکتی دیکەش دەستنیشانبکەین، کە سەر بە لقێکی دیکەی خێزانی زمانە ئێرانییەکانن، (مەکەنزی لەریزی دیالێکتەکانی باکووری خۆرئاوای زمانە ئێرانییەکاندا دایاندەنێت): ئەوانەیش زازا و گۆرانین. زازا زاراوی ژمارەیەکی زۆر لە خێڵەکانی باکووری خۆرئاوای کوردستانە. بەپێی مەڵبەند دەتوانین بیکەینە سێ دەستە: دەرسیمی گەورە (کە نێوچەی تونجەلی‌و ئەرزنجان‌و بەشێکی بنگۆل‌و دیاربەکر دەگرێتەوە)، سێڤەرك‌و مۆدکی (مۆدکی سەر بە بەتلیسە‌و ژمارەی ئەوانەی بە زازا دەپەیڤن کەمن، بەڵام جوداوازیی دەگەڵ دیالێکتەکانی دی، زۆرە)(١٦). ئەوانەی زازا قساندەکەن، بە ئاسانی کرمانجی فێردەبن، بەڵام فێربوونی زازا بۆ کرمانجان هێجگار سەختە.

لە باشوورو باشووری خۆرهەڵاتی کوردستان، برێك چەپەك هەن بە چەند زاراوەیەك دەپەیڤن، کە پێکڕا بە گۆرانی یاخود ماچۆ ناسراون (ماچۆ لەو زاراوەدا یانی: گوتی). ئەم زمانە ڕەنگە لە ڕابوردوودا مەودایەکی جوگرافیایی بەرینتری هەبووبێت، وەلێ ئەوڕۆ زاراوەکانی لە هەورامان‌و کێوەکانی داڵەهۆی خۆرئاوای کرماشان‌و چەند چەپەکێکی کوردستانی عێراق پێیدەخێون(١٧). هەرچەندە بەڵگە کەمە، بەڵام وا لێکدەدرێتەوە کە زازاو گۆرانی زۆر لێکنێزیکن. پێدەچێت ئەمە بڕیارو سەرئەنجامێکی سەرپێیی‌و هەڵەشە بێت، من بۆخۆم هێندەی ئەو دوو دیالێکتەم بیستووە، هەستم بە گەلەك جوداوازیی کردووە. هێشتا کەرەسەی چاپکراوی کەم لەبەردەستاندان، بە تایبەت دەربارەی زازا، تا بڕیارێکی گردەبڕ لەبارەیانەوە بدرێت.

نەخشەی ژمارە ٤ بە نێزیکە ئەوە نێوچەیەو مەڵبەندانە پێشاندەدات کە دەستە دیالێکتە باسکراوەکان پێیدەدوێن. دەبێت ئەوە بزانین کە سنوورێکی دیاریکراو لە نێوانیاندا نییە. دیالێکتەکان هێدی هێدی تێکەڵی یەکدی دەبن، ڕێدەکەوێت قسەکەرانی دیالێکتێك لە نێو زۆربەیەکی قسەکەرانی دیالێکتێکی دیدا دەژین. لە زۆر شوێن خێڵە قسەکەرەکانی زازاو کرمانجی بە یەك مەڵبەندا بڵاوبوونەتەوە.

### ١-٦ ئاین

زۆربەی کوردەکان موسڵمانی سوننی خاوەنئیمان‌و پەیڕەوانی چوار ڕێبازەکەی ڕێچکەی شافعین. بەوە لە کەمە نەتەوە هاوسێکانیان جوداەکرێنەوە: تورك لە تورکیاو عارەبانی لە باشوورەوە هاوسێشیان زۆربەیان سوننین، بەڵام ئەوان پەیڕەویی ڕێچکەی حەنەفی دەکەن. تورکە ئازەرییەکان‌و فارس‌و لوڕ، شیعەن. گشت کوردەکان پەیڕەوی لە ڕێچکەی شافعی ناکەن، لە کەنارەکانی خواروو و خوارووی خۆرهەڵاتی کوردستان (لە خانەقین‌و کرماشان)، خێڵ‌و تیرەی فرەهەن، کە ڕەنگە زۆربەی دانیشتووانی کوردی ئەو نێوچەیە پێکبهێنن، شیعەی دوازدە ئیمامن، کە ئاینزای ڕەسمیی ئێرانە. کوردە شیعەکانی ئێران لە ئاستی جمەجۆڵ‌و چالاکییە نەتەوەییەکانی برا سوننیەکانیاندا، وەکی بزووتنەوەکانی ساڵانی بیست‌و ١٩٤٦و ١٩٧٩، دوورەپەرێز وەستاون. لەپاڵ پەیڕەوە خاوەنئیمانەکانی ئاینزای شیعەو سوننیدا، هەندەك ڕێبازی ئاین تێکەڵەی گومڕا لە

---

(*) بەداخەوە ئەمەی کاکی نووسەر دەیڵێت، کەم شارەزایی لە بواری زمانەوانی بە گشتی‌و زمانی کوردیدا بە تایبەت، دەردەخات. پێدەچێت زێتر پشتی بە ڕاو بۆچوونە سەیرو سەمەرەکانی مەکەنزی ببەستێت. دیارە لە پەراوێزێکی وا کورتدا ناتوانم بەرپەرچی ئەو تێڕوانینە چەوتانە بدەمەوە، بۆیە هەڵیدەگرم بۆ کۆتایی‌و پاشان لە داوێنی سەرنجەکانی خۆیدا دەگەڕێمەوە سەر ئەم باسە.

کوتە جوداوازەکانی کوردستاندا هەن، کە بنەچەیان دەچێتە سەر باوەڕی دێرینی ئاینە ئێرانیو ئاینە سامییەکانو هەندەك باوەڕی شیعەگەریی تیژڕەوی وەك غولاتەکانو بڕێك ڕێچکەی سۆفیگەرتی(١٨).
گرنگترینیان عەلەوییەکانی باکووری خۆرئاوای کوردستانن. کزەڵی باوەڕیان جوداوازە، بڕێکیان لەمێژە لەژێر تینو تاوی پڕوپاگەندەی سوننیەکاندان، ئەوانی دی، تایبەت ئەوانەی دەوروبەری دەرسیم، بە ئاستەم دەتوانرێت بە موسڵمان نێو ببرێن(١٩). گەلەکجار گوتراوە کە گوایە زۆربەی عەلەوییەکان بە زاراوی زازایی دەدوێن. ئەمە ڕاستە، بەڵام عەلەوییش هەن بە کرمانجی دەپەیڤن، جگە لەوەی زۆربەی عەلەوییەکانی تورکیا، کورد نین، تورکن. بە پێچەوانەشەوە پشکێکی کەمی زازاییەکان، عەلەوین.
لە خواروو و خوارووی خۆرهەڵاتی کوردستاندا، لەچەند چەپەکێکدا ئاینزایەکی دیکە هەیە کە بە ئەهلی هەق ناسراوەو لە عێراق کاکەییان پێدەڵێن. مەڵبەندی، صەحنەی (خۆرهەڵاتی کرماشان)و کەرەندی (خۆرئاوای کرماشان)و باشووری کەرکوکە. پێدەچێت پاشماوەی کۆمەڵگەیەکی گەورەتر بنو بە خوارووی کوردستانی ئەوڕۆو لوڕستاندا بڵاوبووبنەوە. زۆربەیان بە زاراوی گۆرانی دەدوێن، ئەمەش حاڵەتێکی لێکچووی گرنگە لەگەڵ عەلەوییەکاندا کە بە زاراوی زازایی دەدوێن. لێرەش پێوەندییەکە ناکامڵە: هەموو ئەوانەی بە زاراوی گۆرانی قسەندەکەن، ئەهلی هەق نیین، زۆر ئەهلی هەقیش هەن کە کورد نیین، تورکی ئازەری یا فارسن. هەردوك ئاینزای عەلەویو ئەهلی هەق باوەڕیان بە دۆنادۆنو ژیاندنەوەی ئێزدانە لە جەستەی ئادەمیزادداو گەلەك دابو نەریتیان لێکدەچن(٢٠).
سێهەمین دەستەی جودا، ئێزیدییەکانن، کە زۆر جار بە ناڕەواو بە تەوسەوە (شەیتان پەرست)یان نێودەنێن. هەرچەندە بێئاکام دەگێڕدرێنەوە سەر ڕەگەزێکی سوننی توندڕەو، بەڵام لەگەلەك ڕووەوە لێکچوونیان دەگەڵ ڕەگەزێکی شیعەی توندڕەودا هەیەو هەتا وا پێدەچێت هەر موسڵمانیش نەبن. ئەم ئاینە تایبەتە بە کورد. ئێزیدییەکان بە کرمانجی دەدوێن(٢١). لەوەتەی هەن لەلایەن هاوسێ موسڵمانەکانیانەوە ڕاوەدوودەنرێن. زۆریان لەترساندا خاكو مەفتەنی خۆیان جێهێشتووەو بڕێکیشان بەناچاریی بوونەتە موسڵمان یاخود فەلە. پێوەندییان لەگەڵ فەلەکانی دەورووبەریاندا باشترە وەك لەگەڵ موسڵماناندا، بۆیە زێتر دەبنە فەلە. بۆ خۆم زۆر بنفەلەم دیتووە کە باووباپیرانیان کۆنە ئێزیدی بوون.
زۆربەی ئێزیدییەکان لە کێوەکانی شەنگار (خوارووی خۆرئاوای موسڵ، بە شەفتولی بەرەو سنووری عێراق – سوریا)و نێوچەی شێخان (خۆرهەڵاتی موسڵ) دەژین، کە مەزاری پیرۆزی شێخ عادی لێیە. لە سیو چلەکانی سەدەی ڕابوردوودا، زۆر ئێزیدی لەم نێوچەیەوە لە دەست زۆرو ستەم هەڵهاتنو لە قەوقاز گیرسانەوە. ئێستەکە شێخانو شەنگارو قەوقاز، گرنگترین مەڵبەندەکانی ئێزیدیین. لە کوردستانی تورکیاش ئێزیدی هەن (لە کێوەکانی تۆر عابدینو لە باتمان). لەوێوە گەلەك ئێزیدی وەك کرێکاری ڕەوکردوو چوونەتە ئاڵەمانیاو لە ستەمی بەردەوامی موسڵمانان خەلەسیون.
لە نێو کورداندا هەمیشە کەمینەی فەلەو جوو هەبوون، خەریکی هەندەك پیشەی تایبەت بوون. زۆربەی کات لە بواری ئابووریو سیاسیدا پشتگوێ خراون، زۆر سەرەکخێڵ وەکی ملکی خۆیان لە جوتێرو وەستا فەلەکانی گوندەکانیان ڕوانیوە (تا ئەوڕۆش هەندەکیان دەڵێن: فەلەهێن من). ئەو پشتیوانیو پارێزگارییەی ڕووسیاو ئینگلتەرە لە فەلەکانیان دەکرد، کە دیارە بێ مەلامەت نەبوو، بووە بیانوو بۆ خوێنڕشتنی چەندجارەیان. ژمارەیەکی هێجگار کەمیان مانەوە، چونکە بەشی زۆری ئەوانەی لە کوشتن خەلەسین، هەڵهاتن.

پێش دەستێوەردانی ئەوروپاییەکان لە نێوچەکە، سێ دەستەی ئاینیو ئێتنی فەلە لە نێو کوردەکاندا هەبوون: سریانەکان، کە بە زمانی ئارامی یاخود بە عارەبی دەدوان، سەر بە کلێسەی ئاسووری-ئۆرتۆدۆکسی، یاخود کلێسەی یاقووبییەکان بوون. بە زۆری لە کێوەکانی تۆر عابدینو جزیرەو هەندەك باژێڕی باکووری خۆرئاوای کوردستان دەژیان. ئاسوورییەکان، ئەمانیش بە زمانی ئارامی دەدوان، بەڵام سەر بە کلێسەی نەستۆرییەکان بوون. ئەمانە تەواو لە فەلەکانی دیەکەی خۆرهەڵات جوداوازن. لە نێوەندی کوردستاندا (لە بادینانو هەکاری)و تەختانییەکانی دەوروبەری ورمێ دەژیان.

ئەرمەنییەکان، کە زمانو کلێسەی تایبەتی خۆیان هەبوو، کلێسەکەیان نێوی کلێسەی گریگۆرییە. گەورەترین دەستەی فەلەکان بوون، بە گشت کوردستاندا بڵاوبووبوونەوەو تخووبی باکووری خۆرئاواو خۆرئاوایان بەزاندبوو.

مسیۆنارە کاتۆلیکە فەرەنسییەکان، هەر لە سەدەی حەڤدەهەمەوە خەریکی بانگهێشتنو گێڕانەوەی ئەم فەلانە بوون بۆ سەر ڕاستە شەقامی کاتۆلیکی. بەو هۆیەوە کە دەرباری عوسمانی ماڤ پارێزگاریی کاتۆلیکەکانی ژێردەستەی سوڵتانی بە پاشای فەرەنسا دابوو، مسیۆنارەکان سەرکەوتنی چاکیان وەدەستهێنا. گەلەك ئەرمەنیو ئاسوورییەکانی دەڤەری خۆرئاوا، کە بە کلدانی ناسراون، گەڕانەوە. لە ساڵەکانی سی سەدەی نۆزدەهەمدا، مسیۆنارە ئینگلیزو ئەمریکاییەکان خەریکی ئاسووریە نەستۆرییەکان بوون. ئەمە بووە هۆی ئاڵۆزیو گرژبوونی پێوەندی نێوان فەلەو موسڵمانەکانو هۆکاری ڕەشکوژیی نەستۆرییەکان، یەك دوو ساڵ دواتر.

مسیۆنارە کاتۆلیکیو پرۆتستانەکان، لە کێوەکانی تۆر عابدینیش چالاك بوون، بەڵام بێ سەرکەوتنێکی ئەوتۆ: زۆربەی سریانەکان هەر لەسەر باوەڕی یاقووبی خۆیان مانەوە. تا یەکەم جەنگی جیهانییش لێرە کوشتارێکی ئەوتۆ نەکرا. ساڵی ١٩١٥ فەرمانی ڕاگوێزانی تەواوی ئەرمەنییەکان لە خۆرهەڵاتی ئەنەدۆڵ دەرکرا. ئەرمەنی بە یاساشکێنی تاوانبارکرانو بە کۆمەڵ لەلایەن سەربازانی تورکو کوردەکانەوە دەکوژران. هەرزوو ڕاوەدوونان فەلەکانی دیکەشی گرتەوە. پاش جەنگ، عێراقو سوریا کەوتنە بندەستی ئینگلتەرەو فەرەنساوە، زۆر لەو فەلانەی سەریاندەرکرد، بۆ ئەوێ هەڵهاتن (بە تایبەت لە کێوەکانی تۆر عابدینو نێوەندی کوردستانەوە). دەستەڵاتدارە ئینگلیزو فەرەنسییەکان، بارەکەیان گرژترکردو پێوەندیی فەلەو کوردیان خراپتر تێکدا، بەوەی هێزێکی پۆلیسی فەلەیان دامەزراند، تا کوردی پێ بەچەترسێن بکەن.

گەلەك لەو ئەرمەنییانەی بە سلامەتی دەرچوون، بۆ باشووری قەوقاز هەڵهاتن، لەوێ لە دامەزراندنی کۆمارێکی ئەرمەنیدا بەشداربوون. هەندەك ئەوڕۆ لە سوریاو عێراق دەژین، ئەوانە خۆیان یاخود بابو باپیرانیان لەلایەن تورکەوە بۆ ئەوێ دوورخراونەتەوە. هەندێکی دیکەیان بە تەواوی جیهاندا بڵاوبوونەتەوە. زۆر کەمیان لە خۆرهەڵاتی تورکیا ماون. تا دێت سریانییەکانی کوردستانی تورکیاش لە کەمی دەدەن. ستەمی هاوسێ موسڵمانەکانیانو نەبوونی دەرفەتی هەڵگرانێکی ئابووریی، هانی زۆریاندەدات بۆ ئەستەموڵ یا دەرەوە ڕەوبکەن.

### ١-٧ بزووتنەوەی نەتەوایەتی کورد لە ١٩٦٠ەوە تا ١٩٨٥

هەرچەندە ئەم کتێبە بە نیازنییە مێژووی بزووتنەوەی نەتەوایەتی کورد بتوێژێتەوە، بەڵام جارجارە لێرەولەوێ پەل بۆ ئەو لایەنەش دەهاوێت. لەبەندی چوارهەمو پێنجهەمدا، لە باسی دەورو ڕۆڵی سیاسی شێخاندا، لە

قۆناغەکانی زووی بزووتنەوەی نەتەوایەتی کورد دەکۆڵینەوە. لەبەر ئەوەی کەمتر خۆ لەقەرەی قۆناغەکانی دواتری دەدەین، بە پێویستی دەزانم لێرەدا بەرکورتێکی مێژووی ئەم بیستو پێنج ساڵەی دوایی پێشچاوخەم.

سەردەمی پاش یەکەم جەنگی جیهانی، لە کوردستانیشدا وەك هەر سووچێکی دیکەی خۆرهەڵاتی نێوەند، قۆناغی چالاکیی و سەرگەرمیی جموجوڵی سیاسی بوو. کورد نەك تەنها لە تورکیا، بەڵکە لە ئێران و عێراقیش بەردەوام خەریکی شۆڕش و ڕاپەڕین بوون، بەڵام هەرسێ وولات توانییان بزووتنەوەی نەتەوایەتی کورد سەرکوتکەن(٢٣).

کوتەکانی ئێران و عێراق لە کۆتایی ساڵەکانی بیستدا هێورو ئارام بوون. تورکیا بڵێسەی دواهەمین ڕاپەڕینی کوردی لە ١٩٣٨دا دامرکاندەوە، لێرە لەگشتیان کەمتر گوێ بۆ کێشەی کورد ڕادەهێڵدرا. پاش سەرکوتکردنی ڕاپەڕینەکە، ئەوجا سیاسەتی ڕاگوێزانی زۆرەملی دەستپێکرد. ئاکامەکەی لێرە درێژخایانتر بوو وەك لە وولاتانی هاوسێی. دووهەم جەنگی جیهانی بزووتنەوەی ئازادیخوازی کوردی ئێران و عێراقی بووژاندەوە. چەند پارتێك بە نهێنی دامەزران و بزووتنەوەیەکی چەکدارانە بە سەرۆکایەتی مەلا مستەفای بارزانیی ساڵی ١٩٤٤/١٩٤٥ لە ژووروو عێراق دەستپێکردو لای کوردە شارییەکانی عێراق و هەتا ئێرانیش دەنگی چاکی دایەوە و پشتگیریی مەعنەوییان لێکرد(٢٤).

لە ئێران، مەهاباد کوانووی چالاکیی بزووتنەوەی نەتەوایەتی کورد بوو، کە بە لاوازبوونی دەستەڵاتی ڕژێم و هەڵوێستی دنەدەرانەی ئۆردووی سۆڤیەت، کە ئازربایجانی داگیرکردبوو، گەشایەوەو ووزەیەکی بە بەردا هاتەوە. ١٩٤٦ کوردی مەهاباد بە چاولێکەریی ئازربایجانی هاوسێیان، بانگی دامەزراندنی کۆمارێکی سەربەخۆیان هەڵدا. لەلایەن کوردی عێراقیشەوە پشتیوانییان لێکرا، بارزانیی بە یەکدوو هەزار جەنگاوەری چەکداری خێڵەکەیەوە، گەیشتە کنیان.

کۆمارەکە ساڵێکی تەواو نەژیا، ئوردووی سۆر لە ئێران کشایەوە، کۆماری کورد لە توانایدا نەبوو بێ پشتگیریی هێزێکی گەورە بەربەرەکانێی ئەرتەشی ئێران بکات. مەلا مستەفاو پیاوەکانی کشانەوە بۆ عێراق، ئەوانی دی تەسلیم بوون. پێشەوا قازی محەمەدو صەدری برای و سەیفی قازی ئامۆزای، بە مەرگ سزادران و بەداردا کران. پارتی دێموکراتی کوردستان دارماو لەبەرئێك هەڵوەشایەوە، تەنها دەستەیەکی کەم بە دزییەوە درێژەیان بە خەبات دا. بارزانی بۆی نەلوا لە ژووروو عێراق جێپێی خۆی بکاتەوە، لە سنووری تورکیا و ئێرانەوە پێدزکەی کردو خۆی گەیاندە سۆڤیەت(٢٥). خۆی و پێنجصەد پیاوی هاوڕێی یازدە ساڵیان لەوێ بەسەربرد. نێوی ئەوو قازی محەمەد، وەك تریفەیەکی هیوای نەهاتووەدی کورد، بە درەوشاوەیی مانەوە.

لە ساڵەکانی لەوەدوایدا، پێدەچێت بزووتنەوەی نەتەوایەتی کورد وەك هێزێکی کۆمەڵایەتی، جێگەی بۆ بزووتنەوەیەکی سیاسی ئاڵوودەی هەستی چینایەتی چۆڵکردبێت. لە تورکیا هەست بە گەرمەی چالاکییەکی سیاسی دەکرا، سیستێمی نوێی فرە پارتی، گەلەك دەستەی منەکردووی بۆ جموجوڵ هاندا. پشکێکی ئەو نائارامییە سیاسی و کۆمەڵایەتییە، ئێران و عێراقیشی گرتەوە. لە سەرەتای پەنجاکاندا لە هەردوو وولات وەرزێرە کوردەکان لە دەرەبەگەکانیان یاخیبوون. تا دەهات تاڵی داوی ئاوێتەبوونی سیاسی کورد لە بۆتەی هەریەك لەو وولاتانەدا ڕۆشنتر دەینواند. ململانێکە کەمتر توخنی لایەنی ئیتنی دەکەوت، زێتر سیمای ململانێی چینایەتی لێدەنیشت. لە شێستەکاندا هەستی نەتەوایەتی کورد هەمدیسان بوژایەوە، سەرەتا لە کوردستانی عێراقداو پاشان لە کوتەکانی ئێران و تورکیاشدا.

## ١-٧-١ کوردستانی عێراق لە ١٩٥٨ەوە تا ١٩٧٨

لە ١٤ی یولی ١٩٥٨دا، سوپا بە سەرکردایەتی عەبدولکەریم قاسم کودەتایەکی کردو ڕژێمی پاشایەتیو کابینەی سەربە خۆرئاوای سەرەکوەزیران نوری سەعیدی ڕوخاند (کە بە ڕێکەوت کورد بوو). پارتە نهێنییەکانی وەك پارتی کۆمۆنیستی عێراقو پارتی دیموکراتی کوردستان (کە لقی عێراقی پارتەکەی قازی محەمەد بوو) بە ئاشکرا کەوتنە چالاکی. داوا لە بارزانی کرا لە یەکێتی سۆڤیەت بگەڕێتەوە. چەند ساڵێك لەوەبەر، سەرکردایەتی پارتی دیموکراتی کوردستان، کە زۆربەیان ڕۆشنبیری شاریی نێوچەی سۆران بوون، ڕوویان لە بارزانی نا، ببێتە سەرۆکی ڕێزلێنراویان. بارزانی ڕازیی بوو، بەڵام هەرزوو دەرکەوت کە ئەو خۆی بە تاقە سەرۆکی ڕاستەقینەو دەمڕاستی گشت کورد دەزانی. بەوە هەر لە سەرەتاوە کێشمەکێشو ململانێ لە ڕیزی پارتدا ڕەگیان داکوتاو چەند ساڵێك دواتر چووزەرەیان دەرکرد. بارزانی سەرکردەیەکی جەنگاوەری خاوەن ئەزمونی نێوچەی کرمانجایەتی بوو، نێوچەیەك کە هێشتا دابو نەریتی هۆزایەتی باوو زاڵەو زۆر بایەخی پێدەدرێت.

بارزانی گوردێرێکی گەورەی ئەو پیاوانەی پارتەکەبوو، کە شارییەکی تا ڕادەیەك خوێندەوار بوونو خۆیان بە پیتۆڵو سۆسیالیت دەزانیو وەك ئاکارێکی بەدی دواکەوتوویی لە پەیوەندیی خێڵایەتییان دەڕوانیو چاك فێرە گەمەی سیاسی بووبوون، بەڵام جەماوەرێکی ڕەدووکەوتووی ئەوتۆیان نەبوو.

قاسم بەربەرەکانێی نێوان پارتەکەو بارزانی قۆزتەوە، پێویستی بە پشتگیریی کورد بوو، بەڵام نەیدەخواست هێزو گوڕ پەیداکەن. هەوڵیدا دەستەڵاتی سیاسی خۆی، لەسەر دینگەی سێکوچکەی بەرەیەکی لەقی نەتەوەپەرستە عارەبەکانو کۆمۆنیستەکانو کورد هەڵچنێت. لەبەر ئەوەی مەرامو ئامانجو بەرژەوەندی ئەم سێ دەستەیە جوداوازو دژبەیەك بوون، کێشەو گرفت هەر لە سەرەتاوە سەریهەڵدا. دەستووره کاتییەکەی ٢٧ی یولی ١٩٥٨، بنەمای ئەو دژایەتیانەیە کە تا ئەوڕۆش لە هەناوی کۆماری عێراقدا گەرایان خستووە. لەلایەك باسی یەکێتیو هاوشانیی کوردو عارەبان دەکات، کە گوایە مافی نەتەوایەتی هەردوکلایان بە پێی دەستوور دەستەبەرکراوە (بەندی سێهەم)، لە لایەکی دی وولاتی عێراق بە پارچەیەکی دانەبڕاو لە نیشتمانی عارەب دادەنێت (بەندی دووهەم)(٢٦). بە واتایەکی دی، گشت عێراقییەکان چوونیەکن، بەڵام عارەبان لە کورد مەزنترن. کوردە نەتەوەپەرستەکان بەردەوام ئەو دژایەتییەیان وەیاد دەهێنایەوە، ئەوەبوو لەو ساڵانەی دواییدا، میسرییەکان، یا هەر برایەکی دیکەی نەتەوەی عارەب خواستبای، گشت مافێکی هاونیشتمانێتی عێراقی دەدرایە، بەڵام ئەو کوردە عێراقیانەی لە تۆرەمەی ئێرانی کەوتوونەوە، غەوارەی ڕەزاتاڵ بوونو تووڕدەدرانە دەرەوە. ڕژێمی بەعس کە لە ١٩٦٨ەوە دەستەڵاتدارە، ئەو دەستووره کاتییە ئاوەها لێکدەداتەوەو کاری پێدەکات. ئەمە لەسەردەمی قاسمدا پێشبینی نەدەکرا. قاسم کوردی دەلاواندەوەو پێدەچوو بەنیازبێت مافی نەتەوایەتی بەڵێن پێدراویان دەستەبەربکات (هەڵبەت ژێر مافی کولتوری).

ئیدی کێشەو گرفت گشت کونجێکی عێراقی گرتەوە: ئەو وەرزێرانەی لەلایەن کادێرەکانی پارتی کۆمۆنیستەوە ڕێکخرابوون، دژی دەرەبەگەکان ڕاپەڕینو فرەیان لێڕاوەدوونان. بێئاکام هەوڵی چەند کودەتایەك درا. باڵە دژەکانی لەشکر کەوتنە وێزەی یەکدی. ڕەگەزە جوداوازەکانی کەرکوك تێکبەربوون. ١٩٥٩ بارزانی دەگەڵ گەلەك لە هۆزە نەیارە دێرینەکانی دەوروبەری بارزاندا تووشی شەڕهات. پێوەندییە دۆستانە چاکەکەشی دەگەڵ قاسمدا شێوا، چونکە قاسم ئەمبەرو ئەوبەری زۆری دەکردو زوو زوو دۆستانی دەگۆڕی، تا دەستەڵاتی لە دەستنەدات، ئەوجا ڕووی بە عارەبە ناسیۆلیستە ڕاستڕەوەکان دا. بەدگومانی لە یەکدی بەڕادەیەك تەشەنەیکرد،

که له سێپتەمبەری ١٩٦١دا یەکەم شەڕو پێکدادانی کوردو لەشکری عێراقی لێکەوتەوە. قاسم بڕیاری تۆڵەو سزای توندی دا، ئیدی بواری بەرپێگرتنی شەڕی ئاشکرای کوردو ڕژێمی بەغدا نەما. شەڕی کورد، هۆکارێکی ڕوخانندنی قاسم بوو لە فێبریوەری ١٩٦٣دا(٢٧). زنجیرەیەك لەو ڕووداوو پێشهاتانە، چەند جارێك دووبارەبوونەوە. ڕژێمی نوێی عێراق سەرەتا سیاسەتێکی هێوری بەرامبەر کورد گرتەبەر، پاشان تووشی شەڕهاتن و بە کودەتایەك دەستەلاٌت قلٌپبۆوە. چ عەبدولسلام عارف (لە فێبریوەری ١٩٦٣)داو چ ئەحمەد حەسەن ئەلبەکر (لە یولی ١٩٦٨)دا، سەرەتای دەستەلاٌتیان بە ڕووی چاك نیشاندان و وادەو بەڵێن بەکورد، دەستپێکرد، بەلاٌم کەمێك پاشتر فرۆکەو لەشکریان تێبەردان، چونکە نەدەیانتوانی و نە بەنیازیشبوون داخوازییەکانی کورد جێبەجێ بکەن. وێڕای چەند ئاگربەستێك، جەنگ تا ١٩٧٠ درێژەی کێشا. چەند جارێك گفتوگۆ کرا، تا لە ١٩٧٠دا ڕێکەوتننامەیەك مۆرکراو گشت لایەك پێیڕازیبوون، کوردەکان ئۆتۆنۆمییەکی نێوچەییان پێدراو بڕیاربوو بە پێی ڕێژەیان لە دەستەلاٌتدارێتیشدا بەشدارکرێن(٢٨). ناشێت واتێبگەین کە جەنگی دژەکورد، گشت کوردی عێراقی هاندا چالاکانە دژی ڕژێم بوەستنەوە، چونکە نەك تەنها ژمارەیەکی زۆر کەنارگیربوون، بەڵکە گەلەکیش تا کۆتایی، دژی بارزانی و پارتی جەنگان. ئەو هۆزانەی پێش شەڕ بەگژ بارزانیدا چوون، درێژەیان بە دژایەتی دا، دەگەڵ ڕژێمدا یەککەوتن و پێکڕا شالاٌویان دەبرد. لە زۆر جێگەی دی کوردستان، ڕژێم گەلەك سەرەکهۆزی دیکەی دیتەوەکە ئامادەی بەرنگاربوونەوەی نیشتمانپەروەرانی کورد بوون، ئیدی ئەمە یا لە دوژمنایەتی کۆنەوە بوو، یاخود لە هەلپەرستییەوە. لەپاڵ ئەوەشدا، کێشمەکێش و ململانێی نێوان بارزانی و سەرکردایەتی پارت لە هەناوی بزووتنەوەکەدا، هەربەردەوام بوو، کە زێتر تخووبی زاراوەکانی کرمانجی و سۆرانی دەگرتەوە. هێندەی هەردوولا لە مەودای سنووری دەستەلاٌتی خۆیاندا مانەوە، هیچ کێشەیەکی ئەوتۆ نەهاتە گۆڕێ، بەلاٌم پاشان هەرلایەك خۆی هێندە بەهێز هاتە پێشچاو، کە بتوانێت لایەنەکەی دی ببەزێنێت.

١٩٦٤، کاتێك کۆمیتەی نێوەندیی پارت لەسەر داوای سەرکردایەتی پارتەکە کۆبووەوەو بەتوندی بڕیاری شەڕ ڕاگرتنەکەی بارزانی و ڕژێمی تاوانبارکرد، ئیدی ڕکەبەرایەتیەکە بە چڵەپۆپەی گەیشت. ڕێبەری سەرەکیی بەرەی دژە بارزانی، برایم ئەحمەدو جەلال تالەبانی زاوای بوون، کە جڵەوی بیرۆی سیاسییان وەدەستەوە بوو. کاردانەوەی بارزانی ئەوەبوو کە ئەو کۆنفرانسەی پارتەکەی بە هیچ گرت و خۆی کۆنگرەیەکی سازکردو بیرۆیەکی سیاسی نوێی تەواو گوێڕایەڵی داسەپاند. هێزە دڵبەندەکانیشی پەلاماری بارەگای مەکتەبی سیاسییانداو ئەندامانیان بەدیوی ئێراندا هەڵبڕین(٢٩).

ئەم ڕووداوە لە دوو سەرەوە گرنگە:

١- بارزانی خواستی خۆیی بەسەر پارتەکەدا سەپاندو دەستەلاٌتی بۆ خۆی بڕداو کادێری فرەی دیتەوە کە ئارەزوومەندانە ملکەچی فەرمانی بوون. هەروەها سەلماندی کە دەتوانێت هەتا لەنێوچەی سۆرانی مەڵبەندی خۆشیاندا، زەبری سوپایی گورچوبڕ لە بیرۆی سیاسی بوەشێنێت.

٢-لەپاڵ ئەوەشدا ئەمە بووە بوارێك بۆ یەکەم پەیوەندیی بزووتنەوەی کوردی عێراق و ڕژێمی ئێران. ئێران سەرەتا دالٌدەی تالەبانی و پیاوەکانی‌داو بڕێکیش کۆمەکی پێکردن، بەلاٌم پێدەچێت کەمێك دواتر یەکەم ژەمی چەکی قورسی بە بارزانی‌یش دابێت. ساڵ وەرگەڕایەوە تالەبانی و ڕەدووکەوتووانی، بە تێکەوتنی ئێران گەڕانەوە عێراق و دەگەڵ بارزانی‌دا پێکهاتنەوە، لە بەشی خوارووی کوردستان (مەڵبەندی زاراوی سۆران) گیرسانەوەو درێژەیان بە دژایەتی بارزانی‌دا. لە ١٩٦٦ بەدواوە، شان بە شانی هێزەکانی ڕژێم، بەگژ

بارزانیدا دەچوون. بارزانی، تاڵەبانی بە بەکرێگیراوێتی ڕژێم تاوانبار دەکردو نێوی سووکی خۆفرۆشانی کورد، جاشی لێنا.

هەڵبەت ڕوون نییە ئەو تاوان وەپاڵدانانەی ئەودەم، تا چەند ڕەوابوون، هێندە هەیە تاڵەبانی لە بارێکی سەختو دژواردا بوو، دەبایە هێجگار هۆشیارانە هەنگاوی نابا. لە خوارووی کوردستاندا پشتگیرو پشتیوانی فرەی پەیداکرد، وەڵێ بارزانییش تا دەهات جێپێی لەوێ قایمتر دەبوو. بەو پێیە تاڵەبانی بە دوژمن گەمارۆدرابوو: لە باکوورەوە بارزانیو پیاوەکانی، لە خۆرئاواو باشوورەوە بە سوپاو گەلەجاشی کورد. پاش کودەتاکەی ئەلبەکر لە یولی ١٩٦٨دا، تاڵەبانی هەڵپەی گفتوگۆی بوو دەگەڵ سەرۆکی نوێدا، کە گوایە دەیخواست چارەیەك بۆ کێشەی کورد بدۆزێتەوە. پێدەچێت تاڵەبانی بە هیوای مشەو دەستکەوتێکی سیاسی گرنگ بوو بێت، بۆیە هێزەکانی خۆی تێکەڵ بە گەلە لەشکری ڕژێم کرد، کە لێبڕابوو دوا هەوڵ بۆ تێکشاندنی بارزانی بدات. هەڵبەت ئەم هەنگاوە هیچ شۆرەتو ڕۆمەتێکی بۆ مسۆگەر نەکرد. ئەلبەکر هەستیکرد کە چارەسەری کێشەکە بێ بارزانی ناکرێت. ڕێکەوتننامەی ١١ی ئازاری ١٩٧٠ تەنها ئاشتیو ئۆتۆنۆمی بۆ کورد وەدینەهێنا، بەڵکە جێپێیو دەستەڵاتی بارزانییشی لە کوردستانی عێراقدا هێجگار توندو تۆڵکرد.

تاڵەبانیو گشت خێڵە نەیارەکانی بارزانی، تەنها یەك ڕێگەیان لەبەردەمدا ئاواڵە بوو، لایەنی کەم پێکهاتنێکی سەرزارەکیو کاتی دەگەڵ بارزانیدا. ڕێکەوتننامەی یازدەی ئازار چوار ساڵ مۆڵەتی بوو، دەبایە لەو چوار ساڵەدا بەندەکانی جێبەجێکرێن، هەندەکیان هەرزوو جێبەجێکران: پێنج نوێنەری کورد کرانە وەزیر لە کابینەکەی بەغدادا، یاسای چارەسەرکردنی زەویوزار پیادەکرا (وەك بۆیان باسکردم، بە پلەی یەکەم مڵکی ئەو دەرەبەگانەی گرتەوە کە وابەستەی ڕژێمی بەغدابوون)، پێداویستییەکانی تەندروستیو لەشساغی گەیەندرانە دوورترین کونجی کوردستانو لەبواری پەروەردەو فێرکردندا هەنگاوی چاك هەڵنرا. زۆر قوتابخانەی نوێ کرانەوە، وانەکان کرانە کورد، کۆڕی زانیاریی کورد دامەزرێندرا.

بەندە بایەخدارەکانی دیکە، وەکی دامەزراندی دەزگەکانی ئۆتۆنۆمی لە کوردستاندا، زۆر بە هێواشی هەنگاوی بۆ هەڵدەگیرا. ڕژێم قەت ملی بۆ دیارکردنی سنووری نێوچەی ئۆتۆنۆمی نەدا: کورد داوای مەڵبەندە پڕنەوتەکانی کەرکوكو خانەقینی دەکرد، کە ئەودەم زۆربەی دانیشتوانیان کوردبوون، دیارە ڕژێم بە گشت توانایەوە بەربەرەکانێتی ئەو داوایەی دەکرد، نەیدەویست دەستبەرداری پڕ خێرو بێرترین نێوچەکان ببێت.

لەبری وی ڕژێم دەستیدایە بە عارەبکردنی نێوچەکە، دانیشتووانی کوردی بە زۆر ڕادەگوێزاو عارەبی لە شوێن دادەکران. دەشێت پاشخانی ئەم هەنگاوە لە پێشهاتەکانی سیاسەتی نێودەوڵەتیدا بدۆزینەوە. لەلایەك عێراق لە سیاسەتی فراوانخوازانەی ئێران دەپرینگییەوەو لەلایەکی دی ترسی بەرەنگاربوونەوەی خۆرئاوای لێنیشتبوو. کاتێك ١٩٧١ دوا هێزی سوپایی ئینگلیز لە کەنداو کشایەوە، ئێران هەوڵیدا ئەو هێز لەنگینە ڕاگرێت، دورگەکانی گەرووی هورمزی داگیرکرد، تا بتوانێت سەرپەرشتیی دەروازەی کەنداو بکات. پەیوەندیی نێوان ئێرانو عێراق، لەو دەمەوە کە شا نیوەئاشکرا کۆمەکی سوپایی بە کوردەکانی عێراق دەکرد، ئاڵۆزبووبوو، ئیدی هێجگاری شێوا. هەر لە هەمان ساڵی ١٩٧١دا، عێراق دەستیگرت بەسەر دەزگە نەوتییەکانی (ئینگلتەرەو هۆڵەندەو فەرەنساو ئەمریکا)داو کردنییە خۆووڵاتی، ووڵاتانی خۆرئاوا بە قرتاندنی گشت پەیوەندییەکی ئابووری وەرامیاندایەوە. دوورنییە عێراق لەوە نەترسابێت گەر کەرکوك لەژێر ڕکێفی دەزگەی دەوڵەت دەرچێتو بە کورد بڕێت، نەوتەکە ناڕاستەوخۆ بە خۆرئاوا بگات، بۆیە دەستوبردی لە بە عارەبکردنی نێوچەکەدا کرد. ئەم

پێشهاتانه عێراقیان زێتر دەخزانە ئامێزی سۆڤیەتەوەو لە ١٩٧٢دا پەیماننامەیەکی دۆستانەیان مۆرکرد. هەر هەمان ساڵ، بارزانی بەدزییەوە لەگەڵ زلهێزەکەی دی ڕێککەوتو بناوانی پێوەندییەکی دۆستانەی لەگەڵ بنیاتنا. هەڵبەت کڵپەسەندنەوەی گڕی شەڕ لە کوردستانی عێراقدا، لە خزمەت بەرژەوەندییەکانی شا دابوو، خۆی پشتیوانیی CIA مسۆگەر کردبوو، بارزانی‌یش لە تاران کیسنجەری دیت.

بارزانی‌و پیاوەکانی هێند بە کۆمەکی فراوانی ئەمریکا پشتئەستوور بوو بوون، کە کەمتر بەتەنگ ئەوەوە بێن لەگەڵ ڕژێمی بەغدادا مامەڵەیەکی ڕاستەقینە بکەن‌و چارەسەرێکی گونجاو پەیداکەن، چونکە دەبایە ملیان بۆ زۆرشت دابا. بۆ ئەوەش، دەیانتوانی گەلەك لە پەیمانشکێنییەکانی ڕژێم بکەنە بڕو بیانوو، وەکی دەرپەڕاندنی کوردێکی زۆرو هەوڵە پووتەکانی کوشتنی بارزانی. لە ئۆکتۆبەری ١٩٧٣دا، لەگەرمەی شەڕی ئیسرائیل‌و عارەباندا، بارزانی پێشنیازی بۆ پووڵپێدەرانی کرد، کە ئەویش تێهەڵچێت‌و هەڵمەت بەرێتە سەر ڕژێمی عێراق، بەڵام ڕێگەیان نەدا(*). لە مارتی ١٩٧٤دا ڕژێمی بەغدا یاسایەکی ئۆتۆنۆمی یەك لایەنەی ڕاگەیاند، کە گرنگترین نێوچەکانی کوردستانی دابڕیبوو، بەتایبەت کەرکوك‌و خانەقین. بارزانی یاساکەی دایە دوواوە، دیاربوو خۆی بۆ ململانێیەکی چەکدارنەی نوێ ئامادەکردبوو.

لەهەمان مانگدا شەڕێکی قورسی بێئامان دەستیپێکرد. ئەمجارە کوردەکان خاوەنی هەندەك چەکی قورس بوون، شارەزایانی بێگانە مەشقیان پێدەکردن. چیدی شەڕی چەتەگەری نەمابوو، بووبووە شەڕێکی بەرەیی بەرفراوان بۆ پاراستنی نێوچە ئازادکراوەکان (ئەو نێوچانەی لەژێر ڕکێفی بارزانیدا بوون). لە ئاکامی شەڕدا، صەدان هەزار لادێیی هەڵقەندران‌و ئاوارەبوون، زۆربەیان لە ئۆردوگاکانی پەنابەرانی ئێراندا گیرسانەوە. ژمارەیەکی زۆر لە کوردەکانی دانیشتووی بەغداو نێوچەکانی ژێر دەستی ڕژێم، دایانەپاڵ شۆڕش‌و بوونە پێشمەرگە، یاخود بوونە کاربەدەستی ئەو حوکومەتە پرزەلێبڕاوەی کوردەکان بۆ بەربەرەکانێی دەستەڵاتی بەغدا قوتیان کردبووەوە. لە سێپتەمبەری ١٩٧٤ەوە تۆپە قورسەکانی ئێران بۆ بەهێزکردنی بەرەکانی کورد، پەڕینەوە دیوی کوردستانی عێراق، هاوکات ڕاکێتە فڕۆکە شکێنە نوێیە نیشانپێکەکانی، بواری فڕۆکەکانی عێراقیان نەدەدا لە بنکەی سەرکردایەتی کورد نێزیککەونەوەو دەستی لێبوەشێنن. ژیانی ئابووری لەنێوچە ئازادکراوەکاندا بەهۆی شەڕەوە خراپ شێوابوو. وەرزێران لەترسی فڕۆکە نەدەوێران لە کێڵگەکانیاندا کاربکەن. کوردان تەواو بووبوونە وابەستەی ئێران‌و ئەویش لغاوێکی کورتی لە زار نابوون.

---

* زۆرم مەبەست بوو سۆراخێکی ئەم مەسەلەیە بکەم‌و بزانم داخۆ وابووەو بارزانی هێند کورتبین بووە کە ئارەزوومەندانە خۆ بخاتە زریانەوە، یاخود ئەمە درۆو هەڵبەستی دوژمنان‌و ناحەزانێتی. مەخابن بە پرسیارو سۆراخکردن هیچم بۆ ڕوون نەبووەوە. هەتا بڕێك لە نێزیکانی ئەودەمی بارزانی، نکۆڵییان لەوەش دەکرد کە پێشهاتی لەو بابەتە هەرهەبووبێت. بەڵام ئەو نامیلکەیەی بەشی ڕێکخستنی مەکتەبی سیاسی پارتی دیمۆکراتی کوردستان لە ئایاری ١٩٨٥دا، لە ژێر سەردێڕی: "موقابەلەی سەرۆکی پارتیمان هەڤاڵی تێکۆشەر کاك مەسعود بارزانی لەگەڵ نوێنەرانی دەزگاکانی ڕاگەیاندن‌و ڕۆژنامەگەری کۆماری ئیسلامیی ئێران لە ١٩٨٥/٥/١٨دا" بڵاویکردۆتەوە، بە ڕوونی دەریدەخات کە ئەو بانگاشەیە هەروا گۆترەو هەوانتە نییەو بنچکێکی هەیە، بڕوانە کاك مەسعود لەو بۆنەیەدا چمان بۆ دەگێڕێتەوەو چدەڵێت:

"شایانی باسە لە سالی ١٩٧٣دا، کاتێ شەڕی عارەب‌و ئیسرائیل دەستیپێکرد، ئەمریکا زۆر هەوڵیدا لەو هەلە سوود وەربگرێت‌و ئێمە ناچار بکات کە دژی سوپای عێراق ڕابوەستین‌و ناوچەکانی کوردستان بگرین. بەڵام لەو ڕۆژەدا شەخسی بارزانی‌و سەرکردایەتی پارتی، بە هەلیانزانی ئیسپاتی بکەن کە بڕیاری خۆمان لە دەستی خۆماندا بوو،ئێمە هیچ کات دژی جەماوەری عارەب نیین، بەڵکو ئێمە برای یەکترین......تاد". ل٦

هەڵبەت لەم دوو بانگاشە دژ بەیەکە، تەنها یەکێکیان ڕاستە، بەڵام گەلۆ داخۆ ڕاستەکەیان کامەیان بێت؟؟؟؟؟

هەرچی هەیە، چەك و تەقەمەنی، ئازووقە، جلوبەرگ، گشت لە گشتی لە ئێرانەوە دەهاتن، وەلێ هێندەنا کە بەشی پاشەکەوت بکات.
بە دزییەوە چەند ژەمێك گفتوکۆ لە نێوان ئێران و عێراقدا کرابوون، تا ٦ی مارتی ١٩٧٥، لە کۆنفرانسەکەی ئۆپێکی جەزائیردا، بە رێککەوتنێك لە نێوان شاو صەدام حسێنی بالأدەستترین پیاوی عێراقدا، کۆتایی هات. هەرچەندە بەرازیبوونی هەردوکلا مۆرکرا، بەلام بەسەرکەوتنێکی ئێران حسێبکرا. لە بەرامبەر دەستبەرهەڵداکردندا لە کورد، شا دەستکەوتی چەوری پێبڕا، بەتایبەت لە شەتاوی عارەب و زۆر جێگەی پڕ گۆبەندی دیکەدا. ڕۆژی دوایی هێزەکانی ئێران و چەکە قورسەکان لە کوردستان کێشرانەوەو لە ٨ی مارتدا لەشکری عێراق هێرشێکی توندی دەستپێکرد. کوردەکان توانییان هێرشەکە ڕاگرن، وەلێ تا دەهات تروسکەی هیوای خۆڕاگری و بەرپەرچدانەوە کزتر دەبوو. پاش پێکگەیشتنێکی بارزانی و شا، بارزانی ڕایگەیاند کە چیدی نایەوێت بجەنگێت. لە چەند ڕۆژێکی کەمدا، بزووتنەوەکەی کورد داڕماو شۆڕشەکە هەرەسی هێنا. دانیشتوانی زۆربەی نێوچەکان بۆ ئێرانێك هەڵهاتن، کە سەرکردایەتیشیان پەنای بۆ بردبوو. لەسەرەتای ئاوریلدا، بەمەزندە ٢٥٠ هەزار پەنابەرێکی کورد لە ئێران بوون. ڕژێمی عێراق لێخۆشبوونی بۆ گشت بەشدارانی شۆڕشی کورد دەرکرد، پێشمەرگەیەکی زۆر تەسلیم بوونەوە، لە مانگەکانی پاشتردا نێزیکەی ١٥٠ هەزار پەنابەر لە ئێران گەڕانەوە. ئەوانەی لە ئێران مانەوە، بە سەرتاپای وولاتەکەدا پەرت و بلاوکرانەوەو بە نیازی تواندنەوەی هەمیشەییان بوون. واپێدەچوو ئیدی لە عێراق چارەی کێشەی کورد کرابێت(٣٠).
ڕژێمی بەغدا لەلایەکەوە خەریکی چەسپاندنی یاسای ئۆتۆنۆمی بوو، لەلایەکی دییەوە خەریکی کەینوبەین و تەگبیری بەرگرتن و بەربەستکردنی ڕاپەڕینێکی دیکەی کورد بوو. لەسەر سیاسەتی بەعارەبکردنی خۆی بەردەوام بوو. هەر لە نێوەڕاستی ١٩٧٥دا، کورد، ڕاگوێزانی بە کۆمەڵی بەرەو باشووری عێراقی لەقاودا. ١٩٧٦ ڕژێم دەستیدایە وێرانکردنی ئەو گوندە کوردنشینانەی دەکەونە بەرایی ١٠ تا ٢٠ کیلۆمەتری سەر سنووری ئێران و تورکیاوەو ڕاگواستنی خەڵکەکەی بۆ ئۆردوگای زۆرەملی و گوندی شوێنە ستراتیژییەکان (ئەو ستراتیژە نوێیە، ساڵی ١٩٧٧، لە "سەنگەرێك یا دوو سەنگەر"ەکەی صەدام حسێندا ڕوون و ئاشکرا ڕاگەیەندراوە)(٣١). جوتکاران خۆبەخۆ ڕاپەڕین، لاوی خوێنگەرمی شاریی تێهەڵچووی سیاسەت، دایانەپاڵیان و ڕێکیانخستن. لەماوەی چەند مانگێکدا شەڕی چەتەگەرییان دەستپێکردەوە، ئەگەرچی لەمەودایەکی هێجگار بەرتەسکیشدا بوو.
هەر هێندەی قاودا کەوت پێشمەرگە پەیدابوونەوەو داویانەتە شاخ، ئیدی زۆر لەو لادێییانەی گوندەکانیان خاپوور کرابوو، گەلەك شاریی نارەزا لە ڕەفتاری ڕژێم، خۆیان گەیاندە کنیان.
خەباتی چەکدارانەی نوێی کوردستانی عێراق، تەنها کاردانەوەیەك نەبوو لەحاند ڕەفتاری دڕندانەی ڕژێمی بەغدادا بەرامبەر بە کورد، بەڵکە هەڵپەو پەلەقاژێ و ململانێش بوو لەسەر گرتنەوەی جێگەی بارزانی. ئەوەی بۆی لوابا سەرەتا شۆڕش دەستپێکاتەوەو سەرکەوتووانە ڕێکیخاتەوە، ئەوە باشترین شانسی دەبوو. بارزانی خۆی نەخۆشییەکی سەختی کوشندەی گرتبوو، پەرپێدەی ئەمریکا بووبوو. جەلال تاڵەبانی، کە لە سەروەختی دواهەمین شەڕدا، نوێنەری بارزانی بوو لە سوریاو گوێڕایەڵی فەرمانی بوو، چاوەڕێی دەرفەتی دەکرد. کوڕانی بارزانیی، ئیدریس و مەسعود، کە سالانی دوایی بزووتنەوەکەیان ڕێبەریی دەکرد، حسێبی خۆیان لەسەر دڵسۆزیی و پشتیوانیی زۆربەی کرمانجایەتی هەڵدەچنی. هەمانکات سامی ئەوڕەحمان و مەحمود عوسمانی کۆنە باوەڕپێکراوانی بارزانییش، هەڵوەدای ئارمانجی تایبەتی خۆیان بوون. تاڵەبانی ڕێکخراوێکی بە نێوی

(یەکێتی نیشتمانیی کوردستان)ەوە دروستکردو پەیوەندیی بە یەکەم مەفرەزەکانی شۆڕشەکەی کوردستانی خوارووەوە کردو پاشان خۆی جڵەوی ڕێبەریی گرتە دەست. ١٩٧٧ بنکەی سەرکردایەتی یەکێتی نیشتمانیی لە دیمەشقەوە گوێزرایەوە بۆ کوردستانی عێراق. جووتە کوڕەکەی بارزانییش بە دوویدا: هەر لە ئێرانەوە دەستیانکردەوە بە دامەزراندنەوەی پارتەکەیان، نێویاننا (پارتی دێموکراتی کوردستان-سەرکردایەتی کاتی). سامی ئەورەحمان بە چەند صەد پیاوێکەوە جموجۆڵی پێشمەرگانەی لە نێوچە سنوورییەکانی تورکیاو عێراقدا دەستپێکردەوە. لە ئاوریلی ١٩٧٨دا شەڕو پێکدادانێکی توند لە نێوان هەردوك ڕێکخراوەکەدا ڕوویدا. پیاوەکانی تاڵەبانی شاڵاویان بردە سەر بارەگای سامی، بەڵام بە کوشتارێکی زۆرەوە خراپ شکێندران. هەردوکلا تەواو لاواز بوون، شیرازەیان تێکچوو. ساڵێ پاشتر سامی دەگەڵ جووتە بارزانیی برادا تێکیداو بۆ خۆی پارتێکی دیکەی دروستکرد. مەحمود عوسمانی گوردێریان هەرزوو جودابووەوەو ڕێکخراوێکی سەربەخۆی دروستکرد، ١٩٧٩ دەگەڵ باڵێکی داپچڕاو لە یەکێتی نیشتمانیی کورستاندا یەککەوتو پێکڕا حیزبی سۆسیالیستی کوردستانیان دامەزراند. ئالەو ئانوساتانەدا شۆڕشی گەلانی ئێران شایەنی باری سیاسی نێودەوڵەتانی قڵپکردەوە، کوردیش پڕیشکێکی بەرکەوت.

١-٧-٢ کوردستانی تورکیا لە ١٩٦٠ەوە تا ١٩٨٠

هەستی نەتەوایەتی کورد کە لە ساڵەکانی بیستو سیدا، تەواو سەرکوێرو سەرکوتکرابوو، لە شێستەکاندا هێدی هێدی بووژایەوەو تینی تێکەوتەوە. بێشك سەرکەوتنەکانی بارزانی لە عێراقدا هاندەرێکی چاك بوون، وەڵێ گەشەکردنی سیاسیی و کۆمەڵایەتیی و ئابووری تورکیا خۆیشی، بارێکی ئاوهای خوڵقاند کە هەستی نەتەوایەتی کورد سەرپێکەوێتەوە. گەلەك لەو کوردانەی لە گوندەکانی کوردستانەوە بۆ باژێڕە مەزنەکانی خۆرئاوای تورکیا ڕەویاندەکرد، هەستیان بەو جوداوازییە کولتووریی و گەشەکردنە ئابوورییە فراوانەی خۆرهەڵاتو خۆرئاوای تورکیا دەکرد. جگە لەوە، تا دەهات لاوانی کورد زێتر دەرفەتی خوێندنیان بۆ دەڕەخساو تێکەڵ بە سیاسەتبازی دەبوون.

ساڵی ١٩٦١ دەستوورێکی نوێ بۆ تورکیا دانرا، کە ئازادییەکی سیاسی تا ئەودەم نەدیتراوی هێنایە گۆڕێ. پارتێکی سۆسیالیست بە نێوی "پارتی کارکەرانی تورك"ەوە دروستکرا. یەکێك لەو کێشانەی کە ئەم پارتە خۆی بۆ تەرخاندەکرد، گرفتی پەرەنەستاندنی خۆرهەڵاتی تورکیا بوو، کە سیاسەتی دژەکوردی لەوەبەر بە هۆکاری دەزاندرا. بەپێی تیخوێندنەوەی تیۆرییە مارکسیزمە کلاسییەکان، مافی دیارکردنی چارەنووسی میللەتان کرایە بەرنامە. پارتەکە لایەنگری فرەی لەنێو ڕۆشنبیرانی کورددا پەیدا کردو بووە بنەمای بزووتنەوەی پاشەڕۆژی کوردی تورکیا.

کوانوویەکی دی "پارتی دێموکراتی کوردستانی تورکیا" بوو، کە بە نهێنی تێدەکۆشا. ئەم پارتە لە ساڵی ١٩٦٥ لە لایەن دەستەیەك ڕۆشنبیری سەر بە توێژاڵە ئۆرۆستۆکراتییە تەقلیدییەکەوە دروستکراو لەژێر تینو تاوی بارزانیدا بوو. هەردوك پارتەکە لە کۆتایی شێستەکاندا سەرگەرمی دامەزراندنی کۆمەڵەی کولتووریی و ڕێکخستنی کۆڕو کۆبوونەوەی جەماوەریی بوون لە شارەکانی کوردستاندا. پاش کودەتا سوپاییەکەی ١٩٧١ گەلەکیان گیرانو ئەوانەی مانەوە ناچاری چالاکیی نهێنی بوون. بڕێکیان بۆ کوردستانی عێراق هەڵهاتنو خواستیان شەڕی چەتەگەریی دژی تورکیا دەستپێبکەن. دیارە بارزانی بواری سەرەڕۆییەکی نەدەدا کە جێپێی

خۆی بنکەل بکات. جووتە سەرکردە گوردێرەکەی هەردووباڵی پارتی دیموکراتی کوردستانی تورکیا، بە کارەساتێکی لێڵ و نادیار تێداچوون(٣٢)، کە پاشان تۆوێکی زۆری بەدگومانیی چاند.

پاش وەرچەخانەوەی تورکیا بەرەو دیموکراسێتی و سیستێمی پارلەمانی لە ١٩٧٣دا، ڕێکخراوە کوردییەکان بەزوویی تەشەنەیانکردو ڕوویان لە ڕادیکالێتی کرد. هەر زووتر، بەر لە ١٩٧٠ داوا گرنگەکانی کورد بۆ گەشەپێدانی ئابووری ویلایەتە کوردییەکان و دانپێدانانی مافە کولتورییە سەرەتاییەکانی (وەکی خوێندن و نووسینی کوردی) کرابوونە ئارمانج. لە حەفتاکاندا ڕێکخراوە کوردییەکان پێشبڕکێییان بوو لەسەر ئەوەی داخۆ کامەیان داخوازیی توندڕەوانەتر دەکاتە دروشمی و بەگشتی ملیان بەرەو جوداخوازی دەنا. ئەم ئارەزووە بەوە شێلگیرانەتر بوو کە چەپی تورک ((یەکێك لە دۆستە نێزیکەکانی بزووتنەوەی ئازادیخوازانەی کورد))، یا لە کێشەی کورد دەسڵەمییەوەو خۆی تێنەدەگەیاند، یاخود خۆی دەکردە دەمڕاست و ڕدێن سپیی. سەردەمی لاوازیی دەستەڵاتی نێوەندیی لە ساڵانی ١٩٧٥وە تا ١٩٧٨، بە لیبەراڵترین قۆناغی مێژووی تورکیا دەژمێردرێت، دەرفەتی چالاکیی و جموجۆڵێکی بەرچاوی لە بواری ڕێکخستن و پڕوپاگەندەدا بۆ ڕێکخراوە کوردییەکان ڕەخساند. هەتا لە گچکەترین شارۆچکەکانیشدا لقی چەندین ڕێکخراوی کوردی دامەزران، کۆڕو کۆبوونەوەی سیاسی ڕێکدەخراو دەمەتەقێ دەکرا. بەڵام جوداوازیی ئیدیۆلۆژیی و بەر لە هەرشتێك دوژمنایەتی و ڕەکەبەرایەتی تاقەکەسی، هۆکاری چەندین دووبەرەکی و کەرت و پەرتبوون بوون و ڕێکخراوەکانیان داوەشاند، تا کۆتایی حەفتاکان نێزیکەی ١٠ ڕێکخراوی جوداواز قوتبوونەوە.

کە ١٩٧٦، ١٩٧٧شۆڕشی نوێی کوردستانی عیراق هەڵگیرسایەوە، بڕێك ڕێکخراوی کوردستانی تورکیا کەوتنە هاریکاریی ڕێکخراوە هاوبیرەکانیان و کۆمەکی لۆجیستیکی چاکیان پێکردن، هەندێکیشیان تەنها خۆیان بە کوردستانی تورکیاوە خەریکدەکرد. چەندێکیان توانییان هەندەك مەڵبەند بخەنە ژێر ڕکێفی خۆیانەوەو ئەمە جارجارە دەبووە هۆی شەڕو پێکدادان دەگەڵ ڕێکخراوە تورکی و کوردییە گوردێرەکانیاندا. ڕێکخراوێکیان کە نێوی (پراتی کرێکارنی کورد PKK)ی لەخۆنا، بانگی جەنگی "دژە کۆلۆنیالزم"ی هەڵداو زەبری شۆڕشگێڕانەی لە "تورکە کۆلۆنیالیستەکان"و کوردە "بەکرێگیراو"و "خیانەتکارەکان" وەشاند. "خیانەتکاران" سەرەکهۆزو سیاسەتبازو ئەندامانی ڕێکخراوە گوردێرەکان بوون. زەبرێکی هێند توندو دڵڕەقانەیان لەسەرەکهۆزەکان وەشاند، کە مەگەر لەوەبەر جارجارە لە سەرکهۆزەکان خۆیان وەشابێتەوەو شۆڕەتیان پێپەیداکردبێت، بەوە دەستەڵاتی PKK لە هەندەك مەڵبەندو نێوچەدا زاڵبوو.

توندڕەویی سیاسی، نەك تەنها خۆرهەڵات، بەڵکە سەرتاسەری تورکیای گرتەوەو زەبرو زۆر باڵیکێشا. لە دێسەمبەری ١٩٧٨دا یاسای جەنگ سەپاو دەستدرایە سەرکوتکردن و سسزادانی توندی چەپی و کوردە ناسیونالیستە چالاکەکان. ئەمە بە زۆری ئەو ڕێکخراوو داوو دەزگەیانەی گرتەوە کە ئاشکرا کاریاندەکرد، وەکی حڤاتی کرێکاران و دەزگە کولتورییەکان. سەرەڕای یاسای جەنگ و سەرکوتکردنیش، خەباتی نهێنی هەربەردەوام بوو. ڕێکخراوەکان لە سەرتاسەری کوردستانی تورکیادا سەرگەرمی پڕوپاگەندەی سیاسی خۆیان بوون. گەر کەسێکی (وەکی من)، لە کۆتایی حەفتاکاندا ڕێگەی کەوتبا گوندەکانی کوردستان، پاڵپشت و پشتیوانی پتەوی بزووتنەوەی نەتەوایەتی کوردی لەوێ دەدیت، هەرچەندە لە بڕێك هەرێم و نێوچەدا شەڕەزرتانێی ڕێکخراوە گوردێرەکان هێوری و ئارامییان شلەقاندبوو.

لە ١٢ی سێپتەمبەری ١٩٨٠دا، سوپا دەستەڵاتی گرتەدەست و وولاتی پاکژکردەوە. ڕشبگیریی و شاڵاوی سوپایی، شیرازەی ڕێکخراوە کوردییەکانیان هەڵتەکاند. بەوپەڕی تواناوە هەوڵدەدرا چ لەڕێگەی ﴿سەرکوتکرنی

جوداخوازان‌و تواندنه‌وه‌و چ له‌ ڕێگه‌ی بوژاندنه‌وه‌ی باری ئابوورییه‌وه‌ (هه‌ڵبه‌ت بێ سه‌رکه‌وتنێکی ئه‌وتۆ)﴾، بزووتنه‌وه‌ی نه‌ته‌وایه‌تی کورد سه‌رکپ‌و خامۆشکرێت(٣٣).

### ١-٧-٣كوردستانی ئێران‌و شۆڕشی ئێران

پاش کۆماری مه‌هاباد، ئیدی له‌ کوردستانی ئێراندا زۆر ده‌گمه‌ن‌و له‌ بوارێکی هێجگار ته‌نگدا بزووتنه‌وه‌ نه‌ته‌وایه‌تی کورد ده‌بزوا. پاشماوه‌کانی پارتی دێموکرات جارجاره‌ به‌ دزییه‌وه‌ چالاکییه‌کیان ده‌نواند، هاریکارییه‌کی بێئه‌ندازه‌ی حیزبی توده‌یان ده‌کرد. کوده‌تاکه‌ی ١٩٥٣، که‌ شای گێڕاوه‌ سه‌ر خوانی ده‌سته‌ڵات، ڕه‌شبگیریی‌و په‌ره‌وازه‌کردنی هێزه‌ مه‌ترسیداره‌ هه‌ڕه‌شه‌که‌ره‌کانی به‌ده‌مه‌وه‌بوو. حیزبی توده‌ داڕزێندرا، سه‌رکرده‌کانی پارتی دێموکرات یا گیران، یاخود په‌رپده‌ی هه‌نده‌ران بوون. پێده‌چێت ژماره‌یه‌کی هێجگار که‌می کادێره‌کانی له‌ کوردستاندا مابنه‌وه‌. بزووتنه‌وه‌ی نه‌ته‌وایه‌تی کوردی عێراق، کارێکی زۆری کرده‌ سه‌ر کوردی ئێران. وه‌ك ده‌رده‌که‌وێت، چالاکییه‌ نوێکانی پارتی دێموکرات له‌ ١٩٦٢ به‌دواوه‌، بریتی بووه‌ له‌ کۆکردنه‌وه‌ی پیتاك‌و خواردن‌و جلوبه‌رگ‌و پشتگیریی لۆجیستیکی بۆ پێشمه‌رگه‌کانی بارزانی.

له‌نێوه‌ڕاستی شێسته‌کاندا، له‌ نێو ئه‌ندامه‌ چالاکه‌کانی پارتی دێموکراتدا ﴿که‌ زۆربه‌یان له‌ کوردستانی عێراق بوون﴾، دوو ڕێباز سه‌ریانهه‌ڵدا. ڕێبازێکیان ده‌یخواست وه‌کی ڕێکخراوێکی پشتگیریکه‌ر له‌ بزووتنه‌وه‌که‌ی بارزانی بمێنێته‌وه‌، یه‌کێکی دیکه‌یان که‌ له‌ ئه‌ندامه‌ لاوو ڕادیکاڵه‌کان پێکهاتبوو، له‌ پێوه‌ندییه‌ توندو تۆڵه‌که‌ی بارزانی به‌ ئێرانه‌وه‌ دردۆنگ‌و له‌ زاڵبوونی ده‌سته‌ڵاتی به‌سه‌ر پارته‌که‌یاندا ناڕازیبوون. بارزانی‌یان به‌وه‌ تاوانبار ده‌کرد، که‌ بۆ مه‌به‌ست‌و ئاره‌زووی خۆی، به‌هۆی وابه‌سته‌یی به‌ شاوه‌، ڕێگه‌ی خه‌باتیان لێده‌به‌ستێته‌وه‌. له‌و باوه‌ڕه‌وه‌ که‌ گوایه‌ باری کوردستانی ئێران بۆ شۆڕش‌و ڕاپه‌ڕین هه‌مواره‌ له‌ژێر تاوی ئێورییه‌ ئه‌و ده‌م جه‌ماوه‌ر هه‌ژێنه‌کانی چیڤارادا، برێك له‌ ڕادیکاڵترین ئه‌ندامه‌کانی گه‌ڕانه‌وه‌ کوردستانی ئێران‌و ساڵانی (١٩٦٧/١٩٦٨) هه‌وڵیاندا زه‌مینه‌ بۆ شه‌ڕی چه‌ته‌گه‌ریی خۆشکه‌ن. له‌ ڕاستیدا هیچ سه‌رکه‌وتنێکیان وه‌ده‌ست نه‌هێناو له‌ هیچ جێیه‌ك جووتێران پشتگیرییه‌کی ئه‌وتۆیان لێنه‌کردن، له‌ماوه‌ی ساڵێکدا ساواك‌و ژاندارم توانییان ڕیشه‌کێشیانکه‌ن. قاو وابوو گوایه‌ پیاوه‌کانی بارزانی له‌ ده‌ستگیرکردنی ئه‌و شۆڕشگێڕانه‌دا به‌شدار بوون. ئه‌و تاوانه‌ نه‌قه‌ت ئیسپاتکراو نه‌ هه‌ڵته‌کێنرا، وه‌ڵێ بووه‌ پاشخانی گه‌شه‌کردنی ڕچه‌یه‌کی دژه‌بارزانی له‌ نێو کورده‌کانی ئێرانداو هۆکاری چه‌ندین پێکداهه‌ڵپژانی له‌وه‌دوا.

ئیدی له‌ ١٠ساڵه‌که‌ی له‌وه‌پاشیدا، هیچ جۆره‌ جموجۆڵ‌و چالاکییه‌کی ڕێکخراوه‌یی له‌ کوردستانی ئێراندا نه‌ما. ساواك‌و ژه‌ندارم نیچوچه‌که‌یان ته‌واو ته‌واو له‌ژێر ڕکێفدا بوو. به‌پێی یاسای "نان‌و شه‌ق" ڕه‌فتاریانده‌کردو به‌ سیاسه‌تی "گونجاندن یان تۆقاندن"، به‌ریان به‌ ڕاپه‌ڕین‌و به‌ربه‌ره‌کانێ ده‌گرت. تا ١٩٧٨، له‌ ساڵی شۆڕشدا، په‌شم‌و قینی په‌نگه‌وه‌خواردوو له‌ کوردستان‌و ئوستانه‌ شیعه‌کاندا به‌ ڕاپه‌ڕین‌و خۆپیشاندانی جه‌ماوه‌ریی ته‌قییه‌وه‌. له‌ هه‌نده‌ك شوێنی کوردستان، هه‌ر له‌ ١٩٧٧ه‌وه‌ بزووتنه‌وه‌ی گچکه‌و لێره‌و له‌وێی وه‌رزێران دژی ئاغاو ده‌ره‌به‌گه‌کان سه‌ریانهه‌ڵدا، ده‌نه‌ده‌ری ئه‌و جموجۆڵانه‌ ڕێکخراوێکی نهێنی بوو که‌ پاشان به‌ کۆمه‌ڵه‌ ناسرا. زۆربه‌ی خۆپیشاندان‌و ڕێپێوانه‌کانی ١٩٧٨ له‌لایه‌ن کۆمیته‌ی له‌ناکاوو تازه‌ دامه‌زراوه‌کانه‌وه‌ ڕێکده‌خران، که‌ زه‌قترین‌و گرنگترین داواکارییه‌کانیان، ئازادکردنی به‌نده‌سیاسییه‌کان‌و گۆڕینی سیستێمی سیاسی بوون.

هێشتا هیچ پارتو ڕێکخراوێك لە گۆڕێدا نەبوو تا جڵەوی ئەو جموجۆڵو چالاكییانە بگرێتەدەستو ڕێكیانخات. سەركردایەتی پارتی دێموكرات لە نیوەی دووەمی ساڵی ١٩٧٨دا لە پەرپیدەیی هەندەران گەڕایەوە ئێران، بۆیە بۆی نەلوا دەمودەست بزووتنەوە سیاسییە خۆسەرییەكان بخاتە ژێر ڕكێفی خۆیەوە. لەگەڵ ئەوەشدا، بزووتنەوەكە گەشگەش سیمای بزووتنەوەیەكی نیشتمانپەروەرانەی كوردی لێنیشت. عیززەدین حوسەینی، ئیمام جومعەی مەهاباد، كە تا ئەو دەمە كەسایەتییەكی تا ڕادەیەك نەناسراو بوو، وەكی سەركردیەكی هێژاو درەوشاوە كەوتە پێشچاوان. چ لەلایەن ئیماندارانەوەو چ لەلایەن چەپییە ڕادیكالەكانیشەوە پەسەندكرا. هەڵبەت چ پارتی دێموكراتو چ كۆمەڵە لە مەهابادو سنەی جەرگەی مەڵبەندی چالاكییانەوە، لە هەڵپەی دروستكردنی ڕێكخراوەكانیاندا بوون، تا بتوانن لە دەرفەتی گونجاوو لەباردا حوسەینیو ئەو سەركردە هەڵكەوتووانەی لە بۆتەی شۆڕشدا خوڵقان، كەناریانخەن.

هەر كە ڕژێمی شۆڕشگێڕ دامەزرا، لە فێبریوەری ١٩٧٩دا گفتوگۆو ووتووێژی نوێنەرانی كوردو ڕژێمی شۆڕشگێڕی تازەكوورە دەستیپێكرد. متمانەو لێكتێگەیشتن هێجگاركەم بوو، چونكە لە هەردوكلادا چەندین باڵو چەقی دەستەڵاتی ناحەزو دژبەیەك پەیدابووبوون. لە مانگەكانی یەكەمدا چەندین جار لە كوردستان تەقەو پێكداهەڵپژان لە نێوان كوردە نیشتمانپەروەرەكانو لایەنگرانی ڕژێمی ئیسلامیدا ڕوویداو هەرلایەك ئەوی دی بە دەستدرێژكەر دادەنا. لەو دەمانەدا كوردەكان لەسەر گرنگترین داواكارییان یەككەوتن: ئۆتۆنۆمی بۆ سەرتاسەری نێوچە كوردنشینەكان. لەلایەكەوە كوردەكان ترسی ئەوەیان هەبوو كە دەستەڵاتدارە ئیسلامییەكان هێندەیان پێڕەوا نەبینن و ئەو ڕوونیشاندانە ناچاری بێت، لەلا كەی دییەوە دەستەڵاتدارە ئیسلامییەكان لە دڵسۆزیی كورد بۆ شۆڕشی ئیسلامی بەدگومان بوون: ئەوەبوو كوردەكان لەسەر داخوازیی پارتی دێموكراتو كۆمەڵە، بەشداریی ئەو گەلپرسییەیان نەكرد كە بۆ دامەزراندنی كۆمارێكی ئیسلامی سازكراو یەكپارچە دوورەپەرێز وەستان. پرۆگرامی پارتی دێموكرات ئەوپەڕی دنیایی بوو، پرۆگرامی كۆمەڵەش دژە ئاینی. جگە لەوانەش پارتی دێموكرات سەردەمێكی دوورو درێژ پێوەندییەكی دۆستانەی پتەوی لەگەڵ ڕژێمی بەغدا (ئەهریمەنی گچكە)دا هەبوو. لە ئۆگوستی ١٩٧٩دا، پزیسكی پێشهاتێكی چكۆلەی یەكێك لە شارە سەرسنوورییەكان، كڵپەی گڕی یەكەم شەڕی دژەكوردی هەڵایسان. لەشكر شارە كوردەكانی گرت، صەدان كەس لەو شەڕانەدا كوژران، گەلەكی دی پاشان ئیعدامكران، هەزاران هەڵوەدای كێوان بوون. پاش چەند مانگێك ئاگربەس كراو گفتوگۆ دەستیپێكرد. هەرچەندە هەڵبژاردنەكەی پارلەمان لە مارتی ١٩٨٠دا تەنها هەندەك شوێنی كوردستانی گرتەوە، لەگەڵ ئەوەشدا پشتگیرییەكی بەربڵاوی پارتی دێموكراتی سەلماند. لە ئاوریلدا هێرشێكی نوێ دەستپێكرایەوەو هەمدیسان ئاگربەسێكی لەرزۆكی بەدووداهات. لە ١٩٨٠/٩/٢٣دا عێراق شاڵاوێكی كوتوپڕی بردە سەر ئێرانو جەنگێك هەڵگیرسا كە وارو وێخی هەردوولای هەڵتەكاند، كوردی هەردوكلاش كەوتنە نێوان مستەو دەزگاكەوە(٣٤).

### ١-٧-٤ حاڵو بارەكە لە ١٩٨٠ بەدواوە

پێشهاتە نوێكان بۆ كورد هێجگار نالەبار بوون. ڕژێمەكانی ئێرانو عێراقو توركیا گەلە لەشكری خۆیان لە نیشتمانپەروەرانی كورد بەردا. سەركوتكردنو تۆقاندن باڵیكێشاو كەسی هەڵنەدەبوارد، هیچ حسێبێك بۆ مافی مرۆڤ نەدەكرا. دوو بەرەی گرنگ لە جەنگی ئێرانو عیراقدا دەكەوتنە كوردستانەوە، لە هەردووبەری سنوور گەلەك گوند خاپووركران. هەتا جەنگیش شەڕی دژەكوردی هەردوو ڕژێمی پێڕانەگیرا. هەردوولاش-

سەرکەوتوانە-هەوڵیاندەدا کوردی لایەنەکەی دی بکەنە هاوسەنگەری خۆیان. ئۆردووی تورک پەرپییەوە کوردستانی عێراق و بۆ شالاوی دیکەش خۆی مەڵاسدا. سەرباری ئەوەش پارتە سیاسییەکانی کورد تەنها ڕووبەڕووی حوکومەتەکانی خۆیان نەوەستانەوە، بەڵکە سەنگەری دوژمنایەتیشیان لە یەکدی گرت و جارجارەش تێکبەردەبوون. کوردستانی هەشتاکان وێنەیەکی ئاڵۆزو شێواوو پاشەڕۆژ نادیارە. لەوەش شلێوتر ئەوەیە کە گەلەك ڕێکخراوی ئۆپۆزیسیۆنی دیکە، بارگەو بنەی لە کێوەکانی کوردستاندا خستووە. پارتی کۆمۆنیستی عێراق، بە گەلەك ئەندامی کوردیەوە، پاش تۆرانە هێجگارییەکەی ١٩٧٨ی لە صەدام حسەین، بنکەی سەرکردایەتی بردە کوردستان. موجاهیدینی خەڵق، لە ١٩٨٠وە بارەگای لەوێ هەیە. گەلەك ڕێکخراوی ئۆپۆزیسیۆنی گچکەی دیکەش، کە دەگەڵ ڕێکخراوە کوردییەکاندا بەرەی هاوبەشیان پێکهێناوە لەوێن، ئەم هەموو تێکەو لێکانە پێناچێت بەرقەراربن و پاشەڕۆژێکی ڕوونیان هەبێت.

لە کوردستانی عێراق دوو ڕێکخراوی گرنگ هەن: یەکێتی نیشتمانییەکەی تاڵەبانی و پارتە هەمدیسان دامەزرێندراوەکەی جووتە برا بارزانییەکە. پارتە گچکە سۆسیالیستەکەی کوردستان و پارتە کۆمۆنیستە عێراقییە لێوەشاوە سیاسییەکە، سەرەتا دەگەڵ یەکێتی نیشتمانییداو پاشان دەگەڵ پارتدا بەرەیەکیان پێکهێنا، کە تۆوی بەدگومانییەکی زۆری لە نێوان ئەوان و یەکێتی نیشتمانییدا وەشاندو پاشانیش چەندین شەڕی خوێناوی لە نێواندا هەڵگیرساندن.

پارتی دێموکراتی کوردستانی عێراق تا ڕادەیەکی زۆر وابەستەی ئێرانە، زۆربەی هەرەزۆری پێشمەرگەکانی، ئەو کوردە عێراقیانەن کە لە ئێران پەنابەربوون. بارزانییەکان پێوەندییەکی دۆستانەی دێرینیان دەگەڵ خێڵەکانی باکووری کوردستانی ئێراندا هەیە، دەنا لای کوردەکانی دیکەی ئێران زۆر دزێوو ناپەسەندن. ١٩٧٩و ١٩٨١ بڕێك کێشەو گرفتی گچکە لە نێوانیاندا ڕوویدا، وەلێ ١٩٨١ پارتی دێموکراتی کوردستانی عێراق ئاشکرا پەلاماری پارتی دیموکراتی کوردستانی ئێرانی‌داو بۆ دەرپەڕاندنیان لە بنکەکانی باکووری ئێرانیان، پشتگیری لەشکری ئێرانیان کرد. ئەو پێشهاتە پارتی دیموکراتی کوردستانی ئێران و یەکێتی نیشتمانیی لێك نێزیك خستەوە. چ پارتی دیموکراتی کوردستانی ئێران و چ کۆمەڵە، لەڕووی داراییو لۆجیستیکییەوە وابەستەی عێراقن، لەگەڵ ئەوەشدا پێدەچێت چکێك سەربەخۆیی خۆیان پاراستبێت. هەرچەندە هاریکاریی ئاشکرا دەگەڵ یەکێتی نیشتمانییدا نەدەشیا، بەڵام وادیارە ١٩٨٤ پارتی دیموکرات ڕۆڵی نێوبژیکەری لە نێوان یەکێتی و ڕژێمی بەغدادا دیت و گفتوگۆ سازکرا. (وەلێ نەگەیشتنە هیچ ئاکامێك). هەڵبەت مەڵبەندو بنکەی سەرەکیی پارتی دێموکرات دەوروبەری مەهابادە، بەڵام پێدەچێت بەرەو خوارتریش جەماوەری چاکیان هەبێت.

کۆمەڵە گەورەترین گوردێری پارتی دیموکرات بوو، بنکەی جەماوەری دەوروبەری سنە بوو، پاشان دەگەڵ ڕێکخراوێکی گچکەی نا کورددا یەکیانگرت و پێکرا پارتی کۆمۆنیستی ئێرانیان پێکهێنا. پێناچێت هیچ ڕێکخراوێکی کورد توانیبێتی لە نێو شیعە کوردەکانی باشووری کوردستانی ئێراندا، کە زۆربەیان پشتگیریی ڕژێمی ئیسلامی ئێران دەکەن، جێپێی خۆی بکاتەوە. هەر لەسەرەتاوە کۆمەڵەو پارتی دێموکرات کەوتنە دوژمنایەتی یەکدی: کۆمەڵە پێیوایە پارتی دێموکرات ڕێکخراوی فیۆدال و بۆرژوایانە، پارتی دێموکراتیش کۆمەڵە بە سەرکێش و توندڕەوو زرە چەپ نێودەبات. لە ڕاستیدا لە ڕووی ڕەچەڵەکی ئەندامانیانەوە هیچ جوداوازییەکی ئەوتۆیان نییە. هێندە هەیە کۆمەڵە ئەندامی لاوو تا ڕادەیەك ڕووناکبیری زۆرە کە شانازی بە هەڵوێستی سەرکەشانەی خۆیانەوە دەکەن، بەڵام پارتی دیموکرات زۆر بە تەنگ ئەوەوەیە کە دڵنەوایی کەسایەتییە نەریتییە ناسراوەکانی کوردستان بکات(٣٥).

پاش کودەتاکەی ١٩٨٠ی تورکیا، ئەندمە چوستو چالاکەکانی ڕێکخراوە جۆربەجۆرەکانی کورد، یا بۆ کوردستانی ئێران هەڵهاتن، یاخود بۆ کوردستانی عێراق. پەیوەندییان بە کوردستانی تورکیاوە بە دەگمەنو هەڵکەوت بوو، پێدەچوو ئوردووی تورک توانیبێتی ڕیشەی زۆربەی پارتو ڕێکخراوەکان بدۆزێتەوەو زەبری کوشندەی لێدابن. ئیدی هیچ هەوڵێکی ڕاستەقینەی ئەوتۆیی لە کوردستانی تورکیادا بۆ چالاکیو جموجۆڵی سیاسیو کەوتنەوە گەڕ، نەدرا، جگە لە تاقە حاڵەتێك نەبێت: لە ١٩٨٤ەوە پارتی کرێکارانی کوردستان PKK، لە بنکەکانی باکووری عێراقەوە (بەتایبەت لەو نێوچانەوە کە لەژێر ڕکێفی بارزانیان دان) پێشمەرگەی چەکدار دەنێرێتەوە تورکیا. ئەو پێشمەرگانە پەلاماری تیپەکانی ئۆردووی تورکو خۆفرۆشانی کورد دەدەن، بەڵام پێناچێت لەلایەن دانیشتووانی نێوچەکەوە پشتگیریەکی ئەوتۆیان لێبکرێت ﴿ڕەنگە زێتر لەترسی تاڵاوی تۆڵەی تورك بێت﴾.

پێدەچێت PKK زەبرو زۆر بە تەنها ئامراز بزانێت بۆ سەپاندنی خۆو دەستخستنی کایەی ڕێبەرایەتی لە نێو ڕێکخراوە کوردییەکانی تورکیادا. بۆیە بێ پێشچاوگرتنی سەرکەوتنێکی ئەوتۆ، درێژە بە خەباتی چەکدارانە لە کوردستانداو بەربەرەکانێی ڕێکخراوە گوردێرەکانی لە کوردستانی عێراقو دەرەوەدا، دەدات(٣٦).

لایەنگرە چوستو چالاکەکانی پارتو ڕێکخراوە کوردییەکان، هەمیشە کەمینەیەکی کەم بوون. ڕژێمی عێراق گشت کات لە توانایدا بووە هێندەو زێتریش کورد بۆ دژایەتی بزووتنەوەی ئازادیخوازی کورد خڕکاتەوە. هەتا لە ئێرانو تورکیاش لەو دواییانەدا دەوڵەت توانیویە کوردێکی زۆر بۆ بەرنگاربوونەوەی بزووتنەوەی نیشتمانیی کورد پەیدابکات. ئەز لەو گەشتە دوورو درێژانەی کوردستانمدا، لەبەر ڕۆشنایی هەزاران ووتووێژو دەمەتەقێمدا، بۆم ئاشکرابووە کە هەستی نەتەوایەتی لە نێو کورداندا هێجگار بەربڵاوە، هەتا لە نێو ئەوانەشدا کە لە خەباتو تێکۆشان دوورەپەرێزن. لەگەڵ ئەوەشدا هەستو سۆزی یەکێتیو یەکبوون هێندە ڕەگ داکوتاوو سەقامگیر نییە کە بتوانێت جوداوازییەکانی دی کەلاخات. کۆمەڵەو پارتی دێموکراتی کوردستانی ئێران، پارتی دێموکراتی کوردستانی عێراقو یەکێتی نیشتمانیی، PKKو گەلەك ڕێکخراوی دیکەی کوردستانی تورکیا، (تا ڕادەیەك) نوێنەرایەتی چەندین چینو توێژی جۆراوجۆری کۆمەڵگە دەکەنو زۆر جوداوازیی سیاسیو ئیدیۆلۆژییان لە نێواندایە. کێشەو گرفتی نێوانیان، ئاوێنەی باڵانمای ئەو پێبەندیو دژایەتییە بنجییانەن کە ئەم کتێبە خۆی پێوە خەریکدەکات، تا مەودایەك دەگەڕێنەوە بۆ ئەو دەورو ڕۆڵە صەدان ساڵ دێرینەی کوردستان وەك کەوشەنی سنووری چەندین دەوڵەتی دوژمنی یەکدی. لەو بابەتانەدا کە مێژووی کوردی تێدا هەڵدەشێلین، چەندین نموونەی جووتو هاوتەریبی باری ئەوڕۆ دەبینینەوە.

بەندی دووهەم

٢. هۆز، سەرەکهۆز، ئەو دەستەو تاقمانەی سەر بە هیچ هۆزێك نین

بەهۆی فراوانی خاکیو هەمە چەشنەیی سروشتی ژینگەیو بەربڵاویی جموجۆڵو چالاکییە ئابوورییەکانیو کاریگەرێتی پێشهاتە مێژووییە نێوچەییە جوداوازەکانەوە، لە کوردستاندا ژمارەیەکی فرەچەشن ڕێکخراوی کۆمەڵایەتیو سیاسی تەرزیان فرێداوە.

توێژینەوە ئیتنۆلۆژییە بەردەستەکانی لەو ڕێکخراوانە کۆڵیونەوە(١)، بە پێی ڕێبازو جۆری لێکۆڵینەوەیان دەگۆڕدرێن. هەم حەزو ئارەزووی لێکۆڵەرەوەو هەم تەگەرەو بەرهەڵستەکان ڕەنگپێدەدەنەوەو لێکۆڵینەوەکە دەترنجێننە کونجی بابەتێکی سیاسی هەژاوەوە. ئۆباڵی ئەو دژایەتیو ناسازییانەی لەو لێکۆڵینەوانەدا

دەدیترێن، تەنها گەردنی ئیتنۆلۆژەکان ناگرێتەوە، چکێکیشی دەکەوێتە ئەستۆی هەڵکەوتی کۆمەڵگەکە خۆی. جگە لەوە ئەو لێکۆڵینەوانە پەلیان بۆ گشت لایەنێك نەهاویشتووەو سەراپایی نیین.

لەڕاستیدا ناتوانرێت هیچ یەك لەو ڕێکخراوانە بە "تایبەت بە کورد" دابنرێت. گەر سەرپێیی تێبڕوانین "ڕێکخراوی کۆمەڵایەتی کورد"ی ڕەسەن بەدی ناکەین. جوداوازییەکان هێجگار قەبەو زەقن، لەگەڵ ئەوەشدا دەشێت هێندێك یاسای گشتی لەو جوداوازییە تایبەتانە هەڵگوزینو ئەز وەکی بنەمای گەلەك شێوەی ڕاستەقینەی ڕێکخراوە کۆمەڵایەتیەکان مامەڵەیان دەکەم. بۆ هەر بابەتێکی باسکراو، نموونەیەکی شیاو دەهێنینەوە.

لەسەرەتادا، لەبابەتی یاسا گشتییەکاندا، شیرازەی یاسایەکی گشتییم دەستنیشانکرد: ئەویش ئەو وەچانە بوون کە لەبەرەبابێك کەوتوونەوەو ژنو ژنخوازییان هەر لەنێو خۆیاندایە. گشت کوردان خێڵەکی نیین، لەگەلەك جێ ئەوانەی سەر بەهیچ خێڵێك نیین، زۆربەی دانیشتووان پێکدەهێنن. شایانی باسە کە جوداوازیی نێوان کوردی خێڵەکیو کوردی ناخێڵەکی لەلایەن کوردان خۆیانەوە دەستنیشانکراوەو پڕاویڕی ئەو پێوەرانەیە کە کۆمەڵناسەکان دیارییان کردووە. (لە بوارێکی دیکەدا باسی کوردی ناخێڵەکیو پێوەندی بە خێڵەکانەوە دەکەین). ناخێڵەکییەکان بە نێزیکە لە گشت سەردەمێکدا، (لایەنی کەم تا ئەم سەروەختە)، لەڕووی سیاسیو ئابوورییەوە پەیوەستەو پێبەندی کوردە خێڵەکییەکان بوون، یانی دیاردەی فیۆدالیزم بەسەر شیرازەی خێڵدا زاڵە.

## ٢-١ هۆزو دابەشبوونی

خێڵە کوردەکان یەکەیەکی کۆمەڵایەتی سیاسینو بەگشتی بە مەڵبەندێکەوە بەستراونەوەو لەو ڕووەوە یەکەیەکی ئابووریش پێکدەهێننو لەسەر بنەمای ڕەچەڵەكو خزمایەتییەکی ڕاستەقینە یاخود هەڵبەستراو هەڵچوونو شیرازەیەکی نێوخۆیی دیاریکراویان هەیە. خێڵ لەچەند کەرتێکی لەخێڵ گچکەتر پێکدێتو ئەوانیش لەچەند یەکەیەکی گچکەتری وەك تیرەو تایەفە...هتد، پێکدێن.

بە تێڕوانینی درەختی ڕەچەڵەك لەژێردا بۆ سەردا، ڕۆڵو پلەی خزمایەتی ئاشکرادەبێت. لەژێری ژێرەوە خێزان دێت، چەند خێزانێك کە سەرۆکەکانیان لەبەرەبابێك کەوتوونەوە، خۆیان بەنێزیكو کەسی یەکدیو لە خێزانەکانی دی جوداواز دەزانن، لەلایەن کۆمەڵناسانەوە بە بنەماڵە نێودەبرێن. هەڵبەت بنەماڵەکان لەڕووی قووڵیی بنەچەیانەوە جوداوازن، ئەمە بەوەوە پەیوەستە داخۆ دەتوانن چەند پشتی هاوبەشیان دەستنیشانکەن. کوردەکان تۆرەمەی خۆیان وەك نەتەوەکانی دی، هێندە بە ووردی لەبەرناکەن، لە خزمی نێزیکی وەکی ئامۆزاو پوورزاو خاڵۆزا بترازێت، ئیدی لە پلەو جۆری خزمایەتییەکە قوڵنابنەوە. لەنێو بنەماڵەدا پێوەندییە سیاسییەکە لە خزمایەتییە ڕاستەقینەکە لە پێشترە. ئەو جوداوازییەی کۆمەڵناسان لە نێوان تایەفە (Clan)و بنەماڵە (Lineage)دا دەیکەن، بۆ کورد زۆر شیاونییە. من هەرکات باسی تایەفە دەکەم، مەبەستم بەشێکە لە هۆز، کە نێوێکی پێکڕاییو سیاسەتێکی سەربەخۆو یەکگرتوویان هەیە. ئەو بنەماڵەیەش کە من مەبەستمە، لە تایەفە گچکەترەو لە ڕووی پێکهاتیشەوە لە خوارترەو گشتیان لە ڕەچەڵەکێك کەوتوونەوە.

زۆر خانەوادە هەن، بەهەر هۆیەکەوە بێت، خەڵکێکی زۆریان پێوەنیشتۆتەوەو گشتیان خۆیان بە بەشی یەك بنەماڵە دەزاننو لەکاتی پێویستدا پێکڕایی ڕەفتار دەکەن. پاش یەکدوو وەچە ئیدی زارو زیچیان بوونەتە بەشێکی تەواوو بە دەگمەن بیر لە بنەچە بێگانەکەیان دەکرێتەوە. هەندە تایەفەیەك، یاخود بنەماڵەیەك (هەتا

هۆزێکیش) له بنه‌چه‌دا له خێزانێکی ده‌سته‌ڵاتدار که‌وتوونه‌وه‌، له ئاکامی سه‌رکه‌وتنێکی سوپایی یاخود سیاسیدا، لایه‌نگرێکی فره‌ی تاکه تاکه یاخود بنه‌ماڵه‌ی لێخڕبۆته‌وه‌. پاش چه‌ند وه‌چه‌یه‌ك چۆنێتی که‌وتنه‌وه‌ی بنه‌چه‌که له‌بیر چۆته‌وه‌و سه‌رگورشته‌یه‌ك بۆ پێکهاتی ئێستای تایه‌فه‌که داتاشراوه‌و وا پێشاندراوه که گوایه گشتیان له‌به‌ره‌بابێك که‌وتوونه‌وه‌. Rondot باسی به‌سه‌رهاتێکی له‌و بابه‌ته‌ده‌کات‌و نموونه‌ی دوو تایفه‌که‌ی ئه‌تمانه‌کان (Etmankan)و مه‌حمودکان دێنێته‌وه که پێکڕا هۆزی ئۆمه‌ریانیان له کێوه‌کانی تۆرعابدین پێکهێناوه(٢). هێندێك له پیره‌کانیان هێشتا له یادیانه که هه‌ردوك سه‌ره‌کهۆز مه‌حمودو ئه‌تمان، هه‌تا بڕه خزمایه‌تیشیان له‌نێواندا نه‌بووه‌و ڕه‌عیه‌ته‌کانیان به‌نێوی ئه‌وانه‌وه نێونراون. پاش شه‌ڕێك کوره گچکه‌ڵه‌که‌ی ئه‌تمان ده‌داته پاڵ مه‌حمودکان، دواتر (به‌هۆی عه‌گیدی‌و مێرخاسییه‌وه‌) ده‌یکه‌نه سه‌رۆکی خۆیان، به‌و شێوه‌یه هه‌ردوك تایه‌فه سه‌رۆکیان له تایه‌فه‌ی ئه‌تمانه‌کان ده‌بێت. پاشان دوو تایه‌فه‌که ئاشتده‌بنه‌وه‌و ده‌ست له‌شه‌ڕی یه‌کدی هه‌ڵده‌گرن، که‌چی زۆر که‌س پێیوابوو گوایه مه‌حمودو ئه‌تمان برابوون‌و بابه‌ڵبابی تایه‌فه‌که‌بوون.

بۆ ڕوونکردنه‌وه‌ی شیرازه‌ی هۆزو ئاسانکردنی تێگه‌یشتنی، خشته‌ی ژماره (١) پێشچاوده‌خه‌م. ئه‌م دره‌خته له دوو گۆشه‌نیگاوه تێیده‌ڕواندرێت، شاقوولی، وه‌چه یه‌ك له دووی یه‌که‌کانی بنه‌ماڵه‌که پیشانده‌دات‌و تاقه سێگۆشه‌ی ڕیزی سه‌ری سه‌ره‌وه باپیره‌گه‌وره‌ی بنه‌ماڵه‌که‌یه‌. (هه‌ر سێگۆشه‌یه‌کی دیکه‌ش گوزاره له که‌سێکی زیندوو یاخود مردوو ده‌کات). وه‌کی دیکه‌ش شه‌فتولی، پله‌کانی شیرازه‌ی هۆزێك پیشان ده‌دات، که له ڕیزێکی گوزاره له پله‌یه‌کی ڕێکخراوه کۆمه‌ڵایه‌تییه‌که ده‌کات، وه‌کی هۆز(I)، تیره (II)، تایه‌فه (III)، بنه‌ماڵه (IV)، خێزان (V)(٣). له‌م حاڵه‌ته‌یاندا سێگۆشه‌کان گوزاره له تاکه‌که‌س ناکه‌ن، به‌ڵکه له یه‌که‌یه‌کی کۆمه‌ڵایه‌تی(٤).

### ٢-١-١ خێزان

دیارترین یه‌که‌ی پێکهاتی کۆمه‌ڵگه‌، خێزانه‌. زۆربه‌ی چالاکییه ئابوورییه‌کانی (ڕه‌وه‌ندو وه‌رزێران) له‌سه‌ر ئه‌م ئاسته هه‌ڵده‌سووڕێن. به‌شێوه‌یه‌کی گشتی خێزان کرۆکێکه له مێردو ژن‌و منداڵه (شوونه‌کردوو و ڕه‌به‌ن)ه‌کان پێکدێت. جار هه‌یه باپیره‌و داپیره‌و پوور، یاخود مام‌و خاڵیش ده‌گه‌ڵدا ده‌ژین. گه‌ر پیاوه‌که له ژنێك زێتری هه‌بێت، (که دیارده‌یه‌کی ده‌ستڕۆیشتوویی بووه‌و ئێستا باوی نه‌ماوه‌)، هه‌ر ژنه‌و ژووری خۆی جودایه‌، به‌ڵام پێکه‌وه چێشت لێده‌نێن‌و پێکڕا ده‌چنه بێری‌و... هتد. هه‌ڵبه‌ت ژنانی پیاوی چه‌ند ژنه‌ی ڕه‌وه‌نده‌کان ده‌بێت زێتر تێکترنجێن، چونکه ده‌واره‌کان له تاقه ژوورێکی به‌ینکراو بۆ پیاوان‌و ژنان پێکدێن، به‌و پێیه ژنه‌کان زۆر که‌متر ده‌رفه‌تی ته‌نهاییان هه‌یه‌.

جاریش هه‌یه کوڕی ژندار، یه‌که‌م ساڵی پاش ژنهێنانی له‌ماڵه باوانی جودانابێته‌وه‌و هه‌ر له‌گه‌ڵیاندا ده‌ژێت. ئاکامه‌که‌ی بارێکی دووفاقه‌یه‌. به‌شێوه‌یه‌کی گشتی کوڕی تازه ژن بۆ هێنراو هێنده به‌شی به خێزانه‌که‌وه نییه وه‌ك ژنی دووهه‌م‌و منداڵه‌کانی. له‌هه‌نده حاڵه‌تێکدا کوڕه ده‌توانێت نیمچه سه‌ربه‌خۆییه‌کی هه‌بێت، بۆ نموونه چه‌ند سه‌رمه‌ڕێك بۆ خۆی بکڕێت‌و ژنه‌که‌ی بیاندۆشێت، بێئه‌وه‌ی شیره‌که تێکه‌ڵ شیری ماڵه‌باوان بکرێت. به‌ڵام زۆربه‌ی کات ئه‌م جودابوونه‌وه‌یه نایه‌ته‌دی‌و ئه‌رك‌و فه‌رمانی نێوماڵ تێکڕا به‌گشت ژنه‌کان جێبه‌جێ ده‌کرێت.

خێزانی گه‌وره‌ی له‌و بابه‌ته لای کوردان تا ڕاده‌یه‌ك که‌مه‌. ڕه‌نگه زۆرو که‌میی له نێوچه‌یه‌که‌وه بۆ نێوچه‌یه‌کی دی جوداوازبێت. Barth له چوار گوندی خوارووی کوردستاندا شیرازه‌ی خێزانی سه‌رنجداوه‌و گه‌یشتۆته ئه‌و ئاکامه‌ی که ته‌نها نێزیکه‌ی ١٠٪ خێزانی (ماڵه‌باوان) خێزانی گه‌وره پێکده‌هێنن. منیش له تاقه هه‌رێمێك توانیم

لێکۆڵینەوەیەکی لەو بابەتە بکەم (لەچوار گوندی نێوچەی باڵەکایەتی-باکووری خۆرهەڵاتی عێراق)، من لەوەش کەمتر خێزانی گەورەم دیت(٥).
هەندە حاڵەتێکی تایبەت هەن، خێزانی گەورە دەکاتە داب‌ونەریت، نەك ڕیزپەڕی. خێزانە خاوەنملکە دەوڵەمەندەکانی پێدەشتەکان، چاویان لەوەیە سەرتاسەر ملکەکانیانیان بەدەستەوە بمێنێتەوەو دەستووری میراتیی لەت‌و کوتیان نەکات. لەوێ میراتیی بە نێرینە دەبڕێت‌و ملکی لەباوانەوە بەجێماو دەکەوێتە دەستی بەتەمەنترین‌و بەدەستەلاّترین پیاوی بنەماڵەکە، چۆن خۆی بەچاکی بزانێت، ئاوەها داهاتی بەسەر خزم‌و خوێشانیدا دابەشدەکات، (یانی ئیدی هەموو چاو لە دەستی ئەون). ئا لەو حاڵەتە دەگمەنانەدا دەنەدەرێك نییە کرۆکی خێزانەکە هەڵتەکێنێت(٦).
ئەو حاڵەتە بیژۆیانەی لێدەرچێت، کرۆکی خانەوادەی کورد، لە چەند کەسێکی خزمی نێزیکی یەکدی پێکدێت. چ لای ملکدارە گچکەکان‌و چ لای ئەو وەرزێرانەی کوتە زەوییەکیان بە ئیجار گرتووە، ماف ڕەعەمەلهێنانی زەوییەکە زێتر بۆ دەزگەی خێزانە وەك لە گەورەی خێزان. کوڕە پێگەیشتووەکانیان زەویەکە بە ملکی هاوبەشی خۆیان‌و ئامۆزاکانیان دەزانن، لە حاڵەتی پێویستدا، گشت نێرینەکانی خانەوادەکە بڕیار دەربارەی ملکەکان دەدەن.

## ٢-١-٢ یەکپارچەیی

ملکایەتی‌و ئەندامەتی هۆزێك، تیرەیەك، بنەماڵەیەکی تایبەت، هەرچەندە بڕێك ئالۆزن، بەلاّم توند پێکەوە بەندن. داب‌و نەریتی تیرەگەری، یاساکانی ئیسلام، ڕەفتارە فیۆدالیستەکانی عوسمانی‌و ئێرانی، ئارەزوو و هەوەسی موڵکایەتی تأیبەت، گشتیان پێکرا بارێکی سەرشێوینەریان سازاندووە، کە لە بەندی سێهەمدا لێیدەکۆڵینەوە.
بەپێی داب، هەر هۆزێك بەنێوچەیەکەوە پەیوەندو هەر نێوچەیەش بە هۆزێکەوە. نێوچەکە بەنێوی هۆزە لێژیاوەکەیەوە نێودەنرێت، بۆ نموونە عەلیکان نێوی نێوچەو هۆزێکە لە باکووری خۆرهەلاّتی سوریا(٧).
نێوی بڕێك نێوچە، هۆزانێك دەهێننەوە یاد کە لە مێژە لەنێو چوون، یاخود بۆ شوێنێکی دی ڕەویانکردووە. هەرچەندە زەویوزارو کیڵگەکان گشتیان بوونەتە موڵکی تایبەت‌و دەکڕرێن‌و دەفرۆشرێن، لەگەڵ ئەوەشدا ناشێت هەر کەس ویستی بە ئارەزووی خۆی نێوێکیان لێبنێت. تا ڕادەیەك ئالم‌و ساتمی پێدەکرێت‌و ئەندامێکی هۆزەکە بۆ کڕینی لە دانیشتوویەکی بێگانەی هەمان گوند لە پێشترە. لە باکووری کوردستان هێشتا ئەم داب‌ونەریتە بە چاکی پەیڕەوی دەکرێت. (هەڵبەت جگە لەو نێوچانەی کە سەر بەهیچ هۆزێك نین، یاخود ئەو شوێنانەی تیرەگەریی تێدا هەڵتەکێنراوە).
"لە فێبریوەری ١٩٧٦دا لە گوندی کانێکێی پێدەشتەکانی باتمان، کە موڵکی هۆزی ڕەشکۆتانە، بووە شەڕەتفەنگ. یەکێك زەویەکەی خۆیی بە غەوارەیەك فرۆشتبوو (یاخود ناچاری ئەوە کرابوو)، بە یەکێك لە هۆزی بە دەستەلاّتی بەکرانی بفرۆشێت (کە لە کێوەکانی ساسۆن دەژین‌و زەوییان کەمە). کاتێك کابرای کڕیار دەیەوێت دەگەڵ چەند خزمێکیدا بگوێزێتەوە گوندەکە، خەڵکی ئاوایی (یاخود کوێخای گوند) ڕێی لێدەگرن، ئیدی هۆزی بەکران لە کێوەکانەوە دادبەزن‌و گوندەکە دەدەنە بەر دەستڕێژ. پاش شەوو ڕۆژێك تەقە، ئەوجا ژەدرمەو لەشکر هەڵمەت دەبەن‌و شەڕەکە دەکوژێننەوەو سەرئەنجام هۆی ڕەشکۆتان موڵکی خۆیی چنگدەکەوێتەوە"(٨).

لەوەڕگە موڵکی هەمووانە، گشت ئەندامێکی هۆز مافی تەواوی ئەوەی هەیە ئاژەڵەکانی لە لەوەڕگەکانی هۆزدا بلەوەڕێنێت، کەس مافی پاوانکردنی نییە. هۆزی تەییان (تەنها هۆزێك کەمن لە نێوایاندا بووم)و لە نێوان جزیرەو ڤاندا کۆچ و ڕەودەکەن، هەر هەشت تیرەکەی لەوەڕگەی خۆیان هەیە، هەمیشە لەخەمی ئەوەدان ئاژەڵی تیرەیەك نەچێتە لەوەڕگەی تیرەیەکی دییەوە. بەو شێوەیە لە پێشەوە مەڵبەندی تێرەدێت، ئەوجا مەڵبەندی فراوانتری هۆز. دەشێت تیرە کوتکرێت یاخود یەکگرێت و لەوەڕگەیان سەرلەنوێ دابەشکرێتەوە، بەڵام کەوشەنی مەڵبەندی هۆز زوو لە ڕێگەی شەڕو داگیرکردنەوە دەگوڕدراو ئەوڕۆش لە ڕێگەی دەستەلاَتی دەوڵەتەوە. مەڵبەندی لە تیرە گچکەتر لای هۆزی تەییان نەبوو. هەر تیرەیەك لە لەوەڕگەی گەرمەسێرو سەردەسێریدا هۆبەیەکی (٢٥ تا ٥٠ خێوەتی) هەڵدەدات. هۆزێکی گەورەی کۆچەری وەکی جاف لە خوارووی کوردستاندا (کە ئەوڕۆ زۆربەی هەرەزۆریان نیشتەجێ بوون)، هۆبەیان گچکەترەو هێند گوێ بەوەنادەن بەپێی بنەماڵە هۆبەکانیان جوداکەنەوە. ڕاستە ئەندامانی هەر هۆبەیەو سەر بە تیرەیەکن، بەڵام مەرج نییە هەرکەس خێوەتی لەپاڵ نێزیکترین خزمیدا هەڵدات(٩). ئەمە لای هۆزی نیوەکۆچەری مەنگوڕو مامەشیش هەروایە (کە نێزیکی قەلاَدزێ، لە باکووری عێراق دەژین)، هەوارەکانیان لەچەند هۆبەیەك پێکدێن، بەڵام لە شوێنی هەڵدانی خێوەتەکانیاندا هەستم بە پەیڕەوکردنی هیچ جۆرە یاسایەکی سەپاو نەکرد. پێیانگوتم گوایە ڕستی خێوەتیان هەر ساڵە بە جۆرێکە. لێرەش هەر تیرەیەك لەوەڕگەی خۆی جودایەو بە دڵی خۆیان جێ هۆبەیەك هەڵدەبژێرن. "لەنێوچە شاخاوییەکانی باشووری گۆلی ڤان، حاڵو بار جۆرێکی دییە. کاتی خۆی بەشی زۆری دانیشتووانی ئەو نێوچەیە ئەرمەنی و کلدانی و نەستۆری بوون. زۆربەیان لە دەمەدەمی جەنگی یەکەمی جیهانی و گێژاوەکانی نێوچەکەدا کوژران، ڕاگوێزران، هەڵهاتن. گوندەکانیان درەنگانێك لەلایەن هەندەك دەستەو تاقم و هۆزی کوردەوە ئاوادەنکرانەوە.

لەبەر ئەوەی ئەم تازە هاتووانە نەیانتوانیوە هیچ داب و یاسایەك بسەپێنن، دەستورو یاسای ئەوڕۆکەی تورکیا باڵیکێشاوەو زاڵە. بەپێی دابەشکردنە ئیدارییەکان، زەوی موڵکی گوندەو لادێیەکان خۆیان، (یاخود کوێخای دێ)، مافی موڵکایەتی دیاریدەکەن. بەو جۆرە هەرگوندێك لەوەڕگەی خۆی هەیەو شێلگیرانە لە ناخونەکی گوندەکانی هاوسێ دەیپارێزێت، با ئەو هاوسێیانە لە بنەماڵەی خۆشیان بن".

ڕەوەندەکان لەسەرەڕێی کۆچ و ڕەویاندا بەزەویوزارو مەڵبەندی هۆزانی دیکەدا ڕادەبوورن. دەبێت بە گشتیان باجێك بە خاوەنملکی ئەو مەڵبەندانە بدەن. سەرعێڵ، ئەو پووڵە لە پیاوانی عێڵەکەی خڕدەکاتەوەو دەیداتە کوێخای دێ، یاخود سەرەکهۆزی ئەو مەڵبەندە. ئەویش دەیخاتە تەنکەی باخەڵییەوەو بەشی کەسی لێنادات. کەم هەڵدەکەوێت ڕەوەندەکان بە مەڵبەندێکی ئاریدا تێپەڕن و کێشەو هەڵلا ڕوونەدات. زۆربەی کات لەسەر کەم و زۆریی باجەکە دەبێتە بگرەو بەردەو هەردوکلا بە ئاژەڵ دزین، یەکدی تاوانبار دەکەن. هەمیشە لەسەر ئەوە لۆمەی ڕەوەندەکان دەکەن کە گوایە بە کاوەخۆ دەبزوێن و میگەلەکانیان قرتەیان لە گیای گوند بڕی و هەتا شینایی و بەربوومی گوندیشیان نەهێشت. گەر زوو کێشەکە چارەسەرنەکەن، دەبێتە شەڕەتفەنگ و هێند ناخایانێت کۆمەك لە خێڵی پشت و پەناوە دەگاتە فریای هەردوکلا. پاش دوو سێ ڕۆژێك شەڕ، ئەوجا پیاوێکی بەوەج دەکەوێتە بەینەوە (وەکی پێشەوایەکی ئاینی، سەرەکهۆزێکی بێلایەن، فەرماندەیەکی ژەندرمە)، بە ئاگربڕێکی لەق و لۆق، ڕازییاندەکەن، کە زۆر جار لە کۆچ و ڕەوی داهاتوودا کلپە دەسێنێتەوە.

ئەو نێوچانەی ڕەوەندەکان پێیاندا ڕادەبوورن، وەکی ملکی سەرلەبەری بنەماڵە نیشتەجێکان یاخود ملکی گوندەکان حسێبدەکرێن، بۆیە گشتیان پێکرایی بەرهەڵستیی دەستدرێژیی ڕەوەندەکان دەکەن. هەرچەندە

سەرداری بنەماڵەکە یاخود کوێخای گوند-تا ڕادەیەك-مشووری گیرفانی خۆی دەخوات: ئەوەتا ئەو باجی ڕاگوزارییەی لە ڕەوەندەکانی دەستێنێت بۆ کیسەی خۆیەتی. بڕێك سەرەکهۆز لە ڕێگەی پەیوەندیی دۆستانەو توندو تۆڵیانەوە دەگەڵ ژەندرمەو دادگادا، ماڤی "چاری ناچاری"یان بۆ خۆیان بچڕیوە، بەوپێیە لەو نێوچانەشدا کە لە ڕاستیدا ملکی هۆزە نیشتەجێکان نیین، (یاخود موڵکی هۆزێکی سزادراوەو ماڤی باجسەندنی لێزەوتکراوە)، ئەمان باجی ڕاگوزاریی لە ڕەوەندەکان دەستێنن. ئەمەش دەروویەکی دیکەیە بۆ دەستگرتن بەسەر ملكو زەویوزاردا. پێشهاتێکی لەو بابەتە بۆ بەشێك لە لەوەڕگە سەردەسێرەکانی بڕێك لە تیرەکانی تەییان سازا: گیراڤییەکان(١٠)، کە بنەماڵەیەکی موڵکداری دەستەڵاتداران و (پەیوەندیی سیاسی توندو تۆڵیان لەگەڵ ڕژێمدا هەیە)و دەستیان بەسەر ئەو وەرزێرانەی دەوروبەری شاتاقی ویلایەتی ڤاندا دەڕوات، کە سەر بە هیچ خێڵێك نیین، ئەو لەوەڕگانەیان خستۆتە ژێر ڕکێفی خۆیانەوەو کرێیەکی چاك لە تەییانەکان دەسەندن(١١). بەڵام لەپاڵ ئەوەشدا تەییانەکان تا ئێستاش ماڤ بێ چەندو چوونیان هەیەو گیراڤییەکان ناتوانن لێیان زەوتکەن. بۆ نموونە گیراڤییەکان بۆیان نییە ڕێی ئەو لەوەڕگانە لە تەییانەکان ببەستنەوەو بە هۆزێکی دیکەی بەکرێبدەن و بهێڵن لەوێ مێگەلەکانیان بلەوەڕێنن. ئەمە یاسای تیرەگەرییە، گیراڤییەکان نەدەتوانن ڕێگە لە کەس ببەستنەوەو نەدەتوانن بە خاترانە جێگەی هەڵبژاردە بەکەس بدەن.

هەروەها لق و پەلە گچکەترەکانی هۆزە نیشتەجێ و نیوە کۆچەرەکانیش ماڤ ملکدارێتی نێوچەی دیاری خۆیان هەیە. زۆربەی کات هەر تیرەیەك لە هۆزەکە، نێوچەی تایبەتی خۆی هەیە، دەشێت ئەویش پێبەپێی پلە داکشاوەکانی دیکەی تیرە، کوتکوتکرێت. هەڵبەت لەمەدا بێژووش هەیە. Rondot (١٩٧٣، ل٢٢) بۆماندەگێڕێتەوە کە هەردوو تیرەکەی هۆزی ئۆمەریان بەسەر گشت مەڵبەندو نێوچەی هۆزەکاندا بڵاوبوونەتەوەو هەردەم پێکەوە دەژین. لقی مامەشی عێراقیش هەروایە، وەك دیتم لە گشت گوندێك نوێنەری هەر پێنج تیرەکە هەبوون (تێکڕا پێنج شەش کوندێکن).

### ٢-١-٣ گوند

گوند دیارترین و لەپێشترین مەڵبەندە، (لە بنەماڵە کۆچەرو هۆبەکان بگەڕێتەوە) تاقە یەکەی بەڕاستی یەککەوتەیە. کێڵگەکان موڵکی تایبەتن، بەڵام وەك پێشان باسمانکرد گشت کڕیارێك ماڤی کڕینی نییە(١٢). لەوەڕگەکانی دەوروبەری گوند موڵکی هەموانن. هەریەك لە گوندە نیوە کۆچەرەکانی خوار گۆلی ڤان، لەوەڕگەیەکی هاوینەی خۆی هەیە.

هێندەی من بۆمدەرکەوتبێت، لە گوندە نیوەکۆچەرەکاندا، تەنها لەسەر ئاستی گوند خۆی، نەك لەسەر ئاستی هۆز، یاخود تیرە، یاخود لە گوند بەرەوخوارتر، ساڵانە بڕیاری کاتی کۆچ و ڕەوو دەمی گەڕانەوە دەدرێت.

دەوڵەتیش زێتر لە مەودای گونددا پەیوەندیی بە هاووڵاتییە نیشتەجێکانی خۆیەوە دەکات - ئەگەر بواری پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆ هەبێت-. هەندەك لەو باجانەی (نەك هەمووی)، کە لە کۆندا وەك باجێکی گشتیی سەپاون، لەسەر تەواوی گوند دانراون، کە زێدیشکراون، بۆ نموونە وەکی باجی خزمەتگوزاریی و بەروبوومە سروشتییەکان، زێدەکەی لە تەواوی خەڵکی ئاوایی سەندراوە. داب و نەریتە ئاینییەکانی وەکی نوێژی هەینی و نوێژەبارانەش، لەسەر ئاستی گوند جێبەجێدەکرێن و گیانی ئالیکاری گوند پتەوتردەکەن(١٣). هەندەکجار پێکهاتی گوند نموونەیەکی ڕچەی ئەو وەچانەیە کە لە خشتەی ژمارە (١)دا پێشاندرا، کە پلەیەك خوار تیرە دەکەوێتەوە. زۆر گوندی گچکە بریتین لە تاقە بنەماڵەیەك کە تۆرەمەیان هێندە قووڵ نییە. هەر حەوت تیرەکەی

مەنگوڕانی عێراق بەسەر ٢ تا ١٠ گوندێکدا پەرش و بڵاوبوونەتەوە، هەڵبەت زۆربەی گوندەکان بێگانەی لە هۆزەکە بەدەری سەر بە تیرەو بنەماڵەی دیکەشی تێپەڕیوە. زۆربەی ئەو بێگانانە، لە ئاکامی شەڕو دوژمنایەتیدا گوندەکانی خۆیان جێهێشتووەو پەڕیدەی نێو مەنگوڕان بوون. لە نێوچەی باڵەکایەتی‌ش (باکووری خۆرهەڵاتی عێراق) هەر ئاوەهایە. تیرە گچکەکەی سەکر، کە لە دۆڵێکی تەنگی لقی چۆمێکی باڵەکدا دەژێت، لە بنەچەدا تەنها گوندێك بووە. کە خەڵکەکەی زۆر بوون، پەلێکی لێبۆتەوەو لە شوێنێکی هەورازتری دۆڵەکەدا گوندێکی نوێیان بنیاتناوە، پاش کەرتبوونێکی دی، بە دۆڵەکەدا هەڵکشاون و باڵاتر سێهەم گوندیان ئاوەدانکردۆتەوە. دانیشتووانی یەکەم گوند لە چەند تۆرەمەیەکی جوداواز کەوتبوونەوە. بەدەم هاواری پیاوێکی نوورانییەوە هاتبوون و لەوێ نیشتەجێبوو بوون و کردبوویانە جێنزرگە. لە پەرتبوونی یەکەم گونددا، پەیوەندیی خزمایەتی تا ڕادەیەك دەوری بینی، پیاوێك جودابووەوەو تاقە ماڵێکی لە شوێنێکی نوێ دروستکرد، خێرا نێزکترین خزمی و باشتری دۆستی دووی کەوتن، پاشانیش خەڵکێکی دی، کە بە هۆی شەڕو ئاژاوەو کێشەو هەڵلاوە ناچاربوون گوندەکەیان جێبهێڵن.

کەواتە گوندەکانی ئێستا تا ڕادەیەك تۆرەمەیان تێکەڵترە لە تۆرەمەی یەکەم گوند. لەو گوندانەدا کە بەشێکی خەڵکەکەی سەر بە هۆزێکن و بەشەکەی دی سەر بە هیچ هۆزێك نین، وەکی لای دزەییەکان، یاخود لای هەمەوەندەکان، ئەوانەی سەر بە هۆزن لەبەری یەکدوو بنەماڵەن کە ڕیشەیان هێند قووڵ نییە، بەڵام ئەوانی دی هیچ داوێکی پەیوەندیی بە هۆزیانەوە نابەستێتەوە. ئەو جۆرە گوندانە پلەکانی دابەشکردنی هۆزیان بەسەردا ناچەسپێت. لای ئۆمەریان و مامەش‌ەکانی عێراقیش حاڵەتێکی لەو بابەتەمان دیت، کە تیرەکانی بەسەر سەرلەبەری مەڵبەندی هۆزەکەدا بڵاوبوونەتەوەو لە گشت گوندێکدا خەڵکی سەربەتیرەیەك، یاخود سەر بە هەموو تیرەکان، پێکەوە دەژین.

## ٢-١-٤ هەڵسوکەوتی دەستەگەرییانەی لە ئاستی گوند بەرەوخوار

لە ئاستی گوند بەرەوخوارتر، ئیدی دەستەوتاقمی یەکگرتووی دیکە دەگمەنە. ئۆمەریان گوندیان بەسەر چەند تیپێکی گچکەتردا دابەشکردووە، کە باڤئیان پێدەڵێن (لە ووشەی باڤ "باوك"ەوە). ئەمانە ئەو بنەماڵە زۆرانەن کە چ خزمایەتیەك لە نێوانیاندا نییە، هەر باڤکێك بۆ خۆی سەر بە یەکێك لە تیرەکانی مەحمودکان یا ئەتمانەکانەو بەشێکی سەربەخۆو جودای لە زەویوزاری گوند هەیە(١٤). دەنا وەکی دی هەڵس و کەوتی دەستەگەریانە کەمە، باڤکەکان تەنها لە کاتی شەڕو هەڵلا دەگەڵ دەستەیەکی دیدا، پێکڕایی ڕەفتار دەکەن. پێکهاتێکی دیکەی لەو بابەتەم لای گۆیان و ئولودەرەکان دیت: چەند باڤکێك بوون کە نێزێکایەتییەکی ئەوتۆیان نەبوو، یانی هەربنەماڵەیەو ئەندامانی خۆی، ئەمەم بەوەدا هەستپێکرد، کە دوو باڤك دوژمنایەتی و خوێن کەوتبووە نێوانیانەوە.

هەر بەو پێیە هۆزو تیرەو بنەماڵەکانیش بە دەگمەن لە ئاستی گوند باڵاتر، پێکڕایی ڕەفتار دەکەن، مەگەر لە کاتی شەڕو شۆڕدا. ئەمەش لەگەڵ هەڵسەنگاندنەکانی خودی ئەندامانی هۆزدا جووت دەوەستێتەوە. کە دەربارەی دەورو ڕۆڵی دەستەوتاقمەکانی کۆمەڵ لەسەر ئاستی ڕێکخراوە جوداکانی پرسیاریان لێدەکەیت، کە لە هۆکاری یەککەوتن و هۆی ڕەفتاری پێکڕاییان و لە ئەرك و فەرمانی سەرکردەکانی ئەو دەستەو تاقمانە دەپرسیت، وەرامەکان بە گشتیی بریتین لە: دەمەقاڵێ و دوژمنایەتی و شەڕی نێوان هۆزەکان.

٢-١-٥ کەوشەنی هۆز

سنوورەکانی هۆزو تیرە تا ڕادەیەك نادیارن. بنەماڵە کرۆکێکی پتەوی هەیە، لەپاڵ ئەوەدا هەندەك، یاخود زۆر کەس و بنەماڵەی ئازاد هەن، کە جار هەیە بەپێی داب و نەریتی هۆز ڕەفتار دەکەن و جار هەیە لەو داب و دەستوورە تەوەللا دەبن. هەر کات حاڵ و باری هۆزێك شکۆفە بکات، خێرا سەرچڵ و دەستەی لە هۆزی دیکە دابڕاوی لێخڕدەبێتەوەو چاوچاوی ئەوەن لە سایەو پەنایدا کەمێك ئارامی و چکێك دەستکەوتیان پێبڕێت. یەکەم ئەورووپایی کە هەستی بەم دیاردەیەکرد Richی نوێنەری کۆمپانیای خۆرهەڵاتی هیندستانی بەریتانیایی بوو لە بەغدا. ساڵی ١٨٢٠ میرێکی کورد داوەتی خوارووی کوردستانی دەکات، لەوێ هەندەك سەرنجی هێجگار گرنگ تۆمار دەکات. من گەلەکجار پەنا دەبەمەوە بەر ئەو کتێبەو چەند کۆپلەیەکی لێڕادەگوێزم. Rich گەلەك لە سەردارە نێودارەکانی هۆزی مەزنی جاف ناسیوەو دەگێڕێتەوە کە گوایە لە کۆی ٦٠٠٠ خێوەتەکەی جاف، تەنها ٦٠٠ دانەیان جاف ڕەسەن بوون، سەرپاکی ئەوانی دی جافەڕەشکەبوون(*)، یانی یاخود سەر بە هۆزە کۆچەرەکانی دی بوون و تێکەڵی ئەمان بوون، یاخود سەر بە هۆزە نیشتەجێکانی سەر سنوور بوون و سەر لەنوێ بوونەتەوە کۆچەر. (دیارە سنووری پڕ پەشێوی ئەودەمەی نێوان دەوڵەتی عوسمانی و ئێرانی مەبەستە). هەندەجارێك Rich ئەو تیرە پەڕیدانە هەر بە جاف نێودەبات و بڕێك جاریش بە نێوی هۆزە ڕەسەنەکەی خۆیانەوە(١٥). ساڵی ١٩٢١، واتە سەدەیەك دواتر، پاش ئەوەی پشکێك لە بەشە جافەکەی عێراق نیشتەجێبوون، کۆچەرەکانی ٥٤٠٠ ڕەشماڵ بوون. پێدەچێت زۆربەی جافەڕەشکەی سەر بە تیرەکانی دی، بووبنە جاف ڕەسەن. Edmonds کە بە شێوەیەکی گشتیی زۆر هۆشیارانە هۆزەکان لێك جودا دەکاتەوە، هەرچەندە نێوی هەندەك هۆزو تیرەی تێکەڵ نەبوو بە جاف دەهێنێت، بەڵام هیچ باسی ئەو هۆزانە ناکات کە دەبێت بنەچەی بەشێك لەو جافە ڕەسەنانەبن(١٦). ئەودەمە، واتە ساڵی ١٩٢١، جاف قەوارەیەکی قووچ هەڵچووی هەبوو، کە بنەماڵەیەکی پاشازادەی خانەدان لەسەری سەرەوەو چەند تیرەیەکی ڕەمەکیی لە خواریەوە بوون، پێدەچێت ئەمە لەسەروەختی Richیشدا هەر ئاوەها بووبێت(١٧).

لەساڵەکانی شێستی سەدەی نۆزدەهەمدا، F. Millingen لە قۆتوور، کە نێوچەیەکی دیکەی سەر سنوورە لە باکووری کوردستان، قوماندارێتی ئوردوویەکی تورکی دەکرد، ئەویش هەست بە دیاردەیەکی لەو بابەتە دەکات: "هۆزەکانی کوردستان لە دوو بەش پێکدێن، پشکێکی هەمیشەیی و پشکێکی بەردەوام گۆڕراو. پشکە هەمیشەییەکە ئەو خانەوادانەن کە پەیوەندییەکی توندو تۆڵیان بە مەزنانی هۆزەوە هەیە، پشکە گۆڕراوەکە لە دەستەیەك سەرچڵ و یاخیبووی سەرکێش پێکهاتووە، کە هەلێك دەگەڵ ئەم هۆزو چەلێك ڕەگەڵ هۆزێکی دیکەن"(١٨). داخۆ لەو سەردەمەدا ئەم دیاردەیە تا چ ڕادەیەك گشتی بووە، مەسەلەیەکە یەکالا کردنەوەی ئەستەمە، چونکە سەرنجەکانی ئەو، زادەی ناسیاری و پەیوەندییەکی دۆستانەیەتی دەگەڵ تاقە هۆزێکدا، ئەویش هۆزی میلان، لەسەروەختێکدا کە ئەو هۆزە لەوپەڕی شکۆمەندی و سەرکەوتنەوە لەپڕێکدا بەرەو چاڵی نەهامەتی داخزا. پاشا تورکەکەی ڤان، بەرەیەکی لەگەڵ هۆزە چاوچڵێسەکانی هاوسێی میلاندا پێکهێنا و زەبرێکی کوشندەیان لێوەشاندو لە خاکی خۆیان دەرپەڕاندن. ژمارەیان هێجگار لە کەمییدا: "ئەودەمەی لە ژێر فەرماندەیی هۆمەردا لە شکۆمەندی و شکۆفەدا بوو، تێکڕا ١٦٠٠ تاوولیان هەڵدەدا، پاش دوو ساڵی پڕ کولەمەرگی، هەر ئەو هۆزە ٥٠٠ تاووڵی مایەوە. گشت ئەوانی دی نەهامەتی ڕاپێچیکردن و ڕایدان"(١٩).

---

(*) بۆ خۆم گەلەکجار لەهەڵەبجەییانم بیستووە کە تانووتیان لە یەکێك داوە بەوەی گوایە جاف ڕەسەن نەبووەو خۆی بە جاف لەقەڵەم داوە، بە تێزپێکرنەوە جافە ڕەشکە یان پێگوتووە، بە واتای جافی ساختە، بۆیە منیش لێرەدا بۆ ئەو مەبەستە بەکارم هێناوەتەوە.

نموونەیەکی دیکەی ئەو حەشیمەت لە کەمی و زۆریدانە، هۆزی ملانە، بە مەزنایەتی ئیبراهیم پاشا. ساڵی ١٨٦٠ ملان هۆزێکی ڕەتێنراوی فەوتێنراو بوو، هێشتا سەرانەی بە هۆزی بەهێزی شەممەری عارەب دەداو تێکڕا ٦٠٠ دەواری مابووەوە. ئەوە چکێکی هێجگار کەمی سەرجەم ژمارەی سی ساڵێك لەوەبەری بوو، ئەودەمی کە نێوچەکەیان سەرحەدێك بوو لە نێوان لەشکری یاخیبووی میسرو ئۆردووی عوسمانیداو ئەمان لەژێر ڕکێفی هیچ لایەکدا نەبوون. ئەوەبوو ساڵی ١٨٦٣ ئیبراهیم پاشا بووە مەزنی هۆزەکەو کەوتە شەڕو بەربەرەکانێی هۆزە عارەبەکان‌و هەتا هۆزی شەممەریشی شکاندو بەسەریاندازاڵبوو. ئیدی حەشیمەتی هۆزەکە سەیر زیادیکرد، هەر هۆزی گچکەڵەبوو خۆی بە ملان لە قەڵەم دەدا(٢٠).
ئەم سێ نموونەیە تاقە نموونە نیین‌، وەلێ زەقترین‌و دیارترین نموونەیەکن کە من پەییمپێبردوو. پێدەچێت هەروا ڕێکەوت نەبێت کە هەرسێ نموونەکە زادەی نێوچەیەکی سەرسنوورین، نێوچەیەك کە نائارامی تێیدا زاڵەو سیاسەتبازان دەرفەتی چاکیان هەیە بۆ سەرکەشی‌و سەرپێچی‌و کۆکردنەوەی لایەنگران. ڕچەی ناڕاستەوخۆی وەها دیاردەیەکی کۆنڕووداو، لەو ڕاستییەدا دەبینینەوە کە جار هەیە چەند تیرەیەکی هاونێو لەیەك نێوچەدا سەر بەچەند هۆزێکی جوداوازن. دەشێت (بەڵام مەرج نییە وابێت) ئەو تیرانە لە بنەچەیەك کەوتبنەوەو لەسەردەمێکدا هەندەك لە ئەندامانی دابیانە پاڵ ئەم سەرکهۆزو هەندێکی دیکەیان دابیانەتە پاڵ سەرۆکهۆزە دژەکەی(٢١). گەر بەراوردێکی تۆماری نێوی ئەو هۆزانە بکەین کە لە نێوچەکەداو لەچەند سەردەمێکی جوداوازدا ژیاون، بۆماندەردەکەوێت کە هەندە هۆزێك زۆر تەمەن درێژ بوون‌و هەندێکی دیکەیان زوو تێداچوون‌و بەردەوام هۆزی نوێ پەیدابوون(٢٢). ئەمە بۆماندەردەخات کە ئەو دیاردەیە شتێکی سەیر نیە: هۆزەکان نافەوتێن، بەڵکە هەڵدەوەشێنەوە. لایەنگرانی هۆزێك لە سەرکردەیەکی نوێ خڕدەبنەوەو نێوێکی نوێ لەخۆ دەنێن، یاخود لەلایەن هۆزێکی بەهێزی نێوچەیەکی دییەوە داگیرو ژێردەستەدەکرێن‌و قەوارەی ڕەسەنی خۆیان لە دەستدەدەن.
یەکێتی هۆز (یاخود کەوشەنی) بە دەگمەن بەرپێچی دەکرێت. لای هەندەك هۆزی کۆچەر زێتر لەکاتی کۆچ‌و ڕەوو گەڕانەوەدا هەستیپێدەکرێت. کۆچکردنی تێکڕایی هۆز نەماوەو زۆری هۆزەکان نیشتەجێبوون‌و برەکەی دیش لە شێوەی دەستەو تاقمی گچکەو تا ڕادەیەك دابڕاو لە یەکدیدا، ڕەودەکەن. تەنها لە حاڵەتی ڕووبەڕووبوونەوەو شالاوی هۆزێکی دیدا، یاخود هێزێکی دەرەکی (وەکی دەزگاکانی دەوڵەت، یاخود سوپا، یا مسیۆنارە ئەورووپاییەکان)دا، هۆزە نیوە کۆچەرەکان یاخود هەتا هۆزە نیشتەجێکانیش یەکڕیزانە ڕادەوستن. ئەو دەمە ئاشکرا دەبێت کام بنەماڵانە یاخود تاکەکەسانی کەنارکەوتە، سەربەون. ڕووبەڕووبوونەوەی سەرومڕی لەو بابەتە چیدی باوی نەماوەو کاتی بەسەرچووە.
دەتوانین هەمان شت دەربارەی تیرەو بنەماڵەش بڵێین. ئەوانیش تەنها لە حاڵەتی کێشەو هەڵلا لەگەڵ دەستەی کۆمەڵایەتی لەبابەتی خۆیاندا، یەکڕیزدەوەستنەوە. هەر لەو دەمانەشدا مەزنانیان وەك سەرکردە دەنوێنن. شیرازەی کۆمەڵایەتی زەمینەی کێشەو هەڵلا نییە، بەڵکە کێشەو هەڵلا ماکی دیارکردنی پلەکانی شیرازەی کۆمەڵگەیەو تەنها لەو حاڵەتەدا توێژەکانی عەییان دەبن.
کێشەو هەڵلاکانی هۆز، گشتیان لەیەك سەرچاوەوە سەرهەڵناگرن. ئەو یەکێتی‌و بەرهەڵستکاریانەی لە نێو توێژەکانی هۆزدا پەیدا دەبن، لەکاتی کێشەو هەڵلای وەك دوژمنایەتی‌و خوێندا، ڕوونتر دیاردەدەن‌و لە ئاکارو هەستە هاوبەشەکەی هۆزدا بە ڕوونی ڕەنگدەدەنەوەو دەورێکی گرنگ دەبینن. پێوانەی پێبەندیی ئەندامانی هۆزە کوردەکان بەم تیرە یاخود بەو بنەماڵەوە، خوێن‌و دوژمنایەتییە.

بەرلەوەی زێتر بەم بابەتەدا ڕۆبچم، بە پێویستی دەزانم کەمێك زاراوە کوردییەکانی هۆزو پشکە داکشاوترەکانی بتوێژمەوەو بزانین داخۆ بۆ تێگەیشتنی مەبەستەکان هیچ دەستگیرۆییەکمان دەکەن.

## ٢-٢ زاراوە کوردییەکان

زاراوە گشتییەکانی وەکی (Stamm)، (Klan)، (Lineage) کە کۆمەڵناسان بە کاریاندەهێنن، وەکی ئەو کورتەکە قۆڵبەستو بەرۆك بەرەوپشتانەن کە بە توێزی لەبەری شێتانیان دەکەن، دەگەڵ واقعی کۆمەڵگەی کوردەواریدا نەگونجاون. ڕەنگە توێژینەوەیەکی ئەو زاراوانەی کوردان خۆیان لەم بوارەدا بەکاریاندەهێنن، دەستگیرۆییەکمان بکەن. هەر لەیەکەم تێڕوانینی سەرچاوە ئیتنۆگرافییە کۆنەکانەوە، هەست بە شلۆیییو سەر لێشێوان دەکەین، نەك تەنها بەو هۆیەوە کە زاراوەکان لە هەندەك جێ دوو واتا دەبەخشن، بەڵکە بەو هۆیەشەوە کە لە هەر جێیەکی کوردستانو بە جۆرێك بەکاریاندەهێنن. چکێکیان لێرەو بڕێکیان لەوێ زێتر بەکاردەهێنرێن. جگە لەوە زۆربەیان ووشەی لە عارەبیو تورکیو فارسی خوازراونو هەندەکیان هێشتا بەشێك لەواتا ڕەسەنەکەی خۆیان لە دەستنەداوە. ئەو تێکەڵوپێکەڵییە لە خوارەوە ڕووندەکەینەوە:

Leach دەبینێت لە باڵەکایەتی زاراوەکانی عەشیرەتو تایەفەو تیرە بەکار دەهێنن، ئەویش بێ ئەمسەرو ئەوسەر بەرامبەر ووشەکانی (Stamm)، (Klan)، (Lineage)ی لە ئینگلتەرەوە هێنراو بەکاریاندەهێنێت، هەرچەندە ئەوەشی لا ڕوونە کە تایەفەو تیرە گەلەکجار لە جێی یەکدی بەکاردەهێنرێن. دەڵێت عەشیرەت دەستەیەکی سیاسییەو تایەفەو تیرە دەستەوتاقمی خزمی یەکدین. هەر عەشیرەتە لە تایەفەیەك یا زێتر پێکدێت، تایەفەش لەچەند تیرەیەك(٢٣).

Barth کە لێکۆڵینەوەی مەیدانیی لەبارەی جافو هەمەوەندەوە کردووە، پێیوایە بەرامبەرییەکەی Leach نەشیاوو نەگونجاوە. کە لە یەکێك دەپرسیت سەر بە کامە تیرەیت، دەڵێت: جاف، کە نێوی تەواوی هۆزەکەیە. لەڕاستیدا تیرە گوزارە لە گەورەترین دەستەی ڕیزی خوارەوەی هۆز دەکات، عەشیرەتیش گوایە سەرکۆی گشت تیرەکانە. Barth پێیوایە کە تیرە بەرامبەر Hauptlineage "لینێژی سەرەکی" دێت، هەرچەندە گشت Hauptlineage یێك تیرەی پێناگوترێت (ئەمە خۆی لە خۆیدا وادەردەخات کە جاف، تیرە زێتر بە یەکەیەکی سیاسی تێدەگات وەك لە تاقمێك خزم).

کەواتە Lineage بەرامبەر هۆزدادەنرێتو هۆزیش بە نێوی بابەڵبابی هەموویانەوە نێو دەنرێت. بەو پێیە هۆزی برایم ئەو هۆزەیە کە لەوەچەی برایم کەوتۆتەوە. Barth پێیوایە کە زاراوەی تایەفەی عارەبی، ڕێك بەرامبەر ووشەی هۆزی کوردی دەوەستێتەوە(٢٤).

Rudolph لە گوتارەکەی ١٩٦٧یدا، شیکردنەوەیەکی تێرو تەسەلی ئەو زاراوانەمان بۆ پوختدەکاتو پێماندەڵێت چۆن لە نێوچە جۆربەجۆرەکانی کوردستانی ئێراندا بەکاردەبرێن. دەڵێت تیرەو تایەفە بۆ یەك مەبەست بەکاردەهێنرێن (کەمن تەواو لەگەڵدانیم)، لەپاڵ ئەوەشدا پێیوایە تیرە شێوازێکی ڕووتە بۆ مەبەستی بەشبەشکردن، بەڵام تایەفە واتای لاوەکی دیکەشی هەیە(٢٥). بەلای منەوە ئەم بۆچوونە گرنگە. تیرە کە لە بنچینەدا ووشەیەکی فارسییەو دەشێت لەبواری دیکەدا واتا "کوتبوون" ببەخشێت. لە فارسیدا دەڵێن: "دو تیرە شدن" (بوونە دوو کوتەوە). پێموایە ڕوونە، دەستەیەك کە لە کۆمەڵێکی گەورەتر جودا بووبێتەوە، تیرەی پێبگوترێت. ڕەنگە "پشك" واتایەکی پڕ بە پێستی بێت. تیرە بەرامبەر هیچ یەکێك لە زاراوەکانی ئێمە (Stamm)، (Klan)، (Lineage) ناوەستێتەوە، بەڵام دەشێت بەپێی جێگەو ڕێگە بۆ هەرسێکیان بەکاربهێندرێت.

(دەشێت جاف بە تیرە دابنرێت گەر بزاندرێت لە مەڵبەندەکەیاندا دەستەو تاقمی دیکەش هەن(٢٦). بەڵام لە ڕاستیدا بیر بەلای دەستەوتاقمی دیکەدا ناچێت، تەنها جاف لە پێشچاوانە، بۆیە عەشیرەت گونجاوترە).
ووشەی تایەفە (کە لە "طائفة"ی عارەبییەوە وەرگیراوەو کۆکەی "طوائف"ە)، واتا خزمایەتییەکی درۆ یا ڕاستەقینەی لەهەناودایەو لێکچوونێکی زۆری دەگەڵ ووشەی "Bruderschaft" ﴿برای دینی تەریقەت و ئاینزا﴾ی لای خۆماندا هەیە. لە تەواوی خۆرهەڵاتی نێوەندا تایەفە هەم بەرامبەر "بنەماڵەی گەورە"و " Lineage " بەکاردەهێنرێت، هەم بۆ ئەو تاقمانەش کە هیچ خزمایەتییەکیان لە نێواندا نییە، وەکی ئاینزاو تەریقەتەکان. (بۆیە Barthهەقێتی کە هۆزی لە جێگە دادەنێت). بە تایبەت لە ئێران ئەم ووشەیە زۆرباوە، لەهەر دەروێشێك بپرسیت سەر بە چ تایەفەیەکە، نێوی هۆزو تیرەکەی ناهێنێت، بەڵکە نێوی تەریقەتەکەی دەڵێت، ئەو تەریقەتەی کە ئامێزی "برایەتی" بۆ کردۆتەوەو لە خزمایەتییە دنیاییەکە هەمیشەییترە.
ئەهلی هەقەکانی داڵەهوو(٢٧)، ئەو ئاینزایەی هێجگار لە موسڵمانە سوننی و شیعەکانی هاوسێی جوداوازە، خۆیان نێودەنێن تایەفە. تووتشامی، هەوراگەی ڕێبەرە ئاینییەکەش هەندەکجار بە پایتەختێ تایەفە نێودەبن. ئەهلی هەق بەوە لە هاوسێ موسڵمانەکانیان جودا دەکرێنەوە کە سمێڵیان بەردەدەنەوەو هەڵیناپاچن. منیش ئەودەمە سمێڵم تا ڕادەیەك درێژبوو، لەیەکەم سەردانمدا گەلەکجار دەیانپرسی: "ئەرێ تۆش لە تایەفەی خۆمانیت؟".
بۆیە کاتێك Rudolph قامك بۆ لایەك درێژ دەکات و لە یەکێك لە ئەهلی هەقەکانی کورد دەپرسێت: چ تایەفەیەك ئا لەوێ دەژین؟ وەرامی دەدەنەوە: "تایەفەی سوننی"(٢٨).
کەواتە هیچ سەیر نییە کە ووشەی تایەفە تەنها بەرامبەر ووشەی (Lineage) بەکارناهێندرێت، بەڵکە بەربڵاوترکراوەو بە واتای (Stamm)، (Klan)یش بەکاردەبرێت. ڕەزم ئارا لە تێڕوانینی خێڵەکانی خۆرئاوای ئێراندا، هۆز بە تایەفە نێودەبات(٢٩)، (هەتا هۆزێکی مەزنی وەکی گۆرانیش)، لەوێش خوارتر تیرەیە، من بۆ خۆم ووشەی تایەفەم دەگمەن بەو واتایە بیستووە، چونکە ووشەیەکی ئەبستراکتە، کۆکەی "طوائف کرد"، یاخود "طوائف فلان منطقة"یە.
عەشیرەت (کە عارەبییەکەی "عشیرة"و کۆکەی "عشائر"ە) لە گشت شوێنێکی کوردستان باوەو بۆ دەستنیشانکردنی گشت لە گشتی خێڵەکە بەکاردەبرێت. بە کۆمەڵە هۆزێکی یەککەوتووش هەر عەشیرەت دەڵێن(٣٠). کەواتە ئەم زاراوەیەش کەوشەنی نییەو وەك پێویست جێی خۆی نەکردۆتەوە. جگە لەوە لە سەرتاسەری کوردستاندا بە پێچەوانەی "نا خێڵەکی"یەوە، گوزارە لە "خێڵەکی"یان دەکات. Sandreczki کە ساڵی ١٨٥٠ چۆتە نێوچەی هەرکی (نێوچەیەکە هێند لە سێکوچکەکەی سنووری تورکیا و ئێران و عێراقەوە دوور نییە)، باسی سیستێمێکی دووتوێییمان بۆ دەکات: جوتێرە نا خێڵەکییەکان کە (گۆران)یان پێدەڵێن(٣١)و ژێر فەرماندەی توێژێکی سەربازیی یا تاقمە خانەدانەکانن کە سوپا یاخود ئاسیرەتایان پێدەڵێن. Sandreczki ئەمەی دواییان بە ئاسوری تێگەییوە، هەرچەندە واپێدەچێت لە عەشیرەتەوە وەرگیرابێت(٣٢). Runolphیش مەودای واتای ئەو زاراوەیەی هەستپێکردووە، تایبەت کۆکەی "ما عشایر" (ئێمەی عەشایەر) گوزارە لە توێژێکی کۆمەڵایەتی دەکات، کە سەرگەورەی کەسانێکی ناخێڵەکی وەکی وەرزێرانن(٣٣). Hay کە دوو ساڵ لە کوردستانی عێراق جێگری ئەفسەری سیاسی بووە، پێیوایە ئەوەی دەڵێت: "من سەر بە فلانە عەشیرەتم" وەك ئەوە وایە کە کۆن لاتینییەکان بەلاف و گەزافەوە دەیانگوت "ئێمە ڕۆمانین"(٣٤).

برێکجار لە ئێران ووشەی عێل وەك هاوواتایەکی عەشیرەت بەکاردەهێنرێت، بەڵام پێناچێت عێل ئەو واتایە ببەخشێت(٣٥). بەپێی ئەو ئاگادارییەی من هەمە، تەنها هۆزێك کە بە عێل نێوبرێت، هۆزەمەزنە یەکگرتووەکانی زەعفەرانلو و شادلون لە خۆراسان. مەزنەکانی ئەم هۆزانە صەدان ساڵە نێوی ڕەسمیی ئیلخانی‌یان دراوەتێ. ئەمە بە نیسبەت هۆزەیەککەوتە مەزنەکانی بەختیاریو قاشقی‌یشەوە هەروایە. نێوی عێل بۆ هۆزەکانی خۆراسان داهێنراوی دەوڵەتە.

پێدەچێت عێلەکانی دیکەش لە دەستەوتاقمی تێکەڵەی هەمەچەشن پێکهاتبن‌و دەوڵەت یەکیخستبن(٣٦). من وایبۆدەچم کە زاراوەی عێل زاراوەیەکی حوکومڕانی بوو بێت‌و پاشان واتاکەی فراوانتر بووبێت. لە باکووری کوردستان زاراوەکانی تیرەو تایەفە بەکارناهێنرێن. تەییان‌و هۆزەکانی دیکەی نێوەندی کوردستان، لقەکانیان بە قەبیلە نێودەبەن (کە بە عارەبی "قبیلة"و کۆکەی "قبائل"ە). قەبیلە دەستەیەکی کۆمەڵایەتی پلەیەك خوارتر لە هۆزەو لێرە بۆ هۆبەش بەکار دەبرێت. هۆزی میران (کە لە بنچینەدا کۆچەر بوون‌و لە هەمان نێوچەدا ژیاون، بەڵام ئێستەکە مەڵبەندەکەیان کەوتۆتە باکووری خۆرهەڵاتی سوریاوە)، ووشەی فەخر بۆ هەمان مەبەست بەکاردەهێنن (کە عارەبییەکەی "فخذ"ە)، هەرچەندە ئەمان بە فەخر خوارتریش هەر فەخر دەڵێن.

لەو دوو حاڵەتەی پێشوودا، ڕوونکردنەوەی واتای ئەو زاراوانە ئەستەم بوو، زۆر کەسیان پاش پرسیارو دەمەتەقێیەکی زۆریش، سەریان لەمەسەلەکە دەرنەدەکرد، چونکە ئەو زاراوانە زۆر بە دەگمەن بەکاردەهێنن، تەنها نێوی هۆزەکە دەهێنن‌و تەواو.

بەڵام گشتیان لەوەدا یەك بوون کە زاراوەی باڤك (یاخود بابك) کە ئارییەکانی ئەو نێوچەیە بەکاریدەهێنن، بۆ ئەوجۆرە تیرانە ناشێت. باڤك تایەفەیەکە کە تۆرەمەکەی هێند قووڵ نییەو دەشێت بە لایەنگرانی بێگانە پتەوتر کرابێت. باڤك دانیشتووی گوندێکن‌و قەت نەمدیتووە لەوە تێپەڕیانکردبێت‌و لە چەند گوندێکدا ژیابن. تیرە لەوە گەورەترە کە زاراوەی باڤکی بۆ بشێت.

ماڵ تا ڕادەیەك لەواتای باڤکەوە نێزیکە، ئەمە بنەماڵەیەکی پوختەو هیچ بێگانەی تێکەڵ نییەو تەنها ئەو بنەماڵانە مەبەستە کە لە تۆرەمەیەکی نێودارو دەستەڵاتدار کەوتوونەوە. بەو پێیە بە ئاغازادە گوردێرەکانی شیرناخ ناگوترێت باڤك، بەڵکە بە ماڵا تەتەر ئاغاو ماڵا سلێمان ئاغا نێو دەبرێن.

٢-٢-١ کەمە سەرنجێك بۆ کۆتایی ئەم بەشە

١- وەك ئاشکرایە زۆربەی زاراوەکان، خوازراوی زمانی بێگانەن، تەنها نێوی دەستەو تاقمە گچکەکانی وەکی "هۆز"و "باڤك"و "ماڵ" بنەچەیان کوردییە. (لەبواری هەڵشێلانی زاراوەکانی سەرکردەشدا ڕووبەڕووی ئەم دیاردەیە دەبینەوە). تاقە هۆکارێکی شیاو بۆ ئەم دیاردەیە، هەرچەندە دەبێت زۆر هۆشیارانە دەریبڕین، ڕەنگە ئەوەبێت کە هۆزو باڤك ئەو دەستانەن کە جموجۆڵی سیاسییان زێتر لەسەر ئاستی مەڵبەندێك خۆ دەنوێنێت، بەڵام تایەفەو عەشیرەت مەودایەکی بەرینتریان هەیەو کاتی بەرنگاربوونەوەو ململانێ لەگەڵ دەستەو تاقمی وەك خۆیاندا (هەتا دەگەڵ عەشیرەتی ناکوردیشدا)، یاخود لەگەڵ حوکومەتەکاندا، دیاریدەدەن. ئەمانە ئەو دەستەو تاقمە کۆمەڵایەتییانەن کە دەوڵەتەکان بەردەوام پێیانەوە خەریکبوون، کە سەرکردەکانیان زۆربەی جار بە پلەو پایە لەشکریو فەرمانڕەواییەکان تامەتامە دراون‌و هەڵپەرێندراون. نابێت شیمانەی ئەوەش فەرامۆش بکەین، کە دوور نییە ئەوەی من وەك واتایەکی لاوەکی بۆ عەشیرەتم لێکدایەوە، لە ڕاستیدا بنجی نەبێت‌و زاراوەکە لە بنەچەدا بۆ ئەندامە جەنگاوەرەکانی

هۆزێك بەكارنەهێنرابێتو پاشان بۆ ئەو تیپانەی جەنگاوەرەكانی تێدا یەككەوتوون، یاخود لەلایەن دەوڵەتەوە یەكخراون.

٢- Leach عەشیرەت بە دەستەیەكی سیاسی نێودەباتو تایەفەو تیرە بە دەستەو تاقمی خزمی یەكدی (Rudolphیش بە كەمێك سڵەمینەوەوە جێپێی هەڵدەگرێت) ڕەنگە ئەم جوداكردنەوەیەی لەوەوە بێت كە عەشیرەت بەو زەقییە واتای دەستەو تاقمی خزمی یەكدی نادات. بەڵام پێدەچێت ئەوەی بەسەردا ڕابورد بێت كە تاقمەكانی خوارتری ڕۆڵی سیاسی مەزنتر دەبینن لە خودی عەشیرەتەكەو بە بەڵگە سەلمێندراوە كە زۆر تایەفەو تیرە لە ڕەچەڵەكێك نەكەوتوونەوە. هەر عەشیرەتێك تۆكمە بوو بێت (واتە مێژوویەكی دوورو درێژی هەبێت) ئیدی لقەكانی وەك تایەفە دەنوێنن، چونكە زێتر پەرتبوونو كەرتبوون لەسەر ئاستی قەوارەی خزمایەتی دەسازێت. بەڵام ئەو عەشیرەتانەی كە هێندە نییە پەیدابوون (یاخود لەو دواییە دواییانەدا بێگانەی زۆریان تێوروكاوە)، ڕوون دیارە كە لقەكانی لە ڕەچەڵەكی فرەچەشن كەوتوونەوە، هەتا ئەو لقانەش كە خزمایەتییەكی قووڵ لە نێوان ئەندامانیاندا نییە، وەكی باڤك.

دوو فەرمانبەری سەرنجدەری دیكە، Rondotو Hay باری سەرنجێكی دی تەواو جوداواز دەردەبڕن:

"هۆز كۆمەڵێك، یاخود چەند كۆمەڵێكی یەككەوتەیە، كە بۆ پاراستنی ئەندامانی لە دەستدرێژیی دەرەكیو بۆ پارێزگاریی دابو نەریتی میللی پێكهاتووە. بڕێك هۆز هەن هەتا سەركردەیەكی دانپێدانراویشیان نییە، هەندە هۆزێكیش هەن كە چەند سەرۆكێكیان هەیە... هۆزە گەورەكان بەسەر چەند لقێكدا دابەشدەكرێن"(٣٧).

Hayسەركردایەتی بە گرنگترین دەزگەی هۆز دادەنێت (هەڵبەت بۆ فەرمانبەرێك هەر دەبێت وا بێت).

Rondotیش زایەڵەیەكی دەنگی Hayە، بەلای ئەوەوە هۆز:

"جیهانێكی گچكەیەو لە هەناوی خۆی دەڕوانێت، ئامرازێكی بەرگرییە، دەزگەیەكی نەریتیو پارێزكارە، كۆمەڵێكە خۆی لە هاوچەشنەكانی بە مەزنتر دەزانێت".

لەسەری دەڕواتو دەڵێت: "سەرەكهۆز تەنها بە كردارو ڕەفتارو مێرخاسیو كەڵەمێری، جڵەو دەگرێتە دەست، بەرگری لە هۆزو سەركردایەتیكردنی جەنگ، یەكێكە لە گرنگترین ئەركەكانی"(٣٨). ئەم دوو نووسەرە دەورو ڕۆڵی خزمایەتی دەبوێرن، بەوە وێنەیەكی شێواوی هۆز دەنەخشێننو بایەخی سیاسی زەقتر دەنوێنێت.

٣-هیچ یەك لەو زاراوە لێكنێزیكانە پڕاوپڕ بۆ هیچ یەكێك لە پلەو پەلەكانی هۆز ناگونجێن. زاراوەكانی نەخشەی ژمارە یەك، زادەی بیری كۆمەڵناسانو لە خەیاڵی كورددا جێگەیان نییە. تایەفە هەم واتای خزمایەتی ڕاستەقینەو هەم واتای خزمایەتی داهێنراویش دەگەیەنێت. تیرەو فەخر شێوازی دابەشكردنیان تێدایە، زێتر گوزارە لە حاڵەتی پەیوەندییەك دەكەن وەك لەوەی زاراوەیەكی ڕەهابن: تایەفە واتای هۆزێك، یەكەیەك، پێكبەندییەك دەگەیەنێت، وەڵێ دوانەكەی دی واتای "بەشێك لە یەكەیەكی مەزنتر" دەگەیەنن. گەر نەخشەی ژمارە یەك بۆ هۆزێك بگونجێت، ئەوا دەشێت ئەندامانی هۆزێك جارێك A بە تایەفە لێكبداتەوەو Bبە یەكێك لە تیرەكانی، ڕەنگە جارێكی دی A بە تیرە نێوبەرێتو B بە تایەفە. كەواتە بە پێی زاراوە كوردییەكان بێت، خزمایەتی (كە مەرج نییە لە تۆرەمەیەك بێت)و چەند پلەو هەڵقەیەك، بنەماو خەسڵەتی دەزگەی هۆزن. بەو پێیە پلەكانی ئەو دەزگەیە – كە لە مۆدێلەكەی ئێمەدا بە ڕوونی دەستنیشانكران – گرنگ نین، بەڵكە ژمارەی پەلە پێكداهەڵقڕاوەكانی یاخود پێكەوە گونجاوەكانی هۆز لە هەریەك لەو پلانەدا گرنگن.

قورعانیش شەریعەتەکەی تەورات دووبارە دەکاتەوە: "گیان لەبریی گیان، چاو لەبریی چاو، کەپوو لەبریی کەپوو، گوێ لەبریی گوێ، ددان لەبریی ددان و تۆڵەی گشت زامێك دەسەندرێتەوە".

لە سوورەتێکی دیدا دەفەرموێت: "هۆ گەلۆ، ئەی خاوەنئیمانەکان، فەرمانتانپێدەکرێت تۆڵەی کوژراو بستێننەوە، ئازاد لەبریی ئازاد، کۆیلە لە بریی کۆیلە، ژن لەبریی ژن"(٣٩).

کوردەکان دەبێژن تا ماوەیەکیش لەمەوبەر لە هەڵسوکەوتیاندا گەلەك لەو فەرموودەیەی قورئانیان تێپەڕاندبوو، هێجگار دڵرەقانەتر ڕەفتاریان دەکرد، هەر وەك عارەبەکانی سەردەمی پێش ئیسلام. "گەر یەکێکمان لەلایەن کەسێکی سەر بە هۆزێکی دییەوە لێکوژرابا، نێزیکترین خزمانی دەچوونە سەر ئەو هۆزەو هەر زەلامێکیان تووشهاتبا دەمودەست دەیانکوشتەوە. هەندەجارێك تەنها بە کوشتنی تاقە نەفەرێك دانەدەسەکنان، بەڵکە چوار پێنجێکیان لە تۆڵەدا دەکوشتەوە. دیارە ئەوانیش بۆ تۆڵەئەستاندن دەهاتنەوە سەرمان و چەند کەسێکیان لێدەکوشتینەوە. ئیدی ئەم بەزمە ساڵانێکی زۆر درێژەی دەکێشا و تا ڕێکدەکەوتینەوە پەنجا، صەد پیاومان لە یەکدی دەکوشت".

ئەمە گوتەی کابرایەکی خەڵکی مۆدکییە. لەگەلەك نێوچەی دیکەی باکووری کوردستان بەسەرهاتی لەو بابەتەیان بۆ گێڕاومەوە. زۆربەی هەرە زۆری هۆزەکان، جارجارە تووشی گێچەڵی لەو بابەتە هاتوون و چەندین ساڵ سەرگەرمی دوژمنایەتی و تۆڵەئەستاندن بوون. گەر بشێت لێکۆڵینەوەکانی Barth بکەینە پێوەر، پێدەچێت مەسەلەی دوژمنایەتی و تۆڵەئەستاندن لە باشووری کوردستاندا بەو ڕادەیە نەبێت و کەمتر بێت(٤٠). لە کوردستانی ئێرانیش کەس باسی شتی ئاوهای بۆ نەکردووم. وەلێ لە باکووری کوردستاندا هێشتا پەتایەکی بێئامانە، هەرچەندە چیدی بەو بەرفراوانییەی جاران نەماوە. دوور نییە ئەو ژمارانەی بۆمنیان باسکردوون زێدەڕەوییان تێدا نەبووبێت، چونکە بەسەرهاتەکان بە ناتەواوی لە بیرەوەریدا دەدرەوشێنەوەو لەگەڵ حەسرەت و هەویا و ئاواتی بریا ئاوها نەبا، پێکەڵپێکن.

سەیر لەوەدایە نە لە قورئان و نە لە گێڕانەوەی بەسەرهاتەکاندا، هیچ باسی ئەوە ناکرێت کە تۆڵە ڕاستەوخۆ لە پیاوکوژە تاوانکارەکە خۆی بستێندرێتەوە. لە دابی خێڵەکیدا ئۆباڵی پیاوکوشتن گەردنی هەمووان دەگرێتەوە، نەك تاکە کەس. جوداوازی نێوان داب و نەریتی خێڵەکی و یاسای قورئان لەوەدایە کە خێڵ لەبریی چاوێك چەند چاوێك دەکۆڵێت و هەتا تۆڵەی تۆڵەش دەستێنێتەوە (کە قورئان قەدەغەی دەکات). لەو نێوچانەدا کە دەوڵەت دەستەڵاتی تەواوی تێدا نییە، یاخود بەرتیل و قاچووقووچ پەکی ئەو دەستەڵاتە دەخات، وەکی کێوەکانی باشووری خۆرهەڵاتی تورکیا، هێشتا تۆڵەو دوژمنایەتی هەر بەردەوامن.

لە گوندی ئولودەرە، کە پێشان زێدی ئاسوورییان بوو، پاش پەرەوازەبوونی ئەوان لە یەکەم جەنگی جیهانیدا، کوردەکانی هۆزی گۆیان ئاوەدانیان کردەوە، چەند Lineage باڤگێکی لێن، کە پێدەچێت هیچ خزمایەتییەکیان لەگەڵ یەکدیدا نەبێت و لە ڕووی هێزیشەوە نابەرامبەرن و لەچەند گەڕەکێکی گەورەی جودا لە یەکدیدا دەژین. ساڵێك بەر لەوەی من بچمە ئەوێ، کوڕی باڤکێکی گچکەی کەم هێز، کیژی کابرایەکی بە دەستەڵاتی باڤکێکی گەورەتری هەڵگرتبوو. هەڵبەت هەڵگرتن و ڕەدووکەوتن و هەڵهاتنی دوو دڵخواز، پێشهاتێکی ترسناکەو خوێنساردی و کەلەمێری و عەگیدیی گەرەکە. بەهەرحاڵ، پاشان شوێنی جووتە دڵخواز پێزانراو بووە شەڕەتفەنگ. کوڕە خۆی، یاخود یەکێك لە یارمەتیدەرانی، خزمێکی کچەیان زامدارکرد. هەرچەندە کوڕەو کچە گەیشتبوونە خۆرئاوای تورکیا و لەوێ نیشتەجێبووبوون، کەچی هێشتا تۆڵەو خوێنرێژی نەبڕابووەوە. دوو

پیاوی سەر بە باڤکی کورە، کوژران. دیارە دوو کەسی نێزیکی نا، بەڵکە دوو کەسی کارامەی بێتاوانی باڤکەکە. پاشان هەردوو باڤکەکە ئاشتبوونەوە، یاخود تەنها شەڕیان ڕاگرت، چونکە کەمهێزەکەیان لایڕوونبوو چارەی ئەوی دی پێناکرێت، بۆیە گرتن و سزادانی پیاوکوژەکانی بۆ دەوڵەت هێشتەوە، (لە ڕاستیدا فەرمانبەرێکی دەوڵەت ڕێکیخستنەوە). بەڵام بارو دۆخەکە هەر گرژو ئاڵۆز بوو، چونکە پیاوکوژەکان زلحۆ زلحۆ دەسووڕانەوە. هێندەی کرابا لایەنگرانی هەردوك باڤ لە دیتنی یەکدی خۆیان دەبواردو دوورە پەرێز لە یەکدی دەوەستان. کەسیان نەدەچوونە ئەو چایخانەیەی پیاوانی لایەنەکەی دی ڕوویانتێدەکرد، (لە ئولودەرە دوو چایخانەی لێیە). جارجارە لە نێوان هەردوو گەڕەکەکەدا دەبووەوە شەڕە تفەنگ. پاش ئەوەی من ئەوێم جێهێشت، هەمدیسان گڕی شەڕو دوژمنایەی هەڵایسیاوەو لایەنی کەم دوو کەسی دیکەی تێدا کوژران.

تا مەودای جوداوازییە چینایەتییەکە لە نێوان پیاوکوژو کوژراوەکەدا فراوانتر بێت، دەستگەیشتنە تاوانکارە ڕاستەقینەکەو تۆڵەئەستاندنەوە لێی ئەستەمتر دەبێت. گەر سەرەکهۆزێك لەلایەن بۆرەپیاوێکی خولامی خۆیەوە، کە سەر بە هیچ هۆزێك نەبێت، بکوژرێت، کەسوکاری سەرەکهۆزەکەش سووربن لەسەر کوشتنەوەی خولامەکە، بەوە پلەی سەرەکهۆزەکە دادەلەنگێننە ئاستی خولامێك. وەلێ ئاوەزەی خێڵایەتی ئەوەی پێ قەبووڵ ناکرێت کە خولامێك خۆ بەخۆ ئاغای کوشتبێت، دیارە هەر دەبێت بە فیتی سەرەکهۆزێکی دی بەو تاوانە هەڵستابێت. بۆیە گومان لەسەرەکهۆزێکی دی پەیدادەکرێت و ئەو دەکرێتە جێنیشانەی تیری تۆڵە. هەڵبەت ئەمە تەنها گریمانەیەکی پەتییە، دەنا من بۆ خۆم نە لەسەرچاوە نووسراوەکانداو نە لە لێکۆڵینەوە مەیدانییەکانی خۆمدا، تووشی پێشهاتی لەو بابەتە نەهاتووم، نەمدیت سەرەکهۆزێك بە دەستی بۆرەپیاوێکی ڕووتەڵەی خۆی کوژرابێت. هەڵبەت دەستکێشانە گیانی ئاغایان هێجگار بەو دانسقەییە نییە، بەڵام زێتر ئەوانەی بەکارێکی ئاوەها هەڵدەستن، یا خزمی خۆیین، یا کەسێکی هاوشانی خۆی. دیارە دەبێت هەندەك پێشهاتی ململانێی چینایەتی ئالەم دواییانەدا، لەم حسێبە هەڵبوێرین(٤١).

حاڵەتی پێچەوانەی ئەوە، وەکی ئەوەی بۆرەپیاوێك لەلایەن ئاغاوە بکوژرێت، وەك ڕووداوێکی ئاسایی ڕۆژانە نەبووە، زۆر دەگمەنیش نەبووە. فەلە کوردەکان و ئەو وەرزێرانەی سەر بە هیچ هۆزێك نەبوون، لە بەرامبەر دەستەڵاتی خێڵەکاندا هەمیشە کزو کەساس بوون و گەلەك جار داپڵۆسێندراون. لە ڕووی ئابووریەوە هەمیشە دادۆشراوو خولام و خزمەتکاری ئاغاو سەرەکهۆزان بوون، هیچ جوداوازییەکی ئەوتۆیان دەگەڵ کۆیلەکانی سەدەی نێوەڕاستی ئەورووپادا نەبووە. ئاغاکانیان وەك بەشێك لە مڵکی خۆیان، وەکی گاوگۆتاڵیان تێیانڕوانیون. چۆن کوشتنی بەرانێکی ئاغا تۆڵەی سەندراوەتەوە، هەر ئاوهاش کوشتنی خولامێکی فەلەی، بێ تۆڵە نەهێڵدراوەتەوە.

Taylor کە لە ساڵەکانی شێستی سەدەی نۆزدەهەمدا لە دیاربەکر کونسوڵی بەریتانیا بووە، بۆماندەگێڕێتەوە کە لەو دەمەدا وەرزێر فەلەکانی مەڵبەندی بۆتان، پێکڕا دەگەڵ ئەو زەوییەی کاریان تێدا کردووە کڕراون و فرۆشراون، پێیانگوتوون زێڕکڕیی، (ئەوانەی بەزێڕ دەکڕدرێن). سەروبەر مڵکی کابرای کوردە بوون. Taylor بە داخ و حەسرەتەوە بۆماندەگێڕێتەوە چۆن لە تۆڵەی زێڕکڕییەکدا کە بە دەستی (یاخود بە فیتی) سەرەکهۆزێك کوژراوە، دوو زێڕکڕیی خولامی کوژراونەوە، هەرچەندە هیچ پەیوەندییەکیان بە کوشتنی خولامە هاودەردەکەیانەوە نەبووە"(٤٢).

پێدەچێت Taylor نەیزانیبێت کابرای کوردە هێندە لە فەرموودەکەی قورئان لایداوە: "خولام لەبریی خولام"، کە لەبریتی تاقە زێڕکڕییەك جووتێکی کوشتۆتەوە. کوشتنی خولامێکی ئاغا هیچ جوداوازیی دەگەڵ کوشتنی

قاترێکیدا، یاخود دزینی شەکێکیدا، نەبووە. کەس چاوەڕوانی ئەوەناکات ئاژەڵێك، یاخود خولامێك تۆڵەی خۆی بە دەستی خۆی بکاتەوە، ئەوە کاری ئاغایە. جگەلەوە، فەلەکان بۆیان نەبووە چەك هەڵگرن، ئیدی چۆن و بەچی تۆڵە بستێننەوە. یاسای خێڵەکی تەنها بۆ ئەندامانی خێڵە، دەستوپێوەند ناگرێتەوە. Taylor ئەو بەسەرهاتە تایبەتە پڕ مەرگەساتەمان بۆیە بۆ دەگێڕێتەوە، چونکە قوربانیەکان فەلەی (کلدانیی) بوون، دەنا خولامی بێ پشت و پەنای کورد، حاڵیان باشتر نەبووە. تا ئێستاش ئاغا تۆڵە ئەستێنی خولامە. ئەمە هۆی ئەوەیە کە گەلەك وەرزێری ئاری، خولامێتیان پێباشترە وەك لەوەی سەربەست بژین. بۆ کابرایەکی رووتە، خولامێتی ئاغایەکی دەستەلاتدار باشترین بەربەست و قەڵغانە لەحاند دەستدرێژی و شالاوی تەڕیدەو ملهوڕاندا.

گەر پیاوکوژو کوژراو سەر بە هەمان هۆز، یا هەمان تیرە، یاخود هەمان بنەماڵە بن، مەودای ئامانجی تۆڵەئەستاندنەکە بەرتەسکتر دەبێتەوە. لەبەر رۆشنایی خشتەی ژمارە (١)دا، دەتوانرێت ئەمە باشتر روونکرێتەوە، گەر لەهەر سێگۆشەیەك وەك تایەفەو بنەماڵەیەك بڕوانین. گریمان پیاوێکی بنەماڵەی ژمارە ٢ لەلایەن کابرایەکیی بنەماڵەی ژمارە ١٤ەوە دەکوژرێت، ئیدی تەواوی کەسانی بنەماڵەی C دەبنە جێنیشانەی تیری تۆڵە، تەواوی کەسانی بنەماڵەی A دەبنە تۆڵەئستێن. (لە ڕاستیدا بە کردەوە تەنها خزمە زۆر نێزیکەکانی کوژراوەکە منەی تۆڵەئەستاندن دەکەن، یانی خانەوادەی A). گەر پیاوکوژەکە سەر بە تایەفەی ٧ بێت، ئەودەم هەردوك بنەماڵەکانی A و B گرفتاری داوی دوژمنایەتی دەبن، (بنەماڵەی H دوورەپەرێز دەوەستێت). بەلام گەر پیاوکوژەکە سەر بە بنەماڵەی ٤ بێت، ئەوا تەنها کەسانی سەر بە بنەماڵەی B دەبنە جێنیشانەی تۆڵەو تۆڵەئەستێنانیش تەنها لە بنەماڵەی A دەبن. ئا بەو جۆرە دوژمنایەی کۆمەڵەکان کوتکوت دەکات و رووبەرووی یەکدییان دەکاتەوە. پلەی خزمایەتی پیاوکوژەکەو کوژراوەکە ڕادەو ئاستی رووبەڕووبوونەوەکە دیاریدەکات.

ئیدی لە پارچەکانی دیکەی کوردستاندا، باوی وەی بەسەرچووە، هەر قوربەسەرێکی سەر بە هۆزە دوژمنەکە بەردەستکەوت، بکوژرێتەوە. تەنها پیاوکوژەکە خۆی، یاخود کەسێکی هەرە نێزیکی وەکی برای یاخود کوڕی دەکوژرێتەوە. وەلێ دوژمنایەتییەکە هەر بە زرپی دەمێنێتەوە، کەس و کاری هەردوکلا خۆ لە یەکدی دەبوێرن. سیمای خێڵایەتی بە دوژمنایەتییەکەوە کاتی ڕێککەوتن زەقتر خۆ دەنوێنێت، ئەو کاتەی بەژ بە کەس و کاری کوژراو دەدرێت و بەوە دەست لە تۆڵە هەڵدەگرن. قورئان فەرمانی ئەو جۆرە ڕێککەوتنە دەدات: "گەر براکەی ڕازیبێت بەشتێك لێیخۆشبێت، دەبێت خوێنباییەکی چاکی پێبدرێت"(٤٣). دەبێت ئەو بەژە بنەماڵەی پیاوکوژەکە هەڵیسووڕێنێت، لە دەستنیشانکردنی ئەندازەکەیدا بەریڤان تەنها پلەو پایەی پیاوکوژو کوژراوەکە پێشچاوناگرێت، بەڵکە گەورەیی و دەوڵەمەندیی بنەماڵەی پیاوکوژەکەش. پشکی ئەو بەژەی دەکەوێتە سەر هەریەکێك لە بنەماڵەکە، بەپێی دەستکەوت و پلەی ئابووریی هەریەکێکیان دەگۆڕێت. بەلام دەبێت هەر ئەندامێك لایەنی کەم، هێندەی پێیهەڵدەسووڕێت باربوو بدات. دیارە بەژ بەسەر گشت ئەندامانی بنەماڵەی کوژراوەکەدا دابەشناکرێت. گەر بابی کوژراوەکە مابێت، ئەوا خوێنباییەکە وەردەگرێت، دەنا برای یا ئەو خزمەی وەریدەگرێت، کە ئەرکی چاودێریکردنی کەسوکاری کوژراوەکەی لە ئەستۆدایە.

٢-٣-١ بەلادا خستنی دوژمنایەتی لە ڕێگەی نێوبژییەوە

چارەسەری ئاشتییانەی کێشەو ئاشووبێك هەروا ئاسان نییەو لەپڕێك ناکرێت، دەبێت کەسێکی بەوەج و دەستەلاتدار بکەوێتە نێوانەوە. لایەنە هەڕەشەلێکراوەکە کەسێك دەدۆزێتەوە کە لای تۆڵەئەستێنەران ڕێزو ڕۆمەتێکی بێت. زۆر جار ئەو کەسە سەرەکهۆزێك یا مەزنی گەورەماڵێکە. گەر ئەو کەسە خۆی سەر بەبنەماڵەی

پیاوکوژەکە بێت، ئیدی ئەویش لە دوژمنایەتییەوە گلاوەو ناتوانێت ببێتە بەریڤان. تا پلەی کۆمەڵایەتی دوو دەستە دوژمنەکە بالاتر بێت، دۆزینەوەی بەریڤانێکی گونجاوو شیاو، دژوارترو ئەستەمتر دەبێت(٤٤).
چاوساغێکی نێوچەی مۆدکانی نێزیکی بەتلیس بۆیگێڕامەوە، کە گوایە دوژمنایەتی نێوان خزمان زێتر لە ڕێگەی ڕێکەوتن و بەژەوە چارەسەرەکرێت، وەلێ دوژمنایەتی نێوان هۆزە جوداوازەکان قەت لەو ڕێگەیەوە چارناکرێت: "تەنها ڕێگە، خوێن لەبریی خوێنە". گەر لایەکیان کەسایەتییەکی ناسراوو بە شۆرەت پەیدا نەکات تا ڕێکیانخاتەوە، ئەوا دوژمنایەتییەکە هەتا هەتایە بەردەوام دەبێت. جار هەیە سەرەکهۆزانی هاوسێ هەوڵدەدەن تیرەو هۆزە گەورە دوژمنەکان ڕێکخەنەوە، هەرچەندە گەورەپیاوانی هەردوولا بە هاسانی ملنادەن، چونکە سەرەکهۆزی نێوبژیکەر، بەوە نێوو شۆرەتێکی درەوشاوەی پێدەبڕێت و مەزنتر دەبێت. پەندێکی باکووری کوردستان هەیە دەبێژێت(٤٥): "سەر زەعفن، لێ سەرێ کو سەر پێ ببهیسنە کێمە" ﴿سەرگەورە زۆرن، وەلێ ئەو سەرگەورانەی گوێ بۆ سەرگەورەیەکی دی ڕادەهێڵن، کەمن﴾.
دوو هۆکاری ڕوونی جووتبەندی یەکدی، قۆرتی سەر ڕێگەی ئەوەن کە ڕێکخراوە سیاسییە کوردستانییەکان بتوانن نێڵەنێڵی گڕی دوژمنایەتی هۆزەکان خامۆشکەن: یەکێکیان پلەوپایەی بڵندو دەستەڵاتی فراوانی سەرکردە ئاینییەکانی وەکی شێخە. شایانی باسە کە سەرکردایەتی یەکەمین ڕاپەڕینی نیشتمانیی کورد، بە دەست شێخانەوە بووە. هۆکارێکی دیکەیان ئەوەی کە گوایە زۆربەی سەرەکهۆزە مەزنەکانی کورد لە ڕەچەڵەکێکی دیکە کەوتوونەوە -یاخود خۆیان بانگاشەی ئەوە دەکەن-. بڕێکیشیان خەڵکی کونجێکی دیکەی کوردستانن. بەڵام دیاردەی زەق و زاڵی زۆر لەسەرەکهۆزان و خانەوادە خانەدانەکان ئەوەیە کە گوایە لە بنەماڵەیەکی بەشۆرەتی عارەبان کەوتوونەوە، ئیدی یەکێك لەو عارەبانەی کە لە مێژووی ئیسلامیدا دەورێکی گەشیان دیتووە، وەکی یەکێك لە هاوەڵ و یاوەرەکانی پەیامبەر، یاخود یەکێك لە پاڵەوانانی جەنگی داگیرکەرانەی عارەبان، یاخود دامەزرێنەری یەکێك لە میرنشینە مەزنەکان. بەوە جگە لە دەستخستنی پلەو پایەی ئاینی، کە درەختی خانەوادەیەکی لەو بابەتە پێیدەبەخشێت، واشدەردەخات کە گوایە خزمایەتی دەگەڵ ئەندامانی دیکەی هۆزەکەیدا نییەو نابێتە پشکێك لەو دوژمنایەتییەی بنەماڵەکانی دی تێوەی گلاون. بەوە مافی ئەوەشی دەکەوێت کە ببێتە بەریڤان. ئا بەو ڕۆڵی نێوبژیکردنە، زۆربەی سەرەکهۆزان دەستەڵاتیان برەو پێدەدەن.
شێخان زۆریان پشکێك نین لە خانە جوداوازەکانی پێکهاتی هۆز. ئەمە بۆتە هۆی ئەوەی زۆریان بتوانن ڕۆڵێکی سیاسی دەروشاوە لە کۆمەڵگەی خێڵایەتیدا بۆ خۆیان بپچڕن. لە ڕاستیدا زۆری شێخەکان هیچ خزماتییەکیان دەگەڵ هۆزەکانی دەوروبەریاندا نییە. دامەزرێنەرانی زۆر لەو تەکێ شێخنشینانە، وەکی ڕێبەرێکی ئاینی لە جێیەکی دییەوە ڕەویانکردووەو هاتوون لە شوێنی ئێستایان نیشتەجێبوون. ئەمە خۆی لە خۆیدا بڕواو بانگاشەی بێلایەنی و لەسەرنەکردنەوەی هیچ یەکێك لە هۆزەکانیان پتەوتر دەکات و نابنە بەشێك لەو ململانێیە. شێخان وا پیشاندەدن و سوورن لەسەر ئەوەی کە گوایە دوورن لە چنینەوەی دەستکەوت و سوودی دنیایی و خۆیان بۆ خزمەتی ئێزدان و پاراستنی ئاین و بەرژەوەندیی ئیمانداران تەرخاندەکەن، با گەلەکجار ڕۆژگار پێچەوانەکەشی دەرخستبێت. بانگاشەی ئەوە دەکەن کە گوایە لە ڕێگەی جەزبەو زیکرو تەهلیلەوە، زێتر لە ڕێبەرو پێشەوا ئاینییەکانی دی، ئێزدان و بەندەی لێك نێزیکدەکەنەوە. ئەو پلەو پایە مەزنەی لە دەرەوەی قەوارەی هۆز بۆ خۆیان پچڕیوە، وایلێکردوون ببنە باشترین و لەبارترین پەناگە بۆ تێکەوتن و نێوبژیکردن و بڕاندنەوەی دوژمنایەتی و گێرمەوکێشەی نێوان هۆزەکان. چارەسەرکردنی زۆرترین کێشەو گرفتی نێوان هۆزە

جوداكان لە سەردەستی شێخاندا كراون. ئا بەو دەورو ڕۆڵە ئاشتیخوازانەیە، شۆرەتی خۆیان برەو پێداوەو دەستەڵاتی سیاسی خۆیان پەرپێئەستاندووە.
لە نێوان سالآنی ١٨٢٠ و ١٨٦٠دا، ژمارەی شێخەكانی كوردستان بە شێوەیەكی سەیر زێدیكردو پلەوپایەی سیاسیشیان پەرەیسەند. وەكی لە بەندی چوارهەمدا ڕوونیدەكەینەوە، ئەو پەرەئەستاندنە ئاكامێكی لە نێوچوونی دواهەمین فەرمانڕەوا نیوەسەربەخۆكانی كوردو پیادەكردنی چارەسەرییە ئیدارییەكانو سەقامگیركردنی دەستەڵاتی نێوەندیی ئیمپراتۆرێتی عوسمانی بوو. تا سەرەتای سەدەی نۆزدەهەمیش هێشتا فەرمانڕەواكانی كورد یاساو دادگەی خۆیان هەبوو، دەستەڵاتو هێزێكی تەواوی دانپێدانراوی ئەوتۆیان هەبوو كە بتوانن چارەی كێشەو گرفت بەسەر هۆزەكانی قەڵەمڕەویاندا بسەپێنن. پاش لە نێوچوونی ئەوان، كۆمەڵگە چاو لە دووی جۆرە كەسایەتییەك بوو كە متمانەی سەپاندنو چەسپاندنی ئاشتیو هێوریی پێبكرێتو دان بە دەستەڵاتیدا بنرێت، پێدەچێت شێخان بۆ ئەو مەبەستە لە گشت كەسان گونجاوترو لەبارترو شیاوتر بووبن.
لە نیوەی یەكەمی ئەم سەدەیەوە، ڕژێمە نێوەندییەكان هەوڵیانداوە مەڵبەندە كوردییەكان بخەنە ژێر ڕكێفی ڕاستەوخۆی خۆیانەوە، تۆڵەیان یاساغ كردووەو لەبریتی یاسای عەشایەر، یاسای مەدەنیو سزاو دادگایان سەپاندووە، (یاخود باشترە بڵێین هەوڵی سەپاندنیان داوە)، تا لەو ڕێگەیەوە دەستەڵاتی سەرەكهۆزانو شێخان كەچو بنبڕكەن. توندڕەوترین هەوڵ لەو بوارەدا لە كۆماری توركیادا درا، لە ئاكامی شۆڕشو ڕاپەڕینەكانی بیستو سییەكاندا، گەلەك گەورەپیاوی تەقلیدی كوژران، یاخود دەربەدەركران. هەتا ئەو زەبرو زۆرانەش بێ ئاكام بوونو ئامانجیان نەپێكا چونكە متمانە بە فەرمانبەرانو كاربەدەستانی دەوڵەت نەدەكرا، نەیانتوانی جێگەی گەورەپیاوە تەقلیدییەكان بگرنەوە. جارجارە لێرەو لەوێ توانیویانە چارەی كێشەیەكی خێڵەكی بسەپێنن، بەلآم قەت نەیانتوانیوە لە ڕێگەی گفتوگۆو لێكتێگەیشتنەوە چارەی هیچ كێشەیەك بكەن. گەلەكجار كاربەدەستانی دەوڵەت بەوە تاونبار كراون، لە بریتی ڕێكخستنەوەو ئاشتكردنەوە، ئەم هۆزەیان دژی ئەوی دی دنەداوە. لەگەلەم نیچوچە سەرەكهۆزی نوێ پەیدابوونو دەستەڵاتیان وەدەست چنیوەتەوە. لە هەر جییەك هێزو دەستەڵاتی ئاغاو شێخان بە هێجگاریی بنبڕ كرابێت، لەوێ كۆمەڵگەكە كێشەو گێچەڵی لە جاران زێتری بۆ سازاوە.
دارگوند گوندێكی نێوچەی مۆدكییەو دەكەوێتە باكووری خۆرئاوای بەتلیسەوە، سالّی ١٩٣٥ هۆزە گچكەكانی ئەو مەڵبەندە پێیانوابوو گوایە شۆڕشو ڕاپەڕینێكی سەراپایی كورد دژی دەستەڵاتی توركان لە ئانو ساتدایەو ها كە تەقییەوە. مۆدكی كە پێتەختی مەڵبەندەكەو چەقی فەرمانڕەوایی بوو، گەمارۆیاندا، بەلآم بەرلەوەی داگیریكەن ئۆردووی توركی گەیشتێ. ژەندرمەی تورك هێجگار توندو تیژ تۆڵەیان لە خەڵكەكە سەندەوەو خراپ سزایاندان. زۆربەی ئاغاو شێخان بەداردا‌كران، پشكی هەرەزۆری گوندنشینەكان، پاش دەستلێوەشاندنێكی خوێناوی، بۆ تراقێن دوورخرانەوە. ماڵو گوندیان وێرانو خاپووركران، هەتا دارگوێزەكانیشیان لە بنو بێخدا بڕینەوە، تا ئەوانەی هەڵهاتوون، دالّدەیان نەمێنێتو دەرفەتی گەڕانەوەیان لێبتەندرێت. ئەو گوندانەی مانەوە، خرانە ژێر چاوەدێریو جەورەوەو بۆ هەر دوان سیانێكیانو بنكەیەكی ژەندرمە دانرا. یەكێك لە چاوساغەكانم بە تەوسەوە دەیگوت: "ئا بەو شێوەیە گشت لە گشتمان كراینە ژیاریو بووینە توركی ڕەسەن".
خەڵكی دارگوند سەر بە هۆزی كیبورانن، كە لە دوو تایەفەكەی مەمۆو سلۆ پێكهاتوون. هەتا ئەوڕۆكەش سەرەكهۆزێك، گەورەپیاوێك، كوێخایەك، مەزنێكیان نییەو بێسەریی ماونەوە، هەتا دەوڵەمەندێكیشیان تێدا هەڵنەكەوتووە، گشت لە گشتیان وەرزێرن. پێشان لە گوندێكی هاوسێ، شێخێكی لێبوو، پاش ڕاپەڕینەكە

کوژرا. ئێستەکە کوڕێکی لەوێ دەژێت، بەویش دەڵێن شێخ و جارجارە نوشتەو چاوەزار دەنووسێت و منداڵان لە چاوی پیس دەپارێزێت، بەڵام خۆی هیچ شکۆیەکی ئەوتۆی نییە، چونکە شێخی ڕاستەقینە نییە. لەو سەرو بەرەدا بۆتە ئیمامی گوندەکەو لەلایەن دەوڵەتەوە مووچەیەکی بۆ بڕراوەتەوە، دیارە ئەمە لەچاو پایەی شێخایەتیدا، دالەنگینی پلەی کۆمەلایەتییە. بڕێك کێشەی گچکەی وەکی کێشەی زەوی و موڵکایەتی لەلایەن ژەندرمەوە چارەسەردەکرێن، بەڵام ئەوان ئەو شکۆو سەروەرییەیان نییەو متمانەیان پێناکرێت و ناتوانن چارەی کێشەی گەورەو گرنگ بکەن و خەڵکی ڕێکبخەنەوە. لەوەوە جۆرە دالەنگین و بۆشاییەك لە هێزو دەستەڵاتدا کەوتۆتەوە. دیارە شیرازەی کۆمەلایەتی و ئیدیۆلۆژی، پابەندو پەیوەستی هۆزە، وەلێ تاقە سەرچاوەی دەستەلات کە یاسا دەسەپێنێت، سەر بە شیرازەیەکی کۆمەلایەتی دیکەیەو لەسەر بنەمای ئیدیۆلۆژییەکی دی هەڵچووەو بەو ڕەوتە هەڵسوکەوت دەکات، ئەمە بۆتە ماکی ئەوەی کە کێشەکان هەتا هەتایە بەردەوام بن، یاخود لە باشترین حاڵەتدا هێجگار خاوو لەسەرەخۆ خامۆش بن و لە بیر بچنەوە.

ساڵی ۱۹۷۳، کابرایەکی مەمۆیی، یەکێکی سلۆیی کوشت، پێدەچوو زێتر ڕێکەوت دەوری لەو بەدبەختییەدا دیتبێت. لەترسی تۆڵەسەندنەوە، تاوانکارەکەو براکانی دەمودەست هەڵهاتن بۆ کونجێکی خۆرئاوای تورکیا و لەوێ خۆیان حەشاردا. خزمانی دی هەر لە گوند مانەوە، دڵنیابوون تۆڵە لەوان ناستێندرێتەوە. بەڵام سلۆکییەکان خۆیان بە زوڵم لێکراو دەزانیی و بەوە گرژی و ئاڵۆزییەك لە نێوان هەردووبنەماڵەکەدا سازاو خاوبوونەوەی نەبوو، چونکە تاونکاریش هەر دوورە دەست بوو. (ماوەیەکی کورت گیراو لە لێخۆشبوونە گشتییەکەی ۱۹۷٤دا بەرهەڵدا کرا، بەزیت و وورییایی خۆی، نەیهێشتبوو کەس پێبزانێت لە کوێ دەژێت).

هیچ گەورە پیاوێکی خاوەنشکۆی ئەوتۆیی نەبوو کە بتوانێت دوو بنەماڵەکە ڕازی بکات تا ڕێککەونەوەو کێشەکە لە ڕێگەی خوێنباییەوە چارەبکەن. هەردوکلا سڵیان لە یەکدی دەکردەوەو دوورەپەرێز لە یەکدی دەوەستان. ئێوارە دادەهات بە دەگمەن لەماڵ وەدەردەکەوتن. هەتا شایی و زەماوەندیشیان چۆڵ و هۆڵ و بێگەڕی ڕەشبەڵەك و نالەی نەی و زرمەی دەهۆڵ و زیرەزیری زوڕنابوو. تەنها جێیەك کە هەردوکلا ڕوویانتێدەکرد، قوتابخانەکەی ئاوایی بوو، دەچوونە کن ئەو مامۆستایانەی هەر لەوێ دەژیان، (مامۆستاکان گشتیان غەوارە بوون)، منیش مێوانی ئەوان بووم. هەتا تاقە سلۆییەك ڕوویکردبا ئەوێ، هەرچی مەمۆیی لێبان دەستبەجێ هەڵدەستان و دەڕۆیشتن، پێچەوانەکەشی هەروابوو، هەتا چاییەکەشیان فڕنەدەکردو هەروا جێیاندەهێشت.

پێدەچێت ئەو گرژی و ئاڵۆزییە زۆر بخایەنێت و درەنگ خاوبێتەوەو بەسەر بچێت. ڕەنگە وەچەکانی داهاتوویان بتوانن ئەو دوژمنایەتییە گۆڕکەن و گەردنی یەکدی ئازادکەن. چونکە ئەوان لە ڕێگەی وانەکانی قوتابخانەوە شارەزای پێوەرێکی دی دەبن، جودا لە داب و نەریتی خێلایەتی. لە حەفتاکاندا، ئەو پێوەرە خۆی تەنها بە ئیدیۆلۆژیی ڕەسمیی کەمالیستەوە نەبەستبووەوە، بەڵکە ئەو ئەڵقەیەی پساندبوو، ئاڵتەرنەتیڤی ئیسلام و سۆسیالیزمیشی ئاوێتە بووبوو. وەلێ لەوپەڕی کراوەیی و دڵفراوانیشیاندا، هێشتا هەر هەستێکی ناقۆلا زاڵ بوو، کە ئا لەم پێشهاتەوە دەچریسکێتەوە:

ڕۆژێك پێنج لاوی "پێشکەوتنخوازیان" – دوانی سلۆیی و سیانی مەمۆیی – بڕیاریاندا پێکڕا بچنە ڕاوەماسی. (ڕاوەماسی بە دینامێت دەکەن، هەرچەندە یاساغیشە، بەڵام ئەوەیان لە گشت شێوازێکی دی لا شیرینترە، بۆمبایەك هەڵدەدەنە گۆمێکی پڕ لە ماسییەوە). سەرەتا وایبۆدەچووم کە ئەو لاوانە تا ڕادەیەك متمانەیان بە یەکدی هەیەو پێدەچێت کەمتر بایەخ بە کێشەی نێوان تایەفەکانیان بدەن. بەڵام سەرنجمدا، کە چوونە نێو گوند بۆ دینامێت کڕین، مەمۆیی کەنارێکی چۆمەکەی گرت و سلۆیی کەنارەکەی دی، لەهەر لایەشیان تەنها تاقە

یەکێکیان چووە دوکانەکەوە. ئەوجا پێکەوە بۆ شوێنی دیاریکراو بەڕێکەوتن. لێ لەوێش لێك جودابوونەوەو هەر لایەك بۆ خۆی بە جودا بۆمبای خۆی هەڵدەدا.

هێشتا لەویێ گەورەپیاوێکی نوێی ئەوتۆیی هەڵنەکەوتۆتەوە کە بتوانێت پێبەپێی داب و نەریتە دێرینەکە، ڕێزو سەروەریی خۆی بسەلمێنێت و دەستەلآت پەیداکات، ڕەنگە هۆکەی ئەوەبێت کە ژەندرمە نێوچەکەی تەواو تەواو لەژێر ڕکێفدایەو ئەوە مەودای پەیدابوونی سەرەکهۆزێکی هەڵکەوتووی تەنیبێت. هەرچەندە کەس بە دەستەلآتی نوێی دەوڵەت و داو دەزگەکانی ڕازیی نییەو بەوە بارێك کەوتۆتەوە کە کێشەکان نەبە شێوازی نەریتی و نەبە شێوازی نوێ، ناتوانرێت چارەبکرێن. لە هەندەك جێگەی دیکەی کوردستانی تورکیا، تایبەت لە شوێنە چەپەرەکانی باشووری خۆرهەلآت، بارودۆخێکی دی لە ئارادایەو بۆتە هۆی سەرهەڵدان و پەیدابوونی دەستەیەکی نوێ لە سەرەکهۆزی گچکەڵەو هەندە لە دەستڕۆیشتووە دەلآڵەکان، کە زۆربەیان ئەو پلەوپایەیان لە ڕێگەی پەیوەندیی و ئالیکارییەوە دەگەڵ ئۆردووی تورك و دەزگەکانی دەوڵەتدا، پێبڕاوە. ژمارەیەکی هێجگار کەم لەوانە توانیویانە سەروەریی و شکۆی خۆیان بسەلمێنن و متمانەیەکی ئاوەها پەیداکەن کە ئاگری شەڕو هەرایان پێبکوژێتەوە. پێدەچێت ململانێی نێوان ئەو سەرەکهۆزە هەلپەرستە بە هەڵپانەو سەرەکهۆزە سەرکزکراوەکان، کێشەو گرفتی نێوان هۆزەکان پتر پەرەپێبدات، نەك کەمی بکاتەوە.

لە حەفتاکاندا، کە ئیدیۆلۆژی لە هەرەتی مۆدەو باویدابوو، بابەتی شیرنی باس و دەمەتەقێی لاوە خوێنگەرمە ڕۆشنبیرەکانی گوند و شارۆچکەکانی کوردستان، هەڵتەکاندنی بیری گەندەڵی تیرەگەری و کۆتایی هێنان بە شەڕو دوژمنایەتی خێڵایەتی بوو، چونکە هەستی نەتەوایەتی سیس و خامۆش دەکات، چارشێو بەسەر جوداوازیی چینایەتیدا دەدات و یەکێتی و یەکڕیزیی موسڵمانان کزو کەنەفت دەکات. سەر بە هەر ئیدیۆلۆژیەك بان، شەڕی تیرەگەرییان بەماکی بەدییەکان و نێرکی ئیدیۆلۆژییەکی دوژمن دەزانی. دیارە ئەوە گەلەك ئاسانترو کاریگەرتر بوو کە هەستی خێڵایەتی و شەڕی تیرەگەری وەك بنەمایەکی مەعنەوی ڕیشەکێش و بنکەلکەن، وەك لەوەی چاوەڕوان و تەماشاچی بن، تا ئەو دەمەی هۆزی خۆیان تێوەدەگلێت. ئا ئەو تاقمە ڕووناکبیرانەی کە شەڕی تیرەگەرییان بە ئیدیۆلۆژییەکی دژ دادەنا، توانییان ڕەفتارو ئایدیای خۆیان یەکخەن. هەرچەندە تەنها تاقە جارێك بیستم کە لاوان هۆشیارانە نەریتی کۆن پێشێل کەن و ببنە دۆست و هەڤاڵی کەسانێك کە دەبایە بە چاوی دوژمن لە یەکدییان ڕوانیبا:

کەمال کە کرێکارێکی لاوی دیاربەکری و ئەندامێکی چالاکی ڕێکخراوێکی سیاسی کورد بوو، ئەم بەسەرهاتەی خۆی بۆ گێڕامەوە: خێزانەکەی بەر لە چەند ساڵێك بەهۆی دوژمنایەتیەوەو لەترسی تۆڵەسەندنەوە، ناچار بوو بوو گوندەکەی خۆی لە نێزیکی ئاگری جێبهێڵێت. هیچ یەکێك لە وەچە بەتەمەنەکانی نەیانوێراوە چیدی تاقە جارێك ڕوو لە گوندەکەیان بکەنەوە. بەڵام کەمال بۆیگێڕامەوە کە ئەو بە هۆی جموجۆڵی سیاسیەوە بەردەوام سەردانی گوندەکەی کردووە. بەو هۆیەوە کە زۆربەی لاوانی خوێندەوارو سۆسیالیست و کوردی نەتەوەپەرست بوون، قەت لەوێ هەستی بە مەترسی نەکردووە. ڕاستە، دوور نییە زۆر سادەو سافیلکانە لە سۆسیالیزم گەیشتبن، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا زۆر بڕوایان پێیبووەو هۆشیارانە لەو پێناوەدا دژی داب و نەریتی تیرەگەرێتی وەچەکانی بەر لە خۆیان وەستاونەوە. کەمال پێیوابوو کە لاوانی تیرەکەی دوژمنی بۆیە هێند بە تەنگ دۆستایەتییەوە بوون، تا بە شانازییەوە بیسەلمێنن کە نوێخوازو پێشکەوتنخوازن.

٢-٣-٢ ژن و ژنخوازی و کێشەی خێڵایەتی

ڕەنگە یەکێك لەو هۆکارانەی کە لە کێشەی خێڵایەتی و تیرەگەرێتی کوردستاندا، پتر لە زۆر کۆمەڵگەی خێڵەکی دی، دەورێکی نەرێتی دیتبێت و ماکی درێژخایاندنی ئاشووب و هەرا بووبێت، مەسەلەی Endogamie بێت، واتە ژن و ژنخوازی لە نێویەکدی و لەسەر ئاستێکی ئەوپەڕی بەرتەسکی پلەو خانە جوداکانی هۆزدا. ژن و ژنخوازی لە نێوان ئامۆزاو بنئامۆزدا، زۆر باوو لە پێشە. ئامۆزای کچە دەتوانێت بەربەرەکانێی گشت خوازبێنیکەرێك بکات و دژی بوەستێتەوە. گەر باب بخوازێت کچە بە بێگانەیەك بدات، دەبێت جاریّ پرس بە ئامۆزاکانی بکات و ئەوان ڕازی بن، بەوە ئەوان دەستبەرداری ماف لەپێشێتی خۆیان دەبن. بۆ خۆم قەت نموونەی لەو بابەتەم نەدیت، بەڵام لە زۆر گۆشەی کوردستان باسی ئەو دابەم بیست. گەر کچە، ئامۆزایەکی خوازبێنی بکات، ئەستەمە بابی نەیدات، گەر نەڵێم هەر شێوای ڕەتکردنەوە نییە.

لەگشت جێیەکی کوردستان، ئەو شیربابییەی لە ئامۆزا دەستێندرێت گەلەك کەمترە لەوەی لە بێگانەیەك داوا دەکرێت، دیارە بە چاوپۆشی لە چاوگەو هۆو ئامانجی ئەو دابەی ڕێگە بە مارەکردنی ئامۆزا دەدات. ئاشکرایە ئەم جۆرە ژن و ژنخوازییە دابەشبوون و خانەخانەکردنێکی هێجگار تێکەڵ و پێکەڵ لە درەختی بنەماڵەکەدا دەسازێنێت، (بڕوانە خشتەی ژمارە ٢). لە کاتێکدا ژن و ژنخوازی لە نێوان دوو بنەماڵەی ئامۆزای یەکدیدا، تێکەڵی و خزمایەتی دوو تایەفەکە پتەوتر دەکات (تایبەت گەر ئامۆزازا، یاخود بنئامۆزازابن)، ئەوا شووکردنی کچێك بە ئامۆزای خۆی، تەنها خانەیەك لە پلەکانی تایەفەکە پتەوتر دەکات. وەك لە خشتەی ژمارە ٢دا دەبینین، خانە داکشاوەکانی دوو بنەماڵەکە، تاك و تەنها ماونەوەو تێکەڵی لە نێوانیاندا ڕووینەداوە، بەوە خزمایەتییەکی ئەوتۆ نەخوڵقاوە کە بتوانێت کێشەی لەپڕ سازاویان دامرکێنێتەوە. هەڵبەت پیادەکردنی ئەم جۆرە یاسایەی لێرەدا دەستنیشانمانکرد، لە ژیانی ڕۆژانەدا خاوتر دەنوێنێت، گشت ژن و مێردەکان ئامۆزای یەکدی نین، هەرچەندە ژمارەی ژن و مێردانێك کە بەپێی نمونەکانی ئەم خشتەیە سازاون، هەتا لەنێو کوردە شارنشینەکانیشدا سەرسامیانکردم. مەخابن من لە هیچ جێیەك بۆم نەلوا ئەژمارێکی ڕێکوپێکی ئەو جۆرە ژن و ژنخوازییانە بکەم. تاقە سەرچاوەیەك کە پێبزانم، ئەو سەرژمێرەیە کە Barth لە باشووری کوردستان لە شێوەی پرۆڤەیەکی گچکەدا دەستیخستووەو بەو پێیە بێت، لە نێو خێڵەکییەکانی کورددا ٤٠٪و لە نێو ناخێڵەکییەکاندا ١٠٪ی ژن و مێردەکان، ئامۆزاو بنئامۆزان(٤٧). من تەواو تەواو دڵنیام کە لە باکووری کوردستان، ڕێژەکە بڕێك لەوە بالآترە.

گەر کچە بە ئامۆزایەکی نەبڕا، ئەوجا ئامۆزازا یاخود بنئامۆزا دێت و ئەوان لە خزمێکی دی لە پێشترن، خزمێکی دوورتر لە بێگانەیەك لەپێشترە. لە ڕاستیدا فشاری کۆمەڵایەتی زێتر بەلای ژن و ژنخوازیی لە نێو تایەفەکە خۆیدا دادەشکێنێت. لە هەندەك جێ، ژن و ژنخوازیی نێو گوندێك خۆی، لە ژن و ژنخوازیی نێو تایەفەیەك لەپێشترە (چونکە جوداوازییەکی ئەوتۆ لە نێوان خەڵکەکەیدا نییە).

لە باکووری کوردستان نەریتێکی سەیرم دیت، کە ماف کوڕانی گوندێك بەسەر کچانی گوندەوە ئاشکرا دەکات. گەر کچە شوو بە بێگانەیەك بکات، (یانی بە کوڕی گوندێکی دی)، کوڕگەلی دێ ناهێڵن کچە بگوێزنەوە تا بابی زاوا شتێك پووڵیان نەداتێ. لە ڕۆژی زەماوەندی لەو بابەتەدا، دەمدیت کوڕو کاڵی دێ، گشت ڕێگەکانیان دەبەست و کەژاوەی بووکیان ڕادەگرت، هەتا کەسوکاری زاوا سەرانەیەکیان نەدابا، ڕێگەی ڕۆیشتنیان نەدەدان.

### ٢-٣-٣ بڕێك جۆر کێشەی دی

لەبەر دوو هۆ دوژمنایەتیم پێش کێشەکانی دیکەی خێڵ خست: کوردەکان خۆیان گەلەکجار بۆ دەرخستنی گرنگیی ئەندامێتی تایەفە، دوژمنایەتی وەك نموونە دەهێننەوە، (لەمەوە ئەوە دەدرەوشێتەوە، کە دوژمنایەتی پشکێکە لەو پێناسەی خۆیان بۆ شیرازەی کۆمەڵایەتی هۆزیان داناوە). هەروەها ئەو بەرپرسیارێتییە گەلەییەی لە کۆکردنەوەی بەژدا ئاشکرا دەبێت، لە گشت شتێك ڕۆشنتر پرینسیپی گەلە دژایەتیو دوژمنایەتی ڕووندەکاتەوە. گەلەك کێشەی دی هەن، تا ڕادەیەك هەمان ڕێچکە دەگرنەبەر، بەڵام ڕۆشنایی کەمتر دەخەنە سەر خانەخانەکردنە کۆمەڵایەتییەکە. زۆر جار ئەو کێشانە لە نێوان دەستەو تاقمانێکدا سەرهەڵدەدەن، کە لە حاڵو باری ئاساییدا، سنووری نێوانیان زەقتر دەنوێنێت، بۆ نموونە دزینی مەڕو ماڵاتی گوندێك لەلایەن ڕەوەندەکانی هۆبەیەکی دیاریکراوەوە. لەو حاڵەتانەشدا تۆڵە کردنەوە هەر گەلەییە (دیارە زۆر بە زێدەیشەوە)، کە دوور نییە تۆڵەی دیکەی لێنەکەوێتەوە.

زۆر کێشەی خێڵەکی دی هەن، خولقاوی دەستی سەرەکهۆزەکانن، زێتر پاشخانی دژایەتیو ڕەکەبەریو ململانێی نێوان ئەوان خۆیانە بە دارو دەستەکانیانەوە، وەك لەوەی گێرمەو کێشەی خانەو کوتە جوداوازەکانی هۆز بێت. ئەم دیاردەیەی دواییان دەگمەنترە، هەرچەندە لە حاڵەتی دوژمنایەتیدا دەورێکی گرنگ دەبینێت. دەشێت هەرچی کێشە هەیە بە دوژمنایەتی بشکێتەوە، هەر کێشەیەکی ئاڵۆزیش درێژەی کێشا، خوێنی تێدا دەڕژێت.

## ٢-٤ دەستەو تاقمی لە هۆز هەراوتر

دەتوانین بێژین پرینسیپی دوولانەی دژایەتیو هاوپەیمانێتی، بە ڕادەیەك لە هەناوی هۆزدا ڕەگی داکوتاوەو تەرزی فرێداوە، کە پەلوپۆی بۆ ئاستە هەراوترەکانیش هاوێشتووە: وەك قەوارەی هۆزە یەکگرتووەکان، یاخود قەوارەی میرنیشنەکان (ئەو دەستەڵاتدارییە کوردیانەی لەلایەن میرێك، بە گێکەوە فەرمانڕەوایی دەکران و تا گیانەڵڵای سەدەی نۆزدەهەمیش هەر بەدەوامبوون). هەتا جاروبارە (پێچەوانەی نەتەوەکانی دیکەی وەکی تورك و فارس و عارەب و ئەرمەنەوە)، تانوپۆی تەواوی نەتەوەی کوردی تەنیوەتەوە(٤٨). هەرچەندە هێندەی پەیوەندیی بە تێکڕای نەتەوەی کوردەوە هەبێت، پڕ قۆرترە، (دیارە دەبێت زاراوەی نەتەوەی کورد، لە سەرەتای سەدەی بیستەم بە دواوە، بە کەمەکێك سڵەمینەوەوە بەکاربهێنین). سەرجەمی بزووتنەوە ئازادیخوازەکانی کورد، تەنها لەلایەن دەوڵەتانی تورك و فارس و ئینگلۆ-عارەبەوە بەربەرەکانی نەکراون، بەڵکە لەلایەن کوردێکی هێجگار زۆریشەوە.

ئەوەبوو لە دواهەمین جەنگی ١٩٧٤/١٩٧٥ی کوردو عێراقدا، کە تا ئەودەمە کورد بەشداری چالاکانەو ڕاستەوخۆی لەو بابەتەی بەخۆوە نەدیتبوو، (زێتر لە ٥٠ هەزا چەکدارو ژمارەیەکی هێجگار زۆر لایەنگیر)، سوپای عێراق بە تەنها خۆی بەرەنگاریی بزووتنەوەکەی نەدەکردو دژی نەدەجەنگا، بەڵکە دەیان هەزار چەکداری بەکرێگیراوی کوردیشی لە تەکدا بوو.

ئەو دژایەتییە هۆکاری زۆر بوو، گرنگترینیان ئەوەبوو کە سەرکەوتنی بزووتنەوەکە، هێزو دەستەڵاتێکی ئەوتۆی بۆ سەرکردایەتیو کەسایەتییە تەقلیدییەکانی تەوەریو دەوروبەری مسۆگەر دەکرد، کە بە زیانی نەیارە نەریتییەکانیان بشکێتەوە. سابۆیە ئەوانیش دەیاندایە پاڵ دوژمن. دیارە نسکۆو تێکشکانی بزووتنەوەکە، مانای پەرەئەستاندنی هێزو دەستەڵاتی ئەوانە، هەڵبەت تا ئەو مەودایەی کە هەستی نەتەوایەتی بەسەر هەستی خێڵایەتییاندا زاڵنەبێت و پرزەی لێنەبڕێت و جێی پێلێژنەکات.

لەسەر ئاستی قەوارەی نەتەوەکە، پرینسیپی دوولانەی هاوپەیمانێتی و دژایەتی، مەگەر بۆ خۆهەڵنان و پڕوپاگەندە، دەنا قەت وەکی پێویست ڕەوتی نەکردووەو نەهاتۆتەدی.
میرە کوردەکان، هەندەکجار شکۆوسەروەرییەکی هێجگار زۆریان هەبووەو گشت لایەك ملکەچی فەرمانیان بوون. بەڵام وەکی لە بەندی سێهەمدا ڕوونیدەکەینەوە، یەکێتی و یەکڕیزی ئەو میرنیشینانە، گەلەکجار کەوتوونە گێژاوو تالووکەوەو لە کاتی بەرەنگاربوونەوەو تێکگیران دەگەڵ میرنشینە کوردەکانی دیدا، یاخود دەگەڵ دەستەڵاتی نێوەندیدا، درزو شەبەقیان تێکەوتووەو داڕماون. ئا ئەمە مشتێکە لە خەروارێك:
ساڵی ١٨٣٢ میری کۆر (محەمەد پاشای میری ڕەواندوز) پەلاماری میرنیشینی بادینانی هاوسێی داو داگیری کردو ڕەسوڵی برایی کردە حوکمڕانی ئامێدی پێتەختی. هۆزەکانی بادینان بەرگرییەکی ئەوتۆیان نەکردو بۆ بەرپەرچدانەوەی داگیرکەران و پاراستنی میرنشینەکەیان پێکڕایی نەکەوتنەخۆ. سمایل پاشای میری بادینان، بێهوودە هانای بۆ میری بۆتان و هەکاری و والی عوسمانی لە موسڵ برد، تا کۆمەکی پێبکەن و پێتەختەکەی بۆ بستێننەوە. هەوڵ و کۆششی دەگەڵ هۆزەکەی خۆشیدا بۆ ڕاپەڕین و خەبات و دەرپەڕاندنی هێزی داگیرکەر، بێ ئاکام بوو. ئەم ڕووداوو پێشهاتانە کۆتاییان بە تەمەنی میرنشینەکە هێنا، چیدی یەککەوتن و یەکگرتنەوەی نەسازا. هەندەك سەرەکهۆزی گچکەی بادینان، هەڵگەڕانەوەو دایانەپاڵ ڕەسوڵ بەگ، دەستەیەکی دی سەنگەریان گواستەوە کن والی عوسمانی، بڕێکی دیش بوونە ئاغای خۆیان و تەنها پێبەندی ئارەزووی خۆیان بوون(٤٩). کەواتە پرینسیپی دوولانەی هاوپەیمانێتی و دژایەتی ئا لەم حاڵەتەدا نەهاتە دی و کاریگەر نەبوو.

٢-٤-١ ململانێی نێوخۆو چاوگە دەرەکییەکانی هێزو دەستەڵات
یەکڕیز وەستانەوە بەرامبەر بێگانە، لەسەر ئاستی هۆز، گریمانەیەکی پەتییە. وا چاوەڕوان دەکرێت تەواوی هۆز لە کاتی بەرنگاربوونەوەی هێزێکی دەرەکییدا، یەکڕیز بوەستێتەوە (بە تایبەت لە بەرامبەر هۆزەکانی دیدا)، بەڵام لە ڕاستیدا گەلەکجار ئاکام جۆرێکی دیکەیە. لەکاتی تێکگیربوونی دوو هۆزدا، دەشێت لقی هۆزێکیان بداتە پاڵ هۆزە نەیارەکە. ڕەنگە هۆکاری ئەوە دوژمنایەتییەکی نێوخۆ بێت، کە بە گردەبڕی سەنگەرەکان جودا دەکاتەوە، یاخود زۆر جار تەنها زویربوونی سەرداری ئەو لقە لە سەرەکهۆزەکە، ئەو یاسا گشتیە قڵپدەکاتەوە. بە تایبەت هەر ئا لەم سەدەیەدا، تا ئەو دەمەی هێشتا دەوڵەتەکانی نێوچەکە، سنوورێکیان بۆ دەستەڵاتی سەرەکهۆزەکان دانەنابوو، شەڕەزرتانێیەکی بەردەوام بوو لەسەر سەرۆکایەتی هۆز. هەر نێودارێك هەڵدەستا، هەوڵی دەدا بەر لەوانی دی، دەستەڵاتی کۆمەڵایەتی – سیاسی بۆ خۆی بڕبدات. ئەو سەرەکهۆزە دڵبژۆکانە، لەبریتی پەندی "هۆزی گوردێر دژی هۆزەکەمە"، لە بیرو هزری ئەوەدابوون "داخۆ گوردێرەکەم چ هێزێك دادەۆشێت و بۆ خۆم دەتوانم کامە هێز دادۆشم". هەڵبەت بە تەنێ تیرەو هۆزو سەرکردە مەزنەکان، لەوەتەی هەن، خەریکی ئەم بازییە نەبوون، بەڵکە وڵاتە بەهێزەکانیش دەستیان تێکەڵکردووە. بڕدانی دەستەڵات لەلایەن دەوڵەتەوەو توانستی فەرمانڕەوایی کردن و دەستتێوەردان، بە شێوازێك کە ململانێی خێڵایەتییە نێوچەییەکان بە سوودی خۆی بشکێنێتەوە، نموونەی هەمیشە پاتەکراوەی مێژووی کوردن.
لە دەوروبەری ساڵی ١٦٠٠دا، دوژمنایەتییەك دووبەرەکیی خستە نێو بنەماڵەی سەرۆکەکانی هۆزی نێوداری موکرییەوە (کە ئەوڕۆ لە باشووری گۆلی وورمێ نیشتەجێن). ئەو سەروەختە، باکووری خۆرهەڵاتی کوردستان نێوچەیەك بوو، لە نێوان ئیمپراتۆرێتی عوسمانی و ئیمپراتۆرێتی صەفەویدا کێشەو هەڵلای لەسەربوو. لە ساڵی ١٦٠٣وە، شا عەبباس دەستیکردە هێرشبردن بۆ سەر ئازربایجان و ئەرمینیا و کوردستان، تا لە ٢٤ی ئۆگوستی

١٦٠٥دا، پاش شەڕێکی خوێناوی، سەرکەوتنی بەدەستهێناو عوسمانییەکانی بەزاند، کە لەپاڵ زۆر هۆکاری دیدا، منەتباری تیپێکی جەنگاوەری هۆزی موکری بوو. هەمانکات، دەستەیەکی گوردێر هەر لە هۆزی موکری خۆی، شانبەشانی ئۆردووی عوسمانی دەجەنگا. ئەم بەسەرهاتە لە ڕێگەی ڕاپۆرتێکی Malcolmەوە زانراوە (هەڵبەت ئەویش لە سیلەی تێڕوانینی فارسەکانەوە دەیگێڕێتەوە). دیارە خۆشترواییە زۆر درێژەی پێنەدەین و لە کورتی بیبڕینەوە:

"کاتێك شا عەبباس لەتەك باڵادەستترین ئەفسەرەکانی و هەندەك لە مەزنترین دیلەکانیدا دانیشتبوو، خەریکی خواردنەوە بوون، دیتی وا هەرزەکارێك، کابرایەکی چەتەوڵی سەربازئاسای تازە بە دیلگرتووەو داویەتیە پێش. پاشا خواستی بزانێت ئەوە کێیە. دیلە گوتی﴿لە خانەدانانی کوردی موکریم﴾. بە ڕێکەوت پاشا ئەفسەرێکی بەردەستی لابوو، کە نێوی ڕۆستەم بەگ بوو، ئەویش لە خانەدانانی موکری بوو، پاشا دەیزانی دەگەڵ خانەوادەی دیلەکەدا دوژمنایەتییان هەیە، گوتی : (ئا ئەو دیلە بدەنە دەست ڕۆستەم بەگ). بەڵام ئەو سەرەکهۆزە ڕازی نەبوو دیلە وەرگرێت. گوتی: (بە هیوام پاشام بمبەخشێت، لە ڕاستیدا لە دڵەوە حەز دەکەم خوێنی هەڵقوڕێنم، بەڵام سوێندم خواردووە، قەت کەم فرسەت نەبم و کەساسی و زەلیلی دوژمنی دەستبەستراوم نەقۆزمەوە). وا پێدەچوو ئەو جوامێری و مێرخاسییەی کە لە گوتەی ئەو ئەفسەرە کوردە دەچریسکایەوە، پاشای خستبێتە گۆمی بیرکردنەوەوە. بە شێواوییەکەوە میر غەزەبی بانگکرد، تا لەسەری دیلە بدات. هەر کابرای تەڕەی کورد ئەو فەرمانەی بیست، خۆی ڕاپسکاندو کۆت و پێوەندی دەستی پساندو لە خەنجەرەکەی نەوی و هەڵمەتی بۆ پاشا برد. بووە شەڕە مست و لەو هەڵپە هەڵپ و پەلەپەلییەدا کە پاسەوانن بۆ قوتارکردنی پاشایان کردیان، چرا کوژایەوە، ئیدی کەسیان نەیاندەوێرا دەستبکەنەوە، لە ترسی ئەوەی نەبا لەبریتی کابرا، زرمە لە پاشا هەڵستێنن. چەلێکی چاك بە تۆقیوی و واقووڕماوی مانەوە، تا لە پڕێکدا دەنگی پاشایان هێوری کردنەوە، دووجاران قیژاندی: (مەچەکم گرتووە، مەچەکم گرتووە). دیسان هێمنی باڵیکێشایەوەو چرا هەڵگیرسایەوە. ئەوجا صەدان شمشێر لەو دیلە دلاوەرە کلۆڵە کەوتنە کارو ئەنجن ئەنجنیانکرد. پاشاش پاش ئەوەی خەنجەرەکەی لە دەست سەند، گەڕایەوە نێو کۆڕەکەی و دەستیکردەوە هەڵقوڕاندنی پێکە مەیی خەست و تا کاژێری دوازدەی شەوێ، خەریکی وەرگرتن و ژماردنی کەللەسەری دوژمنانی بوو(٥٠).

ئا ئەمە نەیەکەمین جارو نەدواهەمین جار بووە، کە کورد بۆ بەرژەوندیی دوژمنانی، دژی کورد بجەنگێت، هەتا دژی ئەندامانی تیرەکەی خۆشی، جەنگێك هۆکارەکەی هەرچی بوو بێت، ئاکامەکەی هەمیشە بە زیانی کورد شکاوەتەوەو کورد دۆڕاوی یەکەم بووە. هەنووکە لە گۆشەنیگای کەسێکی بێگانەوە، ئا ئەو سیاسەتە خۆکوژییە، هێجگار نا پەسەندو نابەجێ و دوور لە گشت هەستونەستێك دێتە پێشچاوان، وەلێ گەر لە ئاقاری بەشدارانی ئەو دەمەی کوردەوە تێبڕوانرێت، دەبێت پێشهاتەکان جۆرێکی دیکەیان نواندبێت. لەسەروەختی ئا ئەو دوژمنایەتییەی نێو هۆزی موکریدا، لەشکری فارس و ئۆردووی عوسمانی، گرنگترین جووتە زلهێزی دژەیەکی نێوچەکە بوون. دەبایە ئەو دووتیرە دوژمنەی هۆزی موکری، بەرامبەرێنی ئەو جووتە هێزەیان، بۆ دەستکەوتی سیاسی خۆیان قۆزتباوە. پێدەچێت خۆبەستنەوە بە لەشکری ئەو لایەنەوە کە بەهێزتر نواندوویە، ستراتیژێکی پڕ هیوا بووبێت، چونکە واچاوەڕواندەکرێت ئەوە لایەنی سەرکەوتوو بێت و دان بە سەرکردایەتی ئەو هێزەدا بنێت کە هاوکاریی دەکات و بۆ تەفروتووناکردنی، یاخود لاواز کردنی گوردێرەکەشی پشتگیریی بکات. هەر کات تیرەیەکیان دەیدایە پاڵ ئۆردوویەکیان، تەنها چارەی تیرەکەی دی ئەوەبوو بداتە پاڵ ئۆردووەکەی دی و بەو پەڕی تواناوە لە تەکیدا بجەنگێت، چونکە پاشەڕۆژی سیاسی، بە سەرکەوتن، یاخود

ژێرکەوتنی ئەو هێزەوە وابەستەبوو. ئەوەی بۆ هەردوو ئیمپراتۆریەتەکە شەڕی مان‌و نەمان بوو، بۆ جووتە تیرەی هۆزی موکری، تەنها درێژەپێدانی دوژمنایەتییەکی بێجێ بوو.

## ٢-٤-٢ دوو پەلکەیی سەرتاسەری کۆمەڵگە

ئەوەی ڕاستیبێت لەپاڵ بنەمای ئیدیۆلۆژی‌و پرینسیپی دوولانەی دژایەتی‌و هاوپەیمانێتی‌و (ئالیکاری‌و یەککەوتنی هۆز بەرامبەر بێگانە)دا، جارجارەش شوێنپێی دوو پەلکەیی، تەواوی تان‌و پۆی کۆمەڵگە قاشدەکات.

لە میرنشینی هەکاری‌دا، هۆزەکان بەسەر دوو دەستەی "ڕاست"و "چەپ"دا دابەشکرابوون. کرۆکی هەریەکێك لەو دوو دەستەیە، لە یەککەوتنی تیرەکانی خۆرئاوا دەگەڵ هۆزی ئەرتووشی‌داو تیرەکانی خۆرهەڵات دەگەڵ هۆزی پنیانش‌دا، پێکهاتبوو. هەندەك خێڵی گچکەڵە، کە لە مەڵبەندی ئەو دوو یەکێتییەدا، یاخود لە کەناریاندا دەژیان، لەسەر لایەنێك لەو دوانە حسێبدەکران. ئەوە بە نیسبەت تایەفە گچکەکانی هەردوو باژێری میرنشینەکەشەوە هەر ئاوهابوو. کەواتە نەك تەنها میرنشینەکە، بەڵکە یەکەیەکەی نێوچەو هەتا باژێڕەکانیشی، بووبوونە "ڕاست"و "چەپ". هەڵبەت میر بۆ خۆی نەبووبووە پشکێك لەو دوو کوتە، دەستەڵاتی بەو گەمەیە بەڕێوە دەچوو، ئەملای دژی ئەولا هاندەدا.

هەتا ئێستاش، ١٣٠ساڵ پاش وەلاخستنی دواهەمین میری هەکاری، ئەو دوو پەلکەییە هەر هەستپێدەکرێت، بە تایبەت لە دەمەدەمی هەڵبژاردنەکانی پارلەمانی تورکیادا، کە ویلایەتی هەکاری تەنها بە تاقە نوێنەرێك بەشداریی تێدا دەکات. پنیانش‌و ئەرتووشی یەکی نوێنەرێك دەستنیشاندەکەن، کە هەریەکەیان سەر بە یەکێك لەو دوو پارتەن کە بەربەرەکانێی یەکدی دەکەن (مەرج نییە ئەو دوو پارتە هەمووجار هەر هەمان پارت بن). لە تورکیا پارتی فرە هەن، بەڵام لە هەکاری‌تەنها دوو پارتی هەڵبژاردەی ئەو دوو یەکێتییە ڕەواجیان هەیە. بە هۆی ئەو هەل‌و دەرفەتە والاو بەرفراوانەوە کە کاتی هەڵبژاردن دەڕەخسێت، ئەو قۆناغە بە گەرمەی ئەمبەرو ئەوبەرو ئەمسەرو ئەوسەری ژیانی سیاسی نێوچەکە دادەنرێت. لەناکاو شایەنی سیاسی تاکەتاکەی سیاسەتمەدارانی نێوچەکە، هەڵبەزو دابەزو دالەنگان‌و هەڵگرانی زۆر بەخۆوە دەبینن. گەلەك کێشەی کزو خامۆش، لەپڕ کڵپە دەسەندنەوە. ئەو سەرەکخێڵە گچکانەی کێشەو گرفتیان دەگەڵ سەرەکهۆزەکەی خۆیان، یاخود دەگەڵ یەکێك لەسەرەکخێڵەکانی هۆزە یەککەوتووەکەدا هەیە، بە زۆری دەدەنەپاڵ پارتە بەرامبەرەکەی دی.

ئەو هۆزەی سەر بە هیچ یەکێك لەو دوو یەکێتییە نەبێت‌و لە نێوخۆشدا تیراوێی دوژمنایەتی دوو کوتی کردبێت (کە گەلەکجار ڕوودەدات)، هەردوو کوتە دوژمنەکە چاوەڕواندەکەن، تا لایەکیان دەداتەپاڵ پارتێك، دەمودەست لایەنەکەی دیش دەداتە پاڵ پارتەکەی دی. بەو پێیە، گشت ئەو کێشەو دژایەتی‌و بەربەرەکانێیانەی، کە لە کاتی ئاساییدا چ پەیوەندییەکیان دەگەڵ یەکدیدا نییەو جودا لە یەکدی هاتوونەکایەوە، لەسەروەختی هەڵبژاردنەکاندا دەبنە کێشەیەکی دووپەلکەکەری کۆمەڵایەتی‌و چ لێکچوونێکیان دەگەڵ مۆدێلی بەشبەشکردنە ئاساییەکەی کۆمەڵگەدا نامێنێت. شیرازەی ئەو دوو پەلکەییە بەردەوام لەوەوە دەبریسکێتەوە:کە قەت لە دوو بەرە زێتر نییە، هەردووبەرەکەش لە دوو یەکێتییە خێڵەکییەکە دەئالێن. جگە لەوە ژمارەی لایەنگیران‌و ئەندامانی هیچ لایەکیان هەمیشەیی نین‌و تاسەر قەوارەیان مسۆگەر ناکەن، چونکە دانەپاڵیان لە وابەستەییەوە نەکەوتۆتەوە. دەشێت ڕێبەرێك بە چاوبڕینە دەستکەوتێك، یاخود بە هۆی کێشەیەکی خێزانییەوە، لە پڕێکدا

سەنگەر بگوێزێتەوەو بداتەپاڵ لایەنەکەی دی، دۆستو لایەنگرانی ڕەگەڵی دەکەون، هەندەك دوژمنو گوردێریشی بەرەی ئەوبەری بۆ چۆڵدەکەنو دەدەن پاڵ لایەنەکەی دی.
لە بۆنەیەکی دیدا، Rondot (١٩٣٧، ل٢٥-٢٦) بە نموونەیەك دووپەلکەییەکی ڕوونترمان پیشاندەدات، کە ڕاستەو ڕاست هۆزێكو دەوروبەرەکەی کردۆتە دووکوتەوەو دووتایەفەی هەمان هۆزی بە جۆرێك لە یەکدی ڕاستکردۆتەوە، کە لە نێو هۆزە دوژمنەکانیشدا وێنەیان کەمە:
نموونەکە هەمدیسان هۆزی ئۆمەریانو بەشبوونە نا ئاساییەکەیەتی بەسەر دوو تایەفەی مەحمودکانو ئەتمانکاندا، کە لە مەڵبەندی هۆزەکەدا لەپاڵ یەکدیدا دەژین. چاوساغێك بۆ Rondot دەگێڕێتەوە، کە گوایە نەك تەنها ئۆمەریان، بەڵکە هەرچی هۆزی هاوسێش هەیە بەسەر ئەو دوو تایەفەدا بەشبوون، هەتا گشت لە گشتی هۆزە دوورەکانیش یا مەحمودکانین، یاخود ئەتمانکانی. بەو پێیە کابرای چاوساغ، کوتبوونی هۆزەکەیی بەسەر گشت کوردستاندا سووە. زایەڵەی ئەو دوو پەلکەییە، لە داستانێکی بەنێوبانگو بەڕەواجدا دەبیستین، کە دەربارەی بنەچەی هۆزەکانی کوردە. گوایە سەرەتا تەنها دوو هۆزی زلانو ملان هەبوون، کە لە ڕووی کولتورییەوە لێك جوداواز بوون، ئیدی سەرپاکی هۆزەکان لەو جووتە کەوتوونەوە. هەتا ئێستاش گەلەك هۆز، ڕەچەڵەکی خۆیان دەگێڕنەوە سەر یەکێك لەو دوانەو هەر بەو پێیەش ڕەچەڵەکی هۆزە هاوسێکانیان دەستنیشانو ڕەستدەکەن(٥١).
ئەو نموونانە ئەوە پێشاندەدەن کە هێمای دیاردەی خانە خانەکردنێکی دوو لانەی کۆمەڵگە لە ئارادایە، هەرچەندە تەواو ڕوونو ئاشکرا نییەو لەچاو بەشبەشکردنەکانی دیکەدا پلە دوو دەنوێنێت. شایانی باسە هەمان چاوساغ بۆ Rondotی گێڕابووەوە، چۆن باڤێکی مەحمودکانی گوندەکەی، خەریکبوو بداتەپاڵ ئەتمانکان، چونکە باڤکە مەحمودکانییەکەی دیکەی هەمان گوند، هەوڵی پتەوکردنی جێپێی سەرکردەکەیانی نەداوە(٥٢). کەواتە ئا لێرەشدا لایەنگرانی هیچ یەکێك لەو دوو لایەنە، تا سەر نییە، ئا لەوەدا هەردوولایان چوونیەکن.
بەڵام بۆچ ئاوها دووپەلکەن؟ بۆ سێپەلکە یا زێتر نین؟ ئەو جۆرە مۆدێلەی Barth (١٩٥٩) دەربارەی یەککەوتنی پاتاڵەکان پێشچاومانیدەخات، ڕەنگە بۆ ڕوونکردنەوەی ئەو مەبەستە دەستگیرۆییەکمان بکاتو تێمانبگەیەنێت بۆچ سەرەکخێڵە گچکەکانی هەکاری دووبەرەیان پێکهێنا، وەڵێ ڕەنگە ڕوونکردنەوەی لەو بابەتە بۆ ئۆمەریان نەشێت. پرسیارەکەی کردمان تەنها گریمانەیەکی پەتی نییە، بە بڕوای من هەر تێڕوانینی دوولانە، یەکێك لەو هۆکارانە بوو کە ئەو بزووتنەوەیەی بارزانی ڕێبەریی دەکرد، بەو چارەنووسە گەیشت. هەرچی دەوروبەرە (هەر لە هۆزو پارتە سیاسییەکانو باڵەکانی نێوخودی بزووتنەوەکەوە، تا ڕژێمی عێراقو دەوڵەتانی هاوسێو زلهێزەکان)، گشت لە گشتیان لە کونجی خانەخانەکردنێکی دوولانەی سادەو ساکار دەخزێندران ﴿دوژمنی دوژمنەکەم -لایەنی کەم ئا لەم دەمەدا- باشترین دۆستمە﴾. ئیدی هەرگیزاو هەرگیز ستراتیژێکی پشتبەستوو بە تیۆرییە شۆڕشگێڕەکان، یاخود تیۆری بزووتنەوە نیشتمانییە ئازادیخوازەکان، لە ئارادا نەبوو، تەنها مل وە تاکتیکەوە دەنراو هەوڵدەدرا پشکەکانی ئەو دەوروبەرە جێگۆڕکێ پێبکرێتو لەملاوە بۆ ئەولا ڕافڕێندرێن.

### ٢-٤-٣ ململانێی سەرۆکهۆزەکانو دارمانی یەکێتی هۆز

لەتەك بۆچوونەکانی پێشووماندا، کە دەشێت یەکێتی و یەکڕیزی هۆزێك، لە کاتێکی دیاریکراودا، بەهۆی ململانێ و شەڕەزرتانێی سەرکردەکانییەوەو خۆبەستنەوەیان بە هاوپەیمانانی دەرەوەی هۆزەوە، هەڵتەکێت، دەتوانین لەمەڕ سیاسیەتی کورد، دوو بۆچوونی دیکەی بخەینە سەر:

أ- ئا ئەو دیاردەیە ڕێی ئەوەی بۆ دەوڵەت خۆشکردووە، تا ڕادەیەك بە ئاسانی بتوانێت لە کوردستاندا کەسایەتی ڕووکەش قوتکاتەوە. سەرەکهۆزی گونجاوو لەبار دژی دوژمن و گوردێرە نەریتییەکانی دنەدراوەو پشتگیری کراوە. لایەنگیریی و دڵسۆزیی و پیبەندیی بە نیشان و پلەوپایەو جلکی سەروەیی و مووچەو بەرات و خەڵات و سوارەو ژەندرمەی بە یاسا داتاشراو، کڕراوە، کە بڕێکجاربوونەتە سوپای تایبەتی سەرەکهۆز. لغاوکردن و ژێرڕکێفخستنی ئەو سەرۆکهۆزانە هێجگار ئەستەم بووە، چونکە هەریەکەیان کۆمەڵێك دوژمن و گوردێری خۆی هەبووەو گەلەکجار ناچاری ڕاپەڕین و یاخیبوون کراون. تایبەت فەرمانڕەوایانی ئینگلیز لە عێراقدا، توانیویانە گەوجانە زۆر هۆز دژی یەکدی هانبدەن(٥٣). چونکە هێجگار لە تواناو دەستەڵاتی خۆیان ڕازیی و دڵنیابوون، بە پێبەندیی و دانەپاڵی پراگماتیکانەی هەندەك سەرەکهۆز دەستخەڕۆ بوون و بە خۆشەویستی و دڵسۆزی بۆ ئینگلتەرەی تێگەیشتوون. تا هەڵگەڕانەوەو یاخیبوونی ئەو سەرەکهۆزە بەنێو دڵسۆزو وابەستانە ڕاپچڵەکاندوون و بەهۆشی هێناونەوە. دیارترین نموونە شێخ مەحمود بوو، شێخی تەنها تینووی دەستەڵات نا، بەڵکە سەرکردەیەکی لە دڵ و دەروون و باوەڕەوە نیشتیمانپەروەر، سەرکردەیەك کە ئینگلیز قەت نەیبەخشی، چونکە لەبریتی ئەوەی وولاتەکەی تەسلیمی ئەوان بکات و خۆشی خەریکی دەستکەوت چنینەوە بێت، هەوڵیدەدا ئەوان بۆ دامەزراندنی کوردستانێکی ئازاد هەڵسووڕێنێت.

ب- لە هەرجێیەك خانەوادە خانەدان و دەستەڵاتدارەکان لە گەمەکەدا بەشداربووبن، لەپاڵ کێشەو بەربەرەکانێی نێوخۆیاندا، بڕێك هۆکاری دیکەش سەرباربوون بۆ هەندەك لە ئەندامانیان، تا بدەنەپاڵ هێزی دەرەکی ئەوتۆ، کە وەکی دژو دوژمنی خانەوادەکە ناسراون. پەندە نێودارەکەی کە دەبێژێت: "گشت هێلکەکان لە سەبەتەیەك مەنێ"، لەو خۆرهەڵاتە هێجگار بەبرەوە. ڕەنگە ئەو پەندە لەلایەن خانەوادە خانەدانەکانی ئێرانەوە، لەسەردەمی فرەپارتاییەکەدا، بە باشترین شێوە پەیڕەوکرابێت. ئەو خانەوادانە زۆر بە پەرۆشی ئەوەوەبوون، لەهەر پارتێکدا، لایەنی کەم، بە یەکێك لە ئەندامانی خێزانەکە بەشداریی بکەن. هەتا جارجارە لە ڕێکخراوە نهێنیەکانیشدا نوێنەریان هەبووە. بەو پێیە هیچ باکێکیان لە زریان و ئاڵوگۆڕی سیاسی نەبووە، هەمیشە کەسێکیان لەپەنا دەستەڵاتدارە سیاسیەکانی ڕۆژدا هەبووە. ئەم دیاردەیە لە کوردستانیشدا هەستپێدەکرێت، بەڵام زێتر لە مەودای بازێڕەکاندا، نەك لە ڕیزی خێڵەکاندا. ئەوەبوو لەسەردەمی پاشایەتی عێراقدا، زۆری خانەوادە خانەدانەکانی خوارووی کوردستان، نوێنەریان هەم لە ڕیزی دەستەڵاتدارانی دەوڵەت و هەم لە ڕیزی هێزە بەرهەڵستکارە نهێنییەکانیشدا هەبوو. کە ڕژێمی پاشایەتی ڕووخاو پارتی کۆمۆنیست ئاشکرا دەستی بە چالاکی کرد، دەرکەوت هەندەك لەو خانەدانانە، نوێنەریان لەوێش هەبوو، کە دیارە خێری چاکی بۆدانەوە، تایبەت ئەودەمەی پارتەکە کەوتە هێرشبردنە سەر دەرەبەگان. نوێنەرە دەستڕۆیشتووەکانیان، زۆر سەرکەوتووانە خانەوادەکانی خۆیان لەو هێرشانە پاراست و وەریانچەرخانەوەو گشت گۆتاوو ڕۆکەیان بۆ دەرەبەگە نەیارەکانیان نایەوە.

## ٢-٥ سەرکردایەتی و کێشەو هەڵلا

سەرکردایەتی و کێشەو هەڵلا، دوو تووڵی تێکئالاو، دوو دیاردەی ئاوێتەو پێکەڵپێکی یەکدین. دەشێت کێشەو گرفتەکان بە تێکەوتنی کەسایەتییەکی بەوەج چارەسەربکرێن، بە چارەسەرکردنی هەر کێشەیەکی ئالۆزیش، شکۆو سەروەریی سەرکردە، هەراوترو سەقامگیرترو پتەوتر دەبێت. لە سەرێکی دییەوە، کێشە خێلایەتییە ماڵوێرانکەرەکانیش، ئاکامێکی ململانێ و شەڕە دەستەلاتی سەرکردە دژیەکەکانن. یەکێك لە ئەرکە سەرەکییەکانی سەرەکهۆز، ڕێبەریکردنی هۆزە لە کاتی کێشەو شەڕ دەگەڵ هۆزو تایەفەکانی دیدا. لەکاتی هێمنی و ئاسایشدا، سەرەکهۆز هیچ ئەرکێکی ئەوتۆی نییەو یەکڕیزی هۆزیش تەنها بۆ نێوە. گەلەکجار سەرەکهۆزە چەمووش و چاوچنۆکەکان خۆیان کێشە دەسازێنن، تا لەو ڕێگەیەوە دەستەلاتی خۆیان و یەکڕیزی هۆز بسەپێنن و کەوشەنی هەردوکیان فراوانتر بکەن. چ زێدەڕەوی نییە گەر بڵێین، ئەرکی پێویست بۆ سەقامگیرکردن و پتەوکردن و فراوانکردنی کەسایەتی خۆ، لەوەدا دەبینێت: یەکەم – ڕێگەنەدات کۆمەکی دەرەکی بەکەس بگات، دووهەم – دەستپێشکەری شەڕبێت، سێهەم – شەڕ بە کوڵکی ئەوانی دیکەوە بکات(٥٤).

ئەو دەوڵەتانە لە بەرایی ئەم سەدەیەوە، کوردستانیان بە تەواوی خستە ژێر ڕکێفی خۆیانەوە، ماف تەواوی زەبرو زۆرو سەرکوتکردن بەخۆ ڕەوادەبینن. کاتێك دەستەلاتیان تەواو سەپا، ئیدی کاریان بەخۆشکردنی ئاگری کێشەو هەڵلا نەما. لەسەر ئاستی هۆزیش، سەرەکخێڵە چەتوونە چڵێسەکان، هەستیانکرد تەنها ڕێگەیە بۆ دابینکردنی دەستەلات، دڵڕاگرتنی فەرمانبەرانی دەوڵەتەو «سود تەنها لەوەدایە». پێدەچێت ئەو سەرەکخێلانە، بە پێچەوانەی جارانەوە، بۆ مسۆگەرکردنی پلەوپایەیان، زێتر پشتیان بە کۆمەمی دەرەکی بەستبێت.

ئەو غەوارە دەستڕۆیشتووانەی سوودو دەستکەوتێکیان لێهەڵدەوەری، (وەکی ئەفسەرە سیاسییە ئینگلیزەکانی سەردەمی ئینتیداب و سەروەختی لکاندنی کوردستان بە عێراقەوە)، بۆ ڕاگرتنی شایەنە سیاسییە نێوچەیی و مەلبەندییەکان، تووشی ژمارەیەکی زۆر سەرەکهۆزی گەورەو گچکە هاتبوون، ئەوانیش ئەرکی هەرە لەپێشیان دنەدانیان بوو دژی نەیارەکانیان. گەلەکجار ئەو حاڵە بۆ کابرایەکی ساویلکەو سەرڕاستی بێگانە، زۆر لەوە ئالۆزترو ماکیافیلیانەتر بوو کە پەیی پێبباتو سەریلێدەرکات(٥٥).

ئامرازە نەریتییەکانی بڕدانی دەستکەوت و دەستەلاتی سیاسی، خۆیان لە خۆیاندا تەمەن کورتیلەن و زوو دەشەمزن، بۆیە پشکی زۆری پاشاڕۆکەی ئەم بەندە، لە حاڵ و باری بەسەرچووو فەوتاو دەدوێت و زێتر پشت بە دەمەتەقی و سەرچاوەی نوسراو دەبەستێت. لە پشکی دووهەمیاندا، بە پشتیوانیی دوو نموونەی تێرو تەسەل، سیمای بڕێك گۆڕانکاریی لە ئامرازو ئاکاری سەرکردایەتیدا پێشچاودەخەین.

٢–٥–١ کێ دەبێتە سەرۆك؟

چونکە یاسایەکی گشتی بۆ دەستنیشانکردنی سەرۆکهۆز نییە، واباوە چەند کەسێك خۆ بۆ سەرۆکایەتی پالاوتە دەکەن. لەبەر ئەوەی لە نێو وەچەیەکی تایەفەدا، گشت تاکەکان لە یەك ئاستدان، هاوتایی بەسەر شیرازەیدا زاڵە. با بڕوانینە خشتەی ژمارە (١)، گەر هەر سێگۆشەیەك گوزارە لە تاکە کەسێك بکات، ئەوا سەرلەبەری خشتەکە، تایەفەیەك پێکدەهێنێت. هیچ پێوەرێکی ئەوتۆیی لەبەردەستاندا نییە، تا لە (ڕیزی ژمارە V)دا، کە وەچەی ئێستاکەیە، کەسێکمان بۆ سەرۆکایەتی پاشەڕۆژ بۆ دیاریبکات. وەك دەبینین، هەریەکە بۆی هەیە هەمان ماف هەبێت. گەر یاسایەکی دیکەی ڕوون و ئاشکرا بۆ دەستنیشانکردنی سەرۆك لە ئارادا نەبوو، ئەوا دەشێت کێبەرکێ لەسەر پلەی سەرۆکایەتی دەستپێبکات و سەرکەوتن بۆ گونجاوترینیانە. ئەمە گرفتی

گشت کۆمەڵگەیەکی خێڵەکییە. زۆربەیان پەنا بۆ چارەی Primogenitur (نۆبەرە یاخود پێشەنگ) دەبەن، بەو پێیەی پلەو کایەی گشت ئەندامانی وەچەیەك دیاریدەکرێت. گریمان خشتەی ژمارە (١) لە چەپەوە بۆ ڕاست، سەرەی لە دایکبوونی هەر وەچەیەکیان دیاریدەکات، یانی ڕیزی (V)کە وەچەی ئێستایە، گەورەیی تەمەنیان و پلەو کایەیان لە چەپەوە بۆ ڕاست دیاریکراوە (کە لە ١ەوە تا ١٦یە). لەو کۆمەڵگانەدا کە پایەی کۆمەڵایەتی لەسەر بنەمای بەتەمەنترین هەڵچووە، زێتر بەلای دەرپێتێکەڵیدا دادەشکێنن و درزی نێوان چینەکانی زەقدەچێتەوە. تایەفەی لەو بابەتە بە تاقمی قووچ Konische Klan نێودەبرێن.

هەرچەندە قەت تاقمی قووچ لە کوردستاندا نەبووە، بەڵام وەکی دی نۆبەرەو پێشەنگ و بەتەمەنتر هەر باوبووەو سووکە دانێکی پێدانراوەو کەم تا کورتێك لەسەر ئاستی بنەماڵە، بە خەروارێك بیژۆکییەوە، پەیڕەوکراوە.

کە سەرگەورەی بنەماڵە دەمرێت، کوڕەگەورەکەی جێگەی دەگرێتەوە، مەگەر برایەکی بێوە یاخود ڕەبەنی هێشتا لەسەر ماڵ مابێت. لەو حاڵەتەشدا چاوەڕواندەکرێت کە مامە پاش پێگەیشتنی برازاکەی، جێگەی بۆ چۆڵکات و کەنارکەوێت.

لە تایەفەو تیرەدا، هەرچەندە یاسایەکی چەسپاوی بەرۆگریی نییە، بەڵام جڵەوی سەرکردایەتی هەر لە دەستی هەمان خانەوادەدا دەمێنێتەوە. زۆر تیرە، کوڕەگەورە بە باشترین بەرۆگر دەزانن (ئەم یاسایەش لادانی زۆرە). لای هەندێك تیرەو تایەفەی دی، ڕێنسپییەکانی، گونجاوترین بەرۆگر لە نێوان براو کوڕو برازایدا، هەڵدەبژێرن. دیارە بەرۆگر دەبێت "پیاو"ێکی نەستێلە بێت: خورت، جوامێر، دادوەر، دڵاوا، ستراتیژزانێکی چاك و دادیارێکی کارامەبێت. بۆ ئەم سەردەمەش گرنگە بزانێت چۆن دەگەڵ فەرمانبەرانی دەوڵەتدا هەڵسوکەوت دەکات، (تا لە وەیشوومی باجی زۆر بەدوور بن و بتوانێت کۆمەکیش بۆ دەستوپێوەندەکانی مسۆگەر بکات و لە بەلای خزمەتی سەربازی قوتاریانکات).

لە ڕاستیدا زۆرجار بۆ بردانی ئەو پایەیە، پەنا بۆ زەبرو زۆرو فرت و فێڵ و تەڵەکە دەبرێت. ئەو خانەوادەیەی جڵەوی سەرکردایەتی لە دەستی خانەوادەیەکی دی بۆ خۆی هەڵدەپچڕووکێنێت، کە لە نێو هۆزە گەورەکاندا زۆر جار ڕوودەدات، دیارە لە هێزدارییەوەیە. نموونەی لەو بابەتە هۆزی مەزنی هەڤێرکانە کە لە سەدەی ڕابوردوودا لەلایەن سێ گەورەماڵی جوداوازەوە ڕێبەرییکراوە. (پاشان هەر لەم بەندەدا باسی کەسایەتی حاجۆی دواهەمین ڕێبەری دەکەین).

حاڵ و بارەکە لای بڕێك هۆزی مەزنی دی وەکی هەرکی و جاف، جۆرێکی دییە(٥٦). لای ئەمان کەم و زۆر، سەرکردایەتییەکی سەقامگرتوو لە ئارادایە. بەهۆی جوداوازیی ڕەچەڵەکییانەوە، هەر تایەفەیەك و مەزنی خۆی هەیە، وەلێ سەرکردەی هەمووان لە بنەماڵەیەکی پاشازادەیە، کە بە بەگزادە نێودەبرێت. بەگزادەکان دەستەڵاتی خۆیان بەجۆرە هۆردوویەکی جەنگاوەر ڕەونەق پێدەدەن کە لە چێترین شەڕکەرانی هۆزو بێگانان پێکدێت. دەبێت سەرۆکی تیرە مەزنەکان گشتیان بەگزادە بن (کە تاقمێکی تایبەت پێکدەهێنن و نەژن لە ڕەشەخەڵکەکە دەخوازن و نە کچیشیان دەدەنێ). مەزنایەتی تەنها لە نێو لقە جوداکانی هەمان بنەماڵەی بەگزادەدا دەستاودەست دەکات(٥٧).

ئاڵۆزتر لەوە، سیستێمی سیاسی میرنشینەکان بووە، کە گەلەك خەسڵەتی دەوڵەتیان تێدابووە. ئەمانیش بەردەوام خەریکی شەڕەزرتانێی دەستەڵات بوون، وەلێ لەبەر ئەوەی کەم خانەوادەیان نێو شۆرەتێکی پڕ ڕەونەقی ئەوتۆیان هەبووە کە بەشی ئەوە بکات ببنە سەرگەورەی هەمووان، تێکبەربوونەکە زێتر لە نێو ڕیزی لقەکانی هەمان خانەوادەی فەرمانڕەوادا گیرخواردووە.

## ٢-٦ سەرکردایەتی: ناودێریو ئەرك

وەك پێشتر ڕوونمانکردەوە، ئەستەمو دژوارە بتوانین بڕیاربدەین کامە دەستە بە هۆزو کامە بە هۆزی یەککەوتە (کۆنفوێدراسیۆن) و کامە بە تایەفەو تیرە نێوببەین. جگە لەوە زاراوە کوردییەکانیش تەواو دەگەڵ مۆدێلی شیرازە داڕێژراوەکەی ئێمەدا ڕێك نایەنەوە. هەر بەو پێیە زاراوە کوردییەکان جوداوازی لە نێوان سەرکردەی هۆزو تیرەو تایەفەدا ناکەنو گشتیان بە ئاغا نێودەبەن. دیارە کەمەك بیژۆیی لەو ڕووەوە هەیە، بۆ نموونە سەرگەورەی تایەفەیەك کە ڕەچەڵەکێکی هێند قووڵی نییە، وەکی باڤکی ئۆمەریان، ئاغای پێناگوترێت، بەڵکە بە مەزن یا ماقوول نێودەبرێت (کە لە مەعقوولی عارەبییەوە وەرگیراوە).

لای ئۆمەریان کوێخا دێ، مەزنی گەورەترین باڤکە. (گۆیانەکان بەو مەزنە ئاغاش دەڵێن). هەر تایەفەیەك چەند ڕدێنسپییەکی خۆی هەیە کە ڕاوێژکاری ئاغانو لە کاتی پێویستیدا بەرۆگری هەڵدەبژێرن، لەوە بترازێت چ دەستەلاتێکی دیکەی ڕاستەقینەیان نییە. وادیارە ئاغا ئەو سەرکردەیەیە کە فەرمانڕەوایی ڕەعییەتەکەی دەکات(٥٨)، هەرچەندە خزمە نێزیکەکانیشی هەر بە ئاغا نێودەبرێن.

لە باشوورو خۆرهەلاتی کوردستان سەرۆکی هۆزو تیرە ڕەئیسیان پێدەڵێن (کە لە عارەبییەوە وەرگیراوەو کۆکەی ڕوئەسایە). خانو بەگ کە بە سەرەکهۆزە مەزنەکان دەگوترێن، لە بنەچەدا ناودێری فیۆدالانەنو زێتر وەپاڵ نێوی ڕاستەقینەیان دەخرێت، بۆ نموونە عەلیخان، ڕەسوو بەگ.

ئەوڕۆ ئەو ناودێرانەو ئەرکی فیۆدالانەیان لەگەڕکەوتوون. بۆ خۆم نەمدیتو نەمبیست هیچ سەرەکهۆزێك بە خان یاخود بە بەگ نێوبرێت، ئەگەر شایانی ئەو ناودێرەش بووبێت. زۆر جار بەو فەرمانبەرە کوردە شارییانە بەگ گوتراوە، کە خاوەنملك بوون، بەلام دوور لە ملکی خۆیان ژیاون. یەکێك لەچاوساغە هەرە لەپێشەکانم جوداوازی ئەو ناودێرانەی لە دیاربەکری دەوروبەری بیستەکاندا ئاوەها بۆ باسکردم:

"ئاغا سەرۆکی هۆزە، دەگەڵ هۆزەکەیدا لە کێوان دەژێت، بەلام بەگ شارنشینەو دەشێت لە تۆرەمەی سەرەکهۆزێك کەوتبێتەوە، هەرچەندە مەرجیش نییە. بەگ خوێندەوارە، ئاغا بێسەوادە. بەگ ژیارییەو خەریکە سیاسەتە، ئاغا شەڕکەرە. بەگەکان گەلەکجار زەوییەکی زۆریان لە دەشتاییەکاندا هەیە کە لەلایەن وەرزێرە ناخێڵەکییەکانەوە ڕەعەمەل دەهێندرێن، ئاغا لەو کێوانە خاوەنی زەوی هۆزەکەی نییە، بەڵکە هەر کەس خاوەنی کوتە زەویەکی خۆیەتی"(٥٩).

لەکن هۆزە نیوەکۆچەرەکانو نیشتەنییەکان، کە بە بڕوای من ئەم خەسڵەتانەیان زێتر پێوەدیارە، گوند دیارترینو زەقترین یەکەی کۆمەلاتییەو پێدەچێت دەستەلاتی کوێخا بەسەر ژیانی سیاسیو ئابووری خەڵکەکەیدا زاڵبێت، (سەرەکهۆزو گەورەی تایەفەکانیش مەزنی گوندی خۆیانن). **Leach** جوداوازی لە نێوان ئاغای گوندو ئاغای تایەفەو ئاغای عەشیرەتدا دەکاتو واپێدەچێت تەنها لە دەستنیشانکردنی ئەركو کایەی ئاغای گونددا مەبەستی پێکابێت. دەربارەی ئاغای گوندی باڵەك، دوو سەرنجی داوە:

أ. گوندەکە موڵکی ئەوە، (ئەمە مانای وایە کە):

-دەتوانێت هەرکەسێکی دڵی دەیخوازێت لە گوندی بەدەرنێت، (هەرچەندە **Leach** گومان لەو مەسەلەیە دەکات، چونکە ئاغا دەگەڵ زۆربەی ڕەعییەتەکەیدا خزمە).

-دەبێت لادێیەکان پشکێك لە داهاتو بەروبوومی خۆیانی پێبدەن.

ب. بەرپرسیارە لە ڕاگرتن و هەڵسووڕاندنی ئەرکی دەیوەخان. لە ڕوانگەی سەرکردایەتی تەقلیدییەوە، خەسڵەتی دووهەم، یانی لە ئەستۆگرتنی بەرپرسیارێتی دیوەخان، لە گشتیان گرنگترە. دیوەخان تەنها نێوو نێوبانگی ئاغا پێشان نادات، بەڵکە پلەوپایەشی دەردەخات. بۆیە ناچارم بەر لەوەی بگەڕێمەوە سەر شیتەڵکارییەکانی Leach، شتێك دەربارەی ئەم بنکەیە بڵێم:

## ٢-٧ مێوانخانە – دیوان – دیوانخانە

<u>سەرنجێکی پێویست:</u> هەرچەندە دیوەخان و ژووری مێوان هێشتا هەرماون، لێ زۆربەیان باق و بریقی دێرینەیان لە دەستداوەو لادێییەکانیش وەکی جارانی بەر لە دە پازدەساڵێك، هێند بەتەنگ خزمەتییەوە نایەن.

(پشکی زۆری زانیارییەکانی ئەم بەشە، پشتی بە گفتوگۆ بەستووە).

هەر ڕێبوارێك ڕێگەی بکەوێتە هەر گوندێك، دەتوانێت بە کامی دڵ تامی پەندی (مێواندۆستی کورد) بچێژێت. زۆربەی ئاغاکان ژوورێك یاخود خانوویەکی تایبەتییان هەیە، کە ڕێبواران تێیدا دەحەوێنەوەو دەمەتەقێی تێدادەکەن و چایان بۆ دەمدەکرێت و خۆراکی چاکیان لە پێش دادەنرێت و شەویش پێخەفێکیان بۆ ئامادە دەکرێت. هەر ڕێبوارێکیش بخوازێت چەند ڕۆژێك بمێنێتەوە، کەس دەست ناهێنێتە ڕێگەی و ئاغاش پێیدەڵێت: "ماڵ ماڵی خۆتەو هێندەی دڵت دەخوازێت بمێنەوە"، هەرچەندە بواری زۆریش هەیە بۆ تێگەیاندنی میوانێك، کە زێدە لە پێویست ماوەتەوە. بەو پێیەی ئاغا نوێنەری ڕەعییەتەکەیەتی، پێشوازیکردنی لە بێگانان، ڕۆمەت پەیدا کردنە بۆ گوندەکەی، تایەفەکەی، یاخود هۆزەکەی. دەستودڵ والآیی ئاغا، مەرجی یەکەمی دەستەڵات پەیدا کردنێتی و ڕژدی و چرووکیی، شەرمەزارییەو بە دەگمەن دەستەڵات پەیدادەکات (مەگەر لە ڕێگەی زەبرو زۆرەوە). ئەو تەخشوپەخشەی لە دیوەخاندا دەکرێت، دەبێتە مایەی شۆرەت و ڕووسووریی(٦٠).

ئەم بازیی مێواندۆستییە چەندە دەخایەنێت و هەتاکەی بڕدەکات، مەسەلەیەکە پەیوەندی بە پلەو پایەی مێوانەکەو خانەخۆیکەوە هەیە. هەر ئاغای گوندێك خۆی لە ئاغای تایەفەی خاوەنی گوندەکە، دڵاواتر دەرخات، دەبێتە گوردێرێکی ڕاستەقینەی ئاغای تایەفەو ڕەنگە نەك تەنها لەسەر ئاستی گوندەکەی خۆی، بەڵکە لەو مەودایەش بەرینتر پشتیوانی لێبکرێت.

مێوانراگرتن سوودی دیکەشی هەیە: ڕێبواران پەیامهێنەرو هەواڵدەری ڕووداوی نوێن، با ئامرازی هەواڵراگەیاندنی نوێی وەکی ڕادوێش لە ئارادابێت، هیشتا هەواڵهێنەرانی دەمی بە ڕەواج و بایەخدارن(٦١). بەتایبەت ئاغاکان کە شەیدای کایەیەکی سیاسی گرنگن، پێویستیان بەو شێوازە هەواڵدارییەی ڕێبواران هەیە. بڕێکجار ئاغاکان خۆیان شۆفار بەڕێدەخەن تا هەواڵی دیوەخانی ئاغایانی دیکەیان بۆ کۆوەکەن.

جگەلەوە، مێوانخانە کە هەندەکجار بە مێڤانخانە، وەکی دی دیوان یاخود دیوانخانە، بڕەجارێکیش بە هۆدەیێ گوند نێودەبرێت، وەك نێوە کوردییەکەی دەیدرکێنێت، چەردەیەك ئەرکی دیکەی هەیە: لە گەرمەی شکۆفەی ئەم دەزگەیەدا، دەمەو ئێواران گشت پیاوانی ئاوایی لێیکۆدەبوونەوەو باسی پێشهات و بەسەرهاتی ڕۆژیان دەکرد. کێشەو گرفت و دەمەقاڵەی ئەو ڕۆژەیان بۆ ئاغا دەگێڕایەوە، دەربارەی مەسەلە پێوەندیدارەکان بە گوندو (تایەفە یاخود هۆز)ەوە بڕیاریاندەدا، لاوان بە داب و نەریت و شێوازی هەڵسوکەوت ئاشنادەکران. هەر ئێرەش جێگەی جەژن و ئاهەنگگێڕان بوون(٦٢).

دەبێت ئەوەش بڵێین کە ئاغا لەو ڕێگەیەوە جڵەوی ژیانی کۆمەڵایەتی ئاوایی دەگرتەدەست. ڕەشەخەڵکەکە بۆیان نەبوو مێوان ڕاگرن، بەڵکە دەبایە لە دیوەخان دایانکردبان، تا ئاغا بتوانێت جەمسەری گشت پێشهاتەکان لەژێر ڕکێفی خۆیدا بهێڵێتەوە.

چۆنێتی ڕێکخستن‌و بەڕێوەبردنی دیوان بەپێی سەردەم‌و کاتەکەو لە شوێنێکەوە بۆ شوێنێکی دی گۆڕراوە. دیوانی ڕەوەندەکان پشکێکی جوداکراوەی پڕ سەرین‌و دۆشەك‌و فەرشە لە دەواری ئاغا. زۆرجار دیوانی لەو بابەتە هێجگار ڕازاوەو ناوازەن، وەکی ئەو وێنەیەی Montagne ساڵی ١٩٣٢ گرتوویەو دیوانی مەزنی هۆزی میلان پیشاندەدات. لە باڵەکایەتی هاوینان نێزیکی ماڵە ئاغا، کەپرێك دروست دەکراو فەرش‌و دۆشەکی تێدا ڕادەخراو پشتیی‌و سەرینی لێدادەنرا، زستانیش مێوان لە ماڵە ئاغا دادەمەزرێندران(٦٣).

ساڵی ١٩٧٥، ئەو دەمەی من لەو نێوچەیە بووم، وەك هەر جێیەکی دی کوردستان، دیوانی زۆربەی گوندەکان ژوورێکی سەربەخۆبوو لە ماڵی ئاغا. خۆشترین‌و دڵگیرترین دیوەخانی کوردم لە باکووری خۆرهەڵاتی جزیرە دیت. ئەو کوردانەی سەرەتای ئەم سەدەیە لەوێ نیشتەجێبوون، نیو سەدەی تەواو بەو پەڕی تێروتەسەلی ژیان. هەر لەگەڵ لەسەرەتای ئەم سەدەیەدا دەستدرایە کشتوکاڵ‌و وەرزێری، ئاغاکان بە پیت‌و پڕفەڕترین ئەو زەویانەیان بۆ خۆیان برِدا (کە پێشان لەوەڕگەی پێکڕایی هۆزبوون)، پەڵپی بەشێکیشیان لە داهات‌و بەروبوومی جوتێران گرت. ئا لەو دەستکەوت‌و داهاتانە، چکێکی چاکی بۆ پێداویستییەکانی دیوەخان تەرخاندەکرا. یەکەمین خانووی قیتی ئەو گوندە تازەئاوەدانکراوانە، ماڵە ئاغایان‌و دیوانخانەکانیان بوون، هێشتا لە دەواردا دەیانگوزەراند. بڕێك لەو دیوەخانانە خۆشترین ستران‌و بالۆرەیان پێدا هەڵدراوەو لە دوورییەکی زۆر دوورەوە ناسراون. ڕەنگە ئەو جۆرە دیوەخانانە وێنەیەکی گشتی نەبن، بەڵام بێگومان نموونەیەکن، بۆیە باسێکی دیوان وەك نموونەو شێوازێکی زاڵ دەکەم.

دیوان هەمیشە لاکێشەییەو لای سەرووو لای خوارووی هەیە. دەرگەکەی دەکەوێتە داوێنی خوارووەوە. بەچواردەوریدا دۆشەك‌و پشتی بۆ دانیشتن ڕیزکراون. مێوانی شکۆمەند، یاخود پیری ڕێزلێگیراوی گوند، سەرین‌و پشتیی لە دەور کەڵەکە دەکرێت تا جوان شانداداتو چاك بحەوێتەوە، بەڵام گەر ئەمە بۆ لاوێك بکرێت، دەبێتە تیزپێکردن. دیارە جێگەی ئاغا هەمیشە لای سەری سەرەوەیەو پیرانی خاوەنشکۆو مێوانی ڕێزلێگیراو لە نێزیکی دادەنیشن. تا لادێییەکە، یا مێوانەکە گەنجتر بێت، یاخود پلەو پایەی کەمتر بێت، جێگەی بەرەوخوارتر دەبێت. ئەوپیاوانەی پلەوپایەیان هێجگار نزمترە، هەر دانانیشن، بەڵکە لە نێزیکی دەرگەکەوە هەڵدەتروشکێن. هەرکات کەسێك وەژوورکەوت، گشت ئەوانەی پلەوپایەیان لە ئاستی ئەودایە یاخود داکشاوترە، لەبەری هەڵدەستن‌و چاوەڕواندەکەن تا جێگەیەکی گونجاو دەدۆزێتەوەو ڕۆدەنیشێت. ئەوجا یەك لەدووی یەك سڵاوو بەخێرهاتنی لێدەکەن، ئەویش وەرامی یەکەیەکەیان دەداتەوە. بڕێکجار ئاغاش لەبەر مێوانی تازەهاتوو ڕاستدەبێتەوە، تا ڕێزو قەدری خۆیی پیشانبدات، با مێوانەکە پلەوپایەی نزمتریش بێت، لەو حاڵەتەدا گشت ئەوانی دیکەش ڕاستدەبنەوە(٦٤). هەر بەو پێیە، لەکاتی ڕۆیشتنی کەسێکیشدا، بۆ دوعاخوازیی لەبەری هەڵدەستن.

لە داوێنی خوارووی دیوەخاندا وەجاخێکی پڕ جزۆی قاوەی قەبەی لە وەرشاو یا مس دروستکراو، یاخود سەماوەرێکی چای هەمیشە دەمکراوەی لێیە. نۆکەرێکی ئاغا بەو ئەرکە هەڵدەستێت کە قاوەچی پێدەڵێن.

ئاغای مەزن‌و نێودار هەن، کە چەندین خوڵام ڕادەگرن‌و ئەوانیش تەنها خەریکی خزمەتی دیوەخانن: یەکێکیان تووتنچییەو تووتن بۆ پێچاندنەوەی سیغاردەگێڕێت، یەکێکی دیکەیان خۆراك بۆ مێوانان دادەنێت، چراو لۆکس

پڕدەكاتەوەو پێیاندەكات، جێگە بۆ مێوانەكان ڕادەخات. بەڵام زۆربەی كات قاوەچی بەتەنێ خۆی بەو هەموو ئەركانە هەڵدەستێت.
دیوان بەو شێوازەی تا ئەم دواییانەش بەڕێوەدەچوو، چێترین ئامرازی ژێرڕكێفخستنی ژیانی كۆمەڵایەتی بوو. دەبایە ئێواران گشت لادێیەكان ڕوو لەوێكەن. ئەوەی ڕۆژێك نەهاتبا، لێیدەپرسرایەوە بۆچ نەهاتووە. هەركەس چەند ڕۆژێك ئامادەنەبایە، ئاغا یاخود ڕدێنسپی، سەركۆنەی دەكرد: تۆ چۆن پیاوێكیت؟ چ بە تەنگ ئەوە نادێیت لێرە باس و خواس چییە؟ دیارە زێتر دڵت بە هەڵەوەڕییە بێبایەخەكانی ژنەكەت دەكرێتەوە؟ ئەرێ تۆ ژنیت یاخود پیاویت؟
ئەگەر زۆربەی پیاوان گفتوگۆو دەمەتەقێی پیاوانیان لەگوتەی ژنان لا پەسەندترو پڕتام و چێژتر نەباو گەلەكجار لە دیوەخان مەسەلەی گرنگ باسنەكرابا، ئەستەم بوو زۆرلێكردنی لەو بابەتە سەریگرتبا.
دیارە هەرچی ڕەفتارو هەڵسوكەوتی بەگەن نەكراوی هەرزەكاران هەیە، لە گشت لاوە دەدرێتە بەر تانەو تەشەرو هەتا بواری دەمكردنەوەو بەرگری لە خۆكردنیشیان نادرێت.

بۆ خۆم ماوەیەك لەماڵە ئاغایەك دەژیام، ئاغا بەردەوام سەرزەنشتی ئەوەی دەكردم كە گوایە زۆر جار نوێژەكانم لەكاتی خۆیاندا ناكەم. بەڕادەیەك پێمدا هەڵدەكاڵا، كە خۆم هێجگار لاوازو بێدەستەڵات دەهاتە پێشچاو، هەر وەكی سەردەمی ساڵانی یەكەمی قوتابخانەی سەرەتاییم، ئەودەمەی یەكێك لە مامۆستاكانم بەردەوام لە پێشچاوی هاوەڵەكانم دەیشكاندمەوە. هەڵبەت ئاغا تەنها ئەو دەمانە سەرزەنشتی دەكردم كە خەڵكێكی زۆری لێبا، دەنا كە هەرخۆمان دەماینەوەو بە كراوەیی دەگەڵ یەكدی دەدواین، باسی ئەو مەسەلانەی هەر نەدەكرد، دیاربوو نەیدەویست تەنگەتاومكات.

بە تەمەنەكانی دانیشتووی دیوەخان هەمیشە سەرمەشق بوون بۆ ڕەفتاری پیاوانە. كە ئەوان دەدوان، دەبایە خۆرتەكان بێجووڵە دانیشن و گوێڕاهێڵن، تەنها دەیانتوانی بە چپە لەگەڵ یەكدی بدوێن، قەت بۆیان نەبوو دەنگ هەڵبڕن. دەبایە بە چوارمەشقی قیت دانیشن. پاڵیان نەدەداوە، چونكە ئەوە نیشانەی لاوازیی بوو، هەستێكی ناقۆڵای لای ئامادەبووان دەڕسكاند. ئا بەو شێوازە گشت شەوێك دادەنیشتن، گوێیانڕادەهێڵا چۆن گەورەكان باسی كێشەو تەنگوچەڵەمەكانی ڕۆژیان دەكرد، چۆن نەخشەیان بۆ كاروفەرمانی مەزراو مووچەو داهاتی كشتوكاڵیان دادەڕشت، باسی شەڕو هەرایان دەكرد، هەتا گەر پێویستبا پلانی چەتەیی و جەردەیی و ڕاووڕووتیشیان دادەنا. بڕێكجار پێشهاتێكی گرنگ دەسازا، ئاغا ڕاوێژی بە پیرە خاوەن تەجرەبەكان دەكرد، پاشانیش بۆ خۆی بەتەنها بڕیاری دەدا. پیرەكان بەسەرهاتی سەردەمی كۆنیان دەگێڕایەوە، زێتر باسی مێرخاسیی و جوامێریی سەرەكهۆزێكی مەزنیان دەكرد.
زۆر لە ئاغاكان گۆرانیبێژی تایبەتی خۆیان هەبوو، صەدان گۆرانی و چیرۆك و بەیت و باڵورەیان دەزانی. بەدەم چریكەی گۆرانیی ئەڤینداری و سترانی جەنگەوە، تەمبوریان لێدەدا.
ساڵانە چەند جارێك دەروێشی گەڕۆك دەهاتن، چەند ڕۆژێك دەمانەوە. دەگەڵ خرمژنی دەفدا، سروودی ئاینی سۆفیانەو عیرفانیان دەچڕی، كە زۆربەیان پێداهەڵدانی یەكێك لە شێخە نێودارە خاوەن كەرامەتەكان بوون. بەوە ڕێگەیان بۆ پەروەردەیەكی ئیماندارانە خۆشدەكرد، كە جۆرێكی دیو جودا لەوانە ووشك و وەڕستكەرەكانی

ئیمامی گوند بوو، (ئەگەر هەر هەبا). جارجار لێرەو لەوێش جڵەو بەردەداو تەوقی کەشی داب و نەریت دادەماڵدراو دەکرایە گاڵتەو گەپ و شادی، گەورەو بچووك دەیانکردە گۆڕەوی بازی.
هەڵبەت بۆ خۆم تاقە دیوانخانەیەکی لەو بابەتەم نەدیت، کە تا ئێستا پارێزگاریی ئەو داب و نەریتەی کردبێت. ئەوەبوو لە ساڵەکانی شێستدا، لەپڕ داڕۆچکانێك ڕوویدا، دەنا ئەودەم هێشتا لاوەکان دیوەخانی لەوبابەتەی باسمکرد، لە یادیان مابوو. لە کوتە جزیرەکەی سەر بە سوریادا، دەوڵەت گشت لە گشتی چایخانەکانی مۆرکرد، واپێدەچوو ئەو چایخانانەی بە کوانووی بوژاندنەوەی هەستی نەتەوایەتی کورد زانیبێت.ڵێ ئاغاکان هەر لەماڵە خۆیان مێوانداریيان لە خەڵکی دەکرد، هەرچەندە شێوازەکە تەواو جوداوازبوو لە جاران. دەتوانرێت لەمەڕ کوتە جزیرەکەی تورکیاش، هەمان شت بگوترێت. لێرە چایخانە زۆربوون، بەڵام زۆرترین کات چۆڵ و هۆڵ بوون. (دیارە مەبەستم ئەو هاوینەیە کە خۆمی لێبووم. دەنا بۆیان گێڕامەوە زستانان جمەیان دێت. گەر لادێیەکان سەرگەرمی کاروفەرمانێك نەبن، زۆربەی ئێواران لەوێ بەسەردەبەن).
هۆکاری هەرە بەتینی لە نێوچوونی ئەو دیوەخانانە، گۆڕرانە لەناکاوەکەی پەیوەندییە ئابوورییەکەی نێوان ئاغاو ڕەعیەتەکەی بوو. بەگەڕخستنی مەکینە لەبواری کشتوکاڵدا، (کە لە پەنجاکانەوە دەستپێکردو لە شێستەکاندا تەواو تەنییەوە)، ئاغای لە توانا و هێزی بازووی لادێیەکان بێ منەت کرد. پەیوەندییەکی ئابووری نوێ سازا. زۆربەی وورد کرێگرتەکان زەوییەکانیان لێسەندرایەوەو خۆشیان بەدەرنران. وورده مالیکەکان، وەکی زۆربەی ئاغاکان، مەسرەفی زەوییەکانی خۆیان پێهەڵنەدەسووڕا، بوونە وابەستەی ئەو پووڵدارانەی مەکینەی نوێیان دەکڕی. زۆرجار خاوەنملکەکان دەیاندیت چۆن ئەو پووڵدارانە، بەرووبوومی ملکانیان بە زەبری پووڵ و ڕێبازی سەرمایەدارانە بۆ خۆیان دادەڕووتاندو چکێکی کەمیان بەوان دەدا. زۆر لادێیی چەند ڕۆژێکی ساڵی لێدەرچێت، ئیدی بەردەوام بێکاربوون. ناچار تەواوی هاوینەکە وەك کرێکاری وەرزی، لەملاو لەولا مشووری کاریان دەخوارد.
بەو شێوەیە لەپڕێکدا شیرازە کۆمەڵایەتییەکەی لادێ شێواو داتەپا، دیوەخانیش لەگەڵیدا لەنێوچوو(٦٥).
ساڵی ١٩٥٠، دیاردەی داڕووخانێکی دی لە خوارووی کوردستاندا سەرنجی Barthی ڕاکێشابوو. دەبینێت نێودارترین ئاغاکان بۆ بازێڕەکان ڕەویانکردووە. لەوێش دەرگای دیوەخانیان هەر ئاواڵەبوو، بەڵام دیوەخانی گوندەکان تێداچوون. لە گوندی خێڵەکییەکاندا بڕێك دیوەخانی گچکە مابوون، تەنها تاقمێکی کەم ڕوویانتێدەکرد. لە گوندی ناخێڵەکییەکانیشدا هەندەك پیاوی بە هەڵپەو هەڵمەت، لەماڵی خۆیاندا دیوەخانێکی گچکەڵەیان قوتکردبووەوە(٦٦). ئەمە لە زۆر جێگەی کوردستانی تورکیاش تا سەرەتای ئەم سەدەیە هەر ئاوەها بوو. هەرچەندە دیوەخانەکان زۆر ئاوەدان نەبوون و تەنها ژمارەیەکی کەم لە پیاوان ڕوویانتێدەکرد. خاوەن دیوەخان، خانەدانی پێدەگوترا. مەرج نەبوو خانەدان ئاغایەك بێت، بەڵام هەر خانەدانێك بیخواستبا دەیتوانی تاقمێك خڕەوەکات، تاقمێکی هەمەچیزە لە دەستوپێوەند.
هەتا ئێستاش لە نێوەندی کوردستاندا، ئوتێل و مێوانخانەی ڕاستەقینە کەمن. مێوان لە ماڵی ئاغا دادەبەزن و زۆربەی لادێییەکان و نێزدیکانی ئاغاش بەردەوام هەر ڕوو لەوێ دەکەن.

### ٨–٢ دیاردەیەکی ئابووری – خاوەی ئاغا

بۆ مزەختی دیوەخان، ئاغا خاوە لە گشت لادێییەکان دەستێنێت. زۆربەی کات ئاغا لە داهاتی دانەوێڵە ١٠٪ باج و خەراج وەردەگرێت، لە خاوەن مێگەلی گەورەش، چل یەکی (مەڕ یاخود بزن) دەستێنێت. خاوە ئەوە

ناگەیەنێت کە ئاغا خاوەنملّکەو لادێییەکانیش وەرزێری کرێگرتەی(*). وەك ئەم پێشهاتەی خوارەوە دەریدەخات، ملّکانەو خاوەی دیوەخانی ئاغا، دوو شتی جوداوازن:

لە گوندی سنارێی سەر بە کوتە جزیرەکەی تورکیا، ئاغای گوند خاوەنی ملّکەکانی گوندیش بوو. لەسەروەختی بەگەڕخستنی یاسای چارەسەرکردنی کشتوکالّی سالانی پەنجاکاندا، چەند پارچەیەکی زەوییەکانی بەسەر وەرزێرەکاندا دابەشکران، بە جۆرێکی ئاوەها کە زەوی ئاغاو وەرزێرەکان لێك هەڵدەبوێردران. کە پیرە ئاغا مرد، کوڕەکانی زەوییەکانیان لەنێوخۆدا بەشکرد. یەکێکیان بووە جێنشینی ئاغاو ئەوی دیکەشیان بووە دەرەبەگو پشکی زۆری زەوییەکانی پێبڕا. وەرزێرە کرێگرتە گچکەکان دەبایە لە سێ بەش دوو بەشی داهاتیان بە خاوەنملّك دابا. بەلاّم کشت لە گشتیان، چ کرێگرتە گچکەکانو چ خاونملّکە گچکەکان، دەبایە ١٠٪ پوختەی داهاتی شیناوەردیان، بۆ مزەختی دیوەخان، بە ئاغا دابا.

جوداوازی ئەو دوو جۆرە باجە هەمیشە ئاوەها ڕوون نییە. زۆربەی کات خاوەنملّکەکان ١٠٪ داهات لەبریتی ملّکانە لە وەرزێرەکان دەستێنن. ئەو دەرەبەگانەی دوور لە گوندەکانیان دەژینو لەگوند هیچ دیوەخانێکیان نییە، ئەو باجە بە موڵکانە نێودەبن. هەندەك دەرەبەگی دیکەش، (بۆ نموونە لە کوتە جزیرەکەی سەر بە سوریادا)، هەمان ئەندازە باج دەستێننو ئەوانیش هەر ملّکانەی نێودەنێن، بەلاّم مافی ئەوەش بە خۆدەدەن، جوتێر لە ملّکی بەکرێگیراویان بەدەرنێن)، لێ بۆ دیوەخان هیچ خاوەیەك ناستێنن.
هەڵبەت گەلەکجارو لەزۆر جێ، پشکی ئاغا بری زەکاتی ئیسلام دەخرێت. لەسەرتاسەری کوردستانی عێراقدا، خاوەی ئاغا ئەو نێوەی لێدەنرێت(٦٧)، هەرچەندە ئاغا چکێکی بە هەژارانو نەدارانێك نادات کە شایانی ڕاستەقینەی ئەو زەکاتەن. ئەمە دەریدەخات کە ئاغاکان یاخود بە نارەوا باجی ئیسلامیان بۆ خۆ بڕداوە، یاخود خواستوویانە لە ڕێگەی زاراوەیەکی ئیسلامەوە، دەمامکێکی ئاینی بەبەر ئەو باجە نارەوایەدا بکەن. هێندەی من پێبزانم، لای ئەو هۆزانەی خاوەی ئاغا زەکاتی نێولێدەنرێت، چیدی هیچ زەکاتو سەرفترەیەك بە مەلای گوند نادەن، وەکی لە شوێنەکانی دیکەی کوردستاندا باوە.
برێك لە چاوساغەکانم بۆیانگێڕامەوە کە گوایە ئاغاکان دەستیان بەسەر زەکاتی ئیسلامدا گرتووەو بۆخۆیانی زەوتدەکەن. لە شیرناخ بیستم ئاغاکان بە چ زەبرو زۆرو دڕندایەتییەك پشکی خۆیان دادەقەپێننو داواکارییان چەندە زۆرە: "هەتا ١٠٪ بەروبوومی پیازیش دادەپاچن"و "زەکاتو سەرفترەی مەلاش لرف لێدەدەن".
گەرەکمە ئەم مەسەلەیە بە نموونەیەکی لای هۆزی باڵەك ڕوونکەمەوە: وەك Leach دەڵێت، هەڵسووڕێنەرو ڕاپەڕێنەی دیوەخان، دەستەلاّتی سەپاوی ئاغایە. لە گێڕانەوەکانییەوە ئەوە دەدرەوشێتەوە کە ئەودەم لە باڵەکایەتی خاوەنملّکی گچکە نەبوون، بەڵکە وەرزێرەکان وەك ووردەکرێگرتە زەوییەکانی ئاغایان ڕەنێوهێناوە. ئەگەر ئەمە ڕاست بێت(٦٨)، ئەوا پێشهاتێکی ئاسایی نەبووەو مانای وایە بوونی خاوەنملّکی گچکە لای هۆزە کێونشینەکان، دیاردەیەکی سەراپایی نییە. تەنها دەتوانرێت برێك لەوانەی سەر بە هۆز نین، یاخود هەندەك دەستەو تاقمی نا کورد بە وورده کرێگرتە نێوبرێن، کە تێکڕا خزاونەتە ژێر باڵی تایەفەی هۆزێکەوە، (باشتر

* ووشەی کرێگرتەم پڕاوپڕ بەرامبەر ووشەی ئیجاری موڵکی لە کوردیدا باو، بەکارهێناوە، هەرچەندە لام ڕوونە کە کرێگرتە زێتر بۆ (کرێچی خانوو) بەکاردێت. لە زۆر شوێن کە زەوی بە ملّکانە دەدرێت خانوویەکیشی لەگەڵە، کە زەوییەکە لە وەرزێرەکە سەندرایەوە، خانووەکەشی لێدەستێندرێتەوە، یانی وەرزێرەکە کرێگرتەی زەویو خانوو.

بڵێین، خزاونەتە ژێر دەستەڵاتو چەپۆکی ئاغاوە). Leach هەقێتی گومان لە دیاردەیەکی دیکەی خاوەندارێتی ئاغا بکات، ئەویش ماف بەدەرنانی وەرزێرانە، کە بە ڕاستی ئەستەمو سەختە، چونکە زۆربەی هەرەزۆری لادێییەکان، خزمو کەسی خۆیین(٦٩).

ئاغای گوند ملکەچو گوێڕایەڵی ئاغای تیرەیەو ئاغای تیرەش هەمان جۆرە بەرامبەر ئاغای هۆز. Leach دەگێڕێتەوە کە گوایە هەریەکێکیان بانگاشەی خاوەندارێتی ڕاستەقینەی گوندیان کردووە. هەرچەندە بەپێی یاسای عێراق، بەشێکی چاکی زەوی ئەو نێوچەیە هێشتا هەر ملکی دەوڵەت بووەو هۆزەکان تەنها ماف ڕەنێوهێنانیان هەبووە. ئەو دەمە چاوەڕوانی تاپۆکردنیان دەکراو(٧٠)، Leach پێیوابوو کە ئاغای تیرەکان لە هەمووان پێشترن، هەرچەندە تەنها ئاغای گوند، ماف دەیەك سەندنی هەیە.

باو وابوو ئاغای تیرە بۆ ئەرکو فەرمانەکانی، دیاری شیاوی پێدەدرا. ئەرکی سەرەکیی ئەوەبوو "کە ببێتە دادوەری بڕێك ووردە دوژمنایەتیو لە کاتی پێکداهەڵقژانو شەڕو هەرای گوندە هاوسێکاندا لەسەرماف لەوەڕگەو نۆرەئاوو ئەو جۆرە کێشانە، ڕێکیانخاتەوە". دیارە هەردوکلا شەڕکەرەکەش خەڵاتیان دەکرد(٧١). هەڵبەت هەر لەسەروەختی Leach خۆشیدا ئەو ئەرکو فەرمانانەی ئاغا باوی نەمابوو، ئەوڕۆکەش لە بەشی هەرزۆری کوردستاندا وادەی بەسەرچووە. بەڵام وەك ڕستکردنێکی ئەرکو فەرمانی دێرینەی ئاغا، نرخو بایەخی خۆی هەیە.

ئەرکو فەرمانی ئاغای هۆز کەمتر ڕوونە. هەرچەندە هەمانکات ئاغای تیرەو گوندیشە، بەڵام کایەی قەت ئەو بایەخەی نەبووە، مەگەر کاتی جەنگی لێدەرچێت کە بێ ئەمسەرو ئەوسەر، دەبووە سەرکردەی تەواوی جەنگاوەرانیو بەو پێیەش دەستکەوتو سوودی دەچنییەوە(٧٢). دەنا لە کاتی هێوریو ئاشتیدا، خەڵاتو دیارییەکی ئەوتۆی لە ئەندامە دوورە دەستەکانی هۆزەکەیەوە پێنەدەگەیشت. پێدەچێت لای زۆربەی هۆزەکان، ئەو خەڵاتو دیارییانە لەوە ڕەگ داکوتاوو ئاساییتر بووبن، کە Leach بتوانێت پەییان پێببات. گشت ساڵێك بە بۆنەی هەردوو جێژنەکەی موسڵمانانەوە (ڕەمەزانو قوربان)، ئاغاو ڕدێنسپێکانی هەر گوندێك، بە دەستو دیارییەوە دەچوونە دیداری ئاغای هۆز. Hay دەگێڕێتەوە کە ساڵانە لە هەر مێگەلێکی گەورە، سەرێك مەڕ سەندراوەو کراونەتە بەشێك لەو دیارییانە(٧٣). هەندەك هۆز تا ئێستاش پارێزگاری ئەو نەریتەیان کردووە، هەرچەندە زۆربەی دیارییەکان کەم نرختربوونو ئەو بەهایەی جارانیان نەماوە، زێتر بوونەتە کەلو پەلی قاچاخی وەکی شەکرو چا.

دامەزراندنو جێگیرکردنی دەزگەکانی دەوڵەت لە نێوچەی باڵەكدا، بووە هۆی کۆبوونەوەی هێزو دەستەڵاتێکی فرەی ئابووریو سیاسی لە دەستی سەرەکهۆزدا، (کە گوێڕایەڵترین پیاوی ئینگلیز بوو لە سەرتاسەری نێوچەکەدا). مووچەیەکی بۆ بڕڕایەوەو دەوڵەت بووە پاڵپشتی بۆ سەقامگیرکردنی پلەو پایەو کەسایەتی. هەر ئەو سەردەمە بەسەرچوو، ئیدی دەستەڵاتی ئاغاش بە خێرایی شەمزا. ئاغا بۆ خۆی ساڵی ١٩٧٥ نەمابوو، کوڕەکەی کە بەرۆگری بوو، چ بڕشتێکی نەبوو. چاوساغەکانم کە لە تیرەی سەکر Sekir بوون، دەیانگوت لەمێژە چیدی ئاغایەك لە هۆزەکەدا هەڵنەکەوتووە.

Leach زۆر بەجوانی شێرازەی سیاسی هۆزی باڵەکمان بۆ دەستنیشان دەکات، تێکڕا لە سێ توێژدا کۆیاندەکاتەوە:

أ- ئاغای گوند، دەستەڵاتی تەنها لە کەوشەنی مەڵبەندەکەیدا بڕەکاتو لەو ئاستەدا شەڕو هەراو کێشەکان چارە دەکات. زەوییەکان بە دەیەك، یاخود بەکرێ دەداتە وەرزێرەکان ﴿کە خزمی خۆییێ﴾.

ب- ئاغای تیرە، لە شەڕو هەڵلاو کێشمە کێشی نێوان گوندەکاندا دەبێتە دادوەرو بەو پێیە خەڵات دەکرێت.

ت- ئاغای هۆز، لەسەر ئاستی دەرەوە نوێنەری هۆزەکەیەتی، لێ لە ژیانی ڕۆژانەی هۆزەکەیدا ئەرك و کایەیەکی ئەوتۆی نییە.

دوو سەرنجی دیکەی Leach خۆی، ئەم ڕستکردنە ساکارەی کەمێك شڵوێ دەکەن و بڕێك ئاکاری هێزو ووزەی سەرکردایەتی دەشێوێنن:

١-ئاغایەکی هەمان تیرەی ئاغای هۆز خۆی (کە لێرەدا بە ئاغای تیرە نێودەبرێت)، دان بە سەرکردایەتی ئاغای هۆزدا نانێت، هەرچەندە ئاغای هۆز ئەو بە "وابەستە"ی خۆی نێودەبات، (بڕوانە Leach، ١٩٤٠، ل١٧). ئەو ئاغایە وا ڕادەگەیەنێت کە گوایە ئەو بەخۆی، نەك ئاغای هۆز، لەیەکەم جەنگی جیهانیدا سەرکردایەتی هۆزەکەی کردووەو بەری بە ئۆردووی هێرشهێنەری ڕووس گرتووە (هەمان سەرچاوە، ل١٨). گشت کەس ئەم ئاغایەی لەسەرگەورەکەی بە جوامێرتر دەزانی (هەمان سەرچاوە، ل٢٨). هەرچەندە ئەم ئاغایە لە گچکەڵەترین گوندی نێوچەکەدا دەژیا (گوندێکی دووتاقە ماڵە)، لێ نێوو نێوبانگێکی میواندۆستیی هێجگار درەوشاوەی هەبوو. کەواتە گەورەترین گوردێری ئاغای هۆز، ئاغای تیرەیەکی دیکە نەبوو، بەڵکە ئاغای هەژارترین گوند بوو. بەوپێیە گەر هەر لەسەر خانەخانەکردنی شیرازە کۆمەڵایەتییەکانی (گوندو تیرەو هۆز) سووربین و بەو پێوەرە سەرکردایەتی بەشبەش بکەین، ئەوا سووك و ئاسان دیاردە ڕاستەقینەکان تێکوپێك دەدەین.

٢-بڕێك لە ئاغای گوندەکانی باڵەکایەتی، لە گوندێك زێتریان هەیە. خۆیان لە گوندێك دەژین و کاربەدەستێك، یاخود دەمڕاستێکیان لەسەر گوندەکەی دی داناوە، کە کوێخا یاخود سەرکاری پێدەگوترێت و کارەکانیان بۆ ڕادەپەڕێنێت.

٢-٩ حاڵ و باری سەرکردایەتی چەند هۆزێکی جوداواز

پێکهاتی شیرازەی کۆمەڵایەتی هۆزی باڵەك لە زۆربەی هۆزەکانی دی سادەترە، با بەو ڕوونی و ڕێك و ڕەوانییەش نەبێت کە Leach گەرەکییە پێشچاویخات. لەم بەشەدا باسی چەند هۆزێکی دی دەکەین کە شیرازەی کۆمەڵایەتییان ئاڵۆزترە.

٢-٩-١ مەنگوڕەکان

مەنگوڕ هۆزێکی نیوەکۆچەرە، زستانان لە گوندەکانی داوێنی چیاکانی ژووروی قەڵادزێدا دەیگوزەرێنن. لە نێوان گوندەکانی مەنگوڕاندا، تایبەت لە تەختانییەکاندا، گوندی دی هەن کە خەڵکەکەی وەرزێرن و سەر بە هیچ هۆزێك نین، بەڵام ڕەعییەتی مەنگوڕانن. گوندی مەنگوڕان ئاغایان نییە. بەڵام هەر تیرەیەك ئاغای خۆی هەیە، ئەوانیش ملکەچ و گوێڕایەڵی فەرمانی ئاغای هۆزن. ئاغای هۆز دەستەیەك چەکداری گوێ لە مستی ڕاگرتووەو دەستەڵاتێکی زۆری داونەتێ و ئەوانیش خەریکی کۆکردنەوەی ملکانەو دادۆشینی لادێییەکانن. ئاغا لە هەر گوندێك کوێخایەك یاخود دەمڕاستێکی داناوەو کردوونییە بەرپرسیاری کۆکردنەوەی زەکات و باجەکانی دی. پیاوەکانی ئاغا، کۆمەڵێك جەلۆی چەتوونی سەرچڵی تۆڕین و هەریەکە لە کونجێکەوە هاتوون. هەمیشە لە دەوروبەری ئاغان هێند گوێڕایەڵین، کە ئامادەن بەفەرمانی ئەو، برای خۆشیان بکوژن. هەر گوندێك لە

کۆکردنەوەی زەکاتدا پڕکێشی سەرپێچیی کردبا، پیاوەکانی ئاغا باشترین ئامرازی سەرنەوەرکردن بوون. جگە لەوە، ئاغا هەر لەو ڕێگەیەوە بڕێك دابی فیۆدالانەی دیکەی وەکی بێگاریی دەسەپاند: کە چ ئەندامانی هۆزەکەو چ ئەو ڕەعییەتانەی ئەندامی هۆزەکە نەبوون، دەبایە سالانە چەندین ڕۆژ لە زەوی‌و ملکی پان‌و بەرینی ئاغادا بە خۆڕایی کاربکەن، گەنم دروێنە بکەن، گیا و شینایی بۆ ئالفی زستانە بدوورنەوەو بیگوێزنەوە، یاخود سواخکاری‌و قوڕەکاری بکەن. بێگار وەکی سەرشۆڕترین کار تێیدەڕوانرا، لایەنی کەم بە تێڕوانینی ئەوڕۆکە. لە سالەکانی پەنجاوە کە ڕاپەڕین‌و جموجۆلی دژە دەرەبەگایەتی دەستیپێکرد، خەلکەکە بەوپەڕی تواناوە هەولیاندەدا خۆ لە ئەرکی گرانی ئاغا بدزنەوە، بەلام پیاوە دەسندەخۆرەکانی ئاغا زوو زوو شالاویان دەبردو هێندەی پێویستبا، ڕەش‌و ڕووتیان بۆ بێگار ڕاپێچدەکرد.

دەستەلاتی ئاغا لە گشت کونجێکی مەلبەندەکەی وەك یەك بڕی نەدەکرد، هەندەك لە ئاغای تیرەکان، دەستەلاتێکی سیاسی‌و ئابووری چاکیان بۆ خۆیان بڕدابوو. ئاغای چنارەیی (ئەو تیرەیەی من ماوەیەکی کورت لە نێویاندا بووم) گوندێکیشی لە تەختانییەکاندا هەبوو. ئەو وەرزێرانەی سەر بە هۆزەکە نەبوون، ووردە کرێگرتە بوون‌و دەبایە نیوەی داهاتیان بە ئاغا دابا. گوندەکانی دەوروبەر، ئەوانەی بڕێك لە دانیشتووانی ئەندامی هۆزەکەبوون‌و هەندێکیشیان بێگانە، تەنها زەکاتیان دەدا. ئەو دەیەکە، جارێك ئاغای تیرە دەیسەندو جارێك ئاغای هۆز، مەسەلەکە پەیوەندی بە هاوکێشیی دەستەلاتی هەردووکلایانەوە هەبوو.

ووردە شەڕو وورەووری نێو گوندێك، ڕدێنسپییانی چارەیان دەکرد. پێشهاتی گرنگتر دەچووە بەردەم عەلی ئاغای سەرەکهۆز. ئەویش داوای قەرەبووی لێدەکردن‌و چکێك پوولی لە هەردوکلا شەڕەکەرەکە دەسەندو پاشانیش سزای تاوانکارەکەی دەداو شتێکی جەریمەدەکرد، هەلبەت بۆ خۆی نەك بۆ تاوانلێکراوەکە(٧٤). خەلکی بەدگمەن ڕوویان دەکردە دادگای ئاسایی، لەو نێوەش شێخێکی بەوەجی لێنەبوو. بەو پێیە عەلی ئاغا مەزنترین دادیاری قسەڕۆیشتووی ئەو مەلبەندەبوو. هۆزە گچکەکەی مامەشی هاوسێشی، کە لە دێرەوە پەیوەستی مەنگوڕە، کێشەی گرنگی خۆیان دەهێنایە کن عەلی ئاغا، بەوە دانیان بە شکۆو سەروەرییدا دەهێنا.

دوو ڕووداوی گرنگی ئەو دەیان سالەی ڕابوردوو، بوونە هۆی شێوان‌و گۆڕانکارییەکی بنجی لە هەناوی چەقی دەستەلاتی مەنگوڕاندا: پاش کودەتاکەی سالی ١٩٥٨ی قاسم، بزووتنەوەو ڕاپەڕینێکی بەرفراوان، بە دنەدان‌و پشتگیری لایەنە ڕەسمییەکان، دژی دەرەبەگەکان دەستیپێکرد، جوتێرەکان یاخیبوون‌و لە سەرانەو کەرانەی دەیەك‌و ملکانەو بێگاری سەرپێچییانکرد. دەستەوتاقمی گچکەی چەکداری قوتابیان‌و فەرمانبەرە گچکەکان‌و جوتێرە چالاکەکان، بە گوندەکاندا دەسووڕانەوەو هەڕەشەیان لە دەرەبەگان دەکرد. زۆر لە شێخە دەولەمەندەکان‌و ئاغاکان بۆ ئێران هەلهاتن، عەلی ئاغاش یەکێك بوو لەوانە. کە زریانەکە هێور بووەوە، گەڕایەوەو هەولیدا سەرلەنوێ بێگاری داسەپێنێت. ئەوەی بۆ نەچووەسەر، بەلام ڕەعییەتەکەی هەروەکی جاران زەکاتیان دەدایە. پاش هەلایسانی کلپەی شۆڕشی کورد لە سێپتەمبەری ١٩٦١دا، وەکی زۆر ئاغای دیکەی نێوچەکە، تێکەلی شەپۆلی نەتەوەپەروەرانی کوردبوو، لەو ڕێگەیەوە توانی دەستەلات‌و پلەوپایەی خۆی بنجبەستکاتەوە.

ئەوجا لە ١٩٦٦دا نەتل‌و بەلایەکی شەیدای دەستەلاتی لێقوتبووەوە، حەسۆ میرخان کە یەکێك بوو لە پیاوە باوەڕپێکراوەکانی بارزانی، بووە فەرماندەی هێزی ئەو نێوچەیە. حەسۆ کوڕە جوتێرێکی بادینانی بوو، چاوی بە هیچ کەسایەتییەکی نێوداری دەوروبەریدا هەلنەدەهات، ئیدی ئاغا با یا ئەندامی پارت. فەرمانیدا چیدی کەس زەکات بە عەلی ئاغا نەدات‌و زەکاتی گۆڕی بە "یارمەتی" بۆ بزووتنەوەی نەتەوایەتی کورد. ئەمیش

دەستیدایە ناچارکردنی جوتێران کە جارجارە بۆ خۆی (بۆ بزووتنەوەکە) بێگاری بکەن. ئەولاتریش، لای خۆرئاوایەوە، عەلی شەعبان‌فەرماندە بوو، ئەویش بە هەمان جۆر ڕەفتاری دەکرد. دیارە ئەو هەڵوێستە ئاغاکانی لە هەردوکلا ڕاستکردەوەو برێکیان دایانە پاڵ ڕژێم (بێ لە عەلی ئاغا)، بەو هیوایەی بتوانن جێپێی خۆیان قایم بکەنەوە. پاشان ناچارکران خۆیان و گوێ لەمستترین دەستوپێوەندیان، نێوچەکە چۆڵبکەن. حەسۆش پشکێك لە زەویەکانیانی بەسەر جوتێرە هەژارەکاندا بەخشییەوە. هەڵبەت حاڵو بارەکە بۆ مەنگوڕان گۆڕڕانێکی ئەوتۆی بەسەردا نەهات: لە هەواری زستانەیان، یانی لە گوندەکانی داوێن چیاکانی ژووررووی قەڵادزێ، حەسۆ میرخان جێگەی عەلی ئاغای گرتەوە. کوێخاش نێوی بە مەسئوولی دێ گوڕرا. دیارە مەسئوولی دێ لە لایەن حەسۆوە دادەنرا، نەك بە هەڵبژاردن، کە دەبا وابایە. لە ئێلاخ و هەوارو لەوەڕگەی هاوینەشیاندا، دوور لە بارەگاکەی حەسۆ، عەلی ئاغا توانیبووی شکۆو کەسایەتی نەریتییانەی خۆی، وەك دادیاری گشتی و تاقە نوێنەری مەنگوڕان، لە مامەڵە دەگەڵ هۆزەکانی دیدا، داسەپێنێت.

ئەم ڕوونکردنەوەیە ئاشکرای دەکات، کە ئەو شیرازە سیاسییە ئاماڵ نانێوەندییەی باڵەك، کە دەستەڵات بەسەر ئاغای هۆزو تیرەو گونددا دابەشکراوەو (ئاغای گوند کایەیەکی زەق و دیاری هەیە)، بۆ گشت لایەك ناشێت. ئاغای هۆزی مەنگوڕ، لەڕێگەی دەستەیەك چەکداری گوێڕایەڵییەوە، دەستەڵاتێکی نێوەندی بەهێزی لەسەر حسێبی سەرکردە نێوچەییەکان، لە دەستی خۆیدا کۆکردۆتەوە.

ئەو تاقمە چەکدارە وابەستە گوێڕایەڵە، یاخود ئەو یاوەرە تایبەتانە، دەزگەیەکی هێجگار سەیرو سەمەرەیە. ئاشکرا پێچەوانەی داب و نەریتی خزمایەتی کۆمەڵگەی خێڵەکییە، چونکە ئەو پیاوە ڕاگیراوانە ئامادەن لە کاتی پێویستدا، بە فەرمانی ئاغایان، دژی کەسوکاری خۆشیان بجەنگن، بۆیە ئەندامانی ئاسایی هۆزیش بە کەم ڕەوشت باسیان دەکەن. ئەمە ئەو هۆیەیە کە هەندەك نووسەر، هاتنەکایەی سیستەمێکی گوێڕایەڵانە، بە "یەکەم هەنگاوهەڵنانی ڕاستەقینە لە دابی خێڵایەتییەوە بەرەو دابی فیۆدالیزم" نێودەبەن(٧٦). من دەمەتەقێ لەوبارەوە، داخۆ کۆمەڵگەی کوردەواری چەندە "فیۆدالییە"، تا ڕادەیەك بە بێئکام دادەنێم. بەڵام گەرەکمە سەرنج بۆ ئەو ڕاستییە ڕاکێشم، کە ئەو جۆرە وابەستەیی و گوێڕایەڵییەی (بۆ هاتنەکایەی فیۆدالیزمی ئەورووپایی هێجگار گرنگ و پڕ بایەخ بوو)، لای خێڵە جەرمانییەکن، لە ئاکامی پەیوەندییان دەگەڵ ئیمپراتۆرێتی ڕۆمانیدا هاتەکایەوە(٧٧). ئەمە پەنجە ڕاکێشانە بۆ ئەو گریمانانەی لە بەندی سێهەمدا زێتر خۆیان پێوە خەریکدەکەم.

٢-٩-٢ پشدەرییەکان

جۆرێکی دی لە ڕێکخراوە نێوەندییەکان، دەگەڵ توێژتوێژکردنێکی ڕوون و ئاشکرادا، لە کن پشدەرەییەکان بەدیدەکرێت. وەك لای باڵەکایەتی دیتمان، لێرەش هەر گوندێك (یاخود چەند گوندێکی نێزیکی یەکدی) ئاغایەکیان هەیەو دەیەك دەستێنێت. (کوردەکان بە تەوسەوە بەو جۆرە ئاغایانە "گوند داقەپێن" دەڵێن). لە کن پشدەرییەکان ئاغای گوندو مسکێنەکانی هەر خزم نیین، بەڵکە گشت لە گشتیان لە هەمان تایەفەو بەرەبابیش کەوتوونەوە. تایەفەی میراودەلیەکان بە نێوی میر عەودال ئاغای باپیرەیانەوە نێونراون، کە دەورووبەری ساڵانی ١٨٤٠ لە ترۆپکی ڕەندی و خورتیدا بووە. لە ساڵانی بیستی ئەم سەدەیەدا، شەش لقی ئەم تایەفەیە نێودارو ناسراوبوون، بەڵام دوانیان لەسەر دەستخستنی جڵەوی ڕێبەرایەتی و سەرکردایەتی هۆزەکە، بێ پسانەوە لە شەڕو ململانێدا بوون. بەربەرەکانێکە لە نێوان بابەکر ئاغاو عەباسی بنئامۆزایدا بووە، (یەکەمیان ساڵی ١٩٥٩و

دووهەمیان ساڵی ١٩٤٥ کۆچی دواییکرد). هەڵبەت برێك لە ئەندامانی لقەکانی دیکەی تایەفەکەش، لە هەندەك مەڵبەند، کایەیەکی زۆریان لە سەقامگیرکردنی دەستەڵاتە نێوچەییەکەدا هەبووە. پێدەچێت زۆر گێرمەو کێشەو هەڵلا، لەلایەن ئاغای بەهێزتری، لقی مەزنتری خانەوادەی دەستەڵاتدارەوە، بۆ ئاغای گوند سازکرابێت، (مەرجیش نییە هەردوکلا سەر بە هەمان لقی ئاغایان بووبن).

بەر لە ١٩١٨، لە رێگەی پەلهاوێشتن‌و بەربڵاوکردنی دەستەڵاتەوە، بەر بە بەربەرەکانێی نێوان لقەکانی تایەفەکە گیراو کەمێك خاوکرایەوە. میراودەلییەکان لە بنەڕەتدا تەنها هۆزی نورەدینیان لەژێر چەپۆکدا بوو، لێ پاشان هێدی هێدی بازنەی دەستەڵاتیات فراوانکردو زۆر لەو گوندانەی هیچ مافێکی ڕەوایان بەسەریانەوە نەبوو، خستییاننە ژێر ڕکێفی خۆیانەوەو دەمڕاست‌و نوێنەریان بەسەردا سەپاندن(٧٨). پاش ئەوەی ئینگلیز لە ١٩١٩/١٩١٨دا، ژێرووی کوردستانی بە عێراقەوە جووتباقەکرد، ئەو پەلهاویشتن‌و بەربڵاوکردنی دەستەڵاتە ڕاگیرا. (تا لە ساڵانی پەنجاکاندا سەر لەنوێ دەستیدرایەوە، بڕوانە سەرنجی ژمارە ٧٥). لەوەدوا، تا دەهات بەربەرەکانێی نێوان بابەکر ئاغاو عەباس ئاغا توندو تیژتر دەبوو. ئەفسەرە سیاسییە ئینگلیزەکان، کەسایەتی بابەکریان زۆر بەدڵدا چوو بوو، کە بووبووە نموونەو سەرباشقەی سەرەکهۆزە کوردە ملکەچ‌و گوێڕایەڵەکانی(٧٩). عەباس‌یش بووبووە نموونەو سەرمەشقی کەسانی یاخی‌و متمانەپێنەکراوو خیچاو. هەڵبەت دوژمنایەتییەکەی دەگەڵ بابەکردا، کە ئینگلیزەکان دەستەڵاتێکی فرەیان دابوویەو لە گشت بوارێکدا بۆ بەرژەوندیی خۆیان ڕاوێژیان پێدەکرد، ناچاری ئەو هەڵوێستەی کردبوو. ئەوەبوو هەتا پاش گێڕانەوەی دەستەڵاتی ڕاستەوخۆی ئەفسەرە سیاسییەکانیش لە نێوچەکانی دیدا، ئەویش پاش سەروەختێکی پڕ ئاشووب‌و هەڵلای فەرمانداریکردنی تییانیان، هێشتا هەر قەڵادزێ‌و ناودەشت بە دەست بابەکر ئاغاوە هێڵرانەوە، (ئەودەم بە ڕەسمیی پلەی قایمقامی قەڵادزێی درابوویەو لە بواری هۆزەکانی هەردوك دیوی سنوورو نێوچەکانی دیدا، ڕاوێژکاری ئەفسەرە سیاسییەکان بوو)(٨٠). بەو پێیە تەواوی هۆزەکە بوو بووە دوو کوتی سەربە بابکرو عەباس‌ەوە، لەو ڕوانگەیەشەوە بوو بوونە لایەنگیر، یاخود دژە دەوڵەت.

دووبەرەکییەکە بەپێی پرینسیپە گشتییەکەی تایەفە ڕەوتی نەدەکرد، بەڵکە ململانێیەکی پەتی بوو لە نێوان دوو لقی خانەوادە دەستەڵاتدارەکەدا. لقەکانی دیکەی خانەوادەکە، لەبەر ڕۆشنایی حاڵ‌و باری ئینگلیزدا هەڵوێستیان وەبەردەگرت، چەلێك بێلایەن دەبوون‌و هەلێك دەیاندایە پاڵ لایەکیان: هەرکات هەستیان بە پڕهێزیی ئینگلیز کردبا، دەیاندایە پاڵ بابەکر، کەسووسەی لاوازییان کردبا، ئەودەم دەبوونە لایەنگری عەباس. هەرچی دژە ئینگلیز هەبوون، (بۆ نموونە چ شێخ مەحموود لەسەرەوختی ڕاپەڕینەکانیداو چ شۆفارە جلخوارەکانی تورك، ئەوانەی سەرەتای بیستەکان کەوتبوونە پڕوپاگەندەیەکی بەرەبڵاوی دژە ئینگلیز، بەو ئومێدەی خوارووی کوردستان ببەنەوەو بیدەنەدەم تورکیای نوێ)، دەیانتوانی پشت بە بەرەی عەباس ببەستن. بەو پێیە پشدەرییەکان بەهێزترین هۆزی خوارووی کوردستان بوون‌و بابەکر هاوپەیمانێکی بە بەینەتی ئینگلیز بوو، پێدەچوو عەباس ئەو هەڵکەوتووەبێت کە بتوانێت ڕیزی گشت دەستەوتاقمە دژە ئینگلیزەکان یەکخات. شایەنی هێزی ئەو دوو گوردێرە، هەرگیز هاوتا نەبوو، هەمیشە تای هێزی ئینگلیزو بابەکری پیاوی قورستر بوو، وەك لەوەبەریش هەر ئاوەها بوو: ئەوەبوو ساڵی ١٩٠٠ بابەکر دەیتوانی یەك هەزار چەکدار خڕکاتەوە، عەباس تەنها پێنج صەد پیاوی پێ کۆدەکرایەوە(٨١).

لە قۆناغێکی پاشتردا، برێك کێشەو قۆرتی دی بۆ ئەم هۆزە، یاخود ئەم دووبەرە شەڕکەرە سازا: وەکی کێشەی نێوان ئاغاو وەرزێرانی سەر بە هۆزەکە لەلایەك‌و ئاغاو مسکێنە بێگانەکانی لە لایەکی دی. دیارە ئەندامانی

هۆزەکە، لە پلەو ڕادەی گوێڕایەڵی و ملکەچییاندا بەرامبەر خانەوادە فەرمانڕەواکە، جوداوازبوون. لەپاڵ کاکڵەیەکی ڕەقی بە ئەمەکدا (کە زێتر لە دێرنترین مسکێنە نوورەدینییە ژێر چەپۆکخراوەکان پێکهاتبوو)، دەستەیەکی دیکە هەبوو کە لەو دواییانەدا دەستەمۆکرابوون، بە توندی دژی پێبەندکردن و سەرانەی بەزۆر لێسەندراویان ڕاستبووبوونەوە. مامەشەکان کە توانیبوویان لە یەخسیرکردنی تەواو خۆ ڕاپسکێنن (بڕوانە سەرنجی ژمارە ٧٥)، تا ئێستاکەش بەو پەڕی ڕق و کینەوە باسی ئاغاکانی پشدەر دەکەن. دیارە بەدبەختەکانی دیکەش هەر هەمان هەستیان هەیە. ساڵەکانی پەنجا، کە زەوییەکان تاپۆکران و پەیوەندیی مڵکایەتی یەکەیەکەیان دیاریکران، گێرمەو کێشەیەکی یاسایی توندو تیژ لە نێوان ئاغاکان و ڕەشەخەڵکەکەدا خوڵقا. لێرەش وەك لە کوتەکانی دیکەی کوردستاندا، کڵپەی چەندین ڕاپەڕینی چکۆلەی وەرزێران هەڵایسا. وەرزێرە ڕووتەڵە بێ زەوییەکان، هێرشیان بردە سەر ماڵ و مڵکی ئاغاکان و داگیریانکردن. پاش کودەتاکەی قاسم، بزووتنەوەی دژە دەرەبەگانەی مسکێنەکانی پشدەر، پشتیوانی چاکی بۆ ڕەخسا و برەوی سەند. دوای چەند شەڕو پێکداهەڵقژانێك، زۆربەی ئاغاکان بۆ ئێران هەڵهاتن. کە گێرمەو کێشەو مەسەلەی ململانێی چینایەتی بەهۆی تێکچوونی نەتەوەپەروەرانی کوردو قاسمەوەو ئاڵۆسکانی بارەکەوە، پەردەی بەسەردا داماڵرا، ئەوجا گەڕانەوە. ماوەیەکی چاك بۆیان لوا سوود لە کەشی گەشەسەندنی هەستی نیشتماپەروەریی کورد وەرگرن، توانییان خۆ تێکەڵی بزووتنەوەکە بکەن و لەو ڕێگەیەوە لە گرنگی و بایەخی مەسەلەی جوداوازییە چینایەتییەکە کەمبکەنەوە. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا هێدی هێدی هێزو دەستەڵاتە نەریتییەکەی خۆیان لەدەستداو فەرماندەکانی پێشمەرگە جێگەیان گرتنەوە. تا لە ١٩٦٩دا بە هێجگاری خۆیان و دەستوپێوەندەکانیان دایانەپاڵ ڕژێم و چالاکانە دژی بزووتنەوەکە کەوتنە جەنگان. فەرماندەکانی پێشمەرگە دەستیان بەسەر مڵك و ماڵیاندا گرت و پشکێکیان بەسەر جوتێرە ڕووتەڵە بێ زەوییەکاندا دابەشکرد. لێ پاش ڕێکەوتنەکەی ئازاری ١٩٧٠ گەڕانەوەو مڵك و ماڵی خۆیان وەرگرتەوە، (هێندەی یاسای نوێی چارەسەکردنی زەوی ساڵی ١٩٧٠ ڕێگەی پێدەدا)(٨٢).

کەواتە شیرازەی کۆمەڵایەتی پشدەرییەکان لە باڵەك و مەنگوڕان ڕوونترو ئاشکراتر توێتوێ کراوە: تایەفەیەکی فەرمانڕەوا لە سەری سەرەوەیە، کە گشت ئاغاکانی میراودەلی دەگرێتەوە. ژێرتر مسکێنەکانن کە لە ڕووی ڕەچەڵەکەوە جوداوازن، نورەدینییەکان و برێك تایەفەو دەستەوتاقمی کەنارکەوتە، کە ئارەزوومەندانە یاخود بە زۆری زۆرداری ژێردەستخراون، لە برێك جێگەش هەندەك وەرزێری ناخێڵەکی کە بە تۆپزی کۆیلەکراون، لەژێری ژێرەوەن.

٢-٩-٣ هەمەوەندەکان

هەمەوەندەکان لە زۆر ڕووەوە وەکی پشدەرییەکانن و هەتا شیرازەیەکی لەوان قووچ هەڵچووتریشیان هەیە(٨٣). ئەم هۆزە کە سەرەوەختێك وەکی جەردەو تەڕیدە ناسرابوو، نێوو نێوبانگی بە خراپی ڕۆیشتبوو، لەشکرێکی گوێڕایەڵ و پڕ دیسپلینی هەبوو، لە بنەچەدا لە ئێرانەوە هورووژمیان بۆ سەر ئیمپراتۆرێتی عوسمانی هێناوەو مەڵبەندی ئەوڕۆکەی خۆیان داگیرکردووەو دانیشتووە ڕەسەنەکەی، کە وەرزێر بوون و سەر بە هیچ خێڵێك نەبوون، کۆیلەکراون و کردوویاننە مسکێنی خۆیان. هۆزەکە هەروەکی هۆزی جاف لەلایەن تایەفەیەکی بەگزادەوە سەرەوکاریی دەکرێت، تایەفەکانی دیکەش ئاغای خۆیان هەیە. لە کۆندا دەبایە هەر گوندێك جەنگاوەری خۆی هەبا (دە تا پازدە نەفەرێك) کە ئاغای گوند سەرکردایەتی دەکردن و بۆ لەشکری هۆز

ئامادەکرابوون. ئەم پەلە گچکانە پشکێك بوون لە لقی گەورەتر، ژێر دەستەی ئاغای باڵێکی فراوانتری هۆزبوون. دەستەی سەرقەتاری جەردەیی و ڕێگری و ڕاووڕووت، لەلایەن ئاغایەك، یاخود چەند ئاغایەکەوە، یاخود گەر ئەرکەکە گرنگبا، لەلایەن سەرداری تایەفەی بەگزادانەوە دەستنیشان دەکرا. ژێر چەپۆکخستنی مسکێن و گوندیان، ئەرکی تاکەتاکەی ئاغاکان خۆیان بوو، کە دەستوپێوەندی هۆزەکەیان بۆ ئەو جۆرە شەڕو دەستوەشاندنانە بانگرادەهێشت.

گوندی یەخسیرکراو دەبووە باجدەری ئاغای نەخشەکێشی هێرشەکە. هەندەك لە پیاوەکانی (زێتر خزمێکی و دەستوپێوەندەکانی)، بە هێجگاری لەو گوندە نیشتەجێ دەبوون و باج و خەراجیان دەسەندو (بڕێکیان) بۆ ئاغا دەنارد. پاشتریش زۆر جار کابرای نوێنەرو سەرکاری ئاغا تەواوی ئەو باجەی بۆ خۆی لرف لێدەدا.

کەواتە مسکێنەکان خاوەنی ئەو زەوییە نین کە ڕەنێوی دەهێنن، بەڵکە وورده کرێگرتەن و شوورەی تایەفەگەری لە لادێییە خێڵەکییەکانیان هەڵدەبوێرێت. هەرچەندە بەسەرزارەکی بەرۆگرانیان ماف کرێگرتەی بڕێك پارچەیان دەکەوێت، بەڵام زۆرجار ئەو مافە پێشێلدەکرێت(٨٤). هەڵبەت هەرچی مسکێن بوو، ئیدی مانای ئەوە نییە گوایە هەژارو نەدارە، نەخێر، جار هەیە ئەو مڵکەی بەدەست کابرای مسکێنەوەیە هێند فراوانە، کە دەبێت وەرزێری بۆ بەکرێبگرێت (دیارە زێتر وەرزێری بێگانە). دەبێت ئەوەش بڵێین کە دادۆشینی جووتێرە خێڵەکییەکان لەلایەن هەمەوەندەکانەوە هیچ دەردیسەرییەکی ئەوتۆی زێتر نەبوو لە دادۆشینیان لەلایەن ئاغای تایەفەکەیانەوە: تێکرا دەبایە ١٠ - ١٥٪ دانەوێڵەو سێیەکی داهاتی زەوی بەراوی (وەك تەرەو سەوزەو تەماتەو... ئەو جۆرە بەرووبوومانە) مڵکانە بدەن. کەواتە لە گوندی مسکێنەکانی هەمەوەندیشدا کۆمەڵگەیەکی چەند توێژی دەدیترێت، کە پێکهاتیان ئا بەم چەشنەیە: ئاغا، هەمەوەندە خێڵەکییەکان، مسکێنی بێ ماف لە گۆڕینی جێگەی ژیاندا، کرێکارە کشتوکاڵییەکان.

هەتا دەستەڵاتی دەوڵەت تەواو سەقامگیر نەبووبوو، پەیوەندی فیۆدالانەی نێوان هەمەوەندو مسکێنەکان، سوودو دەستکەوتی هەردوکلای تێدابوو. مسکێن تەنها دانەدەدۆشرا، بەڵکە لە شاڵاوو دەستڕێژی هۆزەکانی دیکەش دەپارێزرا. جگەلەوە دەستکەوت و سوودی ئابووریشی دەچنییەوە، ئەویش لە ڕێگەی ئاڵ و وێڵەوە، لە بازارەکاندا کەل و پەل و تالانیی هەمەوەندیان ساخدەکردەوە. لێ پاش برەوسەندنی دەستەڵاتی دەوڵەت، ئەو پەیوەندییە بووە دژایەتی. ئیدی هەمەوەند ناچار بوون دەست لە تالان و بڕۆ هەڵگرن و بۆ پەیداکردنی بژێویان، مل دەبەر جووتێری نێن، یاخود پەرە بە دادۆشین بدەن و مسکێنیان لە جاران خراپترو زێتر داپڕوسکێنن. دیارە بەهۆی پلە کۆمەڵایەتییە باڵاترەکەیانەوە، هەمەوەندەکان دەرفەتی پێوەندییەکی چێتریان دەگەڵ فەرمانبەرانی دەوڵەتدا بۆ ڕەخسابوو، دەیانتوانی ساناتر کاریانتێبکەن و لەسەر حسێبی مسکێنەکان، دەستکەوت بۆ خۆیان بچننەوە. مسکێنەکان دەگێڕنەوە گوایە هەمەوەندەکان لە کاتی سەربازگرتندا، یارمەتی پۆلیسیان داوەو نێوی گشت ئەو مسکێنانەیان لا ئاشکرا کردوون کە کاتی سەربازییان هاتووە، لەبەرامبەر ئەوەدا خۆیان لە خزمەتی سەربازی بەخشراون(٨٥). ساڵی ١٩٥٠، ئەو دەمەی Barth دەچێتە ئەو نێوچەیە، دەبینێت کە کێشمەکێشی نێوان مسکێن و هەمەوەندەکان لە چڵەپۆپەدایەو گشت پێشهاتەکانی دی شاردۆتەوە، ململانێ بووە لەسەر تاپۆی زەوی و ماف مڵکایەتی، کە تازە دەستیدراوەتێ. مەخابن من نەمتوانی زانیاریی تەواو دەربارەی بەشداریی ئەو مسکێنانە لە ڕاپەڕینە وەرزێرییەکانی پاشتردا، وەدەست بخەم.

٢-٩-٤ درزەییەکان

ژێر چەپۆکخستنی وەرزێرە ناخێڵەکییەکان تەنها لە ڕێگەی داگیرکردنەوە نەهاتۆتەدی، وەکی نموونەی پشدەرو هەمەوەند وا پیشاندەدەن. دزەییەکان نموونەیەکی پێچەوانەی ئەوانن. دەستەڵاتی سیاسی و ئابووری بە دەست وەچەکانی ئەحمەد پاشا نێوێکی خەڵکی (دزە)وە بووە، کە سەرتاسەری سەدەی نۆزدەهەم لە هەولێر والی عوسمانی بووە. هەر لەو ڕێگەیەوە بۆی لواوە زەوی و زارێکی زۆر لە دەشتە پڕ فەڕو پیتەکەی هەولێر بڕبدات و دانیشتووەکانی ژێر چنگۆڵە بنێت. بەڵام ڕوون نییە داخۆ هەر ئەو دەمانە خانەوادەکەی بۆتە مەزنی خێڵە نیوەکۆچەرەکانی ئەو مەڵبەندە، یاخود لە دێرترەوە سەردارو سەروەری ئەو هۆزانەبوون. ئەوەی ئاشکرایە ئەوەیە کە ڕەچەڵەکی خانەوادەکە لە بنەچەی ئەو هۆزانە جوداوازە. هەرچەندە سەرچاوە تۆمارکراوەکان بە دەگمەن جوداوازی لە نێوان خێڵەکی و ناخێڵەکییەکاندا دەکەن و ناتوانن لەو ڕووەوە دەستگیرۆییەکی ئەوتۆمان بکەن.

بەپێی گوتەی Hay (١٩٢١، ل٧٧)، ساڵی ١٩٢٠، ژمارەی خەڵکە ڕەمەکییەکە، نێزیکەی ٣- هەزار کەسێك بوون و خانەوادە دەستەڵاتدارەکە، چوار لقی نەتەوی و گوردێری یەکدی هەبووە. خێڵەکییە نیوەکۆچەرەکان لە گوندەکانی زێواری دەشتاییەکەدا ژیاون و هاوینان ڕەویانکردووەو چوونەتە ئێلاخ(٨٦). ئەو مسکێنانەی لە گوندەکانی دەشتاییەکەدا ژیاون، ژێر چەپۆکەی یەکێك لە ئاغاکانی خانەوادە دەستەڵاتدارەکە بوون، هەر ئەویش خاوەن مڵکیان بووە. گشت ئاغاکان پێکڕا خاوەنی زێتر لە نیوەی دەشتی هەولێر بوون. ئەو مڵکانەیان لە ڕێگەی شەڕو تاڵانییەوە چنگ نەکەوتووە، (چونکە هۆزی دزەیی بەوەجن و ناچنە تاڵانی و شەڕەخۆری ناکەن(٨٧))، بەڵکە بەرژەوندیی هاوبەشی خانەوادە دەستەڵاتدارەکەو فەرمانڕەوایی عوسمانی، ئەو دەرفەتەی بۆ ڕەخساندبوون. بەو پێیە دەیانتوانی بە ڕەسمی داوای پاشنێوی دەرەبەگانە بکەن. جگە لەوە ﴿وەکی چەندین جار ڕوویدا﴾، دەزگەی دەوڵەت بۆ پاراستنی مڵك وماڵیان، دەستگیرۆیی دەکردن.

Hay کە زۆر خۆی بە دزەییەکانەوە خەریککردووە، ئەحمەد ئاغا، کە یەکێك بووە لە دوو ئاغا هەرە گرنگەکان، "زێتر بە بازرگانێکی سەرکەوتووی دەستکەوت فرە دەزانێت، نەك سەرەکهۆز"، کە لە ڕێگەی بەرتیل و قاچ و قووچ و زەوتکردن و زەبرو زۆرەوە، هەڵگڕاوە(٨٨). ئەحمەد ئاغا هەر لە سەرەتاوە دژی ڕژێمی تازە دامەزراوی عێراق وەستایەوە. Hay پێیوایە ئەوەش بەو هۆیەوە بوو کە ئینگلیزەکان کەمتر بەرتیل و سیرمەخۆرییان دەکرد وەك لە عوسمانییەکان، یاخود زێتر ڕێیتێدەچێت بەو هۆیەوە بوو بێت کە ئینگلیزەکان بایەخی زێتریان بە ئیبراهیم ئاغای ناحەزی دەدا، چونکە ئەویان بە سەرەکهۆزێکی مەزنتر دەزانی.

دیارە ئەو سەروەختەش مسکێن هەر چارەی ئاغایان نەویستووە. ئەوەبوو لە کۆتایی ١٩١٨دا، ئینگلیزەکان لە بەشە داگیرکراوەکەی کوردستاندا، گەلپرسییەکی بەرتەسکیان لە بارەی ئومێدو ئاواتی دواڕۆژیانەوە کرد، بە تایبەت لەبارەی ئەوەوە داخۆ ژێرووی کوردستان سەربەخۆبێت، یاخود بکرێتە بەشێك لە دەوڵەتە عارەبییەکەی عێراق. قاو وابوو گوایە ڕشەخەڵکە لادێییەکەی دەشتاییەکانی موسڵ و هەولێر، خەون و خولیایان ئەوەبوو: "لە دەستی تورکان قوتارکرێن، ئەوجا لە دەست جەورو ستەمی دەرەبەگەکان، تاقە چینێك کە دامەزراندنی دەوڵەتێکی عارەبی عێراقی بە ئاوات دەخواست". دیارە ئا ئەمە داخوازییەکی گرنگی پێکەڵپێکە لە سۆزی نەتەوایەتی و هەستی چینایەتی. Hay (١٩٢١، ل٦٨) بەسەرهاتێك دەگێڕیتەوە، گوایە "دزەییەکان سەرپێچییان لەوە کردووە کە لە شەڕی دژی دەستەڵاتدارێتیدا، پشتی ئاغایان بگرن"، بەڵام ڕوونی نەکردۆتەوە داخۆ ئەو دزەییە سەرکەشە یاخییانە ئەندامانی هۆزەکە بوون، یاخود مسکێنەکان. لە سەردەمی پاشایەتیدا، ئاغاکانی دزەیی، لە ڕێگەی پێوەندیی توندو تۆڵیانەوە دەگەڵ حوکمڕانانی بەغدادا، دەستەڵاتی بێسنووری خۆیان تەواو

بنبەست کرد. بڕێکیان بوونە ئەندامی پارلەمان و هەتا چەند قلێکیشیان گەیشتنە پلەی وەزیر. ساڵی ١٩٥٣ ڕاپەڕینە مەزنەکەی جووتێران، سەرتاپای دەشتی هەولێری ڕاتەکاند. ڕەنگە ئەوە گرنگترین ڕاپەڕینی مێژووی عێراقی نوێ بێت. دەرەبەگەکان (کە زۆربەیان لەشارەکان دەژیان)، ترسێکی وایان لێنیشت کە بە پەلەپڕووزێ نێوچەکەیان جێهێشت و پاشانیش بە کۆمەکی سوپا گێڕدرانەوە سەر جێگەو ڕێگەی خۆیان.

لە جەنگی نێوان کوردو عێراقدا، ژمارەیەکی کەم لە مسکێنەکان دایانەپاڵ نیشتمانپەروەرانی کورد. هەتا ئەو کاتەش کە چەند ئەندامێکی خانەوادە دەستەڵاتدارەکە چوونە ڕیزی شۆڕشەوەو بوونە ئەندامی سەرکردایەتی، ئەو هەڵوێستە گۆڕانی بەسەردا نەهات. (دیارە خانەوادە دەستەڵاتدارەکە هێندە ژیرێتی هەبوو، هۆشی هێند بڕیدەکرد، کە لە هەر ئاگردانێك چەند شیشێك بۆ تەنگانە بەجێبهێڵێت). ئەو دەمە باری گشتیی دەشتی هەولێر ئاوەها بوو، لە کاتێکدا بڕێك لە جووتێرە خێڵەکییەکان و نیوە کۆچەرەکان بە فەرماندەیی، یاخود بەدنەدانی ئاغاکانیان دەچوونە پاڵ شۆڕش، یاخود دژی شۆڕش دەجەنگان، مسکێنەکان (کە قەت شەڕکەر نەبوون) دوورەپەرێز دەوەستان. لەپاڵ کەم توانایییان لە بواری شەڕدا، هۆیەکی دیکەشیان هەبوو، ئەویش تێکەڵ نەبوو بوو. ئاواتی هەر بەرزیان ئەوەبوو، ئەو زەوییەی بەکرێیان گرتبوو، ببێتە مڵکی خۆیان و داهاتێکی زێتری لێ بەرهەم بهێنن، ئارمانجێك کە لە داخوازیی نەتەوەییانە، یاخود ماڧی کولتوری و ئۆتۆنۆمی لە پێشتر بوو. گرنگ بەلای ئەوانەوە ئەوە بوو کە ڕژێمی بەغدا، نەك بارزانی، چارەی کێشەی زەویوزاریان بکات، ئەویش لەبەر هۆیەکی زۆر سادەو ساکار، چونکە لایان ڕوونبوو کە بارزانی لە بارێکدا نییە بتوانێت دەشتە تەختەکەی هەولێر بپارێزێت.

## ٢-١٠ هێزو دەستەلات وەك پرۆسێسێك

### کۆلۆنیالکردنی جزیرەی ژووروو

بڕێك لەوباوەڕدان کە فیۆدالیزمی (ئەوروپای خۆرئاوا) بە پوختترین شێوازیەوە، لە ئەوروپا خۆیدا چەکەرەی نەکردو شین نەبوو، بەڵکە لە وولاتانی خاچپەرستی کەنار دەریای نێوەڕاستدا، لە خۆرهەلاتی ئیتالیا بەولاوە، ئەو شێوازە بەرهەمهێنەرو دەزگە سیاسییە، لە زەمینەیەکی بۆشدا چێنراو گەشەی کردوو هەڵچوو، بێ ئەوەش هیچ یەك لە شێوازە زرپ و زیندووەکانی ئەوێ، بتوانن بەری پێبگرن(٩٠). ئەمە مانای وایە توێژینەوەیەکی هوردی مێژووی وولاتانی سوارەی خاچپەرستان، ڕەنگە ئاسۆی تێڕوانین و تێگەیشتنمان لە لۆژیکی فیۆدالیزم (وەکی ئەوەی لە ئەوروپادا هەبووەو گەشەی کردووە)، فراوانتر بکات.

جزیرەی ژووروو، چ نێوچە کەم ئاوەدانییەکانی و چ نێوچە قاقڕو بێ ئاوەدانییەکانی، ئەو جێیەی لەسەردەمی نوێدا (لە بەرایی سەدەی بیستەمدا)، چەند هۆزێك لە نێوەندی کوردستانەوە ڕوویانتێکردو لێینیشتەجێبوون، وەکی "تاقیگەیەکە" بۆ توێژینەوەی دەزگەی فیۆدالیزمی خێڵەکی کورد. هەرچەندە دەبێت لەحاند ئاکامی ئەو جۆرە توێژینەوانەی نێوچەکەدا ووریا بین، بەڵام پێدەچێت بتوانین لەو ڕێگەیەوە لە دینامیکی ژیانی سیاسی هۆزەکان باشتر تێبگەین. بەشی داهاتوو تا مەودایەکی زۆر پشتی بەو گفتوگۆو دەمەتەقێیانە بەستووە، کە لە مایسی ١٩٧٦دا لە جزیرە کردوومن.

جزیرەی ژووروو، یانی (بەشی سەرووی تەختانییەکانی میسۆپۆتامیاو ئەوپەڕی باکووری خۆرهەلاتی سوریای ئەوڕۆو پەڵە دەشتاییەکانی خوار قەراجەداخ و کێوەکانی تۆرعابدین)، بەپیت و فەڕترین و پێژەوترین نێوچەی جیهانە. لە سەردەمە دێرینەکاندا خەڵکێکی هێجگار زێتر لەوەی ئەوڕۆ، بژێوی خۆیان لەوێ وەدەستخستووە.

هێرش و شالاوی هۆزە بە دووەکانی باشوورو کوردە ڕەوەندەکانی باکوورو لای کێوەکانی شەنگار، مەزراو کێڵگەکانیان تێکوپێکداو بێ فەڕیان کردن. زۆر نێوچە بوونە چۆڵەوانی و گەلەك قوتەو خەڵاتی توورەکەڕێژ، بوونە گەواهی سەردەمانێکی هێورتری دوورودرێژ. ئێرە بووە سامناکترین و پڕ مەترسیترین کوتی ئەو کاروانە ڕێیەی، بەغداو موسڵ و حەڵەب و ئەستەموڵی پێکەوە دەبەستەوە.

ڕێبوارانی ئەوسا باسی نا ئارامی و نیگەرانی و دڵەڕاوکەی بەردەوامیان دەگێڕنەوە، ترس و دڵەلەرزەی ئەوەی بەدووە جەردەکان، یاخود هۆزە ئێزیدییەکان، ڕووتیانکەنەوە(٩١).

لە نیوەی دووهەمی سەدەی نۆزدەهەمدا، والییە چوست و جەربەزەکانی موسڵ و دیاربەکر، کۆتاییان بە شالاوی تالانکەرانەی کوردە ئێزیدییەکانی لای شەنگار هێناو هێرشی بەدووەکانیشیان تا ڕادەیەك بەربەستکرد. پاشان هێدی هێدی جزیرەی ژووروو ئاوەدانکرایەوەو بەشێك لەو خێڵە کوردە ڕەوەندانەی لێنیشتەجێ بوون، کە ئەو نزماییە گەرمێنەیان کردبووە هەواری زستانەیان و هەمیشە ڕوویانتێدەکردو تا درەنگانێکی کۆتایی سەدەی پێشووش، هەر مڵکانەیان بە بەدووەکانی هۆزی شەممەر دەدا(٩٢). بە پیتی و پڕخێرو بێریی خاکەکەی، هەندێك لەو تاقە ماڵانەو بڕێك لە چڵی هۆزەکانی، لە نێوچەکانی دییەوە بەکێشکرد. داخستنی سنووری نێوان تورکیا و دەوڵەتی تازەدامەزراوو خاوەن لەلەی سوریا (لە دەوروبەری ساڵی ١٩٢٤دا) پەلەو دەستوبردی بە پرۆسێسی نیشتەجێبوونەکە کرد. لەلایەك کۆچەرییەکان ڕێگەی کۆچ و ڕەوی ساڵانەیان لێبەستراو نەیاندەتوانی چیدی بە کامی دڵ گەرمێن و کوێستانیان بکەن، بۆیە هەندەکیان لە داوێنی خوارووی سنوورەکەدا نیشتەجێبوون. لەلایەکی دیکەشەوە جەزرەبەدانی کورد لە تورکیادا، گەلەکی ناچارکرد زێدی خۆیان بە هێجگاری جێهێڵن و بۆ سوریا هەڵبێن. ئەوەبوو "لە ماوەی کەمتر لە پێنج ساڵێکدا، باژێڕێك و ٢٨ گوندو ٤٨ کوێرەدێ و ٢٩ تاقەماڵ (کە پاشان بوونە گوند)، تەنها لە پارێزگای قامیشلیدا هەڵتۆقین"(٩٣).

خانەوادەی مەزنانی خێڵی دووڕیکان، کە ئەو دەمە خێڵێکی کۆچەری سەر بە هۆزە یەککەوتەکانی هەڤێرکان بوو، یەکێك بوو لە یەکەمین نیشتەجێکانی ئەوێ. زۆربەی خەڵکە ڕەمەکییەکەی سەر بەهۆزەکە، ژووروتر، لە نێزیکی هەوارو لەوەڕگەی هاوینەیان نیشتەجێبوون، وەلێ لەوێشەوە هێشتا هەر ساڵانە وەك نەریت، مەڕی خۆیان بە جێژنانە بۆ مەزنانی هۆز دەنارد. بڕێکیان بە تاقەماڵە لە جزیرە نیشتەجێبوون. یەکەم دووڕیکانیی نیشتەجێ، عەباس بوو (بڕوانە خشتەی ژمارە ٣)، ڕەنگە ئەوە دەوروبەری ساڵی ١٨٥٠ بوو بێت. لە سەردەمی ئەودا بۆ یەکەمینجار تاپۆی زەویوزار دەستپێکرا. مڵکێکی هێجگار زۆری لەسەر سێ کوڕە گەورەکەی تاپۆ کرد، (شاوەیی کە لە گشتیان منداڵترە، ئەو دەمە هێشتا لە دایك نەبووبوو). پشکێکی زۆری ئەو مەڵبەندە هەر لە کۆنەوە پاوان و لەوەڕگەی هۆزەکەی بوو.

دیارە عەباس کە نیشتەجێبوو، تەنها نەبوو، سەرەکهۆزی کورد قەت تەنها نابێت. بڕێك خزمی دووری و دەستوپێوەندی، شوانی مێگەلە گەورەو مەزنەکانی، وەرزێرە وابەستە ڕەچەڵەك جوداکانی، گشت لەگشتیان ڕەگەڵی کەوتن. پشکی هەرە زۆری ئەو وەرزێرانە، فەلەی یاقووبی (یاخود سریانی) نێوچەی کێوەکانی تۆرعابدین بوون.

ڕوون نییە داخۆ ئەو یاقووبییانە، بەرلەوەی عەباس نیشتەجێبێت، لەوێ ژیاون یان نا. دوور نییە بڕێکیان پێشتر لەوێ نەژیابن، بەڵام وەها دیارە زۆربەیان ئەو کاتە نێوچە جمکوتەکەی کێوەکانی تۆر عابدینیان جێهێشتبێت، کە عەباس بە هەمیشەیی نیشتەنی بوو و گفتی بەرگری و پاراستنی لەشالاوی هۆزەکانی دی پێدان، بە تایبەت لە دەستدرێژیی هۆزی شەممەر. جگەلەوە پێدەچێت هەندەك جووتێری ناخێڵەکی کوردو

بڕێکی سەر بە هۆزەکانی دی، بەهەر هۆیەکەوە بووبێت  پێبەندی عەباس بووبن و لەتەکیدا نیشتەنی بووبن. وا دیارە تا ئەو دەمەش هێشتا هیچ دووڕیکانی‌یەك خۆی بە کشتوکاڵەوە خەریك نەکردبوو، چونکە زۆربەی ڕەوەندەکان، کارو فەرمانی وەرزێرییان بە سووکایەتی و نا شایستەی شکۆی خۆیان دەزانی(٩٤). ئەو  جووتێرە دووڕیکانی‌یانەی من  دیتمن، یا تازەکی هاتبوونە ئەو نێوچەیە، یاخود لەو دوایانەدا ملیان دەبەر وەرزێری نابوو.

کە عەباس مرد، محەمەدی کوڕەگەورەی  جێیگرتەوەو بووە سەرۆکی هۆزەکە. ئەو دەمانە خانەوادەکە هەندەك داب و نەریتی هۆزە عارەبەکانی وەرگرتبوو. محەمەد لە نێو سەرەکهۆزە عارەبەکاندا، کە ئەو سەروەختە ململانێیان بوو لەسەر دەستەڵات و شکۆو شۆرەت، نێوو نێوبانگێکی درەوشاوەی چاکی بۆ خۆی پەیدا  کردبوو، ئەویش لە ڕێگەی ئەو ئاهەنگ و داوەتە مەزن و گەورەو گرانانەیەوە، کە ئەو نێوچەیە هێشتا بە خۆیەوە نەدیتبوو. گشت پیاوە نێودارەکانی جزیرەی بانگڕادەهێشت، لە  تاقە ڕۆژێکدا صەدان مەڕی سەردەبڕی. نێوو شکۆ لای کوردو عارەبان، یا لە ڕێگەی مێرخاسی و عەگیدییەوە، یاخود لە ڕێگەی دەستودڵ والاییەوە پەیدادەکرێت، محەمەدسوارچاکی ئەو مەیدانە بوو. هەتا ئەوڕۆش هێندەبەسە کە وەچەکانی تەنها نێوی بهێنن، ئیدی هەرچی سەرەکهۆزی عارەبانە ئەوپەڕی ڕێزیان لێدەنێن و لە خزمەتیان هەرگیز درێغی ناکەن.

محەمەد بڕێك سەودایی و ئارەزووی دیکەشی هەبوو. تێکڕا ٤٠ ژنی هێنابوو، بەلام دیارە وەك موسڵمانێکی ڕاستەقینە ڕەفتاری دەکردو لە دابی ئیسلام لاینەدەدا. قەت پێکڕا لە ٤ ژن زێتری نەدەبوو. پێش ئەوەی  یەکێکی نوێ مارەبکات، کۆنەیەکی تەلاق دەدا. محەمەد هەر زوو مرد، بەرلەوەی کوڕەکانی پێبگەن و بتوانن جێگەی بگرنەوە. ئەوجا سلێمانی برای بووە ئاغا. ئەمیان هێورتر بوو، تەنها ١٤ ژنی هێنابوو، (بە پێچەوانەی براکەیەوە، ١٠ سەری لە ژنە تەلاقدراوەکانی لەماڵەکەیدا گلدابووەوە). لقەکانی دیکەی خانەوادەکەش، لە زاووزێدا تا ڕادەیەك چوست و  چالاك بوون، پەیتاپەیتا پەرەیاندەسەند. هەڵبەت جگە لە سەرگەڤار کەسی دی دەستکەوت و داهاتێکی سەربەخۆی ئەوتۆیی نەبوو. جووتێرەکان ئازادبوون کامە پارچە زەوی هەڵدەبژێرن و ڕەنێوی دەهێنن، (زەوی زۆرو زەوندیان لەبەردەستدابوو)، تاقە مەرج ئەوەبوو دەیەکی داهاتیان  بە ئاغاو مەزنی خانەوادە دەستەلاتدارەکە بدەن. سەرگەڤاریش دەستکەوتەکەی بەسەر ئەندامانی خێزانەکەدا دەبەخشیەوەو هەریەکە مووچەیەکی بۆ بڕڕابووەوە، بەو پێیە گشت خزمانی، لە ڕووی مادییەوە، چاو لە دەست و لارەمل و وابەستەیەکی تەواوی بوون(٩٥). هەڵبەت هەموویان لەو حاڵ و بارە ڕازی نەبوون، بڕێك ئەندامی خێزانەکە منەومشەی دەروویەکیان دەکرد تا دەستکەوتێکی لێهەڵگۆزن، دیارە بێ ئەوەی پێویست بەوە بکات نووکە گاسنێك لە زەوی بدەن.

لەگەڵ زۆربوونی ژمارەی وەرزێرەکاندا، تا دەهات کەوشەنی دەستەلاتی خانەوادەکەش لەو ئاقارەو گوندەکانیدا، بەربلاوتر دەبوو. گوندی دوگیر کە عەباس یەکەمجار لێینیشتەجێبوو، ماڵی سەرگەڤاری لێبوو، بووبووە پێتەخت. ئەندامەکانی دیکەی خانەوادەکە، وەك دەستەو تاقمی گچکە گچکە، بەسەر جێگەکانی دیدا بڵاوبووبوونەوەو سەرپەرشتی و چاوەدێری جووتێرەکانیان دەکرد. نە دەیانخواست ئەودەم دەگەڵ سلێمان خۆیداو نە  پاشانیش دەگەڵ کوڕە بەرۆگرەکانیدا تێکیبدەن و شەڕو دوژمنایەتی سازکەن، بۆیە ملکانەیان بۆ خۆیان گلنەدەدایەوە. لادێییەکان دەیەکی داهاتیان بە ڕدێنسپی، یاخود موختاری دێ دەدا، کە یا لەلایەن ئاغاوە دادەنرا، یاخود لادێییەکان خۆیان هەڵیاندەبژارد، ئەویش خشت دەیکردە مستی ئاغاوە. پێدەچێت ژمارەیەك لە گوندەکان پەتیان پساندبێت و تەواو لەژێر ڕکێفدا نەمابن. ئەوەبوو ڕدێنسپییانی دەیەکیان دەسەند،

بەڵام هیچیان بۆ ئاغا نەدەنارد بەڵکە سەرپاکیان بۆ مزەختی دیوەخان گلدەدایەوە. ئەو گوندانە تەنها کاتی کێشەو هەڵلا دەگەڵ هۆزێکی دیدا، (یا پاشان دەگەڵ فەرەنسییەکاندا)، کۆمەکیان بە خانەوادەی دووریکان دەکردو پووڵیان پێدەدا.
ئەو ئەندامانەی خانەوادەکە کە لە گوندەکانی دی دەژیان، نەك لە دوگیر، وەك پێشتر گوتمان، دەیەکیان دەسەند، بەڵام بۆ خۆیان هەڵنەدەگرت. کاتێك شەلال بووە سەرگەڤار، هەندێکیان هەوڵیاندا بە جۆرێکی دی خۆیان لە وابەستەیی ئەو قوتار بکەن. ئەویش بە ڕێککەوتن دەگەڵ ئەو جووتێرە ڕەش و ڕووتانەدا کە گاو گاسنیان نەبوو. لەسەر ئەوەی کە ئەمان قاترو گاسن و بنەتۆویان بدەنێ، بەرامبەر بە نیوەی داهاتیان. مەخابن لە گێڕانەوەکانەوە، بۆم ڕوون نەبووەوە، داخۆ ئەو جووتێرانە سەرباقی ئەوەش، هێشتا دەیەکیان بەسەرەکهۆز دەدا یان نا. ئەگەر ئاوەهاش بوو بێت، مانای وایە ئەو وەرزێرانە زێتر وابەستەی ئاغاکانیان بوون کە ئامرازەکانی بەرهەمهینانیان خستوونە بەردەستەوە، وەك لەسەرەکهۆزەکەیان، کە دیارە هیچ خۆشی لەو مامەڵە نوێیە نەهاتووە.
پاشان کێشەو گرفتی زۆر سازا، دیارە نە لەسەر مڵکایەتی بوو، چونکە زەوی نرخ و بایەخێکی ئەوتۆی نەبوو، هەتا دڵ ئارەزووکات زۆربوو، نەلەسەر سەرکردایەتی بوو، چونکە ئەو دەمە هێشتا کەس لەسەر پلەوپایە، ململانێی دەگەڵ سەرگەڤاردا نەدەکرد. تەنها هەڵپەی ئەندامانی خانەوادەکە بۆ ئەوەبوو، خۆ لە وابەستەیی سەرگەڤار قوتارکەن. ئیدی هێدی هێدی گیانی ئالیکاریی نێوان ئاغاکان پووکایەوە. هۆو هۆکاری ڕاستەقینەی، شێوازە نوێکەی بەرهەمهێنان بوو. کێشمەکێش و ململانێی نێو هەناوی خانەوادەکە، تا ڕادەیەك بەربەرەکانێ بوو لەسەر ئەرکێکی تا ئەودەم هێشتا کەم، ئەویش کاربوو. چینێکی نوێی وەرزێران هاتبووە کایەوە (یاخود بۆ یەکەمینجار هەستی پێکرا)(٩٦). زۆربە هەڵپەی ئەوەیان بوو خۆ بکەنە ئاغایان.
سەیر ئەوەیە کە "یاخیبووانی" خانەوادەکە، هەوڵی قڵپکردنەوەو گۆڕینی حاڵ و بارە سیاسی و ئابوورییە سەقامگیربووەکەیان نەدەدا، (نە دەیانخواست دەیەك بۆ خۆیان هەڵگرن و نە هەوڵی لەقکردنی پایەی سلێمانیش وەك سەرگەڤار، دەدرا)، بەڵکە پێکهاتنێکی تەواو نوێیان داهێنا. بەوە لە بریتی وی هەر خۆ بەدەم شەپۆلی سیاسەتە دێرینەکەوە بدرێت، گۆڕانکارییەك لە بواری کۆمەڵایەتی سیاسیدا هێنرایە کایەوە.
پێشهاتێکی کۆتایی سالانی بیست، پێشانیدەدات کە تا ئەو دەمەش پلەی سیاسی سەرگەڤار دانپێدانراوو ڕێزلێگیراو بووەو زەویوزاری هۆزەکەش وەك هەمیشە لەژێر ڕکێفیدا بووە. پێشهاتەکە لە گوندەکەی عەڤدێدا بوو. سەرپاکی دانیشتووانی ئەو گوندە فەلە بوون، (فەلەی یاقووبی یاخود سریانی). بە پێچەوانەی زۆربەی نێوچەکانی دیکەی کوردستانەوە، لەکن دووریکانییەکان و باڵەکانی دیکەی هەڤێرکان، کەمتر زۆرو ستەمی ئابووری و سیاسی لە فەلەکان دەکرا. هەتا لە زۆر ڕووەوە وەك ئەندامێکی هۆزەکەش تێیاندەڕوانین. لەگەڵ ئەوەشدا پەیوەندی نێوان فەلەو موسڵمانەکان هەمیشە بێ کەندو لەند نەبوو. تایبەت پاش ئەوەی فەرەنسییەکان فەرمانڕەواییەکیان لە سوریادا دامەزراند، زۆر کێشەو گرفت سازا. فەلەکان ئەودەمە خۆیان بە پارێزراو دەزانی و ئامادەنەبوون چیدی تاڵاوی دادۆشین و سووکایەتی بە بێدەنگی هەڵلووشن.
هەندەك گوندی قەڵەمڕەوی دووریکان، یەکپارچە فەلە بوون. فەرەنسییەکان بێ ئەوەی هیچ خەرامانێك بدەن، دەستیان بەسەر گوندێکی دووریکاندا گرت و دایانە دەست دانیشتووەکانی. شەلالی ئاغای هۆز، بۆ ئەوەی ڕێگە لە دەستبەسەراگرتنی دیکە ببەستێتەوە، فەرمانی بە عەڤدێ کرد، کە لە گوندێکی فەلەی دیکە دەژیا، دەمودەست گوندەکەی بە دانیشتووانی بفرۆشێت. عەڤدێ دەستبەجێ فەرمانەکەی بەجێهێناو گوندەکەی

فرۆشت و گشت لە گشتی پووڵەکەی بۆ شەلال ناردو خۆشی گوندەکەی جێهێشت. وا پێدەچێت ئەو دەمە زەویوزار کاڵایەك بوو بێت ئاڵ و وێڵی پێوەکرابێت، بەڵام هێشتا نەبووبێتە موڵکی تایبەت(٩٧). دیارە چیدی مڵکی تێکڕای هۆزەکە نەمابوو، بەڵکە بووبووە مڵکی خانەوادە دەستەڵاتدارەکەو ئاغای هۆز سەرەوکاریی دەکرد.

سیماو خەسڵەتەکانی سەرکردایەتی هۆز، لەو پەنجا ساڵەی ڕابووردوودا، گۆڕانێکی بەرچاوی بەسەرداهات. تا دووڕیکانییەکان ڕەوەندبوون، ئاغا یەکە پیاو بوو لە ڕیزی هاوشانەکانی خۆیدا، شکۆو سەروەریی لەسەر سێ بنکە هەڵچووبوو: لێهاتوویی و کارامەیی لە بواری شەڕو لەشکر ڕێکخستندا، دادوەری، ژیری و دانایی، لایەنی کەم ئەوڕۆکە ئاوها تێیدەڕواندرێت. ئەگەرچی ئاغا ساڵانە لە گشت گەورەپیاوانی هۆزەوە مەڕی بە دیاری بۆ دەهات، بەڵام دەرامەتی زۆر لەوان باشتر نەبوو. هەمووجار ئاغا یەکە دەوڵەمەندی هۆزەکەی نەبووە، چونکە ئاغای چاك دەبایە مەڕی چاکیشی سەربڕیبا. لە جزیرە ئەو کاتەی زەویوزارو کێڵگەکان برەویان پەیداکرد، ئاژەڵداریی و وڵسات لە کەمییاندا، سەروەت و سامان بووە پاڵپشتێکی گرنگی پلەو پایەی ئاغا. بە داسەپاندنی فەرمانڕەوایی و دادگاکان لەلایەن فەرەنسییەکانەوە، کە دەستەڵاتی سیاسی ئاغای هەڵپاچی، بەڵام جێگەی نەگرتەوە، ئەو گۆڕانکارییە زووترو خێراتر هاتە دی.

لێرەدا گرنگە بزانین داخۆ بەپێی کامە پێوەر بەرۆگر دیاریدەکرا. گەر تەمەن و زنجیرەی لە دایکبوون پێوانە بایە، (وەك یاسا کۆچەرێتییەکە دەخوازێت، بەڵام بە کردەوە هەمووکات نایەتەدی)، ئەوا دەبا عەباسی دووهەم جێگەی سلێمانی گرتباوە، چونکە بە تەمەنترینیان بوو. کە پرسیم بۆچ شەلال بووە برۆگر، بە هیچ جۆر باسی پرینسیپی تەمەن و زنجیرەی لەدایکبوونیان نەکردو خۆیان لەقەرە نەدا. هۆکاری دیکەیان بۆ ڕستکردم، بۆیان ڕووندەکردمەوە لەبەرچی عەباسیش شایان و شایستەی ئەوەبوو میراتگیر بێت: گوایە وەك شێخمووسی برای کەڵەمێرێکی نێودارو ناسراو بوو، لە شەلال قارەمانترو جوامێرتر بوو، بەڵام شەلال برێك خەسڵەتی دیکەی هەبوو، بۆ نموونە دەستودڵ والآترو ژیرو داناتر بوو. ئەمە بەڵگەو بیانووی ئەو برایەیان بوو کە پاش شەلال بووە ئاغا، لە تەك ئەوانەشدا پێیوابوو کە گوایە شەلال دەیزانی چۆن ژیرانە دەگەڵ کاربەدەستانی دەوڵەتدا هەڵسوکەوت بکات. ئەمەش بووبووە یەکێك لەو خەسڵەتە هەرە گرنگانەی کە سەرەکهۆزی کارامەو لێهاتوو دەبا هەیبا.

هەڵبەت تەنها دەستودڵ والآیی نیشانەی ئەوە نییە کە گوایە ئەو کەسە خەسڵەتی سەرکردەیەکی کارامەو بەتوانای تێدایە، ئەوەش لە بەسەرهاتی جوامێری و عەگیدیی غالبەوە دەدرەوشێتەوە: "کچەکەیی دایە برازەکەی، بێ ئەوەی شیربایی لێبستێنێت". دیارە ئەمە باشترین ئامرازو شێوازە بۆ دڵنەوایی و هێورکردنەوەی ئەو دەستەو تاقمانەی مەترسی ڕەقەبەرایەتی و ململانێیان لێدەکرێت(٩٨).

گۆڕانکارییەکانی دی لە زاری محەمەدی دووهەم خۆیەوە دەبیستین، کە من ماوەیەك مێوانی بووم. محەمەد لە ماڵی شێخمووسی مامیدا گەورەبووبوو، چونکە بابی ساڵی ١٩٢٢، کاتێك فەرەنسییەکان ڕوو لەو کاڤارە دەکەن، لە جەنگی دژی فەرەنسییەکاندا دەکوژرێت. بەڵام هەرزوو دەگەڵ شێخمووسی مامیدا نێوانیان تێکدەچێت، ئەویش لەسەر ئەوەی مامی برێك وەرزێر، بەپێی پێکهاتنەکەی پێشان باسمانکرد، ڕادەگرێت، محەمەدیش دەخوازێت پشکی لەو داهاتەدا هەبێت. پاشان مامی جێدەهێڵێت و دەچێتە دوگری پێتەختی هۆزەکە، کە شەلالی سەرەکهۆزی لێدادەنیشێت. کاتێك محەمەد بە پێش چاوی شەلالەوە قاترێك و گاسنێك بە جووتێ ڕێکی ڕووتە دەدات، ئیدی دەردیسەریی بۆ دەسازێت. ناچار دوگر جێدەهێڵێت و ڕوو لە جێیەك دەکات و

لێینیشتەجێدەبێت، کە ساتە ڕێیەك لەوێوە دوورە. لەوێش خزمانی لێیهەڵدەپێچن و خەریکن قاویدەن. ئا لەو کاتە سەخت و ئەستەمەدا، تەنها دەستگیرۆیی یەکەم خەزووری، (کە خاڵی بوو)، لە هەژاری و برسێتی دەیخەلەسێنێت. هەتا پیاوەکانی ئەو خاڵەی، خانوویەکیشی بۆ دروستدەکەن. زۆر ناخایەنێت شێخمووسی مامیشی لە نێزیکیەوە خانوویەك دروستدەکات، (هێجگار نێزیکی، تا ژیانێکی ئاسوودە بەسەربەرێت!). بەو جۆرە محەمەد لەلایەن مامەکانییەوە، کە بەچاوی دوژمن تێیاندەڕوانی، گەمارۆ دەدرێت. ماوەیەکی کورت هێوری و ئارامی باڵدەکێشێت، ئەویش پاش ئەوەی عالیەی کچی سلێمان مارە دەکات، کە دەیکردە خوشکی شەلال. کەمێك دواتر، کێشەکان هەمدیسان سەرهەڵدەدەنەوە. محەمەد خۆرتێکی تووڕەی کەللەشەقی کینەوەری جیڕبوو، نرخی بۆ هیچ کەسایەتییەك دانەدەنا، هەرگیز کۆڵدانی نەدەزانی و ملی نەوی نەدەکرد. هەر بەو جۆرەش سەرخۆبوونی بەدەستهێنا. پاشان هێدی هێدی دەورو بەری ماڵەکەی تەنراو بووە گوندێکی تەواو. تەنها جووتێرە هەژارە ڕووتەڵەکان، کە ئەو ئامێرو وولاخی بۆ دابین دەکردن، ڕوویانتێنەکرد، بەڵکە کۆمەڵێك وەرزێری ئاساییش بارگەو بنەیان لەوێ خست. ئەویش دەیەکی بۆ خۆی لێدەسەندن و چکێکی بە ئاغای دوگر نەدەدا. لە گوندەکانی دیکەش گۆڕڕنکارییەکی لەو بابەتە هاتبووەدی، یاخود لەسەرهەڵداندا بوو. حاڵەکە بە ڕادەیەك گەیشت کە پاشان غالب تەنها داهاتی دوگرو دوو گوندی دیکەی پێدەبڕا. لە ساڵەکانی نێوان ١٩٥٢ و ١٩٥٤دا، سەرلەنوێ تاپۆ دەستپێکرایەوە، ئەوەی تازە سەربەخۆ بووبوو، بەپێی یاسا دان بە مافیدا نراو چەسپا. گشت زەویوزاری دەوروبەری گوندەکەی محەمەد، لەسەر منداڵەکانی تاپۆکران. وەك ئاکامێکی دیاردەی میکانیزەکردن، (سەرەتای ساڵانی پەنجا، تراکتۆرو پاشانیش لە کۆتایی ساڵانی پەنجادا، کەمباین)، پەیوەندیی دەگەڵ وەرزێرە کرێگرتەکانیدا، گۆڕرا.

لە ڕاستیدا بۆ ڕەنێوهێنانی کێڵگەکانی، چیدی پێویستی بە وەرزێرەکان نەمابوو، چونکە دەیتوانی مەکینەیەك بە مەکینەچی شارەزاوە بەکرێ بگرێت و گشت ئەرکە پێویستەکانی پێراپەڕێنێت. لێ وەرزێرەکانی پیاوی خۆیبوون و نەیدەتوانی هەروا سانا پاڵیان پێوەنێت و دەستبەرداریان بێت. بۆیە ئیدی نیوەی زەوییەکانی گرتە دەستی خۆیی و مەکینەی پێویستی بۆ بەکرێدەگرتن و خۆی ڕەنێوی دەهێنان، نیوەکەی دیکەش تا ڕادەیەك بە یەکسانی بەسەر وەرزێرەکاندا دابەشکردو ئەوانیش بۆ بەرهەمهێنانی بەشەکەی خۆیان، هەمان ئەو مەکینانەیان بەکرێدەگرت. محەمەد دەیەکی داهاتی لێدەسەندن. بەڵام ئەودەم بیری لەوە دەکردەوە چۆن بە پێی داب و نەریت خۆی لە دەست وەرزێرەکان قوتارکات. گەر سەرپاکی مڵکەکانی بەسەر منداڵە زۆرەکانیدا دابەشکرێت، هەریەکە هێندەو کەمتریشی لەوە پێدەبڕێت کە یاسای چارەسەکردنی کێشەی زەوی دەستنیشانیکردووە. بۆیە چاوەڕوانی ئەوەی لە وەرزێرەکانی دەکرد، کە بە پێی یاسای چارەسەرکردنی کێشەی زەوی، لە شوێنی دی داوای زەوی بکەن.

ئەو گۆڕرانکارییە لە بوارێکی دیکەشدا هەستپێدەکرا. دیوەخان، (کەخانوویەکی گەورەی سەربەخۆو جودا بوو لە ماڵەکەی محەمەد خۆی)، داخرابوو. ئیدی لادێییەکانیش زۆر بە دەگمەن ڕوویان لە ماڵی دەکرد. تەنها ڕدێنسپییان (کە یەکەمین دانیشتووی گوندەکە)و یەکە گوێڕایەڵی بوون و لە گشت کێشەو پێشهاتێکدا پشتیان دەگرت، زوو زوو دەچوونە سەردانی.

خێراترو زووتر لە بەریەکڕەوینەوەی ئەو نێوەندییەی لای دووڕیکانیان دیتمان، تا ئەندازەیەك لەکن گشت هۆزەکانی ئەو مەڵبەندە هەستپێدەکرا، کە سەرلەبەریان ماوەیەك سەرکردایەتییەکی نێوەندیی تۆکمەیان هەبوو. فەرمانداری و دەستەڵاتی دەوڵەت، پەرەئەستاندنی خێرای ژمارەی ئەندامانی خانەوادە دەستەڵاتەدارەکە،

دەستوبردیان بەو گەشەیە کردو هەڵتەکاندنەکەیان پێشترخست. ئاشکرایە هیچ لێکدی ترازانێکیش ناگێڕدرێتەوە دۆخی جارانی.
ساڵی ١٩٢٦ کەسایەتییەکی مەزن و ناسراو، کە لە ڕێگەی تێکگیرکردنی شێوازە "نەریتی" و "نوێ"کانەوە، دەستەڵاتێکی فرەی گرتبووە دەست، پەڕیدەی سوریا بوو، ئەویش حاجۆی دواهەمین سەرەکهۆزی مەزنی هەڤێرەکان بوو. لێرەدا بە پێویستی دەزانین بەر کورتێکی مێژووی نوێی ئەو هۆزەو بەتایبەت کەسایەتی حاجۆ، وەك باقە نموونەیەك پێشچاوخەین.

## ٢-١٠-٢ کۆنفێدراسیۆنی هەڤێرکان و حاجۆ

هەڤێرکان کۆنفێدراسیۆنێکی فراوانە، (وەك دەڵێن) لەبیست و چوار هۆز پێکهاتووە. بڕێك لەو هۆزانە موسڵمان و ئەوانی دی ئێزیدیین. هەندێکیش فەلەیان تێکەڵە، کە دەگەڵ هۆزەکەدا هاوپەیمانی مێژینەن. هەڤێرکان کاتی خۆی سەر بە میرنشینی بۆتان بوو. تا میرنشینەکە مابوو، ئاسایش باڵیکێشابوو، نەشەڕو ئاژاوە لە نێوان هۆزەکاندا هەبوو، نەلە ڕیزەکانی تاقە هۆزێکدا. هەڤێرکانێکان پێکڕا تاقە سەرکردەیەکیان هەبوو، کە وابەستەو گوێڕایەڵی میری بۆتان بوو. کاتێك عوسمانییەکان ساڵی ١٨٤٧ میریان بەزاندو ئاوارەیانکرد، میرنشینەکە داڕماو شەڕەزرتانێی سەرکردەو سەرگەورە، گەلەك لە هۆزەکانی داڕزاند. یەکەمین مەزنانی هەڤێرکان خانەوادەی مالاّ شێخێ بوو، کە لە نێوەکەی زێتر نەماوەو نەناسراوە. هەرزوو مالاّ عەلی ڕەمۆ جێگەیان گرتەوە. عەلی ڕەمۆ مەزنی تیرەی عارەبیان بوو، کە بە کەڵەمێری، تیرە لە دووی تیرەی خستە ژێر ڕکێفی خۆیەوە. لێ وەچەکانی، هێدی هێدی شکۆو سەروەرییان لەدەستداو مەزنایەتیشییان بە خانەوادەی مالاّ عوسمان دۆڕاند، کە سەر بەتیرەی عەلیکان بوون. (بڕوانە خشتەی ژمارە ٤). عوسمان خۆی ماوەیەك بوو مردبوو، کە دەستەڵاتی خانەوادەکەی سنووری خێڵەکەی خۆی بەزاند، حەسەن، یەکەم کەس بوو کە دەستەڵاتی خۆیی بەسەر بڕێك تیرەو تایەفەی هاوڵیدا زاڵکرد. ماوەیەکی دوورو درێژ هەڤێرکان بێ سەرکردەیەکی هاوبەش بوو. دەستەڵات لە نێوان مالاّ عەلی ڕەمۆو مالاّ عوسماندا کوتکرابوو. مالاّ عوسمان، هەتا ئەو دەمەش کە گشت کۆنفوێدراسیۆنەکەیان خستبووە ژێر چنگۆڵەی خۆیانەوە، قەت تەواو لە دەست هەستی پەستی خۆ بەکەمزانین نەخەلەسین. مالاّ عەلی ڕەمۆ تا ئەوڕۆکەش هەر شکۆدارو ڕێزلێگیراون. شایانی گوتنە، کە ئەندامانی مالاّ عوسمان زێتر بەدەوروخولی مالاّ عەلی ڕەمۆدا دێن، نەك بە پێچەوانەوە(٩٩). لەشەڕوهەرای نێوان دوو باڵەکەی مالاّ عوسماندا، بڕێکجار مالاّ عەلی ڕەمۆ دەبنە بەرەڤان.
کوڕەکەی حەسەن، کە نێوی حاجۆ بوو، کەوشەنی دەستەڵاتی خۆی بەرینتر کرد، هەرچەندە هێشتا گشت هۆزەکانی هەڤێرکانی نەگرتبووەوە. یەکێك لە ستراتیژییەکانی، جەنگین بوو بەرامبەر هۆزی دەکشووریی هاوسێی، کە هۆزێکی بێگانەی نەتەوەی و یەکێك لەو هۆزە کەمانە بوو کە کاتی خۆی نەیدایەپاڵ میرنیشینی بۆتان و لایەنگیریی نەکرد. ئەمە بووە هۆی ئەوەی ژمارەیەکی زۆر لە هەڤێرکانیان بدەنەپاڵ حاجۆو لەسایەو پەنایدا یەککەون، وەلێ گێچەڵیشی دەگەڵ دەوڵەتی عوسمانیدا بۆ سازاند، چونکە دەکشووری دابەستەو وابەستەی دەوڵەت بوو. ئیدی لەودەمەوە هەڤێرکان نێوی بە هۆزێکی یاخی زڕاو هەوڵی تاوانبارکردن و تەمێکردنی دەدرا.
ساڵی ١٨٩٦ حاجۆی دووهەم بە فیتی جەمۆی سەرەکهۆزی دەکشووری بە کوشتچوو. جڵەوی سەرکردایەتی کەوتە دەست عەلیکێ بەتتێ و چەلەبییەوە. ئەمەی دواییان سەر بە یەکێك لە لقە خەڵفەکانی خانەوادەکە بوو.

پاش شەڕو پێکداهەڵقڕژانێکی بەردەوام لە نێوخۆدا، توانییان گشت تیرەو خێڵە جوداکانی هۆز بخەنە ژێر ڕکێفی خانەوادەکەوە. عەلیك کارامەو لێهاتووانە، وەك قارەمانێکی هەڵکەوتووی هۆزەکەی، زێتر لە بیست ساڵی ڕەبەق وەك پێشمەرگە دژی دەوڵەتی عوسمانی جەنگا. تۆڵەی ئامۆزاکەیی سەندەوەو بەدەستی خۆی جەمۆی کوشتەوە. لە گێژاوەکەی پاش یەکەم جەنگی جیهانی و بەزینی ئیمپراتۆریێتی عوسمانیدا، دەستی بەسەر باژێڕی مدیاتدا گرت و هەوڵیدا ڕژێمێکی سەربەخۆی تێدا دابمەزرێنێت. ئەو دەمە تەنها زۆربەی هەڤێرکانی لەژێر چنگدا نەبوو، بەڵکە زۆر هۆزو تیرەی هاوسێش. فەلەکان، کە بەردەوام لەلایەن تورکان و هۆزە کوردەکانەوە دادەپلۆسێندران، عەلیکیان بە پاڵپشت و پارێزەری خۆیان دەزانی. زۆر جەنگاوەری فەلە ڕێگەی سەرکەوتن و دەرکەوتنیان بۆ هەموارکرد(١٠٠). ساڵی ١٩١٩ عەلیك بە دەستێکی پێوار، بە تاوانێکی لێڵ و نادیار، کوژرا. لەشکری هۆزەکەی لەناکاو کەرت و پەرت بوو. پاشتر چەلەبی و سەرحانی دووهەم زێتر لە صەد پیاوێکیان کۆکردەوە، (صەد پیاوی گوێڕایەڵ لە حاڵەتی ئاوهادا، کەم نییە)، پشکێکی هەڤێرکانیان خستەوە ژێر ڕکێفی خۆیان. برێك لە تیرەو خێڵی هۆزەکە بە ڕێبەرایەتی سەرۆکەکانیان، بانگی سەربەخۆیی خۆیان هەڵدا، هەندێکی دی، حاجۆی سێهەم، قارەمانی ئەم بەسەرهاتەیان کردە سەرۆکی خۆیان.

حاجۆ پاش مردنی بابی لەدایکبوو بوو، هێشتا هەر زۆر گەنج بوو، تواناو بەهرەو لێهاتوویی سەرەکهۆزێکی کارامەی تێدا بەدیدەکرا. زۆر جەربەزەو جەسوور بوو، دەیزانی چدەوێت و چۆن بە مەرام دەگات. بۆ گەیشتن بە ئارمانجی، لە هیچ شتێك نەدەپرینگایەوە. شارەزایەکی چاکی هەڵمەت و هێرشبردن بوو. لە بواری لەشکرکێشیدا، تاکتیکزانێکی کارامە بوو. بە چەند پیاوێکی کەمەوە، لایەنگرانی چەلەبیی تەفروتوونا کرد، بەڵام خۆی لە ڕووبەڕووبوونەوەو ململانێی ڕاستەوخۆ دەگەڵ چەلەبیدا، دەدزییەوە. سەرەتا کرۆکی لایەنگرانی چەلەبی نەکردە جێنیشانەی شاڵاوی خۆی، بەڵکە دەستی لەوانە وەشاند، کە نیوەو ناچڵ و نابەدڵ دووی چەلەبی کەوتبوون و نەیزانی دوورخستنەوەیان ئاسانترە. بۆ نموونە بە هێزێکی تەواو کۆکەوە، پەلاماری یەکێك لەو گوندانەیدا کە پشتی چەلەبییان دەگرت، بەڵام لە بنکەو بارەگا گرنگەکانی دەستەڵاتییەوە، هێجگار دوور بوو. حاجۆ تەنها کاتێك هێرشی دەبرد، کە تەواو دڵنیابا هێزی پیاوەکانی خۆی لە هێزی بەرگریکەرانی گوندەکە خەملیوترو زاڵترە. پێیوابوو پیاوی پیاوی ژێر سەرەڕۆیی بێجێ ناکات و خۆی ناخاتە تالووکەوە، ئەوەی بیەوێت بەرەو ترۆپك بڕوات، نابێت لەتر بدات و تلۆر بێتەوە. گەلەکجار بەخۆی و دەستەیەك لایەنگری پڕچەکییەوە، دەیدا بەسەر گوندێکداو گشت ماڵات و ولْساتی پێشدەدا. (کە ئەوانەم بیست نەمدەتوانی باوەڕبکەم، پێمڕاست نەبوو سەرەکهۆزێك ئا بەو شێوەو شێوازە بتوانێت هێزی خۆی بەسەر هۆزی خۆیدا زاڵکات) .

جەمیلی کوڕی حاجۆ، زۆری لەو کردەوەو هەڵسوکەتانەی بابی بۆ گێڕامەوە، لێمپرسی: "مەبەستت ئەوەیە هەروا سووك و ئاسان مێگەلەکانیان دەدزی؟" جەمیل دەیزانی کابرایەکی ئەورووپایی ئەو چەشنە کارانە جۆرێکی دی لێکدەداتەوە، بۆیە دەیگوت: ڕاستە، حاجۆ دەستی بەسەر ئەو مێگەلانەدا دەگرت، بەڵام ئەوە بە هیچ جۆر ناکاتە دزی، بەڵکە ئەوە تالانییەو تالانی چشتێکی دییە. دز شەوەکی دەخزێتە ماڵێکەوەو بە پەنهانی دەستدەداتە شتێك، بەڵام پیاوی پیاوانە ئاشکرا بەو کارە هەڵدەستێت و تەشقەڵە بە کەسێك دەکات و پێشانیدەدات تاقە مەردی مەیدان خۆیەتی.

حاجۆ جەردەیەکی جەربەزەو بەهەڵمەت بوو، چەلەبیش هەموو گوندەکانی پێنەدەپارێزدرا، بۆیە زۆریان لە ترس و بێچاریدا، دایانە پاڵ حاجۆ. لە زۆر گوندی دی، بەشێکی خەڵکەکە سەر بە حاجۆ بوون و بەشەکەی دی سەر بە چەلەبی. لەو جۆرە گوندانەدا زۆر شەو دەبووە تەقەو شەڕەتفەنگ لە نێوان هەردوکلادا. ئەوانە زێتر ئەو

گوندانە بوون، کە هەر لەوەبەر بە هۆی لایەنگریی جوداوازیانەوە، دووکوت بووبوون. کێشەو هەرای دێرینەیان، لە ڕێگەی شەڕە دەستەڵاتی حاجۆ چەلچەبییەوە زیندوو و دەمەزەرد دەکردەوەو دوژمنایەتییەکە ووزەیەکی نوێتری تێدەزایەوە(١٠١). ئیدی هێدی هێدی ژمارەی ئەوانەی حاجۆیان بە مەزن و سەرکردەی هەڤێرکان دەزانی، لە زۆربووندابوون. ساڵی ١٩٢٥ زۆربە پشتگیریی ئەوی دەکرد. بە پێچەوانەی ئەو دابە دێرینەی لای هۆزەکان باوەو پەیڕەویی لێدەکرێت، حاجۆ بۆ پتەوکردن و داسەپاندنی شکۆو مەزنایەتی و کەسایەتی، سەرەتا لە بنەماڵەکەی خۆیەوە تێهەڵنەچوو، ئەوجا پەلبهاوێت بۆ پلەو ئەڵقە باڵاترەکان، بەڵکە سەرومڕ لە نێو گشت خێڵ و تیرەکاندا بە تێکڕایی، چوست و چالاك بوو. بەردەوام لە گشت لاوە کوتی گچکە هەبوون دەیاندایە پاڵی و بڕێکی دیکەش چاویان لێدەکردن و بەدوویان دەکەوتن. هەوڵیدەدا ئەو دەستەو تاقمە گچکە دوورەدەستانەش کە دوژمنایەتییان لە نێواندا بوو، لایەکیان بەلای خۆیدا ڕاکێشێت. زۆر زووتر لەوەی بتوانێت دەستەڵاتی خۆی بەسەر تەواوی کۆنفێدراسیۆنەکەدا بسەپێنێت ﴿کە قەت بۆی نەلوا﴾، کەوتە گێژاوو داوی سیاسەتێکی ئەستەمترەوە. لە هەوڵ و تەقەلای ئەوەدا بوو بەرەیەکی یەکگرتووی نەتەوەیی کورد دابمەزرێنێت، دیارە بە ڕێبەرایەتی و سەرکردایەتی خۆی.

ساڵی ١٩٢٥ کڵپەی شۆڕشێکی نەتەوەیی کورد بە پێشەوایەتی شێخ سەعید، هەڵایسا. بە پلەی یەکەم هۆزەکانی ژووروی خۆرهەڵاتی دیاربەکرهەڵگیرسێنەری بوون. حوکومەتی تورك هەوڵیدا دەهۆو تەڵەکەبازییە دێرینەکەی بخاتەوە گەڕو هۆزەکانی دی بەگژ شۆڕشگێڕەکاندا بکات. لەو هۆزانەی فەرمانیان پێکرا بەرەو دیاربەکر بەڕێکەون و بەشداری لە هەوڵی تێکشکاندنی یاخیبووەکاندا بکەن، هەڤێرکانەکان بوون. ساڵی ١٩٢١، ساڵ و نیوێك پاش کوشتنی عەلیك، هۆزێکی سەرکوتکراو بوو، وا ئێستا دەبێتە هۆزێکی گوێڕایەڵ. بۆ ئەوەی تووشی بەربەرەکانێی بێجێی حوکومەت نەیەن، حاجۆ ناچارانە فەرمانی بەجێهێناو دەگەڵ پیاوەکانیدا بەرەو دیارەبکر جما. وەڵێ هەوڵیاندا دوورەپەرێز بوەستن و دەگەڵ شۆڕشگێڕەکاندا ڕووبەڕوو نەبنەوە. کاتێك ئۆردووی تورك بنکەی سەرکردایەتی شۆڕشەکەی خاپوور کردو زەبری کوشندەی لێوەشاند، هەڤێرکانەکان بەرلەوەی بهێڵن پەڵەی خیانەت لە کوردیان پێوەبلکێت، خۆیان کێشایەوە.

هەڵبەت حاجۆ چارەی دیکەی هەبوو، دەیتوانی بداتە پاڵ شۆڕشگێڕەکان، (کە دوور نییە پێشتر ئاگاداری نیازیشیان نەبووبێت، هەتا پێدەچێت داوای بەشداریشی لێکرابێت). بەڵام دیارە شۆڕشێك، خەڵکێکی دی نەخشەیان کێشابێت و ڕێبەریی بکەن، ئاهوئارەزووی ئەو دانامرکێنێتەوە، ڕەنگە لە باشترین حاڵەتدا ئەو کایەی دووهەمی پێبڕابا. پێموایە ئەمە هۆی ئەوەبوو کە پەنای بۆ چاوەڕوانی برد. تا ساڵێك پاشتر هەل و دەرفەت بۆ خۆی هەڵکەوت، لە نێوەڕاستی مارتی ١٩٢٦دا، پیاوەکانی دایانبەسەر قشڵەی پۆلیس و هێزی سەرسنووردا، گشت کاربەدەستانی حوکومەتیان دەرپەڕاند، هانای کۆمەك و پشتگیرییان بۆ گشت هۆزەکانی دەوروبەر برد، هەتا بۆ ئەوانەی ئەو ئاقارانەش کە ئیدی بە عێراق و سوریا نێودەبران.

ڕاپەڕینەکە زۆر خراپ ڕێکخرابوو، هەتا ئەوڕۆکەش ڕوون نییە هۆی ئەو هەڵەشەییە چبوو. ڕەنگە بەو هۆیەوە بووبێت کە نێوچەکە کەوتبووە بەر گورزی کینەو تۆڵەی تورکەوە. دوورنییە نەخشەی هوردتریش لە ئارادا نەبووبێت، بەڵام بەهۆی چەوتی و نالەبارییەوە کەڵکی خستنە گەڕی نەبووبێت، چونکە بەردەوام لە کوتەکانی دیکەی کوردستانی نێوەندا، لەیەك کاتدا چەندین ڕاپەڕین و شۆڕشی گچکە، لە گڕو کڵپەدا بوون. جگە لە چەند هۆزێکی هاوسێی، کە پێشتریش هەر لایەنگری خۆی بوون و تاکە تاکەی جەنگاوەرانی هۆزەکانی دی، ئیدی بانگەوازی حاجۆ بۆ هەژاندنی هەستی نیشتمانپەروەریی کورد، بێ زایەڵە مایەوەو کەس بە هانایەوە نەچوو.

یەکێك لەو جەنگاوەرانەی سەر بە هۆزێکی دی بوو و دەمودەست دایەپاڵی، مەهدی برای شێخ سەعید بوو، پاشانیش ناچار بوو بۆ عێراق هەڵبێت. دەنا زۆربەی سەرەکهۆزەکان سڵیان لەوەدەکردەوە هەڵوێستی خۆیان ئاشکراکەن. حاجۆ دە ڕۆژی ڕەبەق، تەواوی نێوچەکەی خستە ژێر ڕکێفی خۆیەوە، ئەوجا ئۆردووی تورك ناچاری پاشەکشەیانکردو بە دیوی سوریادا ئاوایانکرد. ئەو کاتە هێشتا دەستەڵاتی فەرەنسەییەکانن لە سەرووی خۆرهەڵاتی سوریادا، کەل و کەچ بوو، بۆیە حاجۆو لایەنگرەکانی دەیانتوانی بێ دەردیسەرو تەگەرە، ئەمدیوو ئەودیو بکەن و لە هەردوو سەرەوە، سنوور ببەزێنن. لەوێ هۆزی طـي عارەب، داڵدەی حاجۆیدا. ماوەیەك بە یاخێتی مایەوەو دەگەڵ دەستەو تاقمی گچکەدا، بە شێوەی چەتەگەریيانە شاڵاویان دەبردو پەلاماری پاسەوانانی تورکیان دەدا، تا فەرەنسەییەکان بەریان پێگرت و ڕێگەیان لێبەستەوە.
بەگشتی فەرەنسەییەکان وەك سەرەکهۆزێکی مەزن لە حاجۆیان دەڕوانی و ڕێزیان لێدەگرت. بەڵام ئاغا کوردەکان کەمتر دڵیان پیچدەکرایەوە، چونکە زۆر دەستەڵاتدارو لە دوژمنایەتیدا بێئامان بوو. توانا و بەهرەی دیپلۆماسییانەی هەرزوو لای فەرەنسەییەکان شیرینی کردو کرایە دەمڕاستی گشت هۆزە کوردەکان. جێپێبوونەوەو قسەڕۆیشتنی لای فەرەنسەییەکان، پەنای پێبردەوە بۆ شێوازو ئامرازە کۆنەکەی، تا دەستەو تاقمە نوێکان بخاتە ژێر دەستەڵات و ڕکێفی خۆیەوە. ئەو وەك ئاغاکانی دی نیشتەجێ نەبوو و مل دەبەر وەرزێری نێت. ئەو قەت جووتێر نەبوو، بەڵکە جەنگاوەرو سیاسەتباز بوو. بە ئالیکاریی فەرەنسەییەکان بازێڕی تربێ سپی بۆ خۆی دروستکرد. کاتێك هەڵوەدای جزیرەبوو، خاوەنی هیچ نەبوو. ئەو زەوییەی تربێ سپی لەسەر بنیاتنا، ئاغاکانی دووڕیکان پێیان بەخشیبوو. گوندەکان هەرگیز دەیەکیان نەدابوویە، هەر بە گەیشتنی، بڕێکیان - با بە نابەدڵییش بووبێت -کەوتنە ناردنی. موختارەکان پێیانوابوو، ژیرانەتر ئەوەیە بەردەوام شتێك بدەیت، نەك بەردەوام تووشی گێچەڵ و شاڵاوی پیاوەکانی حاجۆ ببیت و ڕەنگە زیانێکی زێتریش ئاکامەکەی بێت. ئاغا تێکبەربووەکانی دووڕیکانی، شەڕو کێشەی خۆیان بیرچووەوەو پشتیان نا بە پشتی یەکدییەوە، لە ترسی ئەوەی نەبا حاجۆ بەزوویی ببێتە مەزن و سەرداری گشت ئاقارەکە، ئیدی ئەوان هیچیان بۆ نامێنێتەوە تا لەسەری بەشەڕ بێن. حاجۆیان وەك هەمیشە بە ڕەفتار بەدیی و دزی (یاخود تاڵانیی) لە ڕادەبەدەر تاوانبارکرد. بەڵام پێدەچێت بەر لەهەر شتێك قسەڕۆیشتن و ڕێزو شکۆی لای فەرەنسەییەکان، ئۆقرەی لێبڕیبن. بۆ نموونە هەرکات فەرەنسەییەکان کرێکاریان پێویستبا، حاجۆیان ڕادەسپارد مشووریان بۆ بخوات. مزی کرێکارەکانیشیان بەو دەسپارد. بەو هۆیەوە خەڵکێکی ڕەمەکی زۆر، سەریانتێدەکرد. بۆ پتەوکردنی جێپێی و زەمینەی سیاسی خۆی، لەتەك کردارە ئاساییەکانی وەك (دوژمنایەتی و هێرش و شاڵاوو پەیوەندی دەگەڵ دەوڵەتدا)، پەنای بۆ ئامرازێکی دیکەش دەبرد، تا مەودای دەستەڵاتی بەرینترکات، ئەویش ئەوەبوو وەك کوردێکی نیشتماپەروەری ڕاستەقینە ڕەفتاری دەکرد. یەکێك بوو لە ئەندامە دروەشاوەو دیارەکانی خۆیبوون، کە نەخشەدانەری شۆڕشی ئاراراتی ١٩٢٩/١٩٣٠ بوو. کاتێك لەشکری تورکان هێرشی بردە سەر کوردە ڕاپەڕیوەکان و تا مەودایەکی ترسناك لە نێوچەی ئاراراتدا چووە پێش، حاجۆ لە قوڵی خواروی خۆرهەڵاتی تورکیاوە، کەوتە پەلامارو شاڵاوبردن، تا ئۆردووی تورك سەرقاڵ و خەریککات. ئا بەو هۆیانەوە حاجۆ بووە بەهێزترین و دەستەڵاتدارترین سەرەکهۆزی کورد، لە نێوچەیەکی هێجگار بەرفراواند. بەر لەوەی گۆڕانکارییە ئابووری و سیاسییەکان بتوانن پلەوپایەی ڕامالن و نێوی بسڕنەوە، حاجۆ مرد، بەڵام لە بیرو یادگاری خەڵکەکەدا، وەك دواهەمین سەرەکهۆزی مەزنی نێوچەکە، بە نەمریی مایەوە.

پێکهاتی سیاسی هەڤێرکان لەو ڕووەوە گرنگە، کە قەت تەواو سەقامگیر نەبوو، دەزگەیەکی سەرکردایەتی نێوەندیی نەبوو. دەستەلاٌت لە نێو خێلٌو تیرەکانی خواری خوارەوە (یاخود لەنێو خانەوادەکانیاندا) ئەم دەستو ئەو دەستی دەکرد. لە ئاکامدا هەردوك پالٌێوراوەکانی ئامادەی سەرکردایەتی، سەر بەیەك خانەوادە بوون. گەر گۆڕانکارییەکان هەر بەو شێوازە بەردەوامبان، دوور نەبوو مالٌا عوسمان وەکی جاف نەبنە بنەمالٌەیەکی بەگزادە. سەیر ئەوەیە پلەو پایەی مالٌا عەلی ڕەمۆ، لەگەلٌ کەمیو بێ بڕشتییو بێ شکۆیەکی سیاسی کاریگەری ئەوتۆدا، (دیارە جگە لە زالٌیی دەستەلاٌتیان بەسەر تیرە داکشاوترەکەی عارەبیانی خۆیاندا)، کەچی لە مالٌا عوسمان زێتر ڕێزیان لێدەگیراو لەوان لەبەرچاوتر بوون.

## ٢-١١ مسکێنە ناخێلٌەکییەکانو پەیوەندییان دەگەلٌ کوردە خێلٌەکییەکاندا

لە بەشەکانی پێشووتردا نێوی بڕێك دەستەو تاقممان هێنا، چ کوردو چ ڕەگەزی دی، کە سەر بە هیچ خێلٌێك نەبوون، بەلاٌم پێبەندو وابەستەی تەونی سیستەمی فیۆدالانەی کوردە خێلٌەکییەکان بوون. بە شێوەیەکی گشتیی کوردە ناخێلٌەکیەکان، خاوەنی زەوی خۆیان نیین، بەلٌکە ووردەکرێگرتە، یاخود کرێکاری کشتوکالٌیی بێ زەوین. وەك لە زاراوەی ناخێلٌەکییەوە دەدرەوشێتەوە، مانای وایە بەشێك نیین لە تەوەری شیرازە ڕێکخراوەکەی هیچ هۆزێکدا. دیارە بێجگە لەو بنەمالاٌنەی کە ڕەچەلٌەکێکی کەمتر قوولٌیان هەیەو کێشێکی سیاسی ئەوتۆیان نییەو شیرازەی پێکهاتی کۆمەلاٌیەتییان لەسەر بنەمای خزمایەتی هەلٌنەچووەو هیچ سیمایەکی دەرپێتێکەلٌیو ژنو ژنخوازییەکی بەرتەسك، کە تەنها لەسەر ئاستی ئەلٌقەکانی بنەمالٌەکە سازکرابێت، بەدەرناکەوێت.

کاتێك ئەندامی هۆزەکان، جوداوازییەکانی نێوان کوردی خێلٌەکیو ناخێلٌەکی پەنجەژمێر دەکەن، خۆ لە قەرەی ئەو ئاکارە نادەن. دیارە مەسەلەکە لەکن ئەوانو لە تێڕوانینی ئەوانەوە، دوو توێژییە: ئاغاو خزمەتکار، دەستەلاٌتدارو ژێردەستە هەن. خێلٌەکییەکان شەڕکەرو جەنگاوەرن، بەلاٌم کاری گرانیان پێناکرێت. ناخێلٌەکییەکان لە شەڕدا بێکەلٌكو تەپۆن، کەواتە ئاساییە گەر ئاغاکانیان دایاندۆشنو بەری ڕەنجیان بخۆن. ناخێلٌەکییەکان دەزگەیەکی چالاکی بەرهەمێنەرن، چ جوداوازییەکی ئەوتۆیان دەگەلٌ مێگەلەمەڕێکدا نییە. لە ڕاستیدا ﴿مێگەلەمەڕ﴾ یەکێك لە واتا سەرەکیەکانی ڕەعییەتە (عارەبییەکەی ڕەعایا)یە، کە تا ئێستاش چ لە کوردستانو چ لە نێوچەکانی دیکەی خۆرهەلاٌتی نێوەندا بۆ نێونانی ئەو دەستەو تاقمانە بەکاردەبرێت. گەلەك لەو ئەورووپاییانەی لەسەدەی نۆزدەهەمدا چوونەتە کوردستان، باسی ئەو جوداوازییەیان کردووە، بەلاٌم لە گێڕانەوەکانی ئەواندا، لێکهەلٌبواردنەکە هێجگار زەقو زۆپتر دەنوێنێت، وەك لەوەی من بۆ خۆم دیتم. ڕەنگە زێدەڕەوی لە مەسەلەکەدا کرابێت، چونکە زۆربەی جار چاوساغەکانیان کەسانی سەر بە هۆزەکان بوون، کە بە هێزو توانای خۆیان خاپاون.

هەلٌبەت ئەوە ڕاستە کە گۆڕانکارییەکی بواری باری کۆمەلاٌیەتیو ئابووری ئەم نیوسەدەیەی ڕابورد، جوداوازییەکانی نێوان ئەو دوو توێژەی سڕیوەتەوە. سیمای ئەو دیاردەیە ئەوەبوو، کە خێلٌەکییەکان شوانی کۆچەر، یاخود شوانی نیوەکۆچەرو جووتێر بوون، ناخێلٌەکییەکان جوتێرو پیشەساز بوون، کەچی لەگەلٌ ئەوەشدا لە ڕووی ئابووریو سیاسییەوە لارەملو ژێردەستەی خێلٌەکییەکان بوون. لێ ئێستا زۆربەی

خێڵەکییەکان نیشتەجێبوون و ملیان دەبەر وەرزێری ناوە، ململانێی چینایەتی چ لەکن ئەوان و چ لەکن ناخێڵەکییەکان وەک یەک هەن و ئاشکران، بۆیە ئەوڕۆ چیدی جوداوازییەکە بەو زەقی و تۆقلەییەی جاران نەماوە. من بۆ دەمەتەقێ لەوبارەوە، زێتر پشت بە هەواڵە تۆمارکراوەکانی سەدەی نۆزدەهەم و سەرەتای سەدەی بیستەم دەبەستم.

## ٢-١١-١ دادۆشینی وەرزێرەکان لەلایەن خێڵەکییەکانەوە

جۆری پەیوەندیی نێوان خێڵەکی و ناخێڵەکییەکان و ڕادەی دادۆشین و شێوازی داچکاندنیان، لە کاتێکەوە بۆ کاتێکی دی و لە شوێنێکەوە بۆ شوێنێکی دی دەگۆڕێت. لە نێوچەکانی پەرڤاری و هەکاری (لە کوردستانی تورکیا)، دیتم تا ئەوڕۆش گیادروونەوە بۆ ئالفی زستانەی میگەلەکانی ئاغا، ئەرکی وەرزێرە ناخێڵەکییەکانە، لێ لەوەزێتر ئەرکی دیکەیان بەسەردا نادرێت. لە نێوچەکانی شاتاق و نۆردوز (کەمێک ژووروویی هەکاری)، وەرزێرە ناخێڵەکییەکان زۆربەی هەرەزۆری دانیشتووانی مەڵبەندەکە پێکدەهێنن. کەسیان خاوەنی زەوی خۆیان نین و دەبێت پشکێکی زۆری داهاتیان بە ئاغای هۆزی گیراقی بدەن(١٠٢).

Barth دەگێڕێتەوە کە هۆزی هەمەوەند (لە خوارووی کوردستان)، (تەنها) ١٠٪، یاخود ٢٠٪ی دەغڵ و دان و سێیەکی داهاتی زەوییە بەراوەکانیان، لە وەرزێرە ناخێڵەکییەکان دەستاند. هەڵبەت لە جووتێرە خێڵەکییەکانیش هەر هێندە دەستێندراو لەو ڕووەوە هیچ جوداوازییان نەبوو. وەلێ تاقە جودازاییەک لە ئارادابوو، چ لەکن هەمەوەندەکان و چ لەکن دزەییەکان، مسکێنەکان بەو زەوییەوە بەندبوون کە کاریان تێدادەکرد. ئەوانیش وەک زەوییەکان مڵکی ئاغای هۆزبوون و هەروا بە سانایی نەیاندەتوانی ئاغاکەیان جێهێڵن و بچنە کن ئاغایەکی دی(١٠٣).

هەتا ئەوڕۆش، سەرەڕای ئەو هەنگاوانەش کە عێراق بۆ بەربەستکردنی دەستەڵاتی دەرەبەگەکان هەڵیناوە، ئاغاکانی دزەیی بەر بە گشت بزووتن و جموجۆڵێکی ئازادانەی مسکێنەکانیان دەگرن.

لە کۆندا وەرزێرە ناخێڵەکییەکان تێکڕا کۆیلەی تەواوبوون. Taylorلە ساڵانی شێستەکانی سەدەی نۆزدەهەمدا، دەبینێت وەرزێرە فەلەکانی مەڵبەندی بۆتان کە زێرکڕییان پێگوتوون، دەگەڵ ئەو زەوییەی کاریان تێداکردووە، کڕاون و فرۆشراون. (Taylor، ١٩٨٥، ل٥١). چل و پێنج ساڵ دواتر Richی هاونیشتمانی Taylor (کە میرێکی دەستەڵاتداری بابان داوەتی دەکات)، دەچێتە نێوچەی سلێمانی، لە یاداشتەکانیدا دەنووسێت: "کابرایەکی خێڵەکی بێ پەردە پێی لەوە نا، کەوا هەستدەکەن گوایە مسکێنەکان تەنها بۆ خزمەتکاریی ئەوان خوڵقاون، لە ڕاستیدا باری ژیانی ئەو جووتێرە کوردانە، هێجگار دەردناکە...". (Rich، ١٩٣٦، ل٨٩). Rich مسکێنەکان دەگەڵ قولەڕەشە کۆیلەکانی خۆرئاوای هندا بەراورد دەکات، جوداوازییەکی ئەوتۆ بەدیناکات. ئاغایەکی دی بۆ Richدەگێڕێتەوە: "هەرچیم دەکەوێت لێیاندەستێنم، زەکات، یاخود دەیەکی داهات، ئەوجا هێندەو زێتریشیان، بە هەر بڕوبیانوو و ڕێگەیەک بۆم دەستبدات، لێدەردەکێشم". (Rich، ١٩٣٦، ل٩٦).

## ٢-١١-٢ جوداوازی ڕەگەزایەتی

بڕێک لە مسکێنە ناخێڵەکییەکان، بە ڕەگەز لە ئاغاکانیان جوداوازن. بەتایبەت ئەوە بە نیسبەت وەرزێرە فەلەکانەوە زۆر ڕوون و ئاشکرایە، چونکە تێکڕا بە زمانێکی دی دەپەیڤن و کولتوورێکی جوداوازیان هەیە. بەڵام خۆ گشت فەلەکان ژێردەستەی کورد نەبوون، (یاخود گشتیان مسکێنی کوردە خێڵەکییەکان نەبوون)، هەشبوون

بۆ خۆیان لە مەڵبەندو نێوچەی سەربەخۆی خۆیاندا دەژیان، هەتا لە کوردستانی نێوەندا جووتێری کورد هەبوون، مسکێنی نەستۆرییەکان بوون.

لێ زۆربەی فەلەکان لە ڕووی سیاسییەوە، ژێر دەستەی ئاغا کوردەکان بوون و لە ڕووی ئابوورییەوە دادەدۆشران. بنەچەو ڕەچەڵەکی دەستەو تاقمە فەلەکانی کوردستان و پەیوەندییان لە کوردەوە، بە زۆر ڕووەوە ڕوون نییەو هێشتا لە لێڵاییدایە. ئەو باوەڕە گشتییەی گەشتەوەرە ئەوروپاییەکانی سەدەی نۆزدەهەم، کە گوایە فەلەکان وەچەی دانیشتووانی ڕاستەقینەی ئەو مەڵبەندەن و کوردەکان نەوەی دانیشتووە داگیرکەرە نوێکەن، ڕەنگە لە هەندەك ڕووەوە ڕاستبێت، بەڵام هیچ پاساوێکی بۆ پەیوەندییە مێژووییە ئاڵۆزەکەی ئەو دوو ڕەگەزە، لێهەڵناکرێندرێت.

نموونەیەکی گونجاو بۆ ئەو گریمانەیە «هەرچەندە ڕەنگە زێتر حاڵەتێکی تایبەت بێت»، پەیوەندییەکانی کوردو ئەرمەنییەکانی نیشتەجێی نێوچە گردۆڵکەکانی ئەرمینیایە(١٠٤):

لە بنەڕەتدا ئەو بەرزاییانە بە نێزیکە تەنها ئەرمەنی لێدەژیان، کە زۆربەیان جووتێر بوون. پاش شەڕی چاڵدیرانی ١٥١٤، کۆمەڵێکی زۆر لە کوردە ڕەوەندە ئاژەڵدارەکان نێردرانە ئەوێ، تا ببنە یاساوڵی سەر سنووری ئێران. لە نێوان جووتێرە ئەرمەنییەکان و کوردە ڕەوەندەکاندا، پەیوەندییەکی دۆستانەی سەیر پەیدابوو. کەش و هەوای ئەو تەپۆڵکانە لە زستاناندا هێجگار ساردە، (زۆر کات ٢٢٥ پلە لەژێر سفرەوەیە). دانیشتووە ئەرمەنییەکانی، جۆرە خانوویەکیان داهێنابوو، کە نیوەی، یاخود هەمووی ژێرزەمین بوو، دیارە ئەمە بۆ ئەو کەشە ساردەی ئەوێ، چاك دەگونجا. کوردەکان مەکۆی زستانەی لەو بابەتەیان نەبوو، «هەر لە خێوەتدا دەژیان، چونکە ئەرکیان پاسکردنی سنوور بوو، ڕێگەشیان نەدەدان بۆ نزماییە گەرمەکانی خوارووی و خوارووی خۆرئاوا داکشێن. ناچار لە زستاندا پەنایان بۆ لای ئەرمەنییەکان دەبردو لە ماڵەکانیاندا دەژیان و هەر لەوێش پشتێریان بۆ ئاژەڵەکانیان دروستکردبوو و مێگەلەکانیان تێدا مۆڵدەدا. ئەرمەنییەکان بژێوی خۆیان و ئالفی ئاژەڵەکانیان بۆ دابیندەکردن. لەبری وی، کوردەکان بەروبوومی سروشتی (یانی بەرووبوومی ئاژەڵەکانیان) دەدانێ، هەڵبەت هەر هێندەی سەوداکەرێکی زۆردار بە پێویست و ڕەوای بزانێت. لە سەدەی نۆزدەهەمدا، بە تین و تاوی جەنگی نێوان ڕووس و تورك، پێوەندییەکانی نێوان کوردو ئەرمەن شێواو تێکچوو، کوردەکان کەوتنە چەوساندنەوەی زێتری ئەرمەن. بە دامەزراندنی سوارەی چەکداری حەمیدی لە نێوکوردەکاندا، لەلایەن سوڵتان عەبدولحەمیدەوە، ئیدی یەکجارەکی دەستی کورد بۆ تاڵان و بڕۆو دزی و ڕاووڕووت و هەتا کوشتنیش، بەرهەڵداکرا. زۆر ئەرمەن بۆ قەوقاز هەڵهاتن، زۆر زێتر لەوانەش لە ڕەشکوژییە یەك لە دووی یەکدییەکاندا تێداچوون. کوردەکان دەستیان بەسەر مڵك و ماڵیاندا گرت و لە جێگەیان نیشتەجێبوون.

دیارە تەنها دەستڕۆیشتن و زاڵیی دەستەڵاتی کورد بەسەر فەلەکاندا سیمای سەرەکی نییە، بەڵکە شەقڵی جۆرە سیستێمێکی دوو توێییش لە زۆربەی کوتەکانی کوردستاندا، لە نێو کوردەکان خۆیاندا، دەدیترێت. وەرزێرە ژێردەستە ناخێڵەکییەکان چەندین جۆر نێویان هەیە. لە کوردستانی ژێروو، زاراوەی "مسکێن" زۆر باوو بەربڵاوە، (بۆ نموونە لەکن هەمەوەندو دزەیی و جاف)ەکان. زۆر کۆنتر "گۆران" باو بووە، وەك چۆن تا ئەوڕۆش لە بەشی زۆری نێوچەکانی کوردستانی ئێراندا هەر باوەو هێشتا هەر بەکاردەهێندرێت. لە کوردستانی ژووروو زێتر "کرمانج"یان پێدەگوترێت. لەتەك ئەوانەشدا، لەسەرتاسەری کوردستاندا، "ڕەعییەت"یش وەك زاراوەیەکی هاو واتایان، ڕەواجی زۆرە. کە لەووشەی کۆی "رعایا"وە وەرگیراوەو ئەمە زێتری داهێنراوی فەرمانڕەوایانی عوسمانی بوو.

هەڵبەت گشت لە گشتی کوردە ناخێڵەکییەکان، ژێردەستەی خێڵەکیو ئاغاکانیان نەبوون. لە نێوچە بەپیتو بەر بەرهەڵداکانی وەکی دەشتاییەکانی دیاربەکرو هەولێردا، لەو شوێنانەی کە دەوڵەت دەیتوانی دەستەڵاتی تا ڕادەیەك ئاسانتر بسەپێنێت، لەتەك جووتێراندا، سوپاو فەرمانبەرانی دەوڵەتو بازرگانانی شارنشینیش، خاوەن زەویو زارن.

لەبارەی ڕەچەڵەکی ئەو کوردە ناخێڵەکییانەوە، دوو گریمانە هەن:

١- ئەمانە ئەو کوردانەن کە هەستی خێڵایەتییان لە نێوچووە. ڕەنگە باب و باپیرانیان نیشتەجێبووبنو ملیان دەبەر جووتێری نابێت، ئیدی هێدی هێدی شیرازەی ڕێکخراوە خێڵەکییەکان پساوەو توانا جەنگاوەرییەکەی ڕەوەندە ئاژەڵدارەکانیان لە دەستداوەو پاشان لەلایەن هۆزێکی دییەوە ژێردەستخراون. دووریش نییە یەکەمجار ژێر دەستە نەکرابنو ئەوجا لەلایەن هۆزی سەرکەوتووەوە ناچاری وەرزێری نەکرابن. یاخود دەشێت لە بنچینەدا خۆیان سەر بەهەمان هۆزی سەردەستە بووبن، بەڵام پاشان هەژاریو نەداری ناچاری ئەوەی کردبن نیشتەنی بن(١٠٥).

٢- ئەمانە نەوەی چەند ڕەگەزێکی دیکەی جوداواز لە کوردن، کە لە کورد دێرینترنو دانیشتووی ڕەسەنی ئەو نێوچەیەن. کولتوری ئەوڕۆی کورد بە گشت گونجاویو شیاوییەکییەوە، بەرهەمو ئاکامی تێنو تاوو تێکەڵیو ئاوێتەبوونی (لایەنی کەم) دوو کولتوری بنجیی جوداوازە.

هەرچەندە گریمانەی یەکەم پەسەندتر دەنوێنێت، بەڵام دووهەمیان بەدرەوام لەلایەن گەڕاڵو توێژەرەکانەوە دووبارەکراوەتەوەو پێشنیازکراوە، کە دواهەمینجار لە گوتارەکەی ساڵی (١٩٥٩)ی Rundolphدا بوو. من پێموایە بەڵگەی تەواو بۆ ئەوە بەدەستەوەیە کە بڕێك نموونە، هەندێك لە بیانووەکانی گریمانەی یەکەمی بۆ دەشێت. بۆ هەندەك حاڵەتیش، بیانووەکانی گریمانەی دووهەم پەسەندترن. بەهەرحاڵ پێدەچێت پێداچوونەوەو داڕشتنەوەیەکی نوێ پێویست بێت. ئەگەرچی ڕاستە بە بەڵگە سەلماوە لە هەندەك جێ وەرزێرە ناخێڵەکییەکان، لە ڕەگەزێکی دیکەی جودا لە ڕەگەزی خێڵەکییەکانن، بەڵام ئەمە ئەوە ناگەیەنێت کە لە جێگەکانی دیکەش هەر دەبێت ئاوها بێت. Rundolph بۆ تاقە حاڵەتێك پەنا بۆ سەرئەنجامێکی بەرابەریی لەو بابەتە دەبات، هەرچەندە بە بڕوای من بە هەڵەداچووە. لەگەشتو گەڕانەکەی کوردستانی نێوەندیدا، هەست بە جوداوازیی کولتووری نێوان نیوەکۆچەرەکانو وەرزێرە نیشتەنییەکان دەکات. هەوڵدەدات ئەو جوداوازییە لە ڕێگەی دیاردەیەکی خواروی کوردستانەوە، ڕوونکاتەوە، ئەویش بەو بیانووەی وەك دەرکەوتووە، عەشیرەتو گۆران ڕەچەڵەکیان جوداوازە. پاشان سەبارەت بە کوردستانی نێوەند گریمانەیەکی چڕ دادەڕێژێت کە دەگەڵ گریمانەکەی دووهەممانددا وێکدەچن، هەرچەندە ئەو جوداوازییە کولتوورییە هەستپێکراوەی ئەو دەیکاتە بەڵگە، زۆر سادەو ڕەوان بۆ هۆکارەکانی ژینگەو دەوروبەر دەگەڕێتەوە، یاخود ئاکامێکی تێنو تاوی ئەو ڕەگەزە جوداوازانەی دییە کە لەو ئاقارەدا دەژیان، یا هێشتا هەر دەژین (وەکی ئەرمەنییەکانو فەلە نەستۆرییەکان). ئەم ڕەخنەو سەرنجانە لە گوتارەکەی Hutterothیشدا (١٩٦١، ل٤٠-٤١) هەڵشێلراون.

لە چەند حاڵەتێکی سەلمێندراودا، ڕەوەندەکان بەسەر کۆمەڵگە وەرزێرییەکاندا زاڵبوونو بە توێژی سەریان پێنەویکردوون. حاڵە تایبەتەکەی ئەرمەنییەکانی نێوچە گردەڵانییەکان، کە پێشان باسمانکرد، یەکێکە لەوانە. لەوەش ڕوونتر، بەسەرهاتی هەمەوەندەکانە، ئەو هۆزە لە سەردەمانێکدا لەو مەڵبەندەی ئێستایان، لەنێوان سلێمانیو کەرکوکدا، گیرسانەوە، کە ئەوروپاییەکان زوو زوو ڕێیانتێدەکەوت. Barth ساڵی ١٩٥٠ بیرەوەری زۆر

تاڵی داگیرکردنی گوندی وەرزێرەکانمان بۆ تۆماردەکات (١٩٥٣، ل٢٣-٥٥).ڵ هەمەوەند هۆزێکی ئاسایی نەبوو، چونکە زێتر لەسەر تالآنی و بڕۆو جەردەیی دەژیان، نەك بە ئاژەڵداری(١٠٦).

نموونەیەکی دیکەی داگیرکاری، پشدەرییەکانن. دیارە دەبێت ئەوەش بگوترێت، کە لە ڕیزی خێڵەکییە زاڵو سەرکەوتووەکاندا، گەکەلکجار کوردی ناخێڵەکیشیان تێدا بوون.

سێهەم نموونە لەو ڕووەوە گرنگو سەرنجڕاکێشە، کە هاوچەشنی نموونەی "پێکەوە هەڵکردن"ەکەی کوردو ئەرمەنی، لە بەرایيدا باسکراوە. Firat (١٩٧٥) دەگێڕێتەوە چۆن هۆزەکەی (هۆزی خۆرمەكکە وەرزێری نیشتەجێی نێوچەی ڤارتۆی خوار ئەرزەڕوومن) لەلایەن هۆزی ڕەوەندی جبرانەوە ژێر دەستخراوە. ئیدی لەو دەمەوە جبرانەکان زستانیان لە گوندەکانی خۆرمەك بەسەردەبردو هەتا ناچاریشیان دەکردن پشتێر بۆ وڵساتیان دروستبکەن. هەرچەندە خۆرمەك بە هۆز نێودەبرێت، بەڵام کایەو پایەیان لەکن هۆزی جبران، دەیانخزێنێتە ئاستی وەرزێرە ناخێڵەکییەکانەوە.

شایانی گوتنە کە خۆرمەك عەلەویو جبران موسڵمانی سوننین. لەسەروەختی ئیمپراتۆرێتی عوسمانیدا گومانی لایەنگیری ئێران لە عەلەوییەکان دەکراو ئەمە پاساوو بیانوویەکی ڕەواو ئاسان بوو بۆ جەزرەبەدانو سەرکوتکردنیان.

داخۆ وەرزێرە ناخێڵەکییە بەیدەستکراوەکانو هۆزە زاڵە سەردەستەکانیان، بە ڕەگەز لێك جوداوازن یان نا، پرسیارێکە پاشان وەرامی دەدەینەوە. هەڵبەت کولتووری لێکجوداوازی ئەوڕۆی هەردوك توێژەکە، نابێتە بەڵگە، چونکە دوور نییە هۆکاری دی بەو دەردەی نەبردبن. بۆ ئەوە پێویستمان بە بەڵگەی زیندووی بێلایەن هەیە، بەڵگە دەربارەی جوداوازییە ڕەگەزییە بنجییەکان، (دیارە دەبێت لایەنە زمانەوانییە جوداوازەکانیش تێبخوێنینەوەو فەرامۆشیان نەکەین). لایەنی کەم سەبارەت بە گۆران لە کوردستانی ژێروودا، ئەو بەڵگەیە بەدەستەوەیە، چ شتێك جووتێرە ناخێڵەکییەکان دەگەڵ دەستەیەکی هۆز ئاساییدا پێکڕا کۆدەکاتەوە، کە هەمان نێویان هەیەو (کۆنفێدراسیۆنی گۆران)یان پێدەڵێن. لەبەشی داهاتوودا هەوڵدەدەم ئەو حاڵەتە بە تێروتەسەلی ڕوونکەمەوە، چونکەئەو حاڵەتە پەیوەندییە ئاڵۆزەکانی نێوان ڕەوەندو جووتێرەکانو گۆڕانی تخووبی ڕەگەزایەتیو تواندنەوەی دەستەو تاقمە میللیە جوداوازەکان لە نێو یەکدیدا، بە ڕوونی دەردەخات. من بە نیاز نیم هیچ سەرەتایەکی پێویست دەربارەی ئەو هەموو شتە زانراوانە، کە لەبارەی گۆرانو ئەو هۆزە یەککەوتەیەوە کە هەمان نێوی هەیە، بکوتمەوە. بەر کورتی لەو بابەتە، کەسانی دی پێشچاویان خستووە(١٠٧)، بۆیە من تەنها بە هێندەی کە بۆ ئێستا گرنگو بایەخدارە، قنیات دەکەم.

### ٢-١٢ گۆرانو (*گۆران*)

هێندەی من پێبزانم، Rich یەکەمین ئەورووپایی بووە کە سەرنجی بۆ ئەو ڕاستییە ڕاکێشاوە، گوایە جووتێرانی نێوچەی سلێمانی، خۆی گوتەنی: "خەڵکانێکن تەواو لە خێڵەکییەکان جوداواز، بە دەگمەن زەوییەکانیان ڕەنێو دەهێنن، ئەگەر هەر ڕەنێوی بهێنن. قەتیش نابنە سەرباز" (Rich، ١٨٣٦، ل٨٨). ئەو جووتێرانە بە گۆران ناسراون، "بە شێوەو ڕوخسارو جۆری زاریاندا، جودا دەکرێنەوە"، (هەمان سەرچاوە ل٨١). ئەم سەرنجەی دوایی پێویستی بە ڕوونکردنەوەیەکە: ئێستا جووتێرە ناخێڵەکییەکانی ئەو نێوچەیە، کە تا ئێستاش هەر بە گۆران یاخود زێتر بە مسکێن ناسراون، ئیدی کەمو زۆر، بەهەمان زاراوی هۆزەکانی ئەوێ دەدوێن. کێوەکانی داڵەهۆ، کە دەکەوێتە خوارووی خۆرهەڵاتی سلێمانییەوەو هێند لێیەوە دوور نییە، مەڵبەندی کۆمەڵە هۆزێکی

یەککەوتەیە کە هەمان نێوی «*گۆران*»یان هەیەو بە زمانێکی جودا لە کوردییە بیستراوەکە دەپەیڤن. پێدەچێت ئەو زمانە کە «*گۆرانی*» پێدەگوترێت، بە پێچەوانەی زمانە کوردییە ڕاستەقینەکەوە، کە سەر بە لقی خوارووی خۆرئاوای زمانە ئێرانییەکانە، ئەم سەر بە لقی سەرووی خۆرئاوای زمانە ئێرانییەکان بێت، هەروەك زاراوەی زازا یاخود (دملی) لە ژووروووی کوردستان(١٠٨).

شارەزا ئەوروپاییەکان ئەو بوارە، زۆرجار هۆشیارییانداوە، جووتێرە ناخێڵەکییەکانمان دەگەڵ ئەو کۆنێدراسیۆنەدا لێنەئالۆزێت کە هەمان نێوی هەیە، (بۆیە من یەکەم پیتی ئەوەی دواییان بە پیتی گەورە دەنووسم)(*).

تێبینی و بۆچوونەکانی Rich دەربارەی زمانی جووتێرەکان، وا دەردەخات کە ئەو کەوتۆتە گێژاوی ئەو سەرلێشێوانو ئالۆزییەوە، یاخود ئەوەی لەبارەی زمانی «*گۆران*»یەوە زانیویەتی، بە باڵای گۆرانیشی بڕیوە، لەو بڕواو بۆچوونەوە کە مادام نێویان یەکە، دەبێت لە ڕووی زمانیشەوە یەك بنەچەی چوونیەکیان هەبێت.

هەڵبەت Rich زمانەوانێکی چاك بوو، فارسییەکی باشیشی دەزانی، ئەو کاتەی لە سلێمانی بوو، کوردییش فێربوو. دواتر کاتێك چووە سنە، دیتی لە ماڵی والی ئەودەمەی میرنیشنی ئەردەڵاندا، میرزادەکانو دەستەودایەرەو دەستوپێوەندی والی، لە نێوخۆیاندا بە کوردییە ئاساییەکە نادوێن، بەڵکە بە یەکێك لە زاروەکانی «*گۆرانی*» دەئاخێون. وەك لە مێوانانی پاشتری دەبیستین، لە کۆشكو سەرای ئەردەڵانییەکاندا، زمانی دڵنەواییکردنو زمانی وێژەیی، هەورامی بووە، کە لە ڕاستیدا زاراوەیەکی «*گۆرانی*»یە(١٠٩). ئەو سەرنجە هوردە، بەشی هێند دەکات کە بۆچوونەکەی Rich دەربارەی زاراوی جوداوازی جوتێرەکانی نێوچەی سلێمانی، بە بایەخەوە تێبڕوانین. لەو لیستەی زاراوە «*گۆرانی*»یانەدا، کە Soane (١٩١٢، ل٣٨٢) ڕێکیخستووە، نێوی شارەزوور دەهێنێت. شارەزوور نێوی نێوچەیەیە کە یەکەوڕاست کەوتۆتە باشووری سلێمانییەوە. حوکمڕانیی عوسمانی ئەو نێوی شارەزوورەی بۆ مەڵبەندێکی هێجگار بەربەرینتر بەکاردەبرد، کە نێوچەکانی سلێمانیو کەرکووکی دەگرتەوە. بەو پێیە بێت، دەبێت لە کۆندا لە نێوچەی سلێمانی، ئاخێوەرانی یەکێك لە شێوەکانی «*گۆرانی*» هەبووبن، کەواتە پێدەچێت ڕەوابێت بڕێك لە گۆرانەکان بگێڕینەوە سەر ئەو بنەچەیە. ئەوە یەکەمینجار نییە کە گۆران ئەو زمانە بنچینەییەی لە دەستداوە. لە سنەش زمانی هەورامی تەواو سەری تێداچووە. هەتا لەکن «*گۆرانی*»ەکان خۆشیان، بڕێك دەستەو تاقمی کەم ماون کە بە «*گۆرانی*» دەدوێن، زۆریان شێوەی بەبرەوی کوردیی کرماشانی فێربوون. پێدەچێت زاراوە کوردییەکانی باشوور، «*گۆرانی*» هێجگار کاری تێکردبنو تینو تاوی زۆربێت لەسەریان. MacKenzie (١٩٦١) هۆی ئەو جوداوازییە فراوانەی نێوان زاراوەکانی باکوورو باشووری کوردستان، دەگێڕێتەوە بۆ ئەو تینو تاوە.

واپێدەچێت Rich تەواو دڵنیا نەبووبێت داخۆ گۆران بە کورد یاخود بە یەکێك لە ڕەگەزە لێکجوداکانی، دابنێت. چەڵێك بە کوردیان لەقەڵەم دەداتو زمانەکەشیان بە زاراوەیەکی کوردی حسێب دەکات، (کە سەبارەت بە ئاخاوتنی کوردی، چ بۆ سەردەمەکەی ئەوو چ بۆ ئێستای ئێمە، دەشێت ڕاستبێت)، هەڵێکیش ڕەوەندەکان بە «کوردی ڕاستەقینە»و گۆران بە «وەرزێر ڕەگەز» نێودەبات.

هەروەك ووشەکانی گۆرانو «*گۆران*» گوزارە لە دوو کۆمەڵی جوداواز دەکەن، کە ناکرێت خۆسەری تێکەڵو پێکەڵ بکرێن، ووشەی کوردیش بە چەند واتایەك بەکاردەبرێت. ئەوروپاییەکان وەکی نێوێکی گشتی بۆ ڕەگەزێکی دیاریکراو، یاخود بۆ گوزارە لە زمانێکی تایبەت بەکاریان هێناوە، لەوباوەڕەوە کە

* من بۆ تێکەڵ نەبوونیان، ئەوەی دواییان بە تیپی خوار دەونووسمو لە کەوانەیەکدا دایدەنێم.

خۆرهەڵاتییەکانیش ئاوەها بێ ئەمسەرو ئەوسەر، بەهەمان مەبەست بەکاری دەهێنن. بەڵام دیارە بەهەڵەدا چوون. جوگرافیاناسە عارەبەکانی سەدەکانی نێوەڕاست، ووشەی کورد کە کۆکەی (اکراد)ە، بۆ نێونانی گشت ئەو هۆزە کۆچەرو نیوەکۆچەرانەی کە نە عارەبو نە تورک بوون، بەکاردەهێنا. ئەوە برێك هۆزیشی دەگرتەوە، کە ئەوڕۆ هەتا نەتەوەپەرستە توندڕەوەکانی کوردیش، لە ڕیزی نەتەوەی کورددا دایان نانێن. جار هەبوو ڕەوەندی عارەبی زمانیش، بە ئەکراد نێودەبران، (وەکی برێك هۆزی دەوروبەری خوزستان)(١١٠). پێدەچێت هەر پاشەڕۆکەی ئەو زمانڕاهاتنە، پاشخانی ئەو بۆ چوونەی Richیش بێت، کە ڕەوەندەکان بە کوردی ڕاستەقینە نێو دەبات. من لە گۆرانییەکی ئایینی ئەهلی هەقەکانەوە، کە لە داڵەهو تۆمارم کردووە، بۆم ڕوونبووەوە، کە نێوی *کورد* ئا بەو واتایەی، خشت بەرامبەر ﴿*گۆران*﴾ دادەنێن(١١١). ئەو پیرەمێردەی گۆرانییەکەم لێبیست، خۆشی ﴿*گۆران*﴾ بوو، واتای ئەو نێوانەی ئاوەها بۆ ڕوونکردمەوە: "کورد دەوارنشینو ڕەوەندن، گۆران نیشتەجێو گوندنشینە". لەبوارێکی دیکەدا، هەمان پیاو، نێوی کوردی بەرینتر بەکارهێنا، وەکی نێو بۆ ڕەگەزێك، یاخود (بۆ زمانێك)و ﴿*گۆران*﴾یشی بە کورد حسێبکرد.

برێکجار واژەی کورد تەنها بۆ گوزارە لە زمانێك بەکاردەهێندرێت، بێ ئەوەی لایەنە ڕەگەزایەتییەکە تێبخوێندرێتەوەو بێ ئەوەی بیر بەلای ئەوەدا بچێت، کە خاوەنەکانی جۆرە یەکێتییەك پێکدەهێنن(١١٢). بە تینو تاوی ئەو دەیان ساڵە ڕابوردووەی بزووتنەوەی نەتەوایەتی کورد، ئێستا بەکارهێنانی ئابەو واتایە، دەگمەنە. زۆربەی کورد ئەو نێوە وەك نیشانەو هێما بۆ ڕەگەزێك یاخود نەتەوەیەك تێدەگەن. مەیلو ئارەزوویەکی زۆریش هەیە، واتای ئەوڕۆکەی ئەو ووشەیە، بۆ ڕابوردووش باپێبدرێتەوە.

دانیشتوانی هەورامان، کە تا ئەوڕۆش هەر بە یەکێك لە زاراوەکانی ﴿*گۆرانی*﴾ دەدوێن، (ئەوانەی Rich بە شێوەو ڕوخسار "وەرزیر ڕەگەز"یان نێودەنێت)، تا سەرەتای ئەم سەدەیەش، خۆیان بە گەلێکی جوداواز لە کورد دەزانی. گەر بەپێی بنەچەی نەریتەکەیان بێت، دەبێت لە دەڤەرێکی باشووری خۆرئاوای دەریای قەزوینەوە هاتبن(١١٣). ئێدی هێدی هێدی هەستی کوردانەیان لەکن ڕسکاوە. پەیوەندییان بە کوردەوە تا دێت چڕترو خەستتر دەبێت، تێکەڵاویو ژنو ژنخوازی لە نێوانیاندا ڕوو لە زۆرییە، زۆر هەورامی لە شۆڕشی نیشتمانیی کورددا بەشداربوون. وێڕای ئەوەش، جوداوازیی کولتوورییان هێشتا هەر زۆر زەقو ئاشکرایە. بە بەراوردکردن دەگەڵ هۆزەکانی دیکەی کورددا، کۆمەڵگەی هەورامی خۆی لە خۆیدا، هەر زۆر کەنارگیرو دابڕاوو داخراوە. ئەوەبوو بزووتنەوە شۆڕشگێڕییەکەی بارزانی، تا دواهەمینجاریش لە ساڵانی ١٩٧٤/١٩٧٥دا، بارەگای سەرەکیی ئەو هەرێمەی لە هەورامان بوو، کەچی هەر بۆی نەلوا لە نێو دانیشتوانیدا تەواو جێپێی خۆی بکاتەوەو پشتیوانییان مسۆگەر بکات.

وەنەبێت ئەو دوو واتاییەی لە واژەکانی کوردو گۆران دەوەشێنەوە، بەوهۆیەوە شوێنپێ هەڵگرتنو دۆزینەوەی داوی پرۆسێسی دەستەڵاتەڵاتدارێتیو ئاوێتەبوونو تواندنەوەکە سەختو دژوارکەن، کە هیچ بەڵگەنامەو سەنەدی مێژوویی لەبەر دەستاندا نەبن، ﴿نەخێر، بەڵگەنامە هێجگار زۆرن﴾، بەڵکە زێتر بەو هۆیەوەیە، کە سادەترین گریمانە، دەتوانرێت بە چەندین بەڵگەنامە بەرپەرچ بدرێتەوەو پووچکرێتەوە.

بەلای Richەوە مەسەلەکە زۆر سادەو ڕەوان بووە، لە نێوچەی سلێمانی خێڵەکییەکان کەمینە بوون، (گۆران چوار پێنج هێندەی ئەوان بوون)(١١٤)، کەمێك ژووروتر ژمارەیان زێدی دەکرد، زۆر سەرووتر، لە نێوچەی ڕەواندزیش، پێیانگوتبوو گوایە کەسی وەرزێر ڕەگەزی لێنییە(١١٥).

Rich ئەو سەرنجانەی دەگەڵ ئەو زانیارییە ئاوێتە کردووە، کە خانەوادەی میرە بابانەکانی سلێمانی، لە بنەڕەتدا خەڵکی ژوورووترن و لە پشدەرەوە هاتوون. لەوەوە ئەو سەرئەنجامەی پوختەکردووە، کە گوایە نێوچە شاخاوییەکانی نێوەندی کوردستان، زێدی ڕاستەقینەی ئەو کوردە ڕەسەنانەیە کە لە بنەچەوە خێڵەکیین، (با ئێستا نیشتەجێش بووبن). ئەوجا کوردەکان لەوێوە بەرەوخوار داکشاون و زەویوزاری دانیشتووە گۆرانە ناخێڵەکییەکانیان زەوتکردووە. Rich پێیوابووە کە میرنشینی بابان بۆ دابینکردنی ژیانی، منەتباری ئەو داگیرکردنەیە. پاشان زەویوزارە ژێر دەستخراوەکان بەسەر کەسوکاری میرەکاندا دابەشکراون و ئەوانیش لەبەرامبەری ئەوەدا، سەرەکهۆزەکەیان وەك سەردارو سەروەری خۆیان پەسەندکردووە. ئا بەوە سیستێمێکی فیۆدالی هاتۆتەکایەوەو گۆرانە ژێر دەستکراوەکانیش کراونەتە کۆیلە.

Rich هەقی بووە وا تێبگات، کە ئەو بارە کۆمەڵایەتییەی ئەو لە کوردستانی ژێروو دیتوویە، لەسەر بنەمای ئاوێتەبوونی (لایەنی کەم) دوو کۆمەڵی ڕەگەز جوداواز هەڵچووە. بەڵام بیرو هزری مەسەلە دوو تاییەکە، کە گوایە لەلایەك کۆچەرەکان و لەلاکەی دی وەرزێرەکان بوون، بۆچوونێکی ناپەسەندو ساکار ئامێزە. چ زانستی زمان و چ سەرچاوە دێرین نوسراوەکان، وا دەردەخەن ﴿گۆرانی﴾، زمانی گەلێك بووە کە لە بنچینەدا دانیشتووی دەڤەرێکی خوار دەریای قەزوێن بووەو پەیوەندی دەگەڵ دەیلەمییەکاندا هەبووە، یاخود بەشێکی داکشاوتری ئەوان بووە(١١٦).

لەسەدەی چواردەهەم بەدواوە، ئیدی جوگرافیاناسەکان باسی گەلێك بە نێوی ﴿گۆران﴾ەوە، لە باشووری کوردستانی ئەوڕۆکەدا، دەکەن. ژمارەیەکی زۆر بەڵگەنامە هەن، کە زمانی ﴿گۆرانی﴾ ئەوڕۆ، بە دەیلەمییەکان و دەوروبەری دەریای قەزوینەوە دەبەستنەوە. لێ ئەمە مانای ئەوە نییە ئیدی هەرچی ﴿گۆرانی﴾ زمان هەبوون، یان هەن، وەچەی ئەو ڕەوکردووانەن، یاخود ئەو توێژە کۆمەڵایەتییە دوو توێییە، سادەو ساکار، ئاکامی ژێردەستخستنی ئەو (گۆران)انەیە لە لایەن هۆزە کوردەکانەوە. ئەو بۆچوونەی کە گوایە شیرازەیەکی خێڵەکییان نەبووە، پەیوەندی بەوەوە نییەو ناتوانرێت بسەلمێندرێت.

بەلای Richەوە واژەی گۆران (بێ هیچ تیفتیفەدانێك) بەواتای ژێردەستە، ناخێڵەکی، وەرزێر دێت. کوردە خێڵەکییەکانی سلێمانی لەگەڵ ئەو بۆچوونەیدا بوون. کاتێك Rich کلکەسووتەی بۆ میرەکانی بابان کردووەو گوتوویە: گوایە بیستوویە میری ئەردەڵانی هاوسێیان، کابرایەکی گۆرانە، خانەخۆێکانی بسکەیان هاتۆتێ و سەری ڕەزامەندییان بۆ لەقاندووەو گوتوویانە ڕاستە، بەڵام میر لە بنەماڵەیەکی هێجگار دێرین و شکۆدارەو تیزپێکردنی جوان نییە.

میرەکانی ئەردەڵان (کە ئەستەم بووە بتوانرێت بە "وەرزێری ژێر دەستخراو" نێوببرێن)، گۆران بوون و بە زاراوەی ﴿گۆرانی﴾ پەیڤیون. وەك Rich دواتر دەگێڕێتەوە، گەورە پیاوانی کۆشك و سەرای سنەش هەر گۆران بوون، (Rich، ١٨٣٦، I، ل٢٠١). ئەو سەربازانەی Rich لە سنە دیتوونی کورد نەبوون، (هەر وەك سلێمانی، کە چۆن گوایە گۆرانەکان کەڵکی شەڕیان پێوە نەبووە)، بەڵکە هەورامی، بە ڕوخسار دڕو چەتوونی، "ڕەگەز وەرزێر"ی پەی پێنەبردوو بوون. بێگومان گۆرانەکانی ئەردەڵان لە ڕووی کۆمەڵایەتییەوە، بە پێچەوانەی مەڵبەندی بابانەوە، ژێر چەپۆکەی خێڵەکییە کوردەکان نەبوون. سەرگورشتە نێودارەکەی گەورەپیاوانیشیان (کە هەر دەبێت لە ڕەچەڵەکێکی بێگانە کەوتبنەوە، وەك لەکن گەلەك هۆزو میرنشینی کورد باوبووە)، خەڵکانێکی دی نووسیویانە، نەك خۆیان(١١٧). وا پێدەچێت لە سەروەختی **Rich**دا، بابانەکان بە لووتبەرزی و فیزەوە لە خانەدانانی ئەردەڵانیان ڕوانیبێت، بابانێك کە لە سەدەی شازدەهەمدا کوتێك بوو لە ئەردەڵان و سەرانەی پێدەدا(١١٨).

دیاره له ئەردەڵان گۆرانی زۆر، وەرزێر بوون، بەڵام گەلەك هەورامی جەنگاوەری ﴿گۆرانی﴾ زمانیش هەبوون و ڕەنگە زۆر جۆری دیکەش.

نموونەیەکی گرنگی دی، کۆنفیدراسیۆنی هۆزە ﴿گۆران﴾ەکانە. مەزن و سەردارانی کە تاوەکو سەرەتای سەدەی بیستەمیش دەستەڵاتێکی سیاسی تەواویان هەبووە، لە چینە نیشتەجێکە بوون. بە پێچەوانەوە، بڕێك کوتە هۆزی ئەو یەکێتییە، کوردی تەواو بوون، لە ڕووی زمان و ئاینیشەوە جوداواز بوون لە ئەهلی هەقە ﴿گۆرانی﴾ زمانەکان، کە پشکی سەرەکیی ئەو کۆنفیدراسیۆنەیان پێکدەهێنا.

سێهەم نموونەی سەرنجڕاکیش، میرنشینە گچکەکەی برادۆستە لە کوردستانی نێوەند. ئەو مەزنەماڵەی لەسەدەی شازدەهەمدا هۆزە کوردەکانی خستبووە ژێر ڕکێفی خۆیەوە، بە پێی گێڕرانەوەی شەرەفنامە بێت، لە ڕەچەڵەکدا ﴿گۆران﴾ بووە(١١٩).

ئا بەو جۆرە وەك دیتمان، لە چەندین حاڵەتدا هۆزە کوردەکان، ژێردەستەی دەستەڵاتدارانی ﴿گۆران﴾ بوون، پێشهاتێکە هاتنەکایەی ئەستەم دەبوو، ئەگەر ﴿گۆران﴾ەکان گشتیان تەنها وەرزێر بانایە. لە ڕاستیدا بەڵگەی ئەوە بە دەستەوەیە کە لە کۆندا ﴿گۆران﴾ەکان شیرازەیەکی کۆمەڵایەتی دووتوێییان هەبووە، هەر وەك چۆن پاشان لە کوردستانی باشوور دیتراوە: تاقمێکی سوپایی خێڵەکییانە ڕێکخراوو توێژێك وەرزێری ناخێڵەکی ژێردەستکراو.

أ- بە پێی گوتەی ئەو هەورامیانەی (سەر بە خانەوادە دەستەڵاتدارەکان بوون)و من پرسیارم لێکردن، ڕێکخراوەیەکی لەو بابەتە هەتا ئێستاش لە هەوراماندا هەر بەرقەرارە. بەزمانی هەورامی نێوی سێ هۆزیان بۆ ژماردم: حەسەن سوڵتانی و مستەفا سوڵتانی و بارام بەگی، کە لەسێ بەربابی جوداوازی، برای یەکدی کەوتوونەوە. بە گشت ئەندامانی ئەو هۆزانە ((خەوانین)) دەڵێن، (کە لەسەر کێشی کۆی تێکشکاوی عارەبیی ووشەی ((خان))، بە واتای "مەزن" داڕێژراوە). هەریەکە چەند پارچە زەوییەکی (گچکەڵە)یان هەیەو کۆمەڵێك وەرزێری ڕووتەی بێ زەوییان لەبەردەستدایە (کە لێرە "ڕەعییەت"یان پێدەڵێن). هەورامییەکان بێ هیچ گومان و چەندو چوونێك ﴿گۆران﴾ن: لە ڕووی زمان و شێوەو ڕوخسارو کولتوورەوە، لە کورد جوداوازن و دەچنەوە سەر ﴿گۆران﴾(١٢٠). هەورامی لای کورد نێوی بە تێکۆشەری و کۆڵنەدەری و قارەمانێتی ڕۆیشتووە. ئەمە پێچەوانەی ئەو کەم بایەخییەیە کە کوردەکان بە گۆرانە وەرزێرەکانی شارەزووری دەدەن.

ب- زانای میسری شەهابەدیین ئەلعومەری، لە نووسینێکی ساڵی ١٣٤٣یدا سەبارەت بە کورد، سەرەتا باسی ﴿گۆران﴾ دەکات و دەڵێت: "لە کێوەکانی هەمەدان و شارەزوور گەلێکی کورد بە نێوی ﴿گۆران﴾ەوە هەیە (الگورانیة)، کە گەلێکی بەهێزو جەنگاوەرن و خەڵکەکەی لە سەربازو وەرزێر پێکهاتوون، (الجند والرعایا)"(١٢١).

ئەم سەرنجەی کۆتاییان، بیر بۆ لای سیستێمێکی دووتوێیی بە کێش دەکات.

ت- بۆچوونی شەرەفنامە لەبارەی ﴿گۆران﴾ەوە ڕوون نییە، بایەخێکی کەمی پێدەدات، بڕێکجار دوو واتاییش زاڵە، ڕەنگە بەهۆی سەر لێشێوان و لێتێکچوون و تێکەڵوپێکەڵکردنە باوەکەی نێوان هۆزەکان و میرنشینەکانەوە بێت. بەڵام هەر کات باسی ﴿گۆران﴾ دەکات، یا بە هۆز، یاخود بە هۆزەکان نێوی دەبات، ئەویش لە ڕێگەی واژەکانی تایەفەو عەشیرەتەوە. شەرەفخان لە پێشەکییەکەیدا دەنووسێت: هۆزەکانی کورد (تەوائیفی کورد) دەکرێنە چوار دەستەوە: کرمانج، لوڕ،

کەلهوڕو ﴿گۆران﴾(١٢٢)، کە لە ڕووی زمانەوانییەوە ڕاستە. سەیر ئەوەیە ﴿گۆران﴾ دەگەڵ هۆزەکاندا ڕستدەکاتو دەیخاتە ئاستی سێ دەستەکەی دییەوە، کە ئاستی هۆزی تەواوە.

پ- کۆنفیدراسیۆنی ﴿گۆران﴾ پڕمەتەڵۆکەترین دەستەو تاقمە. لەکن ئەوان خەڵکە نیشتەجێکە ژێرچەپۆکەی هۆزە ڕەوەندەکانی کۆنفیدراسیۆنەکە نین. وەك باسکرا، مەزنو سەردارانی کۆنفیدراسیۆنەکە خۆیان لە باڵە نیشتەجێکەن. بڕێك کەرتی کۆنفیدراسیۆنەکە، گردەبڕ کوردبوون، بۆ نموونە هەردوو لقەکەی جاف کە لە سەدەی نۆزدەهەمدا خۆیان لە هۆزەکەیان داپچڕاندو چوونە ژێر سایەی ﴿گۆران﴾ەوە(١٢٣). ئەوانە هێشتا هەر بە موسڵمانێتی ماونەوە، لە کاتێکدا هۆزەکانی دیو ناخێڵەکییەکانیش سەر بە ئاینی ئەهل هەقن. قەڵخانییە ڕەوەندەکان کە یەکێکن لە هۆە مەزنەکان، هەر بە ﴿گۆرانی﴾ دەدوێن. هۆزی نیشتەجێی تفەنگچیو بڕێك لە نیشتەجێ ناخێڵەکییەکانی دیکەی ﴿گۆران﴾، لە پێناوی یەکێك لە زاراوەکانی کوردیدا، کە لە کرماشانی دەچێت، دەستبەرداری زاراوەی ﴿گۆرانی﴾ بوون.

بنەچەی ﴿گۆران﴾ە ڕەوەندەکان لە تارماییدایە. ڕەنگە هۆزێکی کورد بووبنو پاشان چووبنە ژێر چەپۆکی ﴿گۆران﴾ەوە، تا دەستیان بە نواڵە زۆرو زەوەندەکانی قەڵەمڕەوی ﴿گۆران﴾دا بگات، (وەك چۆن دواتر جافەکانیش هەر ئاوهایان کرد)، پاشان هێدی هێدی زمانو ئاینەکەیان لە بۆتەی ئەواندا تواوەتەوە. یاخود دەشێت لە پێیشەوە ﴿گۆران﴾ی "ڕەسەن" بووبن. ئەمە دەبێتە پاڵپشتێکی دی بۆ ئەو باوەڕەی کە لە بنەچەدا پشکێك لە ﴿گۆران﴾ هۆزئاسایی ڕێکخرابوو.

ئەو ڕاستییەی کە قەڵخانییەکان هەر بە سەرزارەکی ئەهلی هەقن(١٢٤)، دەشێت بەلای شیمانەی یەکەمدا دایبشکێنێتەوە، بەڵام دەبێت ئەوەش بڵێین کە ڕەوەندە موسڵمانەکانیش، تەنها بەسەرزارەکی موسڵمانو زۆر خۆ لە دابو نەریتە ئاینییەکان ناگەیەنن. قەڵخانییەکان شێوەگۆرانییەکی ئاواز دیارو ناسراویان هەیە، کە لە ئاوازی هەورامی دەچێت، بەڵام دەگەڵ گۆرانیو ئاوازی هۆزە کوردەکانی دیدا کەمتر وێکچوونیان هەیە. ئەو شەقڵو خەسڵەتە کولتووریانە زێتر لە ﴿گۆران﴾ەکانیان نێزیك دەخاتەوە، وەك لە کوردەکان.

تا سەرەتای ئەم سەدەیەش، لقە ڕەوەندەکانی کۆنفیدراسیۆنی ﴿گۆران﴾ لەوڕۆ زێتر بوون، بە ژمارە هێندەی باڵە نیشتەجێکەی دەبوون(١٢٥). کەواتە دەشێت بەرلەوە، ژمارەی بەشە ڕەوەندەکە هێجگار زۆرتر بووبێت، یانی زاڵیی باری دیمۆگرافیی ڕەوەندەکان، بەر بەو بۆچوونە دەگرێت، کە ئەوانە کوردی گۆراندرێنروبن. ئا بەو چەشنە، من پێموایە ئەوە نیشانەو پشتگیرییەکی دیکەیە بۆ ئەو لێکدانەوەیەی، کە بنەچەی ﴿گۆران﴾ دەستەو تاقمی خێڵەکی ڕەوەند بوون(١٢٦).

## ٢-١٢-١ پێوەندی نێوان گۆرانو ﴿گۆران﴾

لەو هەڵشێلانانەی لەمەوبەرەوە، پشتبەستوو بە سەرچاوە چاپکراوەکان، دەتوانین مێژووی ﴿گۆران﴾ ئاوەها پوختەکەین: لایەنی کەم لە سەدەی چواردەهەم بە دواوە، لە باشووری کوردستاندا میللەتێك دەژی کە لە باکووری نێوەندی ئێرانەوە بۆ ئەوێ ڕەویکردووە، زمانەکەی سەر بە لقی باکووری خۆرئاوای زمانە ئێرانییەکان بووە، میللەتەکەش نێوی ﴿گۆران﴾ بووە. لە ڕووی زمانو کولتوور و شێوەو ڕوخسارەوە، لە کورد جوداواز بوون. لەکن ئەو میللەتەش، لەپاڵ وەرزێرەکاندا، لێرەو لەوێ، کۆمەڵێك خێڵەکی هەبوون کە توێژێکی دەستەڵاتدارو هێزێکی سوپاییان پێکدەهێنا. بەڵام ئەوەی ڕوون نییە ئەوەیە داخۆ ئاژەڵدارە ڕەوەندەکانیش سەر

به کۆمەڵە خێڵەکییەکە بوون یان نا. پێدەچێت ئەو ﴿*گۆران*﴾ە چیانشینانە دەگەڵ کوردەکاندا هێند وێکچوونیان هەبوو بێت، کە نەك تەنها مێژوونووسی کورد شەرەفخانی بەتلیسی، بەڵکە مێژوونووسی میسرییش ئەلعومەری، بە کوردیان حسێب بکات. لە دەمەدەمی کۆتایی سەردەمی مەغۆلەکاندا، کابرایەکی بێگانە پێیان، کوردێك (؟) بە نێوی بابە ئەردەڵانەوە(١٢٧)، دەیانخاتە ژێر فەرمانڕەوایی خۆیەوە، سەرەتا تەنها لە شارەزووردا، لێ پاشان بەرۆگرەکانی دەستەڵاتی خۆیان بەسەر ﴿*گۆران*﴾و کوردەکاندا بەرینترو فراوانتر دەکەن. تا لە قۆناغەکانی پاشتردا، هێدی هێدی هۆزە کوردە بێگانەکانی ئاقارەکانی دی(١٢٨)، جێگە بە توێژە دەستەڵاتدارەکەی ﴿*گۆران*﴾ لێژدەکەن و کەناریان دەخەن، هەر ئەو دەمانە نێوی *گۆران* واتای "*وەرزێر*"ی بەباڵا دەبڕرێت.
ئەمە دەڤەرێکی هێجگار پان و بەرینی گرتەوە، هەتا لەوپەڕی ژوورووش، لە مەڵبەندی هەرکی یە ئێرانییەکانیش (لە خۆرئاوای وورمێ) وەرزێرەکان نێونران گۆران(١٢٩). ئەم دیاردەیە ئەو سەرئەنجامەی لێدەپرینگێتەوە، کە دەبێت ﴿*گۆران*﴾ەکان بە نێوچەیەکی هێجگار بەرفراواندا بڵاوبووبنەوە، (یاخود تەنها نێوەکە، بەسەر بڕێك دەستەوتاقمی دیکەی ژێردەستخراودا سەپاوە). ئەو ڕاستییەی کە زمانەیەکی ئاخێوەری ﴿*گۆرانی*﴾ گەیشتۆتە کن کەندوولە، کە دەکەوێتە دۆڵێکی باکووری خۆرهەڵاتی کرماشانەوەو سی و پێنج میل لێیەوە دوورە، ئەوە دەگەیەنێت کە تا ڕادەیەك بە مەودایەکی بەرین بەرەو خۆرهەڵات کشاوە، (ئۆسکار مان لەو زاراوە کۆڵیوەتەوە). ئەلعومەری باسی ﴿*گۆران*﴾ی شارەزوورو هەمەدان دەکات. ﴿*گۆران*﴾ەکانی هەورامان هەرگیز ژێر چەپۆکەی کورد نەبوون. ڕەنگە کۆنفێدراسیۆنی ﴿*گۆران*﴾ (کە ئێستاکە پێیناوەتە قۆناغی هەڵوەشاندنەوەوە)، زادەی میرنشینێکی لە ڕەچەڵەکەوە ﴿*گۆران*﴾ بووبێت، بە بەشداری و ئالیکاری بڕێك کورد.

٢-١٢-٢ تایبەتمەندییە ئاینییەکانی ﴿*گۆران*﴾

کۆنفێدراسیۆنی ﴿*گۆران*﴾ لە ڕوویەکی دیشەوە مەتەڵۆکەیەکە. (جگە لە چەند خێڵێکی کەمی نەبێت، کە تا ڕادەیەك درەنگ تێکەڵیبوون)، ئیدی گشت ئەندامانی، سەر بە ئاینی ئەهلی هەقن. ئەهلی هەق توولێکی توندڕەوی شیعەگەرییە. توندڕەوییەکەی لەوەدایە کە چیدی فڕی بەسەر ئیسلامەوە نەماوە. گوایە ئەم ئاینزایە لەلایەن سوڵتانی ساقەوە دامەزراوە، کە بابی (موسڵمان و سەییدێکی نەوەی پەیامبەر بووە)، لە هەمەدانەوە هاتووەو لەسەرەتای سەدەی چواردەهەمدا لە هەورامان نیشتەجێبووە. سوڵتانی ساق یەکەمینجار لە هەورامانەوە دەستی بە بانگهەڵدانی ئاینەکەی کردووە، دێرینترین پیرۆزگەکانی ئاینزاکەش هەر لەوێن. گەلەك لەو ڕازو نیازانەی بە هەڤۆتی سوڵتانی ساق دانراون، زۆر پێش سەردەمی ئەویش هەر هەبوون و سامانی ئاینیی هاوبەشی ژمارەیەك ئاینزای دیکەی نیچوچەکەن، (Muller، ١٩٦٧). بۆ نموونە ئەم ئاینزایە شوێنەواری زۆری هەڤۆتی ئیسماعیلییەکانی پێوە دەچریسکێتەوە (Ivanow، ١٩٥٣) یەکێك لە ڕێچکە دێرینەکانی ئەو ئاینە، لایەنگرێکی فرەی لە لوڕستان هەبووە. هۆزانڤانی نێودار، بابە تایەری عوریان (کە لە هەمەدان نێژراوە) بە بەرپرسیاری ڕەوتی ئەو قۆناغەی ئاینزاکە دادەنرێت. بە بانگاشەی ئەوەی کە سوڵتانی ساق خەڵکی هەمەدان بووە، تاڵێ پەیوەندییەك دەگەڵ ئەو قۆناغە دێرینەدا ڕایەڵدەکرێت. وا پێدەچێت ﴿*گۆران*﴾ەکان یەکەوڕاست هەڤۆتەکانی ئەو ڕێڕەوە ئاینییەیان پەسەندکردبێت، بەڵام دەیلەمییەکان (کە بنەچەی ئەو ﴿*گۆران*﴾انە، ئەگەر لقێکی خزمیشیان نەبووبێت، ئەوا پەیوەندییەکی توندو تۆڵی دەگەڵیاندا هەبووە)، مەیلیان زێتر بەلای شیعەگەرێتیدا سەریکرد، تایبەت کەوتنە ژێر تاوی ئیسماعیلی یەکانەوە(١٣٠). ئا لەو سۆنگەیەوە ڕەنگە هەڤۆتە نوێکە تەنها داڕشتنەوەیەکی ئەو ڕازونیازانە بووبێت کە تازەکی وەرگیرا بوون.

لە باکووری کوردستانیش برێك کۆمەڵگە هەن، کە هەقۆتە ئاینییەکانیان وێکچوونی زۆریان دەگەڵ ئەوانەی ئەهلی هەقدا هەیە. لە نێوەندی تورکیادا چەندین ملوێن زڕە شیعەی (قزڵباش یاخود عەلەوی) کوردو تورك هەن. بەو هۆیەوە کە لە تورکیا ئاین هەمیشە سەرکوتکراوبووە، ئەو ئاینەش قەت دەرفەتی ئەوەی نەدراوە، وەك لە ئێرانی هاوسێیدا بووە ئاینی ڕەسمیی دەوڵەت، لێرەش بچێتە قاڵبی داوو دەزگەیەکی ڕێکخراوی سەقامگیرەوە. لەو سۆنگەیەوە مەیلو ئارەزووی توندڕەوانە هەر لە ئارادایە. تایبەت لە نێوچە دەستپێدانەگەیشتووەکانی دەرسیمدا، هێشتا زرپو زیندووە(١٣١). گەلەك بیرو بۆچوونیان، هەقۆتەکانی ئەهلی هەقەکانی داڵەهوو دەهێننەوە یاد:

- باوەڕبوون بە خودایەتی عەلی، کە ئامۆزاو زاوای پەیامبەر بوو. (هەڵبەت موسڵمانە سوننییەکان عەلی تەنها وەك چوارەهەمینو دواهەمین خەلیفەی یاسایی ئیسلام دەناسن. بەڵام بەلای شیعەکانەوە یەکەمین ئیمامو تاقە بەرۆگری ڕاستەقینەی محەمەد بووە).
- باوەڕهێنان بەوەی کە کەونو جیهان بە گشت بوونەوەرێکییەوە نیشانەیەکی نەگۆڕی ئێزادنێکی بەتوانای کارامەو کارخەملێوی بێ کەموکووڕی تاكو تەنهایە. (ئەمە یەکێکە لە هەقۆتە بنەڕەتییەکانی ئیسماعیلییەکان).
- باوەڕبوون بە دۆنادۆن.
- لە کۆڕی ئەنجامدانی نەریتە ئاینییەکانیاندا کە (جەم)ی پێدەڵێن، ئیماندارەکان لەسەر ئاوازی ئامێرە ژێدارەکان، سروودی سۆفیانە دەخوێنن، (ئەو ئامیرانە لە داڵەهوو تەمبوور، لە تورکیا سازو لە دەرسیم بەغڵەمەیان پێدەگوترێت). سازو ئاوازی مۆسیقای هەردوك دەستەکە، نێزیکیو وێکچوونیان زۆرە.
- لە هەردوو مەڵبەندەکەدا ئەفسانە ئاینییەکان هەمان نێوەڕۆکیان هەیە(١٣٢).
- زۆربەی ئەو کوردانە دەرسیم بە زازا دەپەیڤن، (کە خۆیان دملی پێدەڵێن، ئەمەش هەمدیسان دەیلەم دەهێنێتەوە یادمان(١٣٣))، ئەو زاراوە زێتر لە ﴿*گۆرانی*﴾یەوە نێزیکە، وەك لە زاراوەکانی باکووری کوردستانی خزمی.

برێك وێکچوونی کولتووری دیکەش هەن: بۆ نموونە ﴿*گۆران*﴾ەکان، بە تایبەتو پلەی یەکەم هەورامییەکان، هەروەکی دانیشتووەکانی دەرسیم، خۆیان زۆر چاكو سەرکەوتووانە دەگەڵ دەوروبەرو سروشتە سەختە ڕژدو زەردو نالەبارەکەدا (کە وێکچوونی زۆری دەگەڵ دەیلەمی نێوەندا هەیە)، گونجاندووە. بەوە لە کوردەکانی دی جودا دەکرێنەوە، کە باخەوانی دەستڕەنگینو هونەریان لە باخ دروستکردندا نواندووەو باخی هێجگار پێشکەوتوویان داهێناوە. مرۆڤ دەتوانێت ئەو هەموو لێکچوونانە بگێڕێتەوە بۆ چاوگەیەکی هاوبەش، کە دەشێت دەیلەمی بێت. گەر بەو پێیە بێت، دەشێت زازاکان لە زێدی ڕەسەنی خۆیانەوە بەرەو خۆرئاوا ڕەویانکردبێت، ﴿*گۆران*﴾ەکانیش بەرەو خوارووی خۆرئاوا ملیان نابێت. وەلێ ئەم گریمانەیە هێشتا دەلاقەی زۆری تێدایە:

أ- هەورامییەکان کە لەحاند تینو تاوی دەرەکیدا هێجگار قەپێلك داخراوو دابڕاون، موسڵمانی سوننی خاوەن ئیمانو قەت نەبیستراوە سەر بە ئەهلی هەق بووبن، لەگەڵ ئەوەشدا کە سوڵتانی ساق زۆربەی ژیانی لە هەورامان بەسەربردووەو هەر لەوێش مردووە، لێ شاگردو موریدە هەر نێزیکەکانی، خوارتر لە داڵەهوو نێژراون، کە ئاقاری ئەوڕۆکە کۆنفێدراسیۆنی ﴿*گۆران*﴾ە.

ب- هەر بەو پێودانگە، زۆربەی هەرە زۆری ئاخێوەرانی زازاش موسڵمانی سوننین نەك عەلەوی، زازا عەلەوییەکان کەمینەیەکی کەمن(١٣٤).

ت- هەڤۆتە ئاینییەکانی ئەوڕۆی عەلەوییەکانی ئەنەدۆڵ، تا ڕادەیەکی زۆر کەوتوونە ژێر تین و تاوی بەکتاشێتی‌یەوە. حاجی بەکتاش سۆفییەکی ڕەمەکی بوو، لە سەدەی سێزدەهەم یاخود چواردەهەمدا کایەیەکی گەورەی لە ئەنەدۆڵدا دیتوە(*). ئەو ئەفسانانەی لەبارەیەوە دەگێڕدرێنەوە وێکچوونی زۆریان دەگەڵ ئەوانەی سوڵتانی ساقدا هەیە، کە بە نێزیکە لە هەمان سەردەمدا ژیاوە، بەڵام هەزار میلێك لێیەوە دوور بووە. سەیر ئەوەیە حاجی بەکتاش لەکن ئەهلی هەق ناسراوەو هەتا بڕێکیشیان هەر بە سوڵتانی ساقی خۆیانی دەزانن(١٣٥). ئەمە بەڵگەیەکی ڕوونە بۆ ئەوەی کە پێوەندیی و کاریگەرێتی لە نێوان زازاو «گۆران»دا هەر بەردەوام بووە، هەتا ئەو دەمەش کە «گۆران»ەکان ئیدی دەیلەمی زێدی خۆیان بەجێهێشتووە(١٣٦).

لە نێوان مەڵبەندی سەرەکیی زازاو «گۆران»دا، چەندین کوت زمانەی ئاینی و زاراوەی جودا دەبینین، کە دوور نییە لە کۆندا جەمسەری پەیوەندیی نێوان هەردوو مەڵبەندەکە نەبووبن. لە خوارووی کەرکوكدا کۆمەڵگەیەکی گەورەی ئەهلی هەق هەیە کە کاکەیین و بە یەکێك لە زاراوەکانی «گۆرانی» دەدوێن(١٣٧). زمانەیەکی دیەکەی ئاخێوەرانی «گۆرانی» باجەلانی‌یەکانن، تیرەیەکن پشکی زۆری مەڵبەندەکەیان دەکەوێتە باشووری مەڵبەندی «گۆران»ەوە، جگەلەوێ، بڕێکیشیان لە نێوچەی خانەقین و دەستەیەکیشیان لە باکووری خۆرئاوای موسڵ دەژین. هەرچەندە خۆیان سوننیین، لێ هێشتا بڕێك شەقڵی تیژڕەوانەی شیعەگەرێتییان پێوە دەزەقێتەوە. هاوسێی ژێرووی باجەلانەکانی موسڵ، شەبەکە گومڕا، لە دین وەرگەڕاوەکانن، بەڵام هاوسێکانی ژوورووی خۆرهەڵاتیان «گۆران»یان پێدەگوترێت، ئەمانە بە نێو سوننین، لێ بە یەکێك لە زاراوەکانی «گۆران» دەپەیڤن(١٣٨). دەبێت لەم بوارەدا ئێزیدی‌یەکانیش لەیادنەکەین. پێدەچێت ئەمانە داب و نەریتی زۆر ئاینی جۆراو جۆریان خواستبێت، لایەنی کەم دەگەڵ ئەهلی هەقدا بڕێك باوەڕی ئاینیی چوونیەکیان هەیە(١٣٩).

لە ئاکامی ئەو ڕاستییەوە کە کۆنفێدراسیۆنی «گۆران» لە ڕاستەڕێی ئاین لایداوەو ملی بە گومڕاییەوە ناوە، هەندەك لێکۆڵەرەوە نێوەکەیانی گێڕاوەتەوە سەر گەبر، "زەردەشتی" (گەبر-ان، گەوران، گۆران). گوایە لەشکرە داگیرکەرەکەی ئیسلام ئەو نێوەی لێناون. دیارە ناتوانرێت بەرپەچی ئەو شیمانەیە بدرێتەوە، چونکە لایەنی کەم لە دەقێکی کوردیدا نێوەکە بەو واتایە بەکارهێنراوە. هەرچەندە بەڵگەی فرەی ئەوتۆیی لەبەر دەستاندا نیین، کە پێوەندیی نێوان ئەهلی هەق و زەردەشتی بسەلمێنن(١٤٠).

مێنۆرسکی بیانووی زۆری هێناوەتەوە، بۆ ئەوەی بتوانێت ووشەی «گۆران» بۆ سەر چاوگەی گاڤبارەکان ((گاسوارەکان)) بگێڕێتەوە. ئەمەش هەمدیسان بەڵگەیەکی دی پەیوەندییانە بە نێوچەکانی دەوروبەری دەریای قەزوێنەوە(١٤١). دیارە ئەو لەو باوەڕەدا بووە، کە ئەو ووشەی گۆرانەی لەلایەن جوگرافیاناسە کۆنەکانەوە نێوبراوە، دەگەڵ کۆنفێدراسیۆنی ئەوڕۆکەی «گۆران»دا چوون یەکن و نێوەکە لە ووشەی "گاڤبارەکان"ەوە هەڵگۆزراوە. بەڵام وەرزێرە گۆرانە ژێرچەپۆکخراوەکان، هیچ پەوەندییەکیان بەوانەوە نییەو نێوەکەی ئەمانە، لە ووشەی "گەبر"ەوە هەڵهێنجراوە(١٤٢).

---

(*) حاجی بەکتاش وەلی ساڵی ١٣٤٧ کۆچی دوایی کردووە.

زۆر ڕێیتێدەچێت «گۆران»و گۆران لە دوو تۆرەمەی جوداواز کەوتبنەوە. بەڵام لەبەر ڕۆشنایی ئەو ماتریاڵە پێشچاوخراوانەدا، ئەستەمە بتوانرێت پەیوەندیی وەرزێرە گۆرانەکانی شارەزوور بە کۆمەڵگەی ئاخێوەرانی «گۆران»یەوە، یاخود لایەنی کەم بە هەندەك دەستەو تاقمی کۆنفێدراسیۆنی «گۆران»ەوە، پووچکرێتەوە.

### ٢-١٢-٣ داخۆ «گۆران»ەکان چۆن کوردێکن؟

بەلای نەتەوەپەروەرانی کوردەوە، یەك تۆزقاڵ گەردی گومان بەسەر ئەو ڕاستییەوە نییە، کە «گۆران»ەکان‌و (هەورامی‌و زازا) کوردن. لێ زمانەوانانی وەکی Oskar Mann و Hadank و MacKenzi بە هەمان پێداگرتن‌و سووربوونەوە، بەرپەرچی ئەو جۆرە بۆچوونانە دەدەنەوە. پێدەچێت گەلەك ڕێڕەوو ڕێبازی جوداواز هەبن، بۆ سەلماندن یاخود هەڵوەشاندنەوەی ئەو بڕیارەی داخۆ کێ کوردەو کێ کورد نییە. زۆرجار پێناسەکردنی زاراوەکانی وەکی "نەتەوە، گەل" یاخود "ڕەگەزێك"، بەهۆی بڕیاردانی پێشکەکی‌و نەخستنیە بەر ڕێژنەی گومانەوە، بۆچوون‌و بڕیاری وای لێدەکەوێتەوە، کە کۆمەڵێك بە نەتەوە دابندرێت‌و کۆمەڵێکی دی ئەو خەسڵەتەی لێزەوتکرێت. ئیدی پێناسەکە وا دادەڕێژدرێت کە ئەو حاڵەتە تایبەتە بگرێتە خۆ. وەلێ کەس ناتوانێت نکۆڵی لەوە بکات کە ئا ئەو جۆرە بڕیارە کورتبین‌و سەرپێیانە، زادەی تاسەو ئارەزوویەکی پەتین.
هەڵبژاردنی پێناسەیەکی دیاریکراو، دەشێت ئاکامی سیاسی ئاڵۆزی لێبکەوێتەوە، بۆ نموونە وەك هەڵوێستی دەوڵەتیك، پارتێك، یاخود ڕێکخراوانێکی دی، بۆ کارکردنە سەر کێشەی میللەتێك. ئایا بڕێك پێناسە ڕەواتر، یاخود شیاوترن لە هەندێکی دی؟ حاڵەتێکی ئاوەها تەماوی‌و شلۆیی وەکی گۆران‌و «گۆران» ڕەنگە بتوانێت بڕێك لایەنمان بۆ ڕوونکاتەوە. پێناسەی زاراوەکی وەکی "نەتەوە، گەل" کولتورێکی هاوبەش دەگرێتەوە (کە دیارە لە تەك هەندەك شتدا زمانێکی هاوبەشی گەرەکە)، خاکێکی هاوبەش‌و مێژوویەکی هاوبەش دەگرێتەوە. وەك هیچ یەك لەو پێوەرانە بە تاك‌و تەنها، بەشی هێندە ناکات کۆمەڵێکی پێ بکەیتە "نەتەوە، گەل"، ناشبێت هێجگار دەستی لێداگیرێت‌و بەرتەنگ بکرێتەوە. بۆ نموونە هیچ نەتەوەیەك نییە کولتوورێکی تەواو تەواو هاوبەشی هەبێت. لە هەر کوێ دەڕوانیت، کۆمەڵێك کولتووری تێکەڵەی فرەچەشن لە ئارادان، کە کولتووری تێکڕای چینەکان‌و پیشەو ئاینەکان... هتد ڕەنگ پێدەدەنەوە. دیارە بڕێك پێناسە هەن، بەر بەرینترن.
ئایین یەکێکە لەو دیاردە کولتوورییانەی، کە لە خۆرهەڵاتی نێوەندا بایەخێکی هێجگار گرنگی هەیە. بۆ نموونە زۆر کوردی موسڵمان، ئێزیدییەکان هەر بە کورد نازانن، تەنها لەبەر ئەوەی ئەوان ئاینێکی جوداوازیان هەیە. مارکسیستەکان بەر لەوەی کۆمەڵێك بە نەتەوە حسێب بکەن، لە بنەما ماددییەکە دەڕوانن کە بۆ یەکێتی کۆمەڵگەکە بە پێویستی دەزانن. لێرەدا دەبێت پێناسەکەی ستالین بهێنینەوە یاد، کە سەبارەت بە کورد، زۆر گرنگە. لەبەر ڕۆشنایی ئەو پێناسەیەدا بوو، زۆر لە پارتە مارکسیستەکان، خەسڵەتی نەتەوەیەکیان لە کورددا بەدینەدەکردو ماف چارەنووسیان پێڕەوا نەدەدیت. چونکە پێناسەکەی ستالین سەبارەت بە نەتەوە، لە تەك کولتوورو خاك‌و مێژوویەکی هاوبەشدا، ئابوورییەکی هاوبەشی یەکگرتووی ڕاستەقینەو پێوەندییەکی ئابووری توندو تۆڵ لە نێو خودی ئەندامانیدا، نەك دەگەڵ دەرەکییەکاندا، بە پێویستییەکی بنەڕەتی دادەنێت(١٤٣). (لەپاڵ هەندەك هۆکاری دیدا، مەبەستی سەرەکیی ئەو پێناسەیە ئەوەبوو، کە پلەوپایەی "میللەت" بە بالای جووە ڕووسەکان نەبڕدرێت‌و ئەو خەسڵەتەیان لێداماڵدرێت).

دیاره بەلای کۆمەڵناسێکەوە ئەو پێوەرانە بە تەنها هەموو شتێك نین و بەشناکەن: پرسیاری گرنگ ئەوەیە داخۆ ئەو کۆمەڵە خۆی بە یەکەیەك دەزانێت و بەو شێوەیە ڕەفتارو هەڵسوکەوت دەکات. یانی تەنها خۆی لە خۆیدا گەل نەبێت، بەڵکە خۆشی بۆ خۆی خۆی بە گەلێك بزانێت و ئەو هەستەی لە دەروونـدا ڕسکابێت.

کەواتە با بگەڕێینەوە بەلای کۆنفێدراسیۆنی «گۆران»ەوە: ئایا دەتوانرێت بە کورد دابنرێن یان نا؟ بەپێی پێوەری زمان، بڕێك لە هۆزە ئەندامەکانی بەکورد حسێب دەکرێن، هەندێکیشیان بەکورد دانانرێن.

هەر بەو پێیە دەشێت لە ڕووی مێژووییشەوە بڕێك هۆزیان لە ڕیزی کورددا دابنرێن و هەندێکیشیان ناشێت. ئەو بەرامبەرێنە دوو پەلکەییەی کە گوایە (بڕێك لە ئاخێوەرانی «گۆرانی» کوردێنراون و دوورنییە لە قۆناغەکانی پێشینیاندا بە هەمان شێوە، کوردیش نە گۆراندرێنرابن)، نەشیاوو نەگونجاون و پێکەوە نالکێن.

پێوەری ئاینی، سێ جاران «گۆران» کوتکوت دەکات: ئەهلی هەق کە بە کوردی و «گۆرانی» دەئاخێون، موسڵمانە سوننیەکان بە کوردی دەدوێن و ئەمانە کوردی ڕەسەنن، شیعە کورد زمانەکان.

پێوەری ئابووری، گۆران دەکاتە بەشێك لە کورد، یاخود بەشێك لە کۆمەڵگەیەك. چونکە کۆنفێدراسیۆنەکە خۆی، چیدی یەکەیەکی توند تێکئالاو نەماوە، پەیوەندی ئابووری توندو تۆڵیان زێتر دەگەڵ هاوسێ کوردەکانیاندا هەیە.

پێوەرە یەکلایەنە ناقۆڵاکان دەتوانن لەبەریەکیان برشەوێننەوەو لێکیان دابڕن. هەرچەندە زۆر «گۆران» خۆ بە کورد دەزانن، لێ تاوەکو کۆتایی ساڵانی حەفتاش، پڕوپاگەندەی نەتەوەپەروەرانی کورد، نەیهەژاندن و نەیبزواندن. هەتا زۆربەیان بووبوونە چریکی ڕژێمی شاو پاسی کوردستانی ئێرانیان بۆ دەکرد. چونکە خۆیان لە مەسەلەی کورد نەدەگەیاند، ئیدی جێگەی بڕواو متمانەبوون. دیارە بەچاوی سووك لەیەکدی ڕوانینی موسڵمانان و ئەهلی هەق، کایەیەکی گرنگی ئالەو هەڵوێستەدا هەبووە.

### ٢-١٢ ڕەوەندو وەرزێرەکان – گەلێك یاخود دوو گەل؟

هیچ گومان لەوەدا نەماوە کە وەرزێرەکان گۆرانەکانی دەڤەری سلێمانی و کوردە خێڵەکییەکانی ئاغایان، لە دوو تۆرەمەی ڕەگەز جوداواز کەوتوونەوە. هەرچەندە ناکرێت بەر بەو شیمانەیەش بگرین، کە دەشێت گشت گۆرانەکان لە ڕەچەڵەکی «گۆران» بن و گشت خێڵەکییەکانی پارچەکانی دیکەی کوردستانیش هەر ئاوها بێت. وەلێ ئەگەر لەوەوە ئەو سەرئەنجامە پوختەکرێت، کە گوایە گشت لە گشتی کورد، بە ڕەچەڵەك ڕەوەند بوون و خاك و مەفتەنی خەڵکە نیشتەجێ دێرینە ناخێڵەکییەکانیان داگیرو زەوتکردووە، هەڵەیەکی گەورەیە. هەڵەیەکی دیکە ئەوەیە وا دابنرێت، کە وەرزێرەکانی ئەوڕۆ خێڵەکییەکان، وەچەو نەوەی ئەو دوو ڕەچەڵەکە جوداوازەن. جارێ ئەستەمە بڕوابکرێت کە تەواوی گەلێك، تەنها لە ڕەوەندی ئاژەڵدار پێکهاتبێت. هێجگار دژوارەو زۆر سەختیشە مرۆڤ بتوانێت تەنهاو تەنها بە بەروبوومی ئاژەڵ بژێت. ڕەوەندەکان هەمیشە پەیوەندییان دەگەڵ جووتێرە نیشتەجێکاندا هەبووە، جا ئیدی ئەو پەیوەندییە لە ڕێگەی ئاڵ و وێڵەوە بوو بێت، یاخود لە ڕێگەی ڕاوو ڕووتەوە، ئەوا پێویستییەکانی ژیان و گەلەك شتی دیکەی کەمبایەختریان پێ دابینکردووە.

میدییەکان کە ڕەنگە لەتەك کۆمەڵێك نەتەوەی دیکەدا، یەکێك لە گرنگترین ڕەگەزەکانی بەرەبابی کوردبن، بەپێی ئەو زانیارییانەی لەبەر دەستاندان، ئەوانیش ڕەوەندو نیشتەجێبوون. ڕەوەندەکانیان شەڕکەرو جەنگاوەربوون،

شێوەی ژیانیان شیاوی ئەو ئەرکە بووەو بۆ ئەنجامدانیشی کاتی بۆ پاشەکەوت کردوون، بەوەی ئەرکی هەرە گرنگی جووتێرە نیشتەجێکان، بژێوپەیداکردن و تێرکردنی سکی لەشکرەکە بووە.

جەنگاوەرە خێڵەکییە ڕەوەندەکان و وەرزێرە نا خێڵەکییە وابەستەکان، بڕێکجار وەکی تاقمێکی قەپێلك خڕداخراو پێشچاودەخرێن، تایبەت لەلایەن ئەندامەکانی خۆیانەوە. لەو دەساڵانەی دواییدا، چەندین لێکۆڵینەوە دەریانخستووە کە شوورەی دەوری نەتەوەو دەستەو تاقمەکان، لە زۆر کەنارو قوژبنی دنیادا، هێجگار بەو ڕادەیەش کونبڕ نین. بەو پێیە، هیچ دوور نییە کە شوورەی دەوری دەستەو تاقمەکانی کوردستانیش هێجگار ئاوەها قەبەو قووچ و داخراو نەبووبێت وەکی ئێستەکە پێی لەسەردادەگیرێت. هەرچەندە بەڵگەنامەی ڕاستەوخۆی کەم لەبەردەستاندان، لێ ئەم سەرنجدانانە هێند بەڵگەی ناڕاستەوخۆیان لێدەچریسکێتەوە، کە سەرئەنجامێکیان لێپوختەکرێت و بگوترێت درزو دەلاقەی نێوان خێڵەکی و ناخێڵەکی، بەردەوام دراونەوە دەم یەك و پێکەوە لکێندراونەوە.

أ. گەلەکجار ڕەوەندە هەژارکەوتووەکان، لە نەداری و ناچاریدا نیشتەجێ دەبن و مل دەبەر وەرزێری دەنێن. دیارە تەنها بە ئاژەڵداری ناتوانن بەڕێوەبچن، چونکە بۆ دابینکردنی ژیانیان پێویستیان بە ژمارەیەکی تەواو ئاژەڵ هەیە، (کەمترین ژمارە بە ۸۰ تا ۲۰۰ سەرێك دەقرسێندرێت).

Rich ساڵی ۱۸۲۰ تێکڕای هۆزی جاف بە گشت بنەماڵەو تیرەو تایەفەکانییەوە، بە ۱۰ هەزار ڕەشماڵێکی ڕەوەندو ۳ هەزار خێزانێکی نیشتەجێ دەخەملێنێت. (Rich، ۱۸۳٦، I، ل۱۷۷). ساڵی ۱۹۲۰ ژمارەی نیشتەجێبووەکان زۆر هەراوتربووە، لێ وەکی Edmonds سەرنجیداوە، ئەوە ژمارەیەکی گردەبڕ نەبووە. زۆر خێزانی نیشتەجێبوو، هەر لەگەڵ دەرفەتیان بۆ ڕەخساوە، یاخود وایانهەستکردووە کە هەلەکە لەبارترە، سەرلەنوێ لە ژیانی کۆچەرایەتی تێهەڵچوونەوە (Edmonds، ۱۹۵۷، ل۱۳۹-۱۵٦). ئەمبەرو ئەوبەرێکی بەردەوام لە ڕیزی هۆزەکەدا لە ئارادابووە، بڕێك کۆچەر نیشتەجێ دەبوون و هەندەك نیشتەجێش دەبوونەوە کۆچەر. هەندەك هۆزی دی هەر بە تەواوی نیشتەجێبوون. Rich لە ڕستکردنی نێوی هۆزەکانی مەڵبەندی سلێمانیدا، نێوی بڕێکیان دەهێنێت، (Rich، ۱۸۳٦، ل۲۸۰-۲۸۱). هەڵبەت شیرازەی خێڵەکییانەی ئەو جۆرە هۆزە نیشتەجێبووانە، هێدی هێدی خاودەبێتەوە، تایبەت گەر لەلایەن هۆزێکی دییەوە ژێر چنگۆڵەخرابن (تیرەکان تا ڕادەیەکی زۆر ئەرکە سیاسییەکەیان لە دەستدەدەن). بۆ نموونە پلەو پایەی زۆر لەو هۆزانەی پشدەرییەکان ژێردەستەیانکردن، وەکی پلەوپایەی مسکێنە ژێردەستکراوەکانی لێهات، خشت وەکی ئەوان بوونە پشکێکی وابەستە لە سیستەمێکی فیۆدالانەدا.

ب. لەلایەکی دییەوە پێدەچێت وەرزێرە ناخێڵەکییەکان چ بە تاکە تاکەو چ بە کۆمەڵ، دابیانەپاڵ هۆزە دەستەڵاتدارەکان. ئەو هۆزە نوێیانەی کە لەناکاو قوتدەبوونەوەو ژمارەیان بە خێرایی زیادی دەکرد، دەبێت لەلایەکەوە ئەندامی نوێیان تێڕژابێت. بۆ ئاغای هۆز ئەستەم بوو بتوانێت گشت پیاوە شەڕکەرە پێویستەکان، تەنها لە تۆرەمەی هۆزەکەی خۆی مسۆگەر بکات. Rich دەربارەی سیوەیلییەکان دەڵێت: "هەرچەندە گومان لە پاکیی نەژادیان دەکرێت، لێ ئیدی ئێستاکە هۆزێکن و خۆ لە تێکەڵی وەرزێران دەبوێرن". (Rich، ۱۸۳٦، I، ل۲۸۰).

لە ڕاستیدا، ساڵی ۱۸۲۰، ئەودەمەی لە شارەزووردا گۆڕانەکان چوار پێنج هێندەی خێڵەکییەکان دەبوون (سەرچاوەی پێشوو، ل۱۷۷)، لە ۱۹۲۰دا، وە Edmods دەگێڕێتەوە، سێچارەکی دانیشتوانی دەڤەری

هەڵەبجە (کە چەقی شارەزوورە) سەر بە هۆزی جاف بوون. ڕاستە، لەسەروەختی ئاژاوە سیاسییەکانی دەوروبەری ساڵی ١٨٣٠داو بە تایبەت لە کاتی بڵاوبوونەوەی دەردو پەتا کوشندەکەدا، گەلەك وەرزێر مەڵبەندەکەیان جێهێشت و بۆ نێوچە دوور لە دەردو بەڵاکان هەڵهاتن، (Fraser ١٨٣٤ سەری ئەو دەڤەرەی داوەو ئەو ڕاستییە دەسەلمێنێت)(١٤٥). لەگەڵ ئەوەشدا ژمارەی کەسانی سەر بە هۆزەکان لەچاو سەرجەمی دانیشتووان‌دا بە ڕادەیەکی ئەوتۆ زێدیانکرد، کە باوەڕ بهێنین بەوەی ژمارەیەکی هێجگار زۆری جووتێران لە سەردەمی پشێوو هەڵلاکانی سەدەی پێشوودا، دابیانەپاڵ هۆزەکان و بووبنە پشکێك لەوان(١٤٦).

پێشتر پەنجەم بۆ ئەوە ڕاکێشا کە گەلەك سەرەکهۆز لە ڕەچەڵەکێکی بێگانە کەوتوونەوە. مرۆ دەتوانێت ئەو ڕاستییە بە جۆرێکی دیکەش دەربڕێت: ڕەعییەتی زۆر لە سەرەکهۆزەکان لە تۆرەمەیەکی دیکەن. دەشێت لایەنگران و دەستوپێوەندی سەرەکهۆز هەر لە ڕەچەڵەکەوە سەر بە هۆزەکەبووبن، بەڵام دەشێت سەر بە هیچ هۆزێکیش نەبووبن، لێ ڕەچەڵەکیان هەرچییەك بووبێت، ئیدی هێدی هێدی هۆزێکی یەکپارچەی "ڕاستەقینە" پێکدەهێنن.

نموونەیەکی لەو باباتە هەر لەم بەندەدا پێشچاوخرا. ئەویش سەرهەڵدانی یەکێتییەکی هۆزئاسایی بوو لەکن ئاغاکانی دووریکانی، کە نیشتەجێی جزیرەی باکوور بوون. ئەو پێشهاتە لەو ڕووەوە تا ڕادەیەك نائاساییە کە ڕەعییەتە نوێکە، وەرزێر بوون نەك شەڕکەر. پێدەچێت دووریکانی‌یە ڕەسەنەکان هیچ پلەوپایەیەکی ئەوتۆیان لە نێو ئەو وەرزێرانەدا پێنەبڕابێت، کە سوودو دەستکەوتی لێبچننەوە. تا دە ساڵێکیش لەمەوبەر ئاغاکان دەستوپێوەندێکیان لەدەوربوو، بێ ئەو دەستوپێوەندانە لە ئاوزەنگییان نەدەدا. دەستوپێوەندیش گشتیان بە ڕەچەڵەك دووریکانی نەبوون، بڕێك فەلەشیان تێکەڵبوو.

دەتوانین بە دڵنیاییەوە بڵێین، ڕاست نییە گەر بانگاشەی ئەوە بکرێت گوایە گشت لە گشتی هۆزەکانی کورد لە یەك ڕەچەڵەکی هاوبەش کەوتوونەوە. پەیوەندی نێوان هۆزە تورك و (عارەب) و کوردەکان لە هەشت سەدە زێترە. زۆر هۆزی کورد تورکێنراون و گەلەك هۆزی تورکیش کوردێنراون. لەوەش سەرنجڕاکێشتر ئەوەیە، کە پێدەچێت پەیوەندیی و ئاڵوگۆڕێکی بەردەوامی ئەندامان، لە نێوان هۆزە کوردەکان و کەمینە فەلەکاندا لە ئارادابووبێت. ئەو فەلانەی بە زمانی ئەرمەنی یاخود ئارامی دەدوان و تا یەکەمین جەنگی جیهانییش لەسەرتاسەری کوردستاندا دەژیان، (هەرچەندە پاش ڕەشکوژی و ڕاگواستن و هەڵهاتنیان، دەستەو تاقمێکی کەمیان لێمابووەوە)، زێتر وەکی پاشماوەی دێرینترین دانیشتووانی نێوچەکە تێیاندەڕوانرا، کە پاشان لەلایەن هۆزە کوردو تورکەکانەوە بە تۆپزی ژێر دەستەکرابوون. ئەو کەمینانە تەنها بە ئاین و زمان و تەکنۆلۆژیای پێشکەوتووتریاندا لە کوردەکان جودادەکرانەوە، دەنا لە ڕووی تەن و ڕوخسارەوە، هیچ جوداوازییەکیان دەگەڵ کورددا نەبوو. بۆیە زۆر گەڕاڵ لەو باوەڕەدا بوون، گەر لە کوردو ئەرمەنە دانیشتووەکانی هەرجێیەکی کوردستان بنوارێت، وێکچوون لە نێوان ئەواندا زێترە وەك دەگەڵ کورد یاخود ئەرمەنی هاوڕەگەزی جێگەیەکی دیکەیاندا(١٤٧).

ڕەنگە ئەو وێکچوونە تەنی و ڕوخسارییە تا ڕادەیەك بۆ ئەو دابە بەبرەوەی هۆزە کوردەکان بگەڕێتەوە، کە حەزیان لە هەڵگرتنی ژنە فەلە بوو. لێ گەلەکجار هەستیش بەوە کراوە کە ژمارەیەکی هێجگار زۆر فەلە خۆیان بوونەتە کورد. دوور نییە لە کۆندا پرۆسێسی پێچەوانەی ئەوەش لە ئارادا نەبوو بێت. Molyneux-Seel ساڵی ١٩١٤ دەبینێت لە دەرسیم زۆر ئەرمەنی بوونەتە کوردی عەلەوی. من بۆ خۆم ساڵی ١٩٧٦ لە سیعرت بڕێك کۆمەڵەی گچکەی ئەرمەنم دیت، کە تازەکی سنووری ڕەگەزایەتییان بەزاندبوو. تەنها بە کوردی و تورکی

دەپەیڤین و بووبوونە موسڵمانیش. هەندەك لە ئەندامە خۆرتەکانیان، کوردی نەتەوەپەروەری زۆر چوست و چالاکیان لێدەرچووبوو. بەڵام دیارە هێشتا بەو تەواوییە نەبووبنە کورد، کە بتوانن دان بەخۆدا بگرن و هەر لە پێنج دەقیقەی یەکەمی دیدارماندا باسی ڕەچەڵەکی ئەرمەنی خۆیانم بۆ نەکەن.

لەپاڵ ئەوەشدا تا ئەم دواییانەش لە کوردستاندا دەستەو تاقمی فەلەی ئەوتۆیی هەبوون کە شیرازەیەکی هۆزئاساییان هەبوو، تەنها لە ڕووی زمان و ئاینەوە لە خێڵە کوردەکان جودادەکرانەوە. ترسناکترینیان ئاسوورییە نەستۆریەکانی هەکاری بوون، کە لە ڕووی سوپاییەوە هاوشانی زۆر لە هۆزە کوردەکانی دیکەبوون و وەکی ئەوانیش زۆر وەرزێری ناخێڵەکی نەستۆری و کوردی موسڵمانیان ژێر چنگۆڵەخستبوو. بەو پێیە دەبینین لە هەکاری، چ لە ڕیزی توێژاڵە دەستەڵاتدارە خێڵەکییەکەداو چ لە ڕیزی توێژاڵە ژێر دەستخراوە ناخێڵەکییەکەدا، کوردو ئاسووری هەبوون(١٤٨).

سریانە فەلە یاقوبییە مێرخاسەکانی کێوەکانی تۆرعابدینیش کە لە نێو هەڤێرکاناندا دەژیان و لە باشترین جەنگاوەرانیان بوون، کۆمەڵگەیەکی لەو بابەتە بوون.

بڕێك فەلەی نێوەندی کوردستان، ڕەوەندی شوانکارەبوون، بۆ نموونە ئەرمەنییەکانی ڤارتۆ، ئەو هۆزە ئەرمەنییانەی کە بۆ یەکەمینجار Fordin باسیکردوون. لە کۆتایی پەنجاکانی ئەم سەدەیەدا بوونە تاقمێکی هێجگار گچکەو تێکەڵی هۆزی تەییانی کورد بوون و دەگەڵ ئەواندا کۆچ و ڕەویاندەکردو پاشانیش هێدی هێدی لە بۆتەی ئەواندا توانەوە. هەر ئەو سەردەمانە چیدی بە ئەرمەنی نەدەدوان و تەنها بە کوردی دەپەیڤین و زانیارییەکی هێجگار کەموکورتیان لەبارەی فەلاتییەوە هەبوو(١٤٩).

گەر ئەو دەستەوتاقمە فەلانە شیرازەیەکی هۆزئاساییان هەبووبێت و لە ڕووی سوپاییشەوە توانیبێتیان شان لە شانی هۆزە کوردەکان بسوون، ئیدی چ بڕو بیانوویەك بۆ ئەوە نامێنێت کە ئەمە بۆ کوردە ناخێڵەکییەکانیش نەشێت. فەلەکان لە ڕووی زمان و ئاینەوە هێند لە کوردەکان جوداوازبوون، کە ڕەچەڵەکی نامۆیان ئاشکرا دیار بوو. بەڵام پێدەچێت ئەستەم بوو بێت "ئەندامە ڕەسەنەکانی هۆز" لەو کوردانەی "بە سۆز خێڵەکی" بوون، هەڵئاوێردرێن.

ب- ناشێت و پێناچێت گشت جووتێرە ناخێڵەکییە وابەستەکانی کورد، لە ڕیشەوە لە ڕەگەزێکی دیکەبووبن و لەلایەن خێڵەکییە داگیرکەرەکانەوە هێدی هێدی کوردێنرابن. بۆیە ناشێت، چونکە هەموویان ئەو پەیوەندییە توندو تۆڵەیان بە هۆزە کوردەکانەوە نەبووە. بۆ نموونە لە کاڤاری هەکاری جووتێری کورد هەبوون مسکێنی ئاسوورییە خێڵەکییەکان بوون. لە بڕێك جێگەی دی، وەکی دەشتاییەکانی دیاربەکرو هەولێر، ئەفسەرو فەرمانبەرانی عوسمانی، ئاغا بوون. ڕوونکردنەوەی چۆنێتی کورداندنی ئەو جووتێرانە، تا ڕادەیەك گریمانەی مێژوویی ئاڵۆزی گەرەکە، کە هیچ بەڵگەیەك لەوبارەوە بەدەستەوە نییە. زێتر وا پێدەچێت لەوەتەی کورد هەیە، جووتێری کوردو ڕەوەندی کوردیش هەمیشە شانبەشانی یەکدی هەبوون.

ت- جگەلەوە، مانای ئەوە نییە ئیدی هەر کوردێك ڕەعییەتی هۆزە کوردەکان بوو، جووتێری ناخێڵەکی بێت. لەکن هەندەك لە هۆزە مەزنە پێکهات سیاسییە ئاڵۆزەکان، بنەماڵەی خاوەن خانەی کۆمەڵایەتی جوداواز هەن. بڕێك لەو هۆزانە مەزنایەتی هێزی داکشاوتری ئەوتۆیی دەکەن، کە ئاستی پلەو پایەیان لە نێوان هۆزێکی سەربەخۆو وەرزێرە ناخێڵەکییەکاندایە. ئەم دیاردەیە هەر لەم بەندەدا بە نموونەی پشدەرییەکان ڕوونکرایەوە. شێوازێکی لەو بابەتەش لای جاف بەدیدەکرێت، تایەفەیەکی "جاف ڕەسەن" لە تەك تایەفەیەکی داکشاوتردا. دیاردەیەکی دیکەی سەمەرەی لەو بابەتە، بەڵام بە شێوازێکی دی، لای خۆرمەکان بەدیدەکەین: هۆزەکە لە

کۆتایی سەدەی نۆزدەهەم‌و سەرەتای سەدەی بیستەمدا پێکهاتێکی سیاسی تا ڕادەیەك سەربەخۆی هەبووە. (هەر بڕوانە ئەم بەندە)، (Firatلە بارەی ئەو دەمەوە زانیاری باوەڕپێکراومان دەداتێ). ئەوانە وەرزێر بوون‌و زۆر لەمێژیش بووە نیشتەجێبوون، (با هەندەك خۆرمەك ئاژەڵداریش بووبن‌و هاوینان ڕوویان لە ئێلاخ کردبێت)، لەگەڵ ئەوەشدا لەلایەن جیرانە شەڕکەرو ڕەوەندەکانەوە بێ مشتومڕ ژێردەستە کران. پلەو پایەی ئەو هۆزە هیچ جوداوازییەکی ئەوتۆی دەگەڵ پلەو پایەی وەرزێرە ناخێڵەکییەکاندا نەبووە. وەلێ هێشتا دەگەڵ کۆمەڵە وەرزێرییەکانی وەکی (لۆلان‌و عەبدالآن... هتد)ی هەمان دەوروبەردا جوداوازبوون، چونکە گەورەو مەزنەماڵی خۆیان هەبوو. لە سەردەمی یەکەم جەنگی جیهانیدا کرانە سوارەو بۆ یەکەمینجار عوسمانییەکان چەکیاندانێ، (چونکە عەلەوی بوون، تا ئەو دەمە ماف چەکهەڵگرتنیان نەبوو). دەستدرایە پرۆسێسێکی یاخیبوون‌و داوای سەربەستیی خۆیان لە هۆزی دەستەڵاتداری جبران کرد(١٥٠). ئەو پرۆسێسە، وەك لە بەندی پێنجەمدا ڕوونیدەکەمەوە، بڕێك تین‌و تاوی لەسەر بزووتنەوەی پاشترەکانی سالآنی بیستی کورد هەبوو.

پ- جۆرێکی دی لە "تایەفە داکشاو"ەکان کە پێویستە باسکرێن، کۆمەڵە "قەرەجئاساییەکان"ن. ئەوانەی پلەی کۆمەلآیەتییان هێجگار نزمە. هەتا بچوکترین وەرزێریش لێیان لووتەلایەو بەچاوی سووك تێیاندەڕوانێت. زۆر لەوانە ڕەوەندن‌و بە کۆمەڵێکی دوو تا پێنج بنەماڵەییەوە دنیا تەیدەکەن. کەلوپەلی شکاو چاکدەکەنەوە، هێڵەك‌و بێژنگ‌و گسك‌و هەرامەی دی دروستدەکەن‌و خەریکی لۆتێتین(١٥١). کوردەکان ڕەپ‌و ڕەوان دانیپێدادەنێن، کە قەت ئامادەنیین دەگەڵ ئەو لانەوازە کەنارخراوانەدا ژن‌و ژنخوازی بکەن.

لە جزیرە لە نێو لانەوازە کەنارخراوەکاندا، لۆتییەکانیش (موتریب)، تاقمێکی تایبەت پێکدەهێنن‌و ئەوانیش ئامادەی ژن‌و ژنخوازی نیین دەگەڵ قەرەچییەکاندا. هەرچەندە کۆمەڵگە ئەو لۆتییانە پەسەندناکات، کەچی لە شایی‌و بەزمدا پووڵی چاکیان دەدەنێ. لە کرماشان بە پێچەوانەوە، لە نێو تاقمە قەرەچییەکاندا هیچ جوداوازییەك نییە. لەوێ تاقە بنەماڵەیەك گشت ئەو ئەرکانە جێبەجێدەکات، کە لە شوێنی دی تایبەت بە لق‌و پەلە جوداوازەکانە.

هەڵکشانی پلەی کۆمەلآیەتی بۆ ئەو مرۆڤانە زۆر سەخت‌و ئەستەمە، چونکە شێوەو ڕوخساریان‌و ڕەنگی ڕەشتاڵەیان، ڕەچەڵەکیان لەقاودەدەن. لەگەڵ ئەوەشدا دەروازەی سنووری نێوان ئەوانەو کوردە ڕاستەقینەکان، تەواو سەرکلۆم نەکراوە. بڕێکیان زەوییان کڕیوەو نیشتەجێبوون‌و ملیان دەبەر وەرزێری ناوە. هەتا لە شیرناخ ماڵە ئاغایەکی کورد هەیە، کە دەنگ وایە گوایە لە بنەڕەتدا موتریب بوون‌و بە لێهاتوویی‌و زۆرزانیی خۆیان، ژمارەیەکی زۆر لە جووتیرەکانیان خستۆتە ژێر ڕکێفی خۆیانەوە. ئەگەر ئەو واتەواتە ڕاستیش نەبێت، خۆی لەخۆیدا بەڵگەیە بۆ ئەوەی کە شیمانەی هەڵگڕانی کۆمەلآیەتی بەرپێنەگیراوە. گەلەك موتریب‌و قەرەچی ڕوویان لە باژێڕەکان کردووەو لە دەزگەکانی دەوڵەت، یاخود لە بواری بیناسازیدا کاریان چنگکەوتووە. هەرچەندە هێشتا هەر دەچەوسێندرێنەوە، وەلێ ئەو کارەی ئەنجامیدەدەن هیچی لە کاری ئەو کوردانە کەمتر نییە، کە بەدووی بژێودا عەودالْ، بۆ باژێڕەکان ڕەویانکردووە. جگە لەوە وا خەریکن ئیدی هێدی هێدی دەتوێنەوەو تێکەڵدەبن.

ج- کاتێك Rich نێوی ئەو هۆزە دەپرسێت کە میرانی بابانی لێکەوتوونەوە، کۆمەڵێك وەرامی دژبەیەکی چنگدەکەوێتەوە، یەکێك لەو وەرامانە "کرمانج"ە. هەڵبەت ئەم نێوە بۆ چەند هۆزێکی ژێرووی کوردستان بەکاردەبرێت، نەك وەك هاوواتایەکی عەشیرەت، بەڵکە وەك نێو بۆ کۆمەڵە خەڵکێك.

Soane دەنووسێت: هەرچەندە کرمانجەکان پاکترین نەژادی کوردن، لێ تێکڕا بە گشت هۆزەکانی دی، کورد دەگوترێت(١٥٢). لە ژووروی کوردستانیش ووشەی کرمانج زۆر جار بۆ دوو مەبەست بەکاردەبرێت:
١-وەك نێوێك بۆ هەموو ئەو کوردانەی بە زاراوی کرمانجیی ژوورو دەپەیڤن. لێ بە گشتی ئاخێوەرانی زازا لەوان هەڵدەبوێردێن، هەرچەندە بە کوردیش دەزاندرێن. کرمانجی کۆمەڵە زاراوەکانی سەروو دەگرێتەوەو بەرامبەری زازاو زاراوەکانی دیکەی خۆرهەڵات و خوارووە.
٢-بەشێوەیەکی گشتی وەك نێو بۆ مسکێنە ژێر چەپۆکخراوە ڕووت و ڕەجاڵەکان بەکاردەبرێت. بۆ نموونە وەرزێرە ناخێڵەکییەکانی شاتاق کە ژێر چنگۆڵەی گیراڤییەکانن، کرمانجیان پێدەڵێن، بەڵام گیراڤییەکان خۆیان عەشیرەت یاخود ئاغایان پێدەگوترێت. بەو پێیە لە شیرناخ و گوندانی دەوروبەری، بە وەرزێرە ناخێڵەکییە (نیشتەجێبووەکان؟) کرمانج دەڵێن، بەڵام چوار تیرەکەی جلەوی سیاسی و ئابوورییانی بە دەستەوەیە، ئاغایان پێدەگوترێت.
ئەودەمەی بۆ یەکەمینجار چوومە شیرناخ، پرسیم داخۆ چ هۆزانێك لەوێندەرێ هەن، یەکێك پاش لێکدانەوەیەکی زۆر وەرامی دایەوە: "ئاغا"و "کرمانج". هەڵبەت لە نێوان ئەو دوو تاقمە ئاماڵ چینەدا، ململانێیەکی بەهێز لەسەر بەرژەوەندییە جوداکانیان لە ئارادایە.
دیارە ئەو دوو لۆنەییەی ووشەی کرمانج، کە لە باشوور بۆ خێڵەکییە داگیرکەرەکان (بەواتا "پاکترین" کورد)و لە باکوور بۆ کوردە ناخێڵەکییە ژێردەستکراوەکان بەکاردەهێندرێت، نیشانەیەکە بۆ ئاڵۆزیی و ڕسکاویی پەیوەندییەکانی نێوان دوو کوتە خێڵەکی و ناخێڵەکییەکانی کۆمەڵگەی کوردەواری و وێنەیەکی سافیلکەو سادەو ساکاری تیۆرییەکی چینایەتی لێدەردەوشێتەوە. دۆستێکی کوردم کە زاراوەکانی مسکێن و گۆران و کرمانجم لەگەڵ شیدەکردەوە، پاشان دەگەڵ ناسیاوێکی خۆی کە لە خانەوادە دەستەڵاتدارەکانی دزەیی بوو، باسیکردبوو. ئەو ناسیاوەی گوتبووی گوایە ئەو سێ زاراوەیە لە نێوچەی دزەییان (یانی سەرووی مەڵبەندی جارانی گۆران، لە کەناری گردەڵانییەکانی پێش چیا، لە زێواری کوردستانی ڕاستەقینەدا)، گوزارە لە چەند دەستەیەکی جوداواز دەکات. مسکێن ئەو جووتیرە بێ زەوییانەن کە بە زەوی دەرەبەگەکانەوە بەستراونەوەو پێبەندی ئەوانن، زاراوەکە بەرامبەر ووشەی کۆیلە دەوەستێتەوە. گۆران وەرزێری گەڕۆکی بێ زەوییەن و کەیی و لەکوێ کاریان چنگکەوت، بە ڕۆژانەو نانەسکی کاردەکەن. کرمانج بە زۆری وورده مالیکن و سەربەستن.
ئائەمە پڕاوپڕ دەگەڵ ئەو ڕوونکردنەوەیەدا دەگونجێت: دەوروبەری ساڵی ١٨٣٠ گەلەك لە گۆرانەکان، دەڤەری سلێمانییان بەجێهێشت و بەرەو ژوور کەوتنە ڕێ. لە کاڤاری هەولێر خۆی، بڕێك وەرزێری کۆیلەکراوی لێبوون، بەڵام دەگەڵ گۆرانەکاندا چ خزمایەتییەکیان نەبوو. بەو پێیە نێوی گۆران لێرە بەسەر ئەو وەرزێرە گەڕۆکانەدا دابڕا، کە زەوییان نەبوو، بەڵام وابەستەی دەرەبەگەکانیش نەبوون. دیارە ئەمە ئەوە ناگەیەنێت هەرچی ئەوڕۆ بە گۆران ناسراوە ڕەوکردەی باشوور یاخود وەچەی ئەوان بێت. دەشێت واتای واژەکە بەرفراوان بوو بێت. پێدەچێت کرمانج لێرە ئەو کوردە خێڵەکییانەی ئێستا (یاخود ئەو خێڵەکییە کۆنانە) بن کە لەو دەشتە جێگیربوون و بوونەتە خاوەنی زەوی خۆیان.
ح- لەمەوبەر لە چەند دەرفەتێکدا باسی ئەو کایەیەم کرد کە دەوڵەتە هاوسێ بە هێزەکانی کورد لە بواری ڕێکخراوەی هۆزەکاندا دەیبینن، تایبەت لەسەر ئاستی سەرکردایەتی هۆز. کەواتە پێدەچێت پەیوەندیی نێوان دەستەو تاقمە خێڵەکییەکان و ناخێڵەکییەکان تێن و تاوی دەوڵەتی لەسەربێت. Rich دەگێڕێتەوە کە لە سلێمانی بە خێڵەکییەکانیان گوتووە سوپاو بە وەرزێرەکان ڕەعییەت گوتراوە، (Rich: ١٩٣٦، I، ل٨٨). Sandreczkiیش

زۆر ژووروتـر لـەکن هەرکییـەکان هـەمان دیـاردەی دیتـووە (١٨٥٧، II، ل٢٦٣). هـەردوك زاراوەکـە، سـوپاو ڕەعییەت، لە وولاتانی خۆرهەلاتی نێوەندا، دوو توێژە هەرە گرنگەکە دەستنیشاندەکەن، سەربازییەکان (کە باج نادەن)و باجدەرەکان (کە بە پلەی یەکەم جووتێرەکان دەگرێتەوە). لە ئیمپراتۆرێتی عوسمانیدا سوپایی کەسێك بـوو کـە وەك پاداشـتێکی ئـەرك بەجێهێنانـە سـەربازییەکەی، تیمـاری پێدەبەخشـرا. واتـە زەوی دەدرایـەو وەرزێریشی بۆ ڕادەگیرا تا زەوییەکەی بۆ ڕەنێوبهێنن. لەبریتی مووچە، باجی لە وەرزێرەکانی وەردەگرت. لە سەرچاوە یاساییەکانی عوسمانیدا، گەلەکجار دەربارەی مەسەلەی لە ڕەعییەتەوە بوونە سوپایی، هۆشیاری دراوە، تا نەبنە خاوەن تیمار. پێدەچێت لایەنی کەم لە بڕێك جێگەی ئیمپرتۆرێتەکەدا ڕووداوێکی نا ئاسایی نەبووبێت. گەر ئەو جۆرە جێگۆڕکێ چینایەتییەش لە کوردستاندا ڕوویدابێت، دیارە دیاردەیەکی بێژۆك نەبووە.

٢- سەرئەنجام

گومان لەوەدا نییە کە کوردەکان ڕەچەڵەکێکی تێکەڵەیان هەیە. لەو هەزاران ساڵانەی ڕابووردوودا، لە نێوچەکانی ئەوڕۆکەی‌کوردستاندا، خەڵکیکی زۆر لە ڕەگەزو زمانی جوداواز ژیاون‌و بە نێزیکە شوێنەواریان نەماوە. دەبێت زارو زیچیان لە نێو کوردەکانی ئەوڕۆدا بن. وەڵێ من پێموایە هەڵەبێت کە کوردی خێڵەکی‌و ناخێڵەکی بە وەچەو نوێنەری دوو گەل‌و دوو میللەتی جوداواز لێکبدرێتـەوە، کـە گوایـە ڕەگـەزی ئێسـتای کوردیـان پێکـهێنابێت. سەرچاوە سەرنجدەرەکان بە ڕوونی پێشانیدەدەن، کە بەردەوام لە نێوان ڕەگەزو دەستەوتاقمە جوداوازەکانی نێوچەکەدا، بزووتن‌و چالاکی‌و تێکچڕژان‌و پێداهەڵقژان لە ئارادابووە. ڕێڕەوو چڕو پڕی ئەو بزووتنانە، دەشێت تا ڕادەیەکی زۆر بە باری سیاسی‌و ئابووری هەریەکێك لەو ڕەگەزو دەستەو تاقمانەوە بەند بووبێت. خشتەی ژمـارە ٥ دیمـەنی توێـژە کۆمەڵایەتییـەکانی کوردسـتان‌و ڕێـڕەوی بزووتنـە کۆمەڵایـەتی‌و تاقەکەسـیەکان‌و دەستەوتاقمەکانمان بۆ ڕووندەکاتەوە. سێ توێژی کۆمەڵایەتی مەزن هەن: تاقمە خێڵەکی‌و ناخێلەکی‌و قەرەچی ئاساییەکان. هـەر توێـژەو شیرازەی قووچەهەڵچووی خۆی هەیە. لای وەرزێرەکان زێـتر بـە مڵکایـەتی زەوییـەوە بەندە. لای خێڵە ڕەوەندەکان، ڕوون‌و ئاشکرا هێزی سوپایی‌و دەستەڵاتی سیاسی زاڵە. بڕێك هۆز ژێر دەستەی هۆزی دیکەن، ئەندازەی شیرازەی قووچەهەڵچووی تاقە تاقەی هۆزەکان، لە یەکدی جوداوازن.

بزووتنەکان دەشێت ڕووەو تەنیشت بێت، (لە ڕووی جوگرافییەوە، لە هۆزێکەوە بۆ هۆزێکی دی، یاخود لـە کن دەرەبەگێکـەوە بـۆ کـن یـەکێکی دی)، هـەروەها دەشـێت سـەرەوژوورو سـەرەوژێریش بێـت. خێڵەکییـەکان نیشتەجێبوون‌و ملیان دەبـەر وەرزێـری نـاوە، جووتێرەکـان بوونەتـە ڕەوەنـد. خـەڵکانێك پوورەیـان لـە دەوری سەرکردەیەکی لێهاتوو بەستووەو هۆزێکی نوێیان پێکهێناوە. بڕێك هۆز چەپۆکیان بەسەر چەند هۆزێکی دیکەو هەندەك جووتێراندا گرتووە. تاکە تاکەی پیاوان، کەسانی سەر بە هۆزەکان، خەڵکانی ناخێڵەکی، بوونەتە پیاوو گوێڕایـەڵی ئاغایـەك. لایـەنگرانی ئـەم ئاغـا، یـا خەڵکـە ڕەمەکییەکـە، لـەپڕێکدا لـە ئاغایـان یـاخیبوون‌و لێیهەڵگەڕاونەتـەوەو دەریانپـەڕاندووەو ئاغایـەکی دیکـەیان لـەجێ داکـردووە، یـا بـە تۆپـەڵ لـە هۆزەکـەیان جودابوونەتەوە.

یاسـای تیرەگــەری لای ڕەوەندەکـان‌و بـە ئەندازەیـەکی کـەمتر لای شـەڕکەرانیش، شـێوازێکی "سروشـتیی" ڕێکخراوەیەکی کۆمەڵایەتییە. بە گشتی هۆزە تازە پێگەیشتووەکان ڕەگەزێکی یەك توخمی هێند قووڵیان نییە. گەلەکجار هۆزەکان تەنها لە چەند هۆزێکی یەککەوتە پێکهاتوون، (کە خزمایەتی لە نێوان ئەندامەکانیاندا نییە)، لـە دەوری بنەماڵەیـەکی ڕێبـەر، یـاخود چـەند بنەماڵەیـەکی کـەم خڕدەبنـەوە. گـەر هۆزەکـە دێریـن بێـت، ژن‌و

ژنخوازیو دەرپێتیکەڵی، خوێنی ئەندامانی تێکەڵدەکاتو هێدی هێدی لقەکانی دەبنە تیرەی نیمچە ڕاستەقینە. ئا بەو چەشنە ئیدیۆلۆژی هاوئاهەنگیو هاوچارەنووسی خێڵایەتی بەرینتر دەبێت. لە کن ئەو خێڵە نیشتەجێبووانەی کە ماوەیەکە شەڕیان نەگێڕاوە، شیرازەی تیرەگەری لاوازتردەبێت، بە تایبەت گەر لەلایەن هۆزێکی دییەوە ژێر چەپۆك خرابن، یانی ئیدی تیرەی خۆ، دەستەڵاتی سیاسی لە دەستداوە. کەسێك سەر بە هۆزێك بێت یاخود نەبێت، پێوەرێکی ڕەهانییە، بەڵکە خەسڵەتێکی ڕێژەییەو لە نێوان ئەو دوو پلەیەدا هەڵبەزو دابەزێکی بەردەوام هەیە.

بەندی سێهەم

٣- هۆزەکانو دەوڵەت

٣-١ هۆزی کورد

لەم بەندەدا تینو تاوی دەوڵەتەکانی دەوروبەر لەسەر هۆزە کوردەکان یەکالا دەکەینەوە. لێ بەرلەوەی بێینە سەر باسی ئەوەی داخۆ هۆزە کوردەکانی ئەوڕۆ، لە کایەی کۆمەڵایەتیو سیاسییاندا، هەتا چ ڕادەیەك منەتباری پەیوەندییانو بە وولاتە هاوسێکانییانەوە، باشتر وایە جارێ باقەیە لەو خەسڵەتو سیمایانەیان، کە لە بەندەکانی دیدا دیاریمانکردن، پوختەکەین:

١- خێڵەکییەکان جوداوازی لە نێوان خۆیانو ناخێڵەکییەکاندا دەکەن. دیارە "خێڵ" لەتەك واتا ڕەسەنەکەی خۆیدا، مانای "ئەریستۆکراتی سوپایی"ش دەگەیەنێت.

٢- هەڵبەت پەیوەندییەکی توندو تۆڵ، بەڵام نەك بێ سنوور، لە نێوان خێڵەکیو شوانکارەکانداو خێڵەکیو نیوەکۆچەرەکاندا لە ئارادایە.

٣- لە ڕووی پێکهاتەوە، سیمای شیرازەیەکی خانەخانەو چەند توێیی زاڵە. ئەمە تایبەت لە کاتی دوژمنایەتیو کێشە گەلییەکانو شەڕە دەستەڵاتی ڕێبەرە سیاسییەکاندا، ئاشکرا دەبێت.

٤- ئەم خەسڵەتە ڕاستەوخۆ لە ئیدیۆلۆژیی یەك توخمو تووییەوە سەرهەڵدەگرێت. ڕەنگە تەنها لە چەند حاڵەتێکدا (هەندەك هۆزو تیرەی گچکەو دێرین) بڕێك لە ئەندامانی لە بەرەبابێك کەوتبنەوە، دەنا گشت لە گشتیان ئاوها نیین.

٥- دیارە لە ڕێگەی دابی ژنو ژنخوازیو دەرپێتێکەڵییەوە لە نێو خۆداو لەسەر ئاستێکی بەرتەسك، تاوەکو دەگاتە خانەو توێژەکانی خواری خوارەوە، خەسڵەتی یەك توخم وتۆوی پتەوتر دەکرێت.

٦- لەسەر ئاستی هۆز خۆی، یاخود لقە هەرەگەورەکانی، زۆر بەدەگمەن هەڵوێستی پێکڕایی وەبەردەگیرێت.

٧- گرنگترین یەکەی ئابووری لە خانەوادە بەرەوژوور (لە کن ڕەوەندو نیوەکۆچەرەکان)، هۆبەو گوندن. گوند وەکی پەلێکی هۆز یا تایەفە وایە، بەڵام پێدەچێت هۆبە یەککەوتەیەکی هەمیشەییو بەردەوام نەبێت.

٨- یەکپارچەیی خاکی هۆز، کە خەسڵەتێکی لاوەکییە، هەمیشە لە ئارادا نەبووە. دەشێت لقەکانی هۆزێك زۆر دوور لە یەکدییەوە بژین، دوور نییە چەندین هۆزو تیرەی جوداوازیش لەسەر پارچەخاکێك نەژین. لەو حاڵەتە بیژۆکانە دەرچێت، ئیدی هۆزو مەڵبەندەکەی پێکەڵپێکی یەکدینو زۆربەی کات یەك نێویان هەیە.

٩-کەسایەتی سەرکردە لە هۆزێکەوە بۆ هۆزێکی دی دەگۆڕێت. زۆربەیان تاقە سەرۆکێکی مەزنیان هەیە، هەرچەندە کایەو ئەرکی تەواو ڕوون نییە. پێدەچێت سەرەکهۆزەکان لە کۆندا کایەیەکی گرنگتریان هەبووبێت. لە ڕاستیدا پلەو پایەی پەیوەستە بە شەڕو کێشەو هەڵلای نێو هەناوی هۆز خۆیەوە. لەکن هۆزە گچکەکان، زۆربەی کات ئاغای سەرەکهۆز خزمو کەسی ئەندامانی هۆزەکەیەتی، بەلام لە کن هۆزە گەورەکان جۆرێکی دییە، زۆر جار سەرەکهۆزەکە لە ڕەچەڵەکێکی بێگانە بە هۆزەکە کەوتۆتەوە.

١٠- سەرەکهۆز یاخود سەرۆکی یەکێك لە لقەکانی هۆز، تەنها دەستەڵاتی سیاسی نییە، بەڵکە بە شێوەیەکی گشتی پایەیەکی ئابووریی پڕ بژێویشی هەیە. شوانکارەکان گشت ساڵێك دیاری خۆیانی بۆ دەهێنن (چەند سەرێك ئاژەڵ). وەرزێرەکان، چ خێڵەکییەکانو چ ناخێڵەکییەکان، پشکێکی چاکی داهاتیانی دەدەنێ. بڕێکجار ئاغا وەك خاوەنملك وەرزێرەکان تەواو تەواو دادەدۆشێتو دەیانڕووتێنێتەوە.

١١- لە بڕێك نموونە، ئەو ڕاستییە دەچریسکێتەوە کە ئەندامانی هۆزەکە، زێتر ملکەچو پێبەندی سەرۆك خۆیین نەك هۆزەکە. (بەڵگە ئەوەیە بڕێك هۆز لەژێر فەرماندەی سەرۆکێکی کارامەو بەتوانادا، بە شێوەیەکی سەیر پەرەیئەستاندووە، لێ هەر لەگەڵ نەمانی ئەو سەرۆکەدا، ئیدی هۆزەکەش تەفرو توونا بووە).

١٢- سەرەکهۆزەکان بۆ بەرفراوانکردنو پتەوکردنی دەستەڵاتو شوێنپێی خۆیان، دەگەڵ بڕێك هێزی دەرەکییدا ڕێکدەکەونو دەبنە هاوپەیمان. زۆر کات لەو ڕێگەیەوە چ نەتەویو گوردێرەکانی نێو هۆزەکەی خۆیانو چ ئەوانەی هاوشانو هاوسێیان (ئیدی لە ڕیزی هۆزەکاندا بن، یاخود لە ڕیزی پارتە سیاسییەکاندا)، بە چەترسێن دەکرێنو پرزەیان لێدەبڕێت.

زۆری ئەم خەسڵەتانە دەچنەوە سەر سیما تایبەتەکانی شوانکارە ڕەوەندەکانو هاوچەشنی هۆزە ڕەوەندەکانی شوێنانی دیکەن. بڕێك خەسڵەتی دی، تایبەت خەسڵەتی سەرۆکایەتیو توێژە کۆمەڵایەتییەکان، ئاکامی بڕێك ڕووداوی مێژوویيو هەندەك پێشهاتن. لەم بەندەدا ئەو ڕووداوە مێژووییە گرنگانە هەڵدەشێلین، گەلەکجار بە "نەریت"ێك لێکدراونەوەو تینو تاوێکی چاکیان لەسەر شیرازەی کۆمەڵگەو پێکهاتی هەبووەو هەیە. هەوڵدەدەم گرنگترین گۆڕانە سیاسییەکانی چوار پێنج سەدەی ڕابووردووی کوردستان پێشچاو بخەم. دیارە بەڵگەو سەرچاوەکان زێتر بەلای ئەوەدا دادەشکێنن، کە پێکهاتی نێو خۆی هۆزە کوردەکان لەسەر بنەمای پەیوەندییەکی کۆنی ئەو هۆزانە بە دەوڵەتانی هاوسێیانەوە، هەڵچووبێت.

سەرچاوەی توێژینەوەکانمو ووتووێژم دەگەڵ زۆر پیرە کورددا، ژمارەیەك گریمانەیان لا ڕسکاندمو ڕووبەڕووی پرسیارێکیان کردمەوە: هۆزەکان چۆن لەلایەن دەوڵەتانەوە کاریان تێدەکرێت؟

بەرلەوەی دەست بە لێکۆڵینەوەی ئەو هەموو سەرچاوە مێژووییانە بکەم، هەوڵدەدەم ئەم گریمانەیە (یاخود باشترە بڵێم ئەم هەڵشێلانە)، لە سێ بەشەکەی داهاتوودا شیبکەمەوە. بەو پێیە دەتوانرێت وەك بنەمایەکی ئەم تێزە، لە هەڵشێلانە مێژووییەکەی کۆتایی ئەم بەندە بڕواندرێت. دیارە تەنها بەشێك لەو بەڵگەو سەرچاوانەی گریمانەکە پشتی پێبەستوون، دەتوانرێت لێرەدا پێشچاوخرێن، کە لە هەڵبژاردنیاندا دوو پێوەر ڕێبەربوون:

أ- دەبێت باسی قۆناغە گرنگەکانی مێژووی کورد بکاتو پەیوەندی بەو هۆزو میرنشینانەوە هەبێت، کە لە مێژووی کورددا کایەیەکی گرنگیان هەبووە.

ب- دەبێت ئەو پرۆسێسانە ڕوونبکاتەوە کە گریمانەکە خەریکێتی. دیارە ناشێت خودی سەرچاوەکە بکرێتە سەنگی محەکی ئەو گریمانەیەی لێیهەڵهێنجراوە. بەلام وەك دەبینین، بەپێی ئەو بەڵگەو سەرچاوانە بێت، گریمانەکە هێجگار گونجاو دێتە پێشچاو. من بۆ خۆم بە ئارەزوو هیچ بەڵگەو سەرچاوەیەکم کەنار نەخستووە، کە ئەوەیان لێبوەشێتەوە گریمانەکە بەرپەرچ بدەنەوە، هەوڵیشدەدەم بابەتەکان بە فراوانییەکی تەواوو بەرێزە پێشچاو بخەم، بە شێوەیەکی وا، کە بێ دەردیسەر بتوانرێت جۆرێکی دیکەش ڕێکخرێت و گریمانەی دیکەشی لێهەڵهێنجدرێت.

## ٢-٣ هۆزەکان یەکەیەکی سەربەخۆ نیین

ئەگەرلە حاڵەتێکدا باوەڕ بەوەش بهێنین کە گوایە هۆزێکی "ڕەگەز پوختی" "بێ تین و تاوی دەرەکی لەسەر" هەبوو بێت، بواری ئەوە نییە هیچ یەکێك لە هۆزە کوردەکانی ئەوڕۆ بە ڕەچەڵەك بگێڕینەوە سەری. هەتا لە دوورترین و کەنارکەوتووترین و ڕێتێنەبردووترین قوژبنی کوردستانیشدا، هۆزی "ڕەگەز پوخت"ی لەو بابەتەمان پێپەیدا ناکرێت. خۆ دیارە قەت ناشێت و ناشکرێت هۆزانێکی شیرازە تێکەڵ و ئاڵۆزی وەك پشدەرییەکان و هەمەوەندو جافەکان بە "ڕەگەز پوخت" دابنرێن. بەلام دەشێت بگەینە ئەو باوەڕەی کە هۆزەکان لە دێرینترین دەستەو تاقمانێك کەوتوونەوە کە قۆناغی گەشەکردنیان لە نێوان قۆناغی خێڵاتی و حوکومەتی دەستەڵاتداری پڕ زەبرو زۆردا، قەتیس ماوەو بڕێك کارگێڕو کارمەندی لێرەو لەوێیان هەیە. گەر باوەڕ بەو پێشڕەوتەی قۆناغی گەشەکردنەکە بهێنین، ڕەنگە بتوانین بڕێك پێچ و پەناو لە ڕیزلادانی شیرازەی پێکهاتی هۆزە کوردەکان ڕوونکەینەوە.

بۆ نموونە شیرازەی کۆمەلایەتی و سیاسی شێواز ئاڵۆز، زێتر لەو ئاقارانەدا دەدیترێن، کە دەکەونە نێوان دەشتاییەکان و کێوەکانەوە. بە پێچەوانەی ئەوەوە، لە نێوچە شاخاوییە سەرکەشەکان و دۆڵە کپە کەم ڕێتێبردووەکانیدا، زێتر شیرازەیەکی سادەو ساکار زاڵە. گەر وەك پێگەو سەرەتایەك بەو گەشەو پێشڕەوتە ڕازیبین، ئەوا بەرەو توێژینەوەی هۆکارە ڕێگرەکان، یاخود هۆکارە یاریدەدەرەکانی گەشەکردنی دەزگا سیاسییەکان ڕێبەریماندەکات. هەرچەندە من ناخوازم نکوڵی لەوە بکەم، کە گەشە کردنە جوداوازەکە لەو بوارەدا کایەیەکی کاریگەری هەبووە، بەلام بە دووری نازانم ئەو گەشەو پێشڕەوتە لە لایەنێکەوە تارمایی بەسەر هۆشدا نەهێنێت، ئەویش لەبەر تاقە هۆیەك: چونکە هۆزە کوردەکان بەو پلەو قۆناغی گەشەکردنە نەگەیشتوون کە بیانگەیەنێتە ئاستی دەوڵەت، بەڵکە دەگەڵ گشت جوداوازییەکیاندا، خۆیان لە خۆیاندا قوتکراوەی دەستی وولاتانی هاوسێیانن.

بەشێکی چاکی ئەم بەندە، بۆ ڕوونکردنەوەی ئەو بۆچوونەی سەرەوە تەرخاندەکرێت. هەوڵدەدەم دەریخەم کە هۆزەکان هەندەکجار پڕاوپڕ قوتکراوەی دەستی دەوڵەت بوون، یاخود وەك زۆرجار ڕوویداوە، مۆرکی نەسڕاوەی جێپەنجەی دەوڵەتیان پێوە دیاربووە. بۆ یەکەمینجار کاتی لێکۆڵینەوە مەیدانییەکەم، کەوتمە سەر ئەو بیرەو ئەو باوەڕەم لەلا ڕسکا، پاشانیش تێڕوانین و پشکنینی هوردی سەرچاوە مێژووییەکان زێتر دڵنیاو پشتئەستووریانکردم. دواتریش هەمان بۆچوونم ﴿بە هۆشیارییەکی بەجێوە﴾ لە گوتارێکی گرنگی Morton Friedدا بەرچاوکەوت(١).

Thompsonی مێژوونووس، لە بواری دیسپلینی هاوسێیەتیدا دەریدەخات، ئەو شیرازەیەی پێکهاتی سیاسی هۆزە جەرمەنییەکان کە Tacitus باسیدەکات، ئاکامی گەشەکردنێکی خۆ بەخۆ نەبووە، بەڵکە بە گاریگەرێتی و

تین و تاوی ئیمپراتۆریتی رۆمانی بووە، کە پێشتر پەیوەندیی بازرگانیی لەگەڵدا دەستپێکردووەو بۆتە هاندەرێکی چاکی(٢).
تا رادەیەك ئێتنۆلۆجەکان درەنگ پەییان بەو تین و تاوە زۆرە برد، کە دەوڵەتان کردوویانە سەر شێرازەی نێوخۆی ئەو هۆزانەی پێوەندییان دەگەڵیاندا هەبووە(٣). لەوە سەیرتر ئەوەیە کە ئەو وەچە ئێتنۆلۆجە کۆنانە، خۆیان کاربەدەستی دەوڵەت بوون و لە برێك پێشهاتدا راستەوخۆ بەشداربوون و ئاگایانە هەوڵیانداوە تین و تاوی دەوڵەت برەوپێبدەن. نووسەرە کلاسیکەکانی خۆرهەڵاتی نێوەندو خۆرهەڵاتناسە بەرۆگرەکانیان، شکۆدارکردنی برێك هۆز بە فەرمانی شاهانە، بە دیاردەیەکی زۆر ئاسایی تێگەیون. دیارترین نموونە هۆزی شاهەڤان (شا خۆشەویستان)ە، ئەو هۆزە یەککەوتە تورکەی ئەورۆ لە ئازربایجانی ئێراندا دەژێت. وەك لە نێوەکەیەوە دەبریسکێتەوە، ئەمە ئەو تیپە بوو کە شا عەبباسی صەفەوی دەوروبەری ساڵانی ١٥٩٠ لە بە ئەمەکترین و دڵسۆزترین لایەنگرانی دایمەزارند(٤). نموونەیەکی دی هۆزی چەمشکەزەکی خۆراسانە، کە پێدەچێت لە تێکەڵەیەکی کوردی رەچەڵەك جوداواز پێکهاتبێت و هەر لەلایەن هەمان شا عەببایسەوە خرکرابنەوەو کۆنفێدراسیۆنێکی خێڵەکییان لێپێکهێنرابێت و نێردرابنە خۆراسان و کرابنە یاساوڵی سنوور. تا چ رادەیەك ئەم زانیارییە مێژووییانە راستن و داخۆ بەراستی ئەو تیپە یەککەوتەیە بووە هۆزێك و تا چ ئەندازەیەك تازەکوورە بوو، مەسەلەیەکن توێژینەوەیان هەروا ئاسان نییە.
ئەوەی زێترو چێتر تۆمارکرابێت، ئەو نموونانەن کە دەستەڵاتی دەوڵەت راستەوخۆ دەستی تێکەڵی کردەوەی سیاسی هۆزێك کردووەو لەو رێگەیەوە شێرازەی پێکهاتی کۆمەڵایەتی و سیاسی و ئابووری هەڵگێراوەتەوەو گۆرپویەتی. بەو جۆرە پیادەکردنی یاسای مڵکایەتی زەویوزار، یاخود دامەزراندنی سەرەکهۆزێك لە پایەیەکی فەرمانداریێتی دەوڵەتدا، ئاکامی زۆری لێکەوتۆتەوە. هەتا لە حاڵەتێکیشدا گەر دەوڵەت راستەوخۆ دەستی تێکەڵ نەکردبێت، تەنها بوونی دەوڵەتێکی کامڵ و خەمڵیوو رایەڵکردنی داوی پەیوەندی دەگەڵ هۆزێکدا، بەس بووە بۆ سەرهەڵدانی گۆڕران لە شێرازەی هۆزەکەدا. نموونەی دراماتیکانە بۆ ئەو حاڵەتە، دواکەوتن و رەواج پەیداکردنی دراوو پووڵە.
جگە لەوە هۆزەکان لە وولاتانی خۆرهەڵاتی نێوەنددا، هەمیشە کایەیەکی گرنگیان هەبووە. بە نێزیکە گشت لە گشتی رژێمە پاشایەتییە دەرەبەگییەکان، لەلایەن سەرەکهۆزەکانەوە دامەزراون، بە پشت و پەنای هێزو توانای هۆزەکانیان، دەستەڵاتی دەوڵەتیان سەپاندووەو سەقامگیریانکردووە. ئەوەبوو دواهەمین دوو رژێمی دەرەبەگانەی خێڵەکی مەزن، تا ساڵانی بیستی ئەم سەدەیەش بریان کرد، تا لە ١٩٢٣دا ئەتاتورك دوا فەرمانرەوای عوسمانی، سوڵتان محەمەد وەحیدەدینی چوارەمی سەرنگریّ کردو رژێمەکەی هەڵتەکاند. دوو ساڵ دواتریش رەزاخان دواهەمین پاشای قاجار، ئەحمەد پاشای هەڵدێرا، (پاشان خۆی تاجی پاشایی لەسەرنا، هەرچەندە رەزاخان سەرەکهۆز نەبوو، بەڵکە سەرباز بوو). هەتا ئا لەو دواییانەشدا، ساڵی ١٩٦٣، رژێمی ئێران لە رێگەی راپەرینێکی ئامانج سیاسیانەی قەشقاییەکانەوە (کە کۆنفێدراسیۆنێکی خێڵەکی مەزنی باشووری ئێرانە)، تەواو تەواو خرایە غەرغەرەوە.

### ٣-٣ نموونەی چەند بارەوە بوو:
### هۆزەکان و دەوڵەتانی خۆرهەڵاتی نێوەند

گەر بڕێك سادەو ساكارانە بێژین، دەتوانین كردەوە سیاسییەكانی ئیمپراتۆرێتەكانی خۆرهەلاتی نێوەند، بە هەمیشە پاتەكراوە نێوبەرین. ئەو گریمانانەی ئیبن خەلدون و Pareto(٦) دەربارەی پاتەبوونەوەو پەیدابوونی بەردەوامی دەستەی هەڵكەوتەو هەڵبژارتە (Elite) دایانڕشتووە، گەر چاو لەو فەرامۆشییەیان بپۆشین كە لە بواری گەشە كۆمەلایەتی و ئابوورییەكاندا نواندوویانە، ئەوا دەتوانین بڵێین دەگەڵ ئەزموونەكانی ئەم سێهەزار ساڵەی دوایی خۆرهەلاتی نێوەنددا، تا ڕادەیەكی زۆر ڕێكدێنەوەو ئامانج پێكن. میرنشین و پاشانشینەكان كاتێك سەرنگومبوون، كە خێڵە ڕەوەندەكان یاخود ڕەشە خەڵكەكە، بە زۆر بوو بێت یا بە شێوازێكی دی، دەستەلاتیان لە دەستی ڕێبەرو سەركردە لاوازو كزو كەنەفتەكان ڕاپسكاندووە(٧)و خۆیانكردۆتە چینی نوێی دەستەلاتدار.
پاش چەندین وەچە، ئەو دەستە هەڵكەوتووە نیشتەجێبووانە، هێدی هێدی ووزەو مەیل و ئارەزووی جەنگاوەرانەیان لەدەستداوەو دەستەلاتی سیاسییان داڕماوە. هەر ئەو دەمانە تاقمێكی دیكەی هۆز دەستەلاتیان گرتۆتە دەست و میرنشینێكی نوێیان دامەزراندووەو كۆمەڵێكی دی سەركردەو ڕێبەری سیاسی هەڵبژارتەی نوێ هاتوونە گۆڕێ، كە گرنگترین شەقڵ و خەسڵەتی تاقمە هەڵبژارتەكەی بەرلەخۆیان بە میرات بۆ ماوەتەوەو بە بالایان براوە. ئەو گیان و هەستە خێڵەكییەی بنەماو بناغەی زۆربەی میرنشین و پاشانشینەكانی خۆرهەلاتی نێوەندە، جێپەنجەیەكی زەقی لەسەر جەستەی دەزگە دەوڵەتییەكانی دوای خۆی نەخشاندووە. بەو پێیە زۆر چاك دەتوانرێت بگوترێت دەوڵەتانی خۆرهەلاتی نێوەند، قوتكراوەی دەستی هۆزەكانن، دیارە پێچەوانەكشی هەر ڕاستە. كەواتە وەك چۆن بڕێك هۆزی كوردو (هۆزی دیكەی خۆرهەلاتی نێوەند) وێنەیەكی لەبەرگیراوەی سادەو ساكاری دەوڵەتانی هاوسێن، هەر ئاوەهاش وولاتانی خۆرهەلاتی نێوەند، هێشتا هەر خەسڵەتی خێڵەكییانە ئێقدەدەنەوە. دەوڵەتەكان و خێڵەكان پێكراو پێبەپێی پەیوەندییەكی بەرامبەر، هەڵچوون و گەشەیانكردووە. گومان لەوەدا نییە كە هۆزەكان (لایەنی كەم جۆرێكی تایبەت لە هۆزەكان) لە ڕووی مێژووییەوە پێشقەرەوڵی دەوڵەتان بوون، لێ ئەمە ئەوە ناگەیەنێت كە هۆزەكان بەو شێوازەی ئەوڕۆكەیانەوە بەشێك بوون لە قۆناغە دێرینەكانی پێشڕەوتە كۆمەلایەتییەكە. دیارە دەوڵەت جێگەی هۆزی نەگرتۆتەوە، بەڵكە هەردوكلایان پێكڕاو شانبەشانی یەكدی و پەیوەست پێكەوە، هەن و ڕەوتدەكەن(٨).
یەكێك لە سیماكانی گشت ئیمپراتۆرێتەكانی خۆرهەلاتی نێوەند، جوداوازیكردنیانە لە نێوان دەستەی جەنگاوەران و توێژاڵی فەرمانبەران(٩) دەگەڵ ڕەشەخەڵكەكەدا. دووپەلكەییەكی لەو بابەتە، وەك لە بەندی پێشوودا بلسكرا، لە كن كوردە خێڵەكی و ناخێڵەكییەكان (و بەیدەستكراوەكانی دیش)، لە ئارادایە. هەتا هەمان ئەو زاراوانەش بەكاردەبرێن. ئەوەبوو لە بڕێك جێگەی كوردستان، بەپێی دابی سوارچاكانەو فیۆدالانەی ئیمپراتۆرێتی عوسمانی، بە خێڵەكییەكان، سپاهی دەگوترا(١٠). (دیارە لەتەك زاراوی نێوچەیی باوی وەك گۆران و كرمانج و مسكێندا)، ناخێڵەكییە ژێرچەپۆكخراوەكان بە گشتی زێتر ڕەعییەتیان پێدەگوترێت، زاراوەیەك كە لە زۆربەی وولاتانی موسڵماندا بۆ دەستنیشانكردنی خەڵكە ڕەمەكییە باجدەرەكە بەكاردەبرێت.
هەتا شەقڵی بیرۆكراتییانەش هەستپێدەكرێت، دەشێت ئاغای هۆز كوێخایەك بەسەر هەر گوندێكییەوە دابنێت و بیانكاتە دەمڕاست و سەركاری خۆی و نوێنەرایەتی بكەن، كوێخاش بۆی هەیە میرزایەك و ڕاوێژكارێك ڕاگرێت. هەتا لە سەردەمی ژیانی میرنشینە كوردەكاندا، برەو بەو بیرۆكراتێتە دەدراو لاسایی نازنێوو نیشانەو پلەو پایەكانی ئیمپراتۆرێتی فارس و عوسمانییان دەكرایەوە.

یەکێك لەو هۆیانەی کە بیرۆکراتیێتی لە کەش و مەودای کۆمەڵگەی خێلایەتیدا، بە پاشکەوتوویی و نەخەملیوی هێشتۆتەوە، ئەوەیە کە کەوشەنی هۆز هێند فراوان نییە. گەلەك پێشهات و رووداوی هەژارو تازەکوورە، دەکرێت یەکەوراست لەلایەن سەرۆکهۆز خۆیەوە راپەڕێندرێت، کە دیارە بۆ پێمهاتی بەرینتر لە تواناادا نییە.
هۆکارێکی دی ئەوەیە کە زۆربەی زەوی و کێڵگەکانی کوردستان دێمەکارن و پشت بە باراناو دەبەستن. گەر سەکۆو بناوانیش هەبن، کەم و گچکەن. ئەو سیستێمە ئاودێرییە فراوانانەی لە ئێران و میسۆپۆتامیادا هەبوون و گوایە ڕێگەخۆشکەری بیرۆکراتییەکی بەرفراوان بوون، لێرە نەبوون.
توێژە سەربازییەکانی ئیمپراتۆرێتەکانی خۆرهەڵاتی نێوەند، زێتر لە شوانکارەو ڕەوەندەکان و جەنگاوەرانێك پێکهاتبوون، کە بەردەوام لە نیوەدۆرگەی عارەب و پشتێنە گردەلانییە ووشك و قاقرەکانی ئۆیرۆئاسیاوە قەتارەیان دەبەست. گەلەکجار ئەو کۆمەڵە هۆزە تازەگەیشتووانە، مشووری دەستەڵاتدارانی نوێیان بۆ ئەو وولاتانە دەخوارد.
ڕەنگە یەکێك لە شەپۆلە ڕەوکردووە ئاری نەژادەکان، هەوێنی ڕاستەقینەی پێکهاتی ڕەگەزی کوردەکانی ئێستا بوو بێت. ئەو کۆچکردووانەی بە میدیایی و فارس ناسراون، لە دواهەمین چارەکی دووهەزار ساڵ بەر لە عیسادا، ڕێگە باریك و تەنگەبەرەکەی نێوان قەوقازو دەریای قەزوێنیان تەیکردو بەرەوخوار داکشان و لە خۆرئاوای ئێراندا گیرسانەوە. پێدەچێت دەستەڵاتدارە ڕەسەنەکانی نێوچەکە بە هاتنیان خۆشحاڵ بووبن، ئەوەبوو ئامێزیان بۆ جەنگاوەرەکانیان کردەوەو ئامێری جەنگی خۆیان پێ نوێکردنەوەو بۆ خزمەتی خۆیان خستیاننەگەڕ. لەبری وی کێڵگەو لەوەڕگەی خۆیان پێبەخشین(١١). ئەمە ماوەیەکی خایاند، هەتا ئەو تازەهاتووانە ﴿یاخود بەشێکیان﴾ توانییان ببنە چینی دەستەڵاتداری ئەو کۆمەڵگە ڕەگەز تێکەڵاوە. ساڵی ٦١٢ بەر لە عیسا، میدییەکان پاش صەدان ساڵ شەڕو تێکبەربوونیان دەگەڵ ئاشوورییەکاندا، نەینەوای پێتەختیان گرت و تالانیانکرد(١٢). ماوەیەك سەرووی میسۆپۆتامیایان خستە ژێر ڕکێفی خۆیانەوە. هیچ دوور نییە بە پشتیوانیی سوپای میدی، تەنها ڕەوەندە ئاژەڵدارەکان نا، بەڵکە بەشێك لە میدییە نیشتەجێکانیش، بەرەو خۆرئاوا ڕەویان نەکردبێت و لە نێوجەرگەی کوردستاندا نیشتەجێ نەبووبن(١٣).
هەڵکەوت و پێکهاتە سرووشتییەکەی کوردستان، دەیکاتە نێوچەیەکی سەر زێوارکەوتووی چەندین ئیمپراتۆرێت. هەر ئەو هەڵکەوتە بۆ هێزە دەرەکییەکانی سەخت و ئەستەم دەکات، کە بتوانن دەستی بەسەردابگرن و بە تەواوی بیخەنە ژێر ڕکێفی خۆیانەوە. بە نیسبەت ئیمپراتۆرێتی میسۆپۆتامیاوە، کوردستان هەمیشە سنووری باکوورو باکووری خۆرهەڵاتی بووە. (ئاشوورییەکان ئەو مەڵبەندە باکوورییانەیان داگیرکرد، کە کەوتوونە خۆرئاوای کوردستانی نێوەندی ئەوڕۆوە). لەم دووهەزارو پێنجصەد ساڵەی دواییدا، کوردستان کەوشەنی لێکدابڕی نێوان ئێران و ئیمپراتۆرێتە مەزنەکانی (وەك ڕۆمە یۆنانییەکان و بیزەنتییەکان و عوسمانییەکان)ی ئاسایی گچکەبوو. کێوەکانی کوردستان کانگای دووهەمی "جەنگاوەرە خێڵەکییەکان" بوو، کە لەلایەن وولاتانی هاوسێوە ڕادەگیران. (دیارە گوتم ﴿کانگای دووهەم﴾، ئەگەر بۆم هەبێت بیابانەکانی عارەب و گردەلانییەکانی ئۆیرۆئاسیا بە کانگای یەکەم دابنێم). ئەمە بە دڵنیاییەوە لەسەردەمی هاتنی میدییەکانەوە ئاوهابوو، هەرچەندە پێدەچێت لەوەبەریش هەر ئاوها بووبێت. مێژوونووسە ئاشوورییەکان باسی پاشای نایری و جەنگاوەرە عەگیدە مێرخاسەکانی مەڵبەندی ئەوڕۆکەی کوردستانی نێوەند دەکەن. لەسەرتاسەری مێژووی ئیسلامدا بەردەوام سەرەکهۆزە کوردەکان و هۆزەکانیانمان دێتەوە پێشچاو، کە لە خزمەتی دەستەڵاتدارییە مەزنەکانی دەوروبەریاندا هەڵسووڕاون(١٤).

نێودارترینیان صەلاحەددینی ئەیوبی بوو، کوردێکی سەر بە هۆزی ڕەوادی، کە ژەنەڕاڵێکی ئۆردووی تورك بوو لە شەڕی دژی خاچپەروەراندا. ساڵی ۱۱۷۱ خەلافەتی فاتیمەییە شیعەکانی میسری تێكو پێکداو خۆی کردە سوڵتانی نوێی سوننیەکانو تاجی پاشایی لەسەرنا. پاشان سووریاشی خستە ژێر ڕکێفی خۆیەوەو کردیە بەشێك لە قەڵەمڕەوەکەی. بەرۆگرەکانی تا ساڵی ۱۲٤۹ لە میسرو تا ساڵی ۱۲٦۰ لە حەڵەب، حوکمڕانییانکرد. دیارە ناکرێت صەلاحەددین وەك نموونەیەکی شیاوی ئەندامی هۆزە کوردەکان وەربگرین، کە چۆتە ڕیزی سوپای یەکێك لە ئیمپراتۆرە هاوسێکانەوە. چونکە ئەو سەرۆکهۆزێك نەبوو، هەتا لە کوردستانیش لە دایك نەبووە، بەڵکە لە تکریت (لە کوتە عارەبییەکەی عێراق)(*). هەڵبەت لە هەڵگرانو دەستکەوتنی دەستەڵاتدا، منەتباری کارامەیی و لێهاتوویی خۆیەتی لە بواری سوپاییداو چاکەی نورەددینی ئەتابەگی، کە فەرمانڕەوای سەربەخۆی حەڵەب بوو، دەنا هیچ هۆزو خێڵێك کۆمەککارو پشتیوانی نەبوو.

ئەو هەموو سەرەکهۆزانەی لەژێر فەرماندەیی ئەودا بە پلەوپایەی نزمتر ڕازیبوونو خزمەتیان دەکرد، دیاردەیەکی ئاساییە. ڕەنگە بەوهۆیەوە کە نەتوانراوە ڕەچەڵەکی بگێڕدرێتەوە سەر خانەدانانی هۆزەکەی، مسۆگەرکردنی پشتیوانی هۆزەکانی دی ئاسانتربووەو گشتیان بۆی بە بەینەت بوون. پلەو پایەی تا ڕادەیەك لە پلەی ئەو شێخە دەچێت کە شکۆو سەروەریی، تخوبی هۆزی بەزاندووە. ئەم بەسەرکەوتنی لەشەڕی کافراندا (دژی خاچپەروەران) شکۆو سەروەریی هێجگار زێدیکردو بە دژایەتیکردنی فاتیمییە گومڕاکانیش، پایەی ئاینیی هەڵکشا.

زۆربەی ئەو هۆزانەی سوپاکەیان پێکدەهێنا، کوردو بەشێکی زۆریان تورك بوون. لە نێوان ئەو دووتاقمەدا بەردەوام کێشەو ئاشووب بوو. دیارە صەلاحەددین هەرگیز پرکێشی ئەوەی پێنەدەکرا دەستبەرداری بەشێکی مەزنی سوپاکەی ببێت، بۆیە قەت نەدەوێرا ڕەگەزی کوردانەی خۆی لەقاوبدات. کەواتە فەرمانڕەوایەتی ئەیووبییەکان فەرمانڕەواییەکی کوردانە نەبوو، بەڵکە فەرمانڕەواییەکی موسڵمانانە بوو.

### ۳-٤ نموونەی چەند بارەوەبوو:

### پەیوەندیی نێوان مەڵبەندو کەنارەکانی (Zentrum und Peripherie)

لە هەرێمە کەنار کەوتووەکانی دەوڵەتانی خۆرهەڵاتی نێوەندا، لە گۆڕینی تاقمی هەڵکەوتەو هەڵبژارتەدا، هەستی بە جۆرە پرۆسێسێکی وێکچوو دەگەڵ ئەوانەی ئەو مەڵبەندانەدا دەکرێت، کە پێوەندییەکی پتەویان لەگەڵیاندا هەیە. لەو کەنارانەدا کایەو ڕۆڵی هۆزەکان هێشتا زرپو زۆپن، لێ جوداوازییەکی ئەوتۆیان نییە. هەر گۆڕانکارییەك لە حوکمڕانیی پێتەختدا ڕوودەدات، وەك دیاردەیەکی تایبەتی، هاندەری ئەو پرۆسێسە تێیدەڕواندرێت، کە لە هەرێمە کەنارکەوتووەکاندا، بەردەوام ڕوودەدات.

بەگشتیی جوداوازییەك لە نێوان شێوازی حوکمڕانی مەڵبەندو هەرێمە کەنارکەوتووەکانیدا، لە ئارادایە. سیمای دەستەڵاتدارییەکی وابەستەی ناڕاستەوخۆ، لە هەرێمە کەنارکەوتووەکاندا، زاڵە. کوردستان لەوەتەی هەیەو هەتاکو ئێستاکەش، هەمیشە هەرێمێکی کەنارکەوتەی ئەو دەوڵەتانە بووە کە پێیانەوە جووتباقە کراوە. بۆیە گۆڕانکارییەکانی ئەوێ، لێرە بێئاکامو بێسەرئەنجامی گرنگ نابن. ڕەنگە هەر بەو جۆرو شێوازە، پێشهاتەکە لە گشت هەرێمە کەنارکەوتووەکاندا ڕەنگبداتەوە.

---

(*) لە ڕۆژکاری دەستەڵاتدارێتی سوڵتان مەسعودی سەلجوقیدا، یەکێك لە کاربەدەستانی سوڵتان، پاراستنی قەڵای تکریتی بە شادی باپیرە گەورەی ئەیوبییەکان ئەسپاردووە، بەو هۆیەوە ئەو بنەماڵەیە لە تکریت گیرساوەتەوە. بڕوانە: "شەرەفنامەی هەژار"، ل۱۲٥.

به شێوەیەکی گشتی، حوکمڕانە نێوەندییەکە، لە نێو دەستەڵاتدارانی هەرێمەکەدا بە ئارەزووی خۆی بڕێک کەسان هەڵدەبژێرێت و ئەرکی فەرمانڕەواییان پێدەسپێرێت. چۆنێتی ئەنجامدانی ئەو کارە، بەپێی کات و شوێن دەگۆڕرێت.

لێرەدا دەبێت بەوپەڕی بەرفراوانی لە واژەی "وابەستەیی" بگەین. گشت پێوەندییەکی نێوان ڕژێم و گەل لە ڕێگەی ئەو داردەستانەوە دێتە دی، ئەوانیش لەو ڕوانگەیەوە بە شێوەیەکی بەرین، چەندێتی و چۆنیەتی دەستەڵاتیان دەگۆڕن. ئەوانە بۆ ئەوە ڕاگیراون و دابەستراون تا لە ڕەشەخەڵکەکە باج و سەرباز بۆ ڕژێمی نێوەندی کۆکەنەوە، لە بەرامبەر ئەوەدا تا ڕادەیەکی زۆر دەستیان بەرهەڵداکراوەو سەربەخۆییان پێدراوە. تەنها داخوازییەکی لێیاندەکرێت: "پێبەندیی و وابەستەییە". لەبری وی گشت پشتگیریی و کۆمەکێکی دەوڵەتیان لەمەڕ داخوازە نێوچەییەکانیان، بۆ مسۆگەر دەکرێت. ئەو سەرەکخێڵانەی دەوڵەت پشتیوانییان لێناکات، تەنها لە ڕێگەی تڵینەوە حوکمڕانی دەکەن (هەرچەندە دەستوپێوەندو چەکداری زۆر، تۆڵەی کەم تڵینی دەکاتەوە)، لێ ئەوانەی دەوڵەت دەیانلاوێنێتەوەو پلەوپایەو نیشانیاندەداتێ، دەستەڵاتێکی فرەیان هەیەو بواری کەش و فشیان زۆرەو چاکیش خۆ دەنوێنن. ئەمانە لە ئەرکی سەرشانیاندا بەرامبەر دەوڵەت، (ئەرکی باج کۆکردنەوەو سەربازگرتن، هەمیشە خەریکی قاچوقووچن و گەلەك لەوە زێتر دەستێنن کە دەوڵەت داوای دەکات).

دیارە لە ڕێگەی ئەو دەستەڵات و شێوازە سەپاوانەوە کە بۆیان لواوە، بوونەتە کۆپی و بەرماوێکی ڕێکخراوەی دەوڵەتە نێوەندییەکە. ئەمانیش بۆ خۆیان کۆمەڵێك سەرەکهۆزو سەرخێڵی گچکەتر وابەستەیانەو پێوەندیی نێوانیان ئاوێنەیەکە، وێنەی پێوەندیی خۆیان و دەستەڵاتدارە نێوەندییەکە ڕەنگپێدەداتەوە.

ئا بەو پێیە، پێوەندییەکی تا ڕادەیەك ئازاد دەگەڵ دەوڵەتدا، کارێکی هێجگار زۆر دەکاتە سەر پێکهاتە سیاسییەکە، هەتا دەگاتە ڕیزەکانی خواری خوارەوەش. لەتەك تین و تاوە سیاسییەکەی دەوڵەتدا، کاریگەرێتی و تین و تاوە ئابوورییەکەش زۆر زەق و زاڵە. بازرگانی و پووڵ هەڵڕشتن و بەرهەمی نوێ، زێتر لە خزمەتی برەوپێدان و جێپێ قایمکردنی ئەو توێژاڵە کۆمەڵایەتییەدان، هەرچەندە سەرتاپای پرۆسێسێکە خۆی لە خۆیدا پێشبینی ئەوەی لێناکرێت و ئەو ئاکامەی لێناچریسکێتەوە. دیارە میکانیزەکردنی بواری کشتوکاڵ، دوا ئاکامی ئەو تین و تاوەیە، بەڵام تاقە ئاکام نییە.

سەرەکخێڵێکی گچکە کە دەبێتە وابەستەی دەوڵەتێکی بەهێز، هیچێکی ئەوتۆی نییە لە دەستی بدات، لێ بواری شڵپەو مشەی دەستکەوتێکی چاکی بۆ دەڕەخسێت. هەرچەندە ڕەنگ هەیە کەمێك سەربەستی خۆی لەدەست بدات، وەلێ بە برەوپێدانی دەستەڵاتی، بە تێرو تەسەلی تۆڵەی بۆ دەکرێتەوە. دیارە کوردستان بەوە لە زۆر نێوچەی کەنارکەوتەی دی جوودادەکرێتەوە، کە صەدان ساڵە مایەی شەڕو تێکبەربوونی چەندین زلهێزە، ئەوە بواری ئمبەرو ئەوبەرو ئەمسەرو ئەوسەرێکی چاکی بۆ دەستەڵاتدارە نێوچەییەکان ڕەخساندووەو تا ڕادەیەك کەمەکێك سەرخۆبوونی بۆ مسۆگەر کردوون. بڕێکجار توانیویانە ئەو زلهێزانە بە گژیەکدا بکەن و بەشەڕیانبدەن، هەرچەندە ئەوە بازییەکی خەتەرناکە، بەڵام دەشهێنێت.

لە مارتی ١٩٧٥دا، گشت جیهان تەماشاچی ئاکامێکی دراماتیکانەی ئاوها بازییەك بوو، کاتێك دوو هێزە نەتەویەکەی ئێران و عێراق (کە خۆیان لە خۆیاندا وابەستەو دنەدراوی ئەمریکا و شوورەوی بوون) لە جەزائیر پێکهاتن و بەوە میرنشینە وابەستەکەی بارزانی(١٦) لە چەند ڕۆژێکی کەمدا هەرەسی هێناو داڕماو صەدان هەزار کوردی عێراق لەسنوور پەڕینەوەو ئاودیوی ئێران بوون. ئێران کۆمەکی بە بارزانی دەکرد تا لەو ڕێگەیەوە بتوانێت زەبرێکی سیاسی گورچووبڕ لە عێراق بوەشێنێت، کە لەمێژبوو بەشەڕ هاتبوون. بارزانی بەوەی کە

هەمیشە درزێکی ئاواڵەی بۆ ڕژێمی عێراق هێشتبووەوە، توانیبووی لە بواری پێوەندیی دەگەڵ ئێراندا، تا ڕادەیەك سەربەخۆیی خۆی بپارێزێت. ئا لەو ڕووەوە، بارزانی تەنها شوێنپێهەڵگری ژمارەیەکی زۆر لە سەرەکهۆزە کوردەکانی بەرلەخۆی بووە، کە بناوانەکەی لە تەمومژو تاریك و بوومەلێڵی دێرینەی مێژوودا گومە.

بوونی زێتر لە زلهێزێك لە نێوچەکەدا، ململانێ و کێشمەکێش و دوژمنایەتی سەرەکخێڵە گچکەکانی مەڵبەندە کەنارکەوتووەکەی خەستتر کردۆتەوەو تاوو تینی لەسەری زۆرە. کاتێك نەتەوێ و گوردێری سەرەکهۆزێك دەداتە پاڵ دەوڵەتێك و دەبێتە وابەستەی، سەرەکهۆز هیچی پێناکرێت ئەوە نەبێت کە بداتە پاڵ دەوڵەتێکی دی (یاخود دەوڵەتانێکی دی)و پشتگیرییان مسۆگەر بکات. دژایەتی و دوژمنایەتی ئەو سەرەکهۆزانە لە نێوخۆیاندا، دەبێتە ماك و هەوێنی وابەستەیی و پێبەندییان بەو دەوڵەتانەوە. ئەو وڵاتانەی گەرەکیانە جێپێی خۆ لە کوردستاندا بکەنەوە، هەمیشە وێڵی دووی وابەستەیەکن کە دوژمن و ناحەزی وابەستەی وڵاتەکانی دیکە بێت. بەو جۆرە نەتەوێ و ناحەزە نێوچەیی و مەڵبەندییەکان، تا ئەوپەڕی سنوور، پشت بە گێرمەوکێشەی وڵاتانی هاوسێ و دوور دەبەستن و بەو پێیە دەبنە پێبەندو وابەستەیان.

هێشتا لە هیچ کوێ مرۆڤم نەدیتووە، هێندەی کورد ئاوەها ئاگادارو هۆشیاری ململانێ و شەڕە دەستەڵاتی نێو دەزگەی دەوڵەتەکانی لەمەڕ خۆیان و وڵاتانی دیکەی جۆربەجۆر بن. تا ئەوڕۆش بەردەوام بیر لەو شەوە خۆشە دەکەمەوە کە بە پرسیاری هورد دەربارەی پێوەندیی ئەودەمەی ئەمریکاو شوورەوەی و چین بۆژۆیانکردم. لە هەوارێکی ڕەوەندەکان بووین، کە هیچ یەکێکیان هێشتا قوتابخانەیان نەدیتبوو. لەگەڵ ئەوەشدا تا ڕادەیەك شارەزاییەکی باشیان هەبوو، گشت ڕۆژێك هەواڵەکانی دەنگوباسی وێزگەی چەند وڵاتی جۆراوجۆریان گوێ لێدەگرت و ئەوجا دەکەوتنە مقۆمقۆ لەسەر نێوەرۆکەکەی و شییاندەکردەوە. دیارە گرنگ بەلای ئەوانەوە ئەوەبوو، چ شیمانەیەکی سەرخۆبوونی کوردستان لەو هەواڵانە هەڵدەوەرێت، (با دامەزراندنی دەوڵەتێکی وابەستەش بێت).

پێنبەندی و وابەستەیی لەو بابەتە بە درێژایی مەودای سوودو دەستکەوت چنینەوەکە بڕدەکات. هەرکات ئەو دەستکەوتانە چۆڕپڕبوون، ئیدی دەدرێتە پاڵ هێزێکی دی، یاخود جاڕی سەربەخۆبوونی تەواو دەدرێت. هەر هێزە نێوەندییەکە کزو لاواز بوو، ئەوجا وابەستەکانی کەنارکەوتەی دەکەونە بزۆزی و نیشاندانی ئارەزووی سەربەخۆبوون. ڕەنگە بەسەرزارەکی هێشتا دڵسۆزی و بە ئەمەکییان ڕاگەیەنن، لێ بەردەوام نێوکی ئەو ئەمەکە هەڵدەکۆڵن و نێوەرۆکی پووت دەکەنەوە. لەپڕ سەرپێچی لە باجدان دەکەن، کۆمەکی سوپایی دەبڕن و هەر دەرفەت بوو، بەو پەڕی ئاشکرایی، بانگی سەربەخۆیی هەڵدەدەن. لێ ئەگەر ئەو لاوازییەی هێزە نێوەندییەکە نەتم بوو، ئەوا بەزوویی پێبەندی و وابەستەیی خۆیان ڕادەگەیەننەوە. گەر دەستەڵاتی نێوەندیی بەزوویی نەسەپێتەوە، لە دەڤەرە کەنارکەوتووەکاندا چەندین هۆزی سەربەخۆو دەوڵەتۆچکە سەرهەڵدەدەن و برێکیان پەل بەسەر ئەوانەی دیدا دەهاوێژن و بەڕادەی دەوڵەتێکی تەواو دەپەنمن و گەشە دەکەن. کەواتە داڕمان و داڕوخانی ئیمپراتۆرێتێك، چەندین دەوڵەتی نوێی کەنارکەوتەی لێدەکەوێتەوە، کە هەریەکەیان وێنەیەکی لەبەرگیراوەی گچکەڵەی کۆنە ئیمپراتۆرێتەکەن. بەڵام مەرج نییە تەنها کۆمە وابەستەکان ببنە فەرمانڕەوای سەربەخۆ. ئەو ئاشووب و ئاژاوەیەی لە داڕمانی دەستەڵاتە نێوەندییەکە دەکەوێتەوە، گرژبوون و قوڵبوونەوەی دژایەتی و دوژمنایەتی کەسایەتییە مێملەکانی یەکدی، لە هەرێمە کەنارکەوتووەکاندا، ڕێگە بۆ سەرهەڵدانی لەپڕو خێرای سەرکردەو ڕێبەرێکی نوێ خۆشدەکات.

بۆ ڕوونکردنـەوەی ئـەم پرۆسێسـە، پـەنا دەبەمـە بـەر ڕووداوە مێژووییەکـەی میرنشـینی مەڕەوانییـەکان، ئـەو میرنشـینە کـوردەی سـەدەیەکی تـەواو، دەوروبـەری (٩٨٥ – ١٠٨٥) بەشـێکی مـەزنی کوردسـتانی سـەربەخۆ حوکمڕانی دەکرد(١٧). دەستەڵاتی نێوەندی لەم حاڵەتەیاندا بەدەست خەلیفەی عەبباسییەکانی بەغداوە بوو. لە بەغدای پێتـەخت، بوەیهییـەکان کە میرنشـینێکی دەیلـەمی بوو، ساڵی ٩٥٥ جڵەویان گرتەدەستو دەسـتەڵاتی لاوازی خەلیفەیان بووژاندەوە. بە ڕەسمی هەر خەلیفە پێشەواو سەرقوماندان بوو، لێ لـە ڕاستیدا سەرەگوریسی دەستەڵات بەدەستی بوەیهییەکانەوە بوو. سـەریان بە حەمدانییەکان نەویکرد، کە میرنشـینێکی عارەبی بـوو، ماوەیەکی زۆر سەربەخۆ فەرمانڕەوایی بەشـی باکوورو نێوەنـدی میسـۆپۆتامیایان دەکـردو (هـەتا سـێ سـاڵ بەغداشیان حوکمڕانی دەکرد). بوەیهییەکان فەرمانداریێتی حەڵەبو موسل ”یان دایە دەست دوو لقی خانەوادەی حەمدانییەکان. ئەمانە هەمیشە لـە هەڵپـەی ئـەوەدابوون کە سـەربەخۆبوونی تـەواو وەدەسـت بـهێننو نێوچـەی دەستەڵاتیان بەرینتر بکـەن. ئـەو دەمانـە لـە ڕیـزی موسڵماناندا، فاتیمییـەکان کە لـە قاهیرە حوکمڕانییاندەکردو سوریاش لە کەوشەنی قەڵەمڕەوی ئەواندا بوو، سەرسەختترین دژو دوژمنی عەبباسییەکان بوو.
سێهەمین ئیمپراتۆریێتی ئـەو دەمـە، ئیمپراتۆریێتی بیزەنتی بوو. دوو پاشانشینە نیمچەسەربەخۆکەی ئەرمـەن، یـەکێکیان لـە ئـەنی بە نێـوی میرنشینی بەقرەدییەوەو ئـەوە دی لـە ڤان بە نێـوی ئەرتسـرونیانەوە، کایەیـەکی ئەوتۆیان نەبوو.
هەڵبـەت نابێت لێرەدا هۆکاری ئاینی فەرامۆشکرێت. خەلیفەکانی عەبباسـی هـەرچۆن بووبـن، لەلایـەن گشـت موسـڵمانە سـوننییەکانەوە وەك سـەرکردەو ڕێبـەر پەسـەندکراون، واتـە وەك سـەرکردەی دنیـاییو دیـنی. بوەیهییەکانو ئەو ئۆردووانەی بۆ گرتنەدەستی دەستەڵات کۆمـەکیان پێکردن، شیعەی دوازدە ئیمام بوون، کە دوور نییە یەکێك نـەبێت لـەو هۆیانـەی ئاوها لـە کن زۆربـەی هـەرەزۆری کوردە سـوننییەکان دزێوو ناپەسـەندی کردبوون. فاتیمییەکان، شیعەی ئیسماعیلی حەوت ئیمام بوون. کەواتـە هاوئاینزایی، حەمدانییـە سوننییەکانی لە نێو گشت هێزە دەرەکییەکاندا، کردبووە پەسەندترینیان.
دەربارەی دامەزرێنەری میرنشینی مەڕەوانی، هێنـدە دەزانین کە کوردێك بـووە بە نێـوی باذ یـاخود بادەوەو لـە بنچینـەدا شـوانکارە بـووە، پاشـان بۆتـە جـەردەو بە تـاقمێك لـە پیاوەکانییـەوە بـاژێڕی ئـەرچیش Ercisو بڕێـك باژێڕی گچکـەی دیکـەی نێزیکی سنووری ئـەرمێنیایان داگیرکردووە. لـە جێگـەیەکی دیـدا بە پێشـەوای هـۆزی حومـەیدی نێودەبرێت. دیارە چ پێویسـت بە پەرچدانـەوەی ئـەو پایـە نزمییـەی ناکات: لـەو جێگانـەی دەوڵـەت سـەرەکهۆز دەسـتنیشـان ناکـات، بـۆ هـەڵگرانی خـێرا لـە کۆمەڵگـەدا، هیـچ بەرهەڵسـتێك نییـە لـەق نـەکرێتو هەڵنەقەندرێت. لەنێو هۆزە کوردەکانیشدا، گەلەکجار هەتا زارۆکانی سەرەکهۆزیش، بەرغەل دەلەوەڕێنن.
لەسەروەختی حوکمڕانی عەدودالدولەی بوەیهیدا، کە دەستەڵاتدارێکی زەبربەدەست بوو، باد لـە کێوەکان خـۆی داگرتو هێور لێیدانیشت، پاش مردنی عەدودالدولە، دۆستو لایەنگرانی فرەی لێخڕبوونەوە(١٨). هێرشی بردە سەر باژێڕی میافارقین، (سلڤانی ئەوڕۆ)، کە ئەودەم والییەکی مـەڕوانیی حوکمڕانیی دەکرد، ساڵی ٩٧٣/٩٧٤ بێ دەردیسەر شارەکەی گرت، چونکە دانیشتووانی ئالیکارییو پشتگیرییان دەکرد. پاش ماوەیـەکی کـورت نێوچە پڕ خێروبێرەکانی ئامەد (دیاربەکر)و نوصەیبینیشی خستە ژێر ڕکێفی خۆیەوە. برایەکی خۆیی کردە قۆمـاندانی میافـارقینو خـۆی بـەرەو باشـوور هێرشـیبردو موسـڵی داگـیرکردو ئـەو ئـۆردووەی هـەڵبڕی کـە بوەیهییەکانو حەمدانییەکان لە دژی کۆیانکردبووەوە. هـەتا بەغداشی خستە مەترسییەوەو هەڕەشەی گرتنی کرد، وەلێ شکاندیانو ناچاری پاشەکشەبوو، گەڕایەوە بۆ میافارقین. پاشان ئەو قوماندانەی ناچار کرد کە بۆ

ڕاوەدوونانی نێردرابوو، گشت لە گشتی دەڤەری دیاربەکری بۆ جێبهێڵێت(١٩). حەمدانییەکان هیچ چارەیان نەما، ملیانداو بەوەڕازیبوون کە بەشی زۆر خاکەکەیان بە باد دۆڕاند. پاشان لەسەر ئەوە ڕێککەوتن کە باد ئاقارەکانی باشووری فەرمانڕەواییەکەی خۆی، (تۆرعابدین و جەزیرە)، وەك وابەستەیەکی حەمدانییەکان، حوکمڕانی بکات. دیارە ئەوانیش بۆ خۆیان وابەستەی بوەیهییەکان بوون و منەی دەرفەتێکیان دەکرد بۆ پساندنی داوی وابەستەیی و وەدستهێنانی سەربەخۆیی(٢٠). کە سامسام الدولەی بوەیهی لە ساڵی ٩٩٠دا مرد، حەمدانییەکان هەوڵیاندا دەرفەتی ڕەخساوی کزی و لاوازی دەستەڵاتی نێوەندی بقۆزنەوەو سوودێکی لێهەڵهێنجن. جارێ هەوڵیاندا ئەوەی بە بادیان دۆڕاندبوو، لێبستێننەوە. باد لە نێزیکی کێوەکانی تۆرعابدین، ئۆردووەکەی کۆکردەوەو پێوەندیی بە موسڵاوییەکانەوە کرد (کە دیارە هاو ئامانجی بوون). ڕەنگە ئەگەر لە شەڕگەی کێوەکانی تۆرعابدیندا نە کوژرابا، توانیبای موسڵ داگیربکات(٢١).

پاش خۆی سێ خوارزاکەی، یەکە یەکە حوکمڕانییان گرتەدەست و جێگەیانگرتەوەو توانییان بەرپەرچی هێرشە دەرکییەکان بدەنەوەو تێکیانشکێنن، (ئەوەبوو بیزەنتییەکان هەوڵیاندا، کەناری سەرووی گۆلی ڤان بخەنە ژێر چنگی خۆیانەوە). دوژمنایەتی و دژایەتی نێوخۆ جووتەبرای یەکەمیان کەنەفت و لاواز کردبوو، تا برای سێهەم، ئەبو نەصر توانی بەسەر تەگەرەکاندا زاڵبێت و هێمنی و ئاسایش بەرقەرار کات. سەردەمی درێژی حوکمڕانییەکەی، لە ساڵی ١٠١٠ەوە تا ١٠٦١ بە قۆناغی خۆشگوزەرانی و گەشەو شکۆفەی کولتوور دادەنرێت. لە ڕێگەی پەیوەندیی دۆستانەیەوە دەگەڵ قەیسەری بیزەنتی و خەلیفەو بوەیهییەکاندا، توانی جێپێ و زەمینەی دەستەڵاتی خۆی پتەوو قایم بکات(٢٢). لە یادی سێهەمین ساڵی حوکمڕانی و سەقامگیربوونی دەستەڵاتیدا، هاوکات نوێنەرانی هەرسێ زلهێزەکە بە دەست و دیاری و لەقەب و نیشانەوە ڕوویانکردە کۆشك و سەراکەی، (کە لایەنی کەم تەنها بەنێو دەیانکردە وابەستەی خۆیان). سەرەتا نوێنەری خەلیفەو بوەیهییە پارێزەرەکانی چوونە کنی. دیاری زۆریان پێبوو، جبەو جلکی خاوەنشکۆیان، لەقەبی ناصر الدولە، ئەوجا وودمێك، کە نێوی گشت شارو شارۆچکەو قەڵاکانی دیاربەکری تێدا نوسرابوو.

چەند ڕۆژێك دواتر، نێردراوی ئەبو عەلی مەنصوری حوکمڕانی فاتیمی بە دەست و دیارییەکی فرەوە گەیشت و لەقەبی عیزز الدولەی بۆ هێنابوو. پاش چەند ڕۆژێکی دی نێردراوی باسیلیۆسی قەیسەری بیزەنتی بە دیاری دانسقەو نایابەوە گەیشت. ئەو دانپێدانانەی سێ زلهێزەکەی ئەو سەردەمە، هۆکارێکی بنجی بوون بۆ سەربەخۆبوونی ئەبو نەصرو برەوپەیداکردنی دەستەڵات و بەهێزبوونی حوکمڕانییەکەی(٢٣). ئامەدیشی خستە سەر خاکی خۆی و خاوەنشکۆیانە حوکمڕانی دەکرد، هەروەکی حوکمڕانانی قاهیرەو بەغدا(٢٤). دەستوپێوەندە بیرۆکراتەکانی لەجێگەو مەڵبەندە جوداوازەکانی جیهانی ئیسلامەوە خڕبووبوونەوە. پەنابەرانی سیاسی بەخێر دەهێنران و خۆشهاتنیان لێدەکرا، بەوە ئەو حوکمڕانیە نوێیەیان کردبووە دەوڵەتێکی کۆسمۆپۆلیتی.

مەخابن سەرچاوەکان هیچ زانیارییەکی بەکەڵکی ئەوتۆمان دەربارەی شیرازەو پێکهاتی نێوخۆی دەوڵەتی مەڕەوانییەکان پێناگەیەنن، وەکی ڕەگەزی سەربازانی و ڕەچەڵەك و تێکەڵی دانیشتووانی. Minorsky (کە پێدەچێت لە ابن الاثیری مێژوونووسیەوە وەرگرتبێت)، باد بە پێشەوای حومەیدی‌یەکان نێو دەبات و دەڵێت بۆ دواهەمین جەنگی دژی حەمدانی‌یەکان، ژمارەیەکی زۆری کوردی بەشنەڤی کۆکردبووەوە(٢٥). لە گوتەکانیەوە ئەوە دەدرەشێتەوە کە گوایە دەبێت پشکی هەرەزۆری سوپاکەی لە جەنگاوەرە خێڵەکییەکانی کورد پێکهاتبێت. بەڵام دانیشتووانی باژێڕەکان زۆربەیان کورد نەبوون، پشکی هەرە زۆریان فەلەو جوو بوون(٢٦).

ئەبو عەلی، یەکەمین بەرۆگری باد، گازەندەی ئەوە دەکات کە دانیشتووانی میافارقین، تایبەت "تورکە گێلە بوودەڵەکان" پشتی ئەویان نەگرتووە، بەڵکە داویانەتەپاڵ حەمدانییەکانو هەتا دژی سوپاکەشی جەنگاون. هەر هەستیان بەوە کردبێت کە سەربازێك یاخود کوردێکی دی بە چاوێکی نزم تێیانەڕوانێت، دەستبەجێ کوشتوویانە، بێ ئەوەی هیچ پرسیارێك لە فەرمانڕەوا بکەن(٢٧). پشکی زۆری جووتێرەکانیش فەلە بوون، (لە ئاسوورییە یاقوبییەکانو ئەرمەنییە گریگۆرییەکانو بڕێك فەلەی سەر بە کڵێسەی ئۆرتۆدۆکسی یۆنانی بوون)(٢٨). هیچ پێناچێت کە ئەو دەمانە کورد لەو ئاقارە خەریکی وەرزێری بووبن، چونکە وەکی میللەتێکی کێونشین باسدەکرێن، کە بە پلەی یەکەم لەسەر ئاژەڵداریی و جەردەیی و ڕاوو ڕووت ژیاون(٢٩).
کەواتە توێژەسوپاییەکەی دەوڵەتی مەڕەوانی، زێتر لە کوردە خێڵەکییەکان پێکهاتبوو. وەرزێرو پیشەگەرو بازرگانەکان، زێتر فەلەو جوو بوون. فەرمانبەرلن زێتر عارەبو دواتریش فەلە ئاسوورییەکان بوون.
پەیوەندییەکانی خاوەندارێتی لێڵو نادیارن، ڕوون نییە داخۆ مەڕەوانییەکان قەت زەوییان بە کرێداوە یان نا، داخۆ بە چ مەرجو لە کام حاڵەتدا. تەنها کۆپلەیەك لە مێژووەکەی ابن الازرقدا هەیە کە باسی وازهێنان لە مڵکایەتی زەوییەك دەکات، بەڵام ئەمەش تەنها حاڵەتێکی تایبەتییە.
پاش مردنی ئەبو نەصر، کارامەترین کوڕی کە ئەبولقاسم بوو، بووە بەرۆگری. وەڵێ کوڕەکەی دیکەی کە نێوی سەعید بوو، ئاژاوەیەکی زۆری نایەوە، تا بە پووڵو زەوی دڵیدرایەوەو ڕازیکرا(٣٠). فەرمانبەرانی شارەکانی دیکە، کەسانێك بوون لە مەڵبەندەوە دەستنیشان دەکران، کە زۆربەی کات خزمو کەسی خانەوادە دەستەڵاتدارەکەی میافارقین بوون. دوور نییە وەکی فەرماندە سوپاییەکانی ئۆردووە خێڵەکییەکان، لە بریتی مز زەوییان نەدرابێتێ (بەکرێ)، وەکی لە وڵاتە ئیسلامەییەکانی دیکەدا باوبوو، هەرچەندە هیچ بەڵگەیەکمان بەدەستەوە نییە.
بە مردنی ئەبو نەصر، دەوڵەتی مەڕەوانییەکان پێینایە قۆناغی داڕمانەوە. گرنگترین هۆکاری دەرەکی، پەیدابوونی تورکە سەلجووقییەکان بوو، لە خۆرئاوای ئێرانو میسۆپۆتامیادا. ئەم ڕەوەندە جەنگاوەرانە، بە تامەزرۆییەوە جەردەییان دەکرد. توغرول بەگی مەزنو سەرکردەیان نەیدەتوانی بەر بەم ئارەزووە شیرینەیان بگرێت، تەنها هەوڵی خاوکردنەوەیانی دەدا. ئەبو نەصر دەگەڵ دوو ژەنەراڵی سەلجووقیدا، کە توغرول بەگ خاکی مەڕەوانییەکانی بەکرێدابوونێ، بەشەڕهاتو توانی دەریانپەڕێنێت. چەلێك دواتر سەلجووقییەکان موسڵیان گرتو تاڵانیانکرد. ئەبو نەصر هەمدیسان بەسەریاندا سەرکەوتو لەشاری بەدەرنان. ساڵی ١٠٥٥ توغرول بەگبەغدای گرتو لەناکاو لە جێگەی بوەیهییەکان، سەلجووقیە سوننییە توندڕەوەکان بوونە پارێزەری خەلیفە. ئەبو نەصر ناچار بوو بە پووڵو دیاری، گەردنی خۆی لەکن توغرول بەگ ئازادبکاتو ڕازی بکات لە نیازی گرتنی وڵاتەکەی پەشیمانبێتەوە. لە بەزمو هەرای شەڕە تەختی ئەبولقاسمو سەعیدی کوڕانی ئەبونەصردا، سەعیدیان پشتگیری توغرول بەگی مسۆگەرکردو بە سوپایەکی مەزنی سەربازانی تورکەوە گەمارۆی میافارقینی دا. وەڵێ ئەم ئۆردووەش بە پووڵ ڕازیکرا: کە سەعید خۆی بە بڕێك مڵك ڕازی بوو، ئیدی سەربازە سەلجووقییەکانیشی بە ٥٠ هەزار دینار ڕازیکرانو کشانەوە(٣١).
پەلهاویشتنی سەلجووقیەکان لەوکاتو ئانو ساتانەوە دەستیپێکرد. هێرشی سەرەکییان بۆسەر بیزەنتییەکان بوو، وەڵێ پێخوستی شەڕەکە خاکی مەڕەوانییەکان، یاخود خاکێکی هاوسێیان بوو، بۆیە ئارامی لەبەر ئەبولقاسم هەلگرتبوو. ساڵی ١٠٧١ سوڵتانی سەلجووقی ئاڵپ ئەسلان لە مەلازگەرد، کە ئەودەم پشکێك بوو لە خاکی مەڕەوانییەکان، بەسەر قەیسەری بیزەنتی، ڕۆمانۆسی چوارهەمدا سەرکەوتو شکاندی. لە پڕێکدا ئیدی

مەلازگەردو ئەخلات بوونە خاكی سەلجووقییان و مڵكی كرێگرتەكانیان. ساڵی ١٠٨٤ هێرشێكی دیكەی سەلجووقییەكان بە نیازی تێكشكاندنی مەڕەوانییەكان دەستیدرایە. میافارقین و ئامەدیان گەمارۆدا. ئەبولموزەففەری پێشەوای مەڕەوانییەكان، (كە كوڕی ئەبولقاسم بوو)، پێتەختی بەجێهێشت و بۆ جزیرە هەڵهات و ئەركی بەرگریكردنی شاری بە وەزیرەكەی سپارد. ڕاوێژكارانی سوڵتان پێشنیازیانكرد كە سوڵتان تەنها جزیرە بخاتەسەر موڵكی خۆیی و هەردوو باژێرە مەزنەكەی (میافارقین و ئامەد) بۆ ئەبولموزەففەر جێبهێڵێت. ئەبولموزەففەر بۆ گووتووێژو ڕێكەوتن لەسەر دیاریكردنی سنووری باشووری خاكەكەی، چوو بۆ دیداری سوڵتان.

سوڵتان لە خواستی خۆی نەهاتە خوارەوەو بەو پێیە هەرچی هەبوو سەلجووقییەكان لە ساڵی ١٠٨٥دا لێیانسەند. وەك دڵدانەوەیەك بڕێك زەویوزاریان لە ئێران دایە. ئیدی لەو دەمەوە هەردوو ویلایەتە كۆنە مەڕەوانییەكان، كەوتنە ژێردەستی فەرمانداران سەلجوقییەوەو باجیان بۆ سوڵتان دەنارد.

پاش هەر قۆناغێكی هەرەسهێنانی دەستەڵاتی نێوەندیی، كاتێك چەند دەستەڵاتێكی گچكەڵەی سەربەخۆ لە كەنارەكانەوەسەرهەڵدەدەن، دەستەڵاتێكی نێوەندیی بەهێزو تۆكمەش لە مەڵبەندا دێتە كایەوە (وەك پێشتر لە نموونەی سەلجووقییەكاندا دیتمان)، لەو ڕێیەوە سەربەخۆیی میرنشینە كەناركەوتووەكان بەرپێدەگیرێت و گەلەكجاریش هەڵدەتەكێندرێن. ئەو هێزە نێوەندییە نوێیە، دەشێت میرنشینێكی نوێ بێت و لەهەناوی یەكێك لە دەستەڵاتدارییە سەربەخۆ كەناركەوتووەكانەوە هەڵتۆقیبێت، یاخود دەشێت ئاكامێكی ئەو چارەسەریانەبێت كە ڕژێمی كۆن دەستیدابوویە. لەگەشتی ڕووداوە مێژوویییەكانی بەشەكانی داهاتوودا، هەردوك نموونە دەبینینەوە.

هەڵبەت هیچ چاوەڕوانی ئەوە لە حوكمڕانە پێشتر سەربەخۆكانی ناكرێت، لەپڕێكدا گوێڕایەڵی و وابەستەیی خۆیان ڕابگەیەنن، بۆیە دەستەڵاتی نێوەندی هەوڵدەدات لەو ئاقارانە دەریانپەڕێنێت، یاخود بە هەر شێوەیەك بێت بەسەریاندا زاڵبێت. ڕەنگە ئەمە هۆكاری ئەوەبێت كە سەرەكهۆزەكانی دەڤەرە كەناركەوتووەكان ئاوها بەزوویی ملكەچیی خۆیان بۆ گشت دەستەڵاتێكی نێوەندیی نوێ ڕادەگەیەنن، كە جێپێ و بەرژەوەندێكی لە كوردستاندا هەبێت. دیارە لە ترسی ئەوەی نەبا مێمڵ و گوردێرێكی لەجێگە داكرێت، تایبەت گەر ئەو كەسە لەلایەن دانیشتووانەوە بەگەن كرێت. یاخود دوورنییە حوكمڕانێكی نامۆی (سوپایی) بیرۆكرات نەكرێتە دەستەڵاتداری نێوچەكە. لەم حاڵەتەی دواییاندا دالەنگین و شلۆقی هێز، هەربەردەوام دەبێت، چونكە قەت غەوارەیەك ناتوانێت بێ گێرمەو كێشە، جێگەی دەستەڵاتدارێكی نێوچەیی بگرێتەوە(٣٢). ئاكامی ئەوە داڕمان و لەبەرئێكڕەواندنەوەی ئەو یەكێتی و یەكڕیزییەیە كە حوكمڕانی پێشتر سەپاندبووی. گەلەك سەرەكهۆزی گچكە شێلگیرانە هەڵپەیانە هێندەی دەكرێت لەو هێز دالەنگین و شلۆقییە دەستكەوت بچننەوە. شەڕەزرتانێی چاوچنۆكانی تینوو و شەیدای هێزو دەستەڵات باڵدەكێشێت، گەر مەزن و میرێكی ئەوتۆیی لە ئارادا نەبێت، كە بزانێت چۆن لغاویان لەدەم دەنێتەوە، هۆزەكە یاخود دەوڵەتەكە كوتكوت و كەلەپارچە دەكرێت(٣٣). بەو پێیە زۆر هۆز بۆ پاراستنی یەكێتی و یەكڕیزی خۆی، منەتباری كەسایەتییەكی بەهێزی بەوەجە، وەكی دەستەڵاتدارێكی خاوەن ئەزموونی ژیری كورد، نێزیكەی چوار سەدە لەمەوبەر ئاوها سەردەمێكی لەو بابەتەمان بۆ پێشبینی دەكات:

ولایت ز سلطان چو خالی شد

رئيس بهر قريه والی شد( [*] )

﴿كه وولأت سەركردەو ڕێبەری نەما

ئیدی كوێخای هەر گوندێك بۆ خۆی دەبێتە میرێك﴾(٣٤).

ئەو پرۆسێسە گشتییەی پێشتر دەستنیشانمانكرد، ئێستاكە ڕوونتری دەكەینەوە. بەشی داهاتوو نموونەی مێژوویی لەو بابەتەمان پێشچاودەخات.

٣-٥ جووتباقەكردنی كوردستان بە ئیمپراتۆرێتی عوسمانییەوە(٣٥)

هێرشی تورك‌و مەغۆلەكان لە سەدەی یازدەهەمەوە تا سەدەی چواردەهەم بۆ سەر خۆرهەلأتی نێوەند، شلۆقی‌و نائارامی‌و گۆڕانی سیاسی زۆریان بەدەمەوەبوو. لە شالأوەكانی قۆڵی باكوورو خۆرئاوایانەوە، ڕژانە ئەرمینیای گەورەو گچكەوەو لەو ڕووەوە كارێكی فرەشیان كردە سەر بارە جوگرافییایە بەرینەكەی كورد(٣٦). لە كۆتایی سەدەی پازدەهەم‌و سەرەتای سەدەی شازدەهەمدا، بە گەشەسەندنی دوو ئیمپراتۆرێتە فرەنەتەوە بەهێزەكەی عوسمانی‌و فارسی، بارێكی سیاسی نوێی هێورتر هاتە كایەوە. ماكی هەرە گرنگی نائارامی‌و تێكهەڵقژاندنی ئەو دوو دەوڵەتە، كوردستان بوو. دیارە سەركهۆزە كوردەكان‌و هۆزەكانیان لەو بوارەدا كایەیەكی گرنگیان هەبوو. لە نیوەی یەكەمی سەدەی شازدەهەمدا، سەركەوتنە سەربازییەكان‌و هەڵوێستە سیاسییە ژیرانەترەكانی دەوڵەتی عوسمانی، بڕدانی پشكی هەرەزۆری كوردستانیان بۆ مسۆگەركرد، چونكە توانییان لایەنگیری‌و پشتگیری میرە كوردە دەستەلأتدارەكان وەدەستبهێنن. ئەو سنوورەی ئەودەمە لە نێوان هەردوو ئیمپراتۆرێتەكەدا سەپاو چەسپا، ئیدی لە سەدەكانی پاشتردا تەنها گۆڕانكارییەكی كەمی بەسەردا هات.

٣-٥-١ قەرەقۆینلۆو ئاق قۆینلۆ

پاش مردنی تەیموری لەنگ لە ساڵی ١٤٠٤دا، ئەو ئیمپراتۆرێتەی لە سووردەریاوە( [*] ) تاوەكو خۆرئاوای ئەنەدۆل درێژبووبووەوە، زۆر بەخێرایی داڕماو لەبەریەك هەڵوەشایەوە. لەوپەڕی خۆرئاوایەوە، عوسمانییەكان كە فەرمانڕەوای میرنشینێكی گچكەڵەی تورك بوون، هەوڵیاندەدا میرنشینەكانی دیكەی لەبابەتی ئەوەی خۆیان، ژێر دەستە بكەن‌و بیانخەنە سەر قەڵەمڕەوەكەیان. لە ئازربایجان‌و كوردستان، دوو كۆمەڵە هۆزی یەككەوتەی جوداوازی تورك، دوو دەوڵەتی سەربەخۆی قەرەقۆینلۆو ئاق قۆینلۆیان لێدامەزراند. مەڵبەندی سەرەكی یەكەمیان، نێوچەكانی باكووری گۆلی ڤان بوو، لیٚ كەمێك پاش مردنی تەیموری لەنگ، قەرە یوسفی ڕێبەرو سەركردەیان، پشكی زۆری ئازربایجانی داگیركردو خستییە ژێر ڕكێفی خۆیەوە. بەلأم هۆزی یەككەوتەی ئاق قۆینلۆ بازێڕی ئامەد (دیاربەكر لە خۆرئاوای كوردستان)ی كردە پێتەختی خۆی. ئەودەمە قەڵەمڕەوەكەیان هێشتا گچكەو سنوورەكانیان نادیار بوون. لە دەوروبەری ساڵی ١٤٥٠دا، زۆربەی میرنشینە كوردەكان ژێر

---

* ڕەوانشاد "هەژاری موكریانی" ئەم دێڕەی ئاوها كردۆتە كوردی:

"تاویٚ دنیا بیٚ میرە گزیر لەجێی وەزیرە"

* سووردەریا ئەو ڕووبارەیە كە لە نێوچەی نامانجانی ئۆزبەگستان، لە چۆمەكانی نارین‌و قەرەدەریا پێكدێت‌و درێژییەكەی ٢٩٩١ كیلۆمەترەو دەڕژێتە دەریای ئاراڵەوە. لە دێرینی زۆر كۆندا Laxartesی پێگوتراوە. (بڕوانە ئینسكلۆپیدیای Brockhaus، چاپی نۆزدەهەم، بەرگی پێنجهەم، ل٢١٢، 1986 MannheimK).

چەپۆکەی قەرەقۆینلۆ بوون، بەڵام میرە کوردەکانی خۆرئاوای ئەو ئاقارە، وەکی بەتلیس و سیعردو حەسەنکێف، تەنها بەنێو وابەستەو پێبەندی دەستەڵاتدارانی قەرەقۆینلۆ بوون(٣٧).

قەرەیوسف پاش ئەوەی لە دەستی تەیموری لەنگ هەڵهات و گەڕایەوە، کچەکەی خۆیی دایە میر شەمسەدینی بەتلیس، ئەویش بەشێك لە خاکەکەی خۆیی پێشکێشکردو لەشکاندنی ئەو ئۆردووەی تەیموور ناردبوویە سەری، یارمەتیی دا(٣٨). ئەو میرە کوردە زێتر وەك هاوپەیمانێك دەهاتە پێشچاو، نەك وەکی وابەستەیەك. خۆرئاوای ئەویّ، یانی کوردی دەڤەرەکانی ماردین و ئامەدو خەرپووت و ئەرزنجان، ژێر چنگۆڵەی دەستەڵاتدارانی ئاق قوینلۆ بوون. پێدەچێت کوردەکان لە ململانێی و شەڕەزرتانێی ئەو دوو حوکمڕانییەدا، کە پێخوستی زۆربەی شەڕەکانیان میسۆپۆتامیا بوو، (واتە خوارووی خۆرئاوای سنووری کوردستانی ئەوڕۆ)، کایەیەکی ئەوتۆیان نەبوو بێت(٣٩).

لەساڵی ١٤٦٠ بەدواوە، ئوزون حەسەنی سەرکردەی بەتواناو کارامەی ئاق قوینلۆ، دەستیکردە پەلهاویشتن بەرەو خۆرهەڵات و بە ئۆردووە تورکەکەیەوە حەسەنکێف و سیعرتی داگیرکرد. ئەو شاڵاوانە دەنگی زەنگی هەڕەشەو مەترسی بوون بۆ قەرەقۆینلۆ، چونکە ئەو نێوچە داگیرکراوانەیان بە قەڵەمڕەوی خۆیان دەزانی. بۆیە جیهانشای سەرکردەیان بە خۆی و لەشکرێکەوە هێرشی بردە سەر ئوزون حەسەن. ساڵی ١٤٦٧ لەشکرەکەی جیهانشا شکاو خۆشی لە کاتی هەڵهاتندا ئەنگاوتراو کوژرا. ساڵانی پاشتر ئاق قۆینلۆکان پشکی هەرەزۆری کوردستانیان داگیرکرد. ساڵی ١٤٧٠ دەڤەری جزیرەیان خستە ژێر چەپۆکی خۆیانەوە. ساڵی پاشتر، یاخود دەرەنگترێك قەڵاکانی بەتلیس و چۆلەمێرگی (پێتەختی کوردەکانی هەکارییان) گرت(٤٠). ئیدی ئوزون حەسەن تەواوی کوردستانی داگیرکرد. شەرەفنامە دەگێڕێتەوە، گوایە: "خەریکی ئەوەبوو ڕەچەڵەکی گشت خانەوادە خانەدان و ڕێبەرەکانی کوردستان بڕنێتەوە، تایبەت ئەوانەیان کە لەوەبەر دابوویانەپاڵ سوڵتانی قەرەقۆینلۆو لایەنگیری خۆیان بۆ ڕاگەیاندبوو"(٤١). پاش ئەوەی ئوزون حەسەن، بەرۆکگرەکەی تەیموری لەنگی لە ئێراندا شکاند، ئیدی بووە مەزنی گشت ئازربایجان و بەشێکی زۆری ئێران، تەورێزیشی کردە پێتەختی نوێی خۆی.

لە خۆرئاواشاوە ئیمپراتۆرێتی عوسمانی کەوتە پەلوپۆ هاوێشتن. سوڵتان محەمەدی دووهەم (ناسراو بە "فاتیح"، کە لە ١٤٤٤داو پاشانیش لە ١٤٥١ەوە تا ١٤٨١ حوکمڕانیی کرد)، لەسەر حسێبی دەوڵەتە تورکە گچکەکانی دیکەی ئەنەدۆل، پشکێکی ئەورووپای گرت.

ڤێنیسیاییەکان(*) کە دیتیان پێدەچێت لە ئاکامی پەلوپۆ هاوێشتنی عوسمانییانەوە بەرژەوندیی بازرگانییان بکەوێتە مەترسییەوە، داوای پەیمان و هاریکاریی سوپاییان لە ئوزون حەسەن کرد. میرنشینە تورکەکەی قارەمانیش هانای کۆمەکی دژە عوسمانیانی بۆ ئاق قۆینلۆ برد. ئۆردووە نێردراوەکەی ئوزون حەسەن، پاش چەند سەرکەوتنێکی سەرەتا، ساڵی ١٤٧٢/١٤٧٤ لە تۆقات و سیڤاسی نێزیکی ئەنگۆرا خراپ شکێندرا. هەرچەندە ڤێنیسیاییەکان بەڵێنی کۆمەکیان دابوو، لێ بەڵێنی خۆیان نەبردە سەر(٤٢). مەملووکە حوکمڕانەکانی سوریاو میسر، کە ئوزون حەسەن تا ئەو دەمە پێوەندییەکی دۆستانەی دەگەڵیاندا هەبوو (هەتا بە ناردنی کلیلی ئەو شارانەی گرتبوونی و کەللەسەری مەزنە کوژراوەکانی قەرەقۆینلۆ، هێماو نیشانەی ملکەچیی خۆشی بۆ ناردبوون(٤٣)، لەو کێشمەکێشەدا بێلایەن مانەوە. دیارە لایان ڕوونبوو، هێندەی ئەو دوو زلهێزە نوێیە سەرقاڵی بەربەرەکانێی یەکدی بن، نایانپەرژێت شاڵاو بۆ سەر خاکی ئەوان بەرن. بۆیە ئەو تێکبەربوونەیان هیچ لەبەر گران نەبوو.

---

* مەبەست خەڵکی شاری ڤێنیسیا، یاخود (بوندوقییە)یە.

ئوزون حەسەن ساڵی ١٤٧٨ مرد، کوڕەکانی کەنەفت و لاوازبوون، حوکمڕانییەکەی داڕماو لەبەر یەکڕەوییەوە. سەرەکهۆزە کوردە ژێردەستەکانی، یەکەمین کەسانێك بوون کە دیسان بانگی سەرخۆبوونی خۆیان هەڵدایەوە. کەمێك دواتر سەرکردەیەکی نوێ دەستی بەسەر میراتی ئاق قۆینلۆیاندا گرت، کە کوردستانیش پشکێکی بوو، ئەویش ئیسماعیلی کوڕی خانەوادەیەکی شێخزادەی صەفەوییەکان بوو، کە بووە پاشای ئێران.

### ٣-٥-٢ صەفەوییەکان

ئەم ئیمراتۆرێتە بە نێوی صەفییەدینی بابی هۆزەکەوە نێونرا، کە صۆفییەکیی بەوەجی خاوەنشکۆی نوورانی سوننی بووەو ساڵانی ١٢٥٢ – ١٣٣٥ لە ئەردەبیل ژیاوە(٤٤). لایەنگرانێکی فرەی لە خۆی خڕکردۆتەوە، کە گەلەکیان ڕەوەندی تورك و مەغۆل بوون، مەغۆلێکی زۆر لەسەردەستی ئەودا بوونە موسڵمان. هەرچەندە صەفی هیچ ڕێبازو هەڤۆت و ڕێنماییەکی تایبەتی نەبوو، لێ لەگەڵ ئەوەشدا خەڵکێکی زۆر لە دەروری تەریقەتەکەی خڕبووبوونەوەو خۆیان بە وابەستەو ملکەچ و پێبەندێکی بێ چەندو چوونی خۆی و بەرۆگرانی دەزانی. ئەردەبیل بووبووە جەرگەی بڵاوکردنەوەی ئەو تەریقەتە. هەر دەگەڵ جونەید لە ساڵی ١٤٤٧دا بووە ڕێبەری، گۆڕانکارییەکی بنبڕو ناکاو لە هەناوی ئەو تەریقەتە سۆفیزمەدا ڕسکا. ئەم شێخە سەوداسەری سەرەڕۆیی و شەڕانییە، زێتر سەرگەرمی گەڕان و سووڕاندنەوەبوو، تایبەت پاش ئەوەی جیهانشای سەرکردەی قەرەقۆینلۆ، لە ئەردەبیلی بەدەرنا، پێوەندییەکی دۆستانەی بنیاتنا و سەرکەوتووانە هەولێدا لە نێو تیرەو هۆزە تورکە ڕەوەندەکانی نێوەندو خوارووی خۆرئاوای ئەنەدۆڵدا، لایەنگران پەیداکات. ئەو هۆزانە تەنها بەسەرزارەکی بووبوونە موسڵمان، دەنا مەیل و ئارەزوویان زێتر بەلای لادان و گومڕاییدا دادەشکاند. هەر زووتر بزووتنەوە شیعەگەرییە توندڕەوەکان، لایەنگرانی شەیدایان لە نێو ئەو هۆزانەدا پەیدا کردبوو. ڕەنگە ئەمە یەکێك لەو هۆکارانە بێت کە شێخ جونەید خۆیی و پاشانیش حەیدەری کوڕی و ئیسماعیلی کوڕەزای (کە دواتر بووە شا)، بە هەمانجۆر ڕێبازێکی لادەرانەیان هەڵبژارد. ئەو توندڕەوییەی لە ڕێزلێنانی عەلیدا دەینوێنن، تەنها یەکێکە لە شەقڵەکانیان، هەتا ئەو پلەیەی کە هێدی هێدی شێخەکانیشیان لە کن لایەنگرانیان گەیەندراونەتە پایەی ئێزدان تێزاوێك(٤٥).

خەلیفەکان پڕوپاگەندەی ئاینییان دەگەیاندە گشت قوژبنێکی ئەنەدۆڵ. تایبەت لەنێو هۆزە تورکە ڕەوەندەکان و ڕەشەخەڵکە لادێییە هەژارو ڕووتەڵە نیشتەجێکاندا (وەك تورکە نیشتەجێبووەکان، یاخود دانیشتووانە دێرینە بە موسڵمانکراوەکانی)، برەوێکی چاکی هەبوو. لایەنگرانی ئەم شێخە صەفەوییە، لە دیاردەی ئەو شەدە سوورەوە، کە هۆزە تورکە تازە باوەڕهێنەرەکان دەیانبەست بەسەریانەوە، بە قزلباش (سەر سوور) نێویان دەرکرد. شێخەکان بە پشتیوانیی باڵە سوپاییەکەی ئەم ڕێبازە، چوون بەگژ پاشانشینە نا موسڵمانەکانی باکوورداو غەزایان لە دژیان دەستدایە. چوون بەگژ دواهەمین قوللەی بیزەنتیدا لە تەرابزوون (تا پاشان ساڵی ١٤٦١ عوسمانییەکان گرتیان)، چوون بەگژ جۆرجیاو وڵاتەکانی دیکەی قەوقازدا، تایبەت بەگژ شیروانددا.

ئیسماعیل هێشتا منداڵ بوو کە بابی لە جەرگەی شەڕگەی دژە شیرواندا کوژرا. ئەو مێرمنداڵە ناچار بوو بۆ گیلانێ شاری شیعەیان هەڵبێت، چونکە ئاق قۆینلۆ سوننییەکان دەستیان بەسەر ئەردەبیلدا گرتبوو، ترسیان لە تەریقەتی صەفەوی هەبوو، دەیانویست ڕیشەکێشی بکەن. کە ساڵی ١٤٩٩ ئاق قۆینلۆکان بە هۆی دووبەرەکی و ململانێی نێوخۆوە دەستەڵاتیان لەکزییدا، ئیسماعیل لە حەشارگەی هاتەدەرو گەڕایەوە بۆ

ئـەردەبیل. بـەهاری دوایـی چـووە ئەنـەدۆل (دیـارە وەك نـەریتێك چـووە ئـەرزنجان) تـا پاشمـاوەی سـوپا گوێڕایەڵەکەی لەخۆی کۆکاتەوە. لەماویەکی کەمدا بووە قوماندانی حەوت هەزار لایەنگر، کە لە گشت قوژبنێکی جوداوازی ئەنەدۆڵەوە خڕبووبوونەوە، تایبەت ڕەوەندو وەرزێرە تورکەکان(٤٦). دوور نییە بڕێك دەستەو تاقمی کوردیشیان تێکەڵ نەبووبێت، هەرچەندە لە ڕیزی ئۆردووەکەی ئیسماعیلدا هیچ نێویـان نـەهاتووە. لێ چـەند ساڵێك پاشتر، لە ڕیزی قزڵباشاندا هەمیشە نێوی دوو هۆزی باکووری کوردستان دووبارە دەبنـەوە: ئەوانیش هەردووك هۆزی چەمشکەزەك‌و خنسلوون(٤٧).

ئیسماعیل یەکەوڕاست شاڵاوی نەبردە سەر ئاق قۆینلۆ، بەڵکە سەرەتا هێرشیکردە سەر شیروان. ڕەنگە ئەمە بۆ تۆڵەئەستاندنەوە بوو بێت، چونکە باب‌و باپیریشی لەو پێناوەدا سەریاندانا. پاش ئـەوەی شیروانی داگیرکرد، ئەڵوەندی دواهەمین حوکمڕانی ئاق قۆینلۆ لـە ئازربایجان، بە لەشکرێکەوە پەلاماریدا. ئیسماعیل لەشکرەکەی ئەڵوەندی تێکشکاندو هەڵیڕین، ئازربایجانیش وەك میوەیـەکی گـەییو، بە ئاسـانی کەوتـە مستییەوە. ئـەوجا تـاجی پاشـایی لەسـەری خـۆ نـاو سـاڵی ١٥٠١ ڕێبـازی شـیعەی دوازدە ئیمـامیی کـردە ئـاینی ڕەسمیـی وولاتەکەی(٤٨). ساڵانی دواتر یەکەیەکەی ئەو سەرکردە گچکانەی تەفروتوونا کرد، کە هەریەکە کوتێکی میراتی حوکمڕانێتی ئاق قۆینلۆیان بۆ خۆ بڕدابوو(٤٩).

وەلێ کوردستانی هەروا بەو ئاسانییەی ئازربایجان بۆ ژێردەست نەخرا. زۆر لـە میرە کوردەکان دەیان ساڵ بوو سـەربەخۆو ئـازاد، حوکمڕانییـان دەکـرد. هەڵبـەت ئەمـە بـە نیسـبەت ئـەمیر بـەگی موصلوشـەوە، فـەرماندارە تورکەکەی باژێڕی دیاربەکر لەسەردەمی ئاق قۆینلۆدا، هەر ئاوها بوو، ئەویش جاڕی سەرخۆبوونی خۆی دا. مەترسـی هـەرە گـەورە لـە میرنشینە تورکەکەی زولقەدر (ئەلبستان)ەوە سـەریهەڵدا، کـە دواهـەمین حوکمڕانیـی سـەربەخۆی نێـوان ئیمپراتۆرێتی عوسمـانی‌و کۆنـە دەسـتەڵاتدارانی ئـاق قۆینلـۆ بـوو(٥٠). عەلائوددەولـەی حوکمڕانـی لـەو هەوڵـەیدا بـۆ دەستبەسـەرداگرتنی کۆنـە خـاکی ئـاق قۆینلـۆ، توانـی چـەندین قـەڵا و قوڵلـەی دەوروبـەری دیاربـەکر بگرێـت. کـاتێك شـا ئیسـماعیل بـە خۆیـی‌و بیسـت هـەزار سـەربازەوە پـەلاماری ئـەو یاخییەی‌داو شکاندی، ئەمیر بەگی موصلوی فەرمانداری دیاربەکریش ملکەچیی خۆیی ڕاگەیاند. شا خـەڵاتێکی چاکی کرد، بەڵام لـەو پایـەی پێشـوویدا نەیهێشـتەوە، بەڵکـە کردییـە والی خۆراسـان‌و نـاردی بـۆ هـیرات‌و لـە کوردستانی دوورخستەوە، کە دەستەڵاتێکی زۆری تێدا پەیداکردبوو. لە جێگەی ئەو محەمەد بەگی ئوستاجلوی زاوای خۆیی کردە والی دیاربەکر(٥١).

قوماندارێتی باژێڕی ئامەد هێشتا هەر بەدەست قەیتماس بەگی برای ئەمیر بەگەوە بوو، سەرپێچی لەوەدەکرد کە تەسلیمی محەمەد بەگی ئوستاجلوی بکات‌و هانی کوردە سوننییەکانی دەدا دژی ئۆردووی شیعەی تورکی ئوستاجلو ڕاپەڕن. کاتێك شا ئیسماعیل بە خۆی‌و لەشکرە مەزنەکەیەوە هات، قەیتماس بەگ هانای کۆمەکی بۆ زولقەدربرد. محەمەد بەگی ئوستاجلو کوردێکی هێجگار زۆری کوشت‌و سوپا کۆمەککارەکەی زولقەدری بەزاند. هەر بەو شێوازە خوێنڕێژانەیە دەستەڵاتی خۆی بەسـەر ماردین‌و جزیرەو موسڵیشدا سەپاند، "گەلەك کوردی کوشت‌و زۆری تالان کردن"(٥٢). سیاسـەتی شا ئیسـماعیل بەرامبـەر بـە کـورد، هـەروەکی سیاسـەتی ئـوزون حەسـەن بوو. هـەردوك گەلـەك سـەرەکهۆزی کوردیـان هەڵقەندو پیاوی دەستنێژی خۆیان لەجێگە داکردن. ئـەو کاربەدەستە نێوچەییانەی لانەبران‌و هێڵرانەوە، هیچ یەکێکیان لە خانەوادە خانەدانە دێرینـەکان نەبوون، بەڵکە زێتر نەتەوی‌و ناحەزی ئەوان بوون‌و لەوانیش پایەنزمتر بوون(٥٣). ڕاپەڕینـەکانی ئەو سەرەکهۆزە کوردانـەی دژی ئەو سیاسەتە دەوەستانەوەو هەوڵی پاراستنی ئازادیی خۆیان دەدا، هێجگار دڵڕەقانە سـەرکوت دەکران.

وەفدێکی کورد کە لە شازدە سەرکهۆز پێکهاتبوو، بە هیوای ئەوەی شا نەرمتر ڕەفتاریان دەگەڵ بکاتو پارێزراو بن، چوونە بارەگای زستانەی شا لە خۆیو پەنایان بردو ملکەچیی خۆیان ڕاگەیاند، لێ سەرپاکیان گیرانو خرانە بەندینخانەوە (ئەو ڕووداوە دەبێت ساڵی ١٥١٠، یاخود ئەو دەوروبەرە بوو بێت)(٥٤). شا بڕێک فەرماندەی هۆزی قزڵباشی متمانە پێکراوی خۆیی ناردە مەڵبەندی ئەو میرانە، تا خەڵکەکە بەچەترسێن بکەنو سەریان پێنەوی بکەن. هەڵبەت هۆکاری ئایینیش لەو مەسەلەیەدا کایەیەکی گرنگی هەبووە، هەرچەندە هەمیشە زێدەڕەوی لە هەڵسەنگاندنی ئەو لایەنەدا دەکرێت. ئاشکرایە زۆربەی کوردەکان سوننی بوون، لێ شا ئیسماعیل ئاینزای شیعەی دوازدە ئیمامی کردە ئاینی ڕەسمیی دەوڵەتەکەیو ئۆردووەکەی گەلەك شیعەی توندڕەوو تەنگەتیلەکەی تێدابوو. دیارە ئاوها حاڵەتێك، هەردەبێت دژایەتیو کینەوەریی نێوان کوردو تورکی سەردەستەیانی لێبکەوێتەوە.

### ٣-٥-٣ تێڕامانێکی ڕووداوەکان لەژێرڕا

زۆربەی سەرچاوە مێژوویەکانی ئەو سەردەمە کە دەربارەی ئەو قۆناغە نوسراون، لە ڕوانگەی چینە دەستەلاتدارەکەوە لە پێشهاتەکان دەڕوانن. مێژوو کراوەتە تۆماری جەنگو ململانێیەکی شێلگیرانەی سەرەڕۆیانەی نێوان مەزنو گەورە پیاوانو سەرکردە سوپاییو سیاسییەکانی تورکو کورد، دەربارەی ڕەشەخەڵکەکەو کایەو پایەیان، هەر هیچ نابیستین. دیارە دەبێت ئەو چەند مێژوونووسە فەلە بندەستانەی، کە بە زمانی ئارامی ڕووداوەکانیان بۆ تۆمار کردووین، لەو حاڵەتە هەڵبوێرین. ئەوەتا یەکێك لەوانە، باسی داگیرکردنی جزیرەمان لەلایەن محەمەد بەگ ئوستاجلووە بۆ دەگێڕێتەوەو پەردە لەسەر پاشهاتو ئاکامەکانی هەڵدەداتەوە(٥٥). کورتیلە هەواڵێکە دەربارەی ئەو کارەساتو مەرگەساتە یەك لە دووی یەکانەی، کە ماڵی وەرزێرو شاریەکانیان کاولکرد، قزڵباشو کوللەو کورد، زنجیرەیەك بەڵای ماڵوێرانکەری نەپساوە بوون:

شا ئیسماعیل کە خۆی بە خودا دەزانیو تەواوی خۆرهەلاتی گرت، پیاوە دڵڕەقە، دڵڕەشە، دەهۆبازەکەی، محەمەد بەگی کردە حوکمڕانی ئەرمینیا. ڕایسپارد هەر میرێك لە ڕوویدا ڕاستبووەوە، بیکوژێت، هەر شارێك لە دژی وەستایەوەو ڕاپەڕی، خاپووریکات. میرشەرەف پاشای جزیرە سەری نەوی نەکردو ئامادەنەبوو دیاری بۆ محەمەد بەگ بنێرێت، ئەویش لە ڕقاندا لەشکری کردەسەریو میری بەزاند. "تەواوی وولاتەکەی تالانکرد، مالاتو وولساتی وەبەردا، ژمارەیەکی بێشوماری لە ڕەشەخەڵکەکە کوشت، قەشەو شەمماسو منداڵو جووتێرو پیشەسازو لاوو پیرێکی هێجگار زۆری سەربڕی، گوندەکانی سوتاندو کڵێسەو پەرستگەی وێرانکردو گەنجو ژنێکی زۆری یەخسیرو کۆیلەکرد. میر شەرەف ناچاربوو دەگەڵی ڕێککەوێتو هەتا خوارزایەکی(*) خۆشی دایە" ساڵی دوایی کوللە ژیانی خەڵکی تاڵکرد، ساڵ وەرگەڕایەوە میر شەرەف ڕاپەڕی. محەمەد بەگ دەستبەجێ لەشکری ناردە سەر بۆتان، کە مەڵبەندی کوردەکانی دەستوپێوەندی میر بوو. موسڵمانو فەلەیەکی زۆریان کوشت. میر شەرەف بۆ ئەوەی ڕێگەی داگیرکردنی باژێڕی جزیرە لە محەمەد بەگ ببەستێتەوە، فەرمانی چۆڵکردنی شارەکەیداو سەرلەبەری خەڵکەکە (تایبەت فەلەکان) شاریان چۆڵکردو پیاوەکانی میر شاریان گڕ تێبەردا. میر خۆیو کوردەکانی پیاوی بۆ قەلاکەی نێو کێوانی بۆ شاخ کە قزڵباش گەیشتن کەوتن بەسەر

---

* زمانی ئالەمانی جوداوازی لە نێوان خوارزاو برازادا ناکات، کچی هەردوك هەر بە Nichteو کوڕیان بە Neffe نێودەبات، بۆیە ڕوون نییە داخۆ کچی برای مەبەستە، یاخود کچی خوشکی.

وێرانەی شارداو هیچ بەربەرەکانییەکیان تووش نەهات. دانیشتووانیان ناچاری گەڕانەوەکردو شاریان سەرلەنوێ پێدروستکردنەوە.
شار هێشتا تەواو ئاوەدان نەکرابووەوە، بەدبەختییەکی دیکە بەرۆکی دانیشتووانی گرت. هەر لەگەڵ قاوی ئەوە داکەوت کە گوایە شا ئیسماعیل لەلایەن "گەلێکی قارەمانی تەپلەی کەپەنك بەسەر"ەوە پەلاماردراوەو شکێندراوە، گشت هۆزە کوردەکان یەککەوتن و لە مەکۆی کێوەکانیانەوە داباریان و پەلاماری قزڵباشیاندا. فەرمانڕەوای جزیرە بەزێندرا. محەمەد بەگ دەستبەجێ کۆمەکی ناردو لەلایەن دانیشتووانەوە، کە بە حەسرەتەوە بوون لە دەستی کوردەکان ڕزگاریان بێت، پێشوازی کران. بەڵام ئەو ئۆردووە تازەهاتووە لە بریتی چاکە، شاریان تاڵانکردو خەڵکییان ئەنجن ئەنجنکرد. سەرەتا دەستیانکردە ئەشکەنجەدانی گەورەپیاوان و فەلەو موسڵمانان، ژنان و کچانیان ئەتك کرد. ئەوجا ڕشکوژییە بێئامانەکە دەستپێکرا، ئۆردووی تازە هاتوو، بێ جوداوازی، فەلەو موسڵمان و خەڵك و ئاژەڵیان پەلپەلدەکرد، "هەتا بە زۆر سواری ژنی ئەم و ئەویش دەبوون"... "شار هەمدیسان کەوتەوەبەر نێڵەنێڵی ئاگر. ئەو موسڵمان و ئاسووری و جووانەی لە ڕەشکوژییەکە قوتاربوون، یەخسیرکران و پێشدران. هەرچی لە ڕێگەی دووری ئەو سەفەرە زۆرەملێییەدا پەکی دەکەوت، دەمودەست دەیانکوشت. ئەو بەندە بەدبەختانەی گیانیان دەرکرد، گشت لە گشتیان لە دۆرگەو وڵاتە دوورەکان بە کۆیلەیی فرۆشران".

### ٣-٥-٤ ململانێی نێوان عوسمانی و صەفەوییەکان

کە مرۆ لە سیاسەتی شا ئیسماعیل دەڕوانێت، هیچ سەیری پێنایەت گەر کورد، یاخود زێتر گەورەپیاوە دەستەڵاتدارە نەریتییە هێشتا زیندووەکانی، هانا بۆ زلهێزێکی دی بەرن کە ئومێدی ئەوەی لێبکرێت لە دەست زوڵم و جەوری صەفەوییەکان قوتاریانکات، دیارە تاقانە زلهێزی ئەو دەمەش ئیمپراتۆرێتی عوسمانی (سوننی) بوو. هەتا سوڵتان بایەزید (لە ١٤٨١ەوە تا ١٥١٢) لەسەر حوکم بوو، شا ئیسماعیل نێوانی دەگەڵیدا خۆشبوو. بایزید لە پیریدا کزو کەنەفت بوو بوو، هێشتا خۆی مابوو، کوڕەکانی لەسەر بەرۆگریی بەشەڕهاتن. هەر ئەو کاتانە، ساڵی ١٥١١، کڵپەی شۆڕشێکی کۆمەڵایەتی و ئاینی هەڵایسا و بەزوویی لە کوانووەکەیەوە کە تەقە Tekeی باشووری خۆرئاوای ئەنەدۆڵ بوو، تەنییەوەو مەڵبەندەکانی دیکەی ئیمپراتۆرێتەکەی گرتەوە. ئەو هێندە زانیارییەی لەبارەیەوە هەمانە، ئەوەی لێدەپرینگێتەوە کە مەسەلە ناڕەزایی قزڵباشەکان بوو بێت، هەرچەندە پێناچێت شا ئیسماعیل ڕاستەوخۆ دەستی تێدا هەبووبێت.
دواتر، ئەودەمەی ویلایەتەکانی خۆرهەڵاتیش ئاشووبیان تێکەوت، ئەوجا شا ئیسماعیل دەستی تێوەردا. نور عەلی خەلیفە ڕوملوی نوێنەری خۆیی ناردە ئەرزنجان، بۆ نێو خاکی ئیمپراتۆرێتی عوسمانی، تا کۆمەك بە قزڵباشە ڕاپەڕیوەکان بکات و (ناڕاستەوخۆش پشتگیری مورادی کوڕەزای بایەزید بکات، کە یەکێك بە داخوازیکەرە هەرە لە پێشەکانی تەختی سوڵتان بوو). نور عەلی بە پشتیوانیی قزڵباشەکانی ئەوێ، توانی چەندین تیپ لەو سوپایە بشکێنێت کە والی و سەلیمی یەکەمی تازە چووە سەرتەخت ناردیانە سەری. سەلیم کە نێوی (تەنگە تیلکە)یان لێنابوو، نازدارو لاوێندراوی سوپاو دوژمنێکی سەرسەختی شا ئیسماعیل بوو. پێشان حوکمڕانی تەڕابزوون بوو (کە لە ساڵی ١٤٦١ەوە بووبووە بەشێك لە خاکی ئیمپراتۆرێتی عوسمانی)، هێرش و شاڵاوەکانی بۆ سەر خاکی صەفەوی، دەردیسەری زۆری بۆ شا ئیسماعیل نابووەوە. یەکێك لە هەنگاوە

بەرەنگارییەکانی، گرتن و خنکاندنی ژمارەیەکی زۆر لە قزلباشەکانی ژێردەستەی بوون، (بڕێك سەرچاوە باس لە ٤٠ هەزار کەسێك دەکەن)(٥٧).

ئیدی هەروکلا بیانووی شەڕیان بۆ سازابوو. بۆ ئاڵۆزکاندنی زێتری حاڵ و بارەکە، محەمەد خان ئوستاجلو (کە تەنها حوکمڕانێکی دەمڕووت بوو)(٥٨) بە جوێنی هێجگار دژوێنەوە داوای بەرامبەرێنی لە سوڵتان سەلیم دەکرد.

زستانی ساڵی ١٥١٣/١٥١٤، سوڵتان سەلیم خۆی بۆ جەنگ کۆککردو لە بەهاردا بە لەشکرێکی ١٠٠ هەزار کەسییەوە بەرەو خۆهەڵات ملینا. محەمەد خان ئوستاجلو لەبەردەم هێرشەکەیدا خۆی پێڕانەگیراو نێوچەکەیی بۆ چۆڵکردو گشت دانیشتوانی گردەلاَنییەکانی ئەرمینیای ناچارکرد بۆ ئازربایجان ڕەوبکەن و فەرمانیدا هەرچی بۆ خواردن دەشیا، بیسوتێنن، بە نیازی ئەوەی بیابانێکی چۆڵ و قاقڕی تێنەپەڕ لە نێوان هەردوك دەوڵەتی عوسمانی و صەفەویدا، بنیاتبنێت. لەگەڵ ئەوەشدا سوڵتان توانی بە کۆمەکی ٦٠ هەزار باری حوشتر ئازووقەوە، ئەو مەودایە ببڕێت. لە ئۆکۆستی ١٥١٤دا سوپای هەردوك ئیمپراتۆرێتەکە لە نێزیکی چاڵدیران (کە دەکەوێتە سەرووی خۆرهەڵاتی گۆلی ڤانەوە) ڕووبەڕووی یەکدی وەستانەوە. شا ئیسماعیل خراپ شکێندراو سەلیم، تەورێزی داگیرکرد(٥٩). لێ کێشەی لۆجستیکی ئۆردووی عوسمانیی ناچارکرد بەر لەهاتنی زستان خۆبکێشنەوە. ئیسماعیل تەورێزی دەستکەوتەوەو سەرلەنوێ فەرمانڕەوایانی خۆی بۆ ویلایەتەکانی خۆرئاوا ناردەوە. محەمەد خان ئوستاجلو لەشەڕی چاڵدیراندا کوژرا، شا قەرەبەگی برای کرایە بەرۆگری و پلەو نێوی خانیشی پێبەخشرا. دوو براکەی دیکەشی، عەواز بەگ و ئولاش بەگ، کرانە والی بەتلیس و جزیرە. کە قەرەخان گەیشتە دیاربەکر، دیتی میرە کوردەکەی یاخیبووەو دانی بە سەروەریی و مەزنیی سوڵتان سەلیمداناوەو بۆ دەرپەڕاندنی صەفەوییەکان هاناو کۆمەکی بۆ بردووە.

### ٣-٥-٥ سیاسەتی عوسمانی لەحاند کورد

بەپێی شەرەفنامە(٦٠) هەر زووتر، بەر لە هێرشەکەی سوڵتان سەلیم بۆ سەر صەفەوییەکان، بیست میری کورد ملکەچیی و لایەنگیریی خۆیان بۆ سوڵتان دەربڕیبوو. کوردێکی خەڵکی بەتلیس دنەدەری ئەو هەنگاوە بوو، کە نێوی ئیدریسی بەتلیسی بوو، سەردەمێك سکرتێری یەعقوبی سەرکردەی ئاق قۆینلۆ بوو (یەعقوب کوڕی ئوزون حەسەن بوو). ئیدریس مێژوونووسێکی لێهاتوو و دیپلۆماتێکی کارامەبوو. بەپێی سەرچاوە عوسمانییەکان(٦١) وا پێدەچێت گوێڕایەڵ و خزمەتگوزارێکی سوڵتان سەلیم بووبێت، سەلیم دەیزانی بەهرەو تواناو شارەزاییەکی چاکی لە بواری مەسەلەی کورددا هەیە، بۆیە ناردی پشتیوانیی کوردی بۆ مسۆگەر بکات. شەرفنامە بە زمانێکی هێجگار ناسك و بەوپەڕی ڕێزو نەوازشەوە باسی ئیدریس دەکات، چونکە ئامۆژگاریی میری کردووە کە پشتی سوڵتان سەلیم بگرێت و بە هەگبەی پڕ بەڵێنی ئەمەکداری و پشتیوانییەوە بۆ پێتەخت گەڕاوەتەوە.

ساڵی ١٥١٤، کاتێك لەشکری عوسمانی نێزیکی ئامەد بووەوە، دانیشتووانی دەروازەکانی شاریان بۆ کردنەوە. لەشوێنەکانی دی، وەکی سنجەقی نێوچە شاخاوییەکان، کوردەکان دواهەمین ئۆردووی داگیرکەری قزلباشیان ڕاوەدونا. گەلەك میری کورد توانییان قەڵاکانیان لە قزلباش بستێننەوەو خۆ لە کۆتیان ڕزگارکەن(٦٢). لێ وەکی پێشان باسمانکرد، سوڵتان بەخۆی و لەشکرە مەزنەکەیەوە، بەر لە هاتنی زستان بەرەو خۆرئاوای ئەنەدۆل خۆی کێشایەوە. لە ئاکامدا شا ئیسماعیل لەشکری کردەوە سەر کوردستان، بە هیوای دەستخستنەوەی دەستەڵاتی لە دەستچووی. میرە کوردەکان یەککەوتن و پێکڕا دژی هۆردووی قزلباش ڕاستبوونەوە. لەو هەڵوێستەیاندا

ژەنەراڵ بیغلو محەمەد پاشا(*)، کە سوڵتان سەلیم کردبوویە حوکمدارو قوماندانی سوپای تخووبی خۆرهەڵات، کۆمەك و پشتگیریی دەکردن. گێڕانەوەکەی شەرەفنامە لەبارەی چۆنییەتی دامەزراندنی بە حوکمدارو قوماندان، جێگەی سەرنج و تێڕامانە. هەتا ئەگەر ڕووداوەکەش لە ڕاستیدا ئاوها نەبووبێت، دەبایە هەر بەشێوازێکی لەو بابەتە بایە:

کە سوڵتان تەورێزی جێهێشت و بەرەو خۆرئاوا کەوتە ڕێ، میرە کوردەکان ئیدریسیان بەو داخوازییەوە ناردە کنی، کە ماف بە میرات بۆ بەجێماویان لە وڵکەی باب و باپیرانیاندا بۆ بسەلمێنێت و تکاشیان ئەوەبوو کە یەکێك لە خۆیان بکاتە بەگلەربەگی، تا پێکڕا بەڕێبەرایەتی ئەو کەسە، دژی قەرەخان بجەنگن و لە کوردستان دەریپەڕێنن. شایانی باسە کە بەگلەربەگی لە ئیمپراتۆڕێتی عوسمانیدا قوماندانی سوپاو حوکمداری ئەیالەت بوو (کە لە ویلایەت گەورەتر بوو)، ئەو پایەیە تەنها بە کوڕانی سوڵتان و ژەنەراڵە پایەبەرزەکان دەدرا(٦٣). سوڵتان لە ئیدریسی پرسی داخۆ کامە میر شایانی ئەو پلەی سەرکردایەتییە. ئیدریسی بلیمەت لەوەرامدا گوتی: "گشتیان، هەڵبەت بە کەمێك جوداوازییەوە، وەکی یەك وان، کەسیان ئامادەنیین سەر بۆ ئەوی دی دابنەوێنن. بۆ ئەوەی بتوانن دژی قزڵباش کاریگەرانەو یەکگرتوو بجەنگن، باشتر وایە ئەو پایەیە بە کەسێکی خزمەتگوزاری ئەوتۆی تەختی سوڵتان بدرێت، کە گشت میرەکان گوێڕایەڵی فەرمانی بن". سا هەرئاوهاش بوو، بیغلو محەمەد کرایە بەگلەربەگی کوردستان(٦٤).

قەرەخان، سەرکردەی قزڵباشان، هەر پاش گەیشتنی فەرمانیدا گرنگترین بازێڕ کە ئامەد بوو، گەمارۆیبدەن. لەو بازێڕانەوە کە هێشتا لەژێر ڕکێفی قزڵباشاندا بوون، وەکی ماردین و حەسەنکێف و ئورفە، کۆمەکی دەگەیشتێ. گەمارۆکە ساڵ زێتری خایاندو قوربانییەکی فرەی (کوژراوو زامدار)ی لە خەڵکەکە خواست. (Hammer) باس لە ٥٠ هەزار کەسێك دەکات)، لێ قزڵباشان نەیانتوانی شارەکە بگرن. ئەو دەمانە کوردستان بە هۆی چەندین بەرژەوەندی جوداوازو دژەوە، کە باری جەنگ سازاندبوونی، لە ئالۆزی و باڵۆزییەکی تەواودا بوو. دیارە نەدەتوانرا بەر بەو هەموو تێکەو لێکەو ململانێیەی وەکی کوردی تاج و تەخت ویست، سوننی و شیعە، عوسمانی و صەفەوی بگیرێت و لێکجوداکرێنەوە. ئەو کوردە خێڵەکییە جەنگاوەرانەی بە فەرماندەی میرەکانیان دابوویانە پاڵ بیغلو محەمەدو ژەنەراڵە نێردراوەکانی دیکەی سوڵتان، گەلەك زەبری گورچوبڕیان لە قزڵباشان وەشاند. کوشندەترینیان ئەو مستە بوو کە هێزە کوردەکان لە قووچ حەسار تێیانسرەواندن. گەلەکیان، یاخود زۆربەیان کوژران و ئەویش کە گیانی دەرکرد، بۆ ئێران هەڵهات(٦٦).

ئیدی لەودەمەوە پشکی هەرەزۆری خاکی کوردستان بووە بەشێك لە ئیمپراتۆڕێتی عوسمانی: سەرتاپای ویلایەتی دیاربەکرو بەشی هەرەزۆری ژووروی عێراقی ئەوڕۆو هەرچی دەکەوێتە خۆرئاوایەوە. (سلێمان)ی بەرۆگری سەلیم، بیست ساڵێك دواتر، سنوورەکەی بەرەوخوارتر داکشاند. بڕێك هۆزو میرنشین لەژێر ڕکێفی فارسەکاندا مانەوە، ئەوانی دی لە صەدان ساڵەکەی لەوەدوادا، چەندین جار ئەمبەرو ئەوبەرو ئەمسەرو ئەوسەریان کرد. هێشتا سنوورەکە تەواو نەچەسپیبوو، ئەو دەزگەی فەرمانڕەواییەی ساڵی ١٥١٥ دانرا، تەنها چەند گۆڕانێکی کەم نەبێت، ئیدی چوارسەدەی ڕەبەق وەکی خۆی مایەوە. ئەوە جێپەنجەو بەرهەمی کۆشش و هەوڵی ئیدریسی بەتلیسی بوو، کە سوڵتان دەستەڵاتێکی بێسنووری دابوویە. ئەم میرانەی کە لە شەڕی دژە قزڵباشدا کۆمەکیانکرد، کردنییە حوکمڕانی سنجەقە بە میرات جێماوەکانی خۆیان. هەرچەندە ئەمە لادانبوو لە

---

(*) نووسەر Biyiqli Muhammadی نووسیوە، بەڵام دیتم مامۆستا هەژار لە شەرەفنامەدا بە بیغلو محەمەدی نێوبردووە، چونکە ئەم ڕاستەوخۆ لە دەقە فارسییەکەی وەرگرتووە، پێموایە ئەمەیان ڕاستر بێت. بڕوانە: "شەرەفنامە"، ١٩٨١، چاپی تاران، ل٧٤٦.

یاسا گشتییەکەی ئیمپراتۆرێتەکە، چونکە ئەو پلەو پایانە تەنها بە کاربەدەستانی سوپا دەدران‌و نەدەشیا وەك میراتی مامەڵەیان دەگەڵ بکرێت. (هەر لەم بەندەدا بە دوورو درێژی باسی شیرازەی پێکهاتی ئەو حوکمڕانیانە دەکەین).

شەرەفنامە کە تۆمارگەی مێژووی زۆربەی خانەوادە دەستەڵاتدارەکانی کوردستانە، دەگێڕێتەوە کە ئەو میرانەی ئیدریس دایمەزراندن، گشتیان لەو خانەوادە کۆنینانە بوون کە صەدان ساڵ بوو پاشا ئاسایی، فەرمانڕەواییان دەکرد –هەڵبەت جارجارەش دەستهێنراوتە ڕێگەیان‌و لە حوکمڕانی دوورخراونەوە–.

ئاق قۆینلۆو صەفەوییەکان سیاسەتی داڕماندنی دەستەڵاتی ئەو خانەوادانەیان گرتبووەبەر، لە هەرکوێ توانیبیان، حوکمڕانی تورکیان لەجێ داکردوون، یاخود کوردی کەمتر ئەریستۆکراتیان لە جێگە داناون. عوسمانییە داگیرکەرەکان بە پێچەوانەوە، جێپێی‌و بنکەی ئەریستۆکراتییە کۆنەکانیان بوژاندەوەو سەقامگیریان کردن، بواری هیچ تازە بەخۆداکەوتوویەکیان نەدەدا چکێك دەستەڵات بۆ خۆی بڕدات.

(لەبەشی داهاتوودا هەوڵدەدەم ئەو شێوازە بە جۆرێك ڕوونکەمەوە کە هەمان مێژوو لە ڕوانگەیەکی بەرتەسکتری هەندەك میرنشینی کوردەوە، یاخود باشتر بڵێین خانەوادە دەستەڵاتدارەکانییانەوە بگێڕمەوە).

### ٣-٦ مێژووی سیاسی بڕێك میرنشینی کورد

#### ٣-٦-١ مەلیکی حەسەنکێف

حەسەنکێف بازێڕێکی شوورەداری دێرینی کەنار دیجلەیەو دەکەوێتە نێوان ئامەدو جزیرەوە. تا ئەم سەردەمانەی دواییش، زۆربەی هەر زۆری دانیشتووانی فەلەی یاقووبی بوون (سریانی‌و ئەرمەنی‌و فەلە ئاسوورییە عارەبی زمانەکان). دانیشتووانی دەڤەرەکانی دەوروبەری، تاوەکو ئەوڕۆش، یاقووبی‌و موسڵمان‌و کوردی ئێزیدی (چ خێڵەکی‌و چ ناخێڵەکی)و بڕێك عارەبن.

ئەو سەردەمەی بۆ مەبەستەکەی ئێمە گرنگە، دانیشتووەکانی زێتر هەمەڕەنگ بوون، لێ شەرەفنامە تەنها باسی هۆزە کوردەکان‌و فەلە وەرزێرە بەیدەستراوەکان دەکات. چەند ماوەیەکی کورتیلەی لێدەرچێت، ئیدی نێزیکەی صەد ساڵێك لێرە تەنها تاقە خانەوادەیەك حوکمڕان بوو، ئەو خانەوادەیەی بانگاشەی ئەوەی دەکرد کە گوایە وەچەی صەلاحەددینی ئەیوبیە. شەرەفنامە لە ڕیزی یەکێك لەو پێنج خانەوادەیە حسێبیاندەکات، کە قەت تەواو سەربەخۆ نەبوون‌و لەقەبی شاهانەی ڕەهایان نەبووە، لێ جارجارە دراوو سکەیان لێداوەو نێویان لە خوتبەی هەینییاندا خوێندراوەتەوە(٦٧). ئەمانە لەقەبی "مەلیك"یان هەبوو. مەلیك ئەشرەف کە هاوچەرخی تەیموری لەنگ بوو، سەری بۆ نەوییکردو ملکەچیی تەواوی خۆی بۆ ڕاگەیاند (کە دیارە لە ڕووی مادییەوە زیانی زۆری پێکەوت). سەردەمێکی دوورو درێژ فەرمانڕەوایی کردو هێمنی‌و ئارامی باڵیکێشابوو. پاش مردنی (لە سەرەتای سەدەی پازدەهەمدا)، مەلیك خەلیلی کوڕی، بە ڕازیبوونی گشت خێڵە گەورەو گچکەکان، چووە سەر تەخت‌و جێگەی گرتەوە(٦٨).

هەڵبەت قەرەقۆینلۆ قەت بۆی نەلوا حەسەنکێف بخاتە ژێر ڕکێفی خۆیەوە. مەلیك خەلیل دانی بە سەروەری‌و شکۆو ڕێبەرایەتی شاروخی کوڕی تەیموری لەنگ داناو ئەودەمەی هاتە نێوچەی ڤان بۆ بەگژداچوونی قەرەیوسفی سەرکردەی قەرەقۆینلۆ، کە تازەکی جاڕی سەربەخۆبوونی خویدابوو، مەلیك خەلیل ملکەچیی خۆی بۆ ڕاگەیان. سەردەمی حوکمڕانێتی ئەمیش، بە ئاشتی‌و ئارامی‌و بەختەوەریی ڕابورد. "چ سوپاو چ میللەت، لە بەخشندەیی‌و دڵاوایی‌و دادوەریی، ڕازی‌و کامەران‌و بەختەوەر بوون"(٦٩).

بەرۆگری مەلیك خەلیل، مەلیك خەڵەفی برازای بوو، کە چەندین جار لە جزیرە بەگژ هۆزە مەزنەکانی بۆتانی هاوسێیدا چوو. لەسەروەختی حوکمڕانیی ئەمدا، ئوزون حەسەنی سەرگەورەی ئاق قۆینلۆ، بەربڵاوکردنی کەوشەنی دەستەڵاتی دەستدایە، هۆردووەکەی گەمارۆی حەسەنکێفیدا، مەلیك خەڵەف لەلایەن برازاکەی خۆیەوە نامەردانە کوژراو دەروازەکانی شار بۆ تورکان ئاواڵەکران. پیاوکوژەکە چاوەڕوانی ئەوەبوو ئوزون حەسەن لە پاداشتی ئەو دڵڕەشییەیدا بیخاتە سەر تەختی مامی، لێ ئەوە دژی پرینسیپی سیاسی ئەو پاشایە بوو، بۆیە باژێڕەکەو دەڤەرەکانی دەورو بەری دایە کرێ بە یەکێك لە سەرەکهۆزە تورکەکان.

مەلیك خەلیل، یەکێك لە براکانی مەلیك خەڵەفی کوژراو، دەربازبوو، خۆی گەیاندە سوریاو لەوێ خۆی شاردەوە تا شەڕەزەرتانێی نێوخۆ، ئاق قۆینلۆی کەنەفت و لاوازکرد. ئەوجا گەڕاوە مەڵبەندەکەی خۆی و داوای کۆمەك و پشتگیری لە ڕەعییەتەکەی و خزمانی کرد. میر شا محەمەد شێرۆیی یارمەتییەکی زۆری دا – مەزنانی هۆزی شێرۆیی هەمیشە دەکرانە وەزیری دەربارەی مەلیکانی حەسەنکیف –. نوێنەرانی هۆزو تاقمە جۆربەجۆرەکان لە ژێر سەرکردایەتی مەلیك خەلیلدا گردبوونەوەو بەڕێبەرێتی ئەو بەرەو سیعرد جمان و پاشانیش بایاندایەوە سەر حەسەنکێف و هەردوو باژێڕەکەیان لەژێر چنگی ئاق قۆینلۆ ڕزگار کرد. مەلیك خەلیل بووە پاشایەکی سەربەخۆ. ئیدی هیچ یەکێك لە مەزنانی کوردستان نەدەگەیشتە پلەو پایەی ئەوو نەیدەتوانی شان لە شانی بسوێت، تا مردن پاشایانە ژیا. مەلیك خەلیل یەکێك لە خوشکانی شا ئیسماعیلی صەفەوی مارەکرد. لێ کاتێك دەگەڵ پازدە میری دیکەی کورددا، بۆ ڕامووسینی شیپانەی شا ئیسماعیل چوونە تەورێز، شا گرتنی و لە گۆشەی زیندانی پەستاوتن. تەنها مافێك کەشا ئیسماعیلی ژنبرای پێبڕەوادیت، ئەوەبوو ڕێگەی دا ژن و زارۆکانی ببینێت. ئیدی حەسەنکێف کەوتە دەست قزڵباشان، ئەوانیش دایانەدەست هۆزی بەشنەڤی. بەشنەڤییەکان قینێکی هێجگار زۆریان لە مەلیك خەلیل بوو، لەسەر ئەوەی گوایە سەرەکهۆزەکەیانی بە کوشت داوە. پاش شەڕەکەی چاڵدێران، مەلیك خەلیل دەرفەتی هەڵهاتنی بۆ ڕەخسا و بەرەو حەسەنکێف تێیتەقاندەوە. دیتی خەڵکەکە لەسەر هەڵبژاردنی یەکێك لەو قوماندانەی کە پێیداڕادەپەرمووردرێت سەرەوکاریی جەنگی دژە قزڵباشان بکات، خەریکن بەشەڕدێن. زۆربەی هۆزەکان پشتی سلێمانی کوڕی مەلیك خەلیلیان دەگرت، بڕێکیش پشتگیرییان لە یەکێك لە ئامۆزاکانی دەکرد. ئەو دووکوتییە لە بەرژەوەندیی بۆتانییەکان بوو، گەمارۆی باژێڕی سعردیان‌داو بڕیاریاندا باژێڕەکە لە قزڵباش بستێننەوەو بیخەنە ژێر ڕکێفی خۆیانەوە. لێ مەلیك خەلیل لەماوەی چەند ڕۆژێکی کەمدا، هەردوکلای ڕەعییەتەکەیی پێکهێنایەوەو یەکیخستنەوە. بۆتانەکان ناچاربوون دەست لە سیعرد بەردەن و مەلیك خەلیلیش خێرا خستییەوە ژێر ڕکێفی خۆیەوە. بەشنەڤییەکانیش کە حەسەنکێفیان بەدەستەوە بوو، تەسلیمی مەلیك خەلیل بوون، ئەویش لێیانخۆشبوو و هیچ سزایەکی نەدان و دەگەڵیاندا ڕێککەوتەوە، دڵی سەرەکهۆزەکەشیانی بەوەدایەوە، کە لە تۆڵەی خوێنی بابی کوژراویدا، گوندێکی پێبەخشی.

ڕوون نییە داخۆ حەسەنکێف پاش ئەوەی خرایە ژێر ڕکێفی ئیمپراتۆرێتی عوسمانییەوە، کەوتە چ ئاست و پایەیەکەوە، لێ مەلیك خەلیل تا مردنی فەرمانڕەوایی کرد. چوار کوڕەکەی لەپاش خۆی لێیانبووە شەڕو ناخۆشی. حسەین کە بووە یەکەمین بەرۆگری و چووە سەر تەخت، دوو برایی تووڕدایە زیندانەوە. چوارهەمیشیان کە سلێمانی ناوبوو، بۆ کن خەسرەو پاشای فەرمانڕەوای عوسمانییان لە ئامەد هەڵهات. پاشا حسەینی بەکوشتداو سلێمانی لە جێگە داکرد. گێرمەو کێشەی دەگەڵ براکانیداو کینەی هۆزەکان لێی و تاوانبارکردنی بە کوشتنی حسەین، ژیانیان لێ تاڵکردو ناچاری وازهێنانیانکرد. بۆ خۆی دەستی لەکار کێشایەوەو کلیلی گشت قەڵاکانی تەسلیمی خەسرەو پاشا کرد. بەوە کۆتایی بە فەرمانڕەوایی خانەدانانی

حەسەنکێف هات. سوڵتان تۆڵەی بۆ سلێمان کردەوەو کردییە فەرمانڕەوای شاری ئورفەو پاشانیش گەلەك جێگەی دی. هەریەك لە براکانیشی هێندە ملکیان پێبەخشرا، کە بەوپەڕی تێرو تەسەلی پێیبژێن.

### ٣-٦-٢هەکاری و میرەکەی(٧٠)

مێژووی ئەم میرنشینە بۆیە گرنگە، چونکە خاکەکەی سالانێکی زۆر لەژێر تاوی دەستەلاتدارانی صەفەویدا بوو، وەك باژێڕێکی مەزنی سەرسنوور، تامەتامەی هەردوو ئیمپراتۆرێتەکەی دەدا. هەرچەندە سروشت هەڵکەوتێکی پێبەخشیوە، کە دەستی هێرشبەرانی بێگانەی بە زەحمەت بگاتێ، لێ لەگەڵ ئەوەشدا میرەکانی پێویستان بە شارەزایی و لێهاتووییەکی سیاسی چاك هەبوو، تا بتوانن سەربەخۆیی خۆیان بپارێزن. بەشێکی دانیشتووانی ئەم میرنشینە ئاسووری بوون، (ئەو فەلانەی بە زمانی ئارامی دەپەیڤین و ڕێسای نەستۆرییانەیان پەیڕەوی دەکرد). نیوەیان وەکی زۆربەی فەلەی جێگاکانی دی، وەرزێری ژێردەستەو ڕەعییەتی هۆزە کوردەکان بوون. نیوەکەی دیکەیان بەپێی دابی خێڵایەتی ڕێکخرابوون و کرابوونە جەنگاوەرانی مرۆ تۆقێن(٧١). وەك لەمەوودا دەبینین، ئەوانیش لە سیاسەتی میرنشینەکەدا کایەیەکی گرنگیان دیتووە. خانەدانانی خانەوادە دەستەلاتدارەکەی، بانگاشەی ئەوەیاندەکرد، کە گوایە لە تۆرەمەی خەلیفەکانی عەبباسین و جارجارە دراوی خۆیان لە سکە دەداو نێویشیان لە خوتبەی هەینییاندا دەخوێندرایەوە. وەك دەردەکەوێت، لە سەردەمەکانی کۆنتردا، کوردەکانی هەکاری لەژێرووتر، لە ڤان و چۆڵەمێرگ ژیاون و لەوێ نێویان دەبرێت(٧٢)، (چۆڵەمێرگ ئێستە هەکاری پێدەڵێن). میرو مەزنانی مەڵبەندێکیان حوکمڕانی دەکرد، کە پارێزگەکانی هەکاری و ڤانی ئەوڕۆی دەگرتەوەو دادەکشا بەرەوخوار تا دەگەیشتە باکووری عێراق.

ئەو دەمەی تەیموری لەنگ دایبەسەر کوردستاندا (ساڵی ١٨٣٧)، میر عیزەدین شێر فەرمانڕەوایی ئەو دەڤەرەی دەکرد. مەردانە لە ڕووی گەلە لەشکری هێرشهێنەراندا ڕاستبووەوە، لێ کاتێك دیتی تەیمور هیچ دەست لە ڕەشەخەڵکەکە ناپارێزێت و خراپ جەزرەبەیان دەدات، ناچار بوو کۆڵبدات. یەکێك لە خزمانی کە نێوی نەسرەددین بوو، خۆی خزاندە قەلا سەخت و ڕژدە دەست پێدانەگەیشتووەکەی ڤانەوەو درێژەی بە جەنگی بێئاکامی دژ بە هۆردووی تەیمووریدا، بە دەردیسەرییەکی زۆر ڕاپەڕینەکەی تێکشێنراو خامۆشکرا. ڕەنگە ئەوە هۆی ئەوەبێت کە تەیموور قنیاتی بەوەکرد، هەکاری هەر بە نێو بکاتە وولاتێکی وابەستە. دانی بە سەروەریی عیزەدین شێرداناو ملك و سامانی ماڵەباوانی پێبەخشییەوەو تەواوی دەستەلات و فەرمانڕەوایی دایەوە دەستی. ئەو خانەوادەیەش لە ئاستی تەیموورو بەرۆگرانیدا گشتیان بە ئەمەك و دڵسۆز مانەوە. کاتێك شاروخی کوڕی تەیموور لەشکرکێشی بۆ تێکشکاندنی ڕاپەڕینی قەرەیوسف (دامەزرێنەری دەوڵەتی قەرەقۆینلۆ) دەکرد، مەلیك محەمەدی کوڕی عیزەدین چووە دیداری، تا ملکەچی و گوێڕایەڵی خۆی بۆ ڕاگەیەنێت و ملکی خۆیی سەر لەنوێ پێ خەلاتکرێتەوە.

شەرەفنامە لەمەودای فەرمانڕەوایی قەرەقۆینلۆدا، هیچ لەبارەی ئەو خانەوادەیەوە نالێت، وا پێدەچێت ئەو خانەدانانە هەرچەندە ئاشکرا سەر بە تەیموورییەکان بوون، ملکەچیی خۆیان بۆ فەرمانڕەوایانی نوێ دەربڕیبێت، بۆیە نووسەری شەرەفنامە کە دۆستێکی نێزیکیان بوو، لەو ڕووەوە بێدەنگیی هەڵبژاردووە. ئوزون حەسەن، سەرکردەی قەرەقۆینلۆ، ژەنەراڵە تورکەکانی ڕاسپارد چۆڵەمێرگی پێتەختی هەکاری بگرن. شارەکە بەهۆی شل و پەیتی یەکێکی دی لە مەزنانی خانەوادەکەوە، کە هیچ گوێی بە تکاو هانای ڕاوێژکارانی نەداو چ

پێویستییەکی بەرگریگردنی دابین نەکردبوو، گیرا. میر کوژرا، (ڕەنگە زۆری دیکەش لەوانەی ترسی ئەوەیان لێدەکرا کە لە پاشەڕۆژدا یاخی بن و ڕاپەڕن و شۆڕش دژی داگیرکەران بەرپاکەن، ڕەگەڵی کوژرابن).
هەرێمەکە خرایە ژێر دەستەڵاتی هۆزی دومبلیەوە([*])، کە تاقمێکی دەمارگرژی شێلگیری خەڵکی دەوروبەری جزیرە بوون. دونبلییەکان پەیوەندیی دۆستانەی نێوان شێخ ئەحمەدی سەرۆکیان و ئوزون حەسەنیان بۆ ئەوە قۆستەوە، کە بە نێوی ئاق قۆینلووەوە بە سەرەڕۆیی و سەرکەشیی خۆیان، داگیرکاریی بکەن. مەڵبەندو نێوچەکانی خۆرهەڵاتی هەکاری کەوتنە ژێر چنگ و دەستەڵاتی ئەوانەوە. ئەمانە کۆنفێدراسیۆنێکی تێکەڵ لە چەند هۆزە کوردێکی ڕەچەڵەک جوداواز بوون، کە لەژێر فەرماندەی شێخ مەحمود نێوێکدا یەککەوتبوون (نێوەکەشیان هەر لە نێوی ئەوەوە هەڵگۆزیبوو)و گوێڕایەڵ و خزمەتگوزاری ئاق قۆینلۆ بوون. کاتی خۆی قەرە یەسف دەستبەرداری مەڵبەندەکانی ئاشووت و خۆشاب بوو، کە مڵکی هەکارییان بوون و بۆ مەحموودییەکانی جێهێشت. میر حسەین بەگی کوڕی شێخ مەحموود کە نازدارێکی ئوزون حەسەن بوو، بە ڕەسمی کرایە فەرمانڕەوای ئەو مەڵبەندانەو بڕێك نێوچەی دیکەشیان درایەدەم. بەو جۆرە میرنشینی هەکاری کەوتە ژێر چنگی دوو هۆزە کوردی بێگانەی داردەستی ئاق قۆینلۆوە.
ڕێکەوت وابوو، چەند بازرگانێکی ئاسووری دەڤەری دز (یەکێك لە مەڵبەندەکانی پێنج هۆزە یەککەوتەکە)، گەلەکجار بۆ کارو کاسبی ڕێگەیاندەکەوتە سوریاو میسر. یەکێك لەنەوەکانی خانەدانانی هەکاری کە نێوی ئەسەدەدین بوو لە میسر دەژیا، لەوێ لە خزمەت سوڵتانی چەرکەسییەکاندا سەربازبوو. بازرگانە ئاسوورییەکان نێوبانگ و شۆرەتی دەبیستن و دەچنە کنی تکای لێدەکەن دەگەڵیان بگەڕێتەوەو وێرانەی ماڵەباوانی ببوژێنێتەوە. ئەویش دەستبەجێ بەگوێیاندەکات و ڕەگەڵیاندەکەوێت. قەڵاکەی دز، یەکێك بوو لەو قوللانەی بەدەست دونبولییەکانەوە بوو. ڕەعییەتە فەلەکان دەبایە بەردەوام دارو تفاقیان بۆ قەڵاتەکە سەرخستبا. ئەسەدەدین و چەند کەڵەمێرێکی عەگیدی هۆزەکەی، جلکی فەلەیان دەپۆشن و دەچنە نێوقەڵاکەوەو بەو چەکانەی لە نێو بارەدارەکاندا شاردبوویانەوە، دونبولییەکان تێکدەشکێنن. لە ماوەیەکی هێجگار کورتدا زۆربەی مەڵبەندەکانی هەکاری لەژێر چنگی هۆزەکانی دونبولی ڕزگار دەکەن.
دەربارەی دونبولییەکان، وەك دەبیستین لەسەردەمەکانی پاشتردا لە ئازربایجان، (لە دەوروبەری خۆی) وەك وابەستەیەك و داردەستێکی صەفەوییەکان دەژیان.
مەحموودییەکان دژێکی خەتەرناك بوون. هێشتا زۆر کوتی کۆنە میرنشینی هەکارییان لەژێر چنگدا مابوو، چەند جارێك بە کۆمەکی ئۆردووی تورکی (ئاق قۆینلۆکان)، ئەسەدەدینیان بەزاند. تا ئەو دەمەی ئەسەدەدین کۆمەك و یارمەتی بەتلیسی مسۆگەر کرد، ئەوجا مەحموودییەکانی تێکشکاند.
زاهید بەگی نەوەی ئەسەدەدین، خۆی خزانە ژێر سایەو پەنای شا ئیسماعیلەوە. پێدەچێت شا ئیسماعیلیش متمانەی بەو زێتر بووبێت وەك لە میرە کوردەکانی دی، بۆیە کردییە میری بەرۆگری باپیری. پاش خۆی میرنشینەکەی کرایە دوو کوتەوە: میرنشینی وەستان (لە باشووری خۆرهەڵاتی گۆلی ڤاندا)و میرنشینە ڕاستەقینەکەی هەکاری. سعید محەمەدو مەلیك بەگی کوڕی بوونە میری ئەو دوو میرنشینە.
ڕووداوو پێشهاتەکانی ئەو قۆناغە تا ڕادەیەك سەرشێوێنەرن، شەرەفنامەش زۆر شتی ڕوون نەکردۆتەوە، لێ ئاشکرایە ململانێ و کێشمەکێشی عوسمانی و صەفەوییەکان لەسەر ئەو مەڵبەندە سنوورییانە، گیانی

[*] لە شەرەفنامەی هەژارو پوختەیەکی مێژووی کوردو کوردستانی مامۆستای هێژا محەمەد ئەمین زەکی بەگدا، دونبوڵی نوسراوە. بڕوانە: ل٢٤٠ی سەرفنامەو ل٣٨٢ی پوختەیەکی مێژووی کوردو کوردستان، ب٢.

دوژمنایەتی و ڕەقەبەرایەتی نێو هەناوی خانەوادە فەرمانڕەواکانی ئەو دەڤەرەی برەوپێداوە. لە ساڵی ١٥٣٤ەوە ئیدی هەکاری بە نێو بۆتە پشکێك لە ئیمپراتۆرێتی عوسمانی، لێ لە ڕاستیدا سەربەخۆ حوکمڕانی کراوە.
یەکێك لە کوڕانی مەلیك بەگ دایەپاڵ شا تەهماسبی کوڕی شا ئیسماعیل. یەکێکی دییان چووە دیاربەکرو عوسمانییەکان ملکی فرەیان خەڵاتکرد. ساڵی ١٥٧٨ لەشەڕی چاڵدێرانی نێوان عوسمانی و صەفەویەکاندا بەشداریی کرد، بە دیل گرتیان و دایانەوەدەست برازەکەی خۆی، کە لە ڕیزی ئۆردووی صەفەوییاندا بوو، برازاش دەستبەجێ فەرمانیدا مامی بکوژن.
دەستەیەك لە کوڕانی ئەو خانەدانە وەك نوێنەرێکی بابیان حوکمڕانیی هەرێم و شارۆچکەکانی هەکارییان دەکرد. سوڵتانە عوسمانییەکان و شاکانی ئێرانیش بەهەمانجۆر کوڕەکانی خۆیان دەکردە والی، بە دوو مەبەست: ١-تا جڵەوی فەرمانڕەوایی لەمستی خانەوادەکە خۆیدا بمێنێتەوە، ٢-تا ڕەقیب و مێملە خەتەرناکەکانیش لە پێتەخت دوور خرێنەوە. زەینەڵ بەگی کوڕەگەورەی مەلیك بەگ، لە بابی هەڵگەڕایەوەو بەکۆمەکی مەزنانی هۆزەکە بەزاندی و خزاندییە زیندانەوە. لێ مەلیك بەگ توانی هەڵبێت و یەکەمجار ڕووی لە وەستان کرد بۆ کن سەیید محەمەدی برای، لەوێوە بەرەو بەتلیس تێیتەقاندو بەوپەڕی ڕێزەوە پێشوازیی لێکرا. سەیید محەمەد بۆ دەرپەڕاندنی زەینەڵی کوڕی لە چۆڵەمێرگ و یەکخستنەوەی گشت لە گشتی خاك و مەفتەنی خانەوادەکەی بە ڕێبەرایەتی خۆی، پشتگیریی هۆزی مەزنی پنیانشی مسۆگەر کرد.
زەینەڵ بەگ یەکەوڕاست پاش ئەوە خۆی دەگەیەنێتە ئازربایجان، تا پشتگیری و کۆمەکی صەفەوییەکان بۆ دەستخستنەوەی هەکاری مسۆگەر بکات. هەر لەگەڵ هەستدەکات هیواکەی بێئاکامەو ڕەنجی ناکامەو صەفەوییەکان خەریکن سەیید محەمەد دەلاوێننەوە، بەهەمان دڵی پڕ لە هیواوە ڕوو لە ئەستەموڵ دەکات. ڕۆستەم پاشای وەزیری دەرباری سوڵتان سلێمان، ئەودەم لە بیرو هزری ئەوەدا دەبێت ئەو دەڤەرە ئامال سەربەخۆیە بە تەواوی بخاتە ژێر ڕکێفی عوسمانییانەوە، لێ لە پێوەندی زەینەڵ دەگەڵ صەفەوییەکاندا، بێئاگانابێت، بۆیە داوای لێدەکات وەك بەڵگەو نیشانەیەکی گوێڕایەڵی و ملکەچیی، ژن و زارۆك و خزم و خوێشانی نێزیکی بگێڕێتەوە بۆ نێو کەوشەنی ئیمپراتۆرێتی عوسمانی. هەر زەینەڵ دەگاتەوە هەکاری بۆ هێنانەوەی ماڵ و منداڵ و سامانی، هەوڵی کەنارخستنی ڕۆستەم پاشا دەبیستێت. ئیدی ناوێرێت ڕوو لە ئەستەموڵ بکاتەوە، سەرلەنوێ بە ئومێدی میهرەبانی و خۆشنوودیی شا تەهماسب، بەرەو ئێران باپێدەداتەوە.
لێ ئا لەو دەمانەدا پەیوەندیی صەفەوییەکان دەگەڵ سەیید محەمەددا ڕووەو چاکی دەچێت، هیچ ڕوو بە زەینەڵ نادەن و لووتی لێوەردەگێڕن. هەر لەگەڵ دەبیستێت سوڵتان هەمدیسان میهرەبانیی نواندۆتەوەو ڕۆستەم پاشای سەروەری کردۆتەوە بە وەزیر، دەستبەجێ ڕێگەی ئەستەموڵ دەگرێتەبەر. بەڵام پێدەچێت وەزیر مەیلی دەگەڵ زەینەڵ نەمابێت، لێی لووتەلا دەبێت و لەبریتی فەرمانی شاهانە بۆ کردنەوەی بە میری وولاتی هەکاری، دەینێرێتەوە بۆسنەو ملکێکی زۆری پێدەبەخشێت تا پێی بژێت.
لەو سەرو بەندەدا ئەسکەندەر پاشای میری میران لە ڤان، کە میری هەکاری بەنێو بەردەستەی بوو(٧٣)، خراپ لە سەیید محەمەد هەڵدەپێچێت و قینی لێهەڵدەگرێت. ئەم سەرەکهۆزە دەستەڵاتی خۆی لە هەکاریدا تەواو سەقامگیر کردبوو، لەژێریشەوە داوی پەیوەندیی دەگەڵ صەفەوییاندا ڕایەڵکردبوو(٧٤)، ڕەنگە زێتر بە مەبەستی هاوکێشی و ڕاگرتنی شایەنی هێزی هەروکلایان بووبێت، نەك دڵسۆزی و مەیلی بەلای صەفەوییەکاندا. ئەسکەندەر پاشا لە ڕێگەی دەهۆبازییەوەو بە کۆمەکی مەحمموودییەکان (کە هێشتا خۆشابیان بەدەستەوە بوو) توانی سەیید محەمەد لەداو نێت و بیگرێت و پاشانیش بیکوژێت. تکاش لە ئاستانە دەکات، زەینەڵ بەگی بۆ

بنێرنەوە، تا بۆ ڕزگارکردنی هەکاری کۆمەکی پێبکات، (وەکی ڕاوێژکار، یاخود ئەفسەرێکی سیاسی). زەینەڵ بەگ، ماوەیەکی کورت پاش گەیشتنی، بە شۆفاریو زوانگیری بۆ سەر سنووری ئێرانی دەنێرن. بە ڕێکەوت تووشی بایەندوڕ بەگی برای دێت، ئەویش هەمان کاری بۆ ئێرانییان دەکردو شا بە هەمان ئەرك ناردبووی. جووتەبرا بەشەڕ دێن، بایەندوڕ بەگی تێدا دەکوژرێت. زەینەڵ بەگ دەستەیەك لە یاوەرو هاوەڵانی بایەندوڕ بە دیل دەگرێتو بەدیاری بۆ ئەسکەندەر پاشایان دەباتەوە. ئەو دڵسۆزیو ملکەچییەی بەرامبەر عوسمانییەکان، بە کردنییە میری هەکاری پاداشت دەدرێتەوە.

مێژووی ئەو خانەدانە ماوەیەکی زۆر ئاوها درێژەی کێشاو بەو پێودانگە ڕەوتی دەکرد، هەلێك بۆ کن عوسمانییەکانو چەلێك بۆ کن صەفەویەکانو دەمێك بۆ سایەو پەنای خانەوادە خانەدانەکانی دیکەی کوردستانو هۆزە یەککەوتەکانی هەکاری. هەتا لە نێوەڕاستی سەدەی نۆزدەهەمدا دواهەمین میری هەکاری، کە یەکێك لە نەوەکانی ئەو خانەدانە بوو، لەسەرکار لابراو دەستەڵاتی لێسەندرایەوە. لێ هەتا ئەوڕۆکەش لە هەکاری، سیاسەت هەر بەو شەقڵە ڕەوت دەکات.

### ٣-٦-٣فەرمانڕەوایانی چەمشکەزەك

چەمشکەزەك ئەوڕۆکە دەڤەرێکی چەپەری، ڕێتێنەبردووی، کەم تۆژراوەی، کەم خەڵکی، هەرێمی دەرسیمە. شەرەفنامە وەك یەکێك لە نێودارترینو بە شۆرەتترین خانەوادەکانی کوردستان، باسی خانەوادە فەرمانڕەواکەی دەکات (هەرچەندە دوورنییە لە ڕەچەڵەکدا سەلجووقی نەبن)(٧٦). ملكو قەڵەمڕەویان هێند بەرینو فراوان بوو، کە سووكو ئاسان نێوی گشت (کوردستان)یان لەبریتی مەفتەنو زێدی خۆیان بەکاربردووە. گەلەك خێڵی گەورەو گچکە گوێڕایەڵی فەرمانی ئەو خانەوادەیە بوون، ئەو خانەدانانە خاوەنی ٣٢ قەڵا بوون. هەتا لەپڕ وەیشوومترینو ترسناکترین ڕۆژانی ڕەشی وەکی هێرشی جەنگیزخانو تەیمووری لەنگو قەرەقۆینلۆی قەرە یوسفیشدا، هەر ملكو سامانی خۆیان بەدەست خۆیانەوە مابوو. لێ دەگەڵ دەرکەوتنو سەرهەڵدانی ئوزون حەسەندا، دەستەڵاتیان بەخێرایی دایە کزیو لەپڕێکدا دامرکایەوەو پووکایەوە.

گەر متمانەو باوەڕ بە گێڕانەوەکانی شەرەفنامە بکەین، ئەوا فەرمانڕەوایانی ئاق قۆینلۆ، منەو هەڵپەی ئەوەیان بووە، گشت لە گشتی میرنشینو حوکمڕانییەکانی کورد خاشەبڕکەن، تایبەت ئەوانەیان کە دابوویانەپاڵ قەرە قۆینلۆ. خەربەندلوکە تیرەیەکی هۆزی ئاق قۆینلۆ بوو، کردیانە سەر میرنشینی چەمشکەزەك بۆ بەیدەستکردنو ژێر چەپۆکخستنی. هەتا داگیریشیانکرد، لێ پاشان شێخ حەسەن، میرە لاوەکەی، لەشکرێکی بەهێزی لە ڕەعییەتەکەی پێکهێناو هێزی داگیرکەری تورکی داماڵەخاسکردو لە خاکی خۆی تووڕیدانە دەرەوە. ئیدی خۆیو بەرۆگرانی ملكو مەفتەنی خۆیان بەدەستەوەمایەوە هەتا سەردەمی شا ئیسماعیل. هەڵوێستیان بەرامبەر شا ئیسماعیل زۆر دۆستانەبوو، ڕەنگە لەو سۆنگەیەوە بووبێت کە ئەوانیش پەیڕەوانی ئاینزایەك بوون کە دەگەڵ ئاینی قزڵباشاندا جوداوازییەکی ئەوتۆی نەبوو، لایەنی کەم هەردوکلا شیعە بوون(٧٧). کاتێك شا ئیسماعیل، نور عەلی خەلیفە ڕوملوی سەرقوماندانو حوکمڕانی ئەرزنجانی کردە سەر چەمشکەزەك، حاجی ڕۆستەم بەگی میری، بێ بەرەنگاربوونەوەو دەستکردنەوە، تەواوی وولاتەکەی دایە دەستیو ئالای تەسلیمبوونی هەڵکرد. ئەمە پێچەوانەی هەڵوێستی سی ساڵ لەوەبەری بوو بەرامبەر عوسمانییەکان. ئەوەبوو ساڵی ١٤٧٣/١٤٧٤ ئەو لەشکرەی ئاق قۆینلۆ سوڵتان محەمەدی تێکوپێك شکاند کە ویستیان قەڵای کەماخ بگرنو دژدارەکەشی بەنیازبوو تەسلیمی سوڵتانی بکات. ئەودەم حاجی ڕۆستەم بە گشت هێزو توانایەوە

بەرنگارییکرد، لەوەدواش قەڵاکەی تەسلیمی شا ئیسماعیل کرد. پاشان چووە دیداری شا ئیسماعیل‌و ئەویش لە دەرباری خۆیدا پێشوازیی لێکردو وەك خەرامانێك، لەبریتی چەمشکەزەك کردییە حوکمڕانی هەرێمێك لە ئێراندا.

دانیشتووانی چەمشکەزەك لە دەست تاوان‌و کوشتوبڕی نور عەلی، هێجگار بێزارو ناڕازیبوون، چونکە دەستیدایە ملهوڕی‌و گەلەك لە میرو مەزنانی هۆزەکەی کوشت. ئیدی گەورەو بچووکی نێوچەکە لە دەستی وەزاڵە هاتن‌و دەستیاندایە چەکو لێیڕاپەڕین، دیارە هاتنی ئۆردووی عوسمانییش (هێرشەکەی ساڵی ١٥١٤ی سوڵتان سەلیم) پاڵپشت‌و هاندەرێك بوو بۆ هەژاندنیان. ڕاسپێریان نارد بۆ ئێران بە دووی حاجی ڕۆستەمدا، تا هانی گەڕانەوەی بدەن. لێ حاجی ڕۆستەم کۆشك‌و تەلاری خۆی جێهێشتبوو، دووی شا ئیسماعیل‌و لەشکرەکەی کەوتبوو، خۆی گەیاندبووە کنیان لە چاڵدێران‌و هەتا کرابووە ئەندامی ئەنجومەنی قوماندانییش. پاش تێکشکاندنیان، حاجی ڕۆستەم ویستی سەنگەر بگوێزێتەوە کن عوسمانییان. چووە خزمەت سوڵتان سەلیم‌و بە ڕامووسینی ڕکێفی شاد بوو. لێ هەر هەمان ڕۆژ بە فەرمانی سوڵتان لە سەردی دراو یەکێك لەنەوەکانی‌و چل کەسی دی لە خزمانی‌و ئاغاو مەزنانی هۆزەکەی، بە دوویدا کوژران.

کاتێك پیر حسەین بەگی‌کوڕی، کە هێشتا لە ئێران بوو، ئەو هەواڵەی بیست، بڕیاری دا سەری خۆی هەڵگرێت‌و بچێتە میسرو پەنا بۆ کن پاشایانی چەرکەس بەرێت. وەلێ لە ڕێ تووشی پیرەمێردێکی زونهاری دانای دەنیادیتە دێت‌و ئامۆژگاریی دەکات ڕوو لە ئاستانەی سوڵتان بکات. بە گوێی پیرە دەکات‌و دەچێتە هەواری زستانەی سوڵتان سەلیم لە ئەماسییەو لاشیپانەی ماچدەکات. سوڵتان لە کەڵەمێری‌و بوێری ئەو خورتە سەری سوڕدەمێنێت‌و دەستبەجێ میرنشینی چەمشکەزەکی میراتی ماڵە باوانی پێدەداتەوە، فەرمانیش بە محەمەد پاشای بیغلو دەدات، چەمشکەزەك لە قزڵباشان پاککاتەوەو پیر حسەین بە تەخت‌و بەخت شادکاتەوە. لێ پیر حسەین لەسەر کۆمەکی محەمەد پاشا ڕاناوەستێت‌و خۆی دەستەبەجێ قەوم‌و قیلەو لەشکری کۆ دەکاتەوەو هێرشی دەباتە سەر قزڵباشان‌و لە خاك‌و مەفتەنی خۆی دەریاندەپەڕێنێت. ئیدی سی ساڵی ڕەبەق بە ئاشتی‌و ئارامی‌و کامەرانی حوکمڕانیی دەکات.

لەپاش خۆی، شازدە کوڕەکەی نەیانتوانی پێکبێن‌و بەتەبایی بژێن، ئاشووب کەوتە نێوانییانەوەو هانایان بۆ سوڵتان سلێمان برد، ئەویش وولاتی چەمشکەزەکی بۆ کردنە سێ کوتەوە، سەقمان کوتە بەفەڕو پڕ خێرو بێرەکەیان، بووە ملکی سوڵتان، ئەیاغەکەشی کرایە دوو سنجەقی مەچەنگەرو پەرتەك‌و بەدەست خانەوادەکەوە مانەوە. بڕیاریشدرا ئەو سەرانەو باجەی بە نێوی جزیەوە لە ڕەعییەتە فەلەکان دەسەندراو تا ئەو دەمە بۆ خەزێنەی میر بوو، ئیدی بۆ خەلیفە بنێردرێت. هەریەك لەو چواردە برایانەش کە نەکرانە حوکمڕان، تیمارو زەعامەتی گەورەو گچکەیان پێبەخشرا. پاشان یەکێکیان ژیرانە تکای لە سوڵتان کردو سنجەقی سەقمانی وەك میراتیی ماڵەباوانی پێدرایەوە.

پێشتر چەند جارێك باسی تیمارو باج‌و خەراج کرا، لەبەشی داهاتوودا، کە دێینە سەر باسی جۆری فەرمانڕەوایی ئیمپراتۆرێتی عوسمانی‌و شێوازی ژێر چەپۆکخستنی کوردستان‌و جووتباقەکردنی بەو سیستێمەوە، ئەو مەسەلەیە بە هوردی ڕووندەکەینەوە.

### تێبینی‌و سەرەنج‌و سەرچاوەکان

### تێبینییەکانی بەشی سەرتڵ‌و سەرەتا

١-بريتين لە شۆڕشەکانی مەکسیك و ڕووسیا و چین و ڤێتنام و جەزاییرو کوبا.

٢-ئەم دیاردەیە لەلایەن دەزگەکانی ڕاگەیاندن و پڕوپاگەندەی عێراقەوە زەق و قەبە دەکرا، دەنا وەکی دی ڕژێمی عێراق خۆی بەردەوام هەوڵیدەدا لە ڕێگەی هاریکاری و پەیوەندییەوە دەگەڵ ئەو جۆرە کەسایەتییە کوردە نەریتییانەدا، جێپێی بارزانی و نیشتمانپەروەرانی کورد کەچ و لەقکات.

٣-لەو بوارەدا دووبەرکی هەناوی پارتەکەو لەگەڕخستنی ئەندامە سەرکردایەتییە شارییە ڕادیکالەکانی بزووتنەوەکە لە ساڵی ١٩٦٤دا، پێشهات و دیاردەو هۆکارێکی گردەبڕبوون. بڕوانە: (ڤانلی، ١٩٧٠، ل٢١٨-٢٢٥)، (kutschera، ١٩٧٧، ل٢٤٦-٢٥٢)، (جەواد، ١٩٨١، ل١٦٣-١٧٣)، (ئیبراهیم، ١٩٨٣، ل٥١٧-٥٣٢).

٤-لە سەروەختی پیادەکردنی یاساجەنگییەکەی ساڵانی ١٩٧١-١٩٧٣دا، بیٚشکچی درایە دادگاو سزادرا. یەکەم ڕژێمی ئازاد هەڵبژێردراوی پاش ئەو سەردەمە، لە ساڵی ١٩٧٤دا فەرمانی لێخۆشبوونی گشتیداو ئەویشی گرتەوە. بێشکچی هەر لەسەر خۆخەریککردن بە کێشەی کوردەوە بەردەوام بوو، چەند کتێبێکی دیکەی بڵاوکردەوە، کە ڕەخنە بوون لە ئیدیۆلۆژی کەمالیست و سیاسەتی تورکان لەحاند کورد، بەو هۆیەوە دیسان خزێندرایەوە زیندان. پاش بەسەر چوونی ماوەی سزاکەی، سەرلەنوێ لەسەر ئەو نامەیەی کە لە زیندانەوە بە دزییەوە بۆ هەندەرانی ناردبوو، درایەوە دادگاو سزادرایەوە، هەرچەندە تا نووسینی ئەم کتێبەش ئەم سزایەی دواییانی نەچەشتووە.

٥-یەکێك لەو ڕەخنە گونجاوانەی کە نووسەر "نموونەی پیاوی بەهێز"ی نێوناوە لەلایەن Baileyو Barthو بڕێکی دییەوە قۆزراوەتەوە، بڕوانە (Thoden van Velzen, 1973).

٦- پێموایە نارەوایی دەرهەق بە Alavi دەکەم، گەر پێ لەوە نەنێم کە ئەویش پەیی بەو ڕاستییە بردووەو دەڵێت: "دەبینین سیاسەتی فراکسیۆن لە کۆمەڵگە وەرزێرییەکاندا، مانای دانەدواوەی کێشەی چینایەتی ناگەیەنێت، هەردوکیان لەبارو دۆخی جوداوازدا شێوازی سیاسی جوداوازیان لێدەکەوێتەوە. هیچ یەکێکیان دەستبەرداری پێبەندییە بنجییەکەی وەکی خزمایەتی نابن، کە پێش خۆدەرخستن بۆ هاریکاریی چینایەتی دەکەوێتەوە. هەڵسوکەوت و ڕەفتارە سیاسییە چڕەکان پێشانی دەدەن پێبەندییە بنجییەکە بە کامە ئاست گەیشتووە".

٧- ئەو پشکەی سیاحەتنامەکەی ئەولیا چەلەبی کە دەربارەی کوردەو باسی سەفەری دیاربەکریمان بۆ دەگێڕێتەوە، من و چوار برادەرم تەرجەمەمانکردووەو تێبینی و سەرنج و پەراوێزمان خستۆتە سەر. بڕوانە (Bruinessen / Boeschoten, 1988). بۆ زانیاری زێتر لەبارەی ئەولیاو سەفەرەکەی کوردستانی و دەستنووس و سیاحەتنامە چاپکراوەکانیەوە، بڕوانە سەرتڵی ئەم کتێبە.

سەرنجەکانی بەندی یەکەم

١. نەخشە ڕەسەنەکە، بەختیاری و لوڕی بە کورد لە قەڵەم داوە، کە من بە ڕاستی نازانم، بۆیە دەستکاریم کردو ڕاستمکردەوە. دەقە ڕەسەنەکە لە چەندین سەرچاوەدا چاپکراوەتەوە، وەکی (Rambout, 1947) و (Vanly, 1970).

٢. Devlet istatisik Enstitutsu, genel nufus sayimi 1955, (Ankere, 1956)

٣. سەرژمێرەکە هەر بە پێنج ساڵ جارێك لە ڕۆژێکی مانگی ئۆکتۆبەردا دەکرێتو ژمارەیەکی زۆر کەسانی نیوە ڕاهێنراو پێیهەڵدەستن. بەو پێیەی لە کوردستانی تورکیا گەلەك گوند هەن کە لە پێتەختی مەڵبەندەکەوە بە کەمتر لە دوو ڕۆژ نایانگەیتێ، قەت ناشێت سەرنووسان ڕێیان تێبکەوێت. ئەو حەمکە ڕەوەندانەی من دیتمن، دەیانگوت لەوەتەی هەن سەرنووس نەکراون.

٤. A.T. Wilson: 1931, S. 18; H. Field 1940, The Anthropology of Iraq, Teil 1, Nr. 1, S. 104-105

٥. Vanly in Chaliand: 1978, S. 227 – 232

٦. بڕوانە سەرژمێرییەکەی ١٩٦٦ کە لە (Almanac of Iran) (تاران، ١٩٧٥، ل٣٣٦)دا پوختەکراوە.

٧. بڕوانە: (Almanac of Iran, 1975, 2. 428)، چەند ساڵێك پێشتریش هەر هەمان ژمارەی دەستنیشانکردبوو. بۆیە بە مەزەندە ژمارەکەو ڕێژەی زێدبوونی دانیشتووان بەپێی ئەو ساڵە بەسەرچووانە ڕاستکرابووەوەو گەیاندرابووە ٣،٥ ملوێن.

٨. بڕوانە: (Dam, 1979, S. 15) بەپێی تویژینەوە دیمۆگرافییەکان ڕێژەکە بە ٨٪ دادەنێت. هەروەها بڕوانە Nazdar لە (Chaliand: 1978, S. 309 – 312)دا کە خەمڵاندنێکی ماقووڵ بۆ ساڵی ١٩٧٦ دەکاو ژمارەیان دەگەیەنێتە ٨٢٥ هەزار کە دەکاتە ١١٪ی دانیشتووان.

٩. وەسپێکی شیرنی ئەو شێوازە ئابوورییە لە (Hutteroth 1959)دا دەبینین. ئەو نیوەکۆچەرانە بە وەرزێری یایلایی نێودەبات، کە لە ووشەی Yaylaی تورکییەوە وەریگرتووەو مانای زەنوێر یاخود نوالان و لەوەڕگەی کێوان دەگەیەنێت.

١٠. لەسەردەمی ئەتاتورك و ڕەزاشادا، تورکیا و ئێران تەونی تاوانی نیشتەجێکردنی زۆرەملێی ڕەوەندەکانیان خستەگەڕ، بڕوانە: (بێشکچی ١٩٧٧)و (Salzmann, 1971). هەڵبەت ئەو سیاسەتە نوێ نەبوو، هەر لەسەدەی حەڤدەهەمەوە حوکومەتی عوسمانی هەوڵی بەزۆر نیشتەجێکردنی هۆزە ڕەوەندەکانی دەدا، بڕوانە (Orhonlu, 1963). دیارە لەپشت پەردەی ئەو نیشتەجێکردنەوە، مەبەستێکی سیاسی حەشاردرابوو، ئەویش چەسپاندن و سەقامگیرکردنی سنووری نێودەوڵەتییان بوو. بە دانانی بەو سنوورانەدا، ڕەوەندەکان کە لەوەڕگەی هاوینەو زستانەیان لەچەند وولاتێکی جوداوازدا بوون، ناچارکران یا ڕێگەو هەواری کۆچیان بگۆڕن، یاخودد بە هێجگاری دەستبەرداری ژیانی کۆچەرێتی بن.

١١. لە (Hutteroth, 1959)دا بەچاکی هۆزە ڕەوەندەکانی تۆرۆسی کوردو ڕێگەی کۆچ و ڕەویان ڕوونکراونەوە. ڕۆژنامەنووسی تورك (Fikret Otyam) باسێکی هێجگار سەرنجڕاکێشی دەربارەی هۆزی ڕەوەندی بەریتان و تەنگوچەڵەمە زۆرەکانی نووسیبوو، سەرەتا لە ڕۆژنامەی جمهوریەدا بلاوکرایەوەو پاشانیش کرایە کتێب، بڕوانە (Otyam, 1976).

کۆمەڵناسی تورك سمایل بێشکچی کارنامەی دوکتۆرییەکی نایابی دەربارەی مەزنترین هۆزی ڕەوەندی ژووروی کوردستان، هۆزی عەلیکان و کێشەو گرفتەکانی و گۆڕانکارییە کۆمەڵایەتییەکانی نووسی، بڕوانە (Besikci, 1969).

١٢. (Peter)و (Mual Andrews) سەرنجیان بۆ ئەو ڕاستییە ڕاکێشام کە ڕەشماڵی کورد بەوە لە دەواری ڕەوەندی میللەتانی دی وەکی (عارەب و برێك تاقمی تورك و پەشتۆکان) جودا دەکرێتەوە، کە ستوونی ڕەشماڵەکە لە بنمیچەکەیەوە سەردەهێنێتە دەرەوەو بە پارچەیەکی توندو تۆڵ لە هەمان قوماشی دەوارەکە،

ڕاگیردەکرێت، ئەمە یانی لەبنەوە بێ پشتیوانە. ڕاستی و دروستی ئەو سەرنجەم لەکن گشت کوردە دەوارنشینەکانی کوردستان و خۆراسان، بۆ دەرکەوت.

١٣. بە لەبەرچاوگرتنی بڕێك پیشە، تین و تاوی کاریگەری ئەم هۆکارەمان بۆ ڕووندەبێتەوە. ساڵی ١٨٤٠، مسیۆنار Badger دەبینێت کە بڕێك لە کارگەی پەموو ڕێسینە گەورەکانی شاری تۆقات Tokatی ئەنەدۆڵی نێوەند، کە ساڵانێك لەوەبەر کاریان چاك بەڕێوەدەچوو، خەریکن تەواو لەنێودەچن، چونکە خاوەنەکانیان ناتوانن دەگەڵ شمەکە چاکە هەرزانەکانی لە لیڤەرپوڵ و مانشیستێرەوە هێنراودا، هەنگاو هەڵگرن و کێبەرکێیان پێناکرێت، بڕوانە: (Barder, 1982 I, S. 23).

فۆن مۆلتکە ساڵی ١٩٣٨ بە پاپۆڕی هەڵم دەچێتە دەریای ڕەش، وەك دەگێڕێتەوە، باری کەل و پەلی کارخانەسازیی لە دەرەوەو هێنراو، بایی یەك ملوێن مارك زێتر دەبوو، بڕوانە: (von Moltke, 1882, S. 199) .

Badger دەبینێت، وەك ئاکامێکی کردنەوەی ڕێگە بازرگانییە نوێکان، چەندین بازێڕی گرنگی کوردستان، لەوانە کەلەوەبەر چەقی بازرگانیی بوون، تایبەت دیاربەکرو بەتلیس، ئیدی هێدی هێدی نرخ و بایەخیان لەدەستدەدا.

١٤. ئەو باوەڕەی کە گوایە زمانی کوردی سەر بە لقی سەرووی خۆرئاوای زمانە ئێرانییەکانە، ماوەیەکی زۆر باوو سەپابوو. لێ مەکەنزی ئەو باوەڕەی خستە بەر ڕێژنەی گومانەوە سەلماندی کە زمانی کوردی لە ڕاستیدا ڕەنگە لێکچوونی زێتری دەگەڵ لقی خوارووی خۆرئاوای زمانە ئێرانییەکاندا هەبێت، بڕوانە: (Mackenzie, 1961 b).

١٥. بڕوانە (Baynon, 1979). هەروەها بڕوانە لێکۆڵینەوەکەی مەکەنزی لە دیالێکتەکان (1961 a)، کە زێتر خەریکی دیالێکتەکانی لقی ژێروو و کەوشەنە تێکەڵاوەکەی ژێروو و ژووروو بووە. بە بڕوای من جوداوازیی ئەو دوو دەستەیەی بە جوانترین شێواز ڕوونکردۆتەوە.

بڕێك نموونەی ساکار ئەو لادان لە یاسا گشتییەو جوداوازیی نێوان ئەو دوو زاراوە دەردەخەن:

| | |
|---|---|
| ژووروی کوردستان | : ئەز نان دەخووەم – من نان خوارد |
| ژێرووری کوردستان | : من نان ئەخۆم – (من) نانم خوارد |
| ژێرووی خۆرهەڵات | : نان ئەخووەم – (من) نان خواردم |

| | |
|---|---|
| ژووروی کوردستان | : ئەز تە چێ دبینم – من تۆ چێ دیت. |
| ژێرووری کوردستان | : من تۆ چاك ئەبینم – (من) چاکم تۆ دیت(*) |
| ژێرووی خۆرهەڵات | : من تۆ چاك ئەبینم – (من ) تۆ چاك دیم |

-mi <<م>>و -i <<ی>> پاشگری کەسی یەکەم و دووهەمی تاکن. خوارد-، خووە-، خۆ- ڕەگی ڕابوردوو و ئێستای کاری (خواردنن). دیت- و بینـ- ڕەگی بینینن(*).

---

* لە ڕاستیدا ئەو دەنگی /ت/ی کۆتاییەش کلۆر دەبێت، واتە دەسوێت و سەریتێدادەچێت و تەنها {دی} دەگوترێت، نەك {دیت}.

* لێرەدا ناچارم وەك زمانەوانێك بێمە دەنگ و کەمێك بەدرێژی بەرپەرچی ئەو بۆچوونە هەڵانەی کاکی نووسەر بدەمەوە:

١-دیتـ- ڕەگی کرداری {بینین} نییە، بەڵکە ڕەگی {دیتن}ە، هێندە هەیە شێوازی کاری ئێستا / داهاتووی دیتن، بە تایبەت لە زاراوی ژێروودا سەری تێداچووەو بینین جێگەی پێلێژکردووە. جگە لەوەی دەنگی /ت/ی کۆتایی ڕەگەکەش لە ڕنەدراوەو تەنها دیتـ- ماوەتەوە. هەر /دەبینـ/ دەگوترێت نەك /دەدیتـ/ کە بەدووری نازانم ئەو خۆبواردنە لە بەکارهێنانی کرداری {دیتن}، بەهۆی

زۆر نێزیکی ووشەکە لە کرداری {دیدن}ی فارسییەوە نەبێت. شێوازی ڕابوردووی {دیتن}یش لەمێژبوو فەوتابوو، تازەکی لە زمانی نووسیندا باوی هاتۆتەوە.

٢-لە کارنامەی دوکتۆریەکمداو لەو گوتارەدا کە دەربارەی (کردارو کات)ی کوردی نوسیووەو لە ژمارە ٢٤، ٢٥ی گۆڤاری مامۆستای کورددا بلاوکراوەتەوە، هەوڵمداوە ئا ئەم بۆچوونە هەڵەیە هەڵتەکێنمو بیسەلمێنم کە لە کوردیدا تەنها تاقە ڕەگێکی کردارمان هەیەو بانگاشەی چەوتی سەپاوی بوونی ڕەگێکی کردار بۆ ئێستا / داهاتوو و یەکێکی دی بۆ } ڕابووردوو، هەڵەیەکی باوەو هیچ بنچینەیەکی نییە.

٣-ئەو جوداوازییانەی نووسەر پێشچاوی خستوونو پێشتریش باسیکردوون، بە نیسبەت زاراوی گشت زمانێکەوە هەر ئاوهاو شتێکی لەو بابەتەو دیاردەیەکی ئاساین. ئەو جوداوازییە لێکسیکالیو فۆنۆلۆژیو هەتا مۆرفۆلۆژییانەش هەن، بۆیە زاراویان پێدەڵێن، دەنا بێ جوداوازی دەبنە زمانێکی بێ زاراو. تەنها شتێك کە زمانی کوردیو زاراوەکانی لە زمانانی دیکە جودا دەکاتەوە، ئەوەیە کە باری جیۆپۆلیتیکیو شیرازەی کۆمەڵایەتی کورد، مۆڵەتی گەشەکردنو فراژیبوونی زمانەکەو دروستبوونی زمانێکی یەکگرتوویان نەداوە. هەڵبەت کاکی نووسەر یەکێکە لە شارەزا چاکەکانی بارەسەختە سیاسیو کۆمەڵایەتیەکەی کوردستان، دابەشبوونی نەتەوەو خاکەکە بەسەر پێنج دەوڵەتی جوداوازو بەدگومان لە یەکدیدا، یاساخکردنی ئاخاوتنو نووسینی کوردی لە زۆربەیاندا، نەبوونی پەیوەندی ڕاستەوخۆو ناڕاستەوخۆی وەك ئامرازەکانی ڕاگەیاندنو ڕۆشنبیریی ئازاد (ڕادوێ، تەلەفزیۆن، گۆڤار، ڕۆژنامە، کتێب...هتد)، نووسینی ئەو کوردییە کەمەی بەردەوام بە قایچی سانسۆر هەڵدەپاچرێت بە سێ ئەلفو بێی جوداواز، تەشەنەی پەتای کلۆڵیی نەخوێندەوارییو سەرکوێری لە نێو پشکی هەرەزۆری میللەتەکەدا، کۆڵەی کوردیان کوتاوەو باری زمانەکەیان صەد هێندەی دی سەختکردووە. جگە لەوە کاریگەرێتی زمانی داگیرکەران لە دێر زەمانەوە لەسەر زاراوەو زمانی هەر پارچەیەك، شوێنەوارێکی بەدو شێوێنەریان جێهێشتووە. (دیارە ئەمە بە نیسبەت هەموو زمانێکەوە هەروایە، بۆ نموونە زمانێکی مەزنو زیندووی وەکی ئاڵەکانی، تەنها چل ساڵی سنووری دەستکرد، درزو شەبەقی گەورەی خستە نێو هەمان زمانی هەردوو کوتەکەوە. خۆرهەلات لەژێر تینو تاوی ڕووسیداو خۆرئاوای لەژێر تینو تاوی ئەمریکیدا، گۆڕانکاریی سەیرو عەنتیکەیان بەسەردا هات. {ساڵی ١٩٨٥ توێژینەوەیەکی زمانەوانیانەم لەو بارەیەوە نووسیو لە سیمینارێکی زانستگەی سالزبورگدا پێشکەشمکرد. لەو لێکۆڵینەوەیەمدا هەوڵمدا مەوداو ئەندازەی ئەو درزو تلیشەی، قوتکردنەوەی دیواری سنوورێك دەیخاتە نێو زمانی نەتەوەیەکەوە، دەستنیشان بکەم. گەیشتمە ئەو ئاکامەی جوداوازیی هێجگار گەورەی لێدەکەوێتەوە. هەرچەندە دەبێت ئەوەش لە یاد نەکەین کە تەنها چل ساڵی مێژووی ئەوانە، لەچاو نێزیکەی هەموو مێژووی کورددا، هەر هیچ نییە}.

بەهەر حاڵ، ئەو جوداوازییەی نێوان کاتی ڕابوردووی کردارە تێپەڕەکانی ئەو زاراوانەی کاکی نووسەر باسیدەکات، شتێك نییە لە جێگۆڕکێی، یاخود تێداچوونی برێك لەو ڕاناوەکەسییە لکاوانەی کە Klitikیان پێدەگوترێت، ئەویش لە هەموو حاڵەتێکدا نا، بۆ نموونە لەکاتی ڕابوردووی کردارە تێپەڕەکاندا، لە زاراوی ژوورووودا کردارەکە Klitikی بەدکارەکە Objekt وەردەگرێت، لێ Klitikی کارا Subjekt، سەریتێدا دەچێت:

من شڤانان دیت (من شوانەکانم دیت)

شڤانان ئەز دیتم (شوانەکان منیان دیت)

کەچکێ تۆ دیتی (کچەکە تۆی دیت)

شڤێن ئەم دیتن (شوانەکە ئێمەی دیت)

هەتا لەخودی تاکە زاراوەیەکی وەکی ژێرووشدا، لە ڕستە بنجییەکاندا بواری جێگۆڕکێی Klitikە زۆرە:

(من) چاکم تۆ دیت

(من) چاك تۆم دیت

(من) تۆم چاك دیت

دیارە لە ڕستە سەرزارەکییەکانیشدا ئەو بوارە هەر هەیە:

چاکم دیتیت

چاك دیتمیت، (چاك دیمیت)

١٦. تاقە توێژینەوەیەکی ڕێکو پێك لەبارەی زاراوی زازاوە، ئەو ژمارە زۆرە تێکستانەن کە Oskar Mann کۆیکردوونەوەو Karl Hadank شیکردوونەوە، بڕوانە:
(Mann und Handank)، هەرچەندە ئەو مەتریالانەش بڕێك پرسیار بێ وەرام دەهێڵنەوەو تەواو تینوێتی ناشکێنن.
ما لمیساتژبیبلۆگرافیایەکی دەربارەی زاری زازا ڕێکخستووەو لە گۆڤاری هێڤی ئینستیتوتی کوردی پاریسدا، ژمارە ٣، فێبریوەری ١٩٨٣، ل ١١٤ – ١١٧ بڵاوکراوەتەوە.
گەلەکجار لە سەرچاوەکاندا دەنوسرێت گوایە ئاخێوەرانی زازا، زمانەکەیان بە دملی نێودەبەن. خۆرهەڵاتناسەکان بەگشتی لەو باوەڕەدان کە ئەو نێوە داڕێژراوێکی مێتتێزانەیە(*) لە ووشەی دەیلەمییەوە، لەو مشتومڕەدا کە لە بەندی دووهەمدا لەبارەی ڕەچەڵەکی کوردەوە کردوومانە، ئەمەمان وەك بەڵگەیەکی بەهێز

---

بەڵام کە دەڵێت: زاراوەی ژێروو بۆ کرداری کارابزر Passiv، ڕەگێکی تایبەت بە خۆی هەیە، کە لە ژووروودا نییە، دەکەوێتە هەڵەیەکی گەورەترەوە، چونکە وەك لە خوارەوە ڕوونیدەکەینەوە، زۆر لە ڕاستی دوور دەکەوێتەوە:
ئاشکرایە هیچ دیاردەیەکی ڕێزمانیی، بێ گۆڕانێکی مۆرفۆلۆژیی ڕوونادات، دیاردەی کارابزریش لە زاراوی ژێروودا لە ڕێگەی لکاندنی پاشگری –را (ra-)وە بە ڕەگی کردارە تێپەڕە ئاساییەکەوە دێتە دی:
گیرا، کوژرا، خورا، ...هتد
لێ لە زاراوی ژووروودا کرداری هاتن پێش بە چاوگی کردارە تێپەڕەکە دەگرێتو کارابزری لێسازدەکات:
هاتە گرتن، هاتە کوشتن، هاتە خوران، ...هتد
کە دوور نییە کەوتنەوەی ئەو جوداوازییە، ئاکامێکی چاولێکەری یاخود تێنو تاوی زمانێکی بێگانە نەبێت لەسەر یەکێکیان، یاخود تاوی دووزمانی جوداواز نەبێت لەسەر هەردووکیان.
دەربارەی پاشگری –وە (ewe-) کە دەڵێت لە ژێرووددا هەیەو لە ژووروودا نییە، ڕاست نییە:
١.جارێ پاشگرەکە –وە (we-)یە، نەك –ەوە، پەیدابوونی ئەو بزوێنی /ە/یە لە نێوان کردارەکەو پاشگری –وەدا ناچارییەکی فۆنەتیکییە، کە ئەو بزوێنە لە نێوانی کۆنسۆنانتەکانو نیوەبزوێنی /w/ دا دەسەپێنێت.
٢.هەمان پاشگر لە ژووروشدا لە شێوەی /ڤە/ /ve/داو بۆ هەمان واتاو مەبەست هەیە، لێ لەبڕێك بێچووە زاراوی ژووروودا، تایبەت لە زاراوی جزیرەو بۆتاندا دەبێتە پێشگر، وەك "ژیانەوە---> ڤەژین"، "گرتنەوە---> ڤەگرتن". لە هەندەك بێچووە زاراوی دیکەی کرمانجیی ژووروودا، وەك زاراوی بادینان، هەمان /ڤە/یەو هەروەك زاراوی ژێروو بە پاشگری ماوەتەوە، وەك "هاتڤە، گەڕاڤە".
لێرەدا بوار نییە چیدی لەسەری بڕۆم، هێندە دەڵێم جوداوازییەکان زۆر لەوە قووڵترو فراوانترن کە کاکی هێژا پەنجەی بۆ ڕاکێشاون، لێ جوداوازیی ئاسایی زاراوەکانی زمانێکن.
تکایە بڕوانە:
1-Emir Djeladet Bedir Khan und Roger Lescot: “Kurdische Grammatik, Kurmanci- Dialekt”, Kurdisches Institut, Bonn, 1986, S. 249.
"ڕێزمانی کوردی، زاراوەی کرمانجی".
2-Ali Sarwat: “Themen aus der Kurdischen Wortbildung”, Diss., Universitat Salzburg, 1992.
"هەندەك بابەتی ووشەسازیی کوردی"
3- Ali Sarwat: “Die Auswirkung der Trennung durch Mauer und Stacheldraht in der Deutsch-Deutschen Alltagssprache”, Universitat Salzburg, 1985.
"تینو تاوی دیوارو تەلی درگەزی لەسەر زمانی ڕۆژانەی هەردوك کوتەکەی ئاڵەمانیا".
٤-"جەمال نەبەز: زمانی یەکگرتووی کوردی"، بامبێرگ، ١٩٧٦، ل ٢٩-٣٠.
[*] Metathese ووشەیەکی لاتینییەو لە زانستی زماندا بەواتای جێگۆڕکێی دەنگ دێت، وەکی سەرینو سەنیر، زیخو خیز، جەرگو جگەر، تەرزەو تەزرە، ...هتد.

بەدەستەوە گرتووە. هەرچەندە من بۆمدەرکەوت کە گەلەك لە زازا چاوساغەکانم (تایبەت ئەوانەی مۆدکی و ئەرزنجان) هەرگیز نێوی دملی‌یان نەبیستبوو. بەڵام هەندێکی دی هەبوون کە نێوەکەیان بیستبوو، ناڕاستەوخۆ لە زانستکارە ئەوروپاییەکانەوە بەوان گەیشتبوو. وا پێدەچێت تەنها بەشی خۆرئاوای ئاخێوەرانی زازا، خۆیان بە دملی نێوبەرن.

١٧. بۆ توێژینەوە لەبارەی زاراوی گۆرانییەوە: بڕوانە ئەم سەرچاوانە کە تا ڕادەیەك سەرکەوتووانە زاری هەورامییان توێژیوەتەوە:

1-(Benedictsen und Christensen, 1921)
2-(Mann und Hadank, 1930) (Mackenzie, 1966).

کارەکەی مان و هادانك ماتریالی دەربارەی دوو زاراوی گۆرانی دیکەی تێدایە. دەقیی ئەدەبی گۆرانی و هەڵشێلان و شیکردنەوەی لە کتێبەکەی (Soane, 1921)دا بڵاوکراوەتەوە.

م. موکری ژمارەیەکی زۆر دەقی ئاینی دێرینی زاراوی گۆرانی کۆکردۆتەوەو تەرجەمەی کردوون و پەراوێزو سەرنجی بۆ نووسیون، بڕوانە (موکری، ١٩٧٠، ١٩٧١).

پێدەچێت ژمارەو فراوانیی ئەو نێوچە چەپەرانەی لە کوردستانی عێراق بە زاراوی گۆرانی دەئاخڤن، لەوە بەرینتر بێت کە تا ئێستا دەقرسێندران. تەنها هۆزی باجەلانی ئاقارەکانی خۆرهەڵاتی موسڵ و گۆرانەکانی دەڤەرەکانی باکوورو باکووری خۆرهەڵاتی موسڵیش دەگرێتەوە، هەروەها بەشێکی گەورەی هۆزی زەنگەنەو کاکەییەکانی نێوچەی کەرکوکیش بە زاراوی گۆرانی دەپەیڤن.

١٨. بۆ ئەو تەریقەتانە بەگشتی، بڕوانە: (Muller, 1967).

١٩. بۆ زانیاریی زێتر لەبارەی عەلەوییەکانی دەرسیمەوە، بڕوانە: (Bumke, 1979)، ئەو لێکۆڵینەوانەی کە جەختی ئەوە دەکەن گوایە عەلەوییەکان دەستەیەکی گومڕای لە دین وەرگەڕاون: (Trowbridge, 1909)، (Melikoff, 1982).

٢٠. بۆ زانیاری زێتر لەبارەی ئەهلی هەقەوە، بڕوانە: (Minorsky, 1920, 1921, 1928, 1943)، (Ivanow, 1953)، (Edmonds, 1957, S. 182 – 201, 1969).

٢١. سەرچاوەی گرنگ لەبارەی ئێزیدییەوە: (Layard, 18449, S. 274 – 309; 1853 I, S. 46 - 95).
Layard پەیوەندییەکی دۆستانەی چاکی دەگەڵ ڕێبەرانی ئێزیدی نێوچەی شێخان دا هەبوو، لە ئەستەمولیش بۆ ئێزیدییەکان تێکەوت. هەروەها بڕوانە: (Menzel, 1911)، (Lescot, 1938)، (Drower, 1941)، (Edmonds, 1967)، (Furlani, 1940).

٢٢. بڕوانە بەندی سێهەمی ئەم کتێبە، بەشی ٣-٨. کتێبەکەی (Joseph, 1961) یەکێکە لە توێژینەوە هەر چاکەکان کە تا ئێستا دەربارەی ئاسوورییەکان نوسراوە. هەروەها بڕوانە: (Yonan, 1978). دەربارەی سریانییەکان، بڕوانە: (Anschutz, 1984).

٢٣. دەربارەی ڕاپەڕینەکانی کوردی سالانی بیست و سی ئەم سەدەیەو ئەو زۆرو ستەمەی پاشان لێیانکراوە، بڕوانە: (Rambout, 1947)، (Arfa, 1966)، (Jwaideh, 1960, S. 383 - 270)، (Kutschera, 1979, S. 39 - 129)، (Bruinessen, 1983).

٢٤. بڕوانە: (Kutschera, 1979, S. 133 - 153)، (Jwaideh, 1960, S. 671 - 708).

٢٥. دەربارەی کۆماری مەهاباد، بڕوانە: (Eagleton, 1963)، (Jwaideh, 1960, S. 709 - 774)، (Kutschera, 1979, S. 153 - 184).

٢٦. ئەو دەقە لە (ڤانلی، ١٩٧٠، ل٨١)ەوە ڕاگوێزراوە.

٢٧. بڕوانە: (Adamson, 1964)، (Schmidt, 1964)، (Dann, 1969)، (- Kutschera, 1979, S. 200 228).

٢٨. بڕوانە دەقی ڕێککەوتننامەکەی ئازار لەم سەرچاوانەدا: (Salomon, 1970)، (- Hajj, 1977, S. 120 128)، (Ibrahim, 1983, S. 815 - 820)، (Nebez, 1972)، (Ghareeb, 1981).

٢٩. بۆ نێوان تێکچوونەکەی بارزانی و مەکتەبی سیاسی، بڕوانە: (Kutschera, 1979, S. 244 - 252)

٣٠. چاپەمەنییەکانی ئەوروپای خۆرئاوا، زۆر تێروتەسەل هەواڵەکانی شەڕی ١٩٧٤/١٩٧٥یان ڕادەگەیاند، لێ لێکۆڵینەوەی بابەتانە لەو بارەیەوە تا ئێستاش کەمن.

نووسینەکەی (Kutschera, 1979, S. 301 - 333)و (Chaliand, 1978, S. 263 - 287) زۆر پڕ سۆزن.

ڕادەی دەستتێوەردانی ئەمریکا، نهێنییەکی پۆشراو بوو، هەتا هەواڵەکەی Pike (پرسینەوە دەربارەی چالاکییەکانی CIA لەلایەن لیژنەیەکی لێکۆڵینەوەی سەر بە کۆنگرێسەوە) کەوتە بەردەست چاپەمەنییەکان.ئەو هەواڵەی Pike پاشان کرایە کتێبیش: (The Pike Report on the CIA, London, Bertrand Russell Peace Foundation, 1977).

ڕای ڕەسمیی عێراق لەو ڕووەوە، لە گوتەو ئاخاوتنە ڕۆژنامەگەرییەکانی صەدام حسێندا ڕەنگدەداتەوە. ئەو گوتانەش پاشان کراونە کتێب (1977 a, 1977 b).

٣١. برێك لەو هەنگاوو هەڵوێستانە لە ڤانلی ١٩٧٨دا پوختەکراون. هوردتر ئەو هەواڵانەن کە بڵاوکراوەکانی ڕێکخراوە کوردییە عێراقییەکانی هەندەران پەخشیاندەکردن، وەك پێشمەرگە: بڵاوکراوەی سەرکردایەتی کاتیی پارتی دیمۆکراتی کوردستان. The Spark: بڵاوکراوەی یەکێتی نیشتمانیی کوردستان. برێك سەرنجی کورتیلە لە خزمەتی ڕژێمی بەغدادایە لە کتێبەکەی (Wimmer 981)(*)دا دەبینین. یەکێك لە سەرچاوە گرنگەکان، ئەو کتێبەی کۆمەڵناسێکی پۆڵۆنییە کە لەبواری گەشەپێدانی کشتوکاڵدا لە عێراق کاریکردووە، بڕوانە: (Dziegiel, 1981).

٣٢. یەکێك لەوانە، سەعید ئیلچی بوو کە تەرمەکەی نزیك ئەو گوندەی بارەگای سەرەکیی تاقمە چەپییەکەی دیکەی سەعید قرمزتۆپارقی لێبوو، دۆزرایەوە. پیاوەکانی بارزانی ئەمەی دواییان گرت و بەنهێنی درایە دادگای شۆڕش و سزای کوشتن درا.

٣٣. دەربارەی پێشهاتەکانی کوردستانی تورکیا، لە شوێنی دیکەدا بە دوورو درێژی کۆڵیومەتەوە، بڕوانە: (Bruinessen, 1982, 1984 a, 1988).

٣٤. بڕوانە: (Tilgner, 1983)، (Bruinessen, 1981, 1986).

٣٥. ئەم بابەتە بە دوورو درێژتر لە (Bruinessen, 1988)دا دەبینیت.

---

* Norbert Wimmer، یەکێکە لەو ئوتریشە قەڵەم و ویژدان فرۆشانەی کە لە پێناوی مشتێك پووڵدا، سنووری شەرم دەبەزێنن و درۆو دەلەسە دەکەنە سەرمەشقی خۆیان و پەردەی حەیا، زراوزڕ دادەڕێنن. کتێبەکەی: «عێراق، دیموکراسییەکی شۆڕشگێڕانە. سیستێمی سیاسی، پارتی بەعس، کوردەکان»، Innsbruck, 1981، یەکێکە لەو کتێبە هەرە بێ نرخانەی کە موخابەراتی عێراق بە زەبری پووڵ بەرهەمی هێناوەو تەرجەمەیەکی دەقاودەقی پڕوپاگانتەو تەڵەکەبازییەکانی ڕژێمە مرۆکوژو خوێنڕێژەکەی شەللاتییەکانی بەغدایە بە ئاڵمانی. نۆربێرت ڤیمەر بەخێرێ گوایە زانستکارەو لە زانستگەی ئینسبروك مامۆستایە.

**سەرنجەکانی بەندی دووهەم**

١- بڕوانە: (Lach, 1940)، (Barth, 1953, 1960)، (Rudolph, 1967)، سەرچاوەی گرنگی دی، توێژینەوەکانی (Rondot, 1937)، (Hutteroth, 1959, 1961)ن.

٢- بڕوانە: (Rondot, 1937, S. 16 - 22).

٣- M. Sahlins لە کتێبە وانەییەکەیدا «Tribesmen» خشتەیەکی لەو بابەتە بەکاردەهێنێت. یەکێك لە پلەکان بەرامبەر گوند دادەنێت. لێ خوێنەر دەبێت هۆشیار بێت کە ئەم پێنج پلەیە تەنها بە مەبەستی دەمەتەقێ جوداوازییان لە نێواندا دەکرێت و هیچ مەرج نییە هاوجووتیان لەکن کورد هەبن.

٤- هەڵبەت هەروا ڕێکەوت و هەڵکەوت نییە کە ئەو دوو شێرازەی پێکهاتە جوداوازانەی لەو بیرو بۆچوونە بەدەردەکەون، دەشێت بە شێوازێکی وێکچوو پێشانبدرێن پێوەندیی نێوان عونسورەکانی بە پێکهات وێکچوویانەوە، دوولانەیە، پەیوەندن بەو بەرەبابەی لێیکەوتوونەوەو بەو خانەو توێژەی تێیکەوتوون. هەردوك سیستێمەکە یەك تاقە جۆر عونسور تێدەخوێننەوە، تاقە کەس یاخود خانەو توێژەکەی.

٥- بڕوانە: (Barth, 1953, S. 25). من بۆ خۆم کاتێك لە ژەنیوەر / فێبریوەری ١٩٧٥دا دەگەڵ تاقمێك پزیشکدا کە بۆ کوتانی لادێییەکان دەچوون، چوومە نێوچەی باڵەکایەتی، لیستەیەکم بۆ شێرازەی پێکهای خێزانەکان ڕێکخست، گوندەکانم بەسەر D, C, B, Aدا دابەشکردو خانە خانەکردنێکی وەکی ئەوەی Barthم بۆ دانان:

| پێکهاتی خێزانەکە | D | C | B | A | سەرلەبەری خێزانەکان |
|---|---|---|---|---|---|
| ناتەواو | - | - | - | ١ | ١ |
| بێوەژن و منداڵان | - | - | ٢ | ١ | ٣ |
| خانەوادەی کرۆك تەواو | ١٨ | ٢٤ | ٢٨ | ٢٦ | ٩٦ |
| خێزانی دووژنە | ١ | ٢ | - | ٤ | ٧ |
| کرۆکی خێزانێك بە دایکی پیاوەکەوکەسوکاری ڕەبەنییەوە | ٢ | ١ | ٢ | ٣ | ٧ |
| کرۆکی خێزانێك بە کەسوکاری ڕەبەنی پیاوەکەوە | ٢ | ١ | ٢ | ٤ | ٩ |
| کرۆکی خێزانێك بە باوکی پیاوەکەوە | ١ | ٣ | ٢ | - | ٦ |
| ئەو خێزانانەی بە شەباب تێیاندا زێترن | ٢ | ١ | - | ١ | ٤ |
| هەمووی | ٢٦ | ٣٢ | ٣٥ | ٤٠ | ١٣٣ |

٦- هیچ سەرژمێرییەکی هوردو ڕێکوپێك لەبەردەستاندا نین. پرۆژەیەکی توێژینەوەی (وەزارەتی کاروباری گوندەکان لە ئەنقەرە، ١٩٦٤،١٩٦٥) بڕێك زانیاریی داوە. دەڵێت: لە ئورفە کە پارێزگایەکی تێکەڵەی کوردو عارەبەو گوایە یەکە پارێزگایە لە زۆری دەرەبەگاندا، لە کۆی ٦٤٤ گوندەکەی، ٤٨ دانەیان مڵکی تاقە کەسێکن، (یانی بە گشت زەوی و کێڵگەکانییەوە)، ٢٩ گوندیشیان مڵکی تاقە خێزانێکن، ٢٨ گوندیش مڵکی بنەماڵەیەکن. ئەو ژمارانە بەو هوردییە پێشانی نادەن، داخۆ تا چ مەودایەك زەوی و ماف مڵکایەتی لە دەستی بنەماڵەکاندایە. بڕێك بنەماڵە لە گوندێك زێتریان بەدەستەوەیە، هەندێکیان تەنها بەشێك لە چەند گوندێك، بۆیە لە خشتەکەدا دەرنەکەوتوون. زۆر بنەماڵە، لە ترسی یاسای دابەشکردنی زەویوزار، دەستوبرد لە کوتکوتکردن و بەخشینەوەی زەویوزارەکانیان بەسەر ئەندامانیاندا، دەکەن، لەوانە مندالانیش، با یاساش ڕێگەی ئەوە نەدات، بۆ لە خشتەبردنی کاربەدەستان، پێچوپەنا زۆرە. (بۆ خۆم لە سوریاو ئێران و عێراق ئەوەم دیت، لێ لە تورکیا یاسای چارەسەکردنی کێشەی زەویوزار، هێشتا خەیاڵ پڵاوە).

٧- لە ڕاستیدا پاشگری *-ان* نیشانەی کۆیە، لێ دەگەڵ نێوی هۆزاندا *-ان* نابێتە *-ێن*، وەکی لە کۆکردنی نێوی دیکەدا باوە، بەڵکە پاشگرێکی {-ێن}ی زێدە وەردەگرێت(*):

"عەلیکانێن سەرحەد" - "سەرحەدی عەلیکانیان" کە دەکەوێتە باکووری جزیرەوە.

ئەو پاشگری {*-ان*}ە نێوی هۆزو مەڵبەندەکەشی دیاریدەکات، هەڵبەت تەنها بۆ نێوی هۆزی کوردان بەکارنابرێت، بەڵکە بۆ نەتەوەکانی دیکەش، بۆ نموونە کە دەڵێن: "ترکان" مەبەست تورك و هەرجێیەکە کە تورکانی لێدەژین، لەوە بەرفراوانتریش مەبەست دەوڵەتی تورکیایە.

ئەندامانی هۆزی *عەلیکان، عەلیکی*یان پێدەگوترێت، ئەوە بەنیسبەت هەموو شتێکی هۆزەکەوە هەروایە (زاراوەیان، سترانیان، مێگەلیان)، جار هەیە ووشەکە بۆ گشت هۆزەکە بەکاردێت، لێ بۆ مەڵبەندیان نا. زۆر جار نێوی ئەو هۆزانەی بە *-ان* کۆتاییان دێت، نێوی کەسێکیان لەتەکدایە، بۆ نموونە *عەلیکان*، لە عەلیکەوە. هەڵبەت بڕێك هۆزیش هەن کە ئەوان بە نێوی مەڵبەندەکەیانەوە نێونراون. نەك بە پێچەوانەوە، وەکی *پشدەر*، کە بەواتای

---

(*) بەداخەوە کاکی نووسەر لێرەشدا کەوتۆتە گێژاوێکی ڕێزمانیی بێ سەروبنەوە، ئەو پاشگری {*-ێن*}ە زێدەیەی ئەو باسی دەکات، شتێك نییە لە نیشانەی ناسراوی کۆی نێوەکە، یاخود ئاوەڵنێوەکە زێتر، لە دۆخی خاوەندارێتی، لە حاڵەتی خستنەپاڵدا Genetiv کە خاوەندارێتی نێوەکە، یاخود خەسڵەتی نێوەکە لەڕێی ئاوەڵنێوەکەوە پێشاندەدات، بۆ نموونە:

| | | | |
|---|---|---|---|
| | هەسپێ مستۆ | (ئەسپەکەی مستۆ) | «ناسراو» |
| | هەسپێن مستۆ | (ئەسپەکانی مستۆ) | «ناسراو» |
| لێ: | هەسپنە بۆز | (ئەسپانی بۆز) | «نەناسراوە» |
| | باژێڕێ مەزن | (شارە گەورەکە) | «ناسراو» |
| | باژێڕێن مەزن | (شارە گەورەکان) | «ناسراو» |
| لێ: | باژێرنە مەزن | (شارانی گەورە) | «نەناسراوە» |

لە حاڵەتی کۆو چەندین ئیزافەی بەدووی یەکدی هاتوودا، گشتیان پاشگری -ێن وەردەگرن، بۆ نموونە:

کۆنێن کۆچەرێن وەلاتی مەێن ڕەش (ڕەشماڵەکانی کۆچەرەکانی وولاتی ئێمە)

هەسپێن بۆزێن قنج (ئەسپە بۆزە چاکەکە)

کەواتە وەك ئەو نموونانە دەریدەخەن، پاشگری -ێن هیچ پەیوەندییەکی تایبەتی بە هۆزو تیرەوە نییەو پاشگرێکی گشتییەو دەتوانێت (یاخود دەبێت) بچێتە سەر هەر نێوێك یا ئاوەڵنێوێك کە لە دۆخی خاوەندارێتی، یاخود لە حاڵەتی خستنەپاڵدا بێت، تکایە بڕوانە: Emir Djeladet Bedir Khan und Rogeer Lescot: "Kurdische Grammatik, Kurmanci-Dialekt"، Kurdische Institut, Bonn, 1986, S. 268 - 269.

(ئەودیو تڵیشی تاشەبەرد) دێت. نێوەکە سەرەتا هێمایەك بووە لەلایەن هاوسێکانی خۆرئاوایانەوە بۆ دەستنیشانکردنی گشت ئەو هۆزە گچکانەی لە نێوچەکەدا ژیاون بەکارهێنراوە، پاشان کە لەژێر سایەی سەرکردەیەکی مەزندا یەکیانگرتووە، خۆیان نێوەکەیان وەرگرتووەو بەسەرخۆیاندا بڕیوە. ئەورۆ هەتا ئەو کەسانەش کە لەودیوی تڵیشی گابەردەکەشەوە ناژین، هەر پشدەرییان پێدەگوترێت.

٨- من بۆ خۆم ووشەی "تەقە"م لاپەسەندترە لە "شەڕ"، چونکە ئەو ووشەیە ڕوونتر دەریدەخات، کە لەو ڕووبەڕووبوونەوەیەی هۆزەکاندا، چ ڕوودەدات. وێدەچێت بەقەستی کوشت تەقە لەیەکدی نەکەن (دەزانن تیراوێی دوژمنایەتی چەندە دەردناکە)، زێتر مەبەستیان ترساندنو تۆقاندنی بەرامبەرەکەیە. پێدەچێت ئەمە دیاردەیەکی گشتی بێتو بۆ کێشمەکێشی گشت هۆزەکان بشێت، (بۆ نموونە بڕوانە توێژینەوەی شەڕە گەورەکانی جەنگاوەرانی محەمەدی (پەیامبەر) لەگەڵ دژەکانی مەککەیدا، لە کتێبی {M. Rodinsons "Muhammed"}دا. هەڵبەت شەڕی ئەو تیرەو هۆزانە بەشێك بوون لە جەنگێکی فراوان. لێ لەوەتەی چەك یاساخکراوەو فیشەك قاچاخەو نرخی هێجگار هەڵکشاوە، شەڕی نێوان هۆزەکان شەقڵی "دەستبلاوی‌و بەفیڕۆدانی" بەخۆوە گرتووەو مەبەست تەنها نێودەرکردنە. لەکاتی یەکێك ئالەو جۆرە شەڕانەدا لە باتمان بوومو بۆیاندەگێڕامەوە: "هۆزی بەکران بیستو چوار ساتی ڕێك، بێ پسانەوە تەقەیانکرد، تفەنگیان هێجگار زۆرە، هۆزێکی گەلەك بەهێزن". لەگەڵ ئەوەشدا کەسی تێدا نەکوژرا بوو. لەبارەی هۆزێکی دی‌و شەڕێکی دییەوە، بەشدارانی بەو پەڕی بەخۆنازییەوە بۆیاندەگێڕامەوە: "یەك ملوێن فیشەکمان تەقاند"، دیارە بێ ئەوەی کەسێکیشی تێدا زامدار بووبێت. ئەمە پێچەوانەی هەواڵە کۆنترەکانە، ئەوەتا Ross، ئەو پزیشکەی ساڵی ١٨٣٣ چووبووە سەردانی میری ڕەواندز، دەنووسێت: "شەڕ خەسڵەتێکی خۆڕسکی کوردە، بۆ خۆم مێرمنداڵی دوازدەو پازدەساڵانم دەدیت لەو شەڕەی دواییدا ئەنگاوترابوونو زۆر بەسەختی زامدار بووبوون. پێموایە شەڕەکانیان خوێنێکی زۆری تێدادەڕێژرێت". بڕوانە (Fraser: 1840 I, S. 73 - 74).

٩-بڕوانە: (Barth, 1953, S. 38).

١٠- بەپێی یاسای تورکیا، زەوی چیاکان بە لەوەڕگاکانیشەوە، ناشێت ببنە مڵکی تایبەت، بەڵکە هەر بە مڵکی دەوڵەت دەمێننەوە. لێ وەکی زۆربەی زەوییە ئەمیرییەکانی تەختانییەکان، گەلەکجار کەسایەتییە نێوچەییە بەهێزەکان چنگی بەسەردادەگرنو وەکی مڵکی تایبەت مامەڵەی پێوەدەکەن. (Huttoroth, 1953, S. 150 - 152) وایبۆدەچێت کە ئەو دەریاردەیە بۆ هۆی بەگەڕخستنی ئەو یاسای دابەشکردنی زەویوزارە دەگەڕێتەوە، کە لەنێوەڕاستی سییەکاندا خرایەگەڕ. بەپێی ئەو یاسایە سەرتاسەری وولاتەکە کوتکوتکراو بەسەر پارێزگاو قەزاو ناحیەو گونددا دابەشکرا. سەرکردەی هەڵبژێردراوی هەر بازێڕ یا گوندێك، کە دەبووە دەستەلاتدارترین پیاوی نێوچەکە، وەك مڵکی خۆی مامەڵەی بەو زەویانەوە دەکرد کە لەڕووی ئیدارییەوە سەر بەکەوشەنی دەستەلاتی بوونو بڕێك کوتی بە ڕەوەندەکان دەدایەکرێ. گەر ڕەوەندەکان لە دانی کرێکە سەرپێچییان کردبا، ڕێگەی هامشۆو کۆچو ڕەوی لێدەبستنەوە.

دیارە ڕێیتێدەچێت ئەمە بۆ بڕێك جێگەو هەندێك حاڵەت ڕاست بووبێت، لێ من گومانم هەیە لەوەی ئەوە دیاردەیەکی گشتی‌و سەراپایی بوو بێت. پێموایە Hutteroth لەو ڕووەوە چاوچنۆکی‌و زەبرو زۆری هێزە نێوچەییە ڕەسەنەکان بەکەم دەگرێت.

دیاره گشت دەستەڵاتدارێك ناتوانێت داوای کرێ لە ڕەوەندەکان بکات. (بە پێچەوانەوە، دانیشتووانی گوندی کاڵکە لە نێوچەیەك بەهەمان نێوەوە دەژین، دەبایە کرێیان بە هۆزی ڕەوەندی تەییان دابا، چونکە وایاندادەنا کە گوایە ئەو گوندە لەسەر خاکی ئەوان قوتبۆتەوەو گشت مەڵبەندەکەیان بە ملکی خۆیان دەزانی، هێزێکی ئەوتۆشیان هەبوو کە خواستو ئارەزووی خۆیان بسەپێنن).

لەو سۆنگەیەوە کە کرێ داواکردن لەلایەن فەرمانڕەوای شارێکەوە یاسا شکێنییە، یارۆی دەستەڵاتدار ناتوانێ بێ چەندو چوونو دەردیسەر پشت بەهێزێکی دەوڵەتیی وەکی ژەندرمەو پۆلیس ببەستێتو بیانکاتە پاسەوانی بەرژەوەندیو گیرفانی خۆی.

تەنها ئەوانەی دەستەڵاتی تەواوو چەکداری تایبەتی خۆیان هەیە، یاخود دۆستایەتیو پەیوەندی تایبەتیان دەگەڵ دەستەڵاتدارە هەراوترەکاند هەیە، ئەو کارەیان بۆ دەچێتەسەرو دەتوانن داوای کرێ بکەن. بۆ نموونە گیراڤییەکان پەیوەندییەکی لەو بابەتەیان هەیە: کۆنە وەزیری بەرگریو نائیبی ویلایەتی ڤان **Ferit Melen** دۆستێکی دێرینو هاوکارێکی نێزیکی گیراڤییەکانە، (هەتا بڕێك سوورن لەسەر ئەوەی کە گوایە بۆ خۆی هەر گیراڤییشە).

١١- دەڵێن گوایە ساڵی ١٩٧٥ کرێکەی ٧٠ هەزار لیرەی تورکی بووە، (کە ئەودەم دەیکردە نێزیکەی پێنج هەزار دۆلار)و دەبایە صەد خانەوادەیەکی تەییان کە تەنها سێ چوار مانگێك لە لەوەڕگەکانی دەژیان، لە ئەستۆیان گرتبا.

١٢- هەرچەندە بەڵگەیەکی دڵنیاو سەلمێنەرمان بەدەستەوە نییە، بەڵام بڕێك هێماو نیشانەی ئەوتۆیی هەن دەریدەخان کە گوندنشینەکان لە کۆندا ماڤ تێکڕاییو پێکڕاییان لە ڕەنێوهێنانی کێڵگەکاندا هەبووە. لێ ناشێتو ناتوانرێت بەملکایەتی مشاعی لە قەڵەم بدرێتو بکرێتە هاوتای ئەو دیاردەیەی **Weulersse** لەبارەی سوریاوە دەیگێڕێتەوە. (لە سوریا زەوی ملکی گشتی بووە، یەکەیەکەی خێزانەکان ڕەنێویان هێناوەو بەردەوام بەیەکسانی بەسەر گشت پیاوانی گونددا سەرلەنوێ دابەش کراوەتەوە). پێناچێت دیاردەی لەو بابەتە قەت لە کوردستان هەبووبێت. لەگوندە چیاییەکانی کوردستانی نێوەند، هەر لادێییەك ماڤ ئەوەی هەیە کوتەزەوییەکی کێڵگەکانی گوند بگرێتە دەست، ئەمە مافو یاسایەکی تا ئێستاش پەیڕەوکراوە، هەرچەندە جوداوازیی نێوان ملکایەتیو ماڤ ڕەنێوهێنان، لە نێوان ووردە مالیكو ووردە کرێگرتەدا، تەواو ڕوونو بێ گرێو گۆڵو ئاشکرا نییە.

١٣- دیارە دەبێتە زێدەڕەوی گەر بگوترێت هەمیشە گشت پیاوانی گوند ئامادەبنو بەشداریی لەو نەریتەدا دەکەن. ئەو دابە لە گوندێکەوە بۆ گوندێکی دی دەگۆڕێتو جوداوازییان زۆرە. زێتر پەیوەندیی بە کەسایەتی سەرگەورەی گوندو هۆکارە کۆمەڵایەتیو ئابوورییەکانەوە هەیە. لەو نوێژی هەینییانەدا کە خۆم دیتمن، بە دەگمەن زێتر لە نیوەی پیاوانی ئاوایی ئامادەی دەبوون، (زستانان چونکە کارو فەرمان کەمترە، بەشدارانی لەوانەی هاوینان زێترن). ئەو تاقە نوێژەبارانەیەی دیتم، تەنها هەرزەکارانی گوندو چەند پیاوێکی بەساڵداچوو تێیدا بەشداربوون. ڕەنگە پیاوەکانیش بۆ ئەوە ئامادەبووبن، تا چکێك لەو خۆراکانەیان پێببڕێت کە ژنانی ئاوایی تایبەت بۆ ئەو بۆنەیەیان دروستکردبوو. ئاپۆڕەی خەڵکەکەش بە ووڕی لە دوورەوە لە بەزمەکەیان دەڕوانی.

١٤- بڕوانە: (**Rondot, 1937, S. 22 - 26**).

١٥- بڕوانە: (Richm 1937, S. 280) ڕیچ دەگێڕێتەوە گوایە پشکێکی هۆزەکانی لوڕستان و کوردستانی عێراق، لەژێر فەرماندەی جافدا بوون. بەو پێیە جاف توانیویە گشت کاتێك سێصەد سوارو زیاد لە هەزار پیادە خڕکاتەوە.

١٦- بڕوانە: (Edmonds, 1957, S. 146).

١٧- باشترین شێوازی دیاریکردنی شیرازەی قووچ هەڵچووی جاف لە (Barth, 1953, S. 444)دا دەبینین.

١٨- بڕوانە: (Millingen, 1870, S. 83).

١٩- بڕوانە سەرچاوەی پێشوو، ل٢٤٨.

٢٠- بڕوانە: (Taylor, 1865, S. 55) هۆزی ملان لەو سەردەمەدا بە ٦٠٠ دەوارێك لەقەڵەم دەدات. (A. Jaba, 1870) پشت بە سەرچاوەکانی پێش ١٨٥٠ دەبەستێت و باس لە ٤٠٠٠ دەوارێك دەکات. ئەو ژمارانەی (Sykes, 1908, S. 409 ff)و (Randot, 1937, S. 34 - 38) نووسیویانە، جێگەی گومانن. هەواڵی ڕەسمیی "Notes on Kurdish Tribes" (Baghdad, Govt. Press, 1919) وا ڕادەگەیەتێت کە سەرکەوتنی ئیبراهیم ئاکامێکی دانانی بوو بە قوماندانی هێزە بەکرێگیراوەکانی سوارەی حەمیدی. (لە بەندی سێهەمدا باسی کەسایەتی ئیبراهیم دەکەین و بەتێرو تەسەلی لەبارەیەوە دەدوێین).

٢١- بۆ نموونە لە نێو هۆزە یەکەوتووەکانی هەڤێرکاندا، هۆزی عەلیکانیان لەنێودایە، ئەولاتریان بەرەوخۆرهەلاَت، تاقمێکی گچکەڵەی دی بەهەمان نێوەوە لێیە. لەو سۆنگەیەوە کە عەلیك نێوێکی دانسقە نییە دوور نییە هەردوکلا جودا لە یەکدی بە نێوی دوو عەلیکی جوداوازەوە نێونەبرابن. لێ لە کن خەلیچانەکانی خوارووی خۆرئاوای کێوەکانی تۆرعابدین، بنەماڵەیەکم دیت نێوی هەسنان بوو، ١٥٠ کیلۆمەترێك ئەولاتر بۆلای خۆرهەلاَتەوە، هۆزێکی مەزن بەهەمان نێوەوە هەبوو. هەسن یانی "ئاسن" (کە لە ڕیشەی سەرزارییەکەیەوە بۆ هەردوکلایان شیاوە). لێ لەمەیاندا ناشێت دوو دەستە بێ ئەوەی هیچ تاڵی خزمایەتییەکیان لە نێواندا بێت، جودا لەیەکدی هەمان نێویان هەبێت.

٢٢- بڕوانە لیستەی نێوی هۆزە گرنگەکان لەم سەرچاوانەدا: (شەرەفنامە، ١٥٩٦)، (Blau 1858, 1862)، (Jaba, 1870)، (Sykes, 1908)، (Goklab, 1975)، هەروەها لە ژمارەیەکی زۆر لە ڕاگەیاندراوە ڕەسمییەکانی هێزی داگیرکەری ئینگلیز لە عێراقدا.

٢٣- بڕوانە: (Leach, 1940, S. 13 - 14).

٢٤- بڕوانە: (Barth, 1953, S. 36 - 37).

٢٥- بڕوانە: (Rudolph, 1967, S. 23 - 27).

٢٦- بۆ نموونە بڕوانە: (Edmonds, 1957, S. 145 - 148)، (Barth, 1953, S. 35).

٢٧- دەربارەی ئاینی ئەهلی هەق بڕوانە گوتارەکەی مێنۆرسکی ﴿ئەهلی هەق﴾و ئەو سەرچاوانە ی سوودی لێوەرگرتوون، لە ئینسکلۆپیدیای ئیسلامدا. لە کوردستان خەڵکی سێ دەڤەری دابڕاو لەیەکدی، سەر بە ئاینی ﴿ئەهلی هەق﴾ن: نێزیکی کەرکوك، خۆرئاوای کرماشان (کێوەکانی ژوور جادەکەی بەغدا – کرماشان)، دەڤەرەکانی نێوان کرماشان و هەمەدان. ئەم دوانەی دواییان لەسەردەمەکانی کۆندا نێوچەیەکی یەکپارچەی بەرفراوانی ئەهلی هەق بوون، لێ لە ڕێگەی پەل و پۆهاویشتنی ئاینی ڕەسمیی وولاَتەکەوە، کە ئاینزای (شیعەیە)، کەل و کەچ بوون. تاقمی دووهەمیان (مەبەستی ئەوانەی خۆرئاوای کرماشانە) (بێ لەبڕێك هۆزیان) کە هەندەك دەستەو تاقمی وەکی سنجابی و کەلهوڕەکان دەگرێتەوەو بەشێکن لە کۆنفیدراسیۆنی

گۆران، جارجاره به ئەهلی هەقەکانی دالەهوو نێودەبرێن، بە نێوی کێوەکانی دالەهووەوە، کە گەورەترین پیرۆزگەو جێنزرگەیانی لێیە. ئەوێ بۆ گەلەکیان، وەکی مەککەی موسڵمانان وایە. ئەهلی هەقەکانی ئەوێ، هەتا بەپێی پێوەری ئاینزاکەی خۆشیان، کەم ئیمان‌و باوەڕ کزەڵەن.

٢٨- بڕوانە: (Rundolph, 1967, S. 27).

٢٩- بڕوانە: علی ڕەزم ئارا: "جغرافیای نظامي ایران"، بەندەکانی "پشتکوه"، "کرمانشاهان"، "کردستان"و "ئازربایجان باختری"، تهران، ١٩٤١.

٣٠- بۆ نموونە بڵباسەکانیش کە لە سەدەی نۆزدەهەمدا بەشێك بوون لە کۆنفێدراسیۆنێکی خێڵە نیوەکۆچەرەکانی خۆرهەڵاتی کەرکووك، هەر بە عەشیرەت نێودەبرێن. من قەت زاراوەیەکم بەرگوێ نەکەوت کە تێکڕا بەشێوەیەکی گشتی بە واتای "کۆنفێدراسیۆن" بەکاربرێت. دیارە دەبێت ئەوەمان لا ڕوون بێت، کە گەلەك سەرنجەدەری ئەوروپایی، تەنها لە سۆنگەی ئەو داوی پەیوەندییە بەربەرەڵایەی لەنێوان تیرەو بنەماڵەکاندا هەیەو بەهۆی ئەو یەکڕیزیی‌و یەکێتییە بێ چەندو چوونەوەو لەپەلەکاریی‌و هەڵەشەییەوە، زۆر هۆزیان بە "کۆنفێدراسیۆن" نێوبردووە. هیچ پێوەرێکی ڕوون‌و ئاشکرا بۆ جوداوازیکردن لە نێوان هۆزو کۆنفێدراسیۆندا نیە، بەو هۆیەوە مرۆ لەبەکارهێنانی یەکێك لەو دوو زاراوەیەدا سەرپشك‌و ئازادە.

٣١- لە خۆرهەڵات‌و ژێرووی کوردستان، بە وەرزێرە بەیدەستکراوە ناخێڵەکییەکان دەگوترێت ﴿گۆران﴾. دیارە نابێت دەگەڵ نێوی هۆزی گۆراندا لێمان تێکبچێت. (تکایە لەو بارەوە بڕوانە بەندی دووهەمی ئەم کتێبە).

٣٢- بڕوانە: (**H. Sandrezki, 1857 II, S. 263**).

٣٣- بڕوانە: (**Rundolph, 1967, S. 28 - 29**).

٣٤- بڕوانە: (**Hay, 1921, S. 65**).

٣٥- (**Rudolph, 1967, S. 28**) بە توندی بەرپەرچی ئەوە دەداتەوە کە ووشەی ئێل، بەو واتایە بەکارهێنرابێت. لێ من لەگەڵ ئەو بوچونەی **Rudolph**دا نیم، کە پێیوایە ئێل لە ڕیشەوە هاوواتایەکی گونجاوو پڕاوپڕی عەشیرەتە.

ووشەکە لە بنەچەدا تورکییەو گوزارە هەم لە کۆنفێدراسیۆنی هۆزێکی مەزن‌و هەم لە مەڵبەندەکەشی دەکات. بەپێی بۆچوونی **Lambton** (بڕوانە ووشەی "ئێلات" لە ئینسکلۆپیدیان ئیسلامدا)، زاراوەکە لە سەردەمی ئیلخانیەکانەوە لە ئێراندا، بۆ دەستنیشانکردنی هۆزە کۆچەر (یاخود نیوەکۆچەرەکان) بەکاربراوە. هەر بۆ ئەو مەبەستەش لەلایەن گەڕیدەکانی سەدەی نۆزدەهەمەوە بەکارهێنراوە.

٣٦- بۆ نموونە دەربارەی بەختیارییەکان بڕوانە: (**Garthwaite, 1977**).

٣٧- بڕوانە: (**Hay, 1921, S. 65**).

٣٨- بڕوانە: (**Rondot, 1937, S. 4, 15**).

٣٩- بڕوانە: (قورئان، ٥ : ٤٩ (٤٥) ، ٢ : ١٧٣ (١٧٨)) تەرجەمەکەی **Max Henning**.

٤٠- بڕوانە (**Barth, 1953, S. 72 - 77**).

٤١- بۆ نموونە هەوڵی کوشتنەکەی محەمەد جەلال بوچاك، کە یەکێك لە ئاغا نێودارو دەستەڵاتدارەکانی دەڤەری سیڤەرك‌و ئەندامی پارلەمانی تورکی بوو، لەلایەن کۆمەڵێك لاوی سەر بە پارتی کارگەرانی کوردستانەوە، لە ڕۆژنامەو ئامرازەکانی ڕاگەیاندندا زایەڵەیەکی زۆری دایەوە. ئەم ڕێکخراوە کە زێتر بە

ئاپۆچی ناسراوە، یەکێکە لە ڕادیکالترین ئەو ڕێکخراوە کوردییانەی کە بە توندی دژی ئالیکاری ئاغاکان دەگەڵ دەوڵەتی تورکیادا دەوەستێتەوەو دەستی کوشندەیان لێدەوەشێنێت. ئاپۆچییەکان ئارمانجی جوداخوازانەیان بە تیتۆڵێکی داماڵراو لە مارکسیزم پێچاوەتەوەو بە پلەی یەکەم بنچکیان لەنێو لاوانی گوند وێرانکراوی ڕیشەکێشکراوو ئەو گەنجە شاریانەی کە هیچ تروسکەیەکی هیوا لە فراژیبوونو هەڵگرانی باری ژیاندا بەدیناکەن، لە نێو لاوانی کۆلکە خوێندەواری ڕیزی خوارەوەی چینە نێوەڕاستەکاندا، داکوتاوە. لاوانی لەو بابەتەبوون، ساڵی ١٩٧٩ هەوڵیاندا محەمەد جەلال بوچاک بکوژن. هەرچەندە هەوڵەکەیان سەرینەگرت، لێ سەرنجی دەزگەکانی ڕاگەیاندنی بەلای ئاپۆچییەکاندا ڕاکێشا. گەلەک هەوڵی لەو بابەتەی بەنێوی "دادگای شۆڕشەوە"ی بەدوواداهات. لەو بارەوە بڕوانە: (Bruinessen, 1982, S. 213 - 216).

٤٢- بڕوانە: (Taylor, 1865, S. 51).

٤٣- بڕوانە: قورئان ٢ : ١٧٤ (١٧٩)، یەکەوڕاست پاش دەقە ڕاگوێزراوەکەی پەراوێزی ٣٩.

٤٤- گەلەکجار بۆیاندەگێڕامەوە کە گوایە لە کۆندا هەرکات کێشەیەك بخولقایە، ڕدێنسپییانی هۆز کۆدەبوونەوەو هەوڵی چارەسەکردنیان دەدا. گشت بڕیارێکی گرنگ لەسەر ئاستی عەشیرەت، یاخود خوارتر، بەدەست ئەنجومەنێکی ڕاوێژکاریی لەو بابەتە بوو. لێ قەت نموونەی پێشهاتێکی بەڕاست ڕووداوی لەو بابەتەم نەبیست.

٤٥- ئەو دەقە لە (Rondot, 1937, S. 34 ff) خوازراوە.

٤٦- ژنو مێردکردنی ئامۆزا، لە کۆمەڵگەی خێڵەکیی خۆرهەلاتی نێوەنددا، بابەتی دەمەتەقێیەکی فرەی سەرچاوە ئێتنۆلۆژییەکانە. پشکی هەرەزۆریان لەمەڕ کۆمەڵە دیاردەو باسو بابەتێکن، کە لەم ڕووەوە بۆ ئێمە هێند سەرنجڕاکێش نین، بۆیە من دەیانبوێرم. ئەوەی گەرەکییە زێتر لەوبارەوە بزانێت، با بڕوانێتە: (Fortes, 1953)، (Barth, 1954)، ( Murphyو Kasdan 1959, 1967 )، (Patai, 1965)، (Cole, 1984).

٤٧- لە کۆی ٢١ حاڵەتی ژنو ژنخوازیی نێو هۆزی هەمەوەند کە Barth توێژیونییەوە، نویان لە نێوان ئامۆزای یەکدیدا بوون، شەشیان لەگەڵ خزمانی دیدا بوون. لە کن وەرزێرە ناخێڵەکییەکان مەیلی ژنو ژنخوازیی لە نێوان ئامۆزادا، گەلەك کەمترە. لە ٥٣ حاڵەت، تەنها شەشیان لەو بابەتەبوون. دوازدەیان دەگەڵ خزمانی دیکەدابوون، بڕوانە: (Barth, 1953, S. 68). ئەو ژمارانە هێند لەو ژنو مێردایەتییانە زێتر نین کە ڕێکەوتو لێك نێزدیکی، هەڵبژاردنی هاوسەرەکەیان پێکهێناوە.

٤٨- پێدەچێت ئەمە بەنیسبەت کۆمەڵگە بەدووەکانەوە ڕاستبێت، کە کۆمەڵناسان زێتر عەودالیانن. بەقسەی Pritchard–Evans "لەکن بەدووەکانی Cyrenaika ماڵەکەی خۆی لە ماڵەکانی دی لەپێشترە، خانەوادەکەی خۆی لە خانەوادەکانی دی لەپێشترە، تیرەکەی خۆی لە گشت تیرەکانی دی لە پێشترە. لەگەڵ ئەوەشدا هەستی هاوچارەنووسیو پێکڕایی گشت بەدووەکانی وولاتەکە زاڵە، بێ گوێدانە یەك توخمیی خێڵەکییانە، بۆ نموونە هەستی پێکڕاییان لە بەرابەر شارو شاریەکاندا، یاخود یەککەوتنی ڕەوەندی عارەبان لە بەرامبەر تورکاندا، یاخود هێرشی داگیرکەرانەی ئیتالییاییەکان عارەبو تورکی موسڵمانی لەبەرامبەر کافراندا یەکخست"...هتد.

٤٩- بڕوانە: (Badger, 1852, I, S. xii, 183, 265)، بە قسەی (Fraser, 1840, I, S. 68 - 69) میرنشینەکە لە دەمەدەمی داگیرکردنیدا، دوژمنایەتی نێوخۆیی دایوەشاندبوو.

٥٠- بڕوانە: (Malcolm, 1815, S. 541 - 542).

٥١- لە كوردستانی توركیا زۆر شتی سەیرو سەمەرەم لەو بارەیەوە بیست. (Skyes, 1908, S. 470) باسیدەكاتو پەنجە بۆ ئەوە ڕادەكێشێت كە بەگشتی لێكئالۆزانێكی زۆر لە نێوان ئەفسانەی ملانو هۆزی بەنێو ئامۆزایدا، كە هەمان نێوی هەیە، دەكرێت چەند چاوساغێكم باسی تەنها دوو هۆزیان نەدەكرد، بەڵكە سووربوون لەسەر ئەوەی كە لە بنچینەدا سێ هۆز بوون. سێهەمیان كە بابا كوردی بووە هۆزەكانی باشووری لێكەوتوونەوە (زۆریان بۆ نێوەندی كوردستان ڕەویانكردووە). Firat (كە نووسەرێكی كوردە) نێوی ئەو هۆزانەش دەهێنێت كە لەو سێ بەرەبابە كەوتوونەوە، بڕوانە: (Firat, 1946, S. 10 23, S. 144 - 149).

٥٢- بڕوانە: (Randot, 1937, S. 25).

٥٣- نموونەی زۆر زەقو دیار، هۆزی پشدەرو بابەكر ئاغای سەرۆكێتی، كە وابەستەو دابەستەیەكی دەستەڵاتدارانی ئینگلیزبوو. Edmonds كە یەكێك بوو لە ئەفسەرە سیاسییەكانی ئینگلیزو پەیوەندییەكی پتەوی لەگەڵ بابەكردا هەبوو، لەوەپاش دەنووسێت، "دەگەڵ بابەكر"دا، یاخود "دژە بابەكر"، خۆی لە خۆیدا مانای "دەگەڵ دەوڵەت"دا، یاخود "دژە دەوڵەت"ی دەگەیاند، بڕوانە: (Edmonds, 1957, S. 230).

٥٤- هەڵبەت گەلەكجار هەوڵدەدرێت شەڕو پێكداهەڵقژان بە "نەریت"، كۆمەكی بێگانەش (تایبەت كۆمەكی دەوڵەت) بە "ڕێبازی نوێ" بۆ گەیشتنە دەستەڵات نێوبنرێت. ئەوە مسۆگەرترە، ئاسانترە، پڕ سوودترەو صەدان ساڵە پەیڕەودەكرێت.

كوردەكان لەوەتەی هەن لە تخووبو كەناری ئیمپراتۆرێتە مەزنەكاندا ژیاون. هەر كات ووشەی "نەریت" بۆ كۆمەڵگە خێڵەكییەكان بەكارهێنرا، نابێت والێكبدرێتەوە كە ئیدی لە تینو تاوی هۆكارە دەرەكییەكان بێبەری بووەو بۆ خۆی ڕەوتێكی كۆمەڵایەتی سەربەخۆبووە.

٥٥- ئەوەی پەیوەندی بە بەهرەی تێگەیشتنی ئەو ئەفسەرە سیاسییانەوە هەبێت، لە (Hay, 1921)، (Lees, 1928)و (Edmonds, 1957)دا دەیبینین.

٥٦- دەربارەی جاف، بڕوانە (Barth, 1953, S. 34 - 44). لەبارەی هەركییەوە سەرچاوەی نوێی باوەڕپێكراوی ئەوتۆمان لەبەردەستدا نییە. كێشانو داخستنی سنوورەكان، ئەم هۆزەیان كردۆتە سێ كوتی دابڕاو لە یەكدییەوە (لە توركیاو ئێرانو عێراقدا). بەگزادەكانیان زۆر دەستەڵاتو بڕشتی نەریتییانەی خۆیان لەدەستداوەو ئێستەكە وەك هۆزێكی سەربەخۆ لەنێو هەركییەكانی ئێراندا دەژین.

٥٧- بەگزادەكانی جاف بەسەر سێ لقدا دابەشبوون، دوانیان لەسەروەختی سەردانەكەی Barthدا بە حەوت پشت دەچوونەوە سەر بەرەبابێك، خزمایەتی دەگەڵ لقی سێهەمدا، بناوانەكەی كۆنترە. "سەركردەو مەزنانیان دەشێت لەهەر یەكێك لەو لقانەدا هەڵكەوێت". بڕوانە: (Barth, 1953, S. 41).

٥٨- یەكێك لە كوڕانی ئاغای خەلیجان، كە توركان بە پێشچاوی خۆیەوە گشت دەستەڵاتێكی دادیارییان لێزەوتكردبوو، بۆیدەگێڕامەوە: "ئاغای ئەوڕۆ چیدی ئاغا ڕاستەقینەكەی جاران نەماوە، بەڵكە زێتر پیاوماقوولێكە، ﴿حوكم ناكات﴾".

٥٩- كەواتە نازنێوی ﴿ئاغا﴾ لای كورد واتایەكی دیكەی جودای هەیە لە ﴿ئاغا﴾ی تورك. ئاغای توركان دەوڵەمەندی گوندە، خاوەنی زەوییە، لێ مەرج نییە هێزو دەستەڵاتی سیاسی بەدەستەوەبێت. ئاغای كوردان هەرچەندە دەستەڵاتدارە، وەلێ دەشێت ڕووتەو هەژاریش بێت.

٦٠- "نێوو شۆرەتی سەرەكهۆز تا ڕادەیەكی زۆر بەندە بە دیوەخانەكەیەوە، تا بەخشندەترو دەستو دڵ والاتر بێت، ﴿پیاو﴾ترە". بڕوانە: (Hay, 1921, . 47).

لە زاراوی ژووروودا ووشەی ﴿مەرد﴾ی فارسی دوو شێوازی هەیە: مەرد بەواتای (بەخشندەیی و دڵاوایی)، مێر بە واتای ئازایی و عەگیدیو مێرخاسی. کەواتە ئاغا دەبێت هەم مەردیش و هەم مێریش بێت.

٦١- بابەتێکی فرە پاتەوە بوو لە سەرگورشتەی کوردیدا، باسی چارەنووسی ئەو ئەڤیندارەیە کە گراوییەکەی بێ سەرو شوێن دەچێت، ئەویش لە کەناری دووڕیانێکدا چایخانەیەک دروستدەکات، چونکە ئەوێ چێترین شوێنە بۆ دەستخستنی هەواڵی دڵبەرە لە دەستچووەکەی.

لەسەرەوەختی جەنگی کوردانی عێراقدا، تەتەرو پێشمەرگەکان کە لەبەرەکانی جەنگ دەگەڕانەوە، لە چایخانەکان دەنووستن. ئەوانە هەواڵ و زانیاری تەواویان دەربارەی باری جەنگ بەلادێییەکان دەگەیاند، ڕاسترو پوختتر لەوەی وێزگەو ئامرازەکانی پڕۆپاگەندە ڕایاندەگەیاند.

٦٢- "لە ڕاستیدا لە زۆر شوێن دیوەخان زێتر یانەی گوندە وەک لەوەی مڵکی تایبەتی سەرگەورەی ئاوایی بێت". بڕوانە: (Hay, 1921, S. 52).

٦٣- بڕوانە: (Leach, 1940, S. 28).

٦٤- هەڵستان یاخود هەڵنەستان لەبەر یەکێك کە دێتە شوێنێکەوە یاخود بە بەردەمدا ڕادەبووڕێت، ئەوڕۆ لە تەواوی دونیادا هەمانجۆرە. هەتا نیشاندانی ڕێزەکەش جۆرو پایەی هەیە، جار هەیە تەنها جووڵەیەکی بۆدەکەن، وا نیشاندەدەن کە گوایە گەرەکیانە لەبەری هەڵستن، بێ ئەوەی بەڕاستی لەبەری ڕاستببنەوە، یاخود هەڵدەستن، لێ تەواو ڕاستنابنەوەو دەمودەست ڕۆدەنیشنەوە، یاخود بڕێکجار تەنها خۆ قیتدەکەنەوەو بۆ پێشاندانی ڕێز سەرێك دەچەمێننەوە.

٦٥- نابێت زێدەڕەوی لەو ئاڵۆزیو نا ئارامییەدا بکرێت کە کرێکارانی ڕەوکردوو بەسەر باری پەیوەندیی نێوخۆی لادێییەکانیدا دەهێنن. ئەو کرێکارانە بە پۆل ڕوو لەو شوێنانە دەکەن. لە تورکیا زستانان ڕوو لەو گوندانەدەکەن کە کێڵگەی بەرفراوانی پەموو، یاخود باخی بەرینی میوەیان لێیەو دەگەڵ لادێییەکاندا پەیماننامەیەك مۆردەکەن. کرێکارەکان پەیڕەوی پەیوەندییە نەریتییەکانی خانەوادەو خێڵەکانیان دەکەن. یەکدوو ڕدێنسپی گوند بەرپرسیاریی گشت لادێییەکانی دی دەگرنە ئەستۆ. لە خۆرئاوا ئەو کرێکارە ڕەوکردووانە تەنها پەیوەندییان بەیەکدییەوەو لەنێوخۆدا هەیە.

٦٦- بڕوانە: (Barth, 1953, S. 22).

٦٧- Edmonds (1957, S. 22)و Bois (1965, S. 36 - 37) دەنووسن زەکات لە ڕاستیدا مەبەست دەیەکی دەغڵودانەو لیستەیەکی دوورو درێژ بۆ کەرانەو سەرانە فیۆدالییەکانی دی دەکەن، لێ مەخابن پێمان ناڵێن کامانەیان گشتیین و کامانەیان تایبەت بە شوێنیکن و داخۆ لە خێڵەکی و ناخێڵەکییەکان هەمان ئەندازەو وەکی یەك دەستێندرێن، بەو پێیە تەنها لایەنێکی کەمی بوون و بەردەوامیی فیۆدالیزمی کوردمان بۆ ڕۆشندەکەنەوە. پێدەچێت ئەو زەکاتەی ئاغاکان بۆ مزەختی دیوەخانیان دەیستێنن، لایان حەرام نەبێت، چونکە بۆ تێرکردنی سکی ڕێبوارانی برسییەو قورئان فەرمانی لەو بابەتەی داوە، بۆ نموونە بڕوانە (قورئان ٩٢ : ١٧ – ١٨، ٧٠ : ٢٢ ff)، ئەمە مانای وایە لە نێوان یاسای ئیسلام و ڕەفتاری فیۆدالانەدا، تا ڕادەیەك هاوئاهەنگییەك لە بەکارهێنانی زەکاتدا بۆ سوودی گشتی، لە ئارادایە.

{تکایە بۆ نرخ و پایەی زەکات لە یاساکانی ئیسلامداو دەستوورە تایبەتییەکانی، بڕوانە Juynboll (1930, 80ff)}.

٦٨- ساڵی ١٩٧٥، ئەو دەمەی چوومە کن تیرەی سەکری هۆزی باڵەك، (Leach نەچووبووە کن ئەم تیرەیە)، نکۆڵییان لەوەدەکرد کە قەت ٥٠٪ داهاتیان بە ئاغا دابێت وەك Leach باسیدەکات. Leach لە راستیدا هەرگیز نەیدیتووە چەندیان خاوە بە ئاغا داوە، پێدەچێت خۆشی گومانی لە بانگاشەکەی خۆی هەبێت کە پێچەوانەی گوتەکانی Hayە، (Hay دەڵێت تەنها ١٠٪ی داهاتیان داوە). تیرەی سەکر بە گوتەی خۆیان قەت ١٠٪ زێتریان نەداوە. لێ جارجارە بێگاریان پێکراوە. هەرچەندە لەو ڕووەوە بیریان هێند تیژ نەبوو، کە بتوانن بە بەڵگەوە دڵنیام بکەن.

٦٩- بڕوانە: (Leach, 1940, S. 15).

٧٠- دەربارەی تاپۆو پیادەکردنی، بڕوانە بەندی سێهەم.

٧١- بڕوانە: (Leach, 1940, S. 17).

٧٢- بڕوانە: (Leach, 1940, S. 68).

٧٣- بڕوانە: (Hay, 1921, S. 68).

٧٤- لەنیوەی یەکەمی ئەم سەدەیەدا، ئەوە ڕەفتاری تێکڕای ئاغاکانی ژێرووی کوردستان بوو، بڕوانە: (1957, S. 224 - 225) Edmonds.

٧٥- ئەوە هۆکاری مێژوویی هەیە، چ مەنگوڕو چ مامەش بەشێك بوون لە کۆنفوێدراسیۆنێکی مەزن بە نێوی بڵباسەوە، کە لە ساڵەکانی سی سەدەی نۆزدەهەمدا لەلایەن میری ڕەواندزەوە (میری کوێر)، بەیدەستکرا. پشکێکی کۆنفوێدراسیۆنەکە (بەشی زۆری مامەش و مەنگوڕ)، بەدیوی ئێراندا ڕەویانکرد. کۆنفوێدراسیۆنەکە لەنێوچوو، هەتا نێوەکەشی بەدەگمەن دەکەوێتە سەرزاران، لێ هێشتا هەستی تێکەڵی و هاوبەشی لە نێوان هۆزەکانیدا هەرماوە. مامەشەکانی عێراق مەزنێکی دەستەڵاتداریان نییە. لەهەواری زستانەیان، کە گوندەکانیانە، دەدەنەپاڵ عەلی ئاغای مەنگوڕ، (کە سەروەختێك یەکە دەستەڵاتداری نێوچەکەبوو). لە ئێلاخ و لەوەڕگەکانی هاوینەیان، لە دودیوی سنوور بەدیوی ئێراندا، دوور لە لەوەڕگەکانی مەنگوڕ، لە کن هاوسێکانی مامەشیان، سەر بە مەلا قادر عەباسی سەرەکهۆزی مامەشەکانی ئێران، یاخود سەر بە کوێخا باوەیس ئاغان، کە بەنێو سەرەکهۆزی مامەشەکانی عێراقەو لە دیوی ئێران دەژێت و وەك مەزنێك تێیدەڕوانن، (لەم بوارەدا چاوساغەکانم یەکڕا نەبوون و زانیاری پێچەوانەی یەکدیان دەدامێ).

لێرەدا نموونەیەکی ڕوونی لێکترازانی هێزی سیاسی و ئابووری دەبینین: هەتا ١٩٦١یش مامەشە گوندنشینەکانی عێراق ناچار بوون زەکات بە ئاغاکانی پشدەر بدەن (بە لقەکەی سەر بە بابەکر ئاغا). هەموو ساڵێك پیاوە چەکبەدەستەکانی بابەکر دەهاتن و دەیەکیان کۆدەکردەوە، بڕێکجار پیاوانیشیان بۆ بێگار ڕاپێچدەکرد. مامەشەکان لەوە کزو لاوازتربوون کە بەرگرییان لەخۆ پێبکرێت (تەنها شەش گوند بوون)، دیارە مەنگوڕانیش نەیاندەخواست لەسەر مامەش دەگەڵ لەشکری بەهێزی پشدەرییان بەشەڕ بێن و کێشە بۆخۆ بسازێنن. پشدەرییەکان لە ڕووی ئابوورییەوە لە گشتیان تۆکمەتربوون. مامەشان بیریان لەوە نەدەکردەوە لەکاتی کێشەو پێداهەڵقژاندا پشتی هیچ هۆزێکی دژ بە پشدەرییەکان بگرن. هەر کێشەیەکی ئاڵۆزی نێوخۆش هەبایە، هانایان بۆ کن عەلی ئاغا دەبرد، نەك بابەکر ئاغا، یاخود کوڕانی.

کۆتایی پەنجاکان بابەکر هەوڵیدا گشت زەویوزاری مامەشان بەتەواوی بۆ خۆی ببڕدات (ئەمە ئەو دەمانە بوو کە یاسای نوێی تاپۆو قەباڵە لەو ئاقارەدا بەگەڕ خرا)، مامەشان ڕاپەڕین و دژی ئەو هەوڵە وەستانەوە.کودەتاکەی قاسم و بزووتنەوەو زریانە کۆمەڵایەتییەکانی دژ بە دەرەبەگان، مامەشانی بۆ چەندین ساڵ تا ڕادەیەکی زۆر

ئازادو بێمنەتکرد. لێ ساڵی ١٩٦١ کوڕانی بابەکر ٣٠٠ سوارێکیان کردە سەر مامەشان و چوار گوندیان ئاورتێبەردان و چوارده پیاویان کوشتن. ئەوانی دی گوندەکانیان بەجێهێشت و هەڵهاتن، دوور لەوێ دالّدەیان دۆزییەوە، لێ سووربوون لەسەر ئەوەی چیدی زەکات بە پشدەرییان نەدەن. ڕووداوە سیاسییەکان ئیدی بواری ئەوەیان لە پشدەرییان تەنی کە بوێرن ڕەفتاری لەو چەشنە بنوێننەوە. ئەمە بڕێک مامەش بۆیانگێڕامەوە، هەرچەندە دەشێت هەندەك لە ڕووداوو پێشهاتەکان پاش و پێش خرابن. لە تێڕوانین و بەراوردکردنی لەگەڵ هەواڵی ڕۆژنامەکانی ئەو سەردەمەدا، پێدەچێت ئەو ڕاپەڕینە میللییە بوو بێت کە بە (چەکدارانی بزووتنەوەی دژە دەرەبەگایەتی) نێوبراوەو لە مایسی ١٩٥٩دا ڕوویداوە، پاشان پشدەرییەکانیش چەند قشڵەیەکی پۆلیس و بڕێك مەخفەری سەر سنووریان داگیر کردووە. هەواڵەکانی ئەودەمە دەگێڕنەوە کە چەکدارانی بزووتنەوەی دژە دەرەبەگایەتی، بە پشتیوانی هێزی فڕۆکەوانیی عێراقی، پشدەرییەکانیان بەدیوی ئێراندا هەڵبڕیوە (O'balance, 1973, S. 71). گەر ئەمە ڕاستبێت، ناکرێت ڕۆڵی چالاك و بوێرانەی مامەش لەدەمەدەمی ئەو پێشهاتانەدا لەیادکرێت. ئەمەش ئەوە ئاشکرادەکات کە بۆچ پشدەرییەکان پاش ١٩٦١یش چیدی هەوڵی هەڵمەتبردنەوە سەر مامەش و بەیدەستکردنەوەیان نەدان.

٧٦- ئەو دەقە لە (Anderson, 1974, S. 108 f) ڕاگوێزراوە. هەستهەژێن ئەو سەرنجانەن کە Owen Lattimore لەگوتارە نایابەکەی ١٩٥٧یدا، دەربارەی ئەو جۆرە سیستێمە گوێڕایەڵانەیەی گەلەك کۆمەڵگەی خێڵەکی نووسیویە، تایبەت لاپەڕەی ٥٢. (Andersonیش پەنجەی بۆ ئەو گوتارە ڕاکێشاوە).

٧٧- بڕوانە E. A. Thompson : "The Early German" (Oxford, 1965) کە لەلایەن Andersonەوە لە کتێبەکەی ١٩٧٤یدا ڕوونکراوەتەوە، بڕوانە لاپەڕەکانی ١٢٧ – ١٢٨.

٧٨- بڕوانە: (Edmonds, 1957, S. 217)، من تامەزرۆم بزانم داخۆ میراودەلییەکان لەو جوداوازییەی Edmonds لە نێوان بەیدەستکردنی ڕەوای نورەدینییەکان و ژێر چنگۆڵەخستنی ناڕەوای دەستەو تاقمەکانی دیدا کردوویە، ڕازین.

٧٩- بابەکر لە (Hay, 1921)دا، بە "ژیرترین و گرنگترین کەس لەنێو ئەو سەرەکهۆزە زۆرانەی دیتوومن" نێودەبرێت. "بەهێزترین سەرەکهۆزی کوردستان و گوێڕایەڵترینیانە"، (هەمان سەرچاوە، لاپەڕە ٣٩). "پیاوێکی پیاوانەو خزمەتگوزارێکی یاساو ڕێکوپێکییە". بڕوانە: (Notes on the Tribes of Southern Kurdistan, Baghdad, Gov. Press 1919, S. 16).

٨٠- بڕوانە: (Edmonds, 1957, S. 217).

٨١- بڕوانە: Notes on the Tribes of Southern Kurdistan, S. 11

٨٢- ئەو زانیارییانەم دەربارەی ڕووداوو پێشهاتەکانی سی ساڵی ڕابوردوو، لە ئەنجامی گفتوگۆ دەگەڵ بڕێك ڕەعییەتی پشدەری و یەکێك لە ئاغاکاندا، لە فێبریوەرو مارتی ١٩٧٥دا چنگکەوت.

٨٣- بڕوانە: (Barth, 1953, S. 53 - 55) ئاوها باسدەکات.

٨٤- بڕوانە: (Barth, 1953, S. 56).

٨٥- بڕوانە: (Barth, 1953, S. 59).

٨٦- بڕوانە: (Naval Intelligence Division, Iraq and the Persian Gulf, 1944, S. 375).

٨٧- بڕوانە: (Notes on the Tribes of Southern Kurdistan, S. 10)

٨٨- بڕوانە: (Hay, 1921, S. 165).

٨٩- لە (Wilson, 1931, S. 112) ڕاگوێزراوە.

٩٠- Anderson ئاوها لێکیدەداتەوە: "لە وولاتانی خاچپەروەردا، لە کۆنەوە وەرزێری نیشتەجێ هەبوون، کە دەبایە چینێکی کۆیلەیان پێکهێنابا، لێ بە لەنێوبردنی گشت لە گشتی ئاغاکانیان، سیستێمو شیرازەی ڕێکخراوەیشیان هەڵتەکێندرا، لەو ڕێیەوە شێوازی بەرهەمهێنانەکەشیان هەڵوەشێندراوە". بڕوانە: (Anderson, 1974, S. 151).

٩١- بۆ نموونە بڕوانە: Rich, 1836, II, S. 108 – 110; Forbes, 1839, S. 409 – 411; von Moltke, 1882, S. 246; Skyes, 908, لێرەو لەوێ; Lehmann-Haupt, 1926, II/1, S. 240.

٩٢- بڕوانە: Diary of Major E. Noel on Special Duty (Baghdad, Gov. Press 1919).

٩٣- بڕوانە: (MONTAGNE, 1932, S. 58).

٩٤- هۆزی بەخۆنازیوی میران، یەکێك لەهۆزە زۆر حسێب بۆ کراوەکانی نێوەندی کوردستان، بەهۆی داخستنی سنووری نێوان تورکیاو سوریاوە، ناچاربوون ڕێگەی کۆچو ڕەوی خۆیان وازلێبهێنن. ئیدی لە سوریا گیرسانەوە. تا ١٩٤٥یش هێشتا هەر خێوەتنشین بوون، فێزیان نەیدەهێنا مل وەبەر وەرزێری نێن، تا ئەوڕۆکەش زۆریان ڕازی نیین دەست بدەنە گاسنو هەوجاڕ. پەیدابوونی مەکینە ئەو کۆسپەی هەڵتەکاند، ئێستەکە مەکینەو مەکینەچی ڕادەگرنو زەوییان پێ ڕەنێودەهێنن، بێ ئەوەی پێویست بەوەبێت پلەی خۆیان داڵەنگێننە ئاستی وەرزێرێکەوە.

٩٥- بەسەرهاتەکە ئاوها بوو، هەرچەندە کوڕانی عوسمانو محەمەدیش ماڤ ڕەوایان بە بەشێك لەو مڵکانەوە هەبوو. کە دەیەکی داهاتیان بە سلێمان دەدا، مەسەلەکە زێتر داننان بوو بە سەروەریی و مەزنییدا وەك لەوەی مڵکانە بێت بەدەرەبەگێك.

بۆم ڕوون نەبووەوە داخۆ مێگەلەکانی عەباس بەسەر میراتگرانیدا بەشکران، یاخود ئەوانیش تەسلیمی ئاغای هۆزکرانو وەك مڵکی هەمووان مامەڵەدەکران. لێ لە شوێنانی دی بۆمدەرکەوت کە مێگەلەکان بەسەر میراتگراندا بەشدەکرێنو وەك مڵکی تایبەت مامەڵەدەکرێن. پێدەچێت لە کن دوڕکییەکانیش هەر ئاوها بێتو تێکڕای خانەوادەکە، لایەنی کەم بڕێك بەروبوومی مێگەلەکانیان پێدەبڕێت. هەڵبەت گەر بازاڕی بازێڕێك نێزیکیان نەبێت، پووڵێکی ئەوتۆیان لەبەروبووی ئاژەڵ چنگ ناکەوێت. کەمبوونەوەی ژمارەی ئاژەڵی ڕاگیراوی هەر ماڵێك بەوە پاشاودەدرێت، کە ئیدی لە بیستەکانەوە ڕێگەی هامشۆی ئێلاخ و زەنوێرەکان زەحمەتکراون. کێڵگەکان برەویان سەندووەو داهاتیان لە ئاژەڵدارییی زێتر بووە، ئاژەڵداری بۆتە قۆرخێکی ئاغا.

٩٦- بە قسەی چاوساغەکانم ئەو پێشهاتو دیاردانە بۆ ئەو سەردەمە شتێکی نوێ بوون – کە پێناچێت ڕاستبێت–. ئاکامێکی بارە تایبەتەکەی جەزیرە ئەوەبوو، کە پێشهاتو دیاردەی لەو بابەتانە خێرا پزیسکیان دەهاوێشتو بەزوویی دەیانتەنییەوە، بۆیە زێدەڕەوی نییە گەر نێوی سەرهەڵدانی ﴿چینێکی نوێ﴾ی لێبنرێت.

٩٧- بۆم ڕوون نەبووەوە داخۆ کامە لقی خانەوادەکەی ئەو گوندە تایبەتە، تاپۆی زەوییەکانیان پێبڕا، هەرچەندە چاوساغەکانم پێیانگوتم ئەوە هیچ بایەخێکی نییە، چونکە تەنها ئاغای هۆز دەتوانێت زەوییەکان بفرۆشێت.

٩٨- بەگوێرەی قسەی نەستەقو پەندی پێشینیان بێت، مامو برازا مێملی یەکدین، بە پێچەوانەی خاڵو خوارزاوە کە پشتو پەنای یەکدین (چونکە هیچ گێرمەوکێشەیەکی ماددی لە نێوانیاندا نییە): "خاڵا

خوارزای ڕاکرن، ئاپا برازای داکرن"خاڵی خوارزای هەڵگڕاند، مام، برازای هەڵتڕاند". ڕەنگە ئەو کێشەو ململانێ خۆڕسکە ماکی ژن و ژنخوازی ئامۆزاو بنئامۆزا بێت، ئەو جۆرە ژن و ژنخوازییە پێشانیدەدەن چۆن بەرژەوەندیە جوداکان یەکدەخات و پێکەوە دەیانسازێنێت. بڕوانە هەمان بەڵگەو بیانوو لە (Barth, 1954)دا. خاڵێك کچەکەی خۆی تەنها بەنیازی یارمەتی دەداتە خوارزایەکی، لێ ژن و ژنخوازی لەنێوان ئامۆزایاندا زێتر هۆکاری سیاسی هەیە.

دەستودڵ والایی غالب لەحاند برازاکەیدا، شتێکی کەم نەبوو، چونکە شیربایی کچی خانەوادەیەکی ماڵە مەزنانی هۆز، لایەنی کەم ٦٠٠٠ لیرەیەکی تورکی دەبێت (ئەودەمە دیکردە ١٥٠٠ دۆلارێك)، ئەمە گەر خوازبێنیکەر خزمێك بێت، خۆ ئەگەر بێگانەیەك بێت، ئەوا نرخەکەی دوو هێندەو زێتریشە.

٩٩- بۆ مەسەلەی گرنگی و نرخ و بایەخی هەڵستان لەبەر کەسێك، بڕوانە ئەم بەندەو پەراوێزی ژمارە ٦٤.

١٠٠- دەربارەی عەلیکو ڕاپەڕینەکانی و ئەو پارێزگارییەی لە فەلەکانی کردووە، لەچەند ڕاپۆرتێکی وەزارەتی دەرەوەی بەریتانیادا دەیخوێنینەوە، بڕوانە ئاکتی (F.O. 371)، ساڵی ١٩١٩، بە ژمارەی (44A/107502/149523/168688/3050). شەمعون حەننانی هاوسەنگەری عەلیك، هەوێنی گەلەك سەرگوزشتەی قارمانانەی فەلەکانی تۆرعابدینە.

١٠١- هەمان دیاردە لە سەروەختی هەڵبژاردنەکاندا گەلەکجار لە کوردستانی تورکیا هەستپێدەکرێت. فراکسیۆنەکانی هەرجێیەك، یاخود هۆزو تیرە دوژمنەکان، دەگەڵ پارتە دژەکاندا یەکدەگرن. هەر چوار ساڵ جارێك، لە دەمەدەمی هەڵبژاردندا، کێشە کۆنەکان کڵپە دەستێننەوە، توندتر لەجارانی بەر لە یەکگرتن دەگەڵ پارتە سیاسییەکاندا.

١٠٢- بەپێی گوتەی چاوساغێکی گیراقی لە ٦٠ خێزانی گوندەکەی ٢٠یان گیراقی بوون، لە گوندێکی هاوسێیان لە ٥٠ خێزان ١٠ خێزانیان گیراقی بوون. گشت زەوی و کێڵگەکان مڵکی گیراقییەکانن. بۆم ڕوون نەبووەوە چەندێك مڵکانە دەستێنن، بەڵام گەیشتمە ئەو باوەڕەی کە بڕێکیان زێتر لە ٥٠٪ خاوە دەدەن.

١٠٣- بەهەر حاڵ بڕێك حاڵەتی ڕەوکردنی بەکۆمەڵی مسکێنەکان زانراون. سەرەتای سییەکانی سەدەی نۆدەهەم، ئەو دەمەی کێشەو هەڵلای نێوخۆی میرنشینی بابان، هێزو ووزەی دادەچۆڕاندن و تاعوونە ڕەشەش وولاتەکەی دادەوەشاندن (١٨٣١/١٨٣٢)، جووتێرەکان بە پۆل زێدی خۆیان جێدەهێشت و ڕووەو باکوور سەریانهەڵدەگرت، بۆ ئاقارەکانی ژێر دەستی بەهێزترین و توندو تیژترین، وەلێ دادوەرترین میر، میری سۆران لە ڕەواندز، میر محەمەدی کوێر، بڕوانە: (Fraser, 1840 I, S. 177).

١٠٤- بڕوانە: 18–Christoff, 1935, S. 24 ff.; Frodin, 1944, S. 17 ; Laynch, 1901, II, S. 423 .

١٠٥- ڕاگرتنی خوارتر لە کەمترین ژمارەی پێویست ئاژەڵ، بۆ ڕەوەندەکان هیچ خێرێك ناداتەوە، یاخود هەر دەستنادات، (قرساندنە جۆربەجۆرەکان لە نێوان ٨٠ و ٢٠٠ سەردان). وەکی گشت ڕەوەندەکانی دی، {بۆ نموونە بڕوانە: (Barth, 1962, S. 350)و ئەو باسەی دەربارەی تیرەی باسەری نووسیویە "Nomades of South Persia"} ﴿ڕەوەندەکانی باشووری ئێران﴾، هەژارترینیان و زۆر دەوڵەمەندەکانیان، یەکەم کەسانێکن کە نیشتەجێ دەبن، با هۆکارەکانیشیان جوداوازبن. پووڵدارەکانیان ڕوو لەباژێڕەکان دەکەن، تاوەکو پەیوەندییە بازرگانییەکانیان گەشە پێبدەن و نێزیکی دەرووەکانی دەستەڵاتی سیاسی بن. دیارە ئەوەی لێرەدا بۆ ئێمە گرنگە، نیشتەجێبوونی هەژارەکانیانە.

١٠٦- مێژووی پڕ هەژان و کارەساتی ئەم هۆزە تا ڕادەیەکی چاك تۆمارکراوە. ئەو یەکەمین ئەوروپاییانەی سەرەتا بە دەڤەرەکەیاندا تێپەڕیون، لە زانیارییدا کەمێك ڕژدو دەم نووقاوبوون.
Rich تەنها نێویان دەهێنێت (S. 281, 1836)، Fraser کە ١٨٣٤ بەوێدا تێپەڕیوە، بە تۆقێنەری جافێکی زۆر نێویان دەبات (S. 167, I, 1840)، Ainsworth ساڵی ١٨٨٨ لەسەروەختێکدا چۆتە کنیان، کە لە شۆڕش و ڕاپەڕیندا بوون دژی دەوڵەتی تورك.
١٠٧- بڕوانە سەرتڵەکەی Karl Hadank لە (Mann und Hadank, 1938)دا، (Minorsky, 1928, 1943)، (MecKenzie, 1961)، گوتارەکانی "سنە" و "کوردەکان" لە چاپی یەکەمی ئینسکلۆپیدیای ئیسلامدا، (هەدروویان لە نووسینی MecKenzieین، هەروەها "گۆران" لە چاپی دووهەمی ئینسکلۆپیدیای ئیسلامدا، کە ئەویش هەر لە نووسینی MecKenzieیە).
١٠٨- بڕوانە (MecKenzie, 1961 b, 1966). بۆ تەشقەڵە بەزاراوی گۆرانی (ماچۆ) دەڵێت، کە لە ووشەی گوتی ئەو زاراوەیەوە وەرگیراوەو نیشانەیەکە بۆ جوداوازیی لەگەڵ زاراوەکانی دیدا. پێدەچێت خەڵکی نێوچەکە نێوێکی تایبەتیان بۆ سەرجەمی ئەو کۆمەڵە زاراوانە نەبێت، (زمانەوانە ئەوروپاییەکان گشت کۆمەڵەکەیان نێوناوە گۆرانی)، خەڵکەکە زاراوەکانی خواروو بە هەورامی و پاوەیی و عومرانی Omrani نێودەبەن.
یەکەم زمانەوان کە ئاشکرای کرد گوایە ئەم دیالێکتە سەر بە زمانێکی دیکەیە نەك کوردی، Oskar Mann بوو. بڕوانە (Kurisch-Persisch Forschungen, Abt.I, 1909, S. XXIII, Anm.1).
ماتریالەکانی مان لەبارەی زاراوی گۆرانییەوە وەك پاشمەرگەیەکی لەلایەن Karl Hadankەوە بڵاوکرانەوە، بڕوانە: (Mann und Hadank, 1930).
زمانەوانی دانیمارکی Benedicatsen ساڵی ١٩٠١ ماتریالێکی زۆری دەربارەی زاراوی هەورامی و پاوەیی کۆکردەوە. دەستنووسەکانی ئەویش ساڵی ١٩٢١ وەك پاشمەرگەیەکی بڵاوکرانەوە، بڕوانە: (Les dialectes d'Awraman et de Pawa. Textes recueillis par A.M. Benedictsen revus et publies avec des notes et une esquisse de grammaire par A. Christensen, Kopenhagen 1921).
سێهەمین توێژینەوەی بابەتانە، هەرچەندە زۆر بەداخەوە تەنها پشت بە زانیاریی تاکە چاوساغێك دەبەستێت، کە لە ئینگلتەرا تووشی هاتووە، ئەوەکەی ساڵی ١٩٦٦ی مەکەنزییە.
١٠٩- بڕوانە: (Saone, 1921)، (Fuad, 1970) XVII, XXI-XXIII.
١١٠- بڕوانە "عێلات" لە ئینسکلۆپیدیای ئیسلامدا، چاپی دووهەم، کە لەلایەن A. K. S. Lambton، هەروەها "کوردەکان" لە چاپی یەکەمدا، ساڵی ١٩٤٣، لاپەرە ٧٥، لەلایەن مینۆرسکییەوە.
١١١- ئەو سترانە دەربارەی گەڕانەوەی موسڵمانە کوردەکانی (ڕەوەندەکانی) تۆرعابدینە بۆ ئامێزی ئاینی ئەهلی هەق، لەسەردەستی سوڵتانی ساقی دامەزرێنەردا، کە بە گۆران نێودەبرێت. بەپێی نەریتی ئەهلی هەق، سوڵتانی ساق کوڕی سەییدێکی هەمەدانی بوو، کە نێوی شێخ عیسێ بووەو نێزیکی هەورامان نیشتەجێبووە. پێدەچێت بە زاراوی هەورامیش ئاخافتبێت، گشت کردارو مۆجیزەکانیشی بە هەورامی تۆمارکراون.
١١٢- کاتێك لە نێوچە ڕەگەز تێکەڵەکاندا لە خەڵکم دەپرسی داخۆ کوردن یا تورك، یاخود فارس، زۆرجار وەرامیاندەدامەوە کە کوردیش و ترکیش و فارسیشن، وا پێدەچێت مەبەستیان ئەوە بوو بێت گوایە بەهەرسێ زمانەکە دەپەیڤن.

١١٥- بڕوانە Rich، سەرچاوەی باسکراو، ل١٠١. هەرچەندە ئەوە ڕاست نییە کە گوایە لەو دەڤەرانەی ژووروو وەرزێری ناخێڵەکی بەیدەستکراو نەبوون، لێ Rich لەوەیاندا ڕاستدەکات کە دەڵێت ئەو وەرزێرانە قەت بە گۆران نێونەبراون.

١١٦- بڕوانە سەرنجی ژمارە ١٠٧و سەرچاوە دەستنیشانکراوەکان. پێدەچێت زاراوی زازایی باکووری کوردستانی خزمیشی، پەیوەندییەکی بە دەیلەمییەکانەوە هەبێت. زۆربەی زازاکان خۆیان بە دەملی نێودەبەن. وا دیارە زاناکان لەوەدا یەکڕان کە نێوەکە جێگۆڕکێی دەنگی بەسەردا هاتووەو لە ووشەی "دەیلەمی"یەوە هەڵگۆزراوە. بڕوانە (Minorsky, 1928, S. 91, 105)، (Mann und Hadank, 1930, S. 18 – 19; 1932, S. 4 - 6).

دەیلەمییەکان کە میللەتێکی ئاری نەژادبوون، لە بنەچەدا دانیشتووی باشووری دەریای قەزوێن بوون، پاشان بەرەو خۆرئاوای ڕەویانکرد. لەسەدەی نۆهەمدا چوونە سەر ڕێبازی شیعەگەری‌و پێدەچێت زێتر شەقڵە ئیسماعیلییەکەیان وەرگرتبێت. یەکێك لە خانەوادە دەستەڵاتدارەکانی دەیلەمییەکان، کە بوەیهییەکان بوو، پشکێکی زۆری ئێران‌و هەتا ساڵی ٩٤٥ بەغداشی داگیرکرد. هەرچەندە خەلیفە نێوو پلەی خۆی لە دەستنەدا، بەڵام دوا چکی دەستەڵاتی لە دەست دەرهێنرا، تەنها بۆ نێو لەسەر تەخت هێشتیانەوە، بۆ ئەوەی سوننیەکان دان بە هێزو دەستەڵاتیاندا بنێن‌و ڕەواییان پێببەخشن.

بەنێوی زۆر جێگەو شوێندا ئاشکرا دەبێت کە زۆربەی خەڵکە ڕەمەکییەکەی ئەو میللەتە، بەرەوخواروو و خوارووی خۆرئاوا ڕەویانکردووە. جوگرافیاناسی عارەب یاقووت ئەلحەمەوی باسی جێگەیەکمان لە شارەزوور بۆ دەکان بە نێوی دەیلەمستانەوە، بڕوانە: (Minorsky, 1943, S. 81). مێژوونووسی میسری شەهابەددین ئەلعومەری دەنووسێت گوایە هێرشی مەغۆلەکان، گۆڕانکارییەکی مەزنی جێگەو ڕێگەی میللەتانی بەدەمەوە بوو. کوردەکانی دانیشتووی شارەزوور بەرەو سوریاو میسر ڕەویانکردو میللەتێکی دیکە جێگەیانی گرتەوە کە کورد نەبوو. بڕوانە: (Minorsky, 1943, S. 84 - 85) کە لە شەهابەددینەوە ڕایگوێزاوە. گوایە نێوی ئەو تازەهاتووانە ناخوێندرێتەوە، لێ مینۆرسکی خۆی لەو باوەڕەدایە کە ئەو نێوە لە گۆران زێتر ناشێت شتێکی دی بێت. من گومان لەو مەسەلەیە دەکەم، چونکە شەهابەددین لە شوێنی دیدا بێ گرێ‌و گۆڵ نێوی گۆران دەهێنێت‌و بە بەشێك لە میللەتی کوردیان دادەنێت. ئەو دەمەی ئەو زانیارییانەی بۆ تۆمارکردووین، ساڵی ١٣٤٣، گۆرانەکان لە کێوەکانی شارەزوورو هەمەدان دەژیان.

١١٧- گرنگترین سەرچاوە دەربارەی مێژووی بنەماڵەی ئەردەڵان ئەمانەن: "شەرەفنامە، دەقە فارسییەکەی، ل ٨٢ - ٨٩"، مێژووی نێوچەکە کە لەلایەن "عەلی ئەکبەر خان"ەوە نوسراوەو (Nikitine, 1921) بۆی پوختەکردووین، هەروەها مێژووەکەی شاعیر مەستورە خانم، "تەئریخی ئەردەڵان"(*)، (ناسر ئازادپوور لە سنە بڵاویکردۆتەوە. ساڵی چاپی لەسەر نییە). هەروەها مێژووەکەی "خوسرەو ئیبن موحەمەد بەنی ئەردەڵان: تاریخ". E. I. Vasileva ساڵی ١٩٨٤ لە مۆسکۆ بڵاویکردۆتەوە. هەروەها بڕوانە: (Rohrborn, 1966, S. 79 - 80)و ئەو سەرچاوانەی لەوێدا دەستنیشانکراون.

---

* مامۆستایانی هێژاو کارامە، کاك دوکتۆر حەسەن جاف‌و کاك شکور مستەفا، دەسترەنگینانە دەقی ئەو کتێبەی ماه شەرەفخانم (مەستوورەی کوردستانی)یان لە فارسییەوە کردۆتە کوردی‌و ساڵی ١٩٨٩ لە بەغدا بە چاپیانگەیاندووە. بڕوانە: "مەستوورەی کوردستانی: مێژووی ئەردەڵان، د. حسن جاف‌و شکور مستەفا کردوویانە بە کوردی، بەغدا، دەزگای ڕۆشنبیری‌و بڵاوکردنەوەی کوردی، چاپی یەکەم، ١٩٨٩".

١١٨- (**Parmaksizoglu, 1973, fol. Iia des Faksimile**).

١١٩- "پوشیده نماند که اصل حکام برادوست از طایفۀ گوران أست". (شاردراوه نییه که مەزنانی برادۆست له بنەچەدا گۆرانن). بڕوانە: شەرەفنامەی شەرفخانی بەدلیسی، دەقە فارسییەکە، ل٢٩٦.

١٢٠- دیاره هەرامەیەکی سەیری نا ئاسایی لەو بابەتە بووه کە **Rich** دیتوویەو بە تەقیلەی سەربازانی هەورامی نێوی دەبات. **Hadank** ئەو کڵاوه بە دیاردەیەکی کولتووری تایبەت بە گۆران باسدەکاتو پێیوایە بەوه لە کورد جودادەکرێنەوه. ئێستەکە ئەو کڵاوه چیدی لەسەر ناکرێت، لێ هۆزی بڵباس وەرزێره ناخێڵەکییە بندەستەکانیان تا ئەوڕۆش هەر بە کڵاو سپی نێودەبەن، کە پێدەچێت هێنانەوەیادێکی ئەو تەپلەیە بێت. دیاردەیەکی دی لەو خەسڵەتە کولتوورییانەی کە هەورامییەکان لەنێو هاوسێ کوردەکانیاندا نێودار دەکات، هێجگار وەستایی و دەسترەنگینییانە، دەتوانن لە تەڵزمەدارێك هەرچیت دەوێت بۆت بتاشن.

١٢١- بڕوانە: (**Minorsky, 1943, S. 83 - 84**)، بەپێی تەرجەمەکەی **Quatremeres**.

١٢٢- بڕوانە: شەرفنامەی شەرەفخانی بەدلیسی، ل٣١، دەقە فارسییەکەی.

١٢٣- ئەوانە جاف **Teysi**و جاف **Murid Weysi**(*) بوون، ساڵی ١٨٥٠ چوونە پاڵ گۆرانەکان. بڕوانە: (**Minorsky**)، "سنه"، لە ئینسکلۆپیدیای ئیسلامدا، چاپی یەکەم. هەروەها بڕوانە: (**Nikitine, 1922, S. 79ff.**)، (**Rabino, 1920, S. 22**).

١٢٤- قەڵخانیەکان خۆیان (جەم)یان نییە، تەنها کاتێك لەو ڕێسا ئاینییانەدا بەشداری دەکەن، کە بە ڕێکەوت ڕێیان دەکەوێتە گوندێكو ئەو کۆبوونەوەیەی تێداساز دەکرێت. هیچ یەکێك لەو سروودە ئاینییانەیان لەبەر نییە کە بۆ ئەهلی هەق هێجگار گرنگن. ئەو قەڵخانییانەی من لەگەڵیاندا دووام، کەم گوێیان بە دۆنادۆن دەدا، کە یەکێکە لە هەڤۆتەکانی ئەهلی هەق. لە ماتەمینی مردووانیاندا دەیکەنە شیوەنو شەپۆڕ، بە پێچەوانەی باوەڕی ئەهلی هەقەوه، لایەنی کەم بەپێی هەڤۆتەکانی، ناشێت لە ماتەمدا زێدەڕەوی بکرێت، چونکە گیان نامرێت، بەڵکە تەنها خۆی لە جەستەیەکی خەستە ڕزگار دەکاتو بە زوویی لە لەشێکی گەنجدا دەژێتەوه. تەنها ئەركو ڕێسایەکی ئاینی، کە قەڵخانییەکان پێیهەڵدەستن، سەردانی مەزارو جێنزرگەو پیرۆزگەکانی ئاینی ئەهلی هەقە.

١٢٥- بڕوانە: (**Rabina, 1920, S. 22**).

١٢٦- بۆچوونەکان دەربارەی ڕەچەڵەکی کۆنفوێدارسیۆنی گۆرانو پەیوەندییان دەگەڵ ئەو گۆرانانەدا کە شەهابەددبن ئەلعومەریو شەرفخانی بەدلیسی باسیاندەکەن، لێك جوداوازن. مینۆرسکی کۆنفوێدارسیۆنەکەی ئەوڕۆ بە وەچەی ئەو گۆرانە کۆنە ڕەسەنانە دەزانێت، (دیاره بێ لەو کوردانەی لەم دواییانەدا تێکەڵیان بوون). **Rawlinson** (کە ئەفسەرێکی ئینگلیز بوو، فەرماندەی ئۆردوویەکی پێکهاتوو لە هۆزی گۆرانی سەر بە میره فارسەکەی حوکمڕانی کرماشان بوو)، دەگێڕێتەوه گوایە کەڵهوڕەکان (کە هۆزێکی گەورەی کوردی، نیشتەجێی نێوچەکانی باشووری گۆران بوونو دوو هێندەی ئەوان دەبوون) گوتوویانە گشت لە گشتی گۆرانەکان لە تۆرەمەی هۆزەکەی ئەوانن. ئەمە چاوساغەکەشی ددانی پێداناوه.

---

* پێموایە نووسەر نێوی هەردوو تیرەکەی بەهەڵە تۆمارکردووه، یەکەمیان دەبێت تایشەیی بێتو دووهەمیان یا دەبێت میروەیسی بێت، لە تیرەی قادر میر وەیسییەوه، یاخود دەبێت مەبەستی جاف مورادی بێت. چونکە دووتیرەکەی یەکەم بوون ڕەگەڵ چەند تیرەیەکی دی لەدەست جەوری میرەکانی ئەردەڵان هەڵهاتنو چوونە کن گۆرانەکان. بۆ زانیاری زێتر لەوبارەوه، تکایە بڕوانە: (مەحمود عەزیز حەسەن: کورتەیەك لە مێژووی هۆزی جافو باسی هەندێك لە تیرەکانی، چاپخانەی نەورەس، سلێمانی، ١٩٨٥).

بڕوانە: (Rawlinson, 1839, S. 36). Mannو Rabino بۆچوونێکی جوداواز لەم بانگاشەیە دەردەبڕن. ئەوان پێیانوایە کە گوایە کۆنفوێدراسیۆنی گۆران، زادەو ئاکامی بەیدەستکردنی دانیشتووە ڕەسەنە زار گۆرانەکانی نێوچەکە بووە، لەلایەن هۆزە کوردەکانەوە، تایبەت لەلایەن کەڵهوڕو زەنگەنەکانەوە، بڕوانە: (Rawlinson, 1920, S. 8 - 9). سەرکردەکانی کۆنفوێدراسیۆنەکەی گۆران، خۆیان کەڵهوڕ نەبوون، لێ خانەوادە خانەدانەکانی هەردوکلا، لەڕێی ژنو ژنخوازییەوە تێکەڵبوون. (ئەمە زانیاریی خۆمە).

لە ڕاستیدا سەرکردەکانی کەڵهوڕ، لە سەدەکانی هەژدەو نۆزدەدا، هەوڵی ڕەواندنەوەی گەوی تینو تاوی دەستەڵاتدارانی گۆرانیان داوە، هەڵبەت ئەودەم شێلگیرانەتر لەساڵی ١٩٠٠، (ڕەنگە ئەمەبنەمای بۆچوونی Mannو Rabinos بێت).

کاتێك محەمەد عەلی میرزا، کە میرێکی فارس بوو، ساڵی ١٨٠٨ نێوچەی زەهابی دەستخستەوە، (نێوچەی زەهاو مەڵبەندێکی گۆران نشینەو تا ئەودەمە بەنێو سەر بە ئیمپراتۆرێتی عوسمانی بوو)، گەورەپیاوانی گۆرانی کردە حوکمڕانی، بڕوانە: (Saone, 1912, S. 382)، (Rabina, 1920, S. 15 - 16). پەیوەندیی نێوان گۆرانو کەڵهوڕ تا ڕادەیەك تێکچڕژاوە. بڕێك کەڵهور ئەهلی هەقن، (دیارە زۆربەیان شیعەن). شەرەفنامە لە باسی فەرمانڕەوایاندا، بەشی "ئومەراو حوکام"، کەمێك بە پەنامەکی بۆ باسی کەڵهوڕ دەچێتو دەڵێت: {هۆزەکەیان (واتە هۆزی فەرمانڕەوایانی کەڵهوڕ) گۆرانیان پێدەگوترێت، یاخود وەك گۆران تێیاندەڕواندرێت}. ﴿عشیرت ایشان را گوران میخوانند﴾، بڕوانە (دەقە فارسییەکەی شەرفنامە، ل٣١٧). هەڵبەت شەرەفخان لەو دەستنیشانکردنەدا مەبەستی گشت هۆزەکانی کرماشانو ژوورووی لوڕستانە، پێکڕا. بەهەرحاڵ، نیشانەی پەیوەندییەکی دێرینەی دوورو درێژ لە نێوان گۆرانو کەڵهوڕدا هەیە، لێ ژێر چەپۆکخستنی لایەکیان لەلایەن لاکەی دییەوە نا.

١٢٧-ئەمە بانگاشەی شەرفنامەو مێژووی ئەو خانەوادەیە خۆیەتی، بڕوانە سەرنجی ژمارە ١١٧. بەپێی ئەو سەرچاوانە بێت، بابە ئەردەڵان وەچەی میرانی بووە. مەئموون بەگی نەوەی، ئەو ڕەچەڵەکەی بابە ئەردەڵان بەدرۆدەخاتەوە، لەبریتی وی - دیارە بەپێی مۆدەو باوی ئەو ڕۆژەی خانەوادە خانەدانەکان خۆیان پێوە هەڵدەکێشا -بابو باپیرانی لە تۆرەمەی هەندەك لە عارەبەکانی یارو یاوەری پەیامبەر کەوتوونەوە. بڕوانە: (Parmaksizoglu, 1973, facs. 2B).

١٢٨-مەرج نییە لە باکوورەوە هاتبن، وەك ڕیچ پێی لەسەر دادەگرێت. بۆ نموونە جافەکان لە خۆرهەڵاتەوە، لە کوتە کوردستانەکەی ئێرانەوە هاتوون، لەو جێیەوە کە تا ئەوڕۆش بڕێك بەشی هۆزەکەی هەر لێماوە. لەوێ باجەری میرنشینی ئەردەڵان بوون. بەپێی گێڕانەوەی دەماودەم، زۆر هۆزی خوارووی کوردستان لە نێوچەکانی ژوورووەوە بۆ ئەوێ ڕەویانکردووە، بۆ نموونە بڕوانە: گوتاری "لەك"ی مینۆرسکی لە ئینسکلۆپیدیای ئیسلام، بەرگی یەکەمدا. مینۆرسکی پێیوایە ئەوە بە نیسبەت کەڵهوڕو هەندەك لەوانەی بە زاراوی لەکی دەدوێن ڕاستە.

١٢٩- بڕوانە: "Sandreczki: 1857, II, S. 263".

١٣٠-لە سەدەی یازدەهەمدا ئیسماعیلییە قەرمەدییەکان توانییان لە ڕێگەی پڕوپاگەندەوە سەرکەوتنی چاك لە نێو دەیلەمییەکاندا وەدەست بهێنن. لایەنی کەم سەرەتا توانییان مەزنانی دەیلەمیی وەکی ئەسفەرو مەردەویج، پاشانیش بڕێك لە ڕێبەرانی میرنشینی موزەففەرییە بەلای خۆیاندا ڕاکێشن. بڕوانە: (W. Madelung, “Ismailiyya”, E.I.2).

١٣١- زۆربەی ئەو زانیارییانەی نووسەرە ئەوروپاییەکان دەربارەی ئاینی کوردەکانی دەرسیم نووسیویانە، نابەجێ و شێواون، چونکە لە موسڵمانی تەنگەتیلکەی ئەوتۆییان وەرگرتووە، کە "قینی زۆریان لە عەلەوییەو چاویان پێیاندا هەڵنادێت". هێندەی من پێبزانم، چێترین نووسینێك کە لە یەکێك لە زمانە ئەوروپییەکان دەربارەیان نوسرابێت، ئەوەکانی (Molyneux-Seel, 1914)و (Trowbridge, 1909)ن. زانیاریی زێتر لەو بارەوە لە کتێبی دوو نووسەری خۆوڵاتیدا دەدیترێن، کە ئەوانیش: (Dersimi, 1952, S. 32 - 21) و (Firat, 1970, S. 231 - 54)ن. هەردووکیان بۆیە گرنگ و سەرنج ڕاکێشن، چونکە زانیاریی فرەیان دەربارەی ڕێساو هەفوەت و داب و نەریتەکانی ئەو ئاینزایە تێدایە. هەرچەندە هەردوك نووسەر خۆ لەو باوەڕو هەفوەتانە دەبوێرن کە کزەڵی ئیمانیان پیشاندەدات. کارنامە دوکتۆرییە چاپنەکراوەکەی ساڵی ١٩٧٢ی Ozturkیش زانیاریی هێجگار زۆری تێدایە، هەروەها بڕوانە: (Bumke, 1979).

١٣٢- چیرۆکێکی هەمیشە پاتەکراوە هەیە، ئەویش کێبەرکێی دوو جادووگەرە: یەکێکیان تەشقەڵە بەوی دی دەکات، سواری نەڕەشێرێك دەبێت و مارێك دەکاتە قامچی دەستی و ڕووەو یارۆی گوردێری دەئاژوێت. یارۆش دەستبەجێ تیغەدیوارێکی خشت لە پێشیدا قوتدەکاتەوە، (یاخود لاوێك ڕادەسپێرێت هەڵیچنێت)و پاشان فەرمان بە بۆرە دیوار دەدات بداتە غار، بەو جۆرە مێملەکەی ددان بە سەرکەوتوویی و کارامەییدا دەنێت. لە داڵەهوو سترانێکم تۆمارکردووە، لەو سترانەدا دەڵێت گوایە کارامە سەرکەوتووەکەیان سوڵتانی ساق و گوردێرەکەشی پیر میکائیل نێوێکە. Molyneux-Seelیش لە دەرسیم سەرگوزشتەیەکی لەو بابەتەی بیستووە، لێ گوردێرەکان سەییدی نێوچەکە خۆی بوون، هەتا شوێنەواری دیوارەکەشیان پێشاندابوو، بڕوانە: (Molyneux-Seel, 1914, D. 58). Lucy Garnettیش هەمان چیرۆك دەگێڕێتەوە، لێ لەوەیەندا حاجی بەکتاش پاڵەوانە سەرکەوتووەکەیە، بڕوانە: (Lucy Garnett 1912, S. 163). (حاجی بەکتاش لەکن عەلەوییەکان هەمان کایەی سوڵتانی ساقی ئەهلی هەقی هەیە).

١٣٣- بڕوانە پەراوێزی ژمارە ١١٦ی بەرایی.

١٣٤- لەە دەرسیمیش زۆر هۆزی گچکە هەن بە کرمانجی دەپەیڤن. بڕوانە ئەو لیستەیەی نوری دەرسیمی کردوویە لەلاپەڕەکانی (٤٢ - ٥٦)ی کتێبەکەی ١٩٥٢یدا.

١٣٥- تاقە هێمایەك بۆ حاجی بەکتاش لە داڵەهوو بیستبێتم، لە هۆنراوەیەکی صۆق نەورۆزدایە (صۆق ساڵی ١٨٥٠ مردووە)، لە دێڕێکدا دەڵێت: "تاجری حوجرەی حاجی بەکتاشم"، دێڕێك کە کەس لەوێ تێینەدەگەیشت. ئەوانەی نێوەکەی حاجی بەکتاشبەلایانەوە ئاشنا بوو، گیانیان بە دۆنادۆنی یەکێك لە حەوت فریشتەکان دەزانی.

کاکەییەکان (کە دەستەیەکی سەر بە ئەهلی هەقن و لە نێزیکی کەرکووك دەژین و لە بنەچەدا لە هەورامانەوە هاتوون)، حاجی بەکتاش بە سوڵتانی ساق تێدەگەن. "جارێك سوڵتانی ساق موریدەکانی جێدەهێڵێت و خۆی دەکاتە حاجی بەکتاش و ڕوو لە ئەنەدۆڵ دەکات. صەد ساڵ بە ئەنەدۆڵدا دەسووڕێتەوەو ئەوجا بۆ هەورامان دەگەڕێتەوە، کەچی خەڵکەکە پێیانوابوو هێشتا بیست و چوار ساتی پێنەچووە". بڕوانە: (Edmonds, 11969, S. 93). هەمان سەرگورشتەم لە دوکتۆر بەهرام ئیلاهی پێشەوای ئاینیی لقە چارەسەرخوازەکەی ئەهلی هەق بیست، کە نیشتەجێی تارانە.

١٣٦- لە گوتارێکدا کە پاش ئەوەی لەم بەندە بووبوومەوە چنگم کەوت و خوێندمەوە، پشتگیرییەکەم بۆ ئەم بۆچوونە پێشچاوکەوت، بڕوانە: (Trowbridge, 1909). عەلەوییە چاوساغەکانی (هەرچەندە بەداخەوە

نەینووسیوە خەڵکی کامە جێگەی تورکیا بوون، لێ خۆی ئەوماوەیە لە عەنتەب {غازی عەنتەب} ماوەتەوە)، گوتوویانە گوایە نێوەندی ئاینەکەیان لە باژێڕی کەرەندی نێزێك کرماشانە، هەتا نێوی ڕاستەقینەی سەییدە ڕێبەرەکانی دەڤەری داڵەهووشیان هێنابوو، بڕوانە: (سەرچاوەی پێشوو ل٣٤٢). ئەمە مانای وایە دەوروبەری سالانی ١٩٠٠یش، عەلەوییەکانی تورکیا چوونەتە دیدەنیو زیارەتی پیرو پیاوچاکانی ئەهلی هەقو مەزارو جێنزگەکانیان.

١٣٧- بڕوانە: (Edmonds, 1957, S. 182 - 201)، (Edmonds, 1969).

١٣٨- دەربارەی باجەلان بڕوانە: (Mann und Hadank, 1930, S. 33 - 42). دەربارەی شەبەك، بڕوانە: (Vinogradov, 1974).

١٣٩- بەپێی باوەڕو بۆچوونی ئەهلی هەقو ئێزیدییەکان، تاقمێك فریشتە، کە حەوت نەفەرن، جێگەی دیاریان هەیە، لەکن ئێزیدییەکان مەلەك تاوس دەستەڵاتدارترینییانە، کە ئەهریمەنێکە بۆخۆی، لێ بێ خەسڵەتە بەدو نالەبارەکانی. لەکن ئەهلی هەقەکانی داڵەهوو، فریشتە داود هەمان جۆرەو ئێزیدییەکان بە هاوباوەڕی خۆیانی دەزانن.

١٤٠- (Minorsky, 1943, S. 77) دەقێك لە لاپەڕە ١٧٤ی کتێبەکەی Socin(Kurdische Sammalungen) ڕادەگوێزێت، کە دەڵێت: "نە جوولەکەم، نە موسڵمانم، نە فەلەم، نە گۆران". وەك دەردەکەوێت لێرەدا گۆران هێمایەکە بۆ ئاینی چوارهەمین، بەو پێیە گێڕانەوەی ڕیشەی ووشەکە بۆ سەر گەبرانو ئەوجا گۆران، پشتئەستوور دەکات. یاخود ڕەگی ووشەکە ناگەڕێتەوە سەر زەردەشتێتی، بەڵکە دەچێتەوە سەر ئەهلی هەق، کە ئاینی گۆرانە؟

دەبێت لەوە خاترجەم بین کەهیچ بەڵگەیەکی دڵنیا بەدەستەوە نییە بتوانێت بێ ئەمسەرو ئەوسەر، ئاینی ئەهلی هەق بگێڕێتەوە سەر زەردەشتێتی. ئەهلی هەقەکانی داڵەهوو لە ڕاستیدا ڕێز لە شەیتان دەگرن، لێ شەیتان لای ئەوان وەکی ئەهریمەنی زەردەشتی نیشانەی بەدیو کەچ ڕەفتاریی نییە. هەروەها ئەوپەڕی ڕێز لە ئاگریش دەگرن، وەلێ ئەمە لای زۆربەی کوردە موسڵمانەکانیش نەریتو باوە (بۆ نموونە لە زۆربەی جێگەکانی کوردستان، میزکردن بە ئاگردا، هێجگار شوورەییە). Lecostیش هەمان بۆچوونی هەیە بەرامبەر تینو تاوی زەردەشتێتی لەسەر باوەڕی ئێزیدییەکان، بڕوانە: ( Lecost, 1975, S. 48–54 ).

١٤١- بڕوانە: (Minorsky, 1943, S. 78, 86).

١٤٢- بڕوانە: (Minorsky, 1943, S. 77 - 78).

١٤٣- "نەتەوە کۆمەڵگەیەکی مێژووکردی تۆکمەیە، لەسەر دینگەی هاوبەشێتی لە زمان، دابو نەریت، ژیانی ئابووریو کولتورێکی پێکڕایی هەڵچووە"، بڕوانە: (J. Stalin: “Der Marxismus und die nationale Frage”, 1913, in: “Der Marxismus und die nationale und koloniale Frage”. Koln, 1976, S. 26).

وەك ئاشکرایە ستالین لە ١٩١٧دا کرابووە قۆمیسەری مەسەلەی نەتەوایەتی لە ڕووسیای شۆڕشگێڕدا. بۆ نموونە بڕوانە: (E. H. Carr; The Bolschevik Revolution, vol. I: 381ff.).

١٤٤- ڕەوان شاد مینۆرسکی، کە یەکێکە لە تۆرەڤانە مەزنەکانی بواری مێژوی دێرینی کورد لەسەر بنەمای بەراورد کردنی ئەو بەڵگە مێژوویيو زمانەوانییانەی تۆژیونییەوە، میدییەکان بە تۆرەمەی کورد دەزانێت، بڕوانە: (Minorsky, 1940). ئەو لەوباوەڕەدابوو، بۆ یەکخستنی کولتوری کوردی، تایبەت زمان، بنەچە میدییە هاوبەشەکە مەرجە.

زمانـەوانی کارامـە، MacKenzie، بەڵگـەی زمانەوانییانـەی دیکـە بەدەسـتەوە دەگرێـت و جۆرێکـی دیکـە هەڵیاندەسەنگێنێت و دەگاتە ئەو ئاکامەی کە زمانی کوردی، بە پێچەوانەی میدی و پارثییەوە، سەر بە گروپی باکووری خۆرئاوای زمانە ئێرانییەکان نییە، بەڵکە سەر بە گروپی باشووری خۆرئاوای ئـەو زمانانەیـە. ئـەو کۆمەڵە خەڵکەی بەو زاراوە دەپەیڤین، هەمان شیرازەی کۆمەڵایەتیی وێکچووی میدییەکانیان هەبووە.

١٤٥- بڕوانە: (Fraser, 1840 I, S. 146, 148, 177).

١٤٦-لەوسۆنگەیەوە کە یاسا تۆمارکراوەکانی ئیمپراتۆریێتی عوسمانی، ڕستکردنی ڕەعایا (یانی ڕەشەخەڵکە بەیدەستکراوەکان، تایبەت وەرزێران)ی لە ڕیزی سپاهی‌دا (یانی لە ڕیزی جەنگاوەرە وەجاخزادەکاندا) یاساغکردبوو، بیر بۆ وەی دەچێت کە لایەنی کەم لە بڕێك کوتی ئیمپراتۆرێتەکەدا دیاردەیەکی زەق و دیاری وەبەرگیراو بووبێت.

١٤٧- بۆ نموونە دەربارەی دانیشتووانی ساسۆن بڕوانە: (Lehmann – Haupt 1926, II/1, S. 438). هەروەها Minorskyیش لە گوتاری "کوردەکان"دا کە لە ئینسکلۆپیدیای ئیسلام، بەرگی یەکەم، بەشی یەکەمدا نووسیویە، سەرنجی لەو بابەتەی تۆمارکردووە.

١٤٨- Lehmann – Haupt باسی وەرزێری بەیدەستکراوی کوردو نەستۆری دەکات، بڕوانە: (Bd. I, S. 289 - 290).

Richیش باسی ملهوڕی و سەرەڕۆیی یەکەم نێردراوی تورك بۆ دەڤەری خێڵە نەستۆرییەکان دەکات و دەڵێت خەڵکەکە لەوان زێتر تۆقیون وەك لە کوردە خێڵەکییە دڕەکان. دەڵێت بۆ بەدبەختی هەر نەشیانزانیوە دەعبایەك هەیە بە نێوی سوڵتانەوە، بڕوانە: (Rich, 1936, I, S. 275 - 280).

١٤٩- ئەرمەنییەکانی ڤارتۆ بە کوردی پەیڤیون و پشکی زۆریان ڕێسای ئاینیی خۆیان لەبیر چۆتەوە، بڕوانە: (Hutteroth, 1959, S. 57).

١٥٠- بڕوانە: (Firat, 1979, S. 165 - 187).

١٥١-وەك بڕێك جێی دی، ئامێرە مۆسیقییەکانی وەکی دەهۆڵ و دەف و زوڕنا بڤەو تابوون. ژەنینی یەکێك لەو ئامرازانە لەنێو کورداندا ئەوپەڕی سووکایەتییە. لە هەندەك شوێن، کەمانچەش هەمان چەشنە. لێ تەمبوور ژەنین شتێکی ئاساییەو بەو چاوە سووکە تێینـاڕواندرێت. بۆ ئـەوەی پێمبسـەلمێنن کـە تـەمبوور ژەنـین شتێکی ئاساییە، بۆیاندەگێڕامەوە، گوایە بڕێك ئاغا و خانەدانیش هەن تەمبوور دەژەنن.

١٥٢- Soane بیست هۆزی گرنگی ژماردووە، لەوانە نۆیان خۆیان بە کرمانج لە قەڵەم داوە، لە کوردستانی ژێروو: پشدەرو بڵباس و شوان و بابان بوون. پشکەکەی دی کـە کوردیـان پێدەگوترێـت (دیـارە تەنـها لـە ژێرووی کوردستان)، بریتین لە: مەریوان و بانە و جاف و هەمەوەندو شەرەفبەیانی و باجەلان و هـەورامی و گۆران و کەڵهوڕو سنجابی. من لام ڕوون نییە ئەو جوداوازییە لەسەر چ بنەمایەکە، بێگومان لەسەر بناغەی زمان نییە، چونکە دەستەی دووهەم لە ڕووی زمانەوە پەیوەندییەکەیان کەمێك کزەڵەیە، تەنها زارەکـانی جاف و بابانن کە چ جوداوازییەکی ئەوتۆیان نییە. بڕوانە: (Soane, 1912, S. 406 - 407).

سەرنجەکانی بەندی سێهەم

١. "...زۆربەی هۆزەکان لە هندەك ڕووەو وەك دیاردەیەکی لاوەکی دەنوێنن. پێدەچێت ئاکامی پرۆسێسێك بن، کە تین و تاوی کۆمەڵگەیەکی شیرازەچڕ، لەسەر کۆمەڵگەیەکی شیرازە ساکارتر ڕەنگپێبدەنەوە. گەر بتوانرێت

ئەمە بسەلمێندرێت، ئەوا دەبێت وەك كاردانەوەیەك بەرامبەر شێرازە سیاسییە چڕو ئاڵۆزەكان لە هەستو نەستی خێڵەكییانە بڕواندرێت، كە تاكە هەنگاوی ناچاریانەو پێویستە لە ڕەوتی گەشەكردندا. بڕوانە: (M. Fried, 1968, S. 15).

٢. بڕوانە: (E. A. Thompson, "The Early Germans", Oxford 1965). پوختەیەكی لەلایەن P. Andersonەوە ڕاگوێزراوە، بڕوانە: ("Von der Antike zum Feudalismud", Frankfurt, 1978, S. 127ff.).

٣. دیاردەیەكە لەلایەن گەلەك مرۆڤناسەوە هەستپێكراوە، P. . Brown زاراوەی "kolonialе Satrapie"(*) بۆ بەكارهێناوە: "لەهیچەوە، دەستەڵاتێكی فراوان بۆ فەرمانبەرە خۆوولاتییەكان دادەتاشرێتو دەستیان بەرهەڵدادەكن چییاندەوێت بیكەنو حوكمڕانییە داگیركەرەكەش پشتیوانییان لێدەكات".

ئەوەتا Neuguineaمان بە نموونە بۆ دەهێنێتەوە، كە خۆی لەوێ بە توێژینەوەیەكی مەیدانیی هەڵستاوەو بۆچوونو دیدی ئەو هەڤاڵانەشیمان بۆ ڕادەگوێزێت كە لە جێگەی دی هەستیان بەو دیاردەیە كردووە. "لەبڕێك حاڵەتدا لە هیچی نەبوو دەزگەیەكی سەركردایەتی خێڵەكی قوتكراوەتەوە، لە هەندێك جێی دی هەرچەندە بەر لە كۆلۆنیالیكردنی جۆرە سەركردایەتییەكی نەریتی لە ئارادابووە، لێ پاش ئەوەی دەستەڵاتدارییە داگیركەرەكە ددانی بە دەستەڵاتیدا ناوە، كایە كۆمەڵایەتییەكە بە شێوەیەكی سەیر گۆڕاوە". بڕوانە: (P. Brown, "From Anarchy to Satrapy", in: American Anthropologist 65/1963, S. 1- 15).

ئەز پێموایە تێنو تاوی دەوڵەت لەسەر هۆزەكان لەو نموونە پێشچاوخراوە بنەبڕترە. ئەوەتا Terry Ranger ناچارانە دەڵێت: "هۆزە ئەفریقاییەكان بۆ بوونو ژیانیان، منەتباری كۆلۆنیالە داگیركەرەكانن".

٤. بڕوانە "شاهسەڤان" لە ئینسكلۆپیدیای ئیسلام، چاپی یەكەمدا، كە لەلایەن V. Minorskyەوە نووسراوە. Richard Tapper دەریخست كە ئەو بڕوا باوەی گوایە شاهسەڤان دەستكردو داهێنراوی دەستی شا عەبباسە، بێجێو بێ بناغەیە. ڕەنگە شاهسەڤانەكانی ئەردەبیل بەر لە كۆتایی سەدەی حەڤدەهەم نەبووبنە كۆنفوێدراسیۆن. زاراوەی شاهسەڤان، زووتر (هەر لەسەردەمی شا ئیسماعیلەوە)، بۆ گشت ئەوانە بەكاردەبرا كە كاتی جەنگ بە هانای شاوە دەچوون ئەمەكدارنە بۆی دەجەنگان، هەرچەندە هیچ بەڵگەیەك بەدەستەوە نییە كە ئەو پیاوانەی ئەودەمەی لە شێوازی خێڵێكداو لەژێر سایەی ئەونێوەدا كۆكردبێتەوە. هەڵوەشاندنەوەی خێڵەكانو سەرلەنوێ دروستكردنەوەو ڕێكخستنەوەیان، كردەو كۆشەیەكی ئاسایی شا بوو، دیارە دەستەواژەی "دروستكردنەوەی هۆز" ناشێت پڕواپڕ بەپێی واتای ووشەكان مامەڵەی دەگەڵ بكرێت.

٥. تەنها ئەو ڕاپەڕینە خۆی، لە توانایدا نەبوو ڕژێمەكە هەڵتەكێنێت، دیارە گەر هاتباو دەگەڵ بزووتنەوە سیاسییە پێشكەوتووخوازەكان، یاخود هەتا دەگەڵ كۆنەپەرستەكانیش، جۆرە ئالیكاریو هاوكارییەك كراباو پێكرا دژی شاو پرۆگرامە چارەسەرییەكانی تێكۆشابان، كاریگەرێتیو ئاكامێكی مەزنتری دەبوو. بڕوانە: (P. Avery, "Modern Iran", London, 1968, S. 504).

٦. ئیبن خەلدوون (١٣٣٢ – ١٤٠٦) لە موقەددیمەكەیدا سەرنجە بەنرخەكانی خۆی لەبارەی كردە سیاسییەكانی مەغریبەوە تۆمار دەكات. بڕوانە دەقە تەرجەمەكراوەكەی: (Franz Rosenthal, London,

---

* Satrap ووشەیەكی فارسی كۆنەو یۆنانو ئاڵەمانەكانی دێرین لێیانخواستوون. لەسەردەمی هاخامەنشییەكاندا لەقەبی فەرمانڕەوا مەزنەكان بووە. ساسانییەكانیش بۆ میرەكانیان بەكاریانبردووە. بڕوانە ئینسكلۆپیدیای Brockhaus، بەرگی چوارهەم، ل٥٢٩.

1958). ئێستا تازەکی خەریکە بایەخدان بەو کەڵە تۆرەڤانە پێشقەرەوەڵەی زانستی نوێی کۆمەڵناسی دەژێتەوەو گیانی تێدەزێتە، (بۆ نموونە بڕوانە: Gellner, 1982).

ئابووریناس و کۆمەڵناسی ئیتالیایی V. Pareto (١٨٤٨ - ١٩٢٣)، پێشنیازی تیۆرییەکی گشتی و سەراپایی بۆ گۆڕانکارییە سیاسییەکان کردووەو لەوباوەڕەدایە چشتێك نیین لە خولخواردنێکی بازنەیی و گەوییەکی خوداپێداوان زێتر. پێیوایە هەر خوداپێداوێك جارێك لە جاران بۆ ماوەیەك دەستەڵاتی کەوتبێتەدەست، ئیدی نەرم و نیانتر، مرۆڤدۆستانەتر ڕەفتاردەکات و چیدی کەڵکی بەرگریکردن لە ماق خۆی پێوەنامێنێت". پاش ماوەیەکی کورت لەلایەن خوداپێداوێکی بەهێزترەوە هەڵدەدێردرێت.

V. Pareto, The Rise and Fall of the Elites, Totowa, N.J., 1968

دەربارەی ڕەخنە لەو جۆرە بیرو بۆچوونە، بڕوانە: (Turner, 1978، بەندی سێهەم).

٧. دیارە خێڵەکییەکان نەیانتوانیوە هەموو کات لە ڕێگەی داگیرکردنی مەڵبەندێك و ژێر چەپۆکخستنی خەڵکەکەیەوە (ئیدی گەر دەزگەیەکی خاس گەشەکردوویان هەبوو بێت یان نا)، جڵەوی دەستەڵاتی سیاسی بگرنە دەست. گەلەکجار خەڵکە نیشتەجێکە خێڵەکییە نامۆکانیان بە پارە ڕاگرتووەو کردوویانە پیاوو یاساوڵی خۆیان. جاربووە لەو جۆرە ڕەوتی پیکەوەژیانە، کۆمەڵگەیەکی شیرازە هەراوتر کەوتۆتەوە. نموونەی ئەوە ئیمپراتۆرێتی میتانییەکان بووو (دوو هەزار ساڵێك بەر لە لەدایکبوونی عیسا). هووریتییەکان کە میللەتێکی دانیشتووی ژوورووی میسۆپۆتامیا بوون، بە زمانێکی نە سامی و نەهیندۆئێرانی دەپەیڤین، ئەودەمە وایان لێهات بۆ پێکهێنانی دەوڵەتێك دەستبدەن، کە چەند هۆزێکی شەڕانی پەیوەست و ئاوێتەیان بوون. هیندۆئێرانییەکان لە بەرزاییەکانی گورگانەوە (لە کەنارەکانی خوارووی خۆرهەڵاتی دەریای قەزوێنەوە) بەرەو خۆرئاوا جمان و لەکن هوورتییەکان گیرسانەوە. ئەوانە جەنگاوەرانێك بوون کە ئەسپیان ڕادەگرت و گالیسکەی سوپاییان پێڕادەکێشان. وا پێدەچێت هیندۆئێرانییەکان بێ کێشەو گرفت بووبنە چینی دەستەڵاتداری ئیمپراتۆرێتی میتانی. (Chirshmann, 1977, S. 26) دەڵێت بەپێی سەرچاوەکان بێت پێناچێت هیچ داگیرکردن و شەڕو هەڵلایەك ڕوویدابێت. ئیدی هیندۆئێرانییەکان دەستێکیان بە دەوڵەتەکەدا هێناو سەرلەنوێ ڕێکیانخستەوە، کارێك کە تەنها بە هووریتییەکان خۆیان ئەنجام نەدەدرا. بەگوتەی زانایەکی شارەزای دیکە، هەردوو میللەتە تێکەڵەکە (هووریتییەکان و هیندۆئێرانییەکان)، هێند جووت لەتەك یەکدیدا دەژیان، کە زاراوەی ئاوێتەیان بۆ بشێت. بڕوانە: (H. Otten, "Hethiter, Hurriter und Mitanni", in Fischer-Weltgeschischte 3. Die altorientalo-schen Reiche II, 1966, S. 129).

٨. مەسەلەیەك کە نامەوێت لێرەدا پێدا ڕۆبچم، بەڵکە گەرەکمە تەنها قامکی بۆ ڕابکێشم، مەترسیی ئاڵۆزکانی زاراوەکانە. دەبینین زاراوەی "هۆز" بۆ ئەو هەموو پێکهاتە جۆراوجۆرانە بەکاردەبرێت، بۆ نموونە بۆ ئەو یەکێتییە سیاسییە یەککەوتانەی بەر لە هاتنەکایەی دەوڵەت هەن، یاخود بۆ هۆزێکی نیوە ئاوێتەبووی لەکەنار ئیمپراتۆرێتێکدا ژیاو، یاخود بۆ ئەو هۆزەی خۆی دەوڵەتێك حوکمڕانی دەکات. بەهەرحاڵ هەرچەندە ئەو جۆرە هۆزانە گەلەك خەسڵەتی وێکچوویان دەگەڵ یەکدیدا هەیەو دەشێت هەر هەمان پێکهات لەچەند کات و قۆناغێکی جوداوازدا هەرسێ دیاردەکە بگرێتە خۆ، لێ بڕێك جوداوازیی دیارو زەقیشیان دەگەڵ یەکدیدا هەیە.

٩. لە ئیمپراتۆرێتی عوسمانیدا بیرۆکراتی بەشەقڵێکی سوپا دادەنرا.

١٠. بۆ نموونە بڕوانە: (Rich, 1936, I, S. 88).

١١. بڕوانە: (Chirshman, 1977, S. 51)، (R. Labat in: Fischer-Weltgeschichte 4. Die altorientalischen Reiche III, 1967, S. 19).

١٢. کوردە نەتەوەپەروەرەکان ئەو ڕۆژەیان کردۆتە سەرەتای دەستپێکردنی ساڵی میدی یاخود کوردی. بەو پێیە ساڵی ١٩٧٧ لە ساڵنامەی کوردیدا دەکاتە ٢٥٨٩.

١٣. ڕێیتێدەچێت، هەرچەندە خەرمانەی گومانیشی هێشتا هەر بەسەرەوەیە. ئەو بەڵگە مێژوویيانەی Minorsky، مەزنترین شارەزای ئەو بوارە تەتەڵەی کردوون، ئەوەیان لێدەدرەوشێتەوە کە گەلەك میدی لە کوردستانی ئەوڕۆکەدا نیشتەجێبوون و بوونەتە تۆرەمەی کورد. هەرچەندە هیچ سەرژمێرێك دەربارەی بزووتن و جێگۆڕکێی خەڵکەکە لەبەردەستاندا نییە. تەنها بەو هێندەی کە پاشاکانی میدیا ماوەیەکی دوورو درێژ ژووروی میسۆپۆتامیایان لەژێر ڕکێفدا بووە، ناتوانرێت ئاوێتەبوونی نەژادیی ڕەشەخەڵکە ژێردەستەکەیانی لێپوختەکرێت. هێندەی پەیوەندیی بە بەڵگە زمانەوانییەکانەوە هەبێت، یەکڕایی لە ئارادا نییە. Minorsky ١٩٤٠ گەیشتە ئەو سەرئەنجامەی کە زارەکانی زمانی کوردی بناغەیەکی هاوبەشی قووڵی زمانی میدییان هەیە، هەرچەندە MacKenzie بیانووی چاك بۆ ئەوتێزەی دەهۆنێتەوە کە گوایە زمانی کوردی سەربە دەستەی ژێرووی خۆرئاوای کۆمەڵە زمانە ئێرانییەکانەو فڕی بەسەر دەستەی ژووروی خۆرئاواوە نییە، کە گوایە میدییەکانیش پشکێکی بوون).

لەو سۆنگەیەوە ئەو سەرئەنجامە پوختەدەکات، کە کوردەکان لە تۆرەمەی میدییەکان نەکەوتوونەوە، بەڵکە نەوەی کۆمەڵێکی ئێرانیی دیکەن و سەرەتا لە نێوچەیەکی ژێرووی خۆرئاوای ئێران ژیاون و پاشان لەوێوە بۆ کوردستان ڕەویانکردووە، بڕوانە: (MacKenzie, 1961 b)(*). پێموایە هەردووك نووسەر بەزۆری پشت بە بەڵگەو بیانووی زمانەوانە دەبەستن، هەرچەندە مەرج نییە ئەو تاقمەی کوردەکان پشکی زۆری زمانەکەیان لێخواستووە، هەمان ئەو تاقمە بێت کە بەشی زۆری توخم و تۆویان بەکورد بڕاوە، یاخود پێکهاتی سیاسیان بۆ کورد بە میرات ماوەتەوە.

١٤. چەندین نموونە لە گوتاری "کوردەکان"ی Minorskyدا دەبینین، کە لە ئینسکلۆپیدیای ئیسلام، چاپی یەکەمدا بڵاویکردۆتەوە.

١٥. بۆیە نەتەوەپەروەرانی کورد بەرامبەر ئەو کوردە نێودارانە هەستێکی دوولانەیان هەیە. هەر بەو هۆیەوە ڕژێمی عێراق، چەکدارە بەکرێگیراوەکانی کورد، ئەوانەی لە ١٩٦٢ەوە دژی نیشتمانپەروەرانی کورد دەجەنگن، نێوی (فرسان صلاح الدين) ﴿سوارەی صەلاحەددینﷺی لێناون. ئەو خۆفرۆشانە لە ئەورووپا زێتر بە "جاش" ناسراون، ئەو نێوەی کە نیشتمانپەروەرانی کورد لێیناون.

١٦. دیارە پایەو جێپێی بارزانی تەنها لە ڕێگەی کۆمەکی دەرەکییەوە بڵندو سەقامگیر نەبووە. نێوو شۆرەتی دێرینەی خانەوادەکەی، (چ وەکی شێخ و چ وەکی نەتەوەپەروەرانێکی ئەزەلی)، کارامەیی و لێهاتوویی لەبواری لەشکرکێشیدا، سەرکەوتنەکانی وەکی سەرکردەی هێزێکی جەنگاوەر، هەست و هۆشی گەشاوەی

---

(*) مامۆستایانی هێژاو ژێهاتوو توفیق وەهبی و جەمال نەبەز، هەریەك بە کایەی خۆی، وەرامی گونجاوو شیاوی ئەو بانگاشانەی مەکەنزییان داوەتەوەو دژی ئەو تێڕوانین و باری سەرنجانەی وەستاونەوە، بڕوانە: گوتارەکەی مامۆستا توفیق وەهبی: "The Origins of the Kurds and their Languages" لە ژمارە ٩ و ١٠ی تەمووزی ١٩٦٥ی گۆڤاری "کوردستان"ی ئۆرگانی (کۆمەڵەی خوێندکارانی گورد لە ئەورووپا)، لە ل٢٣ – ٢٨دا. هەروەها بڕوانە: "جەمال نەبەز: کوردستان و شۆڕشەکەی"، کوردۆ لە ئاڵەمانییەوە کردوویە بە کوردی، دەزگەی چاپەمەنی ئازاد، ستۆکهۆڵم، ١٩٨٥، ل٤٠ – ٤٢ و ل٥٥.

نیشتمانپەروەرێتی جەماوەر، ئەمانە گشت لە گشتیان دەگەڵ بەهرەی میکاڤیللییانەی لە ڕەفتارو قۆستنەوەی هەلدا، بەو پلەو پایەیان گەیاند. بەهەرحاڵ ئەو کۆمەکە دەرکییەی بە پلەی یەکەم لە ئێرانەوەو (لە ۱۹۷۲ش بەدوا، لەلایەن ئەمریکاوە) پێیدەدرا، شێوازی کەسایەتیو جۆری دەستەڵاتدارێتییان تەواو گۆڕی. ئەو وەزیرانەی ساڵی ۱۹۷٤ داینان، تەنها خۆی بۆی هەبوو لێیانبپرسێتەوە، ئەمە بەنیسبەت هێزە چەکدارەکانیشییەوە هەر ئاوها بوو. لێ ئاسایشی نێوخۆو (قۆرخکردنی کاری سیاسی)، ئەرکی دەزگەی سیخوڕیی پاراستن بوو، کە ۱۹٦٦ (ساڤاک)ی شا، وەك جامێکی وێنەی خۆی دایمەزراند. ئەو ئەنجوومەنی سەرکردایەتی شۆڕشەی ساڵانی ۱۹٦٦ – ۱۹۷۰ هێنرابووە مەیدانەوەو بۆخۆی جۆرە پارلەمانێك بوو، چیدی دانەنیشتو کۆنەبووەوە.

١٧. یەکێك لەسەرچاوە گرنگەکانی مێژووی مەڕوانییەکان تۆمارە مێژووییەکەی سەدەی دوازدەهەمی (ابن الازرق الفارقی)ییە. ئەوبەشانەی تایبەت بە مەڕوانییەکانن لە میسر چاپکرانو پاشان لەلایەن مامۆستای هێژا (محەمەد ئەمین بۆز ئەرسەلان)ەوە تەجەمەی تورکی کران. بڕوانە: (Ibn ul-Ezrek, "Mervani Kurtleri) tarihi", Istanbul, 1975) "مێژووی کوردە مەڕوانییەکان" چەند بەشێك لەو نوسراوە، دەگەڵ تێبینیو سەرنجدا، لە گوتارەکەی ۱۹۰۳ی Amedroz دایە. زانیاریی بێ لەوانە، لە گوتاری "کوردەکان"ی Minorskyو "مەڕوانییەکان"ی K. V. Zetterstheenدا دەبینین.

١٨. بڕوانە: (ابن الازرق، ۱۹۷٥، ل٦۹): کە عدود الدولە مرد، باد بەهێزتربوو، هەتا ژمارەی لایەنگرانیشی زێدی کرد.

١٩. دیاربەکرئەوڕۆ تەنها نێوی باژێڕێکە، جاران نێوی ویلایەتێکی مەزن بوو کە ئامەدو میافارقینو ماردینو سەردەمێکیش جزیرە سەربەو بوونو لە خۆرهەڵاتەوە تا گۆلی ڤان دەکشا.

٢٠. بڕوانە: (ابن الازرق، ۱۹۷٥، ل۷۳).

٢١. بڕوانە سەرچاوەی پێشوو، ل۷٤ – ۷٥، خەڵکی موسڵ مشووری ئەوەیان خوارد کە باد بەپێی ڕێسای ئاینی ئیسلام بنێژرێت، ئەمەش نیشانەی ئەوەیە کە چەندە ڕێزیان لێگرتووە.

٢٢. بڕوانە سەرچاوەی پێشوو، ل۱۱٥: "میر ئەبونەصر دەستەڵاتی خۆی پتەوو فراوانتر کرد، ئامەد خۆی نەبێت ئیدی گشت گۆشەوکەنارێکی ویلایەتی دیاربەکری خستە ژێر ڕکێفی خۆیەوە. نامەی دەگەڵ گشت پاشاکاندا ئاڵوگۆڕکرد، یانی نەك تەنها دەگەڵ قەیسەری بیزەنتی، بەڵکە دەگەڵ میری ئەرمەنو خەلیفەکانو بەهائولدەولەی بوەیهیشدا. بەوجۆرە دەستەڵاتی چەسپاو کەس پڕکێشی نەدەکرد لە ڕوویدا ڕاستبێتەوە".

٢٣. سەرچاوە پێشوو، ل۱۱۸ – ۱۲۰، دانەر دەڵێت: "بەوجۆرە شکۆی ناصرلدەولە پەرەیسەندو دەستەڵاتی فراوان بوو و وڵاتەکەشی هێورو سەقامگیر".

٢٤. بڕوانە: (Amedroz, 1903, S. 133 - 134).

٢٥. بڕوانە Minorsky: "کوردەکان" لە ئینسکلۆپیدیای ئیسلام چاپی یەکەمدا، ل۱۲۱۸، کە دەڵێت: "بەشنەڤییەکان یەکێك لە هۆزە نێودارە ڕەوەندەکانی کورد بوون، خاکیان دەکەوتە ژوور کێوەکانی تۆرعابدینەوە".

٢٦. بۆ نموونە بڕوانە: (O. Turan, 1973, S. 231 - 232) هەروەها سەرنجی ژمارە ۲۸.

٢٧. بڕوانە: (ابن الازرق، ۱۹۷٥، ل۸۲).

٢٨. ئەرمەنییەکان لە پشکی خۆرهەڵات و ژووروی خاکی مەڕوانییەکاندا، لە خەرپووت و مووش و بەتلیس و دەوروبەری گۆلی ڤاندا، زۆربەبوون. لێ لە ماردین و حەسەنکێف و میافارقین و ئامەد، ئاسوورییە یاقوبییەکان زێتر بوون. جوو بە نێزیکە تەنها لە باژێڕەکان دەژیان، تایبەت باژێڕەکانی خۆرئاوا. بڕوانە (Turan, 1973, S. 232).

٢٩. ئەو دەمانە کوردەکان تێکڕا میللەتێکی چیانشین بوون. "زێتر لە سەر ئاژەڵداریی و چەتەیی و ڕاوو ڕووت دەژیان و کەمتر خەریکی کشتوکاڵ دەبوون". بڕوانە: (Turan, 1973, S. 236). Turan لە زمان ئیبن جوبەیرەوە، کە گەڕۆکێکی سەدەی دوازدەهەمە، دەگێڕێتەوە گوایە لەو باژێڕانەی پێیدا تێپەڕیوە، وەکی نصەیبین و قۆچیشار و موسڵ، چەتەو ڕێگری کورد وەکی کوللەو سوننە وابوون.

٣٠. بڕوانە: (ابن الازرق، ١٩٧٥، ل١٦٩)، لە تەرجەمە تورکییەکەدا زێتر زاراوە گشتییەکەی بەیلەقلەر (میر) بەکاربراوە. Amedroz لە پوختەکارییەکەیدا باسی مڵك و ماڵ خەڵاتکردن دەکات.

٣١. بڕوانە: (ابن الازرق، ١٩٧٥، ل١٦٩). ئەو نەختینەیە دەبێت لەسەرتاسەری خاکی مەڕوانییەکاندا ساڵانە لە ١٠٪ی تێکڕای داهات کۆکرابێتەوە، وەکی لە ئەژمارەکانی دواتردا دەتوانرێت پەیپێبرێت. لەسەردەمی سەلجووقییەکاندا کەسێك دەکرا بە باجگری ئەو دەڤەرە، کە بۆ سێ ساڵ فەرمانداریی، بەڵێنی یەك ملوێن دینار دەسکەوتی دەدا. بڕوانە سەرچاوەی پێشوو، ل٢٠٢.

٣٢. ئەمە بە هیچ جۆر پێچەوانەی ئەو ڕاستییە ناوەستێتەوە کە گەلەك سەرەکهۆزو دەستەڵاتداری لووت بەسەردا ژەنراوی نێوچەیی، لە ڕەچەڵەکێکی نامۆن. بوونە غەوارە خۆی بۆ خۆی چشتێکە، لێ تەنها ئەو کاتەی مرۆ برێك خەسڵەتی دیکەی تێدابێت، وەکی گەشکەیەکی سروشتکرد.

٣٣. لە بەندی پێشوودا سەرنجی خوێنەرم بۆ دیاردەیەکی ئاوها ڕاکێشا، لێ لە ئاستی ئاوێتەبوونێکی قووڵتردا. کاتێك ئەتاتورك زۆربەی سەرەکهۆزو شێخەکانی کوشت، یاخود دەربەدەریکردن، ژمارەی کێشەو هەڵڵای نێو هۆزەکان خۆیان و نێوان هۆزەکان، زێدیکرد و زۆر بەئەستەم خەفەدەکران، چونکە کەسێکی خاوەنشکۆی بەوەجی ئەوتۆ نەما بوو تا ڕادەی بەگوێکردن ڕێزی لێبگیرێت، (بڕوانە بەندی دووهەم، بەشی سێهەم).

٣٤. بڕوانە: شەرەفنامە، ل٣٨٢ی، دەقە فارسییەکەی.

٣٥. بۆ تێڕوانینە مێژوویەکە، بە پلەی یەکەم سوودم لەم سەرچاوانە وەرگرتووە: ١–شەرەفنامە، گەر هیچی دی لەبەردەستاندا نەبووبێت ئەوا پەنام بۆ تەرجەمەکەی Charmoy بردووەو لەوم ڕاگوێزاوە، دەقاودەق ڕاگوێزراوەکان لە نوسخە فارسییەکەوەن. ٢–ئەسکەندەر بەگی تورکمان: "عالەم ئارای عەبباسی". ٣–Hammer: "مێژووی ئیمپراتۆرێتی عوسمانی". جگە لەوانە، ئەم سەرچاوە پلەدووانەش: Sarwar, 1939; Hinz, 1936; Schmidt-Dumont 1970; Sohrweide 1965; 1939; Shaw 1976; Sumer 1976; Mazzaoui 1972; Parmaksizoglu 1973; Tansel 1969. سەرچاوەکانی دی لە جێگەی خۆیاندا نێویان دەهێنرێت. لێکۆڵینەوەکەی ١٩٨٣ی Allouche دەرنگ بڵاوکرایەوەو نەتوانرا هەڵسەنگێندرێت.

٣٦. بڕوانە: (Cahen, 1968, S. 316).

٣٧. بڕوانە: (Hinz, 1936, S. 5)، (Cahen, 1968, S. 361 - 365)، (Mazzaoui, 1972, S. 10)، شەرەفنامە، لێرەولەوێ.

٣٨. بڕوانە شەرەفنامە، 1/II، ل ٢٤٨ – ٢٥٢.

٣٩. له (تاريخ الغياثي)دا كه لەلایەن Schmidt-Dumontەوە ١٩٧٠ بە چاپ گەیندراوە، لەو لایەنەوە نەباسی هۆزێکی کورد دەکات و نەنێوی سەرکردەیەکی کورد دەهێنێت. هەتا لەو سەرچاوەنەشدا کە پەخشکەر نێویان دەهێنێت، دەبێت بێ هوودە بە دوویاندا بگەڕێیت.

٤٠. بڕوانە: Hinz, 1936, S. 51, 136 – 137; Woods 1976, S. 104 – 114; شەرەفنامە، لێرەو لەوێ، Minorsky "کوردەکان".

٤١. بڕوانە: شەرفنامە، 1/II، ل٣.

٤٢. بڕوانە: Schmidt-Dumont، ١٩٧٠، ل ٧٨ –٧٩. Mazzaoui، ١٩٧٢، ل١١ – ١٢.

٤٣. بڕوانە: Hinz, 1936, S. 53 – 54; Schmidt-Dumont, 1970, S. 74

٤٤. بڕوانە: ژیانی صفی‌الدین و هەڵوێستە ئاینییە توندڕەوەکەی بڕوانە: Soheweide, 1965, S. 96–117 ، هەروەها بڕوانە: Mazzaoui, 1972, S. 46 –51.

٤٥. بەپێی گوتەی فەزڵوڵڵا ئیبن ڕۆزبەیان خونجی (کۆتایی سەدەی شازدەهەم)، کە سوننییەکی ئیماندارو دژێکی سەرسەختی صەفەوییەکان بوو، گوایە لایەنگرانی شێخ، ئاشکرا شێخ جونەیدیان بەخودا داناوە، خۆیان بە ئیلاه نێوبردووەو کوڕەکەشی بە کوڕی (ئیبنوڵڵا). لە وەسپ و سەنایدا گوتوویانە: ئەو هەمیشە زیندووەو لەو زێتر چ خودایەکی دی نییە. بڕوانە: Minorsky, 1957, S. 66.

٤٦. ئەو هۆزانە بریتی بوون لە: ئوستاغلو، شاملو، ڕوملو، تەقەلو، ذولقەوادیر، ئەفشار، قاجارو فارساق. بڕوانە: Mazzaoui, 1972, S. 81; Sumer, 1976, S. 18 - 19 لێ ئەو هۆزانە گشتیان قزڵباش نین. لە بوراێکی دیدا بڕێکی دی نێو دەبرێن، بۆ نموونە: قارەمانلو، بەیات، بەیبورتلو. دیارە نابێت وا تێبگەین کە ئەوانە هەموویان قزڵباش بوون، یاخود گشت لە گشتی قزڵباشان بە لایەنگرانی ئیسماعیل تێبگەین. تەکە (لە خواروی خۆرئاوای ئەنەدۆل)، ڕووم (لە نێوەندی ئەنەدۆل)، شام (لە سوریا)، دەڤەری مەزنترو بەئاستەم لێك جودابوون، خەڵکەکانی موسڵمانی سوننی بوون، لە نێویاندا شیعەی ماقوول و شیعەی توندڕەویشیان تێدابوو. لەو شیعانە بڕێکیشیان قزڵباش بوون. بۆیە هۆزانی وەکی تەکەلوو، ڕوملوو...هتد چەلێك دەیاندایە پاڵ صەفەوەییەکان و هەلێك پاڵ عوسمانییەکان. لەشەڕی چاڵدیراندا، سەرکردەکانی ذولقەدر چەندین جار ئەمبەرو ئەوبەریانکردو سەنگەریان گۆڕی. بڕوانە: (لیستەی نێوەکان لە Sarwar, 1939, S. 79 -80)دا.

٤٧. بۆ نموونە بڕوانە: Sumer, 1976, S. 53 - 56، زانیاری زێتر لەبارەی جەمشکەزەکەوە، لە بەشەکانی ٦ و ١١ی ئەم بەندەدا دەبینین.

٤٨. بڕوانە: Sarwar, 1939, S. 30 - 39، Mazzaour, 1972, S. 78 - 82.

٤٩. بڕوانە: Sarwar, 1939, S. 43–57 .

٥٠. ئەم بەیلەقە (میرنشینە) ساڵی ١٣٧٨ دامەزرا، پاش ئەوەی سەرەکهۆزی تورك، زەینەددین قەرایە ذولقەدر، مەرعەش و ئەلبستانی داگیرکرد، کوڕەکەی خاکەکەی فراوانتر کرد. سوڵتانەکانی عوسمانی و مەملووکەکان، گەلەکجار دەستیان لە کاروباری ئەم میرنشینە وەردەداو هەوڵیاندەدا دابەستەی خۆیان بخەنە سەرتەخت. ئەم میرنشینە هەرچەندە بە حسێب وابەستەی ئیمپراتۆریێتی عوسمانی بوو، لێ جۆرە سەربەخۆییەکی لەق و لۆقی هەبوو، هەتا ساڵی ١٥١٤ سوڵتان سەلیم، عەلائولدەولەی دواهەمین میری کەنارخست، چونکە لە شەڕی چاڵدیراندا نەچوو بەهاناوەو کۆمەکی نەنارد.

٥١. ئوستاغلو یەکەمین هۆزی تورك بوو کە ساڵی ١٥٠٠ دایە پاڵ شا ئیسماعیل، بڕوانە: Mazzaour, 1972, S. 81. واپێدەچێت محەمەد بەگ سەرۆکی بووبێت، یاخود یەکێك بوو بێت لە سەرکردەکانی، بۆیە شا ئیسماعیل پلەو لەقەبی خانی پێبەخشیوە. بڕوانە: Sarwae, 1939, S. 53.

٥٢. بڕوانە: Sarwae, 1939, S. 52 – 54, 72، شەرفنامە، لێرەولەوێ. دەربارەی تاڵانکارییەکەی جزیرە لەلایەن محەمەد خانی ئوستاغلووەوە، بڕوانە تەرجەمەی ئەو بەڵگەنامە ئارامییانەی سەردەمەکە لە A. Scher, 1910, S. 123 – 126دا. تەرجەمەی بڕێك لەو بەڵگەنامانە لە بەشەکانی داهاتوودا دەدیترێن.

٥٣. لەبەشی داهاتوودا ئەو حاڵەتە دەتوێژینەوەو رشوونی دەکەینەوە، تایبەت بڕوانە ئەو بەشەی لەبارەی هەکارییەوە.

٥٤. ئەو سەرەکهۆزە کوردانە بریتی بوون لە: مەلیك خەلیلی حەسەنکێف، شا عەلی جزیرە، میرشەمسەددینی بەتلیس، میرداوودی خیزان، عەلی بەگی ساسون، میر شا محەمەدی شیرەڤیو ١٠ سەرەکهۆزی دی، کە جگە لە دووانەکەی دواییان، ئیدی گشت لە گشتیان گیران. بڕوانە شەرەفنامە، 1/II، ل ٢٨٩ – ٢٩١.

٥٥. بڕوانە تەرجەمە فەرەنسییەکەی A. Scher, 1910, S. 123 - 126.

٥٦. بۆ نموونە بڕوانە: Sohrweidi, 1965, S. 145 – 158.

٥٧. سەرچاوەی پێشوو، ل١٦٢، هەروەها بڕوانە: Altindag، "سەلیمی یەکەم"، لە Islam Ansiklipedisiدا. هەروەها بڕوانە: Tansel, 1969, S. 20 - 39

٥٨. وەك پێشتر باسمان کرد، بەبۆنەی دانانی محەمەد بەگەوە بە حوکمداری دیاربەکر، شا ئیسماعیل لەقەبی خانی پێبەخشی.

٥٩. بۆ زانیاری هوردتر لەبارەی شەڕی چاڵدیرانو پێشهاتەکانی لەوەبەرییەوە بڕوانە: Hammer، سەرچاوەی پێشوو، ل٣٩٢، Tansel, 1969, S. 30 - 67. کورتتر بەڵام هوردترو پرچێژتر ئەوەکەی Sarwar, 1939, S. 72 – 85. هەروەها گوتارەکەی S. Altindag: "سەلیمی یەکەم"، لە Islamic Ansiklopedidiدا. لە تەك ئەواندا، رووداوو پێشهاتەکانی نێو تخووبی ئیمپراتۆریتی عوسمانی زۆر بە هوردی لەلایەن Sihrweidەوە، ١٩٦٥، ل٦٤ – ١٣٨، شیکراونەوە.

٦٠. بڕوانە: شەرەفنامە 1/II، ل٢٩٥.

٦١. بڕوانە Hammer، سەرچاوەی پێشوو، بەرگی دووهەم، ل٤٣٣. سەرچاوەی گرنگ گێڕانەوەکانی ئیدریسی بەتلیسی خۆیەتی لە دەستنووسەکانی ئەبوفەزڵی کوڕیدا: "زایەڵەی هەشت بەهەشت"، کە تەواوکەری مێژووی "هەشت بەهەشت"ەکەی ئیدریس خۆیەتی.

٦٢. ئەم میرە کوردانە چالاکانە دژی قزڵباش جەنگان: میر شەرەف بەتلیس باژێڕی بەتلیسی لەدەست سەندنەوە. مەلیك خەلیلی حوکمڕانی لەوەبەری حەسەنکێفو سیعرد، ئەو دوو باژێڕەی لەژێر چەپۆك دەرهێنانەوە. محەمەد بەگی ساسۆنو حەزۆ، هەرزەنی گرتەوەو دژی قزڵباشان جەنگا. سەیید ئەحمەد بەگی ڕەفقی، قەڵاکانی نەتەكو میافارقینی گرتەوە. قاسم بەگی کەردیسی، پاڵووی ئازادکردو ئاڵای عوسمانیی لەسەر داچەقاند. سەعید بەگی سۆران کەرکوكو ئەربیلی گرتەوە. شا عەلی بەگی جزیرەو ئەوانی دی، کە تێکڕا بیستو پێنج سەرۆکهۆز بوون. بڕوانە Hammer، سەرچاوەی پێشوو، بەرگی دووهەم، ل٤٣٣ – ٤٣٤.

شەرفنامە نێوی ئەو سەرەکهۆزانە دەهێنێت کە لە ئەستاندنەوەی بەتلیسدا پشتی میرشەرەفخانیان گرتووەو لە تەکیدا دژی هێرشی ئێران وەستانەوە: محەمەد بەگی حەزۆ، میر داوودی خیزان، میر شا شیرەڤی و میری مەکس و اینسپاییرد.

بڕوانە: شەرەفنامە، 1/II، ل٢٩٧.

٦٣. بڕوانە بەندی دووهەم، بەشی حەوتەم.

٦٤. ئەو دەقە لەشەرەفنامە ڕاگوێزراوە. بڕوانە1/II، ل٢٩٦ – ٢٩٧.

٦٥. بڕوانە تۆمارە مێژووییەکەی ئەبولفەزڵی کوڕی ئیدریسی بەتلیسی، (هەروەك سەرنجی ژمارە ٦١).

٦٦. هوردتر وەلێ ناکامڵتر، پێشهاتەکانی ئەودەمی کوردستان لەم سەرچاوانەشدا دەبینین: Sarwar, 1939; Tansel, 1969, S. 78 – 79; Hammaer، سەرچاوەی پێشوو، ل٤٣٣ – ٤٦١، شەرەفنامە، 1/II، ل٢٩٤ – ٢٩٨و لێرەولەوێ.

٦٧. خوتبە ئەو گوتارە ئاینییەیە کە لەکاتی نوێژی هەینیاندا دەخوێندرێتەوە لەو گوتەیەدا نوێژو نزاو پاڕانەوە تێکەڵە بۆ پەیامبەرو چوار خەلیفەکەی پاشی و خەلیفەی ئەو سەردەمەش کە نوێژەکەی تێدا دەکرێت و ئەو ڕێبەرانەی بەدادوەر دەزانرێن. نێوی هەر دەستەڵاتدارێك لە خوتبەدا خوێنرابا، وەکی بانگهەڵدانی سەرخۆبوونی تەواو لێکدەدرایەوە. دیارە دراو لە سککەدانیش هەرئاوهایە.

٦٨. بڕوانە: شەرەفنامە، 2/I، ل١٨٤.

٦٩. بڕوانە: هەمان سەرچاوە.

٧٠. بڕوانە: هەمان سەرچاوە2/I، ل١١٤ – ١٣٢. بۆ پەیوەندییان دەگەڵ مەحمودی و دمبلیدا، بڕوانە: هەمان سەرچاوە، 1/II، ل١٥٨ – ١٧٧.

٧١. مێژووی ئەو نەستۆرییانە لە توێژینەوە نایابەکەی ١٩٦١ی Joseph .Jدا پێشچاوخراوە. بەر لە کوڕەوەکەیان، ئەوانە پشکی زۆری دانیشتوانی هەکارییان پێکدەهێنا. Cunet ساڵی ١٨٧٠ ئەم ژمارانە بۆ سنجەقی هەکاری تۆمار دەکات:

١٦٥٠٠٠ کورد، ٩٧٠٠٠ ئاسووری، لەوانە ٥٢٠٠٠ یان سەربەخۆی، (واتە لەژێر خانەی: سەربە چ هۆزێکە؟) نەستۆری دەنوسرا.

٧٢. بڕوانە: "کوردەکان" لە ئینسکلۆپیدیای ئیسلامدا، چاپی یەکەم، بەشی یەکەم.

٧٣. پاش جووتباقەکردن بە ئیمپراتۆرێتی عوسمانییەوە، ڤان بووە ئەیالەت و لەلایەن والییەکەوە حوکم دەکرا کە سوڵتان خۆی دایدەنا. ئەولیا چەلەبی لە سیاحەتنامەکەیدا دەگێڕێتەوە، فەرمانڕەوایی زۆربەی ئەو باژێڕانەی لە ویلایەت گچکەتربوون، بەدەست خانەوادە دەستەڵاتدارەکانی کوردەوە مانەوە، بڕوانە: بەرگی ٤ی سیاحەتنامە، ل١٢٢٦ – ١٢٢٨، چاپەکەی Temel Kuranو Aktas. دەربارەی ئەو جۆرە دەستەڵاتدارییە تییانەو دەمەتەقێ لەسەری، بڕوانە بەشی حەوتەمی ئەم بەندە.

٧٤. بڕوانە: ئەرەفنامە، 1/II، ل١ – ٦١.

٧٥. سەرچاوەی پێشوو، 2/II ,1. وەکی پێشان چەندین جار گوتمان، زۆری سەرەکهۆزە گەورەکان، یاخود کۆنفۆێدارسیۆن و میرنشینەکان، لە توخم و تۆوی هۆزەکەی خۆیان نین و پێیان نامۆن. هەتا ئەگەر ئاوهاش نەبن، خۆیان بانگاشەی لەو بابەتە دەکەن. تایبەت پاڵەوانانی مێژووی ئیسلام بەختیان چاکی دەهێنێت و

بەخۆڕایی دەبنە بابەڵبابی زۆر هـۆز. ئـەوەبوو خانـەوادەی چەمشـکەزەك بانگاشـەیاندەکرد، کـە گوایـە لـە تۆرەمەی عەباسییەکانن.

٧٦. هەرچەندە ناتوانرێت بگوترێت داخۆ چەندی ڕەشەخەڵکەکەی چەمشـکەزەك شیعەبوون، لێ ژمارەیـان زۆر بوو. پێدەچێت میر حاجی ڕۆستەم بەگ لایەنگری صەفەوییەکان بووبێت، چونکە لەشەڕی چاڵدیراندا دەگەڵ ژمارەیەکی زۆر لە ئاغاکاندا دابوویە پاڵ صەفەوییەکان. وەك لەبەراییدا باسکرا، بڕێك لەو چەمشـکەزەکانە پاش شـەڕی چـاڵدیران گەڕانـەوە ژێـر سـایەو پایـەی دەوڵـەتی عوسمـانی، ئـەوانی دی لـە ئـێران مانـەوە. شەرەفخان باس لە هەزار خانەوادەیەکی چەمشکەزەك دەکات، کە قزڵباش بوون‌و لە ئێران ماونەوە. صـەد ساڵێك پاشتر، شا عەبباس وەکی یاساوڵی سنوور دەیاننێرێتە خۆراسان. ئێستاکە عەلەوییەکان لـە دەڤـەری چەمشکەزەکاندا زۆربەی دانیشتووانن. بـە گوتـەی Dersimi، ١٩٥٢، گوایـە گشـت لـە گشـتی دانیشـتووانی عەلـەویین، کـە پێدەچێت زێدەڕەوی بێت. ئـەو سـەرژمێرەی Cuinet دەورووبـەری سـاڵی ١٨٧٠ کردوویـە زۆر ڕوون نییـە، چونکـە جۆری خانەخانەکردنەکەی تـەواو ڕۆشـن نەکردۆتـەوە: ئەرمـەنی ١٠٪، قزڵبـاش ٥٠٪، موسڵمان ٢٠٪، کورد ٢٠٪. بڕوانە: Cuinet, 1891 – 1894, II, S. 392.

## فەرهەنگۆك

### ئ

ئارمانج : ئامانج، نیاز

ئاری : نیشتەجێ، پێچەوانەی ڕەوەندو کۆچەر

ئاسنجاو : فلزات، هەرچی لە ماددە ڕەقەکان دروستکرابێت وەکو مس‌و زەردو فافۆن‌و تەنەکە...هتد

ئاقار : مەڵبەند، نێوچە، دەڤەر، کاڤار

ئاکار : خووو ڕەوشت

ئاڵۆزی‌و باڵۆزی : پشێوی‌و ئاژاوە

ئاماڵ : مەیلەو، شتێکی وێکچوو

ئاوردوو : سووتەمەنی

ئاوەز : هۆش

ئۆتاریتێر : دیکتاتۆر، تۆتالیێتێر

ئەبستراکت : موجەڕڕەد، ڕەها

ئەرێتی : ئیجابی

ئەیاغ : قرپۆت، قرپۆڵ، کەم فەڕ

ئێڵاخ : هاوینەهەوار، زۆزان، هەوار

### ب

باژێڕ : شار، شارۆچکە

بریکار : وەکیل، جێگر

بنفەلە : کۆنەگاوری تازە موسڵمان، موسڵمانێکی بە ڕەچەڵەک دیان
بۆرەپیاو : پیاوی ڕەمەکی، پیاوێك کە ناسراوو نێودارنەبێت، خەڵکەڕەشۆکێکە
بەرۆگر : میراتگر، جێگرەوە
بەژ : خوێنبایی
بەگلەربەگی : میری میران
بەگەنکردن : پەسەندکردن، لێڕازیبوون.
بەوەج : پیاوی بەڕێزو بەنرخ، پیاوی خاوەنشکۆ
بەنێزیکە : تەقریبەن
بەینەت : ئەمەك، وەفا
بەیدەستکراو : دەستگیرکراو، ژێردەستخراو
بێئۆرت : بێئیعتیبار، کەسێك کە جێی باوەڕ نەبێت
بێرەڤان : نێوبژیکەر
بیژۆك : شاذ، هەر شتێك لەیاسا گشتییەکە لابدات.

پ

پڕکێشی : سووربوون‌و پێداگرتن، بوێری، جەسارەت
پشتێر : تەویلە، گەوڕ
پەنەمان : هەڵئاوسان، هەڵتۆقین، ئەستووربوون
پەیجووری : توێژینەوە، لێکۆڵینەوە
پێکەڵپێك : تێکەڵاو، ئاوێتە
پێداهەڵقژان : بەگژداچوون، شاڵاو بۆبردن
پێوار : نادیار، گوم
پرینگانەوە : چریسکانەوە، درەوشانەوە
سڵنەکردنەوە، دوودڵی نەکردن، چاونەترسان

ت

تاووڵ : ڕەشماڵ، چادر
تخووب : سنوور، کەوشەن، سەرحەد
ترۆپك : لوتکەی کێو، دوند
تڵین : وودم، ئیجازە، ڕێگەدان، هێشتن
تۆرەمە : ڕەچەڵەك، بنەچە، نەژاد
تۆڕی : پووچ‌و بێنرخ، هیچ‌و پووچ
تەڕیدە : چەتە، ڕێگر، جەردە
تەژە : زەلامی کەتە، زلحۆرت، چەتەوڵ

تەشقەڵە : گەڕ، شەڕپێفرۆشتن، شڵتاغ

تەقیلە : تەقلە، کڵاو

تەوەر : چێوە، محیط

تۆرەڤان : زانا، دانا

تیزپێکردن : گاڵتەپێکردن

تێکەو لێکە : بێ سەروبەری، کەس بەکەس نەبوون

تیمار : ئەو زەویانەی، یاخود ١٠٪ داهاتی ئەو زەویانەی دەوڵەتی عوسمانی لەبەرامبەر خزمەتی سەربازیدا بە ئەفسەرانی دەدا.

تییان : ناڕاستەوخۆ

ج

جڤات : کۆبوونەوە، ڕێکخراو، نەقابە، جمعیە

جمکوت : قەرەباڵغ، ئاپۆڕەی خەڵك

جووتباقە : دادرروونی دووکوت بەیەکدیدا. لە بنەچەدا بە دادرروونی دووپارچە پێکەیشتووەکەی کەناری کەوشی دەستدرووی جاران دەگوترا، کە بە کوتە چەرمێکی سێگۆشە، بەشی پێشەوەو پاشەوەیان پێکەوە دادەدروو تا چاك بەرگە بگرێتو هەڵنەوەشێتەوەو لەبەر یەك نەڕەوێتەوە.

جەلۆ : شەللاتی، سەرسەری، گەندەپیاو، تۆڕی

چ

چاتۆڵ : خیوەتی تەنکی هاوینە

چەتەوڵ : تەڕە، زەبەلاح، کەتەی ناقۆڵا

چێودار : ئاژەڵدار

خ

خاپاو : خەڵەتێنراو، تەفرەدراو، فریوخواردوو

خاوە : باج، سەرانە، کەرانە

خرمژن : دەنگی خشڵ، خڕەو هاڕەو لەرزانە

خۆداپێداو : تاقمی هەڵبژارتە، Elite

خورت : هێزدار، بەقەوەت

خۆرت : لاو، گەنج، جەحێڵ

خەڵف : لقەداری یەکساڵە، تازە نەمام

خیچاو : دۆڕاوی لەگەمەو کایە بەدەرنراو

## د

داپرووسکاندن : داڕنینی دار لەبەرەکەی، ڕووتاندنەوە

دارۆچکان : داهێڵان، داهێشتن

دژدار : قەلاچی، ئێشکچی قەلا

دژوێن : پیس، گەمار، چڵکن

دلاوا : بەخشندەو دەستودڵ والا

دڵبژۆک : تەماحکار، چاوچڵێس، چاوچنۆک

دۆنادۆن : زیندووبوونەوەی گیان لە جەستەیەکی دیدا، "تناسخ الارواح"

دەرپێتێکەڵ : خزمایەتیو تێکەڵبوون لە ڕێی ژنو ژنخوازییەوە

دەڤەر : نێوچە، مەڵبەند، ئاقار، کاڤار

دەمامک : ڕووپۆش، ماسک، قیناع

دەهۆ : فێڵو تەڵەکە، گزی

دەهۆباز : تەڵەکەباز، فێڵباز، گزیکەر

دەیڤەرە : چەرچی، ووردەوالا فرۆش

## ڕ

ڕەچە : ڕێگەی زۆر باریک، کوێرەڕێ

ڕژد : چرووک، دەستنووقاو
هەورازی سەختی کووڕ

ڕژدو زەرد : شوێنی کووڕو ڕەقەنی بەزەحمەت کێڵراو

ڕۆمەت : ڕێز، حورمەت

ڕەمەکی : مرۆی ڕشۆکی، کەسێک لە ڕەشەخەڵکەکە

ڕەوکردن : کۆچکردن، هیجرەت

ڕەند : مێرخاس، پیاوی پیاوانە

ڕەنێوهێنان : پێگەیاندن، پەروەردەکردن، بەکارهێنان

ڕێژەو : بڕشتی خەلە، بەرهەمی زۆر

ڕێسای ئاینی : مەراسیمی ئاینی، شەعائیری دینی

ڕیفۆرمیست : چارەسەرخواز

## ز

زاروزیچ : وەچە، نەوە

زرپ : قەبە، زلە، زەق

زرپو زۆپ : قەبەو دەرپەڕیو

زلحۆ : زەبەلاح، تەژەی ناقۆلا

زۆزان : کوێستان، هەوارگەی ڕەوەندان

زەعامەت : تیماری برنجیی، ئەو زەوییە زۆر پڕفەڕانەی کە دەوڵەتی عوسمانی بە ئەفسەرانی دەدا

زەق و زۆپ : هەڵامساو، قەبەو دەرپەڕیو

زەنوێر : نێوچەی تەڕو سازگاری کوێستان

زێد : نیشتمان، زاینگە

س

سۆنگە : لەبەر، بەهۆی

سەرحەد : سنوور، تخووب

سەرگەڤار : سەرگەورەی خێزان، وەلی ئەمر

سەرنەوەرکردن : سەرشۆڕکردن، ملکەچکردن

سەقامگیر : بەرقەرار، جێگەی خۆگرتوو

سەهندە : سەرسەخت، سەرکەش، بزۆز

سیرمەخۆری : دزیو قاچوقووچ، بەرتیل خواردن

ش

شایەن : تەرازوو

شپڕێو : شپرزە، حاڵ پەریشان

شڵۆێ : سیخوڕ، جاسووس‌و بەکرێگیراو، بەدگۆ

شەمماس : فەقێی فەلەیان

شەمزین : ژاکان، پەشۆکان

شیمانە : شێوا (لە کاری "دەشێت"ەوە، بۆ نموونە: ئەو هیوایە شێوای هاتنەدییە)، ئیحتیمال

غ

غەوارە : بێگانە، نامۆ

ف

فرچك : ڕاهاتنی منداڵ بە مژینی مەمکی دایك

فڕکردن : خواردەنەوە، هەڵقوڕاندن

ق

قاقڕ : زەوی ووشکی بێ ئاوو بێ شینایی

قاوداکەوتن : دەنگۆ، واتەوات

قاودان : دەرکردن، ڕاوەدوونان، دەرپەڕاندن

قشڵە : بنکەو بارەگای پۆلیس و ژەندرمە

قووچ و هەڵچوو : هەرەمی، دوندی

قەپێلك : توێکڵ، پەلك

قەرەبوو : خەرامان، بژاردنەوەی زیان

قنیاتکردن : سەبووری هاتن ئاسوودەبوون

ك

کاڤار : دەڤەر، ئاقار، مەڵبەند، نێوچە

کاوەخۆ : لەسەرەخۆ، هێدی

کۆخت : کوڵیت، خانووی چکۆلەی هەژارانەی خراپی کولانەی مریشك ئاسایی

کۆنەپەرست : ڕەجعی

کۆنەخواز : هەڵکورما و لەسەر ڕەوت و دابی کۆنینە، محافظ

کەندو لەند : شوێنی پڕ لە چاڵوچۆڵ، کۆسپ و تەگەرە

کێبەرکێ : پێشبڕکێ، ململانێ

گ

گراوی : دڵبەر، دڵخواز، ماشقە، حەزلێکراو

گلێنە : دەفری لە سواڵەت دروستکراو، هەرچی لە قوڕ دروستدەکرێت

گوردێر : حەریف، مێمڵ

گەڕاڵ : گەڕیدە، گەڕۆك

گەللەیی : بەکۆمەڵ، جماعی، Kollektiv

گەو : ئاڵقە

ل

لاشیپانە : چوارچێوەی دەرگا

لەلە : خزمەتچیی زارۆکان

م

مزەخت : ئەرککێشان، مەسرەف

منەکردن : سۆراخکردن، عەوداڵبوون بە دووی شتێکدا

مۆرك : خەسڵەت، سیما

مۆرکردن : داخستنی شوێنێك بە تۆپزی لەلایەن دەزگەی دەوڵەتەوە، قفڵەکەی بەتاڵێك بەن دەپێچرێت و ئەوجا مۆمێکی سووری بەسەردا دەتاوێنرێتوە.

مەلەغان : داسێکی دەسك درێژە بەپێوە دروێنەی پێدەکرێت

میرغەزەب : جەللاد، جەللاب

ن

نسکۆ : هەڵەنگوتن، لەتردان

نواڵ : نزار، جێگەی سێبەرو فێنك لە كێوان

نەتڵ : ملۆزم، مێمڵ

نەتم : كاتیی، مووەقەت

نەتەوی : دوژمن، ناحەز

نەستێلە : مەردو مێرخاس، پیاوی پیاوانە

نێرو ئامور : هەوجاڕو گاسن

و

وودم : ئیجازە، تڵین

ووشكەڕۆ : چۆڵی قاقڕو بێ ئاو

ووڵكە : مەڵبەند، مەیدان

هـ

هانا : لەبەر پاڕانەوە بۆ بە ئەنجامگەیاندنی مەرامێك

هزر : بیر، فكر

هۆبە : كۆمەڵە چادرو ڕستی دەواری ڕەوەندان

هۆزانڤان : شاعیر، بوێر

هەراو : هەڵكشاو، گوشاد

هەڤۆت : تعالیم

هەڵوەدا : ئاوارەی دووی شتێك، سەوداسەر

هەویا : هیواو ئاوات

هاوینی ١٩٧٨ زانستگە تەواو دەكاتو هەر ئەو ئانو ساتانە لەسەر چالاكیو جموجۆڵی سیاسی پەنهانی، دەڤگە سیخوڕییە نهێنگرە پیاوكوژەكانی بەعس بە دوویدا دەگەڕێنو دەیانەوێت دەستگیریكەن.
بەكۆمەكی چەند برایەكی دڵسۆزو بەئەمەكو كارامە دەرباز دەبێتو خۆی دەگەیەنێتە ئوتریش. سەرەتا لە ڤیەننا دەگیرسێتەوەو زانستی زمانو سیاسەتو خۆرهەڵاتناسی دەخوێنێت. پاشان دەچێتە سالزبورگو لەپاڵ كرێكاریو كوێرەوەرییدا، درێژە بە خوێندنی زانستی زمانو سیاسەتو فەلسەفە دەداتو ساڵی ١٩٩٢ كارنامەیەك دەربارەی زمانی كوردی پێشكەش دەكاتو بڕوانامەی دوكتۆریی پێدەپچڕێت.
پاشان بەدووی كارو بژێودا ڕوو لە ئاڵەمانیا دەكات.

لەتەك ژمارەیەكی زۆر گوتارو بابەتی دیكەی لێكۆڵینەوەدا، ئەم بەرهەمە نوسراوو تەرجەمەكراوانەشی بە نێوی خواستراوی (كوردۆ عەلی)یەوە بڵاوكردۆتەوە:

لەبەرهەمەكانی وەرگێڕ:

١-((ئەكترو ڕێژێسوێری كورد "یەڵماز گیونەی"))، ١٩٨٤، لە ئەڵەمانییەوە كراوە بە كوردی، ٢٦ل.

٢-* ((كوردستان و شۆڕشەكەی))، نووسینی "جەمال نەبەز"، ١٩٨٥، لە ئاڵەمانییەوە كراوە بە كوردی، ٤١٥ل.

٣-((مەسەلەی كورد لە پارلەمانی ئاڵەمانیدا))، ١٩٨٥، لە ئاڵەمانییەوە كراوە بە كوردی، ٥١ل.

٤-*((سۆڤیەت و بزووتنەوەی نیشتمانیی كورد))، ١٩٨٦، هەڵسەنگاندن و پێداچوونەوەیەكی ڕەخنەگرانە بە كارنامەی دوكتۆرییەكەی كاك "فازڵ مەلا مەحمود"دا، ١٥٧ل.

٥-* ((سڕینەوەی چەند پەڵەیەك بە تەوێڵی ڕاستییەوە))، ١٩٨٧، نامەیەكی كراوە بۆ كاك "كەریمی حیسامی"، ٧٦ل.

٦- *((مەسەلەی كورد لە پارلەمانی نەمساییدا))، ١٩٨٩، لە ئاڵەمانییەوە كراوە بە كوردی، ٤٠ ل.

٧- ((یەك هەڵووژەو هەزار هەڵووژە))، ١٩٨٩، چیرۆكێكی نووسەری ئازەری "صەمەدی بیهرەنگی"یە، لە فارسییەوە كراوە بە كوردی، ٦٦ل.

٨- * ((مێگەل))، سیناریۆی فلیمی "(مێگەل)" "یەڵماز گیونەی"، ١٩٨٩، لە ئاڵەمانییەوە كراوە بە كوردی، ٨٧ل.

٩-* ((كۆمۆنیزمی ئەوروپایی))، بەرگی یەكەم، ١٩٩٠، نووسینی پرۆفیسۆر "ڤۆلڤگانگ لیۆنهارد"، لە ئاڵەمانییەوە كراوە بە كوردی، ٢٢٢ل.

١٠- * ((ئاشی چی و باراشی چی))، ١٩٩١، باقە سەرنجێك لە وەرامی گۆتارێكی كاك "بەهاددین نوری"دا: (ئاش هەردەگەرێت و باراشهاڕیش زۆرن)، ١٥٢ل.

١١- * ((مووسەری هێژای تورك "سمایل بێشكچی"و تێڕوانینێكی زانستانەی مەسەلەی كورد)) ١٩٩٣، ٦٦ل.

١٢- ((بڕێك بابەتی ووشەسازیی كوردی))، كارنامەی دوكتۆری، ﴿بە زمانی ئاڵەمانی﴾، بەرلین، ١٩٩٧، ٢٥٧ل.

١٣- "بزووتنەوەی نیشتیمانیی كورد لە نێوان گێژەنی سەربەخۆیی و گێژەنی ئۆتۆنۆمیدا"، پاساو، ١٩٩٨.

١٤- "د. كوردۆ عەلی لەبەر لێزمەی پرسیاردا"، پاساو، ١٩٩٨.

سەرنج :

ئەو كتێبانەی نیشانەی ئەم ئەستێرەیە (*) لەتەك ژمارەكەیاندا دانراوە، لە بنكەی چاپەمی (ڕۆژ) دەستدەكەون و دەتوانرێت ڕاستەوخۆ بەم نێونیشانە داوا بكرێن:

SOLFORLAGET

BOX 136
191 22 SOLLENTUNA
SWEDEN

# ئاغا و شێخ و دەوڵەت

مارتین ڤان برونەسن

# ئاغا و شێخ و دەوڵەت

د. کوردۆ عەلی
لە ئەڵمانییەوە کردوویە بە کوردی

بەرگی دووهەم
سلێمانی ٢٠٠٣

**زنجیرەی کتێبی دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم**
**کتێبی سەردەم ژمارە ( ٢٢٨ )**

**سەرپەرشتیاری گشتیی زنجیرە**

**ئازاد بەرزنجی**

# ئاغا و شێخ و دەوڵەت

بابەت: مێژوویی

نوسینی: مارتین  فان برونەسن

وەرگێڕانی: د. کوردۆ عەلی

بەڕێوەبەری هونەری: شیروان تۆفیق

مۆنتاژی کۆمپیوتەری: سەیران عەبدولرەحمان

هەڵەچنی: خودی نووسەر

تیراژ:  ٥٠٠ دانە

ژمارەی سپاردن:  ١٧٦ ی ٢٠٠٣

www.sardam.net

3.7 موڵکایەتی و پەیکەری کارگوزاریی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی، لە سەدەکانی پازدە و شازدەدا
3.7.1 بەگەڕخستنی دەزگەی ئیدارەی عوسمانی لە کوردستاندا
3.8 شیرازەی نێوخۆی میرنشینە کوردییەکان
3.8.1 بەتلیس
3.8.1.1 مێژوو
3.8.1.2 هۆز و میرەکان
3.8.1.3 هۆزەکانی بەتلیس
3.8.1.4 هێز و دەستەلاتی میر لەنێو هۆزەکاندا
3.8.1.5 داهات و ئەرك و فەرمانی سوپا
3.8.1.6 تیپەکانی دیکەی سوپا
3.8.1.7 پلە و پایە و بڕیاردان
3.8.1.8 توێژاڵەکانی کۆمەڵ
3.8.2 بابان
3.8.2.1 چەند سەرنجێك
3.9 کۆچەرایەتی لەباکووری خۆرهەلاتی ئێراندا
3.10 گۆڕانکارییە سیاسییەکانی سەدەی نۆزدەهەم
3.11 سەرهەڵدانی بەدرخان بەگ و داڕمانی میرنشینی بۆتان
3.11.1 بۆتان ، پاش نەمانی میر
3.11.2 ئاکام و سەرئەنجام
3.12 یاسا و مافی نوێی زەوی و زار و کاریگەرێتییەکەی
3.12.1 سیاسەتی زەوی و زاری ئینگلیزەکان لە کوردستانی عێراقدا
3.13 دامەزراندنی سوارەی حەمیدییە لەنێو هۆزە کوردەکاندا

3.14 گۆڕانکارییەکانی سەرەتای سەدەی بیستهەم
3.14.1 سنووری نوێ و دابەشکردنەوەیەکی دیکەی کوردستان
3.14.2 سیاسەتی وولاّتانی بەرۆگر لە حاند خێڵەکاندا
3.15 چەند سەرنجێکی کۆتایی ، دەربارەی ئەم بەندە

**بەندی چوارهەم**

4 شێخ و سۆفی و پیاوانی نوورانیی و سیاسەتمەداران
4.1 سەرتڵ
4.1.1 خوداوەندێکی زیندوو
4.1.2 پەیامبەران
4.1.3 غەوس و قوتب
4.1.4 مەهدی
4.1.5 سەییدەکان
4.1.6 پلە و پایە ئاینییەکان
4.1.7 مەلا
4.1.8 شێخان
4.2 تەریقەتە دەروێشی و سۆفیگەرێتییەکان
4.3 تەریقەتە سۆفی و دەروێشگەرییەکان
4.3.1 دەزگەیەکی عارفانەی میللییانە رێکخراو
4.3.2 تەریقەت و سیلسیلە
4.3.3 مورشید و مورید و تایەفە
4.3.4 خەلیفە
4.3.5 شیکردنەوەیەکی دیکەی سیلسیلە
4.3.6 کەرامات

4.3.7 شێوازی جۆرا و جۆر و بنەمایەکی یەکتوخمی تەریقەتەکان
4.4 مێژووی تەریقەتی قادریی وەك نموونەیەك
4.5 پیرۆزییەکانی دی کوردستان
4.6 شێخانی قادریی کوردستان
4.6.1 شۆڕشەکەی شێخ مەحموود
4.6.2 شێخانی تاڵەبان
4.7 تەریقەت و ڕێبازی نەقشبەندیی
4.8 چۆن تەریقەتی نەقشبەندیی ئاوها خێرا پەرەیسەند ؟
4.8.1 خەسڵەتە گرنگەکانی تەریقەتی نەقشبەندیی
4.8.2 گۆڕانکارییـــــە کۆمەڵسیاســـــییەکانی کوردســـــتانی ســـــەرەتای سەدەی نۆزدەهەم
4.9 زیکری تەریقەتی قادریی
4.9.1 مەجلیسێکی تەریقەتی قادریی لە مەهاباد
4.9.2 جەزبە و خۆداپاچیین
4.9.3 هونەری هۆنراوەی مەجلیس
4.10 بەزمی تەریقەتی نەقشبەندیی
4.10.1 شێوازە جوداوازەکانی ئەو بەزمە
4.10.2 توندڕەویی و شلڕەویی
4.11 شێخ و خەلیفە و پەیوەندییان لەگەڵ شێخانی دیدا
4.12 شێخ و دووکەوتووانی
4.13 توانا ئابوورییەکەی شێخ
4.14 دوو شێخی دەستڕۆیشتوو
4.14.1 شێخ عوسمانی تەوێڵە
4.14.2 شێخ سەیدای جەزیرە

4.15 مەهدێتی
4.16 دالەنگینی دەستەلأتی شێخان
4.17 بێداربوونەوەی ئیسلام
4.18 بەنێوبانگترین خانەوادەکانی شێخانی کوردستان
4.18.1 چەند سەرنجێك دەربارەی خشتەی یەکەم ، بنەماڵەی بەرزنجەییەکان
4.18.2 سەرنجەکان لەبارەی خشتەی دووهەمەوە ، ساداتی نەهری و بارزانییەکان
4.18.3 سەرنجەکانی خشتەی سێهەم ، شێخانی تەوێڵە و بیارە
4.18.4 سەرنجەکانی خشتەی چوارهەم ، شێخە نەقشییەکانی جەزیرە
4.18.5 غەوسی خیزان
4.18.6 سەرنجەکانی خشتەی شەشەم ، شێخانی پاڵوو

## بەندی پێنجهەم

5 ڕاپەڕینەکەی شێخ سەعید
5.1 سەرتڵ
5.1.1 چەند سەرنجێك دەربارەی ئەو سەرچاوانەی بۆ ئەم بەندە سوودم لێوەرگرتوون
5.1.1.1 مەلا حەسەنی هوشیار
5.1.1.2 مەمدوح سەلیم
5.1.1.3 شێخ محەمەد عیسا سەیدا
5.1.1.4 عارف بەگ
5.2 مێژووی بەهۆشهاتنەوەی هەستی نەتەوایەتی لەکن کورد
5.2.1 قۆناغەکانی ناسیۆنالیزمی
٥,٢,٢ داخۆ کورد نەتەوەیە ؟

5.2.3 بزووتنە ناسیۆنالیستەکانی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی
5.3 کۆتایی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی و دامەزراندنی کۆماری تورکیا
5.3.1 کوشتاری ئەرمەن و هێرشی روسیا
5.3.2 شەڕ ڕاگرتن و دابەشکردنی ئیمپراتۆریەتەکە
5.3.3 جەنگی سەربەخۆیی تورکیا
5.3.4 کۆماری تورکیا
5.3.5 کێشەی موسڵ
5.4 یەکەمین ڕێکخراوە سیاسییەکانی کورد
5.4.1 ڕێکخراوە ناسیۆنالیستەکانی پاش جەنگ و کەمالیستەکان
5.4.1.1 ئازادیی
5.5 شۆڕشەکەی شێخ سەعید
5.5.1 هۆکاری ئاینیی
5.5.2 رووداوەکانی ساڵی ١٩٢٤ ، لەڕوانگەی سەردەمەکەوە
5.5.3 شۆڕشەکەی ئیحسان نوری و هەڵهاتنی
5.5.4 نەخشە و پلانی شۆڕشێکی نوێ
5.5.5 دەستپێکردنی شۆڕشەکە
5.5.6 سەرکوتکردنی شۆڕشەکە
5.6 پشتیوانیی دەرەکی و ناوەکی شۆڕشەکە
5.6.1 کۆمەکی ئینگلیز ؟
5.6.2 چەك و تەقەمەنی
5.6.3 بەرهەڵستکارانی تورك
5.7 بەشداریی کورد
5.7.1 کوردە ناخێڵەکییەکان
5.7.2 پیاوماقوولانی شار

5.7.3 توێژەکانی خوارەوەی شار
5.8 تەریقەتی نەقشبەندیی و شۆڕشەکە
5.9 شۆڕشێکی ئایینیانە ، یاخود نەتەوەییانە

## بەندی شەشەم

6 دوا سەرنجەکان
فەرهەنگۆك
سەرچاوەکان

## 3.7 موڵکایەتی و پەیکەری کارگوزاریی ئیمپراتۆریێتی عوسمانی لە سەدەکانی پازدە و شازدەدا :

ئیمپراتۆریێتی عوسمانی سێ ڕەوش و نەریتی دریژەپێدا . دامەزرێنەران و چینی دەستەڵاتداری دێرینەی ، تورکی خێڵەکی بوون ، کە نەریتی خۆیان بە چوونە سەر ئاینی ئیسلام موتوربە و نوێ کردەوە .
یاسا و ڕێساکانی ئیسلام خزانە نێو ژیانی گشتیی و تایبەتیی خەڵکەکەیەوە. تەواوی قەڵەمڕەوی وڵاتەکە ، خاکی میللەتانی دیکە بوون و کوت کوت داگیرکرابوون ، ( ئیمپراتۆریێتی بیزەنتی ، گرنگترینیان بوو ) .دام و دەزگا و داب و نەریتی دانیشتوانی ڕەسەنی ئەو وڵاتانە ، بە کەمەکێك تێکەڵی و گۆڕانکارییەوە، ئاوێتەکران و دریژەیان پێدرا . ئەمەش تا ڕادەیەك بووە هۆی گۆڕانکاریی لە سیستێم و یاسای موڵکایەتی و باج و خەراج و کەمێکیش لە سیستێمی ئیدارییدا. هەڵبەت بە برێك لەم ئاوارتانەی خوارەوە لە هەرێم و مەڵبەندەکاندا.
لەو ئیمپراتۆریێتەدا دوو سیستێمی ئیداری پێکەڵپێك بوون و لەپاڵ یەکدیدا پەیرەویی دەکران و سوڵتان خۆی سەرگەورەکانی دادەمەزراندن. هەر ناوچەیەك لە لایەن (بەگ ) یەکەوە فەرمانڕەوایی دەکرا و هەر خۆشی سەرکردەی سوپابوو . کاروباری یاساییش بەدەستی (قازیی ) یەکەوەبوو . قازیی ، پسپۆر و شارەزای بواری یاسا و شەریعەتێك بوو ، کە سوڵتان لە ( قانووننامە ) دا دەستنیشانی کردبوو. قانووننامە ، گشت بابەتێکی پەیوەندییدار بە یاساکانی سزا و باج و خەراج و جزییە و ئەرك و مافی فەرمانبەرانی تێدا نوسرا بوو . لە ئەرکانە سێ کوچکەییەکەی حوکومەتدا ، قازیی ، نوێنەر و ڕێبەری دەستەڵاتی یاسایی بوو . پشکێکی مەسەلەکانی یاسادانان ، ئەرکی سوڵتان خۆی بوو ( بۆخۆی یاسا سیاسییەکانی دادەڕشت ) و ڕیشەکانی لە شەریعەتەوە هەڵدەگۆزی . هەر ناوچەیەك پسپۆرێکی یاسایی خۆی هەبوو ، ( موفتی ) یان پێدەگوت . موفتی

دەبایــە شــارەزاییەکی تــەواوی لــە یاســا ئاڵۆزەکــانی قورئــان و لێکدانــەوە و شــیتەڵکردنەکانیدا هــەبا ، تــا پێشــهات و مەســەلەکانی پێهەڵســەنگێنێت و لــە گەڵیاندا بیگونجێنێت و بەو پێیە چارەسەریان بکات . هەمووکەس بۆی هەبوو کێشە یاساییەکانی خۆی بەرێتە بەردەمی موفتی و تکای چارەسەرێکی لێبکات ، کە دەگەڵ یاساکانی ئیسلام و ئەو ڕێبازەی خۆی باوەڕی پێی هەبوو ، گونجاو بێت . موفتی ، بە فەتوایەك وەرامی دەدایەوە و ئیدی ئەوە بڕیارێکی گردەبڕ بوو . لەکن سوننییەکان ، فەتوای لەو بابەتە ، تەنها ڕێگەیە بۆ نوێبوونەوەی یاساکان. فەتوا گرنگەکان ، تەنها لە لایەن ئەو موفتییە مەزنانەوە دەدران کە (شێخولئیسلام) یان پێدەگوترا . دەستەڵاتی یاسا ڕاپەڕاندن ، تایبەت بوو بە (بەگ ) خۆی ، کە وەك نموونەیەکی ڕێز و سەروەریی ئاڵایەکی ( سنجەق ) ی لەلایەن سوڵتانەوە پێدەبەخشرا و ناوچەکەی ژێردەستەڵاتیشی بە ( سنجەق ) نێودەبرا و خۆشی ( سنجەق بەگی ) یان پێدەگوت .

سەرۆکی چەند ( سنجەق بەگی ) یەك ، ( بەگلەربەگی ) بوو ، کە پاشتر (والی) یان پێدەگوت . ئەو هێزانەی لە سنووری چەند سنجەقێکدا بوون ، لە لایەن (بێگلەربەگی لیك) ێکەوە یاخود ( ئەیالەت ) ێکەوە سەرکردایەتی دەکران . دابەشبوونی ئیمپراتۆرێتەکە بەسەر سنجەق و ئەیالەتەکاندا ، چەندین جار گۆڕڕانی بەسەرداهات و هەمووجار دەستەڵاتەکانی بەرتەسکتر دەکرانەوە .

کرۆکی سوپای عوسمانی لە بنەچەدا لە سوارەی عەشیرەتەکان پێکهاتبوو کە( سپاهی ) یان پێدەگوتن . زۆربەی ئەوانە بوونە خاوەنمڵك ( فیۆدال )، چونکە لە بەرامبەر خزمەتی سەربازییاندا ، زەوییان پێدەبەخشرا . ئەو مالیکانە، مافی ئەوەیان هەبوو ، بەپێی ئەو یاسا و دەستوورەی بە وردی لە قانووننامەی هەر ئەیالەتێکدا تۆمارکرابوو ، موڵکانە لە جوتیاران بستێنن . ئەوانە سێ ئەرکیان لەسەر شان بوو : یەکەم : ئەرکی ئیداری و دادوەرییەکی ڕەشۆکییانە، وەك (چارەسەرکردنی کێشە و گرفت و تێکچوون و پێکداهەڵپڕژانی جوتیارەکان لەسەر مڵك و زەوی ) و کۆکردنەوەی باج و خەراج بۆ خەزێنەی دەوڵەت ،

دووهەم : دەبایە ئاگادار و هوشیاری ئەوەبن کە ئەو زەویانە بەردەوام بکێڵرێن و بەیار نەکەون ، ( ئەمە مانای ئەوەی بەر بە کۆچ و ڕەوی بەکۆمەڵی جوتیاران بگرن ) ، سێهەم : دەبایە هەمیشە ژمارەیەك سوارەی چەکداریان هەبا کە (جەبەلو) یان پێدەگوتن و هەرکات پێویستی کردبا ، خۆیان و ئەو سوارانە ئامادەی جێبەجێکردنی گشت فەرمانێك بان . ژمارەی ئەو ( جەبەلو ) انەی هەیانبوو ، پەیوەندییەکی ڕێژەیی بەداهاتی موڵکەکانییانەوە هەبوو . ئەو موڵکانە و داهاتانە، جوداواز و جۆراوجۆر بوون . دەستکەوت و داهات و پلە و پایەی سپاهی ، گەورەیی و زۆریی موڵك و موڵکانەکەی دیاریی دەکرد ، کە بە ( ئاقچە ) حسێب دەکرا ، ئەویش کەمترین کەرتی پارە بوو. [79]

قانوننامە ، دوو ، یاخود سێ چەشن لە جۆری ئەو موڵکانەی دەستنیشان دەکرد : ( تیمار ) کە دەستکەوتی ساڵانەی تا نێزیکەی ٢٠ هەزار ئاقچە دەبوو ، نرخی نێوەندی نێزیکەی شەش هەزار ئاقچەیەك دەبوو ، دەدرایە سپاهیانی ئاسایی شایستەی ئەوە . ( زەعامەت ) کە دەستکەوتی ساڵانەی ٢٠ هەزار تا ١٠٠ هەزار ئاقچەیەك دەبوو ، دەدرایە ئەفسەرانی سپاهی و فەرمانبەرانی گەورە و باڵادەستی دەوڵەت . [80] جۆرێکی دی هەبوو ، جوداواز لەوانە ، کە ( خاص ) یان پێدەگوترا ، ئەمە ئەو موڵکانە بوون کە دەدرانە سنجەق بەگی و کاربەدەستانی هێجگار گەورەی دەوڵەت . خاص ، بە پێچەوانەی تیمار و زەعامەتەوە ، بە وەزیفەکە دەدرا ، نەك بە خاوەنی وەزیفەکە. خاص ، بریتی بوو لە داهاتی چەند گوندێك ، لەگەڵ چەندین جۆر باج و خەراج ، کە تێکڕا ١٠٠ هەزار، تا ٦٠٠ هەزار ئاقچەی بۆ ( سنجەق بەگی ) ، یاخود نێزیکەی یەك ملوێن ئاقچە ، بۆ (بەگلەربەگی ) دەستکەوتی بوو . بە پێی ئەو سیستێمی موڵك بەخشینە ، سپاهیان و پلە و پایەیان لە تەواوی ئیمپراتۆرییەتەکەدا ، دیارییدەکران .

لەو گوندە گەورانەی، چەند سپاهییەك تیماریان تێیدا هەبوو ، هەموویان لەژێر فەرمانـدەی ئەفسەرێکدا دەبوون کە ( جەری باشی ) یان پێدەگوت . خاوەن تیمارەکانی چەند ناوچەیەك بە خۆیان و جەبەلووەکانیانەوە ، هێزێکیان پێکدەهێنا و

لەژێر فەرماندەیی ئەفسەرێکدا ڕێکدەخران کە ( صوباشی ) پێدەگوترا ، ( صوباشی ) خۆی ، خاوەن زەعامەتێك ، یاخود خاوەنی ( خاص ) ێك بوو. ( صوباشی ) سنجەقێك و پیاوەکانی ، هێزی سنجەقەکەیان پێکدەهێنا و لە ژێر فەرماندەیی (سنجەق بەگی ) یەکدا بوون . سنجەق بەگی ئەیالەتێك ، ژێر فەرماندەی بەگلەربەگییەك بوو ، کە فەرماندەی گشتیی هەموو هێزەکانی سنجەقەکان بوو .

وا دەقسڕێندرێت ، کە گوایە ساڵی ١٤٧٥ ، لە بەشە ئەوروپاییەکەی ئیمپراتۆرێتەکەدا ، نێزیکەی ٢٢ هەزار سپاهی خاوەن تیمار و لە بەشە ئاسیاییەکەیدا ، ( ئەوکات بێ کوردستان ) ، نێزیکەی ١٧ هەزار هەبوون. [81] سەردەمی سوڵتان سلێمانی یەکەم ، لە نێوەڕاستی سەدەی شازدەهەمدا ، ٥٠ هەزار سپاهی لە پشکە ئەوروپاییەکە و ٢٠ هەزاریش لە پشکە ئاسیاییەکەدا تۆمارکرابوون . [82]

سیستێمی تیمار ، لە گەلەك ڕووەوە لە سیستێمی فیۆدالیزمی ئەوروپای خۆرئاوا جودابوو :

١-لایەنی کەم ، لەڕووی تیۆرییەوە ، دەستەڵاتی نێوەندیی بەهێزتر بوو . زەوی موڵکی دەوڵەت بوو ، موڵکییەتی تایبەت نەبوو ، مالیکەکان تەنها مافی ئەوەیان هەبوو داهاتێکی دەستنیشانکراو بچننەوە . داڕووتاندن و چەوساندنەوەی زۆری جوتیارەکان لەلایەن سپاهییەوە ، دەبووە هۆیەك بۆ ستاندنەوەی زەوییەکان لەو جۆرە مالیکانە . لەڕووی تیۆرییەوە ، تیمار میراتگەرانە نەبوو ، هەرچەندە لەڕاستیدا گەلەکجار نەوەی سپاهی ، تیماری باوانیان پێدەبڕا .

٢- لە سیستێمی فیۆدالیزمی ئەوروپادا ، فیۆدال خۆی تاقە دادوەربوو ، بەلأم سپاهی و صۆباشی و بەگەکان ، بەپێی یاسا پەیڕەوکراوەکان ، دەستەڵاتێکی دادوەریی بەرتەسکیان هەبوو . ئەرکیان بوو لە موڵکەکانیاندا یاسای موڵکایەتی ئیمپراتۆرێتی عوسمانی پەیڕەو بکەن ، لە حاڵەتەکانی دیدا ، وەك کێشەکانی ماف و سزای مەدەنی ، پەنا دەبرایە بەر قازیی .

٣- لە لايەكی دييەوە ، سپاهيانی ئيمپراتۆرێتی عوسمانی ، مافێكی كەمتريان بەسەر جوتيارانەوە هەبوو، وەك لە دەرەبەگەكانی ئەوروپا . جوتياران ، هەرهێندە نێويان تۆماركرابا ، ئيدی مافی تەواوی ڕەعەمەلهێنانی زەوييەكانيان هەبوو ، بیٚ لە مافی ميراتگەری و دەستاودەست پێكردن و فرۆشتنی . تەنها لەو حاڵەتەدا ، گەر جوتيار ، بیٚ هۆيەكی ماقوول ، سیٚ ساڵ لەسەريەك زەوييەكەی بە بەيار هێشتباوە ، سپاهی بۆی هەبوو لێيبستێنێتەوە وبيداتە يەكێكی دی . ئەركی سەرەكيی جوتيار ، داچاندنی زەوييەكەی بوو ، بۆيە بۆی نەبوو كۆچ بكات ، ئەگەر كردبای ، سپاهی دەيتوانی ناچاری گەڕانەوەی بكات .

٤- ئەو پرينسيپی پێبەنديی و بەينەتييەی لە ئەوروپادا زاڵ بوو ، لە ئيمپراتۆرێتی عوسمانيدا زۆر كەم و كز بوو . سپاهی سەربازێك بوو ، ملكەچی ديسيپلينەكانی سوپا ، راستە ، ڕستی پێبەندييە بەرەوژوور ، ياخود بەرەوخوارەكانی دی ، هەبوون ، وەلیٚ بۆ سيستێمەكە نرخ و بەهايەكی ئەوتۆيان نەبوو .

ناكرێت لە جۆری ئەو جوداوازييانەدا زێدەڕويی بكرێت . لەو كاتانەدا كە دەستەلاٚتی حوكومەتی مەركەزيی كز و لاواز دەبوو ، سيستێمەكە بەرەو ياساشكاندن و لە دەستوورلادان وەردەچەرخا ، سپاهی و بەگەكان دەستكەوتی زێتريان بۆخۆيان دەچنييەوە و سيستێمەكە زێتر لە سيستێمە ئەوروپاييە هاوشانەكەی نێزيك دەكەوتەوە .

وەك ئێستا دێينە سەری ، كوردستان ، بارێكی تايبەتی هەبوو .

جۆری موڵكايەتی وەك پێشتر باسكرا ، نەدەكرايە سیٚ بەشەوە . پشكێكی زەوی حوكومەت قەت نەدەدرايە كەس ، ئەوانە موڵكی سەڵتەنەت بوون ( ئەملاكی خاصی هومايۆن ، خاص سوڵتان ) يان پێدەگوترا ، داهاتی ئەو موڵكانە باجگرەكان وەريانـدەگرت . برێك زەوی حوكومەتيی دی لە لايەن سوڵتان خۆيەوە ، ياخود لەلايەن بەگلەربەگييەكەوە وەقف دەكران . داهاتيان ، ياخود بەشێك لەداهاتيان ، بۆ دروستكردن و ئاوەدانكردنەوەی مزگەوت وقسنەكان و

هەڵكەندنی كارێز و بیر و جۆگە و ... هتد ، تەرخان دەكرا . جۆرێكی دی ئەو زەوی و موڵكە تایبەتانە بوون ، كە خاوەنەكانیان ، بەشێك ، یاخود هەموو داهاتیان بۆ سوود و بەرژەوەندیی گشتی وەقف كردبوو ، تاوەكو حوكومەت دەستیان بەسەردا نەگرێت و داگیریان نەكات .

تەنها بەشێكی كەم ، زەوی موڵكی حوكومەت نەبوون و موڵكی تایبەت بوون . لە ڕووی تیۆرییەوە ، ئەوانە ئەو زەوییانەی نێوشار و بڕێك كێڵگە و زەوی هەندێك شوێنی وولاتەكە بوون ، ( وەك نیوەدۆرگەی عارەب و باشووری عێراق )، بەلام لەڕووی پراكتیكەوە حاڵ و بارەكە جۆرێكی دی بوو ، زۆر دەستەلاتداری ناوچەیی ، لە زەوی حوكومەتیان ، وەك مڵكی خۆیان دەڕوانی و مامەڵەیان پێوەدەكرد . هەندێك لە سوڵتانەكان ئەو بارە سەپاوەیان دەزانی و بە دانی باجی دەیەك ، ( عوشر ) بە خەزێنە ، چاوپۆشییان لێدەكرد . بەلام سوڵتانە بەهێزەكان، گشت موڵكەكانی دەوڵەتیان دەگێڕایەوە و دەستیان بەسەردا دەگرتنەوە.

جۆرە جوداوازییەكی چینایەتی زەقی ( كاست ) ئاسایی ، لەنێوان توێژاڵی سوپایی و ڕەعایا دا ( كە جوتیارە ژێردەستە باجدەرەكان بوون ) ، هەبوو . تەنها كوڕانی سپاهی و دەستەی بژاردەی سوپای شوێنە تازە داگیركراوەكان ، (هەتا ئەوانەی كە موسڵمانیش نەبوون ) و قولەكانی سوڵتان و بەگەكان ، شایستەی وەرگرتنی تیمار بوون . [84]

ئەو قولانە ، مندالانی جوتیارە فەلەكان بوون ، كە هەر بە لاوی لەداك و بابیان دەسەندن و موسڵمانانە پەروەردەیان دەكردن . [85] وەك یەكێك لە توێژاڵە سوپاییەكە تەماشا دەكران و سەر بە سوڵتان خۆی ، یاخود یەكێك لە پیاوەگەورەكانی دی بوون . دیارە ئەمە هەرگیز مانای ئەوەنەبوو كە پلە و پایەیەكی نزمیان هەبێت . ڕاستە بڕێكیان كار و ئەركێكی نزمیان پێدەسپێردرا ، بەلام زۆربەی هەرەزۆریان كارە گرنگەكانی دەوڵەتیان دەدرایەدەست . ڕەعایا ، ئەرك و كاری سوپایی و دەستكەوت چنینەوەیان نەبوو ، هەتا بۆیان نەبوو چەكیش هەڵگرن.[86] قانوننامە بەپێی قەوارەی زەوییەكە ، جوداوازیی لە نێوان

ڕەعایادا دەکرد . کاربەدەستانی ئیداری پێوانەی زەوییان بە چفتلك دەکرد ( کە ٦ تا ١٥ هێکتاربوو ، بەپێی جۆری زەوییەکە ) . بە شێوەیەکی گشتیی ، ڕەعییەت بۆی نەبوو لە یەك چفتلك زێتر ئیجار بکات . یاسا ڕێگەی ئەوەی نەدەدا چفتلك بکرێتە چەند پارچەیەکی گچکەتر . ڕەعایا ، چفتلکێکی تەواو ، یاخود نیوەی ، یاخود بڕێك کەمتر ، یا هەر هیچیان نەبوو . ئەوانەی لە مەفتەنی خۆیان هەڵهاتبوون و کۆچیان کردبوو ، یاخود ئەوانەی بەهەرهۆیەکەوە ناونووس نەکرابوون ، کۆنە کۆچەرییەکان ، ئەو کوڕە ڕەعایانەی ماڵەبابیان جێهێشتبوو ، هەرهیچ زەوییان نەبوو . گەر تیمارێك زەوی بەیاری هەبا ، سپاهی دەیتوانی هەرپارچەیەکی ، بەنرخێکی دیاریکراو بە ئیجار بدات . هەرکەس سێ ساڵ لەسەریەك زەوییەکەی بەدەستەوەبا ، دەبووە ڕەعایەی ئەو سپاهییە ، بە جۆرەها مافی ڕەعەمەلهێنانی زەوییەکەوە. جوتیارەکە جۆرەها باج و خەراجی دەکەوتەسەر . [87] بڕێك لەو باجانە ، ڕیشەیان لە شەریعەت دا بوو ، بڕێکیان داب و نەریت بوون ، یاخود یاساکانی عوسمانی داینابوون . ئەمەی دواهەمینیان لە ویلایەتێکەوە بۆ ویلایەتێکی دی زۆر جوداوازبوو . لە ئەنەتۆلی خۆرهەلات ، ماوەیەکی دوور و درێژ هەر ئەو سیستێمی باجە پەیڕەوی دەکرا کە سەرکردەی ئاق قۆینلۆ ، ئوزون حەسەن ، سەپاندبووی و دواتر گۆڕانکارییەکی کەمی بەسەردا هات . ( بڕوانە : Hinz ١٩٥٠ )

باجە گرنگەکان ئەمانە بوون :

١- باجی سەر ، ( جزیە و خەراجیشی پێدەگوترا ) . لە گشت پیاوێکی نا موسڵمان دەسەندرا . باری دەرامەتیان دەیکردنە سێ توێژەوە . ئەو باجە خەرامانێك بوو ، لە بریتی خزمەتی سەربازی وەردەگیرا . پووڵی جزیە دەچووە خەزێنەی دەوڵەتەوە و (88) باجگر بۆخۆیی هەڵنەدەگرت .

٢- بڕێك زەوی ، دوو باجی شەرعی دیکە دەیگرتنەوە: (عوشر ) ، دەیەك ، لە زەوی ئەو موسڵمانانە دەسەندرا کە بە ئیجار نەدرابوون ، دەیەکی داهاتیان ، یاخود شتێك کەمتریان لێوەردەگیرا . ( خەراج ) یاخود ( خەراجی ئەرزییە ) ،

ئەمــە بــاجی داهــاتی بڕێــك لــەو زەوییانــە بــوون كــە بــە دەســت جوتیــارە ناموسڵمانەكانەوە بوون، لـە ٢٠٪ ەوە تـا لـە ٣٣ ٪ داهاتیان لێدەسـەندرا . ئەگـەر پاشـان ئـەو زەوییانـە كەوتبانـە دەسـت جوتیـارە موسـڵمانەكانیش ، ئـەو باجـە هەردەما .

٣- لــە تیمارەكانــدا ئیجاركــەرانی ( چــفتلك ) ، ســالآنە بڕێــك پــارەی دیاریكراویان بە نێوی ( ڕەسمی چفتلك ) ەوە بە خاوەن تیمار دەدا . ئەوانەی نیو ( چفتلك ) یان هەبوو ، نیوەی ئەو بڕە پارەیەیان دەدا . (89)

٤- لـە تـەك ( ڕەسمـی چفتلك ) دا ، دەبایـە ئیجاركـەر ، بڕێك پارەی بـەپێی قەوارەی زەوییەكەی (كە بە دۆنم دەپێورا ) ، بە نێوی ( ڕەسمی دۆنم ) ەوە ، دابا.

٥- بڕێكجار ، ٣٠ ٪ ئەو باجەی بە سپاهی دەدرا ، لە بەروبوومی زەوییەكە خـۆی دەدرا ، بەمـە دەگوترا ( سالارییە ) . ئەم باجە لـە بنەڕەتدا بـۆ دابینكردنـی بژێوی جەبەلوو و ئالیفی ئەسپەكانیان بوو .

٦- چ ڕەوەند و چ ئارییە ئاژەڵدارەكان ، دەبایە سالآنە بە نێوی ( ڕەسمی ئەغنام ) ەوە باجێكیان دابا .

٧- چ كۆچــەر و چ نیوەكۆچــەرەكان ، دەبایــە بــۆ ســوود وەرگــرتن لــە لەوەڕگەكانی تیماردار ، باجی تایبەتیان دابا .

لەپاڵ ئەوانەدا ، ژمارەیەكی زۆر باجی كەمتری دیش هەبوون ، وەك گومرگ و جەزا و سوورانە و بازاڕانە و جاددانە و گەلێكی دی.

لە قانوننامەدا، باجێكی دی نێودار تۆمار نەكرابوو ، ئەویش ( زەكات ) بوو . هەرچــەندە بڕێــك لــە تایبەتمەندییــەكانی ئــەو باجانــە ( زەكــات ) مــان وەبیردەهێنێتــەوە. (91) لام ڕوون نییـە ، داخـۆ ئـەو نـۆ باجانـە ، جێگـەی زەكـات دەگرنەوە ، یان نا؟ یاخود لەتەك ئەوانیشدا هەركەس ویستبای زەكاتیشی دەدا؟

لـە بەرامبـەر سـپاهی دا، ڕەعایـا ئـەركی بێگارییشـیان لەسـەر شـان بـوو. ئـەو بێگارییانــە بــە ووردی دەستنیشــان كرابــوون : ســپاهی دەیتــوانی عــەماریان پێدروســت بكــات، بــەڵام بــۆی نــەبوو خانوویــان پێبكــات . دەیتــوانی دەیــەكی

بەروبوومیان پێبنێرێتە بازاڕ ، بەو مەرجەی بازاڕەکە زۆر دوور نەبا . هەر خێزانە دەبایە سالأنە سێ ڕۆژ پیاوەکەی بۆ بێگاریی سپاهی ناردبا . [92] سپاهی لەوە زێتر مافی نەبوو ، دەنا مەترسی ئەوە هەبوو تیمارەکەی لەدەست بدات . دیارە ئەمە تەنها لە سەر کاغەز ئاوهابوو ، دەنا گەلەك سپاهی بێ ئەندازە جوتیارەکانیان دەچەوساندەوە و دەیانڕەتاندن .

لە نێوەڕاستی سەدەی شازدەهەمەوە ، لەودەمەوە کە خەزێنەی دەوڵەت پێویستی بە داهاتی زێتر هەبوو لەو باجانەی کۆدەکرانەوە ، باجێکی نوێ بە نێوی ( عەواریزی دیوانیە ) هێنرایە ئاراوە . پاش ماوەیەك ئەم باجانە جێگەی کۆنەکانیان گرتەوە و زۆرجار وەك ئەرکێکی گران و بارێکی ناڕەوا تێیاندەڕوانرا.[93] جۆری باجەکە و بڕەکەی ، ( قانوننامە ) دەستنیشانی دەکردن و لەلایەن سوڵتانەوە بۆ هەر ویلایەتێك دیارییدەکرا .

قانوننامە ، بارودۆخی تایبەتی هەر ناوچەیەکی تێدەخوێندەوە و ڕێگەی ئەوەی دەدا بڕێك جۆری باجەدانراوەکان بەردەوام بن و زۆربەیان یەکتەرز دەکران و سیستێمەکە ڕەواتر و ماقوولتر دەکرا . ئەمانە لە ژمارەیەك بەڵگەنامە و دۆکۆمێنتی سالأنی ١٥١٦ و ١٥١٨ ی عوسمانییدا ، کە O. L. Barkan کۆیکردوونەوە و چاپیکردوون و Hinz ساڵی ١٩٥٠ شیکردوونەوە، جوان جوان دەدرەوشێنەوە . ئەو بەڵگەنامانە پێشانیدەدەن سیستێمی باج لە ئەنەتۆلی خۆرهەلأتدا ، لەسەردەمی ئوزون حەسەنی سەرکردەی ئاق قۆینلۆ دا ، چۆن بووەو ئەو سیستێمی باجەی عوسمانییەکان لە جێگەیان دانا ، چەندە ئاسانترو سادەتر بوو . سیستێمی باجەکەی ئوزون حەسەن ، لە ناوچەیەکەوە بۆ ناوچەیەك جوداوازیی زۆری هەبوو ، ( کە نیشانەیە بۆ ئەوەی زێتر داب و نەریت زاڵ بووە ) و باجی تایبەتی هێجگار زۆر بوو . لەو ڕووەوە ، فەلەکان زۆر غەدرلێکراو بوون ، دەبایە لە موسڵمانان زێتر باجیان دابا و لەبریتی تاقە ڕۆژێکیش ، دوازدە ڕۆژ بێگارییان کردبا . عوسمانییەکان ئەو جوداوازییەیان نەهێشت و باجە تایبەتەکانیان ( بۆ ماوەیەك ) هەڵگرت .

سەرچاوەکان ، ئەم چوار جۆر باجەمان پێشاندەدەن ، کە موسڵمانانی چوار ناوچەی جوداواز ، داویانە ، (94) باجەکان بەم جۆرە بوون :

- ڕەسمی چفت : هەر چفتلکەی ٥٠ ئاقچە ، کە دەیکردە ١٥٠ کیلۆگرام گەنم . ( بڕوانە پەراوێزی ژمارە ٧٩ ) .
- بەروبوومی کشتوکاڵی : لە خەلە و خەرمان و دەغڵ و دان ٢٠ ٪ ، لە باخات و باخی میوەو ڕەز و بێستانەکان ١٤ ٪
- هەنگوین : ١٠ ٪
- ڕەسمی ئەغنام : بۆ هەر سەر ئاژەڵێك ، نیو ئاقچە .

ڕەوەندەکان ، دەبایە جگە لە و باجانە ، ساڵانە ، هەرماڵەی ٦٤٠ گرام ڕۆن کەرەیان دابا . ئەو باجەی فەلەکان دەیاندا ، کەمەکێك زێتر بوو : ڕەسمی چفت : هەر چفتلکەی باجێکی لەسەربوو کە ( ئیسپەنجە ) یان پێدەگوت و هەر پیاوەی دەبایە ٢٥ ئاقچەی دابا . بۆ باخی میوە و .. هتدیش ، لە بریتی ١٤ ٪ ، ٢٠ ٪ یان دەدا .

لە قانوننامەی دواتردا ، لە هەرێمی دیاربەکر و ماردینیش ( لە ناوەڕاستی سەدەی شازدەهەمدا) ، هەر شتێك بوو لەو بابەتە .(95) چ موسڵمانان و چ فەلەکانیش ، دەبایە ساڵی سێ ڕۆژ بێگارییان بۆ سپاهی کردبا ، بەڵام ڕەوەندەکان لەو بێگارییە دەبەخشران ، لە بریتی بێگاریی ، دەیانتوانی بۆ هەر ڕۆژەی دوو ئاقچە بدەن .

ئەو شێوەی باج و خەراجی زەوی و موڵکانانەیەی بە سپاهی و پاشانیش بە پیاوەگەورانی دەوڵەت دەدران ، ئەرکی باجدانی تاڕادەیەك ئاسانترکرد . یەکێك لە هۆکارەکانی دیکەی ئەو شێوازە ، کەم بوونی زێڕوزیو بوو ، ( تا لە کۆتایی سەدەی شازدەهەمدا ، زێڕ و زیو لە ئەمریکاوە بۆ ئیمپراتۆرێتەکە بەکێشکرا ) . لەبریتی پووڵ ، پشکی هەرە زۆری ئەو باجانە شتومەکیان لەجیٚ دەدرا . ساڵی ١٥٢٣ ، ٣٧ ٪ ی سەرجەم داهاتی دەوڵەتەکە لە تیمارەکان بەدەست دەهات ،

پێشتر، ئەو ڕێژەیە ، بالآتریش بوو . ٨ ٪ ی ئەو داهاتەی دەچووە خەزێنەوە ، جزیە مسۆگەری دەکرد . پشکی هەرە زۆر و ڕەنگە زۆرترین بەشی داهات ، لە موڵکی (خاص) ی سەڵتەنەتەوە دەستدەخرا . ئەوەی دیکەشی لە باج و خەراجی کەم کەم و لێرە و لەوێ خڕدەکراوە . (96)

ئەو داهاتانەی دی، کە نە لە ئیجار و نە لە وەقفەوە بوون ، لە لایەن فەرمانبەرانێکەوە کۆدەکرانەوە کە ( ئەمین ) یان پێدەگوتن ، یاخود لەلایەن باجگرانێکەوە ، کە ( مولتەزیم ) یان پێدەگوتن و دەوڵەت دایدەنان . سەردەمانی پاشتر، دەوڵەت ئەو پیشەیەی دەفرۆشت . مولتەزیم ، شوێنێکی بە قۆنتەرات دەگرت و پارەیەکی دیاریکراوی بە خەزێنەی دەوڵەت دەدا ، ئیدی چی لەوە زێتری لە جوتیاران دەرکێشابا ، بۆ گیرفانی خۆی بوو . ئەو دەمەی دەزگەی ئیداری دەوڵەت ، پێویستیی بە پووڵی زێتر بوو ، سوڵتانەکان سیستێمی تیماریان گۆڕی بە ئیلتیزام ، کە بە قۆنتەراتدانی تیمارەکان بوو .(97) ئەمەش قورسترکردنی باری شانی جوتیاران بوو . ئەو نوێکارییەی لە ڕیزەکانی لەشکر و سوپا دا دەستپێکرا ، بەتایبەت کڕینی چەك بۆ هێزی پیادە و بەوە جێگەی هێزی سوارەی گرتەوە ، کە بڕبڕەی پشتی لەشکر بوو . ئەمە هۆکاری سەرەکی بوو بۆ پێویستیی زێتری دەوڵەت بە پووڵ و ڕێگەخۆشکەری ئەوەی زەوی لە سپاهییە خاوەن تیمارەکان بستێننەوە. ئەو گۆڕانکارییەی سەدەی پازدە دەستیپێکرا ، زۆری نەخایاند ، چونکە حوکومەتێکی تۆکمە و دەستەڵاتداری دەویست، کە زۆرجار نەبوو . دواهەمین تیمارەکان، ساڵی ١٨٣٢ لە تیمارداران سەندرانەوە. (98)

لە سەدەی شازدەهەمدا ، لەشکری سوارە ، ( سپاهی ) ، کە نەیدەتوانی سوودێکی ئەوتۆ لە تفەنگ وەربگرێت ، سەرکێشی دەکرد لەوەی ڕیزی پێشی پێشەوە بۆ لەشکری پیادە چۆڵ بکات . لەشکری پیادە ، لە توێژاڵێکی تەواو جوداواز پێکهاتبوو ، ئەویش قولەکانی سوڵتان بوون ، کە ( قاپوقولو) یان پێدەگوتن .هێزی ( ئینتیشاریی ) پیادەی بەناوبانگیش ، لە قاپوقولو پێکهاتبوو. لەتەك ئەویشدا هێزی تۆپخانە و تیپی سوارەی قاپوقولوش هەبوون . بە

پێچەوانەی سپاهییەوە ، لەشکری قاپوقولو ، هێزێکی چەکداری هەمیشەیی بوو ، تیپەکانی لە گشت ناوچەو هەرێمەکانی ئیمپراتۆرێتەکەدا هەبوون . ئەمانە هێدی هێدی بوونە دەوڵەتێك لەنێو دەوڵەتەکەدا و دەستەلاتێکی سیاسی زۆریان هەبوو . ساڵی ١٥٦٠ ، ژمارەیان ١٣٥٠٠ نەفەر بوو ، ساڵی ١٦٨٧ گەیشتنە ٧٠ هەزار کەس . ( Werner ، ١٩٧٢ ، ل ١١٢ )

## 3.7.1 بەگەڕخستنی دەزگەی ئیدارەی عوسمانی لە کوردستاندا

ئەو هەرێم و ناوچانەی لە ساڵی ١٥١٤ ەوە تا ١٥١٧ بە ئیمپراتۆرێتەکەوە لکان، سێ ئەیالەتی نوێیان لێپێکهێنرا، [99] : دیاربەکر ، ( گەورەترین بەشی باکووری کوردستانی لە خۆرئاوای دەریاچەی ڤانەوە دەگرتەوە ) . ڕەققە ( کە پارێزگای ئورفەی تورکیای ئەوڕۆ و پارێزگای ڕەققەی سوریای دەگرتەوە ، زێتر جوتیارە دەستڕۆیشتووەکانی سوریای لێنیشتەجێ بوون ، کە پاروویەکی چەور و نەرمەقووت بوون بۆ هۆزە ڕەوەندە تالانکەرە کورد و تورك و عارەبەکان و برێکیان هەر لەوێش نیشتەجێبوون ) . موسڵ ( کە نێزیکەی هەموو باکووری عێراقی ئەوڕۆی دەگرتەوە ) . یەکەمینجار ، دەزگەی ئیداری لە دیاربەکر ڕێکخرا .

وەك پێشتر گوتمان ، ئیدریسی بەتلیسی ، کە ئەرکی دامەزراندنی چواچێوەیەکی ئیداری پێسپێردرابوو ، جێگەی شیاو و گرنگی بە خانەوادە خانەدانە دێرینەکانی کوردستان بەخشی و بواری پێگەیەکی سیاسی پتەوی بۆ ڕەخساندن . برێك لە ناوچە دوورەدەستەکان ، ئۆتۆنۆمییەکی تەواویان پێدرا. دان بە دەستەلاتی میرەکانیاندا نرا و پشتگیریی و بڕوانامەیان درایە و حوکومەت لە مەسەلەی میراتگەری و جێنشینیشیاندا ، دەستی تێکەڵ نەدەکرد .دەستەلات بە میرات دەمایەوە و خەڵکیی خۆیان بە سەربەستی جێنشینیان هەڵدەبژارد . ئەو ناوچە ئۆتۆنۆمیدارانە ، بە ( کورد حوکومەتی ) نێودەبران و نە باج و خەراج و نە سەربازو سپاهییان بە دەوڵەت نەدەدا . مەڵبەندەکانیان ، یاسا و دەستووری تیمار و زەعامەت ، نەیدەگرتنەوە . سەرلەبەری بەشەکانی دی ئەیالەتەکە ،

نێزیکەی ٢٠ سنجەقێکی لێدروستکرابوو ، کە برێکیان لەلایەن ئەو سنجەق بەگییانەوە بەڕێوەدەبران کە حوکومەت دایناوبوون ، هەندێکیشیان ( ئۆجاقلق ) یاخود ( یورتلوق ) ، یاخود ( ئەکراد بەگلیگی ) یان پێدەگوتن ، کە بەواتای ( موڵکی خانەدان ) ، یاخود (سنجەقی کورد ) دێت وجڵەوی دەستەلآت ، بەدەست خانەواده خانەدانەکانی کوردەوە بوو. [100] حوکومەتی نێوەندیی دەیتوانی دەست تێکەڵی کاروباری ئەو سنجەقانە بکات ، ( لە حاڵەتی پێویستدا ، لە ڕێگەی بەگلەربەگییەکانەوە ) . دەستەلآتداران بە ڕەزامەندیی بەگلەربەگی دادەنران . وەلێ تەنها ئەندامانی خانەواده خانەدانە دەستەلآتدارەکە ئەو مافەیان دەکەوت . لە حاڵەتی کێشمەکێش و کێبەرکێی نێوان هەڵبژاردەکانی خانەوادەکەدا ، حوکومەت چارەسەری خۆی دەسەپاند و هەڵبژاردەی خۆی دەستنیشان دەکرد ، بەلآم نەیدەتوانی لە تخووبی خانەوادەکە دەرچێت و ئەو مافەیان لێ زەوت بکات .

پێدەچێت ، دەستەلآتدارانی عوسمانی ، تا سەدەی نۆزدەهەمیش پێبەندی ئەو یاسا و ڕێسایە بووبن و تەواو پێڕەوییان کردبێت ، دیارە ئەمە زێتر دەربڕی ویستەی ئازادیخوازانەی کوردبووە ، وەك لەوەی ڕێزگرتنی عوسمانیان بێت لە وادە و بەڵێنەکانی خۆیان .

بەو پێیە ، ساڵی ١٦٦٥ ، کاتێك عەبداڵ خانی میری بەتلیس [101] ، لە حوکومەتی نێوەندیی یاخیی بوو و دژی ڕاپەڕی و هیچ گوێی بە هات و هاواری والی ڤان نەدا ( کە سەربەو بوو ) ، والی لەشکرێکی بەهێزی ناردەسەری و ناچاری هەڵهاتنی کرد و دەستی بەسەر زۆربەی مڵك وماڵیدا گرت و لەسەر داوای خەڵکەکە ، یەکێك لە کوڕەکانی ، کە زییائەددینی ناو بوو، لە جێگەی دانرا [102] .

دەنا هەموو سنجەق بەگییە کوردییەکان ، هەمان ئەرك و فەرمانی سنجەق بەگییە هاوشانەکانیان ، بەرامبەر دەوڵەت لەسەر شان بوو .دەبایە لە لەشکرکێشییەکاندا بەشداربان و لەژێر فەرماندەیی بەگلەربەگییەکدا دادەنران (

کە سەرەك هۆزێکی کورد نەدەبوو ، بەڵکە کەسێك بوو سوڵتان خۆی دەستنیشانی دەکرد ) . دەبایە بەشێك لە داهات و دەستکەوتی سنجەقەکانیان ، بە خەزێنەی دەوڵەت دابا ، ( لە بەشی داهاتوودا ، هەندەك زانیاریی دەربارەی دابەشکردنی داهاتی بەتلیس ، پێشچاودەخەم ). ئەو دەمانەی دەستەڵاتی نێوەندیی تۆکمە و بەهێزبا و لەشکری سوڵتانیش لە نێزیك و دەوروبەر با ، سنجەق بەگییە کوردەکان ، ئەرك و فەرمانی خۆیان چاك بەجێدەهێنا . دەنا کاتەکانی دی ، هەریەکە ملی ڕێگەی خۆی دەگرت و هێند بەتەنگ جێبەجێکردنی ئەرك و فەرمانی سەربازیی و داراییەوە نەدەهاتن . لە راستیدا هەرکات دەربارەی شۆڕش و یاخیبوونی کورد قسەدەکرێت ، مەبەست سەرکێشی و سەرپێچییە لە ناردنی باج و خەراج و پووڵ و سەرباز .

سنجەقە کوردییەکانیش ، وەك ئەوانی دی ، بەپێی سیستەمی تیمار و زەعامەت ، دابەشکرابوون ، خاوەنەکانیان هەمان ئەرك و فەرمانی سپاهیانی دییان لەسەرشان بوو .هەرکات ئەو ئەرکانەیان جێبەجێ نەکردبا ، لێیاندەستێندراوە و دەدرایە کوڕێکیان ، یاخود خزمێکیان ، بەڵام نەدەبا بە بێگانە بدرێت .[103] بەو پێیە ئەو موڵکانە تەنها بە خەڵکانی ئەوێ بە ئیجاردەدران. بەپێی ئەو ئیجاردان و تۆماری زەوییانە ، سنووری دەستەڵات و هێزی هەریەکێك بەدیاردەکەوت .

حوکومەتەکان ، مەبەست ( کورد حوکومەتی ) یە ، نە زەعامەت و نە تیماری خۆیان هەبوو ، نە سەربازیشیان بۆ لەشکری بەگلەربەگی دەنارد . ئەمە ئیدی مانای وانەبوو ، کە دەستەڵاتداران ، جارجارە داوای بەشدارییان لە لەشکرکێشییەکاندا لێنەدەکردن . وەك پێشتر گوتمان ، ئەو فەرمانڕەوایانە باج و خەراجیشیان بە حوکومەتی مەرکەزیی نەدەدا.

ئەولیا چەلەبی، بەم شێوەیە باسی دەکات : " فەرمانڕەوایانیان ، گشت دەستەڵاتێکیان هەبوو، نەك تەنها موڵکانە ، بگرە هەموو جۆرە باجێکی ئەوتۆش کە لە سنجەقەکان ، بە خاوەن زەعامەت و تیمارەکان دەدران ، ئەمانیش

دەیانســەند، وەکــی: باجــەکانی لەوەڕگــە ، ســوورانە ، ئەســپانە ، ڕەزانــە ، باخانە."[(104)]

بەو پێیەی ئەولیا چەلەبی لە قانووننامەوە ڕایگوێزاوە ، هەموو ئەیالەتی دیاربەکر ( لە نیوەی دووهەمی سەدەی شازدەهەمدا ) تەنها ٧٣٠ سپاهی ، گەر جەبەلووەکانیشیان بخەینەسەر ، تێکڕا ١٨٠٠ نەفەریان بۆ سوڵتان موڕادی چوارهەم ( ١٦٢٣-١٦٤٠) ناردووە ، بۆ کۆمەك پێکردنی لەشەڕی دژە فارسەکانیدا . شارەکە خۆشی ٩ هەزار سپاهییان بۆ ناردبوو .(105)

دواتر ، پاش ئەوەی زۆر شوێنی دیکەی کوردستان بە ئیمپراتۆرێتەکەوە جووتباقەکرا ، هەر هەمان دیاردەی وەك سنجەقی سەربەخۆی دیاربەکر زاڵ بوو، یا چکێکیش کەمتر بووبێت .

وەلێ بارودۆخی خوارووی کوردستان ، بەو شێوە چاکەی دیاربەکر تۆمار نەکراوە و هیچ سەرچاوە و دۆکۆمێنتێکی ئەوتۆ لەبەردەستاندا نیین ، ئەوانەی هەشن ، دژودژوارییەکی زۆریان تێدایە . هیچ باسێك لە ( ئەکراد بەگلگی ) و ( کورد حوکومەتی ) ، نییە . پیاو ، لەسەرچاوە بیّ لایەنەکانەوە باس و خواسی ئەوە دەبیستێت ، کە ئەمارەتی سۆران و بابان ، تا کۆتاییەکانی سەدەی نۆزدەهەم نیمچە سەربەخۆبوون . لەسەرچاوە عوسمانییەکاندا ، ناوچە سەربەخۆکان باسدەکرێت ، بیّ ئەوەی باس لەوە بکرێت ، کە سنجەق بوون .

Hammer لە نووسینەکەیدا ، باسی ئەیالەتی شارەزوور دەکات ( کە پشت بە سەرچاوەکانی سەدەی حەڤدەهەم و هەژدەهەم دەبەستێت ). پاش ئەوەی باسی زێتر لە بیست سنجەقی ئاسایی دەکات ، ئەوجا دەڵێت : " لەو سنجەقانەشدا بڕێك عەشیرەت بەگیی، یا میرانی خێڵان هەن ، کە سەر بە هیچ سنجەق بەگییەك نیین و سەربەخۆن ، بەلاّم نە ئالاّ و نە دەهۆڵیان نییە ( کە نیشانەی سنجەق بەگیین ) . دەگەڵ سنجەق بەگییەکاندا دەچنە شەڕەوە ، پاش مردن ، سەروەریی و پلە و پایەیان بە کوڕانیان دەبڕێت . تەنها لە حاڵەتێکدا ، گەر خانەوادە

خانەدانەکە، وەجاخ کوێربوو و وەچەی لەپاش بەجێ نەما، دەوڵەت ، بێگانەیەك دەکاتە فەرمانڕەوایان ". [106]

لیستەی ئەو سنجەقانەی Birke سالّی ١٩٧٦ ، دەربارەی قۆناغە جوداوازەکان ڕستی کردوون ، دەریدەخەن ، کە لەو سالأنەی دواییدا ، بڕێك ناوچەی دیکەی دیاربەکر، پلەی ئەکراد بەگلگی یان هەبووە . [107] ئەمە بۆخۆی نیشانەیەکە بۆ بەهێزی سەرۆك خێڵەکانی کورد ، لەبەرامبەر دەستەلأتی والییەکاندا . نموونەی لەو بابەتە لەسەردەمی لاوازیی دەستەلأتی نێوەندییدا ، لە هەرێم و ناوچەکانی دیکەش دەدیترێن ، بەلأم بەداخەوە ، بەجوانیی و ڕێکی ، تۆمار نەکراون . ئەم نموونەیە ، نموونەیەکی ڕوونە :

ئەمارەتە ئەرمەنییەکەی ( سامتسخە ) لە قەوقاز ، ( سەرووی قارص ) ، کە زۆربەی دانیشتووانەکەی جوتیارە ئەرمەنەکان بوون و خاکەکەشی لەوەرگەی کوردە ڕەوەندەکان بوو ، سالّی ١٥١٤ بووە دەوڵەتێکی وابەستە بە ئیمپراتۆرێتی عوسمانییەوە و سالأنی ١٥٧٨-١٥٧٩ بە ناوی ئەیالەتی ( جەلّدیر ) ەوە بە ئیمپراتۆرێتەکەوە جووتباقەکرا . فەرمانڕەوایانی پلەوپایەی بەگلەربەگییان پێدرا . جەلّدیر ، لە سەدەی حەڤدەهەمدا ، پازدە سنجەق بوو ، کە چواریان ڕەوەند و میراتگەرانە بوون ، دیارە بەو مانایەی لەلایەن سەرۆك هۆزە کوردەکانەوە حوکمڕانیی دەکران . سالأنی ١٨٠٠ ، ٢٢ سنجەق بوون ، کە سێ سنجەقیان ئاسایی و ١٩ سنجەقیان بەدەست بەگە کوردەکانەوە بوون و میراتگەرانە حوکمڕانیی دەکران .[108]

پێدەچێت بەگلەربەگییەکانی ئەیالەتە سنوورییەکان ، هێز و دەستەلأتێکی ئەوتۆیان نەبووبێت ، بۆیە سەرەکهۆزە گچکەکانی کورد ، توانیویانە سەربەخۆ بن و بارودۆخێکی ناچاریانە خۆی سەپاندبێت .

جگەلە دامەزراندنی ئەکراد بەگلگی و کورد حوکومەتی ، سیاسەتێکی ستراتیژیانەی دیکە دەدرێتە پالّ ئیدریسی بەتلیسی : کۆتایی سەدەی نۆزدەهەم، بە ( لینچ ) ی گەشتەوەر گوتراوە ، پاش شەڕی چالّدیران ، زۆری خێڵەکوردەکان،

لە مەفتەنی خۆیان ، لە دیاربەکر هەڵقەندراون و بۆ بەرزاییەکانی ئەرمێنیا ، نیزیکی سنوورەکانی جۆرجیا و فارس ، ڕاگوێزراون . " یانی بەو مەرجەی ببنە پاسەوان و پاسداری سنوورەکان ، لە گشت باج و خەراجێکیش بەخشراون " . ( Lynch ، ١٩٠١ ، ب ٢ ، ل ٢١ )

Lynch ئەو بانگاشەیەی بە گوتەی گەشتەوەرێکی بەر لەخۆی پشتئەستوور دەکات ، کە ئەویش Taylor ی کونسوڵی ئینگلیزە و لە ناوەڕاستی سەدەی نۆزدەهەمدا نووسیویە : کوردەکانی دانیشتووی بەرزاییەکانی ئەرمینیا ، لە ڕاستیدا کۆچەری دەوروبەری دیاربەکرن و تەنها تیرەیەکی لێیە کە خەڵکی ناوچەکەخۆی بێت ، ئەویش هۆزی ( مامەکانلو ) ە ، کە لە وەچەی ( مامەکۆنیاس ) ی ئەرمەنییە " . ( سەرچاوەی پێشوو )

دیارە هیچ بەڵگەیەکمان نییە تا گومان لەوەبکەین کە هۆزە کوردەکان بۆ پاراستنی سنوور بۆ ئەوێ ڕاگوێزرابن ، وەڵێ زۆر بەدووری دەزانین کە بە پێشنیازی ئیدریسی بەتلیسی کرابێت . بەپێی ئەو زانیاریانەی لەبەر دەستدان،[109] وا دەردەکەوێت کە زۆر درەنگتر ئەوە ڕوویدابێت . ئەو ڕەفتارە لە ئیمپراتۆرێتەکانی خۆرهەڵاتی ناوەڕاستدا زۆر باو بووە و نموونەی لەو بابەتە زۆرن ، کە هۆزە کوردەکانیان کردۆتە پاسەوانی سنوورەکان . نموونەیەکی دێرین ( گەرمیان ) ییەکان بوون ، کە تێکەڵەی خێڵێکی تورك و کوردە ئێزیدییەکان بوون و سەلجوقییەکان بۆ ئەنەتۆڵی خۆرئاوا ڕایانگواستن ، بۆ پاراستنی سنوور لە هێرش و مەترسیی خێڵە تورکەکان . [110]

پاشان دوو حاڵەتی دیکە باسدەکەین ، یەکەم : ئەو خێڵە کوردانەی ، شاعەباس بۆ خۆراسانی ڕاگوێزان ، تا ئێران لە هێرش و شاڵاوی ئۆزبەگییەکان بپارێزن . دووهەم : سوارەی حەمیدییە ، کە سوڵتان عەبدولحەمید دایمەزراند و ڕێکیخست ، تا وەك هێزێکی پۆلیس ، لە ئەیالاتەکانی خۆرهەڵاتدا سوودیان لێوەرگیرێت . بە گشت جوداوازییەکی ڕەگ و ڕیشە و بنەچەیانەوە ، گشتیان وەك هۆزێك ، یاخود یەککەوتەی چەند هۆزێك دەیاننواند .

لەودەمەوە کە میرنشینە کوردەکان بە ئیمپراتۆریێتی عوسمانییەوە پەیوەست بوون ، ئیدی تا سەدەی نۆزدەهەم ، تەنها کەمۆکەیەك نەبێت ، هیچ گۆڕانکارییەکی گرنگی ئەوتۆ ڕوویندا ، هەتا نوێسازان ، هەوڵی توندوتۆڵکردنەوە و تۆکمەکردنی پەیکەری ئیداری ئیمپراتۆرێتەکە و سەپاندنی دەستەلاتی نێوەندییان دا و ئەو میرنشینانەیان تەفر و توونا کرد و لە گرێژەنەیان بردن .

## 3.8 شێرازەی نێوخۆی میرنشینە کوردییەکان :

ددانان بە دەستەلاتی فەرمانڕەوایانی ناوچەیی کورد دا و دانانیان بە سنجەق بەگی و مامەڵەکردنیان وەك هەرێمێکی سەربەخۆ ، کاریگەرییەکی ڕاستەوخۆ و بێ چەندوچوونی لەسەر شێرازەی نێوخۆی میرنشینەکانیان هەبوو . ئەو مافە میراتگەرانەیەی بە خانەوادە خانەدانەکان درا ، جۆر و چۆنیەتی دابەشکردنی هێزو دەستەلاتی سەپاند و چەسپاندی . دەربار و دەوڵەتی عوسمانی نموونەی بالاْ بوون بۆ فەرمانڕەوا ناوچەییەکان و لاسایيان دەکردنەوە . ڕەنگە میرنشینەکان سیمای دەوڵەتیان لێنیشتبێت ، بەوەی چەندین دەزگەی دەوڵەتییان دامەزراندبوو ، وەلێ سەلماندنی هەروا ئاسان نییە .پێدەچێت زۆری ئەو دەزگە نیمچە دەوڵەتییانەی سەدەکانی شازدە و حەڤدە ، صەدان ساڵ لەوەبەر هەبووبن.میرنشینە دەوڵەت ئاساییەکانی ، تەواو سەربەخۆ فەرمانڕەواییان کردووە ، یاخود پەیوەستی یەکێك لە دەوڵەتە گەورەکانی خۆرهەلاتی ناوەڕاست بوون ، زۆر زووتر و بەر لە دامەزراندنی دەوڵەتی عوسمانیی ، لە ئارادا بوون . وەك پێشتر ئاماژەمان پێدا ، ملووکی حەسەنکێف ، بەرۆگری ئەیوبییەکان بوون.میرنشینەکەیان لەڕاستیدا پاشەڕۆکێکی گچکەکراوەی دەوڵەتی ئەیوبی بوو، کە پشکی زۆری دەزگە دەوڵەتییەکەی وەك خۆی مابووەوە . شێوازی فەرمانڕەوایی برێك میرنشینی کورد ، زێتر و زێتر سیمای دەوڵەتی عوسمانییان لێدەنیشت ، چونکە صەدان ساڵی بێ پسانەوە وەك پێبەند و وابەستەیەکی ئیمپراتۆرێتی عوسمانی ، حوکمڕانی کراون .

لەم بەشەدا ، لەبەر ڕۆشنایی ئەو زانیارییانەی لەبەردەستدان ، بەراوردی دوو میرنشین ، لە دوو قۆناغی جوداوازی سەردەمی دەستەڵاتداریێتی عوسمانییەکاندا دەکەین : بەتلیس ، لە سەدەکانی شازدە و حەڤدەدا و بابان ، لە سەرەتای سەدەی نۆزدەهەمدا . دەربارەی هیچ یەکێکیان زانیاریەکی تەواوی ئەوتۆمان لەبەردەستدا نییە ، تا بتوانین قۆناغێکی دوور و درێژی گەشەکردنیان بتوێژینەوە . لە بەراوردکردنی ئەو دوو میرنشینەدا ، هیچمان دەستگیر نابێت لەو هەستە زێتر ، کە هێدی هێدی بە عوسمانیی کراون .

دەرباری بابان لە ١٨٢٠ دا ، زێتر سیمای عوسمانیی پێوەدیاربووە وەك لە بەتلیسی ساڵی ١٦٥٠ ، کە دیارە ئەمە پاشخانێکی هەل و مەرج و بارو دۆخی تایبەتی هەردوك میرنشینەکە بووە . هەڵبەت ئەو کەسانەش کە ئێمە پشت بە زانیارییەکانیان دەبەستین ، بۆچوون و بەرژەوەندییان جوداواز بووە . بۆیە ئەم پێکگرتنە ، نابێتە بنەمایەکی روون و پتەو ، تا پشتی پێببەستین . مەبەستی من لەم بەراوردکارییە ئەوەیە ، ڕەنگ و ڕوویەك بە بەشەکانی پێشتر ببەخشم .

### 3.8.1 بەتلیس :

دەربارەی ئەم میرنشینە ، باشترین و بەکەڵکترین هەواڵەکانی سەدەی شازدەو حەڤدەمان هەیە . یەکێك لە میرەکانی ، کە شەرەفخان ، یاخود شەرەفەدین خانی نووسەری ( شەرەفنامە) بووە و ساڵی ١٥٧٩ نووسیویە و بەشێکی زۆری مێژووی میرنشینەکەی تۆمارکردووە . ساڵەکانی پەنجای سەدەی حەڤدەهەم ، گەشتەوەری نێوداری تورك ، ئەولیا چەلەبی ، ماوەیەکی زۆر لە بەتلیس و دەوروبەری بووە . لەگەڵ مەلیك ئەحمەد پاشای خاڵی دا ، کە کراوەتە والی ڤان ، چۆتە ئەوێ ، کە بەتلیس لەڕووی ئیدارییەوە ، یەکێك لە ناوچەکانی ئەو ئەیالاتە بووە . والی نوێ و خوارزاکەی و سێ هەزار سەرباز ، لە سەرە ڕێگەی چوونە ڤان دا ، زۆر میواندۆستانە لەلایەن میر عەبداڵ خانەوە پێشوازیی و خزمەت کراون . پاش ماوەیەکی کەم ، عەبداڵ خان ، شالاّو بۆ ناوچەکانی دەور و

بەری دەبات و بێ منەتی و بێ بایەخی بە دەرباری عوسمانی پێشاندەدات.مەلیك ئەحمەد لەشکرێك دەنێرێتە سەری بۆ تەمبێ کردنی . عەبدالْ خان ناچاری هەڵهاتن دەبێت . موڵك و ماڵی زەوت دەکرێت و یەکێك لە کوڕەکانی لەلایەن خەڵکییەوە هەڵدەبژێردرێت و لە جێگەی دادەنرێت . ئەولیا چەلەبی گەواهی ئەو هەموو ڕووداوانەیە .کاتی گەڕانەوەی بۆ ئەستەمبولْ ، بۆ سێهەمین جار ، ماوەیەك لە بەتلیس لا دەدات . لەو دەمەدا عەبدالْ خان دەگەڕێتەوە بەتلیس و دەچێتەوە سەر تەخت و بەختی خۆی . ئەولیا ، ماوەیەك بەزۆر دەهێڵێتەوە . بەشێکی چاکی بەرگی چوارهەم و پێنجهەمی سیاحەتنامەکەیی ، بۆ ئەو ڕووداوانە تەرخان کردووە . (111)

هەر لەو سەرو بەندانەدا ، گەشتەوەری فەرەنسایی Tavernier یش لە بەتلیس میوان دەبێت . ئەو زانیارییە کەمەی ئەو نووسیویە ، گوتەکانی ئەولیا چەلەبی پشتئەستوور دەکەن . (112)

### 3.8.1.1 مێژوو :

ئەم میرنشینە ، ئەو دەمانە ئەم ناوچانەی دەگرتەوە : بەتلیس کرۆکی بوو، ئەخلات ، مووش و خنوس ، سەر بەو بوون . پشکی هەرە زۆری دانیشتوانی، ئەرمەن بوون ، ( تایبەت لە تەختانییە پڕ پیت و فەڕەکانی مووش ) دا . تا سەردەمانێکی درەنگیش ، تەنها ئەرمەنییەکان لەو دەشت و دۆڵانە دەژیان. تورکە سەلجووقییەکان ژێردەستەیان کردبوون ، بەڵام خۆیان قەت ژمارەیەکی ئەوتۆیان لەوێ نیشتەجێ نەبوون . زۆربەی ئەو سەلجووقییانەی لەوێ مانەوە ، لە کەنارەکانی سەرووی خۆرئاوای دەریاچەی ڤان ، لە ئەخلات و ژمارەیەکی کەمیشیان لە شاری بەتلیس خۆی ، نیشتەجێ بوون . لەسەردەمی سەلجووقییەکاندا ، ئەو کوردانەی لەوێ بوون ، زێتر لە ناوچە شاخاوییەکان دەژیان و شار و تەختانییەکان ئەرمەنی لێبوون .پێدەچێت کوردە ڕەوەندەکان لەسەدەی دوازدەوە لە کێوەکانی بەتلیس جێگیربووبن . زۆربەی کات تەنها بۆ

هێرش و تالآنیی ڕوویان لە شاردەکرد . هێرش و شالآوی مەغۆلەکان لە سالآنی ١٢٣١ و ١٢٥٩ دا ، دەرپەڕاندنی بەشێکی زۆری دانیشتووانی بەتلیسی بەدەمەوە بوو . بڕێك لە تیرە و هۆزەکانی بەتلیس هەتا ئەوڕۆش دەیگێڕنەوە کە چۆن لە قۆلی خوارووی خۆرهەلآتەوە ڕوویان لە بەتلیس کردووە . شەرەفنامە ئەو بەسەرهاتانەی بۆ تۆمارکردووین . سەرەنجام ، دەوروبەری سالی ١٣٧٥ ئەو تەختانی و شارانەی ماوەیەکی زۆر بەر هێرش و شالآو و تالآنییان کەوتن ، خستیاننە ژێر ڕکێفی خۆیانەوە . [113] پێدەچێت زۆری کوردەکان هەرزوو لەوێ نیشتەجێ بووبن . شەرەفخان دەنووسێت : " زۆربەی گوندی پێدەشتەکانی مووش ، ئەرمەنی نشین بوون ، بەلآم گوندی قەدپالی چیاکانی دەوروبەر ، موسلمانە نیوەکۆچەر و ئاریییەکانی لێدەژیان . ڕەنگە بەشێك لەوانە ئەو کۆنە ڕەوەندانە بووبن ، کە نیشتەجێبوون و ملیان وەبەر جوتیاریی نا ، یاخود ئەو وەرزێرە کوردانە بووبن کە ناوچە کەم پیت و بێ بڕشتەکانی خۆیان جێهێشتووە و ڕوویان لە مووش کردووە . تەنها بەوەدا کە موسلمانەکان لە گوندە شاخاوییەکان ژیاون و پێدەشتە بە پیتەکان مولکی ئەو فەلانە بوون ، (کە لە ڕووی سیاسییەوە ، بەشخوراو بوون ) ، دەردەکەوێت کە کشتوکالْ و ئاژەلداریی ئاوێتە و هاوتەریبی یەکدی بوون ." [114]

گەر لەو ڕووەوە باوەڕ بە شەرەفخان بکرێت ، ئەوا دەبێت باب و باپیرانی لەسەرەتای سەدەی سیازدەهەمەوە ، فەرمانڕەوایی ئەوێیان کردبێت . بە گوتەی ئەو ، بەرلەوەی خانەوادەکەی ، دەوروبەری سالی ١٢٠٠ ، حوکمڕانیی بەتلیسی لەلایەن ئەیوبییەکانەوە پێبدرێت ، سەرکردایەتی یەکێك لە گەورەترین کۆنفێدراسیۆنی خێلە یەککەوتەکانی دەکرد ، کە ( ڕۆژەکی ) ، یاخود ( ڕۆزەکی ) یان پێدەگوتن . گەر بە شیکردنەوەی میللییانەی ڕەگ و ڕیشە و بنەچەی ووشەکە باوەڕ بکەین ، ئەو کۆنفێدراسیۆنە ( کە شەرەفخان عەشیرەتی نێودەنێت ) لە تاقە ڕۆژێکدا هاتۆتە دی ، کە بە کوردی ( ڕۆژەك ) ی پێدەلێن ، بیست و چوار (قەبیلە) یەککەوتوون و تاقە سەرکردەیەکیان بۆخۆیان هەلبژاردووە . پاشان هەموو

بەتلیس و ( حەزۆ ) شیان داگیرکردووە ، کە دەکەوێتە خۆرئاوایەوە . ئەو هەرێمە داگیرکراوەیان کوت کوت کردووە . وا باوە دەڵێن ، ئەوەی ئەو ڕۆژە زەوی بەرنەکەوتبێت ، ڕۆژەکیی ڕەسەن نییە ، ( شەرەفنامە ، II /١ ، ل ٢٢٩ ) .بەو پێیە بێت ، هەتا لە نێو کوردان خۆشیاندا ، ڕۆژەکیی ڕەسەن ، دەستبژێر و هەڵبژاردەن. تۆرەمەی میرەکانیان بە هیچ جۆر ناچێتەوە سەر تیرە گچکەکانی ڕۆژەکیی ، ( قەبیلەکان) . کە یەکەم سەرەکهۆزیان مرد و زاروزیچی لێنەکەوتەوە ، ناردیان بەدووی دوو برادا ، کە لە نەوەی ساسانییەکان بوون و پێشینەیەکی چاکیان هەبوو . تکایان لێکردن بە میرایەتییان رازیی بن ، ئەوانیش داواکەیان پەسەند کردن و عیزەددین بووە فەرمانڕەوای بەتلیس و زیائەددینیش بووە فەرمانڕەوای حەزۆ . ( شەرەفنامە ، II/١ ، ل ٢٣٠ )

### 3.8.1.2 هۆز و میرەکان :

لە نێوان هۆز و سەرۆکهۆزانیاندا ، جۆرە پەیمانێکی کۆمەڵایەتی نەنوسراو و مۆرنەکراو دروست بووبوو . ڕۆژەکییەکان بەوە ناسرابوون ، کە لە گشت هۆزێکی دی کوردستان ، ملکەچتر و پێبەندتری میریانن . لەهەر میرێکیش ناڕازیی بان ، لایان دەدا و خزمێکیان لە جێ دەنا . ئەو کەنارخستنە ، بەسەر عیزەددینی بەدبەخت هات . پاش ماوەیەك ڕۆژەکییەکانی بەتلیس ، براکەیان پەسەندکرد . زیائەددینیان هێنایە بەتلیس و عیزەدینیان ناردە حەزۆ ، کە ئەو ڕەونەقەی نەبوو.

هەرکات بەتلیس بێ میر با ، بۆ نموونە گەر میر لە زینداندا با ، یاخود لە لایەن سەرکردەیەکی خاوەن زۆری وەك ئۆزون حەسەنی ئاق قۆینلۆوە ، یاخود شا ئیسماعیلی صەفەوییەوە ، سزادرابا و دوورخراباوە ، ئاژاوە و پەشێوی دەکەوتە نێو ڕۆژەکییانەوە . ئاغای هۆزە گەورەکان ، هەوڵیاندەدا ، کۆمەك بە ئەندامانی خانەوادە خانەدانەکە بکەن و یارمەتییان بدەن لەهەڵهاتن و گەڕانەوەیاندا ، تا یەکێتی و یەکڕیزیی هۆزەکانی بەتلیس پارێزراو بێت . گێڕانەوە و بەرقەرارکردنی ئاشتی و ئاسایش ، هۆیەکی گرنگ بوو بۆ پێویستیی بوونی

میرێـك .پێدەچـێت ، لـە نێـو کۆنفیدراسـیۆنێکی ئاوهـا گـەورە و فراوانـدا کـە ئەیالـەتێکی لـە ئەنـدازە بـەدەر دەوڵەمەنـدی وەك بەتلیسـی حـوکمڕانی دەکـرد ، کێشـەو ململانێیـەکی بەردەوام هـەبووبێت . میر هـەمووکات بـۆی نـە دەلـوا بـەر بـە کێشەی نێوان تیرەکان بگرێت و خەفەیان کات . بڕێکجار ( کەمیش نەبوو )، دوان، یاخود زێتر لـە دوو پاڵوتـە خۆیان بـۆ سـەرکردایەتی هەڵدەبژارد ، هۆزەگـەورەکان دەنگیـان بـۆ هەڵبـژاردەی هـۆزی مێملیـان دەدا و پشـتگیرییان دەکـردن بـۆ سـوود و بەرژەوەندیی خۆیان .

### 3.8.1.3 هۆزەکانی بەتلیس :

لـە شـەرەفنامەدا نێـوی ڕۆژەکـی ڕوون و بـێ گـرێ و گـۆڵ بەکارنـەهاتووە . تیرەکـانی ڕۆژەکـی دەژمێرێـت و نێـوی بیسـت و چـوار تـیرە دەهێنێـت [115] ، وەلێ نێـوی هەنـدەك تـیرە دەبـات ، کـە لـە جێگـەی دیـدا نووسـیویە : ئەمانـە بـەر لـە داگیرکردنی بەتلیس لەلایەن ڕۆژەکییەکانەوە ، لەوێ ژیاون . باس لە پێنج هـۆز دەکات کە دانیشتووی دێرینی ئەوێ بوون ، ئەوانیش بریتی بوون لە ( قیسـانی ، یـاخود کیسـانی ، بـایگی ، مـۆدکی ، زەڤقیسـی و زەیـدانی ) ، دوو هـۆزی داگیرکەریش ، کە ڕۆژەکی ڕاستەقینە بوون ( بڵباس و قەڤالیسی ) کە لـە نـۆزدە تـیرە پێکهـاتبوون . [116] بـەپێی شـەرەفنامە ، قەڤالیسـی و بڵبـاس دوو هـۆزی وەجاخزادە بوون . لە کاتی کێشـە و هـەڵلادا ، هۆزەکانی دی لەگـەڵ یـەکێك لـەو دووهۆزە یەکدەکەوتن . تیرەکانی بڵباس و قەڤالیسی ، بەدەگمەن لە شـەرەفنامەدا نێویان هاتووە .تەنها چەندجارێك نـەبێت ، کـە یـەکێك لـە ئاغاکـان لـە ڕووداوێکـدا کایەیەك دەبینێت . سـەرۆکی هـەردوو هۆزەکەش هەمیشـە نێزیکترین ڕاوێـژکاری میربوون . نێویان ئاغا فلانی قەڤالیسی و ئاغا فیساری بڵباسی بووە ، وەلێ قـەت نێـوی تیرەکـەیان نـەبراوە . ئەمـە وا دەردەخـات ، کـە لـە کـن ئـەو هۆزانـە تۆرەمـەی سـەرۆکەکان ، ناچـنەوە سـەر تیرەکـان ، ( هـەروەك تۆرەمـەی بـەگزادەی جافـان ، بڕوانە ، بەندی دووهەم ) .

ئەولیا چەلەبی ئەو راستییە دەسەلمێنێت ، کە ڕۆژەکییەکان ، لەنێو کوردانی بەتلیس دا ، دەستەی هەڵبژاردەن . میر ، سەرۆك و سەرکردەی زێتر لە ٧٠ هۆز و تیرەی گەورە و گچکەیە ، ( لە عەشیرەت و قەبیلە ) ، [117] ، تەنها ڕۆژەکییەکان ٤٠ هەزار کەسێکن ، هەرچەندە ( ئەولیا چەلەبی زۆرجار لە ژمارەکاندا زێدەڕەوی دەکات ) .دیارە ڕۆژەکییەکان شاریین و ئەو ئازایەتییەیان نییە کە کوردەکانی دی پێی ناسراون . زۆر هۆشیار و ئیماندارن و مەیلی تەریقەتیان هەیە ( ئەولیا چەلەبی ، ب ٤ ، ل ١١٦٢ ) . تیرەکانی دی بەرپرسی سوپا و لەشکری بەتلیس بوون . دیارترینیان مۆدکییەکان بوون ، کە ٧٠٠ تفەنگچی جەنگاوەریان هەبووە . بە هەموو هۆزەکان دەیانتوانی ژمارەیەکی زۆر سەرباز بۆ شەڕ بنێرن . چ ئەولیا چەلەبی و چ Tavernier بە دەیان هەزاریان دەخەمڵێنن . [118]

### 3.8.1.4 هێز و دەستەلاتی میر لەنێو هۆزەکاندا :

لە کاتی سەردانی ئەولیا چەلەبیدا ، حەفتا سەرەکهۆز لە دەرباری میر دا بوون، ( بڕوانە سەرچاوەی پێشوو ، ل ١١٥٦ ) .پێدەچێت وەك نیشانە و بەڵگەی گوێڕایەڵیهۆزەکانیان بوو بێت . پاشاکانی ئێرانیش هەمان سیاسەتیان لەگەڵ هۆز و تیرە یەککەوتووەکانی ئیمپراتۆرێتەکەیاندا ، دەگرتەبەر . پیر و بەتەمەنەکانی دانیشتووی کێوەکانی تورعابدین ، ( ئەو ناوچەیەی خرابووەسەر میرنشینی بۆتان ) ، بۆیان دەگێڕامەوە ، کە لەوێش بە هەمان جۆر بووە . دەبایە هەر سەرەکهۆزێك ، برایەکی خۆی ، یاخود کوڕێکی بنێرێتە دەرباری میر ، تا ( لە خزمەتی میر ) دا بێت . لە ڕاستییدا ، ئەو سەرەکهۆزانە جۆرە دیلێکی ڕێزلێگیراوو باش مامەڵکراو بوون .تەنها بەوەی لەژێر ڕەحمەتی میردا بوون ، لەنێو هۆزەکانیاندا ، جۆرە هێز و دەستەلاتێکی ، پێدەبەخشین .

میر ئامرازی کۆنترۆڵکردنی دیکەشی لەبەردەستدا بوو : ئەویش قۆستنەوەی کێشمەکێش و ململانێی نێوان هۆزەکانی میرنشینەکەی بوو . وەك لە بەندی پێشتردا ڕوونکرایەوە ، کێشەکانی خوێن و دوژمنایەتی ، تەنها بە کەسانێك

چارەدەکران ، کە هەردوکلا بڕوایان بە کەسایەتی هەبا و پێی ڕازیی بان . بۆ هۆزە هاوسیێ و خاوەن بەرژەوەندە هاوبەشەکان ، پشتبەستن بەوجۆرە کەسانە سوودێکی باشی هەبوو . ئەوە ماکی ئەو بەسەرهاتەمان بۆ ڕووندەکاتەوە ، ( ئیدی ڕاست بێت ، یا درۆ) ، چۆن چۆنی و بۆچی ڕۆژەکییەکان پەلی عیزەددین و زیائەددینیان گرت و کردیاننە سەرگەورەی خۆیان . دوور نییە میرەکان خۆیان دەستیان لە خۆشکردنی کلپەی ئەو ململانیێ و کێشمەکێشانەی نێوان ئەو دوو هۆزە یەککەوتەی بلباس و قەڤالیسیدا نەبووبێت ، تا بتوانن لەو ڕێگەیەوە بەلانص و تای تەرازووەکە ڕاگرن . هەر بە هەمان شێواز میرانی هەکاری ، هۆزەکانی میرنشینەکەیان بە سەر ڕاست و چەپدا دابەشکردبوو ، وەك بڕێك لە خەڵکانی ئەویێ ئاگادارن .دیارە بەو جۆرە حوکمڕانیی کردن ، مەترسیی خۆشی هەیە . دوور نییە ، وەکو چەندین جاریش ڕوویداوە ، ڕێشمەی دەستەڵاتی لەدەست نەترازێت . هەرکات چەند کەسێك بۆ میرایەتی پێشچاودەگیران ، هەر هۆزە و ، یاخود هەرچەند هۆزی یەککەوتە و هەڵپەی ئەوەی بوو ، نوێنەری خۆی هەڵبژێردرێت . ئاکامی ئەو ململانیێ و کێشمەکێشانەی هەناوی میرنشینەکان ، لاوازبوونی هێز و دەستەڵاتیان بوو . [119]

بۆ نموونە وەك لەسەردەمی حوکمڕانیی ئاق قۆینلۆ دا ڕوویدا و میران دوورخرانەوە . سەرەکهۆزەکان چەندین جار هەولی هێنانەوەیان دان و بۆ دەستخستنەوەی بەتلیس یارمەتییان دان ، ( کە لەلایەن هێزەکانی ئاق قۆینلۆ وە داگیرکرابوو ) ، بەلام بیێ ئاکام بوو . پاش سی ساڵێك ، لەو خانەوادەیە تەنها دوو کەسیان مابوون کە شایستەی بەرۆگریی بن ، شەمسەددین کە وەك پەنابەرێك لە میرنشینی بۆتانی هاوسێیدا دەژیا و شا محەمەدی ئامۆزای ، کە پەنای بردبووە بەر ئێران . ئاغایەکی زۆر دڵسۆزی خانەوادەکە [120] ، یەکەمجار ، شەمسەدینی گێڕایەوە بۆ بەتلیس و سەربازە جەنگاوەرە گیانفیداکانی ڕۆژەکی ، چاوەڕوانی بوون ، تا شارەکە بگرنەوە و شەمسەدین بگێڕنەوە سەر تەخت و بەختی خۆی ، بەلام شەمسەدین لە جەنگی دژە تورکاندا کوژرا . شامحەمەدی ئامۆزای

بەختەوەرتر بوو ، هۆزەکان بۆ گەڕانەوەی یارمەتییاندا و بۆ گرتنەوەی بەتلیس کۆمەکیان پێکرد ، حوکمڕانیی شارەکە و ئەیالەتەکەی کەوتەوە دەست ، بەڵام دەستەڵاتی زۆری نەخایاند و لە ساڵی ١٤٩٧ دا مرد . هەردوك ئامۆزا ، کۆمەڵیك کوڕی لاویان لە پاش بەجێما . ئیبراهیمی کوڕی شا محەمەد ، جێگەی بابی گرتەوە ، بەڵام چونکە هێشتا لاو بوو ، عەبدولڕەحمان ئاغای قەڤالیسی و بڕێك ئاغای دیکەی هۆزە یەککەوتەکە ، جڵەوی کاروباریان گرتە دەست و سەرپەرشتیی حوکمڕانیان دەکرد . شەمسەدینی کوڕی شەرەف ، ( کە باپیرەی نووسەری شەرەفنامە بوو ) ، کرایە فەرمانڕەوای مووش .

پێدەچێت بلّباسەکان دژی ئەوەبووبن ، کە زۆربەی کاروبارە سیاسییەکان بە دەستی ئاغا قەڤالیسییەکانەوە بێت ، شێخ ئەمیر بلّباسی سەرکردەیان ، بە پێچەوانەی خواستی میر ئیبراهیم و عەبدولڕەحمان ئاغاوە ، بە خۆی و هۆزە گەورەکەیەوە ، بۆ پێشاندانی ڕێزی لە ئاست شەرەفخان دا ، بەرە و مووش چوو. لە پڕێکدا پەیوەندیی نێوان جووتە ئامۆزا ، شێوا . میر ئیبراهیم فەرمانی دا ، شەرەفخان بێتەوە بەتلیس . بەنیازبوو چاوانی هەڵکۆڵێت . ئاغاکانی قەڤالیسی ، ئامۆژگاریی شەرەفخانیان کرد نەچێت ، ئەویش سەرپێچیی کرد و نەچوو . ئیبراهیم لەشکرێکی گەورە و گرانی کۆکردەوە و ناردیە سەر مووش . شەرەفخان تەنها بلّباسەکان و یەکدوو تیرەی قەڤالیسی و بەشێکی هۆزی پازوکی (کە هۆزێکی یەککەوتەی هاوسێی ، یاخود میرنشینێکی هاوسێی بوو ) لە پشتی بوون. لەشکرەکەی ئیبراهیم زۆر کوّك و تەییارتربوو ، بۆیە سەرکەوت . وەلیّ چەندین ئاغای هاوپەیمانی بە پەنهانیی پەیوەندییان بە شەرەفخانەوە کردبوو ، دیارە ئەویان لا پەسەندتر بووە ، بەڵام نەدەوێران بیدرکێنن و ئاشکرای بکەن . تا ڕۆژێك دواتر دایانە پاڵ شەرەفخان . ئیدی شەرەفخان بواری بڕیار و کرداری بۆ ڕەخسا . ئامۆزاکەیی ڕاوەدوونا و بەتلیسی گەمارۆ دا . ئیبراهیم کەوتە سەودا و مامەڵە ، بەوە ڕازیی بوو شاری بەتلیس خۆی و ئەخلات بداتە شەرەفخان و خۆشی بە خنوس و موش قنیات بکات . جووتە ئامۆزا پێکهاتن . بەڵام شێخ

ئەمیر بڵباسی ( کە دیارە بەرژەوەندیی تایبەتی خۆی تێدا هەبووە ) ، لە ڕۆژی ڕێککەوتنەکە دا ئیبراهیمی گرت . حەوت ساڵی ڕەبەق خستییە زیندانەوە. بەوجۆرە ، شەرەفخان بۆ ماوەیەکی زۆر ، بە تاکە فەرمانڕەوای میرنشینەکە مایەوە . (شەرەفنامە ، ١/II، ل ٢٧٧-٢٨٣ )

دیاردەی ئەو ململانێ و ڕکەبەرایەتییەی لە نێوان ئەندامانی خانەوادە خانەدانەکەدا هەبووە و شەرەفخانیش بەردەوام ئاگری خۆشکردووە و دنەی داوە، تەنها نیشانەیەکی ململانێ لەسەر هێز و دەستەڵات ، لە نێوان هۆزەکانی بەتلیس دا ، نەبووە ، بەڵکە بە دڵنیاییەوە ، دەستی گەلەك هۆز و هێزی دەرەکییشی تێدا بووە ، کە هۆزی پازوکی یەکێك لەوانە بووە . بەداخەوە ئەو نووسەرە خانەدانە ، زانیارییەکی ئەوتۆی دەربارەی بنەمای کێشمەکێشەکانی نێوان دارودەستەی میری بۆ تۆمار نەکردووین ، بۆیە ناچارین تەنها پشت بە گومان و لێکدانەوە و بیر و بۆچوونی خۆمان ببەستین .

دوای ئەو ڕووداو و پێشهاتانەی باسکران ، زۆری خایاند تا بارودۆخەکە هێور بووەوە . بەتلیس ئەیالەتێکی سەر سنوور بوو ، ململانێ و کێشمەکێشی نێوان عوسمانی و صەفەوییەکان و ڕکەبەرایەتی و کێشە و گرفتە نێوخۆییەکان ، نێزیکەی هەموو سەدەی شازدەهەم بە تێکچڕژاویی و بێ چارەسەر مابوونەوە . میرەکانیش سەنگەرگۆڕکێیان دەکرد و جارێك گوێڕایەڵ و ملکەچی فەرمانی سوڵتان دەبوون و جارێك دەیاندایە پاڵ شا . بەو پێیەش دەستەڵات و نێویان پێدەبەخشرا . بڕێکیان ماوەیەکی زۆر لە ئێران ژیان و پلەوپایەی چاکیان درایە ، تا ساڵی ١٥٧٨ ، سوڵتان مورادی سێهەم ، داوای لە شەرەفەددینی نووسەری شەرەفنامە کرد ، بگەڕێتەوە مەفتەنی خۆی و تەخت و بەختی خۆی پێدایەوە.

## 3.8.1.5. داهات و ئەرك و فەرمانی سوپا :

بەتلیس ئەیالەتێکی دەوڵەمەند بوو ، زەوی بە پیت و پڕفەڕی هەبوو ، تایبەت پێدەشتەکانی مووش و لەوەڕگەی قەدپاڵی چیاکانی ، کە تا ئێستاش لە

تەواوی کوردستاندا نێوبانگیان هەیە . شاری بەتلیس خۆی ، نێوەندێکی بازرگانیی گرنگ بوو ، شوێنێکی ستراتیژیی چاکی هەبوو ، شادەماری ڕێگەی بازرگانیی ناوچەکە ، بەوێدا تێدەپەڕی . ژمارەیەکی زۆر بازرگانی چاك و نێودار لەشارەکەدا بوون ، زۆربەیان یاقووبی ، فەلە ئاشوورییەکان بوون . جگەلەوە ، بەتلیس نێوەندێکی گرنگی پیشەدەستییەکان بوو . ئەولیا چەلەبی هێجگار بە چەخماخسازەکانی سەرسام بووە ، باسی بەرگدروو و جۆلاً و خومخانەچی و دەباغچییەکانیشی دەکات ، کە گوایە چاکترین و بەنرخترین پێستەیان خۆشدەکرد .( ئەولیا چەلەبی ، ب ٤ ، ل ١١٨٤ ) . بە پێی شەرەفنامە ( ١/١١ ، ل٢١٧) زێتر لە ٨٠٠ دوکان و کارخانە لەشارەکەدا بوون . نیوسەدە دواتر ، ئەولیا چەلەبی باس لە ١٢٠٠ دوکان دەکات .( ئەولیا چەلەبی ، ب٤ ، ل ١١٦٤ ) . خاوەنی ئەو دوکان و کارخانانە ، زێتر ئەرمەنی و یاقوبی و عارەب بوون .

بەو پێیە ، بەتلیس کوانوو و چاوگەیەکی چاکی داهات و دەستکەوت بووە . ئەو داهاتە زۆر و زەوەندەی میر بۆخۆی و حوکومەتەکەیی بڕداوە ، نیشانەیەکە بۆ ڕادەی سەربەخۆیی میرنشینەکە و گەلەك لەوە هەراوتربووە کە سنجەق بەگییەکانی دی بە ئاواتیان خواستووە .

با لە ( خاص ) ەوە دەستپێبکەین ، کە داهاتێك بوو لە بریتی مووچەی سنجەق بەگی بڕییەدا . بە پێی فەرمانێکی سەڵتەنەتی ، کە ساڵی ١٥٧٨ شەرەفخان دەکرێتە سنجەق بەگی ، [121] ئەو مووچەیەی بۆی دیاریی کرابوو ، لەم سەرچاوانەوە هەڵدەهێنجرا : داهاتی چەند گوندێك و باجی بازاڕ ( ئیحتیساب ) ی شاری بەتلیس خۆی ، کە تێکڕا ساڵانە دەیانکردە زێتر لە ٥٠٠ هەزار ئاقچە . پێنج ساڵ دواتر ، واتە ساڵی ١٥٨٣ ، سوڵتان بەشێك لە مووشیشی خستە سەر خاصەی میر ، کە نێزیکەی ٢٠٠ هەزار ئاقچەیەك داهاتی بوو ، (شەرەفنامە، ١/١١، ل ٤٣٤ ). لەتەك ئەوەشدا ، میر نیوەی ئەو جزیەیەش ، کە لە ٤٣ هەزار فەلەکەی ژێردەستەی خۆی دەسەند ، بۆ خۆیی گلدەدایەوە . نیوەکەی دی دەنارد بۆ والی ڤان ، ئەویش دەیکردە مەسرەفی ئەو لەشکرەی لەوێ

دامـــەزرابوو ، ( چـــەلەبی ، ب ٤ ، ل ١١٦٢ ) . وەك پێشـــتر گوتمـــان ، جزیـــە ( داهاتێکی کەم نەبوو) ، لە ڕاستیدا بۆ خەزێنەی دەوڵەت بوو . بە پێی شەرەفنامە ( ١/II ، ل ٢٢٤ ) ، فەلەکان سالآنە ، هەریەکەی ، ٧٠ ئاقچە جزیە و خەراجیان داوە . [(122)]

عەبدالْ خان ، لە پێشینەکەی زێتریشی پێدەبڕا . هێشتا لاو بوو ، سوڵتان مورادی چوارهەم ( ١٦٢٣-١٦٤٠ ) هێندەی خۆشدەویست، هەموو خەراجی ناوچەی مووشی بۆ هەتاهەتایە خەلآت کردبوو. ( چەلەبی ، ب ٤ ، ل ١١٦١-١١٦٢)، کە دیارە پووڵێکی کەم نەبووە . زۆریی ئەو داهاتەمان لەو ژمارانەوە بۆ دەردەکەوێت کە شەرەفنامە تۆماری کردوون : ئەو ئامار و سەرژمێرییەی لە سەردەمی سوڵتان سلێمانی یەکەمدا کرا ، داهاتی موشی بە یەك ملوێن و نیو ئاقچە دانابوو . ئەو بڕە پارەیە ، تێکڕای ئەو جزیە و خەراجە بوو ، کە لەو ٤ هەزار ( ڕەعایا ) فەلەیە دەسەندرا ، ( سەری ٧٠ ئاقچە ) ، هەڵبەت جگەلەو گوندانەی وەقف کرابوون ، یاخود بەشێك بوون لە موڵکی سەڵتەنەت .( شەرەفنامە ، ١/II ، ل ٢٢٤ ) . بە پێی گوتەی ئەولیا چەلەبی ، میر ، خەراجی مووشی بۆ ئەوە وەردەگرت ، تا مەسرەفی فەرماندەی قەلآ و ئەو ٢٠٠ سەربازەی ئەوێی پێبکێشێت . ( چەلەبی ، ب ٤ ، ل ١١٦٢ ) . لەپاڵ ئەوانەشدا ، ئەو باجەش کە لەو کاروانانەی بۆ شاردەهاتن، دەسەندرا ، گشت لە گشتی بۆ میر بوو .( سەرچاوەی پێشوو ، ل ١١٦١ ) .

لەوەش بەدەر ، وەك ئەولیا چەلەبی لابەلا باس دەکات ، میر ، سالآنە باجی لە گشـــت خـــاوەن پـــەزەکانی بـــەتلیس دەســـەند . ڕەنگـــە ئـــەوە نـــەریتێکی عەشیرەتگەرییانەی نێوان ئاغا و مسکێن بووبێت ، کە تا ئەوڕۆکەش هەر ماوە . پێدەچێت ئەو سەرانانە هەمیشە بە خۆشیی خۆیان نەیاندابێت ، چونکە میر هەمیشە پەلێکی چەکداری بۆ کۆکردنەوەیان دەنارد . زۆربەی جار ئەو پیاوە چـــەکدارانە ، ســـنووری قەڵەمڕەوەکـــەیان دەبەزانـــد و ڕەعایـــای میرەکـــانی دەوروبـــەریان تـــالآن دەکـرد . مـیر و سـەرەکهۆزە هاوسـێکان ، بـەردەوام داد و

سکاڵای خۆیان لە دەست عەبداڵ خان ، دەبردە کن فەرمانڕەوای ڤان و ئەرزەڕوم . بە بڕوای ئەوان " دەبایە عەبداڵ خان پێش چل ساڵ کوژرابا " ، ئەو دەمەی کە دەهەزار پیاوی خۆی ناردە سەر مەلازگەرد و ٤٠ هەزار سەر پەزیان بە تاڵان بردو ٣٠٠ کەسیان کوشت . میر بە ڕاشکاوی بە والی ڤانی گوت : پیاوەکانی مەڕانەیان سەندووە و ڕەنگە لەو کارەشدا چەند هەڵەیەك کرابێت . ( چەلەبی ، سەرچاوەی پێشوو ، ل ١٢٣٧-١٢٤٢ )

دیارە میر تەنها کەس نەبوو ، کە سەرانە و زەوییانەی دەسەند . بە گوتەی ئەولیا چەلەبی ، سێزدە زەعامەت و ٢١٤ تیمار لە بەتلیس دا ، بە دەست سەرەکهۆزەکانەوە بوون . بڕێکیان لە لەشکری سپاهیدا ، پلەوپایەی ئالآبەگی و جەرباشی و یۆزباشییان هەبووە . بەپێی یاسا و دەستوور ، ئەو تیوڵانە دەبا مشووری ٣ هەزار جەبەلوویان خواردبا و بەخێویان کردبان . ( بڕوانە پەراوێزی ژمارە ٨٠ ) . لە کاتی جەنگدا ، دەبا ئەوانە لەژێر فەرماندەیی میری خۆیاندا چووبنا ڕیزی لەشکری والی ڤانەوە ، ( چەلەبی ، سەرچاوەی پێشوو ، ل ١١٦٢ ) . ئەو سێ هەزار پیاوەی میری بەتلیس بۆ لەشکری عوسمانیی ئامادەکردبوون ، بەشێکی کەم بوون لە ژمارەیەکی زۆر لەو پیاوانەی دەیتوانی بۆ مەبەست و بەرژەوەندیی خۆی هەڵیانسووڕێنێت .

دەستەی سێهەم لەوانەی موڵکانەیان وەردەگرت ، دەزگە خێرەومەندەکان بوون . بەپێی شەرەفنامە ، بەشی هەرەزۆری گوندەکان وەقف کرابوون . کە کتێبەکەی ئەولیا چەلەبی دەخوێنییەوە ، تێدەگەیت ، بۆ ؟ تەنها لە شاری بەتلیس دا پێنج مزگەوتی گەورە و ژمارەیەکی زۆر مزگەوتی بچووك و چوار مەدرەسە و زێتر لە ٧٠ قوتابخانە و نێزیکەی ٢٠ تەکێ هەبوون .شارەکە تێکڕا ٧٠ میحرابی تێدابووە . ( چەلەبی ، سەرچاوەی پێشوو ، ل ١١٦٢-١١٦٣ ) . گشت لە گشتی ئەو دەزگانە ، وەقف بوون. داهاتی ئەو زەوییانە ، بۆ بەڕێوەچوونیان تەرخانکرابوو. بڕێك دەزگەی دیکەی سوودبەخشی گشتییش ، بەهەمان شێوە ، وەك ئەو ٧٠ کارێز و ٤١ بیرەی لە شاردابوون . پێدەچێت بەشێك

لە کوردەکانی دانیشتووی بەتلیس ، ئەو ڕۆژەکییە هۆشیار و ئیماندارانە بووبن کە ئەولیا چەلەبی لەمزگەوتەکان دیتوونی ، سەرگەرمی دامە و شەترەنج بوون و پێناچێت بە هیچ کارێکی بەرهەمدارەوە خەریك بووبن و ناڕاستەوخۆ بە داهاتی وەقف ژیاون .

ئەوەی لەو دەستکەوت و داهاتانە ماوەتەوە ، بۆ خەزێنەی دەوڵەت نێردراوە . ( خەراج ئاغاسی ) ، یەکێك بووە لەو دوو پلەوپایەدارانەی کە لە لایەن میرەوە نا ، بەڵکە لە لایەن والییەوە دانراون . بڕێك زەوی ( بۆ نموونە لە دەشتاییەکانی موش) ، موڵکی سەڵتەنەت بوون و گشت داهات و بەروبوومیان بۆ خەزێنەی دەوڵەت چووە . لە هەموو زەوییەکانی دی ، لە تەك چەند جۆرە باجێکی سووکەڵەتردا ، خەراج سەندراوە . وەك پێشتر باسکرا ، جزیە لە نێوان میر و والی ڤان دا ، برابەشکراوە .

### 3.8.1.6 تیپەکانی دیکەی سوپا :

تیپێکی ئینتیشارییەکان لە بەتلیس مۆڵدرابوو . فەرماندەکەیان دووهەم کاربەدەست بوو کە والی دایدەنا ، نەك میر . ئەولیا چەلەبی دەگێڕێتەوە ، کە جگە لەوان ، ١٠ هەزار پیاوی میریش ، بە شمشێر و قەڵغان و گورزی دەستیان و جلکی سەربازیی پڕباق و بریقی بەریانەوە ، لەشاردا بوون .بە پێی ئەو وەسفەی ئەو دەیانکات ، لە لەشکرێکی کۆیلەی تایبەت چوون ، ( چەلەبی ، سەرچاوەی پێشوو، ل ١١٨٤) . دە هەزار پیاو بەجارێك ، هێجگار زۆرە . لەتەك ئەوانەشدا ، کۆمەڵێکی دی لە نێو هۆزەکاندا هەبوون ، کە میر تەنها لە کاتی پێویستیدا داوای دەکردن ، ئەوانەش نێزیکەی ٢٠ هەزار سوارێك و هێندە و زێتریش پیادە بوون .( بڕوانە پەراوێزی ژمارە ١١٨) .

### 3.8.1.7 پلە و پایە و بڕیاردان :

وەك پێشتر باسکرا ، تەنها دوو کاربەدەست لە لایەن والی ڤانەوە دادەنران : خەراج ئاغاسی و فەرماندەی ئینتیشارییەکان . هەموو ئەوانی دی ، میر دایدەنان. ئەولیا چەلەبی گرنگترینیان پەنجەژمێر دەکات : قازیی ، موفتی و نەقیبولئەشراف، [124] کە فەرماندەی لەشکری قەڵا بووە ، باجگرەکانی شەقام و بازاڕەکان و کۆمەڵێك کاربەدەستی گچکەتری دی .

دادوەریی، کاری قازیی بووە ، وەلێ پێناچێت میر، بۆ مەسەلەی سزادانی کەسانی سەرکێش و سەرپێچیکەر و چەمووش و جەلۆ ، قەت هانای بۆ قازیی بردبێت. کایە و ڕۆڵی قازیی لە بەتلیس دا لەو بوارانەدا بووە ، کە راستەوخۆ پەیوەندییان بە میرەوە نەبووە . قازیی هەرگیز پرکێشیی ئەوەی نەکردووە سەربەخۆ بڕیاربدات ، ( وەکی قازیی سنجەقەکانی دی ) ، چونکە ئەم لەلایەن میرەوە دادەمەزرا ، نەك لەلایەن دەوڵەتەوە، ( کە حاڵەتێکی سەیر بووە ). وەك ئەولیا چەلەبی گوتوویە، پلەو پایەی قازیی پایەیەکی مەزن بووە ، دەیتوانی بە پەیوەندیی چاکی دەگەڵ میر دا، بالاتر بیبات، [125] ( سەرچاوەی پێشوو، ل١١٦٢).

کەواتە میر ، لە ڕووی بڕیاری یاساییەوە ، وابەستەی ئەستەموڵ نەبووە و بۆخۆی سەربەخۆ بووە و کۆنترۆڵێکی چاکی ئەو لایەنەی کردووە . ئاستی ئەو سەربەخۆییە لەو راستییەوە دەدرەوشێتەوە ، کە موفتی ، سەر بە ڕێبازی شافیعی بووە ( چونکە زۆربەی کورد پەیڕەویی دەکەن ) ، نەك ڕێبازی حەنەفی ، کە زۆربەی هەرە زۆری دانیشتووانی ئیمپراتۆرێتەکە پەیڕەوییان دەکرد .هەتا شارەکانی مەکە و مەدینە و قودسیش ، کە زۆربەی دانیشتووان حەنەفی نەبوون ، زۆر بە دەگمەن موفتی سەر بە ڕێبازێکی دیکە بووە ، وەلێ بە تلیس لەو حاڵە بەدەربووە . [126] بەو پێیە ، دەستەڵاتی یاسادانەر و دەستەڵاتی یاسا ڕاپەڕێنەر ، تەواو لێك دانەبڕابوون ، هەرچەندە هەتا لە ڕووی شەریعەتیشەوە سەربەخۆیی خۆی لە دەولەتی عوسمانی پاراستبوو.

کەواتە میرنشینی بەتلیس ، زێتر لە وولاتێکی هاوپەیوەند چووە ، وەك لە ئەیالەتێکی سەربە ئیمپراتۆرێتەکە . سەربەخۆییەکی لە ئەندازە بەدەر بەخانەوادە دەستەلاتدارەکە درابوو ، دیارە ئەوانیش زیاد پێیان لێهەڵبڕیبوو . ئەو دەمەی Tavernier بە میرنشینەکەدا دەگەڕا ، میر ، نە دانی بە دەستەلاتی بالای عوسمانی و نە بە صەفەوییدا نەدەنا ، هەردوکلاش بەهۆی شوێنە جوگرافییە ستراتیژییەکەی بەتلیسەوە ، ناچار بوون ، گەر بەسەرزارەکییش بێت ، رووی پەیوەندییەکی چاکی لەگەڵ نیشان بدەن .( Tavernier، ١٦٧٩ /ا ، ل ٣٠٣ ). کەمێك پاش ئەوەی مەلیك ئەحمەد پاشا کرایە والی ڤان ، هەوڵیدا بەو سوپا بەهێزەی لەبەردەستیدا بوو ، عەبدالّ خان تەمبیّ بکات و سنوورێك بۆ سەربەخۆییەکەی دابنێت ، وەلیّ وەك ئەولیا چەلەبی ساڵێك دواتر دیتوویە ، ئەو هێرشانە ئاکامێکی چاکی ئەوتۆیان نەبووە .

### 3.8.1.8 توێژاڵەکانی کۆمەڵ :

میرنشینی بەتلیس ، کۆمەڵەکەی تا ڕادەیەکی زۆر ، فرەچین بوو ، وەلیّ لەکەم ڕووەوە چوونیەکیی لەگەڵ توێژەکانی ئیمپراتۆرێتی عوسمانیدا هەبوو :

١- لە سەری سەرەوە میر و خانەوادەکەی بوو .

٢- یەکەوڕاست پاش ئەوان ، ئاغای هۆزەکان و پیاوماقوولان . ڕاوێژکاران و کاربەدەستە گەورەکانیش ، سەر بەم توێژەبوون . بڕێك لە پیاوماقوولانی هۆزەکان موڵکدار بوون ، زەوییەکانیان داهاتێکی چاکی بۆ مسۆگەردەکردن . زۆربەیان لەشار دەژیان ، ( ئەولیا چەلەبی ، سەرچاوەی پێشوو ، ب٤ ، ل ١١٨٥ ) هەندەکی دیکەیان بە ئاژەڵداریی ( کە شوان بۆی دەلەوەڕاندن ) و دیاریی رەعییەت و پیاوانی هۆز بەڕێوەدەچوون . ئەوانەی دەربار ، دیارە میر مووچەی دەدانیّ .

٣- دەستەیەکی دیکەی لەوبابەتە ، بەلام سەر بە هیچ هۆزێك نەبوون ، لە کاربەدەستان و پیاوانی بەوەج و یەکی یەکی بواری هونەر و زانست و پیاوانی ئاینیی وەك شێخ و مەلا و سەیید و ... هتد ، کە لە خزمەت میردا بوون .

٤- لە نێو ڕەشەخەڵکەکەی هۆزدا ، دەتوانرا جوداوازی لە نێوان دوو توێدا بکرێت ، هەرچەندە تخووبێکی ئەوتۆیان لە نێواندا نەبوو ، بەڵام جارجارە جێگۆڕکێی تێدابووە ، ئەوانیش ئەسپدار و بێ ئەسپەکان بوون . موڵکدارەکان باشترین سوواریان هەڵدەبژارد و دەیانکردنە جەبەلو . بەوان و بە نۆکەرە چەکدارەکان ، توێژی سوپای هۆزیان پێکدەهێنا . بەڵام تەواو ڕوون نییە ، ئەو نۆکەرانە چۆن چۆنی هەڵدەبژێردران .

٥- ژمارەیەکی هێجگار زۆری کورد ، شارنشین بوون ، ( ئەولیا چەلەبی بە ڕۆژەکی نێویان دەبات ) ، وەك کوردەکانی دی ، جەنگاوەر نەبوون ، بەڵکە ، خەڵکانێك بوون تاڕادەیەك تێگەیشتوو . وەڵێ ئەرك و کاریان نازانرێت .

٦- دەستەیەك جوتیاری کورد هەن ، کە ڕەعایایان پێدەگوتن و لەو هەرد و کێوانە دەژیان . زانیارییەکی تەواومان دەربارەی حاڵ وبار و پەیوەندییان بە هۆزەوە ، لەبەردەستدا نییە .

٧- دینەمۆی ئابووریی میرنشینی بەتلیس ( لەتەك ڕەوەندە ئاژەڵدارەکاندا ) ، ڕەعایا فەلەکان بوون ، ( کە زۆربەیان ئەرمەنی و بڕێکیشیان ئاشوورییە یاقوبییەکان بوون ) . زۆربەی جوتیارە نیشتەجێکان و بەشێکی زۆری شارنشینەکان ئەرمەن بوون ، [127] لە بواری سیاسەتدا ، پلە و پایەیەکی نەوییان هەبوو ، بڕێکیان حاڵ و باریان هێجگار باش بوو ، باشترین و دەستڕەنگینترین وەستا و بازرگانی چاکیشیان تێدا هەڵکەوتبوو . هەندێکی دیکەیان باخداری کارامە بوون و بەرو بوومی چاکیان هەبوو .

سەبارەت بە جۆری ڕەگەز و پێکهاتی ئێتنی دانیشتوانی بەتلیسی سەدەکانی شازدە و حەڤدە ، سەرژمێر و ئامارێك لەبەردەستاندا نیین . گەڕان و پشکنینی ئەرشیفی عوسمانی ، ڕەنگە زانیاری ووردمان دەربارەی پێکهاتی ئاینی و باری ئابووری پێبدات ، وەك هەر ئەیالەتێکی دی . مادامێکی ئەو زانیارییانەمان دەستناکەوێت ، ناچار جاریێ لێدەگەڕێین و ، دەربارەی کۆتایی سەدەی نۆزدەهەم، پەنا بۆ ئامارەکانی Cuinet دەبەین . هیچ نەبێت زانیارییەکی کەممان

دەداتــێ تــا لەبــەر ڕۆشــناییدا ، قۆناغــەکانی پێشــتری پێبخــەملێنین . ٤٠٪ دانیشــتووانی نێــو ســنووری کــۆنی میرنشــینەکە ، ئەرمــەنی بــوون . ١٥ – ٢٠ ٪ موسڵمان بوون ، زۆربەی هەرە زۆری کوردەکان ڕەوەند بوون .[128]

توێژە سیاسییە دەستبژێرەکە ، تەنها لە دەستەی دووهەم نەبوون ، بەڵکە لە دەستەی سێهەمیشیان تێدابووە . ئەوە لە دەمەدەمی کێشە سیاسییەکەی پاش ڕاوەدوونانی عەبدالڵ خان دا ، بە زەقی دەرکەوت . دەبایە یەکێك لە شوێنی دانرابا، هەرسێ کوڕەکەی پالآوتە بوون . کۆبوونەوەیەکی تایبەت بۆ هەڵبژاردنی بەرۆگرێك سازکرا ، لەتەك سەرەکهۆزەکاندا ، گشت زانا و دانا و پیاوە ئاینییەکان و شێخ و ئەعیان و سەییدەکانی بەتلیس ئامادەبوون، ( سەرچاوەی پێشوو ، ل ١٢٧٣-١٢٧٤ ) .

ڕەعایا فەلەکان بۆیان نەبووە دەم لە سیاسەت وەردەن ، هەتا لە کاتی جەنگ و پشێوییشدا نەیاندەتوانی لە لەشکرکێشیدا بەشداربن [129] . شەرەفنامە ، تەنها جارێك و تەنها وەك چاوگەیەکی داهات باسیان دەکات :

تاقە جارێك ، ئەو دەمەی مەترسی هێرشێکی دەرەکی ، ( سوپای عوسمانیی ) لە ئارادا بوو ، میر دیتی پیاوانی هۆزەکەی ، دەوروبەریان چۆڵکرد و هەڵهاتن . ئاغایەکی ئەمەکداری ، پێشنیازی کرد ، چەك بە ئەرمەنییەکان بدات ، تا لە بەرگرییکردنـدا بەشداربن ، بەلای شەرەفخانەوە ، ئەو پێشنیازە ، بەڵگەی گێلێتی و نەزانیی ئەو ئاغایە بوو . هەموو ڕاوێژکارانی میریش لەو باوەڕەدا بوون. ئاکامەکەی ئەوەبوو ، کورد تەواو شکا و شکستی هێنا و ئەرمەنییەکان ناچاربوون ماوەیەك باج و خەراج بە سەرۆکێکی دیکە بدەن . ( شەرەفنامە ، ١/١١ ، ل ٣١٤-٣١٦ ) .

### 3.8.2 بابان :

میرنشینی بابان لە نێزیکەی ١٥٥٠ وە تا نێزیکەی ١٨٥٠ ، کایە و ڕۆڵێکی درەوشاوەی لە مێژووی عێراقی ئەوڕۆکەدا دیتووە . [130] هەموو ئەو سەردەمە ،

بەناو ، سەربە ئیمپراتۆریێتی عوسمانیی بووە ، لە زۆری ئەو هێرش و شالآوانەدا کە کرانە سەر ئێران ، بەشداربووە . دیارە زێتر لە داخ و لە دژی میرنشینی ئەردەلآنی میملی ، کە سەر بە ئێران بوو .

میرانی بابان ، هەمیشە لە هەولّ و هەڵپەی ئەوەدا بوون ، سەربەخۆییەکی زێتر بەدەستبهێنن ، بۆیە جارجارە هاریکاریی ئێرانیشیان دەکرد . چ والی بەغدا و چ فەرمانڕەوایانی ئێران ، دەستیان تێکەڵی کێشە و ناکۆکییەکانی نێو هەناوی خانەوادەی میر دەکرد ، تا لەو ڕێگەیەوە جێپێی خۆ قایمتر بکەن . لەسەرەتای سەدەی حەڤدەهەمەوە ، میرانی بابان دەیانتوانی نازناوی پاشا هەڵگرن ، کە مەزنترین نازناوی تورکییە و ( ئەو دەمە تەنها هەندەك سنجەق بەگی بۆیان هەبوو ئەو نازناوە هەڵگرن ، هەرچەندە دواتر زۆر سنجەق بەگی دیکەش ئەو نازناوەیان وەرگرت ) .

میرانی بابان ، ناوچەیەکی فراوان و بەرینیان حوکمڕانیی دەکرد ، کە خەڵکەکەی بڕێکیان خێڵەکیی بوون و هەندێکیشیان سەر بە هیچ هۆزێك نەبوون . دەستەی یەکەمیان لە لایەن ئاغاکانیانەوە ڕێبەریی دەکران ، دەستەی دووهەمیش لەلایەن فەرمانڕەوایەکەوە ، کە میر خۆی دایدەنا و ناوچەیەکی پێدەسپارد و حوکمڕانیی دەکرد . [131]

بڕێکجار ، سەرەکهۆزێکی ڕەوەند ، گەر بارگەو بنەی زستانەی لەو ناوچەیەبا، یاخود جار هەبوو سەرەکهۆزی شوێنێکی دی ، کە زۆر جار لە خزمانی میربوو ، ئەو ئەرکەی پێدەسپێردرا .دیارە ئەوانە هەموو ، سەر بە کاستی سەربازی ، یاخود کاستی خێڵکییانە بوون . ئەو مەڵبەند و ناوچانە زۆرجار ئەم دەست و ئەو دەستیان دەکرد . هەرکات کەسێك لە لقێکی دیکەی خانەوادە فەرمانڕەواکە ، ( یاخود کەسێکی بێگانەی خۆسەپێن ) دەستەلآتی گرتبا دەست ، دەمودەست حوکمڕانانی دەگۆڕی و کەسانی نێزیکی خۆی لەجێگە دادەنان ، ئەوانیش دەستبەجێ داروودەستەی خۆیان دادەمەزراند ( ریچ : ١٨٣٦ ، I ، ل ٩٠ ). زۆر لەو گەشتەوەرە ئینگلیزانەی ، سەرەتای سەدەی نۆزدەهەم ، سەردانی میرنشینی

بابانیــان کــردووه ، پــەییان بــەو گــۆڕان و گۆڕانکارییانــە بــردووه . (ڕیــچ) دەگێڕێتەوه ، گوایە مەحمود پاشای خانەخوێی ، کە ئەودەم میری بابان بووه ، لەگەڵ یەکێك لە مامەکانی کە عەبدوللای ناوبووه و خەریکی دژایەتییکردنی بووه، ئاشتبووەوه و بۆ دڵنەواییکردنی بە پیتترین زەویی پێبەخشی ، بۆ ئەوەی هەتامردن سوودی لێوەرگرێت ، ( ریچ : ١٨٣٦ ، ل ١٤٩ ) .

حاڵەتێکی دی ، سەلیم ئاغای سەرەکهۆزی پیرانە ، ( کە لە دەرەوەی بازنەی بابان دا بوو ) ، داوەتی چوارتا کرا ، کە بەشێك بوو لە میرنشینی بابان ، بەپێی داب و نەریتی فیۆدالانە ، کرایە سەرحەددار . هەتا ساڵی ١٩١٩ ش ، وەچەکانی هەر ئاغای بێ چەندوچوونی ئەوگوندانە بوون کە خەڵکەکانیان سەر بەهیچ تیرەیەك نەبوون ، ( ئەدمۆنز : ١٩٥٧ ، ل ١٠١ ) . چۆن سوڵتان بەدەست کێشە و گرفت و سەرکێشیی کوردی میرنشینەکانی سەرسنوورەوە دەیناڵاند ، میریش بەهەمان شێوه . یوسف بەگ کە بە فەرمانی میری بابان کرابووە حوکمڕانی پشدەر، چووە تەورێز و کڕنووشی بۆ عەباس میرزای حوکمداری برد ، کە بەرۆگری پاشابوو و ئەستێرەی بەختی تازە دەدرەوشایەوه . کە گەڕایەوە کرایەوه حوکمڕانی پشدەر و سەردەشتیشی پێدرا ، بەڵام ئەمجارە لەلایەن عەباس میرزاوە، نەك میری بابان .

ئەمە ماوەیەکی کەم بەرلە گەیشتنی ریچ ، ساڵی ١٨٢٠ روویداوه. زۆری نەبرد مەحمود پاشا خۆشی دایە پاڵ عەباس میرزا . وەلێ لە ڕێگەی بازییکردن بە کێشی دەستەڵاتی عوسمانی و فارسەوه ، توانی تا ڕادەیەکی زۆر سەربەخۆیی خۆی بپارێزێت ، بەڵام مەیلی زێتری بەلای فارسەکاندا بوو ، وەك لە تورکەکان . بە هەڵوێست و سیاسەتی ، ئاگری شەڕی هەردوو ئیمپراتۆرێتە هاوسێکەی خۆشدەکرد.

لەڕاستیدا، ریچ ، تاقەسەرچاوەی زانیارییمانە سەبارەت بە حاڵ و باری میرنشینەکە لە سەرەتای سەدەی نۆزدەهەمدا ، چونکە ئەودەمانە، واتە لە ١٨٢٠ دا، لە سلێمانیی بووه . فرێزەر و ئاینسۆرت ، کە دەپازدەساڵ دواتر لەوێ

بوون، زانیارییەکی نوێی ئەوتۆیان پێ نییە . سەرنجەکانی ریچ لەبارەی دەرباری میرنشینەکەوە ، زۆر وورد و بەجێن . زۆربەی سەرەکهۆزە گرنگەکانی دیتووە و پیشانیدەدات کە پاشاکانی بابان ، هەمان ئامرازی میرەکانی بەتلیسیان وەبەرگرتووە بۆ سەرنەوەرکردنی هۆزەکان. لەوە سەیرتر ئەوەیە ، کە لە کتێبەکەیدا ناوی هەموو کاربەدەستانی دەرباری ڕستکردووە و دەتوانرێت سوودی لێوەرگیرێت . نازناوەکانیان ئەوە دەردەخەن کە ئاگایانە لاسایی کاربەدەستانی دەرباری عوسمانی ، یاخود بەغدایان کردۆتەوە ، کە دیارە لەکن ئەوانیش هەمان لاساییکردنەوەی دەرباری ئەستەموڵ بووە . ڕیچ ئەم کاربەدەستانەی ناوهێناوە :

_ سەرەکوەزیران : پلەوپایەیەکی بەمیرات جێماوە ، ( ریچ ، ١٨٣٦ ، ١ ، ل ١١٥ ). سەرەکوەزیران دەستەڵاتێکی رەسمیی و ناڕەسمیی باڵای هەبووە .دیوانخانەکەی لە هەموو خاوەن پلەوپایەکانی لێبووە . پیاو یەکەوڕاست خانەوادەی کوپرولوی دێتەوە یاد ، کە ژمارەیەکی زۆریان سەرەکوەزیری سوڵتانە عوسمانییەکانبوون ، بێ پەروا سیاسەتی ئەوانیان پیادەدەکرد .

_ سلیکدار ، یاخود شمشێربەدەست ( رەنگە سیلاحدار بووبێت ) : ئەمەش پلە و پایەیەکی بەمیرات بەجێماو بووە . ساڵی ١٨٢٠ مێرمنداڵێك ئەو ئەرکەی پێسپێردرابوو هەتا هەراش بوو ، کەسێکی دی بۆیدەبردبەڕێوە ، ( هەمان سەرچاوە ، ل ١١٥ ) . سیلاحدار ئاغا ، لە ئیمپراتۆرێتی عوسمانیدا ، یەکێك بوو لەو سێ کاربەدەستە مەزنانەی نێو کۆشك و دەربار ، کە لەڕێگەی ئەوەوە نامە و هەواڵی هاتوو ، دەگەیشتنە سوڵتان ، یاخود لەوەوە دەنێردران ، ( شاو: ١٩٧٦ ، ل ١١٥ ).

_ ئیشیك ئاغاسی ، یاخود سەرۆکی تەشریفات ، ( ریچ : ١٨٣٦ ، ١ ، ل ١٦٨ ) . ( رەنگە سەرۆکی ئێشکچییان ، یاخود سەرۆکی یاساوڵان راستتر بێت ) .

_ حەرەم ئاغاسی ، یاخود یاساوڵی ژووری ژنان . ریچ سەری لەوە سوڕماوە ، کە ئەم کاربەدەستە و پیاوەکانی بەردەستی ، هیچیان خەسێندراو نەبوون،

بەڵکە هەموویان ، کوردی تەژەی ، مل قەوی ، سمێڵ باپڕی ، ڕدێندار بوون ( ریچ : ل ٢٨٤ ) . لە ئیمپراتۆریتی عوسمانیدا ، سەرۆکی خەسێندراوان ، یەکێك بووە لە پیاوە هەرە دەستەلآتدارەکانی ئیمپراتۆریتەکە . [132]

_ میرئاخوڕ ، یاخود مەیتەر ، ( ریچ : ل ٣٦٦ ) . میرئاخوڕ ، یەکێك لەکاربەدەستە هەرە لە پێشەکانی سوڵتان بووە ، لە کاروباری دەرەوەی دەربارردا، ( شاو : ١٩٧٦ ، ل ١١٧ ) .

_ یەکێکی دی کە سەر بە دەزگەی کارگێڕیی نەبووە ، وەلیٚ پلەوپایەیەکی مەزنی هەبووە ، مونەجیم باشی ، یاخود ئەستێرەوانی دەربار بووە ، ( ریچ : ل ١٣٦ ) . لە ئیمپراتۆریتی عوسمانیشدا ، مونەجیم باشی ، یەکێك لە پیاوە مەزنەکانی دەربار بووە ، ( شاو: ١٩٧٦ ، ل١١٧ ) .

هەرچەندە ریچ ، دەزگەی کارگێڕیی میرنشینەکەی هێند مەبەست نەبووە و هەروا لابەلا باسی ئەو پلەوپایانە دەکات ، وەلیٚ لە باسکردنییەوە ئەوە ڕووندەبێتەوە ، کە دەرباری بابان ، دەزگەیەکی هێجگار فراوان و ئاڵۆزی هەبووە.

مەخابن ریچ سەبارەت باری ئابووری و دەستکەوت و داهات و خەرجیی میرنشینەکە ، زانیاریی کەمە . هێندە هەیە دەربارەی تیرەیەکی مەزن و بەهێزی وەك جاف ( کەلە چەندین هەزار خێزان پێکهاتبوو ) ، دەنووسێت : " سالآنە سی کیسە پووڵ ، یاخود لەوە کەمتریش ، باج دەدەن ". بەبەراوردکردن لەگەڵ تیرەکانی دی ، ئەوە هێجگار کەمە . چونکە ئەستەمە بیٚ کێشە و دەردیسەر، پووڵێکی زۆر ، لە تیرەیەکی وا مەزن وەرگیرێت .

ئەو فەرمانڕەوایانەی میر دایدەنان ، هێندەی دەیانتوانی ، جوتیارانیان دادەدۆشی ، چونکە لە مانەوەیان لەسەر کارەکەیان ، دڵنیانەبوون . ململانێی نێو خانەوادە دەستەلآتدارەکە خۆی و دەستتێکەڵکردنی عوسمانی و فارس ، هەمیشە گۆڕانکاریی لەناکاویان بەدەمەوە بوو . هەر لەگەڵ میرێکی نویٚ دەهاتە سەرکار ، کۆمەڵێك کاربەدەستی نویٚ لەگەڵی دەستبەکاردەبوون . ئەو نادڵنیاییە لە پلەوپایە ، یەکێك لە ماکەکانی ئەو دادۆشینە لەئەندازە بەدەرە بوو ، کە

خاترانە و پەنادانیش بەری پێنەدەگرت . ئەم خەسڵەتە بەدە ، یەکێك بوو لەو سیما دژوێنە هاوبەشانەی نێوان میرنشین و تەواوی ئیمپراتۆرێتەکە . یەکێك لە سەرەکهۆزەکان بە ریچی گوتبوو ، ئەو نادڵنیاییە هۆیەکە بۆ نیشتەجێنەبوونی هۆزەکان و خۆخەریکنەکردنیان بە جوتکارییەوە ( کە رەنگە حاڵیانی باشتر کردبا) . بۆچ بچێنن ، کە دڵنیانەبن داخۆ دەیدرووونەوە ، یان نا ؟ لەبریتی وی خێڵەکییەکان ئەرکێکی زۆریان دەخستە سەر، رەعییەتە ( گۆران ) ەکانی بەردەستیان و هەرچییان هەبا لێیاندەستاندن، بێ گوێدانە هیچ یاسا و رێسایەك، ( ریچ ، ١٨٣٦ ، ل ٨٩ و ٩٦ ) .

پاش شالاّوەکەی میر محەمەد عەلی میرزای فەرمانڕەوای کرماشان ، دادۆشینەکە گەیشتە ئاستێکی بەدتر ، چونکە فارسەکانیش پشکی خۆیان دەویست .بۆیە جوتیاران پۆل پۆل رەویان دەکرد و بەدووی جێیەکدا دەگەڕان تێداداسەکنێن ، تا تەنها تاقە ئاغایەك دایاندۆشێت ، ( فریزەر ، ١٨٤٠ ، ل ١٧٧ )

هێشتا تەواو روون نییە داخۆ بەغدا ، یاخود خەزێنەکەی ، چەندەی لە داهاتی بابان پێبڕاوە ، بەلاّم بێگومان زۆر لە سەردەمی چڵەپۆپەی دەستەلاّتی عوسمانیان کەمتر بووە . ئەو دەمە ، وەك شەرەفنامە دەگێڕێتەوە ، خاکی بابان ، بندەستەی عوسمانیان بوو ، ئەمە یانی بەکرێ نەدرابوو ، بەڵکە دەستکەوت و داهاتی راستەوخۆ لەلایەن کاربەدەستانی دەوڵەتەوە دەچنرایەوە . هەر سەرەکهۆزێك ، سالاّنە ، چوار خەروار ئاڵتوونی بە خەزێنەی ئەیالەتی شارەزوور داوە ، ( شەرەفنامە ، ١/II ، ل ١٤٤) .

هەرچەندە بابان تاڕادەیەکی زۆر لە دەستەلاّتی نێوەندیی ئازادبووبوو ، بەلاّم تادەهات دادۆشینی جوتیارانی ڕوو لەزیادی بوو .

### 3.8.2.1 چەند سەرنجێك :

لێرەدا دەمەوێت چەند سەرنجێکی کورتیلە دەربارەی ئەو بابەتانەی باسکران ، دەربڕم :

١-ئەو میرنشینانەی باسکران ، دەگەڵ ئیمپراتۆریێتی عوسمانیدا ، کۆمەڵێك داو و دەزگەی چوونیەکیان هەبووە . بۆنموونە ، بەتلیس سیستێمی تیمار و لەشکرێکی چەکداری لە نۆکەران هەبوو ، کە زۆر لە قاپوقولەری چوون . دیارە ئەمە مانای ئەوە نییە کە میرنشینەکە لە ئیمپراتۆریێی عوسمانیی وەرگرتووە ، یاخود ئیمپراتۆرێتەکە سەپاندوویە . دەزگەی لەو بابەتە لە وولاتانی لەوەبەری خۆرهەلاتی نێوەند دا هەر هەبوون ، ئیدی لە ئیمپراتۆرێتە گچکەکاندابووبێت ، یاخود لە ئیمپراتۆرێتە مەزنەکاندا . دیارە ئەوە بەشێکە لە کولتوری هاوبەشی بەمیرات ماوەی خۆرهەلاتی نێوەند ، کە چ میرنشینەکان و چ ئیمپراتۆرێتی عوسمانی و چ ئیمپراتۆریێی سەفەوی ، لەسەری ژیاون . هەتا ئیمپراتۆرێتی عوسمانی خۆی ، لە میرنشینێکی لەوبابەتەوە پێگەیشت و گەشەی کرد . پاش ئەوەی ئیمپراتۆرێتی عوسمانی دەستی بەسەر ئەو میرنشینانەدا گرت، هەڵبەت دەزگەکانی هەردوکلا ، تین و تاو و کاریگەرییان لەسەر ئێکدی هەبووە . ئیمپراتۆرێتەکە برێك دەزگەی میرنشینەکەی پاراستووە ، بەلاّم لە بۆتەی یاسا و دەستوورێکی یەکگرتوودا تواندوونییەوە . ئەرك و مافی هەر چین و توێژێکی میرنشینەکە ( لایەنی کەم لە دەستوورە نووسراوەکەیدا ) ، دەگەڵ بەشەکانی دی ئیمپراتۆرێتەکەدا هاوجۆر کراون .

٢-بەپێی گوتەکانی ریچ ، میرنشینی بابان ، تووشی هەمان پەتای داڕووخانی سەراپایی ئیمپراتۆرێتی عوسمانی بوو بوو ، کە لە هەمووان زەقتر ، گۆڕینی زووزووی کاربەدەستان و داڕووتاندنی لەڕادەبەدەری جوتکاران بووە . پێدەچێت دارمانی دەزگە ئابووریی و سیاسییەکانی میرنشینەکە ، بەهەمان شێوازی ئیمپراتۆرێتەکە بووبێت و ( ئەو کاری تێکردبێت ، هەرچەندە ناشێت هەردوك دیاردەکە هەمان هۆکاریان هەبووبێت ) .

٣-ئەوەی باسکرا ، تایبەت دەربارەی بەتلیس ، ڕوون ڕوون دیارە، کە پەیوەستکردنی میرنشینەکە بە ئیمپراتۆرێتی عوسمانییەوە بەتەواوی سەری نەگرتووە . باشترین بەڵگەش ئەوەیە کە میر بڕێکی چاکی دەستکەوت و داهاتی بۆخۆی بردەدا . بەڵگەیەکی دی ئەو جوداوازییە بوو لەنێوان ژمارە و توانای ئەو هێزەی بۆ لەشکری عوسمانی ئامادە دەکرا و ئەو ئۆردووەی میر بۆ خۆیی ڕێکخستبوو . بەڵگەیەکی دی سەربەخۆیی دەزگەی دادیاریی میر بوو ، میر قازییەکی دادەنا کە دەسندەخۆری خۆی بوو . میر ئەو هەموو سەربەخۆییەی هەبوو ، هەرچەندە ئیمپراتۆرێتەکە دەیتوانی زۆر ئاسان بەسەریدازاڵ بێت و کەناری خات ، ( وەك دەگەڵ عەبداڵ خانی کرد ) . ئەو جۆرە سەربەخۆییە تەنها بەهۆی ئەوەوە بوو کە میرنشینەکە دەکەوتە سەرسنوور. کوردستان تەنها بەهۆی جێگە و بارە سروشتییەکەیەوە نەبوو ، کە بێ ڕەزامەندیی خەڵکەکەی نەدەتوانرا هەتاسەر بندەست بکرێت ، بەڵکە لەوەشەوە بوو کە ئەو دەمانە دەکەوتە نێوان دوو ئیمپراتۆرێتی دوژمنی یەکدییەوە . بۆمسۆگەرکردنی لایەنگیریی میر ، عوسمانییەکان ناچاردەبوون داهات و دەستکەوتی زۆر بۆ میر دابین بکەن . هەرچەندە شەرەفخانی بەتلیسی لە خزمەتی صەفەوییەکاندا بوو، عوسمانییەکان گێڕایانەوە و دەستکەوتی چاکیان دایە ، تا بتوانن لەڕێگەی ئەوەوە بەتلیس لەژێر ڕکێفی خۆدا بهێڵنەوە . پیاو نازانێت داخۆ گەر ئەو ئەم دەست و ئەودەستپێکردن و بازییکردن بەو دوو ئیمپراتۆرێتە نەبا ، میر دەیتوانی ئەو هێز و دەستەڵاتە لە میرنشینەکەیدا بۆ خۆ بربدات . تا ئێستا کەس سەرنجێکی ئەوتۆی ئەو شکۆفە و گەشەکردنەی هێزە سیاسییە نیمچە سەربەخۆکانی سەرکەنار و سەرحەد کەوتووی نێوان دوو ئیمپراتۆرێتی نەداوە . هەتا ( ئایزنشتات ) یش لەبەرهەمە نایابەکەی ١٩٦٣ یدا ، دەربارەی ئەو دیاردەیە هیچی نەدرکاندووە . بە بۆچوونی ئەو ، ئیمپراتۆرێتە مێژووییە بیرۆکراتییەکان ، لەو ڕووەوە لە سیستێمە سیاسییە فیۆدالە باوکسالارییەکان جودادەکرێنەوە ، کە لەتەك بڕێك دیاردەی دیدا ، دەستەڵاتێکی نێوەندکارانەی

مەڵبەنـدیی ئاشكراشـیان هەیـە ، ( ئایزنشـتات ، ١٩٦٣ ، ل ٢٣ ) . حـاڵ و بـاری میرنشـــینە كوردەكـــان ، وا پێشـــاندەدەن ، كـــە دەســـتەڵاتە نێوەندكارییـــە مەڵبەندییەكان ، بەو زەقییە نەبووبن.

٤-بـاس و خواسـی سیسـتێمی تیمـار و یاسـاكانی بـاج و خـەراج ، وا پێشـــاندەدەن ، كـــە دەســـتووری عوسمـــانی ، جوتیـــارە موســـوڵمان و نـــا موسوڵمانەكانی لە داڕووتاندنێكی بێ تام ، پاراستووە . وا چاوەڕوان دەكرێت ، كە لەسەردەمی دەستەڵاتێكی نێوەندیی بەهێز و گوڕدا ، ئەرك و باری جوتیاران سووكتر بووبێت ، وەك لـە سـەردەمی حوكومـەتێكی بێ هێـز و لاوازدا . لەڕاسـتیدا پێدەچـێت مەسـەلەكە هـەر بـەوجۆرە بووبێـت . لكانـدنی كوردسـتان بـە دەوڵـەتی عوسمانییەوە ، كەمێك ئەركی باج و خەراجی لەسەرشانی جوتیارانی كورد سووك كـرد . دەربـارەی قـەوارەی راسـتەقینەی سیسـتێمی بـاج و خـەراج لـە ئەیالەتـە كوردنشینە نیمچەسەربەخۆكاندا ، زانیارییەكی ئەوتۆ لەبەردەستاندا نیین ، وەلێ هـیچ بەڵگەیـەكیش نییـە بیسـەلمێنێت ، كـە ئـەرك و باریـان لـە شـوێنەكانی دی ، گـرانتر بـووە . لاوازیـی دەسـتەڵاتی نێوەنـدیی لـە سـەدەكانی حەڤدە و هـەژدەدا ، لەتـەك داهـاتنی سیسـتێمی ئیلتیـزام و گشـت لایەنـە بەدەكانیـدا ، حـاڵ و بـاری جوتیارانی خـراپ دالەنگاند و ووزەیانی داچۆڕاند ، دامەزراندنـەوەی دەسـتەڵاتی نێوەنـدیی لەسـەدەی نۆزدەهەمـدا ، یەكەوڕاسـت كزبـوون و كەمكردنـەوەی بـاج و خەراجی بەدەمەوە نەبوو . پاش چارەسـەرییە ئیدارییەكان ، هێـزی دەوڵـەت هێنـد بەتین و گوڕ بوو ، كە بتوانێت راستەوخۆ ، بێ بەكرێگیراوان ، یاخود سەركردە ناوچەییەكان ، باج و خەراج كۆبكاتەوە ، بـەڵام دەستەڵاتی ئـەوەی نـەبوو ، یاخود نەیدەویسـت ڕێ لـە سـەرەكهۆزەكان و دەسـتەڵاتدارە ناوچـەییەكان بگرێـت ، كـە بەزۆر باجی خۆیان نەستێنن و ئەركی جوتكاران نەكەنە دووقات .

٥-سیستێمی تیمار ، بەشێوەیەكی یاسایی ، جوتیـارانی كردە وابەسـتە و پێبەندی عەشیرەتگەریی . دیارە جوداوازیی نێـوان عەشیرەت و رەعییـەت بۆ ئەو سـەردەمە ناگەڕێتـەوە و زۆر لـەوە كـۆنترە ، وەلێ بـەپێی یاسـا پتـەوتر و

توندوتوڵترکرا . هەر بەپێی یاساش بناوانی کاستەکان و سنوورەکانی نێوانیان زۆپتر و قایمتر کران .

٦-میرەکان ، لەڕێگەی بازییکردن و هاندان و دنەدانی دژەیەکی هۆزانی میرنشینەکانیانەوە و بە چاودێریکردنی توندی سەرەکهۆزەکانیان لەدەربارا ، جڵەوی ڕێبەرایەتییان لەدەستدابوو . دیارە ددانانی دەوڵەت بە دەستەڵاتیاندا ، جێپێی قایمتر دەکردن . ئەمە بەتەنها بەشی روونکردنەوەی پێبەندییەکە و دڵسۆزییەکە بۆ خانەوادەی میرەکان ناکات . من دەزانم زاراوەی کاریسما ، یانی کەسایەتییەکی درەوشاوە ، تەنها ئەتەکێتێکە و هیچ ڕوون ناکاتەوە ، وەلیٚ پێویستە جەخت لەسەر سروشتی کاریسماییانە و کەسایەتی میرەکان بکرێت . پاش تێپەڕینی یەك سەدە زێتر بەسەر دارمانی دواهەمین میرنشیندا ، هێشتا بەو پەڕی ڕێز و نەوازشەوە یادی خانەوادەی میر دەکرێتەوە و باسدەکرێن . ڕەنگە دەستەڵاتە سیاسییەکە ، لە ڕاستیدا ، بەدەست راوێژکارانی میرەوە بووبێت ، وەلیٚ پیاوانی عەشیرەت بۆ میر بەئەمەك و بە بەینەت بوون و کەس چاوی تەماعی نەبڕیوەتە جێگەکەی و بەنیاز نەبووە جێگەی بگرێتەوە .

## 3.9 کۆچەرایەتی لە باکووری خۆرهەلاتی ئێراندا :

هەموو کوردستان ، بەتەواوی ، بە ئیمپراتۆرێتی عوسمانییەوە نەلکا ، زۆر کورد ، ژێردەستەیی فارسی لە عوسمانی پێباشتر بوو ، ( یاخود بەهۆی باری داگیرکارییەوە ناچاری ئەوە کران ) .نامەوێت لێرەدا بچمە قولایی ئەو باسەوە و جوداوازیی سیاسەتی ئەو دوو وولاتە بەرامبەر کورد شیبکەمەوە ، بەڵکە هەوڵدەدەم بڕێك سەرنج دەربارەی دەستەیەك کورد پێشچاوخەم ، کە بەلای صەفەوییەکاندا دایاندەشکاند .

لە ژووروی خۆراسان ، کە ئەیالەتێکی باکووری خۆرهەلاتی ئێرانە ، چەند صەد هەزار کوردێك دەژین . هێشتا بەشێکیان وەك جاران هەر رەوەندن . بەلاّم زۆربەی هەرەزۆریان نیشتەجیٚ بوون . ئەو هەموو هۆزانە بەسەر سیٚ دەستەدا

دابەشبوون ، کە ئێڵیان پێدەڵێن ، ئەوانیش بریتین لە : شادلوو، زەعفەرانلوو ، کەیوانلوو . زاریان بە کرمانجیی ناسراوە ، ( کرمانجیی ژووروو ) ، بەلاّم زۆر کەوتۆتە ژێر کاریگەریی زمانی تورکیی نەتەوە هاوسێکەیانەوە . تا ئەوڕادەیەی کە بڕێك هۆزیان ئەوڕۆ هەر بە تورکی دەدوێن . بە پێچەوانەی زۆربەی هەرەزۆری کوردەکانی کوردستانەوە ، ئەمان سەرلەبەریان شیعەن . بە قسەی خۆیان ، زۆربەیان لەگەڵ ئەو کۆنفیدراسیۆنی هۆزانەدا هاتوونە خۆراسان ، کە (چەمشکەزەك) یان پێگوتوون . ئەوانە ساڵی ١٦٠٠ ، شا عەباس هێنانی ، تا پاسی سنووریان لە ئۆزبەك و تورکەمەنەکان پێبکات . لەوەبەر ، چەند دەستە و تاقمێکی کەمی بڕێك هۆزە کورد لەوێ دەژیان ، هەندێکی دییان ، لەلایەن پاشاکانی دواترەوە بۆ ئەوێ راگوێزران .تایبەت نادرشا ، ١٧٣٠– ١٧٤٧ ، زۆر چالاك بوو لە گواستنەوەی هۆزەکاندا ، لەمسەری ئیمپراتۆریتەکەیەوە ، بۆ ئەوسەری . حەزدەکەم پاشان زانیارییەکی مێژوویی وورد دەربارەی ئەم هۆزانە پێشچاوخەم ، بەلاّم لێرەدا بەبڕێك شت قنیات دەکەم ، کە بۆ ئەم مەبەستە گرنگە.(133)

صەفەوییەکان دوو هاوسێی بەهێزی سوننییان هەبوو ، عوسمانییەکان لە خۆرئاوایانەوە و ئۆزبەکەکان لە سەرووی خۆرهەلاّتەوە . بۆ هەردوکلایان ، بوونی دەوڵەتێکی شیعەگەری فارس لە پەنایاندا ، بیانووی چاك بوو بۆ دامرکاندنەوەی ئارەزووی داگیرکارانەیان . سنووری خۆرئاوا زێتر لەلایەن خێڵە تورکە قزڵباشەکانەوە پاس دەکرا . بڕێك کوردیشیان لەنێودا بوو ، هەرچەندە ئەوانیش شیعەبوون ، کەچی هەمیشە گومان لە پاکی و دڵسۆزییان دەکرا . خێڵ و میرنشینەکانی سەرسنوور ، هەمووجار بە پێی پێویست و مەرامی خۆیان بڕیاردەدەن ، لەگەڵ کامە لا و دژی کامە لا دەبن . ئەوە وایدەکرد ، ئەمساڵ لەگەڵ صەفەوییەکان و ساڵێکی دی لەگەڵ عوسمانییەکان بن . هەتا ئەو کوردە شیعانەی خۆرئاوای کوردستانیش ، کە لەگەڵ خێڵە قزڵباشەکاندا ، بۆ ئێران کشانەوە و دایانە پاڵ صەفەوییەکان ، لە پڕێکدا چوونەوە پاڵ عوسمانییەکان .

بۆیە صەفەوییەکان گەیشتنە ئەو باوەڕ و بڕیارەی لە سنوور و ناوچەیەکدا سوود لە توانا و هێزی سەربازیی کورد وەرگرن ، کە ترس و دڵەڕاوکە لە هەڵگەڕانەوە و پەیمانشکێنییان ، زۆر گەورە نەبێت .

یەکێك لە سیاسەتەکانی دیکەی صەفەوییەکان ، کە تا ڕادەیەکیش سەرکەوتوو بوو ، ئەوەبوو کە زۆرجار لە کورد و هەتا لە قزڵباشەکانیش ، خێڵەکانیان سەرلەنوێ یەکدەخستەوە و کۆنفۆیدراسیۆنی نوێیان لێدروست دەکردن و شا بۆخۆی سەرۆکێکی بۆ دادەنان و بەوە دەیبەستنەوە . دیارە بۆ ئەو مەبەستە سەرکردەیەك هەڵدەبژێردرا ، کە پەیوەندییەکی چاك و تایبەتی لەگەڵ شا هەبا و لەکن خەڵکەکەش پەسەند با .

وەك پێشان گوتمان ، چەمشکەزەك ، یەکەمین دەستەی کورد نەبوو کەبۆ خۆراسان نێردرا . شەرەفنامە باسی خێڵێکی ئەوێ دەکات بە نێوی گیل ، یاخود کیلەوە ، هەروەها دەگێڕێتەوە کە چەکنییەکانیش بۆ ئەوێ ڕەویانکردووە . ئەوانە نەبەردترین خێڵی کوردستانی ئێران بوون . لە سەدەی شازدەهەمدا سەرگەورەیان نەبوو . خێڵە گچکەکان ، بە بەشی زۆری خۆرئاوای ئێراندا بڵاوبووبوونەوە و نێوبانگ و شۆرەتێکی خراپیان هەبوو و وەك چەتە و جەردە ناسرابوون . کە حوکومەت فەرمانی سەرنەویکردنی دان ، بڕێك لە ئاغایانی چەکنی و لایەنگرانیان، ڕوویان لە خۆرهەلات کرد . بەنیازبوون سەرهەڵگرن و بەرەو هندستان بڕۆن . کاتێك گەیشتنە خۆراسان ، ( کە ئەودەمە بەشێکی لەژێردەستی ئۆزبەکەکاندا بوو ) ، خزانەپاڵ یەکێك لە فەرمانڕەوا یاخییەکانی هیراتەوە . شاعەباس ١٥٨٨-١٦٢٩ ، توانی یاخیگەرییەکە سەرکوتکات و باوەڕی هێنا ، گەر سەرەوکاریی بکرێن و بلاوێندرێنەوە ، ئەوا چەکنییە جەنگاوەرەکان ، بۆ گرتنەوەو پاراستنی خۆراسان ، زۆر سوودبەخش دەبن . لە نێو پاسەوانانیدا ، کە ( قۆرچی ) یان پێدەگوتن ، چەکنییەکی تێدابوو کەسەر بە خانەدانی بوداق بەگ بوو . شاعەباس بوداق بەگی کردە ئەمیر و وەك سەرلەشکرێك ناردییەوە نێو هۆزەکەی . فێڵەکە سەریگرت . چەکنی پشتیوانیی شایان بۆ ڕەخسا ، تا لەسەر

كار و كردەوەی پێشینیان بەردەوام بن . ئەوەی جاران بە دزی و جەردەیی و تالآنی نێودەبرا ، ئیدی بووە جۆرێك لە باج و خەراج . گشت لا ، تاڕادەیەك رازیی بوون ، هەتا جوتیارانیش ، هەرچەندە چەكنییەكان زۆریشیان دەلەوتاندنەوە ، بەلآم لە ئۆزبەكیشیان دەپاراستن ، كە دەگەڵ ئەواندا تەجرەبەی زۆر تاڵتریان هەبوو .(134)

ئەوانەی پێش شاعەباس لەسەرحوكم بوون ، شتێكی ئەوتۆیان بۆ بەرگرتن بە داڕمانی ئیمپراتۆرێتەكە ، لەدەست نەهات . ئەوەبوو بەشێك لە ویلایەتەكانی باكووری خۆرهەلآت و باكووری خۆرئاوای ، لەلایەن ئۆزبەك و عوسمانییكانەوە ، كە هاوپەیمانی یەكدی بوون ، داگیركران . شاعەباس ئەو خاكە داگیركراوانەی گرتەوە و خاكی دیكەشی خستنەسەر . لە خۆرهەلآتەوە ئۆزبەكەكانی هەڵبڕی ، (دیارە لەو رووەوە چەكنییەكان كایەیەكی چاكیان بینی ) . بۆ ئارامكردنەوەی بارودۆخەكە و سەقامگیركردنی هێمنیی سنووری باكوور ، پێویستی بە یاساوڵی سنووری زۆر هەبوو ، كە دەبایە لە داوێنی خوارووی خێڵە توركمەنەكاندا بلآوكرێنەوە .ئەوە هۆی ناچاریی راگواستنی چەمشكەزەكان بوو . ئەو كاتانە نێزیكەی ٤٠ هەزار خانەوادەی كورد لە قەرەفارەمینی خوارووی خۆرهەلآتی تاران دەژیان . بڕێكیان چەمشكەزەك بوون و رەنگە دەگەڵ حاجی رۆستەم بەگدا ، هاتبنە ئێران و لەوێ جێگیربووبن .هەتا خێڵ و هۆزی خۆرهەلآتی ئەنەتۆلیشیان لەنێواندا بوو . یەكێك لە هۆزەكانی ئەوڕۆی خۆراسان ، حەسەن ئانلووە ، كە دوورنییە نەچێتەوە سەر خێڵی حەسەنانی خنووش . زۆری ئەوانی دی كوردی قەوقاز بوون. گەلەك خێڵەكورد لە باشووری قەوقاز بوون ، زۆربەیان پێكڕا بە توركی ، بە بیست و چوار ناسرابوون. هەندێكیان لە سەردەمی داگیركاریی عوسمانییەكان ، لە ١٥٧٦ دا ، یاخود لە كاتی شەڕەكانی عوسمانی – صەفەویدا ، بۆ ئێران هەڵهاتبوون . دیارە زۆر میهرەبانانە پێشوازیی نەكران ، چونكە گومان لە دڵسۆزییان دەكرا . شاعەباس بڕێكیانی بەزۆر بۆ گیلان نارد ، هەندێكیشیان نێردرانە خار و فارامین و دایانەپاڵ چەمشكەزەكانی ئەوێ .

شاعەباس یەکێك لە سەرکردەکانی چەمشکەزەکی کردە میر و سەرداریان ، ئەویش شاعەلیخان بوو. ڕەنگە بەو شێوازە هەموویان بووبنە چەمشکەزەك . ساڵی ١٥٩٨ ، بەشێك لەو چەمشکەزەکانە ، بە فەرماندەیی شاعەلیخان ، لە هێرشەکەی شا عەباس دا بۆ سەر ئەفغانستان ، بەشدار بوون . ساڵی ١٦٠٠ ، شا عەباس فەرمانی ڕاگوێزانی ٤٠ هەزار خانەوادەی بۆ باکووری خۆراسان ، دا ، ( بۆ داروون ، کە نێزیکی عەشقئابادی ئەوڕۆیە ) . شاعەلیخان کرایە فەرمانڕەوای ئەو ناوچەیە و نازناوی ئیلخانیی پێدرا . کوردەکان هیچ پەرۆشییەکی ئەوتۆیان بۆ ئەو ئەرکی پاسەوانی سنوورییەی پێیان سپێردرا ، نیشان نەدا . زۆریان سەرپێچییان لەو فەرمانە کرد،یاخود هەر لە ڕێگە لایاندا و نیشتەجێبوون . سەرئەنجام ، تەنها ١٥ هەزار خێزان ، گەیشتنە خۆراسان .

داروون ، دەکەوتە شوێنێکی رووتەنی ووشك و قاقڕەوە . کوردەکان دەیانزانی، لە شوێنی ئاوهادا جەنگان دژی ئۆزبەکەکان چەندە سەختە ، بۆیە بەرەوخوار کشانەوە ، بەرەو کێوەکانی خابووشان (قووچان ) ، بۆ شوێنێکی گونجاوتر . کاتێك گەیشتنە ئەوێ ڕووبەڕووی کۆمەڵێك تورکی نیشتەجێ ، یاخود کۆمەڵێکی تورکێنراو بوونەوە ، کە نیشتەجێبوونیانی سەخت و خوێناوی کرد . ڕەنگە چەکنییەکانی سەربە پیربوداق بەگ ، دەگەڵ زۆری چەمشکەزەکەکان تێکەڵ بووبن ، چونکە دواتر هیچیان دەربارە نابیستین .

ساڵی ١٦٢٧/ ١٦٢٨ ، شاعەباس ، میرێکی نوێی بۆ چەمشکەزەکەکان دانا ، ئەویش یوسف سوڵتان ناوێك بوو ، کە لە بنەچەدا جۆرجی بوو ، لەدەربار‌دا موسڵمانانە پەروەردەکرابوو و سەربە دەستەی تایبەتی یاساوڵەکانی شا ، واتە قۆرچییەکان بوو . جگەلەوە ، یوسف کرایە فەرمانڕەوای خابووشانیش . هەرچەندە مەبەست لەوە ، نەهێشتنی دەستەڵاتی خانەوادەی شاعەلیخان بوو ، وەلێ زۆر سەرکەوتوو نەبوو ، چونکە زۆربەی خانەوادەکان هەر میهراب بەگی نەوەی شاعەلییان بە سەرۆکی خۆیان دەزانی . بەوپێیە دوو خانەوادەی

دەستەڵاتداری لێکەوتەوە . یوسف ، کچەکوردێکی هۆزی شادی مارەکرد ، لەوەوە، وەچەکان و لایەنگرانیان نێوی شادلویان بەسەردا دابڕا .

پاش ماوەیەك هەردوو خانەوادەکە ناوچەکەیان لەنێوخۆدا بەشکرد . هۆزی شادلو ، بەشی خۆرئاوایان پێبڕا ، کە شاری بۆینورد نێوەندەکەی بوو ، زەعفەرانلووەکانیش ( ئەو هۆزانەی لەدەوری نەوەکانی شاعەلیخان خڕبوونەوە ) ناوچەی خۆرهەڵاتیان پێبڕا ، کە دەوروبەری شیروان و خابووشان بوو . لەتەك ئەو دوو خانەوادە دەستەڵاتدارانەدا ، بڕێك سەرەکهۆزی گچکەی دی راستبوونەوە و کۆمەڵێك خێڵیان لەخۆ خڕکردەوە . لەکەناری خۆرهەڵاتی مەڵبەندی زەعفەرانلو ، ماوەیەك کۆنفۆیدراسیۆنی کەیوانلو ، خۆیان ئازادکرد ، چونکە لەوەبەر ژێردەستەی زەعفەرانلو بوون . دواتر بڕێك هۆزی گەورەی دی دەبینین ، کە نە سەر بە شا بوون ، نە سەر بە دوو خانەوادە گەورەکەی عەمەرلو و قەرەچورلو ، ( یەکەمیان ، نادرشا بۆ ئەویێ هێنان ) ، ( دووهەمیان ، تیرەیەکی هۆزی شادلو بوو ) . سەربەخۆییان هەر ماوەیەك و تەنها بۆ ئەو دوو لایەنەیان بوو ، کە بەڕەسمی دانیان پێدا نرابوو .

لەسەردەمی قاجارییەکاندا ( سەدەی نۆزدە و سەرەتای سەدەی بیستهەم ) ، هەردوك خانەوادەکە نازناوی ئیلخانییان پێدرا و خۆیان فەرمانداری ناوچەکەی خۆیانیان دادەنا . زووزوو یاخی دەبوون ، سەربەخۆ حوکمی خۆیان دەکرد . لەو دەستکەوت و داهاتە زۆرەی دەیانچنییەوە ، بەدەگمەن شتێکیان بە خەزێنەی دەوڵەت دەدا . زۆربەی دەکرایە دیاری و دەدرایە سەرۆکهۆزەکانی سەربەخۆیان و تورکەمەنەکان ، ( تا هانبدرێن ئاشتی و ئاسایش تێکنەدەن ) . لەگەڵ ئەو سەربەخۆییەشدا ، پێدەچێت چاوقووچاندنی حوکومەت ، هۆیەك بووبێت بۆ بەردەوامیی زێتری دەستەڵاتی ئەمان ، وەك لە دەستەڵاتی خانەوادەکانی دی .

## 3.10 گۆڕانکارییە سیاسییەکانی سەدەی نۆزدەهەم :

لە نیوەی یەکەمی سەدەی نۆزدەوە ، دوو هۆکاری دژ ، کاریان لە حاڵ و باری ئیمپراتۆریێتی عوسمانی دەکرد . لە دوو سەدەکەی پێشترەوە ئیمپراتۆرێتەکە بەردەوام کز و کەنەفت دەبوو و هێدی هێدی بەرەو لاوازیی و دارمان ملی دەنا . ئەو بار و دۆخە ، دنەی زۆر لە میللەتان و گەلانی کەنارکەوتەی دەدا ، کە منەی ئازادیی و سەربەخۆیی خۆیان بکەن . ئەو تین و تاو و کاریگەرییەی هێزە ئەوروپاییەکان لەسەر دەرباری عوسمانی هەیانبوو ، تا دەهات ئاشکراتر دەبوو و وەك نیشانەیەکی دیکەی لاوازیی ئیمپراتۆرێتەکە لێکدەدرایەوە . تین و تاوی ئەوروپاییەکان ، دنەدەری چارەسەرسازییە ئیدارییەکان بوو . سوڵتان محەمەدی دووهەم ( ١٨٠٨ – ١٨٣٩ ) ، شێلگیرانە هەوڵیدا دەستەلاتی نێوەندیی سەقامگیربکاتەوە . بەو جۆرە لەیەك کاتدا ، هەوڵی لەبەریەك رەواندنەوە و هەوڵی بووژاندنەوەی دەستەلاتی نێوەندیی دەدرا. رەنگە ئەمە ئەوەمان بۆ روونبکاتەوە ، بۆچی لە سەردەمێکدا کە گشت میرنشینە کوردەکان لەنێوچووبوون ، دوو میرنشین ، بۆ ماوەیەك گەیشتنە ترۆپکی توانا و دەستەلات و شکۆفە .

کاتێك سوڵتان محەمەدی دووهەم ، چووە سەر تەخت ، بە تەنها میرە کوردەکان نەبوون ، کە نیمچە سەربەخۆ حوکمیان دەکرد . لە سەرانسەری ئەنەتۆل دا ، هەر خانەوادەیەکی نێودار هەڵدەستا و دەستەلاتی بۆخۆی بڕدەدا و بۆخۆی سەربەخۆ حوکمی خۆی دەکرد ، کە ( دەرە – بەگ ) یان پێدەگوتن ، بەواتای ( بەگی دۆڵان ) . گەلەك لە حوکمڕانان و فەرمانڕەوایانی دەوڵەت ، خۆیان سەربەخۆ کرد و هەر گوێشیان بە ئەستەموڵ نەدەدا .

میسر ، پاش داگیرکردنە کەمخایەنەکەی فەرەنسا لە ( ١٧٩٨ – ١٨٠١ ) دا ، بە فەرماندەیی محەمەد عەلی حوکمڕانی ( ١٨٠٥ – ١٨٤٨ ) ، سەربەخۆیی خۆی بەدەستهێنا .

لە جەنگی سالأنی ( ١٨٠٦ – ١٨٤٨ ) ی رووس و تورکدا ، ئیمپراتۆرێتەکە هەمدیسان دۆڕا و بەزیی . لەوەش بەدتر ساڵی ١٨٢٨/ ١٨٢٩ بوو ، کاتێك رووس ماوەیەك ئەرزەڕوم و ترابزۆنی گرت ، ( بەو جۆرە هەندێك ناوچەی

سەرسنوورکەوتووی کوردستانیش ، ماوەیەك لە ئیمپراتۆرێتەکە دابڕان ) .
ئەوەبوو نەتەوەپەرستە وێنانییەکانیش کە تا ئەو دەمە سوڵتان مەحمود توانیبووی سەرکپیان کات ، ساڵی ١٨٢٨ دەوڵەتێکی وێنانیی سەربەخۆیان دامەزراند . ساڵی ١٨٣٠ ، وڵاتە ئەوروپاییەکان ، سوڵتانیان ناچار کرد ، ددان بەسەربەخۆیی وێناندا بنێت .

حەمە عەلی پاشای میسر ، کە خۆی بە فریوخواردووی دەستی سوڵتان دەزانی، ساڵی ١٨٣١ سوریای داگیرکرد . ساڵانی پاشتر ، ئیبراهیم پاشای ژەنەراڵی، لەشکری عوسمانیی لە هەرزەنی ئەنەتۆلیا تێك و پێك شکاند . ساڵی ١٨٣٩ جارێکی دی لە نزیبی خۆرئاوای کوردستان ، تێکبەربوونەوە ، لەشکری عوسمانیی هەمدیسان بەزیی .

ئەو لەشکرەی ئیبراهیم پاشا بەو شێوە بەدە تێکیشکاند ، ساڵانی بەرلەوە ، شاڵاوی بردە سەرکوردستان و بە دڕندانەترین شێوە ، بەڵام کاریگەرانە ، سەرەکهۆزە سەرکێشەکانی کوردی لەنێوبرد و هۆزە تاڵانکەرەکانی سزادا . هەر یەکەوڕاست پاش شەڕی رووسی ساڵانی ١٨٠٦ تا ١٨١٢ ، سوڵتان مەحمود شێلگیرانە سیاسەتی نێوەندکارانەی دەستدایە . لەو کارەیدا تاڕادەیەکی زۆر سەرکەوتوو بوو : " بە کۆمەڵێك جموجوڵی سیاسی و شاڵاوی سەربازیی و پۆلیسی ، پاشا و دەرەبەگە یاخییەکانی سەرنەوپێکرد و فەرمانڕەوایانی لە ئەستەموڵەوە نارد و لەجێگەی داکردن " . [135]

تا ١٨٢٦ ، گشت دەرەبەگەکانی ئەنەتۆلی سەرکوتکرد و ئەوجا دەستیدایە گێڕانەوەی کوردستان . ژەنەراڵ محەمەد رەشید پاشا ، کە پێشان والی سیڤاس و دواتر بووە وەزیر ، ژەنەراڵێکی بلیمەت و رێکخەر و پلاندانەری ئەو شاڵاوانە بوو. تا ناوەڕاستی ئەو سەدەیە ، تاقە میرنشینێکی کوردی نەهێشت . بەڕەسمی ، کوردستان راستەوخۆ لەلایەن والییە عوسمانییەکانەوە حوکمڕانی دەکرا ، بەڵام لە راستیدا ئەو دەستەڵاتە راستەوخۆیە ، هێجگار لاوازبوو . والییەکان لە

نێزیک شارەکان برێک دەستەڵاتیان هەبوو ، لەوە بترازێت لەهیچ کوێ هیچ حسێبێکیان بۆ نەدەکرا .

دوو میری کورد ، لە ئاست ئەو نێوەندکارییەدا بەهۆشهاتنەوە ، حسێبیان بۆ بارە نێودەوڵەتییەکەش کرد ، تایبەت جەنگی عوسمانی و میسر ، ئەوەبوو میرنشینەکانیانیان بووژاندەوە و شانازیی دێرینیان گێڕایەوە ، گەلەك ناوچەی نوێیان گرت و خستیاننە سەر میرنشینەکانیان و دژی دەستەڵاتی نێوەندیی وەستانەوە . یەکەمیان ، میر محەمەدی رەواندز بوو ، ( بەهۆی خەوشێك لە چاویدا ، میری کوێرەیان پێدەگوت ) ، ساڵی ١٨١٤ ، جڵەوی دەستەڵاتی میرنشینە داتەپاوەکەی سۆرانی گرتەدەست . دووساڵ دواتر ، بەشی هەرەزۆری سەرووی عێراقی ئەوڕۆی گرت . والی بەغدا ، نەیتوانی بەر بە میر بگرێت ، ناچار ، دانی بەدەستەڵاتیدا نا و نازناوی پاشای پێدا .

کاتێك لەشکری میر ، بەرە و نسیبین و ماردین جما و قاو وابوو گوایە میر پەیوەندیی بە ئیبراهیم پاشای میسرەوە کردووە ، ئەودەم سوڵتان ، رەشید محەمەد پاشای ناردە سەر . فەرمان بە والی بەغدا و موسڵیش کرا ، پشتگیریی بکەن . وەڵێ میری کوێرە ، لەکاتێکی زۆر گونجاو و چاکرەخساودا چەکی دانا و کۆڵی دا . ئەوە بوو هەر بە حوکمڕانی رەواندز هێڵرایەوە ، بەڵام دەبایە چووبا خزمەت سوڵتان و کڕنووشی بردبا . ١٨٣٥ ناردیانە ئەستەمۆڵ ، سوڵتان زۆر رێزی گرت ، لەگەڕانەوەدا ، بێ سەر و شوێن کرا و تێداچوو . پاش ئەو ، رەسووی برای چەند ساڵێك بووە حوکمڕانی رەواندز ، تا والی بەغدا لە ١٨٤٧ دا لەسەرکار لایبرد . بەوجۆرە کۆتایی بە میرنشینی سۆران هات و ئیدی رەواندز کەوتەوە ژێر چنگۆڵەی تورك و فەرمانبەرانی ئەوان حوکمیان دەکرد .[136]

میرنشینی دووهەم ، کە بەر لە رووخاندنی ، بۆ ماوەیەك نێو و شۆرەتێکی پەیداکرد ، میرنشینی بۆتان بوو ، بە فەرماندەیی میر بەدرخان بەگ . گەلەك کورد، یاخیبوون و دەستەڵاتگرتنەدەستی ئەو ، بە یەکەمین دیاردە و سەرەتای دەستپێکردنی بیری نوێی نەتەوەییانەی کورد دادەنێن .

## 3.11 سەرهەڵدانی بەدرخان بەگ و داڕمانی میرنشینی بۆتان : [137]

میرنشینی بۆتان صەدانساڵێك لەلایەن خانەوادەیەکەوە ڕێبەریی دەکرا ، کە بانگاشەی ئەوەیان دەکرد ، گوایە نەوەی خالید کوڕی وەلیدن ، کە یەکێك بووە لە سەرلەشکرەکانی ئۆردووی پەیامبەر .

لەو کێشمەکێشەدا کە پاش مردنی میر ، لەنێو سێ کوڕەکەیدا ، لەسەر بەرۆگریی و جێنشینی سەریهەڵدا ، چاوچنۆکییان ڕێگەی ئەوەی نەدا ، میرنشینەکە بە یەکپارچەیی بمێنێتەوە ، بەڵکە پەلپەلیان کرد و لەنێو خۆیاندا بەشیانکرد . لە پڕێکدا بۆتان کرایە سێ کوتەوە . گرنگترینیان جزیرەی پایتەختی دێرینی و دەور و بەری بوو . دوو کوتەکەی دی ، قەلاَکانی گورکێل و فینیق ، چەق و نێوەندیان بوون . ( شەرەفنامە : ٢/١ ، ل ١٤٦ )

جارجارە هەرسێ کوتەکە یەکیاندەگرتەوە و پێکرا هەڵدەسووڕان ، هەڵبەت بە ڕێبەرایەتی جزیرە . جاریش بووە ، پەیوەندیی نێوانیان زۆر خراپ بووە و شەڕی پیس لە نێوانیاندا قەوماوە . ئەو هۆنراوە و قسەنەستەقانەی جێماون ، دەریدەخەن ، کە شەڕ و هەڵڵای نێوانیان شتێکی بەردەوام و لەڕادەبەدەر بووە ، نەك ئاوارتە . لە لایەکی دییەوە هۆنراوەی فۆلکلۆریی و قسەی نەستەق ، زێتر خۆ دەگەڵ ڕووداو و پێشهاتی نائاسایی خەریك دەکەن ، نەك ئاسایی و ڕۆژانە . بڕبڕەی پشتی لەشکری بۆتان ، ( بەشە جزیرییەکەی ) ، دوو کۆنفیدراسیۆنی دوو خێڵی ڕەوەند بوون ، [138] شیللەت و چۆخسۆر . ( لە بەتلیس ، قەوالیسی و بڵباسی بوون ، لە هەکاریی ، هۆزەکانی چەپ و ڕاست بوون ).

بڕێك لەوانەی ئەو سەردەمانەیان لەیادبووە ، گێڕاویانەوە کە زۆربەی ئەو هۆزانەی تا ئەوڕۆش ڕەوەندن و ئەوانەش کە تا ماوەیەك لەوەبەر ڕەوەند بوون ، سەر بەو دوو کۆنفیدراسیۆنە بوون. ئەو کوردانەی سەر بە گورکێل بوون ، بە حاجی بەیرانی ناسراون ، ( لە نێوی حاجی بەدرەوە هاتووە ، کە یەکەمین میریان بووە ) . ئەمانە کۆمەڵێك خێڵی کۆچەر و نیوەکۆچەر بوون و بڕێك کوردیشیان

تێدابووە کە ڕەچەڵکی خێڵەکییانەیان نەزانراوە . هۆزەکانی سەر بە فینیق ، دەهییان پێدەگوتن و هەمان پێکهاتەی لەو بابەتەیان هەبوو . [139]

بەو پێیە جزیرە ، کە بەهێزترین هۆزە ڕەوەندەکانی لەژێر دەستدا بوو ، گەلەکجار حاجی بەیرانی و دەهییان دەلەوتاندەوە . چونکە ڕێگەی کۆچ و باری شیللەت و چۆخسۆر ، بە خاکی دووهۆزەکەی دیکەی کۆنفێدراسیۆنەکە دا گوزەری دەکرد ، زۆربەی کات لەنێوان سێ میرنشینە براجمانەکە دا دەبووە کێشە و هەڵلا .

ئەو کۆنفێدراسیۆنانە ، کۆمەڵێکی یەکپارچەی یەکگرتوو نەبوون . سەعید بەگی میری گورکێل ، لە شەڕێکی دژ بە ئاغاکانی بەرەی شیرناخ و میری جزیرە دا کوژرا ، ( کە حاجی بەیرانێکانیشیان دەگەڵدا بوو ) . پاش مردنی سەعید بەگ، ئەو ئاغایانە هەوڵیاندا ، لە باج و خەراج سەندندا ، جێگەی بگرنەوە و تا ڕادەیەکیش سەرکەوتوو بوون . ماوەیەکی زۆریش چکێك سەربەخۆییان بەدەستهێنا و وابەستەی میری جزیرە نەبوون ، وەلێ ئەو هێزەیان نەبوو بەسەر حاجی بەیرانییەکاندا زاڵبن وبتوانن نازناوی میر بۆخۆیان بپچڕن . لە کۆنفێدراسیۆنی چۆخسۆر و شیللەت دا ، دوو هۆز ، کایە و ڕۆڵی پێشڕەوایەتییان دەدیت ، ئەوانیش میران و باتوان بوون . گەر میر ، خورت و بەبڕشت و لێهاتوو نەبا ، سەرۆکخێڵەکانی ئەو دوو هۆزە ، جڵەوی سەرکردایەتییان دەگرتە دەست و هەموو بڕیارێك ئەوان دەیاندا . یەکێك لە خانەدانانی خانەوادەکانی میران پێیگوتم : " ئاغا عەگیدترین پیاوی هۆزە ، بەلام میر ئەو پلەو پایەی لە خانەوادەکەیەوە بەمیرات بۆماوەتەوە ، کە تورکان پێیانبەخشیون . " [140]

پەندێکی دێرین هەیە ، هەمان بۆچوون دەردەبڕێت و دەریدەخات کە لە ڕاستیدا دەستەلات بەدەست ئەو دوو هۆزەوە بووە :

" میران ، میرن . باتوان ، وەزیرن . شیللەت ، صەییێن پیرن . " [141]

دەوروبەری ساڵی ١٨٢١ ، بەدرخان بەگ بووە میری ئەو میرنشینە داڕووخاوە . برایم خانی سەرەکهۆزی میران ، ڕازی نەبوو بچێتە ژێر ڕکێفییەوە و ددان بە دەستەلاتیدا بنێت . باج و خەراجی نەدەدا و ئەو بژێوانییەی لە نێوان باتوان و

حاجی بەیرانی دا کردی و توانی ئاشتیان بکاتەوە ، تا ئێستاش وەك بەڵگەی ئەوە تێیدەڕواندرێت ، کە گوایە بەشێك لە دەستەڵاتی میری بۆخۆی بردا بێت ، بۆیە میر کوشتی . لە نێو میرانەکاندا بووە شەڕ ، تاقمێکیان هۆزەکانی چۆخسۆر پشتیوانییان دەکردن و دەستەیەکیشیان کوردەکانی بۆتان . بە صەدان کەس کوژران . سەرئەنجام بەدرخان بەگ توانی دەستەڵاتی خۆی بسەپێنێت . هەمان کات ، یەکەم نیشانەی سەربەخۆیی لە چنگی عوسمانیی ، دیارییدا . بۆ نموونە چیدی میر ئامادە نەبوو وەك لە سالآنی ١٨٢٨ / ١٨٢٩ ی جەنگی عوسمانیی – روسیدا باو بوو ، ئۆردوو لە هۆزەکان رێکخات و سەرباز بۆ جەنگ بنێرێت.[142]

بەدرخان بە مستێکی پۆلآیین دەستەڵاتی خۆی بەسەر تەواوی قەڵەمڕەوی میرنشینەکەدا سەپاند ، ( هەتا بەسەر حاجی بەیرانیی و دەهییەکانیشدا ) . سزای توندی سەربزێو و سەرکێش و سەرپێچیکەرانی دا و بۆتانی کردە وولآتێکی پڕ ئاسایش و هێور و ئارام . لەو شوێنانەی پێشتر جەردە و چەتەکان تێیاندا زاڵبوون ، ئیدی گیان و ژیان و موڵك و سامانی خەڵکیی ، پارێزراو بوون. باری ژیان تێکڕا باشتر بوو . [143]

بۆ هەر پێشهات و رووداوێکی گرنگ ، میر راوێژی بە گشت ئاغا نێودارەکان دەکرد و رای وەردەگرتن ، بەلآم دوابڕیار ، هەر خۆی بەتەنها دەیدا.

سوپا ، سووکە نوێکردنەوەیەکی تێدا کرا . لە شەڕدا چیدی نەدەبا پیاوانی هۆز تەنها و تەنها لەژێر فەرماندەی سەرۆکهۆزەکانی خۆیاندا بجەنگن ، هەرچەندە هێزی لەوبابەتە هەر مابوون.

لەو نوێسازییانەدا ، هێزێکی بژاردەی تایبەت ، لە لێوەشاوەترین پیاوانی هۆز دامەزرا ، کە میر خۆی راستەوخۆ فەرماندەیی دەکردن . لەشکرێکی هەمیشەییان لێپێکهات و زێتر گوێڕایەڵ و دڵسۆزی میر بوون ، نەك ئاغاکانیان . بەو سەربازانەیان دەگوت ( خولآم ) .[144] دامەزراندنی ئەو تیپە ، لە هەیبەت و پایەی ئاغاکانی کەمکردەوە ، چونکە باشترین پیاوانیان لەدەست دا و کرانە خولآمی میر . بەدرخان لەگەڵ هەردوك میرنشینە گەورەکەی دی نێوەندی

کوردستاندا ، ڕێکەوت و بەرەیەکی لەگەڵ پێکهێنان ، لەگەڵ نوروڵلا بەگی میری هەکاری و خان مەحمودی موکس دا . ئەمە جگەلە ژمارەیەك لە سەرەکهۆزە گچکەکانی دەوروبەر و هەتا دوورەدەستەکانی وەك موش و قارسیش .(145)

لەو هێرش و شالاّوانەدا کە ژەنەرال ڕەشید پاشا کردیە سەر سەرۆکهۆزە کوردە سەربەخۆکان ، پەلاماری جزیرەی پێتەختی بەدرخانیشی دا و پاش گەمارۆیەکی دوور و درێژ ، لە ساڵی ١٨٣٨ دا ، گرتی . خان مەحمود هەوڵیدا بە لەشکرێکی کۆك و تەییارەوە ، کە بە گوتەی ( سافرەستیان ، ١٩٤٨ ، ل ٥١ ) لە نێزیکەی ٢٠ هەزار کورد و ئەرمەن و ئاسوورییەك پێکهاتبوو ، بەهانایەوە بچێت ، وەلێ نەیانتوانی لە چۆمی بۆتان بپەڕنەوە ، چونکە تورك هەموو پردەکانی هەڵتەکاند بوو . ناچار کشانە دواوە و چوونەوە قەلاّتی کێوەکانیان .

گەلەك کورد بەچاوی خۆیان دیتیان چۆن لەشکری میسری ، بە فەرماندەیی ئیبراهیم پاشا ، ساڵی ١٨٣٩، ئۆردووی عوسمانیی تێکشکاند . ئەمە بەلای ئەوانەوە بەڵگە و نیشانەی ئەوەبوو کە دەوڵەتی عوسمانی هێز و گوڕی لەدەستداوە و بڕشتی لێبڕاوە .

لە لێکدانەوەی پاشتری کوردە ناسیۆنالیستەکاندا ، ( کە نەوەکانی بەدرخان بەگ ڕۆڵێکی کاریگەرانەیان تێدا دەبینی و دیارە لەژێر تین و تاوی هەڵسەنگاندنەکانی باو و باپیرانیاندا بوون ) ، گوایە میر لە هەوڵی دامەزراندنی کوردستانێکی سەربەخۆ دا بووە . هەرچەندە هیچ یەك لەسەرچاوەکانی ئەو سەردەمە ، پشتگیریی ئەو دید و بۆچوونە ناکەن . ڕەنگە بەدرخان بۆ مەبەستێکی دی یاخی بووبێت و ئامانجی ئاوها دووری پێشچاو نەگرتبێت.(146)

میر ئەو شکستە کاتییەی عوسمانییانی لە بواری نوێکردنەوەی نێوەندکارییەکاندا قۆستەوە و توانی بەسەر هێزەکانی دەوروبەریدا زاڵبێت . ساڵی ١٨٤٥ ، ( پشتبەستوو بە سوپاکەی ) ، هەموو ناوچەکانی نێوان بازنەی دیاربەکر و موسڵ و سنووری ئێرانی خستە ژێر ڕکێفی خۆیەوە .(147) لە هاوینی ١٨٤٦ دا ، دوو مژدەبەری ئەمریکایی ، چوار حەوتوو مێوانی دەبن و دەبینن

نێزیکەی هەموو سەرەکهۆزەکانی باکووری کوردستان ، دەچنە کنی و رێز و نەوازشی خۆیان پێشاندەدن و پوولْ و ئەسپ و قاتر و شتی گرانبەها و بەنرخی بە دیاریی بۆ دەهێنن . هەتا بەگی هەکاری و خان مەحمود یش بەبەختەوەریی و سەرورەرییان دەزانی ، چاوەڕوانی دیدارێکی میر بن . ئەو هەموو سەرەکهۆزە عەگید و مێرخاسانەی لەژێر فەرماندەیی ئەودا بوون ، کەسێکیان نەبوو پڕکێشیی ئەوە بکات ، قامکێکی لە ئاستدا ببزوێنێت . (148)

میر بە میوانە ئەمریکاییەکانی دەڵێت ، بەنیاز نییە بێ بەڵێنیی و پەیمانشکێنی لەگەڵ سوڵتاندا بکات . ئەمە ئەو لێکدانەوە و بانگاشانەی پاشتر دەربارەی نیاز و مەبەستە نەتەوەیی و جوداخوازییەکانی کراون ، دەخاتە بەر ڕێژنەی گومانەوە . (149) برێك پێشهات و رووداوی دیکە ، رێگەی ئەوەیان لە بەدرخان بەگ بەستەوە ، مەبەست و ئامانجەکانی خۆی پیادە بکات . ئینگلیز و ئەمریکاییەکان ، فەلەکانی نێوەندی کوردستانیان دۆزییەوە ، ئیدی بووە ململانێ و کێبەرکێ سەبارەت بە گێرانەوەی نەستۆرییەکان بۆ سەر راستە شەقامی ئاینەکە . نەستۆرییەکان نیوەیان خێڵەکیی بوون و سەربەخۆ ، ئەوانی دیکەیان وەرزێری ئاغا کوردەکان بوون . هەموو بەهیوای رزگاربوون بوون لە ژێر چنگۆڵە و دەستەڵاتی سیاسی موسڵمانان ، واتە ئاغا کوردەکانیان . شکستی عوسمانیان لە بەرامبەر هێزی فەلەی رووسدا ، مژدەی پاشەڕۆژێکی خۆشتری پێدەدان . بۆیە پێشوازیی و خۆشهاتنیان لە مژدەدەرەکان دەکرد ، بەو هیوایەی دەوڵەتە ئەوروپاییەکان یارمەتییان بدەن و چارەنووسیان بدەنە دەستی خۆیان . دیارە لە رێگەی ئەو پەیوەندییانەوە لەگەڵ هێزە دەرەکییەکاندا ، برێك نەستۆری هەڵپەی ئەوەیان بوو ، دەستەڵات پەیداکەن . مار شەمعونی پێشەوای ئاینیی نەستۆرییەکان ، دەستەڵاتێکی سیاسی زۆر زێتر لەجارانی پێبڕا. ئەمە شادیی زۆری لەکن نەستۆرییەکان و پەژارەی زۆری لەکن کوردان ، رسکاند. (150) لەڕاستیدا کوردەکان تەنها تووڕە و ئاڵۆز نەبوون ، بەڵکە خۆیان بە هەڕەشەلێکراویش دەزانی ، بۆ هێورکردنەوەیان و تا ترس و دڵەڕاوکەیان

نەمێنێت ، مژدەدەرەکان لە چالاکی خۆیان کەمکردەوە . لە ناوچەی تییاری ، مـــژدەدەرە ئەمریکاییـــەکان ، لەســـەر کەپکـــە شـــاخێك قوتابخانەیـــەك و میوانخانەیەکیان دروستکرد ، کەبەسەر تەواوی مەڵبەندەکەیدا دەڕوانی ، ئەو قەڵا قەڵات ئاساییە ، بەدگومانیی لەکن کوردەکان خوڵقاند.[151] گرژی و ئاڵۆزیی لەنێو موسڵمان و فەلەکاندا پەرەیسەند . کاتێك نەستۆرییەکانی تییاری ( کە مار شەمعونیش یەکێك بوو لەوان ) ، سەرکێشییان دەستدایە و سەرپێچییان لەوە کرد باج و خەراجی ساڵانە بە میری هەکاری بدەن ، میر هانای بۆ بەدرخان بەگ برد تا لە سزادانیاندا کۆمەکی بکات . ١٨٤٣ ، لەشکرێکی مەزن لە جەنگاوەرانی هۆزەکان بەرەو تییاری جما . وا پێدەچێت زۆر لەو کوردانە ، بۆ ڕشتنی داخ و رق و کینەیان بە نەستۆرییەکان ، بە پەلە بوو بن. [152] چەند ساڵێك دواتریش لە جێیەکی دی ، هەمان خوێنڕێژیی و تاوانی ناپاسەندیان دووبارەکردەوە . زایەڵەی ئەو ڕووداوانە لە ئەوروپادا ، ڕێگەخۆشکەرێکی هەڵدێرانی بەدرخان بوو . ئینگلیز و فەرەنسییەکان زۆریان لە دەوڵەتی عوسمانی کرد ، میر سزا بدات و ڕێگە نەدات چیدی فەلەکان قڕبکات . لەشکرێك نێردرایە سەر بەدرخان و ساڵی ١٨٤٧ ناچاری وازهێنان کرا . خۆیی و گشت خزم و خوێشانی گیران و بۆ ئەستەمووڵ نێردران . بەوپەڕی ڕێز و حورمەتەوە پێشوازی کران و پاشان دوورخرانەوە . ڕێگەنەدرا کەسیش جێگەی بگرێتەوە .

## 3.11.1 بۆتان ، پاش نەمانی میر :

بەهۆی تێکبەربوونی هۆزە زۆرە دوژمنەکانی یەکدییەوە ، لە پڕێکدا خەریکبوو میرنشینەکە ببێتە وێرانە . بێ میر ، ئەستەم بوو بتوانرێت بەر بەدوژمنایەتی و دژایەتی یەکدی و کێشە و ململانێیان بگیرێت . هیچ حسێبێك بۆ کاربەدەستانی عوسمانی نەدەکرا و کەس متمانەی پێنەدەکردن و پشتی پێنەدەبەستن . لەبەر ئەوە ، ئەگەر ویستبیشیان ، نەدەکرا ببنە نێوبژێوان . هێزو دەستەڵاتی ئەوەشیان نەبوو یاسا و ئارامیی بسەپێنن . ئەو هێوری و ئارامی و

ئاسایشــەی لەســەردەمی بــەدرخان دا ، بەســەر نێوەنــدی کوردســتاندا بــاڵی کێشــابوو ، تــەواو قڵــپ بــووەوە . ســەفەر و هــات و چــۆ ، زۆر خەتــەرناك بــوو . بــەدگومانی و بــیٚ متمانــەیی زاڵ بــوو . ئــەو دوژمنایــەتی و کێشــانەی لــەکاتی خۆیانـدا چارەسـەر نـەکرابوون ، سـەریانهەڵداوە و یـەکێتی و یـەکڕیزیی زۆربـەی هۆزەکانیــان هەڵتەکانــد . گەلــەك تــیرە و خێڵــی گچــکە ، کــە تــا ئەودەمــە نــەبوو نەناسراو بوون ، لەپڕ هەڵتۆقین و خۆیان سـەربەخۆکرد . بڕێك سـەرەکهۆز ، ( بـۆ نموونە وەك ئاغا دەستەلاٚتدارەکانی شیرناخ ، کە سەر بە هیچ هۆزێك نـەبوون ، یـاخود سـەرکردەکانی مـیران ) ، توانییـان لـەو گێـژاو و پشـێوییەدا ، دەسـتەلاٚتی ئـابووریی و سیاسییان بـرەو پێبـدەن و فـراوانتری بکـەن . بـەلاٚم هـیچ یـەکێکیان بۆی نەلوا جێگەی میر بگرێتەوە . مێمڵ و گوردێری زۆر هـەبوون . دواتـر ، کـە مستەفا ئاغای میران لەلایـەن سـوڵتان عەبدولحەمیدی دووهەمـەوە کرایـە پادشـا و سـەرۆکی سـوارەی حەمیـدی ، تـوانی ببێتـە یەکـەپیاوی ئـەو دەڤـەرە . پـێش ئـەو سـەردەمە ، هـەر یەکەوڕاسـت پاش جەنگی سالاٚنی ١٨٧٨/١٨٧٧ ی عوسمانی روسـی ، قۆنـاغێکی کـورتی بووژاندنـەوەی میرنشـینەکە دەسـتپێکرد . دوان لـە کوڕەکانی بەدرخان ، عوسمان و حسەین ، کرانە پادشا و لەشکرێکیان پێسـپێردرا کە کوردی زۆریان لەنێودابوو و نێردرانە ئەو شەڕەوە . کە شەڕەکە هەمدیسان بە تێکشـکانی عوسمـانیی کۆتـایی هـات ، جووتـە بـرا ئـەو هەلـەیان قۆسـتەوە و بـە خۆیان و جەنگاوەرە کوردەکانەوە گەڕانەوە بۆتان . عوسمان پاشای برا گـەورە ، بـانگی میرایـەتی هەڵدا . پێدەچێت زۆربـەی هۆزەکـان بـە شـادییەوە پەسـەندیان کردبێت و پێی رازیی بووبن.[153] بەپێی سەرچاوەی ناسیۆنالیستانی کورد،[154] عوسمان هەشت مانگی رەبەق مەڵبەندێکی حوکمڕانی دەکرد کە لە چۆڵەمێرگەوە دەستپێدەکرد تـا مدیات و ماردین و نسـێبین و زاخـۆ و ئامێدیشـی دەگرتـەوە . نێـوی لـە خوتبـەی هەینییەکانـدا دەخوێندرایـەوە . کوردەکـان شـالاٚو و هێرشـی لەشـکری عوسمانییـان تێکشـکاند و گێڕانیياندنـەوە ، تـا بـەفێڵ و تەڵەکـە و دەهۆبازیی میریان دەستگیرکرد . هەمدیسان ئاژاوە و پەشێوی باڵیانکێشایەوە .

تــا ئێســتاش زۆر کــەس ئــەو ماوەیــە ، بــە ســەردەمی زێــڕین نێودەبــەن. لــە پڕوپاگەندەی ناسیۆنالیستەکاندا ، زۆر دەڕازێندرێتەوە و تیفتیفە دەدرێت .

### 3.11.2 ئاکام و سەرئە نجام :

بەشێکی زۆری کوردستان ، لە بارێکی کۆمەڵایـەتی گرژ و ئاڵۆزەوە ( مەبەست میرنشـینەکانە ) ، گەڕایـەوە بـۆ دۆخێکـی کۆمەڵایـەتی سـادە و سـاکار ، ئـەویش ( پێکهاتی خێڵەکییانە بوو ، بەگشت گرێ و گۆڵە جوداوازەکانییەوە ) . داخۆ ئەوە لـە بـواری گەشـەکردنی کۆمەڵایەتیدا ، گەڕاندنەوەیـەك بـوو بـەرەو پـاش ، یاخود هەنگاوێك بوو بەرەو پێش ؟

پێدەچێت شـیرازەی کۆمەڵایـەتی میرنشـینەکە هـەردەبا تێکچـووبا ، تـاوەکو هــەنگاوی گەشــەکردنی داهــاتوو بــەرە و قۆنــاغی گواســتنەوەی گەیشــتن بــە دامەزراوەی دەوڵەت بنرێت ، دەوڵەتێك کە کوردەکان تێیدا گونجێندراو بن، نـەك کەویکراو و رەنجێندراو .

ئامانج و مەبەستی گەشەکردنێکی کۆمەڵایـەتی هێـدی و لەسـەرەخۆ ( وەك دینەمۆیــەکی ســەرەکیی ) ، تــەنها و تــەنها لەڕێگــەی پێشــهات و رووداوە راســتەقینەکانەوە دێتــەدی. گونجانــدنی کــورد لەبۆتــەی دەزگــەی دەوڵــەت دا ، پرۆسێسێکی بـە ئاکـام نەگەیشـتووە. تـا بیسـتەکانی ئـەم سـەدەیەش ، ( لـەبڕێك شوێن درەنگتریش ) ، ململانێ و کێشمەکێشی کورد لەگەڵ دەزگەی دەوڵەت دا، لەڕێگەی تاکە کەسانەوە نەبووە ، بەڵکە لەڕێگەی هۆزەکانەوە بووە .

زۆربــەی هۆزەکــان وەك دامەزراوەیــەکی کۆمەڵایــەتی ، تادەهــات ســادە و ساکارتر دەبوون ، گەشەکردنیان بە پێچەوانەی رەوتـە ئاساییەکەوە دەبزوا . بۆ نموونە ، خێڵی تەییان وەك بەشێك لە کۆنفیدراسیۆنی خێڵەکانی شیللەت ، لە پێشدا لە بۆتەی میرنشینی بۆتان دا تواوەتەوە . پاش داڕمانی میرنشینەکە ، ئـەو کۆنفێدراسـیۆنە هێـدی هێـدی لەبەریـەك ڕەوایـەوە . لقێکـی تـەییان دایـە پـاڵ کۆنفێدراســـیۆنی چۆخســـۆرەکان . هــــەتا دوژمنایــــەتی نێــــوان هــــەردوك کۆنفێدراسیۆنەکەش ، تاکە تاکەی هیچ لایەکیانی یەکنەخست . پاش دەیـان سـاڵ تـەنها نێوەکـەی مایـەوە . هـەرهۆزە و بۆخـۆی بەتـەنها هـەڵس وکـەوتی دەکـرد . ئـەوڕۆ هـۆزی تـەییان چیدی چـەند عێلێکـی بەڕاسـتی یەککەوتـە نییـە و تاقـە

سەرکردەیەکی مەزنیان نییە . قەبیلەکانی تەنها ماونەوە ، پێکڕا و تێکڕا هیچ کارێك ناکەن.

هەتا دەزگەی دەوڵەت چڕتربێت و پڕتر بێت ، هۆزەکان زێتر لەنێو دەچن . ئەم پرۆسێسە تەنها هۆکار نەبووە ، هۆکارێکی گرنگی راستەقینە هەیە ، ئاسان پەی پێنابرێت . تێداچوونی میرنشینەکە ، مانای کۆتایی دەستەڵاتێکی ناڕاستەوخۆ و سەرەتای دەستەڵاتێکی راستەوخۆ نییە . زێتر لەوەش ، دەستەڵاتە راستەوخۆکە لەزۆربەی بەشەکانی کوردستاندا هێشتا هەر درێژەی هەیە ، بەلاّم لەسەر ئاستێکی نزمتر .

پاش میر ، خەسڵەت و کەسایەتی دەوڵەت ، بە ئاغای هۆز و پاشتریش بە ئاغای گوند و ( یاخود بە مەزنی باڤك ) بڕا . پێموایە ئەم هۆکارە لەگشت هۆکارەکانی دی بەتینتر کاری کردۆتە سەر سیما و شێوازی هۆز و کایەی لە ئالۆزی و لاوازیی یەکێتی هۆزدا دیتووە .

## 3.12 یاسا و مافی نوێی زەوی و زار و کاریگەرێتییەکەی :

ئێرە جێگەی ئەوە نییە کە دەمەتەقێ لەسەر گشت هەوڵە چارەسەرسازییەکانی سەدەی نۆزدەهەمی ئیمپراتۆرێتی عوسمانی بکەین.[155] پێشتر باسی دارمانی میرنشینەکە کرا، ئێستەکە هەوڵدەدەم هۆکارێکی دی شیکەمەوە کە کاریگەرییەکی زۆری لەسەر باری کۆمەلاّیەتی و ئابووری کوردستان هەبووە . ئامانج لەو یاسای رێکخستنی پەیوەندیی و باری موڵکایەتییەی ساڵی ١٨٥٨ دەرکرا ، ئەوە بوو حاڵ و بوارێکی ئاسایی بخوڵقێت و کۆتایی بە زۆر هەڵە و کەم و کووڕی بهێنێت . لە ئیمپراتۆرێتی عوسمانیدا ، زەوی و زارێکی زۆر کەوتە دەست وەجاخزادەکان و ئەو مولتەزیمانەی حوکومەت داینابوون . ئەو دابەی هەرکەس زێتر بدات ، ئەوە دەکرێتە مولتەزیم ، دادۆشینێکی بێ ئەندازەی جوتیارانی لێکەوتەوە، [156] ئاکامەکەی کۆچ و رەوێکی زۆر زەق بوو .

سوڵتان مەحمودی دووهەم ( ١٨٠٨ تا ١٨٣٩ ) ، هەموو ئەو زەوییانەی بەئیجاردرابوون ، سەندنییەوە و گشتی دان بە قۆنتەرات . عەبدولمەجیدی بەرۆگری ، یاسای مافی موڵکایەتی دەرکرد و (157) ئەو راستییەی سەلماندەوە کە هەرچی زەوی هەیە ، موڵکی دەوڵەتە ، ( جگە لەو زەوییانەی دەچنە خانەی موڵکی تایبەتەوە ، یاخود ئەوانەی وەقف کراون ) . خاوەن موڵکی تایبەت ، دەبا پووڵێکی کەمی بە تاپۆ دابا و بەو پێیە سەنەدی تاپۆی دەدرایە و مافی موڵکایەتی دەستەبەر دەکرا . بەوجۆرە ئەو زەوییانەی بۆ خانووبەرە تەرخانکرابوون ، دەخرانە سەر نێوی خاوەنەکانیان . هەڵبەت ئەمە زەوییەکانی شارەوانیی نەدەگرتەوە . ( بەندی ٨ : " موڵکی تەواوی گوندێك ، یاخود شارێك ناتوانرێت تێکڕا لەسەر تەواوی دانیشتوانی ، یاخود لەسەر یەك دوانێکیان تاپۆ بکرێت . هەر یەکە و بەشی خۆی بۆ جودادەکرێتەوە ...." ) .

داڕشتنی ئەم یاسایە ، کاریگەرێتی یاسا ئەوروپاییەکان و خواستی چارەسەرخوازان رەنگ پێدەداتەوە ، کە دەیانەویست شیرازەی پەیوەندییە خێڵایەتییەکە هەڵتەکێنن. بە کەمەکێك دڵنیاییەوە ، ئامانجی یاسای موڵکایەتی ئەوەبوو کە خێڵە رەوەندەکان هانبدرێن (ئەو زەوییانەی ئاسان سوودیان لێوەردەگیرێت )، وەریبگرن و نیشتەجێ بن . هەتا دەتوانرا لەوەڕگەکانیش بکرێنە موڵکی تایبەت ، هەرچەندە مەرجیش نەبوو . ( بەندی ٢٤ ) .

فەرمانبەرانی تاپۆ ، دەستیانکردە ئامارکردن و ئەژمارکردنی زەوی ، وەلێ هەنگاوەکان سست هەڵدەنران ، چونکە ئەرکەکە هێجگار مەزن بوو . لە عێراق ئەژمارکردنەکە ، ساڵی ١٨٦٩ ، ئەو دەمەی مەدحەت پاشا ، یەکێك لە چارەسەرخوازە نێودارەکان ، والی بەغدا بوو ، تاڕادەیەك دەستیدرایە و پاش داگیرکردنی ووڵاتەکە لەلایەن ئینگلیزەوە ، درێژەی پێدرا ، ( ١٩١٤ لە خوارووی عێراق و ١٩١٨/ ١٩١٩ لە کوردستانی عێراق ) . (158) هەر کەمێك پاش دەستدانە ئەژمارکردن ، دوو دیاردە سەریانهەڵدا :

١- موڵك بەزوویی بووە موڵکی تەواوی خاوەنەکەی . یاسا موڵکی کردە میراتگەری ، موڵکی بەخشراو تاپۆدەکرا و دەشتوانرا بفرۆشرێتەوە و تاپۆش پێی رازیی دەبوو . خاوەنملك هەموو ئەو بەربەستانەی بەری بە مافەکانی دەگرت ، فەرامۆشی دەکردن و زەوی بە ملکی بیٚ چەند و چوونی خۆی دەزانی .

٢- هەرچەندە یاسای ملکایەتی بە نیاز بوو ، ئەو زەوییانەی بەدەست جوتکارانەوە بوو و خۆیان دایاندەچاند ، بە شێوەیەکی یاسایی بکرێنە ملکی خۆیان ، ( بڕوانە بەندی ٨ ی یاساکە ) ، بەربەستیشیان لەبەردەم بەرتیل و گەندەڵی سیستێمەکە دا دانابوو ، بەلاٚم لەڕاستیدا تەنها دەستەیەکی بژاردەی کەم ، سوودیان لێوەرگرت. " نەزانی و ویژدانفرۆشیی فەرمانبەرانی تاپۆ "[159] ، ترس و بەدگومانیی و بیٚ متمانەیی لادێییەکانی بەرامبەر حوکومەت ، برەوپێدا ، چونکە فەرمانبەرانی حوکومەت ، ئەوانیان تەنها لە کاتی باج سەندن و سەرباز گرتن دا پێویست بوو .

بەو جۆرە ، ئەوەی لەگەڵ فەرمانبەرانی حوکومەت دا نێوانی باش با ، دەیتوانی گەورەترین پارچەزەوی لەسەرخۆی تاپۆ بکات . لە کوردستان ، ئەوانە زێتر ئاغا و شێخ و چینێکی دیاری شارەکان بوون ، تایبەت بازرگانان و فەرمانبەرە گەورەکان . جوتکارەکان ، ئەوانەی بەڕاستی زەوییەکانیان بەدەستەوەبوو و رەعەمەلیان دەهێنا ، درەنگ هەستیانکرد چ ناڕەواییەکیان بەرامبەر کراوە . Dowson کە ساڵی ١٩٣٠ ، باری عێراقی هەڵسەنگاندووە ، دەربارەی کوردستان ئاوها دەڵێت: " .... زۆر گوند ، هەرهەمووی ، یاخود بەشێکی ، وەك موڵکێکی تایبەتی وەجاخزادەکانی ئەویٚ تۆمارکراون ، بیٚ رەچاوکردنی هیچ جۆرە مافێکی دێرینەی ئەوانەی هەموو تەمەنیان لەویٚ ژیاون و زەوییەکانیان داچاندووە ، یاخود مێگەلەکانیان لێلەوەڕاندووە . لەو حالاٚنەدا، پێدەچێت نەبوونیی و دەستکورتیی بە چلەپۆپەی گەیشتبێت ، بۆیە ناچار زەوییەکانیان لەبری قەرز ، بە ڕەهن ، بە بازرگانانی شار داوە . ئەو پەیوەندییە تایبەتەی نێوان ئاغای سەرەکهۆز و جوتیارانی گوند ، گەلەك

پتەوتربوون لەو پەیوەندییە لاوەکییەی دەیەویست لە دوور و دەرەوە داهاتی گوند دادۆشێت و دایچکێنێت و لە نێوەوە بەریپێدەگیرا .... " [160] . دەنا لە حاڵەتی دیدا ، ئاغا بۆ خۆی گوندی دادەڕووتاند ، زۆرجاریش گوندی بەجێدەهێشت و دەبووە خاوەنمڵکێکی دوورکەوتە . دیارە هەڵسەنگاندنەکەی Dowson بۆ هەموو کوردستان ناشێت ، جوداوازی زۆر هەن . وەك بۆیان گێرامەوە و چەند جارێك دڵنیایان کردم ، لە زۆربەی گوندە کێویلەکانی سەرووی کوردستان ، زۆربەی ، یاخود زۆری لادێییەکان ، تاپۆیان هەیە . لە هەندێکی دیکەیان ، زەوییەکان بەرەسمیی موڵکی ئاغان ، بەلاّم لادێییەکان ئیجار دەدەن ، هێندەی ئەو زەکاتەی لە شوێنی دی بە ئاغا دەدرێت . دیارە لە و گوندانە ئامارکردن و تۆمارکردنی زەوی ، هێشتا گۆڕانکارییەکی ئەوتۆی نەهێناوەتە گۆڕێ . لەو کێوانە خاوەن تاپۆ کەمن ، یاخود هەر نین . بەلاّم لە تەختانی و پێدەشتەکان ( هەتا کاتی دەستدانە نوێترین یاسای چارەسەرسازیی زەویی ) یش ، زێتر شتێکی ئاسایی و پەیڕەوکراو بوو ، وەك لەوەی ئاوارتە بێت . لە بەندی دووهەمدا خانەدانانێکم بە نموونە هێنایەوە ، ئەوانیش دزەییەکان بوون ، بۆ پشکێکی چاکی دەستەلاّتی سیاسی و ئابوورییان، منەتباری ئەو یاسای ئامار و تۆماری زەوییەن. باو و باپیرانیان، (ئەحمەد پاشابووە ، یاخود کوڕەکانی ) ، بەشی زۆری پێدەشتەکانی هەولێریان بە نێوی خۆیانەوە تۆمارکردووە ، پاشانیش بەجۆرێکی دی زەوییەکی زۆر و فراوانی دییان خستۆتە سەر .

دەتوانرێت کاریگەریی تۆماری زەوی ، بەپێی دواهەمین یاسای زەوی ، لەم خاڵانەدا چڕکرێتەوە :

١-سەرجەم داهاتی ئابووریی پێکڕایی هۆز ، کەمبووەوە و بە داهاتی تاکەکەس گۆڕدرا.

٢-خڕبوونەوەی داهاتی ئابوورییەکی زۆر لە دەروونی هۆزدا ، زۆر ئاغای کردە دەرەبەگ و رەعییەتەکەش بوونە ووردە کرێگرتە . لەو رێگەیەوە هێدی هێدی

هەندەك ئاغا دەستەلاتێكی زۆریان پێبڕا و تەواو تەواو بەسەر ڕەشەخەڵكەكەدا زاڵبوون .

٣-چینێكی نویٚ بە تەرزێكی نوێی ژیانەوە پەیدا بوو ، ئەوەش ئەو دەرەبەگانە بوون كە لە شار دەژیان . (161)

٤-لەنێوان دەرەبەگە شارییەكان و ئەو ئاغایانەی لە گوندەكاندا مابوونەوە، جۆرە شێوازێكی نوێی هاوكاریی و هاریكاریی پەیدا بوو . Hay ساڵی ١٩١٩ ، چۆتە هەولێر و دیتوویە ئاغا شارییەكان ، دیوەخانی هێجگار دڵگیریان هەبووە . هەركات سەرۆكهۆزەكان چوونەتە شار ، لە یەكێك لەو دیوەخانانە لایانداوە . هەر سەرەكهۆزێك سایەنشینی ئەم ئاغا ، یاخود ئەو ئاغای شاریی بووە . ئەو پەیوەندییانە رەنگە چەند وەچەیەك بەردەوام بووبن . لە بەرامبەرئەو میواندۆستییەدا ، كابرا بەدەست و دیارییەوە هاتووە . خانەخوێش چاوەڕوانی ئەوەی لە میوانەكەی كردووە ، گەر ئاژاوە و پەشێوییەك لەنێو هۆزەكاندا روویدا، ئاغا بەرژەوەندییەكانی بۆ بپارێزێت . بەهەمان شێوە ، ئەمیش لە شار ، وەك نوێنەری سەرەكهۆزەكە رەفتاری كردووە ". ( Hay ، ١٩٢١ ، ل ٨٣-٨٤ )

٥-لەزۆر رووەوە جووتیاران مافە نەریتییەكانیان خوراوە و كراونەتە ووردە كرێگرتە ، یاخود كرێكار . دەرەبەگەكان هەركات خواستبێتیان ، توانیویانە بەدەریان بنێن . (162) زۆربەش تا كاتی بە میكانیزەكردنی بواری كشتوكاڵ ، هەر راگیراون و كاریان پێكراوە ، ئیدی ( لە پەنجاكانەوە ) كاریان پێیان نەماوە و بیٚ كار كەوتوون و دەرپەڕێندراون . بەو پێیەی زەوی بە ڕەسمی موڵكی دەرەبەگ بووە ، هەتا لە حاڵەتی راستبوونەوە و دژوەستاندنەوەی جوتیارانیشدا ، دەوڵەت هەر پشتی دەرەبەگەكانی گرتووە . ئەمە ئاكامێكی ئەو یاسای موڵكایەتییە بووە كە سەد ساڵێك بووە خراوەتە گەڕ ، (روونتر بڵێین ، ئاكامی جۆر و شێوازی كارپێكردن و چەسپاندنی بووە ) .

### 3.12.1 سیاسەتی زەوی و زاری ئینگلیزەکان لە کوردستانی عێراقدا :

ئەژمار و تۆماری زەوی سەردەمی عوسمانییەکان ، ناتەواو مایەوە . هەتا لەو شوێنانەشدا کە سەپا ، بێ کەموکووڕی و کێشەو گرفت نەمایەوە و پەیوەندییەکۆنەکانی بەرهەمهێنان هێشتا هەر بەرقەرار بوون . [163] لەسەردەمی داگیرکاریی ئینگلیزەکانیشدا ، داو و دەزگەکانی تاپۆ بووژێندرانەوە ، چونکە ئینگلیزەکان تۆمار و ئاماری زەوییان کردە بنەمایەك بۆ دانانی باج و خەراج . ئارەزوو و ویستی راستکردنەوەی ئەو هەموو چەوت و چەوێڵییەی یاساکەیان نەبوو . سەرۆکی دەزگەی دارایی ، ساڵی ١٩١٩ دەڵێت : " هەقە ئەوە بزانین کە ئەرکی یەکەمی ئێمە ئەوە نییە ماف بۆ مافخوراوان بگێڕینەوە ، بەڵکە مافی ئەوانە بپارێزین کە یاسا لە پشتیانە ". [164] لەراستیدا وا پێدەچێت کە سیاسەتی ئینگلیز ئەوە بووبێت زێتر پشتی سەرەکهۆزەکان بگرێت و پشت لە رەشەخەڵکەکە بکات . سێر Henry Dobbs کۆمیسەری مەزنی عێراق لە ١٩٢٣ەوە تا ١٩٢٩ ، ئەو پرینسیپەی کردە یەکێك لە دینگەکانی سیاسەتی ئەو مافی موڵکایەتییەی وەبەری گرتبوو. [165] کاریگەریی ئەو سیاسەتە لەخواروی عێراق زێتر هەستی پێدەکرا ، چونکە سەرەکهۆزە عارەبەکان بوونە خاوەنی موڵکێکی هێجگار زۆر . هەتا لە کوردستانیش سیمای ئەو یاسا چارەسەرسازییانەی سەردەمی عوسمانی زاڵبوو و لەسەردەمی ئینگلیزەکاندا بەگوڕتر کرا . دواتر ، خەسڵەتەکانی سیاسەتی ئینگلیز بەرامبەر هۆزەکان ، بە چڕی باسدەکەین .

### 3.13 دامەزراندنی سوارەی حەمیدییە لەنێو هۆزە کوردەکاندا :

ساڵی ١٨٧٦ ، عەبدولحەمیدی دووهەم بووە سوڵتان . هەرچەندە ئەو چارەسەرییانەی سەردەمی ئەو ، درێژە و بەردەوامیی چارەسەرسازییەکانی ئەوەی بەرلەخۆی بوون ، وەلێ برێك لە هەڵسو کەوت و رەفتارە سیاسییەکانی پێچەوانەی نیازی چارەسەرسازیی پێشاندەدا . یەکێك لەوبوارانەی چارەسەرسازییەکان مەبەستی بوو ، نیشتەجێکردنی رەوەندەکان و

هەڵتەکاندنی شیرازەی تیرەگەریی بوو . کردار و بڕیار و رەفتاری عەبدولحەمید ، پێچەوانەی ئەوەی دەردەخست . ساڵی ١٨٩١ ، هێزێکی چەکدار ، یاخود تیپێکی ژەندرمەی ، لە هۆزەکان دروستکرد ، کە لەژێر فەرماندەیی سەرەکهۆزەکانیاندا بوون و لە ویلایەتەکانی خۆرهەڵاتدا ، کایەی پۆلیسیان دەبینی . ئەو چەکدارانە بەنێوی سوڵتان خۆیەوە نێونران و ( سوارەی حەمیدییە ) یان پێدەگوتن . سەرەکهۆزەکان ، کە پلەی ئەفسەریان پێدرا ، ئەو دەرفەتەیان بە شێوەیەکی زەق و ئاشکرا و نەشیاو ، بۆ پەرەپێدانی دەستەڵاتیان قۆستەوە و بەشێوەیەکی نالەبار هەڵیاندەسووڕاند و خراپ سوودیان لێوەردەگرت . ئاکامێکی دیکەی ئەوەبوو ، کە بڕێك هۆز ، لەسەر حسێبی هۆزەکانی دیکە بەهێزبوون ، لەو ڕێگەیەوە هاوکێشە و بەلانسی هێزە ناوچەییەکان گۆڕرا و شێوا .

وەك گەلەك هەنگاوی کۆنەخوازانە و دواکەوتووانەی سوڵتان ، ئەمەشیان کاردانەوەیەك بوو بەرامبەر هەڵوێست و هەڕەشەی زلهێزەکان ، تایبەت و پلەی یەکەم ئینگلتەرە و روسیا . [166] لە جەنگی ساڵەکانی ١٨٢٨/ ١٨٢٩ و ١٨٧٧/ ١٨٧٨ دا، ئوردووی رووس دووجاران ویلایەتەکانی خۆرهەڵاتی ئیمپراتۆرێتەکەی داگیرگرد . روسیا لە قوڵی خۆرهەڵاتەوە دنەی ناسیۆنالیست و جوداخوازەکانی ئەرمەنی دەدا ، هەروەك نموونە باڵا سەرکەوتووەکەی سلاڤەکانی خۆرئاوا . لە ڕاستیدا ئەرمەنەکان لە جەنگی ساڵانی ١٨٧٧ /١٨٧٨ دا ، دایانەپاڵ رووسە داگیرکەرەکان . لە کۆنگرەی بەرلینی ١٨٧٨ دا ، ئینگلتەرەش مەیلی خۆی سەبارەت بە کێشەی ئەرمەن ئاشکراکرد . لە هەشتاکاندا ، لە ئەستەموڵ و خۆرهەڵاتیش دەستە و تاقمی تێرۆریستی ئەرمەنی کەوتنە بزۆزی و جموجۆڵ . لایەنگری و مەیلی کوردیش بۆ دەوڵەتی عوسمانیی ، جێگەی دوودڵی و گومان بوو . ساڵی ١٨٨٠ ، شێخێك لە ترۆپکی سەرکردایەتی ڕاپەڕینێکدا هەڵکەوت ، کە نێوی عوبەیدوڵڵای نەهری بوو ، رایگەیاند کەگوایە بەنیازە دەوڵەتێکی کوردی دابمەزرێنێت و دەیەویست بۆ مەرامی خۆی پشتگیریی ئینگلیز مسۆگەر بکات.[167] لە کاتی سەرهەڵدانی هەر

کێشە و هەڵلایەکی نوێدا ، دەبا کورد وەك موسڵمانی سوننە ، بەپیر بانگەوازی پانئیسلامیزمی سوڵتان و خەلیفەی موسڵمانانەوە چووبا ، وەلێ وەك چاوەڕوانیش دەکرا ، وادەرنەچوو .

دەبێت ئا لەو بنەمایەوە لە هۆی دامەزراندنی سوارەی حەمیدییە بڕواندرێت، وەکو دەرفەت دانێك بەکورد و هاندانی بۆ پشتگیریکردنی خەلیفە و وەك ئامرازێکی کاریگەریش، تا لەو ڕێگەیەوە خۆرهەڵاتی ئەنەتۆل لە ژێر رکێفی پۆلیسدا بمێنێتەوە .[168]

نموونەی باڵای سوارەی حەمیدییە ، قۆزاقەکان بوون . لە نێو خێڵە کوردە کۆچەر و نیوەکۆچەرەکاندا ، هەتا جارجارە لە نێو خێڵە تورکەکانیشدا ( وەك قەرەپاپاخەکان ) ، دەستە و تیپی چەکدار بە فەرماندەیی سەرەکهۆزەکانی خۆیان رێکدەخران . بڕێك هۆزی گەورە ، تیپێك ، یاخود زێتریشی کۆدەکردەوە و هەریەکەیان لە ٨٠٠ تا ١٠٠٠ پیاو پێکدەهاتن . هۆزە گچکەترەکان ، دەکرانە تیپێك . ئەفسەرانی سوپا ، مەشقی سەربازییان پێدەکردن . سوارەی حەمیدی ، هەردەم ئامادەی شەڕ نەبوون . تەنها ئەو دەمانەی خزمەتیان دەکرد ، مووچەیان دەدرایە . بەڵام گەردنی خێزانەکانیان لە زۆربەی باجەکان ئازاد دەکرا . تا دەهات ژمارەی تیپەکانی سوارەی حەمیدییە ، زیادی دەکرد ، ساڵی ١٨٩٢ ، ٤٠ تیپ بوون ، ١٨٩٣ بوونە ٥٦ ، ١٨٩٩ ، گەیشتنە ٦٢ تیپ .[169] ئامانجی یەکەم لە رێکخستنی تیپەکانی سوارەی حەمیدییە ، زەبر وەشاندن بوو لە بزووتنەوەی جوداخوازانەی ئەرمەنییەکان و ( کە هێشتا تەواو پێنەگەیشتبوو ) ، کۆنترۆڵکردنێکی چاکتری کوردەکان . سوڵتان بە و پاداشتە زۆرەی دەیدانێ و بەو دەستبەرهەڵداکردنەیان بۆ جەردەیی و تاڵانکاریی ، بەئومێد بوو کوردەکان تەواو بەلای خۆدا ڕاکێشێت و لەو رووەوە سەرکەوتووش بوو . کورد ، وەك پیاوچاکێك تێیاندەڕوانی و نێویان نابوو باڤێ کوردان . بڕێك چاودێر ، ( بۆ نموونە کونسوڵی ئینگلیز لە ناوچەکە ) ، لە ئامانجی سەرەکیی سوڵتان گەیشتبوون و پێیانوابوو ، ویستوویە لەو ڕێگەیەوە : کورد کوت کوت و گۆت و

کـۆت کات . " بڕێك لەو هۆزانە بۆیە کرابوونە سوارەی حەمیدی ، تا هاوکێشی و هاوسـانیی هێزەکـانی ناوچـەکە راگیرکـەن ، هەرچـەندە زۆربـەی جـار ، ئاکـام پێچەوانەکەی بووە . هێندەی کرابا ، هەوڵدەدرا هۆزە لاوازەکان هەڵبـژێردرێن ، چونکە بە چەك و تفاقێکی کەمتر و چاکتر و مەشقێکی کورت خایـانتر ، دەتـوانرا ئاسان بەسەر مێملّ و گوردێرە نەریتییەکانیاندا ، زاڵکرێن."(170)

یـاخود، بەگوتـەی کابرایـەکی دیکـەی سـیخوڕی ئینگلیـز، کـە زۆر دۆسـتی کوردبوو: ئامانج لە دامەزراندنی سوارەی حەمیدی ،" قۆستنەوە و قووڵکردنـەوەی گیـانی دوژمنایـەتی و دژایـەتی نێـو هـۆزە کوردەکـان بـوو، تـا سیسـتێمێکی ئـەوتۆ بنیات بنێن ، کە هەرگیزا و هەرگیز نەتوانن دژی حوکومەت ، یەککەون ".(171)

ئەگەر مەبەستی سەرەکیی تەنها بەگـژ یەکدی کردنی هۆزەکان بووبێت ، ئەوا زۆر سـەرکەوتوو نـەبوون ، هەرچـەندە ئـەوەش راسـتە کـە دوژمنایـەتی وکـێشە و ململانێی نێوان هۆزەکان ، سالآنی ١٨٩٣/١٨٩٤ روو لە زیادی بوون . ( Duguid : ١٩٧٣، ل ١٤٧)

راستییەکەی ئەوەیە کە سوارەی حەمیدی ، دەستەلآتی بڕێك سەرکردەی هێند بەسـەر هاوسـێکانیاندا زاڵکـرد ، کـە بـێ ئـەوە ئەسـتەم بـوو قـەت پێیبگـەن . بـۆ نموونـە ، هەڵبـژاردنی هـەر ئاغـای گونـدێك بـۆ فەرمانـدەیی و هەڵنەبـژاردنی مێملّەکـەی ، خـۆی لـە خۆیـدا بـەس بـوو بـۆ ئـەوەی ململانێکـە بـە سـوودی ئـەو بشـکێتەوە . لـە پڕێکـدا دەسـتکەوتێکی مـوفتی دەکەوتـە بەردەسـت : مووچـەی چـاك، چـەك و تفـاقێکی زۆر ، تـا بەسـەر تـیرە و خێڵەکانـدا بیبەخشـێتەوە و زۆربـەیان بـەلای خـۆدا راکێشـێت . دەشـیتوانی هێـزی حەمیدییـە دژی دژەکـانی هەڵسووڕێنێت .

لایـەنی کـەم ، دوو سـەرەکهۆز ، لەڕێگـەی فەرمانـدەیی سـوارەی حەمیدییـەوە ، هێند پلە و پایەیان بالآ رۆیشت ، کە پاشان خۆیان بوونە مەترسی و هەڕەشە ، بۆ وولآتەکە .

یەکەمیان مستەفا پاشای میران بوو. [172] لەنێو هەموو سەرەکهۆزەکانی میرنشینی بۆتان دا ، ئەو تاکە سەرکردە بوو ، کە کرایە قوماندانی سوارەی حەمیدییە و نازناوی پادشای درایە .سەرۆکی گشت هۆزە رەوەندەکانی دی ، ئەوانەی کرانە ئەفسەر ، گشتیان پلە و پایەی لەو کەمتر و نەویتریان درایە.[173]

بەو پێیە چ سوارانی چۆخسۆر و چ سوارانی شیللەت ، کەوتنە ژێر فەرمان و دەستەلاٌتی ئەوەوە و لەڕێگەی ئەوانەوە فەرمانڕەوایی خەڵکەکەی دەکرد . ( Lehmann Haupt ) کە ئەودەمە بە بۆتان دا تێپەڕیوە ، دەبینێت مستەفا پاشا هەر دەمودەست پاش دەستەلاٌتگرتنە دەستی ، پاشانشینێکی چکۆلانەی بۆخۆی پێکەوە ناوە . دامودەزگەی عوسمانی ، لەوێ هیچ دەستەلاٌتێکیان نەبووە ، هەتا لە شاری جزیرەش ، هەموو شتێك بەدەست مستەفا پاشا بووە . لە کاروانچییەکان و کەشتییە باربەرەکانی نێو دیجلە ، باجێکی چاکی دەسەند و پیاوەکانیشی ئەو دەور و بەرەیان زوو زوو تالاٌن دەکرد . [174]

بەو شێوەیە ، مستەفاپاشا دەستەلاٌتێکی زۆری کەوتەدەست ، هەروەك میرانی بەرلەخۆی ، لەگەلٌ دوو جوداوازییدا :

١-دەستەلاٌتەکەی لەڕێگەی هەلٌبژاردن و ڕێککەوتنەوە پێنەبڕابوو ، بەلٌکە لەڕێگەی زەبر و زۆرەوە . ئەوە لە کێشە و هەللاٌی نێوان هۆزەکاندا ، روون روون دەدرەوشایەوە . کێشە و گرفتی لەو بابەتە ، بە پێچەوانەی میرەکانی بەر لە خۆی ، نەدەبرانە کن ئەو ، بەلٌکە دەبرانە کن شێخ . [175]

٢-دەیتوانی لە بەرامبەر دەزگەی ئیداریی دەولەتدا ، سەربەخۆیی خۆی بپارێزێت ، چونکە پشتیوانێکی بەهێزی هەبوو .( لەو ڕووەشەوە لە میرانی بەرلەخۆی جوداوازبوو ، چونکە ئەوان دەبایە بەپلەی یەکەم پشت بەخۆ ببەستن). سەرۆك و پارێزەری فەرماندەکانی سوارەی حەمیدی ، زەکی پاشا بوو ، کە قوماندانی تیپی چوارهەمی سوپا بوو لە ئەرزنجان و زاوای سولٌتانیش بوو . زەکی پاشا سوێی دەکرد بە جەرگی دەزگەی ئیدارییدا ، بەوەی حەمیدییەکانی دەپاراست و بەرگریی لە گشت هەلە و پەلەیەکیان دەکرد . کەواتە لە یەك کاتدا ،

دوو دەسـتەڵاتی جـوداواز ، شانبەشـانی ئێـك و مێملـی ئێـك ، لـە سـوڵتانەوە دەستپێدەکرد ، تا دەگەیشتە ویلایەتەکانی خۆرهـەڵات . تیپـەکانی حەمیدییـە ، گەلەکجار یاساشکـێنییان دەکرد و ئاژاوەیـان دەنایـەوە و لەسزاش دەخەلەسین . ئەرکی دەزگەی ئیدارییش پاراستنی ئارامی و بەرگریکردن بوو لە یاسا . (176)

هەتا ئێستاش بە ڕێزێکی زۆرەوە ناوی مستەفا پاشا دەبرێت و یادی دەکرێـت ، خانەوادەکەشـی ، لـە باکووری جزیـرە ، ئەوپـەڕی ڕێـزی لێـدەگیرێت. مێجەر نۆئێل ، کە ساڵی ١٩١٩ بۆ بڕێك ئەرك و لێکۆڵینەوە دەچێتە ئەوێ دەگاتـە ئەو سەرئەنجامەی کە گشت خێڵە ڕەوەنـدەکان ، لقی میران بوون ، کە ئاکامێکی هەڵـەبووە و دەیسـەلمێنێت تـا چ ئەندازەیـەك خانـەوادەی مسـتەفا پاشـا دەستەڵاتیان هەبووە و بەسەر هۆز و خێڵکانی دیدا زاڵبوون . (177)

یـەکێك لـە قوماندەکانی دیکـەی حەمیدییـە ، کە نێـو و شـۆرەتی مەڵبەندەکـەی خۆی بەزاند ، ئیبراهیم پاشای سەرۆکی کۆنفیدراسیۆنە گەورەکەی میلان بوو . ( نابێت ئەم نێوەمان لەگەڵ نێوی ئەو ژەنەراڵە میسرییەدا لێتێکچێت ، کە دەیان ساڵ بەر لەم ، لەو ناوچەیەدا چالاکانە جەنگاوە ) . نووسەرانی تورك و بێگانـە ، نێویان وەك جەردە و سالووکێکی ئەفسانەیی هێناوە و شۆرەتیان پێداوە ، جا بەڕاستی " پاشایەکی بێ تاج و تەختی کوردستان بووە " . (178)

کۆتایی سەدەی نۆزدەهەم ، میلان لـە چەندین هـۆزی جۆربـەجۆر پێکهاتبوو : لەتـەك هـۆزە کـوردە سـوننی و یەزیدییەکانـدا ، بڕێـك هـۆزی عـارەبیش لـەو کۆنفیدراسیۆنەدا بەشدار بوون ، کە لـە دەوری کرۆکێکی گچکەی میلانی ڕەسـەن خڕبووبوونـەوە . بنکەیـەکی سـەرەکیی تونـد و تۆڵیـان لـە فیرانشـەهر هـەبوو ، ناوچـەکانی ئورفـە و ڕەققـە ، شـوێنی کـۆچ و ڕەوی زۆربـەی هۆزەکانیـان بـوو . خانەوادەی سەرەکهۆز ، سنووری دەستەڵاتی خۆی ، زۆر لـەوە بەرینتر دەدیت . دەگێڕنـەوە ، گوایـە گشت هۆزەکانی کوردانی ئـەوڕۆ ، لـە دوو هـۆزە ڕەسـەنەکەی میـل و زیـل ، یـاخود ( میـلان و زیـلان ) کەوتوونـەوە . گەلـەك هـۆز ، ڕەچـەڵەکی خۆیـان دەبەنـەوە سـەر یـەکێك لـەو دوو هـۆزە . وا قـاوە گوایـە ئـەو دووهـۆزە ، لـە

باشـوور ، یـاخود لـە خۆرهەڵاتـەوە هـاتوون . ئیـبراهیم پاشـا بانگاشـەی ئـەوەی دەکرد، گوایە گشت لەگشتی هۆزەکانی میلان ، خانەوادەکەی ئەو بە سەرگەورەی خۆیان دەزانن . سایکس ، کە زۆربەی کوردستانی تـەیکردووە ، بۆی روونبۆتـەوە کە ئیبراهیم پاشا لە مەودایـەکی زۆر دوورتریشـدا ، لـەکن هۆزەکـانی دەرسـیم و ئەرزنجانیش ، رێز و شکۆی خۆی هەبووە و هەتا لـەکن ئـەو خێڵ و هۆزانـەش کـە راستەوخۆ هیچ پێوەندییـەکی سیاسـییان لەگەڵیـدا نـەبووە . ( Sykes ، ١٩٠٨ ، ل٤٧٠ )

ئـەو رێـز و شـکۆ زۆرەش ، مـەیل و ئـارەزووی ئەنـدامانی خانەوادەکـەی بـۆ دەستخسـتنی دەسـتەڵاتی سیاسـی زێـتر ، پـێ تێـر نـەدەکرا . سـەدەیەك پێشـتر ، بـاب و بـاپیرانی ئیـبراهیم ، دەسـتەڵاتێکی زۆریـان هـەبوو و کۆنفیدراسـیۆنێکی خێڵـەکیی هێجگـار مـەزنیان پێکهێنـابوو . ئـەویش وەك ئـەوانی دی هەمیشـە لەبەردەم هەرەشەی دارمانێکی لەناکاودا بوو . لە پەنجاکانی سەدەی نۆزدەهەمدا، کێشە و ململانێی نێوخۆ ، کۆنفیدراسیۆنەکەی داوەشاند و داپرماند ، لەو رووەوە هاوسـێکانی و دوژمنـە دێرینـەکانی وەکـو شـەممەرییە عارەبـەکان ، سـوودمەند بوون، بەشێك لە خاکەکەیان داگیرکرد و باج و خەراجیان خستە سەر ئەو هۆزانـەی لەوەبەر ، باجیان بە میلان دەدا . ساڵی ١٨٦٣ ، ئیبراهیم بووە سەرەکهۆز و خێرا چەند باڵێکی کۆنفیدراسیۆنەکەی یەکخستەوە . بەرەیەکی هاوبەشی هۆزە کورد و عارەبەکان ، بە پێشرەوایەتی شەممەر ، دووجار پەلاماریان دا ، بێ ئاکام بوو . لـە شـاڵاوی سـێهەمدا ، شـەممەرە عارەبـەکان ، نـەیانتوانی چیدی پشـت بـە کـوردە هاوپەیمانـەکانیان ببەسـتن . هـۆزی نێـوداری کیکـان ، سـەنگەریان گۆڕی و دایانـە پاڵ میلان و باجیان بە ئیبراهیم پاشا دەدا و لەسەرکەوتنیشیدا بەسەر هاوپەیمانە کۆنەکەیدا ، یارمەتییان دا. (179)

ئیـدی ئیـبراهیم پاشا دەسـتیدایە فراوانترکردنـی قەڵـەمڕەوی حوکمڕانیەکـەی، هـۆزی زۆری دیکـەی خسـتە ژێـر رکێفـی خۆیـەوە و بـاج و خـەراجی زێـتری لـەو زەویو زارانە کۆدەکردەوە . دانانی کەسێکی بەهێز و دەستەڵاتداری وەکی ئەو ،

بە قوماندانی سوارەی حەمیدی ، ئەوەی پێشاندەدا کە سوڵتان ئامانجێکی دیکەی جودا لە راگرتنی هاوکێشیی و هاوسەنگیی نێوان هۆزەکانی هەیە . ئیبراهیم پاشا بەرامبەر سوڵتان بەئەمەك مایەوە ، وەڵێ دەزگەی ئیداریی ویلایەتەکە وەك بەدترین دوژمن تێیاندەڕوانی . پیاوەکانی دەستیاندایە تالآنی و برۆ و لەپاڵ دیوارەکانی دیاربەکر دا خێوەتیان هەڵدا و دانیشتوانیان هەراسانکرد. ئەمە یەکەمین رووبەڕووبوونەوە و راستبوونەوەی ئاشکرای بەرامبەر سوڵتانی لێکەوتەوە . دەستەیەك لە لاوانی شار ، لە نێویاندا Ziya Gokalp یشی تێدابوو ، کە پاشتر شۆرەتی پەیداکرد ، پۆستەخانەی شاریان داگیرکرد ، تا سوڵتان بڕیاری دا ، ئیبراهیم پاشا بۆ پاراستنی رێگەی شەمەندەفەری حیجاز ، بەرەو باشوور بنێرێت .(180)

ئەوەبوو لاوانی تورك ، لە مانگی ژولای ١٩٠٨ دا راپەڕین و کۆتاییان بە دەستەلآتی عەبدولحەمید هێنا . ئیبراهیم پاشا یاخی بوو ، رازی نەبوو ددان بە رژێمی نوێدا بنێت و بانگی سەربەخۆیی خۆی هەڵدا . هەوڵیدا سوریا بۆ شۆڕش و راپەڕین هانبدات ، دیارە دژی لاوانی تورك و بۆ بەرژەوەندیی سوڵتان . سوپای تورك جما و ئیبراهیم پاشا شکا . ناچار بەرە و باشوور ، بۆ کێوەکانی عەبدولعەزیز ( لە نێوان ئورفە و رەققەدا ) هەڵهات . پێنج هەزار کەس لەپیاوەکانی خۆیان بەدەستەوە دا و کڕنووشیان بۆ تورك برد.(181) ئیبراهیم پاشا ماوەیەکی کەم ژیا . پاشان مەحمودی کوڕی جێگەی گرتەوە و دەستەلآتێکی چاکی پەیداکرد . ساڵی ١٩١٩ ، شارەزایەکی ئینگلیز بە باشترین و شایستەترین کەسی دەزانێت تا بیکاتە مەلیکی دەوڵەتە کوردییەکەی سەر بەئینگلیز ، کە تەمای دامەزراندنی بوون .(182)

سوارەی حەمیدی ، ساڵانی ١٨٩٤-١٨٩٦ ، دەستێکی باڵآیان هەبوو لە یەکەمین تاوانی رەشکوژیی ئەرمەنییەکاندا ، کە پاشان بە شۆڕش و راپەڕینی ئەرمەنییەکانی ناوچەی ساسون کۆتایی هات . ئەو راپەڕینە ڕاستبوونەوە بوو بەرامبەر ئەو یاسای باجە دوولۆنەیەی حوکومەت سەپاندی و دەم و دەست

دەیسەند و کوردەکانیش تێیدا بەشداربوون و هەروەك جاران داوای پشکی خۆیان دەکرد لە بەروبووم و داهاتیاندا . سوارەی حەمیدی ، بۆ سەرکوتکردنی ئەو راپەرینە نێردرا . هێرش و شالاُوو پەلامار ، گشت لە گشتی گوندە ئەرمەنییەکانی خۆرهەلاُتی ئەنەتۆلی گرتەوە . زۆربەی ئەو تاوانانە بە فەرمانی سولّتان کران ، بەلاّم خواست و ئارەزووی حەمیدییەکان خۆشیانی تێدابوو . هەزاران ، یاخود دەیان هەزار ئەرمەنی کوژران ، سەروەت و سامانی زۆری دیکە تالاُنکران . لەگەلّ گشت دڕندەییەکیشدا ، دەبێت جەخت لەسەر ئەوە بکەین ، کە ( وەك بیست سالّ دواتر ) ، ئەو دەمە هێشتا بەنیازی ریشەکێشکردن و تۆوبڕکردنی ئەرمەن نەبوون . هەتا بڕێکجار دەزگەی ئیداریی هەولّی ئەوەی دەدا، هەندەك لەو زەرەر و زیانانەی سوارەی حەمیدی دایان ، قەرەبووی بکەن . کونسولێکی بەریتانی دەگێڕێتەوە گوایە : " بەشی هەرە زۆری ئەو تاراج و تالاُنییانەی کوردەکان لەمانگی ئۆگوست و سێپتەمبەردا ، لە دەور و بەری ئەرزەروم کردیان ، حوکومەت بۆ ئەرمەنییەکانی گێڕایەوە ". (183)

کە ژۆن تورك ، سالّی ١٩٠٨ ، سولّتان عەبدولحەمیدی کەنارخست ، تیپەکانی سوارەی حەمیدییە هەلّوەشانەوە ( کە پارێزەر و گیانفیدای سولّتان بوون ) . کوڕانی سەرەکهۆزە کوردەکان ، کرانە ئەفسەری سوپا . وەلّێ تیپی هۆزەکوردەکان، چونکە بۆ پالّپشتیی سوپا سودمەند دیاربوون ، تایبەت لە ناوچە سەخت و دوورە دەستەکانی سنووری خۆرهەلاّتدا ، هێندەی نەخایاند هەر لەو شێوازە کۆنەی سوارەی حەمیدییدا، بە جوداوازییەکی هێجگارکەم لەگەلّ جاراندا ، بووژێندرانەوە . دیارە توندو تۆلّتر وابەستەی سوپا کران . ئەو تیپانە لە شەڕەکانی بالّکانی ١٩١٢ /١٩١٣ و لە جەنگی جیهانیی یەکەمدا ، لەبەرەی خۆرهەلاّت و لە جەنگی سەربەخۆیی تورك دا ، بەشداربوون و ( زەبرێکی زۆریان پێکەوت ) . لەریزی قوماندانانی ئەو تیپانەدا ، کە بۆ دامەزراندنی تورکیایەکی سەربەخۆی نوێژەن ، کۆمەکی کەمال ئەتاتورکیان کرد ، ئەندامانی ( پارتی

ئازادیی ) کورد ، رسکان و پێگەیین . پاشتر لە بەندی پێنجهەمدا دێینەوە سەر ئەو سەرەکهۆزانەی لە شۆڕشە مەزنەکەی ١٩٢٥ ی کورد دا بەشداربوون .

## 3.14 گۆڕانکارییەکانی سەرەتای سەدەی بیستهەم :

هەوڵدان بۆ هەڵگۆزینی دەرئەنجامێکی پوخت دەربارەی سەرجەمی ئەو گۆڕانکاریانەی دەیەکانی سەرەتای سەدەی بیستهەم بەسەر کوردستاندا هاتن ، رەنگە کارێکی سەخت و دژوار بێت . بۆیە هەوڵدەدەین تەنها خۆ بەچەند لایەنێکی کەمیانەوە خەریك بکەین ، تایبەت ئەوانەی راستەو خۆ کاریگەرییان لەسەر شیرازە و پێکهاتەی خێڵەکییانە هەیە .

### 3.14.1 سنووری نوێ و دابەشکردنەوەیەکی دیکەی کوردستان :

سەرەڕای ئەو هەموو گفت و بەڵێنی سەربەخۆییانەی خۆرئاوا بە کوردیان دا ، یەکەمین جەنگی جیهانیی ، دارمانێکی تەواوی ئیمپراتۆریّتی عوسمانی و کوتکوتکردنێکی نوێی کوردستانی بەدەمەوە بوو . سنوورەکانی نێوان تورکیا و سوریا و عێراق ، بە ناوجەرگەی خاك و مەفتەنی هۆزەکاندا راکێشران . زۆری لەوەرگە گەرمەسێر و ساردەسێرەکانی رەوەندەکان ، بەسەر ئەمبەر ، یاخود ئەوبەری سنوورەکاندا دابەشکران . بەو هۆیەوە ناچاربوون ، رێگەی کۆچ و ڕەویان بگوێزنەوە ، ئەگەر ڕێگەی دیکەیان دەستکەوتبا ، یاخود ناچار نیشتەجێ ببن . بۆ نموونە زۆربەی بۆتانەکان لە تورکیا مانەوە ، چونکە لەوەرگە گەرمەسێرەکانیان لەوێ بوون . زستانانیان لەو دۆڵە قووڵ و تەسکانەی سەر سنوور بەسەردەبرد ، کە دەکەونە ژووروی باکووری عێراق و سوریا وە . میرانەکان ئەوڕۆ لە جزیرەکەی سەر بە سوریان ، لەو شوێنانەی جێنزرگە و لەوەرگەی زستانەیان بوو ، دیارە ئەوەش بەهۆی حاڵ و بارە سیاسییەکەیانەوە ، ( لەترسی دەستوەشاندنی ئەتاتورك ) . بەشە گچکەڵەکانیان ، لە عێراق نیشتەجێ بوون .

لە تورکیا ، لە ساڵانی پەنجاوە هەنگاوی چاك بۆ نیشتەجێبوونیان هەڵنراوە ، هەرچەندە بەشێکی زۆریان تەنها لەبەر ئەوەیە کە لەوەڕگەی زستانەیان ، بەش ناکات . میرانەکانی سوریا ملیان وەبەر جوتکاری ناوە ، چونکە لە گەنم بەرهەمهێنەرە دێرینەکانیان ، لە جوتیارانی دیاربەکر ، دابڕاون .

لەگەڵ خەتکێشانی سنووردا ، پیشەیەکی نوێ سەریهەڵدا ، ئەویش قاچاغچێتی بوو . لەو وولاتانەدا کە کوردستانیان بەسەردا بەخشراوەتەوە ، تووتن و کەل و پەلە ڕازێنەرەکان و گۆشت ، بە شێوە و قەوارەی جودا جودا ، لەبەردەستاندان و نرخەکانیشیان لەهەر لایەك ، زۆر لێك جوداوازن . ئەندازەی ئەو شمەکانە و نەبوونی شیمانەی ئەوەی هەتا بە کرێکارییش پووڵ پەیدابکەن ، قاچاخچێتی کردۆتە یەکێك لە دینگە پتەوەکانی ئابووریی کوردستان . خەملاندنی رادە و ئەندازەی ئەو دەستکەوتەی دەیخاتە سەر داهاتی نیشتمانیی کوردستان ، لە توانادا نییە ، هەرچەندە من قاچاخچێتی ، پاش کشتوکاڵ و ئاژەڵداریی ، لە خانەی سێهەمدا دادەنێم .

پێدەچێت قاچاخچێتیش هەر لەسەرەتاوە ، کایەیەکی بەرچاوی لە لەبەریەکرەواندنەوەی پەیوەندییە خێڵەکییەکاندا دیتبێت . وەك کارێك کە بەتەنهابالّییش بەڕێوەدەبرێت ، رادەی وابەستەیی تاکی بە هۆز و ئاغاوە سست و کەمکردۆتەوە . هەرچەندە ئێستاکە بارەکە گۆڕاوە . چاودێریکردنی ووردی سنوورەکان ، شێوای سنووربەزاندنیان هێجگار سەخت کردووە . سەرتاسەری بەرایی سنووری نێوان تورکیا و سوریا ، مینرێژ کراوە . چەند شارەزا و لێهاتوویەکی کەم هەن کە دەتوانن سنوور ببەزێنن ، دەنا زۆربەی هەرەزۆری ماڵی قاچاخ ، لەرێگەی بەرتیل و دەم چەورکردنی پاسەوانانی سنوورەوە ، ئاودیو دەکرێن ، ( تایبەت گەر ئەندازەکەی زۆر بێت ) . ئەو حاڵ وبارە دەستەڵاتی سیاسی و ئابووریی دوو دەستە لەوانەی برەو پێداوە ، کە شارەزای بەرتیل و دەم چەورکردنی کاربەدەستانن ، یاخود دەستەڵاتی بۆ گێڕاونەوە ، ئەو دوودەستەیەش بریتین لە دەستبژێرێك لە کۆنە ئاغاکان و چینێکی نوێ لە

بازرگانانی تازە هەڵگڕاو . قاچاخچییان ، لە سا  و پەنای سیستێمێکی نوێی پێکەوە هەڵکردندا ، بوونەتە کارمەندی ئەو دوو دەستەیە .

## 3.14.2 سیاسەتی وولاّتانی بەرۆگر لە حاند خێڵەکاندا :

ئەو چوار وولاّتەی لە ١٩١٩ ەوە کوردستانیان بەسەردا بەخشراوەتەوە ، لە ئاست هۆزەکان ، هەریەکە و ستراتیژی جوداوازی خۆی هەیە . لە عێراقدا ، ئینگلیزەکان ماوەیەکی زۆر هێزێکی ئەوتۆیان بە بڕێك سەرەکهۆز دا ، کە لەوەبەر قەت بەخۆیانەوە نەدیتبوو . لەنێو ئەوانەدا کە خۆیان بە سەرەکهۆز لەقەڵەم دەدا ، یەکێکیان هەڵدەبژارد و دەیانکردە سەرۆکی هۆزەکە . ئیدی ئەو کەسە تەنها لەڕێگەی پەیوەندیی بە ئینگلیزەوە ، هێز و دەستەلاّتی پەیدا نەدەکرد ، بەڵکە یاساش پشتیوانیی دەکرد و دەستەلاّتی دەدایە . بەپێی یاسای : " ڕێنماییەکانی بەلاداخستنی کێشەی هۆزەکان " ، هەر کێشەو هەڵلاّیەك لە نێو ئەندامانی هۆزدا روویدابا ، پێویست نەبوو بریێتە کن دادگای ئاسایی ، بەڵکە هەر لەلایەن سەرەکهۆز خۆیەوە ، یاخود لەلایەن ردێن سپیانی هۆزەوە ، بەپێی داب و نەریت ، چارەسەر دەکرا . تەنها کێشە یاساییەکان نا ، بەڵکە کێشە سزاخوازەکانیش ، لەو رێگەیەوە چارە دەکران .

ماوەیەکی کورت ، ئاغا کوردەکان دەکرانە بەڕێوەبەر و فەرماندەی ناوچە و مەڵبەندەکان و هێزی ژەندرمەش ( کە هەر کورد بوون ) ، بەوان دەسپێردرا . دیارە زۆربەی کات ، ئاغاکان وەکو نۆکەر و تفەنگچیی خۆیان لەو ژەندرمانەیان دەڕوانی و هەڵیاندەسووڕاندن . پاش ئەوەی ئینگلیز کۆتایی بە سیاسەتی ناڕاستەوخۆی خۆشی هێنا ، لە ناوچە کوردنشینەکاندا ، هێشتا هەر مووچەی مانگانەی لە سەرەکهۆزە دەسندەخۆرەکانی خۆی نەبڕی و بەوە جێپێی قایمتر دەکردن . کاربەدەستانی ئینگلیز لە عێراقدا ، دواهەمین حوکومەت بوون ، کە سیاسەتی دەستەلاّتی ناڕاستەوخۆیان لە کوردستاندا پیادە دەکرد . لە ساڵانی کۆتایی دەستەلاّتی ئینگلیز لە عێراقدا ، ئینگلیز لەو سیاسەتە پاشگەز بووەوە . کە عیراق کرایە پاشانشینێکی سەربەخۆ ، بڕێك لەو خەلاّت و بەراتانەی بە سەرەکهۆزەکان دەدران، کەمکرانەوە ، هەتا مووچەکەشیان بڕرا و ئەوەش سستی و لاوازبوونی دەستەلاّتیانی لێکەوتەوە . [184]

رژێمی تورك ، هەر لەسەرەتاوە ، سیاسەتێكی دیكەی بەرامبەر كورد ، گرتەبەر.[185] تورك و كورد پێكرا بۆ سەربەخۆیی توركیا ، لە چوارچێوەی ئەم سنوورەی ئێستایدا ، جەنگان و وێنانی و ئەرمەنییەكانیان تێكشكاند ، كە داوای بەشێك لەو خاكەیان دەكرد . هەر لەگەڵ توركیا سەربەخۆیی خۆی بەدەستهێنا ، رژێمی كەمالیست بۆ پاراستنی سنوور و خاكەكەی ، شێلگیرانە دەستیدایە سیاسەتی تواندنەوەی كورد و ئەو میللەتانەی تورك نەبوون . پاش شۆڕشە مەزنەكانی ١٩٢٥ و ١٩٢٨-١٩٣١ ی كورد ، ئیدی سیاسەتی زەبر و زۆر گیرایەبەر . تێكشكاندنی ئەو شۆڕشانە ، بە شێوازێكی هێجگار دڕندانە بوو ، قوربانییەكی هێجگار زۆریان خواست . گەلەك ئاغا و شێخ كران بەداردا ، دەرپەڕێندران ، ئاوارە و دەربەدەركران ، زۆر عەشرەت راگوێزران . بنكەی ژەندرمە و قوتابخانەكان ، حوكومەتیان بە هۆزەكان دەناساند ، تێیاندەگەیاندن كە گوایە كورد نیین ، هاووڵاتی توركیان . هەرچی بۆنی خەسڵەتی نەتەوایەتی لێهاتبا ، وەك زمان ، جلك و بەرگ ، نێو و هەتا هۆزەكان خۆشیان ، دەبایە لەنێوبرێن و نەمێنن . حوكومەت گشت شێوازێكی دەسەڵاتی ناڕاستەوخۆی نەهێشت و پلە و شكۆ و هێزی سەرەكهۆزەكانی لەنێوبرد . گشت شێخەكان ڕاوەدوونران و نرخ و بەهای سیاسییان بۆ نەهێڵرایەوە . ئاكامەكەی سازكردنی ژمارەیەكی زۆر كێشە و گرفت و دوژمنایەتی نانەوە بوو .

دەركەوت سەپاندنی دەسەڵاتێكی راستەوخۆ ، بەكردەوە ، هەروا ئاسان نییە، بۆیە ناچار هەر پەنا بۆ دەسەڵاتی ناڕاستەوخۆ دەبرایەوە و حوكومەت دوای حوكومەت ، ئاسانتر دەبوو . سەرەكهۆزی نوێ پەیدا دەبوون و بڕێكی دی لە دوورخراوەیی دەگەڕانەوە . بەشێوەیەكی گشتیی ، دەسەڵاتی سەرەكهۆز لەجاران كەمتر بوو ، بەڵام بۆ گەلەك كاربەدەست ئاسانتر ئەوە بوو مامەڵە لەگەڵ ئەوان بكەن ، نەك راستەوخۆ تێكەڵی رەشە خەڵكەكە ببن . بەو پێیە ، حوكومەت ناڕاستەوخۆ ، دەسەڵاتی ئاغاكانی ، هەروەكی جاران ، بەرقەرار كرد .

لە پارچەکانی دیکەی کوردستانیش ، حاڵ و بارەکە ، کەم تا زۆر ، هەر ئاوهایە . لە راستیدا مەزنە ئاغاکان ، نەماون . ئاکام ، دەستەلاتێکی نێوەندیی پتەو هاتۆتەکایەوە ، بەلاّم لەنێو خەڵکەکەدا ، هەروەکی جاران ، سیستێمێکی دەستەلاتی ناڕاستەوخۆ بەرقەرارە . ئەو ئاغایانەی لەگەڵ کاربەدەستانی دەوڵەت ، وەك ( والییەکان ، فەرمانداری ناوچە و مەڵبەندەکان ، قوماندانی ژەندرمە ، ئەفسەرەکانی هەواڵچنینەوە و ئاسایش ، دادیار و دادوەرەکان) نێوانیان خۆشە ، دەتوانن لەسەر حسێبی دوژمن و مێملەکانیان ، دەستەلاّتی خۆیان برەوپێبدەن . دەتوانن شتێك بۆ دەوروبەر و دەستوپێوەندەکانیشیان مسۆگەربکەن ، وەك مشوورخواردنی پێویستیی و خزمەتگوزارییە گشتییەکان ، دابینکردنی کار ، بەخشینی هەندێك کەس لە ئەرکی سەربازیی و بڕێك سزا . بەوانە ژمارەی لایەنگرانیان زێتر دەبێت . لەلایەکی دییەوە ، کاربەدەستانیش تێدەگەن ، ئەو دەمە یاسا و ئارامیی بێ دەردیسەر دەچەسپێن و دەپارێزرێن ، کە بڕێك لە ئاغا و شێخەکان ببنە نێوکار . بەو شێوەیە ، هاوژینیی نێوان ئەو دوو دەستەیە ، ( ئاغا و شێخ ) ، دێتە کایەوە . مێمل و گوردێری ئاغا و شێخە سەرکەوتووەکان ، هەوڵدەدەن رای گشتیی بخرۆشێنن و خەڵکیان لێبهوروژێنن ، خۆیان بە هەڵوێستی نیشتمانپەروەرانەوە بابدەن و ئەوانیش بە بەکرێگیراو و پاتەخۆریی لەکەدار بکەن .

چاکترین تۆمەت ئەوەیە ، کە بگوترێت : بەکرێگیراوی دەزگەیەکی سیخوڕییە . نێزیکەی سەرلەبەری ئەو شێخانە و زۆری ئەو ئاغایانەی من دەیانناسم ، بەوە تاوانبارکراون ، کە گوایە پووڵ لە دەزگەی جاسووسیی وولاّتەکەی خۆیان ، یاخود یەکێك لە وولاّتانی دی وەردەگرن و زانیاریی و هەواڵیان بۆ کۆدەکەنەوە . ژمارەیەکی کەم لەوانەی من لەوبارەوە لەگەڵیان دواوم ، ددانیان بەوەدا ناوە ، کە جارجارە ناچارکراون پەیوەندیی بەو جۆرە داو و دەزگەیانەوە بکەن ، دەنا تووشی دەردیسەری دەکرێن ، بۆیە هێندەی بشێت ، بێ وابەستەیی ماونەوە . هەمان ئەو سەرچاوانە پێیانوایە سەرکەوتنی دەستڕۆیشتووترین مێملاّنیان ، بە پلەی یەکەم ، لەڕێگەی ئەو جۆرە پەیوەندییانە و رەزامەندیی کاربەدەستە باڵادەستەکانەوە بووە .

لە توركیا ، دۆستایەتی لەگەڵ كاربەدەستانی دەوڵەتدا ، تەنها ڕێگەی بڕدانی هەندەك دەستەلاٌت نییە ، بۆ ئاغا و شێخەكان . هەڵبژاردنی ئازاد بۆ پارلەمان و سێنات دەكرێت ، وەك چۆن لەشار و گوندەكان بەرپرسان هەڵدەبژێردرێن . هەر ویلایەتێك ئەندامانی پارلەمان و سێناتی خۆی هەڵدەبژێرێت . بڕێك ویلایەت هێند گچكەن ، كە ژمارەی دەنگی لایەنگرانی ئاغا و شێخ خۆیان ، ( یاخود بەرەیەكی ئاغایان ) ، بەشی هێندە دەكات بیانگەیەنێتە پارلەمان . هەر گەیشتنە ئەویٚ ، ئیدی بواریان هەیە ، زۆر كار بۆ لایەنگرانیان جێبەجیٚ بكەن . بۆنموونە ، دەتوانن كارێك بكەن ، كە ئامێرەكانی ئاودێریی ، بۆریی ئاو ، كارەبا ، قوتابخانەو زۆر پێداویستیی كەم پەیدای دی ، بەر لە گوندەكانی دی ، بگاتە دەستی لایەنگرانی خۆیان . ئەو دەستەلاٌت و پلەوپایەیەی وەك ئەندامێكی پارلەمان لە پایتەخت هەیەتی ، بۆ ئەوەی دەقۆزێتەوە كە كاروباری یاسایی و بەرژەوەندیی و ئیش و كاری لایەنگرانی جێبەجیٚ بكات . ئەو لادێیانەی تووشی گیروگرفتی گەورە دێن ، زۆرجاران روو لە ئەنقەرە دەكەن و هانا بۆ نوێنەرەكانیان دەبەن ، تا بۆیان تێبكەون و لە كێشە و بەلاٌ قوتاریان كەن . ئەو لادێیانەی كە لە مەفتەنی خۆیان نێوێكیان هەیە و حسێبێكیان بۆ دەكرێت ، زووتر كاریان رایی دەكرێت ، هەرچەندە ئەوپشتگیریی و كۆمەكە لە خەڵكانی دیكەش دەكرێت . دیارە مودیرناحیە و قایمقام و والی هەڵبژێردراویش ، پاداشتێكی ئەوانە هەردەكەن كە كۆمەكیان كردوون ، با بەو رادەیەش نەبێت . ئەندامانی پارلەمان و والییەكان ، بە پێی ئەو پلە و پایە مەزنەی هەیانە ، دەتوانن دەستەلاٌتی ناوچەیی خۆیان برەوپێبدەن . بەو هۆیەوە ، كاتی هەڵبژاردن ، قۆناغی ململانیٚ و خەباتی سیاسییە . بۆیە كێشە خامۆشكراوەكان ، سەرلەنویٚ سەرهەڵدەدەنەوە و كێشەی نویٚ پەیدادەبن و دوژمنایەتی و ململانێی كۆن دەژێنەوە و هەمدیسان دەكەونەوە پل دان . ئا لەو كاتانەدا ، كۆمەڵی كوردەواری ، سیمای خێڵەكییانەی دێتەوە جۆش و خرۆش . ئەو دیاردانە ، زێتر هەر ساڵێك دەخایەنن و لەگەڵ خاوبوونەوەی ململانێی هەڵبژاردندا بەسەردەچن .

## 3.15 چەند سەرنجێكی كۆتایی ، دەربارەی ئەم بەندە :

وەك پێشتر باسكرا ، دەوروبەری ساڵانی ١٥٠٠ ، كوردستان لە ژمارەیەك میرنشین پێكهاتبوو ، كە پلە و ئاستی سەربەخۆییان ، بە هێز و گوڕ و دەستەڵاتی ئیمپراتۆرێتە سەردەستەكانیانەوە بەند بوو . ئەو میرنشینانە لە گەلەك ڕووەوە ، ( لەرووی ریكخستن و توێژبەندیی خەڵكەكەیەوە ) لە وولاتە گەورەترەكانی دەوروبەریان دەچوون . چینێكی باجدەری ، ژێردەستەی ، نەوی هەبوو ، ( رەعییەت ) یان پێدەگوترا ، كە بریتی بوون لە ( جوتیاران ، پیشەسازان ، كاسبكاران ) ، لەتەك خەڵكێكی زۆری ناكورد دا و چینێكی سەربازیی پیاوانی سەربە خێڵەكاندا . ئەمانەی دوایی ، لە بۆتەی چەندین كۆنفیدراسیۆنی خێڵەكییدا ، رێكخرابوون . سەرچاوەكان وا پێشاندەدەن ، كە كاری پێكرایی لەسەرئاستی كۆنفیدراسیۆنەكە ، شتێكی نا ئاسایی نەبووە . لایەنی كەم ، بڕێك میر ، كۆمەڵێك چەكداریان بەدووەوە بووە ، كە گوێرایەڵ و ملكەچی فەرمانی ئەوان زێتر بوون و زێتر خۆیان بە پابەند و وابەستەی ئەوان زانیوە ، وەك لە پەیوەندییە خێڵەكییەكان . دڵسۆزیی و بەئەمەكیی بۆ میر ، وەنەبێت تەنها ئەركێكی رەدووكەوتووانی بوو بێت ، بەڵكە یەكێك بووە لە هۆكارەكان و رەنگە گرنگترین هۆكاریش بووبێت بۆ پێكبەندیی و راگرتنی میرنشینەكە . ئەو راستییەی كە دوور نییە جارجارە پایە و دەستەڵاتی بڕێك میر ، كەوتبێتە لەرزە و بەر ڕێژنەی گومانەوە ، بەلأم داو و دەزگەی میرنشینەكەی نا ، دەشێت بۆ ئەو نەریتە دێرینەی شكۆ و پیرۆزیی پاشانشینەكانی خۆرهەلأتی نێوەند بگەرێتەوە . هەستكردن بە شكۆ و رێز و سەروەریی دەستەلأتداران ، لە دەروونی هەركەسێكدا پایەدارە و پێویست بە پاساوی زێتر ناكات . داگیركەرانی عوسمانی ، زۆربەی میرنشینەكانیان دەست لێنەدا و وەك خۆیان هێشتیاننەوە و جێپێی خانەوادە دەستەلأتدارەكانیان تۆكمەتر كرد .

لە سەدەی نۆزدەهەمدا ، دەزگەی ئیداریی دەوڵەتی عوسمانیی بیراز و چاكتر كرا و میرنشینەكانیش ، یەكەیەكە هەڵتەكێندران . وەلێ لەسەر ئاستێكی نزمتر ، جۆری دەستەلأتی ناڕاستەوخۆ هەر بەردەوام بوو . ئەو دەمانە ، بۆ

دەستخستنی دەستەڵاتی زێتر لەلایەنی دەوڵەتەوە ، سەرۆکی هۆزە مەزنەکان ، ململانێ و کێبەرکێیان بوو لەسەر خڕکردنەوەی لایەنگرانی زۆر . بڕێک سەرەکهۆز دەستەڵاتێکیان پێبڕا ، کە تا ئەودەمە ، هێشتا هیچ سەرەکهۆزێك بە خۆوەی نەدیتبوو ، ئەوەش بەو هۆیەوە کە دەوڵەت پشتیوانیی دەکردن و دەستەڵاتی دەوڵەتیش تا دەهات پتەو تر و بەهێزتر دەبوو . دیارترین دەزگەی سیاسی ئەو قۆناغە ، هۆزە مەزنەکان بوون . سەرچاوەکان باس لە جموجۆڵی تاکە تاکەی هۆزەکان دەکەن ، بەدەگمەن دەستە و تاقمی یەککەوتەی گەورەتر بەرچاودەکەون ، ئەوانە نەبێت کە بە ڕێبەرایەتی شێخێك کراون ، تاقەکەسێك کە توانیویە زێتر لە هۆزێك ، ژێر ڕکێفی خۆی بخات .

بەهۆی زیادبوون و توندکردنی چاودێریی و کۆنترۆلی دەوڵەتەوە ، ئالەم سەدەیەدا ، سەردەمی سەرەکهۆزە مەزنەکانیش تێپەڕی و بەسەرچوو . بڕێك هۆز ئێستاش وەك جاران ، سەرگەورەیەکیان هەر هەیە و پێیڕازیین ، وەلێ چ سوودێك و چ ئەرك و کارێکی ئەوتۆی نەماوە . هۆزە مەزنەکان چیدی وەك دەزگەیەکی یەککەوتە و یەکگرتوو ، پێکڕا هەڵس و کەوت ناکەن ، ئەوە زێتر لەسەر ئاستی گوند و باڤك شێوای هاتنەدییە . تەنها ئاغای گوند و مەزنی باڤك ، ئەرکە سیاسییەکان جێبەجێ دەکەن .

ئەو کوتکوتبوونە بەردەوامەی کۆمەڵی کوردەواریی ، لە کلێشەکانی ٦ و ٧ دا دەخەینە پێشچاو . دەزگە ئیدارییەکان تا دێت چڕتر دەبنەوە ، یەکە و پێکهاتە دێرینی و نەریتییەکان بچوکتر دەبنەوە ، جڵەوی ئەرکە سیاسییە گرنگەکان ، دراوەتە دەست سەرەکخێڵە گچکەکان . هەمان کات پێکهاتە و شیرازە و ڕێسای کۆمەڵگە ، خەریکە چڕی و ئاڵۆزییەکەی لە دەست دەدات و سادەتر دەبێت . بۆ هۆزە گەورەکان ، یاخود کۆنفێدراسیۆنەکانیان ، ( وەك لە پلەی b دا دەردەکەوێت ) ، پێدەچێت ئەوە باشتربێت ، خانەدانێکی دەستەڵاتداری وای هەبێت ، کە سەر بەهیچ لقێك لە لقەکانی هۆز نەبێت و کۆمەڵێك لایەنگری خۆی لە دەور بێت . لە کن هۆزە گچکەکان ، خانەوادە و خانەدانە مەزنەکان ، کە

بنەمای یەکە سیاسییەکانی ئەوڕۆن ، زۆربەی کات سەرۆکەکانیان ، دەگەڵ ڕەشەخەڵکەکەی هۆز ، خزمن . هەرکات ئەو سەرۆکە پشتگیریی دەوڵەتی مسۆگەرکرد ، ( وەك لەکن برێك سەرەکهۆزی کوردی عێراق لەسەردەمی داگیرکاریی ئینگلیزەکاندا باو بوو ) ، ئیدی خۆی حوکمڕانیی ئەو خزمانەی دەکات . لە حاڵەتێکدا گەر سەرۆك دەستەڵاتێکی کەمتری پێبڕابێت و ئەوەش کە هەیەتی بە ڕەسمیی نەناسرابێت ، هێشتا لەنێو خزمانیدا ، مەزنتر دەنوێنێت . ئەوڕۆ بەشێوەیەکی گشتی لە نێو هۆزە نیشتەجێ و نیوەکۆچەرەکانی ناوچە شاخاوییەکاندا ئاوهایە و هەر ئاوهاش بووە .

بەو پێیە دەبینین کۆمەڵگەی کوردەواریی لەم پێنج سەدەیەی دواییدا یەکەیەکەی قۆناغە جوداجوداکانی خەملانی کۆمەڵایەتی بڕیوە : کۆمەڵگەی خێڵەکیی ، دەستەلاتی خێڵەکییانە ، میرنشینەکان و نیمچەدەوڵەت ، بەلام بە شێوەیەکی سەربەرەوخوار . ئەو گەشەکردنە پێچەوانەیەی دەزگە سیاسییەکانی کورد ، ئاکامێکی بێ چەند و چوونی گەشەکردنە سیاسییەکەی ئەو وولاتانەیە کە کوردستانیان پێوە لکێنراوە .

ئەمە پرۆسێسێکی سەیری هاوتەریبی پرۆسێسی گەشەنەکردنە ئابوورییەکەیە ، کە لەسەرجەم وولاتانی کەنارکەوتەی سیستێمە ئابوورییە گەشەکردووەکاندا بەدییدەکرێت . تویژەوانانی وەك Frank Stavenhagen, سەلماندیان(186)، هۆی پاشکەوتەیی ئابووریی فیۆدالانەی وولاتانی کشتوکاڵیی کەنارکەوتەی ئەمریکای لاتین ، ئاکامی بە میرات مانەوەی پێشینەیەکی گەشەنەکردوو نییە ، بەڵکە ئەو ناکامییە ، ئاکامێکی گەشەکردنە ئابوورییەکەی وولاتانی چەق و نێوەندە .

لە کوردستان ، لایەنی کەم نموونەیەکمان لە پێشچاوانە ، ئەویش دەزگە سیاسییەکانی کوردستانە ، کە لە ژێر تین و تاوی گەشەکردنە نێوەندییەکەی ئیمپراتۆریێتی عوسمانی و وولاتانی بەرۆگریدا ، تووشی هەمان داوی

پەرەنەستاندنی وولاٌتانی کەنارکەوتە هات . دیارە بە کەمەکێك زێدەڕەوییەوە ، دەتوانین ئەو پرۆسێسە بە پرۆسێسێکی خێڵەکییانە ، نێو بەرین .

یەکێك لە سیماکانی دەستتێکەڵکردنی راستەوخۆی حوکومەت لەو پرۆسێسە خێڵەکییانە ، دامەزراندنی هێزە چەکدارە نا نیزامییەکانی وەکو جاش و پاسەوانی گوندەکان و یاساوڵی سنوور و ئەو جۆرە دەزگانەن . دیاردەیەکی دی کە لەوەوە نێزیکە و ( لە ئێران زۆرجار وەبەرگیراوە ) ، داتەکاندن و هەڵوەشاندنەوەی هۆزەکان و سەرلەنوێ نیشتەجێکردنەوەیانە . (187)ئاکام یەکەیەکی فرەچەشنی لێدەکەوێتەوە ، پاش چەند وەچەیەك بەرەو چەند یەکەیەکی هاوچەشن گەشەدەکەن . رەنگە زۆری هۆزە گەورەکان بە کردەیەکی لەو بابەتە پێکهاتبن .

# بەندی چوارهەم

## 4. شێخ و سۆفی و پیاوانی نوورانیی و سیاسەتمەداران :

### 4.1 سەرتڵ :

لەو بەشانەدا کە دەربارەی ڕێبەرایەتی هۆز دواین ، ( تایبەت لە بەندی دووهەم دا ) ، ئەوەمان سەلماند کە ئەوانەی خۆ بۆ دەستەڵاتی هۆز گرتنە دەست دەپاڵێون ، دەگمەنە تەنها پشت بە توانا و کەسایەتی خۆیان ببەستن . زۆربەیان ، تا ڕێز و دەستەڵاتێکیان پێبڕێت ، پیاوانێك رادەگرن و لەگەڵ مێملکانیاندا یەکدەگرن ، با هەلپەرستانەش بنوێنێت ، بەوپەڕی لێهاتوویی و لێزانییەوە ، گشت چاوگەکانی هێزی دەرەکییش دەقۆزنەوە . ئەمە تەنها دیاردەیەکی کوردەوارییانە نییە ، بەڵکە یەکێکە لەو دیاردە کەمانەی کە لەکن گشت کۆمەڵگە خێڵەکییەکان و هەتا لەکن کۆمەڵگەکانی دیکەش بەدیدەکرێت . مەودای چاوگەی دەرەکیی دەستەلات ، لە کۆمەڵگەیەکەوە بۆ کۆمەڵگەیەکی دی ، هێند لێك جوداواز نیین . بەشێوەیەکی گشتی دەتوانرێت لە ژێر نێوی خودا و دەوڵەتدا کۆکرێنەوە . لەراستیدا ، بەدەگمەن کەسێك هەڵدەکەوێت ، لە هەڵپەی شۆرەت و نێودەرکردندا بێت و لایەنی کەم پشت بە یەکێك لەو دوو چاوگەی دەرەکیی دەستەلاتانە نەبەستێت . گەورەترین سەرکردەی کوردی ئەم سەدەیە ، مەلا مستەفای بارزانی ، خۆی و باب و باپیرانیشی ، بۆ ئەو پلەو پایەیەی هەیانبوو ، قەرزارباری ئەو دوو سەرچاوەیەن . ئەمە بە نیسبەت جەلال تاڵەبانی گوردێریشییەوە هەر راستە ، با بەو زرپ و زۆپییەش نەبێت .

لە بەندی پێشتردا ، پەیوەندیی نێوان سیستێمی خێڵەکییانە و سیاسەتی دەوڵەتانی دەوروبەرمان روونکردەوە ، لەم بەندەدا باسی لایەنە ئاینییەکە دەکەین، کە گرنگترین کایە لە سیاسەتدا دەبینێت .

بە بانگاشەی پەیوەندیی لەگەڵ خوداوەند دا ، رێگە زۆر هەن بۆ چنینەوەی دەستکەوتی سیاسی و ئابووری . لەو رووەوە لە کوردستان ، شێخەکان لە گشت لایەك سەرکەوتوو ترن .[1] بۆیە لەم بەندەدا بە پلەی یەکەم خۆ دەگەڵ ئەو توێژە پیرۆزەی رێبەرانی ئاینی و تەریقە دەروێشییەکان و لایەنگران و چۆنیەتی خۆ رێکخستنیاندا ، خەریك دەکەین .

سەرەتا باس لە بانگاشەی نێزیکی لە خوداوەندەوە و پەیوەندی دەگەڵ خوداوەندا و باس لە ئیسلام و کایەو رۆڵی ئیسلام لەو مەسەلەیەدا دەکەین .

### 4.1.1 خوداوەندێکی زیندوو :

دیارە کورتترین رێگە بۆ خواستنی دەستەڵاتی خودایی بۆ کەسێك ئەوەیە ، کە خۆی بانگاشەی خودایی بکات . بەڵام ئاشکرایە ئەوە کارێکی دژوار و پڕ مەترسییە ، هەتا بۆ سۆفییەکیش کە پەیوەندیی بە خوداوەندەوە هەبێت ، ژیرانەتر ئەوەیە کە شتی ئاوها نەڵێت و چارەنووسی حەللاجی لەپێشچاوان بێت.[2] بۆ گشت موسوڵمانێکی ئاساییش ، ئەو پەیوەندییە راستەوخۆیە (شەریك پەیداکردنە بۆ خوداوەند) و گوناهێکی گەورە . بەو پێیە لە نێو سوننییەکاندا ، بانگاشەی لەو بابەتە ، ئەگەر هەشبووبێت زۆر دەگمەنە . بەڵام لەنێو کورداندا ئاوارتەیەك هەیە : ئەویش لەنێو نەقشییەکاندا ، شێخ ئەحمەدی بارزان ، جارێك بانگاشەی خودایی کردووە و لایەنگرانیشی باوەڕیان پێهێناوە و ئەوپەڕی رێزیشیان لێگرتووە .[3]

چوار سەدە لەوەبەریش ، شێخەکانی صەفەوی ، جونەید و ئیسماعیل (ئەمەکەی دواییان پاشان بووە شای ئێران ) ، بانگاشەی ئەوەیان دەکرد و زۆر سەرکەوتووش بوون .

بەپێی باوەڕی ئەهلی هەقیش ، خوداوەند و حەوت فریشتە نێزیکەکەی ، کە تەجەللای ئەو دەکەن ، چەندین جار چوونەتە شێوەی ئادەمیزادەوە . ڕەنگە بۆ ماوەیەك پەنا بۆ لەشی ئادەمیزادی ئاسایی بەرن و بەکاری بهێنن . ژمارەیەك لە گەورە ڕێبەرانی ئاینی و سیاسی ئەو دەستەیە ، بانگاشەی ئەو نەشئە یەزدانییەیان کردووە . ڕەنگە سەیید بەراکە ، کە سەرەتای سەدەی نۆزدەهەم ، لە تووتشامی ، خۆرئاوای کرماشان دەژیا ، منجڕترین و سەرکەوتووترین نموونەی سەردەمی نوێ بێت . بەپێی بۆچوونەکانی ئەو ، لەشی قاوغێك بووە بۆ چەندین نەشئەی یەزدانیی . ئەو لەو ناوچەیەدا ڕۆڵێکی سیاسی گرنگی دەدیت و توانیشی هەموو فەلسەفەی ئەهلی هەق ، بە پێی را و بۆچوونی خۆی دەستکاری بکات . سەیید نەسرەددینی بەرۆگری ، کە من شانازیی ئەوەم پێبڕا ببمە میوانی ، هیچ کات بانگاشەی خودایی نەکردووە ، بە پێچەوانەوە ، کەسێکی هێجگار قانیعو کەم تەمایە ، وەڵێ تەواوی لایەنگرانی نەشئەی خودایی تێدا دەبینن ، (هەرچەندە بابی کەهێشتا هەر زیندووە ، ئەوەی تێدا بەدییناکرێت ) ، ڕەنگە ئەگەر بانگاشەی لەو بابەتەش بکات ، گشت مورییدەکانی بەو پەڕی مەیل و ئارەزووەوە گوێڕایەڵانە دووی کەون .

## 4.1.2 پەیامبەران :

باشتر لە ئیلهامی خودایی ، بانگاشەی نێردراو و پەیامی خوداییە . موسڵمانان ، محەمەد بە نێردراوێکی خودا و دواهەمین نێردراویشی دەزانن . دواهەمین کەسێکە کە ئێزدان پەیامێکی نوسراوی بۆ ناردووە . هەرکەس بانگاشەی پەیامبەرێتی بکات ، مانای وایە دژی ڕێسای ئیسلام دەوەستێتەوە و دەیخاتە بەر ڕێژنەی گومانەوە ، ئەوەش خۆی لە خۆیدا کارێکە خەتەرناك . گەلەك لە ڕێچکە ئاینییە جودابووەکان ، دامەزرێنەران و ڕێبەران و پێشەوایانیان بە شایستەی ئەو پلە و پایەیە دەزانن ، وەڵێ پرکێشیی ئەوە ناکەن ، باسی سوشو ئیلهامی خودایی بکەن و نێوی پەیامبەر لە خۆ نێن ، بۆیە بە فەرهەنگی دوورو

درێـژی ئیسـلامدا گـەڕاون و نێـو و لەقـەبی دیکـەیان دۆزیوەتـەوە ، وەك : ئیمـام ، قوتب ، غەوس ، باب ، مەهدی و گەلێکی دی . من بۆخۆم کەم بزووتنـەوەی ئاینی لـە کوردسـتاندا شـارەزام ، کـە بانگاشـەی پەیامبـەرێتی ، یـاخود مەسـیحایەتی کردبێـت ، بـەڵام گەلـەك بزووتنـەوەی سیاسـی دەزانم ، رێبـەرانیان گەیەندراونەتـە ئاسـتی پەیامبـەرێتی . هـەروا رێکـەوت نییـە ، کـە زۆربـەی راپەڕینـەکانی کـورد ، لەلایـەن شێخانەوە رێبـەریی کراون ، هەرچەندە ئەو شێخانە هێنـد سـەختگیریش نەبوون .

سەیر ئەوەیە ، ساڵی ١٩٧٥ ، سەردەمی گەورەترین جەنگی نەتەوایەتی کورد ، خەڵکێکی زۆر هەبوون ، لەبەرامبەر یاسا و رێسا ئاینییەکانیشدا ، دەیـانگوت : "کوردسـتان ئاینمـە و بـارزانی پەیامبەرمـە " . لـە راسـتیدا بـارزانیی خـۆی شـێخ نەبوو، بەڵام لە ئامێزی خانەوادەیەکی شێخی نێودارادا ، پێگەیی بوو .

### 4.1.3 غەوس و قوتب :

هـەرزوو ، لەمێـژووی ئیسـلامدا ، سیسـتێمێکی ( تیۆسـۆفی ) سـەریهەڵدا ، کـە چەند پلـە و پایەیـەکی لـە ئیسلامدا دەستنیشـانکرد . بیرەکـە لـەوەوە پەیـدابووە ، مادامێکی دەرووی پەیامبەرێتی گیراوە ، دەبێت چەند نێوکارێك لە نێوان خـودا و خەڵکدا هەبن . رەنگـە دێـرینترین پرۆگرامـی لەوبابەتـە ، ئەوەکـەی ( ئـەلتورموزی ) بێت ، ( کۆتایی سـەدەی نۆهـەم و سـەرەتای سـەدەی دەهـەم . بڕوانـە Schimmel ، ١٩٧٥ ، ل ٥٦-٥٧) . ئـەو پلـەو پایـە قـووچ هەڵچـووە پیرۆزانـەی ، لـە کۆتـەڵی لەشێکدا دەردەکەون ، بەردەوام رۆحیان پێکشاد دەبێت و کاروباری ئەم جیهانـە پێکـرا بـەڕێوە دەبـەن ، گەرچی بەتـەن هـەزاران میـل لێکـدوورن و قـەتیش بـە یـەك ناگـەن . سـەرکردە و سـەرگەورەی ئـەو دەسـتە قووچ هەڵچووە ، قوتـب ، یـاخود غەوسـی پێـدەگوترێت . هـەموو سـەردەمێکیش غەوسـی خـۆی هەیـە و نەناسـراو دەمێنێتەوە. یەکێك لە پیرۆزترینیان عەبدولقادری گەیلانییە ، کە تەریقەتی قادری بە نێوی ئەوەوە نێونراوە ، پاش مردنی ، بە غەوسـی سـەردەمی خـۆی ناسـراوە .

برێك شێخی کوردی ئەم سەردەمەش ، لەبازنەیەکی گچکەتردا ، هەمان نێوبانگیان هەیە .[5] غەوس ، یاخود قوتب ، یەکەوڕاست پاش پەیامبەر دێت بۆ قسەڕۆیشتن و نێزیکی لە خوداوە . لەم سەردەمەدا پلەی قوتب ، نرخی خۆی لە دەست داوە : ئەوڕۆ هەر تەریقەتێکی سۆفی دەگریت ، سەرکردەکەی خۆی بە قوتب نێو دەبات ، یانی چەندین ئەقتاب هەن . هەر بەو پێیە ، بانگاشەی چەندین شێخ و موریدەکانی ، کە گوایە پلە و پایەی غەوسیان هەیە ، لە نرخ و بەهای غەوسیشیان کەمکردۆتەوە .

لە خوار غەوس و قوتبەوە پێنج پلە و پایەی پیرۆزی دیکەش هەن ، وەك Hujwiri ( لە ناوەڕاستی سەدەی یازدەهەمدا ) یەك لەدووی یەك ، ڕستی کردوون: ٣ نوقەبا ، ٤ ئەوتاد ، ٧ ئەبرار ، ٤٠ ئەبدال ، ٣٠٠ ئەکیبار. ( بڕوانە : Nicholson ، ١٩٦٣ ، ل ١٢٤ )

لە کۆتایی سەدەی رابوردوودا ، هێشتا ئەم ڕستکردنەی پیاوانی پیرۆز بە پێی پلە و پایەیان ، لە ئیمپراتۆریتی عوسمانیدا ، هەر مابوو ، وەك لە نووسینەکانی Lucy Garnett دا ، دەدرەوشێتەوە.[6] تەنها لەقەبێك من لە کوردستان بیستبێتم ، غەوس بووە . زۆربەی ڕەشە خەڵکەکە ، لەو باوەڕەدان کە وەلی ، یاخود ئەولیاش ، هەن، [7] کە لەنێوان ئێزدان و خەڵکیدا ، نێوکارن ، برێك لەو پیاوە نوورانییانە ، لەبرێکیان پیرۆزترن . هەموو نوورانییەك شێخ نییە و هەموو شێخێکیش نوورانیی نییە ، وەلێ پێکڕاگرتنی ئەو دوو لایەنە لە تایەك دا، لەنێو ڕەشەخەڵکەکەدا زۆر زاڵ و باوە .

## 4.1.4 مەهدی :

لەبەر ئەوەی من لەم بەندەدا دەمەوێت تەنها باس لە کوردی سوننی بکەم ، بۆیە هێند بە زاراوەکانی ئیمام و باب و ئەوانی دیدا ، کە بۆ ڕێچکەی شیعەگەریتی و ڕێبازە توندڕەوەکانی گرنگن ، ڕۆناچم . بەلام زاراوەیەك هەیە دەبێت لایەنی کەم لەڕووی تیۆرییەوە هەڵیشێلین ، چونکە توانایەکی چاکی بۆ

خڕکردنەوەی جەماوەر هەیە ، ئەویش زاراوەی مەهدی یە . هەرچەندە ئەم زاراوەیەش هیچ بنەمایەکی لە قورئان دا نییە . باوەڕهێنان بە مەهدی ، ڕیشەکەی لە بیروباوەڕی خەڵکەوە سەریهەڵداوە ، پاشان لە ئیسلامدا بە ڕەسمی ناسرا و لە فەلسەفەی گومانـاویی ئیسلامدا رەگی داکوتا. [8] یانی ڕێچکەیەکی پێچەوانەی زاراوەی غەوسی گرتەبەر ، کە پێشان ڕیشەی لە فەلسەفەی گومانـاویی ئیسلامدا هەبوو ، پاشان خزایە بیروباوەڕی خەڵکییەوە . مامۆستا ئاینییە کوردەکەم ، بۆیگێڕامەوە ، کە چەند حەدیسێکی زۆر کەم ، باس لە مەهدێتی دەکەن و ئەوانەش زۆر جێگەی بڕوا نیین . بەڵام زاناکان لەسەر مەسەلەی رەسەنییان ، یەکن . ئەو حەدیسانە لە زنجیرەیەکدا کۆکراونەوە و بڵاوکراونەوە . دەمەوێت خەون و چاوەڕوانیی خەیاڵپەرستی ئیسلام وا پێشچاوخەم ، وەك مەلایەکی کورد بۆی گێڕامەوە :

بەر لە کۆتایی ژیان و دەستپێکردنی قیامەت ، کە ئاین تەواو لاواز دەبێت و خاوەن ئیمانان راوەدوودەنرێن و بێ دادیی باڵ بەسەر دنیادا دەکێشێت ، پیاوێکی توانا لە توانای مرۆڤ بەدەر ، پەیدا دەبێت ، ئەویش مەهدی یە . پیاوێکە لە تیرەی قوڕەیش و لە قودسەوە دێت . بە هەموو دنیادا دەگەڕێت و دادوەریی و ئاین دادەسەپێنێتەوە ، هەموو دنیا دەکاتە موسڵمان . ئەوجا چل ڕۆژ حوکمی جیهان دەکات . پاش ئەو چل رۆژە ، دەججال پەیدا دەبێت . کە بەسەر و سەکوت ، لە مرۆڤ دەچێت ، بەڵام کوشتەی دەستەڵاتە . هەوڵدەدات ئاین نەهێڵێت ، بەو هێزەی خودا پێیبەخشیوە ، سەرکەوتن بەدەست دەهێنێت . زۆر کەس لەخشتە دەبات و لە ئیسلام پاشگەزیان دەکاتەوە . کاتێکی هێجگار سەخت و دژوار دێت ، خواردن و خواردنەوە کەم دەبنەوە ، خۆر لە خۆرئاواوە هەڵدێت و لە خۆرهەڵاتەوە ئاوادەبێت .

ئەوجا عیسا بە ستوونێکی سپیدا لە ئاسمانەوە بەرەو دیمەشق شۆڕدەبێتەوە. ( یەکێك لە منارەکانی مزگەوتی ئەمەوی لە دیمەشق ، منارەی عیسای ناوە ). عیسا بانگ لە دەججال دەکات ، دەججال بە بیستنی دەنگی ، زارەترەك دەبێت و

هەوڵی هەڵهاتن دەدات . عیسا دووی دەکەوێت و لە قودس دەیگرێت و دەیکوژێت . پاش ئەوە عیسا چل ڕۆژ حوکمی دنیا دەکات ، ( یەکەم ڕۆژی وەك ساڵێك دەنوێنێت ، دووەم ڕۆژی وەك مانگێك ، سێهەمی وەك حەوتوویەك ، سێ و حەوتەکەی دی ، وەك ڕۆژانی ئاسایی ) ، یاسای محەمەد پەیڕەویی دەکات. ئیدی پاش ئەو چل ڕۆژە ، دەروازەی تۆبە ، سەرکڵۆم دەکرێت و بێ ئیمانان ناتوانن قوتار بن . فریشتە ئیزرافیل ، بۆ یەکەمینجار ، فوو بەکەڕەناکەیدا دەکات و هەرچی گیانداری سەر زەوییە ، دەمرن . چل ساڵی رەبەق ، زەوی چۆڵ و هۆڵ دەبێت ، ئەوجا دەست دەکاتە باران ، بارانێکی لینج ، لینجاوێك ، لە تۆوی پیاو دەچێت . هەر لەگەڵ ئیزرافیل بۆ دووهەمجار فوو بە کەڕەنایدا دەکات ، هەرچی مردوو هەیە ، راستدەبێتەوە . بەر لە هەمووان ، فریشتەکان ، محەمەدی پەیامبەری خودا ، لە گۆڕەکەیدا وەخەبەر دەهێننەوە و بوراقی بۆ دەهێنن . ( بوراق ئەو ئەسپە باڵدارەیە ، کە پەیامبەر بە سواری چووە حەوت تەبەقەی ئاسمان ) . محەمەد سوار دەبێت و لەوێوە دەڕوانێتە هەستاندنەوەی مردووان و ئەو دادوەرییەی بۆ جوداکردنەوەی ئیمانداران و بێ ئیمانان دەکرێت . (9)

## 4.1.5 سەییدەکان :

لەتەك نەشئەی خوداییدا ، ڕێگەیەکی دیکەی ناڕاستەوخۆ بۆ پەیوەندی لەگەڵ خودا دا و بۆ دەستخستنی هێز و دەسەڵاتی دنیایی هەیە ، ئەویش پەیوەندیی تایبەتە بە دواهەمین پەیامبەری خودا و یارانییەوە . ئەمە مەترسی لە بانگاشەی پەیامبەرێتی کەمترە ، هەرچەندە مەرج نییە کاریگەر بێت ، چونکە کەسانێکی زۆر لە نێو کورد دا هەن ، کە بنەچەی خۆیان دەبەنەوە سەر محەمەد و خۆیان بە سەیید ، یاخود سادات لەقەڵەم دەدەن و بەگشتیی کەم توانا و بوغزێندراو و لەوتێندراون . بۆیە دەبوغزێندرێن ، چونکە تاکە سەرمایەیان بانگاشەی ئەو بنەچەیەیە و لەوە زێتر هیچ شك نابەن و گومانیش لە ڕاستیی

دەکرێت و هیچ ڕێزێکیان بۆ مسۆگەر ناکات و دەیانەوێت لە ڕێگەی ئەو پەیوەندییەوە ، دەستکەوتی ماددی بچننەوە .

دیارە هۆکاری ئەو کەم ڕێزی و کەم دەستەلاّتییەی ساداتەکان ، ئەو پەیوەندییە پێچەوانەیەیە لەنێوان بەها و ژمارەیاندا . لە سەرتاسەری کوردستاندا هەن ، هەرچەندە دەبێت ریشەیان عارەب بوو بێت و کوردێنرابن . لە کن ئەم دەستەیە ، ژن و ژنخوازیی لە نێوخۆدا ، ، زۆر باو و لە پێشە . سەیید دەبێت سەیزادەیەك مارەبکات . بەوجۆرە خانەوادە سەییدەکانی کورد ، جۆرێك دەژین ، جودا لە خانەوادەکانی دی .

یەکێك لەو سەییدانەی دیتم ، پێیگوتم : سەر بە تایەفەی مەولەوییە و نەوەی سەیید ئەحمەد ناوێکە . تایەفەکەیان لە ٢٠٠ خانەوادەیەك پێکدێت و لە دەوروبەری مەهاباد دەژین و زۆرزۆر هەژار و نەدار و دەستکورتن . ( لەبەر ئەوەی سەییدێکی زۆر لەو ناوچەیە دەژین ، ئەو پیتاکەی موسوڵمانان دەیانداتێ ، ئەو خێرەی پێیاندەکەن ، بەشیان ناکات ) . بابی چاوساغەکەم ، لەگەڵ کۆمەڵێك لە خزمانیدا ، مەهابادی جێهێشتووە و ڕووی لە کوردستانی عێراق کردووە و ئێستە لەنێو مەنگوڕاندا دەژین . سەییدەکان هەژارترین کەسی گوند بوون . نە زەوییان هەبوو نە ئاژەڵ ، داریان لەو کێوانە کۆدەکردەوە و لە قەلاّدزێ دەیانفرۆشت ، یاخود جارجارە کارێکیان لە گوندەکەدا چنگ دەکەوت . کە زانیارەکەم ویستبووی ژن بخوازێت ، لەبەرئەوەی لەو ناوچەیە سەیزادەیەکی لێنەبوو ، هیچ لادێییەکیش ئامادە نەبوو ژنی پێبدات ، کیژێکی هەڵگرتبوو و بۆ گوندێکی هاوسێ هەڵهاتبوون ، تا نێوکاران ، ( ڕدێن سپی هەردوك گوند ) تێکەوتن و داك و بابی کیژەیان هێور کردەوە . ئیدی خەسوو و خەزوور ، ناچار ، جارجارە دەستگیرۆییان دەکردن و بژێوێکیان دەدانێ .

دەربارەی باری ژیانی تایەفەی مەولەوی دەوروبەری مەهاباد ، ئێستا هیچ زانیارییەکی ئەوتۆم لەبەردەستدا نییە . جارێك لە سەقز ، دوو کەسی سەر بەو تایەفەیەم دیت ، خەڵکی گوندێکی نێزیك بوون ، ئەوانیش هێجگار نەدار و

هەژار بوون . گوتیان: " لەو نێزیکانە سێ گوند هەن ، سەرپاکی دانیشتوانیان سەییدی مەولەوین ، تەنها چەند خێزانێکی دەستڕۆشتوویان تێدایە ، ئیدی بەشی هەرەزۆریان وەك ئێمە لات و نەدارن " .

حاڵ و بار و پلە و پایەی سەییدە هەژارەکان ، خۆی لە خۆیدا پڕە لە دژ و دژواریی . هەژاریی و نەدارییەکەیان ماکی بێبایەخییەکەیانە ، چونکە لە نێو زۆربەی کۆمەڵگەکاندا ، هۆکەی بۆ کەم بڕشتیی و لێنەوەشاوەیی و سەرنەکەوتوویی خۆیان دەگێڕدرێتەوە . خۆیان بەڕەچەڵەك شایستەی ڕێزن ، چونکە لە تۆرەمەی کەسانێکی هەڵبژاردەی خاوەن ڕێز و شکۆن . بەو پێیە هەڵوێستی زۆربەی خەڵك بەرامبەریان ، دوو لانەیە و پڕە لە کێشە و ئاڵۆزیی و بە گاڵتەجاڕی و جەفەنگ دەریدەبڕن . سەیید ، وەك لە زۆر جێ دیتوومن ، هەمیشە کۆلکی بەر شیپی گاڵتەبازیی و تەشقەڵە و پێکەنین بوون ، – ئەوانیش هێجگار خۆڕاگر و دان بەخۆداگرتوون – .

دیارە هەرچی سەیید بوو ، ئیدی دەستکورت و بێ دەستەڵات نییە . ئەوانەی بڕێك هێز و دەستەڵاتیان هەیە ، سوودێکی چاك لە بنەچە و ڕەچەڵەکیان وەردەگرن . باشترین نموونە لە کوردستاندا ، شێخەکانی تەریقەتی قادریین ، کە گشت لەگشتیان سەییدن . لایەنگرانیان پێیانوایە ، ئەمان لە شێخانی دی چاکترو لە پێشترن ، چونکە ئەو خوێنەی بە دەمارەکانیاندا فڕکە دەکات ، دەچێتەوە سەر خوێنی پەیامبەر . (10)

بەوپێیە ، زۆر سەرەکهۆزی کورد هەن ، هەوڵدەدەن ، یاخود هەوڵیانداوە ، پلەو پایەی خۆیان لەڕێگەی بنەچەیەکی بەدرۆ دروستکراوەوە شکۆدار بکەن ، ئەویش بەگێڕانەوەی ڕەگ و ریشەی خۆیان بۆ سەر تۆرەمەی یەکێك لە پیاوە گەورە نێودارەکانی ئیسلام ، کە دیارە هەر دەبێت عارەب بوو بێت . هەرچەندە ناتوانرێت ئەوە روونکرێتەوە ، داخۆ ئەو خانەوادە خانەدانانە ، لە دەستخستنی ئەو پلە و پایەیاندا ، تا چەندە قەرزاربارى ئەو ڕەچەڵەکە پیرۆزەیانن ؟ وەلێ دوورنییە زۆریان ، لەو ڕێگەیەوە کەڵکیان لە نێوبژێوانیی نێوان هۆز و خێڵە

بەگژیەکداچووەکان وەرنەگرتبێت ، تا دەستەلاّتی خۆیان بەسەردا بسەپێنن .
دیارە ئەو رەچەڵەکە ، لە پتەوکردنی بنەمای دەستەلاّتیاندا ، یارمەتیی داون .

زۆربەی سەرەکهۆزە مەزنەکانی کورد ، بانگاشەی چوونەوەسەر یەکێك لەم خانەدانانە دەکەن :

١-عومەری – وەچەی دووهەم خەلیفەی ئیسلام عومەری کوڕی خەتتاب ، ( بۆ نموونە خانەدانانی گراوی ) .

٢-خالیدی – وەچەی خالید کوڕی وەلید ( بن ئەلموغەیرە ئەلمەخزومی)، کە یەکێك بووە لەسەردارانی مەزنی ئیسلام و محەمەد خۆی نێوی ( شمشێری خودا)ی لێناوە . میرەکانی بۆتان ، شانازییان بەو ڕەچەڵەکەیانەوە کردووە و ئەو بانگاشەیەیان لە شەرەفنامەدا تۆمارکراوە . یەکێکی دی لە و بانگاشەکەرانە ، خانەدانانی زەیدانن ، هەروەها سەرۆکهۆزەکانی هۆزی پنیانش لە هەکاری .

١- عەبباسی – وەچەی خەلیفەکانی عەبباسی ، دەڵێن گوایە میرانی هەکاری و میرانی بادینان ، بەو خەیاڵە ژیاون و بنەچەی خۆیان گێڕاوەتەوە سەر ئەو خانەدانانە .

بە گەشەو نەشونمای بیری ناسیۆنالیزمی کوردی ، رەچەڵەکی درۆیینە ، یاخود راستەقینەی ئەو خانەوادە خانەدانانە ، کەمتر دەبرێنەوە سەر ئەو بنەچە عارەبییانە . بەو شێوەیە ، خانەوادەی بەدرخانییەکان ، کە نەوەی بەدرخان بەگی بۆتانن ، شانازی بە هەڵوێستی شۆڕشگێڕانەی خۆیانەوە دەکەن ، کە دژی دەستەلاّتدارانی عوسمانی ڕاپەڕیون ، نەك بەو بنەچە کزەڵە ، سیسەڵە ، بێ بنچکە، رووتەڵەیەوە .

کورت و کوردی : تەنها گێڕانەوەی بنەچەی خۆ ، بۆ سەر پەیامبەر ، یاخود یەکێك لە پاڵەوانانی دیکەی ئیسلام ، بەشی هێندە ناکات ، لە کۆمەڵی کوردەواریدا هێز و دەستەلاّت بۆ ئەو کەسە مسۆگەر بکات ، بەلاّم دەشێت بۆ سەرکەوتن و پێشکەوتنی زێتر ، کۆمەکی پێبکات .

## 4.1.6 پلە و پایە ئاینییەکان :

بە پێچەوانەی ڕێبازی شیعەگەرییەوە ، ڕێبازی سوننی ، هیچ پلە و پایەیەکی قووچ هەڵچووی ئاینیی نییە . بەو پێیە ، ئەو چوارچێوە و قاڵبە داڕێژراوەی نییە کە لە ژێر سایەی ڕێبەرێکی ئاینییدا کۆیانکاتەوە و پێکڕا دەستبەکاربن ، وەکو لە بزووتنەوەی سیاسی ئێراندا ڕوویدا . بەرزترین پایەی ئاینیی ، قازیی و موفتین . ئەرکی یەکەمیان پیادەکردنی یاسا ئاینییەکانە و ئەرکی دووهەمیشیان پاراستن و گەشەپێدانێتی . لە ئیمپراتۆرێتی عوسمانییدا ، قازییەکان پلە و پایەیەکی قووچ هەڵچوویان هەبوو ، کە لەتەك دەزگە ئیدارییەکەدا ، سەربەخۆ هەڵدەسووڕان . هەتا سەردەمی چارەسەرسازییەکانی سەدەی نۆزدەهەم ، هیچ نەبێت لەڕووی تیۆرییەوە ، بڕیارە یاساییەکان بەدەست ئەوان بوو . لەڕووی پراکتیکەوە ، تایبەت لە کوردستاندا ، وەك پێشتر باسکرا ، جۆرێکی دی بوو . گەلەکجار بڕیاری یاسایی ، بەدەست دەستەلاتدارە مەڵبەندییە نیمچە سەربەخۆکانی وەك میر و سەرکهۆزەکانەوە بوون .

یەکێك لە ئەرکە گرنگەکانی موفتی ئەوەبوو ، شەریعەت ، واتە یاسا ئاینییەکان ، لە کاتی هاتنەپێشی حاڵ و بارێکی نوێدا ، پەرەپێبدات و بیانگونجێنێت و بیانپارێزێت ، واتە بەپێی یاسا ووردەکانی ئاین و پرینسیپی خودایی ، بەپێی پێویستیی حاڵ و بارەکە ، فەتوا بدات . ئەو فەتوایانەی واتا و مەودایەکی سیاسییان هەبووە ، ئەرکی گەورەموفتیی ئیمپراتۆرێتەکە ، یانی ئەرکی شێخولئیسلام بووە . جار هەبووە ، ئەو جۆرە فەتوایانە ، کاریگەرێتییەکی زۆری دەبوو ، وەکی فەتوا نێودارەکەی دواهەمین شێخولئیسلامی عوسمانی ، کە جەنگین دژی کەمالیستەکانی ، بەئەرکی هەموو ئیماندارێك لەقەڵەم دەدا و ئەوەبوو ١٥٣ موفتیی ئەنەتۆل ، ناچارکران فەتوایەك لە دژی بدەن و فەتواکەی ئەو بەهیچ دابنێن و پووچەڵیبکەنەوە . ( بڕوانە Lewis : ١٩٦٨ ، ل ٢٥٢ )

لە مێژووی کوردیشدا ، ڕووداوێکی لەو بابەتە هەیە : کە بووە هۆی شکست و تێکشکانی پاشای کوێرەی میری ڕەواندز ، لەبەرامبەر ئۆردووی عوسمانییدا .

ئەویش پاش ئەوەی موفتیی رەواندز فەتوای دا ، ئەوەی چەك دژی لەشكری سوڵتان و خەلیفە هەڵگرێت ، كافر دەبێت و بەپێی شەرع ، تەلاقی دەكەوێت . (بڕوانە : Jwaideh ، ١٩٦٠ ، ل ١٧١ )

وەك ئەو نموونانە پێشانیدەدەن ، دیارە موفتی تین و تاوی خۆی هەبووە . بەلاّم بەشێوەیەكی گشتی ، ئەو تین و هێز و دەستەلاّتە ، لە راستیدا بۆ بەرژەوەندیی دەستەلاّتداران هەڵسووڕێندراوە ، ئەوانیش وەك تارای ڕەواییان پێویستیان پێبووە . هەرچەندە كەسایەتی و هەڵكەوتی قازی و موفتی گوایە لەسەر دینگەی یاسای خودایی هەڵچوون ، وەلێ لەڕاستیدا هێجگار زۆر پەیوەستو پێبەندی دەزگەی دەوڵەتی عوسمانی و دەستەلاّتدارە ناوچەییەكان بوون . بڕێكیان بەتوانا و لێزانیی خۆیان سامان و دەستەلاّتێكی چاكیان چنگكەوت و چوونە ڕیزی موڵكدارە گەورەكانی شارەكانی كوردستانەوە . هەرچەندە هێندەی من بزانم ، هیچیان هیچ جەماوەرێكیان تێنەئالاّ و كەسیان هیچ كایەو ڕۆڵێكی لە بواری سیاسەتی كورد دا پێنەبڕا ، ئەو بوارە بە قۆرخكراوی شێخەكان مایەوە .

لە قۆناغی ژۆن تورك دا ، دادگاكانی شەریعە ، لەلایەن دەوڵەتەوە ، زۆر بەتوندی كۆنترۆل دەكران ، تا ساڵی ١٩٢٤ ، لە كۆماری توركیای نوێدا ، بەتەواوی هەڵپێچران . بەو پێیە كارمەندێتی قازی ، لە توركیادا نەما . بەلاّم موفتی هێشتا هەرماون ، هەرچەندە ئەو تین و تاو و دەستەلاّتەی ، ڕۆژێك لە ڕۆژان هەیانبوو ، نەیانماوە و لەدەستیان داوە .

### 4.1.7 مەلا :

بە بۆچوونی خۆرئاواییەكان ، تەنها پلە و پایەی ئاینیی موسڵمانی سوننی ، مەلایەتییە . مەلا سەرپەرشتی و ڕێبەرایەتی بۆنە و ئاهەنگە ئاینییەكانی گوند دەكات و قورئانیش فێرە منداڵان دەكات . بەر لەپەیدابوونی قوتابخانەی نوێ ، زۆربەی جار ، مەلا ، خوێندەوارترین و شارەزاترین كەسی گوند بووە ، لە بواری

دین و دنیا دا . لە گشت لادێیەکانیش زێتر گەڕاوە و ئەملا و ئەولا چووە ، چونکە دەبایە لایەنی کەم لە یەکێك ، یاخود لە دوو قوتابخانەی ئاینیی دیکەی خوێندبا.
وەڵێ ئەوڕۆ لە زۆر گوند ، بڕێك لاو پێگەیشتوون ، کە لە زۆربەی ئەو مەلایانە خوێندەوارترن . لەکن زۆر لادێییش روونە ، کە زانیاری و بۆچوونی مەلا ، لە مەودا و سنووری ئاین تێپەڕ ناکات . لەو دوو گوندەی من ماوەیەك لێیان مامەوە، مەلاکانیان ، دەستەڵاتدارترین کەس بوون و خەڵکی زۆر هۆگر و گوێڕایەڵیان بوون ، بەڕاستییش ژیر و هۆشیاربوون . گوندی دی هەبوون ، مەلای خۆیان بەدەبەنگ و ڕێژکاو دەزانی . نازانم هەروا ڕێکەوت بوو ، یان نا ، لەو دوو گوندەی باسکردن ، مەلاکانیان ، نەتەوەپەرستی زۆر دڵگەرم بوون و موسوڵمانی توندڕەو نەبوون . وەڵێ من ، نە لە هیچ جێیەك دیتم و نە لەهیچ شوێنێکیش خوێندمەوە ، مەلایەك ، هەڵکەوتبێت ، کادێرێکی سیاسی گرنگ بوو بێت .

### 4.1.8 شێخان :

چاك وایە ئەوجا باسی یەکێك لەو پلە و پایە ئاینییانە بکەین ، کە کایە و کاریگەرێتی سیاسی ، لە گشت یەکێکیان زێترە ، ئەویش شێخە .
لە راستیدا گەر ووردتر تێبڕوانین ، مەسەلەکە تەنها پلە و پایەیەك نییە ، بەڵکە کۆمەڵێك ئەرك و کایە و ڕۆڵە . هەرچی ئەرك و کایەیەك تا ئێستا باسکراون ، لەسەردەم و کاتی جوداواز دا ، شێخان دیتوویانن و پێیهەڵستاون . بەڵام گرنگترینیان و لە هەموویان لەپێشتر ، کایەی کەسێکی پیرۆز و نوورانییە ، کەسێکی ڕێزدار و خاوەن شکۆ ، ڕێبەر و مامۆستای تەریقەتە ، ( ئیدی دەروێشیی بێت ، یاخود سۆفێتی ) . گوێڕایەڵیی و ملکەچیی لە ئاستیدا ، دەگاتە رادەی پەرستن و لایەنگران و ڕەدووکەوتووانی ، وەك پەیامبەرێك ، وەکی مەهدی ، یا خود دوورتر بڕۆین ، وەکی خودایەك تێیدەڕوانن . بەهۆی ئەو ڕێزو سەروەرییەیانەوە ، هەمیشە لە کاتی کێشە و گیر و گرفت دا ، چاکترین

نێوبـژێوانن و ئـەوەش کـێش و بـەهای سیاسـییان زێـتر دەکـات . لـە ڕێگـەی تەریقەتەکانیانــەوە ، پەیوەنــدییان دەگــەڵ هــەموو دەروێــش ، یــا ســۆفییە گوێڕایەڵەکانی هەموو کوردستاندا هەیە و کاتی پێویست دەتوانن خەڵکێکی چاك کۆکەنەوە . هەرچەندە تەریقەت لە جیهانی ئیسلامدا زۆرن ، وەلێ لە کوردستاندا تـەنها دوان هـەن : قادری و نەقشی . هەرچی شێخ هەیە ، سـەر بـە یـەکێك لـەو دوانەن . پاشماوەی ئەم بەندە ، بۆ شێخان و تەریقەتەکانیان تەرخانە .

## 4.2 تەریقەتە دەروێشی و سۆفیگەرێتییەکان :

مـەلا حەسـەنی هۆشـیار ، کـە ١٩٨٥ بـە دەربـەدەریی لـە سـوریا مـرد ، یەکەم کەسانێك بوو ، لە ١٩٢٥ دا ، چووە ریزی ئەو شۆڕشە نەتەوەییەی کوردەوە ، کە شێخ سەعیدی پیران ڕێبەرایەتی دەکرد . لاوێکی خورت ، بە ئەزموونێکی چاکی سەربازییەوە ، ( کە لـە ئۆردووی عوسمانیدا فێری بووبوو ) ، خزمـی شـێخ خـۆی بوو ، ئەویش کردییە یەکێك لە یاوەر و هاوکارە نێزیکەکانی خۆی . بۆ بەشی هـەرە زۆری زانیارییـەکانی ئـەو سـەردەمەی مێـژووی کـورد ، سوپاسـگوزار و منـەتباری ئـەوم . ئـەو باسـانەی ئـەو لـەبارەی شـێخەوە دەیانگێڕێتـەوە ، لەگـەڵ ئەوانـەی لـە چاپکراوە تورکییـەکانی ئـەو دەمـەدا دەربـارەی نوسـراون و وەك کۆنەپەرستێك و پیاوێکی ئاینیی توندڕەو و شێتۆکەیەك پێشچاوی دەخـەن ، جوداوازیی ئاسمان و ڕێسمانیان هەیە . مەلا حەسـەن هەوڵیدەدا ، پەردە لەسـەر چـــەردەی لایەنـــەکانی دیکـــەی کەســـایەتی شـــێخ هەڵداتـــەوە ، وەك بـــیری نەتەوەییانەی‌و ڕاپەڕین و ڕاستبوونەوەی دژی زوڵم و بێدادی و دادۆشین . شێخ جارێك ڕەخنەی لەو شێخانەی تەریقەتی نەقشبەندیی گرتووە ، کە هیچ هەستی نەتەوەییانـەیان نـەبووە و هـەر بیریـان لای بەرژەوەندییـەکانی خۆیـان بـووە، گوتوویە : " شاهی نەقشبەند ، شیرکەتی جەردە و دەستڕانی لە کوردستانی ئێمەدا دامەزراندووە " .

شاهی نەقشبەند ، پێناسەی ئەو عارفە ناسراوەی سەدەی چواردەهەمە ، کە تەریقەتەکەی دامەزراندووە و هێشتا هەر بەنێوی ئەوەوە نێو دەبرێت و لە کوردستاندا بەهێزترین تەریقەتە . لەتەک تەریقەتی قادریی مێملێدا ، تاکە رێکخراوبووە ، کە گەوەی سنووری هۆزەکانی هەڵتەکاندووە و خۆی لە دەوڵەت ئازاد کردووە و هەتا دژیشی راستبۆتەوە . ئەم تەریقەتە ، تۆڕێکی رێکخراوەیی بۆخۆی دامەزراندووە و لەتەواوی کوردستان و هەتا زۆر شوێنی دەوروبەری نێو تخووبی ئیمپراتۆرێتی عوسمانییشدا ، تەرزی فڕێداوە . بەراوردکردنی لەگەڵ دەستەیەك رێگر و دەستبڕ و تاوانکاردا ، وەکی شێخ وەسپی کردوون ، گونجاوەو لە جێی خۆیدابووە .

لەڕووی شیرازەی رێکخستنییەوە ، ئەم تەریقەتە ، لە مافیا دەچێت . پلە و پایەی قووچ هەڵچووی زۆری تێدایە ، بەلام سەرلەبەری تەریقەتەکە ، زۆر چەقبەستوو نییە ، بنکەی ناوچەیی ئازادەیەك سەربەخۆی زۆری تێدایە و پلەی هێز و کاریگەرییان ، لە رۆژێکەوە بۆ رۆژێکی دی جوداوازە . هەردوو تەریقەتەکە، کرۆکێکیان لە ئەندامانی چوست و چالاك و ژمارەیەکی هێجگار زۆرتر ئەندامی ئەوتۆ هەیە ، کە کۆمەکێکی ماددی چاکیان پێدەکەن . شێخ سەعید کە تەریقەتەکەی خۆی بە شیرکەتی قۆڵبڕان نێو دەبات ، مەبەستی سەرجەم رێکخراوەکە نەبووە ، بەڵکە مەبەستی تەنها ئەو شێخە موفتەخۆرانە بووە ، کە بێ پەروا رەشەخەڵکەکەیان دادۆشیوە و دایانڕووتاندوون و چەوساندوویاننەوە .

پازدە ساڵ بەرلەو ، Betram Dickson ی جێگری کونسوڵی ئینگلیز لە ڤان ، شتێکی لەو بابەتەی گوتووە : " بڕێك لە شێخان ، هیچیان لە رێگر و جەردە جودا نییە ، بەلام دەستەلاتیان بەسەر ئاغا گچکەکاندا ، چاك دەشکێت ، دەتوانن چۆن دڵیان دەخوازێت ، ئاوها بیخیاندەن " . ( Dickson : ١٩١٠ ، ل٣٧٠ )

هەر ئەو پیاوە ، باس لە ململانێی توندی نێوان شێخانی هەمان تەریقەت دەکات :" هەریەك لە بارگە و بنە ناوچەییەکانی هەمان تۆڕ ، هەوڵدەدات خۆی بە کرۆك و بە گرنگتر لەقەڵەم بدات " . ئەو دەمەی ئەو باسی لێدەکات ، لە ناوچەکانی هەرکی و ئۆرامار ی کوردستانی نێوەند دا ، لێکبلاْوی و ئاژاوە و پشێوی کەوتبووە نێوان لایەنگرانی شێخانی شەمدینان و بارزان و بامەڕنییەوە. ئەوانە سێ لە شێخانی نەقشبەندیی سێ ناوچەی هاوسێ بوون و لەسەر بڕدانی هێز و دەستەلاّت ، تووشی گێچەڵی شەڕی یەکدی هاتبوون . (بڕوانە هەمان سەرچاوەی پێشوو ) .

کاتێك شێخ سەعید رەخنە لەو تەریقەتە ، ( یاخود لە شێخانی ئەو تەریقەتە ) دەگرێت ، کە خۆی سەربەوە ، خۆی و ئەو بزووتنەوەیەش کە رێبەرایەتی دەکرد، پشتیان بەو تەریقەتە بەستبوو . بێ پشتگیریی تەریقەتەکە ، ئەو هەموو لایەنگرانەی بۆ خڕنەدەکراوە ، لایەنگرەکانیشی ، بێ بڕواهێنان بە پیرۆزیی و دڵسۆزیی ئەو ، مەحاڵ بوو بتوانن بەو گیان و دڵەوە بجەنگن .

ئەوەی دەربارەی شۆڕشەکەی شێخ سەعیدم بیست ، خستمیە سەر کەڵکەڵەی ئەوەی خۆ دەگەڵ تەریقەتەکانی قادری و نەقشیدا خەریك بکەم . پێدەچوو ئەمانیش بتوانن ئەو کایەیە ببینن ، کە تەریقەتی سنووسی لەنێو خێڵە عارەبە بەدووەکانی سیرەنایکا دا دیتی ، رەنگە توانیبێتیشیان : لەڕووی رێکخستنەوە چوارچێوە و قاڵبێك داڕێژن ، کە لە سنووری خێڵی تێپەڕێنێت و بەر بەو پەرتپەرتی و لەتلەتییەی هۆزەکان بگرێت . لێرەش ، هەروەك سیرەنایکا ، ئەو تەریقەتە عیرفانییە بوو ، هۆزەکانی هاندا ، شەڕی خێڵەکی و لاوەکی کەنارنێن و یەککەوتوو و یەکگرتوو و پێکڕایی ، بۆ سەرخۆبوونی نەتەوەکەیان خەبات بکەن.

دواتر ، پاش ئەوەی زۆر لەوانەم دیت کە لە شۆڕشەکەی شێخ سەعید دا بەشداربوون و بەڵگەنامەکانی ئەو سەردەمەم خوێندەوە ، بۆم دەرکەوت کە لەنێوان ئەو دوو بزووتنەوەیەدا ، جوداوازیی زۆر و خاڵی لێکچوو و هاوتەریبی

زۆریش هەن : پێدەچێت لەکوردستان ، تەریقەتەکە ، وەك چوارچێوە و قەوارەیەکی ڕێکخراو ، کایەیەکی کەمتری دیتبێت ، لەوەی من پێشتر بیرم لێدەکردەوە . لێرە شێخ ، وەك کابرایەکی پیرۆز و نوورانی ، کایەی زێتری دیتووە. ( لەبەندی پێنجەمدا بەدوور و درێژی باسی ئەو ڕاپەڕینە دەکەین) .

دیاردەیەکی دیکەی ئەو تەریقەتانە سەرنجی ڕاکێشام ، لەو لایەنانەدا کە لە گەشتەکانی جارجارەی پێشترمدا سەرنجم دابوون ، پشتبەستوو بە سەرچاوەکان، بۆم ڕوونبووەوە ، کە زۆربەی لایەنگرانی ئەو تەریقەتانە ، لە چینە ڕووتەڵە و هەژارەکانی کۆمەڵگە بوون . ئەمە پێچەوانەی زۆربەی تەریقەتەکانی دیکەیە ، کە زێتر ئۆرۆستۆکراتییانە و لووتبەرزانە و بوغرا دەنوێنن ، بۆیە دەتوانین تەریقەتەکانی قادری و نەقشی زێتر بە جەماوەرانە و دێمۆکراسییانە نێوبەرین ، هەرچەندە پێدەچێت ، بۆ ئەو مەبەستە زاراوەیەکی زۆر شیاو و گونجاو و لەباریش نەبێت . ئەو تەریقەتانە ، ریکخراوانێك بوون ، دەرگەیان لەڕووی ستەمدیدە و چەوساوەکاندا ، ئاواڵە . بە بۆچوونی من ، لەگەلەك ڕووەوە دەشێت ئەو تەریقەتانە بخرێنە چوارچێوە و ریزی ئەو ڕێکخراوانەوە ، کە لە ململانیٚ و خەباتی چینایەتیدا بوون . پێدەچێت نووسینە کەموێنەکەی ١٩٥٣ ی Barth ئەو بۆچوونەم پشتئەستوور بکات . Barth کە دەچێتە مەڵبەندی هەمەوەندەکان، دەبینێت ئاغاکان ، مسکێن بەوە تۆمەتباردەکەن ، کە گوایە تەریقە دەروێشییەکانیان ، بۆ مەبەستی سیاسی هەڵدەسووڕێنن ، تابتوانن گشت مسکێنی گوندە هاوسێکانیان لەبۆتەی یەك ڕێکخراوی شۆڕشگێڕانەدا ، خڕکەنەوە و قاڵیانکەن. ( Barth ، ١٩٥٣ ، ل ٥٩ ) . هەڵبەت تۆمەتی لەوبابەتەی ئاغاکان ، ئەوە ناگەیەنێت کە تەریقەتەکە ، ( لێرەدا مەبەست قادرییە ) ، بەراستیی کراوەتە ئامرازێکی خەباتی چینایەتی . مەخابن ، Barth هیچ زانیارییەکی دیکەمان لەو ڕووەوە ناداتیٚ و هیچ باری سەرنجێکیش پێشچاو ناخات . بەڵام لەڕێی نووسینەکەی ئەوەوە ، من مەیلم چووەسەر تەریقەتەکان و لە ئاستیاندا بەهۆش هاتمەوە . پێدەچێت بوارێکی چاك بێت بۆ توێژینەوەی

بزووتنــەوەی نەتەوایــەتی و چـینایەتی کــورد ، بــۆ کەســانێك کــەخۆیان بــەو بابەتانەوە خەریك دەکەن .

من قەت ئەوەم بۆ روون نەبووەوە ، داخۆ مسکێنەکانی خوارووی کوردستان ، بـەو شـێوەیەی ئاغاکـان لێیتۆقیبـوون ، ئـەوان تـا چ ئەندازەیـەك سـوودیان لـە تەریقەتی قادری وەرگرتووە . داخەکەم ، بەهۆی بارە سیاسییەکەشەوە ، بۆم نەلوا بچمە ناوچەی هەمەوەندەکان و ئەو خەڵکانەی ئەویش کە من دیتمن و دواندمن، وەبیریـان نەدەهاتـەوە ، داخۆ تەریقـەتی قادری بەڕاسـتی لـەو پێکهەڵپژاندنانـەی مسـکێن و ئاغاکانیانـدا ، بەشـداریی کـرد ، یـان نـا . راسـتییەکەی پـاش کودەتاکـەی ١٩٥٨ ی قاسـم ، پـارتی کۆمۆنیسـتی عێـراق ، دەسـتی لەخـەباتی نهێنـی هـەڵگرت و ئاشـکرا کەوتـە تێکۆشـان . کاتێـك مقاوەمـەی شـەعبی ( کـە تاڕادەیەك لەژێر رکێفی کۆمۆنیستاندا بوو ) ، دەستیدایە هێرش و شاڵاو بۆ سەر ئاغـا و دەرەبەگـەکان ، لەپڕێکـدا دەرکـەوت ، گـەورەترین و دەسترۆیشـتووترین شـێخی تەریقەتی قادریی ناوچەکە ، کـە شێخ لـەتیفی بـەرزنجی بـوو ، دۆسـتی کۆمۆنیسـتانە و لەوانـەوە نێزدیکـە ، بـەلام پێدەچێت ئـەوە تـەنها مانۆرێـك و بازییـەکی سیاسـی بووبێـت ، بـۆ ئـەوەی زەوی و زارە زۆر و زەوەنـدەکانی لـە دەستبەسەرداگرتن قوتارکات .

چـاوی چـاوەڕوانیم ، بـە توێژینــەوە مەیدانییــەکانم کــاڵبووەوە ، چــونکە تەریقەتەکە ، هیچ کایە و رۆڵێکی ئەوتۆی لـە بزووتنـەوەی رزگاریخوازانەی کورد دا نەدیتبوو ، لەو حاڵەتانەشدا کەدەبایە لە حاند ململانێ و خەباتی چینایەتی ، هەڵوێســـتی هـــەبێت ، لـــەبریتی ئـــەوەی ببێتـــە کـــرۆك و جڵەوبەدەســـتی دژکارییەکانیان، دژی بەرژەوەندیی نەدار و بێ دەرەتانەکان وەستایەوە . وەلێ من تەجرەبە و زانیارییەکانم زۆر کەمن و کوردستانیش هێجگار گەورە و فراوان .
تەریقـەتی قـادری لەمـەهابادی ( ئێـران ) ، هـەمان ئـەوەی عـامودای ( سـوریا ) ، یاخود مەیدانی ( تورکیا ) نییە . جوداوازیی نێوان نەقشییەکانیش هێجگار بـەرینتر و فـراوانترە و لـە تەنگەتیلکـەترین بـڕە لقێکـی کوردسـتانی تورکیـاوە

دەگرێتەوە ، تادەگاتە کەم ئارامەکانی ئەهلیهەقی عێراق . [13]دوور نییە ، هەتا لەوشوێنانەش کە منی لێبووم ، بێ ئەوەی من هەستپێبکەم ، جموجۆڵ و چالاکیی نهێنییان نەبووبێت . بۆیە من رێگە بەخۆنادەم ، سەرنجەکانم گشتگر بکەم و بڵێم لە هیچ جێیەکی کوردستان ، تەریقەتەکان ، کایە و رۆڵێکی بەرچاویان لە خرکردنەوە و ریکخستنەوەی ئەو خەڵکەدا نەدیتووە ، کە تالآوی چەوساندنەوەی نەتەوایەتی و چینایەتی دەچێژن .

لەخوارەوە دێمەسەر باسی چۆنیەتی بەڕێوەچوونی ئەو تەریقەتانە و چالاکیو جموجۆڵیان و شێخ و موریدەکانیان ، لەبەر رۆشنایی سەرنجەکانی خۆمو بە پشتیوانیی ئەو گفت و گۆیانەی لەگەڵ ئەوانم کردوون . سەرەتاکەی بە برێک زانیاریی گشتی دەربارەی تەریقەتە سۆفی و دەروێشییەکان و مێژووی قادری و نەقشبەندیی دەستپێدەکەم .

## 4.3 تەریقەتە دەروێشی و سۆفییەکان :

### 4.3.1 دەزگەیەکی عارفانەی میللی رێکخراو :

بۆ توێژینەوەی تەریقەتە سۆفییەکان ، وەك دەستپێکێك ، دوو روانگە هەن ، کە بێ کێشە و گێچەڵ ، هەروا ئاسان رێ نابەنەوە سەر ئێکدی . یەکێکیان : بە تێڕوانینێکی رەخنەگرانەی زانستانەی خۆرئاواییانەوە ، کەتوێژەر لە کارەکەیدا، هەڵوێستی کەسێکی بێ لایەنی دوورەپەرێز دەگرێت و بە پلەی یەکەم پشت بەسەرچاوە تۆمارکراوەکان دەبەستێت .

دیدەگاکەی دی ، پشت بەو رێسا و ئەرك و ئەرکانانە دەبەستێت کە لە تەریقەتەکەدا باوە و پەیڕەویی دەکرێن . لە باری سەرنجی ئەو کەسانەوە لە مەسەلەکە دەڕوانێت ، کە باوەڕێکی رەهایان بە داب و نەریت و دیسپلینی تەریقەتەکە هەیە و بەوشێوەیە رەفتار و هەڵسوکەوت دەکەن کە تەریقەتەکە دەخوازێت . ئەمەی دووهەمیان رەخنەی کەمتر لێدەگیرێت و رەنگە لە دید و

بۆچوونی خۆرئاواوە نەریتی بنوێنێت ، چونکە زۆر خۆ بە مێژووەوە خەریك ناکات و لەبریتی ئەوەی پێمان بڵێت لە بنچینەدا چۆن بووە ، پێماندەڵێت ئێستا چۆنە . زێتر ئەوەمان بۆ ڕووندەکاتەوە ، بۆ جێبەجێکردنی ئەرك و ئەرکانەکانی سۆفێتی ئەوڕۆ ، چ دەگەیەنێت . ئەوە تێڕوانینێکی نامێژووییانەیە . لەکاتێکدا خۆرهەڵاتناسە خۆرئاواییەکان بە گۆڕران و گەشەی ئەرك و ئەرکانەکانو بن و بنەچەی زاراوەکان و ئەوگۆڕانکارییانەی بەدرێژایی مێژوو بەسەر واتاکانیاندا هاتوون ، زۆر زۆر سەرسامن . نەریتبازەکان مەیل و ئارەزووی ئەوە دەکەن لە سیماو واتای ئەوڕۆی زاراوەکان بکۆڵنەوە و بزانن داخۆ بە چ شێوە و شێوازێك بەکاردەهێنرێن و چۆن بەڕابووردووەوەی ببەستنەوە . لە لایەکی دییەوە ، بۆچوونەکانیان لەسەر بنەمای ئەزموونێکی دەوڵەمەند هەڵچووە، یا لە تەجرەبەی عارفانی گەورەی دێرینەوەش هێجگار دوور بنوێنێت . ئەوەی حەز بەو یاسا و ڕێسایانە بکات کە لەتەریقەتەکاندا پەیڕەویی دەکرێن ، ڕەنگە لە توێژینەوە زانستییەکانی خۆرئاوا نائومێد بێت . بە هەرحاڵ ، گومان لەوە دەکرێت ، ئەوەی ئەوڕۆ بە ڕێنما دادەنرێت ، هەمان ئەو ڕێنماییانە بێت، کە عارفانی گەورەی کۆن دایاننناون ، ڕەنگە هەر بەهەڵەش لێکدرابنەوە .

لەباشترین حاڵەتدا ، چاکتر وایە شارەزەیانی بواری زانستی خەڵکناسیی، ئاکامەکانی هەردوو ڕێبازەکە یەکخەن ، هەرچەندە ئەرکێکی هێجگار سەختە، گەر نەڵێین ئەستەمیشە ، چونکە هەر ڕێبازەی چەندین ساڵی بۆ توێژینەوە دەوێت. من لام ڕوونە ، بۆ خۆم ، هێشتا نەگەیشتوومە ئەو ئاستەی بتوانم هەردوو ڕێبازەکە ئاوێتەکەم . لەمە بەدوا ، هەوڵدەدەم لەم ڕێبازەوە بۆ ئەو ڕێباز ، بازدبازدێن بکەم .

ژمارەیەکی زۆر سەرچاوەی پلەدووی شارەزا خۆرئاواییەکانم دەربارەی سۆفیزم و چۆنیەتی پەیدابوون و سەرهەڵدانی تەریقەتەکانیان لەبەردەستدان . ئەوەی پەیوەندیی بە تەریقەتەکان و داب و نەریتیانەوە هەبێت ، دوو جۆری جوداوازن ، داب و نەریتێکی بالاّ و داب و نەریتێکی میللییانە ، یاخود

ڕەشـــۆکییانە . یەکـــەمیان ، بایـــەخی زۆر بـــە تەجرەبـــەی عارفـــان و بۆچـــوون و لێکدانـــەوەکانیان دەدات ، ئـــەوەی دیکـــەیان بایـــەخ بـــە بڕێـــك دیـــاردەی ئـــاڵۆزی تێکـــەڵبوو بـــە ڕێـــز و شـــکۆیەکی بـــێ ئەنـــدازە ، بـــۆ گشـــت پیرۆزییـــەکان و داب و نەریتێکی باڵای خوداپەرستی و بەرزڕاگرتن و ئەوپەڕی سەرسامی بە تەکنیك و شـێوەی بەجێگەیانـدنی ، دەدات . بـۆ توێژینەوەیـەك کـە بایـەخ بـە کایـە و ڕۆڵـی کۆمەڵایـەتی تەریقەتەکـە بـدات ، ئـەو دابـەی دووهـەم لـەبارە ، چـونکە ڕەگ و ڕیشـەی لـەنێو کۆمەڵگـەدا داکوتـاوە و کاریگـەرێتی لەسـەر هەڵسوکەوتی خـەڵکیی هەیە . بۆیە منیش بایەخی زێتری پێدەدەم .

تەریقەتـەکان تاڕادەیـەك لـە قۆنـاغی کۆتـایی گەشـە و پێگەیشـتن و کـامڵبوونی سۆفیزمدا سەقامگیربوون . یەکەم تەریقەتی وێکچوو بەمانـەی ئـەمڕۆ ، لـە سـەدەی چـواردەهەمدا سـەریهەڵدا ، لەسـەدەکانی پـازدە و شـازدەدا ، تـۆو و تـەرزی بـە هەموو جیهانی ئیسلامدا هەڵدا . [14] ئەو دەمانە ، سۆفیزم ، ( عیرفانی ئیسلامی ) قۆنـــاغێکی گەشـــەکردنی دوور و درێـــژی بڕیبـــوو . عارفـــانی کـــۆن ، هـــیچ ئارەزوویەکیان نەبوو ، لە تەجرەبەی عیرفانیی زێتر ، یاخود تەجرەبەی تواندنەوە لـەبیری خـودادا ، یـاخود پـەیبردن بـە راسـتییەکان . لەوبـەدەر ، دیاردەکـان تیـۆریزە بکـەن ، یـاخود هەوڵبـدەن ئـەو تەجرەبانـە لـە قـاڵبی سیسـتەمێکدا شـیببکەنەوە ، مەسـەلەیەك نـەبوو بـیری لێبکەنـەوە . بـە شـێوەیەکی گشـتی ، ژیانێکی زاهیدانەیان بە تەنهایی لە شوێنێکی چۆڵی ئەوتۆ دەبردەسەر ، کە کەس نەتوانێت تەقوایان لێتێکبدات . ئەو نێوی سۆفییەی بەسەریاندا بڕراوە ، ڕەنگە لـەو تیسماڵە خورییە زبرەوە هاتبێت ، کـە لەخۆیانەوە دەپێچا و، ( بـەعارەبی "صـوف " ی پێـدەڵێن ) . جارجـارە موریـدێك ، یـاخود زێتریـان لـەکن بـوو ، هیچیان فێرنەدەکردن ، لەوە زێتر کـە دەیانخستنە سـەر ڕێچکە و رەوتـی هـەمان ئـەزموونی عارفانـە . پاشـان پیرەسـۆفی دەبووە مورشـید و ڕێنیشـاندەر ، تـا ئـەو مەودایەی هێدی هێدی وەك نێوکار و ئامرازێکی پەیوەندیی نێوان موریدەکان و ( یاخود مرۆڤ بە گشتیی ) و خودا ، تێیدەڕوانرا .

هەمانكات ، ئەو تەجرەبە عیرفانییە كەوتە سەر كەڵكەڵەی فەلسەبازیی و بەشێوەیەك گوزارەی لێدەكرد و بیری خۆی دادەڕشت ، كە لەكن ئیمانداراني راستەقینە پەسەند بێت . ئاكام ، سیستێمێكی تیۆسۆفی لێكەوتەوە ، بە كەم تا كورتێك كەڵەكەبوونی تەجرەبەی تەكنیك و داب و نەریتی ( بیركردنەوە و قووڵبوونەوە و تێڕوانینەوە ) ، تا ئەو رادەیەی موریدەكان بە كات و تەجرەبەیەكی كەمتر ، بگەنە ئاستی مورشیدەكانیان .

## 4.3.2 تەریقەت و سیلسیلە :

تەریقەت رێچكە و رێبازێكی دیاریكراوە و پەیوەست و وابەستەیە بە كۆمەڵێك مورشید و عیرفانانی مەزنەوە . Trimingham بەشێوەیەكی بەرز و نایاب ، تەریقەت پێناسە دەكات : " شێوازێكی پراكتیكیی رێپێشاندانی عەودالانە ، بۆدۆزینەوەی رێچكە و رێبازێك ، كە بە چەندین پلە و قۆناغی جوداواز دا تێپەڕدەبێت ، لەرێگەی بیر و هەست و كارەوە ، بۆ چۆنیەتی تەیكردن و پەیبردن بە تەجرەبەی ئێزدانیی راستەقینە ، " ( Trimingham : ١٩٧١ ، ل ٣-٤ )

سەرەتا " تەریقەت " ، تەنها بە مانای هەنگاونان بەرەو ئەو رێچكە و رێبازە رۆحانییە بوو ، پاشان ، لە سەدەی سێزدەهەمەوە ، زاراوەكە ، چووە قالبی قوتابخانەیەكی فیكرییەوە ، لەگەڵ شێوە و شێواز و تەكنیكێكی تایبەت و پەیوەندییدار بە عارفانەوە . دیارە تەریقەتەكە ، پاش مردنی پیرە سۆفییش ، هەردەما و مورید و موریدی موریدەكانیش ، درێژەیان بەرەوتەكە دەدا ، (یاخود باشتر بڵێین لەرێگەی ڕازگرەكانییەوە درێژەی پێدەدرا ، چونكە تەریقەتەكان ، ئیدی بووبوونە شێوازێك لە ڕازگرتن و بە شێوە و ئاكارێكی نهێنی ئەم دەست و ئەو دەستیان دەكرد و بۆ ڕەشەخەڵكەكە نەبوو پەی بەو نهێنییانە بەرێت). بە ڕستی ئەم دەست و ئەودەستكردنی تەریقەتەكە ، ( بە عارەبی ) ، "سیلسیلە "، یاخود" ئیسناد " دەڵێن. بەو پێیە ، سیلسیلەی سۆفییەكی مورشید ، ئەو " شەجەرە " ، یاخود " درەختە " رۆحانییەبوو ، كە

وەك زنجیر ، بە مێخی دامەزرێنەری تەریقەتەکەوەی دەبەستەوە . ئەو سیلسیلەیە، پێناسەی پلەوپایەکەی بوو ، یاخود چاکتر بڵێین ، کارتی ناسینی بوو . بۆیە سۆفیانی دواتر هەوڵیاندەدا ، هێندەی بشێت و بگونجێت ، نێوی سۆفییە بە شۆرەت و ناسراوەکان بترنجێننە نێو رستی زنجیرەی سیلسیلەی خۆیانەوە و نێوی ئەو سۆفیە بەدناوانە تووڕدەن ، کە هێند شیاو و گونجاو نین و رەنگە لەکن نوێنەرانی هێز و دەستەڵاتی وەك سوڵتان و حوکمڕانان و لەو بابەتانە ، کێشە و گێچەڵیان بۆ بسازێنن . بەو جۆرە ئەندامانی درۆ و ساختەی زۆر ، پەڕینە گەوەی ئەو زنجیرەیەوە . لەوەش پتر ، ئەو سیلسیلە مێژووییە ، هێند درێژدەکرایەوە ، تا لە دامەزرێنەرانیشی تێدەپەڕاند و دەگەیەندرایە سەر یەکێك لە نێزدیکانی پەیامبەر ، بەو خەون و خەیالاتەی ، کێ دەڵێت ڕاستەوخۆ ، بڕێك ڕینمایی لەپەیامبەر خۆیەوە وەرنەگرتووە .

### 4.3.3 مورشید و مورید و تایەفە :

مامۆستایانی سۆفی سەدەکانی نۆهەم تا سێزدەهەم ، کە شێخ ، یاخود مورشیدیان پێدەگوتن ، لەگەڵ قوتابی و ( مورید ) ەکانیاندا ، لە خەڵوەتخانەیەك، یاخود ( زاوییە ) یەك ، یاخود (تەکیّ و خانەقا ) یەکدا ، پێکەوە دەژیان . سەرەتا ، موریدەکان ، جێگەی هەمیشەییان نەبوو ، لەم شێخەوە دەچوونە کن ئەو شێخ . پاشتر ، بازنەی پەیوەندیی بە شێخێکی تایبەتەوە ، تەنگتر بووەوە و موریدان دەبایە سوێندی ئەمەك و وەفاداری بەرامبەر دامەزرێنەری تەریقەتەکە و جێگرەکەی ، کە شێخەکەی خۆیانە ، خواردبا . بەو پێیە پەیوەندیی نێوان مورشید و مورید ، توندو تۆڵتر دەبوو . مورید دەبایە ملکەچی تەواوی فەرمانی مورشیدی با و هیچ موریدێك بیّ مورشید نەدەبوو . ئەو وابەستەییە رەهایە بە شێخ و دامەزرێنەری تەریقەتەکەوە ، پەیڕەوانی تەریقەتیان تەواو تەواو لێك نێزدیك کردەوە ، تا ئەو رادەیەی نێوی تایەفەیان بەسەردا دابڕا ، کە بەواتای خانەوادەیەکی گەورە دێت . (15)

یەکێك لە ئاکامەکانی دیکەی ئەو پیرۆز راگرتن و شکۆیەی بە شێخ خۆی دەبڕا، هێدی هێدی ، پزیسك و پریشکی ، برا و کوڕانیشی دەگرتەوە ، لەو ڕێگەیەوە پلەو پایەی شێخیش بووە میراتگەرانە . هەر لەگەڵ " تایەفە " سەقامگیر بوو ، ( کە تەریقەتەکانی ئێستا لەو کەوتوونەوە و تەرزیان فرێداوە ) ، ئیدی ئەو عیرفانە ناسراوەی هەبوو ، شێخان بۆ خۆیان قۆرخ کرد . ئەوەی سەر بەهیچ تایەفەیەك نەبوو ، ئەوەی سەر بەهیچ تەریقەتێك نەبوو ، ئەستەم بوو وەك مورشیدێکی رۆحانیی تێبپرواندرێت و کەس بەگەنی بکات . هەرکەس خواستبای ببێتە شێخی تەریقەتێك ، تەنها تاقە ڕێگەیەکی لەبەر دەمدابوو ، ئەویش ئەوەبوو، کە شێخی ئەو تەریقەتە ، وودمی دابایە و ڕێگەی دابا ، ببێتە موریدو مورشیدی تەریقەتەکە . ئاشکرایە ، بە نیسبەت کوڕانی شێخ خۆیەوە ، یەکێکیان، ( تایبەت کوڕە گەورەی ) ، بیٚ چەند و چوون تلێنی لە بابیەوە پێدەدرا . بۆیە زۆربەی زنجیرەی سیلسیلەکان ، لەتەك پەیوەندیی مورشید و مورید دا ، پڕە لە پەیوەندیی باب و فرزەندیی .

### 4.3.4 خەلیفە :

ئەو شێخانەی بیانەوێت دەستەڵاتی خۆیان ، یاخود تەریقەتەکەیان پەرەپێبدەن و بەربلاوی بکەن ، چەند نوێنەرێك بۆ خۆیان دەستنیشاندەکەن ، کە خەلیفەیان پێدەلێن و بەملاوئەولادا دەیاننێرن ، تا تەریقەتەکە بلاوبکەنەوە و لایەنگرانی زێتر بهێننە ڕیزەوە . چۆن چۆنی کەسێك دەبێتە خەلیفە ، بابەتێکە پاشتر باسی دەکەین . لە کن هەندەك تەریقەت ، دەشێت خەلیفەکانیش ببنە شێخ و وەك مورشیدێکی سەربەخۆ دەستبەکاربن و خەلیفە بۆخۆیان ڕاگرن . لەکن بڕێکی دی ، ڕێگەی ئەوە نادرێت . تەریقەتی قادری لە کوردستاندا ، لەم جۆرەیانە . لە حاڵەتی زۆر دەگمەندا نەبێت ، کە تەنها کوڕە شێخان ، دەتوانن ببنەوە شێخ ، ئیدی خەلیفە ئەو مافەی ناکەوێت . رەنگە کوڕە خەلیفە ، ببێتەوە خەلیفە ، وەڵێ لەو حاڵەتەشدا ، دەبێت شێخێك وودمی بداتیٚ . بەلاٚم لەکن

تەریقەتی نەقشبەندیی پێچەوانەی ئەوەیە ، زۆر ئاساییە ، ئەو خەلیفەیەی وودمی وەرگرتبێت ، دەتوانێت ببێتە مورشیدێکی سەربەخۆ . هەر ئەو خەسڵەتە بوو ، لەسەدەی نۆزدەهەمدا ، بواری ئەوەی بۆ تەریقەتەکە رەخساند ، زۆر بەخێرایی پەل و پۆ بهاوێژێت .

## 4.3.5 شیکردنەوەیەکی دیکەی سیلسیلە :

ئەوڕۆکە ، مەبەست لە سیلسیلە ، ئەو زنجیرەیەیە کە لە ڕێگەیەوە بەرەکەتی خودایی ، بەسەر مورىدەکاندا دادەبارێت : لە خوداوە بۆ پەیامبەر ، لەوەوە بۆ پیاوە پیرۆزەکانی پاش خۆی ، تا دەگاتە سەر شێخی ئەوڕۆ ، لەویشەوە بۆ خەلیفە و لە خەلیفەکانیشەوە بۆ مورىدەکان . هەمانکات ، ئەو زنجیرەیە ، کەوەك جۆگەیەك بۆ گەیاندنی بەرەکەتی خودایی ، دەنوێنێت ، پێویستە بە سیلسیلەیەکی باوەڕپێکراوەوە پەیوەست بێت و دەبێت هەرکەسە و لایەنی کەم، سەر بەشێخێك بێت ، تا لەڕێگەیەوە ، بەرەکەتی خودایی پێبگات و لێی بێبەش نەبێت . بۆیە ، تا ئەوڕۆکەش ، لەبرێك شوێنی کوردستان گوتەیەك باوە ، دەڵێت : " ئەوەی شێخێکی نەبێت ، شەیتان شێخێتی " . ئەوە جۆرە بیرکردنەوەیەکە ، دیارە شێخەکان لە کوڵی دڵەوە پشتگیریی دەکەن و پێیانخۆشە.

## 4.3.6 کەرامات :

ئەو مەرجەی کە گوایە بەرەکەتی خودایی ، تەنها لە رێگەی شێخەوە دەگات ، پێویستی بە بەڵگەیەك هەیە ، بیسەلمێنێت ، گوایە ئەو شێخە بەڕاستی لە هەڵبژاردە و نێزدیکەکانی خودایە و دەتوانێت بەرەکەت ببەخشێتەوە . ئەوەش لەڕێگەی ئەوەوە دەسەلمێت ، کە ئەو کەسە پیرۆزە ، نوورانییە ، خۆشەویستەی خودا ، کارێکی سەرسووڕهێنەر بکات ، یانی " پەرجوو" یەك بنوێنێت . ئاشکرایە پەرجووش ، بەڵگەیەکی ئاشکرا و ڕوونە ، بۆ ئەوەیە پێشاندرێت کە گوایە ، ئەو کەسە "کەرامات " ی هەیە . هەڵبەت کەراماتی شێخێکی مەزنی

پیرۆز ، پاش مردنی خۆشی هەر بڕەکات ، چونکە جەستەکەی لەگۆڕدایە و دەبێتە جێنزرگە و بە کەراماتی خۆی نەخۆش چاکدەکاتەوە و بە هانای‌خەڵکییەوە دەچێت و پێشبینی پێشهاتەکان دەکات . [١٦]

ئەو پەرجووانەی کە لەدەستەلاتی کەراماتی شێخ دان ، زۆر و فرەچەشنن : هەندێکیان بەلای ئەوروپاییەکانەوە هیچ سەیر و سەرسووڕهێنەر نین ، ( وەکی تیمارکردنی بڕێك زام ، کە خۆیان پاش ماوەیەك ، خۆبەخۆ ساڕێژدەبن ، یاخود گێڕاندنەوەی گوناهکارێك ، بۆ سەر ڕێگەی ڕاست ) ، بڕێکیشیان دەچنە خانەی زانیارییە میللی و نەریتییەکانەوە ، ( وەك شارەزایی لە گژ و گیا و دەرمانسازییدا) ، بڕێکی دیکەیان بریتین لە وەعز و تەلقین و هەتا فریودان و چاوبەست و چاوشارکێ و دەهۆبازییش . زۆربەی ئەوروپاییەکان هەندەك لەو کەراماتانە ، بە ئاکامی ڕێکەوتێکی ڕووت دەزانن ، ( وەك نوێژەبارانە ، چونکە خەڵکیی زۆر زوو ئەوە لەبیردەکەن ، کە نوێژکردنی چەندین جاریان بێ ئاکام بووە ، بەلآم تەنها ئەو چەندجارە کەمەیان لەیادە ، کە بەڕێکەوت باران باریوە ) . ئەو هەندە کەراماتانەش کە دەمێننەوە و ناتوانرێت هەروا ئاسان قتکرێن ، دەچنە خانەی دیاردە نادیار و نائاساییەکانەوە paranormal . بڕێك شێخ ، هەڵبەت ژمارەیەکی هێجگار کەمیان ، پێدەچێت توانای دووربینیی و پێشبینیی و خەونبینییان هەبێت . ( بڕوانە بەسەرهاتە سەرسووڕهێنەرەکانی شێخ سەیدا ، لەبەندی چوارهەمدا ) . دیارە ئەو کەسەی شێخێك هەڵدەبژێرێت ، (هەرچەندە ڕەنگە ووشەی " هەڵبژاردن " زۆر گونجاو نەبێت ، چونکە هەر خێڵە و شێخی خۆی هەیە ) ، هەوڵدەدات لەچاکی و بەتوانایی شێخەکەی دڵنیابێت . ئەمە وا دەکات ، بەسەرهات و ڕووداوی سەیرسەیر لە شێخ بگێڕنەوە و لە هەموو گێڕانەوەیەکیشدا ، گێز و گوڵنکەی زێتری پێدادەکەن و ئەوەندەی دیکەشی پێوەدەنێن . هەر ئەوەشە زۆرجار ، ڕێگە بۆ ململانێ و دژایەتی نێوان لایەنگرانی شێخە جۆربەجۆرەکان خۆشدەکات . لە خوارەوە چەند نموونەیەك دێنمەوە .

### 4.3.7 شێوازی جۆراوجۆر و بنەمایەکی یەك توخمی تەریقەتەکان :

لە کاتێکدا ، بۆ زانستکارە ئەوروپاییەکان ، بە پلەی یەکەم ڕەچەڵەك و واتا و گەشەی زاراوەکانی وەك : تەریقەت ، سیلسیلە ، مورشید و ووشە نێزدیکەکانیان گرنگن ، بۆ دەروێشەکان ، گرنگ ، ئەو سیلسیلە نەگۆڕەیە کە تەریقەتەکەی لێوەرگرتووە . برێك لەو گۆڕانکارییانەی ئەوروپاییەکان پێیان سەرسامن ، ئەوانیش دانیانپێدادەنێن ، وەڵێ بە ناڕاستیان دەزانن ، چونکە ئەوانە بە عیرفان نازانن و عیرفان بە شتێکی ئەزەلیی دەقگرتووی نەگۆڕ تێدەگەن و ڕێگەی توێژینەوەی بە کەسانی دوورەپەرێزی نادەن . لەکن کەمخوێندەوارێکی لایەنگری یەکێك لە تەریقەتەکان ، عیرفان لەتەك نەریتێکی بالاّی سۆفیزمدا ، بوارێکە ، دوورەپەرێزێك ناتوانێت وەك پێویست تێبیگات و پەیپێبەرێت ، چونکە بە پەشم و خەرافاتی دەزانێت . ڕێنماییەکانی عیرفان ، گۆڕانیان بۆ نییە ، چونکە خودا خۆی تاك و تەنها و نەگۆڕە . چونکە محەمەد ، دواهەمین پەیامبەرە و دواهەمین کەسە کە تەریقەتی لا ئاشکرا کراوە ، گشت ڕستی زنجیرەی سیلسیلەکانیش ، هەر ڕێگە دەبەنەوە سەر ئەو .

هەرچەندە گەر سەرپێیی و رووکەشانە بڕوانینە مەسەلەکە ، بوونی ئەو هەموو تەریقەتانە ، شێوەی تاك و تەنهایی خودا ، دەشێوێنێت ، بەلاّم لە راستیدا ئاوها نییە ، چونکە هەر هەموویان چەند ڕێچکەیەکی هاوچەشنن و بەرەو هەمان ئامانج دەچمێن . کە هەر مورێدێکی کاڵفام هەڵدەستێت ، تەنها تەریقەتەکەی خۆی ڕەواج پێدەدات و لە هەمووان چاکتر پێشچاوی دەخات ، نیشانەی ئەوەی لێدەدرەوشێتەوە ، کە گشت تەریقەتەکان دەبێت چوونیەك چاکبن و پەسەند بکرێن . لە حاڵەتێکدا گەر هێرش و شالاّویش دەستپێکرد ، نابێت دژی تەریقەتەکە بێت ، بەڵکە دژی شێخەکەی ، چونکە ئەوە ، ئەو تەریقەتە چاکەی بنکۆڵ و گەندەڵ کردووە .

چەندین تیۆری بۆ ڕوونکردنەوەی تەریقەتە زۆرەکان و ڕێچکە و ڕێبازە جوداکانیان ، لە ئارادان ، خاڵی هاوبەش لەنێوان هەموویاندا ، سیما

نامێژووییەکەیانە . شێخێکی قادری بۆیگێڕامەوە ، گوایە گشت لە گشتی تەریقەتەکان ، لقی چوار تەریقەتە سەرەکییەکەن کە لە پەیامبەرەوە ، بە چوار خەلیفە یەك لەدووی یەکەکانی پاشخۆی سپێردراون . بەو پێیە ئەبوبەکر : تەریقەتی نەقشبەندیی پێبڕا ، عومەر : کوبراوییە ، عوسمان : سوهرەوەردییە ، عەلی : تەریقەتی قادری . کەواتە بنەچەی نەقشبەندیی و قادری ، سیلسیلەکەیان دەگەڕێتەوە بۆ ئەبوبەکر و عەلی . وەلێ گێڕانەوەی ڕیشەی کوبرەوییە و سوهرەوەردییە ، بۆ عومەر و عوسمان ، داهێنراوی کابرای شێخ خۆیەتی . ئەو دوو تەریقەتە ، لە کوردستاندا نیین و لەسەرچاوەکانیشدا هیچ هێما و نیشانەیەکی پەسەندکردنی ئەو دوو ڕێبازەم پێشچاو نەکەوت . [17]

شێخێکی قادریی دیکە ، جوداوازیی تەریقەتەکان و چوار خەلیفەکەی ئاوها بۆ لێکدەدامەوە : پەیامبەر ، هەرخەلیفەیە و تەریقەتێکی پێسپاردووە . لەبەر ئەوەی ئەبوبەکر پیاوێکی ژیر و ئارام و هێدی و لەسەرخۆ بووە ، بە بێدەنگیی قورئانی دەخوێند و لێڕادەما ، تەریقەتی نەقشبەندیی پێسپارد ، بۆیە لەو تەریقەتەدا ، ئێستاش هەرا و هووریا و هەڵپەڕکێ و سەما نییە ، بەڵکە هێور و ئارام ، خەریکی قووڵبوونەوە و تێفکرینی خۆیان دەبن . لێ لەبەر ئەوەی عەلی ، پیاوێکی عەگید و بزێو بوو ، قورئانی بەدەنگی بەرز و ئاشکرا دەخوێند و کافرانی پێ تووڕە و قاڵس دەکرد و هەربەو جۆرەش هێنانییە سەر ڕێگەی ڕاست، بۆیە تەریقەتی قادریی بەو سپارد . زیکر و تەهلیلەی ئەم تەریقەتە ، بە تەپڵ و دەفەوەیە و دەبێتە هەرا و زەنا و سەما و سەربادان و چەقۆ و شمشێر هەڵسووڕاندن و ماری ژەهراوی لە گەردن ئاڵاندن . [18]

## 4.4 مێژووی تەریقەتی قادری ، وەکی نموونەیەك :

ئەو گەشە و گۆڕانکارییە مێژووییانەی بەسەر تەریقەتە سۆفییەکاندا هاتوون کە پێشتر باسمانکردن ، هێجگار لەسەرەخۆ و یەك لەدووی یەك و قۆناغ لەدووی قۆناغ بوون ، نەك هەموو پێکڕا و بەیەك شێواز .[19] وەلێ ناتوانین تاقە یەکێك لەو

قۆناغی گواستنەوە و گۆڕانکارییانە دەستنیشان بکەین و بەووردی خەسڵەت و سیمایان دیاریی بکەین . مێژووی ژیانی ئەو کەسانەی گوایە دامەزرێنەری ئەو تەریقەتانەن ، روون و بێ گرێ و گۆڵ نیین و سەرشێوێنەرن ، چونکە لەبەر گەلەك هۆی شاردراوە و نادیار ، زۆربەی جار ، پاش مردنیان دەرکەوتووە کە ئا ئەو پیاوە نوورانییانە ، دامەزرێنەرین . شێخ عەبدولقادری گەیلانی ، کە تەریقەتی قادریی بە نێوی ئەوەوەیە ، باشترین نموونەیە . ئەوەی بە دڵنیایی لەبارەی ژیانییەوە دەیزانین ، پێچەوانەی هەموو ئەو چیرۆك و داستان و ئەفسانە دروستکراوانەن ، کە پەیڕەوانی تەریقەتەکە دەربارەی دەیگێڕنەوە . ( تایبەت لە کوردستاندا ، گەلەك سەرگوزشتە و بەسەرهات لەبارەی ژیان و کەراماتییەوە ، دەماودەم دەکەن . مەزارەکەشی لەبەغداد ، لەهەموو مەزارێك زێتر ، زیارەت دەکرێت ) . عەبدولقادر ساڵی ١٠٧٧ لە گیلان لەدایك بووە و ساڵی ١١٦٦ کۆچی دوایی کردووە .[20] هەر بە خورتی و لاوێتی چۆتە بەغداد و بۆتە فەقێ و ڕێبازی حەنبەلی پەیڕەوکردووە . بەڵگەنامە هەن ، دەریدەخەن ، کە لەسەرەتای لاوێتیدا دژە سۆفیزم بووە و لە تەریقەت بێزاربووە و دۆستایەتی نەکردوون . لەنیوەی تەمەنیدا ، ئەوجا رووی لە سۆفێتی کردووە و ڕێنماییەکانی پەسەندکردوون و چەندین ساڵ چۆتە بیابان و وەك زاهیدێك لە خەڵوەت دا ژیاوە . بە پەنجا ساڵیی، بۆتە واعیزێکی ناسراو و بەنێوبانگ ، بەڵام ئەودەم هێشتا نەبۆتە مورشید .[21] یەکەم هەواڵ دەربارەی پیرۆزێتی و ئەو پەرجووانەی نواندوونی، سەدەو نیوێك پاش مردنی نوسراون . لە دەوروبەری ساڵی ١٣٠٠ ەوە ، بەڵگە لەبارەی دامەزراندنی چەند تەکێیەکی قادرییەوە ، لە عێراق و سوریا هەن. بلاوبوونەوەی تەکێی قادری بەهەموو جیهانی ئیسلامدا ، رەنگە بەر لە سەدەی پازدەهەم نەبووبێت .[22] داوی پەیوەندیی لەنێوان شێخ عەبدولقادر و ئەو تەریقەتەی لە کوردستاندا بە نێوی ئەوەوەیە ، ئاشکرا نییە . یەکێك لە خانەوادەی شێخە نێودارەکانی ناوەندی کوردستان ، کە ( ساداتی نەهری ) ن ، خۆیان بەوەچەی شێخ عەبدولقادر دەزانن ، ئەویش لە ڕێگەی عەبدولعەزیزی

کوڕییەوە ، کە گوایە وەکو مورشیدێکی تەریقەتەکە ، ڕووی لە کوردستانی ناوەند کردووە ، کە جێگەی گومانە .

ئەوەی زێتر ڕێی تێدەچێت ، بنەچەی یەکێك لە خانەوادەی شێخە قادرییە نێودارەکانی کوردستانە ، کە ساداتی بەرزنجەن . دەوروبەری ساڵی ١٣٦٠ ، دووبرای سەیید ، سەیموسا و سەیعیسا ، لە هەمەدانەوە ، ڕوو لە شارەزوور دەکەن و لە بەرزنجە دەگیرسێنەوە . گوایە ئەوان تەریقەتی قادرییان لە خوارووی کوردستاندا بڵاوکردۆتەوە . سەیموسا بە وەجاخ کوێری سەرینایەوە ، شێخانی بەرزنجە ، لە سەیعیسا کەوتوونەوە.[23] ساداتی نەهری و شێخانی تاڵەبانی لێدەرچێت ، ئیدی سەرلەبەری شێخانی قادریی کوردستان ، سەیعیسا ، کە بڕێکجار (قووتبلعارفین) یشی پێدەڵێن ، لە خانەی درەختی ڕەچەڵەکی خانەوادەکانیاندایە .

لە خوارەوە نموونەیەکی ئاسایی سیلسیلەیەکی قادری پێشچاو دەخەم ، ئەویش سیلسیلەی خەلیفە حاج سەیید وەفا سەلامی سنەییە . ئەم سیلسیلەیە لە کۆڕی زیکری حەفتانەدا ، بەدەنگێکی زوڵاڵ دەخوێندرێتەوە و لەسەر دیواری خانەقاش تۆمارکراوە . ئەم سیلسیلەیە تاڕادەیەکی زۆر کورتکراوەیە و لێبڕاوە، چونکە تەنها نێوی کەسە نێودار و گرنگەکان تۆمارکراون . جگەلەوە ، گەوەکانی ئەڵقەی زنجیرەکە ، بەشێوەیەکی ڕاست و دروست ، یەك لەدووی یەك ، جووتبەند نین . بڕێك لەو پیاوە نوورانییانە ، هەتا بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆش موریدی ئەو مورشیدانە نەبوون ، کە نێوەکانیان پێش نێویان کەوتوون . سیلسیلەکە بە نێوی خودای خوڵقێنەری هەمووشتەوە ، دەستپێدەکات و دەڵێت : ئێزدان بە فریشتە جوبرائیل دا ، قورئان و واتا پەنهانییەکانی بۆ پەیامبەر ناردە خوارەوە ، ئەو واتا پەنهانییانە ، ئەو عیرفانەیە ، کە بەم سیلسیلەیە ڕاگەیەندراوە :

١- محەمەد
٢- عەلی

٣- حەسەنی بە صری
٤- حەبیبە عەجەم
٥- داوودی تائی
٦- مەعروفی کەرخی
٧- جونەیدی بەغدادی
٨- ئەبوبەکر شبلی
٩- عەلی هەکاری
١٠- ئەبو یوسفی تەرسوسی
١١- ئەبو سەعید مەخزونی ئەلموبارەکە
١٢- عەبدولقادری گەیلانی ( قوتب )
١٣- عەبدولجەبار ( کوڕی عەبدولقادر )
١٤- ئەحمەدی روفاعی ( قوتب )
١٥- ئەحمەدی بەدەوی ( قوتب )
١٦- ئیبراهیمی دەسسوقی ( قوتب )
١٧- عیسا بەرزنجی و موسا بەرزنجی
١٨- ئیسماعیلی ولیانی
١٩- عەلی کۆسە دۆڵپەنبە
٢٠- حسەین ( کوڕی عەلی کۆسە )
٢١- حاجی سوڵح عەبد سسەلام ( کوڕی حسەین )
٢٢- حاج سەیید وەفا سەلامی

بە پێچەوانەی زۆربەی سیلسیلەی نەقشبەندییەکانەوە ، کە زنجیرەیەکی ، پێکەوە بەندی ، چاك داڕێژراوی ، باوەڕپێکراو ڕست دەکەن ، لە نێوان گەوەی ئەڵقەکانی برێك لە پیاوە نوورانییەکانی ئەم سیلسیلەیەدا ، بۆشایی وای تێدەکەوێت ، کە بە شێخانی پیرۆزی چەندین وەچە ، پڕ نابنەوە . تاقە هۆکاریشی ئەوەیە ، وەك لە زۆربەی زۆری ڕەچەڵەکسازییەکاندا باوە ، تەنها نێوی پیاوە

نێودار و گرنگەکان ڕست کراون . هەر بۆ نموونە ، لە سێیەکی کۆتایی ئەم سیلسیلەیەدا ، لە عیسا و موسای جووتەبراوە بڕوانە ، ئەو کەلێن و کەلەبەرانە ، ئاشکرا دیارن و زەق زەق دەدرەوشێنەوە .

دەشێت ئەو کەند و کەلێنانە ، هۆکارێکی دیکەشی هەبێت . عارفێك هاودەمی شێخێك بووە و لەکن ئەو خوێندوویە و ئیجازەی لەو وەرگرتووە ، وەلێ جار بووەو زۆر جاریش ڕوویداوە ، ئەو عارفە ، تەریقەتی لە شێخێکی زۆر لەمێژ مردە وەرگرتووە ، ئەویش لەڕێگەی زیندەخەون و خەیاڵاتەوە . ئەو جۆرە پەیوەندییانە، لە پەیوەندییە ئاساییەکان زۆر گرنگتر و لەپێشترن و ئەو کەسانەی لە سیلسیلەکەدا نێویان بکەوێتە نێوان نێوی ئەو دوانەوە ، دەمودەست نێویان دەسڕدرێتەوە و تووڕدەدرێن . بەو جۆرە دەتوانرێت نێوی شێخانێك بترێنجرێتە سیلسیلەکەوە ، کە هەرگیزا و هەرگیز و هیچ کات پەیوەندییان بەو تەریقەتەوە نەبووە ، وەلێ نێو و نێوبانگێکی چاکیان هەبووە و ئیماندارێکی ڕاستەقینە بوون و پەیوەندیی پێیانەوە سوودبەخش و چاك بووە و ڕەنگە توانرابێت لەتەك نێویانداو لەژێر تارا و ڕووپۆشی ئەو پەیوەندییە نادیارەدا ، بەپەنهانی ، زۆر کاری ناڕەواش بکرێت . ئەو هێڵ و سنوورەی ، ئیمان و باوەڕ بە پەیوەندیی و پەیوەستێکی ڕۆحی ڕاستەقینە ، لە پەیوەندییەکی ساختەی ، بەدرۆ هەڵبەستراوو بە زیندەخەون نێوبراو جودا دەکاتەوە ، هێجگار باریك و ناسکە .

خزانە نێوی جونەیدی بەغدادی لەو سیلسیلەیە ، ڕەنگە بتوانرێت بە جۆرێك لە دەستکاریکردنەکانی ئەو سەردەمە لێکبدرێتەوە . جونەید ، کە نموونەی هێوڕڕەوی و پەیڕەوکردنی شەریعە و یاساو ڕێساکانی ئاین بووە ، نێوی لە زۆر سیلسیلەدا هاتووە ، بە پێچەوانەی ئەبویەزیدی بەستامییەوە ، کە نموونەیەکی چاك و گەشی عارفی و شەیدایی و مەدهۆشی بووە ، بە دەنگێکی زوڵاڵی دوور و داماڵراو لە هەست و باوەڕی گشتیی ڕەشەخەڵکەکە ، بانگی عیرفانی خۆی هەڵدەدا و لایەنی کەم هێندەی جونەید و زێتریش ، نێو و نێوبانگی هەبووە ، کەچی لەتاقە یەکێك لەو سیلسیلانەدا ، نێوی نەهاتووە . (24)

ڕستی زنجیرەی سیلسیلەکان ، تا دەگاتە جونەید ، هەموویان چوونیەکن ، (بۆ نموونە بڕوانە ئەو سیلسیلە کۆنانەی Trimingham : ١٩٧١ ، لە ل ٢٦٢ دا ، نووسیونی ) . Trimingham ، دەنووسێت ، لەو سیلسیلانەدا ، تا سەدەی یازدەهەمیش ، نێوی عەلییان تێدانییە . بە پێی دێرینترین سیلسیلەی تۆمارکراو، حەسەنی بەسری ، تەریقەتەکەی لە ئونس بن مالیك وەرگرتووە ، ئەویش ڕاستەوخۆ لە محەمەد خۆیی وەرگرتووە. ( بڕوانە سەرچاوەی پێشوو ، ل ٢٦١ ) .

لە دوو خانەقای دیکەوە ، ( یەکێ لە سنە و ئەوی دی لە مەهاباد ) ، هەندەك سیلسیلەی دیکەی ماقوولم چنگ کەوت ، کە دەڵێن : گوایە عەبدولقادری گەیلانی ، لەڕێگەی ئەو پیاوە نوورانییانەوەی بۆی تۆمارکراون نا ، بەڵکە ، لەڕێگەی یەکەم حەوت ئیمامی ، دوازدە ئیمامەکەی شیعەکانەوە ، بە عەلییەوە پەیوەستە . ئەوە خۆی لە خۆیدا ، شتێکی سەیر نییە ، چونکە سەیعیسا و سەیموسا ، نەوەی حەوتەمین ئیمامی شیعەیان ، ئیمام موسای کازمن ، دیارە ئەو سیلسیلانە زێتر پشتیان بە بنەمای خانەوادەیی بەستووە ، نەك سیلسیلەی ڕۆحانی. (25)

بەهەرحاڵ ، بە بۆچوونی شیعەیان ، ئیمامەکانیان هەڵگری بنەمای عیرفان و زانستی پەنهانیین ، بۆیە بڕێك شێخیان ئەو سیلسیلەیە هەڵدەبژێرێت و بڕێکی دی ئەم سیلسیلە . لەتەك ئەوەشدا ڕەنگە هاندەری سیاسییشی لەپشتەوە بێت . ئێران وولاتێکی شیعەیە و شاری سنەش ژمارەیەکی چاك شیعەی لێدەژین ، هەرچەندە نێزیکەی هەمووکوردەکانی ئەوێ سوننین . قادرییەکان ، تایبەت ئەوانەی سنە ، بە دڵفراوانی و میهرەبانییان لە ئاستی ڕێبازی شیعەگەرێتیدا بەنێوبانگن . ئەوانیش و دەروێشی تەریقەتی شیعە نیعمەتوڵلاییەکانیش ، جارجارە دەچنە کۆڕی زیکری یەکدییەوە . ئەو دڵفراوانییەی لە ئاستی یەکدیدا شیعە و سوننەی دژەیەك پێشانیدەدەن ، ئەوە دەردەخات ، کە جوداوازیی

نێوانیان ، تەنها لە ڕووکەشدایە ، نەك لە ناخدا ، هەر ئەو لایەنەش بۆ تێڕوانین و بۆچوونی دەروێشێك گرنگە .

ئەبوبەکری شبلی ، یەکێك لە موریدەکانی جونەید ، لەو سیلسیلەی قادرییەشدا کە ( Brown ، ١٨٦٨ ، ل ٥٠-٥١ ) ، تۆماری کردووە ، نێوی هاتووە ، هەروەك ئەبو سەعید مەخزونی ئەلموبارەکە ، ( پێدەچێت نێوەکەی لە: ئەبو سەعید موبارەك موخەڕەمییەوە هاتبێت ، کە نێوی مەلایەکی حەنبەلییە و نێوی شێخ عەبدولقادر زۆر لە خوار نێوەکەیەوە دێت ، ماموستای عەبدولقادر بووە ، بەلام لە سۆفێتیدا نا ، بەڵکە لە شەرعی حەنبەلیدا . جووتە ناوی عەلی هەکاریی و ئەبو یوسفی تەرسوسی ، لە هیچ یەکێك لەو سەرچاوانەی دیدا ، کە من دیتوومن، نەهاتوون . لە گشت ئەو سیلسیلانە دا ، کە من نووسیومنەوە ، ئەو دوو سەدەیەی دەکەونە نێوان پەیدابوونی عەبدولقادر و بلاوبوونەوەی تەریقەتەکەی لە کوردستاندا ، تاریك و تەم و مژاوییە و نابڕێنەوە سەریەکدی . عەبدولجەبار ، کوڕی عەبدولقادرە ، لە سەرچاوەکاندا هەر هیچی دەربارە نەنوسراوە . کە نێوی خزاوەتە سیلسیلەکەوە ، پێموایە زێتر بەهۆی لەبەرچاویی گۆڕەکەیەوە بێت ، کە کەوتۆتە ڕێڕەوی مەرقەدی بابییەوە و وەك پاسەوان لەبەردەم ئەو جێنزرگە جمکوتەدا ، قیت و زرپ و زۆپ وەستاوە . سیانەکەی پاش ئەو ، ڕەنگە فڕیان بەسەر تەریقەتی قادرییەوە نەبێت : ئەحمەد ئەڕریفاعی ، هاودەمی عەبدولقادر بووە و ساڵی ١١٠٦ لەدایك بووە و ١١٨٢ مردووە ، یەکێك بووە لە پیاوە نوورانییە هەرە خۆشەویستەکانی خوارووی عێراق ، هەر لەسەردەمی ژیانی خۆیدا ، ژمارەیەکی هێجگار زۆر لایەنگرانی هەبووە و بەڕاستی بەدامەزرێنەری تەریقەتی ریفاعی دادەنرێت . ( بەدەروێشە هەرا و هوریا کەرەکان ، ناسراون ، بەهۆی ئەو قاو و قیژەوەی لە کاتی زیکردا دەیکەن و ئەو کارە نائاساییانەی دەیکەن ، وەك بەسەر سکلدا ڕاکردن ، زرك و کێرد لەخۆدان... هتد . [26] پێدەچێت ئەو واتەواتانە ، ڕاستبن ، کە گوایە پەیوەندیی خزمایەتیش لەنێوان عەبدولقادر و ئەحمەد ئەرریفاعیدا هەبووە و هەتا جار جارە

بە مام و برازاش نێویان بردوون (Brown : ١٨٦٨ ، ل ٥٢ ) . لەو ئەفسانانەی دەربارەی ریفاعی دەیگێڕنەوە ، ئەوەیە کە گوایە مورشیدی عەبدولقادر بووە ، هەرچەندە لە سەرچاوە و بەڵگەنامە مێژووییەکاندا ، تاڵی داوی ئەو پەیوەندییە بەدییناکەین . [27]

ئەحمەد بەدەوی ، ( ژمارە پازدە ) و ئیبراهیم دەسسوقی ، ( ژمارە شازدە ) ، دامەزرێنەرانی تەریقەتی میسریین ، کە پێدەچێت لە عێراقدا هێجگار کز و لاواز بووبن . گوایە دەبێت موریدی ریفاعی بووبن ، هەرچەندە لەڕووی کات و مێژووەوە نەشیاو و نەگونجاون.[28] تۆمارکردنی نێوی ئەودوانە لەم سیلسیلەیەدا، لای من مەتەڵێکە بۆخۆی . لە سیلسیلەی قادرییەکانی دیدا کە کۆمکردوونەوە ، نێوی ئەو دوانەیان تێدا نییە . رەنگە نێوی ریفاعی بەهۆی لێکچوونی شێوازی زیکر و تەهلیلەی تەریقەتی ریفاعی و تەریقەتی قادرییەوە، پەڕیبێتە ئەوێوە: زیکرێکی بەهەرا و هوریا ، سەرباردان و سەماکردن بەپێوە ، زرك و چەقۆ و شمشێر لەخۆدان ، قووتدانی شووشە و بزمار ، هەڵقوڕاندنی ژەهرە مار....هتد.

تەریقەتی ریفاعییە ، زێتر بەو جۆرە زیکرانە نێوی دەرکردووە ، نەك قادری . Brown لە بەرهەمە سەنگینەکەی خۆیدا ، کە دەربارەی تەریقەتە دەروێشییەکانی ئیمپراتۆرێتی عوسمانیی نووسیویە ، کە باس لەو جۆرە زیکرە دەکات ، قەت لەو ڕووەوە قامك بۆ تەریقەتی قادری ڕاناکێشێت . نە بیستوومە و نە لە هیچ جێگەیەکیش خوێندوومەوە ، تەریقەتی قادری ، لە کوردستان بەدەر ، ئەو جۆرە زیکرە بکەن . بۆیە هیچ بەدووری نازانم ، کە تەریقەتی قادریی کوردستان ، (لەسەردەمی نوێدا ) ، نەکەوتبێتە ژێر تین و تاوی تەریقەتی ریفاعییەوە.[29] هێندەی من بزانم ، تەریقەتی ریفاعی ، لە خاکی کوردستاندا ، هیچ خانەقایەکیان نییە ، وەڵێ وەك چەند کەسێك بۆیانگێڕامەوە ، دوور نییە لە کۆندا ، تەکێیان نەبووبێت . ئەو جۆرە تەکێیانە ، لە وولاتانی دراوسێی نێزیکی کوردستاندا ، لە سوریا و عێراقدا ، هێشتا هەرماون .

ئـەم سیلسـیلەیەش ، وەکـی هـەموو ئـەوانی دی ، بۆمـان ڕوون ناکاتـەوە ، جووتـەبرا ، عیسـا و موسـای بـەرزنجی ، چـۆن چـۆنی و لەکامـە سەرچـاوەوە ، تەریقەتەکـەیان وەرگرتـووە . [30] لـەو لیسـتە دوور و درێـژەدا کـە Trimingham بـۆ لق و چڵ و پۆپـەکانی تەریقەتی قادریی کردووە ، هیچ باس لـەو لقە کوردانەیە ناکات ، ( بڕوانـە : هـەمان سەرچـاوە ، ١٩٧١ ، ل ٢٧١-٢٧٣ ) . منـیش لـە هـیچ یـەکێك لـە سەرچـاوەکاندا ، شـتی لەوبابەتـەم نـەدیت . ئـەو جـوداوازی و پەرتەوازییـەی لقە کوردییەکـە ، ڕەنگـە هۆکـەی بگەڕێتـەوە بـۆ تایبەتمەنـدێتی تەریقەتەکە لەکوردستاندا .

پێدەچێت لـە پـاش سەیعیسا ، ئیـدی تەریقەتەکـە ، هـەر لەبابـەوە بـۆ کـوڕی مابێتەوە ، ( نەك لـە شێخەوە بۆ مورێـدێکی پەسـەندکراوی) . ئـەدمۆنس ، لـە ل ٧٠ی کتێبەکـەی سـاڵی ١٩٥٧یـدا دەنووسـێت :" جگـە لـە تاڵەبانییـەکان ، ئیـدی تەواوی شێخەکانی تەریقەتی قادریی خوارووی کوردستان ، وەچەی بابەڕەسوڵی گەورەن ، کە نـەوەی نۆهـەمین وەچەی سەیعیسایە ". بابە ڕەسوڵ هـەژدە کوڕی هـەبووە ، لەوانـە تـەنها شەشـیان جێپێـی ئـەویان هـەڵگرتووە و ئـەو شەشـەیان بوونەتە شێخ . ئەو وەچە نوێیانەش وەچەی نوێتریان لێکەوتۆتەوە و ژمارەیەکی هێجگـار زۆر نـەوەیان خسـتۆتەوە و زۆر خانـەوادە و چـڵ و پۆپیـان بەتـەواوی کوردسـتاندا تـەرزیان فڕێـداوە و بڵاوبوونەتـەوە و شـێخی زۆریـان هێشـتا هـەر خەریکە تەقوان .

داوێنی سیلسیلەکە ، پلەی خزمایەتی شێخ لەگەڵ لقەکانی دیکەی شێخانی بەرزنجە دا ، پێشاندەدات .

درەختی سیلسیلەی ڕەچەڵەکی شێخانی بەرزنجە ، لە پاشکۆی ئەم بەندەدا ، دەبینیـت . عـەلی کۆسـەی دۆلپـەموو ، لـە سـەرەوە بێتـە خـوار ، لـە خانـەی نۆزدەهەمیندایە . یانی وەچەی سێهەمە ، لە بابە ڕەسووڵەوە .

## 4.5 پیرۆزییەکانی دی کوردستان :

گەر چاو لەو کەمۆکە ئاوارتانەی سەرەتای سەدەی نۆزدەهەم بپۆشین ، ئیدی تەریقەتی قادریی ، چالاکترین تەریقەتی کوردستان بووە و شێخەکانیان تاقانە ڕێبەری ئاینیی گرنگ بوون . سەردەمانی زوو ، بڕێك تەریقەتی دی لە شارەکانی کوردستاندا هەبوون ، ئەولیا چەلەبی لە ناوەڕاستی سەدەی حەڤدەهەمدا ، باس لە چەندین تەریقەت دەکات ، لە هەریەك لەو شارانەی گەڕاوە . جگەلەوانە ، هەمیشە پیاوچاك و نوورانی ئەوتۆ هەبوون ، کە ڕاستەوخۆ سەر بەهیچ تەریقەتێك نەبوون ، بەلام پلە و پایەی کۆمەلایەتییان ، هیچی لە پایەی شێخێکی تەریقەت کەمتر نەبووە . لەڕووی ئاین و عیرفانەوە ، پێشەوا و ڕێبەر بوون ، کاریگەرییەکی عەنتیکەیان لەسەر ئەو خەلکە هەبووە و کاتی کێشە و هەللاش ، نێوبژێوان بوون .

تەکیٚ و مەرقەدەکان ، بە سیمای سۆفییانەیانەوە ، بوونە یەکێك لە گەورەترین شوێنە پیرۆزەکانی ئیسلام و چەقی کۆبوونەوە و جێبەجێکردنی ئەرك و ئەرکانە ئاینییەکان و بڕێکیان بوونە زیارەتگە و جێنزرگە و پەرستگەی خەلکێکی زۆر و لەدوورەوە ڕوویانتێدەکردن .

ئەو قسن و جێنزرگە پیرۆزانەی کوردستان ، کە لەسەر ئاستێکی جیهانی ناسراون و من خۆم چووم و دیتوومن ، ئەمانەن :

– قسنەکەی وەیسی قەرەنی ، کە کەوتۆتە خوارووی خۆرئاوای بەتلیسەوە و یەکێکە لە جێنزرگە جمکوتەکانی تورکیا . وەیس ، عارفێکی یەمەنیی سەردەمی پەیامبەر بووە ، هەرچەندە قەت بەخزمەت پەیامبەر نەگەیشتووە ، بەلام قاو وایە، گوایە پاش مردنی ، بەزیندەخەون و خەیالٚ ، تەریقەتی لەو وەرگرتووە ، [31] بۆیە ئەو عارفانەی تەریقەت لەڕێگەی زیندەخەون و خەیالەوە وەردەگرن ، وەیسییان پێدەلێن . بە باوەڕ و بۆچوونی میللی کورد ، وەیسییەکان پلەوپایەیەکی بەرزیان هەیە . کە محەمەد گەشتەکەی ئاسمانی لە شەوی میعراجدا کرد ، گوایە وەیسی لەویٚ دیتووە ، چونکە ئەویش لەویٚ و بەڕێوە بووە .

– قسـەنەکەی سـلێمانی کـوڕی خالیـدی کـوڕی وەلیـد ، ئـەو فەرمانـدە موسـوڵمانەی یەکـەم کـەس بـوو سـوریا و بەشـێکی کوردسـتانی داگیرکـرد . جێنزرگەکەی ، لە قەلاّکۆنەکەی دیاربەکر دایە .

– گوندی تیلۆی نێزیکی سیعرد ، کە قسنەکەی ئیسماعیل فەقیروڵلای لێیە و یەکێکـە لـە شـێخانی تەریقـەتی قـادریی و فەلەکناسـێکی سـەرەتای سـەدەی هەژدەهـەم بـووە و یـەکێك لـە موریـد و بەرۆگرەکانیشـی لەتەکیـدا نێـژراوە و نێـوی ئیبراهیم حەققی ئەرزرۆمییە . چاکترین بەرهەمی فەقیروڵلا ، (مەعریفەتنامە ) یە و یەکێکە لە دواهەمین بەرهەمەکانی ، دەربارەی زانستە سروشتییەکان و فەلسـەفەو لاهووتە و پێناسینێکی تەریقەتی نەقشبەندییە ، بەلاّم نازانرێت داخـۆ ئیبراهیم حەققی ، تەریقەتەکەی بە کەسی دیکە سپاردووە ، یان نا .

– هەتا ئەوڕۆش ، خەڵکیی لە جزیرە ، دەچنە سەر مـەزاری شـاعیری سـۆفیی ، ئەحمەدی جزیری ، ( کە بە مـەلای جزیـری ناسـراوە و دەوروبـەری سـالاّنی ١٥٧٠ تا ١٦٤٠ ژیاوە ) . یەکێك بووە لە شاعیرە مەزنەکانی کورد و ڕەنگە گـەر لـەبریتی کـوردی ، بـە زمـانێکی دی هۆنراوەکـانی نووسـیبا ، لـەوەش بـەنێوبانگتر بایـە . دیوانـە نایابەکـەی ، کـە پـڕە لـە شـیعری سـۆفییانە ، لـەنێو ڕۆشـنبیرانی کـورد دا ، ڕەواجێکی چاکی هەیە . لـەنێو خەڵکـە ڕەشۆکییەکەشـدا ، وەك کەسـێکی خـاوەن کـەرامات و پـەرجوو ، ناسـراوە و تـا ئـەوڕۆش پـەرجووەکانی دەگێڕدرێنـەوە . بـۆ نموونە ، گوایە ئەو بەردەی لەسەری دانیشتووە و ئامۆژگاریی و ڕێنمایی ئـاینیی لێوە ڕاگەیاندووە ، هێند گەرم بووە ، ژنان نانیان پێوەداوە و برژاوە . مەزارەکـەی لە ( مەدرەسا سۆر ) ە و تا ئـەوڕۆش زیارەتگەیـە ، هەرچـەندە تـا ئێسـتا بـاس و خواسی هیچ پەرجوویەك لە مەزارەکەی ، نەبیستراوە . (32)

لەتەك ئەو پیاوە مەزنانەدا ، ژمارەیەك کەسایەتی گچکەتر هـەن ، کە بڕێکیـان عـارفی ڕاستـەقینە بـوون و هـەموو ژیـانی خۆیـان خـەریکی تـەقوا و خوداپـەرستیی بوون . بڕێکی دیکەش هەبوون ، پێچەوانەی ئەوان ، تینـووی نێـو و نێوبـانگ و دەسـتەلاّت پـەیداکردن بـوون و بـێ پـەروا و بـێ بـاك لـە هـەموو شـت ، نیازپـاکیی و

دڵسافیی لایەنگرانی خۆیان خراپ هەڵسووڕاندووە و سوودیان لێوەرگرتووە و بۆ مەبەستی خۆیان قۆستوویانەوە . زۆربەیان ، تاڕادەیەك ، هەردوو خەسڵەتەكەیان تێدا كۆبۆتەوە .

زۆربەی شارە گچكەكان و گوندە گەورەكان ، یەك قسن ، یاخود زێتر لە قسنێكی پیاوچاكانی ناوچەكەیان لێیە . زۆرینەیان نێوی ڕاستەقینەیان لەبیركراوە و تەنها شێخیان پێدەڵێن . گۆڕەكانیان نیشانەن بۆ هەیبەت و شكۆیان، خەڵكیی بۆ نزا و پاڕاننەوە و چاكبوونەوە لە نەخۆشیی و پاراستن لە مەترسی، دەچنە سەریان . خەڵكەكە پێیانوایە ، بڕێك لە مەزاری ئەو پیاوچاكانە، هێشتا كەراماتیان هەر بڕەكات و هەندێكیان بڕێك نەخۆشیی دەپەڕێنن ، یاخود نەزۆكیی ناهێڵن . ئەو جۆرە قسنانەی خاوەن كەراماتن ، زیارەتگەیان پێدەڵێن . زیارەتكەران ، زۆربەی جار ، شتێك پووڵ دادەنێن و تیسماڵێك لەبەرگەكەی خۆیان دادەدڕن و لە گۆشەیەكی قسنەكە ، یاخود لە درەختێكی نێزیكییەوەی دەپێچن ، وەلێ نالێن بۆچ ئەوە دەكەن ، ( ڕەنگە وەرامەكەی پێچەوانەی باوەڕ و ڕێنماییەكانی ئیسلام بێت ، ئەگەر هەر بیریشیان لێكردبێتەوە ) .

پێدەچێت بڕێك لەو شێخانە ، كە لە ژیاندا بوون ، دەستەلاتێكی چاكیان هەبوو بێت ، با وەكی راوێژكاری حوكمڕانانیش بوو بێت . هێندەی من پێبزانم ، هیچ خانەدانێك ، یاخود هیچ خەلیفەیەك ، ڕوونی نەكردۆتەوە ، بۆچ ئەو دەستەلاتەی لەنێو كۆمەڵگەدا هەیانبووە ، كات و شوێنەكەی ، مەودا و سنوورێكی دیاریكراویان هەبووە . با پاش مردنیشیان ، خەڵكی بچنە سەر مەزاریان ، مەسەلەكە زێتر گوزارە لە شێوازێكی خوداپەرستیی بێ كاكڵ و بێ ئاكام دەكات .

## 4.6 شێخانی قادریی كوردستان :

دەوروبەری ساڵی ١٨٠٠ ، تا ماوەیەكی دوور و درێژیش ، لە كوردستان ، تەنها دوو خانەوادەی خانەدانی شێخان هەبوون ، كە سەر بە تەریقەتی قادریی

بوون : ئەوانیش بەرزنجەییەکان و ساداتی نەهری بوون . ( نەهری گوندێکە لە هەکاری ) . چەندین هۆکار پێکرا ، بوونە هۆی ئەوەی دەستەلاّتی ئەو دوو خانەوادەیە ، درێژخایان بێت و لەوانی دی زێتر بدرەوشێتەوە و زێتر بڕ بکات .
هۆکاری یەکەم ئەوەیە کە بە شێخ عەبدلقادرەوە پەیوەستن ، ئەویش لە نێو کورد دا ، یەکێکە لە پیاوچاکە هەرە درەوشاوەکان و هەر بە غەوس ، یاخود بە مەزنترین و بەرزترین و پیرۆزترین عارف ، ناسراوە ، [33] تا وای لێهاتووە ، ئەو کەسانەی دەچنە حەج ، لە ڕێگەی چوونە مەککەیاندا ، لە بەغدا ، زیارەتێکی مەزاری شێخ عەبدولقادر دەکەن ، ئەوجا دەڕۆن . ئەو شکۆ و سەروەرییەی بە هەردوك خانەوادە شێخەکە بڕراوە ، تەنها لەوەوە نەهاتووە کە موریدی شێخ عەبدولقادرن و تەریقەتەکەیان لەوەوە وەرگرتووە ، بەڵکە ، تایبەت نەهرییەکان ، سوورن لەسەر ئەوەی ، کە گوایە نەوەی ئەون و لە وەچەی ئەو کەوتوونەوە ، (لقە ئێرانییەکەیان خۆ بە " گەیلانیزادە " نێو دەبەن ) ، زۆرجار هەندەك لە بەرزنجەییەکانیش ، ئەو بانگاشەیە دەکەن . کەواتە هەردوك خانەوادەکە ، خۆ بە سەیید دەزانن .

هۆکاری دووهەم : زۆر لە ئەندامانی خانەوادەی بەرزنجەییەکان ، ( تا ڕادەیەکی کەم ، نەهرییەکانیش ) ، وەکی عولەما و شێخ ، بەهەموو کوردستاندا بلاّوبوونەتەوە و لەزۆر شوێن نیشتەجێن . لە سەدەی حەڤدەهەم بەدوا ، هەتا مەککە و مەدینەش گەیشتوون و لەسەر ئاستی جیهان ، وەك زانا و دانا ، نێوبانگیان دەرکردووە . بەو پێیە ، پەل و پۆ هاویشتنی جوگرافی ئەو خانەوادەیە ، بواری بەردەوامی و درێژەدانی ژیانی ، لە هەر خانەوادەیەکی ناوچەیی زێتر بۆ ڕەخساندوون . جگەلەوە ، ئەندامانی ئەو خانەوادەیە خاوەنی سەروەت و سامانێکی زۆرن ، چ موڵك و زەوی و زار و چ ئاژەڵ ، کە لەڕێگەی کایەو ڕۆڵی ئاینی و سیاسییانەوە ، چنگیان خستووە . ئەمە هەمدیسان پاڵپشت و یاریدەدەرێکە ، بۆ ئەوەی هەر وەك ڕێبەرێکی ئاینی بمێننەوە و جلەوی پێشڕەوایەتی لەدەست نەدەن .

هۆکاری سێهەم : جگەلەو ئەرکە مەزنانەی ، هەر ڕێبەرێکی میللی ئاینی لەسەرشانێتی ، ئەم دوو خانەوادەیە ، ڕێبەرایەتی تاقە تەریقەتی دەروێشیی ئەو دەمی کوردستانیشیان دەکرد . ئەوەبوو لە شارەکاندا هێدی هێدی تەریقەت بەرەو کزیی و کەنەفتی و پووکاندنەوە دەچوو ، دەوروبەری ساڵی ١٨٠٠ ، تەریقەتی قادری ئیدی نێوی نەما و دەنگی بڕا .

تەریقەتی نەقشبەندیی لە ١٨١١ ەوە سەریهەڵدا . شێخانی قادری خۆیان ، (یاخود خەلیفەکانیان ) ، کۆڕی زیکری حەفتانەی دەروێشەکانیان بەڕێوەدەبرد . لە نێو لایەنگرانیاندا ، دەروێشی ڕاستەقینە کەم بوون ، وەڵێ ئەوانەی کە هەبوون، بەڕاستی دڵسۆزی شێخەکانیان بوون و کارڕاپەڕێنەر و ڕاگەیەندەری چاك بوون . ناردنی خەلیفەکان بۆ ئەو جێگایانەی هێشتا تەریقەت نەیگەیشتبوونێ ، بووە هۆی تەرزفرێدانی تەریقەتی قادریی بە گشت گۆشەیەکی کوردستاندا و ژمارەیەك تەکێی ناوچەیی دامەزران و لقە سەرەکییەکانی خانەوادەکە لێینیشتەجێ بوون و سەرپەرشتییان دەکردن . تۆڕەکە هێشتا تەواو چەقبەستوو نەبووبوو ، بڕێك لقی خانەوادەکە ، ملیان نەدا و سەرپێچییان کرد لەوەی دان بە هێز و دەستەلاتی لقی سەرەکیی خانەوادەکە ، لە بەرزنجەدا بنێن.[34]شێخەکانی بەرزنجە توانییان زەوی و زاری زێتر و دەستەلاتی پتر بۆ خۆ بڕبدەن ، با لەسەر حسێبی ئاغا و دەرەبەگ و سەرەکهۆزەکانیش بوو بێت . سەرەتای ئەم سەدەیە ، یەکێك لەوانە ، کە شێخ مەحموود بوو ، بووە ڕێبەر و سەرکردەیەکی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد و دژە سیاسەتی ئینگلیز و لەسەر ئاستی جیهان ناسرا و هەتا ئەوەبوو ساڵی ١٩٢٢ ، بانگی مەلیکێتی کوردستانیشی هەڵدا .

### 4.6.1 شۆڕشەکەی شێخ مەحموود :

ئەو دەمە شێخ مەحمود ، سەرگەورەی خانەوادەی بەرزنجەیی و ڕەنگە بە دەستەلاّتترین پیاوی خاورووی کوردستانیش بووبێت . ئینگلیزەکان کە لە یەکەم

جەنگی جیهانییدا ، عێراقیان گرت و پاش ئاگربەستی ١٠ ی ئۆکتۆبەری ١٩١٨ ، نەخشەی دامەزراندنی چەند پارچە کوردستانێکی سەربەخۆیان دانا ، لەو چەند زمانەیەی دەکەوتنە نێوان میسۆپۆتامیا و ئەوبەشانەی لە ئیمپراتۆرێتی دارِماوی عوسمانی مابوونەوە . دیارە شێخ مەحمود پێشچاو گیرابوو ، ئەو ئەرکەی پێبسپێردرێت . شێخ کرایە حوکمداری پشکێکی گەورەی کوردستان و ئینگلیز چەند ئەفسەرێکی خۆیان کردە ڕاوێژکاری و ناردیاننە کنی . یەکەم ڕاوێژکاری ، مێجەر نۆئێل بوو ، لەگەڵ ئەودا هیچ کێشەیەکی ئەوتۆیان نەبوو ، تا لە ئاوریلی ١٩١٩ دا مێجەر سۆنی کەللەشەق لە جێگەی دانرا . سۆن پێیوابوو ئەو دەزانێت چی بۆ کورد باشە و رق و کینەیەکی زۆریشی لە شێخ مەحمودی وەك خۆی کەللەڕەق بوو . ئاکام شۆڕشێکی دژە ئینگلیزی لێکەوتەوە ، کە جگەلە چەند تیرەیەکی جاف ، ئیدی هەرچی هۆزی کوردی ناوچەکە هەبوو ، بەشدارییان تێداکرد . شێخ بانگی سەربەخۆیی خۆی هەڵدا . سەرکوتکردنی ئەو ڕاپەڕینە ، هێزێکی سوپایی زۆر و ووزە و توانایەکی فرەی ویست . شێخ گیرا و دوورخرایەوە . ساڵی ١٩٢٢ ئینگلیز ناچاربوو شێخ بگێڕێتەوە بۆ سلێمانی ، چونکە پێدەچوو ، تورك لە نێو کورداندا پروپاڵانتەی زۆری کردبێت و دژە ئینگلیز هانیدابن . ئینگلیز و تورك ( مستەفا کەماڵی ناسیۆنالیست ) ، لە شەڕێکی پڕوپاگەندەیی توند و تیژدا بوون ، لەسەر کورد . لە ڕاستیدا شەڕەکە لەسەر ویلایەتی موسڵ بوو ، ( کەبەشی هەرە زۆری خوارووی کوردستان سەر بەوە ) ، مەسەلە ئەوەبوو ، داخۆ موسڵ بەشێك دەبێت لە کۆماری تورکیا ، یاخود بەشێکە لە عێراقی ژێر چنگۆڵەی ئینگلیز ؟

کوردە نیشتمانپەروەرەکان ، داوای دامەزراندنی کوردستانێکی سەربەخۆیان دەکرد . ئینگلیز بەڵێنی نیمچە سەربەخۆیی پێدابوون و بە هیوا بوو بە ئاشتبوونەوە لەگەڵ شێخ مەحموود دا ، دڵی کوردی پێڕازیی کرێت و لایەنگیرییان دەستخاتەوە . لە ترسی ئەوەی نەبا ، چاوگەی کانە نەوتەکانی موسڵ لە دەست بدات ، ترسی لە شۆڕش و ڕاپەڕینی نوێی شێخ مەحمود

ڕەوییەوە . " ..... ئێمە دەستمان لەوە شتبوو ، کە بتوانین بە توانا و شێوازی خۆمان ، تورك دوورەپەرێز ڕاگرین ، ناچار شێخ مەحمودمان گێڕایەوە ، چونکە لە پتەویی هێزی هەستی نەتەوایەتی کورد دڵنیابووین و بە تاکە بەربەستمان دەزانی .... " ، ئەدمۆنسی ئەفسەری سیاسی ئینگلیز ئەو ڕاستییە ئاوها بێ پەردە دەنووسێت ، ( ١٩٥٧ ، ل ٣٠٤ ) .

بۆ بەدبەختیی ئینگلیز ، شێخ درێژە بە خەباتی خۆی دەدا و هەوڵی دامەزراندنی کوردستانێکی سەربەخۆ ، بە ڕێبەرایەتی خۆی دەدات و هەوڵدەدات تورك و ئینگلیز بەگژە یەکدا بکات و پەیوەندیی خۆی لەگەڵ نیشتمانپەروەرانی پارچەکانی دیکەی کوردستاندا ، توندو تۆڵ دەکات .

هەر مانگێك پاش ئەوەی کرایە حوکمداری کوردستان ، نێوی مەلیکی کوردستانی لەخۆ نا ، ( نۆڤەمبەری ١٩٢٢ ) . بەدزییەوە پەیوەندیی بە تورکەوە دەکات و لە فێبریوەری ١٩٢٣ دا دژی ئینگلیز ڕادەپەڕێتەوە . سلێمانیی پایتەختی حوکومەتەکەی لەلایەن فڕۆکەکانی ئینگلیزەوە بۆردومان دەکرێت و لەشکری دەنێرنە سەر . لە مایس دا ، ناچار دەبێت سنوور ببەزێنێت و بچێت بەدیوی ئێراندا ، بەهیوای ئەوەی هێزە خێڵەکییەکانی ، لەوێوە پەلاماری بەردەوامی خاکی عێراق بدەن . لە ژونی ١٩٢٧ دا ، خۆ بەدەستەوە دەدات و تەسلیمی ئینگلیز دەبێت . [35]

جگەلە خێڵی جاف ، کە لە ڕووی ئاینییەوە وابەستەی بەرزنجەییەکان نەبوون و نیین ، هەرچی خێڵەکانی دیکەی دەوروبەری سلێمانی هەیە و هەتا زۆری ئەوانەی باکووری سلێمانییش ، لەو ڕاپەڕینەدا ، پشتی شێخیان گرت. [36]

ڕاپەڕینەکان سیما و خەسڵەتێکی گشتییان لێپرژا ، ئەگەر سەدەیەك لەوەبەر قۆرخکردنی دەستەڵاتی ئاینی و سیاسی بەرزنجەییەکان کۆتایی نەهاتبا ، ئەستەم بوو بتوانرێت ڕاپەڕینەکە سەرکوت و خامۆش کرێت . لە ناوچەی کەرکوك ، زۆربەی خەڵکیی ، ( لە ٪ ٨٠ بە گوێرەی هەواڵی جێگری ئەفسەری سیاسی ئینگلیز ) [37] پێشنیازی ئینگلیزیان دایە دواوە و بەوە ڕازی نەبوون

ناوچەکەیان بخرێتە ژێر دەستەڵاتی شێخ مەحمودی تازە دەستەڵاتدارەوە . کە شێخ راپەڕی ، ژمارەیەکی هێجگار کەم لەو خەڵکەی ئەویٚ ( کە هاوسێی سلێمانیین ) ، پشتگیرییان کرد . هۆی سەرەکیی ، هەراشبوونی دەستەڵاتی خانەدانێکی شێخی دیکەبوو لەو ناوچەیەدا ، ئەویش شێخانی تاڵەبانیین ، کە زۆربەی خەڵکەکەی کەرکوك ، لەڕووی ئاینی و سیاسییەوە ، دووکەوتەی ئەوانن .

## 4.6.2 شێخانی تاڵەبان :

سەرچاوە ئینگلیزییەکان بەڕوونی دەریدەخەن ، ئەو دەمانە خانەوادەی شێخانی تاڵەبانی ، بەدەستەڵاتترین خانەدانی ناوچەکەبوون ، ( بۆنموونە بڕوانە : Edmonds ، ١٩٥٧ ، ل ٢٦٧- ٢٧١ ) . لە کێشمەکێش و ململانێی هێز و دەستەڵاتدا ، تاڵەبانی ، مێملی بەرزنجەیی بوون . لەبەر ئەوەی زۆربەی جار ، بەرزنجەیی دژە ئینگلیز بوون ، ئیدی هیچ سەیر نییە گەر تاڵەبانییەکان لایەنگیریی ئینگلیزیان کردبێت . ساڵانی بیست ، زۆر لە ناوچە و مەڵبەندەکانی کەرکوك ، هەریەکە و یەکێك لە شێخانی خانەدانانی تاڵەبانیی لێدەژیا و کەسوکار و خزم و خوێشانی لەدەوری خڕبووبوونەوە ، هەر بەچەشنی سەرەکهۆزەکان دەژیان .

یەکێك لە هەواڵدەرانی ئینگلیزی ئەو سەردەمە ، [38] ژمارەی ئەندامانی هەر خانەوادەیەك ، بە جوتیارەکانیشیانەوە ، بەم چەشنە تۆمار دەکات :

شێخ حەمیدیی : ٧٠٠ ماڵ ، ٣٠٠ ئەسپ ، ٤٠٠ پیاو

شێخ محەمەد رەووف : ٢٠٠ ماڵ ، ٥٠ ئەسپ

شێخ تاهیر : ١٥٠ ماڵ ، ٦٠ ئەسپ

هەڵبەتە خانەوادەکان ، خاوەنی هێزێکی سوپاییش بوون . ئاشکرایە بە تەنها ئەوانە شێخانی تاڵەبان نیین . ئەوەتا خانەوادەی بە هێزترین شێخی تاڵەبانی ، هەر تێدا نییە ، ئەویش شێخ عەلییە و تەکێکەی لە کەرکوکە و یەکێکە

لە پیاوە هەرە دەسەڵاتدارەکان ، ( پاشان شێخ محەمەد عەلی کوڕی جێگەی گرتەوە) .

هەرچەندە دەسەڵاتی خانەوادەکە ، ئەودەمە ، بەڕووکەش زێتر خێڵەکییانە بوو ، نەك ئاینیی ، وەلێ ئەو دەسەڵاتە ، بە پلەی یەکەم ، زادەی دەسەڵاتە ئاینییەکەی وەچەکانی بەر لەخۆیان بوو.[39] ئەوانەش تاڕادەیەك ، تازە پێگەیشتوو بوون . دەوروبەری کۆتایی سەدەی هەژدەهەم ، مەلا محەمەدی بنیاتنەری خانەدانەکە ، ئیجازەی موریدیی و مورشیدیی تەریقەتی قادریی ، لە مەلا ئەحمەد نێوێکی هندی وەرگرتووە ، کە بۆ ئەو ناوە هاتووە . مەلا مەحمود کە ئەندامێکی ئاسایی خێڵی زەنگەنە بوو ، ئەو نێوبانگی شێخایەتییەی لەوەوە چنگکەوتووە ، کە سەرەکهۆزەکە ، کیژێکی خۆی ، یاخود کچەزایەکی خۆیی لێ مارە بڕیوە . بەو جۆرە پایەی ئاینی و وەجاخزادەیی خێڵایەتی ئاوێتە و تێکەڵ یەك بوون . روون نییە داخۆ کەسایەتی و شکۆی خانەوادەکە ، بەسەر گشت هۆزە مەزنەکەی زەنگەنە و ئەولاتریشدا ، شەبەنگی هەڵداوە ، یان نا ، یاخود داخۆ لایەنگرانیان قەت تێکەڵ تەریقەتە دەروێشییەکە بوون ، یان نا . بەڵگەنامەکان لەورووەوە زێتر پێچەوانە و دژن .

لەم سەردەمانەی دواییدا ، جەلال تاڵەبانی ، کە یەکێکە لە ئەندامانی ئەو خانەوادەیە و ( سەر بە لقەکەی کۆیسنجەقە ) ، لە نێو ریزەکانی بزووتنەوەی ئازادیخوازانەی کورد دا ، پلەو پایەیەکی بەرچاوی پێبڕا . لە پەنجاکانەوە ئەندامی کۆمیتەی نێوەندیی پارتی دیموکراتی کوردستانی عێراق بوو ، بووە یەکێك لە فەرماندە نێودارەکانی پێشمەرگە و پاشان ، لەسەر سەرکردایەتی نەتەوەی کورد ، لەگەڵ بارزانییدا تێکیدا و بووە یەکەم مێملێ . بێگومان بەشێکی هۆکاری سەرەتای سەرکەوتنی دەگەڕێتەوە بۆ نێو و شکۆی خانەوادەکەی ، کە دیارە ئەوەش بێ توانا و بەهرە و لێهاتوویی خۆ ، هاتنەدیی مەحاڵە .

یەکێك لە ئەندامانی دی ئەو خانەوادەیە ، موکەرەم تاڵەبانییە ، کە یەکێك بوو لە ئەندامانی سەرکردایەتی پارتی کۆمۆنیستی عێراق . ئێستا ، کاتی نووسینی ئەم دێڕانە ، لە کابینەی عێراقدا ، وەزیرە .

بەو جۆرە ، ئاشکرایە ، بوونی ئەم خانەوادایە بۆتە بەربەست و قۆرتیك و لە هەموو ناوچەی کەرکوکدا ، بەری بە دەستەلاٌتی بەرزنجەییەکان گرتووە . هەتا ئەو لقەشیان کە لە کرپچنەیە ، زۆربەی هەرە زۆری موریدەکانی ، خەڵکی ناوچەکانی دیکەی کوردستانن و لەوێوە دێن ، خەلیفەی زۆری لە کوردستانی ئێران هەیە .

بە هاتنی تەریقەتی نەقشبەندی لەسەرەتای سەدەی نۆزدەهەمدا بۆ کوردستان، زەبرێکی بەهێزی دی ، بەر تەریقەتی قادری و بەو پێیەش بەر هێز و دەستەلاٌتی بەرزنجەییەکان ، کەوت . ئەم تەریقەتە لە ماوەیەکی هێجگار کورت دا ، زۆر بە زوویی لە هەموو کوردستاندا ، بلاٌوبووەوە . برێك لە شێخانی قادری ، چوونەسەر تەریقەتی نەقشبەندیی ، لە هەندەك جێ ، برێك شێخی تازەش پەیدابوون و ئەوانیش خەلیفەی خۆیان بۆ دەوروبەر دەنارد . بەزوویی ، بەشی زۆری خەڵکە سادەکە لایەنگیریی و رێز و دڵسۆزیی خۆیان و هەتا کۆمەکی ماددی و پشتگیریی خۆشیان ، لە تەریقەتی قادرییەوە بۆ نەقشبەندیی گۆڕی ، ( یاخود وازیان لە شێخەکانی قادریی هێنا و دایانەپاڵ نەقشییەکان ) . هەموو ئەو سەرکەوتنانە بۆ هەوڵ و چالاکیی کەسایەتییەکی درەوشاوەی ناوازە دەگەڕێتەوە ، ئەویش مەولانە خالیدە . مەولانە ، پاش وەرگرتنی تەریقەتی قادریی ، ڕوو لە هنددستان دەکات و لەوێ وودمی موریدیی و مورشیدیی تەریقەتی نەقشبەندیی وەردەگرێت . هەر لەگەڵ گەیشتنەوە کوردستانیدا ، شێخی زۆر ڕادەگرێت و بە هەموو سووچ و قوژبنێکی کوردستاندا بلاٌویاندەکاتەوە و هەتا بۆ وولاٌتانی موسڵمانی ئەو دیو سنووری کورددستانیشیان دەنێرێت .

## 4.7 تەریقەت و ڕێبازی نەقشبەندیی :

لانکەی تەریقەتی نەقشبەندی ئاسیای ناوەڕاستە . ئەو شێخەی نێوی بەسەر تەریقەتەکەدا سەپاوە ، بەهائەددینی نەقشبەندە ، کە خەڵکی بوخارایا و لە نێوان ساڵانی ١٣١٨ – ١٣٨٩ دا ، ژیاوە . هەرچەندە ئەو نە دامەزرێنەری تەریقەتەکەیە و نە یەکەمین ڕێکخەریشێتی . پەیوەندیی ئەو ، بەو تەریقەتەوە ، لە پەیوەندیی شێخ عەبدولقادر بە تەریقەتی قادرییەوە بەتینترە ، چونکە ئەو بەیەکێك لە چارەسەرسازە دیار و بەرجەستەکانی ئەو تەریقەتە دادەنرێت ، کە بۆ یەکەمینجار یاسا و ڕێسا و ڕێنماییەکانی ، لەلایەن عەبدولخالق گوجەوانییەوە دانراوە ، کە خۆی خەڵکی گوجەوانی نێزدیکی بوخارایە و ساڵی ١٢٢٠ ، مردووە. بەهاددین ئەو میراتە عیرفانی و ڕۆحانییە پەسەند دەکات و ئەرکی ڕێبەرایەتی کردنی دەگرێتە ئەستۆ ، [40] لە زۆربەی نووسینەکانی ئەو تەریقەتەدا، عەبدولخالق و بەهاددین ، وەکی جووتە دامەزرێنەری تەریقەتەکە تەماشادەکرێن. سیلسیلەی رەسمیی ، زنجیرەی ڕەچەڵەکی تەریقەتەکە دەباتەوە سەر ئەبوبەکر و لەوەوە دەیگەیەنێتەوە سەر محەمەد خۆی . ئەوەی ئەم تەریقەتەی لە مەڵبەند و نێوجەرگەی خاکی موسڵمانانەوە گەیاندە ئاسیای ناوەڕاست ، یوسف هەمەدانی بوو ، ( بڕوانە سەرنجی ژ. ٣٠ و شیمانەی پەیوەندیی بە تەریقەتی قادرییەوە ) . عەبدولخالق ، بە چوارهەمین خەلیفەی یوسف دادەنرێت . [41] درەخت و شەجەرەی ڕەسمیی تەریقەتەکە ، تین و تاوی ئاینەکانی ئاسیای نێوەند ، ( ڕوونتر بڵێین ، تین و تاوی بوودییەکان ) ی ، لەسەر شێوە و ئاکاری عیرفانی و جۆری تەکنیك و ڕێسای جێبەجێکردنی ئەرکانەکانی ، پێناشاردرێتەوە .

ئەو هەشت بنەمایەی عەبدولخالق بۆ تەریقەتەکەی دایڕشتوون و ئەو سێ بنەمایەش کە بەهاددین خستوونیە سەری ، زێتر لە یاسا و ڕێساکانی تێڕامان و قووڵبوونەوەی بوودایییەوە نێزیکن و لەگەڵ ئەوانەی تەریقەتە ئیسلامییەکانی دیدا ، هیچ کامیان پێکناچن .[42]

بەهادین ، بڕێك چارەسازیی لە تەریقەتەكەدا كرد و كەمێك بیرازی كرد ، وەلێ نەیكردنە یاسا و ڕێكی نەخستن . پێدەچێت بەرۆگرانی ، لە وەچەی دووهەمی تەریقەتەكە بەدوا ، بەو ئەركە هەستابن . یەكێك لەوانە شێخێكی نەقشبەندیی تینوو و تامەزرۆی دەستەلات بوو ، نێوی ناصرەددین عوبەیدوڵلا ئەلئەحرار بوو، ( ١٤٠٤ — ١٤٩٠ ) . موریدەكانی ئەحرار ، تەریقەتەكەیان تا هندستان و توركیاش گەیاند و لە هەردوو وولاتەكەدا رەواجی چاكی پەیداكرد . كابرایەكی هندی ، كە نێوی ئەحمەد فاروقی سیرهندی بوو ، چارەسەریی زێتری لەتەریقەتەكەدا كرد و دەستەلاتی بەرەو خۆرئاوا كشا ، وەلێ دەگەڵ نەقشبەندییەكانی دیدا تووشە گێچەڵ هات و كەوتنە بەربەرەكانێی . مایەی سەرسوڕمان ئەوەیە كە مەولانە خالید ، نە لە توركیا و نە لە شارە پیرۆزەكانی مەككە و مەدینەی ، بنكەی پڕوپاگەندەی ئەودەمەی نەقشبەندییەكان ، تەریقەتەكەی وەرنەگرت ، بەڵكە لە دەلهی ، لە شێخێكی چارەسەرخوازی ، لقە هندییەكەی وەرگرت ، ئەویش عەبدوڵلا دەهلەوی بوو ، ( كە بە شاه غوڵام عەلی ، ناسراوە ) . (43)

زییائەدین خالید ، كە هەر بە مەولانە ، یاخود بە شێخ خالید نێودەبرێت ، كوردێكی سەر بە عەشیرەتی جاف بوو ، لە چینی خوارەوەی خەڵكە سادە و رەشۆكییەكە . پاش تەواوكردنی خوێندنی نەریتیی و ئاسایی ئاینیی ، لە سنە و سلێمانی و بەغدا ، لە سلێمانی دەبێتە مەلا . بە ژیری و توانا و لێهاتوویی خۆی ، پاش ماوەیەكی كەم ، دەبێە یەكێك لە مەلا هەرە نێودار و ناسراوەكانی شارەكە . ساڵی ١٨٠٨ ، بە ٣٠ ساڵیی ، ڕوودەكاتە هندستان . ژیننامە نووسەكان ، هۆكاری جۆربەجۆر بۆ ئەو سەفەرە نا ئاساییەی دەستنیشاندەكەن : گوایە لە یەكێك لە سەفەرەكانی مەككەی پێش چەند ساڵێك لەوەبەریدا ، بە زیندەخەون ، پێكگەیشتنێكی پەنهان و نهێنی دەسازێت و بانگێكی خودایی بەگوێدا هەڵدەدرێت . هاتنی سۆفیەكی هندییش بۆ سلێمانی ، كە پێدەچێت راسپێردرابێت و بۆ ئەوە نێردرابێت خالید پەیداكات و بۆكن

مورشیدەکەی خۆیی ببات ، بە هۆکارێکی دی دادەنرێت . خالید لەوەبەر ، هیچ پەیوەندییەکی لەگەڵ نەقشبەندییەکاندا نەبووە ، وەلێ لەسەرەڕێی چوونە هندستانیدا ، یاخود ماوەیەکی کەم پێش ئەوە ، دەچێتە خزمەتی شێخ عەبدوڵلای سەرۆکی ساداتی نەهری و ئەو بۆ سەر تەریقەتی قادریی رایدەکێشێت . وەك دەبینین ، خالید ، دەچێت تەریقەتی قادریی لە شێخ عەبدوڵلا وەردەگرێت ، نەك لەشارەکەی خۆی ، لە سلێمانی ، لەو شوێنەی سەرگەورەکانی شێخانی بەرزنجەی لێدەژیان. هۆزەکەشی ، هۆزی جاف، سەردەمانی دواترییش ، لەگەڵ بەرزنجەییەکاندا زۆر نێوانیان خۆش نەبوو و هێند دۆست نەبوون . وەك دەگێڕنەوە ، گوایە ، سەرگەورەی ئەو خانەوادەی شێخانە ، کە شێخ مارف بووە ، دوژمنی باوەکوشتەی مەولانە خالید بووە .

لە دەلهی ، چەندین ساڵ لەبەر دەستی شێخ عەبدوڵلا دەهلەویدا دەخوێنێت ، تا وودمی مورشیدیی تەریقەتەکە وەردەگرێت . ساڵی ١٨١١ دەگەڕێتەوە بۆ عێراق ، لە نێوان بەغدا و سلێمانییدا ، جێگۆڕکێ دەکات . تا ساڵی ١٨٢٠ ، ئیدی بەناچاریی هەڵدێت ، شار بەجێدەهێڵێت و ڕوو لەدیمەشق دەکات و لەوێ دەگیرسێتەوە . (44) مەولانە ، یەکێك لە کادێرە هەرە چاك و چوست و چالاکەکانی تەریقەتی نەقشبەندیی بووە ، هەتا توانیویە چەند شێخێکی قادرییش پەژیوان کاتەوە و بیانکاتە نەقشی ، لەوانە شێخ عەبدوڵلای کۆنە مورشیدی خۆی و شێخ ئەحمەدی سەردار ، کە سەر بە لقی سەرگەڵووی خانەوادەی بەرزنجەییەکان بووە . ئەو دوو خانەوادە خانەدانە ، هەتا ئەوڕۆش هەر بە نەقشیی ماونەوە . جگەلەوانە موریدێکی هێجگار زۆری پەیداکرد و ژمارەیەکی چاکی لێکردنە شێخی تەریقەتەکە . (45)

ئەو شێخە نوێیانەش ، بۆخۆیان بوونە بنکەی دووهەمینی بڵاوکردنەوەی تەریقەتەکە : ئەوانیش کۆمەڵێك خەلیفەیان ڕاگرت و برێك لەوانیش بوونە شێخ. بەو جۆرە تۆڕێك دروست بوو ، کە بەخێرایی لە تەواوی کوردستاندا تەشەنەی کرد و پەل و پۆی هاویشت . ( بڕوانە نەخشەی ژمارە ١٣ ، کە تەنها چەند

خانــەدانێکی شــێخان پێشــاندەدات و بەشــێکن لەشــێخانی نەقشــبەندیی کوردسـتان). ئـەو هێـز و دەسـتەڵاتەی ئـەو خانەوادانـە بەدەسـتیان هێنـا ، بـووە ماکی ئەوەی کایەیەکی گرنگیان لە بزووتنـەوەی نەتەوایـەتی کورد دا پێبـبڕێت. شـێخ عوبەیـدوڵلای نـەهری ، شـێخ سـەعیدی پـاڵو ، مـەلا مسـتەفای بـارزانی، ڕێبـەرانی بزووتنـەوەی ئازادیخوازانـەی کـورد بـوون و وەچـەی ئـەو شـێخانەن کـە تەریقەتی نەقشبەندییان لە مەولانە خالیدەوە پێگەیشتووە .

وەك چاوەڕوان دەکرا ، ئـەو فراوانبـوون و فـراژی بوونـە خێرایـەی تەریقـەتی نەقشـبەندی ، پەشـم و کینـە و تـووڕەیی زۆری لـەکن شـێخەکانی تەریقـەتی قادریی ڕسـکاند ، تایبـەت لـەکن ئەوانـەی پلەوپایەیـەکی زۆریـان لە کوردسـتاندا هــەبوو و لەدەســتیان چــوو . شـێخ مـارفی نـۆدێیی ، سـەرگەورەی خانـەوادەی بەرزنجەییەکانی سلێمانی ، بووە سەرسەختترین دوژمنی مەولانە خالید . لەگەڵ ئەو عولەمایانەی دیکەی شارەکەدا ، کە لە دەستەڵات پەیداکردنی خالید و ئەو شـکۆ و سـەروەرییە زۆرەی بەدەسـتی هێنـا ، خۆشـنوود نـەبوون ، یەککـەوت و بەرەیەکیان پێکهێنا . بەو جۆرە ، لە نێوان شێخانی نەقشبەندیی و قادرییدا ، تا ئەندازەیەکی زۆر دوژمنایەتی و دردۆنگی پەیدابوو .

## 4.8 چۆن تەریقەتی نەقشبەندیی ئاوها خێرا پەرەیسەند ؟

نێزیکەی گشت ئەو نووسەرانەی دەربارەی تەریقەت و شێخەکانی کوردستان نووســیویانە ، بــاس لــەخێرایی پەرەئەســتاندنی ئــەو تەریقەتــە دەکــەن ، هەریەکەوڕاست ، پاش ئەوەی مەولانە خالید هێنایە کوردستانەوە . وەڵێ هیچ کامیــان هــەوڵیان نــەداوە ، جگــە لــە کەســایەتی درەوشــاوە و بەڕەونــەقی لــە ئەندازەبــەدەری شــێخ ، هۆکارەکــانی دیکــەی ئــەو دیــاردە سەرنجڕاکێشــە ، ڕوونکەنەوە . سەرەڕای ئەوەی ، کە تـەنها خەسـڵەت و کەسایەتی و توانای تاقە کەسـێك ، بـۆ روونکردنـەوەی کێشـەیەکی کۆمەڵایـەتی ، تینـوێتی ناشـکێنێت . کاتێکیش دەبینین کە تەریقەتەکە ، پاش مردنی مەولانەش ، ئەو ڕەونەقەی خۆی

لەدەست نەداوە و هەر ڕوو لە گەشە و شکۆفەکردن بووە ، ئیدی مانای وایە ، ئەوە تەنها هۆکار نەبووە . بە بۆچوونی من ، ئەم خاڵانە پێویستیان بە هەڵشێلان هەیە :

- یەکەم : خەسڵەتەکانی تەریقەتی نەقشبەندیی چین و بە چی لە تەریقەتی قادریی جوادەکرێتەوە ؟
- دووهەم : دەبێت حاڵ و بار و تایبەتمەندێتی کوردستان ، لەسەروەختی سەرهەڵدانی ئەو تەریقەتەدا ، تێبخوێندرێتەوە .

## 4.8.1 خەسڵەتە گرنگەکانی تەریقەتی نەقشبەندیی :

بە بیر و بۆچوونی زۆربەی نەقشبەندییەکان ، ئەو پەل و پۆ هاویشتنە خێرایەی تەریقەتەکەیان ، دەگەڕێتەوە بۆ پتەوی باوەڕی عیرفانانەیان و بەرزیی و نموونە بالآیی ڕەوشتی شێخەکانیان . هەرچەندە من بۆ خۆم لەو بۆچوونانەدا هاودەنگیانم ، چونکە دەزانم تێڕوانین و قووڵبوونەوەیان ، تایبەت ئەگەر بە چاودێریی و ڕێنمایی کەسێکی دانا و زانا و ڕۆشنبین بکرێت ، نرخێکی ڕۆحی بەرزتری هەیە ، لەو شێوە و شێوازی دەروێشانە هەڵەشەیەی تەریقەتی قادریی پەیڕەویی دەکات ، لەگەڵ ئەوەشدا هێشتا من بەو بۆچوونە قنیات ناکەم و ڕازیی نیم . هیچ ڕوونکردنەوەیەکمان بۆ ئەوە نییە ، داخۆ بۆچی دەبێت تەنها بەها ئەخلاقی و ڕۆحێکان ، ماکی سەرکەوتن بن . من پێموایە ، شیکردنەوەی دیاردە کۆمەڵایەتییەکان ، پەکی لەسەر توێژینەوە کۆمەڵناسییەکان کەوتووە .[46]

یەکێك لەو هۆکارە هەرە لەپێشانەی زانستی کۆمەڵناسی دەبێت بایەخی پێبدات ، شێرازەی پێکهات و پەیکەری ڕێکخستنی تەریقەتەکە خۆیەتی . ئاشکرایە ، تەریقەتی نەقشبەندیی لەڕووی پەیکەر و شێرازەی ڕێکخستنییەوە ، لە تەریقەتی قادریی ، تۆکمەتر و ئامادەتر و لەبارتربووە بۆ گەشەکردنێکی سەربەخۆ . پێشان باسی یەکێك لە جوداوازییە زەقەکانی نێوان هەردوو تەریقەتەکەمان کرد ، گوتمان ، خەلیفەی شێخەکانی قادری ، نابنە شێخ و

کوڕەکانیشیان خۆبەخۆ نابنە خەلیفە ، یانی شێخایەتێکە ، تەنها لە نێوان گەوەی خانەدانانی خانەوادەی بەرزنجەییەکان و ساداتی نەهری خۆیاندا دەمێنێتەوە . هێندەی من ئاگادارېم ، باپیرەگەورەی خانەوادەی تاڵەبانی ، تەنهاو یەکە شێخی قادریی بووە ، کە شێخایەتی بەمیرات بۆ نەماوەتەوە ، بەڵکە ئیجازەی موریدی لە مورشیدێك وەرگرتووە ، کە هیچ پەیوەندییەکی خزمایەتییان لە نێواندا نەبووە . سەیر ئەوەیە ، ئەو شێخە مورشیدە ، هەر کوردیش نەبووە ، بەڵکە هندی بووە . لە بەرامبەر ئەو حاڵەتەدا ، خەلیفەکانی مەولانە خالید ، بڕێکیان بوونەتە شێخ و ئەوانیش بۆخۆیان خەلیفەیان راگرتووەو هەندەك لەو خەلیفانەش خەلیفەی دیکەیان راگرتووە . ئاشکرایە هەر هەموو ئەو خەلیفانەی پاش مەولانە خالید ، نەبوونەتە شێخی تەریقەت و ئەوانیش ژمارەیەکی کەمتر خەلیفەیان پەیداکردووە . وەلێ تەنها لەو پەیوەندییە چاك دامەزراوەی نێوان شێخان و خەلیفەکانیان ، دەتوانرێت تۆڕێکی چاکی وا دروستکرێت ، کە بەزوویی تەرز بەهەموو کوردستاندا فڕێبدات .

جوداوازیی نێوان تەریقەتی قادری و نەقشبەندی ، بەشێوەیەکی گرافیکی ، لە خشتەی هەشتەمدا پێشچاوخراوە . تایەفەی ئەو شێخانەی تەریقەتەکە بلاۆدەکەنەوە ، بە خاڵی ڕەش دیارییکراون ، خەلیفەکانیان بە بازنەی بۆش . پەیوەندیی نێوان شێخ و خەلیفەکانیان بە هێڵێك دەستنیشانکراون . سێ شێوەی شیرازەکانی دەستەچەپ ، نیشانەن بۆ سێ خانەوادەکەی شێخانی تەریقەتی قادریی لە کوردستاندا ، بە خۆیان و خەلیفەکانیانەوە . لەبەر ئەوەی خانەوادەی بەرزنجی لقی زۆری لێدەبێتەوە ، بە ژمارەیەك خاڵی ڕەش دیارییمکردوون ، هێڵە پچڕپچڕەکانی نێوانیان ئەوە دەردەخەن ، کە پێوەندیی نێوانیان ، بەو خەستییەی نێوان شێخ و خەلیفەکانیان نییە . (47)

ئەو خشتە گرافیکییە پێشانی دەدات ، کە جوداوازیی نێوان تەریقەتی قادریی و نەقشیی لەوەدایە : کە لەکن یەکەمیان خاڵەکانی سەرکەنار ، ناتوانن ببنە بنکەی دووهەمی بەربلاۆکردنی تەریقەتەکە . بەلاّم دووهەمیان لە پارچە

کریستاڵێك دەچێت ، کە بوونی خۆی ، بە کریستاڵبوونی زێتری کەنارەکانی ، خێراتردەکات و رەنگە پارچەی گچکەتری لێبکەوێتەوە . ئەو شێوازە گرافیکییە ، تێماندەگەیەنێت ، تەریقەتی نەقشبەندیی ، چۆن چۆنی بڕێك شێخی تەریقەتی قادریی و موریدەکانیانی بۆ کن خۆی ڕاکێشاوە و لە هەناوی پێکهاتەو شیرازەی خۆیدا جێگەی کردوونەوە . (بڕوانە : خشتەی ٨ ) .

هەرچەندە پرینسیپی برەوپەیداکردنەکە تاڕادەیەك بە پێوانە داڕێژراوە ، لەگەڵ ئەوەشدا هێما و نیشانەکان پەیوەستبوونێك پێشاندەدەن ، لەڕادەی خۆی بەدەر ، ئەمە بەنیسبەت هەردوکلاوە ، هەرئاوهایە ، چ خانەوادەی بەرزنجیی و چ تەریقەتی نەقشبەندیی هەمووی . هەر ماوەیەکی کەم پاش مردنی مەولانە خالید، کێشە و گرفتی نێوان شێخانی نەقشبەندیی ، کە زۆر چڕ و پڕ نێزدیکی ئێکدی دەژیان ، ئاشکرابوو . [48] ئێستاکە ، ئەڵقەی پەیوەندیی لەگەڵ کرۆکی وێنە گرافیکییەکەدا بەڕاستی پساوە . لقە کوردییەکەی تەریقەتی نەقشبەندیی ، هیچ سەرکردەیەکی لەسەر ڕێککەوتووی دانپێدانراوی نییە ، مەولانە خالید ، هیچ بەرۆگرێکی لەپاش خۆی جێنەهێشتووە . بڕێك ، شێخانی تەوێڵە و بیارە ، بە جێگری مەولانە خالید دادەنێن ، هەندێکی دی شێخ ئەحمەدی کەفتەر ، کە لە دیمەشق دەژی و مەزنە موفتی سوریایە ، بە پێشەوای ئەو تەریقەتە دەزانن . وەڵێ ئەو پێشهاتانە ، هیچ شوێن پەنجەیەکیان لەسەر پەیکەری ڕێکخراوەیی تەریقەتەکە جێنەهێشتووە . موریدەکان هەر دەچنە زیارەتی مورشید و شێخی خۆیان و ڕێزیان لێدەگرن ( لەخۆیان و وەچەکانیان ) ، وەڵێ کەسێکی بەوەج و بەو شکۆ و سەروەرییە شك نابەن ، لە ترۆپکدا بێت . کەواتە تەریقەتەکە بەسەر ژمارەیەك لە دەستە و تاقمی ناوچەییدا دابڕدابڕ بووە ، کەچی هێشتا هەروەکی بنکەو مەکۆی بەربلاوکردن دەنوێنن . باری ئەورۆ لەوێنەی ژمارە ( 8c ) دا ڕوونکراوەتەوە . بڕێك پارچەی تۆڕەکە ، هیچ پەیوەندییەکیان بە ئەوانی دیکەوە نییە . ڕەنگە پەیوەندیی نێوان زۆربەی خانەوادە خانەدانە شێخەکان ، شێواو و ئاڵۆزبێت و قەستەسەری یەکدی بن . لە لاکەی دییەوە ، بڕێك لەو خانەدانانە ،

پەیوەندییەکی زۆر چاك و توندوتۆڵیان لەگەڵ ئێکدی هەیە ، یا کوڕەکانیان بۆ خوێندن دەنێرنە کن یەکدی ، یاخود لەڕێگەی ژن و ژنخوازییەوە تێکەلاو دەبن و بنەمای پەیوەندییەکە تۆکمەتر دەکەن .

ئەو پەرتپەرتبوونە کەمەی تۆڕی نەقشبەندییەکان ، یەکێکە لە ماکەکانی ئەو راستییەی کە تەریقەتەکان لە کوردستاندا ، ئەوەیان پێنەکرا کە تەریقەتی سنووسی لەکن هۆزە بەدوەکانی سیرنایکا پێیکرا و بۆی چووە سەر : ئەویش یەکخستنی سەرلەبەری کوتە جوداجوداکانی کۆمەڵگەی خێڵەکیی بوو ، لەژێر رەشماڵی تەریقەتەکەیاندا . ( بڕوانە باس و خواسی شۆڕشەکەی شێخ سەعید ، لە بەندی پێنجهەمدا ) .

کەواتە ، شیرازەی ڕێکخراو و پێکهاتەی ڕێکخستنی تەریقەتی نەقشبەندی ، بواری فراوانبوون و پەل و پۆ هاویشتنی زووتر و زۆرتری بۆ ڕخساوە ، لە تەریقەتی قادریی و تارادەیەکیش لەسەر حسێبی ئەو بۆی دێتەدی . کە مەولانە خالید ژمارەیەکی هێجگار زۆر خەلیفە بۆ خۆی دادەنێت ، پێشانی دەدات ، ئەو تەریقەتە چەندە دڵخۆش و سەربەرز بووە ، بە گەشە و فراوانبوونی خۆ . وەلێ ئەو تاکە هۆیە بە تەنها بەشی روونکردنەوەی ئەوە ناکات ، بۆچی دەیان ساڵ پاش مردنی مەولانەش ، گەشەکردنەکە هێشتا هەر بەو ڕەوت و رادەیە بەردەوام بوو .

لە راستیدا ئەو خەسڵەتی شیرازە و پێکهاتەی تەریقەتەکە ، هەر تایبەت نییە بەو ، لەکن زۆر تەریقەتی دیکەش هەن . لە سەدەکانی پێشتردا ، چ تەریقەتی نەقشبەندی و چ ئەوانی دیش ، لە کوردستان هەبوون ، [49] بەڵام هیچیان نەیانتوانی تۆڕێکی فراوانی ئەوتۆ دامەزرێنن ، کە سەرتاسەری کوردستان ، یاخود بەشێکی زۆری بگرێتەوە . دەبێت بارە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکە ، گۆڕانێکی لەپڕی ئەوتۆی بەسەردا هاتبێت ، کە بووبێتە ڕێگەخۆشکەری ئەو بەربڵاوبوونەی تەریقەتەکە ، لە ناوەڕاستی سەدەی نۆزدەهەم بە دوا .

## 4.8.2 گۆڕانکارییە کۆمەڵسیاسییەکانی کوردستانی ،سەرەتای سەدەی نۆزدەهەم:

نیوەی یەکەمی سەدەی نۆزدەهەم ، قۆناغی هەڵشێوانی مەزن و گۆڕانکاریی گرنگ بوو لەکوردستاندا ، تایبەت لەو ناوچانەدا ، کە ژێردەستەی ئیمپراتۆرێتی عوسمانیی بوون . بڕێك لە دیاردەکانی ئەو گۆڕانکاریانە ، لە بەندی پێشوودا باسکران . لێرەدا هەمدیسان سەرنجێکیان لێدەدەینەوە و جارێکی دی بەو نیازە هەڵیاندەشێلینەوە : کە بزانین داخۆ و چۆن چۆنی بوونە هۆی فراوانبوون و فراژیبوونی تەریقەتی نەقشبەندیی ؟

ریچ ، کە گەلەکجار نووسینەکانیم ڕاگواستووە و لێم خواستووە ، خۆی نوێنەرێکی ئەو گۆڕانکارییانە بووە ، کە نێزیکەی زۆربەی ئەوانی دی ، بەدووی خۆدا پەلکێش کردوون : ئەویش تێخزانی ئیمپریالیزمی ئەوروپاییە . لە ١٨٠٨ ەوە تا ١٨٢١ ، ئەو نوێنەر ( باڵوێزی ) " کۆمپانیای خۆرهەلاتی هندستانی " بەریتانی بووە لە بەغدا . [50] هەروا ڕێکەوت نییە ، کە دەربارەی حاڵ وباری ئەو دەمەی کوردستان ، بۆتە چاکترین سەرچاوە .

پاش ڕیچ ، ژمارەیەکی زۆر توێژەرەوەی ئەوروپایی بۆ کوردستان هاتن . زۆربەی ئەوانە ، لەپاڵ ئەرکی مژدەدەرانە و زانستانەیاندا ، ئەرك و فەرمانی بازرگانیی و سیاسیی وولاتەکانیشیان پێسپێردرابوو . لەنێو ئەوانەدا ، مژدەدەرانی عیسایی ، کاریگەرییان لەگشتیان زێتر بوو . زۆربەی جار ، ماوەیەکی زۆر دوور و درێژتر لەوانی دی ، دەمانەوە . چالاکییەکانیان ، ( تەنها خەریکی دروستکردنی کڵێسە و قوتابخانە بوون ) ، زێتر لەبەر چاوان بوون و هاوسەنگیی‌و هاوکێشی سیاسی هێزەکانی ناوچەکەیان ڕاستەوخۆ رادەگرت . چ کورد و چ هاوسێ فەلەکانیان ، ئاگاداری زۆربوونی تین و تاو و هێز و گوڕ پەیداکردنی دەستەلاتی وولاتە ئەوروپاییەکانی وەك ئینگلتەرە و روسیا و فەرەنسا بوون . هەردوکلا ، لەو روانگەیەوە ، ڕووبەڕووبوونەوە و پێکداپڕژانێکی نێوان فەلە و موسڵمانانیان پێشبینی دەکرد و پێیانوابوو ، کە هێزە

ئەوروپاییەکان ڕەنگە پشتی فەلەکان بگرن و ئالیکارییان بکەن . زۆر کەس ، مژدەدەرانی بە جاڕچییانی شەڕ دەزانی و واتێدەگەیشتن کە هاتوون ڕاستەوخۆ لەو لەشکرکێشییەدا بەشداریی بکەن .[51] چارە نەبوو ، ئەوە بووە هۆی گرژبوونی حاڵ وبارەکە و جۆری پەیوەندیی نێوان کورد و دەستە و تاقمە فەلەکانی کوردستان . دیارە لەبار و دۆخی ئاوهاشدا ، پێشەوایانی ئاینی ، سوود لەو دەرفەتە وەردەگرن و هەڵی هەست و سۆزی هەژاوی ، دژەبێگانە و دژە فەلەی خەڵکەکە دەقۆزنەوە و بۆ شۆرەت و ناوبانگدەرکردنی خۆ ، هەڵیدەسووڕێنن .

گەر بڕوانینە لایەنێکی دیکەی گۆڕانکارییە سیاسییەکان ، کە ئەویش داڕمانی میرنشینە سەربەخۆکانی کوردە ، دەبینین ئیمپریالیزمی ئەوروپایی ، یەکێك لە ماکە هەرە گرنگەکانی ئەو نەهامەتییانە بوو . ئەفسەرانی ئاڵەمان ، بە هەمووشێوە و شێوازێك ، پشتگیریی و کۆمەکیان بە ئۆردووی عوسمانیی دەکرد.[52] بەشێکی زۆری کوردستان ، پاش لکاندنی بە ئیمپراتۆرێتی عوسمانییەوە ، ناڕاستەوخۆ ، لەلایەن خانەدانانی کوردەوە حوکمڕانیی دەکران و تا ئەندازەیەکی زۆر سەربەخۆیی خۆیان پاراستبوو ، ( بڕوانە بەندی سێهەم) . سەدەکانی حەڤدە و هەژدە ، دەستەڵاتی نێوەندیی لەبریتی بەهێزتربێت ، دایە کزی و لاوازیی . تا سوڵتان محەمەدی دووهەم ( ١٨٠٨- ١٨٣٩ ) و بەرۆگرەکانی ، بە فیت و فشاری ئەوروپا ، دەستیاندایە کۆمەڵێك چارەسەرسازیی سیاسی و ئیداری ، بەنیازی نێوەندکاریی و گێڕانەوەی دەستەڵاتی ڕاستەوخۆ . ئەو میرە کوردانەی مابوون ، یەك یەك لابران و دەوڵەت حوکمڕانانی خۆی لەجێگە داکردن. ئاکام ، ئاژاوە و پشێوی و کێشە و گرفتێکی زۆری لێکەوتەوە . هۆزانی شەڕانی و ئاژاوەگێڕ ، تێکبەربوون و جێگەی میرنشینەکانیان گرتەوە ، سەرۆکەکانیان لەهەلپەی ئەوەدابوون ، هێندەی بارودۆخە نوێیەکە بەبەریەوە بێت و ڕێگەبدات ، دەستەڵات بۆ خۆ ببڕن . لەوەبەر میرەکان کۆتاییان بەدوژمنایەتی و ئاڵۆز و باڵۆزی هێنابوو ، زۆر بەتوندو تۆڵی و هەتا زۆرجار بێ بەزەییانە و دڵڕەقانە حوکمڕانییاندەکرد ، وەڵێ کاریگەر و

پشتئەسوور . زۆر لە و کەسانەی ئەو سەردەمەیان دیتووە ، دەگێڕنەوە ، کە یاسا و هێوری و ئارامی باڵیانکێشابوو ، ژیان و سەر و ماڵ و سامانی خەڵکی پارێزراوبوون . [53] ئەو حوکمڕانانەی لەجێگەی میرەکان داکران ، نە شارەزای حاڵ و باری ناوچەکەبوون و نە مافی ئەوەشیان پێ ڕەوادەبینرا ، دەستتێکەڵکەن ، بۆیە هیچ کێشەیەکی هۆزەکانیان پێ چارەسەر و بنبڕ نەدەکرا و کلپە و بڵێسە و نێڵەنێڵی ئەو شەڕ و ئاژاوانە ، بەوان نەدەکوژانەوە و خامۆش نەدەکران . هەندەك لەو حوکمڕانانە خۆیان ، ئاگرخۆشکەری برێك لەو پەشێوی و ئاژاوانە بوون و سیاسەتی " کوتیکە و کۆتیکە " یان پەیڕەویی دەکرد . ئاکام ، بێ یاسایی و نائارامیی و پشێوی بەسەر هەموو کۆنە میرنشینەکاندا باڵیکێشا و زاڵبوو .

بە باوەڕی من ، ئەو بارودۆخە بوو لەپڕێکدا ڕێگەی ئەوەی بۆ شێخان خۆشکرد ، کایە و ڕۆڵی ڕێبەرانی سیاسی ببینن . کاربەدەستانی دەوڵەت کەسایەتی و بەهرە و توانا و هەتا مافی ئەوەشیان نەبوو دەستتێکەڵی کێشەی ئاڵۆزی هۆزەکان بکەن و چارەیان بکەن ، شێخ بە پێچەوانەوە ، تایبەت گەر هیچ پەیوەندییەکی لەگەڵ هیچ کام لە هۆزە دوژمن و تێکبەربووەکاندا نەبا. لەڕێگەی بەلاداخستنی کێشەی نێوان هۆزەکانەوە ، شێخان خۆبەخۆ ، دەستەڵات و هێز و گوڕێکی سیاسی چاکیان پەیداکرد . هاتا ئەوڕۆکەش ، نێوبژیوانیی نێوان دوو خێڵی دوژمنی یەکدی ، چاکترین ئامراز و دڵنیاترین ڕێگەیە ، بۆ برەو پەیداکردن و هەڵگرانی سیاسی . چونکە کێشە و هەڵای نێوان هۆزەکان گەیشتنە ئاست و ڕادەی مەترسی و هەڕشەیەکی لەوەبەر نەدیتراو ، زۆر کەسانی سەر بەهۆزەکان ، شێخانیان بە چاکترین و شیاوترین ئاشتیخواز دەزانی و بەوهۆیەوە ڕێگەی سەرکەوتن و گەیشتن بە پلەوپایەی ڕێبەرایەتی سیاسییان بۆ خۆش و هەموار بووو شکۆ و سەروەرییان ، سنووری هۆزەکانیان بەزاند و زۆریشیان تێپەڕاند .

لایەنی کەم ، هەندەك لەو شێخانە ، بەوە ناسراون ، کە هەڵی کێشە و هەڵای نێوان سەرەکهۆزەکانیان بۆ دەستکەوتی سیاسی خۆیان قۆستۆتەوە و لەو

ڕێگەیەوە کەسایەتی و دەستەڵاتی خۆیان بەسەردا سەپاندوون . نموونە بۆ ئەوە ئـەو داسـتانەیە کـە یـەکێك لەشـێخەکان ، ( شـێخ محەمـەد صـدیقی نـەهری ) گێڕاویـەوە و میرزاکـەی نووسـیویەوە و ( نیکیـتین و سـۆن ١٩٢٣) لـەویان وەرگرتـووە، ئـەویش بەسـەرهاتی سـوتۆ و تـەتۆ یـە . سـوتۆ و تـەتۆ ، ئاغـای هۆزەکـانی ئۆرامـار و ڕێکـانی دەبـن و گـیرۆدەی داوی کێشـە و دوژمنایەتییـەکی قووڵ دەبن . شێخ محەمەد صدیق ، چاوەڕوان و چاوەچاوی ئەوە دەبێت ، لە سووڕاندنەوەی ئەو دوو بەرداشە رەق و زەلامانە ، باراشی چاکی چنگکەوێت . دەسـتی تێکەڵـدەکات و و بـەڵێن بـە تـەتۆ دەدات ، گـەر مزێکـی چـاکی بـداتێ ، سـوتۆی بـۆ بەچەترسـێن و چاوشـکێن دەکـات . سـوتۆ ناچار دەبێت مەرجـەکانی شێخ پەسەند بکات و ڕێککەوێت . زەرەرمەندی یەکەم ، هەردوکلایان بوون ، تاقە سـوودمەند هـەر شـێخ خـۆی بـوو . سـوتۆ و تـەتۆ ، لەترسـی ئـەوەی نـەبا شـێخ هەموو شتێکیان لێزەوت بکات ، پێکهاتن و ئاشتبوونەوە . بۆئەوەی لەدەست شێخ محەمـەد صـدیق قوتـار بـن ، خۆیـان خسـتە ژێـر بـاڵی شـێخێکی میڵیـەوە ، ئەویش شێخ عەبدوسسەلامی بارزان بوو . ئەم بەسەرهاتە ، دەوروبەری کۆتـایی سەدەی پێشوو ڕوویداوە . شێخەکانی نەهری و بارزان و برێکی دی ، گەیشتنە پلەو پایەیەك ، کە شانی لەشانی پایەی میرەکانی پێشین دەسوو . تێڕوانینێکـی وورد لـە مێـژوو و ڕووداو و پێشـهاتەکان ، ئـەوەمان بـۆ ڕووندەکەنـەوە ، کـە ئـەو شـێخانە ، ماوەیـەکی کـورت پـاش داڕمـانی میرنشـینەکان ، هاتوونـە سـەر شـانۆی سیاسەت .

پەیدابوونی مەولانە خالید ، لە کات و سەردەمێکی گونجاو و لەباردا بوو ، ساڵی ١٨١١ لە هندستان گەڕایەوە و ساڵی ١٨٢٦ کۆچی دوایی کرد . کە بانگی تەریقەتەکەی هەڵدا ، زۆربەی میرەکان دەستەڵاتیان ڕوو لەنەمان و داخزان بوو . هەنـدێك میرنشـینیش لـە دواهـەمین قۆنـاغی گەشـە و شـکۆفەیاندا بـوون ، بۆتـان ، هەکاریی ، بابان و سۆران ، میری زۆر بەدەستەڵات بەڕێوەی دەبردن . بادینـان بە پێچـەوانەوە ، زۆر کـز و لاواز بـوو ، وەڵێ هەمووڵایـەك ڕێزیانـدەگرت . لـەو

میرنشینانەدا ، هێشتا یاسا و ڕێك و پێکی حوکم فەرمابوو ، پێویستیان بە تەقەلای ئاشتیخوازانەی شێخان نەبوو . بۆیە مایەی سەرسوڕمان نییە ، کە ئەو وەچەیەی مەولانە خالید خۆی کردنیە شێخ ، هێشتا ئەو هێز و دەستەڵاتە زۆرەیان پەیدانەکردبوو ، کەپاشتر بەکوڕ و بەرۆگرەکانیان بڕا .

ساڵی ١٨٣٤ ، دواهەمین میری سۆران ، محەمەد پاشا ، " میری کوێر " ، لەلایەن ئۆردووی عوسمانییەوە ، بە فەرماندەیی ڕەشید محەمەد پاشا ، تێکشکێندرا و بەزێندرا و دەستگیرکرا ، ( بڕوانە بەندی سێهەم ) . سۆران و بادینانیشی لەگەڵ ، کە لەژێر دەستەڵاتی میری کوێر دا بوون ، ئیدی ڕاستەوخۆ کەوتنە ژێرچنگۆڵەی محەمەد پاشای والی موسڵەوە ، ئەو پیاوە ستەمکارە ، سەرکەوتووەی بە ( ئینجە بەیرەقدار ) ناسرابوو . ئیدی لەوەبەدوا ، نێوەندی کوردستان ، بۆ هات و چۆی مژدەدەرانی ئەوروپایی و ئەمریکایی ئاواڵەتر و ئاسانتر بوو . لە ناکاو ، جموجۆڵ و چالاکیی ئەو مژدەدەرانە ، بووە هەوێن و ماکی شێواندن و ئاڵۆزبوونی پەیوەندیی نێوان موسڵمانان و فەلەکانی کوردستانی نێوەند . ساڵی ١٨٤٣ ، کوردەکانی میرنشینی بۆتان ، شاڵاویان بردە سەر فەلە ئاسوورییەکانی ناوچەی تیاری ، کە تا ئەودەمە باج و خەراجیان بە هەکاریی هاوپەیمانیان دەدا و ئیدی سەرپێچییان کرد و باجی ساڵانەیان نەدەدا . نێزیکەی دەهەزار کەس کوژران ، ژن و منداڵی زۆر یەخسیر کران و بەدیلیی بران.[54] هەتا Layard خۆی ، کە زۆر حەزی لەچارەی میری بۆتان نەکردووە ، دان بەوەدا دەنێت ، کە لایەنی کەم ، ماکی بەشێکی تاوانی ئەو کوشتارە ، ئەو قوتابخانە قەڵات ئاساییە و ئەو نووستنگەیە بوو ، کە مژدەدەرە ئەمریکاییەکان بۆ شەڕەنگێزی دروستیانکرد . [55] وەڵێ تاوانی سەرەکیی پەرەپێدانی هەستی دژ بەفەلە و ئەو کوشتارەی کوردەکانی ناوچەکە کردیان ، بەشانی شێخێکی دەمارگیری دەرباری بۆتاندا دەسوێت ، ئەویش شێخ سەیید تەهایە ، کە ئەودەمە دەستەڵاتێکی هێجگار زۆر و فرەی هەبوو . [56] ئەمە کۆنترین نموونەیە ، کەمن بۆ

پەرەئەستاندن و فراوانبوونی دەستەڵات و هێزی سیاسی شێخێك تا ئەو دەمە دیتبێتم .

فشار و زۆربۆهێنانی ئینگلیز ، بۆ سەر دەوڵەتی عوسمانی ، پاش ئەو کوشتارەی تیاری ، بنەما و ماکی ئەو هێرش و شالاَوە بوو کە کرایە سەر بەدرخان بەگی میری بۆتان و نوروڵلاَ بەگی هەکاریی هاوپەیمانی . ساڵی ١٨٤٥ ، هەردووکیان بەزێندران و لەو دەڤەرەش دوورخرانەوە . دووساڵ پاشتر ، دواهەمین میرنشین ، میرنشینی بابان هەڵتەکێندرا و ئەحمەد پاشای بابانی دواهەمین میری ، لەلایەن والی بەغداوە بەزێندرا . ئیدی لەوە پاش هەلی زێڕین بۆ شێخان هەڵکەوت . گەرچی لەوەبەر ، هیچ شێخێکمان نەدەدیت کایەی ڕێبەریکی سیاسی راستەقینە ببینێت ، وەلێ لەم قۆناغە بەدوا ، ئیدی هەرچی ڕێبەری سیاسی گرنگ هەبوو ، یا خۆی شێخ بوو ، یاخود لایەنی کەم ، سەر بە بنەماڵەی شێخان بوو . تێڕوانینێکی وورد ، لە خانەوادەی خانەدانانی شێخانی گرنگی کوردستان ، دەریدەخات ، کە هەڵگرانی پلەی سیاسی ئەو خانەدانانە ، یەکە و ڕاست پاش داڕمانی میرنشینەکان بووە . ( بۆ زانیاری زێتر ، بڕوانە پاشکۆکە ) .

١- ساداتی نەهری : لە مێژبوو لە ناوچەکانی خوارووی هەکارییدا ، جۆرە حوکومەت و دەستەڵاتێکی دوولانە زاڵ و دیاربوو ، ئەو دەستەڵاتە بەدەست میری میرنشینە گچکەڵەکەی شەمدینان و شێخەکەیەوە بوو . (57) شێخ سەیید تەهای یەکەم ، لەڕێگەی بازییکردن بە هەستی ئاینیی کوردەوە و دنەدانیان دژی فەلەکان، دەستەڵاتێکی چاکی پەیداکرد . پاش دەستگیرکردنی بەدرخان بەگ ، بۆ نەهری هەڵهات ، کە کۆشك و دەرباری موسا بەگی میری شەمدینانی لێبوو . کاتێك Layard ، لە ١٨٤٩ دا دەچێتە نەهری ، پێدەچێت موسابەگ ، تاکە میر و دواهەمین میر بووبێت ، کە هێشتا بەرەسمی کڕنووشی بۆ تورك نەبردبێت و تەسلیمیان نەبووبێت . لێ ئیدی جێپێی لەق دەبێت و دەستەڵاتی بە سەیید تەها دەبڕێت ، ( Layard : ١٨٥٣ ، ١ ، ل ٣٧٦ ) . عوبەیدوڵلای کوڕی تەها ، توانی

دەستەڵاتی خۆی بەسەر ناوچەیەکی بەرین و فراواندا بسەپێنێت ، چونکە ئەو دەمانە هەرچی دەستەڵاتی دنیایی هەبوو ، کەوتە دەستی شێخانەوە . (58)

کۆتایی چلەکانی سەدەی نۆزدەهەم ، کەسایەتییەکی نوێ لە ناوچەکانی خوارووی شەمدیناندا ، هێز و دەستەڵاتی پەیداکرد ، ئەویش نیعمەت ئاغای سەرۆکی هۆزی زێباری بوو . ئەم هۆزە لەوەبەر ، سەر بە میرنشینی بادینان بوو ، بەڵام کە نیعمەت ئاغا جێگەی بابی گرتەوە ، والی موسڵ ، جبەی پاشایی بۆ نارد و بەوە کردییە لایەنگری خۆی . ئەوە کۆنترین نموونەی جۆرە دەستەڵاتێکی ناڕاستەوخۆیە کە من هەستم پێکردبێت ، سەرەکهۆزێك تێدا بەشدار بووبێت ، نەك میرێك . نیعمەت ئاغا بەزوویی دەستەڵاتی خۆی بەسەر هۆزە هاوسێکان و هەتا بەشەکانی دیکەی شەمدینانیشدا سەپاند . (59) سەرەکهۆزەکانی دی ، لەڕێگەی والی موسڵەوە ، باجیان بۆ دەنارد . پێدەچێت سەیید تەها ویستبێتی بەر بە فراوانبوونی دەستەڵاتی نیعمەت ئاغا بگرێت ، بۆیە عەبدوڕڕەحمان بارزانیی خەلیفەی خۆی ، ( کە بە تاجەددین ناسراوە ) ، دەنێرێتە گوندی بارزانی ناوچەی زێبار . ئیدی لەودەمەوە هەتا ئەوڕۆش ، شێخانی بارزان و سەرەکهۆزانی زێباریی ، دوژمنی باوەکوشتە و قەستەسەری یەکدین .

۲- بارزان ، کەوتۆتە کەناری خوارووی ناوچەی زێبارییەکان و هاوسێ و هاوسنووری چەندین هۆز و خێڵی گچکەی دیکەیە . لە حاڵەتی کێشە و هەڵای نێوان ئەو دەستە و تاقمە جۆراوجۆرانەدا ، لەبارترین جێیە بۆ شێخێك ، گەر بیەوێت سەروەریی نێوبژێوانی پێببڕێت . هەرزوو ، ئاغاکانی زێباریی ، وەك مێملێك لە شێخەکانی بارزانیان دەڕوانی . زۆربەی هەرەزۆری مێژووی بارزان ، تۆماری ململانێی نێوان شێخانی و سەرەکهۆزانی زێبارییە . جێگەی تێڕامان ئەوەیە ، لەدەوروبەری ساڵی ۱۹۱۰ وە ، یەکەم مێملێی شێخی بارزان ، عەبدوسسەلامی دووهەم ، ئاغایانی زێباری نەبوون ، بەڵکە دوو شێخی دی بوون، شێخ محەمەد صدیقی نەهری و شێخ بەهادینی بامەڕنی . (60) هەرچەندە رەچەڵەکی ئەمەی دواییانم بۆ ساغ نەکرایەوە . ئەویش یەکێك بوو لە شێخانی

تەریقـەتی نەقشـبەندیی ، ( بـە گوتـەی ئەفسـەرێکی سیاسـی ئینگلیـز ) : " لـەو کوێسـتانانە ، هێـز و دەسـتەڵاتێکی ئـاینیی هێجگـار زۆری هـەبوو ، کـە خـۆی و ڕەووفـی کـوڕی ، تـا ئەندازەیـەکی زۆر ، بـۆ مەبەسـت و بەرژەوەنـدیی خۆیـان هەڵیاندەسووڕاند و بۆ ئەوەی لەسەر حسێبی فەلەکان ، خۆ دەوڵەمەندکەن ".[61]

Badger ، کـە بـە دوور و درێـژی دەربـارەی پـیلان و دەسیسـە سیاسـییەکانی ناوچـەی بادینـانی پـاش داڕمـانی میرنشـینەکە ، دەنووسـێت ، بـەهیچ جـۆر باسـی ئـەو شـێخە ناکـات . ئەمـە ئـەوە دەردەخـات ، کـە ڕەنگـە ماوەیـەك پـاش ئـەوە ، شۆرەتی پەیداکردبێت .

٣- خاڵێکی گرنگ بۆ پشتگیریی ئەو گریمانەیە ئەوەیە ، کە تـەنها شـێخانی نەقشبەندیی نا ، بەڵکە خانەوادە دێرینەکـەی قادریی ، شـێخانی بەرزنجـەش ، ئەو دەستەڵاتە سیاسییە زۆرانەیان ، پاش ڕووخاندنی میرنشینی بابان ، پێبڕا . وەکو ئـەدمۆنس ( ١٩٥٧ ، ل ٧٣-٧٤ ) بۆماندەگێڕێتـەوە ، ئـەوەی نـێوی دەرکـرد و شۆرەتی پەیداکرد ، شێخ مارفی مێمڵ و دوژمنی سەرسەختی مەولانە خالید نەبوو ، بەڵکە کاك ئەحمەدی کوڕی بوو ، کە جڵەوی پێشڕەوایەتی بۆ خانەوادەکە پچـڕی ، تـا کایەیـەك لـە بـاری سیاسـی ناوچـەکەدا بگێـڕن . دەرکـەوتن و سەرکەوتنیان ، هاوکاتی داڕمانی دەستەڵاتی بابانەکان بوو .

لـەو ڕووەوە ، ڕاسـتییەك هەیـە ، ئـەویش ئەوەیـە ، هـەموو ئـەو خانـەوادەی شـێخانەی ، سـەدەی پێشـوو دەسـتەڵاتی سیاسـییان پەیـداکرد ، بـەخۆیان و لایەنگرانیانەوە ، لەهەر پارچەیەکی کوردستاندا بووبن ، لەو شوێنانە ژیاون ، کە سیستێم و سیمای خێڵایـەتی تـەواو تـەواو سـوار و زاڵبـووە ، لـەو ناوچانەی کە خێڵە گچکەکانی لێدەژین ، کە خوێن و دوژمنایەتی ، زۆر گێرمەو کێشەی دیکەی خێڵایەتی ، لە ئارادان . بەڵام ئەو شـوێنانەی هـۆزە گـەورەکانی لێبوون و خـاوەن سـەرۆکێکی بـەهێز و بـەتوانابوون ، (وەکـی ئێڵـی جـاف ، کـە هـەرگیز ملیـان بـۆ دەسـتەڵاتی شـێخانی بەرزنجـەیی نـەداوە و هـەتا زۆر جـار دژیشـیان وەسـتاونەوە)[62]، هـەروەها لـەو ناوچـانەش کـە سیسـتێمی فیـۆدالی بالادەسـتە ،

(وەکـی تەختانییـەکانی دیاربـەکر و دەشـتاییەکانی هـەولێر ) ، کـە کێشـەی خێڵایـەتییان تێدا نـەبووە ، یاخود زۆر دەگمـەن بـوون ، هـەرگیز شێخی خاوەن دەستەڵاتیان تێدا هەڵنەکەوتووە .

پێدەچێت ئەمـە دژی ئـەو بۆچـوونە بوەستێتەوە ، کـە دەڵێـت گوایـە شـێخان گوێڕایـەڵترین و سەرسـپاردەترین لایـەنگرانیان ، لـەنێو چەوسـاوەترین و ستەمدیدەترین چینەکانی ژێرەوەی کۆمەڵدا دەدۆزنـەوە ، تایبـەت لـەنێو جوتکارە ناخێڵەکییەکانـدا . شـێخانی بـارزان بـوون ، بوونـە پێشـقەرەوڵی خـەباتی جووتیـارە چەوساوە، داڕووتێنراوە ، ناخێڵەکییەکان ، دژی ئاغا زێبارییەکان و (ئەوانی دی).

Barth دەڵێت : ئاغاکانی هەمەوەند لەوە دەترسان ، مسکێنەکانیان بچنە سـەر تەریقـەتی قـادریی و ڕیـزی خۆیـان یەکخـەن و دژی ئـەوان بوەسـتنەوە . منـیش هەسـتم بـەو راسـتییەکرد و دەمـدیت ، بـە شـێوەیەکی گشـتی ، چـالاکترین و گوێڕایەڵترین دەروێش ، جوتیـارانی کـەم زەوی ، یـاخود بـیٚ زەوی ، پرۆلیتاریـای ڕووتـە ، یاخود پیشـەگەرە ووردەکـان بـوون . بۆیـە پیـاو دەتوانێت بەڕاشـکاوی بڵێت ، ناوچە فیۆدالییە چڕ و پڕ جووتیارە داڕووتێنراوەکان ، لەبارترین جێگـەن بـۆ ئـەوەی شـێخان ڕوویانتێکـەن و لێیاننیشـتەجێبن و لایـەنگرانی خۆیانیـان لێڕێکخەن و بەگەڕیانخەن .

ئەو لایەنگرانەی چینەکانی خوارەوە ، لـە پرۆسـەی دەستەڵاتکەوتنە دەستی شێخاندا ، هیچ کایە و ڕۆڵێکی ئەوتۆ نابینن ، ( ڕەنگە تەنها ئاوارتە لەو ڕووەوە، شێخانی بارزان بن ) . بە نێزیکە شێخان هـەموو ، تێکڕا ، زۆر ئۆرۆستۆکراتییانە دەژیـن . زێـتر هامشـۆی سـەرەکهۆزەکان دەکـەن و لەگـەڵ ئـەوان هەڵدەسـتن و دادەنیشن . لەڕێگەی ئەو سەرەکهۆزانەوە ، دەست تێکەڵی کێشە و هـەڵای نێوان هۆزەکـان دەکـەن و ئـەوە ئاسـانترین و کاریگـەرترین ئـامراز و ڕێگەیـە بـۆ گەیشتنە مەبەست .

بۆ نموونە ، شێخ عوبەیدوڵڵای نەهری ، دەستەڵاتێکی هێجگار زۆری هـەبوو ، چـونکە ژمارەیـەکی زۆر لـە سـەرکهۆزان ، ( لەڕێگـەی ئەوانیشـەوە ، هۆزەکانیـان )

پـەیمانی ئەمەکـداریی و بەینـەتیان دابوویـە ، هــەمان شـت بـە نیسـبەت شـێخ مـەحمودی بەرزنجیشــەوە ، ڕاسـتە . زۆرجـار شـێخان ، کیـژی سـەرەکهۆزەکان مارەدەکــەن ، ئــەوەش بــەلای شــێخەوە ددانـنــان و پەســەندکردنی پلەوپایــە بەرزەکەیەتی . بۆ هـەردووکلاش دەبێتە جۆرە گرەنتییەك ، ( هەرچەندە زۆریش پشتی پێنابەسترێت ) ، تا لـە ململانێدا بێ پشت و پـەنا نـەبن و لـەدژی لایـەنێکی دی ئالیکارێکیان هەبێت .

هـەر لەگـەڵ هێـز و دەسـتەڵاتی شـێخ سـەپا و تۆڕێـك لـە موریـدانی ناوچـەکە پێکهێنرا و ڕێکخرا ، کە بەردەوام کۆدەبنەوە و پێکدەگـەن ، دوور نییە ئەندامانی تەریقەتەکــە هەوڵــەدەن ، ئەنــدامانی ئــەو تــۆڕە ، بــۆ مەبەســتێکی دی ، هەڵنەســوورێنن و ســوودیان لێوەرنــەگرن ، هــەتا بــۆ مەبەســتی ململانێــی چینایەتییش . بەڵام لەسەقامگیربوونی هێز و دەستەڵاتی شێخدا ، ئەوە فاکتـەرێك نییـە . لەگـەڵ ئەوەشـدا ، باوەڕناکرێـت شـێخ دەستەوسـان راوەسـتێت ، ئەگـەر موریـدەکانی هەوڵیانـدا ، تەریقەتەکـە بکەنـە ئامرازێـك بـۆ ئامـانجی چـینایەتی خۆیـان . هـەتا شـێخ لـەتیف بـەرزنجیی ، مورشـیدی مسـکێنە شۆڕشـگێڕەکانی Barth ، بۆ خۆی یەکێك بووە لە دەرەبەگە هەرە گەورەکانی ناوچەکە .

سێهەم گۆڕانکـاریی کۆمـەڵایەتیی ، کـە دواتـر ڕوویـدا ، تۆمـاری تـاپۆ بـوو . ئەمـە بـووە مـاکی ئـەوەی ژمارەیـەکی زۆر لـە خانـەوادەی شـێخە دەسـتەڵاتدارەکان پلەو پایەیان ، بڵندتر و سەقامگیرتر بێت . ئەمە یەکێك بوو لـەو چارەسەرسازییە هەرە گرنگانەی نیوەی دووهەمی سەدەی نۆزدەهەم ، کە ئیمپراتۆرێتی عوسمانی، دەسـتیدایە . تـەنها ئاغـا و شـێخ و بازرگانـە دەوڵەمەنـدەکان و کاربەدەسـتانی حوکومەت لە ناوچەکەدا ، قۆستیانەوە و سوودیان لێوەرگرت . مەئموورانی تاپۆ ، تەنها لەگەڵ ئەوانەدا پەیوەندییان هەبوو ، ئەوانیش توانییان لەڕێگەی ئەوانەوە ، زۆربەی زەویوزار و موڵکی ناوچەکان بخەنە سەر ناوی خۆیان .

ئـەو زەویوزارانـەی بـەو جـۆرە بوونـە مڵکـی شـێخان ، بـە دیـاریی و بەخششـی لایـەنگرانیان ، زۆرتـر و فراوانتر کران . وەقفکردنـی مڵك بـۆ کـاری خێـر ، دابێکـی

كۆن بـوو . داهـاتی ئـەو جـۆرە مڵكانـە ، ( یـاخود بەشـێكی ) ، بـۆ مەسـرەفی مزگـەوت و قسـن و مەرقـەدەكان خـەرج دەكـرا . ئـەو شـێخانەی كـە ئـەركی ئـەو وەقفانـەیان پێسـپێردرابوو ، وەك مڵكی تایبـەتی خۆیـان تێیانـدەڕوانین . ئا بـەو شێوازە ، خانەوادەی شێخانی بەرزنجە ، لە ناوچەكانی سلێمانی ، بوونە یـەكێك لـە مڵكـدارە هـەرە دەوڵەمەنـدەكان . ئـەو دەوڵەمەنـدبوون و دەسترۆیشتننەشـیان هەمدیسان دەستەڵاتی سیاسیانی برەو پێدایەوە .

دەتـوانین بەڵگـە و باسـەكانی ئـەم بەنـدە بـەم جـۆرە پوختەكـەین : لەڕێگـەی بانگهێشتن و چالاكییەكانی مەولانە خالیدەوە ، لە سی ساڵەی سـەرەتای سـەدەی نۆزدەهەمـدا ، ژمـارەی شـێخەكانی كوردسـتان هێجگـار زیادیـان كـرد . بـەهۆی جموجـوڵی مـژدەدەرە فەلەكانـەوە ، كـە ئاكـامێكی دەسـتەڵات پەیـداكردنی ئەوروپاییـەكان بـوو ، كوردانیـان بە پروپاگانتەیـەك كـەویی كـرد و ڕاهێنـا ، كـە جەخت لەسەر خەسڵەتی موسڵمانانەی خۆیان بكەن و دژە فەلەش هانیان بدەن .

ئـەو نائومێـدی و ئاشـووب و هـەڵلاّ و نائارامییـەی پـاش داڕمـان و هەرەسهێنانی میرنشینە كوردەكان كەوتەوە ، ڕووی زۆر كەسیان بـەرە و ئاین ، ( یانی ڕووەو شێخان ) وەرگێڕا ، بەو هیوایەی دڵنیایی و ئارامییەكیان پێببڕێت ، كـە لـەژیانی ڕۆژانـەدا لێـی بـێ بـەریی بـوون . بـەو جـۆرە دەسـتەڵاتی شـێخ لـەناو خەڵكییدا زیادی كرد . لەبەر ئەوەی كەسێكی خاوەن شكۆ و سـەروەری وەكـی میر هەڵنەكـەوت ، تـا جێگـەی بگرێتـەوە ، كێشـەی خێڵایـەتی و ململانێـی هێـز و دەسـتەڵات لـەنێو سـەركردە گچـكە مێمـڵ و دوژمنـەكانی ئێكدیـدا هـەر ڕوو لـە زیـادبوون و قووڵبوونـەوە بـوون . شـێخان تـەنها كەسـایەتییەك بـوون ، دوور لـە ڕێكخستەی هۆز و نەبوونی پەیوەندیی پێیانەوە ، كێشەكانیان پێ چارە دەكرا. لەڕێگەی جێبەجێكردنی ئەو ئەركانەوە ، دەستەڵات و سامانی خۆیـان لەسـەر حسـێبی لایەنــە شـەڕكەرەكان ، پـەرە پێـدا . بـەو جـۆرە شـێخان بوونـە بـە دەستەڵاتترین ڕێبەرانی كوردستان و كوانووی بوژاندنەوە و گەشەپێدانی هەستی

نیشتمانپەروەریی . بەهۆی تۆماری تاپۆشەوە ، زۆر شێخ هەلی بۆ هەڵکەوت دەستەلآتی دنیایی خۆی سەقامگیربکات و ببێتە دەرەبەگێکی دیار و ناسراو .

## 4.9 زیکری تەریقەتی قادریی :

تا ئێرە خۆم دەگەڵ مێژووی سۆفیزم و تەریقەتە دەروێشییە چالاکەکانی کوردستاندا خەریك کرد . لەم بەشە و ئەوانەی دواییشدا، باسی کار و کردەوە و چالاکیی ئێستای تەریقەتەکانی کوردستان دەکەم .

## 4.9.1 مەجلیسێکی تەریقەتی قادریی لە مەهاباد :

یەکەم پێکگەیشتنم دەگەڵ کۆمەڵێك دەروێشدا ، کاتی گەشتێکی ساڵی ١٩٧٣ ی مەهابادم بوو . حەوتەی دووجار ، هەموو ئێوارانی پێنج شەمموان و دووشەممواندێك ، دەروێشانی تەریقەتی قادریی مەهاباد ، روویاندەکردە شوێنی کۆبوونەوەکانیان ، ( خانەقا ، یاخود تەکیێ ) ، تا مەجلیسی زیکری خۆیان گەرم بکەن . قادرییەکانی ئەوێ ، دوو خانەقایان هەیە ، یەکێکیان خانەقای موریدەکانی شێخ عەبدولکەریمی کرپچنەیە ، ئەوی دیکەیان تایبەتە بە بەرۆگرانی شێخ بابای غەوس ئاباد ، ( بڕوانە پاشکۆکە ، خشتەی یەك ، ژمارەکانی ٧ و ١٢ ). [63]

تەنها لە هەندەك بۆنەی تایبەتدا ، بۆ نموونە ئەگەر شێخێك لەشارێکی دییەوە بێت ، دەروێشەکان سەردانی یەکدی و خانەقای یەکدی دەکەن . بەو هۆیەوە کە هەردوك شێخ خۆیان لە مەهاباد ناژین ، خەلیفەکانیان لەبری ئەوان سەرپەرشتیی ئەو کۆڕانە دەکەن . بۆخۆم چەندجارێك لەوکۆڕانەی هەردوك خانەقادا ئامادەبووم . ئێستەکە باسێکی خانەقای کرپچنە و یەکێك لە مەجلیسەکانیتان بۆدەکەم .

خانەقاکە لە ناوەوە لە مزگەوتێکی ئاسایی دەچێت ، میحرابێکی تێدایە ، وەڵێ مینبەری نییە . وێنەیەکی پەیامبەر بەدیواری میحرابەکەدا هەڵواسراوە ، دوو وێنەی دیکە لەتەکیدا ، یەکێکیان وێنەی شێخ عەبدولکەریمە و ئەوی دیکەیان وێنەی باپیرێتی . ئالأیەکی سەوزی لێیە کە نێوی خودا و پەیامبەر و هەرچوار خەلیفەکانی راشدین ( ئەبوبەکر ، عومەر ، عوسمان و عەلی ) لەسەرچنراوە . هەموو ئەو خانەقایانەی دی کە دیدەنیم کردوون ، کەم و زۆر لەو چوون . هەندێکیان وێنەی زێترو ئالأی زێتر و سیلسیلەی شێخەکانیانی لێهەڵواسراوە . لەڕاستیدا دەتوانرێت مەجلیس لە هەموو شوێنێك بگیرێت ، هەتا لەژوورێکی ئاساییشدا . بەلأم هەموو ئەو دەستەوتاقمە قادرییانەی من دیتوومن ، بۆ کۆبوونەوە ، شوێنی تایبەتیان هەبوو . مزەختی ئەو شوێنانە ، لە کۆمەك و

پیتاکی دەروێش و موریدەکانی شێخ دابین دەکرێت . خانەقا ، بە وێنەی هەڵواسراوی شێخ و ئالاَ و تەپڵ و دەف و ئەو ئامێرە بڕندانەی لە کۆڕی زیکردا بەکاردێن ، لە مزگەوت جودادەکرێتەوە . خانەقای نەقشییەکان ، بەگشتیی لەوان سادەترن ، بۆیە زۆربەی جار کۆڕی مەجلیسیان لە مزگەوت دەگرن .

مەجلیس پاش نوێژی مەغریب دەستپێکرد . دەروێش یەك یەك وەژوورکەوتن ، سەرەتا ئەوانەی پلە و پایەیان نزمتربوو دەهاتنەژوورەوە ، ئەوانەی سامانی زێتر و پیشە و کار و پلە و پایەیەکی بالاَتریان هەبوو ، هەوڵیاندەدا درەنگتر بێنەژوورەوە . ئەوەی وەژووردەکەوت ، بە ( سەلامو عەلەیکوم ) سلاَوی لەئامادەبووان دەکرد و رووە و میحراب دەڕۆیشت و ئەویش و ئالاَکەشی ماچدەکرد و بە نەوازشەوە نێوچەوانی تێدەسوو . بڕێکیان دیواری ژێر وێنەکەی پەیامبەر و شێخیشیان ڕادەمووسی . ئەوجا لەکن ئەوانی دی دادەنیشتن و سەرو جگەرەیان پێدەکرد و چایەکیان فڕدەکرد ، ( کە مێرمنداڵێك دەمیدەکرد ) ، ئەوجا دەربارەی ڕووداوی رۆژ کەوتنە پسکەپسك . هەر لەگەڵ خەلیفە وەژوورکەوت ، گشتیان بەرزەپێ لەبەری ڕاپەڕین ، تا ئەو ڕۆنەنیشت ، کەس دانەنیشتەوە . خەلیفە لەبەردەم میحرابدا و ئەوانی دیش ئەڵقاوئەڵق لەکەناری دانیشتبوون . ئەوانەی پۆشتە و پەرداختر بوون ، لەخەلیفە نێزیکتر بوون . پاش ماوەیەك ، خەلیفە هێمایەکی بۆ کردن تا دەستپێبکەن ، دەمودەست جگەرەکان خامۆشکران و پیاڵەکان لارکرانەوە . خەلیفە ، کۆڕی زیکری بە کورتە نزایەك ( بە عارەبی ) دەستپێکرد ، نزایەکی تایبەت بۆ ئۆمەتی محەمەد و ستایشی محەمەد و یارانی و ئەولییاکانی ئیسلام و داواکاریی هیممەت و بەرەکەت لە غەوسی مەزن و هەموو شێخەکانی تەریقەتی قادریی و نەقشبەندی و سەهریوەردی و کوبرەوی و چشتیی . لەکاتی ئەو نزا و پاڕاننەوانەدا ، کەمێك بێدەنگ دەبوو ، بواری ئەوەی دەدان نزاکان بخوێنن و دووبارەی بکەنەوە . پاش ئەوە دەروێشەکان بەم شێوەیە دەستیانکردە زیکر :

یاهو ، یاهو ، یا مەن هو ، یا مەن لەیسە ئیللا هو

یا ئەڵڵا ، داییم ئەڵڵا

یا ئەڵڵا ، مەولام ئەڵڵا

تا دەهات بڵندتر بەریتمەوە دووبارەیان دەکردەوە . دەروێشێکی نابینا ، بەدەنگێکی بڵندی خۆشئاواز ، ڕێبەریی ئەو تەهلیل خوێندنەی دەکرد و پێشانی دەدان کام کۆپلەیەیان چەندجار دووبارە بکەنەوە . من هەموو ڕۆژ ئەو کابرا نابینایەم لە بەرامبەر ئوتێلەکەم دەبینی ، دانیشتبوو بەلەنگازیی دەکرد . پێم سەیر بوو ، بەپێچەوانەی گەداکانی دیکەی ئێرانەوە ، هەرگیز هەستی پەستی خۆ بەکەم زانینی پێوەدیارنەبوو . لە خانەقا ئەوپەڕی ڕێزی لێدەنرا کاتێك بەو دەنگە بڵندە و ئەو عارەبییە بێ گرێ و گۆڵە ، ئاوازی زیکری دەخوێند . پێدەچوو تەنها کەسیش بێت ، کە بۆ ئەو بۆنەیە جلکی پاکژ بپۆشێت ، چونکە ئەوانی دی جلکی ڕۆژانە و جلکی کاریان لەبەردابوو . مێزەرە سپییەکەی ، نیشانەبوو بۆ ئەوەی کە بە پلە و پایەیەکی ئاینیی گەیشتووە . ئەوە نیشانەی مەلایەتی بوو . بە تەسبیحەکەی پاتەکردنەوەی زیکرەکانی دەژمارد . کە تێکڕا نێزیکەی دە زیکرێك بوون ، زۆربەیان حەوت جار پاتە دەکرانەوە .

پاشان هەر ئەو دەروێشە نابینایە ، سیلسیلەی شێخ عەبدولکەریمی کڕچنەی خوێندەوە . تەنها ڕیزپەڕییەك لە ڕستی ئەو سیلسیلەیەدا ، ئەوەبوو نێوی بەهادینی نەقشبەندیی تێپەڕیبوو ، کە وا دەردەخات گوایە شێخ عەبدولکەریم ئیجازەی ئیرشادی تەریقەتی نەقشبەندییشی هەبێت ، هەرچەندە لە هیچ یەکێك لە سیلسیلەکانی دیکەی تەریقەتی قادرییدا ، نێوی بەهادین نەهاتووە .

دواتر دەستکرا بە زیکرێك ، کە بە زیکری حەق نێودەبرا ، دەروێشەکان صەدان جار شایەتمانیان پاتە دەکردەوە : ( لا ئیلاهە ، ئیللە لَلاّ ) ، هەموو هەستابوونە سەرپێ و خۆیان دەشەکاندەوە ، لەگەڵ گوتنی ( لا ئیلاهە ) دا ، بەلای چەپدا دەچەمانەوە و لەگەڵ گوتنی ( ئیللە لَلاّ ) دا بەلای ڕاستدا وەردەچەرخان .(64)

تەهلیلەکە بۆ خۆی کاریگەرییەکی موگناتیزانەی لەسەر من هەبوو ، ئەوجا دەبێت تینی لەسەر بەشدارانی ، زۆر لەوە بەتاوتربووبێت ، چونکە ڕیتمێکی هەناسەدان و سەر ڕاوەشان و لەش سووڕانی لەگەڵدابوو . پاشان ( ئەڵلا ، ئەڵلا، ئەڵلا ) جێگەی ( لا ئیلاهە ، ئیللە ڵلا ) ی گرتەوە . دەستکرایە تەپڵ لێدان ، سەماکە خێراتر کرا ، دەروێشەکان یەکەیەکە سەرپێچەکانیان داگرت و پرچیان بەردایەوە . ( دەروێشەکانی قادری ، پرچ دەهێڵنەوە و دەیبەستن و لەژێر سەرپێچەکەیاندا دەیشارنەوە و لەکاتی زیکردا بەریدەدەنەوە و شێوەیەکی سامناکیان پێدەبەخشێت) . ئیدی بڕێکیان کەوتنە حاڵەتی جەزبەوە ، یاخود ئاوهایان دەنواند و دەیانزیقاند و دەیانشیڕاند . پاش صەدان ( ئەڵلا ، ئەڵلا ) گوتن ، تەهلیلە کۆتایی هات و تەپڵ هەر بەردەوام بوو ، سەمای دەروێشان شێلگیرتر بوو . لەپڕ یەکێکیان ڕاپەڕی و پەلاماری زرکێکی دا ، ( ٤٠سانتیمەترێك درێژ ، پێنج میللیمەترێك ئەستوور ، دەسکێکی دار و چەند زنجیرێکی پێوە ) ، کردبوویە هەرا و زەنا و زرکەکەی بەرزدەکردەوە تا سەرنجی خەڵکیی ڕاکێشێت ، بە خانەقادا دەهات و دەچوو . هەرچەندە گوایە لە حاڵەتی جەزبەدا بوو ، وەلێ تەنها هۆشی لەکن ئەوەبوو ، خەلیفە و منی بێگانە ، هەمووشتێك ببینین و هیچمان لەکیسی نەچێت . ئەوجا لەبەردەم مندا هات بەچۆکدا و سەری بە پشتدا خست و نووکی زرکەکەی لەژێر زمانی گیرکرد و توند دەستی لێداگرت ، تا نووکەکەی لەژێرچەنەیەوە هاتەدەرەوە . هەستایە سەرپێ و بەخانەقەدا کەوتە لۆقە . پاش پێنج دەقیقەیەك ، زرکەکەی دەرکێشا و پەنجەگەورەی لە شوێن زامەکە گیرکرد . لەچەند دلۆپەخوێنێك زێتری لێنەهات . چەلێك دواتر ، پێکەوە دانیشتین و سەرو چاییمان فرکرد . لەو دەمەدا ئەوانی دیکەش زرکەکانیان دەرکێشا و سنگ و زگیان رووتکرد و لەقەبرغەی خۆیان دەچەقاند . یەکێکی دیکەیان شمشێرێکی دەرکێشا و بەدەمەکەی بەربووە سنگی خۆی و لەچەندلایەکەوە خۆی زامدارکرد .

یەکێکی دی لوێچێك بزماری قووت دا و پەرداخێك ئاوی بەسەردا کرد . ئەوانە هەمووی ئاشکرا بەپێش چاوانمانەوە دەکران و پێنەدەچوو هیچ فرت و فێڵێکیان تێدا بێت . دواتر لەخانەقاکانی دیکەش بڕێکم لەو بەزمانە دیت : شووشەیان دادەکرماند و ژەهریان دەخوارد و تەلی ڕووتی کارەبایان دەگرت و قرچەقرچی پڕیشکیان ، دەیسەلماند کە ووزەیان تێدایە . دووانی دیکەیان شمشێرێکی دەمتیژیان گرتبوو بەدەستەوە و یەکێك بەڕووتی خۆی دابوو بەسەریدا و یەکێکی دیکە چووبووە سەر کۆڵەی پشتی و سەنگی هێند زۆر بوو و دەمی شمشێرەکە بەجۆرێك لە زگی چەقی بوو ، کە پاشان بە هێواشی و ووریاییەکی زۆر دەرکێشرا و جێگە زامێکی ئاشکرا و دیاری لەسەر جێهێشت . پاشان خەلیفە پێستەکەی ویکهێنایەوە و کەمێك تفی لەزامەکەی هەڵسوو . گوایە شێخ عەبدولقادر یەکەمین کەسێك بووە کە بەو شێوەیە تیماری ئەو جۆرە زامانەی کردووە . ئەوە کەراماتی ئەوە لەڕێگەی سیلسیلەوە بۆ خەلیفەکانی قادریی ماوەتەوە و دەتوانن بەکاری بهێنن .

هەموو دەروێشەکان خۆیان زامدار نەکرد . بڕێکیان هەر خەریکی سەما و هەڵقونین بوون . هەندێکیان هیچ شتێکی ئەوتۆیان نەدەکرد ، تەنها لەگەڵ ڕیتەمەکەدا خۆیان دەشەکاندەوە و خێراخێرا هەناسەیان دەدا . هەر لەگەڵ دەنگی تەپڵ بڕا ، هەموو دانیشتن و پرچیان بەستەوە و سەرپێچیان توندکردەوە . ئەوجا چایی هات ، هێوری و ئارامیی باڵیکێشا . پاش ماوەیەك دەروێشێك دەفێکی هەڵگرت و کەوتە لێدانی و لەگەڵیدا دەستیکردە سۆز . دوای چەند سۆزێك ، نیشانەی حاڵەتی جەزبە لێیدیاردا ، ئەوجا خەلیفە بەچەند نزایەکی کورت ، کۆتایی بە مەجلیسەکە هێنا و ئیدی هەرکەس ڕۆیشتەوە ماڵی خۆی .

## 4.9.2 جەزبە و خۆدا پاچین :

ئەو مەجلیسی زیکری قادرییانەی کە لە مەهاباد و سنە و بانە و لە عامودەی سووریاش دیتمن ، گشتیان کەم تا زۆرێك ، پێکدەچوون . لەکاتی زیکر دا ،

چراکان کزدەکرێن یاخود زۆربەیان دەکوژێننەوە ، رەنگە ئەوە گەیشتنە حاڵەتی جەزبە ، ئاسانتر بکات . هەرچەندە زۆربەیان بەڕاستیان بوو ، ( لەو حاڵەتانەدا کە ڕاستیان نەدەنواند ، دیار بوو ئازاری زۆریان دەچەشت ) ، لەڕێگەی قیژە و هاوارەوە هەوڵیاندەدا سەرنجی خەڵکەکە بەلای بزووتن و هەڵسوکەوتی خۆیاندا راکێشن .. زۆریان هەوڵیاندەدا سەرنجی منی بێگانە راکێشن و هەموو شت ببینم. دیارە گرنگترین بینەر ، خەلیفەیە ، کە نوێنەری شێخە و شێخیش نوێنەری عەبدولقادرە و ئەویش نوێنەری پەیامبەرە و پەیامبەریش نوێنەری خودایە . خەلیفە چاوەدێریی ئەوەی دەکرد ، نەبا دەروێشەکانی لەحاڵەتی جەزبەدا ، خۆیان کەلەلاکەن . ئەگەر پێشهاتی ئاوها ڕوویدابا ، رایدەگرتن و دەستی بەزامەکانیاندا دەهێنا و کەمێك تفی بۆ تێهەڵدەسوون . لە هیچ یەکێك لەو مەجلیسانەدا کەمن دیتمن ، هیچ دەروێشێکم نەدیت بە شێوەیەکی ئەوتۆ زامدار بێت . خۆیان لە زامدارکردنی بەشە هەستەوەرەکانی لەش دەبوێرا . سەیر ئەوەبوو ، زامی کەسیان هەوی نەدەکرد ، هەرچەندە زرك و چەقۆ و شمشێری ئەوتۆیان بەکار دەهێنا ، کە هەرگیز خاوێن نەدەکرانەوە ، ئەوە لە میکرۆب و بەکتریا پاکژکردنیان هەر گەڕێ . دەروێشەکان خۆیان پێیانوایە ئەوە کەراماتی شێخ عەبدولقادرە بە شێخ و خەلیفەکانی براوە و تا ئەوڕۆش هەر بڕدەکات و لە ئاکام و ئازاری دەیانپارێزێت . بەدڵنیاییەوە دەڵێن ، ئەوەی وودمی شێچ یاخەلیفەی نەبێت ، چاکتر وایە توخنی ئەو کارە ترسناکانە نەکەوێت . بە باوەڕی ئەوان ، ئەوەی وودمی نەبێت و کاری لەوبابەتە بکات ، کەراماتی شێچ عەبدولقادر نایگرێتەوە و دوور نییە نەمرێت .

بۆچ دەروێشەکانی قادری بەو جۆرە خۆدادەپاچن ؟ مەسەلەیەکە دەبێت لەچەند ڕوویەکەوە لێبکۆڵرێتەوە . بنەما مێژووییەکەی لەتەم و مژ و تاریك و بوومەلێڵیی مێژوودا ، گومە . هەندەك لەو باوەڕەدان کە لە هندستان ، یاخود لە ئاسیای نێوەندەوە هاتووە ، هەرچەندە هیچ بەڵگە لەبەر دەستاندا نیین . ئەو دەروێشانە نە بە مەبەستی خۆ ئەشکەنجەدان و خۆسزادان بەوکارە هەڵدەستن و

نە بەمەبەستی جەزبە و حاڵ لەخۆهێنان . دیارە ئەو بەزمەی کوردان ، لەوانەی ئاسیای نێوەند و هندستان ، کە چەندین مەبەستیان لەپشتەوەیە ، جوداوازە . (هەڵبەت ئەمە مانای ئەوە نییە ئیدی لەوانەوە وەرنەگیراوە ) . لەنێو قادرییەکان خۆیاندا ، چەندین هۆ و هۆکار لەسەر زارانن . لە شێخێکم پرسی بۆچ موریدەکانی ئاوها خۆ بە زرك دەسمن ؟ وەرامی دامەوە : ئەوکارە خۆی لەخۆیدا گەیشتن بە بارودۆخێك پێشاندەدات کە(حاڵ ) ی پێدەڵێن و کەم کەس پێیدەگات. لەسەری ڕۆیشت و گوتی گوایە ئەو خۆی قەت نەگەیشتۆتە ئەو حاڵەتە ، کە بەرەکەت و میهرەبانییەکی تایبەتی خوداییە . ( ئەوەی دەگوت و لە چاوانیدا تروسکەی هەستێکی ئەهریمەنانە دەبریسکایەوە) . پێنەدەچوو ئەو (فەیز و بەرەکەتە خوداییە ) بەهێند بگرێت ، هەتا حەزی بەوەش نەدەکرد دەمەتەقێی لەبارەوە بکات ، زێتر شەیدا و سەوداسەری باس و خواس و هەواڵی تیاترۆخانەکانی شەوانەی فەرەنسا و هۆڵەندا بوو . وا تێگەیشتم مەبەستی ئەوەبێت ، کە ئەوە خواستێکی خوداییە و ناچاری پەلاماردانە شمشێر و زرکیان دەکات .

زۆربەی ئەو قادریانەی پرسیارم لێکردوون ، دەگەڵ مندا لەوەدا یەك بوون ، کە ئەو بەزمە و ئەو بایەخەی لەو تەریقەتەدا پێیدەدرێت ، دوو هۆی هەیە . لە لایەکەوە تا پێشانی موسڵمانان و بێگانانی بدەن کە ئیسلام ئاینێکی ڕاست و ڕەوایە و تایبەت تەریقەتی قادریی ، خاوەنی هێزێکی بەدەر لە هێزی سوشتیی مرۆڤە ، ( چونکە عەبدولقادر هێزی ئەوەی پێبەخشیون کە ئەو جۆرە زامانە بەو شێوازە پەرجووئاساییە تیمار بکەن ) . لە ڕاستیدا ، پاش یەکدوو جار دیتنی ئەو بەزمانە و پاش ئەوەی بینیم گوایە خودا چۆن خەڵکە خاوەن ئیمانەکانی خۆی دەپارێزێت ، داوام لێکرا ببمە موسڵمان .

هەتا جارێك بە شەڕەشەق لە خەتەنەکردنی بەزۆریش قوتاربووم . خەلیفە پێیوابوو کە کۆڕی زیکرەکە هێند ڕازیکەربووە ، کە جگە لە بوونە موسڵمانم ، چارەی دیکەم نەماوە . کاتێك سەرپێچیم لە جێبەجێکردنی ئەو داوایە کرد ،

دەیویست گوایە کۆمەکم پێبکات و بە شمشێر بەزمێکی گرنگ سازکات ، تا هێزو تاوی ئاینێك بسەلمێنێت ، کە خۆی نوێنەرێتی . مەسەلە گاڵتە و گەپ نەبوو لەگەڵ بێگانەیەکدا ، هەتا زۆری لەو مێرمندالأنەی دەور و بەریش دەکرد ، کە بۆ دیدەنیی مەجلیسی زیکرەکە هاتبوون .

لەلایەکی دیکەوە ، ئەو دەروێشەی پرکێشی ئەو کارانە دەکات ، دەیەوێت بیسەلمێنێت کە بڕوای بە ئێزدان و تەریقەتەکەی هەیە و پێشانی بدات کە پشت بەخودا دەبەستێت ، ( چونکە تەوەککول ، قۆناغێکە لە قۆناغەکانی سۆفیگەرێتی).

ئەمە دەمانگەیەنێتە ئاستێکی دی و تاڕادەیەك وەرامی ئەو پرسیارەمان دەداتەوە کە لەخۆمان کرد . هەموو دەروێشەکان ناگەنە حاڵەتی جەزبە ، هەموو ئەوانەش کەدەگەنە ئەو حاڵەتە ، ئامبازی زرك و شمشێر نابن . ئەوانەی بەوکارە هەڵدەستن هەرە ڕووتە و هەژارەکانن ، ئەوانەن کە لە ژیانی ڕۆژانەدا نزمترین پلە و پایەیان هەیە . بێکارەکان ، کرێکاری وەرزی ، کاسب و کۆلکەوەستاکانن . ئەوانە تەنها لە خانەقا دەتوانن تۆڵەی ئەو پلە چینایەتییە نەوییەی خۆیان بکەنەوە ، بەوەی خۆ بنوێنن کە شتانێك دەکەن ، لەدەست کەسانی دی نایەت .

یەکێك لەو دەروێشانەی چاکم دەناسی ، ڕۆژنامەی دەفرۆشت . دیارە ئەو جۆرە کارانە لە وولأتانێکدا کە زۆربە نەخوێندەوارن و خەڵکیی بەدەگمەن ڕۆژنامە دەخوێننەوە ، داهات و دەستکەوتێکی ئەوتۆی نییە . ڕۆشنبیرێکی واش نەبوو ، بۆیە هەرکوێ دەچوو ، سەریان دەکردە سەری و گاڵتە وتەشقەڵیان پێدەکرد . جارێك لەگەڵ کۆمەڵێك لاودا دانیشتبووم و بۆخۆمان قسەمان دەکرد ، دەروێش بەوێدا هات و سلأوی لێکردم . بۆ بەدبەختیی ، یەکێك لەوانەی لەگەڵم دانیشبوو ، بە سووکایەتییەوە توانجێکی تێگرت و هەستی ڕووشاند . من گوێم نەدایە توانجەکە و هیچ خۆم تێکنەدا و وەرامی سلأوەکەم دایەوە و هێندەی کرا خۆم ئاسایی پێشاندا و کەمێك دواندم . داوەتی کردم ، ئێوارە بچمە خانەقا و

گوتی : " ئەگەر ئێوارە بێیت ، شتێکی سەیرت پێشاندەدەم " ، قامکی بۆ ئەوانەی دەوروبەرم راکێشا و گوتی : " ئەمانە لەوشتانە ناگەن" .

دەروێش پێیوایە ئەوکارانە لەڕێی خودادا دەکات ، وەڵێ پێشیخۆشە دەروێشەکانی دی و خەلیفەش ببینن . بە چ دەچێت گەر مرۆ لەخەڵکی دی زێتر بزانێت و کەسی دیکەش فێرنەکات ؟ ئەمە هۆی ئەوەبوو کە کەسێکی بێگانەو غەوارەی وەکی من ، هەرگیز ڕێگەی چوونە ئەو مەجلیسانەی لێنەدەگیرا . لەو مەجلیسانەی من چووم ، دووجاریان خەلیفەی لێنەبوون . دەروێشەکان زیکر و تەهلیلەی خۆیان دەکرد ، وەڵێ بێ زرك و شمشێر وەشاندن ، [65] هەتا نیشانەی جەزبەگرتنیش زۆر دەگمەن بوو .

رۆژێك کۆمەڵێك شێخ لە کوردستانی عێراقەوە ، بە مێوانی هاتبوونە خانەقای غەوسئاباد ، دەروێشێکی زۆر لەهەردوك تاقمەکەی قادریی هاتبوونە مەجلیسەکە، ئەوە گەرمترین کۆڕی زیکرێك بوو کەمن دیتبێتم . دەروێشەکان هەرچی لەتوانایاندابوو ، کردیان و نواندیان . کابرایەکی پیریان تێدابوو کە هێشتا تەواو نەکەوتبووە حاڵەتی جەزبەوە ، کە شمشێرەکەیان لە زگی دەرکێشا ، وەختابوو لەتاو ئازار لەهۆش خۆی بچێت .

شێخ و خەلیفە لە وەعز دادانی موریدانیاندا ، ئەو دیاردەیە بە قەرەبووکردنێکی کەموکووڕییەکانی لایەنی دنیایی و ژیانی کۆمەڵایەتی لەقەڵەم دەدەن . ئامادەبوونی من لەو مەجلیسانەدا ، زۆربەی جار ، چ لەسەرەتا و چ لەکۆتاییدا ، دەبووە هەوێنی دەمەتەقێ و ووتووێژی دوور و درێژ لەنێوان شێخ و خەلیفە و خۆم و دەروێشەکاندا . هەمیشە ئەوەیان دووبارەدەکردەوە و ( دەروێشەکان سووربوون لەسەری ) ، کە گوایە گومان لەوەدانییە سەروەت و سامان و زانست و زانیاری هەن و گرنگن ، وەڵێ ئەوانە شتی دنیایین و لەنێودەچن، ئەوەی هەتاهەتاییە و هەمیشە دەمێنێتەوە گەنجینەی رۆحانی و زانستە پەنهانییە نادیارەکانن و ئەوانەش تەنها و تەنها لەخانەقا هەن .

بەو پێیە تەریقەت دەبێتە دەروو و ئاکامێك بۆ ئاکامییەکان و هاندەرێك بۆ تەسلیمبوون و خۆبەدەستەوەدان و هەڵوێستێکی ناشۆڕشگێڕانە . لێ ئەوە نەدەبوو ئاوها بێت : چەندین بزووتنەوەی سیاسی ئازادیخواز ، یاخود مەهدی ئاسایی هەن ، کەبەداخەوە زانیارییەکی ئەوتۆمان لەبارەیانەوە نییە ، هەروەك ئەو تەریقەتانە وان . زۆربەی ئەو بزووتنەوانە ئەودەم دەتوانرێت بە شۆڕشگێڕ لەقەڵەم بدرێن ، کە واتای ئەو زاراوەیە فراوانتر کرا. خەسڵەتی گشتیی ئەو بزووتنەوانە ، گوێڕایەڵیی کوێرانەی لایەنگرانیانە بۆ فەرمانی سەرکردەکانیان ، کە بەوپەڕی ئاسوودەییەوە ئامادەی گیانفیداکردنن لە پێناویاندا . ئەوانە بزووتنەوەیەکن وەك ئەو تەریقەتانەی دەروێشەکانیان زرك لەخۆدەدەن و هیچ جوداوازییەکیان نییە .

دواسەرنجمان دەربارەی جەزبەیە : گەیشتن بەو حاڵەتە هەرئاوها ئاسان نییە و هەمووکەس پێیناگات . زۆربەی ئەو موریدانە دەبێت فێری بن . هەندەك لەبەر باری دەروونی ، یاخود لەترسدا ، قەت پێیناگەن . پێدەچێت ئەو سەرنجە راستبێت کەدەڵێت گوایە خەڵکانی سادە زووتر بەو حاڵەتە دەگەن ، خوێندەوار بە پێچەوانەوە ، زۆر بەزەحمەت ، یاخود هەر پێیناگەن . بە باوەڕی منیش هەر ئاوهایە . رەنگە هۆکارێکی دیکەی ئەوەی بۆچ تەنها کەسانی سادە و رەشۆکی ، زرك و شمشێر لەخۆدەدەن ، ئەوەبێت کە خاوەن تەجرەبەکان ئاسان جەزبە دەیانگرێت و حاڵیان لێدێت . دەروێشی خاوەن تەجرەبە ، هەرکات ئارەزووبکاتو هەرکات دڵی بخوازێت ، جەزبە دەیگرێت ، زۆرجاریش هەرلەخۆوە حاڵی لێدێت. جار هەیە وەك خۆم دیتوومە ، تەپەی تەپڵێك ، یاخود زایەڵەی سۆزێك ، حاڵ لەدەروێش دەهێنێت . دیارە دەستدانە زرك و شمشێریش بەشێکە لەو حاڵەتە . جارهەبووە دەروێشم دیتووە بە ڕووکەش جەزبەگرتوویە و لەپڕ وا بزاوتووە ، وەك لەشی خۆی بڕێتەوە ، یاخود شوێنێکی خۆی بسمێت .

دەروێشێکی نیعمەتوڵڵایی بەسەرهاتێکی خۆشی ئەو مەیلی خۆداپاچینەی کاتی جەزبەی بۆگێڕامەوە . نیعمەتوڵڵایی تەریقەتێکی دەروێشانەی

ئەریستۆکراتیانەی شیعەگەرانەیە و ئەوانیش خانەقایەکیان لە سنە هەیە . یەکێك لە خەلیفە قادرییەکانی ئەوێ ، مەیانەیەکی خۆشی لەگەڵ دەروێشە نیعمەتوڵلاّییەکاندا هەبوو . جارجارە لەگەڵ موریدەکانیدا سەردانی خانەقای گەورەی نیعمەتوڵلاّییەکانی تارانی کردووە و گوێدێریکی چاکی سروودە سۆفییانەکانیان بووە . یەکێك لەو دەروێشە قادرییانە دەبێتە نیعمەتوڵلاّیی و لە کۆڕی زیکری حەوتانەی سنەیاندا ، بەشداریی دەکات . جارێك لەکاتی سۆزدا ، لەپڕ جەزبە دەیگرێت ، هەرچەند چاو دەگێڕێت ، شتێکی تیژی چنگ ناکەوێت ، چونکە نیعمەتوڵلاّییەکان باوەڕیان بە خۆداپاچین نییە و ئەوجۆرە شتانە بەکارناهێنن. دەروێش لەپڕێکدا رادەپەڕێت و بەکەللە بەردەبێتە دیوارەکە ، دەروێشە نیعمەتوڵلاّییە تۆقیوەکان ، ناوێرن بیگرن ، تا لەپڕ بەلادادێت ، وادەزانن مردووە ، چونکە لەکاتی سەربەدیوارکێشانیدا ناڵەیەکی وا دێت ، وادەزانن کەللەی تەقیوە ، کەدێتەوە هۆش خۆی ، دەڕوانن ئەوەی تەقیوە ، مێشکی نەبووە ، بەڵکە دیوارەکە بووە قڵەشیوە .

بۆخۆم لە کۆڕی زیکرێکی عامودای سوریادا ، شتێکی لەوبابەتەم بەچاوی خۆم دیت ، وەلێ دڵنیانیم ، داخۆ ئەوەی من دیتم پەرکەم و فێ نەبوو . سەرنجم دا ، لاوێك لەپڕ لەشی وێکهاتەوە و مووچرك جەستەی دەهەژاند و بەلادا هات ، کەوتە سەرزەوی و تلی دەخوارد و کەللەی بەدیواردا دەکێشا . هێزێکی سەیری هەبوو ، بە من و سێ پیاوی بەهێزی دیکە دابین نەدەکرا تا بیگرین و نەهێڵین مێشکی خۆی بپژێنێت . ئاشکرا دیاربوو لە ویست و ئارەزووی خۆی بەدەر و تەواو ناچاربوو .

جا هەر بەڕاستی ، رەنگە برێك لەو دەروێشانە پەرکەم و فێیان لەگەڵ بێت و بێ تواناییان لە کۆنترۆلکردنی لەشیاندا ، لە خەوشێکی بیۆلۆژییەوە بێت . زۆربەیان فێربوون ، زوو جەزبە دەیانگرێت . رەفتاریان لەوکاتەدا لە رەفتاری پەرکەمگرتوویەك دەچێت . رەنگە بەهۆی لێکچوونی ئەو دوو حاڵەتە

جوداوازەوە بێـت ، کـە ئیمانـداران و دەروێشـەکان زۆر میهرەبانانـە رەفتـار لەگـەڵ ئەو کەسانە دا دەکەن کە پەرکەمیان لەگەڵە .

### 4.9.3 هونەری هۆنراوەی مەجلیس :

ســروود و هــۆنراوەی مــەجلیس ، جۆریــان زۆرە . بڕێــك لــەو هۆنراوانــە دەگەڕێنەوە بۆ نـەریتی بەرز و دێرینـی سـۆفیگەرێتی ، ( بـۆ نموونـە هۆنراوەکانی دیوانی شەمسـی تـەورێزی ) ، یـاخود هـۆنراوەی شـێخی تەریقەتەکە خـۆیین ، کـە لاسـایی شـێوازی ئـەو نەریتـە دێرینـە دەوڵەمەنـدە دەکاتـەوە . هەنـدێکی دیکـەیان بەسـەرهاتە گرنگـەکانی مێـژووی ئیسـلام دەگێڕنـەوە ، یـاخود پـەرجوو و کـارە سـەیرەکانی بڕێـك شـێخی مـەزن باسـدەکەن . یـەکێك لـەو هـۆنراوە دەروێشـیانەی کۆمکردوونەوە ، ( دەروێشـێکی قـادریی هێجگـار پیر دەیخوێنـد) ، هـی سـەردەمی یەکەم جەنگی جیهانییە ، بانگی غەزای کافران و دژە فەلە هەڵدەدات . [66]

### 4.10 بەزمی تەریقەتی نەقشبەندیی :

کـۆڕی زیکـری نەقشـبەندیی بـەوە لـە قـادریی جودادەکرێتـەوە ، کـە کـۆڕی زیکریان بێ دەنگە و حاڵلێهاتن و خۆداپاچینی تێدانییە . جارێ باسی ئەو داب و نەریتە دەکەم کە لە ( دووڕووە ) دیتم ، لەو گوندەی لە ناوەڕاستی حەفتاکاندا شـێخ عوسمـانی تەوێڵـەی لێـدەژیا . خانـەقای دووڕووە ، هـەمانکات مزگـەوتی گونـدیش بـوو ، هەمیشـە جمـەی دەهـات . ڕۆژی دووجـار ، کـۆڕی زیکـری تێـدا دەگێڕدرا ، هـەمووجاریش پاش نوێژی بەیانیان و پاش نوێژی ئێوارە . دیارە ئەوە ئاسایی نەبوو ، چونکە لە زۆربـەی شـوێنەکانی دی جارێك ، یاخود دووجار لـە حەوتەیەکـدا کـۆڕی زیکـر دەگێڕدرێـت ، ئێـوارانی هـەینی و برەجـارێکیش ئێوارەی پێنج شەمموان ، لەنێوان نوێژی مەغریب و نوێژی خەوتناندا .

تایبەتمەندییەکی دیکە ئەوەیە ، کە شێخ عوسمان هەردوك تەریقەتی نەقشـیو قادریی تێکەڵ دەکات . بەو پێیە پاش کۆڕی زیکـری نەقشـبەندیی کـە خەتمـەی

پێدەڵێن و خۆی بەشێکە لە دابی زیکرەکە ، زیکرێکی قادرییانە بەدەنگی بەرز دەستپێدەکات . شێخ هەن ، کە ئیجازەی هەردوك تەریقەتەکەیان هەیە ، وەڵێ شێخ عوسمان تاقە شێخە ، کە من بیناسم و هەردوك جۆری زیکرەکە تێکەڵکات .

زۆربەی جار ، لادێیی و موریدەکانی شێخ ، بەرلەخۆرئاوابوون ، بۆ نوێژی مەغریب ، لەمزگەوت کۆدەبوونەوە و مەلایەك پێشنوێژییدەکردن ، کەهەمیشە ، یاخود زۆربەی کات لە خزمەت شێخدابوو ، هەموو بەچەند ریزێکی هاوتەریب ، ڕووەو قیبلە دەوەستان . پاش نوێژ ، ئەوجا ئەڵقەیان دەبەست و دادەنیشتن . چراکان دەکوژێنرانەوە و خەتمە دەستپێدەکرد . شێخ خۆی هەمووکات بەشداریی نەدەکرد و هەتا زۆربەی جار هەر ئامادەش نەدەبوو ، ئەگەر ئامادەشبا، لەو دابەدا هیچ کایەیەکی ڕێبەرایەتی نەدەگێڕا . وەڵێ وەك هەموو بانگاشەیاندەکرد ، تەنها ئامادەبوونی ، گوڕ و تینێك و ووزە و وورەیەکی سەیر بە ئامادەبووان دەبەخشێت .

یەکێك لە مەلاکان ، یاخود چەندێکیان ، یەك لەدووی یەك ، بڕێك شتیان لەستایشی پەیامبەردا دەگوت و چەند ئایەتێکی قورئانیشیان دەخوێند ، کە پێدەچوو هەر لەخۆوە هەڵیانبژێرن . لەنێوان ئەو ئایەت و نزایانەدا ، ماوەیەك بێدەنگیی باڵیدەکێشا . لەکاتی ئەو بێدەنگییەدا ، ئامادەبووان ، لەبەرخۆوە ، بە هێواشی ، چەندین جار ، ئایەت و سوورەتەکانیان دووبارەدەکردەوە . ئەوجا نۆبە دەهاتە سەر ( رابیتەتو لقەبر ) ، بیرکردنەوە لە مەرگ و گۆڕ . بەشداران بیریان لەوە دەکردەوە ئیدی گوایە وا مردوون و بۆ گۆڕ شۆڕدەکرێنەوە و هیچ پەیوەندییەکیان لەگەڵ ژیان و جیهاندا نامێنێت . لەکاتی ئەو زیکر و بیرکردنەوەیەدا ، کە پێنج دەقیقە تا دە دەقیقەی دەخایاند ، هیچ قسە نەدەکرا و هیچ نەدەبیسترا ، تەنها ئاهوناڵە و هەنسکی گریان نەبێت ، کە پێشانیدەدا تا چ ئەندازەیەك لەبیرکردنەوەدا قووڵبوونەوە و هەستکردن بە بەدرەفتاریی و جێبەجێنەکردنی ئەرکەکان چەندە دەردناکە . دەنگی ئەو هەنسك هەڵدان و

لەتکەوەچــوونە ، لــەدەنگی گریــانی ئاســایی هــەراوتر بــوو ، کەشــێکی وای دەخولْقاند ، هەموویانی دەخستە گریان .

پاشان ئەو مەلایەی ڕێبەریی زیکرەکەی دەکرد ، دەستپێکردنی ( رابیتە)ی رادەگەیانـد ، یـاخود ( رابیتـە بەشـێخەوە ) ، کـە موریـدان هەوڵـدەدەن بـە ڕۆح پەیوەسـت بـن بەشـێخەوە و لەڕێگـەی ئەویشـەوە بـە پەیامبـەرەوە . ئـەو کـارە پێویستی بەتەکنیکی خەیاڵ هەیە . مورید چاوی دەنووقێنێت و شێخ لەخەیاڵی خۆیدا وێنا دەکات . ئەوجا پرتەوێك لەنووری یەزدانی دەهێنێتە پێشچاوی خۆی، کە لەشێخەوە دەپرژێتە دڵییەوە . لەکاتی رابیتەدا ، زیکرێکی بێدەنگ دەکرێت . بەبێـدەنگی نێـوی خـودا چـەندبارە دەکرێتـەوە و لەگەڵیـدا هەسـت دەخاتەگـەڕ و سـەرەتا لەدڵـدا و ئـەوجا لەبەشـە هەسـتەوەرەکانی دیکـەی لەشـدا دەیچـێنێت و هەسـتی پێـدەکات . پـاش زیکـری خـودا ئـەوجا شـەهادەت دێـت و ئـەویش بـە بێـدەنگیی دەخوێنـدرێت . رابیتـە و زیکـر پێـنج تـا دە دەقیقەیـەك دەخایـەنن . کۆڕی زیکری نەقشبەندیی بە خەتمە دەستپێدەکات و بە دووبارەکردنەوەی نێوی سیلسیلەی مەزنان و پیاوچاکانی تەریقەتەکە و دوعا و نزاکردن ، کۆتاییدێت .

یەکەوڕاست پاش خەتمە ، زیکری تەریقەتی قادریی دەستپێدەکرد ، بەڵام بەبێـدەنگیی ، نـەك بـەو هـەراو هوریایـەی لـەخۆیانم دیتبـوو . بەشـی یەکـەمی شـایەتمان ( لا ئیلاهـە ، ئیللـەڵلاّ ) صـەد جارێك بەدەنگـەوە دووبارەدەکرێتـەوە ، بــەڵام بــەدەنگێکی نــەوی ، بــێ خۆلەنگانــدن و خــۆ شــەکاندن . پاشــان دووصـەدجارێك ( ئـەڵلاّ ....... ئـەڵلاّ ) بـە گـۆکردنێکی درێـژکراوەیی و پاشـان دووصەدجارێکیش بەکورتکراوەیی ، دەگوترێتـەوە . دیـارە نـە زرك و نـە شمشێر ناوەشـێندرێن و ئەوانـە بـە رەفتـاری کەسـانێك دادەنـرێن کـە بەهەڵـە لـە سـۆفیزم گەیشتوون و هیچ سەری لێدەرناکەن ، بۆیە ئەمان رەتی دەکەنەوە .

ئەودەمەی زیکر و خەتمە تەواودەبێت ، ئیدی کاتی نوێژی خەوتنە . چراکان پێدەکرێنەوە و بانگ دەدرێت . هەندێك خەڵکی دیکە دێن بۆ نوێژ و پاش نوێژ ، هەرکەسە دەچێتەوە ماڵی خۆی و لێیدەخەوێت .

جارێکیش ، لە گوندی حەلوا ی سوریا ، کە گوندی شیچ عەلوانی برایم حەققییە ، لە خەتمەیەکدا ئامادەبووم . (67) شێخ خۆی ، بە کۆمەکی خادیم ( کە وەك مجەووری مزگەوت وایە) ، کۆڕی زیکرەکەی بەڕێوەدەبرد . پاش دوعا و نزاو ستایشی پەیامبەر ، هەرکەس لەبەرخۆیەوە چەند سوورەتێك قورئانی دەخوێند . بۆ نموونە شێخ دەیگوت : ( ئیخلاس ئەششەریفە ) ، ( واتە سوورەی ١١٢ هەمینی ئیخلاس ) ، ئیدی هەموو موریدەکان ، یەکی ٣٣ جار ئەو سوورەتەیان دووبارەدەکردەوە و بەدەنکی تەزبیحەکانیان دەیانژمارد . پاشان چەند ئایەتێکی دیکەی قورئانیان دەخوێند . چونکە خەتمە دوای مەغریب دەستپێدەکرد ، پاش خەتمە نوێژی خەوتنان بوو . شێخ خۆی پێشنوێژیی دەکردن . ئەوجا هەموو لە دەوری شێخ گردبوونەوە و شێخ وەعزێکی دادان و دژی رادوێ و تەلەفزوێن و هەموو ئەو داهێنراوە ئەهریمەنیانە قسەیدەکرد ، کە باوەڕی ئیمانداران سست و لەق دەکەن . پاشان زیکر و تێفکرین لە مردن دەستپێکرد و خادیم داوای لێکردن هەموو بەمەبەستی رابیتە و زیکر و تێڕامان چاو بنووقێنن . ئەم حاڵەتە زۆر درێژەی کێشا ، وەلێ ئەو قووڵبوونەوەیەی تێدا بەدینەدەکرا کە لەکن شێخ عوسمان دیتم . چەند موریدێك بەهەناسەی قووڵ و ئاهوناڵە و سەر جوڵاندن و دەست ڕاوەشاندنەوە ، هەوڵیاندا بکەونە حاڵەتی حاڵ لێهاتن و جەزبەوە . لە کۆتاییدا ، یاریدەدەرەکەی شێخ ، فەرمانی بەدوو دەروێش کرد ، هەڵسن . هەردوك هەڵستان و سێ قۆڵی کەوتنە هاتوچۆ و بە عارەبی دەستیانکردە سۆزێك کەمن هیچی لێتێنەگەیشتم . ئەوجا شێخ هەستا و لەپشتەوە ( ئەڵڵاهو ئەکبەر ) ی بە گوێی یەکەیەکەی موریدەکانیدا چرپاند . ئەوانیش لەبزاوتن کەوتن و کۆتاییان بە زیکرەکە هێنا و چاویانکردەوە . شێخ لەبەردەم میحرابەکەدا ڕۆنیشت و سیلسیلەی خۆی خوێندەوە . خەتمە کۆتایی پێهات و موریدەکان لەشێخ ئالان ، تا دەستی ڕاموسن ، یاخود هەندەك پرسیاری تایبەتی لێبکەن ، یاخود هەر بۆ دوعاخوازیی .

### 4.10.1 شێوازە جوداوازەکانی ئەو بەزمە :

ڕێنماییە سەرەکییەکانی زیکری تەریقەتی نەقشبەندیی لەهەموو جێیەك وەك یەکن و لەزۆربەی نووسینەکانی تەریقەتەکەشدا باسکراون ، وەك لە ( تەنویر ئەلقلووب ) ی ( محەمەد ئەمین کوردی ) دا ، کە یەکێکە لەو سەرچاوانەی زۆر دەخوێندرێتەوە . زیکر یەکەمجار بە خوێندنەوەی سوورەتەکانی قورئان دەستپێدەکات ، تایبەت فاتیحا و سوورەی ئەلئیخلاس . ئەوجا رابیتەت ئەلقەبر ، پاشان رابیتە بالشیخ ، دواتر زیکرێکی بێدەنگ و ئەوجا سیلسیلە خوێندنەوە . هێندەی من بزانم و پەیوەندیی بە هەردوك رابیتەکەوە هەبێت ، شێوازێکی یەك چەشنیان نییە .

بۆ نموونە ئەو نەقشبەندییانەی دەربارەی ( رابیتەت ئەلقەبر ) پرسیارم لێکردوون ، لەبیرکردنەوە لەمردن دا ، وەرامەکانیان جودابووە : دابڕین لە ژیان و جیهان ، یاخود ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ گوناه و تاوان و کەموکوڕییەکاندا . پیرەموریدێکی سادە و ساکار ، تەجرەبەی خۆی ئاوها بۆ دەگێڕامەوە :

" بیر لە لاشەی خۆم دەکەمەوە ، پاش مردنم ، شۆرراو و کفن تێوەپێچراو بۆ گۆر شۆڕەوەکراو . کە گشت خزم و خوێشان گۆڕەکەم جێدەهێڵن ، ئەوجا فریشتەیەك دێت و پرسیارم لێدەکات : خودای تۆ کێیە ؟ وەرامیدەدەمەوە : هێندەی من بزانم ، ڕاستییەکەشی هەروایە ، خودای تۆ ، خودای منیشە . ئەوجا دەپرسێت : لەسەر چ دینێکیت ؟ دەڵێم : ئیسلام . پەیامبەرت کێیە ؟ پەیامبەری تۆش و منیش هەر محەمەدە . باوەڕت بەچی هەیە ؟ بە قورئانی پیرۆز . پاش ئەو پرسیار و وەرامانە دێتە سەر حسابی ژیانم . ئەو دوو فریشتەیەی گشت چاکە و خراپەیەکیان تۆمارکردووم ، کردارەکانم پێکدەگرن . گەر ئاکامەکەی خراپ بێت ، هەتا رۆژی زیندووبوونەوە ، لە گۆڕدا دەمسووتێنن . [68] ئەو ڕۆژە ڕووندەبێتەوە ، داخۆ دەچمە دۆزەخ یاخود دەچمە بەهەشت . هەموو ئەو شتانە دەهێنمە پێشچاوی خۆم و هەرئەوەشە ناچارم دەکات بیر لەژیانی رۆژانەم بکەمەوە .

هەتا لەنێو موریدانی هەمان شێخیشدا ، لەو بارەوە بیر و بۆچوونێکی تەواو یەکگرتوو نییە . ڕەنگە ڕێنماییەکانی چەند شێخێکیش ، تەواو لێکدووربن . بڕێك موریدی تاڕادەیەك خوێندەوار بۆیانڕوونکردمەوە کە چوار پرسیاری گرنگ هەن ، پێویستە هەموو موسڵمانێك وەرامیان بزانێت ، ئەوانیش : ( خودا و ئاین و پەیامبەر و پەیامە ) . لەلایەکی دییەوە شێخێك لە تورکیا ( شێخ سەیفەددینی ئینقاپی ، کە هێند لە سیعرتەوە دوور نییە ) ، پێیگوتم ، کە ئەو دوو جۆرە زیکرە ، هیچ کامیان ڕاست نیین . بە گوتەی ئەو ، مرۆ دەبێت بیر لەوە بکاتەوە کە لە گۆڕدا تاك و تەنهایە ، پەیوەندیی بەهیچ شتێکی دنیاییەوە نامێنێت و تەنها کەسێك کە پێوەی پەیوەست بێت ، خودایە .

ئەو کەمۆکە ووشەیەش کە محەمەد ئەمین کوردی ، لە کتێبەکەی ( تەنویر ئەلقلوب ) دا لەوبارەوە نووسیویە ، کەم و زۆر هەر لەو بازنەیەدا دەسووڕێتەوە : تاك و تەنها مانەوە و هەستکردن بەوەی کە ئیدی دنیات لەدەستچووە .

لە حاڵەتی (رابیتە بالشیخ ) دا ، مورید شێخەکەی دەهێنێتەوە پێشچاوی خۆی و هەوڵدەدات لەڕێگەی ئەوەوە پەیوەندیی بەخوداوە بکات . ڕاوبۆچوونەکان لەبارەی چۆنیەتی بەرقەرارکردنی ئەو پەیوەندییەوە ، جوداوازن . بەخەیاڵی هەندەك ، شێخ موریدەکەی دەباتە خزمەت پەیامبەر ، یاخود دەیباتە پێشگاهی خودا . لە هەموویان بەربلاوتر ، خەیاڵی ئەوەیە ، کە خودا بەرەکەتی خۆی بەسەر شێخدا دادەبارێنێت و لەویشەوە بە موریدانی دەگات . زۆربەیان ، ئەو بەرەکەتە لەشێوەی پرتەوی نوورێکدا دەبینن ، کە لەخوداوەندەوە داباریوە و بە تەوێڵی شێخەوە دەدرەوشێتەوە و دەچکێتە دڵی موریدانیەوە و دڵیان دەهێنێتە لەرزە . ئەمە لەو دەمەدا ڕوودەدات کە موریدان صەدان جار نێوی خوداوەند لەدڵی خۆیاندا دووبارەدەکەنەوە و هەست بە نێزیکی دەکەن . لەپاڵ ئەو تیشکە نوورەدا کە دڵ بە تەپەتەپ دەخات ، لەش دەکەوێتە جووڵە و بزاوتن تا گیانی بخاتە حاڵەتی جەزبە و حاڵێهاتنەوە : پەیتا پەیتا دەست

ڕادەوەشێنێت و سەر بادەدات و تەواوی جەستەی دەکەوێتە لەرزە ، ( بڕێك شێخی نەقشبەندیی ڕێگەی ئەو تەکنیکە زێتر دەدەن ) .

ئەو دووجۆر تەکنیکەی زیکری ( رابیتەت ئەلقەبر ) و ( رابیتە بالشیخ ) ، پێدەچێت دیاردەیەکی تایبەت بە تەریقەتی نەقشبەندیی بن[69] ). دیارە ئەگەر تەواو پەیرەوکرێت ، دەروێش بەو زیکرە لەڕووی دەروونییەوە تەواو تەواو پەیوەستەی شێخ دەبێت . تێفکرین لەمردن ، بەهۆشهێنانەوەیەکە ، بۆماوەیەك مورید لە ژیانی ئاسایی مرۆڤ دادەبڕێت و هەستی تەنهایی لەکن دەرسکێنێت . لەبەرجەستەبوونی شێخدا ، مورید هەستدەکات ئاواتی دێتەدی و پەیوەندیی ڕاستەوخۆ لەگەڵ خودادا دەکات ، کە دوا هیوا و تاقە ئاواتە . لە هیچ کام لەتەریقەتەکانی دیدا ، شێخ بەو شێوە ئاشکرایە نابێتە ئامرازی پەیوەندیی نێوان ئێزدان و مرۆڤ . ( رابیتە ) کایەی شێخ لە ئامرازێکی پەیوەندیی ئاینییەوە دەکاتە ڕاستییەکی ئەزموونیی تەجرەبەکراو . ڕەنگە بڕێك لەو بانگاشە بێ بنجانەی هەندەك موریدی نەزانی کورد ، کە باس لە بەخوداییبوونی شێخەکانیان دەکەن ، لەوە کەوتبێتەوە و ڕەگ و ڕیشەی لە رابیتەدا بێت و ئەو تراویلکانە پشتئەستووری بکەن .

کاتێك بانگی بوونە ئێزدانیی شێخ ئەحمەدی بارزان ، لە شێوازی مرۆڤدا هەڵدرا ، موریدەکانی نەك هەر دژی نەوەستانەوە ، بەڵکە سوژدەشیان بۆ برد و کەوتنە پەرستنیشی . هەندەك شێخی نەقشبەندیی دیکە ، لەلایەن موریدەکانیانەوە گەیەندراونەتە ئاستی پەیامبەر و مەهدی . چەندین شێخ هەن کە کوێرانە گوێڕایەڵیکراون و موریدەکانیان گشت فەرمانێکیان جێبەجێکردوون. گەلەکجار ئەوەباسکراوە ، کە موریدەکانی شێخی بارزان ، ئامادەبوون ، گەر فەرمانیان پێکرابا ، بێ چەند و چوون لە ڕەوەزێکەوە خۆ بەردەنەوە. [70]

ئەو گوێڕایەڵییە کوێرانەیە ، لە زۆربەی ئەو یاخیبوونانەدا هەستپێکراوە ، کە لە لایەن شێخانەوە ڕێبەرییکراون .

## 4.10.2 توندڕەویی و شلڕەویی :

تەریقەتی نەقشبەندیی لە کوردستاندا ، دوولانە هەڵدەسووڕێت . لە ئاست جێبەجێکردن و پاراستنی داب و نەریتە کۆمەڵایەتییەکاندا توندڕەوی پێشاندەدات ، هەمانکات کوانووی شل و پەیتییشە لە حاند برێك بیر و ڕەفتاردا. زۆربەی شێخانی نەقشبەندیی مورشیدی ڕاستەقینە و توندڕەون لە جێبەجێکردنی ئەرکەکانی شەریعەتدا لەلایەن موریدانییانەوە . وەکو ئەدمۆنز دەڵێت : " برێك لە ئەندامە کاڵفامەکانیشیان نموونەن بۆ ڕەفتاری بەرهەڵدایی و ناپەیوەستانە . " (Edmonds,1957,S.63)

هەندەك لە شێخان دنەی مەیل و ئارەزووی لە ڕێ لادانی لایەنگرانیان دەدەن. هەتا شێخانی بارزان گوایە ڕێگەی زێدەڕەوی و لەڕاستەڕێ لادان و بانگاشەی مەهدێتی و خودایەتی و گۆشتی بەرازخواردن و هەتا پەڕپەڕکردنی قورئانیشیان داوە .

شێخێکی نەقشبەندیی کە شێخ ئەحمەدی سەرگەڵووە ، ڕێبازێکی جوداکردۆتەوە و لەتەریقەتەکە لایداوە و لە هەندەك گوندی کوردستانی عێراقدا جۆرە سیستێمێکی کۆمۆنیستی سەرەتاییانەی دامەزراندووە . تاقمی هەققە ، زۆرجار وەك کۆمەڵگەیەکی تێخە و لێخەیی ، تێیاندەڕواندرێت و بەوەناسراون کە گەلەکجار لەیاسا و ڕێنماییەکانی ئیسلام لادەدەن و پەیڕەویی ناکەن . گوایە دیتوویانە ژن و پیاویان پێکرا ، لە حەوزی مزگەوتی گوند ، تێکەوتوون . هەتا صەگەکانیشیان ، ( کە لەکن ئیسلام ئاژەڵێکی گلاوە ) ، لەگەڵ خۆدا بردوۆتە نێو ئاوەوە . پیاویان دیتراوە ، بەژنە بالای لە ڕیخ و شیاکە و گەۋ و پیسابیدا بووەو نوێژی کردووە و شایەتمانی هێناوە ، ئیدی زۆر یاساشکاندن و لەڕاستەڕێ لادانی دیکەی لەوبابەتەیان لێدەگێڕنەوە . (71)

پێدەچێت ئەو ڕەفتارانە ، گەڕانەوەبێت بۆ دیاردەیەکی دێرین ، کە لە زۆر شوێنی کوردستاندا لە مێژە داکەوتووە . ئەو گەڕانەوەیە ئاکامی ئەوەیە ، ئەو شێخانە ، بەپێچەوانەی زۆربەی شێخەکانی دی نەقشبەندییەوە ، تەواو لە

شــەریعەت نەگەیشــتوون . بــە واتایــەکی دی ، هێشــتا تــەواو لــەنێو ڕێبــاز و کۆمەڵگــەی تەریقــەتی نەقشــبەندییدا جۆشــیان نــەخواردووە و لــە داب و نەریتــە گشتییەکانی تێنەگەیون . شێخانی بارزان ، نەخوێندەواربوون . شێخ ئەحمەد یــەك ووشــە عــارەبیی نــەزانیوە . شــێخ عەبدولکــەریمی ســەرگەڵوو ، ئیرشــاد و کــەراماتی لــە تەریقــەتی نەقشــبەندیی هەڵنــەگۆزیوە ، بەڵکــە لــە تەریقــەتێکی سۆفێگەرانەی دێرینتر ، کە بەیەکێك لەتەریقەتە پڕ دژ و دژوارییەکانی سۆفیزم دەژمێردرێت .

ڕەنگــە ئــەوە ئاکامێــك و کاریگەرییــەکی لــە دەســتەڵات بــەدەری ئــەو خێــرا بڵاوبوونەوە و پەلوپۆ هاویشتنەی تەریقەتەکەبێت لەکوردستاندا ، کە ناچاربوون ئەرکەکە بە خەلیفانێك بسپێرن ، کە هیچ یەك لەمەرجەکانی ئەوەیان تێدا نەبووە ، لەپڕ ڕا ببنە نوێنەر و ڕێبەری تەریقەتێك ، کەخۆیان تەواو لێیتێنەگەیشتوون و پێنەگەیشــتوون . تایبــەت لــەنێو ئــەو شــێخایەتییانەدا کــە بــەمیرات ماونــەوە و کوڕەشێخان لەکن هیچ شێخێکی نەقشبەندیی دیکە نەیانخوێندووە و ئیرشادیان وەرنــەگرتووە . ئــا ئەوانــە ڕێگــەیان بــۆ ئــەو لــەڕێ لادان و یاساشــکاندنانە خۆشکردووە و بواری کۆنترۆڵکردنیان نەهێشتۆتەوە .

زۆربــەی شــێخە نەقشــبەندییەکان نــەفرەت لــەو شــل و پەیتییەدەکــەن و بــانگی توندڕەویی و خۆبەستنەوە بە داب و نەریت و یاسا و ڕێنماییەکانی تەریقەتەکەوە هەڵــدەدەن . دیــارە ئەوانــەی بــڕوای تــەواویان هەیــە ، یــاخود هــەتا ئەوانــەی بڕواکەیان گەیشتۆتە ئاستی خــەیاڵپلاو و تراویلکە و ووڕێنــە ، لە نێو شێخانی ئەم تەریقەتەدا کەم نیین :

لە زۆر شوێنی کوردستانی تورکیا ، پێیانوایە لەڕۆژی قیامەتدا ، شێخ لــەباڵی موریدەکەی دەنەوێت و دەینێتە گیرفانییەوە و یەکەوڕاست بەسەر پردی سیراتدا دەیپەڕێنێتەوە و دەیگەیەنێتە بەهەشت . بۆچوونێکە ڕەگ و ڕیشەی دەگەڕێتەوە بۆ تیفتیفەدان و ڕازاندنەوەی بێ بنجی ڕابیتە . زۆر کەس لە کوردستانی تورکیا پێیانگوتوم گوایە شێخەکەیان دەتوانێت بفڕێت ، هــەر زۆر بەڕاستیشیان بووە .

یـاخود لـەکاتی داگیرکردنـی قـوبڕوس دا لەلایـەن ئـۆردووی تورکـەوە ، شـێخێك دەسـتی بـەباڵی موریدەکەیـەوە گرتـووە و یارمـەتیی داوە بـە تـاك و تـەنها بیسـت سەربازی وێنانی – قوبڕوسی بەدیل بگرێت .

گەر کۆمەڵناسێك دەربارەی ئەو خەیاڵپلاّوانە پرسیار لە شێخ بکات ، خۆی پێکـەنینی دێتـیّ و داوای لێبـوردن بـۆ ئـەو ئیمانـدارە ساکارانە دەکـات ، کـە هـیچ حاڵیی نەبوون . برێکیشیان نەك هەر تەنها پێپرازیین ، بەڵکـە هـانی ئـەوجۆرە بیر و بۆچوونانەش دەدەن . مرۆ ناتوانێت سنوورێك لەنێوان ئەوانـە و هەنـدەك بـاوەڕی میللـی ماقوولـدا بکێشـێت . ئـەو جـۆرە بـیر و بۆچـوون و رەفتارانـە ، کـە لـە زۆر شـوێنی خۆرهـەلاّتی ناوەڕاسـت و دووردا زاڵـن و بەشـێکن لـە ئـاینی میللـی ، لـە هەردوك تەریقەتی نەقشبەندیی و قادرییشدا ڕەنگیانداوەتەوە ، وەك ریّز و شکۆی پیاوچـاکان و نـزای چـاکبوونەوە و تەندروسـتییەکی چـاك و نوشـتە و دوعـا نووسینو .... هتـد . بـۆ شـیکردنەوە و لێکۆڵینـەوەیان ، جـوداوازیکردن لـەنێوان داب و نەریتی میللی و گشتیی ئیسلامدا ، گرنگە . یەکێکیان بـاوەڕی رەسمیی و ڕووناکبیرانەیـە و عولـەما پشـتگیریی لێدەکـەن ، ئـەوی دیکـەیان هەسـت و سـۆز بەسـەریدا زاڵــە و رازێنراوەتــەوە و سـۆفیگەرییەکی پەتییـە . ئـەو دوو دابـە ، شانبەشانی یەکدی ڕێدەکەن ، وەڵ ئەستەمە تەریقەتی نەقشـبەندیی کوردسـتان ، بەسـەر لایەکیانـدا سـاخکەیەوە ، چونکە هـەردوك ئاوێتـەی یەکدی کـراون . شـێخ عوسمانی تەوێڵە ، بەشێکە لە مەزنی و سەروەریی میللی و زۆر باوەڕ و بۆچـوونی بیّ جیّ . وەك کەسێکی پیرۆز و پیاوچاکێك بـەڕێزەوە تێیدەڕواندرێت و خۆشـی کـات و ووزە و توانایـەکی زۆر بـەکاردەهێنێت بـۆ ئـەوەی ئـەو نێوبانگـە سـەیرەی بپارێزێت . گوندەکەشی ، مەڵبەندی فێرکردن و پەروەردەکردنـە و چەندین مـەلا و زانای لێیـە ، خـەڵکیی لـە هـەموو بوارەکانی زانسـتی ئیسـلامەوانیدا پێدەگەیـەنن . هەندەك نەقشبەندیی کوردی تورکیا ، نێو و نێوبانگی ژیرترین و سـەرکەوتووترین عولەمای وولاّتەکەیان پێبڕاوە .

## 4.11 شێخ و خەلیفە و پەیوەندییان لەگەڵ شێخانی دیدا :

دەشێت شێخ یەکێك ، یاخود چەندێك لە دڵسۆزترین و گوێڕایەڵترین موریدانی خۆی هەڵبژێرێت و بیانکاتە خەلیفە و بۆ دەوروبەریان بنێرێت ، تا تەریقەتەکە ، یاخود باشتر بڵێین دەستەڵاتی شێخ ، برەو پێبدەن و فراوانتری بکەن . مەرجە رەسمییەکانی بوونە خەلیفە ، هێند سەخت و زۆر نیین . پێویستە کەمەکێك زانیاریی ئاینیی هەبێت و شتێکی دەربارە خوێندبێت ، (یانی نیمچە مەلایەك بێت ) و چل ڕۆژێك تەرکی دنیای کردبێت و ( چلەی گرتبێت ، یاخود چووبێتە خەڵوەتەوە ) و ئەو چل رۆژە بە زیکر و فیکر و خوداپەرستییەوە خەریك بووبێت و ڕۆژانە بەڕۆژوو بووبێت و تەنها شەوانە کوتە نانێکی خواردبێت و ئاوێکی کەمی خواردبێتەوە .

ئیدی ئەگەر شتێکی دی پێویست بێت ، ئەوە پەیوەندیی بە شێخەوە هەیە . پاش چلە ، مورید دەتوانێت ئیجازە وەرگرێت و ئیرشادی تەریقەت بکات و مەجلیس بەڕێوەببات . لەکن قادرییەکان ئەو وودمە ، ئیجازەی زرك لەخۆدان و تیمارکردنی زامی دەروێشەکانیش دەگرێتەوە . خەلیفە دەبێت گوێڕایەڵی فەرمانەکانی شێخی بێت . وەك پێشتر باسکرا ، خەلیفەی قادریی نابنە شێخ و ناشتوانن خەلیفە بۆخۆیان ڕاگرن . لەکن نەقشبەندییەکان دەشێت ، وەلێ لام ڕوون نییە بەکامە مەرج و مەرجکاری ئیجازەی شێخایەتی بە خەلیفە دەدرێت . پێدەچێت ئەوە دژی بەرژەوەندییە ئابووریی و سیاسییەکانی شێخ خۆی بوەستێتەوە ، چونکە خەلیفەیەك کە دەبێتە شێخ ، سەربەخۆ دەبێت و دەبێتە مێملێك بۆ مورشیدەکەی خۆی ، لایەنگیریی و وابەستەیی موریدەکان بۆ خۆی مسۆگەر دەکات و ناڕاستەوخۆ بەشێخەوە پەیوەست دەبن ، ( زیانی ئەوەش لە ڕووی ماددییەوە ئاشکرا دیارە ) .

من دوو نموونە پێدەزانم ، کە دوو خەلیفە ، بە پێچەوانەی ویست و ئارەزووی مورشیدەکانیانەوە ، خۆیان کردۆتە شێخ . یەکێکیان عەبدوسسەلامی یەکەم بوو لەبارزان . عەبدوڕڕەحمانی برای کە ( تاجەددین ) یان پێدەگوت ، خەلیفەی

سەیید تەهای نەهری بوو ، کە مرد ، عەبدوسسەلام بووە بەرۆگری و بە بێ ڕەزامەندیی عوبەیدوڵلای میراتگری سەیید تەها ، بانگی شێخایەتی خۆی هەڵدا.

نموونەکەی دی لە کن ڕێبازی هەققەیە : لێرە ڕێبەرایەتی سەرەتا بە مامەرەزا بڕا ، وەلێ حەمەسووری خەلیفەی ، بە زۆر لە چنگی دەرکێشا و دەستی بەسەرداگرت .

لەهەردوك حاڵەتەکەدا ، هاوکێشیی هێز ، کایەیەکی گرنگی دیتووە : کاتێك ئەو خەلیفانە هێز و دەستەڵاتی تەواویان پەیداکردووە ، لە شێخ بێ منەت بوون و خۆیان سەربەخۆکردووە .

ئەو دوو حاڵەتە ئاوارتەن ، دەنا بەشێوەیەکی گشتی ، ئەو شێخانەی شێخایەتییان بەمیرات بۆ نەماوەتەوە ، مورشیدەکانیان کردوویاننە شێخ . هەرچەندە بەلێهاتوویی خۆیان دەبنە شێخێکی سەربەخۆ ، وەلێ پەیوەندییان لەگەڵ بنەماڵەی مورشیدەکانیاندا ، لەسەر بنەمای ڕێز و ئەمەك و دڵسۆزیی و گوێڕایەڵی ، هەردەمێنێت . بەو پێیە هەندەك بنەماڵەی شێخان لەوانی دی لەپێشترن ، چونکە باوباپیرانی ئەم بنەماڵەیە ، مورشیدی باوباپیرانی ئەو بنەماڵە بوون .

شێخێکی ناسیاوم بۆیگێڕامەوە کە جارێك لەلایەن دەزگەی جاسووسیی وولاتێکی خۆرهەلاتی نێوەندەوە ویستراوە زۆری بۆ بهێنن . بۆ ئەو مەبەستە ، کوڕی مورشیدەکەی بابیان هەڵسووڕاندووە ، کە نێوی لەناو لیستەی مووچەخۆرەکانی ئەو دەزگەیەدا بووە . ئەو ناسیاوەم گوتی گوایە ویژدانی لەوپەڕی نائاسوودەییدا بووە ، چونکە نەدەیتوانی قسەی شێخەکەی بشکێنێت و نەدەشیتوانی بەکاری لەوبابەتە هەڵستێت .

پەیوەندیی نێوان ئەو شێخانەی بنەماڵەکانیان ئەو جۆرە نێزیکییەیان لەگەڵ یەکدیدا نییە ، ڕەنگە ئەو ڕێزەیان لەنێواندا نەبێت و دوورنییە دوژمنئامێزانەش نەبێت . ئەگەر دوو شێخ ، یاخود زێتر ، لە ناوچەیەکی بەرتەسکی نێزیکی

یەکدیدا ژیان ، تەنها خەڵکی هەمان ئەو دەڤەرەیان لەبەردەستدا بوو ، تا بیانکەنە مورید و دەروێشی خۆیان ، ئەوا ململانێ لەنێوانیاندا ، دەبێتە دیاردەیەکی ئاسایی ، نەك ئاوارتە و دیارە دژایەتی باڵدەکێشێت . سەرەتای سەدەی بیستەم کێشمەکێش و کێشەی بەردەوام لەنێوان سێ شێخی نەقشبەندیی لەئارادابوون ، کە هەریەکەیان هەڵپەی ئەوەی بوو دەستەلاتی خۆی لە ناوچەی بادیناندا بەرفراوان بکات ، ئەوانەش شێخانی نەهری و بارزان و بامەڕنی بوون . [72] لە بیستەکانەوە شێخ محەمەدی بارزان ، لەشەڕ و پێکدادان و گێرمە و کێشەدا بووە لەگەڵ شێخ رەشیدی لۆلان دا ، چونکە دووریی نێوانیان هێند نەبووە کە بتوانن پێکەوە هەڵبکەن . ئەو پەیوەندییە خراپە ، لە شێستەکاندا بووە قۆرتێکی گەورە بۆ کێشەی کورد ، چونکە شێخ رەشید دایەپاڵ حوکومەتی بەغدا و چالاکانە دژی شۆڕشی کورد دەجەنگا . [73]

زۆربەی شێخەکان هێدی و ئارام دژایەتی مێملەکانیان دەکەن ، بەوجۆرە دەتوانن دنەی مورید و لایەنگرە توندڕەوەکانیان بدەن ، خراپەی دژ و میملەکانیان بلێن و ستایشی شکۆ و چاکە و کەراماتی شێخیان بکەن . ئەو موریدانەن کە زۆربەی جار لەو ململانێیە ، ئاگری شەڕ هەڵدەگیرسێنن .

بۆ نموونە موریدانی شێخ ئەحمەدی خەزنەوی ، پەیوەندیی خۆیان لەگەڵ بڕێك موسڵمانی دی بڕیوە ، بە بیانووی ئەوەی گوایە هەموو پیس و گڵاون . مەبەست لەوانە بە تایبەت موریدانی شێخ برایم هەققی و کوڕەکانێتی کە دژین و بە دژوێن و گڵاو لە قەڵەمیان دەدەن . ئەوان لەهەرجامێك ئاویانخواردەوە ، موریدەکانی خەزنەوی ئەستەمە دەستی بۆ بەرن ، چونکە بە گڵاوی دادەنێن . یەکێك لە موریدانی برایم هەققی بەوە تۆڵەی لێکردبوونەوە : چووبووە گوندی تەلمەعروفی شێخ ئەحمەد ، سەتڵێك ئاوی لە بیرەکەیان دەرکێشابوو ، کەمۆکەیەکی لێخواردبووەوە و ئەوی دی ڕشتبووەوە بیرەکە .

### 4.12 شێخ و دووکەوتووانی :

لایەنگرانی شێخێك ، بەژمارە زۆر لەو کۆمەڵە خەڵکە زێترن ، کە بەردەوام ڕوو لەخانەقای خۆی ، یاخود خەلیفەکانی دەکەن و لەمەجلیسیاندا بەشداریی دەکەن. زۆربەی جار تەواوی هۆزێك خۆ بە موریدی تاقە شێخێك دەزانن . بەو جۆرە دوو لەهۆزە گرنگەکانی دەوروبەری مەهاباد ، مامەش و مەنگوڕ ، یەکەمیان موریدی غەوسئابادن ، ( یانی موریدی شێخ بابا سەیید و بەرۆگرانی ) ، دووهەمیشیان موریدی خانەقان ، ( کە گوندی یەکێك لەشێخە قادرییەکانی ناوچەکەیە ) . ئەوەی بۆم ڕوونبووەوە ، هیچ کام لە هۆزەکانی ناوچەکە پێکڕا موریدی شێخی کرپچنە نین . خانەقای کرپچنە لە مەهاباد ، تەنها هەژارانی شار موریدین .

زۆربەی ئەندامانی هۆز ، پەیوەندییەکی ئەوتۆیان لەگەڵ شێخدا نییە ، ئەگەر تەکیێ و خانەقاکەی دوورنەبێت ، ساڵی جارێك دووجار دیدەنیی دەکەن و کەمێك پووڵ ، یاخود چکێك لەبەروبوومی خۆیانیان بەدیاری بۆ دەبەن . گەر منداڵێکیان نەخۆش کەوت ، یاخود ژنێکیان نەزۆك بوو ، یاخود سەفەرێکی دووریان هاتەپێش ، ( بۆ نموونە وەك چوونە خزمەتی سەربازیی ) ، دەچنە کن شێخ و تکای نزا و دوعای خێر و یاخود نووسینی نوشتەیەکی لێدەکەن . جگەلەوە لەحاڵەتی شەڕ و کێشە و هەڵلاّدا ، وەك شەڕ لەسەر میراتی و خوێن و کوشتن و دوژمنایەتی ، هانای بۆ دەبەن و دەیکەنە نێوبژێوان و دادیار .

زۆر شێخیش هەن ، مورید و لایەنگریان لەنێو چەند هۆزێکدا هەیە و بەوپێیە دەتوانن لە چارەسەر و هێورکردنەوەی کێشە و تەنگوچەڵەمەدا بەشداربن و کایەیەکیان پێببڕێت . ( بۆیە زۆرجار بۆ دانیشتنی خۆیان ، ستراتیژیترین جێگە هەڵدەبژێرن و شوێنێکی وا ، کە بکەوێتە سەرسنووری دووسێ هۆزەوە ) .

هەرچەندە زاراوەی مورید گوزارە لە پەیوەندییەکی رۆحی بەشێخەوە دەکات ، وەلێ پەیوەندیی ئەندامێکی ئاسایی هۆزەکە بەشێخەوە ئەو پەیوەندییە رۆحییە نییە و لەکن قادرییەکان کزتر و لاوازترە وەك لەکن نەقشییەکان . خەڵکیی بۆ ئامۆژگاریی و ئیرشادی روحی ناچنە کن شێخ ، بەڵکە بۆ دەستخستنی

نوشتەیەك، دوعایەك ، تا خۆیان ، یاخود منداڵانیان لە مەترسیی نەخۆشی بپارێزێت ، یاخود هەر بۆ دەستخستنی بەرەکەتی شێخ . بەو پێیە نێودەرکردنی شێخ بەهۆی توانای نواندنی پەرجووەوە ، زۆر گرنگە . هەندەك شێخ شارەزاییەکی چاکیان لە بەکارهێنانی داوودەرمانی سروشتیدا هەیە ، بڕێکیان غەیبزانن ، هەندێکی دیکەیان دەروونناسن و دەتوانن و دەزانن چۆن ئاسان مرۆڤ بخەنە ژێر کاریگەریی خۆیانەوە و خەڵکی لەملاو ئەولاوە بۆلای خۆیان راکێشن .

مورید ، بەمانا راستەقینەکەی ، ئەو لایەنگرەیە کە پەیڕەویی یاسا و ڕێسایەکی ئاینیی تایبەت دەکات . ئەوانە لەسەرتاسەری جیهانی ئیسلامدا ، صۆفی و دەروێشیان پێدەگوترێت و هەردوك زاراوەکە تێکەڵ و پێکەڵ دەکرێن . بەلاّم لەکوردستان ، زاراوەی دەروێش بۆ لایەنگرانی تەریقەتی قادریی و ئەو قەلەندەرە گەڕۆکانەی بە گەدایی و بەلەنگازیی دەژین ، بەکاردێت . صۆفییش بەلایەنگرانی تەریقەتی نەقشبەندیی دەگوترێت . ( ئەمەی دواییان بە پیرە ئیماندارەکانیش دەگوترێت ) ، نەقشبەندییەکان ئەوە ناشارنەوە کە دەروێشگەرییان لاپەسەند نییە و بە نیشانەیەکی دواکوتوویی و خەرافاتی دادەنێن .

ئەوەی بیەوێت ببێتە دەروێش یاخود صۆفی ، دەبێت پێشەکی تۆبە بکات . ئەوە بەمانای گەڕانەوە بۆ ژیانێکی پاکتر و پەشیمانبوونەوە لە هەموو گوناهێك دێت . تۆبە ، بەئامادەبوونی ئەو شێخە ، یاخود ئەو خەلیفەیە دەکرێت ، کە تۆبەکار دەبێتە موریدی . لە کن تەریقەتی قادریی ، دەروێشی تۆبەکار ، تلّینی شمشێر و زرك وەشاندنیشی دەدرێتێ ، بێ ئەوەی مەترسیی زامداربوونێکی سەختی هەبێت ، چونکە لەو دەمکاتەوە ، ئیدی سایەی کەراماتی شێخ عەبدولقادر دەیگرێتەوە .

هەندەك شێخ ، تەنها تۆبە بەو موریدانە دەکەن ، کە ئامادەن هەموو ژیانی خۆیان بۆ خزمەتی تەریقەتەکە نەزرکەن ، ئەوەش زێتر پیرەمێردەکان دەگرێتەوە . هەندێك شێخی دی تۆبە بەهەموو پیاوێك دەکەن ، بێ گوێدانە تەمەن ، دیارە

بەمەبەستی ئەوەی ژمارەی موریدانیان زێتربکەن . تایبەت لەو شوێنانەی ململانێی نێوان شێخان لەبرەودایە ، وەك جەزیرەی سوریا ، شێخ کات و ووزەیەکی زۆرتر بۆ گەشت و گەڕان و مورید پەیداکردن و تۆبە پێکردنی خەڵکی تەرخان دەکات . لەوێ ، تۆبە بەمانای دەستهەڵگرتنی هێجگاری لەدنیا دێت . گەلەکجار مندالی پێنج شەش سالانە ناچاری تۆبەدەکرێن ، ئەویش تەنها جارێك نا ، بەڵکە هەمووسالێك جارێك تۆبەیان پێ نوێدەکرێتەوە ، دیارە بۆ پتەوکردنەوەی پەیوەندییە لەگەڵ شێخدا . تۆبە ، لەکن خەڵکە ئیماندارە سادەکە، بۆتە دابێکی بەردەوامی پاکبوونەوە لەگوناه . لەو دەڤەرە ، دیتنی شێخ و موریدو لایەنگرە نێزیکەکانی ، بەرِدێنی درێژ و جلکی سپی و قەتارەی ترومبێلیانەوە ، شتێکی ئاساییە . بەهەر گوندێك دەگەن ، لادەدەن و شێخ بانگی خەڵکیی دەکاتو تۆبەیان پێدەکات و ئەوانیش دەستگیرۆییەکی شێخ دەکەن و شتێك پوولی دەدەنێ .

تۆبە ، لەوێ شتێکی ئاساییە . بۆخۆم کۆمەڵێك خەڵکم لەخانەقای تەریقەتی قادریی عامودا دیت ، هاتبوون تۆبەیان دەکرد . شێخ هەستابووە سەرپێ و باسکی هەڵبڕیبوو ، پێنج موریدیش ، ( یەکێکیان مندالێکی هەشت سالان بوو ) ، دەستیان خستبووە سەردەستی و ووشە بەووشە دوعا و نزاکانی شێخیان دووبارەدەکردەوە . شێخ هیچ بایەخێکی ئەوتۆی بەو موریدانە نەدا ، یەکەوڕاست دەستیکردەوە گاڵتە و جەڤەنگ لەگەڵ کۆمەڵێکی دی لە ئامادەبووان، هەرچەندە هێشتا مەراسیمەکە تەواو کۆتایی پێنەهاتبوو . کترییەك ئاویان هێنا ، شێخ بەرەکەتی خۆی بەسەردابارِاند ، دوعایەکی بەسەردا خوێند و قومێکی لێهەڵقوڕاند و دوعایەکی دیکەی بەسەردا خوێند و فوویەکی پێداکرد ، یاخود تفایەوە ناوی . ئەوجا شێخ و پێنج موریدەکە سەرو قومیان لێخواردەوە و پاشان درایە دەست ئامادەبووان و ئەوانیش یەکی چکێکیان لێهەڵقوڕاند .

بۆ هەندەك مەراسیمی وەك نوێژەبارانە ، ( کە ئەوڕۆکە زۆر دەگمەن دەکرێت ) دەڵێن گوایە بەشدارانی دەبێت تۆبەکاربن . یانی دەبێت پاکژبن لە گشت

گوناهێـك و تۆبـەیان بـەگوناهی نـوێ نەشـكاندبێت . بۆیـە ئـەو شـێخانەی بـەو مەراسیمە هەڵدەستن ، پێشەكی تۆبە بەگشت بەشداربووان دەكەن .

## 4.13 توانا ئابوورییەكەی شێخ :

وەك پێشـتر باسـكرا ، زۆربـەی شـێخان نێوبانگیـان بـەپیرۆزی و پیاوچـاكی و دووربینـی و ووردبینـی سیاسـی و ئابووری دەركـردووە . دیـارە نێوبانگدەركردن بـە كـەراماتی زۆر و پـەرجوو نوانـدن ، دڵنیـاترین و چـاكترین دەسـتمایەیە بـۆ دەوڵەمەندبوونی شێخ . تا بە پیرۆزتر باسكرێت ، موریدی زێتری لێخڕدەبێتەوە و رۆژانـە میـوانی زێـتر دێنـە سـەردانی و چـا و خواردنیـان دەدرێتـی و ئـەوانیش بەدەست و دیارییەوە دێن ، یا پووڵ ، یا خەڵە . زۆر لەو شێخانەی كە موریدی دەوڵەمەنـدیان زۆرە و دیـاری زۆریـان پێشـكەش دەكـەن ، تـا لـەكن خـودا داوای بەخشینی گوناهیان بۆ بكەن ، بوونەتە خاوەن زەوی و زارێكی زۆر .

واباوە دەگوترێت گوایە كاركردن بۆ شێخ خێرە ، بەوپێیە شێخان دەتوانن لە ئاغــا و دەرەبەگــەكان زێــتر جوتكارەكانیــان داڕووتێــنن و لــەوان زێــتر هەڵیانسووڕێنن و دایاندۆشن . كوڕە وەرزێران دەبێت لەماڵە شێخ و موریدی ، پێشوازیی میوان بكەن ، خزمەتیان بكەن ، دیارە بێ هیچ مزێك ، لەوە زێتر كە لە بەرەكەتی شێخ بێ بەریی نابن .

دەشێت شێخ چەندین سەرچاوەی دیكەی ئابووریی هەبێت . هەر بۆنموونە شـێخانی خیـزان چـەندین ئاشیان لـە گوندەكـەی خۆیـان ، لـە سـەرووی گـۆلی ڤان هەبوو . هەندێكیان ئاشی ئاوبوون و زۆربەی ئەوانی دی بەكارەبا كاریان دەكرد. ( شـێخان ، دژە نوێخـوازیی نـیین ، گـەر دژی بەرژەوەنـدییان نەوەسـتێتەوە ) . لادێییەكان بە نۆرە ئاشەوانی شێخن ، بێ هیچ مزێك . ( كێ پڕكێشی ئەوە دەكات، لەخزمەتی شێخدا داوای مز و هەقدەست بكات ؟ ) خەڵكێكی زۆر ڕوو لەو ئاشانە دەكەن و داهاتی چاكیان هەیە ، چونكە خەڵكیی پێیانوایە ئاشی شێخ پڕ فەڕ و

بەبەرەكەتــە . تــۆڕی خەلیفــەكانی شــێخیش لــە ناوچــەكەدا ، كەســانێك بــۆ سەرپەرشتیی ئەوكارانە دادەنێن كە جێگەی متمانەی شێخ بن .

توانـای ئـابووریی و دەسـتەڵاتی سیاسـی شـێخ ، یەكـدی بـەتین و بـەهێزتر دەكـەن. ئـەو شـێخانەی لەسـەرەتای داهـاتنی تـاپۆدا ، سـەنگێكی سیاسـییان هـەبوو، زەوی و زارێكـی زۆریـان بـەناوەوە تـاپۆكرا و بوونـە دەرەبـەگی گـەورە . شێخانی دەوڵەمەند ، دەزانن لەكن سەرەكهۆزان و لەكن پیاوماقوولانی شاریش وەك یەك پێشوازیی دەكرێن و بە لایەقی ئەوە دەزانرێن بیانكەنە زاوای خۆیان . چونكە دەكرێت تا چوار ژن بخوازن ، دەتوانن مەودای پەیوەندییەكانیان فراوانتر بكەن . بەو ژن و ژنخوازی و پەیوەندییانە ، دەستەڵاتی سیاسییان برەو پێدەدەن. ئەو شێخەی جارێك نێوی دەركرد و لەسەر ئاستی گۆڵمەزی سەرەكهۆزان ناسرا و حسێبی بۆكرا ، ئیدی لەكێشە و هەڵلای نێوان هۆزەكاندا ، بۆ نێوبژێوانی هانای بۆدەبرێت ، تایبەت ئەگەر لەسەر لایەك لەلایەنە تێكهەڵقژاوەكان حسێب نەكرێت . دوورنییە شێخە زۆرزان و دەهۆبازەكان ، جارجارە خۆیان بە فێڵ و تەڵەكە ، دوو سەرەكهۆز بەشەڕنەدەن ، تا بۆخۆیان دەستكەوتی سیاسی و ئابووری بچننەوە و دەســتەڵات پەیداكــەن . ئــەو راســتییە تــا ســەرەتای ســەدەی بیســتهەمیش پێشــهاتێكی دەگمــەن نــەبوو ، وەلێ ئــەورۆ بــەهۆی بنجبەســتنی دەســتەڵاتی دەوڵەتەوە، كەمبۆتەوە .

هـەتا لـە كوردسـتانی توركیـا ، زۆربـەی ئـەو شـێخانەی كـە بـە قەدەغـەكردنی تەریقەتـەكان زەبرێكـی گورچووبڕیان پێكـەوت ، بەشێكن لـە چینی دەرەبـەگ و پەیوەندییـەكی چاكیان لەگـەڵ دەزگـەی دەوڵەتـدا بنیاتنـاوە و ئـەوەیش بـار و دۆخێكـی وای بـۆ رەخسـاندوون كـە وەرزێـران زێـتر دادۆشـن و هـەتا زۆرجـار زەوییەكانیشـیان داگیربكـەن . ئاغـا و شـێخ و بەرپرسـانی دەزگـەی دەوڵـەت لـە ناوچەو مەڵبەندەكاندا ، لەرێگەی پەیوەندییە ئابووری و سیاسییە سوودمەندە بەرامبەرە هاوتەریبەكانی هەر سێك لاوە ، پێكەوە جووتبەندن .

دوورنییە جارجارە کێشمەکێش و ئاژاوەی نێوان نوێنەرانی ئەو سێ تاقمە ، بارەکە گرژ و ئاڵۆز نەکات ، وەلێ پەیوەندییەکانیان وەك سیمبوڵ هەربەردەوام دەبێت و بنکە و پایەی یەکدی پتەوتردەکەن .

## 4.14 دوو شێخی دەستڕۆیشتوو :

بۆ ڕوونبوونەوەی ئەوبەشانەی پێشتر ، دەمەوێت لێرەدا یاداشتە مەیدانییەکانی خۆم دەربارەی دوو شێخی نەقشبەندیی پوختەکەم ، کە چ لە ڕووی ئابووری و چ لە ڕووی سیاسییەوە سەرکەوتوو بوون و بە پیاوچاك و پیرۆزو وەك کەسانێکی خاوەن پەرجوو نێوبانگیان دەرکردووە .

یەکێکیان شێخ سەیدای جزیرەیە کە کاتی توێژینەوە مەیدانییەکەی من ، نەمابوو ، (ساڵی ١٩٧١ مرد) ، بەلاَم هێشتا لەبیری هەمووواندا مابووەوە و هەمیشە یادی دەکرایەوە . زۆرم لە موریدەکانی دیت و چەند ڕۆژێکیش لەکن نوروڵلاَی کوڕی مامەوە .

ئەوی دیکەیان شێخ عوسمانی تەوێڵەیە ، هەرچەندە تەواوپیربووبوو ، وەلێ هێشتا گورجوگۆڵ بوو . هەتا ساڵانی ١٩٨٠- ١٩٨١ ، ماوەیەك کەوتەبەر ڕۆشنایی تیشکی سیاسەتی جیهانیشەوە . من بۆخۆم دووجاران لە گوندی دووڕووە ، کە ئەو دەمە لێیدەژیا ، سەردانم کرد ، جارێك ١٩٧٤ و جارێکیش ساڵی ١٩٧٥ .

### 4.14.1 شێخ عوسمانی تەوێڵە :

دووڕووە ، گوندێکی گچکەی قشتیلەی پڕ باخ و سەوزایی دۆڵێکی کوردستانی ئێرانە و هێند لەسنووری عێراقەوە دوورنییە و یەکەوڕاست دەکەوێتە سەرووی هەورامانەوە ، کە بنەماڵەی شێخ ، لایەنگرانێکی زۆریان لێی هەیە . بنەماڵەکە لەبنەچەدا لە جمکە گوندەکانی تەوێڵە و بیارەوە هاتوون ، کە دەکەونە سنووری عێراقەوە . شێخ عوسمان ساڵی ١٩٥٩ بۆ ئێران هەڵهات ، ئەودەمەی

ڕژێمی قاسم لە عێراقدا ، نەك تەنها ڕێگەی بە جوتکارە هەژارەکان دا ، زەوی و زاری خاوەنملَکە دەرەبەگەکان داگیرکەن ، بەڵکە پشتگیریشی دەکردن . گەلەك سەرەکهۆز و شێخی کورد ، لەو بەهارەدا لە عێراقەوە هەڵهاتن ، یا لەترسی مسکێن و وەرزێرەکانی خۆیان ، یاخود بەهۆی کۆنە کێشەیانەوە دەگەڵ مەلا مستەفای بارزانیی دا ، کە تازەکی لە ئاوارەیی سۆڤیەت گەڕابووەوە و بە پشتیوانیی عەبدولکەریم قاسم خەریکی قایمکردنی جێپێی خۆ بوو ، وەك یەکە سەرکردەی مەزنی کورد . [74] بەهەرهۆیەکەوە بووبێت ، پەیوەندیی شێخ عوسمان لەگەڵ بارزانییدا گرژ بوو ، ( سالآنی ١٩٧٤- ١٩٧٥ ، لە نێزیکی دووڕووە ، ئۆردوگایەك بۆ کوردە پەنابەرەکانی عێراق کرابووەوە ) . کاتی سەردانەکەی من ، هێشتا هەردوکلا پەیوەندییەکی چاکیان لەگەڵ دەستەلآتدارانی ئێراندا هەبوو .

لەتەك تەلارەکەی شێخدا ، دووڕووە ، نێزیکەی سی ماڵێك دەبوو . بەشێك لە زەوییەکانی گوند ، لە سەردەمی چارەسەرسازییەکانی سالآنی شێستدا ، بەسەر جوتیارەکاندا دابەشکرابوون ، وەلێ زۆربەی هەرەزۆریان ، وەك پێشتر هێشتا هەر بەدەست شێخەوە بوون : کێڵگەی گەنمی فراوان ، باخی میوە و سەوزەی زۆر . ئەو ماوە کورتەی من لەوێ بووم ، خەڵکەکە زۆر کەم دووبوون ، دەربارەی ئەو مەرج و شێوازی پەیوەندی و داهاتەی لەنێوان شێخ و جوتیارە هەژارەکاندا هەبوو، هیچیان نەدەدرکاند و نەیاندەگوت چۆن چۆنی بەشدەکرێت . چەند دوکانێکی لێبوو ، داهاتیان خراپ نەبوو ، چونکە خەڵکێکی زۆر بۆ سەردانی شێخ ڕووی لەوێ دەکرد و هەریەکە و چەند ڕۆژێك دەمانەوە . بۆ حەواندنەوەی مێوان ، دوو خانەقا و دوو دیوەخانی لێبوو . تەلارێکی گەورەی نوێ لە دەرەوەی گوند ، لەداوێنی دۆڵەکەدا بوو ، زستانان دەچوونە ئەوێ . هاوینانیش شێخ دەچووە جێگەیەکی فێنك ، لەو بەرزاییانەی بەسەر دۆڵەکەدا دەیانڕوانی .

لەتەك جوتیارەکان و دوکاندار و شێخ و خزمانیدا ، ژمارەیەکی زۆر موریدی نێزیکی شێخ و چەند مەلایەك و چەند فەقێیەکیش ، هەر لەوێ دەژیان . شێخ گوندەکەیی کردبووە نێوەندێکی فێرکاریی زانستە ئایینییەکان و زیارەتگەیەکی

هەمیشەیی . ژمارەیەکی زۆر فەقێی سوننی کە زۆربەیان کورد و هەندێکیان عەجەم بوون ، بەردەوام ئامشۆیاندەکرد . دوو یاساوڵ ، ( یەکێکیان کوڕی سەرۆکی تیرەیەکی هەورامی بوو ) ، لەگەڵ چەند خزمەتکارێکدا ، دواهەمین توێژاڵی دانیشتووی گوندەکەبوون . هەرکات پێویستبا ، منداڵە جوتیارانیش بۆ خزمەتکردن بانگدەکران . موریدە دانیشتووەکانی ئەوێ ، تەنها کوردی کوردستانی عێراق و ئێران نەبوون ، بەڵکە موسڵمانی بنفەلە ، ( کۆنە ئاشووری )، عەجەمی خەڵکی باکووری ئێران ، عارەبی لوبنان ، هەتا ئەمریکاییەکی تازە ئیسلامیش ، کە شێخێکی میسری بۆ ئەوێی ناردبوو ، لەوێ بوو . چەند پیرەمێردێکی لێبوو ، پێنەدەچوو هیچ مەیل و ئارەزوویەکی سۆفیگەرێتییان هەبێت ، بەڵکە تەنها لەبەر بژێو و لەسەر حسێبی شێخ دەژیان و هیچ ترسی ئەوەیان نەبوو کەسێك دەریانکات . موریدەکان ڕۆژگاریان بەخوێندنی قورئان بەسەردەبرد ، یاخود هەر وا بێ کار دادەنیشتن . زۆریان نوێژدەکرد . تەنها ڕیکاعەتە دیارییکراوەکان نا ، بەڵکە هێندەی ڕێگەدراوە و بەپێویست زانراوە . ووشەکانیان لەسەرخۆ و جوان گۆدەکرد ، ( نەك وەك زۆربەی ئەو موسڵمانانەی بەپەلە و خێرایی نوێژەکە لەکۆڵ خۆ دەکەنەوە ) . پاش نوێژ ، دادەنیشتن و خەریکی تەزبیحات دەبوون ، ووشە کورتەکانی وەك سوبحانەڵلا ، ئەڵڵاهو ئەکبەر ، ئەستەغفیروڵلا یان هەریەکەی سی و سێ جار ، یاخود چەندین سی و سێ جاری ، پاتەدەکردەوە و بە دەنکی تەزبیحەکانیان دەیانژماردن . (75)

ڕۆژانە دووجار خەتمە دەکرا ، دەمەوبەیان کاتی خۆرهەڵاتن و پاش خۆرئاوابوون . زۆربەی سۆفییە نیشتەجێکانی ئەوێ و بڕێك مێوان بەشدارییان تێدادەکرد . بەشی زۆری خەڵکی گوندەکە ، تەنها بۆ نوێژی ئاسایی دەهاتنە خانەقا و (مزگەوت ) و لە خەتمە دوورەپەرێز بوون. شێخ هیچ بایەخێکی تایبەتی بە موریدە نیشتەجێکانی ئەوێ نەدەدا و وەك شێخانی دی ، وانەی ڕۆحانی پێنەدەگوتن . موریدە ئەمریکاییەکە ، گازندەی ئەوەی دەکرد ، کە گوایە شێخ ، تەواوی کاتی خۆی بۆ پێشوازی میوانانێك تەرخان دەکات ، کەتەنها بۆ ئەوە دێن ،

دەستی ڕامووسن . هیچ کام لەموریدە خۆرهەڵاتییەکانی ، ئەو گلەییەیان نەدەکرد . هێندە بەس بوو لە نێزیکی شێخ بن و لەکاتی ڕابیتەدا لەگەڵیاندا بێت و جارجارە قسەیەکی لەگەڵ بکەن . موریدە نیشتەجێکانی ئەوێ، وانەی عارەبی و فیقهیان بە فەقێکان دەگوتەوە . دەبایە ئەوان وەرامی پرسیاری مێوانەکان بدەنەوە و خەتمە بەڕێوەببەن و پێشنوێژییش بکەن . یەکێکیان هەر وەك سکرتێری شێخ وابوو .

دوڕووە ، هەمیشە پڕبوو لەمێوان و جمەی دەهات . لە مانگەکانی هاویندا ، ڕۆژی پێنج تا دە مێوانێك ڕوویانتێدەکرد ، زستانان سی چلێك . زۆربەیان ئەرکی زیارەتی جارجارەی شێخیان جێبەجێ دەکرد . بڕێکیان دەهاتن بۆ هەندەك کاری تایبەت ، ڕاوێژیان بە شێخ دەکرد ، یاخود بۆ چارەسەریی نەخۆشییەك ، یاخود بۆ ئەوەی چاوەزارێکیان بۆ بنووسێت . سەردانی شێخ ئەرکێك بوو ، کاتێکی زۆری دەکوشت ، چونکە تەنها مێوانی خاوەن پلە و پایە ، یەکەوڕاست ڕێگەی چوونە ژوورەوەیان دەدرا . هۆڵی چاوەڕوانیی هەمیشە پڕبوو، هەبوو لەڕۆژێك زێتر چاوەڕوان دەبوو ، بێ ئەوەی بتوانێت چاوێکی بە شێخ بکەوێت . تەنها لە کاتی دیاریکراوی زیارەتدا ، یاساوڵێك ڕێگەی دەدان ، دوو ، یاخود سێ کەس پێکڕا بچنە ژوورەوە . دیارە نەدەبا یەکەوڕاست پاش دیداری شێخ بڕۆنەوە ، بەڵکە دابەکە وابوو ، دەبا تکا لەشێخ بکەن ڕێگەی گەڕانەوەیان بدات ، یانی ڕۆژی دواتریش هەمدیسان دەبا چاوەڕوانی دیداری شێخ بن . زۆرجار شێخ ڕێگەی ڕۆشتنەوەی نەدەدان ، ناچار ، یەکدوو ڕۆژی دی دەمانەوە .

خەڵکم دیتووە ، پێنج ڕۆژ چاوەڕوانی مۆڵەتی ڕۆشتنەوەی کردووە . ئەرك و کاری زۆر گرنگی کێڵگە و مەزرایان هەبووە ، دەبا بڕۆنەوە و جێبەجێیکەن و هەموو ڕۆژ تکای مۆڵەتیان لە شێخ دەکرد . شێخ هەموو ڕۆژ داواکەی دەدانە دواوە و دەیگوت چاکتر وایە ڕۆژێکی دیش بمێننەوە . سەرەتا پێموابوو شێخ دەیەوێت بەوە فێری ئارامی و دانبەخۆداگرتنیان بکات ، وەلێ پاشتر کەوتمە گومانەوە ، کاتێك بۆمدەرکەوت ، دوڵەمەند و دەستڕۆیشتووان زۆر دواناخات ، دوورنییە زانیبێتی ئەوانە بێ مۆڵەتیش هەر دەڕۆن .

ڕۆژێـك كاربەدەسـتێكی مـەزنی دەوڵـەت بـە هەلیكۆپتـەر لـە سـنەوە هـات . هەرچی مێوانی ڕووتە و هەژارە دەستیانپێوەنرا و ناردیانن بۆ پیاسە ، كابرای كاربەدەست یەكسەر برایە دیداری شێخ . پاشان دەمودەست هەڵفڕییەوە .

دووجـاران ڕێگەیانـدام لـەكاتی پێشـوازیی مێوانانـدا ، لـە تەنیشـت شـێخەوە دانیشم . لەوێش ئاشكرا هەست بە جوداوازیی چینایەتی دەكرا ، خەڵكی ئاسایی بەپێوە لەبەردەم شێخدا ڕادەگیران ، دەوڵەمەند و دەسترۆیشتووانیش فەرموویان لێدەكرا ، دانیشـن . یەكێك لە یاساوڵەكان خـەڵكی دەكـردە ژوورەوە و پاشـانیش دەیبردنـە دەرەوە . شـێخ بەڕوویـەكی خۆشـەوە و لەسـەرخۆ دەیدوانـدن ، زۆریـان هێند دەپەشۆكان ، دەبا هێور كرێنەوە . دەیپرسی چۆنن ، فلانە خزمیان چۆنە ، بەچـی دەژیـن ، بـەروبوومیان چـۆن بـووە ، لـە حـاڵ و ئـەحواڵی كەسـانی دی گوندەكەیانی دەپرسی . گەر ئەو كەسە بێ مەبەستێكی ئەوتۆ ، تەنها بۆ دیدەنی و سـەردانی شێخ هاتبا ، لـە مەسـەلەیەكی تایبـەت نـەدەدوان و لەهـەموو ئاشـێكیان دەكرد .

گەر مێوان خواستبای ، شێخ دەستی دەبرد و لەو كۆمەڵە نوشتەیەی لەتەنیشت خۆیـەوە دایـنابوو ، دانەیـەكی دەدایە : پـەڕە كاغـەزێكی درێژكۆڵـە ، بەخـەتی خـۆی چـەند نـزا و ئایـەتێكی قورئـانی لەسـەر نوسـرابوو ، ( ئـەو نـزا و ئایەتانـە ، بـە كـەراماتی شـێخ كاریگـەردەبوون ) . جگەلـەوە ، خزمـەتكارێك ، لـە تووره‌كەیـەكی قەبە ، هـەر نوقڵ و جیقلاتـەی دەردەهێنـا و دەیدایـە دەستی شێخ ، ئـەویش هـەر مێوانە و چنگێكی پێدەدا ، بەو جۆرە بەرەكەتی شێخیان دەگەیشتیٚ . لەڕۆشتندا ، یەكەیەكـە دەسـتی شـێخیان ڕادەمووسـی و زۆربـەیان بەدزییـەوە شـتێك پووڵیـان لەگیرفانی شێخ دەنا .

زۆری میوانەكان ، نەخۆشێكیان دەگەڵ خۆ دەهێنا . سـەرەتا شـێخ دەیپرسـی، " كوێی ئازاری دەدات " و ماوەیەك بێدەنگ ، بێ ئەوەی دەستی بۆ بـەرێت ، بـە ووردی هـەر تێیـدەڕوانی . كـە دەگەیشـتە سـەرئەنجامێك ، ئـەوجا دەسـتی دەبـرد بڕێك گژ و گیای ووشكەوەبووی دەدایە ، داوودەرمانێكی سادە . گەر نەخۆشـەكە

پەرێشان دیاربا ، نامەیەکی بۆ پزیشکێکی شار دەنووسی و دەینارده کنی ، کە بیّ مز چارەی دەکرد . ئەوانەی باری دەروونییان شێواو دیاربا ، چنگێك نوقولّ و جیقلاّتەی پێدەدان . جارێك لێمپرسی چۆن چۆنی دەستنیشانی جۆری نەخۆشییەکان دەکات ؟ وەرامیدامەوە کە چازانیی لەباببییەوە فێربووە و ئێزدانیش ئیلهامی دەداتیّ چۆن چارەیان بکات .

قەبزەنوشتەکان ، جۆریان هەبوو . هەیانبوو منداڵانی لەکەوتن و ئەو جۆرە مەترسییە گچکانە دەپاراست ، هەیانبوو بۆ پەڕاندنی دەردی نەزۆکیی بوو .... هتد . وەك گوتمان نوشتەکە پەڕەکاغەزێکی درێژکۆلەی ڕووتە و چەند ئایەتێکی گرنگی قورئانی لەسەر نوسراوە . پاشان پارچەقوماشێکی تێوەدەپێچرێت و بە جلك و بەرگدا دا دەدووردرێت . ڕۆژێك دیتم شێخ دوعایەکی زۆر تایبەتی دەنووسی ، ئەویش گوللەبەندێك بوو . شێخ عوسمان یەکێکە لەو شێخە کەمانەی، یاخود ( تاقە شێخێکە کەماوە ) و بەهرە و ( پیرۆزیی پێویستی ) ئەوەی هەیە کە بتوانێت ئەوجۆرە دوعایانە دژی گوللە و تەقەمەنی بنووسێت. [76] ئەو پیاوەی داوای ئەو گوللەبەندەی دەکرد ، کوردێکی عێراقی بوو ، مامۆستای گوندێك بوو کە بەردەوام بۆردومان دەکرا ، ( ئەوە سەروەختی جەنگی ساڵی ١٩٧٤/١٩٧٥ بوو ) . دوعاکە ، تۆماری نووسینێکی دوور و درێژ بوو لە نزا و ئایەتەکانی قورئان . شێخ خستییە نێوان دوو مقەبای چوارگۆشەوە و لۆکەی تێوەپێچا و قووماشێکیان تێوەئاڵاند ودووریيان . بەکابرای گوت بە باسکییەوە ببەستێت و لەبن باخەڵیدا بیشارێتەوە ، کاتی مەترسی بیهێنێتە سەرەوە .

شێخ عوسمان نێوبانگێکی درەوشاوەی لە چاککردنەوەی شێتان دا هەیە . ئەو کاتەی من لەویّ بووم ، شێتی زۆریان هێنا . هەریەکەی چەند ڕۆژێك دەیهێشتنەوە . دەبێت ئەو ڕاستییە بڵێم کە لەماوەی ئەو چەند ڕۆژە کەمەی مانەوەیاندا ، گۆڕانکارییەکی چاك بەسەر ڕەفتار و هەڵسوکوتیاندا دەهات .

باسی شێخ عوسمان و بەهرە و تواناکانی کەموکوڕ دەردەچێت ، گەر ئەو سەرگوزەشتە زۆرانەی دەربارەی پیرۆزیی و کەراماتەکانی هەن ، نەگێڕدرێنەوە . لێرەدا دوو نموونەیان دەهێنمەوە ، کەخۆم پێیان سەرسام بووم :

مەلایەکی سنەیی ، کە لەگەڵ شێخدا ناسیاوییەکی کەمی هەبوو ، خەونی بە حەزرەتی محەمەدەوە دیتبوو ، ( لە کن ڕەشە خەڵکە موسڵمانە ئیماندارەکە ، خەون بینین بە محەمەد و فاتمە و عەلییەوە ، شتێکی نا ئاسایی نییە و وەك دەرکەوتنی راستەقینەی ئەو کەسە پیرۆزانە لێکدەدرێتەوە ) . پەیامبەر ئامۆژگاریی کردبوو ، زوو زوو سەردانی شێخ عوسمان بکات و گوتبووی : " لەیادت نەچێت ، ئەوە ئازیزی منە " . سەرەتا ، مەلا ، هێند بایەخی بەو خەونە نەدابوو . پاش چەند ڕۆژێك ، کە هەمان خەون ، بەهەمان جۆر دەبینێتەوە، یەکەوڕاست دەچێتە دووڕووە و هەرکەس ویستبای ، خەونەکەی بۆ دەگێڕایەوە . ( ئەوەی بۆ منی گێڕایەوە ، دەیگوت گوایە بۆخۆی ، ئەو بەسەرهاتەی لە مەلاکە بیستووە ) .

دووهەم بەسەرهاتی سەیر ، دەریدەخات ، چۆن خەڵکانی ژێردەستەی شا ، سەرگەورەی خۆیان دەدیت . لەگەڵ یەکێك لە دانیشتووەکانی دووڕووە ، پێکەوە بەڕێوەبووین ، بەرەو باکوور دەڕۆیشتین ، قسەی بۆ دەکردم . بەشێوەیەکی گشتیی لە هەموو شێخێك دردۆنگ و بەدگومان بوو ، ( بە دەستبڕ و دادۆشەر نێوی دەبردن ) ، بەلاّم زۆری بە شێخ عوسمان دا هەڵدەگوت و باسی چاکەی دەکرد . بۆیگێڕامەوە ، بەر لە سێ ساڵ ، شێخ دەچێتە دیدەنیی شا ، (راستیدەکرد ، چونکە پاشان سۆراخم کرد ، وادەرچوو) . لە ژووری مێوانداریی شادا ، گشت ئەو کورسییانەی بۆ مێوان تەرخان کرابوون ، کارەبایان پێوەبوو ، بۆ ئەوەی هەرکەس نیازی خراپە و دەستکێشانە گیانی شای هەبێت ، شا دەستپێشکەریی بکات و خێرا بیکوژێت ، ئەویش بە داگیرساندنی دوگمەیەکی کارەبایی ، کە بە دەسکی کورسییەکەیەوە بووە . شێخ ویستوویە توانای خۆی پێشانی شا بدات . هەرلەگەڵ لەسەر کورسییەکەی دادەنیشێت ، پەرجوویەك دەنوێنێت ، کارەبای هەموو تاران دەکوژێنێتەوە . تەکنیکییەکان چەندە هەوڵدەدەن تا بزانن هۆی

کوژاندنەوەکەی چییە ، پەی پێنابەن . پاش چەند سەعاتێك ، شێخ بۆ شا پێدەکەنێت و هەندەك شتی گونجاو دەربارەی دەسەڵات و توانای ئێزدان و بەندەی دەڵێت و کارەباکەش دادەگیرسێنێتەوە . ئەوجا شا هەستدەکات کە شێخ عوسمان یەکێکە لە پیاوچاکە نوورانییە زیندووە مەزنەکان و ئیدی هەموو ساڵ دەچێتە دیداری .

پاشتر لە تارانییەکانم بیست ، کە ڕاستە و بەر لە سێ ساڵ ، بێ هیچ هۆیەکی ئاشکرا ، کارەبا کوژاوەتەوە و بە ئاکامی ئاژاوە و خراپەکارییەك لەقەڵەم دراوە . چونکە کەم تا زۆرێك ، ڕێکەوتی سەردانی شێخی کردووە ، هەندەك مورید هەردوك پێشهاتەکەیان پێکەوە بەستۆتەوە . ئەمە نموونەی ڕووداوێکی کلاسیکیانەیە ، ڕووبەڕووبوونەوەی هێزی دنیایی ، بەرامبەر هێزی ئێزدانیی بەرجەستەدەکات .

وەك ئەم سەرگوزەشتەیە پێشانیدەدات ، شێخ عوسمان پەیوەندییەکی زۆرچاکی لەگەڵ دەربار‌دا هەبووە . هەر ئەو پەیوەندییە چاکە مشووری مسۆگەرکردنی بەرژەوەندییە ئابوورییەکانی دەخوارد . زۆر کوردی شاریی ، ئەو دەمە لێی لالووت بوون و بە بەکرێگیراوی ساواکیان لەقەڵەم دەدا . پاش شۆڕشی ئێران ، نوێنەرێکی خۆیی ناردە کن خومەینی و هەندەك داخوازیی کردبوو ، لەوانە بەڵێنی ئەوەی دەست بەسەر ماڵ و موڵکییدا نەگرن و ئازادیی تەریقەتەکەی پارێزراو بێت . ڕازیی نەکرا و ناچار ڕووی لە ڕێکخراوە کوردییە جۆربەجۆرەکان کرد و داوای لێکردن واز لەدەستبەسەرداگرتنی زەوی و زاری دەرەبەگەکان بهێنن و دەست لەو کردەوە و چالاکییانە هەڵگرن . دیارە وەك پێشبینی دەکرا ، کاردانەوەیان شێخی ڕازیی نەکرد . ئەوجا ڕووی لەلایەنی سێهەم کرد ، کە حکومەتی عێراق بوو ، دیارە ئەویش کاری خۆی پێ هەبوو . هاوینی ١٩٨٠ ، عێراق ، لەشکرێکی تایبەتی بە نێوی ( سوپای ڕزگاری ) یەوە بۆ شێخ دامەزراند و چەکی دانێ . لەشکرەکە لە چەند صەد موریدێکی پێکهاتبوو، ( بەزۆریی هەورامی ) و جڵەوی فەرماندەیی درایە دەست مەدیحی کوڕی . ئەرکی لەشکرەکەی ئەوەبوو ، بەشێکی باشووری کوردستان لە هێرشی

ئەرتەشی ئێران و سوپای پاسداران بپارێزێت . وەلێ هێندەی نەبرد لەشەڕی ڕێکخراوە کوردییەکانی دییەوە گلا ، تایبەت ڕێکخراوی چەپڕەوی ڕادیکالی کۆمەڵە . شێخ عوسمان خۆی کشایەوە بۆ عێراق و لەوێ دانیشت . نەیتوانی لە بیارەی زێدی خۆی جێگیربێت ، چونکە لەکن بەشێك لەخەڵکەکەی ، خۆی دزێو کردبوو . پێدەچێت پێشمەرگەی کوردی عێراق ، کە دژی حوکومەت دەجەنگان ، ڕێگەی مانەوەیان نەدابێ . چووە بەغدا و ساڵی ١٩٨٢ گەشتێکی ئەورووپای کرد و هەوڵیدا خانەقایەك لە پاریس دابنێت . ئیدی لەودەمەوە گەڕاوەتەوە خۆرهەڵاتی ناوەڕاست ، بەڵام ڕووی لە کوردستان نەکردۆتەوە . سوپای رزگارییش ، تەمەن کورت بوو ، پاش نێزیکەی دوو ساڵان ، هەڵوەشایەوە . پێدەچێت ئەو لقەی تەریقەتەکە خۆی زۆر ڕەتاندبێت و دوا ووزەی هەڵچۆڕابێت و دوا پێگەی لە کوردستانی خوارووا لەدەست دابێت .

### 4.14.2 شێخ سەیدای جزیرە :

لە خوارووی خۆرهەڵاتی تورکیا و بەشی سەرووی خۆرئاوای سوریادا ، شێخ سەیدای جزیرە ، ( کە ساڵی ١٩٧١ مردووە )، نێوبانگێکی هەبوو، شانی لەشانی شێخ عوسمانی خوارووی کوردستان دەسوو . نێزیکەی تێکڕای کوردی ئەو دەڤەرەی من دیتوومن ، دەیانناسی و زۆربەیان ڕێزیان بۆی هەبوو . تەنها لاوەکانو هێزە سیاسییە پێشکەوتنخوازە نیشتمانپەروەرەکانی کورد نەبێت ، کە وەك غایەنێك و هێزێکی بەدی خۆفرۆش و یەکێك لە ماکەکانی دواکوتوویی کوردستان تێیاندەڕوانی .

شێخ هەمیشە خۆی دوورەپەرێز لە بزووتنەوەی ئازادیخوازانەی کورد دەگرت، هەتا هەندەك بەوە تاوانباریشیان دەکرد ، کە گوایە دەربارەی چالاکییەکانی بزووتنەوەی نیشتمانیی کورد ، زانیاری بەکاربەدەستانی تورك دەدات . هەتا ساڵی ١٩٢٥ یش ، کاتێك گشت تەریقەتە دەروێشییەکان قەدەغەکران و تەکێکانیان داخران و زۆر شێخ بەهۆی پەیوەندییانەوە بە

بزووتنـــەوەی نیشـــتمانیی کـــورد و شۆڕشـــەکانی کـــوردەوە ، ڕاوەدوونـــران و جەزرەبـەدران ، شـێخ سـەیدا هـەروەك خـۆی مـابووە و کـەس دەخلـی بەسـەریەوە نەبوو . گوایە هەتا قاتێك جلکیشی لەلایەن ئەتاتورك خۆیەوە ، پێبەخشراوە . کۆتـایی بیسـتەکان و سـەرەتای سـییەکان ، تـوانی لەسـەر حسـێبی شـێخە بەدبەختەکانی دەوروبەری ، ( کە زۆربەیان بۆ سوریا هەڵهاتبوون ) ، دەستەلاتی خۆی پەرەپێبدات و فراوانتری بکات . هەرچەندە تەکێکەی ئەمیش وەك ئەوانی دی داخرابوو ، وەلێ گەر بەدزییشەوە با ، خەتمەی لە مزگەوت هەر دەکرد . ئەو دەمـە مەدرەسـە و حوجرەکـانیش بـە ڕەسمیـی داخرابـوون ، بـەلاّم ئـەو هـەر کۆمـەڵێك قوتـابی گـەنجی ڕاگرتبـوو و لـە مـاڵی خـۆی و لـە حـوجرەی مزگـەوت دەرسی پێدەگوتن . ئەو جۆرە مەدرەسە نیوە ئاشکرا و نیوە نهێنییانە هێشتا هـەرماون ، ئەگەرچـی ژمارەیـەکی زۆر کـەم قوتابیشـیان هەیـە . یـەك دوو مـەلا و نورولّلای کوڕی شێخ ، دەرسیان پێدەگوتن . من لەڕێگەی ئەو مەدرەسەیەوە بۆ یەکەمینجار پەیوەندییم بە نوورسییەکانەوە کرد ، واتـە قوتابیانی قوتابخانـەی سەعیدی نوورسی .

فەلـەکانی ئـەو ناوچـەیە ، کەزۆربـەیان ئاسووریی ئۆرتـۆدۆکس بـوون ، کـەمتر لـەو موسـڵمانانەی بـە بلیمـەت و پیاوچـاك و نوورانییـان دادەنـا ، بەسـەرهاتی سەیرو سەمەرەی شێخیان بۆ دەگێڕامەوە . ئەو فەلانە ، شێخیان بە دەنگۆچی و یەکەم بەرپرس و ئاژاوەچی و شێوێندەری پەیوەندیی نێوان فەلە و موسڵمانانی ناوچەکە دادەنا .

ڕاستە ، فەلـەکانی ئـەو ناوچـەیە هەمیشـە لەبـەردەم مەترسـی و هەڕەشـەدان ، وەلێ هۆکاری دیکـەی بەهێزتر لـە پشت ئەو ڕق و کینـە و دەستوەشاندنانەوەن ، وەك لـە فـەتوا و هـات و هـاواری شـێخ سـەیدا . ئەو پەیوەندییە ئاڵۆزەی نێوان پەیڕەوانی ئەو دوو ئایینە ، بوارێکی هەڵکەوتووی چاکە بۆ شـێخ ، تا بۆ نێو و نێوبانگدەرکردنی خۆی ، بیقۆزێتەوە شوێنپێی خۆی قایم کات .

لەیەکەم جەنگی جیهانییدا ، تەنها ئەرمەنییەکان نا ، بەڵکە هەموو تاقمە فەلەکانی دی بەدەست زەبر و زۆری هاوسێ موسڵمانەکانیانەوە ، دەیاننالاًند . زۆر فەلەی ئاسووری ئەشکەنجەدران و ژمارەیەکی هێجگار زۆریان لێکوژرا . پاش جەنگ ، زۆربەیان ڕوویان لەووڵاتی تازە دامەزراوی سوریا کرد و بەوە ئەو دەستەو تاقمانەی مانەوە ، لاواز و بێ هێز بوون . لەڕووی دیموگرافییەوە ، کەنەفت بوون و باریان دالەنگی . چالاکترین پیاوانی ناوچەکە ، ناچاری هەڵهاتن بوون ، سەرەتا بۆ سوریا ، سالاًنی دوایی بۆ ئەمریکای سەروو و خواروو ، لە شێستەکانیشەوە وەك کرێکاری ڕەوکردوو ، ڕوویان کردۆتە ئەوروپا . ئەوانەی مابوونەوە ، موسڵمانەکان زێتر فشاریان بۆ دەهێنان . پاش ڕاکێشانی تەوقی سنووری نوێ و قەدەغەکردنی چوونە لەوەڕگە ساردەسێرەکان و ئەمبەر و ئەوبەرکردن لەنێوان عێراق و سوریادا ، زۆری ڕەوەندەکان نیشتەجێ بوون . لێرەو لەوێ دەستیان بەسەر ماڵ و موڵکی فەلەکاندا دەگرت . ژمارەی موسڵمانان لەو کۆمەڵگەی گوندە تێکەلاًوانەدا زێتر بوون ، موسڵمان پەڕینە ئەو گوندانەشەوە ، کە لە ئەزەلەوە تەنها فەلەیان لێدەژیا . بڕێك ئاغای چاوچنۆك و دڵبژۆك ، هەمیشە لەهەڵپەی ئەوەدا بوون ، زەوی و سەروەت و سامانی خۆیان زێتر بکەن ، فەلەکانیش تا دەهات ژمارەیان کەمتر و هێزیان لاوازتر دەبوو ، دەبوونە جێتەماعێکی بێ پای ئەوان و هەرچی زوڵم و ستەم هەیە لێیان دەکردن . تێیانهەڵدەدان ، لاقەی ژنانیان دەکردن ، دەیانکوشتن ، تەنها بۆ ئەوەی دەریانپەڕێنن و موڵك وماڵیان داگیرکەن . فەلە شارییەکانی دەوروبەری میدیاتو حەسەکە ( سەرووی خۆرئاوای جەزیرە ) ، زۆر خێرا خەسڵەتی فەلەییانەی خۆیان لەدەست دا . لە یەکەم جەنگی جیهانییدا ، حەسەکە نێوێکی چاکی دەرکرد ، بەوەی زۆر فەلەی ناوچەکە ڕوویانتێکرد و سەرکەوتووانە بەرگرییان لەخۆ کرد و دژی هێرشبەرانی کورد وەستانەوە . هەتا کۆتایی شەڕی سەربەخۆیی تورکیش ، هەر شارەکەیان بەدەستەوە بوو . ئەوە نێویانی کردە سیمبۆل و نموونەیەکی پڕ ڕەونەق ، بۆ فەلەکانی ناوچەکە .

ئەوڕۆ شارەکە بە سیاسەتی زۆرزانانەی شێخ سەیدا و وازهێنانی لەزەبر و زۆر ، بە موسڵمان کراوە . لەو شارە پڕ فەلەیەدا ، مزگەوتێکی دروستکردووە . مزگەوتەکەش موسڵمانانی گوندەکانی دەوروبەر بۆ کن خۆ ڕادەکێشێت و دێن لە نێزیکی نیشتەجێ دەبن . بوونی ئەو مزگەوتە و بوونی پیاوێکی نوورانیی وەك شێخ سەیدا لەوێ ، هێزێکی خەڵکڕاکێشی بەتینن . هەتا خەڵکانێکی سەر بە هۆزە رەوەندەکانیش هاتوون و لەوێ نیشتەجێبوون . حوکومەتیش لەو مەسەلەیەدا کایەی خۆی دەبینێت . ڕێگەی فەلەکان نادرێت بەرابەر ئەو داگیرکارییە بوەستنەوە ، کەکارێکی نادێموکراسیانە و زۆردارانەیە . ئەمڕۆ ئەو شارە ، زۆرینەی موسڵمانە ، زۆر فەلە ڕەویانکردووە و بڕێکیشیان بوونەتە موسڵمان . بۆ زۆر ئیماندار ، ئەوە باشترین جۆری جیهادە و بۆ شێخیش بە شکۆیەك حسێب دەکرێت . جگەلەو قارەمانێتییە ، دیاردەیەکی دی شێخی لە پێشچاوی لایەنگرانی مەزنتر و پیرۆزتر کرد . " شێخ وەك خەڵکیی نەبوو ، ئەو لە چلەی زستاندا لەدەرەوە ، لە بانۆیەکی پڕ لە زوقمدا مەلەی دەکرد و خۆی دەشت و لە چلەی هاوینیشدا زۆپای ژوورەکەی نێلەنێڵی دەهات " . چەندین ڕۆژی لەو دژی و دژوارییانەدا دەگوزەراند .

پەرجووەکانی لە ژمارە نایەن ، لە شتی زۆر هیچ و پووچەوە ، هەتا شتی زۆر سەیر و عەنتیکە . جارێك موریدێکی بە تووتنی قاچاغەوە دەگیرێت ، شێخ تووتنەکەی دەکاتە ساوەر و بەو جۆرە مورید بەردەدرێت . لە گشت شتێك زێتر ، باس و خواسی غەیبزانینێتی . موریدێکی ئەم بەسەرهاتەی بۆ گێڕامەوە :

" کە سەرباز بووم و هێشتاساڵێکم مابوو خزمەت تەواو بکەم ، مۆڵەتی حەوتوویەکم وەرگرت و چوومەوە بۆ جزیرە . بەرلەوەی مۆڵەتەکەم تەواو بێت و بگەڕێمەوە ، سەردانێکی شێخم کرد ، گوتی : تەنها شەش مانگت ماوە سەربازیی تەواوکەیت ، وانییە ؟ ئەو دەمە هیچ گوێم بە هەڵەکەی نەدا . شێخ تکایەکی زۆری لێکردم ، سبەی لەکاتی گەڕانەوەمدا ، لەیەکەمین وێستگەی پاسەکانەوە تەلەفۆنێکی بۆ بکەم ، بەلاّم نەیگوت بۆچی . هەرچەندە لەهۆی ئەو

داخوازییەی نەگەیشتم ، وەڵێ بەڵێنم دایە . دووجاری یەکەم کە پاسەکەم گۆڕی ، بوار و دەرفەتی ئەوەم نەبوو تەلەفۆنی بۆ بکەم . پاسی سێهەمم تامپۆنی کرد . گەر تەلەفۆنم بۆ شێخ کردبا ، سواری ئەو پاسە نەدەبووم . برامە تیمارخانە و یەکێکم ڕاسپارد لەبریتی من ، تەلەفۆن بۆ شێخ بکات . شێخ خۆی لەماڵ نەبوو بوو ، بەڵام کوڕەکەیی راسپاردبوو بپرسێت داخۆ زامدار نەبووم ! یەکێك لەو پزیشکانەی تیماری دەکردم ، پرسیی ئایا من شێخم یان نا ؟ چونکە لە خەونیدا سپیپۆشێکی دیتبوو ، پێیگوتبوو بچێتە خەستەخانە و فریای من بکەوێت . چەند مانگێك لە خەستەخانە مامەوە و دوکتۆرێکی سوپا پشکنیمی و پاش چەندین جار دواخستن ، لە خزمەتی سەربازیی بەخشرام ، رێك شەش مانگی رەبەق پاش ڕووداوەکە ."

زۆر بەسەرهات و سەرگوزەشتەی لەو بابەتەم بیست ، هەرچەند دیارە زۆربەیان گێز و گوڵنکەی چاکیان پێداکرابوو و جوان رازێندرابوونەوە ، وەڵێ کەمۆکەیەك ڕاستییان هەر تێکەڵە . ڕەنگە شێخ غەیبزان بووبێت ، بەڵام بەو ڕادەیەش نا ، کە خەڵکی تێیگەیشتوون و زێدەڕەویی تێدا دەکەن .

## 4.15 مەهدێتی :

ماوەیەکی زۆر بەرلەوەی خەڵکی ئازایانە و ئاشکرا دژی بارودۆخی چەوساندنەوە و دادۆشینی لەڕادەبەدەریان ڕاستببنەوە و ڕاپەڕن ، بەشێوەیەکی هێور و ئارام دژی ئەو بارە وەستاونەوە ، ئەویش لە ڕێگەی پەند و قسەی نەستەق و نوکتە و چیرۆك و سەرگوزشتە و ئەفسانەوە . Wertheim (١٩٧١) ئەو جۆرە پشکە کولتورییانە ، بە خاڵە دژەکان Counterpoints نێودەبات . ئەوانە نموونەی تەوژمێکن ، کە پێچەوانەی سیستێمی بەها سەپاوەکان ڕەوت دەکەن . برێك لەو خاڵە دژانە ، لە هەندێکی دیکەیان بەگوڕ و تەوژمترن و دەبنە ماکی چالاکیی پێکڕایی و ڕاستبوونەوەی چەوساوە و دادۆشراوانی کۆمەڵ . لەهەموان لە پێشتر چاوەڕوانییە ئاینییەکانی مەهدێتی و عیسایییانەیە ، کە

هێنانەکایەی حوکومەتێکی خەیاڵییە بەدەستی کۆمەڵانی خەڵك و ڕێبەریان لە کەسێکی مەسیح ئاساییدا خۆ دەنوێنێت . لە گەلەك ڕووەوە دەتوانرێت ئەو بزووتنەوە مەسیح ئاساییانە ، بە سەرەتای سەرهەڵدانی بزووتنەوە شۆڕشگێڕەکان دابنرێن . [78]

بەو پێیەی بزووتنەوە دژوەستاوەکان ، بەشێکی گرنگی ئەو بابەتانە بوون کەمن عەوداڵیان بووم ، ناچار وێڵی دووی ئەو بیروباوەڕانە بووم ، کە لە رابوردوودا سیمای بزووتنەوەیەکی مەسیح ئاساییانە ، یاخود مەهدی ئاساییانەیان هەبووە و ئەو خەسڵەتەیان پێوەدیاربووە . هێندەی پەیوەندیی بە ئیسلامەوە هەبێت ، کەسی چاوەڕوانکراو لە مەهدی دا خۆ دەنوێنێت . بۆیە سەرەتا دەستمکردە پرسیار و ویستم بیروڕای خەڵکی لەوڕووەوە بزانم . بە پێچەوانەی چاوەڕوانیی منەوە ، خەڵکێکی کەم دەیانزانی مەهدی چییە . لەوانیش کەمتر دەیانزانی و پێیانوابوو مەهدی کەی دێت و کەی پەیدا دەبێت و چۆن حوکومەتێکی دەبێت . پاشان لەسەرچاوەکانەوە بۆمدەرکەوت ، سەدەی پێشین چەندین شۆڕشی مەهدی ئاسایی لەکوردستاندا بەرپاکراوە . لەهەموویاندا ، شێخ کایەو ڕۆڵی مەهدی دیتووە . زۆر دواتر بۆمدەرکەوت ژمارەیەکی زۆر بزووتنەوە و ڕاپەڕین هەبوون ، سیماو خەسڵەتی مەهدییانەیان هەبووە و ڕێبەرانیان بەمەهدی نەناسراون .

بۆ نموونە هەڵوێستی سەیری هەققەکان و لادان و بادانەوەیان ، زۆر پێوەر و بەهای بزووتنەوە مەهدی ئاساییەکانی دیمان وەبیر دەهێنێتەوە . سەرکردەی ئەم بزووتنەوە نوێیە ، کۆمەڵگەیەکی خەیاڵیی لەگوندەکەیدا پێکهێنابوو ، هەمووشت ، بە ژنەکانیشەوە ، موڵکی تێکڕایی هەمووان بووە . چاوساغەکەم ئەو گوندەی بە کۆلخۆز دادەنا و زۆر سەرسام بوو بەو ئازادییە جنسییەی گوایە لەوێ هەیە .

پێدەچێت بزووتنەوە نیشتمانییە کۆنەکانیش ، خەسڵەتی مەسیح ئاساییان پێوەدیاربووبێت . بەشدارانی بڕوای تەواویان بەوە هەبووە کە ڕاپەڕینێکی سەراپایی و گوێڕایەڵی و دڵسۆزیی بۆ سەرکردەکە ، بەسە بۆ ئەوەی

کۆمەڵگەیەکی چاکتر و ژیانێکی شیاوتر بهێنرێتەکایەوە . زۆربە پێیانوابووە ، ئەو کۆمەڵگەیە بە تێکەڵی و بەشداریی هەمەلایەنە دێتەدی ، بۆیە زۆر لە ئەندامانی ستراتیژێکی چەسپاو و نەخشەوپلانێکی چاک داڕێژراوی درێژخایانیان بەپێویست نەزانیوە ، یاخود ژمارەیەکی زۆرکەمیان بیریان لێکردۆتەوە و بایەخیان پێداوە . ئەو بزووتنەوانە زۆربەی جار بە ووشە و گوزارەی مەزهەبی و ئاینی رووپۆشکراون و ڕازێنراونەوە و هەموویان کاردانەوەی کنەکردن و خۆکوتاندنی ئیمپریالیزمی خۆرئاوا بوون و هەڕەشەکردن لە بەها میللی و نەریتییەکان . یەکێك لە گرنگترین ئەو بزووتنەوە پێشڕەوانە ، بزووتنەوەکەی سەدەی نۆزدەهەمی شێخ عوبەیدوڵڵای نەهری بوو ، کە نەوەی بنەماڵەی نێوداری ساداتی نەهری بووە .

ساڵی ١٨٨٠ ، شێخ عوبەیدوڵڵا ، بە بەشداریی گەلەك هۆزی کوردستانی نێوەند ، ڕێبەرایەتی یەکێك لە مەزنترین ڕاپەڕینەکانی کورد کردووە ، (79) کە سەرەتا ڕاستبوونەوە بوو دژی دەستەلاتی ئێران و بە مەبەستی دامەزراندنی دەوڵەتێکی سەربەخۆ . کڵپەی ئەو شۆڕشە ، بارە گەشەکردووە نێودەوڵەتییەکە هەڵیگیرساند ، کە پێدەچوو بواری دامەزراندنی دەوڵەتێکی کوردی بڕەخسێنێت . ئەوەبوو ئیمپراتۆرێتی عوسمانی ، لەشەڕی ساڵانی ١٨٧٧/١٨٧٨ ی روسیا و تورکیادا ، هێجگار لاواز دەینواند . بۆیە ناچاربوو لەگەڵ ئینگلتەرەدا پەیماننامەیەکی تایبەتی بەرگریی مۆرکات ، تا لە کاتی پەلامار و شالاوی رووس دا ، ئینگلیز کۆمەکی پێبکات ، بەرامبەر ئەوە عوسمانییەکان بەڵێنیان دا، فەلەکانی ویلایەتە ئاسیاییەکانی ژێردەستەی سوڵتان بپارێزن . زۆر لەو فەلانە ، لە کوردستان دەژیان . لە ناوچەکانی هەکاری ، شێخ عوبەیدوڵڵا و مارشەمعوون ، ( کە سەرکردەی ئاینیی و سیاسی نەستۆرییەکان بوو ) ، وەك هێزێکی دووهەم دەستەڵاتیان بەشکردبوو ، بێ ئەوەی دەوڵەتی عوسمانی توانای ئەوەی هەبێت هێزی خۆیان بەسەردا بسەپێنێت و کۆنترۆڵیان بکات . کاتێك پەیماننامەکەی نێوان ئینگلتەرە و دەوڵەتی عوسمانی ئاشکرا کرا ، شێخ هەوڵیدا

پشتگیریی ئینگلتەرە مسۆگەربکات ، ( ئەویش بەکۆمەکی مار شەمعون و ڕێبەری ئاینیی ئەرمەنییەکان و مسیۆنارە ئەمریکاییەکانی ورمێ ) ، بۆ دامەزراندنی دەوڵەتێکی کوردیی ئازاد و سەربەخۆ ، بە ڕێبەرایەتی خۆی . هاندەری یەکەمی ئەو مەسەلەیە ، پێشێلکردنی مافی کورد و چەوساندنەوەیان بوو لەلایەن هەردوو ئیمپراتۆرێتی عوسمانی و فارسەوە ، وەك مسیۆنارە ئەمریکاییەکانی ئەو دەمەش، گەواهی دەدەن . لەهەردوو بەری سنووری عوسمانی و فارسدا ، شێخ بەوەجترین سەرکردەی کورد بوو ، ( یەکێکیش بوو لەو کەسانەی کە لەهەمووکەس زێتر گوێ لەقسەی دەگیرا و حسێبی بۆ دەکرا ) و جێی ئومێدی بزووتنەوەی ئازادیخوازانەی کوردبوو .

تاکتیك وای پێویست دەکرد ، سەرەتا ڕووبەڕووی ئێران بێتەوە و بەرەنگاریی ئەو بکات ، چونکە پێدەچوو لە ئیمپراتۆرێتی عوسمانیی لاوازتربێت . عوسمانییەکانیش ئامادەبوون لەو دەستوەشاندنەدا کۆمەکی بکەن . عوسمانییەکان نەیاندەویست شێخ لەخۆ تەوەللا بکەن ، پێیانوابوو بۆ دژایەتی بزووتنەوەی ئازادیخوازانەی ئەرمەن ، پێویستیان بە توانای دەبێت . ئەستەموڵ دامەزراندنی دەوڵەتێکی نیوە سەربەخۆی کوردی لەخاکی ئێراندا پێشچاوگرتبوو، دیارە ئەوەیش بەسەرپەرشتیی و چاوەدێریی سوڵتان ، وەك بەڵێن بە شێخ درا .

لە ئۆکتۆبەری ۱۸۸۰ دا ، شێخ هێزە خێڵکییەکانی خۆی ناردە ئەودیوی سنووری ئێرانەوە ، (بە جەنگاوەرە نەستۆرییەکانی هەکارییشەوە ) . هۆزە کوردەکانی کوردستانی ئێران، ( وەك مامەش و مەنگوڕ و زەرزا و گەورگ و بانەو هەرکی و بەگزادە ) دەم و دەست دایانە پاڵیان . عەبدولقادری کوڕی ، بەهێزێکی پازدەهەزار کەسییەوە شاری مەهابادی گرت. شێخ خۆی بە هەشت هەزار کەسەوە گەمارۆی ورمێی دا .

زانایانی سوننەی مەهاباد بەرژەوەندیی تایبەتی خۆیان هەبوو ، فەتوایان دا ، ئەو شۆڕشە جیهادە دژی شیعە . پەلاماری شاری میاندواوی شیعە و ئازەری

نشینی هاوسێیان دا . لەو شالاوەدا ، سێ هەزارکەس کوژران . کۆچرانی ، مسیۆناری ئەمریکی ، عوبەیدوڵلای رازییکرد ، هێرشی سەر ورمێ دوابخات ، کە کات و دەرفەتی ئەوەی بۆ لەشکری ئێران رەخساند ، خۆکۆکەنەوە و لە تەوریزەوە هێرش بەرن و کورد خافلگیر بکەن . پیاوانی شێخ بەسەر ناوچەیەکی فراواندا بلاوبووبوونەوە . بەشێکیان بەرەو تەوریز بەرێوەبوون و بە نیازی گرتنی بوون ، لەپرێکدا لەشکری زالی ئێرانیان لەبەردەمدا قوتبووەوە ، ( کە زێتر تورکی ئازەری و کەسانی سەر بە هۆزی خەمزەی فارس بوون ) . لە نۆڤەمبەردا ، بە خێرایی هێزی کوردیان شکاند و راوەدوویاننان ، لە دێسەمبەردا ، شێخ گەیشتەوە خاکی تورکیا . هەزاران خێزان لەگەڵ پیاوە شکستخواردووەکانی شێخدا هەڵهاتن ، زۆری دیکە کوژران و دامالەخاسکران و گوندەکانیان سووتێنرا و مالوێرانکران . ئێران لەرێگەی رووسیا و ئینگلتەرەوە ، زۆری بۆ دەولەتی عوسمانی هێنا ، سەرکردەکانی راپەرینەکە سزا بدات . عوسمانییەکان، پەنایان بۆ ئامرازە کۆنەکەیان بردەوە ، ئاژاوە خستنە نێوان هۆزەکانەوە ، هۆزی دیکەیان دژی شێخ هاندا و توانییان عوبەیدوڵلا و خزمەکانی دەستگیرکەن. سەرەتا بردیاننە ئەستەمولْ ، پاشان بۆ مەککە دووریانخستنەوە و شێخ سالی ١٨٨٣ لەوێ سەریناوە .

بۆ پەیوەندیی نێوان باوەڕ و ئەندێشەی مەهدییانە و بیری نەتەوەییانە ، شێخانی بارزان باشترین نموونەن . گشت شێخەکانی ئەو بنەماڵەیە ، گەیەندراونەتە ئاستی پێغەمبەرایەتی و مەهدێتی و نیمچە خوداوەندێك . گوندی بارزان ، ماوەیەکی زۆر بووبووە سیمبۆلی کۆمەڵگەیەکی خەیاڵی . ئاوارە و هەڵهاتوو ، فەلە یان یا موسلمان ، هەردەم پەنادەدران و ئەوە کردییە بنکە و بنەیەکی نێوەندیی بزووتنەوەی نەتەوەییانەی کورد . زەوی گوندەکە ، وەك موڵکی هەمووان تێیدەڕوانرا . لایەنگرانیان ، هەر بە ڕاستی دوان لە شێخەکانیانیان ، بە مەهدی دەزانی . ئەوانیش شێخ عەبدوسسەلامی یەکەم و محەمەدی کوڕی بوون . لەسەروەختی ئاشووب و هەڵلای جەنگی هۆزەکان و

کێشـــمەکێش و شـــەڕ لەگـــەڵ شـــێخ عوبەیـــدوڵڵای نـــەهری دا ، لایـــەنگرانی عەبدوسسـەلام ، بانگی مەهدێتییان هەڵدا . داوایانلێکرد پێشیانکەوێت و بچنە ئەستەموڵ و شکۆی خەلیفایەتی لە سوڵتان داماڵێت . کاتێك سەرپێچی دەکات و بەپیر داخوازییەکەیانەوە ناچێت ، تیر و پڕی تێهەڵدەدەن . هەتا هەندەك دەڵێن دەشیکوژن . گوایە لە پەنجەرەیەکەوە فڕێیدەدەنە خوارێ ، بە خەیاڵی ئەوەی گەر بەڕاستی مەهدی بێت ، دەفڕێت و خۆی قوتار دەکات .

محەمـەدی کـوڕە گچـکەی ، هێنـد دیبلۆماسـی دەبێـت ، دەچێتە کـن شـێخ عوبەیـدوڵڵای مێمـلێ و گـوردێری و داوای ئیجـازە لـەو دەکـات ، تـا بتوانێـت ئیرشـادی تەریقەتەکە بکات . ئەو پەیوەندییـە دۆستانەیەی لـە نێـوان هـەردوو بنەماڵە شێخەکانی ئەو ناوچەیەدا بنیاتنرا ، بە سوودی شێخ محەمەد شکایەوە . کاتێـك شـێخ عوبەیـدوڵڵا ، پـاش تێکشـکانی ڕاپەڕینـە مەزنەکـەی ١٨٨٠ ی ، دەسـتگیرکرا و دوورخرایـەوە ، هـەموو هۆزەکـان چاویان بڕییـە محەمـەد و بـە پێشـەوای ئـاینیی خۆیـان دەزانـی . هەمدیسـان لایـەنگرە هـەژاوەکانی ، بـانگی مەهدێتی شێخەکەیان هەڵدایەوە . هەواڵێکی تەواو لەبارەی ماکی ئەو هەڵچوون و هەژانەوە نییە . دەبێت پەیوەندییەکی نێزیك و توند و تۆڵیان لەگەڵ شۆڕشەکەی شـێخ عوبەیـدوڵڵا دا هـەبووبێت ، بۆیـە زۆر لـە لایـەنگرانی محەمـەد ، تێـدا بەشـداربوون . چـاکترین سەرچـاوە لـەو بارەیـەوە ، کتێبەکـەی نیکیتینـە ، کـە مامۆستا کوردەکـەی یـەکێك بووە لـە سـکرتێرەکانی ئـەو دەمـی شـێخ محەمـەد صادقی نەهری و ئەو بەسەرهاتی شێخی بارزانی بۆ دەگێڕێتەوە ، ( کە دیارە سەرچاوەیەکی باوەڕپێکراوە ) و من بەشێکی لە نیکیتینەوە ڕادەگوێزم :

" موریدەکانی شێخ محەمەد ، هەمدیسان بانگی مەهدێتی شێخیان هەڵدایەوە، بـەو بیـانوو و پاسـاوەی گوایـە بـەپێی حـەدیس ، نێـوی مەهـدی لـە محەمـەدەوە هـاتووە ، گوتیـان : " کەواتـە شـێخەکەی ئێمـە مەهدییـە ڕاسـتەقینەکەیە ". دەستیانکردە چەك کڕین . ئاشکرایە ، لەنێو گشت هۆزە کوردەکاندا ، زێبـاری و شـیروانی و مـزووری لەهـەموان دڕنـدە و کێـوی تـرن . لەشـکرێکی پێـنج هـەزار

کەسییان بۆ شێخ محەمەد پێکەوەنا . کە هەموو کۆبوونەوە ، گوتیان : کەس لە عۆدەی ئێمە نایەت . هێرش دەکەینە سەر موسڵ و دەیگرین ، لەوێوە بەرەو دیمەشق دەڕۆین و لە دیمەشقیشەوە پەلاماری ئەستەموڵ دەدەین و سوڵتان عەبدولحەمیدی بێ بڕشت دەگرین و لە لاقی دەنەوین و لەسەر تەخت و بەخت تووڕی دەدەین و حەزرەتی مەهدی دەخەینە شوێنی . دەبێت ئەو ببێتەوە بە بەرۆگری پەیامبەر " .

کە مەلا و زانایانی ئەو هۆزانە ، بەو نەخشە و پلانەیان زانی ، هاواریان لێهەڵستا ، گوتیان : " لێگەڕێن ، نەکەن ، ئەوە کاری کردە نییە ، حوکومەت هەمووتان لەنێودەبات" .

مورید وەرامیان ئەوە بوو ، گوایە ئەو مەلایانە کافرن و لەدین وەرگەڕاون.

..... کابرا بۆ نیکیتینی گێڕاوەتەوە چ سزایەکی ئەو مەلا بەدبەختانەیان داوە . پاش کوشتن و خنکاندنی چەند دانەیەکیان ، ئەوانی دی بۆ شارانی دەوروبەر هەڵدێن و خۆ دەشارنەوە . " .... ئەوجا لەشکرەکەی مەهدی دەبنە دوو لقەوە و بەپێ ملی لێدەنێن ، یەکێکیان ڕووە و ئاکرێ و ئەوی دی بەرەو ڕەواندز دەکەونەڕێ . هەردوک لقەکە ئامانجیان گەیشتنە موسڵ دەبێت . هەردوک قایمقامی ئاکرێ و ڕەواندز دەگرن و لە ماڵە خۆیان دەستبەسەریان دەکەن و تێروپڕیشیان تێهەڵدەدەن و ماڵەکانیشیان کاول دەکەن . هەواڵی ئەو ڕووداوانە دەگاتە موسڵ ، کە ئەو دەمە زەکی پاشا ، والی دەبێت . پیاوێکی ژیر و بەتەکبیر، بڕیاردەدات بەچەك ڕووبەڕوویان نەبێتەوە و بەفێڵ و تەڵەکە بزووتنەوەکە سەرکپکات . کە لەشکری شێخ دەگاتە نێزیکی موسڵ ، والی ، بەسواریی ، دەچێتە پێشوازییان ، پێیانڕادەگەیەنێت کە گوایە لەمێژە خۆی و ئۆردووەکەی چاوەڕێی گەیشتنی حەزرەتی مەهدیین .

ئامادەیی پێشاندەدات ، لەژێر فەرماندەیی مەهدی دا ، دژی عەبدولحەمید بجەنگێت . شێخ داوەت دەکاتە ماڵە خۆی . پێشنیازدەکات لەشکرەکەشی بکاتە سێ بەشەوە و بنێردرێنە سەربازخانەکان ، تا لەوێ بحەوێنەوە . شێخی

ساویلکە ، بە ڕێز و نەوازشەوە ، ئەو پێشنیازە پەسەند دەکات ، کە ئاکامەکەی ئاشکرایە !

شێخ و پیاوانی نێزیکی ، لەیەکێك لە کۆشکەبەرزەکانی کەناری دیجلە زیندانی دەکرێن ، بە پشتێنە درێژەکانیان خۆ شۆڕدەکەنەوە و هەڵدێن و بەمەلە خۆ قوتاردەکەن ، " چونکە بارزانییەکان لە ماسی مەلەوانترن و چ ترسێکیان لەئاو نییە " . بەلاّم نێو و نێوبانگی مەهدی ، لەپڕێکدا دەبێتە بلّقی سەرئاو .
(Nikitine: 1925a,S.150-151).

هەرچەندە تەواو دڵنیاش نیین ، وەلێ پێدەچێت یەکێك لە هۆکارە دەرەکییەکانی سەرهەڵدانی ئەو بزووتنەوەیە ، هەرەس و داڕمان و دەستگیرکردنی شێخ عوبەیدوڵلا بووبێت ، لەلایەن ئۆردووی فارس و عوسمانییەوە . ئاشکرا وەك هێزێکی بەد و تاوانکار لە دەوڵەتی عوسمانییان دەڕوانی ، چونکە لەدژی مەهدی وەستایەوە . ئەو راستییەش کە سوڵتانە عوسمانییەکان ، پلە و پایەی خەلیفەیان بە دەهۆ و فێڵ و تەڵەکەبازیی بۆ خۆ بڕ دا ، هۆکارێکی دیکەبوو .

بۆ ئەوەی ماکی راستەقینەی ئەو جۆرە بزووتنەوە مەسیح ئاساییانەمان بۆ روونبێتەوە ، پێویستمان بە زانیاریی زۆر زێتر لەوە هەیە کە تا ئێستا لەبەردەستدان ، بۆ نموونە زانیارییەکی تەواو دەربارەی لایەنگرە هەرە نێزیك و دڵسۆزەکانی شێخ و داخۆ ئەوانە کێ بوون ؟

پێدەچێت شکست و داڕمانی دەوڵەتی عوسمانی و داگیرکردنی خوارووی کوردستان لەلایەن ئینگلیزەوە ، بزووتنەوەیەکی مەهدییانەی دیکەی خوڵقاندبێت . ئەدمۆنز ی ئەفسەری سیاسی ئینگلیز لەو بارەوە دەنووسێت :

" ئەو سەردەمانە ، ١٩٢٠ ، شێخەکانی قادریی ، بە تایبەت لە دەوروبەری لیوای سلێمانی ، هەڵمەتێکی چالاکیی چاکیان دەستدابوویە . بووبووە شتێکی ئاسایی ، لەگەڵ تاریك دادەهات ، لە گوندێك ، لەپڕ گوێت لەهات و هاواری تۆبەکارێك دەبوو ، غاریدەدا و دەیقیژاند " زیکر " ، " زیکر " . بۆخۆم چەند

حاڵەتێکی لەو بابەتەم دیتووە ، کە کەسانی بەدڕەفتار و کەڵەکباز ، تۆبەیان کردووە و گەڕاونەوە و دەستیان لەخراپە هەڵگرتووە " . ( Edmonds: 1957, S. 237)

بەهەمانجۆر ، ئەو گۆڕانکارییە کۆمەڵسیاسییە خێرایانەی بەسەرتورکیادا هات ، نادڵنیایی و ترس و دڵەڕاوکەیەکی زۆری لە کۆماری نوێی تورکیادا ، خوڵقاند ، تایبەت لەنێو پیاوانی ئاینی و جوتیارە نەخوێندەوارە بێ سەوادەکاندا. بەهۆی ئەو چارەسازییانەوە کە ئەتاتورک دەستی دابوویە ، لە گەلەك بۆنەدا ، شێخەکان ، بە دەججال نێویان دەبرد و زۆریان ڕەپ و ڕەوان دەیانگوت و نەیاندەشاردەوە. لەبەرامبەر ئەوەدا ، خۆیان بە مەهدی دادەنا . لە چەند حاڵەتێکدا ، بزووتنەوەی میللی سیما مەهدییانەیان لێکەوتەوە . بەداخەوە، ئەو هەواڵانەی لەبەردەستدان ، هێجگار کەمن . وا یەکێك لەو هەواڵانە، ( هەرچەند زۆر خۆشیش نییە ) ، دەربارەی یەکێك لە شۆڕشەکانی کوردستانی تورکیا ، تەرجەمە دەکەم :

" ساڵی ١٩٣٥ ، خالید ناوێکی خەڵکی گوندی قاینتاری ناوچەی بەسیریی سەر بە سیعرت ، بانگی شێخایەتی نەقشبەندیی خۆی هەڵدەدات . لە دێسەمبەری ١٩٣٥ دا ، شێخ خالید موریدەکانی خۆی بۆ ناوچەی ئەروح و دەوروبەرەکەی دەنێرێت و داوا لە خەڵکیی دەکەن ددان بە مەهدێتییدا بنێن و پەسەندی کەن . شێخ خالید و پیاوەکانی بەشدارییان لە ڕاپەڕینێکی میللیدا کرد و خوێنێکی زۆریان ڕژاند . کە حوکومەت ، شێخ خالید و پیاوەکانی بلاوەپێکرد و سزای دان، شێخ قودوسی کوڕی جێگەی گرتەوە . شێخ قودوس دایە ئەو کێوانە و لەوێوە بانگی شێخایەتی و تەریقەتی هەڵدەدا . دەوڵەت لێنەگەڕا و ڕاوەدووی نا ، تا ناچار بۆ سوریا هەڵهات و کۆتایی بەو ئاژاوەیەش هات " . (Ozek: 1968, S. 160)

تاقە ڕاپەڕینێك ، کە کەوتبێتە ژێر تین و تاوی مەهدێتییەوە و توانیبێتم زانیاریی تەواوی دەربارە کۆکەمەوە ، شۆڕشە ئازادیخوازانەکەی شێخ سەعیدی ١٩٢٥ بوو ، لە کوردستانی تورکیا . بڕێك لایەنی ئەم بزووتنەوەیە ، ئەوەکەی شێخ خالیدمان وەبیردەهێنێتەوە ، لایەنیشی هەیە لەوی جودادەکاتەوە و سیمای

بزووتنەوەیەکی سیاسی لێدەپرژێنێت . لە بەندی داهاتوودا ، باس لەشۆڕشی شێخ سەعید دەکەین .

## 4.16 داڵەنگینی دەستەڵاتی شێخان :

لەم نیوسەدەیەی دواییدا ، دەستەڵاتی شێخانی کوردستان ، تەواو لەکزی و کەمیی دا ، هەرچەندە هێشتا هەر هێزێکی حسێب بۆکراون . یەکێك لەهۆکارەکانی کزی و کەنەفت بوونیان ، داخستنی تەکێکانی تورکیایان بوو لە ١٩٢٥ بەدوا و گرتن و ڕاوەدوونانی شێخەکانیان ، کە ساڵی دواتر دەستی درایە . ئەوە کاردانەوەیەکی کۆماری تورکیابوو لە حاند بزووتنەوەی نەتەوەییانەی کوردو دژوەستاندنەوە بەرامبەر هەڵوێست و باوەڕی بێ ئیمانانەی ئەتاتورك و هەڕەشە لەو سیاسەتەی بەنیاز بوو پیادەی بکات ، بۆ دامەزراندنی دەوڵەتێکی نائاینییانەی یەکخراوی بەتوانا . ئەوەش بەهیممەت و جۆش و خرۆشی ئەتاتورك کرا . هەر لە مارتی ١٩٢٦ دا ، کۆنسولێکی ئینگلیز ، لەو بارەوە دەنووسێت :

" تەکیێ و خانەقاکان ، کوانووی گەندەیی و نەزانین و خەرافات ، وێران کران، شێخان بەجۆرێك ڕیسوا و ڕیشەکێشکراون ، کە نێوهێنانیان بۆتە شتێکی عەیبە " . (80)

ژمارەیەکی زۆر شێخ ، بەدارداکران ، بەرلەهەمووان شێخ سەعید و دار و دەستەکەی ، پاشانیش هەندێکی دی ، کە پەیوەندییان بەهیچ شۆڕش و ڕاپەڕینێکەوە نەبوو . (81) برێکی دیکەیان بۆ دەرەوەی کوردستان دوورخرانەوە و هەمیشە لەژێر چاوەدێرییدا بوون . هەندێکی دی بۆ سوریا و عێراق هەڵهاتن . بەو پێیە ، بەڕووکەش ، تین و تاوی تەریقەتەکان لەتورکیا دا ، هێنرایەوە سەر سفر . وەلێ زۆر دواتر ئاشکرابوو ، کە بەدزی و پەنهانی هەر خەریکی چالاکیی خۆیان بوون . هەرچەندە ئەو دەم ، زیکر و جموجۆڵی عیرفانانە ڕاگیرا ، یاخود خەڵکانی کەمتر لەجاران ڕوویانتێدەکرد و ژمارەیەکی کەمتر لایەنگری بۆ شێخان پەیدادەکرد ، وەلێ گەر دەستەڵاتی سیاسی شێخ بە دەستەڵاتە ئاینییەکە پێکبگرین ، دەتوانین بڵێین ئەویان ئەو زەبرەی پێنەکەوت کە ئەمیان بەخۆوەی دیت .

ئەو سیاسەتی فرەحیزبییەی پاش دووهەم جەنگی جیهانیی پەیڕەوکرا ، کۆتایی بە سیاسەتی پڕ زەبر و زبری کەمالیست هێنا . ئەو حوکومەتەی پارتی دیمۆکرات لە پەنجاکاندا پێکیهێنا ، هێدی هێدی ڕێگەی دەربڕینی بیر و باوەڕی ئاینیی بە خەڵك دایەوە . بڕێك شێخ کرانە داهۆڵ و بۆ کۆکردنەوەی دەنگ بۆ ئەو پارتە کەوی کران و با ڕووپۆشانە و هێجگار کەمیش بێت ، ڕێگە دەدران جارجارە هەستی نەتەوایەتی کورد بهوروژێنن و بۆ مەبەستی خۆیان هەڵیسووڕێنن . (82) کودەتای ئەفسەرە لاوە کەمالیستەکانی ١٩٦٠ ، حوکومەتی پارتی دیمۆکراتی ڕووخاند و هەمدیسان شێخان ناچاری کەنارکەوتن و خۆ حەشاردان بوونەوە . لە هەڵبژاردنەکانی ١٩٦٥ و دواتریشدا ، بڕێك شێخ ، یاخود خزمانیان ، توانییان دەنگی تەواو بۆ گەیشتنە پارلەمان مسۆگەر بکەن و دەستەڵاتی خۆیان لەنێو دەزگەی دەوڵەتدا ، لەسەر ئاستی ویلایەت و ناوچەکان پەرەپێبدەن . هەتا هەندەك شێخ ، لە ڕێی چالاکیی سیاسییەوە لەو پارتانەدا و بەهۆی هاریکارییانەوە لەگەڵ والی و کاربەدەستان و ئەفسەرانی پۆلیسدا ، دەستەڵاتی دێرینەی خۆیان پێبڕرایەوە و لەجاران زێتریش پەرەیان پێدا و مافی نوێنەرایەتی کردنیان چنگکەوت . دیارە ئەو پارتانە ، لەبەر بیر و باوەڕ و هەڵوێستی ئیدیۆلۆژیی نییە پەنا بۆ ئەو شێخانە دەبەن ، بەڵکە لەبەر هێز و دەستەڵاتیانە لە نێو کۆمەڵدا و بۆ کۆکردنەوە و مسۆگەرکردنی دەنگەکانە لەکاتی هەڵبژاردندا . هەتا پارتێکی وەك پارتی گەلی کۆماری ، کە لەڕووی ئیدیۆلۆژییەوە ، بانگی جەنگی دژە دەرەبەگ و کۆنەپەرستانی ئاینی هەڵداوە ، لە ویلایەتە کوردنشینەکاندا ، زۆر بە ئاغا و شێخان پشتئەستوورە .

کەواتە نابێت ماکی یەکەمی دالەنگینی دەستەڵاتی شێخان ، بە ڕێگرتن و دەستتێکەڵکردنی دەوڵەت لێکبدەینەوە . هۆکاری سەرەکیی ، گەشەکردنە کۆمەڵابوورییەکان و چاکتربوون و پێشکەوتنی باری فێرکردن و خوێندەوارییە . بە میکانیزەکردنی کشتوکاڵ و بەروبوومی زەوی ، گرژی و ئاڵۆزبوونی کێشە چینایەتییە دژەکان ، کۆچ و ڕەوی بەکۆمەڵ بەرەو شارەکان ، باشتربوونی

ئامرازەکانی پەیوەندیی ، هەل و دەرفەتی زێتر ڕەخساو بۆ خوێندن و فێربوون ، دوو ئاکامیان بۆ شێخ و لایەنگرانی لێکەوتەوە : گەلەك لایەنگر لە شێخان دوورکەوتوونەوە ، یاخود لەجاران کەمتر پێویستیان بەنێوکاریی ئەو هەیە . ئێستاکە زۆربە ، وەك دادۆشێنەر و دەستبڕێك لەشێخ دەڕوانن ، نەك وەك پیاوێکی زانای نوورانی و پیرۆز . ئاین ، زۆری هێز و تین و تاوی خۆی لە نێو هەردوك توێژی بۆرژوا و پرۆلیتاردا ، لەدەست داوە . وەلێ تا دێت ، بزووتنەوەی بێداربوونەوە و ژیاندنەوەی ئاین ، لەنێو چینەکانی دیکەی کۆمەڵدا ، تایبەت لەنێو بۆرژوای گچکەی شاران و جوتیاراندا ، برەو و هێز و گوڕ پەیدادەکات . هەندەك شێخ لە گێژاوی شەپۆلی ئەو وریابوونەوە ئاینییەدا ، پێمەلە دەکەن .

بەشێوەیەکی گشتی ، هێز و دەستەلاتی شێخ لە کوردستانی تورکیادا ، زۆر بەڕوونی ، داویەتە کزی و لاوازیی . ژمارەیان لە جاران کەمترە ، ئاوارتەیەکی کەمی لێدەرچێت ، تێکڕا لایەنگریان کەمبوونەوە . زۆر لە شێخانی وەچەی پێشوو مردن و بەرۆگرێکیان جێنەهێشت . گەلەکم کوڕە شێخان دیتووە ، بوونەتە مەلای گوند و بە ژیانێکی کولەمەرگی قنیاتیانکردووە .

دەستەلات و هێزی شێخان لە سوریادا ، ( کە لە بیست و سییەکاندا زۆر لە شێخانی تورکیا ڕوویانتێکرد و بۆ ئەوێ هەڵهاتن ) ، هێجگار خراپتر دالەنگیوە . وەك بۆیانگێڕامەوە ، سەرەتا ، ئەو لێشاوی شێخانە ، فشارێکی ئاینیی زۆریان خستە سەر خەلکیی . کوردەکان ئیماندارتر و خوداپەرستتر بوون لە بیست ساڵێك لەوەبەر .

تەنها عامودا ، لە سییەکاندا ، بووبووە بارگەوبنەی زێتر لە سی شێخێك . وەك قسراندیان ، پشکی هەرەزۆری خەلکەکە ، ( نێزیکەی ٨٠ – ٩٠ ٪ ) یان ، موریدی ئەم شێخ ، یاخود ئەو شێخ بوون . ڕۆژانی هەینی ، شێخ و موریدەکانیان پێکڕا بە شکۆوە ڕوویاندەکردە مزگەوتی گەورەی شار ، هەندێکیان بە زرمە و زرینگەی تەپڵ و دەفیشەوە . لە مزگەوت ، شێخەکان دەچوونە ڕیزی پێشی پێشەوە و هەرکەس موریدی خۆی لەدوایەوە . لەکاتی

نوێژدا موریدەکان چ گوێیان بە پێشنوێژیی ئیمام نەدەدا و پەیڕەویی بزووتنی ئەویان نەدەکرد ، بەڵکە لەشێخی خۆیان دەڕوانی تا بزانن کەی دەچەمێتەوە و دەچێتە سوژدەوە . بەو جۆرە نوێژی هەینی دەرفەتێك بوو بۆ شێخ ، تا هێزی خۆی پێشانبدات و تواناى خۆی بەوانی دی بگرێت .

ئالەو شارە پڕ لە شێخەدا ، پاش یەکەمین جەنگی جیهانی ، ئەندامانی کۆمەڵەیەکی نەتەوەپەروەری کورد ( خۆیبوون ) ، ( کە ساڵی ١٩٢٧ ڕۆشنبیرانی ئەریستۆکراتی کورد دایانمەزراند ) ، لەلایەن کاربەدەستانی ئینتیدابی فەرەنسییەوە ، دەستبەسەرکران . شێخان ، بزاوتن و جموجۆڵی ئەو ڕێکخراوەیان لەنێو خەڵکدا هێجگار سەخت کردبوو و تەگەرەی زۆریان بۆ دروستدەکردن و لەدوو هۆوە بەربەرەکانییان دەکردن : یەکەم ، لەبەر بیری نەتەوەییانەیان و دووهەم لەبەر گوێنەدانیان بە ئاین . تایبەت شێخەکانی تەریقەتی قادریی ، کە هەموو سەیید بوون و زێتر خۆیان بە عارەب دەزانی ، نەك کورد ، بەردەوام ڕایاندەگەیاند کە ئیسلام تەنها دوو میللەت دەناسێت ، ئیمانداران و بێ ئیمانان ، بزووتنەوەی نەتەوەییانەی کورد ، پیلانێکی ئەهریمەنانەیە بۆ کەرتکردنی موسڵمانان و بەوپێیە نەتەوەپەرستانی کوردیان بە کافر دادەنا و وەعزییان دەدا و دەیانگوت : " ئەۋ کافرن و کوشتنا وان حەلالە " . هیچ یەکێك لە ئەندامانی خۆیبوون نەکوژران ، بەڵام ململانێکەیان دۆڕاند ، چونکە پشتگیریی جەماوەریان بۆ مسۆگەر نەکرا . پاشتر ، کە هێز و دەستەڵاتی شێخان لەکزی و کەمیی دا ، بەهۆی چالاکی و جموجۆڵی خۆیبوونەوە نەبوو ، بەڵکە ئاکامێکی گۆڕانکارییە کۆمەڵایەتییەکان بوو . ساڵی ١٩٧٦ ، تەنها دوو شێخی چوست و چالاك لە عامودا مابوون و موریدەکانیان بێ سەوادترین خەڵکی شارەکەبوون .

ساڵانی پەنجاو شێستەکان ، لەناکاو گۆڕانکارییەکی خێرا بەسەرناوچەی جزیرەی سووریادا هات : جادەی نوێ ڕاکێشران ، قوتابخانە دروستکران ، ئامێری کشتوکاڵیی زۆر هێنران ، ئەوانە هەل و دەرفەتی کارێکی زۆریان بۆ

خەڵکیی ڕەخساند . ڕادوێ ، هەواڵی گشت دنیایان دەگەیاندە گوندەکانی کوردستان و خەڵکیان هۆشیاردەکردەوە . کە سوریاش ساڵی ١٩٥٨ لەگەڵ میسر دا پێکڕا کۆمارێکی یەکگرتووی عارەبییان دروستکرد ، دەنگی ناصریشی پێدەگەیاندن . بیری نەتەوەییانەی ناصر ، ناڕاستەوخۆ هەستی نەتەوەییانەی کوردیشی هەژاند و بووژاندیەوە و بەهەواڵ و دەنگوباسی ڕاپەڕینی کوردی عێراقی هاوسێ ، زێتر گەشایەوە . شێخانی سوریا ، کە لە شێخانی هەموو شوێنێك زێتر بە دژە بیر و هەستی نەتەوەییانە ناسرابوون ، زۆر بەخێرایی هێز و دەستەلاَتیان دالەنگیی ، بزووتنەوەی نەتەوەییانەی کورد بە پێچەوانەوە ، برەوی پەیداکرد . بەیەککەوتنی ئەو هەموو هۆکارانە ، وەك گۆڕانکارییە ئابوورییەکان، زۆربوونی قوتابخانە و گەشەسەندنی خوێندەواری و بووژاندنەوەی هەستی نەتەوایەتی ، لەماوەی کەمتر لە دە ساڵێکدا ، هێز و دەستەلاَتی شێخانیان داڕماندو بنپێی لەقکردن . ئەحمەدی خەزنەوی ، کە دەستەلاَتدارترین شێخی جزیرەکەی سوریابوو ، موریدێکی کەمی لە دەور ما . ئێستا لە کوردستانی تورکیا دەستەلاَتی زێترە ، چونکە لەوێ گەشە و گۆڕانکارییەکان خاوترن . بڕێك شێخ بوونەتە دەرەبەگی ئاسایی و دەستەلاَتی ئابوورییان هیچ پشتیوانێکی ئاینیی نەماوە .

لەنێو لایەنگران و وابەستەکانی شێخدا ، ئەوانەی ڕاستەوخۆ دادەدۆشرێن ، وەك مسکێنەکانی ، هەمیشە توێژاڵێکی تایبەت پێکدەهێنن . هەتا ئەوان متمانەو باوەڕیان بە هێز و دەستەلاَتی ئاینی و ئەخلاقیی شێخ پتەوتربێت ، شێخ دەتوانێت لە دەرەبەگێك زێتر بیانلەوتێنێتەوە . هەرچەندە نابەدڵ دەچنە ژێر ئەو بارەوە ، وەلێ بەبەشی خوداشی دەزانن . هەر لەگەڵ هەستیشیانکرد ئیدی شێخ هێز و دەستەلاَتی ئاینیی لەدەست داوە ، دەبنە سەرسەختترین دژی . بڕێك شێخ ، بەشێکی زۆری دەستەلاَتیان ، بەهۆی ڕاپەڕین و یاخیبوونی مسکێنەکانیانەوە لەدەست داوە . زۆربەی زۆری ئەو یاخیگەرییانە ، هەرئاوها

لەناكاو و لەخۆوە سەرهەڵنادەن ، هەموو ئەوانەی من پێدەزانم ، هۆكاری دەرەكییان لە پشتەوە بووە .

نموونەیەك لەوانە بەسەرهاتی مسكێن و شێخانی بامەڕنییە . (83) هەتا شێخ بەهادین خۆی مابوو ، مسكێنەكان بێ نقە ، سەرانەی خۆیان دەدا . كە لە پەنجاكاندا مرد ، چیدی ڕازیی نەبوون ئەو سەرانەیە بە مەسعودی كوڕی بدەن . شێخ بەهادین خۆی ، هەتا مردنی ، سنووری دەستەڵاتی ، تخووبی كوردستانیشی دەبەزاند . (84) مەلیكی عێراق و نوری سەعیدی سەرەكوەزیرانی ، موریدی ئەوبوون . مەلیك ، فڕۆكەخانەیەكی لەنێزیكی گوندەكەی دروستكردبوو ، تا هامشۆ و سەردانی شێخی ئاسانتربێت . پێدەچێت شێخ بەدزییەوە ( كەری خۆی بەستبێتەوە ) ، چونكە ساڵی ١٩٥٨ ، كاتێك قاسم ڕژێمی پاشایەتی هەڵتەكاند ، شێخ خالید نەقشبەندیی ، كە خزمی شێخ بوو ، یەكێك بوو لە دەستەی ئەو ئەفسەرانەی ، نەخشەی كودەتاكەیان كێشابوو .

شێخ خۆی و پشكێكی زۆری خانەوادەكەی و ( نێزیكەی دوو صەد كەسێك ) ، لەگەڵ بڕێك لەموریدانیدا ، لە گوندەكەی خۆیان دەژیان . جگە لەدیاری ، داهاتی سەرەكیی شێخ لە هەر سێك گوندی ( سەرسەنگ و كەدیش و بێبەت ) ەوە بوو، كە موڵكی تەواوی خۆی بوون . جووتێرەكان وەك ووردەمالیك زەوییەكانیان ڕەعەمەل دەهێنا . لە بامەڕنی خۆی ، نیوەی تێكڕای زەوییەكان موڵكی شێخ بوون ، ئەوی دی موڵكی ووردەمالیكان بوون . ئەمانە دواهەمین تویژاڵ بوون كە لە ئاست شێخدا ڕاستبوونەوە و دژی خواستە ئابوورییە زۆر و ناماقوولەكانی وەستانەوە . دەنا نە ووردەمالیكانی بامەڕنی و نە دانیشتووانی سێ گوندەكەی دی ، لەهیچ یەكێك لەو ڕاپەڕینانەدا بەشدار نەبوون .

پاش مەرگی بەهادین و جێنشینبوونی مەسعودی كوڕی ، لەسەر دوو شت بووە هەرا :

١- فڕۆكەخانەكە : پووڵی دروستكردنی فڕۆكەخانە بە شێخ سپێردرابوو ، بەڵام بەشی هەرەزۆری بە خانەوادەكەی بڕا ، ئەوەی وەك مزی كار بەو

کرێکارانەی ( بامەڕنی و گوندەکانی ) درا ، هێجگار کەم بوو . لادێیەکان داوای پووڵی خۆیان لە مەسعود دەکرد ، کە نەیدانیّ ، سکاڵای خۆیان گەیاندە دادگا ، ( دادگای ١٩٥٨ ی پاش دارمانی ڕژێمی پاشایەتی ) .

٢- ئاودێری : ئاوی بامەڕنی ، بەشی ئاودانی گشت زەوییەکانی ناکات . شێخ هەمیشە لەهەڵپەی ئەوەدا بوو ، لە پێشدا زەوییەکانی خۆی پاراوکرێن ، بەوجۆرە هەمیشە ووردەمالیکان تاڵاوی کەم ئاوییان دەچێژا . تا دەهات زایەڵەی ناڕازیبوونییان زێتر دەبیسترا . ئەو پێشهاتانە تێکەڵ بە کێشەی بزووتنەوەی ئازادیخوازانەی کوردی عێراق بوون . لەمارتی ١٩٥٩ دا ، ناصرییەکان ، بەفەرماندەیی عەبدولوەهاب شەواف ، ڕێبەرایەتی کودەتایەکی دژە قاسمیان کرد. زۆر کوردی لایەنگری قاسم ، لەوانە بڕێك جوتیاری بامەڕنییش ، بەرەو موسڵ جمان و پشتگیریی هێزی دەوڵەتیان کرد و لە تێکشکانی کودەتاکەدا بەشداربوون . ( ئەو دەمە قاسم بەڵێنی ئەوەی بەکورد دابوو ، ددان بەمافە نەتەوەییەکانیاندا بنێت ) .

ماوەیەکی کەم پاش گەڕانەوەی هێزە سەرکەوتووەکە بۆ بامەڕنی ، تاقمێك لاوی خوێن گەرم ، داس و تەور بەدەستەوە ، بە هات و هاوار و جوێن و سووکایەتییەوە ، پەلاماری تەکیّی شێخیان دا . هەموویان لە توێژاڵی ووردەمالیکان بوون و بڕێکیان لە هەراکەی موسڵیشدا بەشداربوون . جوتیارە پیرە ئیماندارەکان هەوڵیاندا بەریان پێبگرن و هێوریان کەنەوە ، بێهوودە بوو . هەر لەگەڵ تەقەیەك کرا ، بلاّوەی لێکرا و هەریەك بۆ ماڵەخۆی هەڵهات . چەند ڕۆژێك دواتر ، لەتەپۆڵکەیەکی بەرامبەرەوە ، خانەقا درایە بەر دەستڕێژ .

تادەهات دەنگی نارەزایی زێتر دەبوو ، جارێکیش چەند مسکێنێك و هەندێك موریدی شێخ ، بە تێلا و کوتەك ، لەگیانی یەکدی بەربوون . بەلاّم ئەمجارەیان کێشەکە ئاڵۆزتر بوو . ڕۆژێکی دی ، ( هەر پاش یاخیبوونەکەی شەواف ) ، مسکێن شێخیان تێگەیاند ، کە هیچ ڕێزێکی لێناگرن ، لەبەردەم ماڵەکەیدا دەستیانکردە زورنا لێدان و سەما کردن . ڕادەی ئەو سووکایەتییە لەوە

دەپرینگێتەوە ، کە زوڕنا لەکن ئیمانداران ، بە کارێکی ئەهریمەنانە دادەنرێت ، ڕەنگە بەهۆی ئەو دەنگە بڵندەی و ئەو سەماشێتانەیەوە بێت کە دەگەڵی دەکرێت. بۆخۆم بیستوومە بە زوڕنایان گوتووە ( دەڤێ شەیتان ) . شێخانی بامەڕنی هەر لەمێژبوو ، ژەنینی ئەو ئامێرەیان لە بامەڕنی و دەوروبەری یاساغ کردبوو .

شەڕی نێوان مسکێن و پیاوانی شێخ ، درێژەی کێشا و تادەهات توند و تیژتریش دەبوو . تا سەرەتای ١٩٦٠ ، دوو جوتیار و سێ مورید کوژران . بۆ هێورکردنەوەی حاڵ و بارەکە و گێڕانەوەی ئاسایش ، حوکومەت هێزێکی گەورەی پۆلیسی نارد . سەرەڕای ئەوەش شێخ هەر لە ژیانی خۆی دڵنیا نەبوو ، بۆیە بۆ موسڵ هەڵهات . پاش ئەوەی کێشە و ململانێ لە نێوان نیشتمانپەروەرانی کورد ، ( بە ڕێبەرایەتی بارزانیی و پارتی دیمۆکراتی کوردستان ) و حوکومەتی قاسم دا دەستیپێکرد ، زۆربەی خەڵکی گوندەکە دایانەپاڵ بارزانیی و پێشمەرگەکانی . شێخ مەسعود و خزمانیشی چوونە کن حوکومەت . ( ڕەنگە کێشەی دێرینەی نێوان شێخانی بارزان و شێخانی بامەڕنیش ، کایەیەکیان لەو هەڵوێستەدا هەبووبێت ) . جووتیارانی بامەڕنی پەلاماری هێزی پۆلیسیان دا . بڕێکیان لێگیرا و نێردرانە زیندانی دهۆك ، پاشان پۆلیس لە بامەڕنی کشانەوە . شێخیش چیدی نەیدەتوانی لەو دوورەوە بەشە داهاتی خۆی لە جوتیاران بستێنێت . بەو پێیە بزووتنەوەی ئازادیخوازانەی کورد، کۆتایی بە چەوساندنەوە و دادۆشینی ئەو جوتیارانە هێنا . خانەوادەی شێخیش بە ئومێدی دەستخستنەوەی موڵکی داگیرکراویان ، پشتگیریی هێزەکانی دەوڵەتیان دەکرد .

وەك هەمیشە و لە گشت جێیەك ، مسکێنە بێ دەرامەت و زۆر داڕووتاوەکان نەبوون ، پەنایان بۆ شۆڕش و یاخیبوون برد ، بەڵکە ئەو جوتیارە حاڵ مامنێوەندییانە بوون ، کە تا ئەندازەیەك سەربەخۆ بوون و زێتر هەستیان بە باری چەوساندنەوە و دادۆشینیان دەکرد . [85] هەتا شێخ بەهادین خۆی مابوو ،

ناڕەزاییان دەرنەدەبڕی ، چونکە وەك کەسێکی خاوەن شکۆ و شایستەی ئەو مافە ناسرابوو . کاتێك کوڕە بێ بڕشتەکەی جێگەی گرتەوە ، ئیدی سەرپێچیکردن و سەربادان لە ئاستی ئەو مافە ، ئاسانتر بوو . سەرچڵی و ناڕەزایی کاتێك دەستیپێکرد ، کە کێشە و گرفتی دەرەکی سەریانهەڵدا و جوتیاران سەلماندیان لەسەر ئاستی سیاسەتی وولاتەکە دەتوانن کایەیەکی کاریگەر ببینن .

دەبێت خاڵێکی دیکەی گرنگ لە مەسەلەی لەدەستدانی دەستەلاتی شێخاندا ، لەیاد نەکەین : ئەو دیاردەیە لەو ناوچانەدا ئاشکراترە ، کە پەیوەندیی خێلایەتی لاوازترە ، ( یانی کێشە و گرفتی هۆزایەتی کەمترە ) و لەو جێگەیانەشدا کە حوکومەت ، ( یاخود بزووتنەوەی نیشتمانیی کورد ، لە حاڵەتی عێراقدا )، هێزو توانای بەلاداخستنی کێشەکانی هەیە . ئەمە پێشانیدەدات کایە و ڕۆڵی چارەسەرکەرانی کێشەکە ، بۆ دەستەلاتی شێخان چەندە گرنگن .

## 4.17 بێداربوونەوەی ئیسلام : بزووتنەوەی نورجوویی :

یەکێك لە بزووتنەوە بێدارییە ئاینییەکانی تورکیا ، ( کە ڕەنگە بەهێزترین و ڕەسەنترینیان بووبێت ) ، چاوگەکەی کوردستان بووە و پەیوەندییەکی توند و تۆڵی دەگەڵ تەریقەتی نەقشبەندییدا هەبووە ، با بانگاشەی ئەوەش بکات کە گوایە دژە تەریقەتە . ئەم بەندە بە پوختەکردنی چەند سەرنجێك دەربارەی ئەو بزووتنەوەیە کۆتایی پێدەهێنین .

ئەم بزووتنەوەیە لە تورکیادا بە (نورجولك ) یاخود بە بزووتنەوەی (نورجو )، ناسراوە ، کە بە واتای شەیدایانی نوری ئێزدانی دێت . ئەو نێوە لە نووسینە زۆرەکانی سەعیدی نورسییەوە هەڵگۆزراوە ، کە لەژێر سەردێڕی ( ڕیسالەی نور) دا نووسیونی . چ نووسەر و چ بەرهەمەکەی ، لەگەلەك ڕووەوە شتێکی ناوازەن. بۆخۆم لە زۆر دژانی دڵگەرمی ئەو بزووتنەوەیە ، باسی ئازایەتی و سەرڕاستی و کەسایەتییە هێژاکەی سەعیدی نورسییم بیستووە . لەکن لایەنگرانی ،

پیاوچاکێکی مەزنە و لە یەك کاتدا توانیویە لە چەندین جێگە پەرجوو بنوێنێت و زانایەکی مەزن و چاکترین راڤەکەری قورئان بووە .

سەعید ، ساڵی ١٨٧٣ لە گوندی نورسی ویلایەتی بەتلیس لە دایك بووە . قۆناغەکانی سەرەتا ، لە چەندین مەدرەسەی جوداوازی ویلایەتەکە خوێندوویە و برێکیان پەیوەندییان بە تەریقەتی نەقشبەندییەوە بووە . [86] زۆر ژیر و ڕۆشنبیر بووە و مامۆستاکانی خۆی سەرسامکردووە و بەدەمەتەقێ بەری پێگرتوون . لە سەرەتای لاوییەوە بە دانا و زانا ناسراوە و بە بەدیعولزەمان نێوی دەرکردووە . ساڵی ١٩٠٧ چۆتە ئەستەمولْ و داوای لە سولْتان کردووە ، زانستگەیەك لە کوردستان دامەزرێنێت . سەوداسەر و شەیدای فێربوون و پێگەیشتنی میللەتەکەی بووە . بە هەموو تەمەنی خۆی لە هەوڵی دامەزراندنی زانستگەیەکی وەك ئەزهەر دا بووە و لە پاڵیشەوە خەریکی کردنەوەی فێرگەیەکی سەرەتایی بووە بۆ کوردەکانی ئەستەمولْ . پاش کودەتاکەی ١٩٠٨ ی لاوانی تورك ( کە پشتیوانیی کردووە ) ، بۆتە یەکێك لە یەکەمین ئەندامە چالاکەکانی ئەو کۆمەڵەی کوردەی لە ئەستەمولْ دامەزرا و بووە ئەندامێکی سەرکردایەتی کۆمەڵەی محەمەدییان ، کە ئامانجی پەیڕەوکردنی شەریعەت بووە و هەر ئەو کۆمەڵەیەش بوو ساڵی ١٩٠٩ ، کایەیەکی کاریگەری لە ڕاپەڕینی هێزە کۆنەپەرستەکانی دژ بە ڕژێمی مەشروتییەتی ژۆن تورك دا دیت. [87] ساڵی ١٩١١، سەعید بووە فەرماندەی هێزێکی چەکدار و لە جەنگی بالقان دا و چەند ساڵێك پاشتریش لە خۆرهەلآت ، لە جەنگی دژە ڕووساندا بەشداریی کرد . ئازایەتییەکی زۆری نواند و وەك زانراوە ، گیانی ١٥٠٠ ئەرمەنیی رزگارکردووە ، کە فەرمانی کوشتنیان دەرچووبوو ، لەبەرەکانی جەنگ پەڕاندوونییەوە . پاشان سەعید لەلایەن ڕووسەکانەوە یەخسیر دەکرێت و ساڵی ١٩١٨ بۆ ئاڵەمانیا دەربازدەبێت و هەمان ساڵ بۆ ئەستەمولْ دەگەڕێتەوە . هەمدیسان لە نێو کۆڕ و کۆمەڵە نیشتمانپەروەرەکانی کورد دا ، دەست بە تێکۆشان دەکاتەوە و زێتر سەرقاڵی پەروەردە و فێرکردنی برا کوردەکانی دەبێت ، نەك خەبات بۆ

سەرخۆبوون . یەكێك بوو لە دژە سەرسەختەكانی داگیركاریی خاكی دەوڵەتی عوسمانی لە لایەن هێزە ئەوروپاییەكانەوە و لایەنگیریی بزووتنەوەكەی كەمال ئەتاتوركی دەكرد و ساڵی ١٩٢٢ ، ئەتاتورك خۆی ، داوەتی ئەنقەرەی دەكات . بەڵام هەر زوو لەگەڵ ئەتاتورك دا تێكی دەدات ، چونكە دوو بۆچوونی جوداوازیان دەربارەی كایەی ئاین لە توركیای نوێدا هەبوو ، بۆیە كەوتە دژایەتی كردنی . هەرچەندە پێدەچێت هیچ پەیوەندییەكی بە شۆڕشەكەی شێخ سەعیدەوە نەبووبێت ، لەگەڵ ئەوەشدا ، لە ڕەشبگیرەكەی پاش ڕاپەڕینەكەدا گیرا و بۆ خۆرئاوای توركیا دوورخرایەوە .

ئەو دوورخستنەوەیە بووە ماكی وەرچەرخان و گۆڕانكارییەك لە ژیانیدا ، دەستی لە خەبات و چالاكیی سیاسی هەڵگرت و سەراپای ژیانی خۆی بۆ ڕاڤەكردن و گوتنەوەی قورئان تەرخان كرد . هەرگیز ئاشكرا بەرپەرچی سیاسەتی دژە ئاینی مستەفا كەماڵی نەدایەوە و بانگی دامەزراندنی دەوڵەتێكی ئیسلامیی لە جێگە هەڵنەدا ، بۆیە پێدەچێت ڕاستبوونەوەی لە ئاستی بڕێك مەسەلەدا ، تەنها هەڵچوونێكی كاتی بووبێت ، نەك چالاكییەكی هەمیشەیی . بەو پێیە هێدی هێدی مەیل و ئارەزووی نیشتمانپەروەرانەی لەدەست دا و لە بزووتنەوەی ئازادیخوازانەی كورد دووركەوتەوە ، هەرچەندە هیچ نەدەترسا و لەو ساڵانەدا كە هەموو شتێكی كوردیی قەدەغەكرابوو ، ئەو خۆی نێو نابوو ( سەعیدی كوردی ) . هەر لەسەر ئەو هەڵوێستانە ، چاپەمەنییە كەمالیستەكان ، بە كۆنەپەرستێكی خەتەرناك نێویان دەبرد و بۆ ڕژێمی عیلمانییەتی توركیا بە مەترسییەكی گەورەیان دادەنا و چەندین جار لەسەر وەعز و نووسینەكانی درایە دادگا و هەتا پاش مردنیشی لە ساڵی ١٩٦٠ دا ، لێنەگەڕان و لەترساندا لە گۆڕ دەریانهێنا و لە شوێنێكی نەزانراو شاردیانەوە .

كتێبە زۆرەكانی و ئەو گوتارە كورتانەی پاش ١٩٢٥ نووسیونی ، سەرجەم ( ریسالەی نور ) یان پێدەگوترێت ، مەبەستی شیكردنەوەی قورئان بووە بەجۆرێك كە بۆ سەدەی بیستەم بشێت . ئەو ڕاڤە و لێكدانەوانە ، كە خەون و

تێڕوانینەکانی سەعید خۆیین ، بە تورکییەکی عوسمانیی لێڵ و وێڵی سەدەی نۆزدەهەم نوسراون و کەم کەس تێیاندەگەن . سەعید لە هەوڵی ئەوەدابووە بەرگێکی زانستانە و ڕیفۆرمیستانە بە بەر ئیرشادی ئیسلامیدا بکات . سەرجەمی بەرهەمەکانی هەڵوێستێکی عارفانە ڕەنگ پێدەدەنەوە . سەیر ئەوەیە، سەرەڕای پەیوەندیی دێرینەی بە کۆڕی تەریقەتی نەقشبەندییەوە و مەیل و ئارەزووی عیرفانانەی ، کەچی تەریقەت ، یاخود تەصەوف ، بە شتێکی نەشیاو و نەگونجاو لەگەڵ سەردەمدا دادەنێت و پەسەندی ناکات .[88]

نورجوو کاتێک وەک بزووتنەوەیەک دەستیپێکرد ، کە موریدەکانی نێزیکی خۆی ، دەستنووسەکانیان ڕۆنووس دەکرد و لە کۆڕی بچووک بچووکدا دەیانخوێندنەوە . ئەوە بوو لە ماوەی چەند ساڵێکدا ، تۆڕێکی فراوانیان لە تەواوی وولاتەکەدا دامەزراند . لەسەردەمی حوکمڕانیی پارتی دیمۆکراتدا ، سالآنی ١٩٥٠ – ١٩٦٠ ، سەعید نورسی و لایەنگرانی ، وەک دەستە و تاقمە ئیسلامییەکانی دی ئازادیی زێتریان پێدرا و بەوە بزووتنەوەکە ژیاندنەوەیەکی خێرای بەخۆوە دیت . هەرچەندە بنکەیەکی ناوچەیی دیاریکراوی نەبوو ، وەلێ پێدەچێت کورد لە تورکیادا زۆرینەی پێکبهێنن .دیارە قرساندنی سەرجەمی ژمارەی نورجووەکانی تورکیا هەروا ئاسان نییە و ئەستەمە ، بەلآم دوورنییە ملوێن و زێتریش نەبن .[89]

بزووتنەوەکە چاپخانەیەکی لە ئەستەمولْ هەیە و ڕۆژنامەیەکیش دەردەکات ، بەلآم ئەمە مانای ئەوە نییە کە ئیدی نێوەندێکی هەیە ، یاخود بزووتنەوەیەکی یەککەوتوو و یەکگرتووە . لە ویلایەتە کوردنشینەکان ، بەشێکی بزووتنەوەکە تێکەڵی تەریقەتی نەقشبەندیی بووە ، ئەمەش لەگەڵ بیر و بۆچوونەکانی سەعید خۆیدا ، کە دژە تەریقەت بوو ، ڕێک نایەتەوە .[90] سەرەڕای ئەوەی سەعیدی نورسی ، لە ساڵەکانی کۆتایی تەمەنیدا ، لە بزووتنەوەی ئازادیخوازانەی کورد تەوەللا بوو بوو ، کەچی زۆر لە نیشتمانپەروەرانی ڕەشۆکیی کورد ، هەست بە جۆرە پەیوەستییەک بە بزووتنەوەکەیەوە دەکەن ، ڕەنگە بەو هۆیەوە بێت کە

سەعیدی نورسی مەلایەکی ڕاستەقینەی کورد بووە .[91] قاو وایە گوایە ، لە نێو کوردە نورجووییەکاندا ، کەمینەیەك هەن ، کە بیر و باوەڕێکی نەتەوەپەرستانەیان هەیە و زێتر سەرسامی پێشینەی سەعیدی نورسیین ، یانی سەردەمی چالاکییەکانی و نووسینەکانی بەر لە ١٩٢٥ ی ، نەك دواتری .

بزووتنەوەی نورجوو ، یەکێکە لە گرنگترین دیاردە و بزووتنەوە ئاینییەکانی کوردی تورکیا . پێدەچێت بەهۆکاری جۆربەجۆر ، خەڵکی جۆراوجۆری بەلای خۆدا بەکێش کردبێت : شەیدایانی عیرفان ، بەهۆی جۆری تێڕوانینی عیرفانانەیەوە ، لەڕوانگەی ریسالەی نوورەوە ، ڕۆشنبیرانی ئاینپەروەر ، بەهۆی دید و بۆچوونی چاکی بزووتنەوەکەوە بەرامبەر زانستی نوێ و سەردەم ، نیشتمانپەروەرانی کورد ، بەهۆی هەڵوێستی کوردپەروەرانەی کۆنینەی سەعید نورسی خۆیەوە ، کۆنەخوازان ، بەهۆی بیری دژەکۆمۆنیستانەی بزووتنەوەکەوە.[92] لەو ساڵانەی دواییدا ، بەهۆی دژایەتیکردنی ڕژێمی سەربازییەوە ، بزووتنەوەکە لایەنگری زۆری پەیداکرد ، ڕۆژنامەکەی ڕاگیرا و یاساغ کرا ، چونکە ئەو دەستوورەی ساڵی ١٩٨٢ ، ڕژێمی سەربازیی داینا ، ئەم دایەدواوە .

خشتەکان : (لە کۆتایی کتێبەکەدایە)

## 4.18 بەنێوبانگترین خانەوادەکانی شێخانی کوردستان :

ئەو درەختە پێشچاوخراوەی خانەوادەی گرنگترین بنەماڵەکانی شێخانی کوردستان ، پەیوەندیی نێوان زۆر لەو بنەماڵانە ڕووندەکاتەوە کە لەم بەندەدا باسکراون . لەهەر جێیەك پەیوەندییەکان لەسەر ئاستی شێخ و خەلیفە بن ، پیشاندراون . لە سەرنجەکاندا ، ژیننامەیەکی کورتی بڕێك شێخ ، نوسراون .

### 4.18.1 چەند سەرنجێك دەربارەی خشتەی یەکەم :

### بنەماڵەی بەرزنجەییەکان :

بۆ زانیاری زێتر لەبارەی ئەو خانەوادەیەوە ، بڕوانە Edmonds, 1957, S.68-79 ، هەروەها تەوەککولی ، ل ١٣٣-١٦٨ ، جگە لە بڕێك ئاوارتە ، ئیدی سەرجەم ئەو بنەماڵەیە نوێنەرایەتی تەریقەتی قادریی دەکەن .

١-ئەوە باپیرەی ئەو لقەیە کە حاج سەیید وەفا سەلامی لێکەوتۆتەوە و سیسلسیلەکەی دیارییکراوە .

٢-ئەحمەدی سەردار ، تەریقەتی نەقشبەندیی لە مەولانا خالیدەوە وەرگرتووەو پاشانیش بۆتە یەکێك لە شێخ و ڕێبەرانی تەریقەتەکە .

٣- حاجی شێخ عوسمان خزمێکی دووری قادری سوور بووە و وودمی تەریقەتی نەقشبەندیی لەوەوە وەرگرتووە .

٤-شێخ عەبدولکەریمی سەرگەڵوو ، هەرچەندە بە نەقشیی دادەنرێت ، وەلێ هێند لە تەریقەتەکە دوورکەوتۆتەوە ، کە دەتوانرێت بە ڕێچکەیەکی نوێ نێوبرێت. لایەنگرانی هەققەیان پێدەگوترێت . هەندێك ڕێنماییان هەیە ، کە لەلایەن بڕێك لە هاوسێ موسڵمانە ئیماندارەکانیان و دەستەڵاتدارانی ئینگلیزەوە دراونە دواوە . ژن و پیاویان دیتراون پێکڕا لە حەوزی مزگەوت تێکەوتوون و هەتا صەگەکانیشیان ، کە بەگلاو دادەنرێن ، دەگەڵ خۆدا بردووە و گەلەك شتی لەوەش زێتریان لێدەگێڕنەوە ، بڕوانە : (Edmonds, 1957, S. 204-206 ) . ساڵی ١٩٤٤ ، مامە ڕەزای بەرۆگری دەگیرێت و بۆ خوارووی عێراق دووردەخرێتەوە .

بەگوتەی ئەدمۆنز صەدان و بە گوتەی عەلی عەسکەریی ئامۆزای ، ١٢ هەزار جوتیاری موریدی ، گوندەکانیان جێدەهێڵن و دووی پێشەواکەیان دەکەون . ئەوە حوکومەت ناچار دەکات شێخ بۆ کوردستان بگێڕێتەوە و لە سلێمانی دەستبەسەری کات ، بەڵام لایەنگرانی توانیویانە بێ دەردیسەر سەردانی بکەن ، بڕوانە : ( تەوەککولی ، ل ٢٣٣-٢٣٤ ) .

ئەدمۆنز ، بڕیاری هەڵەشە و سەرپێیانەی بڕێك کاربەدەست ، بە ماکی دەستگیرکردنی دادەنێت ، بەڵام عەلی عەسکەری ، سوورە لەسەر ئەوەی کە گوایە پشتگیری مامەڕەزای ئامۆزای لە مەلا مستەفای بارزانیی ، کە ئەودەم لە سلێمانی دەستبەسەر بووە و تازەکی بۆ بارزان هەڵهاتۆتەوە و هەمدیسان لە دەوڵەت یاخیبۆتەوە ، لە پشتی ئەو مەسەلەیەوە بووە . گوایە مامەڕەزا ، پەنجا پیاوی خۆی ، بۆ پشتگیریی مەلا مستەفا ناردووە .

ڕێچکەی هەققە هێشتا هەرماوە و یەکێك لە خەلیفەکانی مامەڕەزا ، کە حەمە سووری ناوە ، جڵەوی ڕێبەرایەتی گرتۆتە دەست . وەك زانیارەکانم گێڕایانەوە ، لەوانە عەلی عەسکەرییش ، گوندەکەی ( کۆلخۆز ) ئاسایی ڕێکخراوە . زەوییەکانیان پێکرایی دادەچێنن . هەموو شت ، هەتا ژنانیشیان ، موڵکی هەموانن . حەمەسوور تەنها کەسە لەو کۆمەڵگەیەدا ، کە لەوانی دی لەپێشترە و پووڵێکی زۆری پێبڕاوە و گوایە بەتەمەنی حەفتا ساڵیشەوە ، تا ساڵی ١٩٧٥ یش ، گشت کیژانی گوندی لەبەر دەستدا بوون .

٥-عەلی عەسکەری و بابیشی ، بەکردەوە ، شێخ نەبوون . عەلی عەسکەری بەو لاوێتییە ، تا دوا جەنگی ساڵانی ١٩٧٤-١٩٧٥ ی مەلا مستەفا ، یەکێك بوو لە فەرماندە درەوشاوەکانی هێزەکەی . پاشان بووە یەکێك لە سەرکردە دیارەکانی ئەو یەکێتی نیشتمانییەی ، تاڵەبانی ساڵی ١٩٧٦ دایمەزراند . گەشبینییەکەی ، چالاکییەکەی ، خورتی و مێرخاسییەکەی ، توانا سەربازییەکەی ، خستبوویە بەر دڵانەوە . لە شەڕێکی نێوان یەکێتی و سەرکردایەتی کاتیی پارتی دێموکراتی

کوردستانی سەر بە کوڕانی بارزانییدا ، بەهاری ١٩٧٨ ، کە خەریك بوو یەکێتی تێدا قڕ کرێت ، گیرا و پاشان کوژرا .

٦-ئەحمەدی خانەقا ، یەکێك لە کەسایەتییە ناسراو و نێودارەکانی ساڵانی بیستی شاری کەرکوك بوو . شێخانی تاڵەبانی لێدەرچێت ، ئیدی ئەم لە خوارووی کوردستاندا ، گەورەترین گوردێر و مێملی شێخ مەحموودی خزمی بوو. ساڵی ١٩٢٣ ، مەیلی زۆری بۆ تورکان هەبوو و پروپاگانتەی زۆری بۆ دەکردن و دژە ئینگلیز بوو . ڕەنگە ئەوە هۆیەك بووبێت کە ئینگلیز شێخ مەحمودی مێملیان بەلای خۆدا و دژی تورك ڕاکێشا . ئەدمۆنز خۆی ئەحمەدی خانەقای گرت و ڕایگەیاند گوایە ئەم لە تەواوی مەڵبەندی کەرکوك دا ، برەوی بە دەستەلاتی تورکان داوە .

٧-شێخ عەبدولکەریمی کرپچنە ، لە نێوەڕاستی حەفتاکاندا ، دەستڕۆیشتووترین شێخی قادریی کوردستانی عێراق بوو . لە هەردوك دیوی عێراق و ئێراندا ، خەلیفەیەکی زۆری هەیە . من لە مەهاباد و بانە و سنە ، چوومە دیداریان . لە دوا قۆناغەکانی جەنگی کورد لە عێراقدا ، ١٩٦٦ بەدوا ، گەر ڕاستیان پێگوتبم ، دایەپاڵ حوکومەت و دژی بارزانیی وەستایەوە .

٨-ساڵی ١٨٢٠ ، ئەو دەمەی ڕیچ چۆتە سلێمانی ، شێخ مارفی نۆدێ یەکێك لە سەرگەورەکانی شێخانی بەرزنجەی سلێمانی بووە . لەگەڵ عولەماکاندا، دژی مەولانا خالید کەوتە کنە . لەو دەمەوە مەولانا سلێمانیی بەجێهێشت ، بەرۆگرەکانی شێخ مارف ، بوونە گرنگترین ڕێبەرانی تەریقەت و پاش داڕمانی میرنشینی بابانیش ، بوونە سەرکردەی سیاسی بێ چەند و چوونی شارەکە و دەوروبەری .

٩-کاك ئەحمەد ، بە پەرجووەکانی ، ڕێزێکی فرەی بۆ خۆی پچڕی . سەرەڕای ئەو دوژمنایەتییەی لەگەڵ مەولانا خالید دا هەیانبوو ، ( هەتا بە گوتەی بڕێك نەقشبەندیی ، بابی هەولی بەکوشتدانی مەولانەشی داوە ) ، پاشان پەیوەندییەکی دۆستانەی چاکی دەگەڵ یەکێك لە گرنگترین بەرۆگرەکانیدا

بنياتنـا، كـە ئـەويش شـێخ عوسمـانی بيـارە بـوو . ئـەو دوو شـێخە لـە تەريقەتەكانياندا ، كاری زۆريان لەيەكدی كردووە . (Edmonds: 1957, S.74-78) .

١٠-هەوڵەكانی شێخ مەحمود ، بۆ بوونە حوكمڕانی كوردستانێكی سەربەخۆ ، لە بەندی چوارهەمدا بە پوختكراوی باسدەكەين .

١١-شێخ لەتيفی بەرۆگری شێخ مەحمودیش ، يەكێك بوو لە كەسايەتييە زۆر دەسـتەڵاتدارەكان ، هەرچـەندە هـەمووان وەك يـەك قـەدريان نـەدەزانی . لـەو موڵكانـەی بـابی بـە مـيرات بـۆی جێهێشـت ، بەڕادەيـەك پێـی لـە دادۆشـينی مسكێنەكانی هـەڵبڕی ، كە ١٩٤٨ ناچار لە دژی ڕاستبوونەوە و لێڕاپەڕين . ئەو شۆڕشـە جوتيارانـە سـەركەوتووەی لەلايـەن ڕێكخراوەكـانی پـارتی كۆمۆنيسـتەوە سـازدرا و زۆر خـەڵكی شاريش پشـتيوانييان لێـدەكرد ، يەكـەمين نموونـەی لـەو بابەتە بوو لە مێژووی عێراقدا . ( Batatu: 1978, S. 612-624 ) .

سـەير ئەوەيـە ، پاشـان ، يـانی لـە سـاڵانی شێسـتدا ، شـێخ لـەتيف ، وەك لايـەنگرو پشـتيوانێكی پـارتی كۆمۆنيسـتی عێـراق ناسـرابوو . بـە كـوردێكی نيشـتمانپەروەريش دادەنـرا و يـەكێك بـوو لـە دەمڕاسـتانی بزووتنـەوەی ئازاديخوازانـەی كـورد ، هەرچـەندە لەشـەڕی چـەكدارانەی بـارزانی و پـارتی ديمـوكرات و حوكومـەتی عێراقـدا كـەنارگيربوو . پێدەچـوو پشـتگيريی بزووتنەوەيەكی ميللی نەكات ، كە سەركردەكانی مێملی بوون ، بەڵام سەنگەری دژايەتيشی لێنەگرتن . لە گيانەڵلا دا ، بە پێشنيازی دەوڵەت ڕازيی نەبوو ، لە خەستەخانەيەكی حوكومەت ، لە بەغدا تيمار كرێت ، ئەوەی لا پەسەندتر بوو ، لە نەخۆشخانەيەكی ئاسايی سلێمانييدا سەربنێتەوە .

١٢-كـاوەی كـوڕی ، تووشـە سياسـەت بـوو . سـاڵانی ١٩٧٤-١٩٧٥ ، هێشـتا خورتێكی شلك ، دايەپاڵ حوكومەت و تيپێكی چەكداری ڕاگرت ، ( كە زێتر لە لايـەنگرانی بنەماڵەكـەی پێكهـاتبوون ) و دژی بـارزانی وەسـتايەوە . كرايـە هەڵبـژاردەی ئـەو پارلەمانـە ناوچـەييەی حوكومـەت بـۆ كـوردی دانـابوو . سـاڵی ١٩٨٢، بـۆی تازەنەكرايـەوە . سەرلێشـێواو ، عـەودالی سـەرگەورەيەكی دی بـوو .

لەگــەڵ دەســتەیەك لایەنگریــدا ، چــووە ئێرانێــك كــە هــەڵوەدای ئــەوەبوو ، بزووتنەوەیـەكی موسـڵمانانەی كـورد لـە عێراقـدا ڕێكبخـات و بـۆ ئـەو مەبەسـتە شێخێكی هەر پێویست دەبوو . بەهۆیەكەوە ، كەلام ڕوون نییە ، هـەر زوو ئێرانی جێهێشــت و چــووە پــاڵ پــارتی سۆسیالیســتی كوردســتان . لــە چــالاكییەكی شەوانەدا ، كرێوە و زریان خافڵگیریان كرد و ڕەقبووەوە .

١٣- ڕوون نییـە ، داخـۆ شـێخ بابـە سـەیید ، ڕاسـتەوخۆ لـە تۆرەمـەی كـاك ئەحمـەد كەوتۆتـەوە ، یـاخود دوورە خزمێتـی و پەیوەندییـەكی ڕۆحـی دەگەڵیـدا هەبووە ، ( ئەو درەختی خانەوادەیەی پێشانی من درا ، هەڵەدار بوو ، بێ گرێ و گۆڵ نەبوو ) . بابا سەیید لە كوردستانی عێراقەوە هاتە كوردستانی ئێران و لە گوندێكی نێزیكی مەهاباد گیرسایەوە كە ئەوڕۆ غەوسئابادی پێدەڵێن . ئەو نێوە ئەوەی لێدەپرینگێتەوە كە گوایە شێخ نێوبانگی غەوسی هەیە . Lehmann-Haupt ســاڵی ١٨٩٨ لــە مــەهاباد دیویــە و دەنووســێت ئــەو دەم ، ٨ هــەزار موریــدێكی هەبووە . Lehmann-Haupt لە مسیۆنارەكەی ورمێی بیستووە ، گوایە شێخ خۆی و خزمە هەرەنێزیكەكانی بوونەتە فەلە و بەدزییەوە بانگیان بەگوێدا هەڵدراوە ، هەرچەند بەڕووكەش هەر موسڵمان مابوون و سەرگەرمی ئیرشادی تەریقەتی قادری بوون ، بڕوانە : (Lehmann-Haupt: Bd.I, S. 232, 272 ) . ئـەو گوندانـەی بەدەست شێخەوەبوون ، بۆ هامشۆی مسیۆنارەكان ، ئاواڵە بوون . پاشان ، كە مسیۆنارەكان زۆریان بۆ هێنا ، شێخ بوونە فەلەی خۆی ئاشكراكرد . لە یەكەمین جەنگی جیهانییدا ، ئۆردووی تورك مەهابادی گرت . كە زانییان شێخ لەدین وەرگەڕاوە و بۆتە فەلە ، داوایانلێكرد پەژیوان بێتەوە . ملی نەدا ، هەڵیانواسی . نەجمەدینی برای جێگەی گرتەوە . بڕوانە : F.G. Coan: 1950, Yesterdays in Persia) and Kurdistan) ، كە لەم سەرچاوەیەی خواستووە : Bulletin mensuel du centre d) etudes kurdes, Paris, no 10, S. 67 )

ماوەیەكی كـەم لەمەوبـەر ، حەسـەنی كـوڕی نەجمـەدین مـرد ، نەجمـەدینی دووهەم جێیگرتەوە و تا ئەوڕۆ لە غەوسئاباد نیشتەجێیە . زۆربەی موریدانیان ، سەر بە هۆزی مامەشن و بەشێكی زۆریان بەبەردەوام دەچنە غەوسئاباد . یەكێك

لەبراکانی شێخم لەمەهاباد دیت و لەوێش خانەقایەکیان هەیە و چەندین جار چوومە دیدەنییان . کۆڕی زیکری دەروێشانی ئەوێ ، هیچی لە کۆڕی دەروێشی شوێنانی دی جودا نییە . نە لەم خانەقایە و نە لە هیچ خانەقایەکی دیکەی قادریی شارەکە ، قەت باسی لەدین وەرگەڕانی شێخ بابایان لا نەکردووم . دیارە جارێکی دی شێخیان وەرگێردراوەتەوە و هەتا ئەوڕۆش ، رەفتارە دانسقەکانی لێفەپۆش دەکرێن . ئێستاکە لەمەهاباد شەقامێکی بەنێوکراوە .

## 4.18.2 سەرنجەکان لەبارەی خشتەی دووهەمەوە : ساداتی نەهری و بارزانییەکان :

بۆ زانیاریی گشتیی لەبارەی ئەو دوو بنەماڵەیەوە ، بڕوانە : Nikitine (1925a), Eagleton (1963) ، ساداتی نەهری خۆیان بانگاشەی ئەوە دەکەن کە گوایە لەتۆرەمەی عەبدولقادری گەیلانی خۆیین . وەچەی عەبدولعەزیزی کوڕین ، ئەوەی لە بەغداوە چووە ئاکرێ و ئەبوبەکری لێکەوتەوە ، ئەویش لە هەکاری گیرسایەوە. بۆیە بنەماڵەکە ، گەیلانی زادەش بەخۆ دەڵێن . نەهری ، کە خانەوادەکە خۆیان پێوە نێوناوە ، گوندێکی مەزنی ناوچەی شەمدینانە و ئەو خانەوادەیە لەسەرەتای سەدەی نۆزدەهەمەوە لێیدەژین . شەمدینان ئەودەم نیمچە سەربەخۆ بوو و میرنشینێکی بچکۆلانەبوو ، شێخان و میر پێکڕا فەرمانڕەواییان دەکرد . تا مەولانە خالید تۆبەی پێنەکردبوون ، ساداتی نەهری تەریقەتی سەربەخۆی خۆیان هەبوو .

١-شێخ سەیید عەبدوڵلا ، مورشیدی تەریقەتی قادریی مەولانا خالید بووە ، ( مەکەنزی ، ١٩٦٢ ) . دواتر خۆی و براکەی ، تەریقەتی نەقشبەندیی لە مەولانەی کۆنە موریدی خۆیان وەردەگرن . ئیدی لەودەمەوە ، ئەو خانەوادەیە ، بە نەقشی ناسراوە .

٢-شێخ عوبەیدوڵلا ، ساڵی ١٨٨٠ ، ڕێبەرایەتی یەکەمین شۆڕشی ئامانج نەتەوەییانەی کوردی کردووە .

٣-ڕوون نییە ، داخۆ محەمەد صدیقی بەرۆگری عوبەیدوڵلاش ، پاش یاخیبوونەکە دوورخرایەوە یان نا ؟ ئەگەر ئاوهایە ، ئەدی کەی گەڕایەوە ؟ مەسەلە هەرچی چۆنێك بێت ، سەرەتای سەدەی بیستهەم لە نەهری ژیاوە و یەکێك بووە لە دەستڕۆیشتووترین شێخەکانی کوردستانی نێوەند. بڕوانە : (Dickson: 1910, S.370, Nikitine & Soane: 1923 ) .

ململانێ و کێبەرکێی دەگەڵ شێخ عەبدوسسەلامی دووهەمی بارزاندا ، ئاژاوەو پشێوییەکی زۆری لە ناوچەی ئۆرامارداا نایەوە ، ( کە دەکەوێتە نێوان سنووری دەستەلاتی هەردوویانەوە ) . ڕاستەوخۆ حوکمڕانیی هۆزە نیشتەجێکانی هەرکیو گەردی و زەرزا و خوماروی دەکرد ، کە سیازدە هەزار نەفەرێك دەبوون ، وەلێ سنووری دەستەلاتی لەوەش زێتر بوو و ناوچەیەکی فراوانتری دەگرتەوە . (Nikitine & Soane: 1923, S. 77 ) . شێخ محەمەد صدیق ، پاڵەوانە فێڵبازەکەی چیرۆکی تەتۆ و سوتۆ بوو ، کە نیکیتین و سۆن بۆماندەگێڕنەوە ، (Nikitine & Soane:1923 ) ، ئەوەبوو ژیرانە ململانێی نێوان ئاغاکانی قۆستەوە و لەسەر حسێبی ئەوان هێز و دەستەلات و سامانێکی زۆری بۆ خۆی بردا . پاش مردنی، لە ١٩١١ دا ، شەڕێکی گەرم ، وەلێ کورتخایان ، لەسەر میراتییەکەی لەنێوان سەیید تەهای کوڕی و عەبدولقادری برایدا ، ڕوویدا و سەیید تەها زاڵبوو و دەستەلاتی پێبڕا .

٤-سەیید عەبدولقادر ، دەگەڵ بابیدا بۆ مەککە دوورخرایەوە و پاش شۆڕشی ژۆن تورکەکان لە ١٩٠٨ دا ، توانی بۆ ئەستەمول بگەڕێتەوە . هەر ئەو ساڵە بووە یەکێك لە دەستەی دامەزرێنەرانی یەکەم ڕێکخراوی سیاسیی کورد ، (جەمعییەتی تەعاون و تەرەقی کورد ) . لە زۆربەی هەرەزۆری چالاکییە نەتەوەییەکانی کوردانی ئەستەمولدا بەشدارییکردووە و کایەیەکی بەرچاوی بینیوە ، پاشان بۆتە ئەندامی سێناتی عوسمانی و سەرۆکی شوورای وولاتەکە .

ساڵی ١٩٢٥ ، پاش شۆڕشە مەزنەکەی شێخ سەعید ، کە پێدەچێت هیچ پەیوەندییەکی پێوە نەبووبێت ، دەگەڵ محەمەدی کوڕیدا ، لەداردرا .

کوڕەکەی دی ، عەبدوڵلا ، بۆ نەهری هەڵدێت و هۆزەکانی ئەو ناوچەیە کۆدەکاتەوە و یاخی دەبێت ، بەلاّم پاش چەند مانگێك کۆڵدەدات و بۆ عێراق هەڵدێت .

٥- سەیید تەهای دووهەم ، کە جێی بابی گرتەوە ، زێتر لە سەرەکهۆزێك و سیاسەتبازێکی سەردەم دەچوو ، نەك ڕێبەرێکی ئاینی . دەگەڵ دەستپێکردنی یەکەم جەنگی جیهانییدا ، چووە ڕوسیا و هەوڵیدا پشتگیریی بۆ کوردستانێکی سەربەخۆ مسۆگەر بکات ، دیارە بە سەرکردایەتی خۆی . پاش شۆڕشی ئۆکتۆبەر، گەڕایەوە تورکیا ، بەلاّم دەبا هەمیشە لە هات و چۆ و خۆ شاردنەوەدا با ، چونکە تورکان دەیانەویست بیکوژن . ١٩١٩ پەیوەندی بە هێزە داگیرکەرەکانی ئینگلیزەوە دەکات لەعێراقدا و هەوڵی دامەزراندنی کوردستانێکی یەکگرتووی ژێر ئینتیدابی بەریتانی دەدات . کە ئینگلیز مل نادات و ڕازیی نابێت ، سەیید تەها ڕوو لە ئێران دەکات و دەچێتەپاڵ ئیسماعیل ئاغای سمکۆ ، سەرۆکی هۆزی شوکاك ، کە ئەو دەم دژی ڕژێمی ئێران ڕاپەڕی بوو (Bruinessen: 1983) .

لە ئۆکتۆبەری ١٩٢٢ دا ، دەگەڕێتەوە عێراق و ئامادەیی خۆی بۆ هاوکاریی ئینگلیز ، دژی تورکان ، پێشاندەدات ، کە ئەودەم لە کوردستانی عێراق چالاك و خەریکی پڕوپاگاندە دەبن و هەتا تیپێك سەربازیشیان ، پاش ئەوەی ئینگلیز بەدەردەنێت ، لە ڕەواندز جێگیر دەبێت . ئەوجا ئینگلیز هەستدەکەن پێویستیان بە سەییدێك دەبێت کە لەو ناوچەیەدا دەستەلاّتێکی تەواو و موڵکێکی زۆری هەیە . دەیکەنە قایمقامی ڕەواندز . ئینگلیز بۆ بەدەرنانی تورك و گێڕانەوەی دەستەلاّتیان ، منەتباری سەیید تەها و هێز و دەستەلاّتین لەنێو هۆزەکاندا . سالاّنێکی زۆر لەوەپاش ، لە ١٩٣٢ دا ، ڕەزا شای ئێران داوەتی دەکات و دەچێتە تاران ، لەوێ ژارخواردووی دەکەن .

٦- شێخ عەبدوڵلا ئەفەندی ، لە ١٩٤١ ەوە چووە گوندی دزەی ناوچەی مەرگەوەڕ ، ( کە ژینگەی بەشێك لە هۆزی هەرکییە ) و لەوێ نیشتەجێ بوو .

پیاوێکی دانا و زانا و خێرەومەند و نەتەوەپەرستێکی چاك و خاوەن ڕێز و شکۆیەکی زۆر بوو . هەتا ئەوڕۆش وەك ئازیزترین پیاوی کورد ، یادیدەکرێتەوە. خۆی و محەمەد صدیقی برای ، ڕاستەوخۆ ڕێبەرایەتی هەشت هەزار موریدێکیان دەکرد ، کە هێندەی هۆزێکی نیمچە گەورە دەبوو ، بەلاّم سنووری دەستەلاّتیان زۆر لەوە بەرینتر بوو ، (Eagleton: 1963, S.20) . سالّی ١٩٤٥-١٩٤٦ ، ئەو دەمەی خۆ بۆ دامەزراندنی کۆماری مەهاباد ( بە پشتی سۆڤیەت) ، ئامادە دەکرا ، زۆر سەرەکهۆز ئەویان بۆ سەرۆکایەتی ئەو کۆمارە بە شایستە دەزانی . بەلاّم سۆڤیەت لێی بەدگومان بوون و بە بەکرێگیراوی ئینگلیزی تێدەگەیشتن و نەیانهێشت ئەو هەڵبژێردرێت .

هیچ یەك لە کوڕەکانی ، خەرقەی شێخایەتییان نەپۆشی . عەبدولعەزیزیان ، کۆلێژی سەربازیی بەغدای تەواوکرد و لە سوپای عێراقدا بووە ئەفسەرێکی گەورە، ( بە گوتەی هەندەك لە زانیارەکانم ، بووە مارشاڵ ) . پاشان چووە وورمێ و ئێستا ژیانێکی هێور و ئارام لەوێ بەسەردەبات . عەبدولقادر لە دزە دەژێت و موڵکدارێکی ئاساییە . ئەو گوندە پڕ ڕەونەقەی جاران ، کە هەمیشە لە جۆش و خرۆشدا بوو و بازاڕی جمەی دەهات ، ئێستا مات و خامۆشە .

٧-عەبدولکەریم ئەرواسی ، ( ١٨٦٤- ١٩٤٣ ) ، دەستەلاّتدارترین شێخی نەقشبەندیی کۆماری تورکیا و یەکێك لە گەورەترین و کۆنەخوازترین عولەماکانی بوو . مامۆستا و پێگەیەندەری شاعیری کۆنەپەرست ، نەجیب فازیڵ کیساکورك و حسەین حیلمی ئیشیکی دامەزرێنەری " فیرقەی دژە چارەسەرخوازیی " و ئەوپەڕی کۆنەخواز بوو . لە خانەدانانی سەییدەکانی ئەرڤاسە . ئەرڤاس گوندێکی نێزیك ڤانە و بەوە ناسراوە کە زانای زۆری تێداهەڵکەوتووە . زانیارییەکان لەبارەی تۆرەمە و بنەچەی ڕۆحانییەوە ، دژەیەك و جوداوازن . ئیشیك ، کە دەبێت خۆی لەهەموو کەس باشتر بزانێت ، گوتوویە گوایە مستەفا ناوێك بابی بووە و یەکێك بووە لە خەلیفەکانی شێخ عوبەیدوڵلاّ . (Isik: 1979, S.771ff), (Uyan: 1983, S. 34ff ) ئویانیش ، هەمان ڕای هەیە ، بەلاّم دەڵێت گوایە

عەبدولحەکیم تەریقەتی لە شێخ فەهیم ئەرواسی وەرگرتووە و لەکن زۆر شێخی نەقشبەندیی کورد خوێندوویە ، لەوانە : سەیید تەهای یەکەم و خالید جزیری ، (Uyan: 1983, S. 771ff) . کیساکورک لە نووسینەکەیدا (ئەو و من ) ، بە هەڵە عەبدولحەکیم دەکاتە نەوەی فەهیم ، گوایە وەچەی مەعصومی کوڕێتی .

٨-زانیارییەکان دەربارەی شێخەکانی زووی بارزان ، گەلەکجار سەختگیرانەو نەگونجاون . بەپێی بڕێک سەرچاوەی وەك دەمەلوجی ، کە لە جووەیدەی وەرگرتووە ، گوایە تاجەددین ، خەلیفەی مەولانا خالید خۆی بووە ، هەندێکی دی بە خەلیفەی شێخ سەیید تەهای یەکەمی نەهری دادەنێن . سەرچاوە ووردکارەکانی دی وەك نیکیتین ، تاجەددین بە یەکەمین شێخی بارزان دانانێن ، بەڵکە عەبدوڕڕەحمان . ڕەنگە بتوانرێت هەردوك یەکخرێن ، بەوەی تاجەددین نێوی ڕاستەقینە نەبێت و خواستراو بێت . هەر ئەو سەرچاوەیە ، عەبدوسسەلامی یەکەم بە کوڕی عەبدوڕڕەحمان دانانێت ، بەڵکە بە برای .

تاجەددین ، پاش تەواوکردنی خوێندنی مەلایانە ، قۆناغێکی دیکەی پەروەردەی ئاینیی و ڕۆحیی لە نەهری بەسەر دەبات و هەرلەوێ سەیید تەها بۆ سەر تەریقەتی نەقشی ڕایدەکێشێت . پاش فێرکردنێکی تەواو ، بۆ بارزانی زێدی خۆی دەنێرێتەوە ، کە ئەودەم لەژێر دەستەڵاتی نیعمەت ئاغای زێبارییدا بوو و زوڵم و زۆردارییەکی زۆری دەکرد . لە سەردەمی تاجەددین دا ، بارزان بووبووە جێداڵدەی گشت ئەو جوتیارانەی لەدەست بێدادیی ئاغاکانی زێبار هەڵدەهاتن . لە سەرتاسەری کوردستانی نێوەند دا ، بارزان بووە مەکۆ و بارگە و بنەی گشت ڕاوەدوونراو و زۆرلێکراو و ڕاپەڕیوێك . بەخۆی و شێخە خاوەن شکۆکەیەوە ، بووە بنکەیەکی خەیاڵیی و لانەیەکی نموونەیی . بەو جۆرە هۆزێکی نوێ بە نێوی بارزانییەوە دروستبوو ، کە ئەوپەڕی گوێڕایەڵی و دڵسۆزییان بۆ شێخەکانیان دەسەلماند.

٩-عەبدوسسەلامی یەکەم ، برا ، یاخود کوڕی تاجەددین ، بووە خەلیفەی ساڵحی برا و جێگرەوەی سەیید تەها . چ سەیید تەها و چ تاجەددین ، لەبەر

هۆیەکی نەزانراو ، دژی ئەوە بوون عەبدوسسەلام ببێتە خەلیفە . کە تاجەددین مرد ، عەبدوڕڕەحمان بانگی شێخایەتی خۆی هەڵدا . ئەوە شێخ عوبەیدوڵلای زۆر تووڕە کرد ، کە تازە لە نەهری جێگەی سالحی گرتبووەوە . گوتی : عەبدوڕڕەحمان و موریدەکانی شێت بوون و شەیتان فریوی داون . کێ دەڵێت نەیانویستووە لەڕێگەی عەبدوڕڕەحمانەوە بۆ یەکەمین جار ، لە ڕێچکە دەرچن و لە ڕێباز لادەن و بەوە شۆرەتێك بۆ بارزان پەیداکەن ؟ پێدەچێت زۆر کەس لەگەڵ بۆچوونی عوبەیدوڵلا دا بووبن و سەرەتای سەدەی بیستەم پێیانوابووبێت ، بارزانییان تێکڕا شێتن ، چونکە وا ناسراون . ئیدی شێت بن ، یان نا ، عەبدوسسەلام موریدی زۆری خڕکردەوە و هێز و گوڕ پەیداکردنی ، عوبەیدوڵلای تەواو پەرێشان و ئالۆزکرد و هێزێکی جەنگاوەرانی هۆزی ناردە سەر بارزان . لەگەڵ ئەوەشدا کە عەبدوسسەلام شکستی هێنا ، بەلام نێو و نێوبانگی کەمی نەکرد ، هەتا موریدەکانی بانگی مەهدێتییان هەڵدا . ئەوە عوبەیدوڵلای لێ شێلگیرتر کردوو و ئەوەبوو زۆری بۆ هێنا ، ناچار خۆی شاردەوە .

١٠-پاش عەبدوسسەلام ، محەمەدی کوڕی جێگەی گرتەوە . محەمەد پەیوەندییەکی هێجگار خۆشی دەگەڵ نەهرییدا دامەزراندەوە ، ئەویش پاش ئەوەی بەنەوازشەوە چووە خزمەت عوبەیدوڵلا و لێیپاڕایەوە دەرسی تەریقەتی دابدات و بە موریدی خۆی قەبوڵی کات . دیارە عوبەیدوڵلاش چاوی بڕیبووە ئەو موریدە زۆرانەی محەمەد هەیبوو ، بۆیە کردییە خەلیفەی خۆی . ماوەیەك پاش گرتن و دوورخستنەوەی عوبەیدوڵلا ، محەمەدیش وەك بابی ، موریدەکانی بانگی مەهدێتییان هەڵدا .

١١-عەبدوسسەلامی دووهەم ، لە شەڕو ململانێیەکی بەردەوامدا بوو ، دەگەڵ محەمەد صدیقی نەهری و شێخ بەهادینی بامەڕنیدا ، (Dickson: 1910, Nikitine & Soane: 1923). بەلام لەگەڵ سەیید تەهای دووهەمدا ، پەیوەندییەکی دۆستانەی هەبوو . هەتا جارێکیش کە سەیید تەها لەدەست عوسمانییەکان هەڵهات ، پەنای بۆ بارزان برد و لەوێ دالدەدرا . عەبدوسسەلام چەندین جار ئالای دژایەتی

عوسمانیی هەڵکرد و لە دژی والی موسڵ ڕاستبووەوە . ساڵی ١٩١٦ گیرا و لە موسڵ بە تاوانی ئالیکاریی ڕووسەکان ، کردیان بەداردا .

١٢-شێخ ئەحمەد بارزانیی ، " خودانی بارزان " ، سەیرترین ئەندامی ئەو خانەدانە نا ئاساییە بوو . هەندەك لەوكەسانەی ، ئەودەم حەزیان لەچارەی نەكردووە ، پاش ئەوەی وەك سەركردەیەك جێی براكەیی گرتەوە ، بە كەسایەتییەكی لەق و لەوێر و نیوەشێت نێویان بردووە ، لەوانە : Hay: 1921, S. 180) ڕقی زۆری لە ئینگلیز بوو و دژی برەو پەیداكردنی دەستەڵاتیان بوو لە عێراقدا و ١٩١٩ تووشی گێچەڵ هات لەگەڵیاندا . (Wilson: 1931, S. 151-153 ) بەردەوام خەریكی ڕاپەڕین و یاخیبوون بوو . پەیوەندیی لەگەڵ هۆزە هاوسێكاندا، دوژمنئامێزانە بوو . كە موریدەكانی بانگی خودایەتییان هەڵدا و ئەویش خواردنی گۆشتی بەرازی بۆ حەڵاڵ كردن ، شێخ ڕەشیدی لۆلانی گوردێری ، كە سەرەكهۆزی برادۆست بوو ، بانگی غەزای لە دژ هەڵدا . كاتێك بارزانییەكان ، بە فەرماندەیی برا عەگیدەكەی ، مەلامستەفا ، بەرپەرچی هێرشبەرانیان داوە ، ئینگلیز لەشكر و فڕۆكەی ناردنە سەر . شێخ ئەحمەد ناچاربوو بۆ توركیا هەڵێت و لەوێ گیرا ، (Hamilton: 1937, Wilson: 1937, S. 291-292 ) . تەسلیمی عێراق كرایەوە و لە لایەنگرانی دابڕا و بۆ سلێمانی دوورخرایەوە . شێخ ئەحمەد بەشداریی سەرچڵییەكانی براگچكەكەیی نەكرد و تا كودەتاكەی قاسم ، بۆ بارزان نەگەڕایەوە . بەگەڕانەوەی ، هەمدیسان كێشە و گرفت دەگەڵ خێڵە هاوسێكاندا ، تایبەت لەگەڵ زێبارییەكاندا سەریهەڵدایەوە، یاخود باشترە بڵێین براگچكەكەیی ڕاسپارد گڕی شەڕی خێڵەدژەكان هەڵگیرسێنێتەوە . بۆخۆی لە هیچ یەك لەو شەڕانەدا بەشداریی نەكرد . لەگوندەكەی خۆی مایەوە و چێژی خۆشی ئەو ڕێز و شكۆیەی دەچەشت كە مورێدانی لێیاندەگرت و وەك خوداوەندێك تێیاندەڕوانی . كۆتایی شێستەكان كۆچی دوایی كرد .

١٣-مەلا مستەفای بارزانی وەك لاوێكی خورت ، شەڕی دوژمنانی براكەیی دەكرد . لەگەڵ شێخ ئەحمەد دا ، بۆ سلێمانی دوورخرایەوە ، بەلام ١٩٤٣ بۆ بارزان هەڵهاتەوە و دەستی كردە هێرشبردنە سەر بنكەكانی پۆلیسی ئەو دەڤەرە . دوو ساڵی ڕەبەق یاخی بوو ، پاشان دەگەڵ پیاوەكانیدا پەڕییەوە دیوی ئێران و دایە پاڵ كوردانی مەهاباد و ماوەیەك دواتر بانگی كۆمارێكی سەربەخۆیان هەڵدا ، (Eagleton: 1943, S.51-54) . بارزانیی بووە یەكێك لە ژەنەراڵەكانی ئەو كۆمارە كوردییە ، پاش هەرەسهێنانی كۆمارەكە ، لەگەڵ پیاوەكانیدا گەڕایەوە دیوی عێراق و سەرەڕای ئەو سوپا زۆرەی لەسەر سنوورەكانی عێراق و ئێران و توركیا بۆی لەبۆسەدا بوون ، خۆی و پیاوەكانی توانییان خاكی هەرسێ وولات ببڕن و بگەنە یەكێتی سۆڤیەت . تا ڕووخانی ڕژێمی عێراق لە كودەتاكەی قاسمی ١٩٥٨دا، لەوێ مانەوە .

ئەو دەمەی لە سۆڤیەت بوو ، پارتی دیمۆكراتی كوردستانی عێراق ، كردییە سەرۆكی ڕێزلێنراوی خۆی . پاش گەڕانەوەی بۆ عێراق ، توانی بەزوویی ببێتە سەرۆكی ڕاستەقینەی بزووتنەوەی كوردایەتی . لە ١٩٦١ەوە تا ١٩٧٥ ، ڕێبەرایەتی شۆڕشی كوردی كرد لەو جەنگەدا كە دژی حوكومەتە یەك لە دووی یەكەكانی عێراق بەرپایان كرد . بەر لە هەرشت و هەركەسێكی دی ، ئەو كەسایەتییە درەوشاوەی بارزانیی و مێژووی ژیانە ئەفسووناوییەكەی و خەباتە پرشنگدارەكەی و سەركەوتنەكانی بەسەر هێزی زاڵی دوژمندا ، كوردی گەیاندە ئەو قەناعەتەی وەك میللەتێك بیر لەبوونی خۆیان بكەنەوە . لە گەشاندنەوەی هەستی نەتەوایەتی كوردی عێراق و هەتا كوردانی توركیا و ئێرانیشدا ، كوردان منەتبار و قەرزاریاری ئەون . شكستی دواساڵەكانی تەمەنی و ئەو كاردانەوانەی لێیكەوتەوە و ئەو هێرشانەی لەو ڕووەوە كرانە سەری ، هیچیان لەو ڕاستییانە نەگۆڕی . شا كە بووبووە پارێزكاری بارزانیی ، ساڵی ١٩٧٥، بە ڕێككەوتننامەیەكی سوودمەند ، كوردی بە عێراق فرۆشت . بارزانیی دەستی لەشەڕ هەڵگرت و لەگەڵ دەیان هەزار جەنگاوەر و خێزانەكانیاندا ، كشانەوە

دیوی ئێران . پاشان بۆ چارەسەریی چووە ئەمریکا و سەرەتای ١٩٧٩ ، لەوێ مرد .

١٤ و ١٥ – لەنێو کوڕانی بارزانییدا ، ئیدریس و مەسعود بۆ ئەوە گۆشکرابوون ، کە جێگەی بابیان بگرنەوە . ئیدریس ، گەنجترین کوڕی ژنەکەی یەکەمی بوو ، ( کە ئامۆزای خۆی بوو ) ، مەسعود لە مەهاباد لەدایك بووە و یەکەم کوڕی دووهەم ژنێتی ، کە حەمایلی ناوە و کیژی یەکێك لە سەرۆکەکانی هۆزی زێبارییە و لە کاتی ئاشتییەك لەگەڵ ئەو هۆزە دوژمنەدا ، خواستوویە . مەسعود ، ئەو دەمەی بابی لە روسیا بوو ، لەنێو زێبارییاندا پێگەیی . بەهۆی ئەو دوو لانکەییەوە و ئەو کەش و هەوا جوداوازەی هەردوویانی تێدا هەراش بوون و ئەو دوو کۆڵەکە جوداوازەی لەپشتیانەوەبوون ، بۆ ئەوەی ئەو بارە نەلەقێت ، وایان پێشاندەدا ، کە گوایە ناکۆکن . لە ڕاستییدا ، مەلا مستەفا و دوو کوڕەکەی ، نەك مەکتەبی سیاسی پارتی دیمۆکراتی کوردستان ، ڕێبەری ڕاستەقینەی بزووتنەوەی کوردایەتی بوون . ئێستاکە ، جووتە برا ، سەرکردایەتی پارتی دیمۆکراتی سەرلەنوێ دامەزراو دەکەنەوە و هەمدیسان بە کۆمەکێکی زۆری ئێران ، خەریکی خەباتی چەکدارانەن لە باکوری عێراقدا ، هەرچەندە تەواو لەژێر ڕکێفی ئێرانیشدا نیین.

لوقمانی برا گەورەیان ، کە لە شێستەکاندا فەرماندەیەکی پێشمەرگەبوو ، لە ١٩٧٠ بەدوا ، چووە بەغدا دانیشت ، چ پەیوەندییەکی بە بزووتنەوەکەوە نەما . عوبەیدوڵلا ، پاش ١٩٧٠ کرایە وەزیر ، کە بابی ساڵی ١٩٧٤ جەنگی دژە حوکومەتی دەستپێکردەوە ، ئەو لەو شوێنەدا هەر مایەوە . ئەو جووتە برایە و سابیری براگچکەشیان ، لەگەڵ ئەو خزمانەی دیدا کە لەبەغدا دەژیان ، سەرەتای ساڵانی ١٩٨٠ ، بێ سەر و شوێن کران . وا پێدەچێت بەدەستی ئەو ڕژێمە کوژرابن، کە خزمەتیاندەکرد .

١٦ و ١٧ – لە دوا ساڵەکانی ژیانی شێخ ئەحمەد دا ، عوسمانی کوڕی کاروباری ڕۆژانەی بارزانی بەڕێوەدەبرد . ئەو ئامرازی پەیوەندیی بوو لەنێوان

بابی و موریدەکانیدا و بەهۆی کەسایەتییە شکۆدارەکەیەوە ، لەکن ڕەشەخەڵکەکە خۆشەویست بوو . دیارە پاش مردنی شێخ ئەحمەد ، ئەو پەسەندترین کەسێك بوو جێگەی بگرێتەوە ، با شێخ محەمەد خالیدی برای لەویش گەورەتر و لەکن مەلامستەفاش پەسەندتر بووبێت . چەند ڕۆژێك بەر لە دەستپێکردنەوەی شەڕی نێوان کورد و حوکومەت ، لە مارتی ١٩٧٤ دا ، شێخ عوسمان ، بارزانی جێهێشت و لەگەڵ نێزیکترین لایەنگرانیدا ڕوویان لە بەغدا کرد . چیدی نەگەڕایەوە بۆ بارزان و ساڵی ١٩٨٢ ، یاخود ١٩٨٣ لەگەڵ بارزانییەکانی دیدا بێ سەرو شوێن کرا .

محەمەد خالید ، ١٩٧٤/١٩٧٥ ، لە ناوچە ڕزگارکراوەکان مایەوە ، پاش هەرەسی شۆڕشەکە ، بۆ ئێران هەڵهات . پەیوەندیی خۆی دەگەڵ مەسعود و ئیدریس دا بەتینتر کرد ، بەوەی هەر یەکە و کچێکی خۆی لێ مارەکردن . قەت نەچووە ڕیزی پارتی دیمۆکراتی تازە دامەزراوەوە . ناکاو ، لە ژوئنی ١٩٨٥ دا ، دەگەڵ چەند صەد پیاوێکیدا ، کە لەلایەن ئێرانەوە چەکدار کرابوون و پشتگیریی دەکران و ( حیزبوڵلای کوردیی ) دامەزراندبوو ، بەشداریی شەڕی کرد . پیاوەکانی ، لەگەڵ هێزەکانی ئەرتەشی ئێراندا ، بەشی خۆرهەڵاتی کوردستانی عێراقیان گرت و لەوێ تەنها دژی لەشکری عێراق نەدەجەنگان ، بەڵکە شەڕی هێزی پێشمەرگەی دەستە و تاقمە نا ئیسلامییەکانی باکووری عێراقیشیان دەکرد .

### 4.18.3 سەرنجەکانی خشتەی سێهەم : شێخانی تەوێڵە و بیارە :

نووسینەکانی ١٩٨٣ ی ( مودەریس ) ، بە پیتترین سەرچاوەیە دەربارەی ئەم شێخانە و خەلیفەکانیان .

١- شێخ عوسمانی سەراجەددین ، گرنگترین جێگرەوەی مەولانا خالید بوو لە تەواوی ناوچەی سلێمانییدا . لە بنەماڵەیەکی ئاغا و خانەدانی جووتە گوندی تەوێڵە و بیارەی ناوچەی هەورامان بوو ، کە دەکەونە خۆرهەڵاتی سلێمانییەوە ،

ڕێك لە سەر سنووری عێراق و ئێرانن . داوی پەیوەندییەکی هێجگاردۆستانەی لەگەڵ کاك ئەحمەد دا ڕایەڵکرد .هەردوك شێخ ، یەکدییان بۆ تەریقەتەکانی خۆیان ڕاکێشا . لەو دەمەوە شێخانی ئەو دوو بنەماڵەیە ، ئیرشادی هەردوك تەریقەتەکەیان دەکرد . وەڵێ پاشان وەچەکانی کاك ئەحمەد دەستیان لە ئیرشادی تەریقەتی نەقشی هەڵگرت .

٢ و ٣ – لە سەردەمی ئەدمۆنز دا ، جووتە ئامۆزا ، حیسامەددین لە تەوێڵە و عەلادین لە بیارە ، یەکێك بوون لە بەدەستتەلاتترین سەرکردە سیاسییەکانی ناوچەکە

" ڕێزێکی زۆرم بۆ یەکەمیان هەبوو ، چونکە هەمیشە شکۆ و دەستەلاتە ئەخلاقییەکەی خۆیی ، بە سوودی دەستوور و یاسا و سەپاندنیان هەڵدەسووڕاند. بەلام ئامۆزاکەی بە پێچەوانەوە ، پیرەمێردێکی نا ئارامی ، چاوچنۆك و دڵبزۆك بوو ، هەرچەندە هەوڵی دەدا وا پیشان بدات کە هاوکارێکی چاکە ، بەلام هیچ هەل و دەرفەتێکی ئەوەی لەکیس نەدەدا سوود لە دەستەلاتی خۆی لەکن دەزگەی ئیداری بۆ دەستخستنی زەوی و موڵکی زێتر ، وەرگرێت ، موڵکێك کە وەچە دوای وەچە ، هەر بەدەست جوتیارە هەژارە سادە و نەخوێندەوارەکانەوە بوون . مووچەیەکی کەمیشی هەبوو ، وەڵێ بێ شەرمانە هەمیشە داوای زێدکردنی دەکرد ، (Edmonds: 1957, S. 156 )

٤– شێخ عوسمان ، پاش کودەتاکەی قاسم ، وەکی گەلەك دەرەبەگی دی ، لەترسی ( موقاوەمە شەعبی ) ، لە بیارەی عێراقەوە ، بۆ دووڕووەی ئێران هەڵهات . من لە دووڕووە دووجار چوومە سەردانی . ١٩٨٠ ، مەدیحی کوڕی هێزێکی گچکەی لە موریدانی شێخ بە نێوی ( سوپای ڕزگاری ) بیەوە پێکهێنا و عێراق چەکی دانێ و کردنی بەگژ ئەرتەشی ئێران و دەستە و تاقمە کوردییەکانی دیدا .

٥– محەمەد ئەمین کوردی ، نووسەری ( تنویر ئەلقلوب ) ە ، دیارترین و زۆر خوێندراوەترین ڕیسالەیەکی نەقشبەندییە ، کە لەم سەدەونیوەی دواییدا

نوسرابێت . ساڵی ١٨٥٣ لە هەولێر لەدایك بووە . فەتحوڵڵا هەولێریی بابی ، شێخی تەریقەتی قادریی بووە . ماوەیەکی زۆر لە بیارە ژیاوە و ئیرشادی تەریقەتی نەقشبەندیی لە سەر دەستی شێخ عومەر زیپائەددین دا وەرگرتووە و بۆتە خەلیفەی . ماوەیەك دەگەڕێتەوە بۆ هەولێر ، پاشان دەچێتە مەککە و دەساڵێك لەویٚ دەژی و لەویٚ زۆر موریدی ئەندەنووسی پەیدا دەکات . پاشان دەچێتە قاهیرە و لەویٚ دەگیرسێتەوە ، تا لە ١٩٢٨/١٩٢٩ دا دەمرێت ، بڕوانە : (مودەڕیس : ١٩٨٣، ل ٥٦٥-٥٦٧ ) .

٦- نەجمەدینی کوڕی جێگەیگرتەوە . شێخێکی نەقشبەندیی خەڵکی جاوە ، کە من دیتم و هەڤپەیڤینێکم لەگەڵ کرد ، گێڕایەوە گوایە کۆتایی شێستەکان لەکن نەجمەدین خوێندوویە و ئەو دەمە ئەو زۆر پیر بووە .

### 4.18.4 سەرنجەکانی خشتەی چوارهەم : شێخە نەقشییەکانی جزیرە :

ئەو خشتەیە ، ژمارەیەك درەختی خانەوادەی تێدایە کە خۆم کێشاومن . دڵنیانیم هێڵە ئاسۆییەکانی درەختی خانەوادە مەزنەکان ، تا چ ئەندازەیەك لەڕووی تۆرەمەیانەوە ڕاستن . نێوی دووهەم خالید ، دەریدەخات کە سەر بەهۆزی زێبارییە و دەبێت خەلیفەی شێخی پێشوو بووبێت ، نەك کوڕەکەی .

١-خالید جزیری ، یەکێك بووە لە خەلیفە هەر دێرینەکانی مەولانا خالید ، لە کوردستانی نێوەند دا . لە گوندی بەسەرتی سەرووی خۆرئاوای جزیرە نیشتەجیٚ بوو ، بەرۆکرەکانیشی هەرلەویٚ مانەوە ، تا ئەو کاتەی ئیبراهیم حەققی گواستییەوە و چووە سوریا . خالید جزیری دەستەڵاتێکی چاك و موریدی زۆری هەبوو ، لەوانە فەهیم و سوبغەتوڵڵا ئەرواسی .

٢-ئیبراهیم حەققی ، پاش داخستنی تەکێکانی تورکیا و ڕاوەدوونانی شێخەکان ، بۆ سەرووی خۆرهەڵاتی سوریا کۆچی کرد . وەك پیاوچاکێکی مەزن نێوبانگی دەرکرد . بووە غەوس و قەد جلکی بە باران تەڕنەدەبوو .

٣-شـێخ سـەیدای خەلیفـەی هەڵنـەهات و لـەجزیرە مایـەوە و لەگـەڵ کاربەدەسـتانی تورکـدا ڕێککـەوت . ئیـبراهیم حـەققی مورشـیدی ، هێنـد ڕێـزی دەگرت ، کە منداڵەکانی خۆی ناردە کن ئەو بۆ خوێندن .

٤-شێخ عـەلوان ، خانەقایـەکی لەگونـدی حـەلوای نێزیکـی دوگـری جزیرەکـەی سوریا هەبوو . لە بەندی چوارهەمدا باسی ئەو خەتمەیەم کردووە کە لەوێ دیتم .

٥-ئەحمەدی کەفتـەر ، سالأنێکی زۆر مـوفتیی مـەزنی سـوریا بـوو . کـە پرسـیم داخـۆ کـوردە نەقشـییەکانی ئـەوڕۆی سـوریا ، کەسـێك بـە بـەرۆگری ڕاسـتەقینەی مەولانا خالید دەزانن ؟ تەنها نێوی ئەویان هێنا . گەلەکیش هـەبوون ئـەو مافـەیان پێڕەوا نەدەدیت و هەر بە کاربەدەستێکی حوکومەتیان دادەنا .

## 4.18.5 سەرنجەکانی خشتەی پێنجهەم :

## غەوسی خیزان :

زانیاری دەربارەی شێخ سبغەتوڵلا و خەلیفە هەرە گرنگەکانی ، تا دەگاتە سـەر ئەحمـەد غەزنـەوی ، لـەو کتێبـە دا دەبینرێـت کـەپێش ماوەیـەك ، لـەژێر نێـوی : ( گوتە پیرۆزەکانی شێخانی نەقشبەندی ) دا دەرچووە ، (Ucer: 1983 ) .

١-شێخ سبغەتوڵلا هەر بە غەوس ناسراوە ، کە پیرۆزترین شێخی ئـەم سـەردەمەیە. لە بنەماڵە نێودار و ناسراوەکەی سـەییدە ، کـە لـە تۆرەمـەی مـەلا محەمـەدی ئەرواسـی کەوتۆتەوە ، یەکێك لە شێخە نەقشبەندییە دیارەکانی سـەرەتای سـەدەی هەژدەهـەم . ئـەو خانەوادەیـە زانـای زۆری پێگەیانـدووە . سـبغەتوڵلا ، لـەکن زۆر شـێخی نەقشـی خوێندوویە و دواجار لە گوندی خیزانی نێزیك بەتلیس نیشتەجێبووە و بۆتـە ژینگـەی وەچەکانیشی ، (Uyan: 1983, S. 812-822).

٢-فەهیمی ئامۆزای ، دەگەڵ سبغەتوڵلا دا چۆتە سەردانی زۆر شێخی کورد . لـە گوندەکـەی خۆیـان ،( ئـەرواس ) ، جێگیر بـوو ، یـەکێك بـوو لـە مامۆسـتاکانی عەبدولکەریم ئەرواسی .

٣-وەك دەگێڕنەوە ، جەلالەددین لەشەڕی ڕووسی - عوسمانیی ١٨٧٧/١٨٧٨ دا ، سی هەزار جەنگاوەری کوردی تا بایەزید بۆ تالانیی بردووە ، (Dickson: 1910, S.370) .

٤-شێخ شەهابەددین ، سەرکردەی ئەو شۆڕشە پان ئیسلامییە بوو ، کە ساڵی ١٩١٢ ، یاخود ١٩١٣ دژی تورکە لاوەکان بەرپای کرد و ڕەگ و ڕیشەیەکی ناسیۆنالیستانەی کوردانەی هەبوو . سەرکردەکانی دیکەی ئەو شۆڕشە ، شێخ ، ( یاخود مەلا ) سەلیم و شێخ عەلی ناوێك بوون ، کە ئەوانیش هەر خەڵکی خیزان بوون . گەلەك سەرەکهۆز ، پێشتر بەڵێنی هاوکاریی و کۆمەکیان پێدابوو ، وەلێ لە کاتی پێویستدا ، بەدەنگییەوە نەچوون و بێ بەینەت دەرچوون . شۆڕشەکە سەرکوت کرا ، سەرکردەکانی پەنایان بردە بەر قونسوڵخانەی ڕووس لە بەتلیس . لە سەرەتای یەکەم جەنگی جیهانیدا ، تورکەکان هێرشیانبردەسەر قونسوڵخانەکەو ئەو سەرکردانەیان گرت و هەڵیانواسیین . (ئەو هەواڵەنەی لەبارەی ئەو شۆڕشەوە لەبەردەستدان ، هەموو پێچەوانە و دژبەیەکن ، بڕوانە : (Nikitin: 1956, S. 195, Chirguh: 1930, S. 19, Safrastian: 1948, S.74, Jwaideh: 1960, S. 328-329, ڕۆژنامەی تورکی Dunya لە ٤ ی ژونی ١٩٧٧ دا .

٥- صەلاحەددین ، لەکاتی ڕاپەڕینە مەزنەکەدا ، شێخی خیزان بوو . لە شۆڕشەکەی شێخ سەعید دا ، ڕاستەوخۆ بەشداریی نەکرد ، بەلاَم پاشتر ، لە ١٩٢٥ دا ، وا ڕاگەیەندرا کە گوایە یەکێك بووە لە سەرکردەکانی . پاش لێخۆشبوونە گشتییەکەی ١٩٢٨ ، گەڕایەوە بۆ خیزان و لە جموجۆڵ و چالاکیی کوردانە دوورکەوتەوە و لەبریتی وی دەستیکردە ئالیکاریی حوکومەت. هەتا حوکومەت بۆ ماوەیەکیش دەستەلاَتی ناوچەکەی پێسپارد . لە پەنجاکاندا ، لەڕیزی حیزبی دیمۆکراتی تورکیا دا کاری دەکرد و یەکێك بوو لەو ئەندامانەی بیرێکی کوردانەی میانڕەوانەی هەبوو . کوڕەکانی هیچیان نەبوونە شێخ و تێکەلاَوی سیاسەت بوون . کامەرانیان بووە سیناتۆر و تا گەیشتە پلەی جێگری سکرتێری گشتیی ناتۆ . (لە تورکیادا ، بە یەکێك لە دۆستە هەرە نێزیکەکانی ئەمریکا دەژمێردرێت ) . پاشان یەکێك بوو لە وەزیرەکانی ئەو کابینە ڕاستڕەوەی

بەرەی میللی ، کە لە ئۆگوستەوە تا دیسەمبەری ١٩٧٧ ، حوکمی تورکیای کرد . عابدینی برای ، نوێنەری شاری بەتلیس بوو لە پارلەماندا . ئەو بنەماڵەیە خاوەنملکێکی گەورەیە و زەوی و زارێکی زۆریان لە چەند جێگەیەکی باکووری کوردستاندا هەیە .

٦-شێخ زیائەددین ( ١٨٥٦-١٩٢٤) ، زۆرجار بە (حەزرەتی نورشین) نێوی دەبەن . نورشین گوندێکە لە نێوان مووش و بەتلیس دا . حەزرەت، پیاوچاکێکی مەزن بوو ، لێ دەخڵی بەسەر سیاسەتەوە نەبوو . مەعسوومی برازا و بەرۆگری ، مەیلێکی بۆ خەباتی نەتەوەییانە پێشاندەدا ، هەرچەندە لەکاتی مەترسییدا خۆی دوورەپەرێز دەگرت ، وەك لەکاتی ڕاپەڕینەکەی شێخ سەعیدی ١٩٢٥ دا .

٧-شێخ محەمەد عیسا ، بە پیشە شێخ نییە ، بەڵکە سیاسەتمەدارە . مەحمودی بابی ، خەلیفەی حەزرەتی نورشین بوو ، بەلاّم فەتحوڵلای باپیری ، مورشیدی حەزرەت بوو . بابی ، لەنێو هۆزەکەیدا ، کە جبرانی ناوە ، زۆر بە دەستەلاّت بوو . بەهۆی بەشداربوونی ئەو هۆزەوە لە ڕاپەڕینەکەی شێخ سەعید دا ، شێخ مەحمود بۆ سوریا هەڵهات و لە دەرباسییە گیرسایەوە . محەمەد عیسا یەکێك بوو لە دامەزرێنەرانی ئەو پارتی دیمۆکراتەی کوردەکانی سوریا ، لە ١٩٥٧ دا دایانمەزراند . کاتێك بارزانی هەوڵیدا ئەو حیزبە سەربەخۆیە زێتر بخاتە ژێر ڕکێفی خۆیەوە ، محەمەد عیسای بۆ ئەو مەبەستە هەڵسووڕاند و سوودی لێوەرگرت و پارتەکەی دووکەرت کرد .

٨-شێخ محەمەد سەلیمی هێزان ، کە خەلیفەیەکی دیکەی حەزرەت بوو ، تەنها شێخێك بوو لەو ناوچەیەدا ، کە دژی شۆڕشەکەی شێخ سەعید وەستایەوە .

٩-ئەحمەد خەزنەوی ، دیارترین و بە دەستەلاّتترین خەلیفەی حەزرەتە . (بەنێوی گوندی خەزنەوە نێونراوە . خەزنە ، دەکەوێتە بەشە جزیرەکەی تورکیاوە و هێند لە تەل مەعروفی بەشە جزیرەکەی سوریاوە دوورنییە ، کە کۆشکی بنەماڵەکەی لێیە ) . شێخ ئەحمەد پاش هەڵپێچرانی تەکێکان لەتورکیا ، بۆ سوریا هەڵهات . موریدەکانی تەریقەتی قادریی ئەو ناوچەیە ، لەپڕێکدا

بەلێشاو ڕوویانتێکرد و تێیئالأن . ئەمە ئێرەیی و ڕق و کینەی شێخە قادرییەکانی ڕسکاند ، کە لایەنگرانێکی زۆری لەدەستکردنەوە و سەرچاوەی رزق و ڕۆزییانی بڕی . وایلێکردن پڕوپاگاندەیەکی زۆر خراپی لەدژ بکەن ، هەتا بە لەدین وەرگەڕان و کافربوونیش تۆمەتباریانکرد ، بەلأم بێ ئاکام بوو . دەیان ساڵ ، لە باکووری خۆرهەلأتی سوریا ، لەنێو کورد و عارەباندا ، کەس نەبوو شان لەشانی بسوێت . وەلێ ئەو گۆڕانکارییە ناکاوە کۆمەڵئابوورییانەی بەسەر ناوچەکەدا هات ، هێز و دەستەلأتیان کز و لەق و لەوێر کرد ، هەرچەندە هێشتا لە تورکیا ، کە ساڵی چەند مانگێکی لێ بەسەردەبات ، موریدی زۆری هەن . بلأوکردنەوەی ژینامەی خۆی و پێشینەکانی ، لە ئەستەموڵ ، نیشانەی بایەخپێدانێتی لەلایەن خوێندەواران و ڕۆشنبیرانیشەوە ، (Ucan: 1983) .

١٠- محەمەد ڕەشید ، ( کە بلأوکراوە تورکییەکان ڕەشیدەفەندی پێدەڵێن ) ، سەرەتای هەشتاکان وەك درەوشاوەترین و سەرکەوتووترین شێخی نەقشبەندیی تورکیا ، دەرکەوت . عەبدولکەریمی بابی ، لە ئادیامان ، خەلیفەی ئەحمەدی خەزنەوی بوو . محەمەد ڕەشید ، تەنها لە ئادیامان و ناوچە کوردنشینەکان ژمارەی موریدانی زیاد نەکرد ، بەڵکە لە دەورو بەری دەریای ئیجەش خەڵکانێکی ئەوتۆی گێڕایەوە ، کە بەوە ناسرابوون هەر خەریکی ڕابواردن بوون و هیچیان دەربارەی ئیسلام نەدەزانی و هیچ مەیلێکیان بۆی نەبوو . ساڵی ١٩٨٣ ، دەوڵەت ، لەترسی ئەو دەستەلأتە زۆرە خێرایەی پەیدایکرد ، بۆ چەنەك قەلأ دووری خستەوە ، کە دەکەوێتە بەشە ئەورووپاییەکەی تورکیاوە و ڕێگەی ئەوەیان لێبڕی پەیوەندیی بە موریدەکانییەوە بکات ، بڕوانە : Algar: 1985, S.182-191) ) .

## 4.18.6 سەرنجەکانی خشتەی شەشەم :

## شێخەکانی پاڵوو :

ئەم شێخانە ، بەهۆی بەشدارییان لە ڕاپەڕینەکەی ١٩٢٥ ی کوردستانی تورکیا دا ، کە لە بەندی پێنجهەمدا باسیدەکەین ، ناسراو و دیارن .

ئەنـدامانی ئـەو خانەوادەیـە ، لـە ناوچـەی پـاڵووی سـەرووی دیاربـەکر ، لەودەمەوە وەك پێشەوای ئاینی ناسراون ، کە حاجی حسەینی باپیرە گەورەیان لەوێ نیشتەجێ بوو و تەکیەکی لێدامەزراند . حاجی حسەین ، شێخێکی قادریی خەڵکی سلێمانیی بوو ، ( کە دوورنییە لە بنەماڵەی بەرزنجەییەکان نەبووبێت ) . پاش ئـەوەی سـلێمانیی جێدەهێڵێت ، ڕوو لەدیمەشـق دەکـات و پاشـانیش لـە ناوچەی دیاربـەکر دەگیرسێتەوە . کوڕ و کوڕەزاکـەی ، کـە جێگەیانگرتـەوە ، بـێ بڕشت و کەم پییت بوون . بارەکە ئەودەم گۆڕرا ، کە شێخ عەلییەکی بەرۆگری ئیرشادی تەریقەتی نەقشبەندیی وەرگرت ، بڕوانە : (Rondot: 1937, S. 46) .

١-پێدەچێت شێخ عەلی پلە و پایەیـەکی سیاسی دیارتری ، لە پێشینەکانی پێبڕابێت . دەرکەوتنی ئەو ، هاوکاتە لەگەڵ گەیشتنی شێخان بە پلە و پایەی ڕێبەرایەتی سیاسی لە سەرتاسەری کوردستاندا .

عەلی ، سەرەتای لاوی لە شارەکانی دیاربەکر و جزیرە خوێندوویە . لە جزیرە، شێخ ئەحمەدی ئەربیلی دەبینێت ، کە یەکێك بووە لە خەلیفەکانی مەولانا خالید. پاش ماوەیەك شێخ ئەحمەد ئیرشادی دەکات و بۆ سەر تەریقەتی نەقشبەندیی ڕایدەکێشێت . دوایی دەچێتە دیمەشق بۆ خزمەتی مەولانە خۆیی و لەبەردەستی ئـەودا دریـژە بـە خوێنـدن دەدات . (Rondot )دەڵێـت گوایـە : (یـەکێك لـە زانیارەکانی ، کە خۆی شێخێکی نەقشبەندیی بووە ، پێیگوتووە ، شێخ عەلی لەلایەن شێخ ئەحمەدەوە ئیرشاد نەکراوە ، بەڵکە شێخ مەحمود صاحیبی زربرای مەولانا خالید ئیرشادی کردووە و عەلی هیچ کات مەولانەی نەدیتووە ) . پاشان مورشیدەکەی دەینێرێتەوە بۆ ناوچەی پاڵوو ، تا لەوێ تەکیەك دانێت . بەهۆی کێشە و گرفتی لەگەڵ کاربەدەستانی دەوڵەتدا ، ناچار بەرەو خۆرهەڵات دەڕوات و

لـە ناوچـەكانی مـووش و بـەتلیس دەگیرسـێتەوە . زۆر شـێخی قـادریی كۆنـە خەلیفەی پێشینەكانی خۆیی هێنایە سەر تەریقەتی نەقشبەندیی و لـە دەمـەدەمی كۆتاییەكانی ژیانیدا ، گەڕایەوە پاڵوو ، (Rondot: 1937, S. 46) .

٢-سەعیدی كوڕەزای ، لەنێو هۆزە زازاییەكانی ناوچەی سەروو و سـەرووی خۆرهـەڵاتی دیاربـەكردا ، دەسـتەڵاتێكی زۆری هـەبوو . بـە مـارەكردنی ژنێـك لـە خێزانی یەكێك لە سەردارانی هۆزی جبرانی مەزن ، پلە و پایەی كۆمەڵایەتی پتە و تـر بـوو و بـاڵاتر چـوو . شـێخە نەقشـییەكانی دیكـەی ناوچـەكە ، سـەعیدیان بـە سەرگەورەی خۆیان دادەنا . ئەو شێخانە و براو كوڕەكانی سـەعید ، لە ڕاپـەڕینی ١٩٢٥ دا كایەی سەرەكییان بینی .

٣-شێخ صـەلاحەددین پاش ماوەیكی درێژ لـە ئاوارەیی ، گەڕایـەوە توركیا و چـــووەوە پـــاڵوو . لـــە حەفتاكانـــدا دەســـتەڵاتێكی زۆری پەیـــداكرد و پارتـــە سیاســـییەكانی تێرووكـــان ( تایبـــەت ڕاســـتڕەو و تونـــدڕەوەكان ) . دەگـــەڵ خانەوادەكەیدا ، خۆیـان لـە نەتەوەپەرسـتانی كـورد دوورەپـەرێز دەگـرت و هـەتا ماوەیەكیش قاو وابوو گوایە ئالیكاریی پـارتی فاشیسـتی ، ناسیۆنالیسـتی ، یان تـــوركی ، بزووتنـــەوەی میللـــی ( توركـــەش ) یـــان دەكـــر د . صـــەلاحەددین لـــە سێپتەمبەری ١٩٧٩ دا مـرد . وەك بڵاوكـراوە توركییـەكان ڕایانگەیانـد ، هـەزاران كەس لە ناشتنیدا ئامادەبوون .

# بەندی پێنجەم

## 5 ڕاپەڕینەکەی شێخ سەعید :

### 5.1 سەرەتا :

فێبریوەری ١٩٢٥ ، لە ناوچەیەکی فراوانی کوردستانی تورکیادا ، بڵێسەی شۆڕشێك هەڵایسا . ئەو شار و شارۆچکانەی دەزگەی ئیداری تورکیان تێدابوو ، داگیرکران . کارمەندانی حوکومەت گیران ، یاخود ڕاوەدوونران . ڕێبەر و پێشەوای ئەو شۆڕشە ، شێخ سەعید بوو ، شێخێکی نەقشبەندیی خاوەن شکۆ و درەوشاوە و لە ناوچەکەدا دەستەڵاتێکی زۆری هەبوو . ئامانجی ئاشکرای ئەو شۆڕشە ، دامەزراندنی کوردستانێکی ئازاد و سەربەخۆ بوو ، بە ڕەچاوکردنی یاساو ڕێساکانی ئیسلامەوە ، کە ئەودەم لە تورکیا پشتگوێ دەخران .

لەیەکەم سەرنجدا ، ئەم شۆڕشە میللییە ، هیچ جوداوازییەکی ئەوتۆی دەگەڵ شۆڕشەکانی بەرلەخۆیدا نەبوو ، ( بۆ نموونە لەگەڵ شۆڕشەکەی شێخ عوبەیدوڵڵای نەهری ، ساڵی ١٨٨٠ دا ) . بەلام گەر بەووردی تێبڕواندرێت ، برێك خەسڵەتی هەبوو ، کە لە شۆڕشەکانی بەر لەخۆیدا بەدیینەدەکران و لەوان جودایاندەکاتەوە . شۆڕشەکە لەلایەن ڕێکخراوێکی سیاسییەوە نەخشەکێشکرابوو ، بەسوودوەرگرتن لە کەسایەتی نەستیلەی شێخێك تا

جەماوەرێکی زێتری لێخڕبێتەوە . لەگەڵ ئەوەشدا ، شێخ تەنها بتێك و پەیکەرێکی داتاشراو نەبوو ، بەڵکە سەرکردەی ڕاستەقینە و فەرماندەی لەشکرەکەی بوو .

ڕاپەڕینەکەی کوردی عێراقیش لە ۱۹٦۱ ەوە بۆ ۱۹۷٥ ، کە بارزانیی ڕێبەرایەتی دەکرد ، ( هەرچەندە خۆی شێخ نەبوو ، لێ بنەماڵەکەی شێخ بوو ) و پەیوەندیی دەگەڵ پارتی دیمۆکراتدا ، هەر شتێك بوو لەو بابەتە . ئەو دوو شۆڕشە ، بە پێچەوانەی شۆڕشەکەی شێخ عوبەیدوڵڵاوە ، بە نەمانی ڕێبەرەکانیان لەنێو نەچوون و خامۆش نەبوون ، چونکە پارتێکی سیاسییان لەپشتەوە بوو ، درێژەی بەخەبات و پڕوپاگەندەی سیاسی دەدا . دوو مانگ پاش ڕاپەڕینەکە ، شێخ سەعید گیرا و چەند مانگێك دواتر ، بەداردا کرا . شەڕی چەتەگەریی لایەنگرانی ، چەند ساڵێك هەربەردەوام بوو . دەتوانرێت ڕاپەڕینەکەی دواتری ئاراراتیش ، کە ساڵانی ۱۹۳۰/۱۹۲۹ لە هەڕەتیدا بوو ، هەر بە درێژەی ئەو شۆڕشەی شێخ سەعید دابنرێت.

بە بڕوای من ، لە مێژووی بزووتنەوەی نیشتمانیی کورد دا ، شۆڕشی شێخ سەعید، قۆناغێکی نوێی هێنایە کایەوە ، کە لەوەبەر ، بەو ئاستە نەگەیشتبوو. لەو ڕووەوە و بەو هۆیەوە کە ئەو شۆڕشە کایەی ئاغا و شێخەکان لە ئاست بەرپەرچدانەوەی حوکومەتدا ، بە ڕوونی دەردەخات ، کردمە دوا بەندی ئەم کتێبە.

## 5.1.1 چەند سەرنجێك دەربارەی ئەو سەرچاوانەی بۆ ئەم بەندە سوودم لێوەرگرتوون :

بەشی یەکەمی ، بە پلەی سەرەکیی ، پشت بەو سەرچاوانە دەبەستێت کە لە بەشەکانی پێشوودا نێوبراون ، بۆیە جارێکی دی پێویست بە باسکردنەوەیان ناکاتەوە . دوو بەشەکەی دواتری ، کە بەسەرهاتە مێژووییەکان دەستەبەند دەکات ، زێتر پشت بەو سەرچاوانە دەبەستێت کە مێژووی تورکیا شیدەکەنەوە ، وەك (Lewis: 1961, Shaw & Shaw : 1977, Avcioglu: 1974, Aydemir)

لە هەرجێیەك سوود لە سەرچاوەی دی وەرگیرابێت ، لە سەرنجەکاندا قامکی بۆ ڕادەکێشم . پاشماوەی ئەم بەندە ، پشت بەو هەڤپەیڤینانە دەبەستێت کە لەگەڵ کەسانێك کراون ، تەواو پیربووبوون و ڕاپەڕینەکەیان هێشتا هەر لەیاد بوو، ئەمە جگە لەو سەرچاوە پلەیەکانەی لەبەردەستدا بوون .

من بۆخۆم هێند لە مەکۆی ڕاپەڕینەکەدا نەمامەوە ، بەلاّم توانیم لەگەڵ پیرەپیاوانی زۆری ناوچەکانی خواروو و خوارووی خۆرهەلاّتی مەڵبەندی شوێن ڕاپەڕینەکەدا قسەبکەم . لە سوریا چاوم بە کەسانێکی زۆر کەوت ، کە خەڵکی ئەو ناوچەیە بوون و لە دەست زۆر و ستەمی تورك هەڵهاتبوون . زۆربەی ئەو بەسەرهاتانەی بۆیانگێڕامەوە ، تا ئەندازەیەك سوودبەخشبوون . شۆڕشەکە خۆی بە قۆناغێکی پاڵەوانانەی مێژووی کورد دادەنرێت ، وەلێ زانیارەکانم بەسەرهاتەکانیان هێند گێڕابووەوە ، ئەستەم بوو ڕاست و درۆی لێك هەڵبوێردرێت . زۆریشیان هێند وورد و بەشێوەیەك بەرجەستە بوون ، جوداواز لەوانەی دی ، هێندەی توانیبێتم لەگەڵ سەرچاوەکان بەراوردیان بکەم ، جێگەی باوەڕبوون :

### 5.1.1.1 مەلا حەسەن هوشیار :

کە ڕاپەڕینەکە دەستیپێکرد ، ئەو تەمەنی ٢٠ ساڵان بوو ، ئەفسەرێکی لاوی ئۆردووی تورك بوو و لە سیلڤان ، ( میافارقین ) . بەهۆی خزمایەتییەکی دوورەوە لەگەڵ شێخ سەعید دا ، کاتی ڕاپەڕینەکە ، هەمیشە لەتەکییدا بوو . پاش گرتنی شێخ ، یەکێك بوو لەوانەی درێژەی بەشەڕی چەتەگەرێتی دا ، هەتا ئەمیش لە ١٩٢٧ دا بە زامداری دەستگیر کرا . پاش لێخۆشبوونەکەی ١٩٢٨ ، ئازادکرا . هەمان ساڵ ، کاتێك هەواڵی شۆڕشی ئارارات دەبیستێت ، بۆ خەباتکردن دەچێتە ئەوێ و تا دارمان و هەرەسی شۆڕشەکە ، تێدەکۆشێت . پاش ئەوە ماوەیەك لەتورکیا دا خۆ دەشارێتەوە و ئەوجا بۆ سوریا هەڵدێت .

لە گێڕرانەوەکانیدا ، کایەیەکی سەرەکیی بە شێخ سەعید دەدا ، وەك هەموو سەرچاوەکانی دی و هەرچەندە هیچ گومانی لە عیرفان و سەر ڕاستیی شێخ نەبوو ، بەڵام پێیوابوو شێخ بەرلەوەی شێخ بێت ، نەتەوەپەرستێکی کورد بوو ، مەسەلە ئاینییەکەی وەك چارشێوێك لە خزمەتی مەسەلە نەتەوەییەکەدا ، بەکاردەهێنا .

### 5.1.1.2 مەمدوح سەلیم :

لە بنەچەدا خەڵکی ناوچەی ڤانە ، ساڵی ١٩١٢ ، یەکێك بووە لەدامەزرێنەرانی کۆمەڵەی ( هێڤی ) خوێندکارە کوردەکان . کاتی دەستپێکردنی یەکەم جەنگی جیهانیی ، لە ئەرزڕوم ئەفسەردەبێت . پاش ئاگربەست ، وەکی ڕۆژنامەنووسێکی هەڵکەوتوو ، لە ئەستەموڵ ، دەچێتە ڕیزی نەتەوەپەرستانی کوردەوە . پێناچێت ڕاستەوخۆ تێکەڵی شۆڕشەکەی شێخ سەعید بووبێت ، هەرچەندە لەگەڵ ( ئازادیی ) دا پەیوەندییەکی هەبووە . ساڵی ١٩٢٧ یەکێك بووە لەدامەزرێنەرانی ( خۆیبوون ) ، کە بنکەی سەرەکیی لە سوریا بووە و یەکێك بووە لە نەخشەکێشانی شۆڕشی ئارارات . هیچ حەزی بەوە نەبوو باسی کایە و ڕۆڵی خۆی بکات ، وەلێ زانیاری بەسوودی دەربارەی کەسانێکی کەم و هەندێك پێشهات ، لەکن بوو . پێدەچوو چاك دەرس دادرابێت .

### 5.1.1.3 شێخ محەمەد عیسا سەیدا :

لەکاتی ڕاپەڕینەکەدا هێشتا منداڵ بوو . بابی شێخێك بووە لە هۆزی جبران و چالاکانە لە ڕاپەڕینەکەدا بەشداریی کردووە . خۆی بەو منداڵییە و دایکیشی ماوەیەك لەسەر بابی دەگیرێن . پاشان بەو هۆیەوە کە دایکی چەرکەس دەبێت نەك کورد ، ئازاد دەکرێن . ١٩٢٩ بۆ سوریا هەڵدێن . خزمانی تورکیای زوو زوو دەچنە سەردانی و زانیارییەکانی دەربارەی ڕاپەڕینەکە هەیبوو ، لەوانی وەرگرتووە .

### 5.1.1.4 عارف بەگ :

کوردێکی زازای خەڵکی مادن بوو. ساڵی ١٩٢٥ لە دیاربەکر، ئەندازیاری کشتوکاڵ بووە و هەندەك ئاگادارە لە گوندی تەختانییەکاندا، ئەودەم چ ڕوویداوە.

لە نێو سەرچاوە نووسراوەکاندا ، نووسینەکانی سلۆپی (١٩٦٩ ) ، فرات (١٩٧٠) ، دەرسیمی (١٩٥٢)، زۆر گرنگن، چونکە خۆیان ڕاستەوخۆ لە هەندەك لەو ڕووداوانەدا بەشداربوون . سلۆپی ، یاخود با نێوە ڕاستەقینەکەی بڵێین ، قەدری بەگ جەمیل پاشا ، یەکێك بووە لە ئەندامانی سەرکردایەتی جەمعییەتی تەعالیی کورد لە دیاربەکر و دواتر پاش هەڵهاتنی بۆ سوریا ، دەبێتە ئەندامی خۆیبوون . ئەو باسی پێکهاتەی ڕێکخراوە سیاسییە کوردییەکانمان لەدیوی ناوەوە بۆ دەکات .

فرات ، کوردێکی عەلەوی سەربەهۆزی خۆرمەك بوو ، کە چالاکانە لە دژی شۆڕشەکەی شێخ سەعید جەنگاوە . لە کتێبە عەنتیکەکەیدا ، دەیەوێت بیسەلمێنێت ، کە کورد سەرلەبەریان تورکن ، بەو پێیە هەموو کوردە نەتەوەپەرستەکان ، خیانەت لەمەسەلەی تورکایەتییان دەکەن . گشت هۆزە عەلەوییەکان ، تایبەت هۆزەکەی خۆی ، بە خزمەتکار و دڵسۆزێك و پارێزەرێکی کۆماری تورکیا دادەنێت . لەگەڵ ئەو کەم و کووڕییانەشیدا ، هێشتا سەرچاوەیەکی بە بڕشتە بۆ ڕووداوەکانی ناوچەی سەرووی خۆرهەلات لەکاتی ڕاپەڕینەکەدا . پێدەچێت باسی ڕووداوەکانی تا ئەندازەیەك ، وورد و ڕاست بن . کتێبەکە خۆی لە خۆیدا مێژوویەکی سەیری هەیە : بۆتە یەکێك لەسەرچاوە کلاسیکییەکانی پڕوپاگاندەبازیی دژبەکورد . ساڵی ١٩٤٥ ، پاش بڵاوبوونەوەی ، ئاژاوەیەکی زۆری نایەوە . خۆشی لەلایەن یەکێکەوە کوژرا ، کە دوژمنایەتی دێرینەی لەگەڵ هۆزەکەیدا هەبوو . پاش کودەتا سەربازییەکەی ١٩٦٠ ، ژەنەراڵ جەمال گیورسلی سەرۆکی وولات و سەرۆکی وەزیران ، کە هێرش و شاڵاوی بۆسەر نەتەوەپەرستانی کورد دەستپێکرد ، جارێکی دی ئەو کتێبەی فراتی بە وەزارەتی پەروەردە چاپکردەوە و پێشەکییەکی پڕ پێداهەڵدانی بۆ نووسی و زۆر

بەڕێزەوە ، وەك كەسێكی ئیدیالیستی مەزن ، باسی نووسەرەكەی دەكات . ساڵی ١٩٧٠ ، بۆ سێهەمین جار چاپكرایەوە . پاش كودەتا سەربازییەكەی ١٩٨٠ ، مەڵبەندێكی لێكۆڵینەوەی نیوە ڕەسمیی بۆ توێژینەوەی كولتوری تورك دامەزرا ، كۆمەڵێك لەو كتێبانەی چاپكرد كە گوایە دەیسەلمێنن ، كورد لە بنەچەدا توركن ، یەكێك لەوانە چاپێكی نوێی ئەو كتێبەی فرات بوو .

دەرسیمیی ، كاتی ڕاپەڕینەكە لە هەڕەتی لاوییدا و پزیشكی بەیتاڵ بووە . ئەندامی جەمعییەتی تەعالیی كوردستان بوو ، لە ڕاپەڕینەكەی ١٩٢١/١٩٢٠ ی قۆچگیریی خۆرئاوای دەرسیمدا ، چالاكانە بەشداربوو . سالأنی دواتریش هەر پەیوەندییەكی توند و تۆڵی دەگەڵ بزووتنەوەی ئازادیخوازانەی كورد دا هەبوو . بەلأم پێدەچێت لە گێڕانەوەی بەسەرهاتەكانی ڕاپەڕینەكەدا زۆر پشت بە نووسینەكانی فرات ببەستێت .

چەندین ساڵ پاش شۆڕشەكە ، ڕێكخراوی خۆیبوون ، كۆمەڵێك نامیلكەی بلأوكردەوە ، كە زێتر بابەتی پڕوپاگەندەیی بوون ، بەلأم گەر هۆشیارانە تێیانڕوانرابا ، بێ سوود نەبوون ، لەوانە : (Sureyya Bedr Khan: The Case of Kurdistan against Turkey, Philadelphia, 1928) ، نەناسراوێك ، (Les massacres KURDES en Turquie), Cairo, 1928. (Dr. Bletch Chirguh: La question kurde, ses origines et ses causes, Cairo, 1930)

ئەو سەرچاوە توركییانەی بۆ هەواڵی ڕاپەڕینەكە سوودم لێوەرگرتوون ، بریتی بوون لە : ڕۆژنامەكانی ئەو سەردەمە ، تایبەت ڕۆژنامەی جەمهورییەت . بیروڕاكانی ئەتاتورك خۆی ، لە گوتە درێژەكەی ١٩٢٧ یدا بەجوانی ڕەنگدەداتەوە . ئەو ژیننامانەی ئەتاتورك و ئینونو ، كە ئایدەمیر نووسیونی ، زانیاریی چاكیان تێدایە ، هەروەها نووسینەكانی Avicioglu ش . كۆمەڵێك سەرچاوەی دەستی دووهەم و سێهەم بە توركی و زمانەكانی دی هەن و پشتم پێبەستوون ، لە سەرنجەكاندا پەنجەم بۆ ڕاكێشاون .(1) سەرچاوەیەكی دی ، كە زۆر سوودمەندە، ئەرشیفی وەزارەتی دەرەوەی بەریتانیایە ، لە (Public Record Office, London) ) دا. دیارە ئینگلیز ئەودەم ، مەیل و ئارەزوویەكی زۆری بۆ كێشەی كورد هەبووە ،

ئـەوەش لـەو فايلـە پـڕ و چڕانەدا دەدرەوشـێتەوە کـە دەربـارەی تورکيـا و عێـراق کۆکراونەوە .

## 5.2 مێژووی بەهۆشهاتنەوەی هەستی نەتەوایەتی لە کن کورد :

بیری نەتەوایەتی کورد ، وەك ووزەیەکی کۆمەڵایەتی بەنرخ ، دیاردەیەکی نوێیە . ئیدی ئەمە ئەوە ناگەیەنێت ، کە پێشتر کورد هەستی نەتەوایەتی نەبووە . جوداوازیی زمانی کورد لە زمانی هاوسێکانی ، ڕوون و ئاشکرابووە ، بەڵگەی دێرینی ئەوەش هەیە ، کە کورد لە گەلەك ڕووی دیکەوە ، لە تورك و عارەب و فارس جوداوازە ، چ جای هاوسیێ نا موسڵمانەکانی . بەو پێیە شاعیری کورد ئەحمەدی خانی ، سەدەی حەڤدەهەم ، لە کۆپلەیەکی پێشەکی مەم و زینەکەیدا ، بەنێوی " دەردێ ما " وە ، زوخاوی کەرتکەرتی و لەت و پەتیی کوردستان هەڵدەڕێژێت ، کە بۆتە هۆی ئەوەی ببنە ژێردەستەی عوسمانی و صەفەوی و ئیمپراتۆرێتە کۆنەکانی دی . هەموو ئاواتی ئەوەبووە ، پاشایەك لەنێو کورد دا هەڵکەوێت :

گەر دێ هەبووا مە ئیتیفاقەك
ڤێکرا بکرا مە ئینقیادەك
رۆم و عارەب و عەجەم تەمامی
هەمەیان ژ مە را دکر خولامی
تەکمیل دکر مە دین و دەوڵەت
تەسهیل دکر مە عیلم و حیکمەت (2)

ئەو هۆنراوانەی خانی ، لە سەرتاسەری کوردستاندا دەخوێنرێنەوە ، لەبەریان نوسراونەوە و مەلاکان پاراستوویانن ، فەقێکان لەگەڵ سوورەتەکانی قورئان و شیعرەکانی حافز و سەعدی و ئەوانی دیدا ، لەبەریانکردوون . بەشێوەیەکی گشتی ، وەك ئەفسانەیەکی نەتەوایەتی کورد ، لە مەم و زین دەڕواندرێت . بۆیە بەدوور نازانرێت کە هەڵڕشتنی ئەو دەردەدڵ و زوخاوەی خانی، ڕەنگدانەوەی دەرد و ئازاری پەنگخواردووی چەندین سەدەی کورد نەبێت .

هەرچەندە زۆربەی کورد ، لەو ئارەزوو و ئامەزرۆییەدا ، هاودەنگی خانیین ، وەڵێ ئەو ئاواتە هیچ کات کوردی یەکنەخست . قەت سەرەکهۆزە قەستەسەر و مێملەکانی یەکدی ، لە هاوکاریی و ئالیکاریی دوژمنی دەرەکیی نەگێڕایەوە و بۆ یەکێتی و یەککەوتن لەدژی دوژمنی سەرەکیی نەیبزواندن .

ئەوە کرۆك و گەوهەری بیری خانییە و پێیوابووە تەنها پاشایەك دەتوانێت کورد لەو سەرگەردانییە قوتارکات و نەهێڵێت چیدی دژی یەکدی بجەنگن و لە ژێردەستەیی رزگاریان بکات و بەرەو پێشکەوتن و پشکووتن ڕێبەرایەتییان بکات. لەبەرهەمەکەی خانییدا ، بیر و ئایدییایەکی ڕووت نابینین کە ئیلهامبەخشی بزووتنەوەی نەتەوایەتی بێت . گرنگ بەلای ئەوەوە ، بوونی ڕێبەرێکی ژیر و بەهێزە . لایەنی کەم ، تا بیستەکانی ئەم سەدەیەش بزوێنەری یەکەمی بزووتنەوەکان ، لایەنگری بووە لە سەرکردەکان ، نەك هەست و هۆشی نەتەوایەتی و نیشتمانیی . ئیدی لەو دەمەوە " نەتەوەپەرستیی " بووە هێزێکی هاندەری گرنگ ، لەگەڵ ئەوەشدا هەر تای شایەنی ئەمەك و وەفاداریی بەرامبەر ڕێبەرانی میللی ، قورسایی زێترە .

### 5.2.1 قۆناغەکانی ناسیۆنالیزمیی :

ئیدی کاتی ئەوەهاتووە دەستنیشانی قۆناغەکانی سەرهەڵدانی هەستی نەتەوایەتی لەکن کورد بکەین . کۆنترین قۆناغ ، هەوڵدانی سەرکردە ناوچەییەکان بوو بۆ خۆ ڕاپسکاندن لە تەوق و کۆتی ژێردەستەیی و بەدیهێنانی سەرفرازیی و گێڕانەوەی شکۆی دێرین و بەرپەرچدانەوەی هەوڵی ژێرچەپۆکخستنەوەکانی حوکومەتی نێوەندیی . داخۆ سەردێڕی هەستی نەتەوایەتی ، یاخود بیری نەتەوایەتی ، بۆ ئەو جۆرە بزووتنەوانە دەشێن ، کە بەشێك بوون لە کاردانەوەی سیاسەتی دەوڵەتی نێوەندیی لە مەڵبەند و ناوچە کەنارکەوتووەکانیاندا ؟ ئەوە مەسەلەیەکە ، جێگەی گومان . برێك دەستەڵاتداری ناوچەیی ، ڕوون و ئاشکرا خۆی وەك ئەو پاشایە دەهاتە پێشچاو ، کە خانیی بە

ئـــاواتی دەخوازێـــت و پێداهەڵـــدەڵێت . باشـــترین و شـــیاوترین نموونـــە ، بزووتنەوەکـــەی بـــەدرخان بـــەگ و ســـەرهەڵدانێتی ، کـــە ســـەربەخۆ حـــوکمی ناوچـــەیەکی بـــەرفراوانی دەکـــرد . بەرپەرچـــدانەوەکەی ، هاتنـــە نێـــوەوە و دەســتتێکەڵکردنی ئیمپریـالیزمی ئـەوروپایی و هەوڵـەکانی دەوڵـەتی عوسمـانیی بوو بۆ بڕین و کۆتایی هێنان بە مەودای هێز و دەستەڵاتی میر .

بە داڕمانی میرنشینەکە ، کۆتایی بەو قۆناغە هات . هەرچەندە زۆربەی زۆری بزووتنـــەوەکانی پاشـــتریش هـــەمان کاردانـــەوەیان لـــە ئاســـتی هەوڵـــەکانی ژێـــر ڕکێفخســتنەوەی حوکومـەتی نێوەندییـدا پێشـانداوە . لەبەنـدەکانی پێشـوودا ، هۆکـارە تایبەتـەکان و گۆڕانکارییـە کۆمەڵایەتییـەکانی دوا قۆنـاغ توێژرانـەوە و دیتمـان چۆن شێخان خزانە خانەی بەوەجترین سـەرکردەی سیاسییەوە . بار و دۆخەکەی ئەو قۆناغە ، زەمینەیەکی چاکی بۆ خەیاڵپلاو خۆشکرد ، شێخانیش باشترین پالاوتە بوون ، بۆ ئەوەی کایەی مەهدێتی ببینن . بەو پێیە ، شێخانی بارزان و عوبەیدوڵلای نەهری ، لەنێو ڕەعییەتە هەژارەکانیاندا ، موریدی زۆریـان هـەبوو، چاوەڕوانی ئـەوەیان لێدەکردن جیهـان و ژیـانێکی نـوێ و باشـتریان بـۆ دامەزرێنن . ڕەنگە شۆڕشەکەی شێخ عوبەیدوڵلا ، کەمترین لێلایی پێوەدیاربێت ، تـا وەك نموونەیـەك بۆ ئـەو قۆنـاغی گەشـەکردنەی ناسیۆنالیزمی کـورد بشێت . لـەو نامانـەدا کـە شێخ خـۆی ، بـۆ مژدەدەرە ئەمریکاییـەکانی ناردوون ، ئامانجـە نەتەوەییەکانی ، گەش گەش دەچریسکێنەوە . ویستوویە کوردستانێکیئۆتۆنۆم دابمـەزرێنێت و ( پاشـان تـەواو سـەربەخۆیکات) ، بۆیـە داوای کۆمـەکی دەرەکیـی کـردووە ، تـا هـەنگاو بەهـەنگاو بـۆ ئـەو ستراتیژییەی خـۆی کاربکـات . مەرامـە نەتەوەییـــەکانی و نەخشـــە و پلانـــە وورد چـــنراوەکەی ، ( کـــە لەگـــەڵ ئـــەو سـەرەکهۆزانەی پشتیاندەگرت و لـەو ڕووەوە هـاوبیربوون ) ، پێچـەوانەی هەڵپـەی پەلە و ئاژاوەگێڕی موریدەکانی بوو . ئەوان کەمتر هەستی نەتەوایەتی هانیـدەدان، زێتر دڵسۆزیی و گوێڕایـەڵی بـوو بـۆ شـێخ ، لـەوباوەڕەدا بـوون هـەر لەگـەڵ شـێخ جمـا و جڵـەوی سـەرکردایەتی گرتەدەسـت ، ئیـدی کۆتـایی بـە چەوسـاندنەوە و

هەژاریی دێت و جیهانێکی نوێ دەسازێت . گەر خەیاڵی مەهدێتی و نەخشەو پلان بۆ گەیشتنە ئامانج ، بەرامبەر یەکدی ڕاگرین ، دەتوانین ئەو هەڵوێستەی ئەوان بە خەیاڵپلاو نێوبەرین . گشت بەشدارانی ئەو شۆڕشە هەمان هاندەر کۆی نەکردبوونەوە ، زۆر خێڵەکیی تەنها بەوهۆیەوە دابوویانە پاڵ شۆڕشەکە ، کە سەرۆکخێڵەکانیان تێدا بەشداربوون .

کەواتە قۆناغی دووهەمی ناسیۆنالیزم ، مۆرکی خەیاڵی مەهدێتی و کایەی سەرکردایەتی گرتنەدەستی شێخی پێوە دیارە . لەنێو بەشدارانیدا چەوساوە و ستەملێکراو و دادۆشراوی زۆر هەبوون ، کە هێجگارکەم هەستیان بەو بارە نالەبارەی خۆیان دەکرد .[3] ئەم خەسڵەتە لە قۆناغەکانی دواتریشدا لەنێوناچێت و بە گۆڕراوی هەر زرپ و زۆپ دەمێنێتەوە . تەجرەبە سەلماندی ، خەیاڵ و هیوای پەتیی و تەنها دووکەوتنی سەرکردەیەکی پیاوچاك ، هەمووشت نیین و بەشناکەن . زێتر لەوەش ، تادەهات خەیاڵی هێنانەکایەی سیستێمێکی عیسائاساییانە و ئەو بیر و ئەندێشەیەی ، کە کوردیش نەتەوەیەکە و مافی یەکێتی و ژیانێکی سیاسی سەربەخۆی خۆی هەیە ، لەکن کورد بەرەواجتر دەبوو.

### 5.2.2 داخۆ کورد نەتەوەیە ؟ :

بیری " کوردبوون " بەو مانایەی نێوەرۆکەکەی دەیدات بەدەستەوە ، هیچ کات ڕوون و بێ گرێ و گۆڵ نەبووە . بەپێی گوتەکە و گوتەبێژەکە ، ڕەنگە چەندین دەستە و تاقمی پێ جودابکرێتەوە . بۆ نموونە ووشەی " کرمانج " بۆ نێونانی کوردە خێڵکییەکان بەکاردێت ، کاتێك بتەوێت لە خێڵەکییەکی تورك ، یا شارییەکی عوسمانیی ، یاخود ڕەعییەتێکی فەلە ، جودایکەیتەوە . یاخود دەتوانرێت بۆ زاری کرمانجیی بەکاربهێنرێت ، بە پێچەوانەی زاری زازاوە ، یاخود زارەکانی دی باشوورەوە . یاخود دەتوانرێت بۆ وەرزێران بەکار بهێنرێت ، لە بەرامبەر ئاغا ، یاخود فەرمانبەرانی عوسمانییدا . ئێزیدییەکان ، کە بەهەمان زاراو دەدوێن ، بەلام زۆر جار بۆ سووکایەتی ، " شەیتان پەرست " یان پێدەڵێن ،

برێك كوردی موسڵمان ، هەر بە كوردیشیان دانانێن . لەلایەكی دییەوە ، گەلەك سەرەكهۆزی كورد ، هەتا برێك جار تەواوی هۆزێك ، شانازی بە بنەچەی ڕاستەقینە ، یاخود هەڵبەستراوی عارەبییانەوە دەكەن . ئەو كوردانەی فەرمانبەر بوون ، یاخود كوردە شارییەكان ، زۆرجار خۆیان نێودەنا " عوسمانلی " ، چونكە ووشەی "كورد " ، هەروەك ووشەی " تورك " ، نیشانەی دواكەوتویی و لادێییەتی بوو .

ووشەی " ناسیۆن " ، یاخود " نەتەوە " ، یا " میللەت " ، بەو شێوازەی ئێمە لە ئەورووپا تێیدەگەین ، لە خۆرهەڵاتی نێوەند نە ناسراو بوو . تاكە دەستەو تاقمی گەورەتر لەخێزان ، یاخود لەخێڵ ، كە باوەڕی ئیسلام پەسەندی كردبێت ، " ئوممە " یە ، بەواتای كۆمەڵگەی موسڵمانان . لە ئیمپراتۆریێتی عوسمانیدا ، مافی تاكەكەسان ، پەیوەندیی بە باوەڕی ئاینییەوە هەبوو ، داخۆ موسڵمان ، یا وێنانی (ئۆرتۆدۆكس ) ، یا ئەرمەنی (گریگۆری ) ، یاخود جوو بوو . سێ دەستەكەی دوایی ، لە بوارەكانی ماف و كارگێڕییدا ، جۆرە سەربەخۆییەكیان هەبوو . كۆمەڵگەی موسڵمان خۆی ، لەنێوان زۆرینەی سوننی و عەلەوییەكاندا ، كە بە لادەر و بیرگەندەڵ نێودەبران ، لێكترازان و دووبەرەكییەكی تێدابوو . سوڵتانە عوسمانییەكان ، لەسەدەی شازدەهەمەوە ، بەشانازییەوە نێوی خەلیفەیان لە خۆ نا ، یانی سەركردەی گشت ئیمانداران .[4] بەو پێیە بەیعەتی گشت موسڵمانانی (سوننی ) یان دەستخست ، ئیدی بە كامە زمان دەدوان ، گرنگ نەبوو . چ زانایانی ئاینی و چ كاربەدەستانی عوسمانی ، جەختیان لەسەر یەكڕیزیی سوننەی كورد و تورك و عارەب و گشت سوننی مەزهەبەكانی دی دەكرد . ئاكامێكی كێشمەكێش و ململانێی نێوان عوسمانی و صەفەوی ، جوداوازییكردنی كاربەدەستان بوو لەنێوان موسڵمانانی سوننی و عەلەوییدا ، ( دیارە بەوپێیە كوردی سوننە و عەلەوییشی دەگرتەوە ) ، ئەوەش دوژمنایەتی لێكەوتەوە .

سوڵتان عەبدولحەمیدی دووهەم ، ( کە لە ١٨٧٦ ەوە تا ١٩٠٩ حوکمڕانیی کرد و لەدەرەوە و ناوەوە خەریکی پڕوپاگانتەی پانئیسلامیزم بوو ) ، لەدەستخستنی لایەنگیری رەعییەتە سوننییەکانیدا ، تاڕادەیەکی زۆر سەرکەوتوو بوو . سوارەی حەمیدییەش ، ئامرازێکی کاریگەری چاك بوو ، بۆ پەیوەستکردنی کوردی سوننی بە سوڵتانەوە . ئەمەك و وەفا و دڵسۆزیی هۆزەکوردەکان بەرامبەر سوڵتان ، ( ئەگەر بەرامبەر ئیمپراتۆرێتەکەش نەیانبووبێت ) ، لە هەست و پەیوەندییە ناسیۆنالیستییەکەیان ، توند و تۆڵتر بوو ، با ناسیۆنالیزمیش بەو مانایەی ئێستای ، لەکۆتایی ئەو سەدەیەدا هەست و سۆزی میللەتانی بزواندبێت.

ئەو ڕاستییە لە کۆپلەیەکی بیرەوەرییەکانی کوردێکی نەتەوەپەروەری وەك قەدری بەگ دا ، ڕوون ڕوون دەدرەوشێتەوە . بیری ناسیۆنالیستانەی ، لەکاتی خوێندنی ئەستەمولی دا ، ئەو دەمەی یەکەمین ڕێکخراوی ناسیۆنالیستی کورد شکۆفەی کرد ، گەشایەوە ، یاخود پتەوتربوو . ساڵی ١٩١٤ دەکرێتە سەرباز ، بەخت یاری دەبێت ، دەینێرنە تیپێکەوە کەهەمووی ، یاخود زۆربەی هەرەزۆریان، کوردی سەربەهۆزی حەسەنان و جەبران دەبن . وا چاوەڕوان دەکات بتوانێت بە کامی دڵ لەگەڵ ئەفسەرە کوردەکاندا دەربارەی " ناسیۆنالیزمی " کورد ، دەمەتەقێ بکات ، وەلێ ئاکام ، ناکامیی دەبێت .

" مەخابن ، ئەو ئەفسەرە خێڵەکییانە ، بەهۆی ئەو هەستی پەیوەندییەی لەگەڵ خەلیفەی ئیسلامدا هەیانبوو ، نەیاندەویست کەمترین شت دەربارەی کێشەی نەتەوایەتی کورد ببیستن " (5) .

دیارە لەو قۆناغەدا ، گشت سەرەکهۆزانی کورد ، بێ هەست و هۆشی نەتەوایەتی نەبوون ، بەڵام تا ئەتاتورك لە ١٩٢٤ دا ، ڕژێمی خەلافەتی هەڵنەتەکاند، شەپۆلێکی شۆڕشگێرانەی نەتەوەپەرستانە ، سەرتاسەری کوردستانی نەگرتەوە .

لە زاراوەی "نەتەوە" پڕ گێژاو و گێچەڵتر ، زاراوەی " دەوڵەتی نەتەوەیی "ە. گشت دەوڵەتانی خۆرهەلاتی نێوەند ، شیرازەیەکی فرە نەتەوەییان هەیە و بەو پێیە زۆر میللەتانی وەك کورد و ئەرمەن و جوو ، ( ئەگەر جوو بەڕاستی بەنەتەوە دابنێین ) ، بەسەر زێتر لە وولاتێکدا بەخشرانەوە . یەکێك لە سیماکانی دیکەی خۆرهەلاتی نێوەند ئەوەیە ، کە زۆرجار زێتر لە کۆمەڵەیەکی ئێتنی ، لەسەر هەمان خاك دەژێن . ئەو کۆمەڵە ئێتنییانە ، هەریەك لە پیشەیەکدا شارەزا و دەستڕەنگینن و بەو پێیە هەموو تاڕادەیەك وابەستەی یەکدین . ئا بەوجۆرە زێدی کورد و ئەرمەن ، زۆر تێکەڵن . هەرچەندە ڕەنگە خۆشیش نەبێت گەر بڵێم : کوشتار و قڕکردنی ئەرمەن ، بنەما و هاندەری ئەوە بوو ، کە بیر لەدامەزراندنی دەوڵەتێکی سەربەخۆی کورد بکرێتەوە .

## 5.2.3 بزووتنەوە ناسیۆنالیستیەکانی ئیمپراتۆرێتی عوسمانی :

زاراوەی لەم بابەتانە لە ئەورووپاوە داکەوتوون . هەر ئەورووپاش بوو ، تۆوی بیری ناسیۆنالیزمی وەشاند . دیارە ئێرە جێگەی ئەوە نییە باس لەمێژووی ناسیۆنالیزمیی میللەتانی نێو ئیمپراتۆرێتەکە بکەین [6] ، بۆیە من لێرەدا تەنها بنەما سەرەکییەکانی پێشچاودەخەم .

ناسیۆنالیزمی وێنانی و سلاڤی ، ئەورووپاییەکان بووژاندیانەوە و دنەیان دا . رووسیا مەیلێکی زۆری بەلای ئەرمەنییەکانەدا هەبوو ، چونکە لە حاڵەتی ڕووبەڕووبوونەوەی ، لەگەڵ دەوڵەتی عوسمانی دا ، ئەوان هاوپەیمانی بێ چەندو چوونی دەبوون . وەك ئاکامێکی ئەو هەڕەشە و مەترسییانە ، بڕێك ئیدیۆلۆژیی نوێ و تا ڕادەیەکیش دژبەیەك ، لە دەیەکانی کۆتایی سەدەی نۆزدەهەمەوە ، لەلایەن ڕۆشنبیرانی ئیمپراتۆرێتەکەوە قۆسترانەوە .

عوسمانیزم ، جۆرێك بوو لە نیشتمانپەروەریی ، لەسەر بنەمای هاوولاتێتی دەوڵەتی عوسمانی هەڵچوبوو . گوایە ئەو بیرە ، بەرژەوەندیی گشت هاوولاتیانی دەوڵەتەکەی وەك یەك دەپاراست ، بێ گوێدانە زمان و ئاینیان . بیری

پانئیسلامیزم ، شۆڕەسوار و کەوڵسووری خۆی ، لە سوڵتان عەبدولحەمید دا دۆزییەوە ، ( ١٨٧٦– ١٩٠٩ ) . ئەو بیرە ، کاژێکی دژە کۆلۆنیالیزمانەی پۆشیبوو . پانتورکیزم ، خەیاڵی رۆمانسییانەی کۆکردنەوە و یەکخستنی گشت میللەتانی تورک ، ڕەنگە ڕەگ و ڕیشەکەی لە کاردانەوە و ڕاستبوونەوە بەڕووی پانسلاڤیزمی تەزارەکاندا بدۆزینەوە ، یاخود بە چاولێکەریی ئەوان بووبێت .

بنچکی ئەو بیر و ئیدیۆلۆژییە ، لەنێو برێك لە چین و توێژەکانی کۆمەڵگەکەدا شین بوو : لەنێو سوپا و فەرمانبەران و دەرەبەگە گەورەکانی دانیشتووی شاردا . بزووتنەوەی تورکەلاوەکان ، ساڵانی هەشتاکانی سەدەی نۆزدەهەم ، لە نێو ڕۆشنبیرترین و تێگەیشتووترین توێژاڵدا سەری هەڵدا ، بیرێك بوو زۆر کەوتبووە ژێر تین و تاوی بیری لیبەرالیزمی فەرەنسی و فەلسەفەی پۆزەتیڤیزمەوە . تورکە لاوەکان بەرنامەی مەشروتییەتیان داڕشت ، وەك بەرپەرچدانەوەیەکی دەستەڵاتی ڕەهای سوڵتان و عوسمانیزم و لیبەرالیزم . بزووتنەوەکە سەرەتا نێوی "عوسمانیی نوێ" ی لەخۆ نا ، " تورکانی لاو " ، " ژۆن تورك " ، ڕووپۆشێك بوو، لەدەرەوە هاتوو ، پاشان گشت لایەك پەسەندیان کرد . سەیر ئەوەبوو ، کە زۆربەی دامەزرێنەرە هەرە دیارەکانی ، موسڵمانی نا تورك بوون . دوو ڕۆشنبیری کورد ، عەبدوڵلا جەودەت و ئیسحاق سوکووتی ، کایەیەکی هێجگار گرنگیان تێداگێڕا ، [7] . لایەنگرانی سوڵتان ، شەیدای پانئیسلامیزم بوون و تورکانی لاو دژی بوون ، چونکە هاوسانیی گشت هاووڵاتیانی عوسمانیی بەدرۆ دەخستەوەو بڕ و بیانووی بۆ دەستەڵاتی ڕەهای سوڵتان دادەتاشی .

وەلێ بزووتنەوەی تورکانی لاو ، هێدی هێدی کەوتە ژێر تین و تاوی بیری ئەفسووناوی پانتورکیزمەوە . تورکناسە ئەوروپاییەکانی وەك Leon Cahun ، بەهۆی ئەو پەیوەندییە چاکەی لەگەڵ پێشقەرەوڵانی رۆشنبیرانی تورکدا هەیانبوو ، کایەیەکی مەزنیان لە پیادەکردنی ئەو بیر و باوەڕەدا گێڕا . بەو هۆیەوە کە میللەتە فەلەکانی ئیمپراتۆرێتی عوسمانیی ، عوسمانیزمیان بەگەن نەدەکرد ، ناسیۆنالیزمانی فەلە و ناسیۆنالیزمانی تورك ، بوونە ماکی گەشە و

بەهێزبوونی یەكدی . پاش كودەتای ١٩٠٨ ی توركانی لاو ، ( جەمعییەتی ئیتیحاد و تەرەقی ) ، كە دەستەڵاتداری راستەقینە بوو ، بەلاّم لەپشت پەردەوە حوكمڕانیی دەكرد ، ئاشكرا برەوی بە بیری شۆڤێنیستی توركە ناسیۆنالیستەكان دەدا و نەیدەتوانی بیشارێتەوە . پێدەچێت ناسیۆنالیزمی میللەتە موسڵمانەكانی دی ئیمپراتۆرێتەكە ، وەرام و كاردانەوەیەك بووبن ، لە ئاستی هەڵچوون و كەف و كوڵی بیری ناسیۆنالیزمی تورك و هەوڵی پانتوركیزمانەیاندا .

بۆ ئەوەی بتوانین بزووتنەوەی ناسیۆنالیستانەی كوردی ئەو سەردەمە ، بخەینە ئەو خانە مێژووییەوە كە شایانێتی ، دەبێت گەشتێكی كورتیلە بە پێكدادان و تێكبەربوونەكانی یەكەم جەنگی جیهانی و شەڕەكانی سەربەخۆیی توركیادا بكەین .

### 5.3 كۆتایی ئیمپراتۆرێتی عوسمانی و دامەزراندنی كۆماری توركیا :

ساڵی ١٩٠٨ ، ئەفسەرە توركەكانی ئەندامی ( جەمعییەتی ئیتیحاد و تەرەقی )، سوڵتان عەبدولحەمیدیان ناچاركرد ، یاسا و دەستووری وولاّت سەرلەنوێ داڕێژێتەوە و هەڵبژاردنی پارلەمانێكی ئازاد پەسەند بكات . قانوننامە ، كە بیرازێكی كەم كرا ، بەڵێنی هاوسانیی و هاوشانیی بە گشت هاوولاّتیان دا ، بێ گوێدانە ئاین و زمانیان و گفتی دەستەبەركردنی ئازادییەكانیشی پێدان . ماوەیەكی كورت ، گەشبینی و نیشتمانپەروەریی عوسمانییانە زاڵ بوو . وەلێ هەرزوو ئەوە ئاشكرابوو ، كە نەخۆشییە سەخت و گرانەكانی ئیمپراتۆرێتەكە ، بە بیرازكردنێكی كەمی قانوننامە تیمار ناكرێن . ئیمپراتۆرێتی عوسمانی ، لەماوەی نیو ساڵدا ، هێند خاك و زەوی لەدەست دا ، گەلەك زێتر لەوەی ، تێكڕا لەماوەی سی ساڵ لەوەبەردا لەدەستی دابوو . ئەو كێشە و دەلاقە گەورە دەرەكییانە و سەرنەكەوتنی هەوڵەكانی دژەشۆڕش لە بەهاری ١٩٠٩ دا ، دەستاوێژیان بە ( جەمعییەتی ئیتیحاد و تەرەقی ) دا ، زێتر و زووتر دەستەڵات بگرێتەدەست . سێ ئەندامیان ( ئەنوەر و تەلعەت و محەمەد جاوید ، كە

وەزارەتــەکانی جــەنگ  و نێوخــۆ و  داراییــان بەدەســتەوە بــوو )، تــا دەهــات دەستەلاَتی دیکتاتۆرانەی خۆیان برەوپێدەدا . ساڵی ١٩١٤ ، ئەو سێ کوچکەیە ، تورکیایان وەك هاوپەیمانێکی ئاڵەمان و ئوتریش خستە گێژاوی یەکەم جەنگی جیهانییــەوە ، بــەو ئومێــدەی خاکــە لەدەستچــووەکان دەســتخەنەوە و گەلــە تورکەکانی قەوقاز و ئاسیای نێوەندیش ، لەژێرچنگۆڵەیی روسیا ئازادکەن .

## 5.3.1 کوشتاری ئەرمەنییەکان و هێرشی روسیا :

لــە مایســی ١٩١٥ دا ، فەرمانــدرا هەرچــی ئەرمــەنیی خۆرهــەلاَتی ئەنەتۆلــە ، ڕاگوێزرێن ، لەترسی ئەوەی نەبا بدەنەپاڵ روس و لەپشتەوە دەست لە ئۆردووی تــورك بوەشــێنن . هەنــدەك لــەو ئەرمەنییانــە گەیەندرانــە ئــەو ئۆردوگایانــەی لــە ســەرووی عێراق و نێوەنــدی ســوریا دا بۆیــان ئامادەکرابوو ، زۆریــان هــەر لەڕێگــە تێداچــوون ، یــاخود بەدەســتی ژەندرمــەی تــورك ، یــا هاوســێ کوردەکانیــان ، بــێ بەزەییانە کوژران . گەلێکی دیکەیان لەو ڕاپەڕینەی ڤان دا کوژران ، کە بەکۆمەکی روس و دژی ئــەو تاوانانــەی بەرامبــەریان دەکــرا ، لــە ژوڵی ١٩١٥ دا بــەرپایان کــرد، .[9]

ســەرەتای ســاڵی ١٩١٦ ، لەشــکری روس پــەلاماری خۆرهــەلاَتی ئەنــەتۆلی دا و زۆر موسڵمانیان بەرەو خواروو و خۆرئاوا هەڵبڕی . هەر ئەو ساڵە ، روس گەیشتە ئــەرزنجان و لــەوێش تێپــەڕی . ئــۆردووی ئینگلیــزیش لــە هندســتان ، لــە قــۆڵی خوارووەوە پەلاماری میسۆپۆتامیایان دا . لەوێ هێزی بــەرگریی عوسمــانی بــەهێز و توانــاتربوو و بەرپەرچــی هێرشــەکانی ئینگلیــزی دایــەوە و گێڕانییــەوە . لــە فێبریــوەری ١٩١٧ دا ، هێزەکــانی ئینگلیــز هەمدیســان کــووت و عــەمارەیان داگیرکــردەوە ، ( کــە ٤٠٠ کیلۆمــەترێك دەکەونــە خــوار بەغداوە ) . ئــەو دوو شــارە لەهێرشــەکەی یەکــەمجار دا گــیران ، دوایــی ئینگلیــز ناچــارکرا بکشــێتەوە و بــۆ تورکیان چۆڵکات ، پاشان گرتنیانەوە و بەرەو ژوور ملیان نا ، بۆ داگیرکردنی چاوگەکانی نــەوتی کــەرکوك و موســڵ و  تــا بگەنــە هێزەکــانی روس لــە بــاکوردا .

بەڵام شۆڕشی بەڵشەفی بارەکەی لێشێواندن ، چونکە هێزەکانی خۆیان لە ناوچە داگیرکراوەکان ، کێشایەوە . پشکێکی زۆری چەکەکانی خۆیان بۆ ئەرمەنەکانی ئەنەتۆل جێهێشت . جۆرجی و ئەرمەنی و ئازەرییەکانی خوارووی قەوقاز ، لە دیسەمبەری ١٩١٧ دا کۆماری پشتی قەوقازی سەربەخۆی خۆیان دامەزراند و عوسمانییەکانیش دانیان پێدانان . ئیدی تیپە چەکدارە ئەرمەنییەکانی ئەو کۆمارە و ئەرمەنەکانی ئەنەتۆل ، کەوتنە تۆڵەستاندنەوە لە موسڵمانانی دەوروبەریان و گەلەکیان لێکوشتن . سەرەتای ١٩١٨ ، ئۆردووی عوسمانیی ، لە دیاربەکر و ئەرزنجانەوە بەرەو خۆرهەڵات ڕۆشتن ، زۆر ئەرمەنیان ناچارکرد بۆ قەوقاز هەڵێن . چەکدارە بەکرێگیراوەکانی کوردیش ، دەستێکی چاکیان لەو چالاکییانەدا هەبوو .

## 5.3.2 شەڕ ڕاگرتن و دابەشکردنی ئیمپراتۆرێتەکە :

ئەو پێشڕەوییانەی بەرەی خۆرهەڵات ، ( کە تا چاڵەنەوتەکانی باکۆی کەناری دەریای قەزوێنیش گەیشتن ) ، نەیانتوانی ئەو زیانانە قەرەبوو بکەن ، کە لە باشوور و خۆرئاوادا پێیانکەوت . لە ٣١ ی ئۆکتۆبەری ١٩١٨ دا ، دەوڵەتی عوسمانی ناچاربوو بە بڕیاری شەڕڕاگرتن و داگیرکردنی خاکەکەی لەلایەن هێزە هاوپەیمانەکانەوە رازی بێت . ئەو دابەشکردنەی ئیمپراتۆرێتەکە ، کە پێشتر سایکسی نوێنەری بەریتانیا و پیکۆی نوێنەری فەرەنسا لەسەری رێککەوتبوون، سەپێندرا . سوریا و لوبنان و قەلقیلیا بە فەرەنسا بڕا ، بەریتانیاش فەلەستین و ئەردەن و عێراقی بەرکەوت . پێشتر روسەکان داوای ئەستەموڵ و تەنگەی دەریاکانیان دەکرد ، کە بایەخێکی ستراتیژیی زۆریان هەبوو ، بەڵام رژێمی سۆڤیەتیی نوێ ، دەستی لەگشت چاوچنۆکییە ئیمپریالیزمییەکان هەڵگرت و وازی لەو داوایەی هێنا . ئینگلیز دەستبەجێ بۆ گرتنی ئەو شوێنە ستراتیژییانە ئامادە بوو . ئیتالیا بەشێکی خوارووی خۆرئاوای ئەنەتۆلی گرت ، هێزێکی هاوبەشی هاوپەیمانانیش ( وێنانی ، ئیتالی ، فەرەنسی و ئینگلیزی ) ، ئەزمیر و

ناوچەکانی پشتەوەیان گرت . لەسەرووی ئەنەتۆلی نێوەند دا ، کە وێنانییەکی زۆری لێدەژیا ، هەوڵدرا دەوڵەتێکی وێنانی لێدامەزرێندرێت بەنێوی دەوڵەتی ( پۆنتوس ) ەوە . ئینگلیزیش لە هەوڵی ئەوەدابوو ، دەوڵەتێکی ئەرمەنیی سەربەخۆ دابمەزرێنێت ، کە نەك تەنها شەش ویلایەتەکەی ڤان و ئەرزڕوم و سیڤاس و مەعمورەتولعەزیز و بەتلیس و دیاربەکر بگرێتەوە ، کە ماوەیەك بوو بە خاکی ئەرمەن دادەنران ، بەڵکە ویلایەتەکانی قارص و ئەردەهان و باتومیشیان خرابووە سەر ، ئەو ویلایەتانەی ماوەیەکی کورت لەوەبەر ، رژێمی شۆڕشگێڕی مۆسکۆ دەستی لێهەڵگرتن و بۆ تورکیای گێڕانەوە . لەو کۆنفرانسی ئاشتییەدا ، کە سەرەتای ١٩١٩ لەپاریس سازکرا ، تەنها بەریتانیا و فەرەنسا و ئیتالیا ، داوای پشکی خۆیان نەدەکرد ، بەڵکە نوێنەرانی وێنان و ئەرمەن و زایۆنیستەکان و عارەب و کوردیش ، داوای بەشەخاکی خۆیان دەکرد . پەیمانی سیڤەری ١٩٢٠ ، کە ئاکام و سەرئەنجامی ئەو کۆنفرانسە بوو ، دامەزراندنی دەوڵەتێکی ئەرمەنیی لە ویلایەتەکانی ترابزون و ئەرزەڕوم و ڤان و بەتلیس دا پێشچاوگرت ، لە خاڵەکانی ٦٢ و ٦٤ دا ، بوار بۆ دامەزراندنی کوردستانێکی سەربەخۆش هێڵرایەوە .

### 5.3.3 جەنگی سەربەخۆیی تورکیا :

پەیمانی سیڤەر ، هەر بە مردوویی لەدایك بوو . ئەو حوکومەتە نوێیەی پاش شەڕڕاگرتن لە ئەستەمولْ دامەزرا ، قورەچەورەیەکی دەستی هاوپەیمانان زێتر نەبوو . خەڵکیی هێجگار لەو حاڵ و بارە ناڕازیی بوون . پیاوە ئاینییە کۆنەخوازەکان و ناسیۆنالیستانی تورك ، لە گشت چین و توێژەکان ، لە داگیرکردنی وولاتەکەیان بەدەستی هێزی بێگانەی کافر ، تووڕە و ئاڵۆز بوون . لیبەراڵەکان ، بە دڵگرانییەوە ، دەیاندیت چۆن چۆنی ئەو حوکومەتە ، دەستکەوتە دێمۆکراسییەکانی سەردەمی تورکانی لاو ، بەهەدەردەدات و هێدی هێدی لێی پاشگەزدەبێتەوە .

لە ناکاو ، لەسەرتاسەری وولآتدا ، دەستە و تاقمی چەکدار دروست بوون و دەستیانکردە شەڕی چەتەگەریتی لە دژی هێزە داگیرکەرەکان . لە مایسی ١٩١٩ دا ، لەشکری وێنان ، خۆرئاوای ئەنەتۆلی داگیرکرد و ئینگلیز و فەرەنسا و ئەمریکاش متەقیان نەکرد و گوێی خۆیان لێخەفاند . گەلەك موسلمان کوژران و تالأن کران . سەنگەرەکانی بەرگریی تورکیا گیران و خاکێکی زۆر داگیرکرا . هەواڵی ئەو پێشهاتانە کلپەی لە هەستی نەتەوایەتی تورك بەردا و بۆ تۆڵە هانی دان . چاوەڕوانی هیچ لە حوکومەتی ئەستەموڵ نەدەکرا .

هەر لەگەڵ تروسکەی هیوایەك پەیدابوو ، بەزوویی تەنییەوە و جێی خۆی کردەوە . مستەفا کەمال ، ژەنەراڵی ئازیز و لێهاتووی تورك ، کە لە مایسی ١٩١٩ دا ، بۆ پشکنین نێردرابووە خۆرهەلأت ، ئەرکی یەکخستن و ڕێکخستنی دەستە و تاقمە چەکدارەکان و دامەزراندنی دەزگەیەکی سوپایی و مەدەنی خستە سەرشانی خۆی ، تا تورکیا لەژێردەستەیی هێزە بێگانەکان ئازادکات . هاوکاریی و پشتیوانی و پشتگیری بەتواناترین و نێودارترین سەرکردەکانی سوپای مسۆگەر کرد و دوو کۆنگرەی سازکرد و بەردی بناغەی حوکومەتێکی نوێ و پارلەمانێکی هەلبژێردراوی دانا .

یەکەم کۆنگرە ، لە ژول و/ ئۆگوستی ١٩١٩ دا لە ئەرزڕوم سازکرا و تەنها نوێنەرانی پارلەمانی ویلایەتە خۆرهەلأتییەکان تێدا بەشداربوون. لە ئەنجامدا کۆمیتەیەکی سەرەوکاریی هەلبژێردرا و ئەرکی حوکومەتێکی کاتیی پێسپێردرا.[10]

کۆنگرەی دووهەم ، مانگێك دواتر لە سیڤاس سازکرا ، لەمەیاندا ، نوێنەرانی هەموو تورکیا ، بەشداربوون . کۆنگرە کۆمەلە بڕیارێکی دا ، کە جەختی لەسەر داخوازیی پاراستن و هێشتنەوەی قەوارەی هەموو ناوچە موسلماننشینەکانی ئیمپراتۆرێتی عوسمانیی و ئازادی و سەربەخۆیی نەتەوایەتی دەکرد و لەحالەتی ناچارکردنی حوکومەتی ئەستەمولدا ، بۆ دەستبەرداربوونی بڕێك لەو ناوچانە ، ئەمان بەرگریی بکەن . دواتر هەر لەهەمان سالدا ، هەلبژاردنی پارلەمان

لە ئەستەمولْ کرا . لە نێزیکەی سەرتاسەری وولاّتدا ، بە کوردستانیشەوە ، پاڵێوراوە کەمالیستەکان هەڵبژێردران . لە فێبریوەری ١٩٢٠ دا ، ئەو پارلەمانە ، بە بڕیارەکانی کۆنگرەی سیڤاس ڕازییبوو و بەکەمەکێك دەستکارییەوە پەسەندی کردن و کرایە (پەیماننامەیەکی نیشتمانیی ) . ئەو پەیماننامەیە داوای دەستەبەرکردنی مافی چارەنووسی گشت ئەو ناوچانە دەکات کە زۆربەی دانیشتوانیان عارەبن ، ئەوەش لەڕێگەی گەلپرسییەوە . ئەو بەشانەی دیکەی ئیمپراتۆرێتەکە ، کە زۆربەیان موسڵماننشینن ، شێوای کەرتکردن نیین و بەشێکی لێك دانەبڕاون . (11)

ئاکام ، ئینگلیز حوکومەتی ناچارکرد ، ئەندامە ناسراوەکانی پارلەمان بگرێت و پارلەمان هەڵوەشێنێتەوە . بەو پێیە درز و شەبەقێکی گەورە کەوتە نێوان ناسیۆنالیستان و حوکومەتە بەکرێگیراوەکەی ئەستەمولەوە . ناسیۆنالیستەکان خۆیان بە تاکە نوێنەری خواستەکانی گەل دادەنا . لە ئاوریلی ١٩٢٠ دا ، ئەنجومەنی مەزنی گەل ، بەهەردوك دەزگەی یاسادانەر و جێبەجێکەرییەوە ( کە پارلەمانێك بوو ، ڕۆڵی حوکومەتی دەبینی ) ، لە ئەنقەرە کۆبووەوە . ئەندامە هەڵهاتووەکانی پارلەمانی ئەستەمولْ و نوێنەرانی دەستەو تاقمە چەکدارەکانی ناوچە جۆربەجۆرەکان ، تێدا بەشداربوون . مستەفا کەمال بەسەرۆك هەڵبژێردرا و گشت تاقمە چەکدارەکانی لەژێر فەرماندەیی خۆیدا یەکخست و خۆی بۆ شەڕ ئامادەکرد .

یەکەم سەرکەوتن لەبەرەی خۆرهەلاّت بەدەست هات . ساڵی ١٩١٩ ، وەك بەرماوەیەکی کۆمارەکەی پشتی قەوقاز ، لە خوارووی قەوقازدا ، کۆمارێکی ئەرمەنی دامەزرا . لە بەهاری ١٩٢٠ ەوە ، دەستەو تاقمە چەکدارەکانی ئەرمەن ، لەو پێگەیەوە پەلاماری خۆرهەلاّتی ئەنەتۆلیان دەدا ، ئیدی ڕوونبووبووەوە کە تورکیا بەڵێنەکەی خۆی ناباتە سەر و بە خۆشیی خۆی دەستبەرداری ئەو ویلایەتانە نابێت کە لە بەندەکانی پەیمانی سیڤەردا بە ئەرمەن بڕابوون ، ناچار هەوڵیاندەدا بەشەڕ بیسەنن . لە ئاکامی ئەو کوشت و کوشتار و کوتاندنانەی

سالآنی لەوەبەردا ، ئەرمەن لە ویلایەتەکانی خۆرهەلآتدا بووبوونە کەمینەیەکی کەم. [12] دیار بوو چاوگەی گشت چالاکی و جموجۆڵە سەربازییەکان ، ئەودیو سنوور بوو. [13] لە ئۆکتۆبەری ١٩٢٠ دا ، کازم قەرەبەکر ی فەرماندەی بەرەی خۆرهەلآت ، پەلاماری ئەرمەنی دا و تا ئەودیو سنوور هەڵیبڕین و کۆماری ئەرمەنستانی ناچارکرد ، بە پێی ڕێککەوتننامەیەك ، دەستبەرداری گشت تەما و داواکانی خۆی بێت لە ئەنەتۆڵ دا و بەو سنوورە کێشراوە رازیی بێت ، کە جگە لە چەند بیرازکردنێکی کەم نەبێت ، ئیدی هەتا ئێستاش هەر ئاوها بەرقەرارە .

لەبەرەی خۆرهەلآت ، سەرکەوتن هەروا ئاسان نەبوو . وێنانییەکان درێژەیان بە هێرش و شالآویان دا و لە ئەنەتۆڵ دا زۆرتر چوونە پێشەوە . تا سێپتەمبەری ١٩٢١ ، ئەوجا توانرا هێرشی وێنانی تێکشکێنرێت و وێنانییەکان پەرش و بلآوکرێنەوە و ڕاوەدوونرێن . هاوینی ١٩٢٢ ، تورك ، لەشکری وێنانی لە ئەنەتۆڵ قڕکرد . هاوپەیمانان ناچاربوون تورکیای نوێ وەك واقعێك پەسەندبکەن. بەو جۆرە پەیماننامەی سیڤەر ، هیچ نرخ و بایەخێکی نەما . لە نۆڤەمبەری ١٩٢٢ دا ، کۆنفرانسێکی ئاشتیی نوێ لە لۆزان سازکرا . ئەو پەیماننامەیەی لە ٢٤ ی یولی ١٩٢٣ دا مۆرکرا ، دانی بە یەکپارچەیی خاکی تورکیادا نا ، وەك لە پەیماننامەی نیشتمانییدا دیاریی کرابوو ، جگەلە ئاوارتەیەك نەبێت ، ئەویش ویلایەتی موسڵ بوو . لەو ویلایەتە ، کە تەواوی باشووری کوردستانی دەگرتەوە، زۆرترین سامان و گەورەترین چاوگەکانی نەوتی موسڵ و کەرکوکی لێبوو . ئینگلیز لەبەر ئەو چاڵە نەوتانە هێزی خۆی بەرەو باکوور ناردبوو و داگیری کردبوون ، بۆیە ئامادە نەبوو دەستبەرداری ئەو ناوچانە بێت . لە پەیمانی لۆزاندا، بڕیاردرا چارەنووس و پاشەڕۆژی ئەو ویلایەتە ، تورك و ئینگلیز خۆیان لەسەری ڕێککەون و سەودا و مامەڵەی لەسەر بکەن . [14] لەو پەیماننامەیەدا ، باسی ئەرمەن و کورد هەرنەکرابوو ، دان بە مافی حوکمڕانێتی تورك ، لەویلایەتە خۆرهەلآتییەکاندا ، نرا .

### 5.3.4 کۆماری تورکیا :

تورکیا ، سەربەخۆیی خۆی چنگکەوت . کۆششی زۆرکرا ، بۆ ئەوەی تا زووە بگەیەندرێتە ئاستی وولاّتێکی نویّ و تازە بابەت . لە ٢٩ ی ئۆکتۆبەری ١٩٢٣ دا ، ئەنجومەنی بالاّی گەل ، یاسای نوێی وولاّتی داڕشتەوە و بڕیاری ئەوەی دا ، رژێمی تورکیا بکرێتە کۆماریی . مستەفا کەمال بەسەرۆکی هەڵبژێردرا . عەبدولمەجیدی کۆنە سولّتان ، کە چوونە سەرتەختی هێشتا سالّی تەواو نەکردبوو ، پایەی سولّتانیی پێدرایەوە ، وەلیّ مستەفا کەمال تێیگەیاند ، کە ئەو پلە و پایەیە هیچ دەستەلاّت و نێوەرۆکێکی سیاسی نییە . لە مانگی مارتی پاشتردا ، خەلافەت بەتەواوی هەڵپێچرا . کۆمەڵێك بڕیاری دی سەبارەت بە رەشمەکردنی کایەی ئیسلام لە ژیانی رۆژانەدا ، درا . پیاوە ئاینییە رۆحانێکان خانەنشین کران . حوجرە و فێرگە ئاینییەکان داخران و قوتابخانەی نویّ و مۆدێرن جێگەیان گرتنەوە . سالّی ١٩٢٤ دادگا شەرعییەکانیش هەڵگیران . وەك کاردانەوەیەکی ئەو هەنگاوانە ، چەند یاخیبوونێکی گچکە ، لەلایەن موسلّمانە کۆنەخوازەکانەوە روویاندا . سالاّنی دواتر ، سەرکردە توندڕەوەکانی تەریقەتە جوداکان ، رەعییەتە رەشۆکییەکانیان وا تێدەگەیاند ، کە مستەفا کەمال (دەججال ) ە . ئەو شۆڕشانەی لەو ئاکامەوە بەرپاکران ، هیچ مەترسییەکی راستەقینەیان بۆ سەر رژێمەکە پێکنەهێنا .

لەتەك ناسیۆنالیزم و جوداکردنەوەی ئاین لە دەستەلاّتدا ، پۆپۆلیزم ، (خەلق چلك )، واتە جەماوەریی ، یەکێك لەدینگە گرنگەکانی دی رژێمی نویّ بوو. بنەمای بیرەکە ئەوەبوو ، گوایە هەموو هاوولاّتیانی ئەو کۆمارە ، بیّ روانینە چین و توێـژ و پلە و پایە و ئاین و کایە و کاریان ، بەیەك چاو تەماشا دەکرێن. چەوساندنەوەی ئاینیی نەهێلّرا . تێکهەڵقژان و شەڕە بەرژەوەندیی و ململانێی چینایەتی ئینکار دەکرا و بەدوویدا چالاکی و جموجۆڵی پارتە سۆسیالیستەکان و جڤاتە پیشەییەکانیش راگیران .

پۆپۆلیزم کرایە کوانووی ئیدیۆلۆژیی سیاسەتێکی ناسیۆنالیستانەی ئەوتۆ ، کە بوونی نەتەوەیەکی خاوەن کولتوری سەربەخۆی وەك کورد ، ( یاخود لاز ، یا چەرکەس و ئەوانی دی ) بەدرۆ دەخستەوە و بە فەرمانێك کوردی کردە تورك . مێژوونووسان هاندەدران " بەڵگەی زانستانە " بۆ لێکچوون و یەکتوخمیی هەردوك میللەت داتاشن . لەژێر پەردە و چارشێوی بەربەرەکانێی فیۆدالیزم دا ، یاسایەك دانرا ، ڕێگەی بەحوکومەت دەدا ، لە ویلایەتەکانی خۆرهەڵاتدا ، دەست بەسەر زەوی و زارێکی زۆردا بگرێت ، تا بتوانێت وەك چەکێك لە دژی ئاغا و شێخەکان بەکاری بهێنێت . ئەو زەوییە داگیرکراوانە ، بەسەر کوردی ڕەش و رووتی بێ زەویی دا نا ، بەڵکە بەسەر تورکی ڕەوکردوو دا ، یاخود ڕەوکردووی بەتورك کراوی لە شوێنەکانی دییەوە هێنراو دا ، ( تایبەت ئەو موهاجیرە موسڵمانانەی باڵقان ، کە پاش ١٩٢٣ روویان لە تورکیا کرد) دابەشکرێت. هەر بەڕاستی ، ساڵانی ١٩٢٣/١٩٢٤ هەندەك شێخ و ئاغای دەسترۆیشتوو لەو ناوچانە بەدەر نران [15]. ئەم سیاسەتە ، تا ١٩٢٥ یش کەپاشان ملی بە تواندنەوە و ستەم و زۆرلێکردنەوە نا ، بەو زەقی و زۆپییە دیارنەبوو ، چونکە هێشتا کێشەی موسڵ لەئارادا بوو و تورك نەیدەویست جارێ کورد لەخۆی زیز و تەوەللا کات .

## 5.3.5 کێشەی موسڵ :

ئینگلیز و تورك نەیانتوانی لە ماوەی دیاریکراودا ، لەسەر چارەنووس و ئاکامی ئەو ویلایەتە پرنەوتە و کێشانی سنووری نێوان تورکیا و عێراق پێکبێن . مەسەلەکە خرایەوە بەردەم کۆمەڵەی گەلانەوە و کۆمەڵەش لیژنەیەکی سێ کەسیی بۆ لێکۆڵینەوەی ئەو کێشەیە پێکهێنا . تورکیا پێشنیازی گەلپرسیی ویلایەتەکەی کرد . بەکرێگیراوان و راسپێردراوان لە خوارووی کوردستاندا خرانە گەڕ و دەستیانکردە پرۆپاگەندە بۆ تورك و دنەدانی خەڵك لە دژی ئینگلیز . ئینگلیز مەسەلەی گەلپرسیی دایە دواوە و مەسەلەکەی بەکێشەی سنوورکێشانێك دانا . هەوڵیاندا لایەنگیریی کوردی تامەزرۆی سەربەخۆیی ، لەڕێگەی وادە و

بەڵێنی تەماوی و بیٚ بنجەوە ، مسۆگەر بکەن . لە فێبریوەری ١٩٢٥ دا ، لیژنەی لێکۆڵینەوەکە چووە ویلایەتەکە ، تا حالٚ و بارەکە لە نێزیکەوە ببینێت و بیروڕا و ئاوات و خواستی خەڵکەکەشی ببیستێت . ئەو دەمەی لیژنەکە لە موسلٚ سەرگەرمی ئیش و کاری خۆی بوو ، راپەڕینی شێخ سەعید لە تورکیا دەستیپێکرد و یەکە و ڕاست زۆر و ستەمێکی لەئەندازە بەدەری بەدوودا هات . دیارە تورکیا گومانی ئەوەی دەکرد ، کە ڕاپەڕینەکە بە فیت و هاندانی ئینگلیز بێت ، بۆ ئەوەی کار لە بڕیار و بۆچوونی لیژنەکە بکات .

لیژنەکە ، گەیشتە ئەو ئاکامەی کە کورد زۆربەی دانیشتوانی ئەو ویلایەتە پێکدەهێنێت و بەڵگە و بیانووی چاك بەدەستەوەیە بۆ دامەزراندنی دەوڵەتێکی کوردی سەربەخۆ ، »[16] . دیارە بۆنی نەوت ، لە گشت بەڵگە و بیانوویەك کاریگەرتر بوو . لە ژوونی ١٩٢٦ دا ، تورکیا و ئینگلیز پەیماننامەیەکیان مۆرکردو لەسەر ئەوە ڕێککەوتن ، تورك دەستبەرداری هەموو هەق و مافێکی لەو ویلایەتەدا ببێت ، بەرامبەر بەوە ، ١٠٪ ی نەوتی دەرهێنراوی ناوچەکەی بدرێتیٚ و ئینگلیزیش بەڵێن بدات لەوەدوا چیدی دنەی کورد و ئەرمەن نەدات و پشتیان نەگرێت ، »[17] .

داگیرکردنی عێراق لەلایەن ئینگلیزەوە ، گۆڕانکارییەکی کۆمەڵایەتی و سیاسی گرنگی لە خوارووی کوردستاندا هێنایە ئاراوە . هەست و هۆشی نەتەوایەتی لێرە زێتر بووژایەوە و گەشەی کرد ، وەك لە باکووری کوردستان . ئەم بەندە تایبەتە بە پێشهات و ڕووداوەکانی باکوور . ئیدی گەر مەسەلەکە پەیوەندیی ڕاستەوخۆی بە باری باکوورەوە نەبێت ، چیدی خۆ لەقەرەی پێشهات و ڕووداوەکانی کوردستانی عێراق و ئێران نادەین .

## 5.4 یەکەمین ڕێکخراوە سیاسییەکانی کورد :

شتێکی سەیر نییە گەر بڵێین ، یەکەمین ڕێکخراوە ناسیۆنالیستەکانی کورد ، لەلایەن ڕۆڵەی ئەو خانەوادە خانەدانانەی کوردەوە دامەزران ، کەلە ئەستەمولٚ

دەژیان و پلە و پایەیەکی چاکیان لە ئیمپراتۆریێتەکەدا هەبوو و کاریگەری بیری ناسیۆنالیستانەی ئەوروپایان لەسەربوو . یەکەم ڕێکخراو [18] ، ( جەمعییەتی تەعاون و تەرەقی کورد ) بوو ، ساڵی ١٩٠٨ ، کاتی پەیدابوونی کەش و هەوای لیبەرالانەی پاش شۆڕشی تورکە لاوەکان ، دامەزرا . لەنێو ئەندامانی دەستەی دامەزرێنەریدا ، نوێنەری گشت خانەوادە خانەدان و نێودارەکانی کورد دەبینینەوە :

محەمەد شەریف پاشا : لە خانەدانانی بابانەکان بوو ، لە نەوەدەکانی سەدەی نۆزدەهەمدا ، باڵوێزی عوسمانیی بوو لە ستۆکهۆڵم . یەکێك بوو لە لایەنگرە سەرسەختەکانی سوڵتان عەبدولحەمید و دژی تورکانی لاو بوو . ئەمین عالی بەدرخان : سەرگەورەی بنەماڵەی بەدرخانییەکان بوو لە ئەستەموڵ ، ( وەچەی بەدرخان بەگ ) بوو .

شێخ سەیید عەبدولقادر : کوڕی شێخ عوبەیدوڵڵای نەهری بوو. پاشان بووە سەرۆکی ئەنجومەنی نیشتمانیی دەوڵەتی عوسمانیی. ئەو تاقمە ئەریستۆکراتییە ، لەگەڵ بەرزڕاگرتنی ئیدیالی عوسمانییانەی بزووتنەوەی تورکانی لاو دا بوون ، وەڵێ لەگەڵ بیری لیبرالییانەیاندا نەبوون . هەڵوێستیان بەرامبەر ڕەشە خەڵکەکەی کورد ، هێجگار لووتبەرزانە و بوغرایانە بوو . هیچ پەیوەندییەکی ڕاستەقینەی ئەوتۆیان بە کوردستانەوە نەبوو. گوتەکەی ١٩١٩ ی مێجەر نۆئێل ، دەربارەی خانەوادەی بەدرخانییەکان ، بۆ هەرسێکیان دەشێت : "لە خۆرئاوای کوردستاندا ، تەنها ناوێکی رووت بوون ، ناوێك کە ڕێزێکی زۆری لێدەگیرا (....) ، ئەو خانەوادەیە ، تا ئەوڕۆش ، لە زێدی خۆیاندا ، دەتوانن لەو ڕێزە سوودمەند بن " [19] .

سێ ئەندامی دیکەی کەمتر ناسراوی ئەو دەستەیە ، [20] قوتابخانەیەکی کوردیو چاپخانەیەکیان دامەزراند ، کە گۆڤارێکی دەردەکرد . ناوێکی درەوشاوە بەو قوتابخانەیەوە پەیوەست بوو ، ئەویش نێوی ( سەعیدی کوردی ) ، یاخود (سەعید نورسی) بوو ، کە وەك مورشیدێکی دینیی نێوی دەرکردبوو ، پاشانیش

بـووە یـەکێك لـە ڕێبـەرانی بـەهێزی بێداربوونـەوەی ئـاینیی . گوتاریشـی بـۆ گۆڤارەکـەی ئـەو ڕێکخـراوە دەنووسـی . کۆمـەڵی کوردەواریی ئەسـتەموڵ ، تـەنها بریتـی نـەبوو لـەو وەجاخزادانـە و خوێنـدکارانی زانسـتگەکان ، ژمارەیـەکی هێجگـار زۆر ، کـوردی ڕەوکـردووی ڕەش و ڕووتـی کارکـەر و بارەبـەری لێبـوو ، تایبەت کۆڵکێشەکان ، [21] . زۆربەیان لە گەڕەکی ( گەدك پاشا ) دەژیان ، چونکە زۆر هـۆز ، لـەو گەڕەکـە ، خـان و کاروانسـەرای تایبـەتی خۆیـان هـەبوو . ڕێکخراوەکە ، ڕێکخراوێك بوو تایبەت بە خەڵکانی چینە بالاْکە و ڕەشە خەڵکەکە هـەرگیز بەشـدارییان تێـدا نـەکرد . ئـەو جەمعییەتـە هـەرزوو لەلایـەن تورکـانی لاوەوە، بەهۆی هەڵوێستی کۆنەپەرستانە و دژە پێشکەوتن و دژە جڤاتی پیشـەیی ئەندامانی سەرکردایەتییەکەیەوە و بەو هۆیەوە کە ڕێکخراوێکـی کوردی بوو نـەك تـورکی ، یـاخود عوسمـانی ، یاسـاغ کـرا . ملمڵانـێ و دژایـەتی نێـوان بەدرخانییـەکان و سـەیید عەبدولقادر ، مەسـەلەی سـەرکپکردنی ڕێکخراوەکـەی ئاسانتر کرد . پاشان کۆمەڵەی خوێندکارە کوردەکان ، ( هێڤی ) کە ساڵی ١٩١٢ دامـەزرا و وەجـاخزادەی کـەمتری تێـدابوو ، جێگـەی گرتـەوە . ئەنـدامانی خانەوادەی جەمیل پاشای دیاربەکر ، کە دەستەڵاتیان زێتر لە پلەوپایەی بەرزی دەوڵـەتی عوسمانییـەوە پێبڕابـوو ، نـەك ڕێبەرایـەتی و نـەریتی خێڵایـەتی ، کایەیـەکی گرنگیـان گێـڕا . زۆرینـەی ئەنـدامانی دیکـەی ، ڕۆڵـەی کـوردانی وەجاخزادەی شارنشینی عوسمـانیی بـوون . سـەر بەهـەمان چـینی تورکـانی لاو بـوون . بـیری نەتـەوەیی ڕۆمانسـییانەیان ، هاوتـەریب و چـاولێکەریی بـیری ناسـیۆنالیزمی ئـەو سـەردەمەی تـورك بـوو . پەیوەنـدیی ئـەمانیش بـە ڕەشەخەڵکەکەی کوردەوە ، هێجگار کز و لاواز و ڕووکەشانە بوو . ساڵی ١٩١٤ ، کە جەنگ دەستیپێکرد ، هێڤی هەڵوەشایەوە ، چونکە ئەندامانی بۆ ریزی سوپا بـانگکران و هەریـەك بەلایەکـدا پـەرت و بڵاوبوونـەوە . کاتێـك قـەدری بـەگ هەسـتیکرد ، هـۆز و خێڵـەکانی کـورد ، هـیچ هەسـت و سـۆزێکیان بـۆ بـیری

نەتەوەییانـــەی ئـەو نییــە ، تووشــی نائومێــدیی بــوو . ئـەوەش نیشــانەیەکی لێکدابڕانی رۆشنبیرە نەتەوەپەرستەکانی کورد و ڕەشەخەڵکەکە بوو .

رێکخراوەکـانی وەك جەمعییــەتی تــەعاون و تــەرەقی و کەمــەکێك کــەمتر ، هێڤیــیش ، نــەیانتوانی ، یــاخود نەیاندەویســت ببنــە ڕێبــەر و ســەرکردەی بزووتنەوەیەکی جەماوەریی . سیاسەت بەلای ئەوانەوە " بازییەکی جوامێرانە و مێرخاسانە بوو . ئەوانەی یەکەمین رێکخراویان دروستکرد ، هەوڵ و کۆششیان بـۆ هێنانەکایــەی کوردســتانێکی ســەربەخۆ بــوو ، ( هەڵبــەت بــە ســەرکردایەتی خۆیان) و بۆ ئەو مەبەستەش لەژێرەوە پەیوەندییان بە هاوپەیمانانەوە کردبوو . لە دێسەمبەری ۱۹۱٤ دا ، محەمەد شەریف پاشا ئامادەیی هاریکاری و هاوکاریی خۆی بۆ هێزە پێشقەرەوڵەکانی ئینگلیز لە عێراقدا دەربڕی ، بەلاّم پێشنیازەکەی درایە دواوە [22] .

ئەندامانی خانەوادەی بەدرخان ، پەیوەندییان بە ڕوسەکانەوە کرد . دوانیان ، کامیل و عەبدولرەزاق " پێدەچێت کاتی داگیرکارییــەکانی روس ، بـۆ والێتـی ئەرزڕوم و بەتلیس دانرابن ، [23].

وەك لەکن ئەو بنەمالاّنە باوە ، گشت هێلکەکانیان لە یەك سەبەتە نەنابوو ، ۱۹۱۹ دیتمان " خەلیل ، یەکێکی دیکە لە کوڕانی بنەماڵەی بەدرخان ، کرایە والی عوسمانیی لە مەلاتییە ، [24] .

جـەنگ ، تــەنها لاوانــی شــاریی نەتەوەپــەروەری کــوردی لەگــەڵ مەســەلەی کوردستانەکەیدا ئاشنا نەکرد ، بەڵکە گۆڕانکاریی مەزنیشی بەسەر کوردستاندا هێنـا . کۆنــە ســوارەی حەمیدییــە ، ( بــە نێــوی دییــەوە ) ، چــەکدارکرانەوە و ڕاگیرانـەوە . ئـەوجا هـۆزی لـەجاران زێـتری تێوروکـا . لـە هێرشـەکەی ڕوسـدا ، صـەدان هـەزار کـورد بـۆ خۆرئـاوا هــەڵهاتن . کاتێـك ڕوســەکان پـاش شۆڕشــی ئۆکتۆبەر ، ئۆردووی خۆیان کێشایەوە و ئەرمەنەکانیان تەنها جێهێشت بەرگری لەخۆ بکەن ، چەکدارانی عەشایەری کورد ، گشت هێزەکانی ئەرمەنیان کردەوە

بـەدیوی قـەوقاز دا ، [25] . هـەر لەگـەڵ ئەرمـەن لـەویَ نـەمان ، ئیـدی زۆربـەی خۆرهەڵاتی ئەنەتۆل ، بووە خاکی کورد [26] .

ئـەوجا دامەزرانـدنی دەوڵـەتێکی سـەربەخۆی کـورد ، شـێوای هاتنـەدی بـوو . کـوردی عێـراق و دەرەوە و پاشـانیش ئەوانـەی ئەسـتەموڵ ، لەگـەڵ هاوپـەیمانان لـەو ڕووەوە کەوتنـە گفتوگـۆ و سـەودا و مامەڵـە . دیـار بـوو هاوپـەیمانانیش مەسـەلەکەیان زۆر بەهێنـد گرتبـوو . هەواڵـەکانی ئـەو مەسـەلانە گەیشـتنە کوردسـتان و هەسـتی نەتەوایـەتی کوردیـان هەژانـد . زۆر لـەو کوردانـەی پـێش جەنگ ، تەواو کەوتبوونە ژێر تین و تـاوی پڕوپاگەنـدەی پانئیسلامیستەوە ، ئیدی گومانیـان لـە نیازەکـانی تورکـانی لاو بەرامبـەر مەسـەلەی کـورد پەیـداکرد . قـاو داکەوت ، کە گوایە پەنابەرانی کورد لـە خۆرئاوای تورکیا ، بە مەبەست پـەرش و بڵاوکراونـەوە ، بـەجۆرێك کـە لـە هـیچ جێیـەك ٥٪ ی سـەرجەم دانیشـتووان زێـتر پێکنەهێنن [27] و ئەوەش خەم و ترسێکی زۆری خوڵقاند .

ئەم بەسەرهاتە نموونەیەکە ، هەرچەندە ڕەنگ هەیە تـەواو ڕاستیش نـەبێت : خالید بەگ " کە یەکێك بوو لە سـەردارانی هـۆزی جبران ، ئەفسـەرێکی پایەبەرزی سوپا بوو ، نەك سوارەی حەمیدییە ، لە گرتنەوەی خۆرهەڵاتی ئەنەتۆلدا ، یـەکێك بـوو لـەو کوردانـەی دەورێکـی قارەمانانـەی دیـت و کایەیـەکی بەرچـاوی گێـڕا . مەهدی برای شێخ سـەعید ، کە خزمی خالید بـەگ بـوو ، هەسـتدەکات ، لـەڕۆژی سـەرکەوتنی تـەواو بەسـەر ئەرمـەن دا ، ئـەو دەمـەی هـەمووان سـەرگەرمی بـەزم و شادیی دەبن ، خالید بەگ ، خەمبار و بێدەنگ ، لە خێوەتەکەیدا خۆ دەخواتەوە. مەهدی دەچێتە کنـی و دەیـەوێت هـۆی ئـەو گرژی و ماتەمییـەی بزانێـت . کە زۆر پیَ دادەگرێت ، پێیدەڵێت چی بەخەیاڵدا دێت و چی ئاڵۆزی کردووە ، دەڵێت: " پێموایـە ئێمـە ئـەوڕۆ ئـەو شمشـێرەمان دەمـەزەرد کـرد ، کـە ڕۆژێـك لـە ڕۆژان ملمـانی پێدەبڕنـەوە ! " [28] خالیـد بـەگ پاشـان بـووە یـەکێك لـە سـەرکردە سالارەکانی شۆڕشەکەی شێخ سەعید .

پاش جەنگ ، خەلافەت ، لایەنگیریی کوردی لەدەست دا ، چونکە خەلیفە بووە دارودەستێکی دەستی هاوپەیمانان ، ( تایبەت ئینگلیز ) . هەتا کەمالیستەکان پڕوپاگەندەی ئەوەیان دەکرد ، گوایە گیراوە و بۆیە ناتوانێت بڕیاری بەجێ بدات . دەنگۆی ئەوەی گوایە بەنیازن لە خۆرهەڵاتی ئەنەتۆل دەوڵەتێکی ئەرمەن دابمەزرێنن ، کوردی شێلگیر کرد و هانی دان ، بەهەموو تواناوە ، بۆ دەرپەڕاندنی جەنگاوەرانی ئەرمەن هاریکاریی تورک بکەن . بەپێی سەرچاوە ئینگلیزییەکان ، ( کە پڕن لە تاوانبارکردنی کوێرانە و مەبەستی لنگەوقووچ ) ، تورکانی دۆستی جەمعییەتی ئیتیحاد و تەرەقی بوون ، کە یەکەوڕاست پاش شەڕ ، ناسیۆنالیستانی کوردیان وەك چەکێك لەدژی بەریتانیا هەڵدەسووڕاند . بەڵێنی جۆرە سەربەخۆییەکیان لە چوارچێوەی دەوڵەتێکی تورکیی – کوردییدا ، پێدابوون [29] . بیری سەربەخۆیی کوردستان ، لە پڕێکدا تەنییەوە ، ( هەرچەندە کەم لە گەواهیانی ئەو سەردەمە جێگەی متمانەن ، هەرکەس بڕ و بیانووی خۆی هەیە ، بۆ ئەوەی کورد ، جارێك کەمتر و جارێك زێتر لەوەی هەیە ، بە ناسیۆنالیست لەقەڵەم بدرێت ) .

مەبەست لە کوردستانێکی سەربەخۆ ، یاخود ئۆتۆنۆم ، مەسەلەیەکە بیر و ڕاکان لەبارەیەوە زۆر جوداوازن . تەنها کۆنە ئەریستۆکراتە خاوەن پلە و پایەبەرزەکان و شارییەکانی سەر بە چینی ناوەڕاست ، داوای سەربەخۆییان نەدەکرد ، بەڵکە گەلەك لە سەرەکهۆز و شێخەکانیش ، دەنگیان خستبووە پاڵ دەنگیان . هەریەکەش دەیەویست لە کوردستانێکی ئازاد دا ، خۆی کایەی سەرکردە ببینێت و ژێرکردەی کەس نەبێت . بۆ ئەوەی هەل لەدەست نەدەن ، پەیوەندیی زۆریان بە یەکێك ، یاخود بە چەند هێزێکی بێگانەی خاوەن بڕیارەوە دەکرد : بە حوکومەتی ئەستەموڵەوە ، بە هاوپەیمانانەوە ، ( تایبەت ئینگلیز ) ، یاخود بە کەمالیستەکانەوە . هەرچەندە چاوەڕوانیی ئەوە لە ڕوسیای پاش شۆڕش نەدەکرا ، بانگی دەوڵەتێکی کوردیی سەربەخۆ هەڵبدات و بیشیپارێزێت ، لەگەڵ ئەوەشدا بڕێك کورد هەر ڕوویان لێنا .

ئەریستۆکراتەکانی کورد ، زۆر دیبلۆماسییانە بەو کارە هەڵستان . بەو جۆرە، سورەیا بەدرخان ، ( کوڕە گەورەی ئەمین عالی ) ، نامەیەکی ڕازاوەی بۆ حوکومەتی بەریتانیا نووسی و داوای گێڕانەوەی ئەو مەڵبەند و ناوچانەی دەکرد ، کە کاتی خۆی لەژێر ڕکێفی بەدرخان بەگی باپیرەیدا بوون ، زێتریش وەك مڵکێکی تایبەتی خۆی ، نەك وەك دەوڵەتێکی سەربەخۆی ژێر دەستەڵاتی[30].

محەمەد شەریف پاشا ، ( کە وەك نوێنەری کورد بەشداریی کۆنگرەی ئاشتیی کرد ) ، لە یەکێك لەو نامانەیدا ، کە بۆ حوکومەتی ئینگلیزی نووسی بوو ، ئەوەی روونکردبووەوە ، کە زۆربەی سەرەکهۆزانی کورد ، لەوە ڕەشۆکی ترن بتوانن پیادەی رژێمێکی دیموکراسییانەی خۆرئاوایی ئاسا بکەن . هەڵبژاردن ، کێشە نێوخۆییەکان ئاڵۆزتر دەکات . کورد پێویستیی بە کەسێکی لێوەشاوەی شارەزا لە بوارەکانی ئیداری و سوپاییدا هەیە ، کە راوێژکارانی ئینگلیز و وەزیرەکانی کورد پشتگیریی لێبکەن . بۆ هێشتنەوە و پارێزگارییکردنی شکۆ و سەروەریی خانەوادە خانەدانە دێرینەکانی کورد ، چاك وایە ئەنجومەنێکی سەربەخۆیان لێهەڵبژێردرێت و خاوەنشکۆی بەریتانیا یەکێك بکاتە میریان ..... ئامادەیی خۆشی دەربڕیبوو بۆ گرتنە ئەستۆی ئەو بەرپرسیارێتی و ئەرکە مەزنە. [31]

لە لایەکی دییەوە ، سەیید عەبدولقادر ، هەر پشتگیریی خەلافەتی دەکرد و هیچ ئومێدێکی بە ئینگلیز نەبوو و یاخود داوای هیچی لێنەدەکردن . پەیوەندیی لەگەڵ حوکومەتی ئەستەمولّ دا هەرمابوو و داوای کوردستانێکی ئۆتۆنۆمی لەچوارچێوەی دەوڵەتی عوسمانییدا دەکرد ، بە ڕێبەرایەتی خەلیفە . دیارە ئەو ئامانجە ماقوولەشی لەو پلە و پایەیەوە هاتبوو ، کە سەرۆکی ئەنجومەنی باڵای وولآت بوو . [32]

پیاوانی ئەو توێژە ئەریستۆکراتییە شارییە ناسیۆنالیستە ، سەودا و مامەڵەیان لەسەر چارەنووسی کورد دەکرد ، بیّ ئەوەی هیچ پرس و ڕایەك بە

میللەتەکە خۆی بکەن و هیچ بایەخێکیان پێبدەن . جگەلەوە ، کۆمەڵێك سەرکردەی تەقلیدیی ، ململانێیان بوو لەسەر دەستەڵاتە نەریتییەکەیان ، بەلاّم لە کەش و هەوایەکی گۆڕاو دا . بیری ناسیۆنالیستانەیان ، چەکێك لە مسۆگەرکردنی دەستەڵاتی ئابووریی و سیاسی خۆیانی تێدەپەڕاند . مەسەلەی کوردستانێکی ئازاد و یەکگرتوو بەلایانەوە هێند گرنگ و پڕبایەخ نەبوو . هەروەك پێشان ، دوژمنایەتی و ململانێ نەریتییەکە ، هەڵوێستی پێوەردەگرتن . زۆربەی هەرەزۆری ئەو سەرکردانەی خۆیان بە ناسیۆنالیست دادەنا ، لە راپەڕینە نەتەوەییەکانی دواتری کورد دا ، دایانەپاڵ بەرەی دوژمن .

لەتەك ئەو کەسایەتییە کۆنینانەدا ، وەچەیەکی نوێی ناسیۆنالیستی خاوەن باوەڕی شارنشین پێگەیشت و لە ساڵەکانی دواتردا کایەیەکی گرنگیان گێڕا .

## 5.4.1 ڕێکخراوە ناسیۆنالیستەکانی پاش جەنگ و کەمالیستەکان:

بە شێوەیەکی گشتیی ، ناسیۆنالیستەکانی پاش جەنگ ، پەیوەندییەکی چاکتریان لەگەڵ لادێیی کورد دا هەبوو ، وەك لەوانەی دەیان ساڵ لەوەبەر ، با ئەو پەیوەندییانەش زێتر بە سەرۆکهۆزەکانەوە بوو بێت ، نەك خەڵکە ڕەمەکییەکە. جەمعییەتی تەعالیی کوردستان ، کە ساڵی ١٩١٨ لە ئەستەموڵ دامەزرا و ڕێکخراوە هاوچەشنەکەی دیاربەکر و بڕێك شاری دیکەی کوردستانیشی ، تەنها پشتیان بە نوێنەرانی وەچە کۆنە ناسیۆنالیستەکانی ئەندامی جەمعییەتی تەعاون و تەرەقی کورد و چینی ناوەڕاستی شارەکان نەدەبەست ، بەڵکە بە نوێنەرانی هۆز و خێڵەکانیش .[33] سەرەڕای ئەوەش جەمعییەت بانگاشەی ئەوەی دەکرد ، گوایە نوێنەر و دەمڕاستی ١٠ هەزار و پاشانیش ١٥ هەزار کوردی دانیشتووی ئەستەموڵە ، ( کە دەیکردە نێزیکەی نیوەی کوردانی شارەکە ) .

چاودێرانی ئینگلیز ، ئەو بانگاشەیەیان بەڕاست گرت ، تایبەت پاش ئەوەی کوردانی دانیشتووی شارەکە ، لایەنگیریی و پشتیوانیی خۆیان بۆ سەیید عەبدولقادر ڕاگەیاند . (34)کۆمەڵەی خوێندکارە کوردەکان ، هێڤی ، سەرلەنوێ

بووژایەوە ، زۆر لاوی رۆشنبیر و کەڵەپیاوە خێڵەکییەکان ، بووبوونە ئەندامی . پاش ئەو دووبەرەکییەی کەوتە ریزەکانی جەمعییەتی تەعاون و تەرەقییەوە ، کۆمەڵەی هێڤی ، لەگەڵ ئەندامە لاوە رادیکالەکانی جەمعییەتدا یەکی گرت و کۆمەڵەی تەشکیلاتی ئیجتیماعییەیان پێکهێنا . (35)

خاڵی گرنگ ئەوەیە ، هەرچەندە زۆربەی ئەندامانی سەرکردایەتی ئەو رێکخراوە ، کرمانجی زمان و سوننی مەزهەب بوون ، لەگەڵ ئەوەشدا کوردی عەلەوی و زازا زمانیشی تێدابوو . ساڵی ١٩٢٠ ، ئەندامە لاوەکانی جەمعییەتی تەعالیی کورد ، لە نێو کوردە عەلەوییەکانی خۆرئاوای دەرسیم و سیڤاس دا ، راپەرینێکیان بەرپاکرد . گەلەك سەرەکهۆز لەژێر دروشمی کوردستانێکی ئۆتۆنۆمدا ، یەککەوتن . بروسکەیەکیان بۆ ئەنجومەنی باڵای ووڵات نارد و داوای ئازادکردنی کوردە گیراوەکان و کێشانەوەی کاربەدەستە ناکوردەکان و دداننان بە مافی ئۆتۆنۆمی کورد دا و پاشان سەربەخۆیی تەواویان کردبوو . (36) داخوازیی ئەو سەرەکهۆزانە ، ( کە بێگومان ئەگەر ئەندامانی جەمعییەتی تەعالی و تەرەقی خۆیان بۆیان نەنووسیبنەوە ، ئەوا ئیلهامەکەی لەوانەوە وەرگیراوە ) ، سنووری بیرکردنەوەی تەنگ و بەرژەوەندییە تەسکەکانی بەزاند . کوردستانەکەیان ، سوننی و عەلەوی و کرمانج و زازای دەگرتەوە . (37) وەلێ لە پارچەکانی دیکەی کوردستانەوە " هیچ پشتیوانێکیان نەبوو ، بۆیە ئۆردووی کەمالیستەکان توانییان زۆر بە ئاسانی ، راپەرینەکە سەرکوتکەن . یەکێك لە هۆکارەکانی خێبوونی راپەرینەکە ، نەبوونی ئامرازەکانی پەیوەندیی بوو ، نەتوانرا هەنگاو و هەڵوێستەکانی ناوچە جودا جوداکان یەکخرێن و رێکخرێن و ئالیکاریی ئێکدی بکەن . راپەرینەکە لەلایەن نێوەندێکەوە رێکنەخرابوو و پەیوەندیی تەواو بە پیاوە دەستڕۆیشتووەکانی پارچەکانی دییەوە نەکرابوو . جگەلەوە ، زۆربەی کوردە سوننییەکان ، راپەرینەکە بە راپەرینێکی عەلەوییانە تێدەگەیشتن و بەپێویستیان نەدەزانی بەڕاستیی بەشداریی تێدا بکەن .

یەکێك لە هۆکارەکانی دی خامۆشبوونی راپەڕینەکە ، ئەوەبوو گەلەك سەرەکهۆزی دەوروبەری دەرسیم و جێگەکانی دیکەی کوردستان ، بڕوایان بە مستەفا کەمال کرد و دایانە پاڵی . پێیانوابوو ، تەنها بەکۆمەکی ئەو ، دەتوانن جێپێی خۆ قایم بکەن و دەستەلاٌتیان فراوانتر . زۆر ئاغا ، مستەفا کەمالیان لە نێزیکەوە دەناسی ، چونکە ساڵی ١٩١٦ کرابووە قوماندانی تیپی ١٦ ی دیاربەکر . ئەوەبوو بەری بەهێرشەکەی روس گرت ، بۆیە زۆرکەس بە پارێزگەری خۆیان دەزانی . دۆستایەتییەکی چاکی لەگەڵ زۆر سەرەکهۆزدا هەبوو و لە خۆشویستنی کورد دڵنیای دەکردن . زۆر کەڵەپیاوی کوردی بۆ کۆنگرەکانی ئەرزروم و سیڤاس بانگهێشت کرد ، هەتا ناسیۆنالیستەکانیشیان و بەڵێنی مافی هاوسانی و هاوشانی تەواوی بە کورد و تورك دا ، لە تورکیایەکی سەربەخۆ دا . لە کۆنگرەکەی ئەرزرومدا ، چەند کوردێکی خستە کۆمیتەی نوێنەرایەتییەوە ( حەیاتی تەمسیلییە ) . لە ئەنجومەنی بالاٌی وولاٌتیشدا ، کورد بەپێی ڕێژەی ژمارەیان ، نوێنەریان هەبوو. [38] کە لە دەرسیم ئاژاوە دەستپێکرد ، مستەفا کەمال ، دنەدەرانی بۆ گفتوگۆ داوەتکرد . تەنها کەسێك کە چوو ، (عەلیشان) ی سەرۆکی هۆزی قۆچگیری بوو و پاشانیش لە ئەنجومەنی بالاٌ دا کرایە نوێنەر.[39]

سالاٌنی ١٩١٩ و ١٩٢٠ ، مستەفا کەمال ، لە ڕێکخراوە ناسیۆنالیستەکانی کورد زێتر ، پەیوەندیی دەگەڵ سەرەکهۆزەکانی کورد دا هەبوو . وەك مێجەر نۆئێل لە جەمعییەتی تەعالیی کوردی بیستووە ، ئەو کوڕ و کۆمەلاٌنە ، سەرەڕای بلاٌوبوونەوە و گەشەسەندنی هەستی نەتەوایەتییش ، هێشتا نەدەوێران بانگی داخوازیی کوردستانێکی سەربەخۆ هەڵبدەن ، چونکە تورکان ، دوو گەورەپیاوی دەستڕۆیشتووی کوردیان بەلای خۆدا راکێشابوو . [40]

دەبێت ئەو راستییەش بگوترێت کە : ئەندامانی کۆمەڵە ، ( گەر لەگەڵ سەرەکهۆزە ، کوردە ، پاتەخۆرە ، بەکرێگیراوەکانی تورك دا بەراوردکرێن ) ، ئەو ناسیۆنالیستە نموونەییە لەخۆبوردووە نەبوون کە خۆیان بانگاشەیان دەکرد . تا بەهاری ١٩١٩ ش ، بە دڵگەرمییەوە ، خۆیان بە نوێنەری ناسیۆنالیستانی تورك

و کورد دەزانی و ئالیکاریی تورکانی لاویان دەکرد و ئەوەیان بە تاقە ڕێبازی ماقووڵ دەزانی . لە کۆتایی ئەو ساڵەوە ، لە تورك دابڕان و بانگی بیری کوردستانێکی تەواو سەربەخۆیان هەڵدا . یەکێك لە چاودێرە تەنگەتیلکە ئینگلیزەکان ، ئەو گۆڕانکارییە لە هەڵوێستدا ، بە تین و تاوی ١٤ خاڵەکەی سەرەك ویڵسن لێکدەداتەوە ، کە داوای دەستەبەرکردنی مافی چارەنووسی میللەتانی دەکرد : " لەو دەمەوە کە لە ئاسۆوە تروسکەی تیشکی بیروڕاکانی سەرۆك ویلسن دەرکەوت ، کە بانگی ئازادیی بڕیاردانی هەڵدا و ئەو هەل و دەرفەتە رەخسا ، هەتا نوێنەرانی ڕێبازی بیری تورك – کوردیشی خستە سەر ئەو باوەڕەی ، ئیدی کاتی ئەوە هاتووە بە دەنگێکی زوڵاڵ هاواربکەن و سەرۆك ویڵسن دەنگیان دەبیستێت و ڕێگەیاندەدات لە دیاربەکردا ئابووریی داوەشاوی خۆیان بژێننەوە و بەری سامانی ئەوفەلانە بچننەوە کە لە کوشتارەکەیاندا تالآنیانکردن و هیچ بەشی تورکیشی لێنەدەن " . [41]

گەر چاو لەوەش بخەفێنین کە مستەفا کەمال فریوی دان و متمانەی لەکن پەیداکردن ، شتێکی سەیر نییە کە زۆر سەرەکهۆزی کورد دایانەپاڵی : چونکە هێز و دەستەلآتێکی هەبوو و ئەو دەیتوانی چکێکیان پێببەخشێت ، نەك ڕێکخراوە ناسیۆنالیستەکان . رەنگە حسێبیکیشیان بۆ چاك مەبەستیی هاوپەیمانان و بڕیارەکانی کۆنگرەی سیڤەریش کردبێت ، هەرچەندە زۆر سەرەکهۆزیش ئەو راستییەیان چاك دەزانی کە هاوپەیمانان زێتر دۆستی ئەرمەنن ، نەك کورد . دەبا " گەر ویستبایان خاکی کورد لە چنگی ئەرمەن قوتارکەن ، هەر بدەنەپاڵ مستەفا کەمال . بەو جۆرە ، لە نۆڤەمبەری ١٩١٩ دا ، کاتێك وەفدی کورد بۆ کۆنگرەی ئاشتی ، سەرگەرمی گەیاندنی داخوازیی دامەزراندنی کوردستانێکی سەربەخۆ بوو ، تەغارێك تەلەگرافی سەرەکهۆزانی کورد بۆ کۆنگرەکە ، کە رایانگەیاند گوایە نایانەوێت لە تورکیا جودابنەوە ، خەتێکی راست و چەپی بەسەر هەموو ئاواتەکاندا هێنا .

### 5.4.1.1 ئازادیی :

پاش سەرکەوتنی تەواوی مستەفا کەمال و بیری ناسیۆنالیستانەی ، ئیدی گشت ڕێکخراوە ناسیۆنالیستەکانی کورد لە ئەستەمولْ ، کۆتاییان بە جموجۆڵو چالاکییەکانی خۆیان هێنا . لەڕاستیدا هەموویان بەرلەو کاتە ، خۆیان هەڵوەشاندبووەوە . ئەو ئەندامە دیار و ناسراوانەی بەهۆی پەیوەندیی پتەویان بە هاوپەیمانانەوە ، ژیانیان لە مەترسیدا بوو ، هەڵهاتن . هەندێکیان ساڵی ١٩٢٧ لە سوریا ڕێکخراوێکی ناسیۆنالیستی نوێیان بە نێوی (خۆیبوون)ەوە دامەزراندو بەهۆی پەیوەندیی چاکیان لەگەڵ پارتی داشناکی ئەرمەندا ، جێی ڕەزامەندیی و بایەخی ئینگلیز و فەرەنسا بوون . لە خۆیبوون دا " کەش و هەوایەکی ئەریستۆکراتیانەی باوك سالارانە زاڵبوو . ئەو ڕێکخراوە پاشان لە شۆڕشی ئارارتی ١٩٢٨-١٩٣٠ دا ، کایەیەکی گرنگی گێڕا و هەتا بانگاشەی ئەوەشی دەکرد ، کە گوایە ئەو ڕێکیخستووە .

لە تورکیا خۆیدا ، ساڵی ١٩٢٣ ، بە نهێنی ڕێکخراوێکی کوردانەی نویْ بە نێوی ( ئازادیی ) ەوە دامەزرا .[43] شێرازە و پێکهاتەی لە ڕێکخراوەکانی بەرلەخۆی جوداواز بوو . (لەتین و تاوی چەند کەسایەتییەکی مەزن بەدەر ) ، ئیدی کرۆکی ئەم ڕێکخراوە پیاوماقوولانی شارنەبوو ، بەڵکە زۆربەیان ئەفسەرانی خاوەن ئەزموون و تەجرەبە بوون . بنکەی سەرەکیی ڕێکخراوەکەش نەئەستەمولْ بوو و نە ئەنقەرە ، بەڵکە ئەرزرومی بارەگای تیپی هەشتەم بوو . دیارترین کەسانی سەر بە ئازادیی ، خالید بەگ بوو ، کە یەکێك بوو لە ئاغاکانی هۆزی جبران ، یوسف زیا و بەگ بوو ، کە وەچەی میری بەتلیس بوو . یەکەمیان یەکێك بوو لەو کوڕە ئاغا کەمانەی لەو فێرگە سەربازییە خێڵەکییە خوێندیان ، کە سوڵتان عەبدولحەمیدی دووهەم ، بۆ پێگەیاندنی کادێر بۆ سوارەی حەمیدییە دایمەزراند و جێگەی ڕێزی زۆربەی فەرماندەکانی ئەو تیپە بوو و خۆشی بووە سەرهەنگی سوپا ، نەك سوارەی حەمیدییە . ڕەنگە بەهۆی پەروەردە شارستانیانەکەیەوە بوو بێت ، ئاوها لەگشت ئەفسەرە خێڵەکییەکانی دی ،

نەتەوەپەرستتر بوو . یوسف زیا و بەگ ، کەسێك بوو لە بەتلیس ناسراو و دەسترۆیشتوو . لە ئەنجومەنی نیشتمانیدا نوێنەری ئەو مەڵبەندە بوو . سەرەتای دامەزراندنی ئەو ڕێکخراوە ، بە دەستپێشکەریی چەند ئەفسەرێکی ئەرزروم بوو . پاشان روویان لە پیاوماقوولان و دەسترۆیشتووانی باکووری کوردستان نا . گەرمەی تێکهەڵقژانی هەڵبژاردنەکانی ساڵی ١٩٢٣ ی ئەنجومەنی نیشتمانیی ، دەرفەتێکی چاکی بۆ یوسف زیا و ڕەخساند ، بێ ئەوەی گومانی لێبکرێت ، بتوانێت سەردانی زۆر سەرەکهۆز بکات و پەیوەندییان پێوەبکات .

ساڵی ١٩٢٤ ، ئازادیی ، یەکەم کۆنگرەی خۆی گرت . یەکێك لەبەشداره ناسیۆنالیستە هەره دڵگەرمەکانی ، شێخ سەعید بوو ، شێخێکی نەقشبەندیی و لە ژن و ژنخوازییەوە خزمی خالید بەگ بوو . بەهۆی ئەو دەستەلاتە زۆرەی لەنێو زازاکانی ناوچەی سەرووی خۆرهەلاتی دیاربەکر دا هەیبوو ، بۆ کۆنگره بانگهێشت کرابوو . ئەو قوماندانانەی سوارەی حەمیدییە کە لەوێ بوون ، خۆپارێزییان دەکرد ، وەلێ شێخ هێنانییە سەر ئەو باوەڕەی ، بۆ سەربەخۆیی کوردستان ، خەباتکردن تاقە ڕێگەیە ، چونکە سیاسەتی حوکومەت هەتا دێت مەترسی زێتر بۆ کورد پەیدادەکات و هەڕەشەی لێدەکات . (44)

کۆنگره ، دووبڕیاری گرنگی دا :

١-دەبێت شۆڕشەکە سەراپاگیر بێت و تەواوی کوردستان بگرێتەوە و بانگی سەربەخۆیی بەدوودا بێت . دەبێت زۆر بەووردی نەخشەکێشکرێت و هەر بەشدارێك ئەرك و فەرمانی خۆی لا روون بێت و بزانێت چاوەڕوانی چی لێدەکرێت . لەبەر ئەوەی ئەو ئامادەکارییانە ، کاتی زۆری دەوێت ، بڕیاردرا شۆڕشەکە لە مایسی ١٩٢٥ دا دەستپێبکرێت .

٢-هەموو پێیانوابوو ، کە کۆمەك و یارمەتی دەرەکی پێویستە . بۆ ئەو مەبەستەش ، سێ ڕێگە لەبەردەمدا بوون : فەرەنسییەکان ، لەسوریا ، ئینگلیز ، لە عێراق ، لەگەڵ روسەکان . زۆر فەرماندەی سوارەی حەمیدییە ، کە روسیان ، بە یەکە دوژمنی خۆ دەزانی ، بەهۆی باوەڕە ئایینییەکەوە ، هەستیان بە نێزیکی

زێتر لەگەڵ تورکدا دەکرد ، وەك لە بەلشەفیکی کافر ، بۆیە رازیی نەبوون هەر بیریش لەمەسەلەی لەو بابەتە بکەنەوە و حسێبی لەسەر هەڵچنن . وەك دەگێڕنەوە، هەمدیسان شێخ سەعید بوو ، هەموویانی رازیی کرد ، بەوەی کۆمەکی کافران ، لەو چارەنووسە تاڵە باشترە ، کە تووشی ئەرمەن هات.[45] پەیکێك بۆ جۆرجیا نێردرا . گوایە سۆڤیەت وەرامیان داونەوە ، چاك دەزانن کورد چەوساوە و ستەمدیدەیە ، بەڵام ناتوانن هیچ کۆمەکێکیان پێبکەن . لێ بەڵێنی ئەوە دەدەن ، کە هیچ یارمەتییەکی تورك لە سەرکوتکردنی شۆڕشگێڕانی کورد دا نەدەن . پەیوەندیی بە ئینگلیزیشەوە کرا ، بەڵام وەك هەمیشە بێ ئاکام بوو .

## 5.5 شۆڕشەکەی شێخ سەعید :

### 5.5.1 هۆکاری ئاینیی :

بە درێژایی ساڵی ١٩٢٤ ، خەریکی ئامادەکاریی بوون بۆ شۆڕش . بارو دۆخەکە ، بۆ بانگهەڵدانی بیری ناسیۆنالیستانە ، زۆر لەبار بوو : لەگەڵ هەڵپێچانی خەلافەت دا ( مارتی ١٩٢٤) ، سیمبۆلی بانگاشەی برایەتی تورك و کورد هەڵتەکی . ئیدی دەتوانرا حوکومەتی تورك لە ئەنقەرە ، بەدوژمن و دژە ئاین نێوببرێت و بەکافر تاوانبار بکرێت و ئەو هەنگاوانەی حوکومەت لەو ڕووەوە نای، پشتگیریی ئەو تۆمەتبارکردنانەیان دەکرد . ئەو بیانووە ، بۆ زۆر کوردی ئیماندار و خاوەن باوەڕ ، لەگشت بڕوبیانوویەکی دی کاریگەرتربوو . ئەگەر ئەو تۆمەتانە راست بن ، ترس لە ناسیۆنالیزمی کورد ، هانی حوکومەتی ئەنقەرە دەدات کارێك بکات ، ژیلەمۆی بیری ناسیۆنالیستی کورد زێتر بگەشێنێتەوە . ئەوەبوو ساڵی ١٩٢٤ ، بەنێوی پۆپۆلیزمەوە ، بەکارهێنانی زمانی کوردی لە شوێنە گشتییەکاندا ، یاساغکرا . بەنێوی هەڵتەکاندنی فیۆدالیزمەوە ، ئاغا و ئەوجا رۆشنبیرانی کورد ، بۆ خۆرئاوای تورکیا دووردەخرانەوە . یاسایەکی نوێ ، ( ژمارە ١٥٠٥ ) ، رێگەی دەدا زەوی و موڵکی دەرەبەگی کورد ، دەستی

بەسەردابگیرێت و بەسەر ئەو جوتیارە تورکانەدا دابەشکرێت ، کە لە کوردستاندا نیشتەجێ دەکران. [46] پروپاگەندەچییەکانی ئازادیی ، ئەو تاوانەیان قۆستەوە و گوێدێری زۆریان کۆکردەوە .

وەلێ پێناچێت هیچ پلانێکی ستراتیژیی چەسپاویان دارشتبێت . گشت کۆششەکان بۆ کۆکردنەوەی کەسانی دەستەڵاتداری تەواوی کوردستان بوو . پێدەچێت بانگهەڵدانی شۆرشێکی سەراپایی و دامەزراندنی حوکومەتێکی کوردیی سەربەخۆ ، هەمووشت بووبێت بەلایانەوە . دیارە بەرەی تورك " درز و قەڵەشتی تێکەوتبوو ، هێزە ئاینییە کۆنەخوازەکان ، دژی مستەفا کەمال وەستابوونەوە ، لەو سۆنگەیەوە " رووپۆشکردنی شۆرشەکە بە چارشێوێکی ئاینییانە ، لەدووسەرەوە سوودبەخش بوو : لەلایەك لایەنگیریی زۆر لەو کوردانەی بۆ مسۆگەر دەکردن ، کە لەوەبەر دوودڵ بوون و لە دڵەراوکەدابوون ، لەلایەکی دیشەوە حوکومەت و ئەنجومەنی باڵای وولات یەکریز و یەکگرتوو نەبوون بەرامبەر شۆرشەکە . بۆیە هەوڵدرا پەیوەندیی بە وەحیدەددینی [47] کۆنە سوڵتانەوە بکرێت ، چونکە پشتگیریی ئاشکرای سوڵتان و خەلیفە ، هەل و دەرفەتێکی چاکی بۆ سەرکەوتنی شۆرشەکە دەرەخساند .

بەوهۆیانەوە ، شێخ سەعید و شێخانی دیکەی هاوکار ، بەرپرسیارێتی گرنگیان پێسپێردرا و هۆکار زۆربوون بۆ ئەوەی ( ئازادیی ) ، شێخەکان بکاتە رێبەری ئاشکرای شۆرش :

– شێخان لایەنگری زۆر و لەرووی ماددیشەوە سامانێکی چاکیان هەبوو . شێخ سەعید بۆ خۆی دەوڵەمەند و خاوەن سەروەتێکی فرە بوو . کورەکانی ، جامبازی گەورە بوون و لە کوێستانانەوە جەڵەبی زۆریان بۆ حەلەب و بازارە دوورەکانی دی دەنارد . جگەلەوەی چاوەروان دەکرا ، لایەنگرانی شێخان ، گوێرایەڵی بێ چەند و چۆنی فەرمانی مورشیدانی خۆیان بن . بۆیە پێدەچوو کلیلی سەرکەوتن لەدەستی شێخاندا بێت .

– تەنها بە بەشداریی شێخان ، دەتوانرا بەرگێکی ئاینیی بەبەر شۆڕشەکەدا بکرێت و وا چاوەڕوان دەکرا لەو ڕێگەیەوە ئەڵقەیەکی فراوانتر لە لایەنگرانی شێخان ، پشتگیریی شۆڕشەکە بکەن و یاخود هانی بەشداربوونیشیان بدات .

– بۆ پاراستنی یەکڕیزی و یەکێتی هۆزە جۆربەجۆرەکان ، شێخان دەیانتوانی کایەی کاریگەری خۆیان وەك نێوبژێوان ببینن و کێشەکان چارەسەر بکەن .

ئەم بەسەرهاتە ، کەکاتی یەکەم جەنگی جیهانی روویدا و شێخ سەعید تێوەگلا ، رەنگە ئەوە روون بکاتەوە ، کایە و رۆڵی شێخان بۆ خێڵەکییەکان چەندە گرنگ بووە و چۆن پێویستیان پێیبووە :

عەبدولرەحمان بەدرخان ، [48] کە ئەو دەم لە رووسیا بوو و لە تفلیس دەژیا ، بە راسپاردەی رووسەکان قسە دەگەڵ شێخ دەکات و دەڵێت : گەر کوردەکانی سوارەی حەمیدییە ، دژی تورك راستبنەوە ، روس بۆ دامەزراندنی کوردستانێکی سەربەخۆ ، یارمەتییان دەدات . شێخ یەکەم جار ئەو پێشنیازە ، لەگەڵ کوڕ حسەین پاشای سەرۆك و فەرماندەی سوارەکانی هۆزی حەیدەران باسدەکات . کوڕ حسەین " ترسی ئەوەی دەبێت خالید بەگی مێملی هەمیشەیی ، کە هەمان هێز و دەستەڵاتی لەنێو هۆزی حەسناندا هەبوو ، ئەوە بکاتە بیانوویەك و پەلاماری بدات ، بۆیە بەشداربوونی مێملەکەیی کردە مەرج بۆ بەشداربوونی خۆی. خالید بەگیش لەوە دەترسا کوڕ حسەین لە پشتەوە پەلاماری بدات ، بۆیە هەمان مەرج و هەمان گرەنتی دەخواست . هەردوکلا ، شێخیان وەك بژێوان و نێوکۆ و گرەنتیی بەڵێنی بەرامبەر دەویست . ( بەهەرحاڵ ، پیلانەکە ئاشکرا بوو ، ئەوە بوو شێخ لە پالووی گوندی باب و باپیرانی دەست بەسەرکرا ، کوڕ حسەین و هۆزەکەی لەو بەرە ترسناکە دوورخرانەوە . پاشان هەردوکلا بەدەم بانگەوازیی ئازادییەوە چوون ، وەلێ تەنها خالید بەگ لە شۆڕشەکەی شێخ سەعید دا بەشداریی کرد .)

ڕەنگە بەهۆی کایەی نێوبژێوانییان و ئەو ڕێز و شکۆیەی هەیانبووە ، دەستەلاَتی شێخان سنووری هۆزەکانی بەزاندبێت و کاتی شۆڕشەکە لە پێنج بەرە ، چواریان ، شێخان قوماندانیان بوون و شێخ سەعید خۆشی ، سەرفەرماندەی گشت هێزەکان بوو .

## 5.5.2 ڕووداوەکانی ساڵی ١٩٢٤ ، لەڕوانگەی سەردەمەکەوە:

زۆربەی سەرچاوەکان دەربارەی ڕووداوەکانی ئەو دەمە ، لایەنگرانەن . چ سەرچاوە نووسراوەکان و چ دەماودەمەکان ، کەمەکێك دایدەشکێنن و جێپەنجەی لێکدانەوەی درەنگ وەخت و ئارەزووکارییان پێوەدیارە . سەرنجڕاکێش ئەو هەوالاَنەن ، کە لە سێپتەمبەری ١٩٢٤ دا ، چەند ئەندامێکی ئازادیی ، داویانەتە کارمەندانی پرسکەری ئینگلیز و لە پرۆتۆکۆلێکدا تۆمارکراون . ئەوانە ئەفسەری ئۆردووی تورك بوون و ئەمە سەرگوزشتەی بەسەرهاتی هەڵهاتنییانە .

ئەو ئەفسەرانە ، لیستەیەکی درێژی ناڕازەییەکانی خۆیان ، دەربارەی مامەڵە کردنی کورد لەلایەن حوکومەتی تورکەوە ، تۆمارکردووە :

١-ئەو یاسا نوێیەی بۆ کەمینەکان دەرکراوە ، جێگەی گومانە . ترسی ئەوە هەیە تورك نەخشە و پلانی پەرتەوازەکردنی کوردی بۆ خۆرئاوا کێشابێت و بەنیازبێت تورك بهێنێتە خۆرهەلاَت و لەجێگەیانی داکات .

٢-خەلافەت ، دواهەمین ئامرازی پێکەوەبەستنی کورد و تورك ، نەما و هەڵپێچرا .

٣-بەکارهێنانی زمانی کوردی لە قوتابخانە و داگاکاندا ، قەدەغەکراوە . کە پەروەردە و فێرکردن بە زمانی کوردی یاساغکرا ، ئیدی مانای وایە بواری پێگەیاندن بۆ کورد نەما .

٤- ووشەی " کوردستان " ، ( کە جاران وەك گوزارەیەکی جوگرافی بەکاردەهات ) ، لە کتێبە جوگرافیاییەکاندا سڕدراوەتەوە .

٥- گشت کارمەندان و کاربەدەستانی بالآی دەوڵەت لە کوردستاندا ، تورکن. تەنها بۆ پلەکانی داوێن ، بە ووریاییەوە کوردبژێریی دەکرێت .

٦- ئەو باجە زۆرەی دەستێندرێت ، لەئاستی ئەو خزمەتەکەمانەی حوکومەتدا نییە .

٧-لە ویلایەتەکانی خۆرهەلآتدا ، بۆ هەڵبژاردنەکانی ئەنجومەنی نیشتمانیی ، حوکومەت ، دەستی تێکەڵکرد .

٨- سیاسەتی هەمیشەیی حوکومەت ، دنەدانی هۆزەکان بووە دژی یەك .

٩- گەلەکجار ، سەربازانی تورك ، پەلاماری گوندە کوردەکان دەدەن و ووڵساتیان دەدزن و زەخیرەیان دادەقەپێنن و یا هەر هیچ پووڵیان نادەنێ ، یاخود زۆر لەوە کەمتر ، کە دەهێنێت .

١٠-لەنێو سوپادا ، سەربازانی کورد ، دەلەوتێندرێن و دەڕەتێندرێن و کاری سەخت و ئەرکی نالەباریان پێدەسپێردرێت .

١١-حوکومەتی تورك ، بەکۆمەکی سەرمایەی ئاڵەمان ، سەروەت و سامانی کورد تالآندەکات .

زێتر لەوەش ، ئەو ئەفسەرانە بە دڵنیاییەوە گوتبوویان " ئەوە باری دەردناکی کوردە و بزووتنەوەی نیشتمانیی و نەتەوەییانەی کورد ، پشتیوانییەکی زۆری هەیە . گەلەك ئەفسەری کوردی ئۆردووی تورك ، خاوەنی هەست و هۆشێکی ناسیۆنالیستانەن . تیپی حەوتەمی سوپا ، کە بارەگاکەی لە دیاربەکرە ، نیوەی ڕاستی کوردە ، هەتا گوایە زۆر ئەفسەری تورکیش هەن ، کە پشتیوانیی کورد دەکەن و لەگەڵیان هاودەنگن . (50)

ئەو ئەفسەرانە ، ئەوەشیان گوتبوو ، کە گوایە ، پەیوەندییان دەگەڵ تورکە دژە کەمالیستەکاندا هەیە ، بەلآم ئەو بانگاشەیە هێند لاواز و بێ بنج بوو ، کە پرسکەران نەتوانن باوەڕی پێبکەن .

لە وەرامی ئەو پرسیارەدا ، ئایا نیاز و ئامانجی بنجیی بزووتنەوەکە چییە ، ئەم وەرامە نەشیاو و کەم گونجاوانەیان دابووەوە :

- ڕێکخستن و سازکردنی زنجیرەیەك ڕاپەڕین لەهەمان کات و لە گشت جێیەکی کوردستانی تورکیادا .
- دامەزراندنی حوکومەتێکی نیشتمانیی ، ( کە پرسکەران پێیان لەسەر نێوبردنی سەرۆکی حوکومەتەکە داگرتبوو ، یەکێك لە سەردارانی خانەوادەی بەدرخانییەکان دیاریی کرابوو ) .[51]
- گەشەپێدانی لایەنی پەروەردە و فێرکردن و کشتوکاڵ و سوودوەرگرتن لە سامانی ژێر زەوی .

بەگوتەی ئەو زانیارانە ، گوایە ( ئازادیی ) زێتر لە هەژدە لقی هەبووە و فەرماندەی زۆربەیان ، ئەفسەرانی لەشکر و سوارەی حەمیدییە بوون . جگە لەو پارت و ڕێکخراوە ، ئەفسەرەکان لیستەیەك نێوی ئاغا دەستەلاّتدارەکانی ویلایەتەکانی خوارووی خۆرهەلاّتیان دابوونێ ، کە گوایە پشتگیریی لە بزووتنەوەیەکی نیشتمانپەروەرانە دەکەن . وەلێ ئینگلیزەکان گوتبوویان ناتوانن باوەڕبکەن ، هیچ ڕێکخراوێکی ڕاستەقینە و هیچ نەخشە و پلانێکی چەسپاو لە ئارادا بێت .

ناسراوترین و بەدەستەلاّتترین سەرکردەکانی ئازادیی ، ئەمانە بوون :

خالید بەگی جبران ، سەرۆکی تیپی نێوەندیی ئەرزروم .

کۆر حسەین پاشا ، فەرماندەی سوارەی حەمیدییە لە حەیدەران و سەرۆکی تیپی مەنازگرد .

خالید بەگی حەسەنان ، فەرماندەی سوارەی حەمیدییە و سەرۆکی لقی ڤارتۆ.

یوسف زیا و بەگ ، کۆنە ئەندامی پارلەمان و سەرۆکی لقی بەتلیس .

ئەکرەم بەگ ، لە بنەماڵەی جەمیل پاشا و سەرۆکی لقی دیاربەکر .

سەیید عەبدولقادر ئەفەندی ، سەرۆکی لقی ئەستەموڵ .[52]

لیستەی نێوی ئەو سەرەکهۆزانەی گوایە لەگەڵ ڕاپەڕین دەستپێکرد ، دەدەنەپاڵی ، ئەمانەبوون :

حاجی موسا بەگ ، سەرۆکی هۆزی خویتی و یەکێك لە ئەندامانی کۆمیتەی نوێنەرایەتی .

شێخ صەلاحەددینی خەرزان و جەمیلێ چەتۆی پەنچناران ، ( پەنچناران ، گوندێکە دەکەوێتە بەشی خۆرئاوای کێوەکانی بەتلیسەوە ) ، هەر هەموو ، لە ئۆگوستی ١٩٢٤ەوە دووربەدوور پشتگیریی ( ئازادی ) یان دەکرد . لە سەرەکهۆزە دەستەلاتدارەکانی دی ، کە نێویان هاتووە : مەحمود بەگی کوڕی ئیبراهیم پاشای میلان ، ( مەحمود ، ساڵی ١٩١٩ ، وەك پالأوتەیەك بۆ حوکمداری شارێکی چکۆلەی کورد ، بە پشتیوانیی ئینگلیز ، پێشچاوگیرابوو ) ، کوڕانی عەبدوڕڕەحمان و سلێمان ئاغای شیرناخ . سەیر ئەوەیە بەهیچ جۆر نێوی شێخ سەعید نەبراوە ، نە لەنێو ئەندامانی ئازادییدا و نە لە نێو ئەو سەرەکهۆزانەدا ، کە چاوەڕوانیی پشتگیریی شۆڕشەکەیان لێدەکرا . [53]

## 5.5.3 شۆڕشەکەی ئیحسان نوری و هەڵهاتنی :

لە سەرچاوە و بەڵگەنامەکانی ئینگلیزدا ، نێوی ئەو هەڵهاتووانە تۆمارنەکراوە ، کە ئەو زانیارییانەیان پێداون ، وەلێ هیچ گومانێك لەوەدا نییە ، کە ئەوانە ئیحسان نوری و هەڤاڵەکانی بوون . هەڵهاتنیان بۆ عێراق ، سەرەتای هەڵەیەك بوو ، کە لێشاوێك هەڵەی دیکەی بەدوودا هات و ئاکام شکستی بە شۆڕشەکەش هێنا . [54]

تیپێك سەربازی لەشکری حەوتەم ، کە چەندین ئەفسەری ئەندامی درەوشاوەی ( ئازادیی ) تێدادەبێت ، وەك ( ئیحسان نوری ، ڕەزای برای یوسف زیاو بەگ ، راسم خورشید و تۆفیق جەمیل ) ، لە ئۆگوستی ١٩٢٤ دا ، بۆ سزادان و تەمبێکردنی ئاشوورییە نەستۆرییە سەرچڵە یاخییەکانی هەکاری دەنێردرێن ، کە سەرپێچییان لە جێبەجێکردنی فەرمانەکانی حوکومەتدا دەکرد . کاتێك دەگەنە بەیتوششەباب ، بە جفرە ، بروسکەیەکی یوسف زیائیان پێدەگات، ( ئەو دەم بەهۆی پەیوەندییە فراوانەکەی ئازادییەوە ، بە پەنهانی سوودیان لە

دەزگەی تەلەگرافی سوپا وەردەگرت ) . یوسف زیا و چوو بووە ئەستەموڵ ، تا گوێ بۆ ڕاوبۆچوونی بەرهەڵستکاران هەڵخات . لە تەلەگرافەکەدا سەرنج و تێبینییەکانی خۆی بۆ نووسیبوون . ڕەزای برای و ئەفسەرە کوردەکانی دی ، بەهەڵە لە مەبەستەکانی گەیشتبوون و وایان لێکدابووەوە گوایە ئەوە پەرلەیەکە بۆ دەستپێکردنی شۆڕشە سەرتاسەرییەکە . بۆیە دەستیانکردە یاخیبوون و چەکێکی زۆریان برد و لەگەڵ چوار لقدا ، کە سەرلەبەریان کورد بوون ، دایانە شاخ و بێ هوودە هەوڵیاندا هۆزە کوردەکانی ناوچەکە رازییکەن ، بدەنە پاڵیان . کاتێك هەستدەکەن ڕاپەڕینە سەرتاسەرییەکە رووی نەداوە و حاڵ و بارەکەیان ئاڵۆزە ، گشت چەکە قورسەکان دەشکێنن و تووڕیاندەدەن و بۆ عێراق هەڵدێن . لە عێراق دۆستانە پێشوازیی دەکرێن . ئەوەبوو ساڵی ١٩٢٩/١٩٣٠ ، ئیحسان نوری پاشا ، وەك سەرکردە و ڕێبەرێکی شۆڕشی ئارارات و نموونەیەکی خەباتی نەتەوایەتی پەیدابووەوە . [55]

ئەو یاخیبوونە ، ستەم و زوڵمێکی زۆری بەدووداهات . حوکومەتی تورك هەستی بە هەڕەشە و مەترسیی ناسیۆنالیستانی کورد کرد . لە هەوڵی دۆزینەوەی ڕەگ و ریشەی یاخییەکاندا ، بەشێك لە ئەندامانی ئازادیی بەرکەوتن. یوسف زیا و بەگ و خالید بەگی جبران و لایەنگرانێکی زۆر ، دەستگیرکران . حاجی موسا بەگی لاسار و سەرکێشیش ، گیرا و خرایە زیندانەوە . دواتر یوسف زیا و خالید بەگ لە زینداندا کوژران و حاجی موسا بەگ ئازاد کرا. [56] لەگەڵ ئەوەشدا کە لیستەی کۆمەڵێك نێو دۆزرایەوە ، وەڵێ گرتنی کەمتری بەدوودا هات . لە دادگاییکردنی خالید بەگ دا ، دەبا شێخ سەعید و بڕێك کەسایەتی نێوداری دی ، بۆ گەواهی ئامادەبن . لەبەر ئەوەی شێخ ترسی گرتنی هەبوو ، سەرپێچیی لە چوونە دادگا کرد و ناوچەی خنسی نشینگەی خۆی جێهێشت و چووە چەبەقچور ، چونکە حوکومەت دەستەڵاتی تەواو بەسەر ئەوێدا نەدەشکا. [57]

### 5.5.4 نەخشە و پلانی شۆڕشێکی نوێ :

دەستگیرکردنی ژمارەیەك لە سەران و سەرکردەکانی ئازادیی ، پێویستی بە پێداچوونەوە و گۆڕینی نەخشە و پلانەکان دەکرد . مانگەکانی پاش ئەو دەستگیرکردنانە ، شڵەژان و سەرلێشێواوییەکی زۆریان پێوەدیاربوو . گەلەك پلان و نەخشەی دژوار و ئاڵۆز دانران و هیچیان راپەڕینێکیان پێ ڕێکنەخرا . چەند جارێك نەخشە بۆ ئازادکردنی خالید بەگ و یوسف زیا و دانرا ، کە لە بەتلیس گیرابوون ، بەڵام هیچ کامیان جێبەجێ نەکران . زۆر سەرەکهۆز بەڵێنی بەشدارییان دابوو ، هەموو ترسان و تەکیینەوە و پەیوەندییان پساند . هەتا ئەوانەش کە دەیانەویست بەردەوام بن ، نادڵنیا و سەرلێشێواو ، نەیاندەزانی چبکەن .

ئا لەو بار و دۆخەدا ، شێخ سەعید ، کە تا ئەودەمە دەستەڵاتێکی زۆری هەبوو ، وەك ڕێبەرێك هاتە پێشەوە . کەسێك بوو دەیزانی چی دەوێت . بەهۆی پلە و پایەی ئاینییەوە ، نێوبانگێکی درەوشاوە و توانایەکی چاکی رازییکردنی هەبوو . بۆ قوتاربوون لە گرتن و بە مەبەستی ڕێکخستن و ئامادەکاریی بۆ هەڵگیرساندنی زووتری شۆڕشەکە ، خنسی جێهێشت و رووی کردە ناوچەکانی چەبەقچور و پالوو و لیجە و هانی . بنەماڵەکەی ، لە چەندین پشتەوە ، موریدێکی زۆری لە نێو ڕەشە خەڵکە ، هەژارە ، ڕووتەکەی هۆزە زازاییەکانی ناوچەکەدا هەبوو . لە نێو ئەواندا هەستی بە دڵنیایی دەکرد و دەیتوانی ئەوەی دڵی خواستبای ، بیبینێت .

لەو شارۆچکانەدا ، هێزەکانی ژەندرمە ، تاڕادەیەك دەستەڵاتیان کز و لاواز بوو ، لەدەرەوەی ئەوانیش ، لەڕیزی نەبوواندا بوون . لەبەر ئەوەی زۆربەی شێخەکان ، بەردەوام خەریکی گەڕان و هات و چۆ بوون ، بۆیە بزووتن و جموجۆڵی ئەو لە ناوچەکەدا ، هیچ گومان و شکێکی نەدەڕسکاند . ئەو گەشت و گەڕانانە ، دەرفەتێکی چاك بۆ موریدانیان دەڕەخسێنێت ، بیانبینن و تۆبە بکەن و

پــووڵ و باربووشــیان پێبــدەن . شــێخیش ، کێشــەکانیان چارەســەردەکات و ئامۆژگاریی پێویستیان دەکات .

چارەسەرکردنی کێشەکان ئەمجارە ، ئەرکێکی هێجگار سەخت و گرنگ بوو : بـۆ سەرخسـتنی شۆڕشـەکە ، دەبـا بـەر لەهەرشـت ، کێشـە و هـەلا و ململانـێ و شەڕەزرتانێی نێوان هۆزەکان بەلادا خرابان ، دەنا چاوەڕوان دەکرا ، بڕێك هـۆز دژە شۆڕش بوەستنەوە ، تەنها بەو هۆیەوە کە هۆزە دوژمنەکانیان تێدا بەشدارن.

یەکەم کێشمەکێش کە رووبەڕووی شێخ بووەوە ، ئەو راستییە دەسەلمێنێت . بەرلەوەی بگاتە ناوچەی زازاییەکان ، دەگەڵ کرمانجییەکانی هۆزی جبرانی خزمـی خالیـد بەگـدا ، کۆبـووەوە . مەڵبەنـدی ئـەو هـۆزە ڕەوەنـدە ، ( قـەرەلیڤا و ڤـارتۆ و بولانیـك ) بـوو و دەگـەڵ بڕێـك هـۆزی کـوردی عەلەوییـدا تێکـەڵ بـوون ، کـە گرنگترینیان خۆرمـەك و لۆلانییـەکان بـوون . لـە کۆنـدا ، ئـەو هـۆزە نیشـتەجێیانە ، رەعییـەتی هـۆزی جبران بـوون . لـەو دەسالانەی دوایـی ئـەو کاتـدا ، هێـدی هێـدی خۆیان لەژێردەستەیی جبرانەکان قوتار کرد . کاتێك لـە یەکـەم جـەنگی جیهانیـدا ، کرانــە ســوارەی حەمیدییــە ، شــێلگیرانە دژی گشــت هــەوڵی جبرانــەکان بــۆ ژێردەستخستنەوەیان وەستانەوە . ئـەو کێشمەکێش و دوژمنایەتییانـە ، گـەر لـە کـاتی شۆڕشەکەشدا هـەر بـەردەوام بـان ، دەبوونـە تەگـەرە و ئـازادیی جموجـۆڵ و بزاوتنـی جبرانـەکانیان دەشـێواند . شـێخ سـەعید نامەیـەکی بـۆ سـەرۆکی هـۆزی خۆرمەك نووسی ، وەك رێبەرێکی ئایینیی داوای لێکرد ، لەگەڵ هـۆزە کوردەکـانی دیدا ، لەو جیهادەدا کە دژی حوکومەتی ئەنقەرە دەکرێت ، بەشداربێت . چونکە خۆرمەك عەلەویی بوون ، گوتـەکانی شـێخ لـەکنیان ئـەو سـەنگەی نـەبوو . کـەواتە هـەوڵی شـێخ بـۆ بەشـداریکردنیان لـە شۆڕشـەکەدا ، یـاخود بـۆ کۆتـایی هێنـان بـە دوژمنایـەتی نێـوان خۆرمـەك و جـبران ، بـێ هـوودە بـوو . لەڕاسـتیدا هـەردوك هۆزەکـە، دەمودەسـت پـاش بـەرپابوونی شۆڕشـەکە ، پـەلاماری یەکـدییان دا . ئـەوەبوو پاشـتر ، خۆرمـەك و لـۆلان ، لـە ژەندرمـە و سـوپا تونـد وتیـژ تـر و

شێلگیرانەتر ، دژی راپەڕینەکە دەجەنگان. [58] راستە ئەم نموونەیە بەدە ، بەڵام نموونەیەکی هەمیشەیی و ئاساییش نییە .

بە گوتەی زانیارەکەم ، شێخ لەو گەشتەیدا ، زۆر کێشەی گچکەی چارەسەرکرد . ئەو گەشتەی شێخ ، دەرفەتێکی چاك بوو ، تا رێنمایی دەربارەی شۆڕشە تازە رێکخراوەکە ، بەو کەسانە بدات کە جێی متمانەی خۆی بوون . سەرکردەکانی دیکەش ، هاتنە دیداری و دەربارەی کێشە ستراتیژییەکان راوێژ و گفتوگۆیان کرد .

مەلا حەسەنی زانیارم ، دەیگوت گوایە یەکەوڕاست پێش گەشتەکەی شێخ ، (ئازادیی) کۆنگرەیەکی سازکرد ، پاشان ( شورای جەنگ ) یش کۆبوونەوەیەکی کرد و نەخشە و پلان و تاکتیکی چۆنیەتی بزاوتن و کار و رەفتار و چالاکیی دانا.[59] لەو کۆنگرەیەدا ، تەنها سەرەکهۆزی ناوچەکانی ئەمبەرئەوبەری چۆمی موراد ، ( خۆرهەڵاتی فورات ) بەشداربوون ، تایبەت نوێنەرانی هۆزە زازاییەکان.[60] هەرچەندە زۆریان هێشتا خۆیان ساغ نەکردبووەوە ، وەلێ بڕیاردرا شۆڕشەکە لەمانگی مارت دا دەستپێبکرێت . [61]

ئەو نەخشە و پلانانەی لە کۆبوونەوەکاندا دانران ، هێجگار سادە و ساکار بوون . دەبا هەر هۆزە و لەژێر فەرماندەیی سەرەکهۆزی خۆیدا بەشدار بێت . هەریەکە و ناوچەی نشینگەی خۆی بەتەواوی کۆنترۆل بکات و کاربەدەستان و ژەندرمەی تورك بگرن و راوەدوویان نێن . پاشان هەرهۆزە و پەیوەندیی بە یەکێك لەبەرەکانی شەڕەوە بکات . بەرەکان بریتی دەبن لە داگیرکردنی شاران لەلایەن شۆڕشگێڕانەوە و رازییکردنی هۆزە ناوچەییەکان بۆ دانەپاڵ شۆڕش و بەرپەرچدانەوەی گشت هێرشێکی رژێم . لە هەر بەرەیەك شەڕ هەڵگیرسا ، یەکێك لە شێخە دەستەڵاتدار و شارەزاکانی بار و دۆخی ناوچەکە ، فەرماندەیی دەکات ، ئا بەم جۆرە :

١-بەرەی باکوور و باکووری خۆرهەڵات ، شێخ عەبدوڵڵای مەلەکان دەبێتە فەرماندەی . هەندەك بەش لەوبەرەیە ، شێخەکانی جان ( کیغی و چەبەقچور ) ،

خالید بەگی حەسنان ( موش و ڤارتۆ ) ، عەلی ڕەزای کوڕی شێخ سەعید و محەمەد ئاغا و خەلیلی خەتۆ ، فەرماندەییان دەکەن .

٢-بەرەی خەرپووت و ئەلعەزیز ، شێخ شەریفی گۆکدەرە فەرماندەیی دەکات .

٣-بەرەی ئەرغەنی ، بەفەرماندەیی عەبدوڕڕەحیمی برای شێخ سەعید .

٤-بەرەی دیاربەکر ، هەقی بەگ ، فەرماندەی کەناری چەپ و ئەمەری فاروق ، دەبێتە فەرماندەی کەناری ڕاستی . ( هەردوك فەرماندەکە زازا بوون ) .

٥-بەرەی سیلڤان ( فارقین ) ، شێخ شەمسەددین دەبێتە فەرماندەی .

شێخ سەعید و شورایەکی بچووکی جەنگیش لەتەکیدا ، سەرفەرماندەیی گشت بەرەکان دەکەن . (62) کەمێك دواتر ، کاتێك شۆڕشەکە زووتر دەستپێکرد، پەیڕەویی تەواوی ئەو پلانە کرا .

## 5.5.5 دەستپێکردنی شۆڕشەکە :

شێخ درێژەی بە گەشتەکەی دا و چووە لیجە و هانی و پیران . لە گشت جێیەك، ڕێنمایی ئەوانەی دەکرد کە دەچوونە دیداری و مەسەلە ستراتیژییەکانی دەگەڵ هەموو ئەوانە باسدەکرد کە بەهرە و توانای سەرکردایەتییان هەبوو .

ڕووداوێکی گچکە ، کە لە ٨ ی فێبریوەردا لە گوندی پیران ڕوویدا ، دەستوبردی بە شۆڕشەکە کرد و کاتەکەی پێشخست . چەند تاوانکارێك کە ژەندرمە بەدوویاندا دەگەڕا ، هانایان بۆ شێخ برد و ئەویش داڵدەی دان . ئەو پۆلە پۆلیسەی بەدوویانەوە بوو ، چوون و داوای تەسلیمکردنەوەیان کردن . بارە ئاڵۆزەکە بەچەند تەقەیەك شڵەقا و پیاوانی شێخ و ژەندرمە ( شێخ ژمارەیەکی زۆر چەکداری لەگەڵدا بوو )، یەکدییان دایەبەر دەستڕێژ . لانی کەم ، ژەندرمەیەك کوژرا .(63) شێخ دەیزانی هێشتا وەختی هەڵگیرسانی شۆڕشەکە نەهاتووە ، بۆیە هەوڵی دا ، حاڵ و بارەکە هێورکاتەوە و هەرچۆنێك بێت مەسەلەکە لێفەپۆشکات ، وەڵێ نەیتوانی و هەر زوو ڕکێفی لەدەست دەرچوو .

خـەڵکی هـانی ، کـە بـە ڕووداوەکـەیان زانـی ، فەرمانـدەی شـار و گشـت کاربەدەستانی تورکیان راوەدوو نا . رۆژی ١٠ی فێبریوەر ، لـە نێزیکی لیجە ، ڕێ بـە ئوتـۆمبێلێکی پۆسـت گـیرا و رووتکرایـەوە . ئیـدی بـواری راگرتنـی راپەڕینەکـە نـەما و سـەرکردەکان دەبوا بـە چـاکترین شـێوە بارەکـە بقۆزنـەوە و سوودی لێوەرگرن . لە ١٤ ی فێبریوەردا ، دەرەیەنی گیرا و کرایە پێتـەختی کاتیی و نشینگەی حوکومەت . شێخ ، فەقێ حەسەنی هۆزی مۆدانی کردە فەرمانڕەوای شار و خۆی بەرەو باشوور گەڕایەوە و لەڕێگە خەڵکێکی زۆری کۆکردەوە . لیچ و هانی ، گیران و شۆڕشگێڕان لەوێوە بەرەو دیاربەکر جمان ، چەند هـەزار کەسێك دەبـوون . [64] ئـەو بەتالیۆنـە پیادەیـەی نێـردرا بـەریان پێبگرێـت ، زۆر ئاسـان تێکیانشکاند و راوەدوویان نان . بەڵام شارەکە نەگیرا ، چونکە بێ چەکی قورس ، گرتنی مەحاڵ بوو .

شـێخ سـەعید ، ( تـالا )ی کـردە بارەگـای سـەرەکیی خـۆی ، کـە دەکەوتـە سەرووی دیاربەکرەوە . ( چونکە تەلـەگراف نـەمابوو ) ، ناچار لەڕێگەی پەیك و راسـپاردەوە ، پەیوەنـدیی بەبەرەکانـەوە دەکـرا . هـەوڵی دا کۆمـەك بـۆ بـەرەی دیاربـەکر دابین بکـات ، پـەیکی نـاردە کن مـەحمود بـەگی کـوڕی ئیبراهیم پاشـای مـیلان و زۆر هـانی دا لـە قـوڵی باشـوورەوە دیاربـەکر گـەمارۆ بـدات ، وەڵێ هـیچ وەرامێکـی پێنەگەیشـتەوە . لـە ناوچـەی سیڤانیشـەوە هـیچ هێزێکـی پشـتیوان نەگەیشـت . ئـەو کۆمیتـەی جەنگـەی ، ئـەرکی ڕێکخسـتن و سەرپەرشـتیکردنی بـەرەکان بـوو ، کۆبـووەوە . کۆمیتەکـە جگـە لـە شـێخ سـەعید ، ئـەم کەسـانەی تێدابوو: فەهمی بیلال ئەفەندی ، صدیق بەگی مەدراگ ، شێخ ئیسماعیل ، رەشید ئاغای تێرکان ، صالح بەگی هانی ، صدیقی پیران و مەلا مستەفای لیجە . گشت لەگشتیان زازایی و خەڵکی مەڵبەندی راپەڕینەکە بوون .

لە ٢٩ی فێبریوەردا ، هێرشی سەر دیاربەکر دەستپێکرد . کوردێکی هێجگار زۆر ، گـەمارۆی شـارەکەیان دا ، سـێ هـەزار ، تـا پێـنج هـەزارێك دەبـوون ، ئەگـەر زێتریش نەبووبن . [65] داوا لە قوماندانی سوپاکە کرا ، خۆ بەدەستەوە بدات . لـە

٢ی مارت دا هەڵمەت برایە سەرشارەکە ، بەڵام دیوارە ئەستوورەکانی و ئۆردووە بەهێزەکەی ، پاراستیان و نەتوانرا داگیرکرێت . گەمارۆدەران ، پەیوەندییان بە زازاییەکانی دانیشتووی شارەوە کرد و شەوی ٨/٧ ی مارت ، دەستەیەکی کەم ، توانییان بە کۆمەکی ئەوان پێدزکە بکەنە شارەوە . لە شەڕێکی خوێناویدا زۆربەیان کوژران و ئەوی مایەوە ، هەڵهات .

هاوکات ، لەبەرەکانی دیدا ، کۆمەڵێك سەرکەوتن بەدەست هات :

١- شێخەکانی جان ، ئیبراهیم و مستەفا و حەسەن ، لە ١٧ ی فێبریوەردا ، قەبەقچوریان گرت و هێرشیشیان کردە سەر کیغی ، وەلێ لە لایەن ئۆردووی تورکەوە و بە کۆمەکی جەنگاوەرانی خۆرمەك و لۆلان ، تێکشکێندران . (66)

٢- عەبدوڕڕەحیمی برای شێخ سەعید ، لە ٢٩ ی فێبریوەر دا ، مادەن و چەرمکی گرت ، ئەوەش بە پشتیوانیی و کۆمەکی شێخ ئەیوبی سێوەڕەق و ٥٠٠ چەکداری ، کە پێشتر مەڵبەندی نێوەندیی ناوچەکەی خۆیان گرتبوو . پاشان پێکڕا هێرشیان کردە سەر ئەرغانی و ئەو شارە گرنگەشیان گرت . ئەوجا بەرەو دیاربەکر شۆڕبوونەوە ، بۆ کۆمەکی گەمارۆدەرانی . (67)

٣- لە بەرەکانی سەرووی خۆرهەڵاتدا ، چەندین چالاکی ئەنجام درا : حەسەنانەکان ، مەنازگردیان گرت و جبرانەکانیش بولانیك . شێخ عەلی رەزا ، ئەرکی هاوئاهەنگکردن و ڕێکخستنی چالاکییەکان بوو . جبرانەکان چەندین جارو لە چەندین جێگە ، بەگژ خۆرمەك و لۆلانەکاندا چوونەوە . هەر ئەو هۆزانەش بوون ، لەسەرەتاوە نەیانهێشت ڤارتۆ بگیرێت . دواتر لە ١١ی ئازاردا ، جەنگاوەرانی جبران ، بە رەزامەندیی شێخ عەبدوڵڵا ، شارەکەیان گرت . زۆری ئەو ١٢٠ ژەندرمەیەی لە ڤارتۆ بوون ، خۆیان کورد و موریدی نەقشبەندییش بوون ، لە کاتی سەخت و پێویستدا کۆمەکیان بە شۆڕشگێران کرد . بەشێك لەو هێزە " بۆ خنس نێردرا ، کە حەسەنان و جبرانەکان بە فەرماندەیی شێخ عەلی و سەرەکهۆزەکانی خۆیان پەلاماریان دابوو . بەشێکی دی بۆ باشوور نێردرا ، تا بچن بەهانای شۆڕشگێرانی تەختاییەکانی مووشەوە . بڕیاربوو شارەکانی

مووش و بەتلیس بگرن و سەرکردە گیراوەکانی ( ئازادیی ) لە بەتلیس ئازاد بکەن. بەلام هۆزەکانی ناوچەکە ، نەچوونە پال شۆرشەکە . کاتێك هەواڵی ئیعدامکردنی خالید بەگی جبران و یوسف زیا و بەگ لە زیندانەکەیاندا ، گەیشت ، ئیدی چالاکییەکان لە باکووری خۆرهەلاتدا چڕ و خەستترکرانەوە .[68]

٤- لە زۆر جێ و لە خۆرئاواوە هەتا دەگاتە چەمشکەزەك و پۆتورگەی کن مەلاتییە ، خەلکیی هاودەنگیی و لایەنگیریی خۆی بۆ شۆرشگێران دەربڕی .[69]

بە شێوەیەکی گشتی ، تێکرای شارۆچکەکانی ناوچەی شۆڕشەکە و ئەوانەی کەوتبوونە بەرەکانی شەڕەوە ، بێ بەرگرییەکی ئەوتۆ ، گیران . ژەندرمەی تورك و کاربەدەستانی دەوڵەت ، یا هەلدەهاتن ، یاخود خۆیان بەدەستەوە دەدا و یەکەوڕاست کوردیان لە جێ دادەنرا . دەربارەی گرتنی شاری گەورەی وەك ئەلعەزیز ، دەتوانرێت ئەو زانیارییانەی لەسەرچاوە کوردی و تورکییەکاندا هەن، ( کە هیچیان دەستی یەکەم نیین ) بە سەرنجەکانی ئەوروپاییەکی دانیشتووی شارەکە ، دەوڵەمەند و بیرازکرێن :[70]

شۆرشگێرانی ژێر فەرماندەی شێخ شەریف و یادۆ ئاغا ، ( کە یەکێك بووە لە سەرکردەی زازاییەکان و Firat بە جەردە و سالووك نێوی دەبات ) ، لەپێشدا پالوویان گرت ، ئەوجا بۆ سەر خەرپوت و ئەلعەزیز بایانداوە . خەلکی ئەلعەزیز کە زۆربەیان تورك بوون ، لە ٢٣ ی مارتدا ، بیستیان کە شۆڕشگێران نێزیککەوتوونەوە و بەرەو شار دێن .[71] ٢٤ ی مارت ، تەقە دەستیپێکرد . والی هەلهات و هەندەك کاربەدەستی دیکەشی لەگەل . هەمان رۆژ ، ٣٠٠ کوردێك رژانە شارەکەوە و بارەگای حوکومەت و دادگایان تالانکرد و دەرگەی زیندانیان شکاند. زیندانییەکان ، ماڵی ئەفسەران و دەوڵەمەندانیان پێشانی کوردەکان دەدا، " ئەوانیان دەگرت و ئەمانیان تالاندەکرد " . باربەر و دارفرۆشەکانی شار ، کە زۆربەیان کورد بوون ، بەشادییەوە لەو چالاکییانەدا بەشدار بوون . پاشان شێخ شەریف هاتە نێوشار و بەلێنی سەقامگیردنی ئارامی و ئاسایشی دا و ( بۆی نەچووە سەر ) . ٢٥ ی مارتیش ، هەر خەریکی تالانیی بوون ، سەربازخانە و

کۆگای توتن تاڵانکران . سەرباز و ژەندرمە " هیچ بەرەنگارییەکیان نەکرد ، یا هەڵهاتبوون ، یاخود خۆیان شاردبووەوە . کۆنە والی ئەلعەزیز پاشان دەگێڕێتەوە ، [72] گوایە ژەندرمە بۆیە تەقەیان لە کورد نەکردووە ، چونکە یەکی قورئانێکیان کردووە بەسەری سوننی تفەنگەکانییانەوە ، - فێڵێکە چکێك لە قورئان کەم تەمەنتر - . پاش ئەوەی والی بەرە و مەلاتییە هەڵهات ، خەڵکەکە خۆیان دەستیانکردە بەرگری و بەرەنگاریی . کوردەکان کەسیان نەکردە فەرمانڕەوای شار و کۆمەڵێك جەلۆ و ئاژاوەچی و خەڵکی سەرچڵ و سەرکێشیان جێهێشت ، کە هەرخەریکی تالأنیی و ڕاو و ڕووت بوون . پیاوماقوولانی شار ، هێزی بەرگرییان ڕێکخست ، تا ئەو دەستە و تاقمانە لەشار بەدەرنێن .

لە کۆتایی مارتدا ، زەبر و زۆری هێرشی کورد خاوبووەوە و تورك هێندەی هێز لە ناوچەکەدا کۆکردەوە ، کە بتوانێت بەرپەرچی هێزی کورد بداتەوە و یاخیبوونەکە سەرکوتکات .

## 5.5.6 سەرکوتکردنی شۆڕشەکە :

ئۆردووی تورك لە خۆرهەڵات ، ( لەشکری حەوتەم لەدیاربەکر و لەشکری هەشتەم ، لە ئەرزروم ، بە فەرماندەیی مورسەل پاشا و کازم قەرەبەکر پاشا ) ، هێند هێزی نەبوو بتوانێت بەرەنگاریی ڕاپەڕینەکە بکات . لەشکری حەوتەم ، کوردی زۆری تێدابوو . هەرچەندە هیچ بەڵگەیەکی هەڵهاتن لەریزی سوپا ، لەبەردەستدا نییە ، وەلێ دوور نییە کە تەنها بوونیان لەنێو ریزەکانی دا ، گیانی بەرگریی و بەرەنگارییان خاو نەکردبێتەوە . یەکەم دەستە کە بۆ بەگژداچوونەوەی ڕاپەڕیوەکان نێردرا ، هەربەجارێك قڕکران ، ئەوەی نەکوژرا ، دەستگیرکرا . ماوەیەکی زۆری خایاند تا لەشکری هەشتەم رووبەڕووی شۆڕشگێڕان وەستایەوە و بەگژداچووەوە . زانیارەکانم ، هۆی ئەوە بۆ ناکۆکی نێوان کازم قەرەبەکر و مستەفا کەمال ، دەگێڕنەوە ، ( قەرەبەکر سەرۆکی پارتی کۆنەخوازی بەرهەڵستکاری " تەرەقی پەروەر جەمهوورییەت فیرقەسی " بوو ) .

بەرەنگاریی راستەقینە ، یەکەمینجار ، لەلایەن خۆرمەك و لۆلانییەکانەوە کرا ، هۆزەکانی ناوچەی کیغی و ڤارتۆ ، کە بەهانای سەربازگە بچووکەکانی ئەو شارانەوە چوون و لە شوێنانی دییش بەگژ شۆڕشگێڕاندا چوونەوە ، تایبەت بەگژ جبرانەکاندا .

حوکومەتی ئەنقەرە لە ٢٣ ی فێبریوەردا ، یاسای جەنگی بەسەر ویلایەتەکانی خۆرهەلاّتدا سەپاند . بارەکە هێند ئالۆز و مەترسیدار بوو ، کە مستەفا کەمال ناچار خۆی راستەو خۆ رکێفی گرتە دەست . فەتحی ئۆکیاری سەرەکوەزیران ، کە لە ئەرکەکانیدا زۆر دوودڵ و لەگەڵ بەرهەڵستکارانیش روو گرژ نەبوو ، ناچارکرا دەستبکێشێتەوە و لە ٢ ی مارتدا ، عیسمەت ئینونوی دووهەمین پیاوی جێمتمانەی مستەفا کەمال ، لەجێگەی داکرا . دوو رۆژ دواتر ، پارلەمان یاسای نیزام چەسپاندنی دەرکرد ، کە دەستەلاّتێکی بێ ئەندازەی بە حوکومەت دەدا . هێزێکی هێجگار زۆر بۆ ویلایەتەکانی خۆرهەلاّت نێردرا ، ئەوەش تەنها بە کۆمەك و یارمەتیی فەرەنسییەکان هاتەدی ، کە خەتی شەمەندەفەری بەغدای بە سوریادا تێپەڕیوی بۆ ئاوالّەکردن . تێکرا ٣٥ هەزار سەربازی تورکی چاك چەکدارکراو ، بۆ سەرکوتکردنی راپەڕینەکە نێردران ، دیبلۆماتە بێگانەکان ، باس لە ژمارەی زێتریش دەکەن . (73)

فڕۆکەی تورك بێ پسانەوە شۆڕشگێڕانیان بۆردومان دەکرد . مستەفا کەمال فەرمانی بە سەرەکهۆزەکانی دیکەی کورد کرد ، هاوکاریی ئۆردووی تورك بکەن و لەسەرکوتکردنی شۆڕشەکەدا یارمەتییان بدەن . ئەوەبوو چەندین هۆزیان گەیشتنە بەرەی دیاربەکر ، چونکە خۆ ماتلّکردنیان بە سەرپێچیی و یاخیگەری دادەنرا ، وەلێ توانییان خۆ لەڕووبەڕووبوونەوەی راستەوخۆ لەگەڵ شۆڕشگێڕاندا ببوێرن . بڕێکیان پاش ئەوەی دەرکەوت شۆڕشگێڕان دەدۆڕێن ، ئەودەم شالاّویان برد .

کاتێك ئەو لەشکرە مەزنە لە دیاربەکر نێزیککەوتەوە ، شۆڕشگێڕان گەمارۆی شارەکەیان کۆتایی پێهێنا و لە تەختانییەکانەوە بەرەو کێوەکانی سەرووی

خۆرهەلآت کشانەوە ، ( ئەوە ٢٧ ی مارت بوو ) . ئۆردووی تورك تەوقێکی گەورەی دروستکرد و ئەڵقاوئەڵق گەمارۆی ناوچەی راپەڕینەکەی دا ، تا کەسیان قوتارنەبن و پێدزکە نەکەن بۆ ناوچەکانی دی . تا دەهات گەوەی گەمارۆکەیان تەسکتر دەکردەوە و شۆڕشگێڕانیان لە چەبەقچور و گەنج و لیجە خزاند . ئەو شەڕە دەستەوئێخە و سەختانەی رۆژانی ٣-٨ ی ئاوریل روویاندا ، بۆ کورد هێجگار دەردناك بوون . زۆر کوژران و زامداربوون و زۆریش دەستگیرکران . ئەوجا کوردەکان خۆیان رێکخستەوە و پەلی بچووك بچووکی شەڕی چەتەگەرێتییان لە بریتی هێزی زلی هۆزەکان دانا . بڕێك لەو دەستە گچکانە ، توانییان لە داوی ئەو ئەڵقە ئاسنینەی بەدەوریاندا کێشرابوو ، قوتار بن . ئەوانەی هەڵهاتن ، سالآنێکی زۆر ، لەمەودایەکی تەسکدا ، درێژەیان بەشەڕی چەتەگەرێتی دا . لە ٢٧ی ئاوریلدا ، کاتێك شێخ سەعید و دەستەیەك لە هاوکارە هەرە نێزیکەکانی ، لە چۆمی موراد ، ( باکووری مووش) ، دەپەڕینەوە و بەنیازی هەڵهاتن بۆ ئێران بوون ، گیران .[74] ئەو دەمەی لەدەمەوە دران ، لە تەوق و گەمارۆکە قوتاربووبوون . قاو وابوو گوایە قاسم بەگی سەرەکهۆزی جبران ، کە یەکێك بوو لە گوردێرەکانی ، ئەو خیانەتەی کردبوو .

بەوپەڕی توند و تیژییەوە دەستکرایە تۆڵەسەندنەوە . صەدان گوند خاپوورکران ، هەزاران پیاو و ژن و منداڵی بێ تاوان کوژران . دادگا تایبەتەکان ، کە بەپێی یاسای نیزام چەسپاندن ، دانرابوون ، سزای مەرگی زۆر نێودار و دەستڕۆیشتووی کوردیان دا . خەڵکانێکیان تێدابوو ، کە هەرچی پەیوەندیی هەیە ، لەگەڵ ئەو شۆڕشەیاندا نەبوو . لە ٤ ی سێپتەمبەری ١٩٢٥ دا ، شێخ سەعید و ٤٧ سەرکردەی کورد ، لە دیاربەکر هەڵواسران . هەزاران پیاوی دیکەی کەمدەستی کورد ، بێ دادگاییکردن ، کوژران . سەرلەبەری دانیشتووانی هەندەك ناوچە ، بۆ خۆرئاوا راگوێزران . کایە و رۆڵی شێخان لەو شۆڕشەدا ، بووە ماك و بنەمای دەرکردنی یاسایەکی نوێ ( لە دێسەمبەری ١٩٢٥ دا) ، بۆ داخستن و مۆرکردنی هەموو تەکێ و خانەقا و مەرقەد و زیارەتگەکان .

بەوە كۆتایی  بە شۆڕشەكە نەهات . گشت شۆڕشگێڕان نەكوژران و نەگیران . زۆریان دەربازبوون و دەستە و پەلی گچكەگچكەی پارتیزانانەیان ڕێكخستەوە و بەردەوام بەدوویانەوە بوون ، جارهەبوو ئەمان دەستپێشكەر بوون و دەستیان لە پۆلە سەربازێك دەوەشاند . لە مانگەكانی ژولی و ئۆگوستی ١٩٢٥ دا ، كڵپەی راپەڕین جارێكی دی هەڵگیرسایەوە . كەسانێكی سەر بە هۆزەكانی ناوچەی مۆدكی و ساسون ، دەستە و پەلی پارتیزانانەیان دروستكردەوە و پەلاماری سەربازانی توركیان دەدا . كاتێك  ئەو ناوچانە ( لە نۆڤەمبەری ١٩٢٥ دا ) پاكسازییكران و ئارامیی باڵیكێشا ،  سەرەكهۆزەكان یا گیران ، یاخود ناچاركران بۆ سوریا هەڵبێن . چالاكیی پارتیزانانە لە شوێنانی دی دەستپێكردەوە . سەرتاسەری ساڵانی ١٩٢٦ و ١٩٢٧ دەستە و تاقمی پارتیزان ، هەموو ناوچەكانی خنس و ڤارتۆ و موش و سوڵحان و چەبەقچور و كیغی و لیجەیان شێواند و شڵەژاند . هەندەك لە سەركردەی ئەو دەست و تاقمانە ، لە راپەڕینەكەی شێخ سەعید دا ، كایە و رۆڵێكیان گێڕابوو . (75)

ساڵی ١٩٢٨ ، حوكومەت ، لێبوردنێكی گشتیی دەركرد . زۆر لەو دەستە پارتیزانە چالاكانە ، گەڕانەوە و خۆیان بەدەستەوە دا و چەكەكانیان تەسلیم كردەوە . تەنها ناوچەیەك ، كە هێشتا تەواو لەژێر ركێفی حوكومەتی تورك دا نەبوو ، قوژبنی خۆرهەلاتی وولاتەكە بوو ، دەوروبەری كێوی ئارارات ، ئەو ناوچەیەی  هۆزی جەلالیی لێدەژیا . چەند سەركردەیەكی ئەو دەستە و تاقمانە ، كە لە لێخۆشبوونەكە دڵنیا نەبوون ، چوونە ئەو ناوچانە . نیشتمانپەروەرانی كوردی زۆر ناوچەی باكووری كوردستانیان تێوروكا و  لەدەوریان خڕبوونەوە . كۆمەڵەی خۆیبوون ، كە بنكەكەیان لە سوریا بوو ، راسپێردراوی خۆی ناردە كنیان . ئیحسان نوری و ئەفسەرە چاك مەشقپێكراوەكانی دیكە ، هێزی بەرگرییان رێكخست . سەرەكهۆزەكان ، دایانەپاڵیان . حوكومەتێكیان دامەزراند . لەیەكەم پێكدادان دەگەڵ ئۆردووی توركدا ، زەبرێكی چاكیان وەشاند و تارومariyان كردن . ئەو سەركەوتنانە ، نیشتمانپەروەرانی زێتریان خرۆشاند و

رایانکێشان ، بەڕادەیەك کە ساڵی ١٩٣٠، شۆڕشی ئارارات بووبووە مەترسییەکی گەورە بۆ حوکومەتی تورك ، مەترسییەکی مەزنتر لە راپەڕینەکەی شێخ سەعید . ئەم شۆڕشەش خامۆشکرا . بەڵام کوردستانی تورکیا ، تا ١٩٣٨ ، پاش سێهەمین راپەڕینی مەزن لە دەرسیم و چەند راپەڕینێکی گچکەی دی ، هێوریی و ئارامی بەخۆوە نەدیت ، خەڵکێکی هێجگار زۆریش گیانیان لەدەست دا و بوونە قوربانیی.

## 5.6 پشتیوانیی دەرەکی و ناوەکی شۆڕشەکە :

### 5.6.1 کۆمەکی ئینگلیز ؟

تەنها لایەنێك کە شۆڕشەکە بە سوودی شکایەوە ، ئینگلیز بوو ، کە لە عێراق لەگەڵ پڕوپاڵانتەی دژە ئینگلیزی تورك دا ، خراپ تووشهاتبوو . لەندەن شایی بوو : " شۆڕشەکە بەڵگە و بیانوویەکی چاکە بۆ هەڵتەکاندنی بانگاشەی تورك ، کە گوایە تورك و کورد هاوڕەگەزیی و هاونەژادیی و هاوسیاسەتییەکی توندی ئەوتۆ یەکیاندەخات ، کە جودابوونەوەیان مەحاڵە و دیارە ئەمە لە کێشەی موسڵدا کایەیەکی گرنگ دەگێڕێت " . (76)

بۆیە سەیر نییە ، گەر تورك گومان لە ئینگلیز بکات و ئاشکرا بەوە تاوانباری بکات ، کە گوایە ئەوان هەڵگیرسێنەری شۆڕشەکەن و دنەدەری .

هەتا ئینتەرناسیۆنالی سێهەمیش ، هیچ دوودڵی و گومانێکی لەوەدا نەبوو ، کە گوایە ئەو شۆڕشە بەفیتی ئیمپریالیزمی ئینگلیزە .(77) چ نوێنەرانی کورد و چ ئینگلیز ، بەردەوام ئەو تۆمەتانەیان بەدرۆ دەخستەوە . هەرچەندە پارتی ئازادیی، چەند جارێك هانای بۆ ئینگلیز برد بوو و داوای کۆمەکی ماددی و سیاسی لێکردبوو . هەڵبەت ئینگلیز ، لەڕێگەی ئەفسەرە هەڵهاتووەکانی کوردەوە، ( ئیحسان نوری و هەڤالانی ) ، پێیزانیبوو کە شۆڕشێك بەدەستەوەیە ، وەڵێ پێناچێت هیچ جۆرە یارمەتییەکی دابن . تورك هەرگیز نەیتوانی بەڵگەیەك بۆ بانگاشەکانی پێشچاوخات و بیسەلمێنێت ، جگەلەو " بەکرێگیراوەی ئینگلیز "

نەبێت ، کە نێوی تێمپلتۆن بوو و کاتی خۆی پۆلیسی هاوپەیمانان بوو و پاشان لە ئەستەمولّ بووە چاوگێڕی تایبەت . ئەو کابرایە ، پەیوەندییەکی هێجگار ئالۆزی بۆ ئالوگۆڕی نامە لەگەلّ سەیید عەبدولقادر دا ، بنیات نابوو . ئینگلیز بوونی هەرچی پەیوەندیی هەیە ، بەدرۆی دەخستەوە و کابرای بە بەکرێگیراو و پاتەخۆرێکی تورك دادەنا .[78]

## 5.6.2 چەك و تەقەمەنی :

هەرچەندە کورد هەرچی چەکێکی دەرەکیی پێدرابا ، بێ دوودلّی وەریدەگرت ، وەلێ پێناچێت هیچیان پێدرابێت . ئەو چەکانەی پێیانبوو ، بەرماوەی یەکەم جەنگی جیهانیی ، یاخود لەوەش کۆنتر بوون . کۆنە سوارەی حەمیدییە ، چەکی خۆیان پێبوو . سەربازانی روس ، کە ١٩١٧ کشانەوە ، زۆربەیان تفەنگەکانیان بە کوتێك نان دەفرۆشت . چەکێکی زۆر لە ئەرمەن سەندرا . یاقوب شەوقی ، کە ژەنەراڵێکی کوردی ئۆردووی عوسمانیی بوو ( لەبەرەی قەوقاز ) ، پاش راگرتنی شەڕ ، فەرمانی بە لەشکرەکەی دا ، وەك بەڕەسمی بڕیار بوو ، چەکەکانیان تەسلیمی ئینگلیز نەکەن ، بەڵکە بەسەر خەڵکی ناوچەکەدا ، یانی بەسەر کوردەکاندا بیبەخشنەوە . کەواتە بەو پێیە بێت ، چەك لە کوردستاندا زۆر بوو . حوکومەت ساڵی ١٩٢٣ دەستیکردە کۆکردنەوەی چەکەکان و پرۆسەیەك بوو ، ١٩٢٥یش هێشتا کۆتایی نەهاتبوو ، چونکە کورد هیچ حەزی بە چەك دانان نییە.[79] لەگەلّ ئەوەشدا ، زۆربەی کوردەکان ، چەکی زۆر سەرەتاییان پێبوو . گەواهێکی بەچاودیدەی دیاربەکر دەگێڕێتەوە ، گوایە بڕێك بە نێزە و شمشێر جەنگاون ، بەلاّم بەوپەڕی بڕواو دڵگەرمییەوە ، بۆیە توانیویانە زۆر سەربازی خاوەن چەکی باشتر ، دەستگیر بکەن .[80]

### 5.6.3 بەرهەڵستکارانی تورك :

ئازادیی ، هەوڵیدا ، لەڕێگەی یوسف زیا و بەگ و سەیید عەبدولقادر و ئەوانی دییەوە ، پەیوەندیی بە تورکە دژەکەمالیستە بەرهەڵستکارەکانەوە بکات ، بەڵام هیچ ئاکامێکی دیارنەبوو . لەنێوان ئەو دوو بزووتنەوە بەرهەڵستکارانەدا ، لەهیچ قۆناغێکدا ، هیچ جۆرە هاوکاریی و ئالیکارییەك نەبووە . بڕێك کورد مەیلیان بەلای "تەرەقیپەروەر جەمهوریەت فیرقەسی" ، کازم قەرەبەکر دا هەبوو ، وەڵێ سەرەڕای تۆمەتکارییەکانی ئەتاتورکیش ، هیچ بەڵگەیەك بەدەستەوە نییە ، بیسەلمێنێت گوایە ئەو پارتە ، جارێك لەجاران ، تۆزقاڵێك مەیلی بەلای راپەڕینی کورد دا هەبووبێت .[81] راستە ، لەشکری هەشتەم ، بەفەرماندەیی کازم قەرەبەکر ، کەمەکێك لە لەشکرەکانی دی ئەهوەنتر مامەڵەی شۆڕشگێڕەکانی دەکرد ، بەڵام دیارە ئەوە لە کۆمەکی ناڕاستەوخۆوە ، هێجگار دوور بوو . کاردانەوە و بەدەنگهاتنێکی هێجگار کەم ، لە ئاستی ئەو تۆڵەسەندنەوە و توندوتیژییەی دژ بەکورد دا ، پێشاندرا .

جگەلەوە ، بەپێچەوانەی بانگاشەی سەرچاوە تورکییەکانەوە ، کەمترین بەڵگە و نیشانەی دەستتێکەڵکردن و هاندانی وەحیدەددینی کۆنە سوڵتان لەو راپەڕینەدا نییە . دیارە هیچ پەیوەندیی و رێککەوتنێکیش لەنێوان نەخشەدانەرانی شۆڕشی کورد و پیاوە ئاینییە کۆنەخوازەکانی شوێنەکانی دی تورکیادا ، لە ئارادا نەبووە .

بۆیە تۆینبی دەڵێت : " سەیرە ، کە تورکی ئەرزەروم و ترابزون و سامسونیش رانەپەڕین ، چونکە ئەوانیش وەك هاوسێ کوردەکانیان ، دواکەوتوو و کۆنەخوازبوون و زۆر درەنگتر بە تەنیابالیی دژی چارەسەرسازیی خۆرئاوایانەی حوکومەتی ئەنقەرە ، راستبوونەوە " .[82]

## 5.7 بەشداریی کورد :

ئاشکرایە ، زۆربەی ئەو کوردانەی بەشداریی راپەڕینەکەیان کرد ، ئەو کرۆکە رەقـەی یەکـە و ڕاسـت پاش ڕووداوەکـەی پیران یـاخی بـوون ، کـوردی زازایـی بوون و سەر بەو هۆزە گچکانەی ناوچە شاخاوییەکانی لیجە و هانی و چەبەقچور بـوون . ئـەو هۆزانــەی ، شـێخ سـەعید و ( شـێخە بەشـدارەکانی دی ) شـکۆ و دەسـتەلأتێکی زۆریـان لـەکنیان هـەبوو . لـە هـۆزە کرمانجییـەکان ، تـەنها جبران و حەســەنان دەوریــان هــەبوو . لــە ناوچــەکانی کارلیۆڤـا و ڤـارتۆ و بولانیـك و مەنازگەرد و ئەو دەوروبەرانەی دەکەونە سەرحەدی ناوچەی زازاییەکانەوە . لەو نێوەندە بەدەر ، لە ناکاو راپەڕین لـە سێڤەرك و پۆتورگـەی خۆرهـەلأتی مەلاتییـە و لە نێزیکی چەمشکەزەکیش روویدا . پاش ٢٠ ی مارتیش ، چالاکیی سەرلەنوێ دەسـتپێکردەوە و وەك پێشـتر چاوەڕوان دەکـرا ، چـەندین هـۆز یـاخی بـوون و مەڵبەندی راپەڕینەکە فراوانتر بوو .[83]

نێزیکەی سەرجەم هۆزە زازاییەکان بەشداربوون . بە قسەی مەلا حەسەن ، (کە خۆی سەر بە یەکێك لەو هۆزانە بـوو ، ئـەویش هـۆزی زرقانـە ) : " مەسـەلەکە وەك سـەردەمی سـوارەی حەمیدییـە نـەبوو ، کـە لەهـەر هـۆزەی چـەند پیاوێـك بـۆ بەشـداریی جـەنگ دەنێـردران ، ئـەمجارە هـەر پیـاوە و بۆخـۆی دەهاتـە مەیـدانی تێکۆشانەوە " .

دەبێـت ئـەوە لەیادنـەکەین ، یەکـەم : هـەر پیـاوێکی سـەر بـەو هۆزانە پارچە زەوییەك و چەند سـەرێك ئاژەڵی خـۆی هـەبوو . یـانی سـەر بـە چینێك بوون ، کـە ئاسان بۆ شۆڕشی لادێییانە خڕدەکرانەوە .[84] دووهەم : سەرەکهۆز ، دەسـتەلأتی ئـابووریی نـەبوو ، چـونکە لەخەڵکەکـە دەوڵەمەنـدتر نـەبوو . لەبـەر ئـەوە کێشـەو ململانێی بەرژەوەندیی جوداواز لەئارادا نەبوو ، تا مسکێن بە گوێی ئاغا بکات و لە شۆڕشەکەدا بەشداریی نەکات . سێهەم : خەڵکی سەربەوهۆزانە ، بە ئیمانـدار و دەمارگیر ناسـراون و دەناسرێن ، بۆیـە تـین و تـاوی شـێخ لەسـەر ئـەمان و لـەنێو ئەماندا ، لە گشت جێیەك زێتر بوو .

بەڵام ئەوە روون نییە ، داخۆ کرمانجییەکان ، یانی جبران و حەسەنان ، هەرهەموو ، بەشداربوون ، یان نا . هەردوك هۆزەکە تاڕادەیەك گەورە و بێ سەرۆك بوون ، بەڵام هەرهۆزە و کۆمەڵێك ئاغای خۆی هەبوو . وەك دەڵێن ، گوایە یەکێك لە ئاغاکانی جبران ، ئەویش قاسم ئاغا بوو ، شێخ سەعیدی لەکاتی هەڵهاتن بۆ ئێراندا ، بەگرت دا ، وەلێ هیچ نیشانەیەك نییە دەرببخات کە باڵێك ، یا خێڵێکی ئەو هۆزە یەکپارچە دژە شۆڕش وەستابنەوە . سەیر ئەوەیە ، چالاکییە سەربازییەکانی ئەو دوو هۆزە ، شێخ عەبدوڵلا و شێخ عەلی رەزا ، بەراوێژکاریی یەکەیەکەی سەرکردەی ئەو هۆزانە ، رێکیاندەخست و سەرپەرشتییاندەکرد .

هۆزەکانی دی ، کە چاوەڕوان دەکرا ، هەرکات ( ئازادیی ) رووی لێنان ، بەدەنگییەوە بچن ، دوورەپەرێز وەستان . هەتا هەندێکیان دژە شۆڕشیش وەستانەوە .

بۆ نموونە زانیارێکی ناوچەی خەرزان ، گێڕایەوە ، ئەم سەرەکهۆزانە بەڵێنی بەشداریی لە شۆڕشەکەیاندا ، پەنجەمۆرکردبوو :

جەمیلێ چەتۆی پەنچناران ، ئەمین پەریخانی رەمان ، ئەحمەدێ ئەسحەد و محەمەد عەلی رەشکۆتان .

وەلێ کە شۆڕشەکە تەقییەوە ، ئەو سەرەکهۆزانە هەر تەماشاچی بوون . هیچ هێزێکیان بۆ پشتیوانیی شێخ سەعید نەنارد . هیچ هەنگاوێکیشیان نەنا ، بۆ ئەوەی جێپێی خۆ لە کن حوکومەتی ئەنقەرە پتەوکەن . کاربەدەستانی تورك خۆیان ترسان و هەڵهاتن . لە دیاربەکرەوە ، تیپێك سەرباز بۆ ناوچەی رەشکۆتان نێردرا ، تا ئارامیی و ئاسایش بگێڕنەوە ، تەفروتوونا کران . هۆزەکانی دیکەش، دوورەپەرێز وەستان ، ( رەنگە بەهۆی شەڕی نێوان رەمان و رەشکۆتانەوە بوو بێت . زانیارەکەم بیری نەمابوو ، کەی دەستیپێکرد و داخۆ هێشتا دوژمنایەتییان لەنێواندا مابوو ) . هەر لەگەڵ هێزی پاڵپشتی تورك گەیشت ، ئەمین پەریخان دایەپاڵیان و لەهێرشی سەر سەرەکهۆزی رەشکۆتاندا ،

بەشـداربوو. جـەمیلێ چـەتۆش ، بـە پـیر داوای تورکـەوە چـوو و پـەلاماری شۆڕشەکەی دا و چووە ژێر فەرماندەی ئۆردووی تورکەوە ، لە بەرەی دیاربەکر . یەکێك بوو لەو سەرەکهۆزانەی ، ساڵی ١٩١٦ ، دۆستایەتی لەگەڵ مستەفا کەمال دا پەیـداکرد . سـەرەڕای ئـەوەش ، پـاش هەرەسـی شۆڕشـەکە ، لەگـەڵ سەرکردەکانی راپەڕینەکەدا ، درایە دادگا و دواتر بەداردا کرا .[85]

لـەدەرەوەی مەڵبەنـدی راپەڕینەکـە ، لـەو شـوێنانەی شۆڕشـەکە سـیمایەکی جەماوەریی هەبوو ، بەشداربوون ، یاخود بەشدارنەبوون لەشۆڕشەکەدا ، یاخود هەتا دژوەستاندنەوەشی ، زادەی ئەو سیاسەت و ستراتیژییە صەدان ساڵەیە بوو، کە حوکومـەت لەگـەڵ هۆزەکانـدا پـەیڕەویی دەکـرد . هانـدەری رەشـە خەڵکەکـە ، ئاین ، یاخود نیشتمانپەروەریی ، کایەیەکی گرنگی ئەوتۆی نەدەدیت . تەنها سـەرەکهۆز بڕیـاری دەدا ، دژبێـت ، یـا لەگـەڵ بێـت ، بەوپێیـەی داخـۆ کامـەیان دەستکەوتی زێتری لێدەچنرێتەوە ، یاخود داخۆ مێملەکەی لەکامە لایە ، خەڵکە رەمەکییەکـەش بـێ دەنـگ ، دووی سـەرکردەکانیان دەکـەوتن . کـە بەدبـەختی رووی لـە راپەڕینەکـە کـرد و بـەرەو دۆڕانـدن ڕایـدا ، گەلـەك هـۆز لەوانـەی تـا ئەودەمیش بێ لایەن بوون ، لەناکاو کەوتنە دژایەتیکردنی .

Firat دەگێڕێتەوە ، هۆزی رەوەنـدی بـەریتان ، ( یاخود بەشێکی ) ، دایانـەپاڵ ئەو هێزەی شێخ شـەریف ، کە بەرەو ئەلعەزیز دەڕۆیشـت ، وەلێ پاشان کە ئەو هێـزە لەبـەردەم شـالاو و هێرشـی ئـۆردووی تورکـدا کشـایەوە ، هـەر ئـەو هـۆزی بەریتانە ، ( یاخود تیرەیەکی دیکەی ) بوو ، پەلاماریاندا .[86]

مەسەلەی هۆزە عەلەوییەکانی خۆرمەك و لۆلان ، شتێکی دیکە بوو . راستە ، لەگـەڵ جیرانەکانـدا دوژمنایـەتییان هـەبوو ، بـەڵام ئـەوە تـەنها هـۆی دژوەسـتاندنەوەی شۆڕشـەکەیان نـەبوو . بـیری تونـدڕەوی سـوننیگەریی و ئیدیۆلۆژیی دژە شیعەیی، ماك و رێگەخۆشکەری چەوساندنەوەی هەمیشەییان بوو ، لەلایەن جیرانەکانەوە. تورکیای مستەفا کەمال ، کۆمارێکی لاییستیانە بوو، یەکـەمینجار بـوو ، عەلـەوی بـەرەسمیی هاومـاف ببێـت و یاسـا بیپارێزێـت .

دامەزراندنی کوردستانێکی سەربەخۆ ، لەژێر سایەی شێخە سوننیەکاندا ، هەر بەزیانی ئەوان دەشکایەوە .

### 5.7.1 کوردە ناخێڵەکییەکان :

لە تەختاییەکانی دیاربەکر دا ، لەتەك کەمینەیەکی کەمی فەلە و جوو دا ، کوردی لێهەبوون ، کە سەر بە هیچ خێڵ و هۆزێك نەبوون . ئەوانە یا کرێگرتە ، یاخود بەشکار ، یا کرێکار بوون . ئەو زەوییەی کاریانتێدادەکرد ، موڵکی دەرەبەگانێك بوو ، کە خۆیان لەوێ نەبوون و زۆربەیان لە دیاربەکر دەژیان . ئەو جوتکارە هێجگار رووتە و هەژارانە ، لە شۆڕشەکەدا بەشدار نەبوون . لەو سۆنگەیەوە کە خێڵەکییەکان بە نزمی و چاوێکی سووکەوە لە رەعییەتیان دەڕوانی ، دیارە هەر پەیوەندیشیان پێوە نەکردوون و داوایان لێنەکردوون بەشداربن . پێیانوابووە هەتا کەڵکی شەڕیشیان نییە . عارف بەگی زانیارم ، کە چاك شارەزای ئەو دەشتاییانە بوو ، لەو باوەڕەدابوو ، تەنها ئاغاکانیان داوایانکردبا ، سەرلەبەری ئەو وەرزێرانە رادەپەڕین ، وەڵێ من گومانم هەیە . هەواڵەکانی ئەو سەردەمەی شوێنەکانی دیکەی کوردستان ، بە هەمان شیرازەی پێکهاتی کۆمەڵایەتییەوە ، ( بۆ نموونە ، وەك دەشتاییەکانی موسڵ و کەرکوك ) ، دەریدەخەن ، گەر رەعییەت هەستێکی نیشتمانپەروەرانەی لێڵ و وێڵیشی هەبوو بێت ، لەو رق و کینەیەوە بووە کە لە ئاغاکانی بووە.[87] بەو جۆرە ، ئەو جوتکارانە ، لە شۆڕش و راپەڕینەکانی پاشتری کورد دا ، کە لەوەی شێخ سەعید مەزنتریش بوون ، بەشدارییەکی ئەوتۆیان نەکرد ، وەڵێ چەندین جار بە ڕووی ئاغاکانیاندا ، راستبوونەوە .

جوتیارەکانی دەشتاییەکانی دیاربەکر ، نە لەڕووی ئابوورییەوە سەربەخۆ بوون ، تا بواری هەڵگیرساندنی شۆڕش برەخسێنێت ، نە هیچ هاندەرێکیشیان بۆ شۆڕش هەبووە ، ( کە رەنگە ئەمەیان شیاوتر بێت ) : شۆڕشەکە لەدژی

دادۆشێنەرانیان بەرپانەکرابوو ، بەڵکە دژی حوکومەتێك بوو ، کە وادە و بەڵێنی قرتاندنی دەستەڵاتی ئەو دادۆشێنەرانەی پێداون .

## 5.7.2 پیاوماقوولانی شار :

یەکەم پارێزەر و پڕوپاڵانتەچی بیری ناسیۆنالیزم ، پیاوماقوولانی شاربوون : دەرەبەگە شارنشینەکان ، کاربەدەستە گەورەکان ، پزیشك و پارێزەرەکان . بەشێکی زۆری شارییەکانی خۆرهەڵاتی ئەنەتۆل ، تایبەت پیاوماقوولانی ، تورك بوون ، یاخود تورکێنراو بوون ، بەوهۆیەوە ، زۆرجار ناسیۆنالیستانی کورد ، کەمینە بوون . دیاربەکر لەو رووەوە ، ئاوارتە بوو . لەوێ هەریەك لە دوو بنەماڵە مەزن و نێودارەکە ، دایانەپاڵ لایەك : پرنچیزادەکان ، لایەنی کەمالیستەکانیان گرت و پاشانیش بە پلە و پایەی باش و باڵا خەڵات کران ، وەلێ جەمیل پاشازادەکان ، بە ناسیۆنالیست بەنێوبانگ بوون . یانەیەکی کوردیی لەشارەکەدا بوو ، بانگاشەی ئەوەی دەکرد کە گوایە هەزاران ئەندامی هەیە . وەلێ پێناچێت ئەو یانەیە هیچ کایەیەکی لە شۆڕشەکەدا گێڕابێت . بێگومان نەیانویستووە لەشاردا ئاژاوەگێڕیی و پشتگیریی شۆڕشەکە بکەن ، (رەنگە ئەوەش بەو هۆیەوە بوو بێت کە هەرزوو ، چەند سەرکردەیەکیان گیران ) . بەگوتەی بێگانەیەك ، کە ئەو دەمەی شار گەمارۆ درا ، خۆی لەوێ بووە ، بنەماڵەی جەمیل پاشازادە ، پێش هەڵگیرساندنی شۆڕشەکە ، لێی ئاگاداربوون ، بەڵام زۆر دەترسان گومانیان لێبکرێت ، بۆیە قەت تێکەڵی نەبوون . قاسمی سەرگەڤاری بنەماڵەکە ، لە ترساندا ، هەر فێبریوەر ، دیاربەکری جێهێشت و چووە ئەستەموڵ . یەکێکی دی لەوبنەماڵەیە ، کە محەمەدی نێوبوو ، گوایە بڕێك لە جەنگاوەرانی گوندەکانی خۆیانی کۆکردبووەوە و شانبەشانی ئۆردووی تورك ، دژی شۆڕش دەجەنگا . [(88)]

ئەندامە چالاکەکانی یانەی کوردیی ، بەرلەوەی هەلی ئەوەیان بۆ هەڵکەوێت ، رێبەرایەتی خەڵکەکە ، بۆ گرتنی سەربازخانەکە بکەن ، گیران . لە دادگاکانی

پاش هەرەسی شۆڕشەکەدا ، زۆریان بەتۆمەتی غایەن و نیازی دامەزراندنی کوردستانێکی سەربەخۆ ، تاوانبارکران. (89)

لە شارەکانی دیکەی ئەو ناوچەیەدا ، هیچ ڕێکخراوێکی لەبابەت ئەو یانەیە نەبوو . پیاوماقوولانی ئەلعەزیز ، بەناوی بەرگری لە ئاین و خەلافەتەوە ، سەرەتا پێشوازییان لە شۆڕش کرد ، وەلێ کە دەستە و تاقمە سەرکێش و سەربزێوەکان شارەکەیان تالآنکردن ، ئەوانیش لێیانڕاپەڕین و لەشار دەریانپەڕاندن و دواتریش لەگەڵ ئۆردووی تورک دا ، شۆڕشگێڕانیان راوەدوونا .

### 5.7.3 توێژەکانی خوارەوەی شار :

بەشی هەرەزۆری چینی نێوەڕاستی شارەکانی خۆرهەلآت ، تورک بوون ، زۆربەی کارە بێ نرخ و نزمەکان ، کوردی ئاوارەی دەوروبەر رایاندەپەڕاند . هەروەك لە پرۆلیتاری رووتە چاوەڕوان دەکرێت ، ئەمانیش ناڕێکخراوبوون . وەلێ لایەنگیریی خۆیان لە شۆڕشەکە ، نەدەشاردەوە . لە دیاربەکر ، زۆربەی کوردی چینەکانی خواروو ، زازایی و سەر بەو هۆزانە بوون کە لە شۆڕشەکەدا بەشداربوون . هەر ئەوان بوون شەوێك ، ڕێگەی چوونە نێوشاریان بۆ شۆڕشگێڕان کردەوە . بەلآم خۆیان تێکڕا و پێکڕا ، ڕانەپەڕین . دیارە بێ ڕێکخستنێك و بێ چەك ، چاوەڕوانی ئەوەیان لێنەدەکرا . کوردە لات و رووتەکانی ئەلعەزیزیش ، هەر بۆ تالآنیی و شڕەخۆری دایانە پاڵ شۆڕشەکە و قەت نەبوونە جەنگاوەری راستەقینەی .

## 5.8 تەریقەتی نەقشبەندیی و شۆڕشەکە :

لەگەلەك شوێنی ئەم بەندەدا ، ئاماژە بەوە دراوە ، کە شێخانی نەقشبەندیی ، لەو شۆڕشەدا ، کایەیەکی هێجگار گرنگیان دیتووە . بەراوردکردنێك لەگەڵ تەریقەتی سەنووسیی و کایەی لە ڕاپەڕینی خێڵە بەدووەکانی سیرنایکادا ،

لەدژی ئیتالییەکان ، رەنگە روونکەرەوەیەکی چاك بێت و رۆشنایی بخاتە سەر هەندەك لایەن .[90]

ئەركی رێکخستن و هاوئاهەنگکردنی بزۆزی و چالاکییەکانی خێڵە بەدووەکان، لە ئەستۆی تەریقەتی سەنووسییدا بوو . ئەو تەریقەتە ، تەریقەتێکی نێوەندکارانەی قووچ هەڵچووبوو . هەر هۆزەو ، یاخود هەر تیرەیەو زاوییەی خۆی ، یانی خانوویەکی هەبوو خەلیفەیەکی سەنووسیی تێدا دەژیا . کەسایەتی ئەو خەلیفانە ، بە پیرۆزیی و ئەو شکۆ و سەروەرییەوە بەند بوو ، کە لە تەریقەتەکەدا هەیبوو ، یاخود بەو هۆیەوە کە کەسێکی بێلایەن و سەر بەهیچ هۆزێك نەبوو و بەشێکی تێوەگلاو نەبوو لە کێشە و ململانێی هۆزەکان . هەر بەڕاستی ، زۆر هۆز و تیرە تکایان لە سەنووسییەکان دەکرد ، خەلیفەیەکیان بۆ بنێرن ، چونکە بوونی خەلیفەی تایبەت بەخۆ ، مایەی شکۆ و شانازی بوو . بوونی خەلیفە و ئەو شیرازە نێوەندکارانەیە و ئەو هاوئاهەنگی و هاوئاوازییە ، بووە هۆی جۆشدان و پێکەوەلکانی بەدووەکان و کردنییە میللەتێکی بەهێزی یەکگرتوو . رەنگە بێ بوونی تەریقەتی سەنووسیی ، لیبیایەکی سەربەخۆ ، هەر نەبا . تەریقەتی نەقشبەندیی لەکوردستاندا ، لە حاڵ و بارێکی دیکەدا بوو . تەریقەتێك بوو لەڕووی جوگرافیاوە ، بە میسر و ئاسیای ناوەڕاستدا و تا هندستان بڵاوبووبووەوە و پەل و پۆی هاویشتبوو و ( موریدەکانی ئاوهایان دەدیت ) ، و لەو رووەوە هیچ خەسڵەتێکی میللییانەی نەبووە و بە تەریقەتی سەنووسیی ناچێت .

جگەلەوە ، رێکخراوێکی نێوەندکارانە نەبووە ، نە تەریقەتەکە بە گشتیی و نە رێچکە کوردییەکانی، رێبەرێکی دیاری دانپێدانراوی یەکگرتوویان نەبووە . ئەمە ئەوە ناگەیەنێت، ئیدی هیچ پەیوەندییەك و شیرازەیەکی قووچهەڵچووی نەبووبێت . برێك شێخ شکۆ و سەروەرییەکی زێتری لە هەندەك شێخی دی هەبووە و رەنگە گوێڕایەڵی فەرمانی شێخێك بوو بێت ، کە خەلیفەی خۆی بووە ، یاخود کوڕی خەلیفەی بابی بووە ، ( یا خەلیفەی خەلیفەی بابی بووە ) . دیارە بەشێك

لە تۆڕی ڕێکخستنەکە ، ئەو قووچهەڵچوونییەی تێدایە . بەو هۆیەشەوە ، کە ڕێبەرێکی ئاشکرای دانپێدانراویان نییە ، تەریقەتەکە ، کێشە و ململانێی زۆری تێدابووە ، تایبەت لەنێوان ئەوانەدا کە هاوسێی نێزیکی یەکدی بوون و لەسەر قۆستنەوەی هەمان مورید بەشەڕ هاتوون . بنەماڵە شێخەکانی نەقشبەندیی سەرووی کوردستان ، ئەوانەی دەستەڵاتێکی هێجگار زۆریان هەبووە ، نورشینەکانی نێوان موش و بەتلیس و خیزانەکانی خوارووی بەتلیس بوون ، کە حەزرەت و غەوسی کۆچکردوو ، دیارترین ئەندامانیان بوون .

حەزرەت ، هەمیشە لە سیاسەت دوورەپەرێز دەوەستا ، یەکێك بوو لەو شێخە کەمانەی کە هەموو تەمەنی خۆی تەنها بۆ تەقوا و خوداپەرستی تەرخانکردبوو . کۆتایی ساڵی ١٩٢٤ ، پاش گرتنی سەرکردەکانی ئازادیی ، فەرمانڕەوای بەتلیس، سەودا و مامەڵەی لەگەڵ مەعسوومی برازا و جێنشینی حەزرەت و شێخ سەلاحەددینی خیزان دا کرد و بەڵێنی ئەوەی لێوەرگرتن ، لە گشت بزووتنەوە و جموجۆڵێکی دژە حکومەت دوورەپەرێز بن .[91] ئەو شێخ و هۆزانەی لەژێر دەستەڵاتی ڕاستەوخۆی ئەماندا بوون ، خۆیان لە شۆڕش بەدوورگرت . بەڵام خەلیفەکانیان لە هەندەك ڕووەوە ، خۆیان بە وابەستەی ئەو وادە و بەڵێنانە نەدەزانی . بەو جۆرە ، یەکێك لە خەلیفەکانی حەزرەت ، مەحمودی بابی شێخ محەمەد عیسا ، کە شێخی هۆزی جبران بوو ، بەشداریی شۆڕشەکەی کرد ، کەچی شێخێکی دی ، شێخ سەلیمی خەزان ، ( لە ناوچەی ئەرزروم )، چالاکانە دژی شۆڕشەکە جەنگا .

ئەو کەسانەی توانییان بە ئالیکاریی و لێکتێگەیشتن ، ڕێبەرایەتی شۆڕشەکە بکەن ، ئەو شێخانە بوون کە لەنێو زازاییەکانی هۆزەکانی ناوچەی چەبەقچور و پالوو و لیجە دا دەستەڵاتێکی چاکیان هەبوو و هەوڵی فراوانکردنی تۆڕی ڕێکخستنەکەیان دەدا . شێخ سەعید و شێخ عەبدوڵلا ، کە هەردوك سەر بە ئازادیی بوون ، بۆیە داوەتکران ، چونکە هێژاترین شێخی زازاییەکان بوون ، لەگەڵ شێخ شەریف دا ، کە ئەزموونێکی سوپایی چاکی هەبوو ، ئالیکارییان کرد

و بەرەکانی خۆرهەلاّت و خۆرئاوایان ، هاوئاهەنگ کرد . بەر لە دەستپێکردنی شۆڕشەکە ، پێکڕا دانیشتبوون و بە دوور و درێژی دەربارەی ئەرك و کاریان گفتوگۆیان کردبوو . کە شۆڕشەکە هەڵگیرسا ، بەهۆی دووری و نەبوونی ئامرازەکانی پەیوەندییەوە ، لێکدابڕان و ناچار هەرکەس سەربەخۆ کاری دەکرد.

هەردوك شێخ ، موریدیان لەنێو کرمانجییەکانیشدا هەبوو . شێخ عەبدوڵلاّ لە مەلەکانەوە هاتە ناوچەی سوڵحان ، کە هاوسێی کرمانجییەکان بوو . پێدەچێت شێخ سەعید هەوڵی چاکی دابێت بۆ دەستەلاّت پەیداکردن لەنێو کرمانجییەکاندا. بە بنەچە خەڵکی پالوو بوو و بنەماڵەکەی لە هەموو ناوچە زازانشینەکاندا زەوی و زاری هەبوو ، لە ناوچەی خنس تەکێیەکی دی کردەوە و کچی یەکێك لە خێزانە خانەدانەکانی جبرانیشی خواست . دیارە پەیوەندییەکانی خانەوادەی شێخ خۆی ، یارمەتیدەرێکی چاك بوو بۆ ئەوەی وەك ڕێبەر و سەرکردەیەك هەڵکەوێت و دەرکەوێت . کوڕەکانی جامبازی گەورە بوون و زۆر هاتوچۆ و گەشتیان دەکرد و دەرفەتی چاکیان هەبوو ببنە پەیك و راسپێردراو . بۆ نموونە عەلی رەزا ، پێش هەڵگیرسانی شۆڕشەکە ، جەلەبێك مەڕی چاکی بۆ حەلەب برد و دوور نییە لەویّ زۆر نیشتمانپەروەری ئاوارەی کوردی نەدیتبێت . دڵنیاین لەوەی، لەوێوە چووە ئەستەموڵ و سەردانی سەیید عەبدولقادری کرد و هەوڵی دا جەمسەری پەیوەندییەکی هەمیشەیی ، لەگەڵ بەرهەڵستکارانی تورك دا رایەڵکات. (92) ئەو پووڵەی لە فرۆشتنی ئەو مێگەلە دەستیکەوت ، بڕیار بوو بۆ مەسرەف و خەرجیی شۆڕشەکە بێت . عەلی رەزا پاشان کرایە جێگری فەرماندەی سەرووی خۆرهەلاّت ، رەنگە بۆ ئەوەبووبێت تا لە نێزیکەوە ئاگاداربێت و بزانێت شێخ عەبدولقادر چدەکات . عەبدوڕڕەحیمی برای شێخ سەعید ، سەرکردایەتی چالاکییەکانی ئەرغانی دەکرد . تاهیری برای ، لە هەڵگیرساندنی شۆڕشەکەدا کایەیەکی ئەوتۆی نەبوو ، بەلاّم دواتر ، هەر ئەو بوو دایبەسەر ئوتۆمبیلی پۆستەکەی لیجە دا و رووتی کردەوە .

سێهەمین شێخی بەدەستەلات ، شێخ شەریفی گۆکدەرە بوو . لە یەکەم جەنگی جیهانییدا ، سەرهەنگی سوارەی حەمیدییە بوو ، سەرکردایەتی زازاییەکانی ناوچەی چەبەقچور و پاڵووی دەکرد . دەرکەوت تەجرەبەیەکی سەربازیی چاك و بەسوودی هەبوو . شێخەکانی دی ، دەستەلاتێکی ناوچەیی و چالاکییەکی کەمتریان هەبوو ، جێبەجێکەری فەرمان و پلانی شێخ سەعید و " کۆمیتەی جەنگ " بوون . [93]

بەداخەوە ، من نەمتوانی رستی پەیوەندییەکانی مورشیدیی و خەلیفەیی ئەو شێخانە ببەمەوە سەر یەك . پێدەچێت هۆکاری سەرەکیی ئەو پەیوەندییانە ، داوە رۆحییە رەسمییەکەی تەریقەتەکە نەبووبێت ، بەڵکە زێتر پەیوەندیی تایبەتو نێزیکایەتی بیر و باوەڕە سیاسییەکە کۆیکردبنەوە .

هەتا لە سیرنایکاش ، هۆکاری گرنگ لەو مەسەلانەدا ، هەمان پەیوەندیی گوێڕایەڵانەی بەدووەکان بوو ، بە شێخانی رێبەری تەریقەتی سەنووسییەوە و ئەو کەش و هەواو پڕوپاڵانتە دژە ئیتالیاییەی خەلیفەکانی سەنووسیی بڵاویاندەکردەوە ، نەك توانا و لێهاتوویی تەریقەتەکە لەبواری چالاکیی و رێکخستنی سەربازییدا . چ لەشەڕی دژە ئیتالیای تەریقەتی سەنووسییدا و چ لە راپەڕینەکەی شێخ سەعید دا ، تیپە جەنگاوەرەکان ، لە پیاوانی هۆز و خێڵەکان پێکهاتبوون ، بە فەرماندەیی سەرەکهۆزەکانی خۆیان .

لە شۆڕشەکەی شێخ سەعید دا ، کایەی هاوئاهەنگکردنی شێخان بەگشتیی ، زۆر دیار و لەبەرچاو بوو و خۆشیان زۆر چالاکانە لەشەڕەکاندا بەشدارییان دەکرد .

بنەماڵەی سەنووسیی ، خۆیان لەشەڕ بەدوور دەگرت ، وەلێ خەلیفە و موریدە نێزیکەکانیان ، بێ پسانەوە بەدووەکانیان بەگژ ئیتالییەکاندا دەکرد و هەرخۆیشیان فەرماندەیی چالاکیی و جموجوڵە سەربازییەکانیان دەکرد . [94]

بەهەرحاڵ ، مرۆ دەگاتە ئەو بڕوایەی ، بەشێوەیەکی گشتیی ، لە شۆڕشەکەی شێخ سەعید دا ، هاوئاهەنگییەکی زێتر هەبووە ، وەك لە شۆڕشی بەدووە

سەنووسییەکاندا و دیارە شێخە کوردەکان ، کایەی ئاهەنگسازیی خۆیان لە بەدووەکان باشتر دیتووە . بێگومان ئەمە پەیوەندیی بەوەوە هەیە ، کە سەنووسییەکان ، خەلیفەی خۆیان تەنها بۆ تاکەتاکەی هۆزێك ، یا خێڵێك دەنارد، بەڵام لە کوردستان ، شێخان ، مورییدیان لە نێو زێتر لە هۆزێکدا هەبووە.

## 5.9 شۆڕشێکی ئایینیانە ، یاخود نەتەوەییانە :

شۆڕشی شێخ سەعید ، نە شۆڕشێکی تەواو ئاینی و نە شۆڕشێکی تەواو نەتەوەییانە بوو . راستە ، لایەنە نیشتمانپەروەرییەکە هاندەری یەکەمی بووە ، بەڵام زۆریشی تێدا بوو ، کە هەڵپێچانی خەلافەت ، هەستی هەژاندووە و ئازاری پێچەشتووە . بێگومان ، شێخ سەعید ، پیاوێك بوو ئیماندار و پاك و سەرڕاستو بە جوداکردنەوەی ئاین لەسیاسەت و ئەو چارەسەرسازییانەی لە تورکیا کران ، دڵگران بووە . وەڵێ وەك زانیارەکانم بۆیانگێڕاومەوە ، هێندە و زێتریش نیشتمانپەروەر بووە . یەکێك لە هاوکارە هەرە نێزیکەکانی سەردەمی شۆڕشەکەی ، فەهمی بیلال ئەفەندی بووە ، پیاوێك بووە کفر و ڕەفکەر و هەر گاڵتەشی بە ئاین هاتووە . دە ئا ئەو پیاوە هاوکاری دەستەڕاستی شێخ بووە ، چونکە پیاوێکی لێهاتوو و نیشتمانپەروەرێکی باوەڕ پتەو بووە . ئامانجی هەرە لەپێشی شێخ سەعید و سەرکردەکانی ( ئازادیی ) ش ، دامەزراندنی کوردستانێکی سەربەخۆ بوو . ڕەشەخەڵکەکەش هەمان هەست و سۆزی تێکەڵاویان هەبووە ، بەڵام دوورنییە هاندەرە ئاینییەکە زاڵتر نەبووبێت . دیارە هەڵگیرسێنەران و رێبەرانی شۆڕشەکە ، زانیویانە بۆ راکێشان و دنەدانی خەڵکیی، لایەنە ئاینییەکە ، لە لایەنە نیشتمانپەروەرییە رووتەکە ، کاریگەرتر دەبێت .

ئەمە تاڕادەیەك هۆیەك بووە بۆ ئەوەی ، شێخان بکرێنە سەرکردە و رێبەرانی رووکەشی شۆڕشەکە . بزووتنەوەکە ، بانگی جیهادی هەڵدا و شێخ سەعید کرایە " ئەمیر ئەلموجاهیدین " . [95] بەڵام ئەمە مانای ئەوەنییە ، کە ئیدی ئاین بزوێنەری راستەقینەی شۆڕشەکە بووە .

ئەو هەواڵانەی کە گوایە کوردەکان قورئانیان کردووە بە سەری نێزەکانیانەوە، یاخود روونکردنەوەکانی هەندێك لە شۆڕشگێڕان لە کاتی دادگاییکردنیاندا و تاوانبارکردنی تورکیا بە وەبەرگرتنی سیاسەتێکی دژەئاینییانەی گوناهکارانە ، رەنگە زێتر بمانخاتە سەر ئەو باوەڕەی کە شۆڕشەکە سیمای بزووتنەوەیەکی مەهدییانەی لێنیشتبووبێت .

قورئان کردن بەسەری چەکەوە ، کاتێك کاریگەریی دەبێت ، کە بزانرێت بەرامبەرەکە ڕێزی لێدەگرێت . گەر پیاو لە شوێنی سەرهەڵدانی بزووتنەوەکە و شوێنی تەنینەوەی بڕوانێت ، تایبەت لە مەڵبەند و نێوەندی ڕاپەڕینەکەدا ، بۆی دەردەکەوێت ، کە هەستی دژە تورکانە و دژە حوکومەت ، گشت خەڵکەکەی هەژاندبوو . جۆش و خرۆشی بەشدارانی ، بە پشتگیریی و دنەدانی پیاوانی ئاینی ، گەرموگوڕتر کرا .

پاش ئەوەی شێخ سەعید و سەرکردەکانی دی کوژران ، یا گیران ، یاخود هەڵهاتن ، ئیدی هیچ سیمایەکی مەهدییانە بە بزووتنەوەکەوە نەما . نە دەستەو تاقمە پارتیزانەکانی درێژەیان بە شەڕ و شۆڕشی دژە حوکومەت و سوپاکەی داو نە سەرکردەکانی شۆڕشی ئاراراتی پاش ئەویش ، هیچ دروشمێکی ئاینییان هەڵنەسووڕاند و نەقۆستەوە . پێدەچێت لەو سەردەم و کاتانەدا ، ناسیۆنالیزم هێشتا لێڵ و وێڵ نەکرابێت . هاندەرە ناسیۆنالیزمییەکە ، تاڕادەیەك نەریتی و شۆڕشەکەشی لە بەرەنگاربوونەوەی دەستەڵاتی حوکومەتدا ، شێوازەکەی نەریتییانە بوو . شۆڕشی ئارارات لە سەرپێچیی هۆزی جەلالییەوە سەریهەڵدا ، لە ددانەنان بە هیچ دەستەڵاتێکی دەرەکیی بەزۆر سەپاودا . دەستەو تاقمە پارتیزانەکانیش پەیڕەویی هەمان شێوازی یاخیگەری نەریتییانەیان دەکرد ، دیاردەیەك کە لە کوردستانیش وەك هەموو جێیەکی دی ، کاتی ڕووبەڕووبوونەوەی پێوەر و پێوانەکانی کۆمەڵ لەگەڵ یاساکانی دەوڵەتدا ، سەرهەڵدەدات . دیارە ئەو هێزە دنەدەرە نەریتییانانەیەش ، لەکن ناسیۆنالیزمانی بەشداری شۆڕشەکەی شێخ سەعید یش ، کایەیەکیان دیتووە .

ڕۆشتنی شێخ سەعید لە خنسەوە بۆ ناوچەی دڵنیای زازاییەکان ، شێواز و سیمای ئەو یاخییانەی هەبوو ، کە لە ترسی سزای حوکومەت هەڵدێن و دەدەنە شاخ . سەرباری ئەوەش ، کە ڕاپەڕینەکە دەستیپێکرد ، یەکێك لەوانەی دایەپاڵی ، کەریم ئاغای سەرەکهۆزی زیرکانی زازایی بوو ، کە شەش مانگێك پێشتر ، سەروانێك و شەش سەربازی تورکی کوشتبوو ، ئیدی لەودەمەوە بووبووە چەتە و یاخی بووبوو . (Firat: 1970, S. 196-197). هەر شۆڕشەکە خۆشی کاتێك تەقییەوە ، کە ژەندرمە هەوڵی دەستگیرکردنی چەند جەردە و سالووکێکی دالدەدراوی کن شێخی دا .

ئەو یادۆ یەی لەگەڵ شێخ شەریف دا ، سەرەوکاریی جموجۆڵ و چالاکییەکانی بەرەی خەرپووت و ئەلعەزیزی دەکرد ، وەك کۆنە جەردە و تەڕیدەیەك ناسرابوو . پاش گرتنی شێخیش ، چووەوە سەر ڕەوتی ژیانە کۆنەکەی و دایە کێوەکانی دەوروبەری چەبەقچور ، هەتا ١٩٢٧ بۆ سوریا هەڵهات . (Silopi: 1969, S. 105)

هەڵبەت دانانی سنوورێك لە نێوان چەتەیەك و چەتەگەرێکی سیاسییدا ، هێجگار سەخت و دژوارە . دەتوانین هەمان شتیش دەربارەی تووڕەیی و بێزاریی خەڵکی لە دەستدرێژییەکانی حوکومەت و هەڵوێستی دردۆنگ و ناڕەزاییانەی نیشتمانپەروەرانی ڕاستەقینە بڵێین . ناسیۆنالیزمی کورد ، لەم سەدەیەدا ، هەمیشە لەو نێوانەدا قەتیس ماوە و تا ئەوڕۆش لە نێزیکی ئەو سنوورە لەق و لەوێرەدا ، تەکەتەکێتی .

پەیوەندیی نێوان ناسیۆنالیزم و ئاینیش ، کێشەیەکی دییە . لەنێو ئەو جەماوەرە بەشدارەی شۆڕشەکەدا ، ناتوانرێت پێبەندیی و هاندەری ئاینی و پەیوەستیی و هاندەری ناسیۆنالیستانە لێکهەڵبوێردرێن ، چونکە ئاوێتە و پێکهەڵپێکی یەکدیین و زۆر پێکدەچن . هەستی نەتەوایەتی لەبنەچەدا ، زادەی هەستە ئاینییەکە و پێبەندییەکەیە بەشێخەوە ، یاخود لایەنی کەم ، ئەوە

هوروژاندوویە . پەیوەستییە نەتەوەییەکە " ئیدی ملی ڕێگەی خۆی گرتووە و هێند وابەستەی پێبەندییە ئاینییەکە نەماوە .[96]

# بەندی شەشەم

## 6 دوا سەرنجەکان :

دەمەوێت بگەڕێمەوە سەر دوو مەسەلە ، کە لەسەرەتای ئەم کتێبەدا ، لەگەڵ زۆر مەسەلەی دیکەدا خرۆشاندمن ، هەرچەندە شێوای وەرامدانەوەیەکی راستەوخۆ نەبوون و بەردەوام هۆشمیان هورووژاندووە :

- ئایا پێبەندییە سەرەتاییەکان لەکوێوە پەیدابوون و پەیدا دەبن و بۆچی ئاوهان و هۆکارەکانی ئەو هێز و گوڕەیان چییە ؟
- لە کامە بار و دۆخدا هەڵدەتەکێن ، یاخود پێبەندیی دیکە جێیاندەگرێتەوە ، ( تایبەت پەیوەستیی بە نەتەوە و وولاتەوە ) ؟

دەشێت هەریەك لەو پرسیارانە ، لەسەر چەند ئاستێکی رەهای جوداواز بکرێن . من پێموانییە پرسیاری " هۆز چۆن پەیدابووە ؟ " ژیرانە بێت ، بەدڵنیاییشەوە دەڵێم ، من توانای وەرامدانەوەییم نییە . " هۆز چۆن پەیدابووە؟" دەمانگێڕێتەوە بۆ راستییەکی تەجریبی ، کە هەر لەم کتێبەدا باس لە کۆمەڵێك پرۆسێس کرا ، گوایە لە هاتنەکایە و پەیدابوونی هۆزدا ، دەوریان هەبووە .

دیارە بەهەمان جۆر پرسیاری " بۆچی خێڵەکییەکان بۆ سەرەکهۆزەکانیان بە ئەمەکن ؟ " پرسیارێکی زۆر کزەڵە و رووتەڵەیە ، بەڵام دەشێت هەوڵبدرێت وەرامی ئەو پرسیارە بدرێتەوە : " چۆن سەرەکهۆزەکان دەگەنە ئەو پلە و پایەیە و چۆن چۆنی دەیپارێزن ؟ "

لەبەندەکانی پێشتردا ، هەوڵدرا لەسەر ئەو ئاستە چەند وەرامێك پوختەکرێن. نامەوێت لێرەدا هەمووی چڕ بکەمەوە ، بەڵکە هەوڵدەدەم چەند خاڵێکی گرنگ پێشچاو خەم .

یەکێك لە بنەما گرنگەکانی پرینسیپی رێکخستنی هۆز ، خزمایەتییە .[1] تایبەت لەنێو هۆزە گچکەکاندا ، هەموو بۆ یەکدی بە ئەمەك و وەفادارن ، چونکە هەموو خزمی یەکدین . مرۆ دەتوانێت بە ئەمەکیی بەرامبەر خزم ، بۆ هۆکاری دڵنیابوونی ئابووریی ، یاخود دەروونی بگێڕێتەوە ، چونکە تاك وا هەستدەکات، کە ئەندامانی خانەوادەکەی ، یا بنەماڵەکەی ، پشت و پەنایین و ئەو دڵنیاییەی بۆ دابین دەکەن . وەڵێ ئەوە ئاکامێکە لە جوغزێکدا خولدەخوات ، چونکە دڵنیابوون ، پاشخانێکی هەمان ئەمەکە و پێبەندی خزمایەتییە . من نامەوێت چیدی ئەو وابەستەیی خزمایەتییە روونکەمەوە ، بەڵکە بۆ ئەم مەبەستەی ئێستا ، بە مەسەلەیەکی بڕاوەی دەزانم . لە بڕێك حاڵەتدا ، ئەندامانی هۆز ، کۆمەڵێك بەرژەوەندیی ئابووریی هاوبەشیان هەیە ، وەك لەوەڕگە ، کە موڵکی هەمووانە و هاندەرێکە بۆ هاوکاریی و ئالیکاریی . بە هەمان جۆر ، شوێن و جێگەی هاوبەشیش ، ( کە زۆرجار بەرژەوەندیی ئابووریی هاوبەشی لێدەکەوێتەوە ) ، هۆکارێکی گرنگ و چاکە بۆ هاوکاریی و ئالیکاریی بەکۆمەڵ . وەك گوتمان زۆرجار گوندەکان لە تیرەیەك پێکدێن و لەبڕێك حاڵەتی دیکەدا لە چەندین خانەوادە و بنەماڵەی ئەوتۆ ، کە بە بنەچە ناچنەوە سەر ریشەیەك .

هەمان پێبەندیی و وابەستەیی خزمانە ، لە رووبەڕووبوونەوەی بڕێك کێشەی خێڵدا ، کایە و رۆڵێکی بەرچاو دەگێڕن : بۆ نموونە لەحاڵەتی کێشە و ململانێی نێوان دووکەسدا ، خزمانی هەردوکلا بەهاناوە دەچن . گەر دژ و دوژمنەکان خزم بوون ، هەر یەکە لە لایەن نێزیکترین خزمییەوە پشتیوانیی لێدەکرێت . ( ئەوانەی نێزیکی و خزمایەتییان لەگەڵ هەردوکلادا وەك یەکە ، بێلایەن دەمێننەوە ) . کێشەی گەورە و گران ، زێتر لەنێوان دەستە و تاقمەکاندا روودەدەن ، نەك لە نێوان تاکە تاکەی خەڵکەکاندا . بەو جۆرە کێشە و ململانێکان ، زێتر سیمایەکی

خزم خزمێنەیان هەیە . کەسێکیش دەبێتە نێوبژێوان ، کە لەکن هەردوکلا ، شکۆو ڕێزێکی هەبێت و حسێبێکی بۆ بکرێت . دیارە ئەو کەسە نابێت لایەنگری هیچ لایەکیان بێت . چەندێك جەخت لەسەر ئەو مەسەلەیە بکرێت ، هێشتا کەمە ، چونکە بۆ پلە و پایەی سەرکردایەتی لە کۆمەڵگەی کوردەوارییدا ، ئاکام و سەرئەنجامێکی گرنگی دەبێت . تا کۆمەڵگەکە گەورەتر و فراوانتر بێت ، شیمانەی کێشە و ململانێی زێترە . (2) لە کن هۆزە گچکەکان ، ڕەنگە خزمێکی ڕێزدار ، بەرەزامەندیی گشت لایەك ، سەرەوکاریی و سەرۆکایەتی هۆزەکە بکات و بەدەگمەن کێشە و گرفتێك ڕوودات کە دەستەڵاتی بخاتە بەر ڕێژنەی گومانەوەو لەقی بکات . وەلێ هۆزە گەورەکان ، بەهۆی کێشە و گرفتی بەردەوامیانەوە ، گەر نێوبژێوانێکی خاوەن شکۆ هەڵنەکەوێت ، پەرتپەرت دەبن و دەستە و تاقمی گچکەیان لێدەکەوێتەوە . ئەمە نێرك و ماکی ئەو دیاردەیەیە ، کە زۆربەی میر و سەرەکهۆزە گەورەکان ، بنەچەی خۆیان بۆ ڕەگ و ڕیشەیەکی بێگانە گێڕاوەتەوە. ئیدی گرنگ نەبووە ئەو بانگاشەیە چەندە ڕاستە، گرنگ ئەوە بووە :١- داوی پەیوەندیی بە هەردوکلا شەرکەرەکەوەی پساندووە و ٢- کردوویەتیە کاریسما . چونکە ڕەچەڵەکە بێگانەکەی ئەو دوو خەسڵەتەی پێبەخشیوە .

ڕەنگە سەرەکهۆزەکان خۆیان بەندوباوی ئەوە دابخەن ، کە گوایە خێڵەکان بۆ خۆیان داوایان لە باووباپیرانیان کردووە ، ببنە سەرۆکیان . باشترین نموونەش بۆ ئەوە ، بانگاشەکەی شەرەفخانە ، دەربارەی دەستەڵاتگرتنەدەستی باووباپیرانی . دەشێت بڕێکیان ڕاستبکەن ، ( وەك هەندێك بنەماڵەی پادشا ئەوروپاییەکان ) ، بەلاَم زۆری ئەوانی دی هەڵبەستراون . بوونی حاجۆکان ، ( یاخود باشتر بڵێین ، خانەوادەی مەلا عوسمان ) بە سەرۆکی کۆنفێدراسیۆنی هەڤێرخان ، نموونەیەکی لەبەر چاوە بۆ چۆنیەتی دەستەڵاتگرتنەدەستی بنەماڵەی سەرەکهۆزێك و ژێر چەپۆکخستنی هۆزەکان و لقەکانی دیکەی کۆنفێدراسیۆنێك ، بێ ئەوەی کەس داوای لێکردبن ، یاخود ئەو ڕووەی لێنابن .

کێشە و ململانێ نێوخۆیی و دەرەکییەکان ، پێویستیی سەرۆکێکی گشتی بۆ هۆز دەسەپێنن ، بۆیە باشترین ئامراز بۆ ئەو سەرەکهۆزانەی دەیانەوێت دەستەڵاتی خۆیان بچەسپێنن ، یاخود فراوانتری بکەن ، ئاژاوەگێڕییە . دیارە سەرۆك تا ئەو ئەندازەیە چارەسەری کێشە و گرفتەکان دەکات ، کە هەستی دڵنیایی و هێوری و ئاشتی و ئارامیی لەکن ئەندامانی هۆز بڕسکێنێت ، وەلێ نابێت تەواو ریشەکێشیانکات ، دەنا ژێرپێی خۆی بنکەلدەکات و خۆی دەخاتە تالووکەوە . لە میرنشینەکانی بەتلیس و هەکاری و بۆتان دا ، کێشمەکێشەکان ، لە ململانێی نێوان دوو کۆنفێدراسیۆنی بەرامبەر یەکدیدا ، خۆیان دەدیتەوە .

سەرەکهۆزەکان ، بەشێوازێکی دیکەش خۆیان لەکن ئەندامانی هۆزەکەیان بایەخدار و پێویست و کەم وێنە دەکەن : ئەویش لەرێگەی پەیوەندییان بە دەوڵەتەوە ، ( لە بەندی سێهەمدا گرنگیی ئەم لایەنەمان دیت ) . لە دەوڵەتی عوسمانییدا ، تا داوەکانی تۆڕی کارگێڕیی وولات ڕۆتر چووبا و ووردتر و دوورتربا ، کایە و رۆڵی سەرەکهۆزەکان دیارتر و پلەی کۆمەڵایەتییان زەقتر دەبوو: لەمیرەوە دەستیپێدەکرد ، ئەوجا سەرەکهۆزە مەزنەکان و پاشان سەرەکهۆزە گچکەترەکان و ئەوجا لق و پۆپی هۆزەکان ، تا لەکۆتاییدا دەگەیشتە سەر ئاغای گوندەکان . لە سەرەتای ئەو پرۆسێسەدا ، کایەی سیاسی شێخان زەقتر و زرپ و زۆپتر بوو . هێز و دەستەڵات و بایەخی سیاسی خۆیان ، تەنها بەهۆی ژمارەی زۆری موریدەکانیانەوە پێشان نەدەدا ، بەڵکە زێتر لەرێگەی نێوبژێوانییانەوە لەچارەسەرکردنی کێشەی هۆزەکاندا . شێخان بۆیە دەیانتوانی ئەو کایەیە ببینن ، چونکە زۆربەیان سەر بەهیچ یەك لە هۆزەکانی ناوچەکە نەبوون و لایەنگیریی هیچ کامیان نەدەکردن ، ئەمە جگەلەو پلە و پایە ئایینییە نەریتییە دانپێدانراوەی هەیانبوو . لەزۆر حاڵەتدا ، بن و بنەچەی پیرۆزیشیان گرنگ بوو ، ئیدی راست بایە ، یا هەڵبەستراو . کاتێك میرەکان کەنارخران ، بەشێك لەئەرکەکانیان بە شێخان بڕا . هەرئەوان بوون کێشەیان دەسازاند و

چارەیان دەکردن و ئەگەر پێویستیش با ، پێکڕا تێدەکەوتن و دەستبەکار دەبوون .

ئەم سەرنجانە ، ڕەنگە لەبڕێك لایەنەوە ، بەشی ڕوونکردنەوەی پێشهاتە سیاسییەکانی کۆمەڵگەی کوردەواریی بکەن ، وەلێ بۆ ڕوونکردنەوەی ئەو پێبەندییە توند و تۆڵەی زۆر کورد بەئاغاکانیانەوە ، یا بە شێخەکانیانەوە ، بەش ناکەن و کورت دەهێنن . ئاغا و شێخان ، تەنها لەڕێگەی سیاسەتی " کوتیکە و کۆتیکە " وە لایەنگری زۆر لەخۆ خڕناکەنەوە . هەتا ئەوانەشیان کە بەشێکی زۆری دەستەڵاتیان لەڕێگەی نێوبژێوانی و دنەدانی دەستە و تاقمەکان لە دژی یەکدییەوە چنگ کەوتووە ، بۆیە هەر لەسەرەتاوە بە نێوبژێوان قەبوڵ کراون ، چونکە بڕێك مەرجی دیکەیان تێدابووە ، یاخود کاریسما بوون .

وەك Max Weber دەڵێت ، شێخ و ئاغایان ، کەسایەتییەیان تێکەڵەیەکە لە " نەریت " و " کاریسما " . کە دەڵێین " نەریت " ، مەبەست لەوەیە لەتۆرەمەیەکی نێودار کەوتبێتەوە ، ئیدی وەچەی قارەمانێکی ئیسلام بێت ، یا پیاوچاکێك ، یا سەرەکهۆزێکی جەنگاوەری سەرکەوتووی ئەم سەردەمانە . دیارە شێخ دەتوانێت درەختی خانەوادەیەکی پڕ لەنێوی درەوشاوە بۆخۆی بنەخشێنێت . وەلێ تەنها نەریت هەمووشت نییە و بەدەگمەن بەشی ئەوە دەکات ، بۆیە دەبێت ئەو کەسە بۆخۆی کۆمەڵێك توانا و خەسڵەتی لەڕادەبەدەری هەبێت ، وەك : عەگیدیی و مێرخاسیی و ژیریی و دەست و دڵ والآیی ، بەنیسبەت ئاغاوە ، خۆ ئەگەر شێخ بوو ، ئەوا هێزێکی ڕۆحانیی بەتین و تەقوا و عیرفانێکی کەم وێنە . چۆنیەتی ڕەفتار و هەڵسوکەوتیش زۆرگرنگن و زۆربەی ئاغا و شێخەکان ئەو ڕاستییە دەزانن . مەرج نییە ئەو کەسە کۆمەڵێك خەسڵەتی زۆر جوان و چاك و سەرنجڕاکێشی هەبێت : بڕێك ئاغا هێز و دەستەڵاتێکی زۆریان تەنها لەڕێگەی چەتوونیی و چەمووشیی و خراپەکارییەوە دەستخستووە و ڕەنگە هیچ خۆشەویستی و ڕێز و ڕۆمەتێکیشی لەکن ڕەعییەتەکەیان بۆ دروست نەکردبن . (بڕوانە باسی کەسایەتی حاجۆ ، لە بەندی دووهەمدا ) . ئەوەی لەو بوارەدا

گرنگە، سەرکەوتنە ، ئیدی ئەو سەرکەوتنە لە چ ڕێگەیەکەوە بەدەستدەهێنێت ، گرنگ نییە ، گرنگ ئەوەیە سەرکەوتن لایەنگرانێکی زۆری لەدەور خڕدەکاتەوە و هەر هێندەت زانی چەندین بەند و باوی خەیاڵاوی و ئەفسانە ئاسایی بۆ دەهۆننەوە . ئەو ئەفسانە زۆرانەی ئەوڕۆ لەکوردستاندا دەماودەم دەکەن و ئەوانەش کە تازە دادێن ، هەمان ئەرکی ئیدیۆلۆژیی کتێبە مێژووییەکانی قوتابخانە سەرەتاییەکانی ئەوروپا دەبینن . کردار و ڕەفتارەکانی سەرەکهۆز رتووشدەکرێت و دەڕازێندرێتەوە و گێز و گوڵنکەی پێدادەکرێت و بارە سیاسییەکەی پێهەڵدەسەنگێندرێت و لەکن ڕەشەخەڵکەکە خۆشەویست دەکرێت و پێی سەرسام دەبن .

هێز و دەسەڵاتی شێخیش لە ڕێگەی گێڕانەوەی شتی سەیر و سەمەرەوە ، لە شێوازی جۆرە ئەدەبێکی میللی و فۆلکلۆر دا ، ڕەواجی پێدەدرێت . گەلەك چیرۆك و سەرگوزشتەیان لەبارەوە دەگێڕنەوە ، زۆربەیان ئەوانەن کە لەنێو خەڵکیدا باون . هەندێك لەو شێخانە ، بەهرە و توانایەکی لەڕادەبەدەریان هەیە و برێکیان دەتوانن پەرجووش بنوێنن . ئەو موریدانەی لە کۆڕی زیکر و تەهلیلەی شێخدا بەشدار دەبن ، زۆرجار دەکەونە حاڵەتێکی تایبەتەوە و ئەوە بۆ کەراماتی شێخ دەگێڕنەوە . ئەو موریدەی کەمترین پەرجوو لە شێخ ببینێت ، ئیدی دەبێتە دەهۆڵکوتی .

ڕەنگە گەر لە هۆکار و بنەچەی ئەوە بکۆڵینەوە ، بۆچی لە هەندەك حاڵەتدا ، مورید و لایەنگر لە شێخ و ڕێبەری خۆیان یاخی دەبن و دژیان دەوەستنەوە ، بتوانین گوڕ و تین و تاو و کاریگەری نەریت لە کۆمەڵگەی کوردەوارییدا باشتر تێبگەین . بەر لەهەرشت نابێت ئەوە لەبیربکەین ، کە مورید و لایەنگرانی ئاغا و شێخ ، پلە و پایەی جوداوازیان هەیە و هەموو لەیەك ئاستدا نیین و ئەوانیش جۆر و ئاستی لایەنگرییان جوداوازە . زۆربەی بەسەرهاتی ئەو هەڵگەڕانەوە و یاخیبوونانەی بۆیانگێڕاوەتەوە ، لە کەسانێك ڕوویانداوە کە سەر بە هۆزەکە نەبوون . زۆربەی ئەوانە ، لەهەمووکەس زێتر چەوسێنراونەوە و لەوتێنراونەوە ،

هەرچەندە لەگەڵ ئەوەشدا کە هێجگار لەو حاڵ و بارەیان وەڕست و جاڕس و بێزاربوون ، بەڵام زۆرجار بەسەرخۆیان نەهێناوە و وەك شتێکی ئاسایی وەریانگرتووە ، ( وەك نەریتێکی سەپاو ) . رەنگە لە رابوردوودا ، ئەو پارێزگاریو بەرگرییە کەمەی رێبەرەکە بۆی دەستەبەرکردوون ، رادەی ئەو تووڕەیی و بێزارییەی خاوکردبنەوە ، وەڵێ هەرلەگەڵ دەزگەیەکی نادیاری وەك دەوڵەت ئەو بەرگری و پارێزگاری و دڵنیاییەی بۆ مسۆگەرکردوون ، گەلەکجار ، ئەو لایەنگرانەی سەربەهۆزنیین ، هانایان بۆ بردووە ، تا لەدەست دادۆشێنەران قوتاریانکات .

ئەو دەمەی ئینگلیز عێراقیان داگیرکرد ، دیتیان جوتیارە کوردەکان ، هێندەی لە ئاغاکانیان بێزار و وەڕستن ، هێند مەسەلە نەتەوەییەکەیان لەلا مەبەست نییە.[3] سەرەتای پەنجاکان ، بێزاریی و تووڕەیی وەرزێران لە کوردستانی عێراقدا، چەندین شۆڕش و راپەڕینی جەماوەریی لێکەوتەوە ، وەڵێ ژمارەیەکی کەمی جوتیاران لە شۆڕشە نەتەوایەتییەکەی دەساڵێك دواتردا ، بەشداربوون . پێدەچێت هیچ ئیدیۆلۆژییەك ، هێندەی تاڵاوی دادۆشین و چەوساندنەوەیان کاریگەر نەبووبێت و نەیبزواندبن ، دیارە خۆیان بە چینێك زانیوە . Barth ، کە لەنێو هەمەوەند و جافەکاندا بووە و توێژینەوەی مەیدانیی کردووە ، دیتوویە ، مسکێنەکانی هەمەوەند هەوڵیانداوە ، تەریقەتی قادری بکەنە ئامرازێك و بۆ ململانێی چینایەتی بیقۆزنەوە .

هەتا لەکن ئەو دەستەو تاقمە ناخێڵەکییانەش ، کە کوت و پێوەندی سەرەکهۆزەکانیان لە گەردنی خۆ داماڵیوە ، دوورنییە جۆرە شێوازێکی نوێی سیستێمی وابەستەیی و سایەنشینیی ، وەك ئەوەی لەنێو کۆمەڵگە جووتیارییەکانی دنیادا باوە ، نەیەتە کایەوە . Barth دیتوویە ، لەنێو مسکێنەکانیشدا ، چەند کەسانێکی کەم هەڵکەوتوون ، کە دیوەخانی خۆیان هەبووە . ئەمە ئەوە دەردەخات ، کە ئەو کەسانە لە چەند روویەکەوە خۆ بە سەرپەرشت و پارێزگاری ئەوانە دەزانن ، کەبەردەوام هامشۆی دیوەخانیان دەکەن .

دیارە گوێڕایەڵترین و سەرسپاردەترین کەسانی سەر بە سەرەکهۆز ، لایەنگرە هەرە دڵسۆزەکان و خزمە نزیکەکانییەتی ، ( ئەگەر لایەنگری هەبێت ) . گەر ئەو خزمانە کێشەیەکیشیان لەگەڵیدا هەبوو ، لەبەرامبەر بێگانە و مەترسیی دەرەکییدا ، ریزەکانی خۆیان یەکدەخەنەوە ، ( هەرچەندە مەرجیش نییە هەموو کات وابێت ) . ئەوجا هاوخێڵەکانی دیکە و ئەندامانی سەر بەخێڵە سایەنشینەکان دێن . رەنگە دەستەی دوایی لە وابەستەیی خێڵکییانەیان ناڕازییو دردۆنگ بن ، تایبەت لە دادۆشەرە ئابوورییەکە ، گەر باج و خەراجیان لەسەربوو ، وەلێ لە جوتیارە ناخێڵەکییەکان ملکەچتر و گوێڕایەڵتری داب و نەریتی هۆزن ، بۆیە لەوان بەوەجترن . لەو سۆنگەیەوە ، بۆ ئەوانیش و بۆ هەموو لایەنگرانی دیکەش ، بوونی سەرەکهۆزێکی بەهێز و توانا ، لەڕووی دەروونییەوە بێ سوود نییە . وەلێ هەر لەگەڵ گلۆڵەی سەرەکهۆزێك کەوتە لێژی ، ئیدی کەس خاسی نایژی و درز و شەبەق دەکەوێتە نێو هۆز و خێڵە سایەنشینەکانییەوە و دوور نییە زۆر لە ئەندامانی هۆز ، نەچنە ژێر سایەی سەرەکهۆزێکی دیکەوە .

بەو پێیە ، مووریدانی شێخیش جۆراوجۆرن و پلەی پەیوەستییەکەیان جوداوازە . پەیوەستی و لایەنگیریی زۆر ، لەو مووریدانە چاوەڕێدەکرێت ، کە لە هەمان شوێنی نشینگەی شێخ دەژێن ، یاخود لێیەوە نێزیکن ، هەروەها لەوانەش کەبەردەوام لە کۆڕی زیکر و تەقوایاندا بەشداردەبن . جگەلەوانە ، کۆمەڵێکیش هەن ، کە زۆر دوور لەشێخ دەژێن و جارجارە سەردانی دەکەن ، بەڵام باوەڕی تەواویان بە پیرۆزی و چاکەی هەیە و لەکاتی کێشە و گرفتدا هانای بۆ دەبەن و بەخۆشییەوە هەموو فەرمانێکی جێبەجێ دەکەن .

رەنگە شێخ هەبێت لەکن کەسانێکیش رەواجی هەبێت ، کە نەدیتوویانە و نە لەنێزیکەوە دەیناسن . بۆ نموونە ، لە حەفتاکاندا ، لە زۆر شوێنی کوردستان ، کەسانم دیتووە ، هێجگار بە شێخ عوسمانی تەوێڵە سەرسام بوون و زۆریان پێدا هەڵدەدا ، هەرچەندە زۆریان نێوەکەشیان بەتەواوی نەدەزانی و هەر شێخی تەوێڵەیان پێدەگوت . هەڵبەت پیرۆزیی خانەوادەکەی ، لەڕادەبەدەرە ، رەنگە بەو

هۆیەوە  زۆر هەبن گەر پەیڕەویی فەرموودە و ئامۆژگارییە دنیاییەکانیشی نەکەن، هیچ کات لە فەرمانە رۆحانییەکانی دەرنەچن .

زۆربەی شێخان " شتێك ملْکیان هەیە ، هەشیانە دەرەبەگێکی تەواوە . ئەو وەرزێرانەی  بۆ شێخ کاردەکەن ، خراپ دادەدۆشرێن . دەشبینن چۆن چۆنی جەنابی  شێخ خۆی  و موریدەکانی لەسەر بەری ڕەنجی  شانی ئەوان دەلەوەڕێن . رەنگە ئەو دادۆشینە درێژخایان بێت و بەناچاریی پێڕازیبن ، چونکە شێخ کەسێکی پیرۆزە و دەهێنێت خۆی بۆ برەتێندرێت . بەلاّم ئەو جوتیارە داچکێندراوانە ، یەکەمین لایەنگرانێکن ، کە لە هەل و دەرفەتی لەباردا ، هەڵدەگەڕێنەوە و لە شێخ تەوەللا دەبن .

ئەوەبوو  شێخ عوسمان لە هەرای دژە دەرەبەگی سەردەمی  قاسمدا ، ناچاربوو   تەوێڵە جێبهێڵێت و بۆ ئێران هەڵبێت . تەواو لام روون نییە بۆ ؟ بەلاّم پێدەچێت شێخ ترسی لە وەرزێرەکانی هەبووبێت و متمانەی پێیاننەمابێت . هەتا لە دووڕووەش خۆم دیتم ، ئەو جوتیارانەی بە پێی یاسا زەوییەکانیان بووبووە موڵکی خۆیان ، هێشتا هەر دادەدۆشران ، بۆیە لە  موریدە دانیشتووەکانی ئەویٚ لالووت بوون و هێندەی بێگانەیەکیش رێزیان بۆ شێخ نەبوو  .

چاکترین نموونەی  تەوەللابوون لەشێخ ، من دیتبێتم ، دەرپەڕاندنی شێخ مەسعوودی بامەڕنی بوو ، لەلایەن هەمان  ئەو لادێییانەوە ، کە لەئاست دادۆشینی بەهادینی بابیدا ملکەچ و کڕ و کپ بوون .

ئەمە دەریدەخات کە پێبەندیی خێڵەکییەکان بە ئاغاکانیانەوە و موریدان بە شێخەکانیانەوە ، لە دوو حاڵەتدا سست و لاواز دەبێت و پاشانیش دادەڕمێت :

١-کاتێك دادۆشین و داچکاندنەکە  دەگاتە ترۆپك و چڵەپۆپەی و شێخ ، یا ئاغا ، بە جۆرێکی دی  تۆڵەیان بۆ ناکاتەوە و قەرەبووی ناکات ، ئەو دەمە رەنگە پەیڕەوان ، لە سوودی درێژەپێدانی ئەو پەیوەندییە دردۆنگ  بن و متمانەیان نەمێنێت . (لە یەك دوو حاڵەتدا نەبێت ، کە ئاغا کە ، نەك جوتکارانی ، جۆری

ئەو پەیوەندی و نەریتەیان شێواند و هەڵتەکاند ، پەرەیان بە دادۆشینەکە دا و رادەی گوێڕایەڵیی رەعییەتەکەیان دالەنگاند ) .

٢-کاتێك ئیدیۆلۆژی لە رێبەریکردن و روونکردنەوەی حاڵ و بارەکە و کایەی سەرکردەدا رۆڵێکی گرنگ دەبینێت ، گشت پەیوەندییەکان کز و لاواز دەکات ، یەکێك لەوانە ، وابەستەیی و سەرسپاردنەکانە . شێوازی پەروەردەی نویێ و رادویێ و پەخشنامەکان ، نرخ و بەهایەکی جودا لەوەی هۆزەکان ، بۆ جۆری پەیوەندییەکان رادەگەیەنن . وا چاوەڕوان دەکرێت ، ئەو وانانەی لە قوتابخانە فێرە زارۆکان و لاوان دەکرێن ، پلە و پایە و دەستەڵاتی ئاغا و شێخان بخەنە بەر رێژنەی گومانەوە . تایبەت لە تورکیا ، مامۆستا و کتێبی قوتابخانەکان ، ئاغا و شێخان بە دواکەوتوو و کۆنەپەرست و نادیموکراسی باسدەکەن ، ئەوەش کاریگەرێتی خۆی هەیە .

بێگومان هەردوك پرۆسێسەکە پێکڕا کار دەکەن . بەلام وابەستەیی و پێبەندییە سەرەتاییەکە و ئەو ئیدیۆلۆژییەی لە سا و پەنایدا شین بوون ، بەگشت هێزێکەوە بەرامبەر گۆڕانکاریی دەوەستنەوە و لەدژی راستدەبنەوە . هەرچەندە کز و کەنەفتیش دەبن ، بەلام زۆر هێدی و لەسەرەخۆ . لێرەدا بە نموونەیەك روونی دەکەمەوە :

لە گوندی ( سۆرگوڵ دەشت ) ی تەختاییەکانی خوارووی خۆرئاوای ماردین ، پەیوەندییەکانی بەرهەمهێنان ، لە گشت جێگەیەکی دی کوردستان ، کەمن دیتبێتم ، زەقتر ، سەرمایەدارانەیە . بۆیە چاوەڕواندەکرێت ، وابەستەیی و پێبەندییە سەرەتاییەکان ، لێرە لەگشت شوێنێك کز و لاوازتر بن . لادێییەکان ، کە ٩٦ خانەوادەن ، هەموو سەربەهۆزی دەرباسن و بەسەر دەپازدە گوند دا بلاوبوونەوە . هەر گوندە و ئاغای خۆی هەیە . گشت ئاغاکان خزمی نێزیکی یەکدیین . لە دوو وەچە لەوەبەرەوە ، هەرچی زەویی دەوروبەری ئەو گوندە هەیە ، لەسەر ئاغا تاپۆکراون . لادێییەکان بە بەش و مزێکی کەم ، کار بۆ ئاغا دەکەن . دوان لە کوڕەکانی ئاغا ، یەکێکیان بووە ئاغا و جێگەی بابی گرتەوە ، ئەوی

دییش زەوی و زارێکی زۆری پێبڕا ، ( کە شتێکی نائاسایی نییە ) . خانەوادەکە لە دوو لق پێکهاتووە : ئاغاکەی ئەوڕۆ و هەردوك براکەی ، ( هەریەك نێزیکەی ٦٠ هێکتار زەوییان هەیە) . لقە دەرەبەگەکەی ( بە خاوەن مەکینە ناسراون) و براکەی، کە هەریەکەی ٤٠٠ هێکتار زەوییان هەیە . بەپێی یاسای چارەسەرکردنی زەوی و زاری تاڕادەیەك پەیڕەوکراوی پەنجاکان ، ٣٠ خانەوادەیان ، هەریەکە و ١٠ تا ١٥ هێکتار زەوییان هەیە ، ١٠ خانەوادە ، ٥ تا ١٠ هێکتاریان هەیە ، ئیدی ئەوانی دی خاوەنی هیچ نیین . بەر لەو یاسای چارەسەرسازییە ، گشت لادێیەکان بە نیوەیی کاریان دەکرد و نیوەی بەرو بووم بۆ خاوەنملك بوو ، زووتر زۆرتریشیان دەدرایە . هەرچی پەیوەندیی لەو بابەتەیە ، هەڵوەشایەوە ، تەنها چەند خزمێکی کەمی ئاغا نەبێت ، هێشتا بەوپێیە کاریان بۆ دەکردن . ( خاوەن مەکینە) ، کە کەمباینێك و تراتکتۆرێك و لۆرییەکی هەیە ، بۆ خۆی زەوی خۆی و براکەی دادەچێنێت ، ئەو جوتیارانەی کۆن بە شەریکەبەش کاریان بۆ دەکردن ، ئێستا بوونەتە کرێکار و بە رۆژانە و بۆ ماوەیەکی کەم لەساڵدا ، کاریان بۆ دەکەن . ( سیستێمێکی چاندنی دوولانە پەیڕەودەکەن ، زەوییەکە دەکەنە پەرێز ، ساڵێك گەنم ، یا جۆ دادەچێنن ، کە بەمەکینە دەیدروونەوە ، ساڵی داهاتوو نیسك دەکەن ، کە هێشتا هەر بە داس دروێنە دەکرێت ) .

هەتا ووردەمالیکەکانیش هەر وابەستەی خاوەن مەکینەن . نیوەیان زەوییەکانیان بەمەکینە بە بەرهەم دێنن ، بەرامبەر نیوەی داهات . ئەمەش جۆرە پەیوەندییەکی نوێی بەرهەمهێنانە ، کە لە ناکاو لە سەرتاسەری خۆرهەڵاتی ناوەڕاستدا رەواجی پەیداکرد . زۆرجار خاوەنملك خۆویستانە ئەوە دەکات ، چونکە ( خاوەن مەکینە ) مەسرەف دەکێشێت و پووڵی تۆو و پەیین و کارکەران دەدات ، جاریش هەیە خاوەنملك ناچارە بچێتە ژێر ئەوبارە ، چونکە قەرزدارە . دەبێت تا قەرزەکە دەداتەوە ، ( دیارە بە سوویەکی زۆریشەوە ) ، رێگەی داچاندنی زەوییەکەی بدات و نیوەی مەسرەفیشی دەکەوێتە ئەستۆ .

بەوپێیە ، خەریکە خاوەن مەکینە ، دەبێتە هێزێکی دەستەڵاتدار و پارەدار . ئەو کەسانە لەبەرامبەر ئەندامانی هۆزدا ، پابەندی هیچ پەیوەندییەکی کۆنینە نیین و بەئاسانییش هێدی هێدی زەوییەکان لە چنگی ووردەمالیکان دەردەکێشن .

ئامۆزایەکی ئاغا ، کە هێشتا ١٠ ٪ دیوەخانە دەستێنێت ، گشت داوێکی پەیوەندییە دێرینەکانی هەڵنەتەکاندووە ، چونکە ئەوانەی کاری بۆ دەکەن ، تەنها خزمە نێزیکەکانین . لەم دەساڵەی دواییدا ، دەستکەوت و داهاتی سەرجەم لادێییەکان ، کەمی کردووە . زۆربەی کات ، بێکارن . ٨٠ ٪ ، یاخود ٩٠ ٪ لەوانە، تەنها ساڵی چەند مانگێك ، ( وەرزێك ) ، لە کێڵگەکانی پەموو ، یاخود لە باخاتی ترشەمەنییەکاندا ، لە ئەدەنە و مێرسین کاردەکەن . ساڵی ١٩٧٦ ، کەمن لەوێ بووم ، زۆریان لەدەست دادۆشێنەرانیان ، ( خاوەن مەکینەکان ) ، هاواریان بوو ، ئەو گازندانە ئاغاشی دەگرتەوە ، بەڵام رووپۆشانەتر . لەسەر هەندەك خانووی گوندەکان ، دروشمی یەکسانیی کۆمەڵگە نوسرابوو ، کە دیارە دروشمی ( پارتی گەلی کۆماریخواز ) ، یانی سۆسیال دیموکراتەکان بوو . وەك من بیستم ، لەدواهەمین هەڵبژاردندا ، گشت لەگشتی خەڵکەکە ، دەنگیان بۆ پارتی کۆنەپەرستی ئاینیی ( رەفاه ) دابوو ، ئەو پارتەی ئاغا پشتیوانیی لێدەکرد .

بڕێکیان دووبەدوو پێیاندەگوتم ، کە نەفرەت لەو پارتە دەکەن و بێزارن لێی ، بەڵام بۆ ئەوەی ئاژاوە نەکەوێتە گوندەوە ، ناچاربوون دەنگی بۆ بدەن . " هەموو خزمین و چاکتر وایە ئەو پەیوەندییە دۆستانەیەمان نەشێوێنین " .

یەکێك لە دۆستەکانی ئەو گوندەم ، کە چوارپێنج ساڵێکی نێوەندیی و ئامادەیی خوێندبوو ، خۆی بەچەپ و نەتەوەپەرست دەزانی و رەنگە لەرووی سیاسیشەوە هوشیارترین کەسی گوند بووبێت ، کە باسی ئاغاکانی دەکرد ، هێرشی زۆری دەکردنە سەر ، دوایی لەکن خۆم پێی لەوە نا کە لە هەڵبژاردنی داهاتوودا ، دەنگ بە پارتی هەڵبژاردەی ئاغاکەی دەدات . بە پێچەوانەی بڕوبیانووەکانی خۆیەوە هەست و سۆزی وەفاداری بەرامبەر ئاغاکەی ،

لەدەمەتەقێیەکی گەرمدا لەگەڵ برادەرێکی کوردیدا کە مامۆستای گوند بوو ، بەڵام خەڵکی ئەوێ نەبوو ، بەڕوونی دەچریسکایەوە ، ئەو پێیوابوو کە پێشکەوتنخوازانی کورد و تورک دەبێت پێکڕا کاربکەن . ناسیاوەکەم تادەهات زێتر هەڵدەچوو ، تا ئەوڕادەیەی هەست و سۆزی خۆی پێنەدەشاردرایەوە : " من هەرگیز متمانە بە تورک ناکەم ، چەپەکانیش وەك ئەوانی دی دەیانەوێت ببنە ئاغامان و کۆیلەمان کەن . هەرکات گەیشتە ئاستی تەقینەوە و ڕووبەڕووبوونەوە ، لەتەك ئاغاکەمدا دژیان دەوەستمەوە " .

ئەگەر ئەوە هەستی کەسانێك بێت ، کە تین و تاوێکی دەرەکیی زۆریان لەسەرەو هەژارترین و نەدارترین کەسی گوندن ، ( بێ زەوی ، بێ کارێکی هەمیشەیی)، دیارە پێبەندیی و وابەستەییە سەرەتاییەکان هێشتا بەتین و گوڕن.

هەڵبەت یەکێك لە هۆکارە گرنگەکان ئەوەیە ، کە ئاغا خۆی نا ، بەڵکە ئامۆزاکەی ، گوندنشینەکان دادەدۆشێت ، بۆیە پەیوەندییەکە دەگەڵ ئاغا خۆیدا، هێشتا نەشێواوە .

تەنها یەك حاڵەتم دیت ، کە پێدەچوو پێبەندە سەرەتاییەکان تێیدا شێوابن . وەلێ ئەو کۆمەڵگەیەی ئەو حاڵەتەی تێدا ڕوودابوو ، کۆمەڵگەیەکی خێڵەکی تەواو نەبوو ، هەرچەندە پەیوەندیی و پێبەندییەکان زۆر لە خێڵەکییانە دەچوون .

شاری شیرناخ و دەوروبەری ، لەڕووی سیاسییەوە ، بەدەست چوار خانەوادەی ئاغازادەوەیە : مالا عەگید ، ( کە بەهێزترینیانە ) ، مالا عەبدوڕڕەحمان ئاغا ، مالا ئاغایە سۆر و مالا عوسمان ئاغا ، کە من لەمەودوا بەڕیزە ، بە تیپەکانی D, C ,B, A نێویان دەبەم . ئاغای دیکەی خزمی ئەوانیش هەن ، لێ نە دەوڵەمەندن و نە دەستڕۆیشتوو . بەشێك لە کوردانی شارەکە و کرمانجەکانی دەوروبەری ، تا ئەوڕۆش سایەنشین و سەربەو خانەوادە ئاغانەن . زۆریان دەسندەخۆری یەکێك لەو خانەوادانەن . چوار خانەوادەکەش لەمێژە دوژمنی یەکدین و بەردەوام شەڕ و ئاشووبیان لە نێواندایە . هەندەك لە کرمانجەکان بۆیانگێڕامەوە چۆن چۆنی تا پازدەساڵێکیش لەوەپێش ، شەوانە

دەردەچوون و دەیاندا بەسەر گوندی یەکێك لە ئاغا دوژمنەکاندا و وەرزێریان دەکوشتن و گاو گۆتاڵیان تالآندەکردن ، ( دیارە هەرزەکار و لەڕووی سیاسییەوە نەزان ) ، گوێ لەمست و سەرسپاردەی ئاغابوون و هەرگیز سەرپێچییان لە فەرمانی نەدەکرد . دەنگدان لە هەڵبژاردنەکاندا ، ( تایبەت هەڵبژاردنی فەرمانداری شیرناخ ، زۆر گرنگ بوو ) ، قۆرخی ئاغاکان بوو . ساڵانی ١٩٦٥ و ١٩٦٩ C , A هەریەك پاڵاوتەی خۆی بۆ پارتی گەلی کۆماریخواز و پارتی عەدالەت دەستنیشانکرد ، ( یانی چەپ و راستی تورك ) ، هەریەکەیان دەگەڵ یەکێك لە خانەوادەکانی D , B دا رێککەوتبوون . ئاکام روون و ئاشکرابوو . کرمانجی سەر بەبەرەی B , A ، دەنگیان بۆ پارتی کۆماریخواز دەدا و C , D ش بۆ پارتی عەدالەت . (4)

بەوجۆرە هەردوك جارەکە پاڵاوتەی A سەرکەوت . ساڵی ١٩٦٩ ، سەرەتا و نیشانەی گۆڕران دەرکەوت . پێدەچوو گویڕایەڵی و سەرسپاردەیی کرمانج ، وەك جاران نەمابێت . پاڵاوتەی C خۆی زۆر پێشکەوتووخواز پێشان دەدا ، بەڵێنی بەگشت کرمانجەکان دا ، باری چەوساندنەوە و رادەی وابەستەییان بەئاغاوە ، نەهێڵێت و کەمی بکاتەوە . ئەو وادە و بەڵێنانە هێشتا تین و تاوێکی ئەوتۆی لەسەر ئاکامی هەڵبژاردنەکان نەبوو ، لێ ساڵانی دواتر بڕێك کرمانجی دەستڕۆیشتوو و قسەڕۆیشتووی هاندا ، بەرەیەکی دژە ئاغا بکەنەوە و رایانگەیاند بۆ ساڵی ١٩٧٣ ، خۆیان پاڵاوتەی خۆیان دیارییدەکەن . بەلآم رەنگە دەستنیشانکردنی پاڵاوتەیەکی سەربەخۆ ، سەرەڕۆییەکی دژوار بێت ، بۆیە پێویستیان بە پارتێك هەبوو پشتگیریی پاڵاوتەکەیان بکات . پارتی عەدالەت دەیزانی لەو بار و دۆخەدا بەدەستنیشانکردنی پاڵاوتەیەکی خانەوادەی C ، سەرکەوتن بەدەست ناهێنێت ، بۆیە ئامادەیی پێشاندا ، پاڵاوتەی کرمانجەکان ، کە کارمەندێکی ناوچەکە بوو ، بخاتە لیستی خۆیەوە .

لە هەڵبژاردنەکانی ١٩٦٩ دا ، لەنێوان لایەنگرانی C , A دا بووە تەقە و ئاکامەکەی دوژمنایەتییەکی خوێنین بوو . بەلآم ترسی راپەڕینی کرمانجەکان ،

هەردوك بنەماڵەكەی ڕێكخستەوە . خانەوادەی C ئامادەنەبوو هەڵبژاردەی خۆی دەستنیشانكات ، پشتی هەڵبژاردەی A ی گرت . بەوجۆرە لە هەڵبژاردنەكانی ١٩٧٣ دا ، ململانێ لەنێوان هەڵبژاردەی گشت ئاغاكان و هەڵبژاردەی كرمانجە یاخییەكاندا بوو . دیارە ئاغاكان دەیانزانی پلە و پایەیان لە غەرغەرەدایە ، بۆیە كەوتنە هەڕەشە و گوڕەشە لە كرمانجەكان و هەوڵی سەرنەویكردنیان دان . یەكێك لەخزمانی هەڵبژاردەی ئاغاكان ، لە سەر جادەیەكی شیرناخ ، دوو كرمانجی كوشت ، ( یەكێكیان ئامۆزای هەڵبژاردەی كرمانجەكان بوو ) ، چواركەسی دی لە گوندەكانی دەوروبەر كوژران . ڕۆژی هەڵبژاردن دەریخست كە ئەو شێوازە پواوە ، باوی نەماوە . لە كۆی ٢٤٠٠ دەنگی شار ، ١٦٠٠ كەس دەنگی بە پارتی عەدالەت ، یانی بە هەڵبژاردەی كرمانجەكان دا. لەبڕێك گوند ، ڕێژەكە زێتریش بوو . یارۆی دوو كابرا كرمانجەكەی كوشت ، پاش خۆخلافاندنێكی زۆر ، گیرا و تەنها چەند ساڵێكی كەم سزا درا . لە لێخۆشبوونە گشتییەكەی ١٩٧٤ دا ، ئازاد كرا و لەو دەمەوە چۆتە خۆرئاوای توركیا و لەوێ دەژی . كە لێمپرسین داخۆ تۆڵەی ئەو خوێنە ناسێننەوە ، زانیارەكانم بە خەندەیەكەوە گوتیان : تۆڵەسەندنەوە لەئاغا ؟ شتێكی چاوەڕوان نەكراوە . زێتر لەوەش هەركات یارۆ بۆ سەردانی كەسوكاری دێتەوە ، چاك چاك دەیپارێزن ، ( كە ئەمە نیشانەی ئەوەیە ، ئاغاكان خۆیان ، تۆڵە هێند بەچاوەڕوان نەكراو نازانن ) .

پێدەچێت ئاغا ئەو دەستەڵاتە زاڵە ڕەهایەی‌جارانی لەنێو كرمانجدا نەمابێت ، لێ بە تەواوییش نەفەوتاوە . هێشتا نێزیكەی ٣٠٪ كرمانجەكان ، دەنگ بۆ هەڵبژاردەی ئاغا دەدەن . ئەوەش جێگەی سەرسوڕمان نییە ، چونكە هێشتا زۆریان ، لەڕووی ئابوورییەوە ، وابەستە و چاولەدەستی ئاغاكانیانن . جگەلەوە ، دوورنییە كرمانجەكان بۆخۆیان كێشەی نێوخۆی خۆیان نەبێت و من لێی بێ ئاگابم ، بۆیە بڕێكیان دەنگیان بە پالاوتەی ئاغاكان داوە و بەوەی

خۆیانیان نەداوە . لەلایەکی دییەوە ، هەندەك ئاغای ڕووتە ، ( كەسەر بەو چوار بنەماڵەیە نین ) ، دەنگیان بە هەڵبژاردەی كرمانجەكان دا .[5]

پێناچێت ئاغاكان بتوانن جارێكی دی كرمانجەكان بخەنەوە ژێر ڕكێفی خۆیانو چۆنیان بوێت ، ئاوها هەڵیانسووڕێنن ، هەتا بە فشاری ئابوورییش ناتوانن و بۆیان ناچێتەسەر . هەڵوێستی چینایەتی كرمانج ، دەستەبەریی ئەوە ناكات كە لەنێو ئەو توێژە خۆیدا ، سیستێمێكی بەرگریی و پارێزگاریی نوێ نەیەتەكایەوە . زۆر پێدەچێت شتێكی لەو بابەتە دابێت .

من ساڵی ١٩٧٦ ، دوو ساڵ و نیو پاش هەڵبژاردنەكە ، چوومە شیرناخ . وەزعەكە زۆر باش نەبوو ، گرژی و ئاڵۆزیی لە هەڵبژاردنەكەوە باڵی كێشابوو . خەڵكی خۆپارێزییان دەكرد و شەوانە لەماڵ دەرنەدەچوون . لەشاییەكاندا ، زیڕەی بلوێر و دەنگی دەهۆڵ ، لەدەرەوە نەدەهات و گەڕی ڕەشبەڵەك لە ژووردا دەگێڕدرا . ئەوانەی قسەم لەگەڵدا كردن ، زۆریان لەبارەی ڕووبەڕووبوونەوەكانی ئاغاو كرمانجەوە بۆ گێڕامەوە . زۆر لەو شتانەی بەووردی بۆیانگێڕامەوە ، دژ و دژواریی زۆریان تێدابوو ، بۆیە منیش كورتەیەكی ڕووداوەكانم ڕاگواست .

پرسیارەكە ئەوەیە ، ئایا بۆ درز و شەبەق كەوتە ئەو پێوەندیی و پێبەندییەی لەنێوان كرمانج و ئاغادا هەبوو ؟ بۆ لەو كاتانەدا تەقییەوە ؟

من بەدووی هێما و نیشانەی داڕووتاندن و داچەكاندنێكیفرەتر و گۆڕانكارییەكی زێتر لە پەیوەندییە ئابوورییەكانی نێوان ئاغا و كرمانجدا دەگەڕام، لێ هیچم گیرنەكەوت . بەهۆی بەرزونزمیی زەوی ناوچەكەوە ، میكانیزەكردنی كشتوكاڵ هێند پێش نەكەوتووە . لەتەك ئەوەشدا ، چەند ساڵێكە وەرزێرانی هەندەك لەو گوندانەی هیچ لەحاڵ و باریان نەگۆڕراوە ، سەرپێچی لە باجدان بە ئاغا دەكەن و چەندجارێكیش بۆ بەرگری لەخۆ ، پەلاماری چەكیان داوە . تەنها دەزگەیەكی ناوچەكە ، كە بۆن و بەرامەی پەیوەندییەكی كاپیتالیستانەی لێبێت ، كانێكی خەڵووزی بەردە ، كەهێند لەشارەوە دوورنییە و موڵكی بنەماڵەی A یە و شیركەتێكی تایبەتی خۆرئاوای

توركیا بەرهەمی دێنێت و ٢٠٠ شیرناخی كاری لێدەكەن . ئەو كرێكارانە بەهیچ جۆر پەیوەندییان لەگەڵ كرمانجە یاخییەكاندا نەبوو . حاڵ و باریان تاڕادەیەك باش بوو . تەنها ئەوكەسانە لەوێ كاریان گیردەكەوت ، كە لەتوێژی ئاغا ، یا كرمانجی دڵسۆزی ئاغا و بۆی بەئەمەك بوون .

كە لە زانیارەكانم پرسی ، ئایا چۆن ئەو یاخیبوونە جەماوەرییە دژی ئاغایان سەرپێ خرا ، دووخاڵی گرنگیان باسكرد :

١- كاتێك ئاغاكان تەمبەڵ و تەوەزەل ، خۆدەلێسنەوە و هیچ فێرنابن ، زۆربەی كرمانج منداڵی خۆ دەنێرنە بەرخوێندن و ناوەندی و ئامادەییان پێ تەواودەكەن و هێندەی بشێت فێریاندەكەن . ئەو كەش و هەوا چەپییەش ، كە لە شێستەكان و حەفتاكاندا لە توركیا باوبوو ، بێ تین و تاو نەبوو . ئاكام ، زۆر كرمانج خۆیان پێگەیاند و بەتوانای خۆیان زۆر پلە و پایەی دەوڵەتییان پچڕی و تا ڕادەیەك لە داوی وابەستەیی ئاغا رزگار بوون . ئەو هەڵبژاردەیەی كرمانج كردیانە پاڵاوتەی خۆیان ، یەكێك بوو لەو جۆرە كارمەندانەی دەوڵەت .

٢- هەندەك كرمانج ماوەیەك لە كوردستانی عێراق ژیاون ، زۆریان خزمیان لەوێ هەن و كۆتایی شێستەكان بەشدارییان لە شۆڕشە ئازادیخوازانەكەدا كردووە. وەك خۆیان دەگێڕنەوە ، ئەو تەجرەبانە هەست و هۆشی بزواندوون و بەرامبەر چەوساندنەوەی كن خۆیان ، چاوی كردوونەوە . زێتر لەوە ، ئاغاكان ، تایبەت بنەماڵەی A ، بە كۆمەك و هاوكاریی دەزگەی سیخوڕیی تورك تاوانباردەكەن و بە دەسندەخۆری ئەوانیان دەزانن و ڕێگر لەبەردەم ئاواتی ئەو پارچەیەی كوردستاندا .

كەواتە لێرەدا هەستی نەتەوایەتی و چینایەتی ئاوێتە و تێكەڵ یەكدی بوون . پێموایە لە ڕوونكردنەوەی ئەو مەسەلانەدا ، كۆمەڵێك هۆكار یەكانگیرن . ئەوانەی سەرەوە گرنگن و ئاشكرای دەكەن بۆچ ئەو گۆڕانكارییە دەوروبەری ١٩٧٠ دەستپێكرد . لێ دەبێت ئەوە بزانین كە كرمانج هیچ كات دەستەیەكی یەكگرتووی چاك ڕێكخراو نەبوون . ئەوانەی لەشار لەنێزیك و دەوروبەری ئاغا دەژیان و هەتا

هەندەك لە گوندنشینەکانیش ، لەسایەی پەیوەندیی و پێبەندییە خێڵەکییەکە دا ، هێشتا بۆ ئاغا هەر بەبەینەتن . بڕێکجار وەك وابەستە و دووکەوتوویەك رەفتار دەکەن . زۆربەیان هێشتا وەك خێڵەکییەك بەشێوەیەك دێنەگۆ و هەڵس وکەوت دەکەن ، کە لە ناخێڵەکییەکیش چاوەڕوان ناکرێت . لەلایەکی دییەوە ، زۆربەی گوندنشینەکان ، حاڵ و باریان وەك وەرزێرە ناخێڵەکییەکانی جێگەکانی دی بوو. هەمیشە دادەدۆشران و تەنها شتێك کە لێی دڵنیابوون ، ئەوەبوو کە ئاغا دەیپاراستن و گەر یەکێکیان لێکوژرابا ، تۆڵەی دەستاندنەوە . ( لێ ئەو پارێزگارییەش چیدی نەمابوو : مانگێك بەر لە چوونم بۆ شیرناخ ، کۆچەرەکان لەکاتی رەویاندا ، وەرزێرێکیان کوشتبوو . یەکێك لەئاغاکان ئامادەبوو تۆڵەی بستێنێت ، وەلێ ئاغاکانی دی ئامادەنەبوون هاریکاریی بکەن ، بەوجۆرە ئەو تاوانە بێ تۆڵە مایەوە ) . رەنگە ئیدی ئەو وەرزێرانە خۆیان بە وابەستەی هیچ پێبەندییەك نەزانن بەرامبەر ئاغاکانیان . کاتێك کرمانجە شارنشینەکان لە ئاغاکان یاخی بوون ، کرمانجە گوندنشینەکانیش پشتگیرییان کردن .

ئەو دوو نموونەیە دەریدەخەن ، کە ناتوانرێت هیچ مەرجێکی پێشەکی بۆ لەقبوونی پێبەندییە دێرینەکان و جێگیربوونی پێبەندییە نوێکان لە جێگەیان ، دیاریی بکرێت و هەتا ناتوانرێت شێواز و چۆنیەتیشی دەستنیشانکرێت . پێبەندییە نەریتییە دێرینەکان ، هەتا لە کۆمەڵگە گچکەکانیشدا ، جۆریان زۆرە ، جگەلەوە ، ئەو پێبەندییانە هەتا لەنێوچوون و نەمانیان ، وەك خۆیان نامێننەوە و بەردەوام لە گۆڕراندان . بۆ نموونە لایەنی پاراستن و پارێزگاریکردن ، کە هەمیشە لە هەردوك پێبەندییە ئاینی و خێڵەکییەکاندا هەیە ، تادێت زاڵتر دەبێت . بەو پێیە گشت پێبەندییە سیما نەتەوایەتی و چینایەتییەکان ، هەمان چەشن نیین . سێ جۆر پێبەندیی کەمەکێك لێکجوداواز هەن : **بزۆزبووەوەکە** : یانی بە تین و تاوی هێزێکی چەوسێنەر و سەرکوتکەری دەرەکیی ، ئیدی نەتەوایەتی بێت ، یا چینایەتی ، جووڵە و بزاوتنی تێکەوێتەوە ، **ئالیکارییانەکە** : یانی خۆدۆزینەوە و جووتبوونەوە لەگەڵ نەتەوەی خۆ ، یا چینی خۆ دا ، **باوکانەکە** : یانی نە

نەتەوەو نە چین هێندەی سەرکردەیەکی کاریسمای نەتەوایەتی ، یا سۆسیالشۆڕشگێڕ لەپێش نەبن . ئەوانە چەشنە نموونەییەکانیانن و دەتوانرێت بە نموونەی ئەو جۆرە پێبەندییانە دابنرێن .

دەشێت هەمان کەس ، لە بار و دۆخی جوداوازدا ، یاخود لەیەك کاتدا ، وابەستەی هەر سێ جۆر پێبەندییەکە بێت . ئەو جۆرە پێبەندییانەی دەستنیشانکردن ، دەکرێت لە ریزی پێبەندییە سەرەتاییەکاندا دابنرێن ، چونکە زۆر لەو پێبەندییە دوور نیین ، کە بەرامبەر سەرەکهۆزێك ، یاخود بەرامبەر رێبەرێکی ئاینی پێشاندەدرێت . بەوپێیە دەشێت جوداوازیی لەنێوان پێبەندییە بنەڕەتییەکان و پێبەندییە چینایەتی و نەتەوەییەکاندا ، تەنها مەسەلەی پێناسەیان بێت . هەر لەو روانگەیەوە دەتوانرێت بگوترێت خەڵکێکی کەم هەن ، کە بەڕاستی هەستی نەتەوایەتی ، یاخود هەستی چینایەتییان هەیە . پێویستە ئەوەش بگوترێت ، کە پێبەندییە بنەڕەتییەکە تاڕادەیەك لەنێو ئەو دەستە و تاقمە گچکانەدا ماوە ، کە پەیوەندیی نێوان ئەندامەکانیان راستەوخۆ و سروشتیین و هەموو لەدەوری سەرۆکێك ، یا کەسێکی باب ئاسایی خڕبوونەوە . ئا ئەو دیاردەیە ، گەلەکجار بەسەر گشت جۆرە پێبەندییەکاندا دەسوێندرێت . بە تێڕوانینی تیۆریستە ناسیۆنالیستەکان ، یاخود سۆسیالیستەکان ، رێزگرتن و خۆشەویستنی سەرکردەیەکی نەتەوەیی ، یاخود شۆڕشگێڕ ، ترۆپکی نەتەوەپەروەریی راستەقینە ، یاخود هەست و هۆشی چینایەتییە . لە ڕوانگە و دیدەگای بزووتنەوەیەکی نەتەوەییانە ، یا چینایەتییانەوە ، بۆ زۆرکەس ، پێبەندییە باوکانەکە ، قۆناغێکی گواستنەوەیە لە پێبەندییە بنەڕەتییەکەوە بۆ پێبەندییە ئالیکارییانەکە ، یاخود پێبەندییە بزۆزبووەکە .

هەستی نەتەوایەتی کورد ، لە گشت پارچەکانی کوردستان و لەم بیست و پێنج ساڵەی دواییدا ، بێ ئەندازە بووژاوەتەوە و گەشەی کردووە . تایبەت لە تورکیادا بەزەقی دەبینرێت . زۆر لەو کوردانەی خەریك بوو سیاسەتی تواندنەوەو تورکاندن ، دەیفەوتاندن ، هەستی نەتەوایەتییان لە پشکوتن و گەشاندنەوەدایە و

خەریکە سیمای ڕەسەنی خۆیان دەستدەکەوێتەوە . ئەوە بەپلەی یەکەم ئاکامی ئەو پڕوپاگەندە ناسیۆنالیستانەیە نییە ، کە ڕووناکبیرانی کورد دەستیان داوەتیێو خۆرەتاندنیان جێگەیەکی کەمی گرتووە ، بەڵکە سەرکەوتنە سەربازییەکانی بارزانیی لەخەباتی دژە ڕژێمی عێراقی دا ، کایەیەکی کاریگەری هەبووە . دەستکەوتێکی بۆ کورد هەبووە ، کە بتوانن شانازیی پێوەبکەن . کردەوەکانی بارزانیی ، هەر دەگوترێت و دەگوترێتەوە ، تا ئەو ڕادەیەی کراوەتە یەکێك لە مێرخاسەکان و قارەمانێکی کەم وێنە . خۆی جگەلەوەی کوڕە شێخیش بووە ، نموونەی سەرەکهۆزێکی مەزنی سەردەمە کۆنەکان بوو . ئەوانە هەمووی ، بارزانییان کردە نموونەیەکی سەیری چاوگەی سەرسپاردن و پێبەندیی . سەرسامیی بە بارزانیی و سەرسپاردن بەو ، مانای پێبەندیی بەگەڵ کوردەوە و دۆزینەوەی خۆ دەگەیەنێت . ئەو هەستە نەتەوایەتییە بەتینە ، هەستی ئەوەی نەتەوەیەکی جوداوازن ، پەرەیسەندووە و هیچ دەخڵی بەوەوە نییە داخۆ هەندەك چۆن لە بارزانیی دەڕوانن .

لەکۆنیشدا ، جارێك حاڵەتێکی لەو بابەتە هاتەپێش ، ئەودەمەی شێخ سەعیدو سەرکردەکانی دی شۆڕشەکەی ، لەبەرچاوان و لەبەردڵاندا بوون . ڕەشەخەڵکەکە بەهۆی پێبەندییە خێڵەکییەکە ، یاخود ئاینییەکەوە ، دووی ئەو سەرکردانە کەوتبوون و لەکاتی ڕاپەڕینەکەدا پێبەندییە نەتەوەییە بزۆزبووەوەکە و ئالیکارییانەکە ، بەتینتر بوون .

پاش کوشتنی شێخ سەعیدیش ، هەستی نەتەوایەتی کورد هەر پایەدار مایەوە و ڕەنگە لە سەردەمی بەر لە ڕاپەڕینەکە بەتینتر و فراوانتریش بووبێت . دەستەڵاتدارانی تورك بەوپەڕی تواناوە و شێلگیرانە هەوڵدەدەن، وابەستەیی و پێبەندییەك لەگەڵ پارتە سیاسییەکانی تورك و ئەتاتورکی سەرکردەیاندا بسەپێنن ، هەرچەندە لەوڕووەوە کەم سەرکەوتوو بوون . سەرسپاردەیی و پێبەندیی بەسەرکردەیەکی نەتەوەییەوە ، پێبەندیی و سەرسپاردەیی نەتەوەییانەی هورووژاند و هەژاندی . دیارە هەر شتێکی لەو بابەتەش سەبارەت

بە پێبەندییە چینایەتییەکە چاوەڕوان دەکرێت ، هەرچەندە لەڕووی تیۆرییەوە ، سەختترە . بەڵام دوورنییە پێچەوانەکەشی روونەدات ، چەندین نموونەشمان بۆ ئەوە هەیە . هەرلەگەڵ بیری نەتەوایەتی بووە هۆکارێکی حسێب بۆکراو ، سیاسەتمەدارە ناوچەییەکان ، بۆ سوودی خۆیان قۆستیانەوە . چەندین جار لایەنگرانی رێبەر و سەرکردە دوژمنەکان ، دژی یەکدی جەنگاون . لەڕاستیدا شەڕەدەستەلاتێکی ئاسایی بووە ، لێ بە بەرگ و کالأیەکی نەتەوەییانەوە . بۆیە شتێکی سەیر نییە ، گەر سەرەکهۆزان و شێخان و (لایەنگرانیان ) ، لەو ململانێیەدا ، یەکدی بە خۆفرۆش و غایەن و پاتەخۆری بێگانە و داگیرکەرانی کوردستان تاوانباربکەن . سەرەڕای ئەوەی لەنێو ریزەکانی بزووتنەوەی نیشتمانیی عێراقدا ، سیستێمێکی لەلەیی هاتەکایەوە ، لێ هێشتا برێك لە پێبەندییە بنەڕەتییەکان ، ( وەك پێبەندیی بەرامبەر سەرەکهۆز ) ، هەرماون و بەتین و گوڕ بوونەوە .

هەرچەندە بەڕووکەش پێبەندییە فراوانترەکان جێگەیان بە پێبەندییە بنەڕەتییەکە لەقکردووە و سستیانکردووە ، بەڵام هێشتا تەواو ریشەکێشیشیان نەکردووە . زاراوەی ( بنەڕەتیی ) ، لەجێی خۆیدایە ، چونکە هەتا لەحاڵەتی زاڵبوونی پێبەندییە نوێژەنەکانیشدا ، پێبەندییە بنەڕەتییەکان هەر ووزە و تین و تاوێکیان تێدادەمێنێت و بەردەوام دەبن و لە بەرگی پێبەندییە نەتەوایەتییەکان ، یاخود چینایەتییەکاندا ، خۆ حەشاردەدەن و نوێدەبنەوە . پێدەچێت پێبەندییە سنووردارەکان ، توانای بەردەوامبوونیان لە پێبەندییە فراوانەکان زێتر بێت . رەنگە ئەو پێبەندییانە لەگەڵ سروشتی مرۆڤدا سازگارتر و گونجاوترین لە پێبەندییە بەرینتر و داماڵراوترەکانی دیکەی وەك نەتەوە ، یاخود چین . هەق وایە ئەوە لەکن شۆڕشگێڕەنەتەوەییەکان و شۆڕشگێڕە سۆسیالیستەکانیش روون بێت ، ئەگەر پێبەندییە نەتەوەیی و چینایەتییەکان تەنها لەکاتی پێویستدا پەنایان بۆ ببرێت ، ئەوا لێدانی پێبەندییە بنەڕەتییەکان " نە بەشی دامرکاندنەوەیان دەکات و نەبەشی رازییکردنیان ، بەڵکە پێویستی بە شۆڕشێکی

سەراپاییە . رەنگە هۆکارە ئابوورییەکان بەتەنها نەتوانن پێشبینی ئەوە بکەن ، کامە پێبەندیی ، لەکامە بارودۆخدا خۆدەسەپێنن ، تەنها دەتوانن مەرجە پێویستەکانی سەرهەڵدانیان دەستنیشانبکەن ، لێ بەشی هێندە ناکەن کە نێوەرۆکەکەیان روونبکەنەوە . هەردوك شۆڕشەکە ، چ ئەوەی وەرزێران لە بامەڕنی دژی شێخ مەسعود بەرپایانکرد و چ ئەوەش کە کرمانجەکان لە شیرناخ دژی ئاغاکان کردیان ، چاك چاك سەلماندیان ، کە گۆڕانکارییە ئابوورییەکان نا ، بەڵکە هۆکارە سیاسییە دەرەکییەکان ، بەهێزترین هاندەریان بوون .

## تێبینیی و سەرنج و سەرچاوەکان :

٧٨- بۆ ئەم بەشە بەپلەی یەکەم سوود لەم سەرچاوانە وەرگیراوە :
Von Tischendorf, 1871, von Hammer :"Des Osmanischen Reiches Staatsverfassung und Staatsverwaltung", Gibb und Bowen (1950-1957), Inalcik (1955 , 1973), Lybyer 1913, Shaw 1976, Karpat 1974 .

٧٩- ئاقچە ، دراوێکی زیوی ناوەڕاستی سەدەی شازدەهەم بوو ، کە کێشەکەی نێزیکەی 0,7 گم بوو . نرخی گۆڕینەوەی بەو دراوانەی دیکەی لەگەڕدا بوون ، بەپێی کات و سەردەمەکە دەگۆڕرا . نرخەکەی بەپێی ئەو کێشەی بوو ، کە سوڵتانەکان بۆیان دیاریی دەکرد :

| | |
|---|---|
| محەمەدی یەکەم : ( ١٤١٣- ١٤٢١ ) : | 1,21 گرام |
| محەمەدی دووهەم : ( ١٤٥١- ١٤٨١ ) : | 0,865 گرام |
| سەلیمی یەکەم : ( ١٥١٢- ١٥٢٠ ) : | 0,69 گرام |
| موړادی چوارهەم : ( ١٥٧٤- ١٥٩٥ ) : | 0,462 گرام |

نرخەکەی بەردەوام پێویستیی بیرازکردن و گۆڕینی بڕی ئەو باجەی دەسەپاند ، کە هەمیشە وابەستەی بوو . ئەو ژمارانەی سەرەوە ، لە N. Beldiceanu وەرگیراوە .

بۆ روونکردنەوەی هێزی کڕینی ئاقچە ، دەتوانین بەنرخی قلەیەك گەنم دەستنیشانی بکەین ، کە 25,6 کیلۆ بووە و ساڵی ١٥١٥ لە خۆرهەڵاتی ئەنەتۆل بە هەشت ئاقچەبووە ، وەڵێ قلەیەك جۆ ، بە شەش ئاقچە بوو .(Hinz 1950, S.185 f)

٨٠- جوداوازیی نێوان زەعامەت و تیمار ، تەنها لە ئاستی داهاتەکەیاندا نەبوو، وەك بەڕووکەش دەنوێنێت ، بەڵکە ئەوانەی سوودیشیان لێوەردەگرت ، دوو پلە و پایەی جوداوازیان هەبوو ، لەوە بترازێت ، بڕی ئەو پارەیەی هەریەکەیان بۆ بژێوی جەبەلوویەك تەرخانیان دەکرد ، جوداوازبوون : تیماردار بۆ هەر جەبەلوویەك سێ هەزار ئاقچەی دەدا ، لێ زەعامەتدار ، بۆ هەر جەبەلوویەك ، پێنج هەزار ئاقچەی دەدا ، دیارە ئەمە ئاستی کەمترین داهاتی

تێخوێندۆتەوە ،( Shaw: 1976, S. 125) ، (Inalcik: 1973, S. 113) . لە ڕاستییدا ، بڕێك تیمار ، داهاتی لە هەندەك زەعامەت زێتر بوو ، بەو جۆرە ، لە فەلەستینی سەدەی شازدەهەمدا ، زۆرترین داهاتی تیمارێك ١٩٢٢٥ ئاقچە بوو ، کەمترین داهاتی زەعامەتێك ١٠ هەزار ئاقچە بوو .( Lewis: 1954, S. 481-482 )

٨١- Inalcik: 1973, S. 108 .

٨٢- بڕوانە : Werner: 1972, S. 110 و ئەو ژمارانەی لە von Barkan 1958 ی وەرگرتوون . هەندەك نووسەری دی ، ژمارەی زۆر لەوە زێتریان دەستنیشان کردووە . von Tischendorf پشتبەستوو بە dOhsson باس لە دووصەد هەزار سپاهی دەکات . Mutafcieva پەیی بەو بانگاشە جوداوازانە بردووە و دەستنیشانی کردوون . ئەو ، ئەو ژمارە زۆرانەی Werner دەیانداتە دواوە ، تا ڕادەیەك بە ڕاستیان دەزانێت .

٨٣- ووشەی ڕەعایا ، کە کۆی ڕەعییەتە ، سەرەتا بەو ناموسڵمانانە دەگوترا کەناچاری سەرانەدان بەو موسڵمانانە کرابوون کە بووبوونە وابەستەیان . ئەو زاراوەیە هەروا مایەوە و لە قانوننامەشدا بەو شێوەیە چەسپا . لێ پاشان واتاکەی فراوانتر بوو و هەموو جوتیارە سایەنشینەکانی دەگرتەوە ، ئیدی فەلە بان ، یاخود موسڵمان . دیارە ڕەعایا هەموویان جوتیار نەبوون ، زۆریان بازرگان و پیشەوەر بوون . تایبەت لە بەشە ئەوروپاییەکەی ئیمپراتۆرێتەکەدا ، زۆر ڕەعایای خۆشگوزەرانی فەلەی لێبوو .

٨٤- بەو جۆرە ، ساڵی ١٤٣١ ، لە ئەلبانیا ، ١٦ ٪ ی سپاهیان تیۆلدارانی کۆنە فەلە بوون ، ٣٠ ٪ ی تورکی ئەنەتۆلی بوون و ٥٠ ٪ ی قوللەری سوڵتان و میرەکان بوون . ٤ ٪ ەکەی دی ، قازیی و بیشۆف و مشەخۆرانی کۆشك و دەربار بوون . (Inalcik: 1973, S. 114)

٨٥- شەریعە وا لێکدەدرایەوە ، کە گوایە سەرگەورەی ووڵات ، پشکێك لەو منداڵانەی پێدەبڕێت . ناونووسان بەتەواوی ووڵاتدا دەگەڕان و شیاوترینیان هەڵدەبژارد . هەڵبژێردراوان ، چاکترین دەرفەتی فێربوون و پێگەیشتنیان بۆ

دەرەخسا . دەربارەی ئەو ( دەزگەی کۆیلایەتییە ) ، بڕوانە : -Lybyer: 1913, S. 45
61, 90-119 و Shaw: 1976, S. 112-168 ، هەروەها بڕوانە : ,B. D. Paponlia, Munchen
. 1963

٨٦- لەڕاستیدا ، زۆر لەو کەسانەی لەچینی جوتیاران کەوتبوونەوە ، توانییان ببنە تیوڵدار ، وەك لە کتێبە یاساییە جۆراوجۆرەکاندا بە پەشمەوە باسدەکرێت . بۆ نموونە بڕوانە : ,von Hammer: "Staatsverfassung" , Bd. I, S. 366
. 371 f.

٨٧- مەسەلەی باج و خەراج لە ئیمپراتۆریێتی عوسمانییدا ، بەهۆی فرەچەشنیی لە ناوچە و مەڵبەندە جوداکانیدا و ئەو گۆڕانکارییانەی لەو صەدان ساڵانەدا بەسەر یاساکانیدا هاتوون ، بابەتێکی هێجگار تێکەڵ و ئاڵۆزە ، ئەمە جگەلەوەی هەمیشە چەسپاندنی لە یاسا دا و سەپاندنی بەکردەوە ، وەك یەك نەبوون . von Hammer (1815) ، نموونەی چاکی ئەو جۆرە باجە جوداوازانەی پێشچاوخستووە و نموونەی زۆریشی لە قانوننامە وە وەرگێڕاوە . کتێبەکەی ، هێشتا بەیەکێك لە سەرچاوە پرسوودەکان دادەنرێت . یەکێك لە باشترین سەرچاوەکان بۆ تێگەیشتنی مەسەلەی باج و خەراجی ئیمپراتۆرێتی عوسمانیی ، نووسینەکەی ساڵی ١٩٤٣ ی Omer Lutfi Barkan ە ، کە قانوننامەی گەلەك شار و ناوچەی تێدایە . یەکەم بەندی چاپکراوی بەرهەمە کۆکراوەکانی ، ساڵی ١٩٨٠ بلاوکرایەوە و زانیاریی چاکی دەربارەی جۆر و باری موڵکایەتی نووسیوە .

نووسینەکانی ١٩٥٥ و ١٩٥٩ و ١٩٦٩ و ١٩٧٣ ی Halil Inalcik ، سەرچاوەی چاکی توێژینەوەن . لە نێو لێکۆڵینەوە زۆرەکانی دی ئەو بوارەدا ، نووسینەکەی 1960 Cetkowa دەهێنێت باسکرێت . تۆماری باجەکانی عوسمانیی ، کە زۆر بەووردی نوسراون و زانیاری چاکمان دەربارەی بڕی باجە سەندراوەکان و بار و دۆخی کۆمەلأبووریی پێشچاودەخەن و تۆماری گەلەك ناوچەیان تێدایە ، بۆ

نموونە Gokbilgin 1952 دەربارەی ئەدرنە و Cohen و Lewis ١٩٧٨ ، دەربارەی فەلەستین .

تا ئێستا ، توێژینەوەیەکی ئەوتۆ دەربارەی ویلایەتە کوردنشینەکان نەکراون.

Hinz 1950 برێك بە قانوننامەکەی Barkan دا چۆتەوە و شیکردۆتەوە . Goynunc ئەرشیفی جۆراوجۆری کردۆتە سەرچاوە و شییکردوونەوە . کتێبە ژمێریارییەکانی ویلایەتی دیاربەکر ، کە 1981 Kunt شیکردوونەوە و بلاویکردوونەوە ، تیشکێکی چاك دەخەنە سەر باری ژیانی رۆژانە .

هەروەها ، بڕوانە : Bruinessen و Boeschoten .

٨٨- Lewis 1954, S. 485 دەگاتە ئەو ئاکامەی ، " جزیە بە پێچەوانەی برێك داهاتی دیکەوە ، بە بەیتولمال دراوە ، نەك بە تیولدار ، یاخود خاوەنی خاصە ". لێ ئاوارتەش هەر هەبووە . لەبڕێك ناوچە ، جزیە دراوەتە ( تاپۆ جاق لق ) کە تیپێکی سەربازیی تایبەت بوون . بڕوانە Inalcik " جزیەی عوسمانیی " ، لە ئینسکلۆپیدیای ئیسلامدا ، بەرگی ١ و ٢ .

لە کوردستان ، ئاوارتەکان ، زۆر رووهەڵماڵدراوتر بوون ، وەك پاشتر دەبینین، نیوەی جزیەی بەتلیس ، بۆ میرە کوردەکەی بوو .

٨٩- von Hammer, 1815 ، بڕی نێوکۆیی ( رەسمی چفت ) ی سەدەکانی ١٦ و ١٧ ی ئیمپراتۆرێتی عوسمانیی دیارییدەکات . بۆ چفتلکێکی تەواو ، سالانە ٤٢ ئاقچە دراوە ، بۆ نیو چفتلك ، ٢١ ئاقچە . ئەو جوتیارانەی ، زەوی کەمتریان بەدەستەوە بووە ، ١٢ ئاقچە و ٦ ئاقچە و یاخود هەر هیچیان نەداوە . سەرەتای سەدەی شازدەهەم ، ٤٢ ئاقچە ، ١٣٠ کیلۆ گەنمی دەکرد . پاشان بەهۆی دابەزینی نرخی ئاقچەوە ، هێدی هێدی بەهای راستەقینەی ئەو باجەش دابەزیو دالەنگی . رەسمی چفت بەسەر سپاهی و ئەفسەرانیدا دەبەخشرایەوە ، کە دیارە بڕەکەی لە ویلایەتێکەوە بۆ ویلایەتێکی دی دەگۆڕرا . بۆ نموونە ٤٢ ئاقچەکە ئاوها دابەش دەکرا : ٢٧ی بۆ سپاهی ، ١٢ ی بۆ صوباشی و ٣ی بۆ

سنجەق بگی . ێ شوێنی دی هەبوو ، ٢٧ ی بۆ سپاهی و ١٥ ەکەی دی بۆ سنجەق بەگی بوو .

٩٠- قەوارەی دۆنم ، لە ناوچەیەکەوە بۆ ناوچەیەکی دی ، دەگۆڕرا . لە بنەچەدا دۆنمێك دەیەکی هێکتارێك ، یا چکێك کەمتر بوو .

٩١- دەربارەی نموونە تایبەتەکانی زەکات ، بڕوانە : Juynboll: 1930, S. 80 . ئەم باجە خێرخوازانەیە ، تەنها ئەوکەسانە دەبێت بیدەن ، کە دەستکەوت و داهاتیان لە سنوورێکی دیارییکراو تێپەڕدەکات . لە بەروبوومی دێمەکار ، دەیەك دەدرێت ، ( ئەمە ، ڕەز و باخیش دەگرێتەوە ) . لە زەوی بەراو ، ٥ ٪ داهات دەدرێت . ئەوەی مێگەلەکەی لە ٣٩ تێپەڕنەکات ، بزن بێت ، یاخود مەڕ ، زەکات نایگرێتەوە . ئەوەی خاوەنی ٤٠ تا ١٢٠ سەرئاژەڵ بێت ، دەبێت یەك سەر بدات ، ( بەو مەرجەی ئاژەڵەکان ، دووسالأن زێتر بن ) . ئەوەی لە ١٢١ەوە تا ٢٠٠ سەری هەبێت ، دوو سەری دەکەوێت . لە ٢٠١ەوە تا ٣٩٩ ، سێ سەری دەکەوێت . لەوە زێتر بوو ، بۆ هەر ١٥٠ سەرێکی زێتر ، یەك سەری دیکەی دەکەوێت .

٩٢- Inalcik: 1973, S. 111-112

٩٣- ئەم باجە درەنگ وەختە ، زۆربەی کات ، تاقە جارێك بۆ جێبەجێکردنی پرۆژەیەکی تایبەت دەسەندرا ، بۆ نموونە بۆ چالاکییەکی سەربازیی ، پاشان بووە باجێکی سالأنە . ئەم جۆرە باجە لەچاوخۆیدا ، کەمتر توێژراوەتەوە . بڕوانە: Cetkova (1959) و M. Bowen لە ئینسکلۆپیدیای ئیسلامدا ، ١ ، ٢ .

٩٤- ئەوە ناوچەکانی ئەرزنجان و خەرپووت و ماردین و برەچك دەگرێتەوە . ئەو تایبەتمەندییانە لەلایەن Hinz ەوە پوختە کراون ، 1950, S. 183, 201 .

٩٥- von Hammer بە پوختەکراوی تەرجەمەی کردووە : 1815, I, S. 245-248 .

٩٦- Inalcik: 1973, S. 116

٩٧- Cvetkova ١٩٤٤ توێژینەوەیەکی ناوازەی دەربارەی سەرهەڵدان و گەشەکردنی سیستێمی ئیلتیزامی ناوچەیەك نووسیوە . سەبارەت بەو قەیرانە

ئابوورییەی تووشی ئیمپراتۆریتەکە هات و ناچاری بەگەڕخستنی ئەو سیستێمەی کرد ، بڕوانە : Inalcik (1951) . بۆ پوختەیەکی کورتی ئەو گۆڕانکارییە گرنگانەی لە ئیمپراتۆریتەکەدا کران ، بڕوانە : Werner (1972) .

٩٨- بۆ کاریگەریتی لاوازیی و بەهێزیی دەستەلاتی دەولەت لەسەر بار و دۆخ و پەیوەندییەکانی ملکداریتی ، بڕوانە : Karpat (1974) , Shaw (1976) .

٩٩- بۆ ئەو دابەشکردنە ، بڕوانە : von Hammer .

١٠٠- لەیەکێك لەو قانوننامانەدا ، کە گەشتەوەری سەدەی حەڤدەهەم ، ئەولیا چەلەبی نووسیویە و پاشان von Hammer یش باسیکردووە ، سنجەقەکانی ئاوها دابەشکردووە :

کورد حوکومەتلەری : جزیرە ، عەگیل ، گەنج ، پالوو ، حەزۆ .

ئەکراد بەگلکەری : سەغمان ، قولپ ، مهرانی ، تەرجیل ، ئاتاق ، پەرتەك ، چەپەقچور ، چەرمك .

سنجەقە عوسمانییەکان : خەرپووت ، ئەرغەنی ، سێوەرەق ، نسیبین ، حەسەنکێف ، چەمشکەزەك ، سیعرد ، میافارقین ، ئاقچەقەلا ، خاپوور و سنجار.

ژمارە و قەوارەی سنجەقەکان ، چەندین جار لەسەدەکانی شازدە و حەڤدەدا گۆڕراون . ئەو لیستەیەی سەرەوە ، بۆ نیوەی دووهەمی سەدەی شازدەهەم ، یاخود کەمۆکەیەك زووتر دەشێت ، چونکە بەتلیسی تێدا نییە و بەتلیس تا سالی ١٥٤٨ بەشێك بوو لە دیاربەکر و پاشان خرایە سەر ویلایەتی تازە دامەزراوی ڤان . جگەلەوە ، حەسەنکێف و چەمشکەزەك لە ڕیزی سنجەقە عوسمانییە ئاساییەکاندا دانراون ، ( ئەوانە لە ١٥١٥ ەوە سەربەخۆ بوون) .

١٠١- لەو لیستەیەدا ، بەتلیسی تێدا نییە ، لێ پێدەچێت ئەو دەمە پایەی ئەکراد بێگلگی هەبووبێت .

١٠٢- ئەولیا چەلەبی ئەو ڕووداوانەی بەچاوی خۆی دیتووە و خۆی وەك خوشکەزا و پەروەردەکراوێکی بەردەستی مەلیك ئەحمەد پاشای والی ڤان ،

لەنێویدا ژیاوە . بڕوانە پوختەیەکی کورتی بەشەگرنەکانی بەرگی چوارهەم و پێنجهەمی سیاحەتنامەکەی ئەولیا لە Sakisian (1937) دا .

١٠٣- بەپێی تەرجەمەکەی von Hammer ، بەرگی یەکەم بەشی یەکەم ، ل ٩٤ ، ئەو دێڕانە لەیەکەمین چاپی تورکیی سیاحەتنامەکەدا نیین ، ئەو لەدەستنووسێکی دیکەی وەرگرتوون . دواهەمین چاپی بەرگی یەکەمی کتێبەکە، کە Parmaksizoglu لەبەر دەستنووسە ڕەسەنەکە نووسیویەوە و بڵاویکردۆتەوە ، کارەکەی von Hammer پشتئەستوور دەکات .

١٠٤- بەپێی ئەو تەرجەمە ووردەی von Hammer .

١٠٥- چ تەرجەمەکەی von Hammer ، ل ١٠٤ و چ چاپکراوەکەی Parmaksizoglu ل ١٦٤ ، دەریدەخەن کە ئەو ژمارانە لە چاپە کۆنەکاندا هەڵەن .

١٠٦- بەپێی تەرجەمەکەی von Hammer ، ئەیالەتی شارەزوور گەلەك لەو دەشتاییەی خوارووی کوردستان بەرینتر بووە کە ئێستا هەمان نێوی هەیە . کەرکوك و ناوچە شاخاوییە سەختەکانی سلێمانیشی دەگرتەوە .

١٠٧- ئەو لیستەیەی Birken (1976) ، دەربارەی سنجەقی دیاربەکر ، هەندەك ناوچەی تێدایە ، کە جارجارە لەلایەن دەستەڵاتدارانی کوردەوە ، میراتگەرانە و سەربەخۆ فەرمانڕەوایی کراون و لە لیستەکەی ئەولیادا نیین وەك : فاسول ، جونگوش ، خەنچوك ، حەلوان ، خۆزات ، ماردین ، پۆشادی ، سێوەڕەق ، زەرقی . هەروەها بڕوانە لیستەکەی ساڵی ١٨٣١ لە : Akbal (1951) دا.

١٠٨- بڕوانە : Birken (1976) ، کە سوودی لە dOhsson وەرگرتووە و ئەویش بەداخەوە هەمووکات پشتی پێنابەسترێت .

١٠٩- ئەو بەڵگانە هەموو نەرێتین . لەڕاستیدا تاقە سەرچاوەی مێژوویی ، دەربارەی سیاسەتی دەوڵەتی عوسمانیی ئەو سەردەمە ، دەرهەق بە کورد ، شەرەفنامەیە ، ( کە هەشتا ساڵ پاشتر نوسراوە ) و مێژووی دەستەڵاتدارێتی سەلیمی تێدایە ، کە ئیدریس خۆی دەستپێکردووە و ئەبو فەزڵی کوڕی تەواوی کردووە . ئەو دەقە هێشتا بڵاونەکراوەتەوە ، لێ von Hammer و Sarwar

سوودێکی زۆریان لە ڕۆنووسێکی ئەو دەستنووسە وەرگرتووە ، بەڵام هیچ کامیان باس لە ڕاگوێزانی کورد ناکەن . شەرەفنامە ، لە هیچ جێیەکدا باسی ئەو کوردانە ناکات کە لە بەرزاییەکانی ئەرمینیا دەژیان . گەشتەوەری فەرەنسایی ، Tavernier، کە دەوروبەری ساڵی ١٦٥٥ بەو ناوەدا تێپەڕیوە ، نووسیویە : بەشی خوارووی ئەو بەرزاییانە ، تەنها فەلەی لێدەژیا . بڕوانە: Tavernier: 1979, I, S. 25 .

١١٠- گەرمیانییەکان ، دەوروبەری ساڵی ١٢٧٥ ، بنەچەیەکی تێکەڵیان هەبوو ، لێکدا توانەوە و بوونە هۆزێك و دەورەبەری ساڵی ١٣٠٠ میرنشینێکی سەربەخۆیان پێکهێنا و کوتاهیایان کردە پێتەخت . بۆ گەرمیانەکان ، بڕوانە گوتارەکانی Melikoff و Taeschner لە ئینسکلۆپیدیای ئیسلامدا .

١١١- نیوسەدە لەمەوبەر ، دوو کورتە توێژینەوە دەربارەی بەتلیس نوسراون، کە پشت بە گێڕانەوەکانی ئەولیا چەلەبی دەبەستن : یەکێکیان نووسینەکەی Sakisian (1937) ە ، ئەویش کورتەیەکی چڕوپڕی دەقەکانی ئەولیایە و زێتر تیشك دەخاتە سەر کەسایەتیی میر . ئەوی دی ، تەرجەمەی دەستنووسێکی دەلاپەڕەییە ، بە پێشەکیی و سەرنج و تێبینییەوە کە Kohler (1928) نووسیویە . هەردوك نووسینەکە زۆر سەرنجراکێشن ، لێ من نەمتوانی دەقە تورکییەکە پشتگوێ بخەم ، چونکە عەوداڵی ئەو وردەکارییانەبووم کە خۆم پێویستم پێبوون .

١١٢- Tavernier: 1679, I, S. 303-306

١١٣- بەپێی گوتەی Chamchean ، مێژوونووسی ئەرمەنیی سەدەی هەژدەهەم ، کە Kohler: 1928, S. 27-28 ڕایگوێزاوە .

١١٤- دوورنییە ئەو موسڵمانانە کۆنە فەلە نەبووبن ، هەرچەندە ئەستەمە بتوانین ڕوونیکەینەوە بۆچ فەلە چیانشینەکان بوونەتە موسڵمان و دەشتایینشینەکان هەر بە فەلە ماونەوە .

١١٥- ئەوە یەکەمینجار نییە کە ژمارەی تیرە و هۆزە یەککەوتووەکانی کۆنفیدراسیۆنێکی وا نێودار ، بە بیست و چوار هۆز دادەنرێت ، رەنگە ژمارەکە ،

واتایەکی ئەفسوناویی هەبووبێت . گوایە هۆزە تورکە یەککەوتووەکانی ئۆغوزیش، بیست و چوار تیرە بوون ، هەرچەندە کۆنتر باس لە نۆ تیرە کراوە . شەرەفنامەش باس لە بیست و چوار تیرەی کورد دەکات ، کە لەسەردەمی شا تەهماسب دا ، چوونەتە ژێر سایەی قەرەباغە فارسەکانەوە و کۆنفێدراسیۆنی " یگرمی دۆرت " یان پێکهێنا وە ، کە ووشەیەکی تورکییە و بە واتای بیست و چواردێت . ( بڕوانە : دەقە فارسییەکەی شەرەفنامە ، ل ٣٢٣ .)

١١٦- بڵبەسەکان بریتی بوون لە : ١- کەڵە چیری ٢- غەربەلی ٣- باڵەکی، یاخود بایەگی ٤- غیارەتی ٥- گوری ٦- بەڕیشی ٧- سەکری ٨- گاریسی، یاخود کاریسی ٩- بیدوری ١٠- بەلاکوردکی ، قەوالیسییەکانیش بریتی بوون لە: ١١- زەردوسی ١٢- ئەنداکی ١٣- پەرەفی ١٤- کوردەکی ، یاخود گردەکی ١٥- سوهرەوەردی ١٦- کاشاخی ١٧- خالدی ١٨- ئەستودکی ، یاخود ئزتوکی ١٩- ئەزیزان ، بڕوانە : ( دەقە فارسییەکەی شەرەفنامە ١/١١ ، ل ٢٣٢ ، یاخود ل ٣٦١ .)

وا پێدەچێت ، شەرەفخان خۆی خواستبێتی ژمارەی تیرە گەورە و گچکەکان بگەیەنێتە بیست و چوار قەبیلە . دەبێت ئەوەش بڵێین کە کوردەکی ، یاخود گردەکی ، ( چونکە بە نووسینی عارەبی بەهەردوك جۆرەکە دەخوێندرێتەوە ) ، کەوەك تیرەیەکی هۆزی قەوالیسی نێوبراوە ، ( ژمارە ١٤ ) ، لە جێیەکی دی وەك هۆزێکی گەورە باسدەکرێت ، کە گوایە پێش داگیرکرنی بەتلیس لەلایەن رۆژەکییەکانەوە ، لەوێ ژیاون . ( شەرەفنامە ، ل ٢٢٩ ) .

١١٧- دیارە ئەولیا چەلەبی ، ئەو ژمارەیەی لە ژمارەی ئەو ئاغایانەوە وەرگرتووە ، کە لە بەتلیس دیتوونی .

١١٨- هەڵبەت ، خەملاندنەکانی ئەولیا بێ هەڵە و کەموکووڕیی نیین ، کەمێك پاش یەکەمین سەفەری بەتلیسی ، باس لە ٧٠ هەزار سەرباز دەکات ، ( بڕوانە ئەولیا ، بەرگی چوارهەم ، ل ١١٦٢ ) ، رەنگە هەر لاف و گەزافەکانی میری دووبارەکردبێتەوە . پاشان باس لە نێزیکەی ٤٧ هەزار سەرباز دەکات ، ( هەمان

سەرچاوە ، ل ١٢٢٧ ) . پێدەچێت Tavernier ماوەیەك بەر لە ئەولیا مێوانی میر بووبێت ، ( هەرچەندە بە ڕوونی ناڵێت کەی لەوێ بووە ) ، لێ دەڵێت : عەبدالْخان هەرکات بیەوێت ، دەتوانێت بیست تا بیست و پێنج هەزار سوارە بنێرێتە مەیدان و هێندە و زێتریش شوانکارەی پیادە . (Tavernier: 1679, I, S. 304) ئەم ژمارەیە ، لەگەڵ ئەو ژمارانەدا دەگونجێت ، کە باس لە هێزی سەربازیی بەگلەربەگیی دیاربەکردەکات و بە بیست هەزار سوارەی دەخەملێنێت و سنجەق بەگیی ماردینیش بە دووهەزار سوار .

١١٩- مرۆ ئەو شەڕە بەرۆگرییانەی ئیمپراتۆرێتی عوسمانی و فارس و هەموو ئەو پاشانشینانەی دێتەوە یاد ، کە هیچ پێڕەو و ڕێگەیەکیان بۆ بەرۆگرایەتی دانەناوە . لە ئیمپراتۆرێی عوسمانیدا ، گشت هێزە سیاسییە گرنگەکان ، ( سپاهی تورك با ، یاخود ئینتیشاری ، یا دەربار خۆی ) ، هەمیشە پاڵێوراوی لەپێشی خۆیان هەبوو . لەو کێبەرکێ و ململانێ ئاشکرایانەی تاج و تەخت دا ، هاوسەنگی و شایەنی هێزەکان دەشێوا و تێك و پێك دەچوو ، پاشان تا دانانی بەرۆگرێکی دی هێور و ئارام دەبوونەوە .

١٢٠- محەمەد ئاغای گەلهۆکی . نێوی گەلهۆکی ، نە لە لیستە ٢٤ نێوییەکە و نەلە هیچ جێیەکی دی شەرەفنامەدا نەهاتووە . ئەم ئاغایە و حاجی شەرەفی کوڕی ، کایەیەکی سیاسی گرنگیان لە بەتلیس دا گێڕاوە . محەمەد ئاغا ، یەکێك بوو لەوانەی بووە سایەنشینی ئاق قۆینلۆ و هەوڵی دۆزینەوەی خانەوادەی میری لە ئاوارەیی دەدا . پاشتر ، هەردوك برا گەورەکەی شامحەمەدی رازییکرد هەڵبێن و پاشان بگەڕێنەوە بەتلیس . ئەو دەمەی ئەو نەخشە و پلانی شۆڕشی رۆژەکییەکانی دادەنا ، ئەو جووتە برایە ، خۆیان لە هەکاری شاردبووەوە . بەر لە دەستپێکردنی ئەو ڕاپەڕینەی بڕیاربوو بیانگێڕێتەوە بۆ بەتلیس ، لەشەڕە زرتانێی هۆزەکاندا ، بە تەڕن کوژران .

١٢١–زانای تورك N. Sevgen دەقی ئەو فەرمانە شاهانەیەی (حوكمی شەریف)ی دۆزییەوە ، كە بەو پێیە شەرەف ساڵی ١٥٧٨ ، دادەمەزرێت . ساڵی ١٩٦٨ ، بەتوركییەكی نوێی سادە و ئاسان بلاْویكردەوە .

١٢٢– زاراوەی " خەراج " لەسەدەی شازدەهەمدا ، مەبەستەكەی روون نەبوو. هەندەك جار بەو باجە دەگوترا ، كە لەفەلەكان دەسەندرا و برەكەی بەپێی قەوارەی زەوییە لەقەبەڵنراوەكە دیارییدەكرا ، ( بۆیە بە باجی زەوی نێودەبرا ) ، برەجارێكیش برێكی دەستنیشانكراوی وەك جزییە بوو ، بۆ یە بۆ هەڵبواردن لە جزییە ، ئەم بە " خەراجی ئەرزییە " نێودەبرا . لێ لەو سۆنگەیەوە كە جزیە و خەراج برێكی دیارییكراو بوون ، پێدەچێت مەبەست " باجی سەر " بووبێت ، نەك زەوی ، هەرچەندە برەكەی تارادەیەك زۆر بوو . ئەو ئەوروپاییانەی سەدەی شازدەهەم لە دیاربەكر دەژیان ، سەریی ٥٥ ئاقچەیان جزییە بە ئاق قۆینلۆ دەدا . (Hinz: 1950, S. 182 ) .

هێندەی من ئاگاداریم ، هیچ ئامار و ژمارەیەك دەربارەی ئەو جزیەیەی جوتیاران دەیاندا ، لەبەردەستاندا نیین . بۆیە بەدووری نازانم كە ئەو خەراجە باجێكی دی جوداواز لە باجی سەر و زەوی بووبێت .

١٢٣– ئەولیا ووشەی " نۆكەر " ی بەكارهێناوە كە لە ڕیشەدا ووشەیەكی مەغۆلییە و بە واتای هاوڕێ و هاودەم دێت و زۆربەی جار مەبەست لە دەستە و تاقمێكی وابەستەیە . ئەم ووشەیە لە تۆمارەكانی سەدەی شازدەهەمی ئەنەتۆلی خۆرهەلاْتدا گەلەكجار بەكاردێت ، لێ تەواو ڕوون نییە مەبەست كێیە . I. Miroglu (1975) ئەو زاراوەیە بە هاوواتای سپاهی دادەنێت ، كە دیارە هەڵەیە ، لە تۆماری ئەو شارانەدا كە باسیكردوون ، ژمارەی نۆكەران هێجگار زۆرن . Beldiceanu لە باسی نووسینێكی دیكەی Miroglu دا ، ئەو ووشەیە چاك هەڵدەشێلێت .

١٢٤– " نەقیب ئەلئەشراف " ، سەرۆك و سەرگەورەی بەرەسمی ناسراوی گشت سەییدان ، یاخود ئەشرافی ناوچەكەیە ، یانی لە تۆرەمەی پەیامبەرە .

١٢٥- ئەولیا ، دەستکەوتی ساڵانەی بە هەشتا کیسە دادەنێت ئەوەش هێندەی مووچەی قازیی دیاربەکر و دووهێندەی مووچەی قازیی مەلاتییە بووە . هەشتا کیسە ، دەیکردە 3,2 ملوێن ئاقچە ، چونکە دەوروبەری ساڵی ١٦٠٠ ، هەر کیسەیەی ٤٠ هەزار ئاقچە بوو . von Hammer: 1850, II, S. 171 ))

١٢٦- ئیسلام ، چوار رێچکە ، یاخود چوار رێبازی هەیە . بەپێی شەریعەت بێت ، جوداوازیی نێوانیان هێجگار کەمە . هەر میللەتە و سەر بەرێبازێکییانە و لە میللەتێکی دی جودای دەکاتەوە . نێزیکەی گشت لەگشتی کوردە سوننییەکان، سەر بە رێبازی شافیعین ، لێ هاوسێ تورك و عارەبە سوننییەکانیان، سەر بەرێبازی حەنەفیین .

بەگوتەی von Hammer ، هەموو موفتییەکانی ئیمپراتۆرێتەکە ، دەبا فەتوایان بەگوێرەی رێبازی ئەبو حەنیفە دابا . تەنها ئاوارتەی نێوی هێناون : مەککە و مەدینە و قاهیرە و حەلەب و ئۆرشەلیم و دیمەشق بوون ، چونکە پەیڕەوانی رێبازەکانی دی ، لەو شارانەدا زۆرینە بوون . لەهەریەکێك لەو شارانەدا ، لەتەك موفتییەکی حەنەفیدا ، موفتییەکی رێبازەکانی دییش هەبوون ، کە دەبا تەنها لە مەسەلەی تایبەت بەرێبازەکەدا ، بریار بدەن (von Hammer, S. 391 ). لەو سۆنگەیەوە ، سەربەخۆیی بەتلیس لەو بوارەدا ، شتێکی نائاسایی بوو .

١٢٧- ئەولیا نێوی بیست گەرەکی شار دەهێنێت و دەڵێت : یازدەیان عارەب و یاقووبی و ئەرمەنی لێدەژیان و ئەوانی دی موسڵمان بوون . ( بەرگی چوارهەم ، ل ١١٦٣ ) . لە نوسخە چاپکراوەکەدا ئەرمەنییەکان سڕراونەوە ، لێ من پاشان لە دەستنووسە ڕەسەنەکەدا دیتمەوە .

١٢٨- دەوروبەری ١٨٧٠ ، شارەکانی ئەو میرنشینە ، پێکهاتەی ئاینیی نەتەوەکانی ، بەم جۆرە بوون :

| | موسڵمان | ئێزیدی | فەلە |
|---|---|---|---|
| بەتلیس ، | ٧٠ هەزار ٦٥ ٪ | یەك هەزار ١ ٪ | ٣٧ هەزار ٣٤ ٪ |

(بە ئەخلاتیشەوە )

| | | | |
|---|---|---|---|
| مووش | ٦٦ هەزار ٥٤ ٪ | یەك هەزار ١ ٪ | ٥٥ هەزار ٤٥ ٪ |
| خنووس | ١٦٧٥٠ ٦٣ ٪ | - | ١٠ هەزار ٣٧ ٪ |

لەكۆی ٢٥٤ هەزار موسڵمانەكەی ویلایەتی بەتلیس ، بە شارەكانی بەتلیس خۆیی و مووش و گەنج و سیعردەوە ، ٤٠ هەزاریان ڕەوەند بوون . بڕوانە : V. Cuinet (1891-1894), I, S. 138, II, S. 526

١٢٩- ناموسڵمانەكانی ئیمپراتۆرێتەكە ، كە رەعایایان پێدەگوتن ، بۆیان نەبوو چەك هەڵبگرن . لەگەڵ ئەوەشدا ، نموونە زۆرن ، كە كورد و هاوسێ فەلەكانیان ، شان بەشانی یەك دژی دوژمنی هاوبەش جەنگاون .

١٣٠- بۆ زانیاری دەربارەی كایەی بابان لە مێژووی عێراقدا ، هەتا ئێستاش چاكترین سەرچاوە ، كتێبەكەی Longriegg (1925) ە .

١٣١- ئەو دابە فیۆدالانەیە ، دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمانێكی بەرلەوەی كوردستان ببێتە بەشێك لە ئیمپراتۆرێتی عوسمانی . وەك شەرەفنامە دەگێڕێتەوە، پیر بۆداقی میری بابان ، یەكەمین میر بووە كە لە ناوچەكاندا ، بە فەرماندەیی خۆی ، میرلیوا ، ( سنجەق بەگی ) ی داناوە و وەك نیشانەیەكی پلە و پایەكەیان تەپڵ و ئاڵای داونەتێ . پاشان سنجەق بەگییەكانی عوسمانییش ، هەمان شتیان دەدرایە . ( رەنگە دابێكی كۆنینە بووبێت و بووژێندرابێتەوە ) . بڕوانە : ( شەرەفنامە ، ل ١٣٦ ) . ساڵی ١٥٩٧ ، لە سەردەمی شەرەفخان خۆیدا ، هەر سەرەكهۆزێك و ناوچەیەكی پێدەسپێردرا . ( سەرچاوەی پێشوو ، ل ١٤٤)

١٣٢- لە سەدەی شازدەهەمدا ، بە پلە و پایە ، پاش سەرەكوەزیران و شێخولئیسلام دەهات . دەستەڵاتی لەوەوە هاتبوو كە هەموو كات دەیتوانی بچێتە كن سوڵتان و قسەی لەگەڵ بكات و سوودی زۆری لە ململانێی نێو حەرەمسەرا و تاقمتاقمێنەكان وەردەگرت .

١٣٣- پشكی هەرە زۆری زانیارییەكانی ئەم بەشەم لە ئەندامە دەستەلاَتدارەكانی ئەو هۆزە و بڕێك سەرچاوەی مێژوویی ساكار نوسراو

وەرگرتووە . هێشتا بوارم نەبوو بە ووردی و چڕ و پڕی خۆ دەگەڵ مێژوونامە و مێژووە نوسراوە ناوچەییەکان و گەشتنامەکان خەریك بکەم . دوو توێژینەوە هەن ، شایانی ئەوەن باسکرێن : Ivanow (1926), Tawahhedi, Ughazi (1980)

١٣٤- شەرەفنامە ، بەرگی دووهەم ، بەندی یەکەم ، ل ١٨٩ .

١٣٥- Derebey لە ئینسکلۆپیدیای ئیسلامدا .

١٣٦- هێجگار زۆر دەربارەی میریٚ کۆر و شۆڕشەکەی نوسراوە ، زۆربە ، بە زمانە خۆرهەڵاتییەکانن . یەکێك لەسەرچاوە هەرە چاکە خۆرئاواییەکان ، کتێبەکەی (1840) Frazer ە . باسی ئەو سەردانە دەگێڕێتەوە کە Dr. Ross ی پزیشکی کونسوڵخانەی ئینگلیز لەبەغدا ، کردوویە و چۆتە کن میر . دیارترین سەرچاوە دەستەدووەکان من پێبزانم ئەمانەن ، کە سوودیان لەسەرچاوەی زۆری دیکە وەرگرتووە : Jwaideh (1960), Nebez (1970)

١٣٧- مـن لێرەدا تەنها رووداوە گرنگەکان تۆمار دەکەم ، بەنیازم هەڵسەنگاندنێکی مێژوویی و شیکردنەوەیەکی تێر و تەسەل لە جێگەیەکی دیدا بکەم .

١٣٨- بۆ ئەم باسە ، پشتم بەزانیاریی دەماودەم بەستووە و بەهار و هاوینی ١٩٧٦ ، لە بۆتان کۆمکردوونەوە .

١٣٩- نێوی ئەو هۆز و دەستە و تاقمانەی کۆنفێدراسیۆنەکەیان پێکهێناوە ، بریتین لە :

چۆخسۆر : میران ، ددووران ، عەلیخان ، سۆران ، گاریسان

شیللەت : باتوان ، کچان ، تەییان ، خەریکان ، موسیٚ ڕەشان

حاجی بەیران : سپێرتی ، گیتەیان ، هەڤێری ، ( هەرسێك ڕەوەندن ) ، گۆیان ، ( نیوەکۆچەرن ) ، ئەمە جگەلە جوتیارە کورد و ئەرمەنە ناخێڵەکییەکانی شیرناخ و سلۆپی .

دەهی : گاریسان ، ( ڕەوەندن ) ، دێرسەڤی ، خەسخێری ، ئەروخی ، چووفی ، گیلان .

١٤٠- وەك ئـــەو بەڵگەنامـــە عوسمانییانـــەی N. Sevgen ســـاڵی ١٩٦٨ بلاّویکردنـەوە، دەریدەخـەن کـە ئـەو کـات جزیـرە وەك سـەدەی شـازدەهەم ( حوکومـەت ) یّکـی نیمچـە سـەربەخۆ نـەبووە . بـەدرخان بـەگ بـەڕەسمیی تـەنها میرێکـی ناسـراو نـەبوو ، بەڵکـە ( موتەسـەلیم ) ، یـانی فەرمانـدار و (میرئـالاّی عەسکەری رەدیفـە ) ، واتـە قوماندانی ئـەو هێـزە چەکدارە ئیحتیاتـەش بـوو کـە پاش ساڵی ١٨٣٣ دامەزرا .

Von Moltke دەگێڕێتـەوە چۆن چۆنی کرایـە میرئالاّ . لـە مایسـی ١٨٣٨ دا ، پاش گەمارۆیـەکی چل ڕۆژە ، ناچار بـوو پێتەختەکەی تەسلیمی رەشید پاشا بکات و بداتە پاڵ لەشکری عوسمانی ، بۆ سەرنەوەرکردنی سەعید بەگی فینیقی کۆنە هاوپەیمانی . لـەو گەمارۆیـەدا von Moltke ش بەشداربوو . لـە پاداشتی ئـەو دڵسۆزییەدا ، پلەی میرئالاّی رەدیفەیەکی پێبەخشرا ، کە هێشتا دانەمـەزرابوو . (von Moltke, 1882, S. 256)

١٤١- بـۆم روون نـەبووەوە مەبەسـت لـە سـێهەمین دێـڕ چـییە و کەسـیش نەیتوانی بەدڵی خۆم بۆم روونکاتەوە .

١٤٢- Safrastian, 1948, S. 55

١٤٣- Wright, Breath ، ئـەو دوو مژدەبـەرەی سـاڵی ١٨٤٦ سـەردانی بـەدرخان بـەگیان کـرد ، چـەندین نموونـە دەهێننـەوە ، کـە ئـەو ناوچـەیە ، بەبـەراوردکردن لەگەڵ ناوچەکانی دی ، هێجگار هێور و ئارام بووە و دڵنیایی باڵیکێشاوە . بڕوانـە Missionary Herald 42, November 1846, S. 378-383 . کە لە ورمێوە بۆ کن میر دەچـن، شەو لەگوندێك لادەدەن کە خەڵکەکەی ، کۆن جەردە بوون . خۆیان پـێ لـەوەدەنێن گـەر پـێش سـەردەمی بـەدرخان بـەگ بـا ، ڕووتیاندەکردنـەوە . پـاش ئـەوەی ماوەیەك لەکن میر مانەوە ، گەیشتنە ئەو ئاکامەی : لە کاتی فەرمانڕەوایی ئـەودا، تاوانبـار بـێ سـزا رزگـاری نـەدەبوو . بـەرتیل و گەنـدەڵیی ئـابووریی ، وەك لـەو وولاّتانـە بـاو بـوو ، لـەوێ نەیـدەتوانی بـەر بـە دادوەری بگرێـت و یاسـا شـکاندن ، لەوێ نەبووە .

١٤٤- ووشەی عارەبی ( غولاْم ) ، واتای زۆرە . لە ئیمپراتۆریتی عوسمانیدا ، مەبەست لە غولاْم ، ئەو کۆیلە تایبەتانە بوون ، کە لە خزمەتی ئەندامانی چینی دەستەلاْتدار دا بوون . ئەوانە یا کڕرا بوون ، یاخود دیلی جەنگ بوون . لەوەوە واتایەکی دی پێبڕا ، ئەویش ( یاساوڵ ) ، یاخود ( پاسەوان ) ە . تا ئەوڕۆش لە کوردستان ووشەی ( غولاْم ) بۆ پیاوی ئاغا گەورەکان بەکاردەهێندرێت .

١٤٥- بەپێی ئەو لیستەیەی ( بلەچ شێرکۆ ، ١٩٣٠ ، ل ١٤ ) ڕێکیخستووە . ئەو نامیلکەیە ، کە خۆیبوون بلاْویکردۆتەوە ، پێدەچێت سورەیا بەدرخان نووسیبێتی .

١٤٦- ئەو دۆکۆمێنتانەی دەربارەی بەدرخان بەگ لە ئەرشیفی عوسمانیدا لەبەر دەستدان و N. Sevegen بلاْویکردوونەوە ، هۆکاری دیکە بۆ شۆڕشەکە دەستنیشاندەکەن . گوایە بەنیازبوون دەزگەیەکی کارگێڕیی نوێ دامەزرێنن و بۆتان بەسەر هەردوك ئەیالەتی دیاربەکر و موسڵدا بەشکەن . بەدرخان شێلگیرانە دژی وەستاوەتەوە ، چونکە پێیوابووە ئەوە کەرت و پەرتکردنی هێز و دەستەلاْتی ئەوی لێدەکەوێتەوە .

١٤٧- بە گوتەی Wright & Breath کە سەردانی بەدرخانیان کردووە .

١٤٨- بلاْوکراوەی : Missionary Herald, 42, 1846, S. 381

١٤٩- پێدەچێت میر ، نیاز و ئارەزووەکانی خۆی لەکن مێوانەکانی نەدرکاندبێت . لێ ئەمە پێچەوانەی هەڵوێستی گشت سەرکردە نیشتمانپەروەرەکانی دواترە ، کە هەر هەموو لە هەوڵی ئەوەدا بوون ، پشتگیری هەر بێگانەیەك مسۆگەر بکەن ، کە لە ناوچەکە دا بووبێت ، تا بکەونە نێوانەوە .

١٥٠- سەردانی مژدەبەران Lauria & Smith لە ئاشتا و چۆڵەمێرگ ، Missionary Herald 4, April 1845, S. 120-121

١٥١- Layard ، کە ناتوانرێت بگوترێت دۆستی بەدرخان نەبووە ، ماوەیەکی کەم پاش کوشتاری نەستۆرییەکان چووە ناوچەی تییاری و ئەو وێرانکارییانەی بەچاوی خۆی دیت . دان بەوەدا دەنێت کە ترس و دڵەڕاوکە و بەدگومانیی کوردان ، بێ جێ و بێ هۆ نەبوون . " بار و دۆخ و هۆ و هۆکارێك

ڕێگەیان بۆ کوشتاری نەستۆرییەکان خۆشکرد ، کە خۆخەریککردن لەگەڵیاندا هێجگار پڕ سوێیە " . (Layard: (1849, I, S. 179.

١٥٢- ئەمە هەمان ئەو بۆچوونانەیە ، کە Laurie & Smith دەربارەی ئەو بارودۆخ و گۆڕانکارییانە پوختەی دەکەن ، کە ڕێگەیان بۆ کوشتاری نەستۆرییەکان خۆشکرد . سەرچاوەکانی دی ، بۆچوونی دیکەیان هەیە . بەهەرحاڵ بەرپرسی یەکەم لەو دەستدرێژییانە ، کە بەر لەهەرشت ، دژی مارشەمعون بوون ، بەدرخان بەگ بوو . زۆر لە نەستۆرییە دژەکانی مارشەمعون، نەك هەر هیچیان لێنەکرا ، بەڵکە لەلایەن بەدرخانیشەوە خەڵات کران ، چونکە پێشتر لایەنگیری و پشتگیریی خۆیان بۆ بەدرخان دەربڕیبوو . (Missionary Herald 4, April 1845, S. (118

١٥٣- بەڵگەنامەکانی ئەرشیفی عوسمانی ، ئەو بۆچوونە دەسەلمێنن . N. Sevgen لیستەیەکی نێوی ئەو سەرەکهۆزانە ی کردووە ، کە دایانە پاڵ شۆڕشەکە. زێتر ناوچەکانی شیروان و ئەڕوخ و خیزان ، کۆمەکیان نارد . دەربارەی بەشداریی ڕەوەندەکان ، هیچ بەڵگەیەك لەبەر دەستدا نیین .

١٥٤- تایبەت ( بلەچ شێرکۆ ١٩٣٠ ) ، کە پێدەچێت هەموو سەرچاوەکانی دی پشتیان بەو بەستبێت .

١٥٥- هێندەی من بزانم ، چاکترین ڕوونکردنەوە ، ئەمانە نووسیویانە : Dawison (1963), Lewis (1968), Shaw & Shaw (1977) . لە باشووری کوردستان ، دەبا ، یاسا چارەسەرسازییەکان ، لە زەمانی فەرمانڕەواییە کورتخایانەکەی مەدحەت پاشادا ( ١٨٦٩- ١٨٧٢) جێبەجێ کرابان . بڕوانە : (Longrigg 1925, S. 298-324)

١٥٦- ئەوە لەو سەرنجانەی ساڵی ١٩٣٨ ی von Moltke ەوە ، بەڕوونی دەردەکەوێت : فرۆشتنی پلە و پایەکان مەزنترین سەرچاوەی داهاتی دەوڵەت بوون . پاڵێوراو ، پووڵێکی زۆری ، بە سوویەکی زۆرەوە ، لە بنکە بازرگانییە ئەرمەنییەکان قەرز دەکرد ، حوکومەتیش ڕێگەی بەو قۆنتەراتچییانە دەدا ، بە ئارەزووی خۆیان خەڵکیی داڕووتێنن ، تا بێنەوە مایە . خەڵکەکە هەمیشە لەو

قۆنتەراتچییانە دەترسان ، کە پوولّی زۆریان پێدەدا ، چونکە چیدی دەرفەتی دەوڵەمەندبوونی نەدەدان . گەر دەوڵەمەندیش بانایە ، دەبا لە باجگر ترسابان . (von Moltke: 1882, S. (48 .

١٥٧- تەرجەمەی تەواوی یاسای زەویی عوسمانیی ، لە : (S. Fischer: 1919) دا دەخوێنییەوە .

١٥٨- ئەو نەخشەیەی (1931) Dowson بڵاویکردۆتەوە ، ئەوە دەردەخات ، کەپشکێکی زۆری دەشتایی و دۆڵەکانی کوردستانی عێراق تاپۆکراون . لێ زۆر ناوچەی بەرین و فراوانی بادینان و ڕەواندز و پشدەر و شارەزوور ، هێشتا تاپۆ نەکرابوون .

١٥٩- Longrigg: 1925, S. 307

١٦٠- (1931) Dowson . Dowson لەسەر داخوازیی حوکومەتی عێراق لێکۆڵینەوەکەی دەربارەی کێشەکانی یاسای زەویی عێراق نووسی .

١٦١- ئەوە دیاردەیەکی تەواو نوێ نەبوو . تیمارداران و مولتەزیم و فەرمانبەران ، کۆنتر ئەو تەرزە ژیانەیان هێنابووە ئاراوە . بەزوویی و فراوانی تەرزی فرێدا و تەشەنەی کرد و چیدی پەیوەندیی بە فەرمانبەرییەوە نەما .

١٦٢- ماددەی ٢٣ ی یاسای زەویی دەیگوت : ئەوەی زەوییەکی لە خاوەنەکەی ئیجارکرد ، ئیدی مافی هەتا هەتایی سوودلێوەرگرتنی نییە .

١٦٣- باشترین و باوەڕپێکراوترین سەرچاوە لێکۆڵینەوەکەی ١٩٣١ ی Dowsonە . ڕوونکردنەوەیەك دەربارەی حاڵ و بارەکە و تێڕوانینی ئینگلیز بۆ ڕەفتاری تورکان لەو بوارەدا و هەڵوێستی ئینگلیز لەو ڕووەوە ، لە گوتاری : "Review of the Civil Adminstration of the Occupied Territories of al-Iraq, "1914-1918 ، لە : (Bagdad, Govt. Press, Nov. 1918) دا ، دەخوێنییەوە . ساڵی ١٩٣٢ ، حوکومەتی عێراق ، یاسای ژمارە ٥٠ ی نیشتەجێبوونی دەرکرد ، کە ددانپێدانانێکی کەمیشی بە شێوازی نەریت و دابی مافی موڵکایەتی ، تێدابوو .

١٦٤- Lt. Col. E. B. Howell, : "Not on Land Policy", Baghdad, 1919 ، کە لە Sluglett (1976) وەرگیراوە .

١٦٥- بڕوانە : Sluglett: 1976, S. 249-253

١٦٦- لە خۆرئاوا وەك كەسێكی خوێنڕێژ و ستەمكار و زاڵم و دەمارگیر و خۆبەزلزان و دوژمنی پێشكەوتن ، لە سوڵتان عەبدولحەمید دەڕوانرا . توێژینەوە مێژوویيە نوێيەكان دەریدەخەن ، كە چارەسەرسازیی لە سەردەمی دەستەلاتی ئەودا ، لەناكا و رانەگیرا ، بەڵكە درێژەی پێدرا . لەگەڵ گەلەك رەفتاری كۆنەپەرستانەشیدا ، بەهۆی بار و دۆخە نێو دەوڵەتییەكە و جموجۆڵ و چالاكیی ئیمپریالیستانەوە ، هیچ چارەیەكی دی بۆ نەمابووەوە . بۆ نموونە بڕوانە : Shaw & Shaw (1977, S. 172-271), Duguid (1973) .

١٦٧- كورتەباسێكی ئەو شۆڕشە لە پاشكۆی بەندی چوارهەمدا دەخوێنییەوە. باشترین توێژینەوە ، ئەوەی (Jwaideh (1960, S. 212-289 یە .

١٦٨- بۆ تێگەیشتنی تەواو لە بنەما و هۆكارەكانی ئەو هەڵوێستانەی سوڵتان، بڕوانە :

Shaw & Shaw (1977), Duguid (1973). Kodaman (1977) ، بابەتی زۆری تێدایە، لێ نەتوانرا بۆ ئەم بەشە سوودیان لێوەرگیرێت .

١٦٩- ئەمە پوختەیەكی نووسینەكەی Shaw & Shaw: 1977, S. 246 ە كە راستەوخۆ سوودیان لە هەواڵگەرییەكانی ئەو دەمەی كونسوڵخانەی ئینگلیز لە خۆرهەڵاتی ئەنەتۆل وەرگرتووە . بۆ زانیاری زێتر ، بڕوانە (Kodaman (1979 كە سوودی لە ئەرشیفی عوسمانیی وەرگرتووە .

١٧٠- Duguid: 1973, S. 145-146 ، سوودی لە (Anderson (1892 وەرگرتووە ، كە كونسوڵی ئینگلیز بووە لەدیاربەكر .

١٧١- بڕوانە : Major E. Noel, "Note on the Kurdish Situation", Baghdad, 1919 ، كە لە ئەرشیفی وەزارەتی دەرەوەی ئینگلیز دا پارێزراوە .

١٧٢- ئەوەی من لە بارەی مستەفا پاشاوە دەیزانم ، پشكی هەرەزۆری لەو گفتوگۆیانەوە چنگم كەوتوون كە مایسی ١٩٧٦ ، لە قەرەچوغی سەرووی

خۆرهەڵاتی سوریا ، لەگەڵ بەرۆگرەکانی کردوومن ، لەتەك تێبینییەکانی Lehmann-Haupt و Noel دا ، کە ئەو بۆچوونانە پشتئەستوور دەکەن .

١٧٣- پلەکانی سوارەی حەمیدییە ، هەمان پلەی سەربازیی لەشکر بوون ، ( ئونباشی ، یانی سەرکردەی دە کەس ، یوزباشی ، یانی سەرکردەی صەد کەس ، ( سەرهەنگ ) . نازانم کام هۆزانە کرۆکی هێزە حەمیدییەکەی مستەفا پاشا بوون. لەشەڕی باڵکانی ١٩١٢-١٩١٣ دا ، کاتێك سوارەی حەمیدی بووژێنرایەوە ، عەبدولکەریم بەگی کوڕی مستەفا پاشا ، سەرکردایەتی هێزێکی دەکرد ، کە لەم چوار هۆزە پێکهاتبوو : میران ، کچان ، تییان و خێرکان .

١٧٤- Lehman-Haupt: Bd. I. 1910, S. 363-364, Bd. II. 1926/1931, S. 228-229

١٧٥- زانیاری دەما و دەم ، کە لە نوێنەرانی چەند هۆزێکم وەرگرتووە .

١٧٦- دەربارەی ئەم خاڵە ، Duguid (1973) ، تایبەت ل ١٥٢ ، زۆری پێیە . پێیوایە سوڵتان ، سوارەی حەمیدییەی بۆ بەرگرتن بە تای کێش و قەوارەی قورسی دەستەڵاتی پیاوماقوولانی شار دامەزراند ، کە زۆرترین پلەو پایەیان بەدەستەوە بوو .

١٧٧- " چەند سەرنجێك دەربارەی تیرە کوردەکانی دانیشتووی تخووبی ویلایەتی موسڵ و ئەوبەری سنوور ، بەرەو خۆرئاوای فورات " ، (Baghdad 1919, Govt. Press) .

١٧٨- بۆ نموونە بڕوانە : M. Wiedermann " بەخت و کۆتایی ئیبراهیم پاشا، لە ژمارە ٨ ی گۆڤاری ئاسیادا (١٩٠٩) . Ziya Gokalp (1975), Soane (1926), Nikitine (1925b), Rondot (1937), Longrigg (1925) .

١٧٩- (1937) Rondot ئەو بەسەرهاتانە دەگێڕێتەوە . لاوکێکی کوردی لەوبارەوە لە ژمارە ٢٤ ی گۆڤاری ( هاوار) دا ،ساڵی ١٩٣٤ ، لە دیمەشق بلاوکرایەوە و ساڵی ١٩٧٦ ، لە بەرلین چاپکرایەوە ، دەقە کوردییەکە ، لەگەڵ تەرجەمە فەرەنسییەکەی و شیکردنەوەیەکی ، کە جەلادەت بەدرخان کردبووی .

١٨٠- Sapolyo & Gokalp : "مێژووی ئیتیحاد و تەرەقی و مەشروتییەت " ، ئەنقەرە ، ١٩٤١

١٨١- بە گوتەی : Wiedermann ، هەروەها بڕوانە سەرنجی ژمارە ١٧٨ .

١٨٢- Captain Woolley ، ئەرشیفی وەزارەتی دەرەوەی ئینگلیز .

١٨٣- Duguid (1973, S. 149) ، بەپێی گوتەی کونسوڵی ئینگلیز لە ئەرزروم . سەرژمێرییەکان پێشانی دەدەن ، پاش ئەو کوشتارانە ، ژمارەیەکی کەم ئەرمەن گەڕاونەوە ئەو ناوچانە . سەرژمێرییەکانی لەبەردەستدان ، دەربارەی سەرجەم دانیشتوانی ووڵاتەکەیە ، رەنگە لە ناوچە جۆربەجۆرەکاندا ، ژمارەی دانیشتووەکان کەمتریشیان کردبێت :

| ساڵ | ئەرمەنی به ملوێن | رێژەی صەدی |
|---|---|---|
| 1882 | 1.125 | % 6,47 |
| 1895 | 1.167 | % 6,12 |
| 1906 | 1.280 | % 6,10 |
| 1914 | 1.295 | % 6.11 |

(Shaw & Shaw: 1977, S. 205) .

هەروەك کوشتارەکەی ١٩١٥ ، کوشتاری ساڵەکانی نەوەدی سەدەی پێشووش، جێگەی مشتومڕ و دەمەتەقێی زۆرە . بیر و بۆچوونەکان دەربارەی تاوانباران و ژمارەی تاوانلێکراوان ، هێجگار لێکدوورن . یەکێك لەسەرچاوە پەسەندەکان ، نووسینەکەی Robert Melson ە ، کە لە گۆڤاری : Comparative Studies in Society and History 24, 1982 دا بڵاوکراوەتەوە .

١٨٤- بۆ نموونە Leach (1940) هەستی بەوەکردووە . چەند ساڵێکی کەم بەر لە سەردانەکەی ١٩٣٨ی Leach ، پاداشتی سەرەکهۆزی باڵەك راگیرا و بەوەش تادەهات دەستەڵاتی لاوازتر دەبوو . جگەلەوە Leach دەڵێت : " ئێستا باڵەك ، چیدی وەك هۆزێکی یەککەوتە ، نەماوە " .

١٨٥- بڕوانە : Vanly (1980), Bisikci (1977), Rambout (1974)

١٨٦- بڕوانە : R. Stavenhagen (1968), A. G. Frank (1966) (1967), تایبەت Frank ، لەبۆچوونەکانیدا زۆر توندڕەوە و هیچ بەڵگەیەکی تەواوی نییە . ئەو

بنەما فیکرییانەی لێرەدا پوختەکراون ، گومانیان لێناکرێت . بۆ دەمەتەقێ دەربارەی بۆچوونی Frank و هاوبیرانی ، بڕوانە : A. Foster-Carter (New Left Review 197, 1978) .

١٨٧- بڕوانە : Perry (1975) ، نموونەی زۆری تێدایە .

## سەرنجەکانی بەندی چوارەم :

١- پاشکۆی ئەم بەندە ، ژیننامەیەکی کورتی ئەو شێخانەی نێویان هاتووە و درەختی تەریقەتەکانیانی تێدایە . چ پەیوەندییە دەستا و دەستەکان و چ پەیوەندییە رەچەڵەکییەکانیان تۆمارکراون .

٢- حسەین کوڕی مەنسوری حەللاج ، ساڵی ٩٢٢ ، لەسەر ئەوەی چەندین جار ( ئەنالحەق ) ی گوتبوو و چەند بەیتێکی دووبارە کردبووەوە و بەدڵنیاییەوە گوتبووی لەنێوان ئەو و ئێزدان دا هیچ جوداوازییەك نەماوە ، لە بەغدا بەداردا کرا . پاش لە خاچدانی ، زۆرکەس وەك پیاوچاکێك تێیاندەڕوانی . برێك شێخی قادریی ، بەهەڵە ترانجدوویانە نێو درەختی تەریقەتەکانیانەوە . هەندەك دەروێشی قادریی نەخوێندەواری سنە ، سروودی ئاینیی بە حەللاج هەڵدراویاندا بۆ دەخوێندم و ئەنالحەقیان بۆ رووندەکردمەوە . لەگەڵ ئەوەشدا ، ئەوەی لەدڵەوە گوتەکانی حەللاج دووبارەکاتەوە ، رەنگە بەکافر لەقەڵەم بدرێت و بەچاوێکی سووك تێیبڕواندرێت ، ئەگەر خراپتری پێنەکرێت .

٣- ناوەڕاستی بیستەکان ، شێخ ئەحمەد بارزانیی براگەورەی مەلامستەفای سەرکردەی نەتەوەیی ، لەلایەن مەلایەکی ناوچەکەوە بانگی خودایەتی هەڵدرا و ئەو خۆشی بەوە رازیی بوو کە لایەنگرانی بەو شێوەیە تێیبڕوانن و سوژدەی بۆ بەرن و لەنوێژدا ، لەبریتی مەککە ، روو لەوکەن . گوایە خواردنی گۆشتی بەرازی حەلاڵ کردووە و داوای کردووە هەرچی نوسخەی قورئان هەیە ، بیفەوتێنن . بڕوانە : (Wilson: 1973, S. 291-292, Longrigg: 1953, S. 194) . سەرچاوە ئینگلیزییەکان نەفرەت و کینەی خۆیان لە شێخ ئەحمەد ناشارنەوە و ئاشکرا لەخۆڕا تۆمەتباری دەکەن . هەرچەندە ئەو تۆمەتانە ، لەگەڵ گوتەی زانیارە کوردەکانیشمدا یەکدەگرنەوە . ساڵی ١٩٣١ ، فڕۆکەکانی بەریتانیا خودانی یاخیبووی بارزانیان لە گوندەکەی دەرپەڕاند . چیدی رێگەی گەڕانەوەی نەدرا و بارزانییەکانیش چوونەوە سەر راستەڕێی ئیسلام .

٤- ئـەهلی هەقــەکانی داڵــەهوو ، ئـەوڕۆ بوونەتــە دوو دەســتەی دژەیــەك ، لایەنگرانی باوە یادگار و لایـەنگرانی ئیبراهیم ، کە دوو پیاوچاکی پیرۆزی پێنج صەد ساڵی لەوەبەری ناوچەکە بوون ، کە ڕۆحی خودایی تکاوەتە گیانییانەوە . بـاوە یادگارییـەکان ، ئینکـاری ئەوەدەکـەن کـە ئیـبراهیم ئەوپیاوچاکە نوورانییـە بووبێـت ، بەڵکـە سـوورن لەسـەرئەوەی کـە کەسـێکی ئاسـایی بـووە و هـەتا بـەوە تاوانباریشی دەکەن ، کە گوایە باوە یادگاری لـەکاتی دۆنـادۆن دا، کوشـتبێت. (لەڕاستیدا پیاوچاکێکی دی ، عەلی قەلەندەر ، کە بە دۆنـادۆن کراوی ڕۆحی باوە یادگار دادەنرێت ، لـە ڕووداوێکی لێڵ و وێڵدا کوژراوە ) . ئیبراهیمییـەکان ئـەو تۆمەتانـە دەدەنـە دواوە و ئاوهـاش لـە بـاوە یادگـار نـاڕوانن ، وەك باسـدەکرێت . بڕێـك ئیبراهیمـی بۆیانگێڕامـەوە ، گوایـە ئەوتۆمەتانـە ، ( کەلـە نووسـینە پـیرۆزە کۆنەکانی ئەهلی هەقدا ، هیچ ڕیشـە و بنچینەیەکی نییـە ) ، داهێنـراوی سـەیید بەراکەیە ، کە لەو ڕێیەوە توانی جێپێی ئیبراهیمییە دژە سیاسییەکانی ، لەقکات .

٥- شـێخ عەبدوسسـەلامی یەکـەم ، ئـەو شـێخەبوو ، کـە خـۆی لـە مەرتەبـەی غەوسـدا دەبینـی . لـەو سـەرکەوتووتر ، لـەو بانگاشـانەدا ، شـێخ سـبغەتوڵڵای خێزان بوو ، کـە نێزیکی بەتلیسـە . پـاش چەند وەچەیەکیش هێشـتا هـەر بـە " غەوسـی خێـزان " نێـوی دەبـەن . مـن نـازانم ئـەو نازنـاوە چـۆن و لـە چییەوە پێیبڕاوە . شێخ عوسمانی دووڕووەش ، یەکێکە لەوانەی چاوی بڕیوەتە ئـەو نازنـاوە . کـە مـن بـۆ دووهـەمینجار چـوومە دیـداری ، دەسـتەیەك لـە نەقشـییە لوبنانییـەکانم دیـت ، دەیانەویسـت لـەکنی بمێننـەوە و بەدزییـەوە پێیـانگوتم ، بڕوایان وایە کە شێخ غەوسی ئەم سەردەمەیە .

لـە جزیرەکـەی سـوریا ، مێوانیماڵـە ئاغایـەك بـووم ، لەگـەڵ کوڕەکەیـدا ، ئەکادیمییانە لەبارەی غەوسەوە دەدواین ، بابی قسەکەی پێبڕین و گوتی : " ئـەوە غـەوس غەوسـی چیتانە ؟ ئێـوە باسـی شـتێك دەکـەن ، کـە سـەری لێدەرناکـەن ، نازانن غەوس چییە ! با من پێتـانبڵێم غـەوس بە چیدا دەناسرێت ، غـەوس ئـەو کەســەیە بـە تاوەبـاران دەڕوات و جلکــەکانی تــەڕنابێت . ئیــبراهیم حــەققی ،

شێخەکەی خۆم ، غەوس بوو ، چەندین جار دیتوومە بەتۆف و باران ڕۆیشتووە و هیچ تەڕیش نەبووە " .

٦- Lucy Garnett ئەم پلە قووچ هەڵچووەی من ڕایدەگوێزم ، لە زانیارەکەی بیستووە . ( دیارە لەکن هەموو دەروێشەکان وایە ، بەکەمەکێك گۆڕانکارییەوە ) . ئەمە پێشانماندەدات ، کە ئەم بیر و بۆچوونە ، سەرەتای ئەم سەدەیە ، لەتورکیادا زۆر باوبووە . لە هەرەمەکەدا ، بەڕیزە ، یەك لەدووی یەك ، پاش غەوس ، دوو " ئیماندار " ، چوار " ئەوتاد " ، پێنج " ئەنوار " ، حەوت " ئەخیار " ، چل " ڕیجالی غائیب " ، یاخود " شوهەدا " ، ئەوجا ژمارەیەکی زۆر " عەبداڵ " دێن (Garnett: 1912, S. 34-37)

٧- ووشەی عارەبی " وەلی " ، کە کۆکەی " ئەولیا " یە و بە مانای نورانیی و پیرۆز دێت ، لە تورکی و کوردیدا وەك تاك مامەڵە دەکرێت و بۆ کۆ ، پاشگری پێوەدەلکێندرێت .

٨- بۆ فرەچەشنی ئەم بیر و بۆچوونە و واتا جوداوازەکانی ئەو پەیوەندییانەی لەسەردەمە جوداوازەکاندا پەیوەستی بوون ، بڕوانە گوتارەکەی MacDonalds ، " مەهدی " ، لە ئیسکلۆپیدیای ئیسلامدا . Hughes لە "Dictionery of Islam" دکەیدا ، هێندەی پەیوەندیی بە داب و نەریتی مەهدێتییەوە هەبێت ، ئەو شتانەی ڕاگوێزاوە ، کە لە هندستان بیستوونی و ئەوانەی لە کتێبی " مشقه المصابیح " وەریگرتوون . دەربارەی مەهدێتی و ڕاپەڕینەکانیان لە سەرتاسەری جیهانی ئیسلامدا ، سەرچاوەیەکی هێجگار زۆر هەن .

٩- من ئەو پێشهاتانەم بەڕیزە ، وەك بۆیانگێڕاومەوە ، نووسییەوە . لە گێڕانەوەی دیکەی لەوبابەتەدا ، دەججال بەر لە مەهدی دێت و عیسا کاری نامێنێت . ئەمە بۆچوونێکە ، ئاشکرا ، کەم لە شۆڕشە مەهدی ئاساییەکانی کوردستاندا کە من پێدەزانم ، ڕەنگیداوەتەوە . پێدەچێت ئەو بۆچوونە پێویستتربن لەو تیۆرییانەی لەپشت بزووتنەوە دژەبێگانەکان و شۆڕشە دژە

تازەگەرییەکانــــەوەن . یـــاخود ئـــەوە " ئـــەتاتورك " ی چارەســــەرخوازی علمانییەتی، ئاسانتر پێدەکرێت بە "دەججال " .

١٠- ئـەو سـاداتە قادرییانـە ، کـە لـە چـەند بنەماڵـەیـەکی کـەمن ، پـەیڕەویی یاسای " نرخ و کەمیی " دەکەن و جگە لە کوڕانی خۆیان ، ڕێگەی کەس نادەن ببێتە شێخ . ئەو قۆرخکردنە ، زۆرکەسی تێگەیاندووە ، کە لەو تەریقەتەدا تەنها سەییدەکان دەبنە شێخ ، ( زۆر لە زانیارەکانم و Garnett یش ئەو راستییە پشتئەستووردەکەن ) . لێ لایەنی کەم ، تاقە بنەماڵەیەکی شێخی قادریی لە کوردستان هەیە ، کە ساداتیش نیین و بوونە شێخ ، ئەویش تاڵەبانییەکانن .

١١- لـەنێو مەلاکانـدا ، جـۆرە پێـوەرێکی پلـە و پایـە هەیـە ، بـەپێی ئـەوەی تاچەند زانایە و چەندە لە بەڕێوەبردنی ئەرکەکانیدا توانایە . ئیمام پێشنوێژیی دەکات و خەتیب ئەو مەلایەیە کە لە نوێژی جومعەدا خوتبە دەدات . ئەمەی دوایی پێویستی بە خوێندەواریی زێتر هەیە .

١٢- سـەیرە گـەر شێخ سـاڵی ١٩٢٥ ووشـەی " گانگسـتەر " ، ( چـەتوون ، خەتـەرناك ) ی زانیبێـت . رەنگـە مـەلا حەسـەن بـە بـیر و یـادی دێرینـە ، ئـەو ووشـەیەی بـەکارهێنابێت . بەهـەرحاڵ شـێخ پەیوەندییـەکی بـەردەوامی دەگـەڵ ئەڵقـە نێونەتەوەییـەکانی ئەسـتەمۆڵدا هـەبوو و رەنگـە زۆرجـار نوێنـەرە ئەوروپایی و ئەمریکاییەکانی دیتبێت و زانیبێتی لە دنیای دەرەوەدا چ باسە .

١٣- هەققـە ، ئـەو نێوەیـە کـە بەسـەر پـەیڕەوانی شـێخێکی نەقشـبەندیی عێراق و بەرۆگرەکانیدا بڕرا ، ئەویش شێخ عەبدولکەریمی سەرگەڵووە .

١٤- بڕوانە : Trimingham: 1971, Kap. III

١٥- Trimingham گەیشـتە ئـەو راسـتییەی کـە زاراوەی " تایەفـە " ، سـاڵی ٢٠٠ی کۆچـی ، ( دەوروبـەری ٨٠٠ ی زایینـی ) لـە میسـر بـەکار هێنـراوە . ( ١٩٧١ ، ل ٥ ) . دیــارە تەریقەتــەکان پــێش ســەدەی پازدەهــەم هێشــتا پەیدانەبووبوون ، (١٩٧١ ، ل ٦٧ ) .

١٦- دیـــاره لـــه عیرفـــانی میللییـــدا ، بایەخـــدان بـــه پیاوچـــاکان و پەرجوونواندنـەکانیان ، زۆربـەی لـه سـەردەمی پـێش پەیـدابوونی ئیسـلامەوه وەرگـیراون . ئـەم دیاردەیـه ، لـه ئاسـیای نێوەنـددا زۆر دیـار و بـاوه ، مـەزاری پیاوچاکانی ئیسلام ئالأیان لەسەر داچەقاوه و بەزەحمەت لە گۆڕی بووزییەکان جودادەکرێنەوه ، مەگەر بە نووسینەکانیاندا . لە کوردستانیش هەمانجۆره . هەر گابەرد و درەختە و تیسماڵە پەڕۆی تێپێچراوه ، ئەمە ئەوکەسانە دەیکەن کە بۆ چاکبوونەوەی نەخۆشییەك ، یا هەر مەبەستێکی دی ، دەچنە سەریان . زێتر لـەوه، ئـەو پەڕۆیانـه دەدیترێـن ، کـه بـه مـەزاری پیاوچاکاندا کـراون ، یا بـه درەختێکی نێزیکیاندا . جار هەیە هیچ گۆڕێکیش لە نێزیکی نییە ، ئەوه زێتر سەردەمی سروشتپەرستیمان وەیاد دەهێنێتەوه . لەهەرکەس دەپرسیت ، دەڵێت ئـەوه مـەزاری پیاوچاکێکە و نێـوی لەبیرچـۆتەوه ، کـه نیشـانەیەکی سـەردەمی کافرانە .

١٧- هـیچ هۆکارێکی مێژوویی نییە ، ئـەو چـوار تەریقەتـه بـه بنچینەییترین تەریقـەت دابنێـت . با خاوەنی چـوار نهێنـی پەیپێنـەبردوو و چـوار تـەکنیکی عارفانـەش بـن . دەربـارەی تەریقـەتی سـەهریوەردی و کـوبرەوی ، هـیچ کـام لـه زانیارەکانم ، نەیانتوانی شتێکی ئەوتۆم پێبڵێن، لێ جوداوازییە رووکەشـەکان و جۆری جێبەجێکردنی ئەرك و ئەرکانەکانی هەریەکێکیان ، روون و ئاشکران .

نوروڵڵای کوڕی شێخ سەیدای جزیره ، کە مێوانیان بووم ، پێیگوتم گوایە بابی ئیجازەی چەندین تەریقەتی هەیە ، کە یەکێك لەوانە سەهریوەردییە و ئەو خۆشی وودمی گشت ئەو تەریقەتانەی وەرگرتووه . لێ لـەوه زێتری پێنەدەگوتم . ئەو بۆخۆی تەنها ئەرك و ئەرکانەکانی نەقشبەندیی جێبەجێ دەکرد . تەریقەتی کوبرەوییە و سەهریوەردی ، لە کوردستاندا نیین .

١٨- Lucy Garnett یـش شـتێکی لـەو بابەتـەی لـه زانیارەکـەی بیسـتبوو ، کـه پێدەچێت هۆشیارتر بوو بێت . ئەم دوو سەرگوزشتەیەی بۆ گێڕابووەوه : کە عەلی لە پەیامبەری پرسی ، چ بکات باشە ، بۆ ئەوەی پشتیوانیی خودا مسۆگەرکات ؟

پەیامبەر وەرامی داوە : " بەدەنگی بەرز و بێ پسانەوە ، هاواری خودا کە " . کە ئەبوبەکر و پەیامبەر ، بەشەو بۆ مەککە هەڵدێن و لەئەشکەوتێکدا خۆ دەشارنەوە، محەمەد داوا لە هاوڕێکەی دەکات زیکری خودا بکات و لەدڵی خۆیدا بانگی بکات .

١٩- Tirmingham (1971, S. 103) ، بەم شێوازە ساکارە قۆناغەکان دابەش دەکات:

یەکەم ، قۆناغی خانەقا : سەردەمی زێڕینی ، دێرینی عیرفان بوو . مورشیدو موریدانی دەوری ، زۆرتر خەریکی گەشت و گەڕان بوون ، کەمترین ڕێنماییان هەبوو ، بۆ دابینکردنی ژیانێکی پێکراپی ، ئەوە ، لە سەدەی دەهەمدا ، چەندین خانوو و قەلەندەرخانەی چوونیەك و نا تایبەتی لێکەوتەوە . ئامۆژگارییەکانی مورشیدێك ، دەبنە ڕێنما و دەستوورێکی ددانپێدانراو : لەڕووی هۆشیاری و سۆزبازییەوە ، دەبێتە بزووتنەوەیەکی ئەریستۆکراتیانە . بە شێوازی تاکەکەسانە و گەلەییانەی جێبەجێکردنی ئەرك و ئەرکانەکان ، حاڵو جەزبەگرتن دێتەدی .

دووهەم ، قۆناغی تەریقەت : سەدەی سیازدەهەم و سەردەمی سەلجووقییەکان . قۆناغی جماندن ، ١١٠٠- ١٤٠٠ ی زاینی . گەیاندنی باوەڕێك و ڕێنماییەکانی و شێوازی جێبەجێکردنی و پێگەیشتنی موریدی تازە و ڕێبەرایەتی کردنی عیرفان و درێژەپێدانی سیلسیلە و تەریقەتەکە ، بە پێشەوایەتی کەسێکی درەوشاوە . بوونە بزووتنەوەیەکی بۆرژوایانە ، خۆگونجاندن و گوێڕایەڵی و تەسلیمبوونی عیرفان بە سۆفیزم ، کە بەپێی پێوەرو داب و نەریتەکانی ئاشکرابوون و هەڵس و کەوتی گەلەییانە ، حاڵ و جەزبە دێتەکایەوە .

سێهەم ، قۆناغی تایەفە : سەدەی پازدەهەم ، قۆناغی دامەزراندنی ئیمپراتۆریێتی عوسمانی . لەتەك باوەڕ و دەستووردا ، درێژەپێدانی پەیوەندییەکی بەئەمەکانە . سۆفیزم دەبێتە بزووتنەوەیەکی جەماوەریی .

تەریقەت لەسەر بناغەیەکی نوێ هەڵدەچێت و چەندین لق و پۆپی لێدەبێتەوە و کولتورێکی پیرۆز پێکدەهێنن .

٢٠- زۆربەی نووسەرەکان پێیانوایە ، ئەوە شاری گیلانی سەر بە قەزوێنە ، لێ لە باشووری کوردستانیش ، خوار جاددەی بەغدا- کرماشان ، شارۆچکەیەك هەیە ، ئەویش گیلانی ناوە . زۆربەی کورد لەو باوەڕەدان ، ئەوێ زاینگەی عەبدولقادرە . لەسروودێکی ئاینییدا بیستم ، باسی غەوسی کورد دەکرا .

٢١- باشترین باس و خواسێك ، دەربارەی ئەو ئەفسانانەی لەبارەی ژیانی عەبدولقادرەوە کۆکراونەوە و من بیستبێتم ، (Tirmingham (1971, S. 40-44 ، نووسیونی . هەروەها ، بڕوانە -Schimmel: 1975, S. 247-248, Brown: 1868, S. 100 116: ، زانیاریی دەماودەم و نوسراوی ، راستەوخۆ و بێ رەخنەی ، لەدەروێشەکانەوە وەرگرتووە ، زۆر بەنرخ و پڕسوودن .

٢٢- بە گوتەی Gibb و Brown: 1957, II, S. 196 ، دەورو بەری ساڵی ١٢٠٠ ، بۆ یەکەمینجار تەریقەت لە بەغدا دامەزرا ، لێ پێش سەدەی شازدەهەم ، نەگەیشتۆتە ئاسیای بچووك و ئەوروپا .

٢٣- بەپێی ئەو دەستنووسەی لە سلێمانی دۆزراوەتەوە و م. موکری توێژیویەوە و دەربارەی تۆرەمەی ساداتی کوردستانە و ( کاربەدەستان ، بۆ سەلماندنی تۆرەمەی شێخان بەکاری دەهێنن ) ، سەیعیسا و سەیموسای جووتە برا ، کوڕی بابە رەسوڵن ، ساڵی ٧٦٠ ی کۆچی ، ( ١٣٥٨ ی زاینی ) ، یا کەمەکێك دواتر ، هاتوونە بەرزنجە . بڕوانە : M. Mokri: 1970, S. 315 . ئەو دەستنووسە ، بۆ مێژوونامەی ئەهلی هەقیش گرنگە . بە قسە ، گوایە هەمان ئەو شێخ عیسایە ، بابی ( سوڵتانی ساق ) ی دامەزرێنەری ئاینی ئەهلی هەقیشە . سوڵتانی ساق ، کە زۆرجار وەك کەسێکی خەیاڵی باسدەکرێت ، نێوی لەو دەستنووسەدا هەیە .

٢٤- نێوی مەنسوری حەللاج ، لە سیلسیلەکاندا نەهاتووە ، هەرچەندە زۆربەی سۆفییەکان ڕێزێکی زۆریان بۆی هەیە و هێجگار پێی سەرسامن . چەند شێخێکی قادریی پێیانگوتم ، گوایە نێوی مەنسور ، لەسیلسیلەکەیاندایە ، لێ لە خوێندنەوەی سیلسیلەدا ، هیچ نێوی نەدەهات .

٢٥- Trimingham (1971, S. 37) ، هەمان جووتە سیلسیلە بۆ مارفی کەرخییش دادەنێت و هەشتەمین ئیمامی شیعەیان ، ئیمام موسا ڕەزا ش دەباتەوە سەر هەمان سیلسیلە .

٢٦- باسێکی کلاسیکییانەی ریفاعییەکانی سەرووی ئەفریقیا ، E. W. Lane 1836 نووسیویە .

٢٧- بە گوتەی Tirmingham ، " وەك بانگاشە دەکرێت ، تەریقەتەکەی ئەحمەد ئیبن عەلی ئەلڕیفاعی ، لەقادری نەکەوتۆتەوە ، بە پێچەوانەوە ، سیلسیلەی خانەوادەکەیی بەمیرات بۆ ماوەتەوە و لەسەردەمی خۆیدا ، تەریقەتێکی جودا و سەربەخۆ بوو ، قادری زۆر درەنگتر پەیدا بوو .

٢٨- بڕوانە : Schimmel: 1975, S. 248-249, Trimingham: 1971, S. 38 .

٢٩- لێرەدا دەهێنێت هەڵوێستەیەك لەسەر ئەوە بکەین ، کە دەروێشە ریفاعییەکان ، دابی تایبەتی تەریقەتەکەی خۆیان ، بەوەی عەبدولقادرەوە دەبەستنەوە و گوایە ئەحمەدی ریفاعی توانای هەتوانکردنی زامی شمشێر و شتەبڕندەکانی دی لەوەوە وەرگرتووە . بۆ نموو،ە بڕوانە : Brown: 1868, S. 281 .

٣٠- بڕێك پێیانوایە گوایە عیسا و موسای جووتە برا ، لە تۆرەمەی عەبدولقادر خۆی کەوتوونەوە . Edmonds (1957, S. 68-70 ، درەختی خانەوادەیەکی نووسیوە ، کە لە یەکێك لە سەرگەورەکانی خانەوادەی بەرزنجیی وەرگرتووە ، بەو پێیە شێخ عیسا ، وەچەی حەوتەمینی حەوتەم ئیمام، موسا کازمە ، ( یانی کەواتە لە تۆرەمەی عەبدولقادر نییە ) .

من لە سنە ، لە خانەقاکەی خەلیفە فەتاح ، دەستنووسێکم دەستکەوت ، کە درەختی هەمان خانەوادەی تێدا بوو ، بە هەمان ئەو ناوانەوەی کە دەکەونە

نێوان موسا کازم و سەیعیساوە ، بەلاّم بە ناوی تەواو و نشینگەیانەوە ، رەنگە بەراوردکردنیان بیّ سوود نەبێت . هەموو لە ئێران ژیاون ، هێندەی توانیبێتم ، مێژووی ژیانیانم لە تەنیشتەوە نووسیون .

| | |
|---|---|
| سەیید موسا ئەلکازم | بەغدا ، ٧٩٩ مردووە |
| سەیید ئیسماعیل موحەددەس | Aspariz |
| سەیید سوڵتان عەبدوڵلاّ | سنە |
| سەیید عەبدولعەزیز | شاری ڕەی |
| سەیید شێخ محەمەد مەنسور | زەرەند |
| سەیید شێخ بابە یوسف هەمەدانی | غوڵتان ، ١٠٤٩- ١١٤٠ |
| سەیید شێخ عەلی هەمەدانی | غوڵتان ، ١٣١٤- ١٣٥٨ |
| سەیید شێخ عیسا | بەرزنجە |

یوسف هەمەدانی ، یەکێکە لە سۆفییە نێودارە ناسراوەکان و پەیوەندیی دەگەڵ ئاسیای ناوەڕاستدا هەبووە . پاش ئەوەی خوێندن لەبەغدا تەواودەکات ، دەچێتە مەرۆ و هیرات ، کاریگەری لەسەر هەردوك تەریقەتی نەقشی و بەکتاشییش هەبووە . بڕوانە : Trimingham: 1971, S. 52-54, Mole: 1959 .

عەلی هەمەدانی سەربەتەریقەتی کوبرەوییە بوو . لەهەمەدان لەدایك بووە و لە ئاسیای ناوەڕاست مردووە . هیچ بەڵگەیەك بەدەستەوە نییە بیسەلمێنێت گوایە وەچەی یوسفە . رەنگە ئەو عیسا و موسای جووتەبرای راکێشا بێت . سەردەمی ژیانی لەگەڵ گەیشتنی ئەواندا بۆ شارەزوور ، ساڵی ١٣٦٠ ، یەکدەگرێتەوە . رەنگە بابیشیان بووبێت ، وەك ( تەوەککولی ، ل ١٣٣- ١٣٤ ) دەڵێت ، کە لەدەمی ئەو خانەوادەیە خۆیانی بیستووە . هەرچەندە لەورووەوە وریایی پێویستە . دەبێت عیسا و موسای باپیرە گەورەی بنەماڵەی بەرزنجی ، لەهەمەدانەوە هاتبن . تاقە سۆفی نێوداری ئەو بنەماڵەیە ، کە لەو شارە لەدایك بوون و لەویّ ژیاون ، یوسف و عەلی بوون . تەنها کەسن کەپیاو دەتوانێت رەچەڵەکی ئەو خانەوادەیە بباتەوە سەریان .

٣١- Trimingham و Schimmel ، دەگێڕنــــەوە گوایــە پەیامبـــەر ئاگــاداری عیرفـانی وەیـس بـووە و گوتوویـە : " شـنەی میهرەبـانیی خـودام لـە یەمەنـەوە پێدەگات " و مەبەستی وەیس بووە .

٣٢- لەگـەڵ ئەوەشـدا کـە مـەلای جزیـری چـاکترین شـاعیری کـۆنی کـوردە ، کەچـی سەرچـاوەی زۆر کـەم دەربـارەی هـەن . Jaba (1870, S. 7-8) ، کـەمێکی لـەبارەوە نووسـیوە و ئـەوە یەکـەم سەرچـاوەی بێگانەیـە کـە باسـی کردبێـت . Martin Hartmann دەستنووسێکی " دیوان " ەکەیی پەیداکردووە و لە گوتاری " دەربارەی ئەدەبی کوردی " دا ، ساڵی ١٨٩٨ ، شتێکی لەبارەیەوە نووسیوە و پاشـانیش سـاڵی ١٩٠٤ لەبـەرلین دەقەکـەیی چـاپ و بڵاوکردۆتـەوە . چـەند هۆنراوەیەکی لە ژمارە ٣٥ و ٣٦ ی گۆڤاری هاواردا ، ساڵی ١٩٤١ لە دیمەشق بڵاوکراونەوە و پاشان ساڵی ١٩٧٥ لەبەرلین چاپکراونەوە . دوانیان تەرجەمەی فەرەنسییش کراون . دەقی " دیوان " ەکەی ، جارێك لەلایەن ئەحمەد بن مەلا محەمـــەدەوە ، ســاڵی ١٩٥٨ ، لـــە قامیشـــلی و جـارێکیش لەلایـــەن صـــادق بەهائەددین ئامێدییەوە ، ساڵی ١٩٧٧ ، لە بەغدا چاپکراوە .

٣٣- بڕوانە بەندی چوارهەم : عەبدولقادر لەوە مەزنتریش تێیدەڕواندرێت ، هەتا گەلەکجار بە "غەوسی ئەعزەم " یش نێودەبرێت . لە کوردستان هەرکات باسی غەوس کرا ، مەبەست عەبدولقادرە .یەکێك لە نیشانەکانی ڕێز و ڕۆمەتی ، ئەوەیە کە هەمیشە بۆ نزا و سوێندخواردن هانای بۆ دەبرێت : " یا غەوس " ، " بە غەوسی گەیلانی " .

٣٤- پێدەچێت ساداتی نەهری ، نە تۆڕی لەو بابەتەیان دروستکردبێت و نە خانەوادەکەش پەل و پۆی مێملی یەکدی لێکەوتبێتەوە .

٣٥- بـۆ مێـژووی شۆڕشـەکانی شـێخ مـەحمود لـە دیـدەگای ئینگلیـزەوە ، بڕوانـە : Edmonds (1957) ، Less (1928) ، Elphinstone (1948) . ئەوانـەش کـە ماقولتر لە شێخیان ڕوانیوە : Rambout (1947), Jwaideh (1969), Kutschera (1979) .

٣٦- شێخ توانی سوود لە کێشە و ململانێی نێو سەرکردایەتی هۆزەکە وەرگرێت و پشتگیریی تیرەیەکی هۆزی جاف مسۆگەربکات Lees (1928) . هەر بەو پێودانگە ، هەندەك تیرەیان دایانەپاڵ ئینگلیزەکان . شێخ پشتیوانیی جەنگاوەرانی هەورامیشی دەستخست ، کە هەر لە کۆنەوە سەر بە بنەماڵەکەی بوون . ( وەك کەسێکی بەشدار لە شۆڕشەکەدا ، بۆی گێڕامەوە ) ، هەتا بەختیارییەکانیش ، کە لە خوارووی خۆرهەلأتی کوردستان دەژین ، پشتیانگرت .

٣٧- "Progress report A.P.O.Kirkuk for period ending Dec. 29, 1918" ، وەزارەتی دەرەوەی بەریتانیا .

٣٨- " چەند یاداشتێك دەربارەی هۆزەکانی خوارووی کوردستان " ، بەغدا ، ١٩١٩ .

٣٩- Edmonds ، کە زۆری ئەندامانی ئەو خانەوادەیەی دەناسی ، بە " باشترین نموونەی ئەو بنەمالأنەی سەردەمی نوێیان دادەنێت ، کە لەڕێگەی دەستەلأتی ئاینییانەوە توانیویانە سەروەت و سامان و هێزێکی زۆر پەیداکەن " . (1957, S. 269- 270)

٤٠- بەشێك لە کۆنە ژینامەیەکی بەهائەدین ، کە Mole (1959, S. 38-40) ، تەرجەمەی کردووە ، باس لە زیندەخەونێکی دەکات ، کە چۆتە کن عەبدولخالق .

٤١- Mole (1959) ، سیلسیلەی تەواوی بەهائەدینی لە چەند دەستنووسێك کۆکردۆتەوە ، ل ٦٥ . هەروەها : Algar: 1976 .

٤٢- Tirmingham (1971) و Subhan (1970) ، ئەو یاسایانەیان نووسیوەتەوە . ئەمانە بەشێکن لە هەشت یاساکەی عەبدولخالق :

– هۆش دەر دەم : بێ یادکردنی خودا ، هەناسەدان و هەناسەوەرگرتن ، نابێت . پاشان بەهائەدین گوتوویە : " بنەمای دەرەکیی ئەم تەریقەتە ، هەناسەیە " .

– نەزەر بەر قەدەم : کاتێك سۆفی ڕێدەکات ، دەبێت چاوی لەبەرپێی خۆی بێت . ئەمە بۆ ئەوەیە هۆشی پەرش و بلأونەبێتەوە و بیر لە خودا بکاتەوە .

– خەڵوەت دەر ئەنجومەن : مەبەست لەم کارە ئەوەیە ، کە سۆفی بگاتە ئەو ئاستی هۆشیارییەی ، کاتی سەرقاڵیشی بە کاری دنیاییەوە ، بیر لە خودا بکاتەوە و لە یادی نەکات .

لەو سێ یاسایەی بەهائەدین خستنییە سەری :

– وقوفە زەمانی : حسێبێك بکرێت داخۆ پیاو چۆن کاتی بەسەردەبات ، سوودی لێوەردەگرێت ، یاخود بەفیڕۆی دەدات .

– وقوفە لقەلبی : بەرجەستەکردنی دڵت لە خەیاڵی خۆتدا و نەخشاندنی ووشەی " ئەڵڵا " بە تیپی عارەبی لەسەری .

ئەم ڕێنماییانە ، زۆر لە ڕێنماییەکانی ڕێبازە جۆربەجۆرەکانی بودییەکان دەچن . بەوانە دەچن کەمن لە کاتی ڤیپاسانا دا لەکن ئەوان فێری بووم .

شێوازێکی دیکەی نەقشبەندیی ، کە " رابیتە " یە و مورید شێخ دەهێنێتەوە پێشچاوی خۆی و پێوی پەیوەست دەبێت ، وەك دەڵێن ئەحمەد فاروق سیرهیندی، یەکێك لەچارەسەرکەرانی تەریقەتەکە هێناویە گۆڕێ ، خۆی هیندی بووە و تەکنیکی بوودییەکانی تیبتمان وەیاد دەهێنێتەوە .

٤٣– زانیارە کوردە نەقشییەکانم ، زانیاریی تەواویان دەربارەی سیلسیلەی بەر لە مەولانە خالید نەبوو . لەنێوان بەهائەددین و مەولانە دا ، تەنها ناوی باقی بیللا و ئیمام رەببانی ( ئەحمەد فاروقی سیرهیندی ) یان تێدەترنجاند ، کە هەردوکیان لە شێخە مەزنەکانی " قۆناغی هیندی " تەریقەتەکەن . بۆ زانیاری زێتر سەبارەت بەو قۆناغەی تەریقەتەکە ، بڕوانە : Rizvi (1983), Algar (1976) .

٤٤– زۆر لە نووسەران دەربارەی نێوبانگی مەولانە و کۆچە لەناکاوەکەیان نووسیوە ، یەکێك لەوانە "ریچ " ە ، کە خۆی بەڕێکەوت ، ئەودەمە لە سلێمانی بووە . بۆ سەرچاوەی دەستی دوو ، بڕوانە : Edmonds (1957), Nikitine (1925), (1956), MacKenzi (1979), Hourani (1972), Mudderris (1979), Hakim (1983) .

مەولانە لە سلێمانی ، پلە و پایەیەکی زۆر بڵندی هەبوو و بنەماڵەی میر ، ڕێزێکی هێجگار زۆریان لێدەگرت . میر ، لەسەروو خۆیەوە دایدەنا و لەبەری

هەڵدەستا و قەنەی بۆ تێدەکرد ، Rich: 1836 I, S. 320 . کاتێك ئەندامانی خانەوادە دەستەڵاتدارەکە ، سوێندیان بۆ یەکدی خوارد ، ( کە لەگەڵ هیچ هێزێکی دەرەکییدا ، بە دزییەوە ، دژی یەکدی کارنەکەن ) ، لەبەردەم شێخدا ئەو سوێندەیان خوارد و بەڵێنیان دا ، هیچ نامەیەکی فارس و تورکان ، لە ماڵی شێخ خالید دا نەبێت و بە ئامادەبوونی ئەو نەبێت ، نەکرێتەوە . ( هەمان سەرچاوە ، ل ١٤٧– ١٤٨) . کەچی لە پڕ ڕا ئەو پیاوە مەزنە ، شاری جێهێشت و هەڵهات . بەیانیی ڕۆژی دوایی ، ریچ لە بیرەوەرییەکانیدا دەنووسێت : " ٢٠ ی ئۆکتۆبەر ، ئەوڕۆ بەیانیی ، شێخ خالیدی مەزن رایکرد . سەرەڕای شێوازی نهێنیی هەڵهاتنەکەی ، چوار ژنەکەشی دەگەڵ خۆ بردووە . هێشتا نەزانراوە ، رووی لە کوێ کردووە . تا دوێکە ، لەکن کوردان ، لە عەبدولقادر لەپێشتر بوو و هەتا پاشا خۆی لەبەری هەڵدەستا و قەنەی بۆ تێدەکرد ، کەچی ئەوڕۆ بە کافر و بێ ئیمان نێوی دەبەن و چەندین سەرگوزەشتە دەربارەی لووتبەرزی و خودانەناسیی دەگێڕنەوە . پاش مردنی کوڕەکەی پاشا ، ئیدی ئەو ئەو بایەخەی پێنەدەدرا . گوتبووی گوایە ژیانی قوتار دەکات و ئێزدان لەوڕووەوە یارمەتیی دەدات .

دەربارەی هۆکاری هەڵهاتنەکەی ، هەریەکە ، شتێك دەڵێت . بڕێك دەڵێن ئاژاوەی خستۆتە نێوان پاشا و براکەیەوە . هەندێك دەڵێن بەنیازبووە رێبازێکی دی دروستکات ، تابیێتە سەرکردەی ژیان و گیانیی وولاتەکە . دیارە لەوە زێتری بۆ دەهۆننەوە ، کە شایانی بێت . هەرچی عولەما و سادات هەن ، لە پێش هەمووانەوە شێخ مارف ، رقیان لە شێخ خالید بوو ، چونکە هێندەی دەستەلاتی بڕیکردوو توانیی ، رەونەقی لێبڕیین . (Rich: 1836 I, S. 320-321)

بڕێك هۆکاری دی بۆ هەڵهاتنە ناکاوەکەی شێخ لێکدەدرایەوە . بۆ نموونە Edmonds دەگێڕێتەوە ، گوایە لەتاو خانەوادەی بەرزنجیی مێملی هەڵهات ، ئەویش پاش ئەوەی پێشبڕکێی لەگەڵ سەرانی ئەو خانەوادەیەدا ، تایبەت لەگەڵ شێخ مارف دا ، لەسەر پەرجوو نواندن کردبوو ، دۆڕاندبووی . وەلێ

ناشێت هەڵهاتنەکەی و لەپڕ لەدەستدانی ئەو کاریسمایە ، ئاکامی ململانێیەکی لەو بابەتە بووبێت ، چونکە پاش هەڵهاتنی ئەویش ، شێخ مارف نەیتوانی ببێتە ئەو کەسایەتییە و جێگەکەی پڕکاتەوە . پاشتر ، کاك ئەحمەدی کوڕی توانیی جێی ئەو بگرێتەوە . پێدەچێت بەڵگە و بیانووەکانی ڕیچ ، ماقوولتربن . ڕەنگە شێخ هەڵپەی ئەوەی بووبێت ، دەستەڵاتێکی دنیایی زێتر بۆ خۆی بڕبدات و بۆ ئەو مەبەستە ئاشووب و ئاژاوەی نێوان خانەوادە دەستەڵاتدارەکەی قۆستبێتەوەو تێدا سەرنەکەوتبێت . نابێت ئەوەش لەبیر بکەین ، کە ڕیچ میوانی خانەوادە دەستەڵاتدارەکە بووە و ئەوەی تۆماری کردووە ، یەکەوڕاست لەزاری کەسانی ئەو دەوروبەرەی بیستووە .

ڕەنگە زۆرێکیش بۆ شێخ بەئەمەك مابنەوە ، بەبەڵگەی ئەوەی تەریقەتی نەقشبەندیی لە سلێمانیی ، گشت لایەنگرانی لەدەست نەدا . جێگەکەی مەولانە خالیدیش ، خەلیفەیەکی گرتییەوە ، ئەویش شێخ عوسمانی بیارە بوو و وەك دەڵێن موریدێکی زۆری هەبووە .

٤٥- بەگوتەی ڕیچ ، گوایە زۆرکەس وەك پەیامبەرێك لە مەولانەیان دەڕوانی و ئیلهامیان لە گوتەکانی وەردەگرت ، ( ڕیچ ، ل ١٤٠) . دەبێت لە تورکیا و وولاّتانی عارەبدا ١٢ هەزار موریدێکی هەبووبێت و ٦٥ خەلیفەش ، کە نیوەیان کوردبوون . (Hakim: 1983, S. 142)

٤٦- من نامەوێت بڵێم ، هۆکاری دی ، ( بۆ نموونە ، هۆکاری دەروونیی ) لە سەرهەڵدانی ئەو دیاردە کۆمەڵایەتییەدا ، کایەی نەبووە ، هێندە نەبێت کە مەبەستمە بڵێم ڕوونکردنەوەی لەو بابەتە ، سەلماندنی زەحمەتە ، بۆیە گومان هەڵدەگرێت . گەلەکجار ، ئەو هۆکارانە ، دەبنە ماکی ئەوەی ڕاستییەکان بشاردرێنەوە و وا پێشانبدەن کە گوایە ، هۆکاری کۆمەڵایەتی ڕاستەقینە بەدییناکرێت .

من وای بۆچووم ، کە تەریقەتی نەقشبەندی ، بەراورد بەتەریقەتی قادریی ، لەبەر زۆر هۆکار جێپێی پتەوتربووە ، بۆ نموونە وەکی پەیوەندیی نێوان

موریــدو مورشــید ، یــاخود دابــی ( رابیتــه ) ، کــه لــه تەریقــەتی قادرییــدا ، بەرامبەریان نییە . رەنگە ئەمە لەتەریقەتی نەقشبەندییدا ، هاندەرێك بێت ، بۆ تەسلیمبوونی زێتری موریدان بە شێخ و لەو رێگەیەوە تەریقەتەکە بەرینتر بووبێت . لێ نەمتوانی هۆکارێکی رازیکەر و سەلمێنەر بدۆزمەوە .

٤٧– لەنێوان بڕێك رێچکەی هەندەك تەریقەتدا ، دژ و دژوارییەك هەیە و رەنگە وا باشتربێت کە بۆ هەندێك رێچکە حسێبێکی سەربەخۆ بکرێت و بەو پێیە نەگونجانی نەخشە دیاگرامێکەی تەریقەتی قادری ، روونتر دەبێت . رێچکەی سلێمانی خۆی بە پێشڕەو دەزانێت ، لێ هەموولایەك ددان بەوەدا نانێن . بۆیە من لە دیاگرامەکە دا ، چەقم دیاریی نەکرد و خەتی پچڕپچڕم بەژێر داوی پەیوەندییەکانی نێوان هەموو رێچکەکاندا کێشا .

٤٨– سێ شێخ ، کە بە ململانێ و کێشمەکێشەکانی خۆیان ، ئارامیی و هێوریی ناوچەی ئۆرامارییان شێواند ، نەقشبەندیی بوون . کێشەی بەردەوامی نێوان شێخ ئەحمەدی بارزان و شێخ رەشیدی لۆلان ، کە سەرۆکی هۆزی برادۆست بوو ، کایەیەکی بەرچاوی لە بزووتنەوەی ئازادیخوازی کورد دا دیت و حوکومەتە یەك لە دووی یەکەکانی عێراقیش چاکیان قۆستەوە . بۆ کێشەی نێوان ساداتی نەهری و شێخانی بارزانیش ، بڕوانە سەرنجەکانی خشتەی دووهەم .

٤٩– بۆ نموونە ، " مەعریفەتنامە " کەی ئیبراهیم حەققی ئەرزەروملو ، کە لە تیلۆ ی نێزیك سیعرت دەژیا ، بەشێکی چاکی دەربارەی رێبازی نەقشبەندییە .

٥٠– بەپێی ئەو نامیلکە نهێنییەی "Iraq and the Persian Gulf" ، کە دەزگەی هەواڵگریی ئینگلیز ساڵی ١٩٤٤ نووسیویە ، ریچ ماوەیەکی زۆر ، دووهەمین پیاوی عێراق بووە . ل ٢٦٤ .

٥١– کوردەکان و فەلەکانی کوردستان ، چاوەڕوانی هەمان شت بوون ، لە هاتنی مژدەبەرەکان . ئەرمەن و یاقووبی و نەستۆرییەکان ، کە چوونە سەر رێچکەی کلێسەی کاتۆلیکی رۆمی ، یاخود پرۆتستانتی ، ئەوەیان نەدەشاردەوە ، کە لەپێناوی مسۆگەرکردنی پشتیوانیی فەرەنسییەکان و

ئینگلیـزو پاشـان ئەمریکاییەکانـدا ، ئـەو کارەیـان کـردووە . زۆر لـە مژدەبـەرە بەریتانی و بەکرێگیراوەکانیان ، هاوار و دادیان بوو لەوەی کە کوردەکان گومان لە مەبەستیان دەکەن و بەرێگەخۆشکەری داگیرکاریی ئینگلیزیان دەزانن . ریچ ، بە زەحمەت دەیتوانی خانەخوێکانی تێبگەیەنێت ، کە وولاتەکەی ئەو لەشکرە مەزنەی بۆیە هەیە ، چونکە وولاتانی دیکەش هەیانە و بۆیە شەڕی هندستانی کرد ، چونکە دوژمن شەڕی پێفرۆشتن و هێرشی بردەسەریان .کاتێك یەکێك لەخزمانی میری بابان پێیدەڵێت پێدەچێت ئینگلیز نەخشە و پلانی خۆی هەبێت سەبارەت بە عێراق ، ریچ بە گاڵتە و پێکەنینەوە ، سەربادەدات . (Rich: 1836 I, S. 98)

ساڵێك دواتر ، کاتێك هەمان ئەو ریچە خۆی ، دەگەڵ والیی بەغدادا ، لەسەربەڵێنی کارئاسانیی بازرگانیی بۆ ئینگلیزەکان ، تێکدەگیرێت ، لە دیجلەوە کەشتیی جەنگییان دەنێرێتە سەر ! پاش سەدەیەك ئینگلیز لەشکر دەکاتە سەرعێراق و داگیری دەکات .

Ainsworth ، یەکێك لە جاسووسە ئینگلیزییەکانی دی ، بەسەرهاتێکی لەو بابەتە دەگێڕێتەوە . ساڵی ١٨٤٠ ، لەگەڵ تاقمێك فەلەی ئاسووریی ( کلدانی ) یدا، دەچێتە نێوەندی کوردستان . سەرەکهۆزێکی کوردیان تووشدێت ، دەپرسێت : " ئێوە چ دەکەن لێرە ؟ نازانن فەرەنگ بۆی نییە بێتە ئەم خاکەوە ؟ رانەکەن ! دەبێت پێمبڵێن ئێوە کێن و بەنیازی چین . کێ ئەمانەی هێناوەتە ئێرە؟" یەکێك لە کلدانییەکان وەردەچەرخێت و بە دەنگێکی بڵند دەڵێت " من " . سەرەکهۆزە کوردەکە ، هەرخۆی دەبێت ، سەیرێکیاندەکات و هێدی و ئارام دەڵێت: " ئێوە بوونەتە پێشقەرەوڵی کەسانێك کە هاتوون خاکەکەمان داگیرکەن . بۆیە چاك وایە هەرچیتان پێیە لێتانبستێنین ، چونکە پاشان ئێوە هەرچی شك دەبەین لێماندەستێنن " . (Ainsworth: 1842 II, S. 242)

٥٢- (1841) Moltke . فۆن مۆلتکە ، یەکێك بوو لە ئەفسەرە ئاڵەمانییە راوێژکارە سوپاییەکانی ئۆردووی تورك . لە گەمارۆدانی قەڵاکەی میر سەعید بەگ و جموجۆڵە سەربازییەکانی باکووری کوردستاندا ، بەشدار بوو .

٥٣- میریَ کوَر ، هەرلەگەلّ دەستەلاّتی سەقامگیر بوو ، کوَتایی بە دزی و جەردەیی و ڕاو و ڕووتی نێو وولاّتەکەی هێنا . Fraser ی گەشتەوەری ئینگلیز ، ساڵی ١٨٣٤ ، گەشتێك بە وولاّتەکەیدا دەکات . دەنووسێت : " بە هەڵمەتێك کوَتایی بە چەتەیی و ڕێگری هێنرا . ئەوەی بە کەل و پەلی خەڵکی دییەوە بگیرێت، دەستبەجیَ سزادەدرێت و دەیکوژن " . هەروەها دەڵێت : " لە قەڵەمڕەوی میر دا ، ئەوەی کیسەیەك زێڕیش ببینێت ، دەستی ناداتیَ . نێزیکترین کوێخای دیَ ئاگادار دەکات و ئەویش ئەرکێتی هەڵیگرێتەوە و دایبنێت تا خاوەنی پەیدا دەبێت .(Fraser: 1840 I, S. 65-(66

فەلەی ناوچەکەش ، ئەوانەی مێژووی دەڤەرەکەیان بە ئاسووری نووسیوەتەوە، هەمان شت دەگێڕنەوە . Scher (1910) ، برێك لەو مێژووانەی تەرجەمە و بلاّوکردوَتەوە . من چکێك لە گرنگترینیان رادەگوێزم : " ..... پیرەمێردێك ئەم بەسەرهاتەی بوَ گێڕامەوە : جارێك لە شەقلاوەوە بوَ ڕەواندز دەچووم ، لەسەر شەقامەکە ، کیسەیەك زێڕم دیت . لەترسی میریَ کوَر نەموێرا دەستی بوَ ببەم . بوَخوَم توورەکەیەك خورمام پێبوو ، بوَ خزم و دوَستانی ڕەواندزم هێنابوو . لەڕێگە توورەکە خورمام لێکەوت . کاتێك لە ڕەواندز گەڕامەوە، کیسە زێڕ و توورەکە خورمام دیت ، هێشتا لەویَ کەوتبوون . کەس پڕکێشیی ئەوەی نەکردبوو ، دەستیان بوَ بەرێت . پێمگوت : دەبایە کیسە زێڕەکەت هەڵگرتبا ، کەس نەیدەدیت . وەرامی دامەوە : کیَ دەڵێت بوَ بەدبەختیی من ، پیاوانی میر ، نە چووبوونە بوَسەوە و خوَیان حەشار نەدابوو ، هەر دەستم بوَ بردبا دەیانگرتم و بوَ کن پاشایان دەبردم . ئەویش دەستبەجیَ دەیکوشتم " . (Scher: 1910, S. 138)

دیارە لەگشت میرنشینەکاندا ، یاسا و رێسا ، بەو توندییە پەیڕەویی نەدەکرا. ریچ ساڵی ١٩٢٠ ، دەنووسێت : حوکمدارانی ئامێدی ، بەهوَی ڕەچەڵەکییانەوە ، ( گوایە لە توَرەمەی خەلیفەکانی عەبباسیی کەوتوونەوە ) ، ڕێز و شکوَیەکی زوَریان هەبوو ، لیَ ئەو توند و توَڵییەیان نەبوو و تاقەتی

تەواویان بەسەر هۆزە جەنگاوەرە شەڕەنگێزەکانی مەڵبەندەکەیاندا نەدەشکا و باجیان نەدەدانێ . (Rich: 1836 I, S. 153)

٥٤- Layard: 1849 I, S. 173

٥٥- سەرچاوەی پێشوو ، ل ١٧٩

٥٦- سەرچاوەی پێشوو ، ل ٢٢٨ . " .... شێخ تەها دەستەڵاتێکی زۆری لەناو دانیشتووە کوردەکاندا هەبوو و وەك پیاوێکی نوورانیی خاوەن پەرجوو تێیاندەڕوانی . زۆری لە بەدرخان بەگ دەکرد ، ئیمانداریێتی خۆی بسەلمێنێت و دەست بە کوشتاری فەلەکان بکاتەوە " . میریش هەمان ساڵ دەستیپێکردەوە . ئەو شێخە خۆی هێند لا شیرن بوو ، کە بە سواریی بەشاردا تێدەپەڕی ، رووی خۆی دەپۆشی ، تا لە چاوی پیسی فەلە و خەڵکانی بەد بەدوور بێت . Layard (1853) بە شێخ تەهای یەکەمی ساداتی نەهری نێوی دەبات .

٥٧- بڕوانە گوتاری " شەمدینان " ، لە ئینسکلۆپیدیای ئیسلامدا .

٥٨- عوبەیدوڵلا قەڵەمڕەوی خۆی هێجگار فراوان کرد و بەنیازی بنیاتنانی کوردستانێکی سەربەخۆ بوو . ساڵی ١٨٨٠ ، پێشەوایەتی لەشکرەکەی کرد و چووە کوردستانی ئێرانەوە و وەك کرۆکێکی دەوڵەتە کوردییەکەی تێیدەڕوانی .

٥٩- Layard باسی ئەم هۆزانە دەکات : شیروان ، گری ، برادۆست ، شەمدینان . نیعمەت ئاغا حوکمڕانیی تەواوی دەڤەرەکەی دەکرد ، هەر لە ئاکرێ وە ، تا سنووری ئێران .

٦٠- Dickson: 1910, S. 370 .

٦١- راپۆرتی حاکمی سیاسی ئامێدی ، لە مارتی ١٩١٩ دا . ئارشیفی وەزارەتی دەرەوەی بەریتانیا .

٦٢- جگە لە ساڵی ١٩٢٠ ، کە تیرەیەکی ئەو هۆزە ، بەهۆی کێشەی نێوخۆی بنەماڵە دەستڕۆیشتووەکەوە ، ماوەیەك دایەپاڵ شێخ ، بێ ئەوەی ببنە موریدی. (Lees: 1928)

٦٣- موریدەکان ، لە بریتی نێوی شێخ ، زێتر باس لە مەنزڵگەکەی دەکەن . ئەوە دەریدەخات کە لە پەیوەندییەکەدا ، زێتر وابەستەی بنەماڵەکەیین ، نەك

پلە و پایەکەی . بۆ نموونە کە باسی خۆیان دەکەن ، دەڵێن : موریدی غەوسئاباد، یاخود کرپچنە . ( دوو خانەقاکەی مەهاباد ، خانەقای غەوسئاباد و کرپچنەیان پێدەڵێن ) .

٦٤- ئەوە تەنها بەشی یەکەمی " شەهادە " یە . بەشی دووهەمی دەڵێت : " محەمەد رەسولوڵلاّ " . Trimingham (1971) لە چەند روویەکی عیرفانانەوە ، هەردوو بەشەکە شیدەکاتەوە ( نەفیکردن و جەختکردن ) ، کە دەبێت سۆفییەکان لە زیکریاندا پەیڕەویی بکەن . هیچ کام لە زانیارە قادرییەکانم ، باسی ئەوەیان بۆ نەکردم ، لەڕاستیدا خۆشم قەت بەو ووردییە پرسیارم لێنەکردوون .

٦٥- پاشان بۆمدەرکەوت ، کە رەنگە ئەوە هۆکاری دیکەی هەبێت . رەنگە گەر خەلیفە خۆی لەوێ نەبێت ، دەروێش بۆی نەبێت شمشێر و زرك بوەشێنێت . هیچ کات بیرم بۆ ئەوە نەچوو ، بەووردیی لەڕووەوە بپرسم و قووڵببمەوە . لێ هەندەك قسە و گوتە هەن ، شیمانەی ئەوە زیاددەکەن. بۆخۆم، گەلەکجارم بیستووە ، کە دەروێش تەنها بە ئیجازەی شێخ ، ئەو کارانە دەکات، لێ بۆم ڕووننەبووەوە داخۆ ئەو ئیجازەیە هەمووجار دەبێت سەرلەنوێ بدرێتەوە، یان نا.

٦٦- ئەو سرووده ، کە لابەلا باسی " ئەو صەگە ئەرمەنیانە " دەکات ، کەتاوانی جەنگیان لە ئەستۆدایە و ، ئەو هەستە دەرسکێنێت ، کە دەروێشە گەڕۆکەکان کایەیەکی زۆریان لە بلاّوکردنەوەی بیری پانئیسلامیزمی سوڵتاندا دەدیت و ئەوان بوونە رێگەخۆشکەرێکی ئەو کوشتارەی لەئەرمەن کرا . هەتا ماوەیەکی کەم لەمەوبەریش ، ئەو سروودە ئاینییانە تەنها لە خانەقا نەدەخوێندران ، بەڵکە دەروێشە گەڕۆکەکان گوند بەگوند دەگەڕان و بۆ جەماوەرێکی زۆریان دەخوێند . شەو لە دیوانخانە دەمانەوە و بەدەفەوە گۆرانییان دەچڕی و باسی عیرفان و تەریقەتیان دەکرد و نوشتەیان دەنووسی . تایبەت ، پڕوپاگەندەیەکی زۆریان بۆ شکۆ و کەراماتی شێخ دەکرد و زیاد لەپێویست گێز و گوڵنکەیان پێدادەکرد و دەیانڕازاندەوە ، هەر بەڕاستی چاکترین پڕوپالاّنتەچی بوون .

٦٧- مـن لـە تورکیـا چـوومە کـن دوو شـێخی نەقشـبەندیی ، لەبـەر ئـەوەی خانەقاکانیان بەڕسمیی داخرابوون ، ( هەر لە ١٩٢٠ ەوە ، بە فەرمانی ئەتاتورك ) ئیدی زۆربەدەگمەن خەتمە دەکەن ، یاخود زۆر بە پەنهانی .

٦٨- ئەوە شتێکە کەم و زۆر ، پاش مردن ، چاوەڕوان دەکرێت ، هەرچەندە لەبیر و باوەڕی سەپاو کەمەکێك جوداوازە . ئەو باوەڕەی کە گوایە بەر لە ڕۆژی زیندووبوونەوە ، جۆرە سزایەك ، یاخود پاداشتێك بۆ مردووان ئامادە دەکرێت، تا ڕادەیەك گشتیی و باوە . حەدیسێك هەیە ، دەڵێت : " گۆڕ ، یا باخچەی بەهەشتە ، یاخود قووڵایی دۆزەخ " . زانا ئاینییەکان زێتر روونیدەکەنەوە و دەڵێن ، پاش مردن ، گیانی مردووەکە دەچێتە یەکێك لەو دوو شوێنانەوە : " سجن " بۆ کافران و " علیین " بۆ ئیمانداران . لە گۆڕەکەدا دەتوانن چکێك لە کەش و هەوای دۆزەخ ، یاخود بەهەشت ببینن و هەستیپێبکەن . بەهەرحاڵ فریشتە دێتە گۆڕەکەوە و لە گیان دەپێچێتەوە .

٦٩- " رابیتـە " ، لـە سەرچـاوە نوسـراوەکانی تەریقەتـەکانی دیکەشـدا باسکراوە ، بۆ نموونە وەك تەریقەتی رەحمانییە و سەنووسی ، لە باکووری ئەفریقیا . یەکێك لە نووسەرانی رەحمانییە ، کە نێوی ( باش تەرزی ) یە ، دەنووسێت : " بەدڵنیاییەوە داوا لەوکەسە دەکرێت ، چاو لێکنێت و خواستی خۆی ، یاخود شێخی خۆی بهێنێتەوە پێش چاوی خۆی " . Trimingham لە باسی سەنووسی و رابیتەوە ، دەگاتە ئەو ئاکامەی کە مەسەلەی رابیتە ، لەنێو تەریقەتە خۆرهەڵاتییەکاندا تا ئەندازەیەکی زۆر ، باو و بڵاوە . من هیچ هێما و نیشانەیەکم چنگ نەکەوت ، کە رابیتە ، جگە لە تەریقەتی نەقشبەندیی ، لەکن هیچ تەریقەتێکی دی ، بەڕاستی کاری پێبکرێت . ئەو نووسەرانەی باسی رابیتە دەکەن ، رەنگە هەر لە ڕێسای نەقشبەندییان خواستبێت . ئەو شێخەی بەداهێنەری ئەم بەزمە دادەنرێت ، ئەحمەد فاروق سرهندییە ، کە یەکێکە لە چارەسەرکەرە مەزنەکانی نەقشبەندی .

٧٠- چـیاوك ، " ماسـات بـارزان المصـلومه " ، ص ٥٤ . بریفكـانی : " حقائق تاریخیه عن القصیه البارزانیه " . هـەردوك لـه : Jwaideh: 1960, S. 140 ەوە وەرگیراوە .

٧١- ئەمـه و برێـك تایبەتمەنـدێتی دی ، وەك سـەرنج و تێبینـی راسـتەقینه ، لەلایەن ئەدمۆنز و تەوەككولی و عەسكەرییەوە باسكراون .

٧٢- Dickson: 1910 .

٧٣- شـێخ رەشـیدی لـۆلان و تیرەكـەی ، كـه بـه " سـۆفیان " ناسـراون ، سەرتاسەری سالآنی شێست ، ڕاگیراوی لەشكری عێراق بوون و دژی بارزانیی و بزووتنەوەی ئازادیخوازانەی كورد دەجەنگان . شێخ رەشید ئێستا نەماوە و نازانم بەرۆگرێكی بۆخۆی داناوە ، یان نا . لۆلانییەكان ، سالآنی ١٩٧٤ و ١٩٧٥ یش ، هەر لەتەك حوكومەتی عێراقیدا دەجەنگان و له ١٩٨٥ یشەوە ، درێـژەیان بەو داب و نەریتە دایەوە .

٧٤- لیستەیەكی نێوی ئەو دەرەبەگە كوردە دەوڵەمەندانەی سالّی ١٩٥٩ لە عێراق هەڵهاتن ، كە ١٠ شێخیان تێدا بوو ، له ( ئەرفەع : ١٩٦٦ ، ل ١٣٢ - ١٣٣) دا ، دەبیینیت .

٧٥- تەسـبیح ، نێوەكـەی لـه بنەچـەدا ، لـه پاتەكردنـەوەی رسـتەی " سوبحانەڵلاّ " وه هاتووه . ئەورۆ ماناكەی فراوانتربووه و بۆ ئەو سێ ڕستەیه بەكاردێت كه موسڵمانان پاش نوێژ هەر یەكەی سی و سێ جار پاته دەكەنەوه . هـەروەها بـۆ ئـەو مـوورووه هۆنراوانـەش ، كـە ژمـارەی رسـته پاتـەكراوەكانی پێـدەژمێردرێت . تەسـبیحی ئاسـایی سـی و سـێ دەنكـه ، لێ سـۆفییەكان زێـتر تەسبیحی ٩٩ دەنكیی بەدەستەوە دەگرن و دەكرێتـه سـێ دەستەی سی و سێ دەنكی . نـەمتوانی پـەی بـه ڕیشـه و واتـای ژماره ٣٣ بـەرم و بزانم لـه چییەوە هاتووە .

٧٦- لـه كوردسـتانی پـڕ تەقـه و تۆقـدا ، گوللەبەنـد شـتێكی بەنرخـه و ئـەو شـێخەی بتوانێـت بیكـات ، رێـز و شـكۆیەكی زۆری پێـدەبڕێت . بـەنێوبانگترین

گوللەبەندچی ، کاك ئەحمەدی شێخ بوو ، ( گوایە سوڵتان عەبدولحەمیدی دووهەم ، گوللەبەندێکی ئەوی پێبووە ) . یەکێك لە بەرۆگرەکانی ، کە شێخ مەحمود بوو ، دەنگ وایە ، گوایە پیاوەکانی بۆیە لە شۆڕشەکانیدا هێند قارەمانانە دەجەنگان ، چونکە پێیانوابووە ، گوللەبەندی شێخ ناهێڵێت گوللە بیانبڕێت . دەڵێن کاك ئەحمەد و باپیرەگەورەی شێخ عوسمان تەریقەتەکانیان ئاڵو گۆڕ کردووە و لەوەوە شێخ عوسمان دروستکردنی گوللەبەندی بۆ ماوەتەوە. ئەو نوشتەیە تەنها تایبەتە بە کورد . لە خۆراسانیش باسی ئەوەم دەبیست . پیاوێك بۆیگێڕامەوە ، گوایە ئەو تەجرەبەیەی بە چاوی خۆی دیتووە و پێش چەند ساڵێك گوللەبەندێکیان کردووە بە ملی کەڵە شێرێکەوە و کەس نەیتوانیوە ئەو بەستەزمانە بپێکێت . ئەو نوشتەبازە ، مەلا حسەین ناوێك بووە و خەڵکیی جادووگەریان پێگوتووە .

٧٧- سەرنجەکانم دەربارەی پێشهاتەکانی پاش شۆڕشی ئێران ، بەشێکن لەو زانیارییانەی لە سەردانێکی کوردستانی ئێرانمدا ، ساڵی ١٩٨٠ ، ئاکامی گفتوگۆم لە گەڵ نوێنەرانی کورد دا ، چنگم کەوتن . هەروەها بڕوانە : (Hakim: 1983, S. 236-248) .

٧٨- تایبەت Lanternari (1983) و Worsley (1957) ، شێلگیرانە بەرگری لە شیکردنەوەی ئەو بزووتنەوە مەهدی ئاساییانە دەکەن .

٧٩- Joseph (1961) و Jwaideh (1960) ، باسێکی ماقوولیان سەبارەت بە شۆڕشەکەی عوبەیدوڵلاّ نووسیوە . Arfa (1966), Halfin (1976) ، دوو سەرچاوەی دیکەی بەسوودن .

٨٠- ئەرشیفی وەزارەتی دەرەوەی بەریتانیا ، فایلی ژمارە ٣٧١ .

٨١- دەربارەی راوەدوونانی شێخان و پیاوانی دیکەی ئایینی ، لە تورکیای کەمالیستدا ، بڕوانە : Kisakurek (1969), Albayrak (1979) .

٨٢- یەکێك لەو شێخانە سەلاحەددینی خیزان بوو . هێند بە دەستەڵات بوو ، کە حیزبی دیموکرات پشتگیریی تەواوی دەکرد . ئەندامێتی لە پارلەماندا ،

دەرفەتی ئەوەی بۆ رەخساند ، نەك تەنها دەستەڵاتی نەریتییانەی سەقامگیرتر بکات ، بەڵکە توانی فراوانتریشی بکات . رادە و ئەندازەی پەیوەندیی نێوان ئەو و شێخەکانی دی و ناسیۆنالیستان ، لەو قۆناغەدا ، ( دەوروبەری ١٩٤٥ – ١٩٦٠) ، نەزانراوە و لە تارماییدایە . لە کاتی شۆڕشەکانی ساڵانی ١٩٢٥ – ١٩٣٧ دا ، شێخ سەلاحەددین خۆی لە نیشتمانپەروەرانی کورد بەدووردەگرت ، یاخود دژیشیان دەوەستایەوە ، تا شوێنپێی خۆی لەکن حوکومەت پتەوتر کات . لێ کاتێك پارتەکەی ویستی دەنگی کۆمەڵانی هەراوی خەڵکانێك مسۆگەر بکات ، کە لەبەر هەرهۆیەك لە سیاسەتی ئەتاتورك ناڕازیی بوون ، ئەوجا بەلای هەستی نیشتمانپەروەرانەی کورد دا بایدایەوە . تەنها سەرچاوەیەکی بۆ ئەو بابەتەم دەستکەوت ، زێدەڕەویی و تۆمەتی زۆری تێدابوو : چوار رۆژ پاش کودەتا سەربازییەکەی کۆتایی بە دەستەڵاتی پارتی دیموکرات هێنا ، رۆژنامەی جەمهورییەت رایگەیاند گوایە ، دەستەیەك لە کۆنەپەرستانی نێو پارتی دیموکرات ، هەوڵی دامەزراندنی کوردستانێکی ئازادیان داوە .

کە زێدەڕەوییەکی زەقە . تا پیلانەکە خەتەرناکتر پێشانبدات ، نووسەری گوتار دەڵێت : ئەو ئەندامانەی پارتی دیموکرات ، لەگەڵ یەکێك لە کوڕەکانی شێخ سەعیدی پیران دا ڕێککەوتوون ، کە دیتراوە بە جێبێکی ڕووسی بەناوچەکەدا فرکەی هاتووە . بڕوانە : ( رۆژنامەی جەمهورییەت ، رۆژی ١٩٦٠/٥/٣١) .

٨٣– زۆربەی ئەو زانیارییانەی پاشتر دێن ، لە ئەحمەد بامەڕنی دۆستمم وەرگرتووە ، کە خۆی لەو گوندەدا پێگەییوە .

٨٤– ساڵی ١٩١٩ ، جێگرێکی ئەفسەری سیاسی ئینگلیز ، دەربارەی شێخ ئاوها دەنووسێت : لە هەموو جێیەك ، لەو کێوانە دەستەڵاتێکی رۆحی زۆری هەیە ، خۆی تا ڕادەیەك و ڕەووفی کوڕی تا ئەندازەیەکی زۆر ، ئەو

دەستەڵاتەیان بۆ سوودی خۆیان هەڵدەسووڕێنن و لەسەر حسێبی فەلەکان خۆ دەوڵەمەند دەکەن .

گەڕیدەیەکی زووتر ، باسی ململانێی نێوان شێخانی بامەڕنی و بارزان و شەمدینان دەکات ، کە دیارە مەبەستی سێ شێخە دەستەڵاتدارەکەی نێوەندی کوردستان بووە . Dickson (1910)

٨٥- Wolf (1969a), (1969b) .

٨٦- تایبەت مەدرەسەکەی شێخ نوور محەمەد ، لە خیزان .

٨٧- بۆ ئەو ڕاپەڕینەی بە " ڕووداوەکەی ٣١ ی مارت " ناسراوە ، بڕوانە : Lewis (1968), Farhi (1971) . پێدەچێت ، بە پێچەوانەی ئەو هەموو تۆمەتبارکردنانەی دواترەوە ، سەعید ، پشتیوانیی ئەو یاخیبوونەی نەکردبێت. لە بانگەوازێکدا ، کە پێنجەم ڕۆژی ڕاپەڕینەکە ، لە ڕۆژنامەی سەربەستییدا بڵاوکرایەوە ، داوا لە سەربازە یاخییەکان دەکات ، ڕێزی فەرماندە خۆرئاوابازەکانی خۆیان بگرن . پەیوەندیی سەعید بە ناسیۆنالیستانی کوردەوە، لە Bruinessen (1985) دا ، باسکراوە .

٨٨- بڕوانە دوو هەڵسەنگاندنی جوداوازی " ریسالەی نور " ، لە Algar (1978) و Mardin (1985) دا .

٨٩- بۆ ڕێکخراوەی بزووتنەوەی نورجو ، بڕوانە : Spuler (1981) . دەربارەی ژمارەی تێکڕایی نورجووەکان ، قەبلاندنەکان ، هێجگار لێکدوورن . بڕێک لە دۆستانی بزووتنەوەکە ، ژمارەیان بە چوار ملوێن دەقسرێنن . بۆنموونە بڕوانە : Kisakurek (1968) . ڕەنگە بتوانرێت لە ئاکامی هەڵبژاردنەکانی ساڵانی ١٩٧٣ و ١٩٧٧ ەوە ، ژمارەیان بخەملێندرێت . ١٩٧٣ ، بزووتنەوەکە ، پشتگیریی لە " پارتی رزگاریی ئیسلامیی ( ڕەفاه ) ی نەجمەددین ئەربەکان کرد . لێ لە هەڵبژاردنەکانی ١٩٧٧ دا ، ڕۆژنامەی Yeni Asya ی نورجوویییەکان ، پشتیوانییان لە پارتی عەدالەت دەکرد و دژی ( ڕەفاه ) وەستانەوە . ساڵی ١٩٧٣ ، ڕەفاه 11,8% دەنگەکانی پێبڕا ، ساڵی ١٩٧٧ ، 8,6% . هێندەی من

بزانم ، نورجو ، تاقە دەستەو تاقم بوو ، کە لەو ساڵەدا پشتی لە رەفاه کرد . ئەمە شیمانەی ئەوە دەردەخات ، کە نورجووەکان ئەوپەڕی 3% ی سەرجەم ئەو کەسانە پێکبهێنن ، کە مافی دەنگدانیان هەیە .

٩٠- یەکێك لەو شێخە نەقشبەندییانەی ، سەر بە نورجو حسێبدەکرێت ، شێخ نورولڵای جەزیرەیە ، ( کوڕی شێخ سەیدا ) ، لە نامیلکەیەکی کورتدا ، خاڵ بەخاڵی رەخنەکانی سەعید نورسی لە تەریقەت ، بەرپەرچ دەداتەوە و لەو باوەڕەدایە ، کە نورجوییەك دەتوانێت هەمانکات نەقشبەندییش بێت .( محەمەد نورولڵا سەیدا ئەلجزیری : " تەصەوفون سیرلەری ڤە دوکوز نوکتە ریسالەسی " ، ١٩٨١ ، هێشتا بلاْونەکراوەتەوە ) .

٩١- یەکێك لەو ئاغا کوردانەی ، ساڵی ١٩٦٠ لە سەر چالاکیی نەتەوەپەرستانەی ، لە کوردستان دوورخرابۆوە ، ئاشکرا رایگەیاند : سەعیدی کوردی ، زانایەکی مەزن بوو . لەش و لارێکی سەرنجڕاکێشی هەبوو ، ئەوەی دەیدیت ، پێی سەرسام دەبوو ، ناچار دەبوو رێز لە هەیبەت و شکۆی بگرێت . زۆر تووڕە و پەست بوو ، لەو شێخانەی خەڵکییان دادەڕووتاند . سەعیدی کوردی ، پەرجووی نەدەنواند . رقی زۆری لە شێخەکانی خۆرهەلاْتی تورکیا بووو بەربەرەکانێی دەکردن ، بۆیە زۆر بەدەگمەن سەردانی خۆرهەلاْتی دەکرد . شێخەکانیش چارەی ئەویان نەدەویست ، چونکە میکانیزمی دادۆشینی لێتێکدەدان و تەگەرەی لەبەردەمدا قوت دەکردنەوە . کوردەکان سەعیدی کوردییان پێخۆشتر بوو ، وەك لە سەعیدی نورسی ، چونکە یەکێك بوو لەو مەردانەی بە ناوی کوردیی خۆیەوە ، واژۆی دەکرد . بڕوانە : ( بێشکچی ، ١٩٦٩ ، ل ٢٦٠ ) .

٩٢- لە سەرچاوە نورجوویەکاندا ، دنیایەك روونکردنەوەی دژە کۆمۆنیستانە هەن . ئەمە هاندەرێکە بۆ ئەوەی بزووتنەوەی نورجوو ، بە بزووتنەوەیەکی ئاینیی رووت دانەنرێت . من لێرەدا ، نامەیەکی سەعیدی کوردی تەرجەمە دەکەم ، کە ساڵی ١٩٤٨ بۆ سەرەکوەزیران و وەزیری داد و

ناوخۆی ناردووە و دەڵێت : " من تاقە ئامانجێکم هەیە ، لەم کاتەدا کە سەرم لەگۆێ قەبر دەلەرزێت ، لە خاکی نیشتمانماندا ، لە خاکی ئیسلامدا ، دەنگی پەپووی بۆلشەفیکی دەبیستین . ئەو دەنگە بنەما و بناغەی جیهانی ئیسلام هەڵدەتەکێنێت . خەڵك بەلای خۆدا رادەکێشێت ، تایبەت لاوەکان . هەموو ژیانم دژایەتیم کردووە و لاوان و موسڵمانانم بۆ سەر راستە شەقامی ئاین بانگهێشت کردووە . من دژی کافران دەجەنگم . دەبێت ئەو خەباتەم تا رووبەڕووبوونەوەم لەگەڵ خودادا ، هەر بەردەوام بێت . گشت چالاکیی من ئائەوەیە . ئەوانەی رێگەی ئەو ئەرکەم لێدەگرن ، من بە بەلشەفیکیان دەزانم . ( ئەم دەقە ، لە A.s. Lac et al.: 1968, S. 106 وەرگیراوە ) .

## سەرنجەکانی بەندی پێنجەم :

١- کاتێك ئەم بەندەم نووسی ، دەستم نەدەگەیشتە ئەم سەرچاوە تورکییە گرنگانە : Camal (1955) ، Apak (1964) ، Toker (1968) ، Gologhlu (1972) . لە پاش یەکەمین چاپی ئەم کتێبەوە ، ژمارەیەکی زۆر ، سەرچاوەی نوێی دی بڵاوکراونەوە ، تایبەت : Olson & Tucker (1978), Tuncay (1981), Hasretyan (1985). جگە لە دەستکارییەکی کەم نەبێت ، بۆ گۆڕینی ئەم بەندە ، سوودم لەو سەرچاوانە وەرنەگرتووە و وەك خۆی ماوەتەوە . لە دوو گوتاری نوێدا ، ئەو شۆڕشەم لە گۆشەنیگایەکی دییەوە ، هەڵسەنگاندووە . (Bruinessen: 1984/1985)

٢- بەر لەماوەیەك مەم و زین ، ( بەتەرجەمەیەکی تورکیی محەمەد ئەمین بوزئەرسەلانەوە ) ، لە تورکیاش چاپکرا . زۆر بەیتی " دەردی مە " ، لەترسی سانسۆری تورك ، سڕدراوەتەوە .

٣- کە ساڵی ١٨٣١ ، مژدەبەرە ئەمریکاییەکان دەچنە ناوچەی وورمێ ، دەبینن تەنها فەلەکان نا ، بەڵکە کوردەکانیش بەخێرهاتنیان لێدەکەن ، چونکە بە ڕووسیان تێدەگەن و چاوەڕوانی ئەوە بوون ، ڕووس لەژێر دەستەیی و ستەمی ئێران رزگاریانکات . شوانە کوردێك هاواریان لێدەکات : " هۆ و ، ئێوە ئەو پیاوانەن کەمن لەمێژە چاوەڕوانتانم . حوکومەتەکەمان ، دەمانلەوتێنێتەوە ، تێمانهەڵدەدات ، دەمانکوژێت . ئەمە کوردستانە ، کوردی زۆر و قزڵباشی کەمی لێ هەن . کەی دێن وولاتەکەبگرن و بوارمان بۆ برەخسێنن، تێیانهەڵدەین ، بیانکوژین ؟ " (Eli Smith, (Boston, 1833 . لە : (Joseph 1961) دوە ، وەرگیراوە .

٤- سوڵتانە عوسمانییەکان ، کاتێك ئەو نازناوەیان وەرگرت ، کە دواهەمین نەوەی خەلیفەکانی عەبباسی ، گەندە پیاوێکی بێ دەستەلات ، ساڵی ١٥٣٣ ، لە میسر سەری نایەوە . ئەو دەمە عوسمانییەکان دەستەڵاتی گشت وولاتە ئیسلامییە نێوەندەکانیان بەدەستەوە بوو ، بۆیە هیچ مەترسییەکی ئەوتۆیان

لەسەرە ڕێدا نەبوو ، جگە لە تیۆریستانی ئیمپراتۆرێتە دژ و مێملەکان نەبێت ، وەك زانای ئیسلامەوانیی هۆڵەندیی Snouck Hurgronje ، کە بە ئەرکی زانستانەی خۆی دەزانی ، بیسەلمێنێت ، مافی ئەوەی نییە موسوڵمانەکانی هندستانی هۆڵەندی بخاتە ژێر دەستی خۆیەوە .

٥- Silopi: 1969, S. 38-39 .

٦- بۆ گەشەکردنی ناسیۆنالیزم ، لە دەسالأنەکەی کۆتایی ئیمپراتۆرێتی عوسمانیدا ، بڕوانە : (Lewis 1961), (Haddad & Ochsenwald 1977) .

٧- جەودەت ، کە پزیشکێکی شەیدا و سەوداسەری پێشکەوتنەکانی ئەوروپا و یەکێك لە توندڕەوترین ئەوروپاخوازی ژۆن تورك بوو . لەڕووی فیکرییەوە تین و تاوێکی زۆری لەسەر سەرسەختترین نوێنەری پانتورکیزم ، Ziya Gokalp هەبوو ، کە بۆ بەدختی ئەویش هەر کورد بوو . جەودەت سەر بەباڵی لیبەراڵ و نانێوەندکارانەی بزووتنەوەی پانتورکیزم بوو . پاش جەنگیش هێشتا لە ئەستەموڵ ، دەگەڵ باڵە ماقوولەکەی بزووتنەوەی کورد دا، هەر پەیوەندیی مابوو . بڕوانە : Hanioghlu (1981) ، E. Sussheim : " عەبدوڵڵا جەودەت " ، لە ئینسکلۆپیدیای ئیسلامدا .

٨- پێشتر ، ساڵی ١٨٧٦ ، یەکەم یاسای بنەمایی داڕێژرا و دانانی پارلەمانێکی پێشچاوگرت . ساڵی ١٨٧٧ ، عەبولحەمیدی دووهەم ، قەیرانی سیاسەتە دەرەکییەکەی قۆستەوە و پارلەمانی هەڵوەشاندەوە . هەرچەندە یاسا کە بەڕەسمیی هەڵنەوەشایەوە ، لێ هەموو سەردەمی دەستەڵاتی عەبدولحەمید ، تا شۆڕشی ژۆن تورك ، بە کوتە کاغەزێکی بێ نرخ و بایەخ مایەوە .

٩- دەربارەی کوشتاری ئەرمەن ، سەرچاوەیەکی هێجگار زۆر هەن . زۆریان بێ بنچینە و بۆ پڕوپاڵانتەی رووتن . بە بۆچوونی رەسمیی تورك ، جگە لە چەند پێشهاتێکی کەمی ئێرەو ئەوێ نەبێت ، شتێك نییە بە نێوی کوشتاری ئەرمەنەوە و سوورن لەسەر ئەوەی گوایە ئەرمەن ، لە قۆناغەکانی کۆتایی جەنگدا ، دەستدرێژییان کردۆتە سەر موسڵمانان و پەلاماریان داون و

لێیانکوشـتوون . (هـەر بـە منـداڵی ، قووتابیـانی تـورك تێدەگەیەنـدرێن ، ئەرمەنییەکان تورکیان کوشتووە ، نەك پێچەوانەکەی . ئەرمەنیش هەوڵدەدەن ژمارەی قوربانییەکان ، بالاّ بەرن . ( ساڵ بەساڵ هێندەی دەخرێتە سەر ، عەقڵ قەبوولّی ناکات ) و پێیانوایە ژۆن تـورك هـەر لەسـەرەتاوە نەخشـەی قڕکردنـی ئەرمەنی کێشابوو .

لـەو سەرچاوە ماقوولانـەی مـن دیتـوومن : Hovanissian (1969) و Walker (1980) ، بێلایەنانـە نییـە ، لێ لێکۆڵینەوەیـەکی چـاکە و ووردەکـاریی زۆری تێدایە . چاك هەڵشێلراو و سەلمێنراو ، گازندەیە لەوەی کە تورك پێشەکی پلانی تۆوبڕکردنی ئەرمەنیان داناوە ، لـە : "Tribunal Permanent des Peuples", Paris, 1984 دا ، دەیخوێنییـەوە . بەڵگەنامـەی سـەردەمەکە ، کـە زانـای بـەتوانا هەڵیانسـەنگاندوون ، لـە Lepsius (1919) Toynbee (1916), دا ، دەدیترێـن . بـەبڕوای مـن ، هـیچ کـام لـەو بەڵگەنامانـە ، بانگاشـە زێدەڕەوەکانی ئەرمـەن ، ناسـەلمێنێت . ڕێبـازی مێژوونووسینەوەی تـورك ، هەوڵـدەدات بیسـەلمێنێت ، کـە کوشـتارێکی نەخشـەبۆدانراو نـەبووە و ئەرمـەن خۆیـان بەرپرسـیارن لـەوەی بەسەریان هاتووە . Shaw & Shaw (1977) ، کە کارێکی ( پێویست ) یان کردووە ، دەیانەوێت ئەو تۆمەتبارکردنە پێشەکی و بێ بنجەی ئەورووپاییەکان ، دەربارەی تورك ، بخەنە بەر ڕێژنەی گومانەوە و پەردە لەسەر مەبەستی ئیمپریالیستانەیان هەڵدەنەوە . ئەوە گەیشتۆتە ئاستێك ، کە تێڕوانینی تورك پەسەند دەکەن و بەڵگەنامە سـەلمێنەرەکان دەدەنـە دواوە . بـەوە تاوانبـاردەکرێن ، کـە گوایـە ، کارەساتەکان پچڕ پچڕ پێشاندەدەن . سەرەڕای ئەوەش ، برێك تێڕوانینیان ، هێشتا هـەر پەسـەندن . Hovanissian ، بەرپەرچی بۆچوونەکانیان دەداتەوە . نوێترین سەرچاوەی ماقوولی تورك لەو بوارەدا ، Gurun (1983) نووسیویە .

١٠- کۆمیتـەی ( حـەیاتی تەمسـیلییە ) لـە نـۆ کـەس پێکهـاتبوو .جگـە لـە ئـەتاتورك و قومانـدانێکی دیکـە ، کـە ڕەووف بـەگی نـاوبوو ، ( ئۆربـەی ) یـان پێدەگوت ، ئەمانەشی تێدابوو : حاجی مووسای سەرەکهۆزی خویتی ناوچەی

مۆدکی ، سەعدوڵلا ئەفەندی ، یەکێك لەپیاوماقوولانی بەتلیس و کۆنە نوێنەری ، فەوزی ئەفەندی شێخی نەقشبەندیی ناوچەی ئەرزنجان . ئەم کۆمیتەیە قەت کۆنەبووەوە . بە گوتەی مستەفا کەمال ، نوێنەرانی کورد هیچ کات لە دانیشتنەکانیدا بەشدار نەبوون . لە کۆنگرەی سیڤاس دا ، کۆمیتەیەکی نوێ هەڵبژێردرا و نەحاجی موسا و نە شێخ فەوزی تێدا نەمان . S.S. Aydemir/Tek Adam: 1974/1975 II, S. 122-123 . بۆ زانیاریی زێتر بڕوانە : Gologhlu (1968/1969) .

١١- ئەمە پاشگەزبوونەوە بوو لەداوای بنیاتنانەوەی ئیمپراتۆریَتی عوسمانیی . دیارە ددانپێدانانێکی ریالیستانە بوو ، بە ناسیۆنالیزمی عارەبدا. کەچی تورك داوای خواروی کوردستانی دەکردەوە ، کەوەك بەشە عارەبییەکەی ، ژێر چنگۆڵەی ئینگلیز بوو .

١٢- خەملاندنەکانی ژمارەی میللەتانی ئەودەمی خۆرهەلاتی ئەنەتۆل ، پێدەچێت لایەنگرانە و لەبەرژەوەندیی کوردبن ، هەرچەندە هێند زۆریش لە راستییەکان دوورنەکەوتوونەوە . کاپتن Woolley ئەفسەرێکی ئینگلیز و تا رادەیەك دۆستی کوردبوو ، پاش گەشتێکی پشکنێنەرانەی خۆرهەلاتی ئەنەتۆل، دەڵێت : صەدی نەوەد ، تا نەوەد و پێنجی دانیشتوانی شەش ویلایەتەکە کوردن . ( بڕوانە ئەرشیفی وەزارەتی دەرەوەی بەریتانیا ، فایلی ژمارە ٣٧١ ) . مێجەر نۆئێل ، پاش گەشتێکی دوورودرێژ بە دیاربەکر دا ، بەم جۆرە ژمارەی دانیشتووانی دەخەمڵێنێت :

| | پێش جەنگ | پاش جەنگ |
|---|---|---|
| کورد | ٧٥٠ هەزار | ٦٠٠ هەزار |
| ئەرمەن | ١٢٠ هەزار | ٢٠ هەزار |
| ئاشووری و کلدانی | ٨١ هەزار | ٢٣ هەزار |
| تورك | ٣ هەزار | ٢,٥ هەزار |

ئەوانی دی ١٠ هەزار ٣ هەزار

هەتا پێش کوشتارەکەش ، ئەرمەن لە هیچ کام لەو ویلایەتانەدا زۆربە نەبوون و کەمتر لە ٢٠٪ ی سەرجەم دانیشتووان بوون . ( بڕوانە سەرژمێرییەکانی (Shaw & Shaw: 1977, S. 201 . ژمارەیەکی لەوبابەتەی Cuinet بۆ ساڵانی ١٨٩١- ١٨٩٤ ، ئەو ڕاستییە پشتئەستووردەکەن ) .

١٣- بۆ هەواڵی گەواهێکی بەچاودیدە ، بڕوانە : Rawlinson (1923) ، تایبەت بەشی دووهەمی ، " جاسووسگەری ، لەودیو قەوقازەوە " .

١٤- بەندی ١٣ ی پەیماننامەکە ، داوادەکات کە :" تورکیا و بەریتانیا ، لە ماوەی نۆ مانگدا ، بەشێوەیەکی دۆستانە ، سنووری نێوان تورکیا و عێراق ، دەستنیشانی بکەن . لە حاڵەتێکدا ، گەر ئەو دوو وولاتە ، لەو ماوەیەدا نەگەیشتنە هیچ ئاکامێك ، کێشەکە ڕووبەڕووی کۆمەڵەی گەلان بکرێتەوە " . (Ghassemlou: 1965, S. 66) .

١٥- بڕوانە : Aydemir/Ikinci Adam: !975/76 I, S. 311-316 .

١٦- " گەر تەنها بنەمای ئێتنی حسێب بکرێت ، دەبێت دەوڵەتێکی کوردیی سەربەخۆ دابمەزرێت ، چونکە کوردەکان لە هەشت بەش ، پێنج بەشی دانیشتووان پێکدێنن " .

١٧- Shaw & Shaw : 1977, S. 376 . بۆ شیکردنەوەیەکی ووردی کێشەی موسڵ، بڕوانە : Edmonds (1957), Longrigg (1953) . هەروەها بڕوانە دوو سەرچاوەی تورکیی نوێ : Kurkcuoglu (1978), Melek (1983) . هەروەها بڕوانە : Beck (1981) . بۆ کایەی بەرژەوەندیی شیرکەتە نەوتییە نێودەوڵەتییەکان ، بڕوانە : Nash (1976) .

١٨- جگە لە دەستەیەك پەنابردووی قاهیرە ، کە هەموویان لە بنەماڵەی بەدرخانییەکان بوون و ساڵی ١٨٩٨ لەوێ یەکەم ژمارەی ڕۆژنامەی " کوردستان " یان دەرکرد ، هەروەها جگە لەو ڕێکخراوە گومان هەڵگرەی ساڵانی ١٩٠٠-

١٩٠٤ ، کە Silopi (1969) باسیدەکات و نێوی ( جەمعییەتی عەزمی قەومی ) بووە .

١٩- نۆئێل لە حەلەبەوە ، ١٩١٩/٩/٢٣ ، لە ئەرشیفی وەزارەتی دەرەوەی بەریتانیا دا ، FO 371, 1919: 44A/141322/3050 .

٢٠- ئەوانە بریتی بوون لە : خەلیل خەیاڵی ، کوڕی یەکێك لە خانەوادە نێودارەکانی مۆدکی ، کە لە ئەستەموڵ خوێندبووی ، میریٚ کاتبزادە جەمیل ، پیاوماقوولێکی شار ، کە لە بنەچەدا خەڵکی دیاربەکر بوو ، کوردیزادە ئەحمەد رامز ، کە خەڵکی لیجە بوو ، Silopi (1969) . هەفتەنامەکەی کۆمەڵە ، ( کورد تەعاون و تەرەقی غەزەتەسی ) ، کە تەنها لە دێسەمبەری ١٩٠٨ ەوە ، تا ژەنیوەری ١٩٠٩ دەرچوو ، لەلایەن ( سولەیمانیەلی تەوفیق ) و ، کە خاوەنەکەی بوو ، ( دیاربەکرلی ئەحمەد جەمیل ) ەوە بلاْودەکرایەوە . ساڵانی دواتر ، یەکێك لەبەدرخانییەکان ، سورەیای کوڕە گەورەی ئەمین عالی ، ماوەیەك ( کوردستان) ی لە ئەستەموڵ دەردەکرد . (Jwaideh: 1960, S. 298) .

٢١- ئەو پیشەیە لە بنەچەدا تەرخانی ئەرمەنییەکان بوو . لەنەوەدەکانی سەدەی نۆزدەهەمدا ، زۆر لە کۆڵهەڵگرە ئەرمەنییەکان کوژران ، پاشان کوردەکان جێگەیان گرتنەوە .

٢٢- Jwaideh (1960, S. 370) ، کە لەسەرچاوە ئینگلیزییەکانی وەرگرتووە . پاشان شەریف پاشا خۆی کێشایەوە و گەڕایەوە بۆ کۆشکە رازاوەکەی خۆی ، لە خوارووی فەرەنسا . دوای جەنگ ، چووە کۆنگرەی ئاشتی ، کە جێگەی شیاوی خۆی بوو بۆ داکۆکی لە مافەکانی کورد . هەروەها بڕوانە : Arfa (1969, S. 31) .

٢٣- پاش شۆڕشی رووس ، عەبدولرەزاق هەر لە ئەنەتۆل مایەوە ، تورك گرتی و لە زیندانی موسڵ دا سەری نایەوە ، ( قاو وایە ژارخواردوو کراوە ) . گوایە کامیلیش ساڵی ١٩١٩ ، هەر لە تفلیس بووە . Jawideh (1960, S. 371), Silopi (1969, S. 80), Nikitine (1956, S. 195 .

٢٤- نێو و پلەوپایەی لە ئاڵوگۆڕکردنی نامەی دیبلۆماسییانەدا سەبارەت بە رووداوێك ، کە سێپتەمبەری ١٩١٩ روویدا ، باسدەکرێت ، کە هاندانی کورد بوو دژی کەمالیستەکان . ( مێجر نۆئێل و دەستەیەکی کەم لە ئەندامانی " کوردستان تەعالی جەمعییەتی " لەبار و دۆخێکی دژواردا ، مێوانی ئەو فەرماندارە بوون ) .

٢٥- زۆربەی زانیارەکانم ، سووربوون لەسەر ئەوەی کە هەموو تیپە چەکدارە راگیراوەکانی هۆزەکان ، بەشداربوون . لێ Firat دەنووسێت گوایە کە تیپەکانی حەمیدییەی کۆن ، ( کە هەموو سوننی بوون ) ، هیچ بەشدارییەکیان نەکرد و ئەرکی پیرۆزی بەرگری لە نیشتمانی تورك ، بە تیپە عەلەوییەکان سپێردرا ، تایبەت خۆرمەکی هۆزی خۆی . (Firat: 1970, S. 180).

٢٦- بڕوانە سەرژمێری دانیشتووان ، لە سەرنجی ژمارە ١٢ دا .

٢٧- مێجەر نۆئێل لە یەکێك لە راپۆرتەکانی خۆیدا ، دەربارەی بڕیاری عوسمانییەکان سەبارەت بە مامەڵەکردنی پەنابەرە کوردەکان دەدوێت . بەپێی خاڵی سێهەمی ئەو بڕیارە ، دەبێت هەرچی سەرەکهۆز و شێخ و مەلا و کەسانی دەسترۆیشتووە ، لەوانی دی جوداکرێنەوە و لە هۆزەکانیان دوورخرێنەوە و لە شوێنێکی دی داکرێن و بخرێنە ژێر چاودێریی راستەوخۆی حوکمەتەوە . بەپێی خاڵی ١٢ ش ، بڕیار دەدرێت پەنابەرەکان بکرێنە دەستە و تاقمی بچووك بچووك و نابێت لە ٣٠٠ کەس زێتر بن و بنێردرێنە شوێنی ئەوتۆ ، کە رێژەیان لە صەدی پێنجی دانیشتووان تێپەڕنەکات . ( بڕوانە راپۆرتی " یاداشت دەربارەی باری کوردستان " ، لە ئەرشیفی وەزارەتی دەرەوەی بەریتانیا دا ، FO 371, 1919: 44A/112202/3050 .

٢٨- دووان لە زانیارەکانم ، ئەم بەسەرهاتەیان لە شێخ مەهدی خۆی بیستبوو .

٢٩- بڕوانە : Jwaideh (1960, S. 383-974) ، کە زۆربەی لەسەرچاوە ئینگلیزییەکان وەرگرتووە . هەندەك زانیار ، هەمان شتی لەو بابەتەیان بە

شێوەیەکی لێڵ و وێڵ بۆ گێڕامەوە . دەڵێن گوایە ئەو دەمەی مستەفا کەمال قوماندانی تیپی ١٦ ی دیاربەکر بووە ، دەگەڵ زۆر لە گەورەپیاوانی کورد دا دۆستایەتی پەیداکردووە و بەڵێنی لەو بابەتەی داونەتێ .

٣٠- ئەرشیفی وەزارەتی دەرەوەی بەریتانیا ، FO 371, 1919: W44/59486/3050 .

٣١- هەمان سەرچاوە ، FO 371, 1919: W44/79991/3050 .

٣٢- Silopi (1969, S. 59), Dersimi (1952, S. 120) .

٣٣- کۆمیتەی سەرکردایەتی ( کوردستان تەعالی جەمعییەتی ) لەم کەسانە پێکهاتبوو :

سەیید عەبدولقادری ، کوڕی شێخ عوبەیدوڵڵا سەرۆك

ئەمین عالی بەدرخان یەکەم جێگری سەرۆك

ژەنەراڵ فوئاد پاشا، کوڕی سەعید پاشای کۆنە وەزیری دەرەوە و خەڵکی سلێمانی، جێگری دووهەمی سەرۆك.

ژەنەراڵ حەمدی پاشا ، ئەفسەری خانەنشینکراو و کۆنە ئەندامی ئەنجومەنی باڵا ، سکرتێری گشتیی.

سەیید عەبدوڵڵا ، کوڕی سەیید عەبدولقادر ، خەزنەدار

سوپاییەکان :

میرئالاێ خەلیل بەگ ، خەڵکی دەرسیم و فەرماندەی پۆلیسی ئەستەموڵ بوو .

ئەفسەری خانەنشینکراو ، سەرهەنگ محەمەد عالی بەدرخان

ئەفسەری خانەنشینکراو ، سەرهەنگ محەمەد ئەمین بەگ ، خەڵکی سلێمانی

پیاوانی ئاینیی :

خواجە عەلی ئەفەندی ، یەکێك لە پیاوە ئاینییە دەستڕۆیشتووەکان

شەفیق ئەفەندی مودەڕیس ، کە لە بنەماڵەی ئەرواسییەکان بوو .

ئەوانی دی :

بابانزادە شوکور بەگ ، لە بنەماڵەی بابان و سەرنووسەری رۆژنامەی تەرجومان بوو

بابانزادە فوئاد بەگ

فەتحوڵلا بەگ ، کە بازرگان بوو

شوکور محەمەد بەگ سەکبان ، پرۆفیسۆری پزیشکیی . ( بڕوانە Silopi: 1969 ) .

لە لیستەیەکی دیکەی ئەندامە لە پێشەکاندا ، کە ساڵی ۱۹۱۹ بۆ قۆمیسەری باڵای بەریتانیا لە ئەستەموڵ نێردراوە ، نێوی ئەم کەسایەتییانە و بڕێکی دی لە هەمان تویژاڵی تێدابووە . لەو لیستەیەدا نێوی چەند کەسایەتییەکی سەر بە هۆزەکان هاتبوون ، لەوانە : عەلیشان بەگ ، کە یەکێك بوو لە پیاوماقوولانی قۆچگیری یەکێك لە سەرکردەکانی راپەڕینی دەرسیم .

دیارە دیاربەکر لقێکی سەربەخۆی دامەزراندووە ، (Silopi: 1969, S. 45) .

زۆربەی ئەندامانی ، پێش جەنگ ، لە ئەستەموڵ خوێندوویانە و لە ( هێڤی ) دا چوست و چالاك بوون . بنەماڵەی جەمیل پاشا ، کایەیەکی بەرچاویان تێدا گێڕاوە . زۆربەی ئەو ئەندامانەی دی کە Silopi نێوی بردوون ( وەك قەدری بەگ و جەمیل پاشا ) ، لە خانەدانە دەرەبەگەکانی شارەکە و دەوروبەری بوون . دوو پزیشکیش ، ( جەودەت و د. فوئاد ) ، کایەیەکی پڕ ڕەونەقیان دیت . سەرکردە ئایینییەکانی وەك موفتی ، حاجی ئیبراهیم ئەفەندی و نەقیبولئەشراف ، بەکر صدقی بەگ و زانای ئایینی ، خواجە حەمدی ئەفەندی و شێخ ئەحمەد گوڵشەنی ، پشتگیریی تەواو تەواویان کردوون . تەنها لە نێو شارەکەدا لە هەزار ئەندامی تۆمارکراو زێتریان هەبوو ، (Silopi: 1969, S. 45-47). مێجەر نۆئێل ، ساڵی ۱۹۱۹ دەچێتە دیاربەکر و ئەو کۆمەڵەیە زۆر چالاك دەبینێت و هەست دەکات هەڵوێستێکی

دۆستانەیان بەرامبەر حوکومەتی خاوەنشکۆ هەیە ، ( ئەرشیفی وەزارەتی دەرەوەی بەریتانیا) ، FO 371, 1919: ME44/90860/3050 .

٣٤- هەمان سەرچاوە ، FO 371, 1919: ME44/91082/3050. 44A/147752/3050. 1920: E 5063/11/44.

٣٥- دووبەرەکیی نێو رێکخراوەکە ، ( کە بەشێکی زۆری بۆ کێشەی کۆنی نێوان سەیید عەبدولقادر و بەدرخانییەکان دەگەڕایەوە) ، کاتێک سەریهەڵدا ، کە سەیید عەبدولقادر ئاشکرا رایگەیاند ، ئامانجی ئەو کوردستانێکی سەربەخۆ نییە ، بەڵکە جۆرە ئۆتۆنۆمییەکی سنوور بۆ دانراوە. بەدرخان و زۆربەی لاوە ناسیۆنالیستەکان لە سەیید عەبدولقادر تەکیینەوەو تەشکیلاتی ئیجتیماعییەیان دامەزراند ، کە ئەمانە بوونە سەرکردەی :

ئەمین عالی بەدرخان ، ( سەرۆک ) ، جەلادەت و کامەرانی کوڕیشی .

فەرید بەگ بەدرخان

بابانزادە شوکر و فوئاد و حیکمەت بەگ

دوکتۆر عەبدوڵلا جەودەت ، ( خۆرئاواپەرستەکەی ژۆن تورک )

دوکتۆر شوکری محەمەد سەکبان

کەمال فەوزی بەگ ، ( کۆنە ئەفسەر و رۆژنامەنووسی چالاک و ئەندامی یەکەمین هێڤی )

ئەکرەم بەگی سەر بە بنەماڵەی جەمیل پاشا

نەجمەدین حسەین بەگ ( خەڵکی کەرکوک و ئەندامی یەکەمین هێڤی )

مەولانەزادە رەفعەت بەگ ، ( رۆژنامەنووس و خاوەنی رۆژنامەی سەربەستیی ، کە ئەودەم لە ئەستەموڵ ، بەکوردی دەردەچوو )

مەمدوح سەلیم بەگ ، ( یەکێک لە ئەندامانی دەستەی یەکەمی هێڤی ، پارێزەر و کوڕی خانەوادەیەکی فەرمانبەری ماقوول و دەوڵەمەندی ڤان ) ، (Silopi: 1969, S.59) .

پێدەچێت ئەم رێکخراوە ، رێکخراوێکی کەم تەمەن بووبێت ، چونکە زۆری ئەندامانی پەیوەندییان بە سەیید عەبدولقادر و دەوروبەرەکەیەوە هەر

مابوو . ئەوە رەنگە هۆكارێكی زۆر سادە و ساكاری هەبووبێت : سەیید عەبدولقادر ، جەماوەری كوردی ئەستەمولی لەگەڵدا بوو و ئەوان پشتییان دەگرت . ساڵی ١٩٢٠ ، كوردانی ئەستەمولْ ، كە زۆربەیان لەچینە خوارووەكان بوون ، ئەویان بە تاكە دەمڕاست و تاكە نوێنەری خۆیان هەڵبژارد . ( ئەرشیفی وەزارەتی دەرەوەی بەریتانیا ، FO 371, 1920: E 5063/11/44 ) .

٣٦- ئەو راپەرینە بە راپەڕینی قۆچگیری ، ناسرا ، بەنێوی ئەو هۆزەوە كە كایەیەكی گرنگی تێدا گێڕا . دوكتۆر نوری دەرسیمی ، كە بەیتالْ و كوڕی ئاغایەكی دەرسیم بوو ، بە نوێنەرایەتی دەستەیەك لاوی چوست و چالاكی ( جەمعییەتی تەعالی كوردستان ) ، بۆ كن هۆزە عەلەوییەكانی سیڤاس نێردرا . لە راپەرینەكەدا دەورێكی درەوشاوەی بینی ، پاشان بە كتێبێك بەسەرهاتەكان دەگێڕێتەوە ، ( كوردستان تەئریخندە دەرسیم ) . پێش ماوەیەكیش كتێبێكی دی لەبارەی ئەو راپەڕینەوە لە توركیا چاپكرا ، ( بڕوانە : Komal: 1975, Apak: 1964).

ئاغاكان لە ١٥ ی نۆڤەمبەری ١٩٢٠ دا ئاگادارییەكیان بە حوكومەتی ئەنقەرە دا و دوایانلێكرد هەڵوێستی خۆی لە مەڕ كوردستانێكی سەربەخۆ روونكاتەوە و گیراوەكانی ویلایەتی ئەلعەزیز و مەلاتییە و سیڤاس و ئەرزنجان ئازاد كات و فەرمانبەرە توركەكان لەو ناوچانە بكێشێتەوە كە زۆربەی دانیشتووانیان كوردن و دەستبەجێ ئەو لەشكرە بگێڕێتەوە ، كە بۆ خۆرهەڵاتی سیڤاس نێردراوە . دووهەمین ئاگاداری ، لە ٢٥ ی نۆڤەمبەری ١٩٢٠ دا ، كە لە لایەن سەرەكهۆزەكانی خۆرئاوای دەرسیمەوە نێردرا ، گرژتر و توندتر بوو و داوای دامەزراندنی كوردستانێكی سەربەخۆی لە ویلایەتەكانی دیاربەكر و ئەلعەزیز و ڤان و بەتلیس دا دەكرد . واژۆكەران هەڕەشەی ئەوەیان دەكرد ، گەر بە خۆشیی ئەو سەربەخۆییە نەدەن ، ئەوا بە زۆری زۆرداری دەیسەنن . (Dersimi: 1952, S. 128-129) .

٣٧- پرۆگرامەکەمان ئاوها بوو : " یەکەمینجار ، بانگی سەربەخۆیی کورستان لەدەرسیمەوە هەڵدەین و ئالآی کوردستان لە خۆزات داچەقێنین ، ئەوجا سوپای میللی کورد لە ئەرزنجان و ئەلعەزیز و مەلاتییەوە ، بەرەو سیڤاس بجمێت و داوای راگەیاندنی رەسمیی سەربەخۆیی کوردستان لەحوکومەتی ئەنقەرە بکات . تورك ، ناچار رازییدەبن ، چونکە ئێمە بەچەك داوای مافی خۆمان دەکەین " . (Dersimi:1952, S. 130)

٣٨- بە گوتەی دەرسیمی ، یەکەم ئەنجومەن ، ٧٢ نوێنەری کوردی تێدابوو . لە تێکڕای ٤٣٧ ئەندام ، ئەو رێژەیە تارادەیەك گونجاو دەنوێنێت . خشتەی ژمارەی نوێنەرانی هەر ویلایەتێك ، لەم ئەنجومەنە و ئەوەی پاشیدا ، لە پاشکۆی B ، کتێبەکەی F. W. Frey دا دەیخوێنییەوە ، "The Turken Political Elite", Cambridge, Mass., 1965 .

٣٩- Dersimi: 1952, S. 122-125

٤٠- ئەرشیفی وەزارەتی دەرەوەی بەریتانیا ، FO 371, 1919, ME 44/90860/3050

٤١- G. Bell: "Rewiew of the Civil Administration of Mesopotamia", London, 1920, S. 67.

کە لە Jwaideh (1960) ەوە ، وەرگیراوە . شیمانەیەکی دی بۆ ئەو گۆڕرانە هەیە . " کورد تەعالی جەمعییەتی " ، کەسانی وەك دوکتۆر عەبدوڵڵا جەودەتی تێدابوو ، کە زۆر نێزیکایەتی دەگەڵ ژۆن تورکەکاندا هەبوو . رەنگە ئەو و کەسانی رۆشنبیری حسێب بۆکراوی وەك خۆی ، لەو تورك خوازییە باوە سەپاوە ، بەرپرس بن و هێدی هێدی سایەی ئەندامە رادیکالەکان بەسەریاندا زاڵ بووبێت . سەرچاوە کوردییەکان ، بەهیچ جۆر باسی چالاکییەکانی پاش ١٩١٩ ی جەودەت ، ناکەن .

٤٢- لیستەی نێوی نووسەرانی ئەو تەلەگرافە ، لە ئەرشیفی وەزارەتی دەرەوەی بەریتانیادا FO 371, 1919, 44A/163679/1687633050 : و لە : Dersimi: 1925, S. 125 دا .

٤٣- نێوی تەواوی ( جڤاتا ئازادییا کورد ) بوو . سەیر ئەوەیە ، لەو سەرچاوانەدا کە دەربارەی ناسیۆنالیزمی کورد نوسراون ، زۆر کەم باسی ئەم ڕێکخراوە کراوە . Jwaideh ، کە ناوی ژمارەیەکی زۆر ڕێکخراوی گومانهەڵگری ڕستکردووە و دیارە زۆربەیان تەنها ڕێکخراوی سەر کاغەز بوون ، کەچی نێوی ئازادی هەر ناهێنێت ، لەگەڵ ئەوەشدا ، وەك زانیارەکانم دەڵێن ، باشترین ڕێکخراوی ئەو سەردەمە بووە . ڕەنگە بەوهۆیەوە بێت ، کە ئازادیی لە کوردستان خۆیدا چالاك بووە و زۆربەی چاودێرە دووراودوورەکان هەستیان پێنەکردووە و وەك ڕێکخراوەکانی دی لە دەرەوە هیچ پڕوپاگەندەی بۆ نەکراوە. راستییەکەی ، ئەریستۆکراتە کۆسمۆپۆلیتییەکانی وەك بەدرخانییەکان ، کێشەی کوردیان بە ئەوروپا ناساند . ئازادیی ، ئەندامی لەو بابەتەی کەم بوو ، یاخود هەر نەیبوو .

٤٤- تەنها سەرچاوەم بۆ زانیاریی لەبارەی ئەو کۆنگرەیەوە ، مەلا حەسەن هۆشیاربوو ، هەرچەند خۆی تێدا بەشدار نەبوو ، لێ زۆری بەشداربووانی دەناسی . مەخابن نەمتوانی سەرچاوەیەکی بێلایەن بدۆزمەوە ، کە گوتەکانی ئەو پشتئەستوور بکات .

٤٥- بە گوتەی مەمدوح سالم ، لایەنی کەم لەدوو ڕێگەوە پەیوەندیی بە ئینگلیزەوە کراوە : لەڕێگەی کونسوڵگەریی ئینگلیزەوە لە تەرابزوون و لەڕێگەی بڕێك لە کوردە دەسترۆیشتووەکانی عێراقەوە .

٤٦- بە گوتەی بلەچ شێرکۆ ، ١٩٣٠ ، ل ٣١ و ژمارەیەك چاپکراوی زۆری دی ، کە پێدەچێت هەموو ، لەویان وەرگرتبێت . Aydemir ، لابەلا باسی ئەوە دەکات : " زۆر شێخ و ئاغا لەو ناوچەیە دوورخرانەوە " ، ل ٣١٢ . لیستێکی تەواوی گازندەی کوردان ، وەك ١٩٢٤ داڕێژراوە ، لە سەرنجی ژمارە ٤٩ دا ، دواتر دەخوێنییەوە .

٤٧- ئەنجومەنی نیشتمانیی بالا ، لە ١ ی نۆڤەمبەری ١٩٢٢ دا ، بڕیاری جوداکردنەوەی خەلافەت و سەڵتەنەتی دا و سەڵتەنەتیشی هەڵپێچا .

سولّتان وەحیدەددین ، کە بە دەسندەخۆری ئینگلیز تاوانبارردەکرا ، چاوەڕوانی هێرشی کەمالیستەکانی سەر ئەستەمولّی نەکرد و بە سواری کەشتییەکی جەنگیی ئینگلیز ، هەلّهات . ئەنجومەن ، عەبدولحەمیدی دووهەمی کردە خەلیفە ، کە ئامۆزای بوو . خەلافەتیش ، لە ٣ ی مارتی ١٩٢٤ دا ، هەلّگیرا . دواتر وەحیدەددین ، لە مالّتا و وولآتە عارەبییەکانەوە هەولّی زۆری دا ، بەرهەلّستکارانی رژێمی نوێ رێکخات ، زۆربەی هەولّەکانی بێ هوودە بوون . کەمالیستەکان گومانی ئەوەیان لێدەکرد ، گوایە دەستی لە ڕاپەڕینەکەی شێخ سەعیدیشدا هەبووبێت . بڕوانە : Avcioglu: 1974, III, S.1333 .

٤٨- ئەو ناوە ، مەلا حەسەنی زانیارم دایمێ . ڕەنگە بەهەلّەدا چوو بێت ، چونکە لەکاتی جەنگدا ، عەبدولڕەزاق ، لە روسیا مایەوە .

٤٩- "Kurdish nationalist society in East Anatolia" ، لە ئەرشیفی وەزارەتی دەرەوەی بەریتانیادا . FO 371, 1924, E 11093/11093/65 .

٥٠- دیارە ئەندامانی ئازادیی زێدەڕەوییان لە ڕادەی پشتیوانیی مەسەلەی کورد دا کردووە و ویستوویانە ئینگلیز هانبدەن ، کۆمەکی ماددییان پێبکات.

٥١- دوور نییە ئەو ناوە ، ئەفسەری لێکۆلّەرەوە نەیخستبێتە سەر زاریان . دەنا خانەوادەی بەدرخانییەکان ، پەیوەندییان بە ئازادییەوە نەبووە و زێتر بە ئینگلیزخواز ناسرابوون .

٥٢- بەپێی گشت سەرچاوەکانی دی ، سەیید عەبدولقادر ، هیچ پەیوەندییەکی بە ئازادییەوە نەبووە . ئەو ئەفسەرانە بۆیە نێویان هێناوە ، چونکە ناسراوترین و دەسترۆیشتووترین کەسی کورد بووە . پاش بەرپابوونی شۆڕشەکە ، سەیید عەبدولقادر گیرا . ددانی بەوەدا نا ، کە عەلی ڕەزای کوڕی شێخ سەعید ، پەیوەندیی پێوەکردووە ، بەلآم جەختی لەسەر ئەوە

کرد ، کە هیچ پەیوەندییەکی بە ڕاپەڕینەکەوە نییە . سەرەڕای ئەوەش لەگەڵ محەمەدی کوڕی و سەعیدێ کۆری سکرتێریدا ، بەداردا کران .

٥٣- بڕوانە سەرچاوەی سەرنجی ژمارە ٤٩ .

٥٤- ئەو بەسەرهاتە لەنێو کۆڕی دەستەو تاقمە ناسیۆنالیستەکانی کورد دا ، باوە . گێڕرانەوەکانی Dersimi (1952), Silopi (1969) ، هەمان ئەو زانیارییانەن ، کە من لە زاری مەمدوح سەلیم و مەلا حەسەنم بیستوون .

٥٥- بیرەوەرییەکانی ئیحسان نوری ، ئێستە بە ئەڵقە لە گۆڤاری ( هێڤی)، ئینیستووتی کوردیی پاریس دا ، لە ژمارە ٢ ی ، مایسی ١٩٨٤ەوە ، بڵاودەکرێتەوە .

٥٦- ئەو دوو لایەنییە لە مامەڵەدا ، پێشانی دەدات ، کە کاربەدەستانی تورك هەستیانکردووە ، لەگەڵ دوو جۆرە شۆڕشگێڕی جوداواز تووش هاتوون ، سەرەکهۆزە نەریتییەکان ، کە شیاوی سەودا و مامەڵەن ، دەستەیەك ناسیۆنالیستی کورد ، کە ئەستەمە لە داخوازییەکانیان بێنەخوارەوە .

٥٧- بە گوتەی مەلا حەسەن و Firat (1970), Toker (1968) ، شێخ لەبەردەم دادگادا قسەی خۆی کرد و سوور بوو لەسەر ئەوەی هیچ پەیوەندییەکی بە ناسیۆنالیستانی کوردەوە نییە و هەر خەریکی ئەرکی ئاینیی خۆیەتی و توخنی سیاسەت ناکەوێت . بۆیە ئازادکرا و چووە چەبەقچوور، (بنگۆل ) ی ئێستا .

٥٨- بۆ پەیوەندیی نێوان جبران و خۆرمەك ، بڕوانە : Firat: 1970, S. 144-187 ، لە ل ٢٠٠ دا ، دەقی ئەونامەیەی بڵاوکردۆتەوە ، کە شێخ سەعید بۆ سەرکردەکانی خۆرمەکی نووسیوە .

٥٩- مەلا حەسەن لەو کۆبوونەوەیەدا بەشدار نەبوو بوو . یەك دوو ڕۆژ دواتر گەیشتبووە کن شێخ . ئەو بەسەرهاتانەی بۆی گێڕامەوە ، لەگەڵ ئەوانەی فیرات نووسیونی ، لە زۆر شتدا یەك ناگرنەوە . دیارە هەردووکیان

هەڵەدارن . بۆ مەسەلەی نەخشەی شەڕەکە ، پشت بە مەلا حەسەن دەبەستم ، لێ هۆشیارییش پێویستە . زۆربەی ئەو مەسەلانەی بۆی دەگێڕامەوە ، بۆ ئەوەبوون کارم تێبکەن . بۆیە منیش کاکڵەی مەسەلەکان وەردەگرم ، ڕەنگە هەڵەشیان تێدابێت ، لێ ئەگەر هەشبن کەم و گچکەن .

٦٠- مەلا حەسەن ، نێوی ئەم سەرەکهۆزە بەشدارانەی هێنا :

بابا بەگ جەبری و ( باب و برا و کوری خالید بەگ )

محەمەد ئاغا خەلیلی خەتۆ ، ( خەڵکی شەرەفەددینی خۆرهەڵاتی چەبەقچور )

محەمەد بەگ ئەنزەر ، ( خەڵکی بولانیك )

محەمەد بەگێ غەریب ، ( لە هۆزی مووسییان ، چەبەقچور )

سەدیق بەگێ مەدرەگ ، ( خەڵکی ناوچەکانی خۆرهەڵاتی چەبەقچور )

سەرهەنگ حاجی سەلیم ئاغا زکتیێ ، ( خەڵکی دەرەیەنی )

سەرهەنگ شێخ شەریف ، ( خەڵکی گۆکدەرە )

تەییب عەلی ، ( سکرتێری ئازادیی و نوێنەری چەبەقچور )

سەرتیپ یوسف ئاغا ، ( خەڵکی دەرەیەنی )

عەمەری فاروق ، ( لە هۆزی بۆتیان ، خانچووك )

حەیدەر ئاغا ، ( لە هۆزی تاوس ، خۆرئاوای خانچووك )

هەققی بەگ ، ( خەڵکی لیجە ) . زۆری دیکەش

٦١- مەلا حەسەن ، کە مێژووەکانی زۆر تەواو نیین ، پێیوابوو کە بڕیاربووە ڕاپەڕینەکە لە مایس دا دەستپێبکات ، لێ گشت سەرچاوەکانی دی باس لە ناوەڕاستی مارت دەکەن .

٦٢- بەگوتەی مەلا حەسەن ، نەخشەکە ئاوها بووە . وەك ئەو دەگێڕێتەوە، چەکێك زێتر لە پێویست ڕێکخراو بوو . بێگومان وەك ئەو دەیگێڕێتەوە ، ئاوها نەبووە و نەخشەو پلانەکە کەوتۆتە ژێر تین و تاوی

ڕووداوەکانی پاشانی بەرەکانی جەنگ . من بە درێژیی ڕامگوێزا ، ئەگەر هەڵەشی تێدا بێت ، ڕیشاڵێکی ڕاستەقینەی هەرتێدایە .

٦٣- لە گێڕانەوەکاندا ، جوداوازییەکی کەم لە ووردەکارییەکاندایە . تەنها ئەوەکەی فیرات کەمەکێك لەوانی دی جوداوازە و دەڵێت : کە شێخ بۆ پیران گەڕایەوە ، ژەندرمەی ئەوێ دیتیان ، لەنێو صەد چەکدارەکەی بەدووی شێخەوەن ، پێنجیان تۆمەتبار و یاساشکێنن و هەوڵی گرتنیان دان .

٦٤- Firat (1970, S. 204) ، دەڵێت لەو پێکدانەدا ، ١٠ هەزار کورد بەشداربوون ، لێ پێدەچێت ئەو ژمارەیە زۆر بێت . دەبێت ژمارەی ڕاپەڕیوەکان ، لە ژمارەی ئەوانە کەمتر بووبێت کە پاش چەند ڕۆژێك دیاربەکریان گەمارۆ دا . ئەمان بە ٣- ١٠ هەزار دەخەمڵێندران .

٦٥- دواتر لە بەردەم دادەگادا ، شێخ سەعید گوتی : لە هێرشەکەی سەر دیاربەکر دا ، ٣ هەزار کورد بەشداربوون . حوکومەت بە ٥ هەزاری قسراندبوون ، (Cemal: 1955, S. 35). یەکێك لە دانیشتووانی شارەکە ، بە ١٠ هەزار کەسی قەبلاندبوون . بڕوانە : ئەرشیفی وەزارەتی دەرەوەی بەریتانیا FO 371, 1925: E 3340/1091/44 .

٦٦- Dersimi (1952), Firat (1970), Cemal (1955) .

٦٧- تەنها فیرات باسی کایەی شێخ ئەیوب ، لەگرتنی سیوەڕەق دا دەکات . ئەوانی دی دەڵێن شێخ عەبدولڕەحیم شارەکەی گرتووە . بۆ دادگاییکردنەکەی شێخ ئەیوب ، بڕوانە : "کوشتاری کوردان لە تورکیا " ، ل ٢٠-٢١ ، ( بە زمانی فەرەنسی ) .

٦٨- Firat (1970), Dersimi (1952), Silopi (1969) .

٦٩- ڕۆژنامەی جەمهورییەتی ٣/١١ و ١٩٢٥/٣/١٥ . ( ساڵی ١٩٢٥ ، بۆ ئیشوکاری ڕەسمیی ، هێشتا هەر ساڵنامە کۆنەکەی مالی بەکاردەهێنرا ، کە ١٣ ڕۆژ لەدوای ساڵنامەی ئەورووپاییەوەیە . من ڕۆژە مالییەکانم یەکەوڕاست کردە گریگۆری ، بێ ئەوەی زۆر لێکیبدەمەوە ) .

٧٠- چەند کۆپلەیەك لە بیرەوەرییەکانی ئەوروپاییەکی نەناسراوی دانیشتووی ئەلعەزیز ، لە هەواڵنامەیەکی کارگێری سوپایی ئینگلیز لە ئەستەمول . ( ئەرشیفی وەزارەتی دەرەوەی بەریتانیا ، FO 371, 1925: E . 2359/362/65

٧١- منیش پەیڕەویی ئەو مێژووانە دەکەم کە لەو بیرەوەرییانەدا هاتوون، با یەکیش نەگرنەوە . (1970) Firat و (1952) Dersimi ، بۆیاندەرکەوتووە ، کە ئەلعەزیز لە شەشی مارت دا ، ( بەپێی ساڵنامەی گریگۆری ) ، کەوتە دەست راپەڕیوەکان . بێ تەقە شارەکەیان گرت ، چونکە خەڵکەکەی ئیماندار بوون و پێیانوابوو شۆڕشگێڕەکان لە پێناوی شەریعەت و خەلافەتدا دەجەنگن . بە گوتەی دەرسیمی ، شێخ سەعید ، بە نێوی شۆڕشەکەوە ، محەمەد ئەفەندی موفتی شاری ، کردە فەرمانڕەوا .

٧٢ – گفتوگۆ دەگەڵ کارگێری سوپایی کونسولگەریی ئینگلیز لە ئەستەمول . هەروەها بڕوانە سەرنجی ژمارە ٧٠ .

٧٣- لە ژونی ١٩٢٥ دا ، کارگێری سوپایی کونسولگەریی ئینگلیز لە ئەستەمول ، ژمارەی سەربازانێك کە بۆ خۆرهەلاتی ئەنەتۆل نێردراون ، بە نێزیکەی ٥٠ هەزار دەقرسێنێت . دیپلۆماسی ئێرانی M. Foroughi ، لە هەواڵنامەیەکدا کە بۆ وەزارەتی دەرەوەی ئێرانی دەنێرێت ، باس لە ٨٠ هەزار کەس دەکات . ( بڕوانە : قاسملو ، ١٩٦٥ ، ل ٥٢ )

٧٤- بڕوانە : Dersimi (1952), Firat (1970) . بڕێك لە سەرکردەکانی دی شۆڕشەکە ، توانییان بۆ ئێران هەڵبێن و بدەنەپاڵ سمکۆ ی سەرکردەی کورد ، کە ئەودەم بەشێکی زۆری ناوچە سنوورییەکانی نێوان ئێران و تورکیای بەدەستەوە بوو . لەوانەی تا سەرەتای سێپتەمبەر گەیشتنە کن سمکۆ ، مەهدی و زیائی برای شێخ سەعید و عەلیزا و غیاسەددین و سەلاحەددینی کوڕی و خالید بەگی حەسەنان بوون ، ( کە نابێت لەگەڵ خالید بەگی جبرانی خنکێنراو دا لێمانتێکچێت ) .

## فەرهەنگۆك

ئ

ئارمانج : ئامانج ، نیاز

ئاری : ناخێڵەکی ، ئەوەی سەر بە هیچ هۆزێك نییە

ئاقار : مەڵبەند ، ناوچە ، دەڤەر

ئاکار : خوو و ڕەوشت

ئاڵۆزی و باڵۆزی : ئاژاوە و پشێوی

ئاوارتە : ئیستیسنا ، ریزپەڕ

ئاوەز : هۆش

ئەرێتی : ئیجابی

ب

بریکار : وەکیل

بژێوان : بیرەڤان ، ناوبژیکەر

بنفەلە : کۆنە گاوری تازە موسڵمان ، موسڵمانێکی ڕەگەز دییان

بەرۆگر : میراتگر ، جێگرەوە

بەلەنگاز : گەدا ، سواڵکەر ، دەرۆزەکەر

بەوەج : پیاوی بەڕێز و بەنرخ ، پیاوی خاوەنشکۆ

بەینەت : ئەمەك ، وەفا

پ

پڕکێشی : سووربوون و پێداگرتن ، جەسارەت ، بوێری ، زاتکردن

پەرجوو : موعجیزە

پەیك : پەیام

پێکەڵێك : ئاوێتە ، تێکەڵ

ت

تخووب : سنوور ، سەرحەد ، کەوشەن
تلێن : وودم ، ئیجازە ، ڕێگەدان
تۆرەمە : ڕەچەڵەك ، بنەچە ، نەژاد
تەڕیدە : چەتە ، ڕێگر ، جەردە
تەژە : زەلامی کەتە ، زلحۆرت
تەشقەڵە : شڵتاغ ، گەڕ پێکردن

ج

جڤات : نەقابە ، کۆمەڵە
جمکوت : قەرەباڵغ ، پڕ ئاپۆرەی خەڵك
جووتباقە : دادروونی دوو پارچە بە یەکدیدا
جەلۆ : چوختی ، شەللاتی ، تۆڕی
جەڤەنگ : گاڵتە ، سوعبەت

خ

خورت : هێزدار ، بەقەوەت
خۆرت : لاو ، گەنج
خەرامان : بژاردنەوە ، قەرەبوو
خەلەسین : ڕزگار بوون ، قوتار بوون

د

داهـــۆڵ : بووکـــە ســـەماکەرە ، ئـــەو دارەی جلکـــی لەبەردەکەن و لەمەزرادا دایدەچەقێنن
دژوێن : پیس ، گەمار ، چڵکن
دلاوا : بەخشندە دەست و دڵ واڵا
دڵبژۆك : تەماحکار ، چاوچڵێس ، چاوچنۆك
دۆنادۆن : تەناسوخ لئەرواح
دەسندەخۆر : ڕاگیراو ، بەکرێگیراو
دەهۆ : فێڵ و تەڵەکە ، گزی

ڕ

ڕژد : چرووك ، دەستنووقاو

ڕۆمەت : ڕێز و حورمەت

ڕێژکاو گێل و نەزان

ز

زار و زیچ : وەچە ، نەوە

زارەترەك : تۆقیو ، ترساو

زرپ : قەبە ، زەق

زرپ و زۆپ : قەبە و دەرپەڕیو

س

سالووك : جەردە ، صعلوك

سکڵ : پەنگر ، پشکۆ

سۆنگە : لەبەر ، بەهۆی

سەرگەڤار : سەرگەورەی خێزان ، وەلی ئەمر

سەرنەوەرکردن : سەرشۆڕکردن ، ملکەچکردن

ش

شایەن : تەرازوو

شیمانە : ئیحتیمال ، شێوای هاتنەدی

ف

فرچك : ڕاهاتنی منداڵ بە شیری دایکی

فڕکردن : هەڵقوڕاندن ، خواردنەوە

ق

قلقڕ : ناوچەی وشك و کەم باران

قاو : دەنگۆ ، واتەوات

قاودان : دەرکردن ، ڕاونان

قووچ هەڵچوو : هەرەمی
قەرەبوو : خەرامان ، زیان بژاردنەوە
قنیاتکردن : رازی بوون ، ئاسوودە بوون
قسن : مەزارگەی پیاوچاکان

گ

گوردێر : حەریف ، مێملً
گەوە : ئاڵقە

ل

لاییستی : عیلمانی ، پێچەوانەی ئاینی
لەلە : دایەن ، خزمەتچیی زارۆکان

م

مز : کرێ ، مووچە
مزەخت : خەرجی و مەسرەف

ن

نەستیلە : مەرد و مێرخاس ، پیاوی پیاوانە
نێوکار : ئەوکەسەی دەکەوێتە بەینەوە

و

وودم : ئیجازە ، تلێن

ه

هەراو : هەڵکشاو ، گوشاد
هەستەوەر : حەساس